تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

٢

پوختەی صەحیح موسلیم

تالیف:

زکی الدین عبدالعظیم عبدالتوی المنذری

وەرگێڕان:

لیژنە یەک



منذری، عبدالعظیم‌بن عبدالقوی، ۵۸۱ - ۶۵۶ق.
پوختەی صەحیحی موسلیم / نووسینی زکی‌الدین عبدالعظیم‌بن عبدالقوی المنذری؛ وەرگیرانی لیژنه یه‌ک.-- تهران: احسان، ۱۳۸۲ -.
ج.
ISBN: 964-356-370-7 (دوره) . - ISBN: 964-356-371- 5: (ج. ۱)
ISBN: 964-356-372- 3: (ج. ۲)
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
۱. احادیث اهل سنت -- قرن ۷ق. الف. مسلم‌بن حجاج، ۲۰۶ - ۲۶۱ق. -- الجامع الصحیح. ب. عنوان. ج. عنوان: الجامع الصحیح.
۹پ۸م/۶/BP۱۲۳ ۲۹۷/۲۱۱
۱۳۸۳
کتابخانه ملی ایران ۸۳-۱۹۷۱۸م

● ناوی کتێب:	**پوختەی صەحیحی موسلیم**
● نووسینی:	پێشەوا زکي عبدالعظيم بن عبدالقوي المنذري
● وەرگێڕانی:	لیژنەیەک
● بڵاوکار:	نەشری ئیحسان
● تیراژ:	۳۰۰۰ دانە
● ساڵی چاپ:	١٤٢٦ کوچی ٢٧٠٥ کوردی ـ ٢٠٠٥ زاینی
● چاپ:	مەهارەت ـ تاران
● ژمارەی نێونە تەوایەتی:	ISBN: 964-356-370-7 / ۹۶۴-۳۵۶-۳۷۰-۷
● ژمارەی نێونە تەوایەتی بەرگی دووەم:	ISBN: 964-356-372-3 / ۹۶۴-۳۵۶-۳۷۲-۳

بسم الله الرحمن الرحيم

(٣٥) بەشی کۆچکردن و جەنگەکان

(١) کۆچی پێغەمبەر (ﷺ)

١١٠٥ـ عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: سَمِعْتُ الْبَرَاءَ بْنَ عَازِبٍ (ﷺ) يَقُولُ: جَاءَ أَبُو بَكْرٍ [الصِّدِّيقُ] (ﷺ) إِلَى أَبِي فِي مَنْزِلِهِ، فَاشْتَرَى مِنْهُ رَحْلًا، فَقَالَ لِعَازِبٍ: ابْعَثْ مَعِي ابْنَكَ يَحْمِلْهُ مَعِي إِلَى مَنْزِلِي، فَقَالَ لِي أَبِي: احْمِلْهُ، فَحَمَلْتُهُ وَخَرَجَ أَبِي مَعَهُ يَنْتَقِدُ ثَمَنَهُ، فَقَالَ لَهُ أَبِي: يَا أَبَا بَكْرٍ حَدِّثْنِي كَيْفَ صَنَعْتُمَا لَيْلَةَ سَرَيْتَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ: نَعَمْ، أَسْرَيْنَا لَيْلَتَنَا كُلَّهَا حَتَّى قَامَ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ، وَخَلَا الطَّرِيقُ فَلَا يَمُرُّ فِيهِ أَحَدٌ، حَتَّى رُفِعَتْ لَنَا صَخْرَةٌ طَوِيلَةٌ لَهَا ظِلٌّ لَمْ تَأْتِ عَلَيْهِ الشَّمْسُ بَعْدُ، فَنَزَلْنَا عِنْدَهَا، فَأَتَيْتُ الصَّخْرَةَ فَسَوَّيْتُ بِيَدِي مَكَانًا يَنَامُ فِيهِ النَّبِيُّ (ﷺ) فِي ظِلِّهَا، ثُمَّ بَسَطْتُ عَلَيْهِ فَرْوَةً، ثُمَّ قُلْتُ: نَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَأَنَا أَنْفُضُ لَكَ مَا حَوْلَكَ. فَنَامَ، وَخَرَجْتُ أَنْفُضُ مَا حَوْلَهُ، فَإِذَا أَنَا بِرَاعِي غَنَمٍ مُقْبِلٍ بِغَنَمِهِ إِلَى الصَّخْرَةِ، يُرِيدُ مِنْهَا الَّذِي أَرَدْنَا، فَلَقِيتُهُ فَقُلْتُ: لِمَنْ أَنْتَ يَا غُلَامُ؟ فَقَالَ: لِرَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ، قُلْتُ [له]: أَفِي غَنَمِكَ لَبَنٌ؟ قَالَ: نَعَمْ، [قال] قُلْتُ: أَفَتَحْلُبُ لِي؟ قَالَ: نَعَمْ، فَأَخَذَ شَاةً، فَقُلْتُ لَهُ: انْفُضِ الضَّرْعَ مِنَ الشَّعَرِ وَالتُّرَابِ وَالْقَذَى -قَالَ: فَرَأَيْتُ الْبَرَاءَ يَضْرِبُ بِيَدِهِ عَلَى الْأُخْرَى يَنْفُضُ- فَحَلَبَ لِي فِي قَعْبٍ مَعَهُ كُثْبَةً مِنْ لَبَنٍ، قَالَ: وَمَعِي إِدَاوَةٌ أَرْتَوِي فِيهَا لِلنَّبِيِّ (ﷺ) لِيَشْرَبَ مِنْهَا وَيَتَوَضَّأَ، قَالَ: فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) وَكَرِهْتُ أَنْ أُوقِظَهُ مِنْ نَوْمِهِ، فَوَافَقْتُهُ اسْتَيْقَظَ، فَصَبَبْتُ عَلَى اللَّبَنِ مِنَ الْمَاءِ حَتَّى بَرَدَ أَسْفَلُهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اشْرَبْ مِنْ هَذَا اللَّبَنِ، قَالَ: فَشَرِبَ حَتَّى رَضِيتُ، ثُمَّ قَالَ: ((أَلَمْ يَأْنِ لِلرَّحِيلِ)). قُلْتُ: بَلَى [يا رسول الله]، قَالَ: فَارْتَحَلْنَا بَعْدَمَا زَالَتِ الشَّمْسُ، وَاتَّبَعَنَا سُرَاقَةُ بْنُ مَالِكٍ، قَالَ: وَنَحْنُ فِي جَلَدٍ مِنَ الْأَرْضِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أُتِينَا، فَقَالَ: ((لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا)). فَدَعَا عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ(ﷺ) فَارْتَطَمَتْ فَرَسُهُ إِلَى بَطْنِهَا [أرى] فَقَالَ: إِنِّي قَدْ عَلِمْتُ أَنَّكُمَا قَدْ دَعَوْتُمَا عَلَيَّ، فَادْعُوَا لِي، فَاللَّهُ لَكُمَا أَنْ أَرُدَّ عَنْكُمَا الطَّلَبَ، فَدَعَا اللَّهَ فَنَجَا، فَرَجَعَ لَا يَلْقَى أَحَدًا إِلَّا قَالَ: قَدْ كَفَيْتُكُمْ مَا هَاهُنَا، فَلَا يَلْقَى أَحَدًا إِلَّا رَدَّهُ، قَالَ: وَوَفَى لَنَا. [البخاري/ المناقب/ ٣٤١٩]

(ابو أسحاق) دەڵێ: له (البراء) کوڕی (عازب)م بیست (ﷺ) دەیوت: (ابو بکر الصدیق) (ﷺ) هات بۆلای باوکم له ماڵەوه، زینێکی له باوکم کڕی و پێی وت:

کوڕەکەت بنێرە لەگەڵمدا بۆم هەڵبگرێ تا ماڵی خۆمان، باوکم پێی وتم: بۆی هەڵبگرە، منیش هەڵم گرت و باوکیشم لەگەڵیدا هاتەدەرەوە نرخەکەیی لێوەربگرێ، باوکم پێی وت: ئەی (ابو بکر) پێم بڵێ، ئەو شەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) کۆچتانکرد چیتانکرد؟ وتی: بەڵێ ئەو شەوەی کە کۆچمان کرد هەموو شەوەکە و تاسبەینێ نیوە ڕۆش ئێمە هەر ڕێگەمان بڕی. ڕێگەکە چۆڵ بوو کەسی پێدا نەدەڕیشت تا تاشە بەردێکی درێژمان لێ دەرکەوت کە سێبەری هەبوو، هێشتا خۆری نەگەیشتبوویە، لامان دایە لای تاشەکە، هاتمە لای تاشەکە و بە دەستم شوێنێکم تەخت کرد لە سێبەرەکەیدا تا پێغەمبەر (ﷺ) تیایدا بخەوێ، پاشان فەروەیەکم لەسەری ڕاخست، دوایی وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بخەوە، منیش پاسەوانیت دەکەم و چاودێری دەوروبەرت دەکەم، (پێغەمبەر) (ﷺ)خەوت منیش ڕۆیشتم چاودێری دەوروبەرەکەیم دەکرد لەناکاو بینیم وا شوانێکی مەڕ بە مەڕەکانیەوە ڕووە و بەردەکە دێ، ئەویش ئەوەی لێدەویست کە ئێمە ویستبومان، پێی گەیشتم و وتم: کوڕە تۆ شوانی کێیت؟ وتی: هی پیاوێکی خەڵکی مەدینەم، وتم پێی ئایا مەڕەکانت شیریان تێدایە،وتی: بەڵێ، وتم: ئایا بڕێ شیرم بۆ دەدۆشیت؟ وتی: بەڵێ مەڕێکی گرت و، منیش پێم وت: گوانەکەی بتەکێنە لە موو خۆڵ و پیسی أبو اسحاق وتی: (البراء)م بینی ئەم دەستی دەدا بەو دەستەکەی تریدا و دەیتەکاند- کەمێ شیری دۆشیە ناو قاپێکی دارین، منیش جەوەنەیەك ئاوم پێ بوو لێم دادەکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تا لێی بخواتەوە و دەست نوێژی پێ بگرێ- هاتمەوە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و حەزم نەکرد لە خەوەکەی بە ئاگای بهێنمەوە، بەڵام لەو کاتەدا خۆی بە ئاگا هاتەوە، لە ئاوەکەم کرد بەسەر شیرەکەدا هەتا بەشی خواردنەوەی ساردبوویەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا لەم شیرە بخۆرەوە، لێی خواردەوە، ئەوەندەی من پێم خۆش بوو پاشان فەرمووی:((ئایا کاتی ڕۆیشتن نەهاتووە)) وتم: بەڵێ (ئەی پێغەمبەری خوا)، لە دوانیوەڕۆ کەوتینە ڕێ، (سراقە)ی کوڕی (مالك) شوێنمان کەوتبوو، ئێمەش لە زەویەکی ڕەقەمەنیدا بووین، ئینجا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا هاتن بۆمان، فەرمووی: ((خەمت نەبێ خوامان لەگەڵە)) پێغەبمەری خوا (ﷺ) دوعای لێکرد و هەر چوار پەلی ئەسپەکەی هەتا ژێر سکی نوقمی زەویەکە بوون، (سراقة)

وتی: من دەزانم كە ئێوە دوعاتان لێكردووم، ئێستە دوعام بۆ بكەن، پەیمانی خواتان دەدەمێ هەر كەس بەدواتاندا بێت بیگێڕمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دۆعای بۆ كرد و ڕزگاری بوو، گەڕایەوەو بگەیشتایە بە هەركەسێ پێی دەوت: ئەم ڕێگەیەم بۆ تاقی كردونەتەوە (خۆتان ماندوو مەكەن) وە بە هەركەس بگەیشتایە دەیگێڕایەوە، (سراقە) بەڵێنەكەی خۆی بردە سەر.

(٢) جەنگی بەدر

١١٠٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) شَاوَرَ حِينَ بَلَغَهُ إِقْبَالُ أَبِي سُفْيَانَ، قَالَ: فَتَكَلَّمَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) فَأَعْرَضَ عَنْهُ، ثُمَّ تَكَلَّمَ عُمَرُ (ﷺ) فَأَعْرَضَ عَنْهُ، فَقَامَ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ (ﷺ) فَقَالَ: إِيَّانَا تُرِيدُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَمَرْتَنَا أَنْ نُخِيضَهَا الْبَحْرَ لَأَخَضْنَاهَا، وَلَوْ أَمَرْتَنَا أَنْ نَضْرِبَ أَكْبَادَهَا إِلَى بَرْكِ الْغِمَادِ لَفَعَلْنَا، قَالَ: فَنَدَبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) النَّاسَ، فَانْطَلَقُوا حَتَّى نَزَلُوا بَدْرًا، وَوَرَدَتْ عَلَيْهِمْ رَوَايَا قُرَيْشٍ، وَفِيهِمْ غُلَامٌ أَسْوَدُ لِبَنِي الْحَجَّاجِ، فَأَخَذُوهُ، فَكَانَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَسْأَلُونَهُ عَنْ أَبِي سُفْيَانَ وَأَصْحَابِهِ؟ فَيَقُولُ: مَا لِي عِلْمٌ بِأَبِي سُفْيَانَ، وَلَكِنْ هَذَا أَبُو جَهْلٍ وَعُتْبَةُ وَشَيْبَةُ وَأُمَيَّةُ بْنُ خَلَفٍ، فَإِذَا قَالَ ذَلِكَ ضَرَبُوهُ، فَقَالَ: نَعَمْ، أَنَا أُخْبِرُكُمْ، هَذَا أَبُو سُفْيَانَ، فَإِذَا تَرَكُوهُ فَسَأَلُوهُ فَقَالَ: مَا لِي بِأَبِي سُفْيَانَ عِلْمٌ، وَلَكِنْ هَذَا أَبُو جَهْلٍ وَعُتْبَةُ وَشَيْبَةُ وَأُمَيَّةُ بْنُ خَلَفٍ فِي النَّاسِ، فَإِذَا قَالَ هَذَا [أَيْضًا] ضَرَبُوهُ وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَائِمٌ يُصَلِّي، فَلَمَّا رَأَى ذَلِكَ انْصَرَفَ قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتَضْرِبُوهُ إِذَا صَدَقَكُمْ، وَتَتْرُكُوهُ إِذَا كَذَبَكُمْ)). قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَذَا مَصْرَعُ فُلَانٍ)). قَالَ: وَيَضَعُ يَدَهُ عَلَى الْأَرْضِ هَاهُنَا وَهَاهُنَا، قَالَ: فَمَا مَاطَ أَحَدُهُمْ عَنْ مَوْضِعِ يَدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).

(انس) (ﷺ) دەڵێ: كاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی گەیشتنی كاروانەكەی (ابو سفیان)ی پێگەیشت كەوتە ڕاوێژ كردن، (ابو بكر) قسەی كرد، پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی لێ وەرچەرخان، پاشان (عمر) (ﷺ) قسەی كرد ڕووی لەویش وەرچەرخاند، (سعد) كوڕی (عبادة) هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا مەبەستت ئێمەیە؟ سوێند بێ بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فەرمانمان پێبدەیت (بە ئەسپەكانمانەوە) بچینە نێو چەقی دەریا ئەوا دەچینە

ناوی، وە ئەگەر فەرمانمان پێبدەیت لە سکیان بدەین و بچین بۆ (برك الغماد)[1] ئەوا ئەوە دەکەین، (انس) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی خەڵکی کرد و خەڵکی بە پرتاو ڕۆیشتن هەتا لەبەدر هەڵیان دا، حوشترە ئاو هەڵگرەکانی قورەیشیش هاتن بەسەریاندا، بەندەیەکی ڕەشتاڵەی تیرەی (بنی الحجاج) یان تێدابوو، دەست بەجێ گرتیان، ئینجا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتنە پرسیار کردن لێی لەبارەی ابو سفیان و هاوەڵانیەوە؟ ئەویش دەیوت: هیچ لە بارەی ابو سفیانەوە نازانم، بەڵام ئەوە (ابو جهل و عُتبة و شیبة و امیةی کوڕی خلف)ە کە ئەوەی وت لێیاندا، ئینجا وتی:بەڵێ، هەواڵتان دەدەمێ، ئەوە ابو سفیانە، کە وازیان لێدەهێنا و پرسیاریان لێدەکرد دەیوت: هیچ لەبارەی ابو سفیانەوە نازانم، بەڵام ئەوە (ابو الجهل و عتبە و شیبە و امیەی کوڕی خلف) لەناو خەڵکەکەدان، کە ئەوەی دەوت لێیان دەدا، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) وەستابوو نوێژی دەکرد، کە ئەوەی بینی لە نوێژەکەی سەلامی دایەوە و فەرمووی: ((سوێندبێ بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە کە ڕاستی دەوت لێتان دەدا کە درۆی لەگەڵ دەکردن وازتان لێدەهێنا)) ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((ئەمە (شوێنی) تیاچوونی فلانە)) لێرەو لەوێ دەستی دەخستە سەر زەویەکە، هیچ کام لەو (کوژراوانە) دوورنەکەوتبوونەوە لە شوێن دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

١١٠٧- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بُسَيْسَةَ عَيْنًا يَنْظُرُ مَا صَنَعَتْ عِيرُ أَبِي سُفْيَانَ، فَجَاءَ وَمَا فِي الْبَيْتِ أَحَدٌ غَيْرِي وَغَيْرُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: لَا أَدْرِي مَا اسْتَثْنَى بَعْضَ نِسَائِهِ، قَالَ: فَحَدَّثَهُ الْحَدِيثَ، قَالَ: فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَتَكَلَّمَ فَقَالَ: ((إِنَّ لَنَا طَلِبَةً، فَمَنْ كَانَ ظَهْرُهُ حَاضِرًا فَلْيَرْكَبْ مَعَنَا)). فَجَعَلَ رِجَالٌ يَسْتَأْذِنُونَهُ فِي ظُهْرَانِهِمْ فِي عُلْوِ الْمَدِينَةِ، فَقَالَ: ((لَا، إِلَّا مَنْ كَانَ ظَهْرُهُ حَاضِرًا)). فَانْطَلَقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَصْحَابُهُ حَتَّى سَبَقُوا الْمُشْرِكِينَ إِلَى بَدْرٍ، وَجَاءَ الْمُشْرِكُونَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يُقَدِّمَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ إِلَى شَيْءٍ حَتَّى أَكُونَ أَنَا دُونَهُ)). فَدَنَا الْمُشْرِكُونَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قُومُوا إِلَى جَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ)). قَالَ: يَقُولُ عُمَيْرُ بْنُ الْحُمَامِ الْأَنْصَارِيُّ (ﷺ):

---

[1] (برك الغماد) ناوی شوێنێکە دوورە ، لە وڵاتی هَجَر.

يَا رَسُولَ اللَّه، جَنَّةٌ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: بَخٍ بَخٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((مَا يَحْمِلُكَ عَلَى قَوْلِكَ بَخٍ بَخٍ)). قَالَ: لَا وَاللَّه يَا رَسُولَ اللَّه إِلَّا رَجَاءَ أَنْ أَكُونَ مِنْ أَهْلِهَا، قَالَ: ((فَإِنَّكَ مِنْ أَهْلِهَا)). فَأَخْرَجَ تَمَرَاتٍ مِنْ قَرَنِهِ فَجَعَلَ يَأْكُلُ مِنْهُنَّ، ثُمَّ قَالَ: لَئِنْ أَنَا حَيِيتُ حَتَّى آكُلَ تَمَرَاتِي هَذِهِ إِنَّهَا لَحَيَاةٌ طَوِيلَةٌ، قَالَ: فَرَمَى بِمَا كَانَ مَعَهُ مِنَ التَّمْرِ، ثُمَّ قَاتَلَهُمْ حَتَّى قُتِلَ.

(انس)ی كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (بُسَيسَة)ی بەهەواڵگری نارد تا سەیر بكات بزانێ حوشترە بارهەڵگرەكانی ابو سفیان چیان بەسەر هاتووە، هاتەوە و ماڵەكە كەسێكی تری تێدا نەبوو، جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، (بُسَيسَة) هەواڵەكەی بە پێغەمبەر گەیاند، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشتە دەرەوە و كەوتە ئاخافتن و فەرمووی: ((ئێمە داخوازیەكمان هەیە و بۆی دەچین، هەر كەسێ وڵاغەكەی ئامادەیە با لەگەڵمان سواربێ)) هەندێ كەس داوای مۆڵەتیان لێكرد تا بچن لەسەرووی مەدینەوە وڵاغەكانیان بهێننەوە، فەرمووی((نەخێر با تەنها كەسێ بێت كە وڵاغەكەی ئامادەیە)) پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی ڕۆیشتن و لە پێش گەیشتنی بێباوەڕان گەیشتنە بەدر، دواتر بێباوەڕان هاتن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((كەس بۆ هیچ شتێ دەست بەكار نەبێت تا من پێی نەڵێم)) ئینجا بێباوەڕان نزیك كەوتنەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی، ((هەستن بۆ دەست خستنی ئەو بەهەشتەی كە پانتاییەكەی ئاسمانەكان و زەوی‌یە)) (انس) وتی: (عمير) كوڕی (الحمام)ی انصاری (ﷺ) دەیوت: بەه بەه، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((چی وات لێدەكات بڵێیت بەه، بەه)) وتی: بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها ئەوە وای لێكردم كە حەز دەكەم شایستەی ئەو بەهەشتە بم، فەرمووی: ((تۆ لە خەڵكی ئەو بەهەشتەیت)). ئینجا چەند دنكە خورمایەكی لە تیرخانەكەی دەرهێنا و كەوتە خواردنیان ، پاشان وتی: ئەگەر من بژیم تا ئەم چەند خورمایە دەخۆم بە ڕاستی ئەوە ژیانێكی دوور و درێژە، (انس) وتی: هەموو ئەو خورمایانەی كە پێی بوون فڕێی دان، پاشان جەنگا لەگەڵ بێباوەڕاندا هەتا شەهید كرا.

(٣) پشتگیریی فریشته بۆ ئیمانداران

١١٠٨ـ عَنْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: حَدَّثَنِي عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا كَانَ يَوْمُ بَدْرٍ، نَظَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى الْمُشْرِكِينَ وَهُمْ أَلْفٌ، وَأَصْحَابُهُ ثَلَاثُ مِائَةٍ وَتِسْعَةَ عَشَرَ [رَجُلًا] فَاسْتَقْبَلَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) الْقِبْلَةَ ثُمَّ مَدَّ يَدَيْهِ، فَجَعَلَ يَهْتِفُ بِرَبِّهِ: ((اللَّهُمَّ أَنْجِزْ لِي مَا وَعَدْتَنِي، اللَّهُمَّ آتِ مَا وَعَدْتَنِي، اللَّهُمَّ إِنْ تُهْلِكْ هَذِهِ الْعِصَابَةَ مِنْ أَهْلِ الْإِسْلَامِ لَا تُعْبَدْ فِي الْأَرْضِ)). فَمَا زَالَ يَهْتِفُ بِرَبِّهِ، مَادًّا يَدَيْهِ مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ، حَتَّى سَقَطَ رِدَاؤُهُ عَنْ مَنْكِبَيْهِ، فَأَتَاهُ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) فَأَخَذَ رِدَاءَهُ فَأَلْقَاهُ عَلَى مَنْكِبَيْهِ، ثُمَّ الْتَزَمَهُ مِنْ وَرَائِهِ، وَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، كَفَاكَ مُنَاشَدَتُكَ رَبَّكَ فَإِنَّهُ سَيُنْجِزُ لَكَ مَا وَعَدَكَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُمْ بِأَلْفٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ﴾ [الأنفال: ٩]. فَأَمَدَّهُ اللَّهُ بِالْمَلَائِكَةِ، قَالَ أَبُو زُمَيْلٍ: فَحَدَّثَنِي ابْنُ عَبَّاسٍ قَالَ: بَيْنَمَا رَجُلٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَوْمَئِذٍ يَشْتَدُّ فِي أَثَرِ رَجُلٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ أَمَامَهُ، إِذْ سَمِعَ ضَرْبَةً بِالسَّوْطِ فَوْقَهُ وَصَوْتَ الْفَارِسِ يَقُولُ: أَقْدِمْ حَيْزُومُ، فَنَظَرَ إِلَى الْمُشْرِكِ أَمَامَهُ فَخَرَّ مُسْتَلْقِيًا، فَنَظَرَ إِلَيْهِ فَإِذَا هُوَ قَدْ خُطِمَ أَنْفُهُ وَشُقَّ وَجْهُهُ كَضَرْبَةِ السَّوْطِ، فَاخْضَرَّ ذَلِكَ أَجْمَعُ، فَجَاءَ الْأَنْصَارِيُّ فَحَدَّثَ بِذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((صَدَقْتَ ذَلِكَ مِنْ مَدَدِ السَّمَاءِ الثَّالِثَةِ)). فَقَتَلُوا يَوْمَئِذٍ سَبْعِينَ، وَأَسَرُوا سَبْعِينَ. قَالَ أَبُو زُمَيْلٍ: قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: فَلَمَّا أَسَرُوا الْأُسَارَى قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ (ﷺ): ((مَا تَرَوْنَ فِي هَؤُلَاءِ الْأُسَارَى)). فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، هُمْ بَنُو الْعَمِّ وَالْعَشِيرَةِ، أَرَى أَنْ تَأْخُذَ مِنْهُمْ فِدْيَةً فَتَكُونُ لَنَا قُوَّةً عَلَى الْكُفَّارِ، فَعَسَى اللَّهُ أَنْ يَهْدِيَهُمْ لِلْإِسْلَامِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا تَرَى يَا ابْنَ الْخَطَّابِ)). قُلْتُ: لَا وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَرَى الَّذِي رَأَى أَبُو بَكْرٍ، وَلَكِنِّي أَرَى أَنْ تُمَكِّنَّا فَنَضْرِبَ أَعْنَاقَهُمْ، فَتُمَكِّنَ عَلِيًّا مِنْ عَقِيلٍ فَيَضْرِبَ عُنُقَهُ، وَتُمَكِّنِّي مِنْ فُلَانٍ –نَسِيبًا لِعُمَرَ– فَأَضْرِبَ عُنُقَهُ، فَإِنَّ هَؤُلَاءِ أَئِمَّةُ الْكُفْرِ وَصَنَادِيدُهَا، فَهَوِيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَا قَالَ أَبُو بَكْرٍ وَلَمْ يَهْوَ مَا قُلْتُ، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ جِئْتُ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبُو بَكْرٍ قَاعِدَيْنِ يَبْكِيَانِ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي مِنْ أَيِّ شَيْءٍ تَبْكِي أَنْتَ وَصَاحِبُكَ، فَإِنْ وَجَدْتُ بُكَاءً بَكَيْتُ، وَإِنْ لَمْ أَجِدْ بُكَاءً تَبَاكَيْتُ لِبُكَائِكُمَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَبْكِي لِلَّذِي عَرَضَ عَلَيَّ أَصْحَابُكَ مِنْ أَخْذِهِمُ الْفِدَاءَ، لَقَدْ عُرِضَ عَلَيَّ عَذَابُهُمْ أَدْنَى مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ)) –شَجَرَةٍ قَرِيبَةٍ مِنْ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ)– وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿مَا

كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَالًا طَيِّبًا﴾ [الأنفال: ٦٧-٦٩] فَأَحَلَّ اللَّهُ الْغَنِيمَةَ لَهُمْ.

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: (عمر) کوڕی (خطاب) (ﷺ) بۆی گێرامەوە و وتی: ڕۆژی بەدر بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیری بێباوەڕانی کرد کە هەزار کەس بوون، هاوەڵانیشی سێسەد و نۆزدە کەس بوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوویکردە قیبلە و پاشان هەردوو دەستی بەرز کردەوە و، کەوتە پاڕانەوە و هانا بردن بۆ پەروەردگاری: ((ئەی خوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوم بۆم جێبەجێ بکە، ئەوەی بەڵێنت پێداوم پێم ببەخشە، ئەی خوایە ئەگەر ئەم دەستەی موسوڵمانانە لەناو ببەیت لەسەر زەویدا ناپەرسترێیت)) بەردەوام دەپاڕایەوە و هانای بۆ پەروەردگارەکەیی دەبرد، دەستی ڕوو بە قیبلە درێژکرد بوو، تا عەباکەی لە شانی کەوتە خوارەوە، (ابو بکر) (ﷺ) هاتە لای و عەباکەی هەڵگرتەوە و خستیەوە سەر هەردوو شانی. پاشان (ابو بکر) لە دواوە باوەشی پیا کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاڕانەوە و داواکاریت لە پەروەردگارت بەس بێت چونکە ئەوەی ئەو بەڵێنی پێداویت بۆت جێبەجێ دەکات، ئینجا خوای (ﷻ) ئەم ئایەتەی سەرەوەی ناردە خوارەوە کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿یادی ئەو کاتە بکەنەوە کە لە پەروەردگارتان دەپاڕانەوە و داوای یارمەتیتان لێدەکرد، خوایش خێرا هات بەهاناتانەوە و فەرمووی بە ڕاستی من بە هەزار فریشتەی تر یارمەتی و کۆمەکیتان دەکەم بە شوێن ئەوانی تردا خوا پشتگیری لێدەکردن بە فریشتەکان)) (ابو زُمَیل) دەڵێ: (إبن عباس بۆی گێڕامەوە و وتی: لەو ڕۆژەدا پیاوێ لە موسڵمانەکان ڕای کرد بە شوێن یەکێ لە بێباوەڕاندا لە پشتیەوە بوو لەناکاو لەسەروویەوە گوێی لە شەقەی قامچیەك و دەنگی ئەسپ سوارێك بوو سوارەکەش دەیوت: (حَیْزُوم) (هەڵمەت بەرە) کەسەیری بێباوەڕەکەی کرد لەسەر پشت کەوت، تەماشای کرد لوتی زامدار بوە و دەموچاوی هەڵدڕاوە بە ئەندازەی بەرکەوتنی قامچیەکە، هەموو ئەوانە سەوز هەڵگەڕابوون دوایی انصاریەکە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەوەی بۆ گێڕایەوە، ، (پێغەمبەر) فەرمووی: ((ڕاست دەکەیت ئەوە یارمەتی و پشتگیری فریشتەکانی ئاسمانی سێیەمە)).

ئەو ڕۆژە حەفتایان کوشت و حەفتایان بە دیل گرت (لە بێباوەڕان)، (ابو زميل) دەڵێ: (إبن عباس) وتی: کاتێ دیلەکانیان گرت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أبو بكر) و (عمر) (ﷺ) فەرمووی: ((ڕاتان چییە دەربارەی ئەم دیلانە)). ابو بکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە ئامۆزا و عەشیرەتمانن وا دەبینم بە ماڵ بەرەڵڵا بکرێن تا ببینە خاوەنی هێز بەرانبەر بەبێباوەڕان، بەڵکو خوا هیدایەتیشیان بدات بۆ ئیسلام، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی ابن الخطاب تۆ ڕات چییە)) بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕای من وەکو ڕاکەی ابو بکر نییە، بەڵکو من ڕام وایە ڕێگەمان بدەیت بدرێت لە گەردنیان، ڕێگە بدەیت بە (علي) بدات لە ملی (عقيل)، ڕێگە بدەیت بەمن بدەم لە گەردنی فلان -کە خزمی عمر بوو- چونکە ئەوانە پێشەوایانی کوفر و گەورەکانیانن، پێغەمبەری خوا (ﷺ). حەزی بەوە کرد کە ئەبو بەکر ووتی حەزی بەوە نەکرد کە عمر وتی ، کە بۆ سبەینێ هاتەوە، بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ابو بکر بە جووتە دانیشتون و دەگریان، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم بڵێ - ئاگادارم بکە- تۆو هاوەڵەکەت بۆچ دەگرین تا ئەگەر گریانم هات دەگریم و، ئەگەر نەهات خۆم دەهێنمە گریان بۆ گریانەکەی ئێوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بۆ ئەوە دەگریم کە هاوەڵەکانت ئەو ڕایەیان پێدام کە فیدیە یان (ماڵیان) لێبستێنین بە هۆی ئەوەوە سزای هاوەڵانم نیشان درا نزیکتر لەو درختە)) -درەختێکی نزیك لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)- خوای گەورەش (ﷻ) ئەم ئایەتانەی سەرەوەی ناردە خوارەوە کە ئەمە ماناکانیانە: ﴿بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبوو کە دیلی هەبێت، هەتا کاتێك چاك و پایەدار و جێگیر دەبێت لەسەر زەویدا، مەگەر کەل و پەل و شتومەکی دنیاتان دەوێت؟! لە کاتێکدا خوا سەرفرازی ئەو جیهانی دەوێت و قیامەتی مەبەستە و خوا باڵادەست و دانایە (سەرکەوتن بە ئیمانداران دەبەخشێت و دانایە لە تاقیکردنەوەیاندا) خۆ ئەگەر بڕیارێك لەلایەن خواوە پێش نەکەوتایە (کە مرۆڤ هەتا پەیامی خوای پێنەگات خوا سزای نادات) لەسەر ئەو شتانەی کە وەرتان گرت (لەبەرامبەر ئازاد کردنی دیلەکانەوە) ئەوە سزایەکی گەورەتان تووش دەبوو، کەوابوو بخۆن لەو شتانەی کە دەستتان کەوتووە، بە حەڵاڵێکی چاك و

پاك لـەخوا بترسـن و دینـدار بـن، چونکـە بەڕاسـتی ئـەو خوایـە لێخۆشـبوو و میهرەبانە)) ئینجا خوای گەورە دەستکەوتی جەنگی بۆ حەڵاڵ کردن.

(٤) گفتوگۆی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ کوژراوانی بەدردا

١١٠٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَرَكَ قَتْلَى بَدْرٍ ثَلَاثًا ثُمَّ أَتَاهُمْ، فَقَامَ عَلَيْهِمْ فَنَادَاهُمْ فَقَالَ: ((يَا أَبَا جَهْلِ بْنَ هِشَامٍ، يَا أُمَيَّةَ بْنَ خَلَفٍ، يَا عُتْبَةَ بْنَ رَبِيعَةَ، يَا شَيْبَةَ بْنَ رَبِيعَةَ، أَلَيْسَ قَدْ وَجَدْتُمْ مَا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا، فَإِنِّي قَدْ وَجَدْتُ مَا وَعَدَنِي رَبِّي حَقًّا)). فَسَمِعَ عُمَرُ (رضي الله عنه) قَوْلَ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ يَسْمَعُوا وَأَنَّى يُجِيبُوا وَقَدْ جَيَّفُوا؟ قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا أَنْتُمْ بِأَسْمَعَ لِمَا أَقُولُ مِنْهُمْ، وَلَكِنَّهُمْ لَا يَقْدِرُونَ أَنْ يُجِيبُوا)). ثُمَّ أَمَرَ بِهِمْ فَسُحِبُوا فَأُلْقُوا فِي قَلِيبِ بَدْرٍ.

(انس) کوڕی (مالك) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ ڕۆژ کوژراوانی بەدری بەجێهێشت، پاشان هاتەوە سەریان ، لەسەریان وەستاو و بانگی کردن و فەرمووی: ((ئەی ئەبو جهل کوڕی هشام، ئەی ئومەییەی کوڕی خلف، ئەی عُتبة کوڕی ربیعە، ئەی شیبەی کوڕی ربیعة، ئایا ئەوەی کە پـەروەردگارتان بـەڵێنی پێدابـوون دەسـتتان کـەوت، بەڕاسـتی مـن ئـەوەم دەسـت کـەوت کـە پەروەردگارەکـەم بـەڵێنی پێدابـووم)). (عمـر) (رضي الله عنه) گوێـی لـە فەرموودەکـەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، عەرزی کرد : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن دەبیستن و چۆن وەڵام دەدەنەوە لەکاتێکدا کە بۆگەنیان کردووە، فەرمووی: ((سوێند بەو کەسەی گیانی منـی بەدەستە ئەوەی مـن دەیڵێم ئێوە لەوان باشتر نایبیستن، بەڵام توانایان نییە وەڵام بدەنەوە)). پاشان فەرمانیدا دەربارەیان و ڕاکێشران و خرانە بیری بەدرەوە.

(٥) جەنگی أحد

١١١٠ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أُفْرِدَ يَوْمَ أُحُدٍ فِي سَبْعَةٍ مِنَ الْأَنْصَارِ وَرَجُلَيْنِ مِنْ قُرَيْشٍ، فَلَمَّا رَهِقُوهُ قَالَ: ((مَنْ يَرُدُّهُمْ عَنَّا وَلَهُ الْجَنَّةُ، أَوْ هُوَ رَفِيقِي فِي الْجَنَّةِ)). فَتَقَدَّمَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ فَقَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ، ثُمَّ رَهِقُوهُ أَيْضًا فَقَالَ: ((مَنْ يَرُدُّهُمْ عَنَّا وَلَهُ الْجَنَّةُ. أَوْ: هُوَ رَفِيقِي فِي الْجَنَّةِ)). فَتَقَدَّمَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ فَقَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ، فَلَمْ يَزَلْ كَذَلِكَ حَتَّى قُتِلَ السَّبْعَةُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِصَاحِبَيْهِ: ((مَا أَنْصَفْنَا أَصْحَابَنَا)). [البخاري ٢٧٥٤- الجهاد-لبس البيضة]

(انس)ی كوڕی (مالك)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ حەوت كەس لەپشتیوانان و دووكەس لەقورەیشییەكان جیاكرانەوە لەڕۆژی ئوحوددا، كاتێ ویستیان هێرش بكەنە سەریان، فەرمووی: ((كێ ئەوانەمان لەكۆڵ ددەكاتەوە دەچێتە بەهەشت (یا هاوڕێمە لەبەهەشتا)؟ یەكێك لەپشتیوانەكان چووە پێشەوە بۆیان و جەنگا هەتا كوژرا، دووبارە ویستیان هێرش بكەنەوە سەریان، فەرمووی: ((هەركەس ئەوانەمان لەكۆڵ دەكاتەوە دەچێتە بەهەشت (یا: هاوڕێمە لەبەهەشتا)؟ پیاوێك لەپشتیوانەكان چووە پێشەوە بۆیان، جەنگا لەگەڵیانا هەتا كوژرا، بەوشێوەیە هەتا هەر حەوتەكەیان كوژران، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) بەدوو هاوڕێكەی فەرموو: بەئینصاف نەبووین لەگەڵ هاوەڵەكانماندا)).

(٦) برینداربوونی پێغەمبەر(ﷺ)

١١١١ـ عَنْ أَبِي حَازِمٍ: عَنْ أَبِيهِ أَنَّهُ سَمِعَ سَهْلَ بْنَ سَعْدٍ السَاعدي يَسْأَلُ عَنْ جُرْحِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ أُحُدٍ، فَقَالَ: جُرِحَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَكُسِرَتْ رَبَاعِيَتُهُ وَهُشِمَتِ الْبَيْضَةُ عَلَى رَأْسِهِ، فَكَانَتْ فَاطِمَةُ (ﷺ) -بِنْتُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)- تَغْسِلُ الدَّمَ، وَكَانَ عَلِيُّ [بْنُ أَبِي طَالِبٍ](ﷺ) يَسْكُبُ عَلَيْهَا بِالْمِجَنِّ، فَلَمَّا رَأَتْ فَاطِمَةُ أَنَّ الْمَاءَ لَا يَزِيدُ الدَّمَ إِلَّا كَثْرَةً، أَخَذَتْ قِطْعَةَ حَصِيرٍ فَأَحْرَقَتْهُ حَتَّى صَارَ رَمَادًا، ثُمَّ أَلْصَقَتْهُ بِالْجُرْحِ، فَاسْتَمْسَكَ الدَّمُ. [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٥٤]

(ابو حزام) دەڵێ: گوێی لە (سهل) كوڕی (سعد الساعدي) بوە كە پرسیاری لێكرا لە بارەی برینداری پێغەمبەر خوا (ﷺ) لە ڕۆژی اُحد دا، سعد وتی: دەمو چاوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریندار بوو و یەكێ لە چواردانەكەی پێشەوەی شكێنرا، خودەكەی سەرسەری پارچە پارچە بوو، فاطمة (ﷺ) -كچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) -خوێنەكەی دەشۆری، وە (علي) كوڕی (ابو طالب)(ﷺ) ئاوی دەكرد بەسەر خوێنەكەدا بە (قەڵغان)، هەر كە فاطمة بینی كە ئاوەكە تا دێ خوێنەكە زیاتر دەكات، پارچە حەسیرێكی سوتاند هەتا بویە خۆڵەمێش، پاشان لكاندی بە زامەكەوە و، خوێنەكەی وەستایەوە.

١١١٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كُسِرَتْ رَبَاعِيَتُهُ يَوْمَ أُحُدٍ، وَشُجَّ فِي رَأْسِهِ، فَجَعَلَ يَسْلُتُ الدَّمَ عَنْهُ وَيَقُولُ: ((كَيْفَ يُفْلِحُ قَوْمٌ شَجُّوا نَبِيَّهُمْ، وَكَسَرُوا رَبَاعِيَتَهُ، وَهُوَ يَدْعُوهُمْ إِلَى اللَّهِ)). فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَ: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ﴾ [آل‌عمران: ١٢٨]

(انس)(ﷺ) دەڵێ: لە ڕۆژی(أحد)دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکێ لە [چوارینەی] پێشەوەی شکێنرا، سەری بریندار کرا، کەوتە سڕینی خوێنەکەی سەری خۆی و دەیوت: ((چۆن قەومێ ڕزگار دەبێ کە سەری پێغەمبەرەکەیان شکاندبێ، دانیان شکاندبێ، لە کاتێکدا کە ئەو بانگی دەکردن بۆ لای خوا)) خوای بالادەست ئەم ئایەتەی سەرەوەی ناردە خوارەوە، کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿تۆ هیچ شتێکت لە کاروباری بەندەکان بەدەست نییە، بەڵکو هەموو شت بە دەست خوا خۆیەتی ئەگەر تەوبە و پەشیمانیان لێوەربگرێت یان سزا و ئازاریان بدات (سەربەستە) چونکە ئەوانە ستەمکارن﴾

(٧) بەرگریی جبریل و میکائیل لە پێغەمبەر (ﷺ)

١١١٣- عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُ يَوْمَ أُحُدٍ عَنْ يَمِينِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَعَنْ يَسَارِهِ رَجُلَيْنِ عَلَيْهِمَا ثِيَابٌ بِيضٌ، ما رأيتهما قبلُ ولا بعدُ، [يعني] جبريل وميكائيل (الطَّيْلاَ). وفي رواية: يُقَاتِلَانِ عَنْهُ كَأَشَدِّ الْقِتَالِ.

(سعد) کوڕی (ابو وقاص) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژی (أحد) دوو پیاوم بینی بەلای ڕاست و بەلای چەپی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە پۆشاکی سپیان پۆشی بوو. نە لەوەو پێش بینیومن و نەلەوەو پاشیش بینیمنەوە (واتە) جبریل و میکائیل بوون سەلامی خوایان لێبێت، لە ڕیوایەتێکدا: دەجەنگان و بەرگریان لێدەکرد زۆر بەگەرمی.

(٨) تووڕەیی خوا سەختە لەسەر ئەو کەسەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوشتویەتی

١١١٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اشْتَدَّ غَضَبُ اللَّهِ عَلَى قَوْمٍ فَعَلُوا [هَذَا] بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ))). وَهُوَ حِينَئِذٍ يُشِيرُ إِلَى رَبَاعِيَتِهِ، وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اشْتَدَّ غَضَبُ اللَّهِ (ﷻ) عَلَى رَجُلٍ يَقْتُلُهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ)). [البخاري/ المغازي/ ٣٨٤٥]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((تووڕەیی خوا سەختە لەسەر کەسانێ ئەوەیان کرد بە پێغەمبەری خوا (ﷺ))) لەوکاتەدا ئاماژەی دەکرد بۆ دانی پێشەوەی خۆی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:

((تورەیی خوا (ﷻ) سەختە لەسەر ئەو پیاوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیکوژێ لە پێناوی خوادا))

(٩) ئەو دەردی سەریەی تووشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لەلایەن قەومەکەیەوە

١١١٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّهَا قَالَتْ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ أَتَى عَلَيْكَ يَوْمٌ كَانَ أَشَدَّ مِنْ يَوْمِ أُحُدٍ؟ فَقَالَ: ((لَقَدْ لَقِيتُ مِنْ قَوْمِكِ، وَكَانَ أَشَدَّ مَا لَقِيتُ مِنْهُمْ يَوْمَ الْعَقَبَةِ، إِذْ عَرَضْتُ نَفْسِي عَلَى ابْنِ عَبْدِ يَالِيلَ بْنِ عَبْدِ كُلَالٍ، فَلَمْ يُجِبْنِي إِلَى مَا أَرَدْتُ، فَانْطَلَقْتُ وَأَنَا مَهْمُومٌ عَلَى وَجْهِي، فَلَمْ أَسْتَفِقْ إِلَّا بِقَرْنِ الثَّعَالِبِ، فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَإِذَا أَنَا بِسَحَابَةٍ قَدْ أَظَلَّتْنِي، فَنَظَرْتُ فَإِذَا فِيهَا جِبْرِيلُ، فَنَادَانِي فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ [عَزَّ وَجَلَّ] قَدْ سَمِعَ قَوْلَ قَوْمِكَ لَكَ وَمَا رَدُّوا عَلَيْكَ، وَقَدْ بَعَثَ إِلَيْكَ مَلَكَ الْجِبَالِ لِتَأْمُرَهُ بِمَا شِئْتَ فِيهِمْ، قَالَ: فَنَادَانِي مَلَكُ الْجِبَالِ وَسَلَّمَ عَلَيَّ، ثُمَّ قَالَ: يَا مُحَمَّدُ إِنَّ اللَّهَ قَدْ سَمِعَ قَوْلَ قَوْمِكَ لَكَ، وَأَنَا مَلَكُ الْجِبَالِ، وَقَدْ بَعَثَنِي رَبُّكَ إِلَيْكَ لِتَأْمُرَنِي بِأَمْرِكَ، فَمَا شِئْتَ؟ إِنْ شِئْتَ أَنْ أُطْبِقَ عَلَيْهِمُ الْأَخْشَبَيْنِ)). فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللَّهُ مِنْ أَصْلَابِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ وَحْدَهُ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا)). [البخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٩٥]

(عائشة) (ﷺ) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) وت: ئایا ئەی پێغەمبەری خوا ڕۆژی وات بەسەردا هاتووە کە سەختتربێت لە ڕۆژی أحد؟ فەرمووی: ((دەردی سەری زۆرم بەسەرهاتووە لە قەومەکەتەوە، سەختترین شت کە بەسەرم هاتووە لێیان ڕۆژی (العقبة) بوو، چوومە لای (إبن عبد یالیل) کوڕی (عبد کلال) داواکەی جێبەجێ نەکردم، ڕۆیشتم و خەفەت دایگرتم و ئاگام لە خۆم نەما، تا لە (قرن الثعالب)[1] بە ئاگا هاتمەوە، کە سەرم بەرز کردەوە، هەورێکم بینی سێبەری بۆ کردبووم، کە سەیرم کرد جوبرەئیلی لەناودابوو، بانگی لێکردم ووتی: خوای (ﷻ)قسەی قەومەکەتی بیست کە پێیان وتی وتی: داواکەیان ڕەت کردیتەوە، ئەوا فریشتەی کێوەکانی بۆ ناردویت تا فەرمانی پێبکەیت چیت دەوێ پێیان بکات، فریشتەی کێوەکان بانگی کردم و سەلامی لێکردم، پاشان وتی: ئەی محمد خوا قسەی قەومەکەتی بیست کە

[1] قرن الثعالب: شوێنێکە نزیکی مەککە.

پێیان وتی، منیش فریشتەی کێوەکانم پەروەردگارەکەت ناردومی بۆلای تۆ تا چیت دەوێ فەرمانم پێبکەیت؟ ئەگەر بتەوێ هەردوو کێوەکەی (مەککە) دەهێنمەوە یەك بەسەریاندا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵکو ئەوەم دەوێ کە خوای گەورە هەر لە پشتی خۆیان کەسانێکیان لێدەربهێنێ خوای تاك و تەنها بپەرستن و هیچ شتێ نەکەنە هاوەڵی)).

١١١٦ـ عَنْ جُنْدُبِ بْنِ سُفْيَانَ (ﷺ) قَالَ: دَمِيَتْ إِصْبَعُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَعْضِ تِلْكَ الْمَشَاهِدِ، فَقَالَ:

هَلْ أَنْتِ إِلَّا إِصْبَعٌ دَمِيتِ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ مَا لَقِيتِ

[بخاري/ الجهاد/ ٢٦٤٨]

(جندب) کوڕی (سفیان) (ﷺ) دەڵێ: پەنجەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە یەکێ لە جەنگەکاندا خوێنی لێهات، فەرمووی: ((هل انت إلاّ إصبعٌ دَميت و في سبيل الله ما لَقِيتِ))

تۆ تەنها پەنجەیەکی خوێنت لێهاتووە و لە پێناوی خوادا ئەوەت بەسەرهاتووە.

١١١٧ـ عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي عِنْدَ الْبَيْتِ وَأَبُو جَهْلٍ وَأَصْحَابٌ لَهُ جُلُوسٌ، وَقَدْ نُحِرَتْ جَزُورٌ بِالْأَمْسِ، فَقَالَ أَبُو جَهْلٍ: أَيُّكُمْ يَقُومُ إِلَى سَلَا جَزُورِ بَنِي فُلَانٍ، فَيَأْخُذُهُ فَيَضَعُهُ فِي كَتِفَيْ مُحَمَّدٍ (ﷺ) إِذَا سَجَدَ؟ فَانْبَعَثَ أَشْقَى الْقَوْمِ فَأَخَذَهُ، فَلَمَّا سَجَدَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَضَعَهُ بَيْنَ كَتِفَيْهِ، قَالَ: فَاسْتَضْحَكُوا، وَجَعَلَ بَعْضُهُمْ يَمِيلُ عَلَى بَعْضٍ، وَأَنَا قَائِمٌ أَنْظُرُ، لَوْ كَانَتْ لِي مَنَعَةٌ طَرَحْتُهُ عَنْ ظَهْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَالنَّبِيُّ (ﷺ) سَاجِدٌ مَا يَرْفَعُ رَأْسَهُ، حَتَّى انْطَلَقَ إِنْسَانٌ فَأَخْبَرَ فَاطِمَةَ (ﷺ) فَجَاءَتْ وَهِيَ جُوَيْرِيَةٌ فَطَرَحَتْهُ عَنْهُ، ثُمَّ أَقْبَلَتْ عَلَيْهِمْ تَشْتِمُهُمْ، فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ (ﷺ) صَلَاتَهُ رَفَعَ صَوْتَهُ ثُمَّ دَعَا عَلَيْهِمْ، وَكَانَ إِذَا دَعَا دَعَا ثَلَاثًا، وَإِذَا سَأَلَ سَأَلَ ثَلَاثًا، ثُمَّ قَالَ: ((اللَّهُمَّ عَلَيْكَ بِقُرَيْشٍ)) ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَلَمَّا سَمِعُوا صَوْتَهُ ذَهَبَ عَنْهُمُ الضِّحْكُ، وَخَافُوا دَعْوَتَهُ، ثُمَّ قَالَ: ((اللَّهُمَّ عَلَيْكَ بِأَبِي جَهْلِ بْنِ هِشَامٍ، وَعُتْبَةَ بْنِ رَبِيعَةَ، وَشَيْبَةَ ابْنِ رَبِيعَةَ، وَالْوَلِيدِ بْنِ عُقْبَةَ، وَأُمَيَّةَ بْنِ خَلَفٍ، وَعُقْبَةَ بْنِ أَبِي مُعَيْطٍ..)). وَذَكَرَ السَّابِعَ وَلَمْ أَحْفَظْهُ، فَوَالَّذِي بَعَثَ مُحَمَّدًا (ﷺ) بِالْحَقِّ، لَقَدْ رَأَيْتُ الَّذِينَ سَمَّى صَرْعَى يَوْمَ بَدْرٍ، ثُمَّ سُحِبُوا إِلَى

الْقَلِيبِ قَلِيبِ بَدْرٍ، قَالَ أَبُو إِسْحَقَ: الْوَلِيدُ بْنُ عُقْبَةَ غَلَطٌ فِي هَذَا الْحَدِيثِ.
[البخاري/ الوضوء/ ٢٣٧]

(أبن مسعود) (ﷺ) دەڵێ:لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا لە پەنای کەعبەدا نوێـژی دەکـرد، أبـو جـهل و چـەند هـاوەڵێکی دانیشـتبوون، ڕۆژی پێشـووتر حوشترێك سەربڕابوو، أبو جهل وتی: کامتان هەڵدەستێ و ورگ و ڕیخۆڵەی ئەو حوشترەی فلان تیرە هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر هەدوو شانی محمد (ﷺ) هەر کە سوجدەی برد؟ نەگبەتترین کەسی قەومەکە پەلاماری دایە و هەڵیگرت، کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) سوجدەی برد خستیە نێوان هەردوو شانی پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا هەموو دایانە قاقای پێکەنین، بە جۆرێ کە لاردەبوونەوە و دەکەوتن بەسەریەکتریدا، منیش وەستا بووم سەیرم دەکرد، ئەگەر هێز و پشتێکم ببوایە فرێم دەدا لەسەرپشتی پێغەمبەر (ﷺ) ، پێغەمبەریش (ﷺ) سوجدەی بردبوو سەری بەرز نەکردەوە، هەتا کەسێ چوو هەواڵی دابە (فاطمة) (ﷺ) ، (فاطمة) بەپەلە هات کە ئەو کاتە کچۆڵەیەك بوو، ڕیخۆڵەکانی لابردن، پاشان ڕوویکردە کۆمەڵەکە و کەوتە قسەی ناشرین پێوتنیان، کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژەکەی تەواو کرد بە دەنگی بەرز دۆعای لێکردن، هەر کاتێ داخوازی ببوایە سێ جار داخوازی دەکرد ئینجا فەرمووی: ((خوایە تۆ بچۆ بە گژ قوڕەیشدا)) سێ جار لەسەر یەك، هەر کە دەنگی پێغەمبەریان (ﷺ) بیست پێکەنینەکەیان نەما، وەترسان لە دۆعاکەی، پاشان فەرمووی: ((خوایە دەتکەم بە گژ (أبو جهل) کوڕی (هشام)، وە (عتبة) کوڕی (ربیعة)، وە (شیبه) کوڕی (ربیعة) وە (ولید) کوڕی (عقبة) ،وە (أمیة) کوڕی (خلف)، وە (عتبة) کوڕی (أبو معیط)..)) حەوتەمیشی وت کە من بیرم نەماوە، سوێند بەو کەسەی کە محمدی (ﷺ) بەڕاستی ناردووە، لە ڕۆژی بەدردا هەموو ئەوانەم بە کوژراوی بینی کە ناوی بردن، پاشان ڕاکێشران بۆ (قلیب) بیرەکەی بەدر. أبو اسحاق وتی: ولید کوڕی عقبة لەم فەرموودەیەدا بە هەڵە هاتووە، (ڕاستیەکەی (ولید کوڕی عتبة) یە وەك لە شەرحی النووي دا هاتووە)

(١٠) ئارامگرتنی پێغەمبەران لەسەر ئازاری قەومەکەیان

١١١٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ) قَالَ كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَحْكِي نَبِيًّا مِنَ الْأَنْبِيَاءِ ضَرَبَهُ قَوْمُهُ، وَهُوَ يَمْسَحُ الدَّمَ عَنْ وَجْهِهِ وَيَقُولُ: ((رَبِّ اغْفِرْ لِقَوْمِي فَإِنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٩٠]

(عبدالله) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: هەر دەڵێی چاوم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)یە باسی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی دەکرد کە قەومەکەی لێیان دابوو، ئەویش خوێنەکەی لە دەموچاوی دەسڕی و دەیفەرموو: ((پەروەردگارم لە قەومەکەم خۆش ببە ئەوان کەسانێکن نازانن)).

(١١) کوشتنی أبو جهل

١١١٩ـ عَنْ أَنَس بْنُ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ((مَنْ يَنْظُرُ لَنَا مَا صَنَعَ أَبُو جَهْلٍ)). فَانْطَلَقَ ابْنُ مَسْعُودٍ فَوَجَدَهُ قَدْ ضَرَبَهُ ابْنَا عَفْرَاءَ حَتَّى بَرِكَ، قَالَ: فَأَخَذَ بِلِحْيَتِهِ فَقَالَ: آنْتَ أَبُو جَهْلٍ؟ فَقَالَ: وَهَلْ فَوْقَ رَجُلٍ قَتَلْتُمُوهُ، أَوْ قَالَ: قَتَلَهُ قَوْمُهُ؟ قَالَ: وَقَالَ أَبُو مِجْلَزٍ: قَالَ أَبُو جَهْلٍ: فَلَوْ غَيْرُ أَكَّارٍ قَتَلَنِي. [البخاري/ المغازي/ ٣٧٤٥]

(أنس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کێ سەیرێکمان بۆ دەکات (بزانێ) أبو جهل چی لێهات)). (ابن مسعود) ڕۆیشت و ابوجهلی بینییەوە کە دوو کوڕەکەی عفراء لێیان داوە و کەوتوە و لە دوا هەناسەکانیدایە، (أنس) وتی: ڕاستەوخۆ ڕیشم گرت و وتم: تۆ (ابو جهل)ی؟ وتی: ئایا شانازی بەسەر کەسێکەوە دەکەیت کە ئێوە کوشتوتانە؟ (ابو مجلز) وتی: ابو جهل وتی: خۆزگایە کەسێ بیکوشتمایە کشتیار نەبوایە.

(١٢) کوشتنی (کعب) کوڕی (الاشرف)

١١٢٠ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ((مَنْ لِكَعْبِ بْنِ الْأَشْرَفِ؟ فَإِنَّهُ قَدْ آذَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ)). فَقَالَ مُحَمَّدُ بْنُ مَسْلَمَةَ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَتُحِبُّ أَنْ أَقْتُلَهُ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: ائْذَنْ لِي فَلْأَقُلْ، قَالَ: ((قُلْ)). فَأَتَاهُ فَقَالَ لَهُ، وَذَكَرَ مَا بَيْنَهُمَا، وَقَالَ: إِنَّ هَذَا الرَّجُلَ قَدْ أَرَادَ صَدَقَةً، وَقَدْ عَنَّانَا. فَلَمَّا سَمِعَهُ قَالَ: وَأَيْضًا وَاللَّهِ لَتَمَلُّنَّهُ. قَالَ: إِنَّا قَدِ اتَّبَعْنَاهُ الْآنَ، وَنَكْرَهُ أَنْ نَدَعَهُ حَتَّى نَنْظُرَ إِلَى أَيِّ شَيْءٍ يَصِيرُ أَمْرُهُ، قَالَ: وَقَدْ أَرَدْتُ أَنْ تُسْلِفَنِي سَلَفًا، قَالَ: فَمَا تَرْهَنُنِي؟ [قَالَ: مَا تُرِيدُ، قَالَ]: تَرْهَنُنِي نِسَاءَكُمْ، قَالَ: أَنْتَ أَجْمَلُ الْعَرَبِ. أَنَرْهَنُكَ نِسَاءَنَا؟ قَالَ: لَهُ

تَرْهَنُونِي أَوْلَادَكُمْ، قَالَ يُسَبُّ ابْنُ أَحَدِنَا، فَيُقَالُ: رُهِنَ فِي وَسْقَيْنِ مِنْ تَمْرٍ، وَلَكِنْ نَرْهَنُكَ اللَّأْمَةَ، يَعْنِي السِّلَاحَ، قَالَ: فَنَعَمْ. وَوَاعَدَهُ أَنْ يَأْتِيَهُ بِالْحَارِثِ وَأَبِي عَبْسِ بْنِ جَبْرٍ وَعَبَّادِ بْنِ بِشْرٍ، قَالَ: فَجَاءُوا فَدَعَوْهُ لَيْلًا، فَنَزَلَ إِلَيْهِمْ. قَالَ سُفْيَانُ: قَالَ غَيْرُ عَمْرٍو: قَالَتْ [لَهُ] امْرَأَتُهُ: إِنِّي لَأَسْمَعُ صَوْتًا كَأَنَّهُ صَوْتُ دَمٍ. قَالَ: إِنَّمَا هَذَا مُحَمَّدُ [بْنُ مَسْلَمَةَ] وَرَضِيعُهُ وَأَبُو نَائِلَةَ، إِنَّ الْكَرِيمَ لَوْ دُعِيَ إِلَى طَعْنَةٍ لَيْلًا لَأَجَابَ. قَالَ مُحَمَّدٌ: إِنِّي إِذَا جَاءَ فَسَوْفَ أَمُدُّ يَدِي إِلَى رَأْسِهِ، فَإِذَا اسْتَمْكَنْتُ مِنْهُ فَدُونَكُمْ. قَالَ: فَلَمَّا نَزَلَ نَزَلَ وَهُوَ مُتَوَشِّحٌ، فَقَالُوا: نَجِدُ مِنْكَ رِيحَ الطِّيبِ، قَالَ: نَعَمْ، تَحْتِي فُلَانَةُ، هِيَ أَعْطَرُ نِسَاءِ الْعَرَبِ، قَالَ: فَتَأْذَنُ لِي أَنْ أَشُمَّ مِنْهُ؟ قَالَ: نَعَمْ فَشُمَّ، فَتَنَاوَلَ فَشَمَّ، ثُمَّ قَالَ: أَتَأْذَنُ لِي أَنْ أَعُودَ؟ قَالَ فَاسْتَمْكَنَ مِنْ رَأْسِهِ، ثُمَّ قَالَ: دُونَكُمْ، قَالَ فَقَتَلُوهُ. [البخاري/ المغازي/ ٣٨١١]

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کێ بۆ (کعب) کوڕی (الاشرف) بێ؟)) واتە (کێ کعب کوڕی الاشرفم بۆ دەکوژێ؟) چونکە ئەو ئازاری خوا و پێغەمبەرەکەیی داوە. (محمد) کوڕی (مسلمة) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا حەزدەکەیت بیکوژم؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) . وتی: مۆڵەتم بدە تا شتێکت لەسەر بڵێم، فەرمووی: ((بڵێ)) محمد هاتە لای (کعب) و باس و خواسی نێوان خۆیانی کرد، ئینجا وتی: بەڕاستی ئەم پیاوە خێری لێمان دەوێ، لە ڕاستیدا ماندووی کردوین و زەحمەتی داوین، هەر کە (کعب) ئەمەی لێبیست، وتی: بەخوا دواجار لێی بێزاردەبن، (محمد) وتی: ئێستە ئێمە شوێنی ئەو کەوتووین و، حەزناکەین وازی لێبهێنین تا بزانین چارەنووسی ئەم کارەی بەچی دەگات، وتی: ئێستە دەمەوێ قەرزێکم بدەیتێ، (کعب) وتی: چیم بە بارمتە دەدەیتێ؟ (وتی: هەر چیت دەوێ،) وتی: ژنەکانتانم بدەنێ بە بارمتە، وتی: تۆ جوانترینی هەموو عەرەبی ئایا ژنەکانمان بخەینە بارمتەی تۆ؟ وتی: منداڵەکانتانم بە بارمتە بدەنێ، وتی: کوڕی یەکێکمان جوێنی پێدەدرێ و دەوترێ: دراوە بە بارمتەی دوو بار حوشتر لە خورما، بەڵکو چەکەکەمان دەکەین بە بارمتەت (واتە:چەك) وتی: زۆر باشە، ئەمجا مەوعیدی دایە کە بێتەوە لای و (حارث) و أبي عبس بن جبرٍ و عباد بن شبرٍ لەگەڵدا بێت، وتی: بەشەو هاتنەوە و بانگیان لێکرد، هاتە خوارەوە بۆلایان، سفیان وتی: جگە لە عمرو وتی: ژنەکەی (پێی) وت: من دەنگێ دەبیستم وەك دەنگی خوێن بێت، وتی: ئەوە (محمد) (کوڕی

مسلمة)یە و ابو نائلەی برا شیریمە، بەخشندە ئەگەر بەشەو بانگی لێکرا بە شیر و ڕم لێی بدرێ هەر دەچێ بەدەم بانگەکەوە. محمد وتی: هەر کە هات من دەستم درێژ دەکەم بۆ سەری، هەر کە توند گرتم ئێوە و ئەو، کاتێ (لە قەلاکە) دابەزی، و پۆشاکی جەنگی بە تەواوی پۆشیبوو وە چەکەکەی ڕاست و چەپ کرد بوو بە ملیدا، وتیان: بۆنی عەترت لێبەدی دەکەین، وتی: بەڵێ، ژنەکەم فلانە کەسە، کە بۆن خۆشترین ژنانی عەرەبە، (محمد) وتی: مۆڵەتم بدەیت بۆنێکی ئەو عەترە بکەم؟ وتی: بەڵێ بۆنی بکە، سەری گرت و بۆنی کرد، دووبارە وتی: ئایا مۆڵەتم دەدەیت جارێکی تر بۆنت بکەم؟ جابر دەڵێ: ئەمجارە توند سەری گرت، پاشان وتی: دەی ئێوە و ئەو، وتی: ئەمجا کوشتیان.

(١٣) جەنگی الرّقاع

١١٢١ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي غَزَاةٍ، وَنَحْنُ سِتَّةُ نَفَرٍ، بَيْنَنَا بَعِيرٌ نَعْتَقِبُهُ، قَالَ: فَنَقِبَتْ أَقْدَامُنَا، فَنَقِبَتْ قَدَمَايَ وَسَقَطَتْ أَظْفَارِي، فَكُنَّا نَلُفُّ عَلَى أَرْجُلِنَا الْخِرَقَ، فَسُمِّيَتْ غَزْوَةَ ذَاتِ الرِّقَاعِ، لِمَا كُنَّا نُعَصِّبُ عَلَى أَرْجُلِنَا مِنَ الْخِرَقِ. قَالَ أَبُو بُرْدَةَ: فَحَدَّثَ أَبُو مُوسَى بِهَذَا الْحَدِيثِ ثُمَّ كَرِهَ ذَلِكَ، قَالَ: كَأَنَّهُ كَرِهَ أَنْ يَكُونَ شَيْئًا مِنْ عَمَلِهِ أَفْشَاهُ... وَفِي رِوَايَةٍ: وَاللَّهُ يُجْزِي بِهِ. [البخاري/ المغازي/ ٣٨٩٩]

(ابو موسی) (ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ڕۆیشتین بۆ جەنگێك، ئێمە شەش کەس بووین، حوشترێکمان پێبوو بە نۆرە سواری دەبووین، هەر دوو پێم شەق شەق بوو بوون و نینۆکەکانم کەوتبوون، پەڕۆمان دەپێچا بە قاچمانەوە و دەمانبەست، ئەو جەنگە ناونرا بە جەنگی (ذات الرّقاع)، چونکە ئێمە بە پەڕۆ قاچەکانمان دەبەست، (ابو بردة) وتی: (ابو موسی) ئەم قسەیەی دەگێڕایەوە پاشان بە باشی نەدەزانی باسی بکات، وتی: هەروەك بە باشی نەزانیبێ شتی نهێنی لەو کردەوەیەیدا بووبێ و بیخاتە ڕوو... وە لە ڕیوایەتێکدا: خوا پاداشتی بداتەوە لەسەری.

(١٤) جەنگی الأحزاب (الخندق)

١١٢٢ـ عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ حُذَيْفَةَ، فَقَالَ رَجُلٌ: لَوْ أَدْرَكْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَاتَلْتُ مَعَهُ وَأَبْلَيْتُ، فَقَالَ حُذَيْفَةُ: أَنْتَ كُنْتَ تَفْعَلُ ذَلِكَ؟ لَقَدْ رَأَيْتُنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَيْلَةَ الْأَحْزَابِ وَأَخَذَتْنَا رِيحٌ شَدِيدَةٌ وَقُرٌّ، فَقَالَ

رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَلَا رَجُلٌ يَأْتِينِي بِخَبَرِ الْقَوْمِ، جَعَلَهُ اللَّهُ مَعِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). فَسَكَتْنَا فَلَمْ يُجِبْهُ مِنَّا أَحَدٌ، ثُمَّ قَالَ: ((أَلَا رَجُلٌ يَأْتِينَا بِخَبَرِ الْقَوْمِ، جَعَلَهُ اللَّهُ مَعِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). فَسَكَتْنَا فَلَمْ يُجِبْهُ مِنَّا أَحَدٌ، ثُمَّ قَالَ: ((أَلَا رَجُلٌ يَأْتِينَا بِخَبَرِ الْقَوْمِ، جَعَلَهُ اللَّهُ مَعِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). فَسَكَتْنَا فَلَمْ يُجِبْهُ مِنَّا أَحَدٌ، فَقَالَ: ((قُمْ يَا حُذَيْفَةُ فَأْتِنَا بِخَبَرِ الْقَوْمِ)). فَلَمْ أَجِدْ بُدًّا إِذْ دَعَانِي بِاسْمِي أَنْ أَقُومَ، قَالَ: ((اذْهَبْ فَأْتِنِي بِخَبَرِ الْقَوْمِ، وَلَا تَذْعَرْهُمْ عَلَيَّ)). فَلَمَّا وَلَّيْتُ مِنْ عِنْدِهِ، جَعَلْتُ كَأَنَّمَا أَمْشِي فِي حَمَّامٍ حَتَّى أَتَيْتُهُمْ، فَرَأَيْتُ أَبَا سُفْيَانَ يَصْلِي ظَهْرَهُ بِالنَّارِ، فَوَضَعْتُ سَهْمًا فِي كَبِدِ الْقَوْسِ فَأَرَدْتُ أَنْ أَرْمِيَهُ، فَذَكَرْتُ قَوْلَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): ((وَلَا تَذْعَرْهُمْ عَلَيَّ)). وَلَوْ رَمَيْتُهُ لَأَصَبْتُهُ، فَرَجَعْتُ وَأَنَا أَمْشِي فِي مِثْلِ الْحَمَّامِ، فَلَمَّا أَتَيْتُهُ فَأَخْبَرْتُهُ بِخَبَرِ الْقَوْمِ وَفَرَغْتُ قُرِرْتُ، فَأَلْبَسَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ فَضْلِ عَبَاءَةٍ كَانَتْ عَلَيْهِ يُصَلِّي فِيهَا، فَلَمْ أَزَلْ نَائِمًا حَتَّى أَصْبَحْتُ، [فَلَمَّا أَصْبَحْتُ] قَالَ: ((قُمْ يَا نَوْمَانُ)).

(إبراهيم التيمي) لە باوکیەوە دەڵێ: ئێمە لەلای (حذیفة) بووین، پیاوێك وتی: ئەگەر بە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگەیشتمایە شان بەشانی دەجەنگام بە هەموو توانایەکم، حذیفة وتی: تۆ ئەوەت دەکرد؟ شەوی (الأحزاب) ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووین، بایەکی توند و سەرمایەکی سەخت دایگرتبووین ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئای بۆ پیاوێك دەنگوباسی ئەو خەڵکەم بۆ بهێنێ، خوا لە ڕۆژی قیامەتدا بیکاتە هاوەڵم)) ئێمە بێدەنگ بووین کەسێکمان وەڵامی نەدایەوە، دووبارە فەرمووی: ((ئای بۆ پیاوێك دەنگوباسی ئەو قەومەم بۆ بهێنێ، خوا لە ڕۆژی قیامەتدا بیکاتە هاوەڵم)). ئێمە بێدەنگ بووین کەسێکمان وەڵامی نەدایەوە، پاشان فەرمووی: ((ئای بۆ پیاوێك دەنگوباسی ئەو قەومەم بۆ بهێنێ، خوا لە ڕۆژی قیامەتدا بیکاتە هاوەڵم)). هەموو بێدەنگ بووین و کەسێکمان وەڵامی نەدایەوە، ئینجا فەرمووی: ((ئەی حذیفة هەستە بڕۆ هەواڵی ئەو لەشکرەم بۆ بێنە)). کە بە ناوی خۆمەوە بانگی کردم ئیتر هیچ چارێکم نەما کە هەڵنەستم، فەرمووی: ((بڕۆ هەواڵی ئەو خەڵکەم بۆ بهێنە و نەشیان شڵەژێنی))لێم. هەر کە بەجێم هێشت، کەوتمە حاڵێ هەروەك بە ناو گەرماوێکدا بڕۆم هەتا گەیشتمە لایان، ابو سفیانم بینی کە پشتی بە ئاگر گەرم دەکردەوە، تیرێکم خستە چەقی کەوانەکەم و ویستم بیگرمە ابو سفیان، فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)م

بیرکەوتەوەکە فەرمووی: ((نەشیان شڵەژێنی لێم)) کە ئەگەر تیرەکەم تێبگرتایە دەم پێکا، گەڕامەوە و هەروەك بەناو گەرماودا بڕۆم. هەر کە گەیشتمەوە خزمەتی دەنگوباسی خەڵکەکەم پێدا و کە لێبوومەوە سەرمام بۆ هاتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە لایەکی ئەو عەبایەی کە لەبەریدابوو وە نوێژی لەسەر دەکرد داییپۆشیم، هەتا بەیانی لێی نوستم، (هەر کە بەیانیم لێهات) فەرمووی: ((هەستە ئەی خەواڵو)).

١١٢٣ـ عَنْ الْبَرَاءَ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ الْأَحْزَابِ يَنْقُلُ مَعَنَا التُّرَابَ، وَلَقَدْ وَارَى التُّرَابُ بَيَاضَ بَطْنِهِ، وَهُوَ يَقُولُ:

((وَاللَّهِ لَوْلَا أَنْتَ مَا اهْتَدَيْنَا وَلَا تَصَدَّقْنَا وَلَا صَلَّيْنَا
فَأَنْزِلَنْ سَكِينَةً عَلَيْنَا إِنَّ الْأُلَى قَدْ أَبَوْا عَلَيْنَا))

قَالَ: وَرُبَّمَا قَالَ:

((إِنَّ الْمَلَا قَدْ أَبَوْا عَلَيْنَا إِذَا أَرَادُوا فِتْنَةً أَبَيْنَا))

وَيَرْفَعُ بِهَا صَوْتَهُ. [البخاري/ الجهاد/ ٢٨٧٠]

(البراء) (رضي الله عنه) دەڵێ: لە ڕۆژی الأحزاب دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵماندا خۆڵی دەگواستەوە، بەجۆرێ کە خۆڵ سپیایی سکی داپۆشیبوو، ئەو دەیفەرموو:

سوێند بە خوا بەتۆ نەبێ هیدایەتمان وەرنەدەگرت
نەخێرمان دەکرد و نە نوێژمان دەکرد

ئارامی داباریێنە سەرمان چونکە ئەوان یاخی بوون لێمان

البراء دەڵێ: لەوانەیە فەرمووبێتی:

ئەوانە یاخی بوون لێمان ڕازیمان نیە فیتنە گێڕیان

بە وتنی هۆنراوەکە دەنگی بەرز دەکردەوە.

١١٢٤ـ عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ أَصْحَابَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) كَانُوا يَقُولُونَ يَوْمَ الْخَنْدَقِ:

نَحْنُ الَّذِينَ بَايَعُوا مُحَمَّدًا عَلَى الْإِسْلَامِ مَا بَقِينَا أَبَدًا

أَوْ قَالَ: عَلَى الْجِهَادِ أبداً –شَكَّ حَمَّادٌ– وَالنَّبِيُّ (ﷺ) يَقُولُ:

((اللَّهُمَّ إِنَّ الْخَيْرَ خَيْرُ الْآخِرَهْ فَاغْفِرْ لِلْأَنْصَارِ وَالمُهَاجِرَهْ)).

[البخاري/ الجهاد/ ٢٦٨٠]

(أنس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: هاوەڵانی (محمد) (ﷺ) ڕۆژی (الخندق) دەیانووت:

نحن الذين بايعوا محمداً على الأسلام ما بقينا أبداً

ئێمە ئەوانەین پەیمانمان دا بە محمد لەسەر ئیسلام بمێنین هەتا ئەبەد.

یا وتی:

لەسەر (جهاد) بمێنین هەتا ئەبەد[1] – پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو:

خوایە خێر و خۆشی تەنها هی ئەو جیهانە

دەخۆش ببە لەو پشتیوان و کۆچبەرانە

(١٥) باسی بنو قريظة

١١٢٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن عمر (ﷺ) قَالَ: نَادَى فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ انْصَرَفَ عَنِ الْأَحْزَابِ أَنْ: ((لَا يُصَلِّيَنَّ أَحَدٌ الظُّهْرَ إِلَّا فِي بَنِي قُرَيْظَةَ)). فَتَخَوَّفَ نَاسٌ فَوْتَ الْوَقْتِ فَصَلَّوْا دُونَ بَنِي قُرَيْظَةَ، وَقَالَ آخَرُونَ: لَا نُصَلِّي إِلَّا حَيْثُ أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَإِنْ فَاتَنَا الْوَقْتُ. قَالَ: فَمَا عَنَّفَ وَاحِدًا مِنَ الْفَرِيقَيْنِ. [البخاري/ صلاة الخوف/ ٩٠٤]

(عبدالله) کوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە جەنگی الأحزاب گەڕایەوە بانگی کردین و فەرمانی پێداین کە: ((با هیچ کەس نوێژی نیوەڕۆ نەکات لە بني قريظة نەبێ)). هەندێ کەس ترسان لەوە کە کاتەکە بگوزەرێ پێش ئەوەی بگەنە (بني قريظة) نوێژیان کرد، کەسانێکی تر وتیان: ئێمە نوێژ ناکەین تا نەگەینە ئەو شوێنە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێداوین با کاتەکەشمان لە دەست بچێ (عبدالله) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ یەکێ لەو دوو گروپەی سەرزەنشت نەکرد.

---

[1] حماد کوڕی سلمة یەکێك لە ڕیوایەت کەرانی فەرموودەکەیە. گومانی هەیە دەڵێ لەوانەیە (انس) وتبێتی.

(١٦) جەنگی ذي قَرَدَ

١١٢٦ـ عَنْ إِيَاسُ بْنُ سَلَمَةَ قَالَ: حَدَّثَنِي أَبِي (ﷺ) قَالَ: قَدِمْنَا الْحُدَيْبِيَةَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ أَرْبَعَ عَشْرَةَ مِائَةً، وَعَلَيْهَا خَمْسُونَ شَاةً لَا تُرْوِيهَا، قَالَ: فَقَعَدَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى جَبَا الرَّكِيَّةِ، فَإِمَّا دَعَا وَإِمَّا بَصَقَ فِيهَا، قَالَ: فَجَاشَتْ، فَسَقَيْنَا وَاسْتَقَيْنَا، قَالَ: ثُمَّ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) دَعَانَا لِلْبَيْعَةِ فِي أَصْلِ الشَّجَرَةِ، قَالَ: فَبَايَعْتُهُ أَوَّلَ النَّاسِ، ثُمَّ بَايَعَ وَبَايَعَ، حَتَّى إِذَا كَانَ فِي وَسَطٍ مِنَ النَّاسِ قَالَ: ((بَايِعْ يَا سَلَمَةُ)). قَالَ: قُلْتُ: قَدْ بَايَعْتُكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فِي أَوَّلِ النَّاسِ، قَالَ: ((وَأَيْضًا)). قَالَ: وَرَآنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَزِلًا -يَعْنِي لَيْسَ مَعَهُ سِلَاحٌ- قَالَ: فَأَعْطَانِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَجَفَةً أَوْ دَرَقَةً، ثُمَّ بَايَعَ، حَتَّى إِذَا كَانَ فِي آخِرِ النَّاسِ قَالَ: ((أَلَا تُبَايِعُنِي يَا سَلَمَةُ)). قَالَ: قُلْتُ: قَدْ بَايَعْتُكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فِي أَوَّلِ النَّاسِ، وَفِي أَوْسَطِ النَّاسِ، قَالَ: ((وَأَيْضًا)). قَالَ: فَبَايَعْتُهُ الثَّالِثَةَ، ثُمَّ قَالَ لِي: ((يَا سَلَمَةُ أَيْنَ حَجَفَتُكَ -أَوْ دَرَقَتُكَ- الَّتِي أَعْطَيْتُكَ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَقِيَنِي عَمِّي عَامِرٌ عَزِلًا فَأَعْطَيْتُهُ إِيَّاهَا. قَالَ: فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَقَالَ: ((إِنَّكَ كَالَّذِي قَالَ الْأَوَّلُ: اللَّهُمَّ أَبْغِنِي حَبِيبًا هُوَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي)). ثُمَّ إِنَّ الْمُشْرِكِينَ رَاسَلُونَا الصُّلْحَ حَتَّى مَشَى بَعْضُنَا فِي بَعْضٍ وَاصْطَلَحْنَا، قَالَ: وَكُنْتُ تَبِيعًا لِطَلْحَةَ بْنِ عُبَيْدِ اللَّهِ، أَسْقِي فَرَسَهُ وَأَحُسُّهُ، وَأَخْدُمُهُ وَآكُلُ مِنْ طَعَامِهِ، وَتَرَكْتُ أَهْلِي وَمَالِي مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ (ﷺ)، قَالَ: فَلَمَّا اصْطَلَحْنَا نَحْنُ وَأَهْلُ مَكَّةَ وَاخْتَلَطَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ أَتَيْتُ شَجَرَةً، فَكَسَحْتُ شَوْكَهَا فَاضْطَجَعْتُ فِي أَصْلِهَا، قَالَ: فَأَتَانِي أَرْبَعَةٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ، فَجَعَلُوا يَقَعُونَ فِي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَبْغَضْتُهُمْ فَتَحَوَّلْتُ إِلَى شَجَرَةٍ أُخْرَى، وَعَلَّقُوا سِلَاحَهُمْ وَاضْطَجَعُوا، فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ نَادَى مُنَادٍ مِنْ أَسْفَلِ الْوَادِي: يَا لِلْمُهَاجِرِينَ قُتِلَ ابْنُ زُنَيْمٍ. قَالَ: فَاخْتَرَطْتُ سَيْفِي، ثُمَّ شَدَدْتُ عَلَى أُولَئِكَ الْأَرْبَعَةِ وَهُمْ رُقُودٌ، فَأَخَذْتُ سِلَاحَهُمْ فَجَعَلْتُهُ ضِغْثًا فِي يَدِي، قَالَ: ثُمَّ قُلْتُ وَالَّذِي كَرَّمَ وَجْهَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) لَا يَرْفَعُ أَحَدٌ مِنْكُمْ رَأْسَهُ إِلَّا ضَرَبْتُ الَّذِي فِيهِ عَيْنَاهُ، قَالَ: ثُمَّ جِئْتُ بِهِمْ أَسُوقُهُمْ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: وَجَاءَ عَمِّي عَامِرٌ بِرَجُلٍ مِنَ الْعَبَلَاتِ يُقَالُ لَهُ مِكْرَزٌ، يَقُودُهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى فَرَسٍ مُجَفَّفٍ فِي سَبْعِينَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، فَنَظَرَ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((دَعُوهُمْ يَكُنْ لَهُمْ بَدْءُ الْفُجُورِ وَثِنَاهُ)). فَعَفَا عَنْهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنْ بَعْدِ أَنْ

أظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ﴾ الآيَةَ كُلَّهَا، قَالَ: ثُمَّ خَرَجْنَا رَاجِعِينَ إِلَى الْمَدِينَةِ، فَنَزَلْنَا مَنْزِلًا، بَيْنَنَا وَبَيْنَ بَنِي لَحْيَانَ جَبَلٌ وَهُمُ الْمُشْرِكُونَ، فَاسْتَغْفَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِمَنْ رَقِيَ هَذَا الْجَبَلَ اللَّيْلَةَ كَأَنَّهُ طَلِيعَةٌ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) وَأَصْحَابِهِ، قَالَ سَلَمَةُ: فَرَقِيتُ تِلْكَ اللَّيْلَةَ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا، ثُمَّ قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ فَبَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِظَهْرِهِ مَعَ رَبَاحٍ غُلَامِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَنَا مَعَهُ، وَخَرَجْتُ مَعَهُ بِفَرَسِ طَلْحَةَ أُنَدِّيهِ مَعَ الظَّهْرِ، فَلَمَّا أَصْبَحْنَا إِذَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ الْفَزَارِيُّ قَدْ أَغَارَ عَلَى ظَهْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَاسْتَاقَهُ أَجْمَعَ، وَقَتَلَ رَاعِيَهُ، قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَبَاحُ خُذْ هَذَا الْفَرَسَ فَأَبْلِغْهُ طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ، وَأَخْبِرْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّ الْمُشْرِكِينَ قَدْ أَغَارُوا عَلَى سَرْحِهِ، قَالَ: ثُمَّ قُمْتُ عَلَى أَكَمَةٍ فَاسْتَقْبَلْتُ الْمَدِينَةَ، فَنَادَيْتُ ثَلَاثًا: يَا صَبَاحَاهْ! ثُمَّ خَرَجْتُ فِي آثَارِ الْقَوْمِ أَرْمِيهِمْ بِالنَّبْلِ، وَأَرْتَجِزُ أَقُولُ: أَنَا ابْنُ الْأَكْوَعِ وَالْيَوْمُ يَوْمُ الرُّضَّعِ فَأَلْحَقُ رَجُلًا [مِنْهُمْ] فَأَصُكُّ سَهْمًا فِي رَحْلِهِ حَتَّى خَلَصَ نَصْلُ السَّهْمِ إِلَى كَتِفِهِ، قَالَ: قُلْتُ: خُذْهَا وَأَنَا ابْنُ الْأَكْوَعِ وَالْيَوْمُ يَوْمُ الرُّضَّعِ، قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا زِلْتُ أَرْمِيهِمْ وَأَعْقِرُ بِهِمْ، فَإِذَا رَجَعَ إِلَيَّ فَارِسٌ أَتَيْتُ شَجَرَةً فَجَلَسْتُ فِي أَصْلِهَا، ثُمَّ رَمَيْتُهُ فَعَقَرْتُ بِهِ، حَتَّى إِذَا تَضَايَقَ الْجَبَلُ فَدَخَلُوا فِي تَضَايُقِهِ عَلَوْتُ الْجَبَلَ، فَجَعَلْتُ أُرَدِّيهِمْ بِالْحِجَارَةِ، قَالَ: فَمَا زِلْتُ كَذَلِكَ أَتْبَعُهُمْ حَتَّى مَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْ بَعِيرٍ مِنْ ظَهْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَّا خَلَّفْتُهُ وَرَاءَ ظَهْرِي، وَخَلَّوْا بَيْنِي وَبَيْنَهُ، ثُمَّ اتَّبَعْتُهُمْ أَرْمِيهِمْ حَتَّى أَلْقَوْا أَكْثَرَ مِنْ ثَلَاثِينَ بُرْدَةً وَثَلَاثِينَ رُمْحًا يَسْتَخِفُّونَ، وَلَا يَطْرَحُونَ شَيْئًا إِلَّا جَعَلْتُ عَلَيْهِ آرَامًا مِنَ الْحِجَارَةِ، يَعْرِفُهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَصْحَابُهُ، حَتَّى أَتَوْا مُتَضَايِقًا مِنْ ثَنِيَّةٍ، فَإِذَا هُمْ قَدْ أَتَاهُمْ فُلَانُ بْنُ بَدْرٍ الْفَزَارِيُّ فَجَلَسُوا يَتَضَحَّوْنَ -يَعْنِي يَتَغَدَّوْنَ- وَجَلَسْتُ عَلَى رَأْسِ قَرْنٍ، قَالَ الْفَزَارِيُّ: مَا هَذَا الَّذِي أَرَى؟ قَالُوا: لَقِينَا مِنْ هَذَا الْبَرْحَ، وَاللَّهِ مَا فَارَقَنَا مُنْذُ غَلَسٍ يَرْمِينَا حَتَّى انْتَزَعَ كُلَّ شَيْءٍ فِي أَيْدِينَا، قَالَ: فَلْيَقُمْ إِلَيْهِ نَفَرٌ مِنْكُمْ أَرْبَعَةٌ، قَالَ: فَصَعِدَ إِلَيَّ مِنْهُمْ أَرْبَعَةٌ فِي الْجَبَلِ، قَالَ: فَلَمَّا أَمْكَنُونِي مِنَ الْكَلَامِ، قَالَ: قُلْتُ: هَلْ تَعْرِفُونِي؟ قَالُوا: لَا، وَمَنْ أَنْتَ؟ قَالَ: قُلْتُ: أَنَا سَلَمَةُ بْنُ الْأَكْوَعِ، وَالَّذِي كَرَّمَ وَجْهَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) لَا أَطْلُبُ رَجُلًا مِنْكُمْ إِلَّا أَدْرَكْتُهُ، وَلَا يَطْلُبُنِي رَجُلٌ مِنْكُمْ فَيُدْرِكَنِي، قَالَ أَحَدُهُمْ: أَنَا أَظُنُّ، قَالَ: فَرَجَعُوا، فَمَا بَرِحْتُ مَكَانِي حَتَّى رَأَيْتُ فَوَارِسَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَتَخَلَّلُونَ الشَّجَرَ، قَالَ: فَإِذَا أَوَّلُهُمُ الْأَخْرَمُ الْأَسَدِيُّ عَلَى إِثْرِهِ أَبُو قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيُّ، وَعَلَى إِثْرِهِ الْمِقْدَادُ بْنُ الْأَسْوَدِ الْكِنْدِيُّ [(ﷺ)] قَالَ: فَأَخَذْتُ بِعِنَانِ الْأَخْرَمِ، قَالَ فَوَلَّوْا مُدْبِرِينَ، قُلْتُ: يَا أَخْرَمُ

احْذَرْهُمْ، لَا يَقْتَطِعُوكَ حَتَّى يَلْحَقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَصْحَابُهُ، قَالَ: يَا سَلَمَةُ إِنْ كُنْتَ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتَعْلَمُ أَنَّ الْجَنَّةَ حَقٌّ، وَالنَّارَ حَقٌّ، فَلَا تَحُلْ بَيْنِي وَبَيْنَ الشَّهَادَةِ، قَالَ: فَخَلَّيْتُهُ، فَالْتَقَى هُوَ وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ، قَالَ: فَعَقَرَ بِعَبْدِ الرَّحْمَنِ فَرَسَهُ، وَطَعَنَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ فَقَتَلَهُ، وَتَحَوَّلَ عَلَى فَرَسِهِ، وَلَحِقَ أَبُو قَتَادَةَ فَارِسُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِعَبْدِ الرَّحْمَنِ فَطَعَنَهُ فَقَتَلَهُ فَوَالَّذِي كَرَّمَ وَجْهَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) لَتَبِعْتُهُمْ أَعْدُو عَلَى رِجْلَيَّ حَتَّى مَا أَرَى وَرَائِي مِنْ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ (ﷺ) وَلَا غُبَارِهِمْ شَيْئًا، حَتَّى يَعْدِلُوا قَبْلَ غُرُوبِ الشَّمْسِ إِلَى شِعْبٍ فِيهِ مَاءٌ يُقَالُ لَهُ، ذُو قَرَدٍ، لِيَشْرَبُوا مِنْهُ وَهُمْ عِطَاشٌ، قَالَ: فَنَظَرُوا إِلَيَّ أَعْدُو وَرَاءَهُمْ، فَخَلَّيْتُهُمْ عَنْهُ -يَعْنِي أَجْلَيْتُهُمْ عَنْهُ- فَمَا ذَاقُوا مِنْهُ قَطْرَةً، قَالَ: وَيَخْرُجُونَ فَيَشْتَدُّونَ فِي ثَنِيَّةٍ، قَالَ: فَأَعْدُو فَأَلْحَقُ رَجُلًا مِنْهُمْ، فَأَصُكُّهُ بِسَهْمٍ فِي نُغْضِ كَتِفِهِ، قَالَ: قُلْتُ: خُذْهَا وَأَنَا ابْنُ الْأَكْوَعِ وَالْيَوْمُ يَوْمُ الرُّضَّعِ. قَالَ: يَا ثَكِلَتْهُ أُمُّهُ أَكْوَعُهُ بُكْرَةَ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ يَا عَدُوَّ نَفْسِهِ أَكْوَعُكَ بُكْرَةَ، قَالَ: وَأَرْدَوْا فَرَسَيْنِ عَلَى ثَنِيَّةٍ، قَالَ: فَجِئْتُ بِهِمَا أَسُوقُهُمَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: وَلَحِقَنِي عَامِرٌ بِسَطِيحَةٍ فِيهَا مَذْقَةٌ مِنْ لَبَنٍ وَسَطِيحَةٍ فِيهَا مَاءٌ، فَتَوَضَّأْتُ وَشَرِبْتُ، ثُمَّ أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ عَلَى الْمَاءِ الَّذِي حَلَّأْتُهُمْ عَنْهُ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ أَخَذَ تِلْكَ الْإِبِلَ، وَكُلَّ شَيْءٍ اسْتَنْقَذْتُهُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، وَكُلَّ رُمْحٍ وَبُرْدَةٍ، وَإِذَا بِلَالٌ نَحَرَ نَاقَةً مِنَ الْإِبِلِ الَّذِي اسْتَنْقَذْتُ مِنَ الْقَوْمِ، وَإِذَا هُوَ يَشْوِي لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ كَبِدِهَا وَسَنَامِهَا، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، خَلِّنِي فَأَنْتَخِبُ مِنَ الْقَوْمِ مِائَةَ رَجُلٍ فَأَتَّبِعُ الْقَوْمَ، فَلَا يَبْقَى مِنْهُمْ مُخْبِرٌ إِلَّا قَتَلْتُهُ، قَالَ: فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ فِي ضَوْءِ النَّارِ، فَقَالَ: ((يَا سَلَمَةُ، أَتُرَاكَ كُنْتَ فَاعِلًا)). قُلْتُ: نَعَمْ وَالَّذِي أَكْرَمَكَ، فَقَالَ: ((إِنَّهُمُ الْآنَ لَيُقْرَوْنَ فِي أَرْضِ غَطَفَانَ)). قَالَ: فَجَاءَ رَجُلٌ مِنْ غَطَفَانَ فَقَالَ: نَحَرَ لَهُمْ فُلَانٌ جَزُورًا، فَلَمَّا كَشَفُوا جِلْدَهَا رَأَوْا غُبَارًا، فَقَالُوا: أَتَاكُمُ الْقَوْمُ، فَخَرَجُوا هَارِبِينَ. فَلَمَّا أَصْبَحْنَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ خَيْرَ فُرْسَانِنَا الْيَوْمَ أَبُو قَتَادَةَ وَخَيْرَ رَجَّالَتِنَا سَلَمَةُ)). قَالَ: ثُمَّ أَعْطَانِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَهْمَيْنِ: سَهْمَ الْفَارِسِ وَسَهْمَ الرَّاجِلِ، فَجَمَعَهُمَا لِي جَمِيعًا. ثُمَّ أَرْدَفَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَرَاءَهُ عَلَى الْعَضْبَاءِ رَاجِعِينَ إِلَى الْمَدِينَةِ، قَالَ: فَبَيْنَمَا نَحْنُ نَسِيرُ، قَالَ: وَكَانَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ لَا يُسْبَقُ شَدًّا، قَالَ: فَجَعَلَ يَقُولُ: أَلَا مُسَابِقٌ إِلَى الْمَدِينَةِ؟ هَلْ مِنْ مُسَابِقٍ؟ فَجَعَلَ يُعِيدُ ذَلِكَ، قَالَ: فَلَمَّا سَمِعْتُ كَلَامَهُ قُلْتُ: أَمَا تُكْرِمُ كَرِيمًا وَلَا تَهَابُ شَرِيفًا؟ قَالَ: لَا إِلَّا أَنْ يَكُونَ

رَسُولَ اللَّه (ﷺ)، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه بِأَبِي وَأُمِّي ذَرْنِي فَلأُسَابِقَ الرَّجُلَ. قَالَ: ((إِنْ شِئْتَ)). قَالَ: قُلْتُ: اذْهَبْ إِلَيْكَ، وَثَنَيْتُ رِجْلَيَّ فَطَفَرْتُ فَعَدَوْتُ، قَالَ: فَرَبَطْتُ عَلَيْهِ شَرَفًا أَوْ شَرَفَيْنِ، أَسْتَبْقِي نَفَسِي، ثُمَّ عَدَوْتُ فِي إِثْرِهِ، فَرَبَطْتُ عَلَيْهِ شَرَفًا أَوْ شَرَفَيْنِ، ثُمَّ إِنِّي رَفَعْتُ حَتَّى أَلْحَقَهُ، قَالَ: فَأَصُكُّهُ بَيْنَ كَتِفَيْهِ، قَالَ: قُلْتُ: قَدْ سُبِقْتَ وَاللَّه، قَالَ: أَنَا أَظُنُّ، قَالَ: فَسَبَقْتُهُ إِلَى الْمَدِينَةِ. قَالَ: فَوَاللَّه مَا لَبِثْنَا إِلَّا ثَلَاثَ لَيَالٍ حَتَّى خَرَجْنَا إِلَى خَيْبَرَ مَعَ رَسُولِ اللَّه (ﷺ)، قَالَ: فَجَعَلَ عَمِّي عَامِرٌ يَرْتَجِزُ بِالْقَوْمِ:

تَاللَّه لَوْلَا اللَّهُ مَا اهْتَدَيْنَا ... وَلَا تَصَدَّقْنَا وَلَا صَلَّيْنَا

وَنَحْنُ عَنْ فَضْلِكَ مَا اسْتَغْنَيْنَا ... فَثَبِّتِ الْأَقْدَامَ إِنْ لَاقَيْنَا

وَأَنْزِلَنْ سَكِينَةً عَلَيْنَا

فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((مَنْ هَذَا)). قَالَ: أَنَا عَامِرٌ، قَالَ: ((غَفَرَ لَكَ رَبُّكَ)). قَالَ: وَمَا اسْتَغْفَرَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) لِإِنْسَانٍ يَخُصُّهُ إِلَّا اسْتُشْهِدَ، قَالَ: فَنَادَى عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) وَهُوَ عَلَى جَمَلٍ لَهُ: يَا نَبِيَّ اللَّه لَوْلَا مَا مَتَّعْتَنَا بِعَامِرٍ، قَالَ: فَلَمَّا قَدِمْنَا خَيْبَرَ قَالَ: خَرَجَ مَلِكُهُمْ مَرْحَبٌ يَخْطِرُ بِسَيْفِهِ وَيَقُولُ:

قَدْ عَلِمَتْ خَيْبَرُ أَنِّي مَرْحَبُ ... شَاكِي السِّلَاحِ بَطَلٌ مُجَرَّبُ

إِذَا الْحُرُوبُ أَقْبَلَتْ تَلَهَّبُ

قَالَ وَبَرَزَ لَهُ عَمِّي عَامِرٌ فَقَالَ:

قَدْ عَلِمَتْ خَيْبَرُ أَنِّي عَامِرٌ ... شَاكِي السِّلَاحِ بَطَلٌ مُغَامِرٌ

قَالَ: فَاخْتَلَفَا ضَرْبَتَيْنِ فَوَقَعَ سَيْفُ مَرْحَبٍ فِي تُرْسِ عَامِرٍ وَذَهَبَ عَامِرٌ يَسْفُلُ لَهُ، فَرَجَعَ سَيْفُهُ عَلَى نَفْسِهِ فَقَطَعَ أَكْحَلَهُ، فَكَانَتْ فِيهَا نَفْسُهُ. قَالَ سَلَمَةُ: فَخَرَجْتُ فَإِذَا نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) يَقُولُونَ: بَطَلَ عَمَلُ عَامِرٍ، قَتَلَ نَفْسَهُ. قَالَ: فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) وَأَنَا أَبْكِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه، بَطَلَ عَمَلُ عَامِرٍ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((مَنْ قَالَ ذَلِكَ)). قَالَ: قُلْتُ نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِكَ. قَالَ: ((كَذَبَ مَنْ قَالَ ذَلِكَ، بَلْ لَهُ أَجْرُهُ مَرَّتَيْنِ)). ثُمَّ أَرْسَلَنِي إِلَى عَلِيٍّ (ﷺ) وَهُوَ أَرْمَدُ فَقَالَ: ((لَأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ رَجُلًا يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أَوْ يُحِبُّهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ)). قَالَ: فَأَتَيْتُ عَلِيًّا (ﷺ) فَجِئْتُ بِهِ أَقُودُهُ وَهُوَ أَرْمَدُ، حَتَّى أَتَيْتُ بِهِ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) فَبَسَقَ فِي عَيْنَيْهِ فَبَرَأَ، وَأَعْطَاهُ الرَّايَةَ.

وَخَرَجَ مَرْحَبٌ فَقَالَ:

قَدْ عَلِمَتْ خَيْبَرُ أَنِّي مَرْحَبُ   شَاكِي السِّلَاحِ بَطَلٌ مُجَرَّبُ

إِذَا الْحُرُوبُ أَقْبَلَتْ تَلَهَّبُ

فَقَالَ عَلِيٌّ (ﷺ):

أَنَا الَّذِي سَمَّتْنِي أُمِّي حَيْدَرَهْ   كَلَيْثِ غَابَاتٍ كَرِيهِ الْمَنْظَرَهْ

أُوفِيهِمُ بِالصَّاعِ كَيْلَ السَّنْدَرَهْ

قَالَ: فَضَرَبَ رَأْسَ مَرْحَبٍ فَقَتَلَهُ ثُمَّ كَانَ الْفَتْحُ عَلَى يَدَيْهِ.

(إياس) کوڕی (سَلَمة) دەڵێ: باوکم (ﷺ) بۆی گێڕامەوە و وتی: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) گەیشتینە حودەیبیە و ئێمە چواردەسەد (هەزار و چوارسەد) کەس بووین، پەنجا سەر مەڕ لەسەر ئاوەکەن بوون بەشی نەدەکردن تێرئاویان بکات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر کۆماخۆڵی دەوری بیرەکە دانیشت یان دۆعای کرد وەیان تفی کردە ناو بیرەکە، وتی: ئاو هاتە سەر، خۆمان ئاومان خواردەوە و ئاژەڵەکانیشمان لێئاودا، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کردین بۆ پەیمان دان لە ژێر درەختەکەدا[1] لەگەڵ خەڵکانی پێشەوە و لەدەستەی یەکەمدا پەیمانم پێدا، پاشان یەك لەدوای یەك پەیمانی بەست لەگەڵ خەڵکەکە تانیوە بوو، فەرمووی: ((ئەی سَلَمة پەیمان بدە)) وتم ئەی پێغەمبەری خوا لەگەڵ دەستەی یەکەمدا پەیمانم پێدایت، فەرمووی: ((دووبارەی کەرەوە)). پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بینیمی بێچەکم قەڵغانێکی پێدام، دیسانەوە دەستی کردەوە بە پەیمان وەرگرتن تا گەیشتە کۆتایی خەڵکەکە و دیسانەوە فەرمووی: ((ئەی سَلَمة پەیمانم پێنادەیت))، وتم ئەی پێغەمبەری خوا لەگەڵ دەستەی یەکەمدا پەیمانم پێدایت، وە لەناوەڕاستی خەڵکەکەیشدا پەیمانم پێدایت، فەرمووی: ((دیسانەوە))، منیش بۆ سێیەم جار پەیمانم پێدا، پاشان فەرمووی پێم: ((ئەی سَلَمة کوا ئەو قەڵغانەی کە پێم دایت)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (عامر)ی مامم گەیشت پێم و بێچەك بوو دام بەو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی و فەرمووی: ((تۆ وەك ئەو پێشینە وایت کە وتویەتی: خوایە خۆشەویستێکم بدەرێ لە خۆم خۆشترم بووێت)). پاشان

[1] مەبەست درەختی الرضوانة.

بێباوەڕان ناردیانە لامان بۆ ئاشتەوایی، هەتا هاتووچۆ کەوتە نێوانمان و ڕێکەوتین، باوکم وتی: ئەو کاتە منیش ڕەنجبەری (طلحة) کوڕی (عبیدالله) بووم ئەسپەکەیم ئاودەدا و ڕنەم دەکرد (تۆزم لێ دەواراند)، خزمەتی خۆیشیم دەکرد و لە خواردنەکەیم دەخوارد، خێزان و ماڵی خۆمم بە جێهێشتبوو کۆچم کردبوو بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). هەرکە ئێمە و خەڵکی مەککە ئاشتەوایمان کرد ئیتر تێکەڵ بەیەك بووین، من هاتمە بنی درەختێك دڕکەکەیم ماڵی و لە بنی دارەکەدا ڕاکشام، چوار لە بێباوەڕانی خەڵکی مەککە هاتنە تەنیشتم بۆبنی درەختەکە، وتی: کەوتنە قسەی نابەجێ بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لێیان بێزاربووم و گوێزامەوە بۆ بنی درەختێکی تر، ئەوانیش چەکەکانیان هەڵواسی (بە درەختەکەدا) و لێی ڕاکێشان، لە کاتێکدا کە ئەوان لەو حاڵەتەدا بوون، لە خوارووی دۆڵەکەوە بانگکەرێك بانگی کرد: ئۆ هۆ.. کۆچبەران (ابن زُنیم) کوژرا، منیش شمشێرەکەمم لەکێلان دەرهێنا و چوومە سەر ئەو چوارکەسەی (لە نزیکمەوە) کەلە خەودا بوون، چەکەکانیانم هەڵگرت و کرد من یەك باوەش لە دەستمدا، پاشان وتم: سوێند بەو کەسەی کە ڕێزی بە ڕوخساری محمد (ﷺ) بەخشیوە هەر کەستان سەری بەرزبکاتەوە دەکێشم بە ناوچاوانیدا. پاشان پێشی خۆمم دان و هێنانم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەر لەوکاتەدا عامری مامیشم پیاوێکی (العَبَلات)[1]ی هێنابوو پێی دەوترا (مِکرَز) پێشی کەوتبوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەر ئەسپێکەوە بوو کە جلی زۆری لەسەر بوو لەناو حەفتاکەس لە بێباوەڕاندا. پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیرێکی کردن و فەرمووی: ((وازیان لێ بهێنە با سەرەتا و دووبارە بوونەوەی تاوانیش لەوانەوە بێ)). پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێیان خۆش بوو، خوای (ﷻ) ئەم ئایەتەی سەرەوەی ناردە خوارەوە، کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿هەر ئەو خوایە دەستی بێباوەڕانی لە ئێوە بەستەوە، (نەیهێشت بە گژتاندا بێن دەستی ئێوەشی گرتەوە دژیان و (نەیهێشت جەنگ بێت) دوای ئەوەی ئێوەی زاڵ کرد بەسەریاندا: لەناو جەرگەی مەککە دا، خوا هەمیشە و بەردەوام بینایە بەوەی کە دەیکەن) پاشان گەڕاینەوە بۆ مەدینە لە مەنزڵێکدا دابەزین بۆ

---

[1] العبلات: تیرەیەکە لە قورەیش.

حەوانەوە، لە نێوان ئێمە و (بنو لحيان) دا کە بێباوەڕ بوون کەژێك هەبوو. ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆشبوونی کرد بۆ ئەو کەسەی کە ئەو شەوە دەچێتە سەر کەژەکە و وەك پێشەنگێك بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی، سلمة دەڵێ: ئەو شەوە دووجار یان سێجار سەرکەوتمە سەر کەژەکە، پاشان کەگەیشتینەوە مەدینە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ولاغی سواریەکەیی نارد لەگەڵ (رباح) دا کە بەردەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بۆ (لەوەڕ) منیشی لەگەڵدابوو بەئەسپەکەی (طلحة)وە تا لەگەڵ وشترەکەی پێغەمبەردا بیلەوەڕێنم. هەر کە بەیانیمان لێبویەوە (عبدالرحمن الفزاري) هەڵیکوتایە سەر حوشترەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەموویانی ڕاپێچ کردن و شوانەکەی کوشت، منیش وتم: ئەی (رباح) ئەو ئەسپە ببە و بیگەیەنەرە (طلحة)ی کوڕی (عبدالله)و، هەواڵ بدە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بێباوەڕان هەڵیانکوتاوەتە سەر ئاژەڵەکانی، (باوکم) وتی: پاشان هەستام و چوومە سەر بەرزاییەك و ڕووم کردە مەدینە و سێجار هاوارم کرد: ئای هاوار بۆ ئەم بەیانیە! پاشان ڕۆیشتم و شوێن پێی بێباوەڕان کەوتم و تیرم تێگرتن. بە ئاوازەوە دەمووت: من کوڕی (الأكوعم) ئەمڕۆش ڕۆژی لەناو چوونی ئەو کەسەیە بە نامەردی شیری دایکی خۆی مژیوە[1]، کە دەگەیشتمە پیاوێك (لەوان) تیرێکم دەگرتە بارەکەی تیرەکە لەسەر شانی جێگیردەبوو، دەمووت دەوەریگرە لە کوڕەکەی (الأكوع)ەوە ئەمڕۆش ڕۆژی لەناو چوونی ئەو کەسەیە کە بە نامەردی شیری دایکی خۆی مژیوە،سوێند بە خوا بەردەوام تیرم تیدەگرتن و لە خۆیان و لە ئەسپەکانیانم دەکوشت،ئەگەر سوارێکیان بگەڕایەتەوە بۆم سەنگەرم دەگرت لەبن درەختێکداوتیرم تێدەگرت و ئەسپەکەشم دەکوشت تا کەژەکە بەرەو تەنگەبەرایی دەچوو ئەوانیش دەهاتنە ناو تەنگەبەرایی دەربەندەکەوە منیش دەچوومە سەر چیاکە و دەکەوتمە تلۆرکردنەوەی بەرد بەسەریاندا، هەروا بەردەوام بەو شێوەیە بەدوایانەوە بووم هەتا ئەوەی خوا دروستی کردبوو لەحوشتری سواری پێغەمبەری خوا (ﷺ) خستمە پشتەوەی خۆم و،پێم بەجێهێشتن،پاشان هەر شوێنیان کەوتم و تیرم تێدەگرتن تازیاتر لەسیعەباو

---

[1] بروانه (لسان العرب) (لأبن المنظور . مادة (الرضَعَ)

سی ڕمیان فڕێدا و باری خۆیان سوك دەكرد، هەر شتێكیان فڕێبدایە لەبەرد (قۆچكە)یـەكم لەسـەر دروسـت دەكـرد، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و هاوەڵـەكانی دەیانناسیەوە، هەتا گەیشتنە دەربەندێك لە ڕێگەی شاخەكەدا، ئالەوێدا پیاوێك بەناوی فلانە كوڕی (بدر الفزاري) هاتە لایان، دانیشتن و نانیان دەخوارد منیش لەسەر كورسیەك [قوچكەیەك] دانیشتم، (الفزاري)یەكە وتی: ئائەوە كە دەیبینم چیە؟ وتیان: ئالەوەوە توشی ناڕەحەتی سەخت هـاتین، بەخوا لـە تاریكـایی شەوەوە لێمان جیانەبوەتەوە تیرمان تێدەگرێت هەتا هەرچی لەدەستماندا بـوو لێی سەندین، (الفزاري)یەكە وتی: با چوار كەستان هەستن بچن بۆی، (باوكم) وتـی: چواركەسیان بە شاخەكەدا سەركەوتن بـۆم، هـەر كـە نزیـك بوونـەوە تـا بتوانم دەنگم بیانگاتێ، وتم: ئایا دەمناسن؟وتیان: نەخێر، تۆ كێیـت؟ وتم: من (سلمة كوڕی الاكوعم) سوێند بەو كەسەی محمدی (ﷺ) ڕێـزدار كردووە شـوێن هەر كەسێكتان بكەوم دەیگـەمێ، هەر كەسێكیشتان شوێنم بكەوێ نامگاتێ. یەكێكیان وتی: گومان دەبەم وابێت، هەموو گەڕانەوە، لە شوێنی خۆم نەجوڵام هەتا سوارەكانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی لە نێوان درەختكانەوە دەركەوتن، یەكەم كەسیان(الأخرم الأسدي) بوو، (أبو قتادة)ی الأنصاري بە شوێنیەوە بوو، بە شوێن ئەوانیشدا (المقداد بن الأسود الكندي) (ﷺ) هاتن، جڵەوی ئەسپەكەی (الأخرمم) گرت، بێباوەڕان پشتیان هەڵكرد و هەڵاتن، وتم: ئەی الاخرم وریایـان بە، نەكـەی دات بـڕن هـەتا پێغەمبـەری خـوا و هـاوەڵانی دەگـەن، وتـی: ئـەی (سَلَمة) ئەگەر باوەڕت بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوە دەزانی كە بە هەشت ڕاستەو، دۆزەخ ڕاستە، مەكەوەرە نێوان من و شەهید بوون، لێـی گـەڕام ،ئەو و (عبدالرحمن)بەیەك گەیشتن، ئەسپەكەی(عبدالرحمن)ی كوشت، عبدالرحمانیش دای لـە (اخـرم)و كوشـتی، چـووە سـەر ئەسـپەكەی ئـەو، ئینجـا (أبوقتـادة)ی سوارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتە (عبدالرحمن)و لێی داو كوشتی، سوێند بەو كەسەی كە ڕێزی بە محمد (ﷺ) بەخشیوە هێزم دایە سەر هـەردوو قاچم و شـوێنیان كـەوتم هـەتا لەدوامـەوە نە هـاوەڵانی محمـد (ﷺ) و نـە هیـچ لـە تـەپو تۆزیانم نەدەبینی، تالە پێش خۆر ئـاوابووندا تینویـان بـوو لایاندایە دۆڵێك كە كانیەكی تێدابوو بۆ ئاو خواردنەوە پێی دەوترا: (ذو قَرَدٍ) كە سەیریان كردم بە دوایانـەوەم. لـە ئاوەكـەم كـردن– واتـە دوورم خسـتنەوە لێـی– تـامی تەنـها

دڵۆپێکیان نەکرد لێی، کەوتنە ڕۆیشتن و هەورازەکە نارەحەتی کردن، وتی: کەوتمە شوێنیان و هەر کە دەگەیشتم بە پیاوێکیان ، تیرێکم دەسرەواندە ئێسقانی سەرشانی و، دەمووت: وەریگرە من کوڕی الاکوعم و ، ئەمڕۆش ڕۆژی لەناو چوونی ئەو کەسەیە کە بە نامەردی شیری دایکی خۆی مژیوە وتی: ئەی دایکت ڕۆڕۆت بۆ بکات تۆ ئەو اکوعەی کەلە بەیانیەوە بە شوێنمانەوەیت؟ وتم: بەڵێ ئەی ئەو کەسەی کە دوژمنی خۆیەتی من ئەو(اکوعەم)کەلە بەیانیەوە بە شوێنتەوەم، لەسەر دەربەندەکەدا دوو ئەسپیان بەجێهێشت، : پێش خۆمم دان و هەردووکیانم هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، (عامر) گەیشت پێم بە جەوەندەکەیەوە کە ماستاوی تێدابوو و جەوەندەیەکی تریش کە ئاوی تێدابوو ئینجا، دەست نوێژم گرت و ئاویشم خواردەوە ، پاشان هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسە ئەو ئاوە دانیشتبوو کە بێباوەڕانم دوورخستەوە لێی، بینیم وا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو حوشترەکان هەمووشتەکانی تری لەعەباو ڕم کەلەبێباوەڕانم سەندبوونەوەو (بلال) حوشترێك لەو حوشترانەی سەربڕیوە کە لە بێباوەڕەکانم سەندبوونەوە، خەریك بوو لە جگەر و لە کۆپارەکەی دەبرژاند بۆ پێغەبمەری خوا (ﷺ)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا لێم گەڕێ با سەد پیاو لەم خەڵکە هەڵبژێرم و شوێنی بێباوەڕان بکەوم، هەموویان بکوژم و کەسێکیان لێنەمێنێتەوە هەواڵ بباتەوە بۆ (قەومەکەی)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی هەتا لەبەر ڕۆشنایی ئاگرکەدا خرێکانی دەرکەوت، ئینجا فەرمووی: ((ئەی سلمة، بەخۆتدا ڕادەبینی کە ئەوەت بۆ دەکرێت)). وتم: بەڵێ و سوێند بەو کەسەی ڕێزی لێ گرتوویت. ئینجا فەرمووی: ((ئێستە ئەوان لە خاکی غطفان دا میوانداریان دەکرێ)). لەوکاتەدا پیاوێکی (غطفاني) هات و وتی: فلانە کەس حوشترێکی بۆسەربڕیون، لەدوای ئەوە کە پێستەکەیان داماڵی تەپوتۆزێکیان بینی، وتیان: قەومەکە (واتە موسڵمانان) هاتن بۆتان، ڕۆیشتن و ڕایان کرد، کە بەیانیمان لێبوویەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: چاکترین سوارەمان لەم ڕۆژەدا (ابو قتادة) بوو، وە چاکترین جەنگاوەری پیادەمان (سلمة) بوو)) (باوکم) وتی: پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشکی لە دەستکەوتی جەنگی پێدام: پشکی سوار و پشکی پیادە، هەردووکیانی کرد بەیەك بۆم، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پاشکۆی خۆیەوە (لەسەر حوشترە

قەڵەوەکە) سواری کردم و گەڕاینەوە بۆ مەدینە، لە کاتێکدا کە ئێمە لە ڕۆیشتندا بووین، پیاوێك لە پشتیوانان هەبوو کەس لە ڕۆیشتندا پێشی نەدەکەوت، هەر دەیوت: ئایا کەسێ هەیە پێشبڕکێم لەگەڵدا بکات بۆ مەدینە؟ ئایا کەسێ هەیە پێشبڕکێ بکات؟ هەر ئەوەی دووبارە دەکردەوە، هەر کە گوێم لە قسەکانی بوو وتم: ئەی تۆ ڕێز لە بەڕێزێك ناگری و سڵ ناکەیت لە پیاوماقوڵی؟ وتی: نەخێر مەگەر ئەو کەسە پێغەمبەری خوا بێت، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا باوك و دایکم فیدات بن لێم گەڕێ با پێشبڕکێ بکەم لەگەڵ ئەو پیاوەدا، فەرمووی: ((ئەگەر ئەتەوێ)) وتم: وا هاتم بۆ لات. هەردوو قاچم جووت کرد و کەوتمە بازدان و بە شوێنیەوە بووم، یەك یا دوو تەپۆڵکە خۆم دواخست، تا هەناسەم سوار نەبێ، پاشان کەوتمە شوێنی، تەپۆڵکەیەك یان دوو تەپۆڵکەی تر خۆمم لێ هێواش کرد، پاشان پێم هەڵگرت و هەتا پێی گەیشتمەوە، ئینجا دەستم ماڵی بە ناو شانیدا، وتم: بەخوا پێشتم دایەوە وتی: وادەبینم. وتی: لەپێشیەوە گەیشتمە مەدینە وتم: بەخوا سێ شەو نەبێ ئیتر لە مەدینە نەماینەوە تا چووین بۆ (خیبر) لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا، عامری مامم بەناو خەڵکەکەدا کەوتە وتنی ئەم شیعرانە:

تالله لولا الله ما اهتدينا   ولا تصدقنا ولا صلينا

ونحن عن فضلك ما استغنينا   فثبت الأقدام إن لاقينا

وانزل سكينة علينا

سوێند بەخوا بەتۆنەبێ هیدایەتمان وەرنەدەگرت

نەخێرمان دەکردو نەنوێژمان دەکرد

ئێمە لە بەخشندەیی تۆ بێ‌نیاز نین

دامەزراومان بکە گەر توشی دوژمن هاتین

دڵئارامی و ئاسودەیی دابەزێنە سەرمان

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە کێیە)). وتی: من عامرم. فەرمووی: ((خوای گەورە لێت خۆش بوو)). پێغەمبەری خوا (ﷺ) دۆعای لێخۆشبوونی بەتایبەتی بۆ هەر کەس بکردایە شەهید دەبوو، وتی: (عمر) کوڕی (الخطاب) بەسەر حوشترێکەوە بوو هاواری کرد: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر دلخۆشت بکردینایە بە عامر (واتە لەناوماندا دەما و قسەی خۆشی بۆ

دەکردین)، وتی:کاتێ گەیشتینە (خیبر) وتی: (مَرحب)ی پادشایان دەرچووە دەرەوە و شمشێرەکەی بادەدا و دەیلەراند و دەیوت:

قد علمت خیبرُ اني مَرحَب شاکی السلاح بطلٌ مجربٌ
إذا الحروب اقبلت تَلهّبٌ

خیبر دەزانێ کە من مرحبم
چەکەکەم بەهێز و تیژە و پاڵەوانێکی بە ئەزموونم
هەر کە شەڕ هاتە پێش ئاگر دەگرێ

ئینجا عامری مام لێی چووە پێش وتی:

قد علمت خیبرُ اني عامرُ شاکی السلاح بطل مغامر

خیبر دەزانێ منیش عامرم
چەکەکەم بەهێز و تیژە و گوێنادەم و دەچمە پێش

یەکی شیرێکیان بۆ یەکتر داهێنا، شمشێرەکەی مَرحَب دای لە قەڵغانەکەی عامر و عامریش بە ئەنقەست کەوتە لێدانی قاچ و قولی مَرحَب، شمشێرەکەی عامر گەڕایەوە بۆ خۆی و ڕەگی باڵی بڕی (کە خوێنی ناوەستێتەوە) بە جۆرێ کە گیانی لێسەند، (سلمة) دەڵێ: ئینجا چوومە دەرێ، و چەند کەسێکم لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بینی دەیانوت: عامر ڕەنجەڕۆ بوو خۆی خۆی کوشت، وتی:دەم بە گریانەوە هاتمە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و عەرزم کرد، ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا عامر ڕەنجەڕۆ بووە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کێ ئەوە دەڵێ)). وتم: کەسانێك لە هاوەڵانت. فەرمووی: ((هەر کەسێ ئەوەی وت درۆی کرد بەڵکو دوو قات پاداشتی هەیە)). لە پاشان ناردمی بۆلای (علي) (ﷺ) کە چاو ئێشەی بوو فەرمووی: ((ئەم ئالایە دەدەم بە پیاوێك کە خوا و پێغەمبەرەکەی خۆش بوویت و خوا و پێغەمبەرەکەیشی ئەویان خۆش بوێت)). هاتمە لای (علي)(ﷺ) دەستم گرت هێنام کە چاوئێشەی بوو هەتا هێنامە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تفی کردە هەردوو چاوی و چاك بوویەوە، ئینجا ئالاکەی دایە دەستی.

مرحب دەرچوو وتی:

قد علمت خیبر اني مرحبُ شاکی السلاح بطلُ مجّرب
إذا الحروب اقبلت تَلَهّبُ

خیبر دەزانێ كە من مرحبم
چەكەكەم بەهێز و تیژە و پاڵەوانێكی بە ئەزمونم
ئەگەر شەڕەكان هاتنە پێش گڕ دەگرێ و بەرەو ڕوویان دەبێتەوە
ئینجا علي (ﷺ) وتی:
انا الذي سمتني امي حَيدَرة كليث غابات كريه المنظرة
أو فيهم بالصاع كيل السَندَرة
من ئەو كەسەم كە دایكم ناوی ناوم حیدرة
وەك شێری بێشەوام و دیمەنێكی بەهەیبەتم هەیە
بە (مەنێ) دەیاندەمەوە كە مەنی (سندرة) بێ
(مەبەستی ئەوەیە دەستیان لێناپارێزێت)
ئینجا دای لە سەری مَرحَب و كوشتی، ڕزگار كردنی خیبر لەسەر دەستی ئەو دابوو.

(١٧) ئاشتەوایی (الحديبية)

١١٢٧ـ عَنِ الْبَرَاءِ بن عازب(ﷺ) قَالَ: لَمَّا أُحْصِرَ النَّبِيُّ (ﷺ) عِنْدَ الْبَيْتِ صَالَحَهُ أَهْلُ مَكَّةَ عَلَى أَنْ يَدْخُلَهَا فَيُقِيمَ بِهَا ثَلَاثًا، وَلَا يَدْخُلَهَا إِلَّا بِجُلُبَّانِ السِّلَاحِ: السَّيْفِ وَقِرَابِهِ، وَلَا يَخْرُجَ بِأَحَدٍ مَعَهُ مِنْ أَهْلِهَا، وَلَا يَمْنَعَ أَحَدًا يَمْكُثُ بِهَا مِمَّنْ كَانَ مَعَهُ، قَالَ لِعَلِيٍّ (ﷺ): ((اكْتُبِ الشَّرْطَ بَيْنَنَا: بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، هَذَا مَا قَاضَى عَلَيْهِ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ))). فَقَالَ لَهُ الْمُشْرِكُونَ: لَوْ نَعْلَمُ أَنَّكَ رَسُولُ اللَّهِ تَابَعْنَاكَ، وَلَكِنِ اكْتُبْ مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ، فَأَمَرَ عَلِيًّا أَنْ يَمْحَاهَا، فَقَالَ عَلِيٌّ: لَا وَاللَّهِ لَا أَمْحَاهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَرِنِي مَكَانَهَا)). فَأَرَاهُ مَكَانَهَا، فَمَحَاهَا وَكَتَبَ: ((ابْنُ عَبْدِ اللَّهِ)). فَأَقَامَ بِهَا ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، فَلَمَّا أَنْ كَانَ يَوْمُ الثَّالِثِ، قَالُوا لِعَلِيٍّ (ﷺ): هَذَا آخِرُ يَوْمٍ مِنْ شَرْطِ صَاحِبِكَ، فَأْمُرْهُ فَلْيَخْرُجْ. فَأَخْبَرَهُ بِذَلِكَ، فَقَالَ: ((نَعَمْ)). فَخَرَجَ. [البخاري/ الصلح/ ٢٥٥١]

(البراء) كوڕی (عازب) (ﷺ) دەڵێ: كاتێ كە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێی لێگیرا لەوە كە بچێت بۆ كەعبە، دانیشتوانی مەككە ڕێكەوتننامەی ئاشتیان لەگەڵدا مۆر كرد، كە (ساڵی داهاتوو)بێتە مەككەو سێ ڕۆژ تیایدا بمێنێتەوە، بەو مەرجەش بێ كە نابێ بچێتە ناوی تا شمشێرەكان لەناو كێلاندا نەبن، نابێ كەسێ لە

خەڵکی مەککە لەگەڵ خۆی ببات، نابێ کەس قەدەغە بکات لەمانەوە تیایدا لەو خەڵکەی لەگەڵیدان، فەرمووی بە علي (ﷺ) ((مەرجەکە لە نێوانماندا بنووسە: بسم الله الرحمن الرحيم: محمد پێغەمبەری خوا لەسەر ئەوە ڕێکەوت)) بێباوەڕەکان وتیان پێی: ئەگەر بمانزانیایە کە تۆ پێغەمبەری خوایت شوێنت دەکەوتین، بەڵام بنووسن محمد کوڕی عبدالله، فەرمانی دا بە علي کە (رسول الله) بکوژێنێتەوە، علي وتی: نە بە خوا نایکوژێنمەوە. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((شوێنەکەیم نیشان بدە)). شوێنەکەی نیشان دا، بە دەستی خۆی کوژاندیەوە و نووسی: ((کوڕی عبدالله))،ساڵی داهاتوو هاتنەوە، سێ ڕۆژ لەمەککەدا مایەوە، هەر کە ڕۆژی سێیەم هات، وتیان بە علي (ﷺ) ئەمڕۆ دوایەمین ڕۆژی مەرجی هاوەڵەکەتە، پێی بڵێ با دەربچێت، (علي) ئاگاداری کرد، ئینجا فەرمووی: ((بەڵێ)) و دەرچوو

١١٢٨- عَنْ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا. لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿فَوْزًا عَظِيمًا﴾ مَرْجِعَهُ مِنَ الْحُدَيْبِيَةِ، وَهُمْ يُخَالِطُهُمُ الْحُزْنُ وَالْكَآبَةُ، وَقَدْ نَحَرَ الْهَدْيَ بِالْحُدَيْبِيَةِ، فَقَالَ: ((لَقَدْ أُنْزِلَتْ عَلَيَّ آيَةٌ هِيَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا جَمِيعًا)).

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: لە کاتێکدا ئەم ئایەتانەی سەرەوە دابەزین کە ئەمە ماناکەیەتی﴿ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕاستیدا ئێمە سەرکەوتنێکی ئاشکرامان پێبەخشیت واتە ڕێکەوتنی (حودەیبیە)، تا خوا لە هەموو گوناهی ڕابردوو ئایندەشت خۆش ببێت، و... تا ئەم بەڵێنە لەلایەن خواوە دەست کەوت کەسەرفرازیەکی بێسنوورن بۆ ئیمانداران)) پێغەمبەر (ﷺ) لە حودەیبیە گەڕایەوە، هاوەڵانیشی خەم و خەفەت دایگرتبوون، پێغەمبەر قوربانیەکەی لە حودەیبیە سەربڕی بوو، فەرمووی: ((بەڕاستی ئایەتێك دابەزیوەتە سەرم ئەو ئایەتە لە هەمووی دونیا خۆشەویسترە لەلام)).

(١٨) جەنگاوەرانی خیبر

١١٢٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) إِلَى خَيْبَرَ، فَفَتَحَ اللَّهُ عَلَيْنَا، فَلَمْ نَغْنَمْ ذَهَبًا وَلَا وَرِقًا، غَنِمْنَا الْمَتَاعَ وَالطَّعَامَ وَالثِّيَابَ، ثُمَّ انْطَلَقْنَا إِلَى الْوَادِي، وَمَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَبْدٌ لَهُ وَهَبَهُ لَهُ رَجُلٌ مِنْ جُذَامَ، يُدْعَى رِفَاعَةَ بْنَ زَيْدٍ مِنْ بَنِي الضُّبَيْبِ، فَلَمَّا نَزَلْنَا الْوَادِي قَامَ عَبْدُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَحُلُّ رَحْلَهُ

فَرُمِيَ بِسَهْمٍ، فَكَانَ فِيهِ حَتْفُهُ، فَقُلْنَا: هَنِيئًا لَهُ الشَّهَادَةُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَلَّا وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، إِنَّ الشَّمْلَةَ لَتَلْتَهِبُ عَلَيْهِ نَارًا، أَخَذَهَا مِنَ الْغَنَائِمِ يَوْمَ خَيْبَرَ لَمْ تُصِبْهَا الْمَقَاسِمُ)). قَالَ: فَفَزِعَ النَّاسُ، فَجَاءَ رَجُلٌ بِشِرَاكٍ أَوْ شِرَاكَيْنِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَصَبْتُ يَوْمَ خَيْبَرَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((شِرَاكٌ مِنْ نَارٍ. أَوْ: شِرَاكَانِ مِنْ نَارٍ)). [البخاري/ المغازي/ ٣٩٩٣]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ڕۆیشتین بۆ خیبر، خوای گەورە سەرکەوتووی کردین، دەستکەوتی جەنگیمان ئاڵتون و زیو نەبوو، بەڵکو دەستکەوتمان شمەك و خواردەمەنی و پۆشاك بوو، پاشان دەرچووین بەرەو دۆڵەکە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەندەیەکی لە گەڵدا بوو کە پیاوێکی (جذام) ی پێی بەخشیبوو، (بەندەکە) ناوی (رفاعة) کوڕی (زید) لە (بني الضُّبيب)، کاتێ دابەزینە دۆڵەکە بەندەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەریکی داگرتنی بارەکەی‌بوو، تیرێکی تێگیرا و، بوە هۆی مردنی، ئێمەش وتمان:شەهید بوونی پیرۆز بێت ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((نەخێر و سوێند بێ بەو کەسەی گیانی (محمد) بەدەستیەتی، ئەو پۆشاکەی کەلەبەریدایە دەبێتە ئاگر و گڕ دەگرێ بەسەریدا، ڕۆژی خیبر لە نێو دەستکەوتەکانی جەنگدا هەڵیگرتوە و بەربەشکردن نەکەوتوە))، خەڵکی شڵەژان و پیاوێك بەقایشێك یان دووقایشەوە هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەمەم لە ڕۆژی خیبردا هەڵگرتووە. پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: ((قایشێك لە ئاگر، یان دوو قایش لە ئاگر)).

(١٩) کۆچبەران بەخشراوەکان دەگێڕنەوە بۆ یارمەتی دەران

١١٣٠ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا قَدِمَ الْمُهَاجِرُونَ مِنْ مَكَّةَ الْمَدِينَةَ، قَدِمُوا وَلَيْسَ بِأَيْدِيهِمْ شَيْءٌ، وَكَانَ الْأَنْصَارُ أَهْلَ الْأَرْضِ وَالْعَقَارِ، فَقَاسَمَهُمُ الْأَنْصَارُ عَلَى أَنْ أَعْطَوْهُمْ أَنْصَافَ ثِمَارِ أَمْوَالِهِمْ كُلَّ عَامٍ، وَيَكْفُونَهُمُ الْعَمَلَ وَالْمَئُونَةَ، وَكَانَتْ أُمُّ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، وَهِيَ تُدْعَى أُمَّ سُلَيْمٍ، وَكَانَتْ أُمُّ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ كَانَ أَخًا لِأَنَسٍ لِأُمِّهِ، وَكَانَتْ أَعْطَتْ أُمُّ أَنَسٍ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عِذَاقًا لَهَا، فَأَعْطَاهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أُمَّ أَيْمَنَ مَوْلَاتَهُ أُمَّ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ، قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: فَأَخْبَرَنِي أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَمَّا فَرَغَ مِنْ قِتَالِ أَهْلِ خَيْبَرَ، وَانْصَرَفَ إِلَى الْمَدِينَةِ، رَدَّ الْمُهَاجِرُونَ إِلَى الْأَنْصَارِ مَنَائِحَهُمُ الَّتِي كَانُوا مَنَحُوهُمْ

مِنْ ثِمَارِهِمْ، قَالَ: فَرَدَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى أُمِّي عِذَاقَهَا، وَأَعْطَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أُمَّ أَيْمَنَ مَكَانَهُنَّ مِنْ حَائِطِهِ. قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: وَكَانَ مِنْ شَأْنِ أُمِّ أَيْمَنَ أُمِّ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ): أَنَّهَا كَانَتْ وَصِيفَةً لِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، وَكَانَتْ مِنَ الْحَبَشَةِ، فَلَمَّا وَلَدَتْ آمِنَةُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَ مَا تُوُفِّيَ أَبُوهُ فَكَانَتْ أُمُّ أَيْمَنَ تَحْضُنُهُ، حَتَّى كَبِرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَأَعْتَقَهَا، ثُمَّ أَنْكَحَهَا زَيْدَ بْنَ حَارِثَةَ، ثُمَّ تُوُفِّيَتْ بَعْدَ مَا تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِخَمْسَةِ أَشْهُرٍ. [البخاري/ الهبة/ ٢٤٨٧]

(انس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: كاتێ كە كۆچكەران لە مەككەوە هاتنە مەدینە ، بە دەستی خاڵی هاتن، یارمەتیدەرەكانیش خاوەنی زەوی و زار و خانووبەرە بوون، یارمەتیدەران كۆچبەرانیان كردە برابەشی خۆیان، لەسەر ئەوەی كە هەموو ساڵێ نیوەی بەروبوومی سامانی خۆیانیان بدەنێ، هەر ئەوەیان لێدەویست ئیشی تێدا بكەن و ئاوی بدەن، دایكی (انس) كوڕی (مالك)یش كە ناوی (أم سلیم) بوو، دایكی (عبدالله) كوڕی (طلحة) بوو، كە (عبدالله) برای دایكی (أنس) بوو، دایكی (انس) دارخورمایەكی خۆی دابوو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دارخورماكەی دابە دایكی (ایمن) كە دایكی (اسامه) كوڕی (زید)ە كە زوو لە ماڵی خۆیاندا بوو، (ابن شهاب) وتی: (انس) كوڕی (مالك) هەواڵی پێدام: كاتێ كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێبوویەوە لە جەنگی (خیبر) و، گەڕایەوە بۆ مەدینە، كۆچبەران ئەو دارخورمایانەیان گێڕایەوە بۆ یارمەتیدەران كە پێشتر بەروبومەكەیان پێبەخشیبوون، پێغەمبەری خواش (ﷺ) دارخورمایەكەی گێڕایەوە بۆ دایكم، لە جێگەكەیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەباغەكەی خۆی بەشی دایكی (ام ایمن)ی دا، (ابن شهاب) وتی: لە باسی دایكی (ایمن) وە كە دایكی اسامة كوڕی زیدە (ﷺ)، ئەوە هەیە كە لە كاتی خۆیدا كەنیزەكی (عبدالله) كوڕی (عبدالمطلب) بووە، (لەنەژاد) دا خەڵكی حەبەشە بوو، كاتی (آمنة) پێغەمبەری خوای (ﷺ) لێبوو لە دوای مردنی باوكی، (ام ایمن) دایەنی پێغەمبەری (ﷺ) دەكرد، هەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەورە بوو ئینجا ئازادی كرد، و مارەی كرد لە زەیدی كوڕی حارثة، ئەویش پێنج مانگ دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كۆچی دوایی كرد.

(٢٠) ڕزگارکردنی مەککە

١١٣١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ رَبَاحٍ -عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)- قَالَ: وَفَدَتْ وُفُودٌ إِلَى مُعَاوِيَةَ (ﷺ)، وَذَلِكَ فِي رَمَضَانَ، فَكَانَ يَصْنَعُ بَعْضُنَا لِبَعْضٍ الطَّعَامَ، فَكَانَ أَبُو هُرَيْرَةَ مِمَّا يُكْثِرُ أَنْ يَدْعُونَا إِلَى رَحْلِهِ، فَقُلْتُ: أَلَا أَصْنَعُ طَعَامًا فَأَدْعُوَهُمْ إِلَى رَحْلِي؟ فَأَمَرْتُ بِطَعَامٍ يُصْنَعُ، ثُمَّ لَقِيتُ أَبَا هُرَيْرَةَ مِنَ الْعَشِيِّ فَقُلْتُ: الدَّعْوَةُ عِنْدِي اللَّيْلَةَ، فَقَالَ: سَبَقْتَنِي؟ قُلْتُ: نَعَمْ، فَدَعَوْتُهُمْ، فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَلَا أُعْلِمُكُمْ بِحَدِيثٍ مِنْ حَدِيثِكُمْ يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ؟ ثُمَّ ذَكَرَ فَتْحَ مَكَّةَ، فَقَالَ: أَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى قَدِمَ مَكَّةَ، فَبَعَثَ الزُّبَيْرَ عَلَى إِحْدَى الْمُجَنِّبَتَيْنِ، وَبَعَثَ خَالِدًا عَلَى الْمُجَنِّبَةِ الْأُخْرَى، وَبَعَثَ أَبَا عُبَيْدَةَ عَلَى الْحُسَّرِ، فَأَخَذُوا بَطْنَ الْوَادِي، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي كَتِيبَةٍ، قَالَ: فَنَظَرَ فَرَآنِي، فَقَالَ: ((أَبُو هُرَيْرَةَ)). قُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: ((لَا يَأْتِينِي إِلَّا أَنْصَارِيٌّ)). زَادَ غَيْرُ شَيْبَانَ: فَقَالَ: ((اهْتِفْ لِي بِالْأَنْصَارِ)). قَالَ: فَأَطَافُوا بِهِ، وَوَبَّشَتْ قُرَيْشٌ أَوْبَاشًا لَهَا وَأَتْبَاعًا، فَقَالُوا: نُقَدِّمُ هَؤُلَاءِ، فَإِنْ كَانَ لَهُمْ شَيْءٌ كُنَّا مَعَهُمْ، وَإِنْ أُصِيبُوا أَعْطَيْنَا الَّذِي سُئِلْنَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَرَوْنَ إِلَى أَوْبَاشِ قُرَيْشٍ وَأَتْبَاعِهِمْ)). ثُمَّ قَالَ بِيَدَيْهِ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى، ثُمَّ قَالَ: ((حَتَّى تُوَافُونِي بِالصَّفَا)). قَالَ: فَانْطَلَقْنَا، فَمَا شَاءَ أَحَدٌ مِنَّا أَنْ يَقْتُلَ أَحَدًا إِلَّا قَتَلَهُ، وَمَا أَحَدٌ مِنْهُمْ يُوَجِّهُ إِلَيْنَا شَيْئًا، قَالَ: فَجَاءَ أَبُو سُفْيَانَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أُبِيحَتْ خَضْرَاءُ قُرَيْشٍ، لَا قُرَيْشَ بَعْدَ الْيَوْمِ. ثُمَّ قَالَ: ((مَنْ دَخَلَ دَارَ أَبِي سُفْيَانَ فَهُوَ آمِنٌ)). فَقَالَتِ الْأَنْصَارُ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: أَمَّا الرَّجُلُ فَأَدْرَكَتْهُ رَغْبَةٌ فِي قَرْيَتِهِ، وَرَأْفَةٌ بِعَشِيرَتِهِ. قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَجَاءَ الْوَحْيُ، وَكَانَ إِذَا جَاءَ الْوَحْيُ لَا يَخْفَى عَلَيْنَا، فَإِذَا جَاءَ فَلَيْسَ أَحَدٌ يَرْفَعُ طَرْفَهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى يَنْقَضِيَ الْوَحْيُ، فَلَمَّا انْقَضَى الْوَحْيُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ)). قَالُوا: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: ((قُلْتُمْ: أَمَّا الرَّجُلُ فَأَدْرَكَتْهُ رَغْبَةٌ فِي قَرْيَتِهِ)). قَالُوا: قَدْ كَانَ ذَاكَ، قَالَ: ((كَلَّا، إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ، هَاجَرْتُ إِلَى اللَّهِ وَإِلَيْكُمْ، وَالْمَحْيَا مَحْيَاكُمْ، وَالْمَمَاتُ مَمَاتُكُمْ)). فَأَقْبَلُوا إِلَيْهِ يَبْكُونَ وَيَقُولُونَ: وَاللَّهِ مَا قُلْنَا الَّذِي قُلْنَا إِلَّا الضِّنَّ بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُصَدِّقَانِكُمْ وَيَعْذِرَانِكُمْ)). قَالَ: فَأَقْبَلَ النَّاسُ إِلَى دَارِ أَبِي سُفْيَانَ، وَأَغْلَقَ النَّاسُ أَبْوَابَهُمْ، قَالَ: وَأَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى أَقْبَلَ إِلَى الْحَجَرِ فَاسْتَلَمَهُ، ثُمَّ طَافَ بِالْبَيْتِ، قَالَ: فَأَتَى عَلَى صَنَمٍ إِلَى جَنْبِ الْبَيْتِ كَانُوا يَعْبُدُونَهُ، قَالَ: وَفِي

يَدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَوْسٌ، وَهُوَ آخِذٌ بِسِيَةِ الْقَوْسِ، فَلَمَّا أَتَى عَلَى الصَّنَمِ جَعَلَ يَطْعُنُهُ فِي عَيْنِهِ، وَيَقُولُ: ((جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ)). فَلَمَّا فَرَغَ مِنْ طَوَافِهِ أَتَى الصَّفَا فَعَلَا عَلَيْهِ حَتَّى نَظَرَ إِلَى الْبَيْتِ، وَرَفَعَ يَدَيْهِ، فَجَعَلَ يَحْمَدُ اللَّهَ وَيَدْعُو بِمَا شَاءَ أَنْ يَدْعُوَ.

(عبدالله) كوڕی (رباح) –لە أبو هريرة وە– دەڵێ: نوێنەر گەلێك لە مانگی ڕەمەزاندا هاتن بۆ لای معاوية (ﷺ)، هەندێكمان خواردنمان بۆ هەندێكی ترمان دروست دەكرد، (أبو هريرە) بە زۆری بانگی دەكردین بۆ ماڵی خۆی، منیش وتم: ئەی بۆ منیش خواردنێك دروست نەكەم و بانگیان بكەم بۆ ماڵی خۆم؟ فەرمانم دا خواردنێك دروست بكرێ، پاشان لە تەنگی ئێوارەدا گەیشتم بە (أبو هريرة) و وتم: میوانداریەكە ئەمشەو لای منە، ئەویش وتی: پێشم كەوتی؟ وتم: بەڵێ، ئینجا بانگهێشم كردن، (أبو هريرة) (ﷺ) وتی: ئەی خەڵكانی (انصار) ئایا ئاگادارتان نەكەم بە سەربوردێكی خۆتان؟ پاشان باسی ڕزگاركردنی مەككەی كرد و، وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووبە مەككە هات تا گەیشتە ئەوێ، (زبیر)ی ناردە سەر باڵێ لەباڵەكانی (لای ڕاست یان چەپی) لەشكرەكە، (خالد) یشی ناردە سەر باڵەكەی تری، (أبو عبيدة)ی ناردە سەر ئەو جەنگاوەرانە كە زرێ پۆشیان نەپۆشیبوو، ناو دۆڵەكەیان گرتە بەر، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لەناو (كتيبة)یەكدا بوو، وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیرێكی كرد و منی دی فەرمووی، (أبو هريرة) وتم: لەخزمەت دام ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: ((جگە لە یارمەتیدەران كەسێ نەیەت بۆلام)) ، ڕاویەكان جگە لە (شيبان) ئەمەیان بۆ زیادكردوە كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((یارمەتیدەرانم بۆ بانگ بكە)) هەموو كۆبوونەوە لە دەوری، لەولاشەوە قورەیشیش خەڵكانێكی زۆریان كۆكردبووەوە لە هەموو تیرەكان، قورەیشیەكان وتیان: ئەوانە پێش خۆمان دەخەین، ئەگەر سەركەوتنێكیان بەدەست هێنا ئەوا ئێمە لەگەڵیاندایین، ئەگەر شكستیان خوارد(ئەوا ئەوەمان پێ دەدرێ كە داوامان كردووە) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو تیرە جیاجیایانەی قورەیش و شوێنكەوتوانیان دەبینن؟)) پاشان هەردوو دەستی لەسەر یەك دانا و ئاماژەی پێكردن و، فەرمووی: ((تا لە (صفا) پێم دەگەن)). (أبو هريرة) وتی: ئێمە دەرچووین و هەركەسێ لە ئێمە بیویستایە یەكێ لەوان بكوژێ، دەیكوشت،

لەوانیش کەسێکیان نەبوو شتێك بگرێتە ئێمە، ئینجا (أبو سفیان) هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا: قورەیش ڕیشەکەن بوون، لە ئەمڕۆ بەدواوە قورەیش نامێنێ، دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەرکەس بچێتە ماڵی ابوسفیان پارێزراوە)) یارمەتیدەرەکان هەندێکیان بە هەندێکی تریانیان وت: ئەم پیاوە دڵی جولا بۆ شارەکەی خۆی و، سۆزی بزوا بۆ هۆزەکەی خۆی، (أبو هریرة) وتی: لەو کاتەدا وەحی هاتە خوارەوە، هەرکاتێکیش وەحی بهاتایە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) شاراوە نەبوو لە ئێمە هەر کاتێ وەحی بهاتایە کەسمان چاوی بەرزنەدەکردەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا وەحیەکە کۆتایی دەهات، کاتێ کە وەحی‌یەکە تەواو بوو ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی کۆمەڵی یارمەتیدەران)) وتیان: لەخزمەتداین ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ). فەرمووی: ((ئێوە وتتان: ئەم پیاوە دڵی بۆ شارەکەی خۆی جولا)) وتیان: بەڵێ وابوو، فەرمووی: ((نەخێر، وانیە من بەندەی خوا و پێغەمبەری ئەوم کۆچم کرد بۆ لای‌خوا و بۆ لای ئێوە، ژیانم لەگەڵ ژیانتاندایە، مردنم لەگەڵ مردنتاندایە))، بەپەلە هاتنە خزمەتی دەگریان و دەیانووت: سوێند بەخوا ئەوەی کەوتوومانە تەنها پەرۆشیمان بووە بۆ ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەرەکەی، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خوا و پێغەمبەرەکەی بڕواتان پێدەکەن و مەعزەرەتتان قبوڵ دەکەن)). خەڵکی ڕوویان کردە ماڵی (ابو سفیان)، خەڵکی مەککە دەرگاکانی خۆیانیان داخست، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرکەوت و هات و ڕوویکردە بەردەڕەشەکە و باوەشی پێداکرد، لە پاشان سوڕایەوە بە دەوری کەعبەدا، هاتە سەربتێك کە لە تەنیشت کەعبەوە بوو، بێباوەڕەکان دەیانپەرست، پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوانێکی بەدەستەوە بوو کە لاراییەکەیی گرتبوو، هەر کە گەیشتە سەربتەکە دەیژەندە چاووی‌یەوە و دەیفەرموو: ((حەق هات و ناحەقی ڕاماڵی)).

کاتێ لە (طواف)ی کەعبە بوویەوە، هات بۆ (صفا) و سەرکەوتە سەری تاکەعبەی لێوە دەرکەوت، ئینجا هەردوو دەستی بەرز کردەوە و سوپاسی خوای کرد و دەپاڕایەوە بەو شێوەیە کە خوای گەورە پێی خۆش ببێ.

(٢٢) فڕێدانی بتەکانی دەوری کەعبە

١١٣٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ) قَالَ: دَخَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) مَكَّةَ، وَحَوْلَ الْكَعْبَةِ ثَلَاثُ مِائَةٍ وَسِتُّونَ نُصُبًا، فَجَعَلَ يَطْعُنُهَا بِعُودٍ كَانَ بِيَدِهِ، وَيَقُولُ: ﴿جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾ [الإسراء:٨١] ﴿جَاءَ الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ﴾ [سبأ: ٤٩] زَادَ ابْنُ أَبِي عُمَرَ: يَوْمَ الْفَتْحِ. [البخاري/ المظالم/ ٢٣٤٦]

(عبدالله) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) چووە ناو مەککە، بە دەوری کەعبەدا سێسەد و شەست بت هەبوون، بەدارێك کەبە دەستیەوە بوو کەوتە لێدانیان و ئەم ئایەتەی سەرەوەی دەفەرموو کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿حەق هات و ناحەقی تیاچوو، لە ڕاستیدا نا حەق تیا چووە﴾. ﴿هەق هات و ناهەقی جارێکی تر سەر هەڵناداتەوە و دوبارە نابێتەوە﴾ [سبأ: ٤٩] کوڕەکەی (ابو عمر) دەڵێ: لە ڕۆژی فەتحدا ئەمەی فەرمووە.

(٢٣) هیچ قورەیشیەك لە دوای فەتح بەدیلی ناکوژرێت

١١٣٣ـ عَنْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُطِيعٍ، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ: ((لَا يُقْتَلُ قُرَشِيٌّ صَبْرًا بَعْدَ هَذَا الْيَوْمِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)).

(عبدالله) کوڕی (مطیع) لە باوکیەوە (ﷺ) دەڵێ: لە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست دەیفەرموو: ((لە ئەمڕۆ بەدواوە هەتا ڕۆژی قیامەت هیچ قورەیشیەك بە دیلی ناکوژرێت)).

(٢٤) پەیمان دانی دوای فەتح

١١٣٤ـ عَنْ مُجَاشِعُ بْنُ مَسْعُودٍ السُّلَمِيُّ (ﷺ) قَالَ: جِئْتُ بِأَخِي أَبِي مَعْبَدٍ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَ الْفَتْحِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ بَايِعْهُ عَلَى الْهِجْرَةِ. قَالَ: ((قَدْ مَضَتِ الْهِجْرَةُ بِأَهْلِهَا)). قُلْتُ: فَبِأَيِّ شَيْءٍ تُبَايِعُهُ؟ قَالَ: ((عَلَى الْإِسْلَامِ وَالْجِهَادِ وَالْخَيْرِ)). قَالَ أَبُو عُثْمَانَ، يعني النهدي: فَلَقِيتُ أَبَا مَعْبَدٍ، فَأَخْبَرْتُهُ بِقَوْلِ مُجَاشِعٍ، فَقَالَ: صَدَقَ. [البخاري/ المغازي/ ٤٠٤٥]

(مجاشع) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: لە دوای فەتح (ابو معبد)ی برامم هێنا بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، پەیمانی لێوەربگرە لەسەر کۆچکردن فەرمووی: ((سەردەمی کۆچ تێپەڕی و کاتی نەما، وە خەڵکەکەشی تێپەڕین)) وتم: ئەی لەسەر چی پەیمانی لێوەردەگریت؟

فەرمووی: ((لەسەر ئیسلامەتی و تێکۆشان و چاکە کردن)) أبو عثمانی النهدي وتی: گەیشتم بە (ابو معبد)، وتەکەی (مجاشع)م بۆ گێڕایەوە، ئەویش وتی: ڕاست دەکات.

(٢٥) لە دوای (فەتح)ەوە کۆچ کردن نیە بەڵکو جیهاد و لێبڕانە بۆی

١١٣٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْهِجْرَةِ فَقَالَ: ((لَا هِجْرَةَ بَعْدَ الْفَتْحِ، وَلَكِنْ جِهَادٌ وَنِيَّةٌ، وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا)).

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبارەی کۆچ کردنەوە، ئەویش فەرمووی: ((لە دوای فەتحەوە کۆچکردن نیە، بەڵکو جیهاد و لێبڕان هەیە، هەر کات داواتان لێکرا بچن بۆ جیهاد بڕۆن)).

(٢٦) فەرماندان بە چاکە کردن بۆ کەسێ کۆچی لەلاگران بێت

١١٣٦ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ أَعْرَابِيًّا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْهِجْرَةِ؟ فَقَالَ: ((وَيْحَكَ، إِنَّ شَأْنَ الْهِجْرَةِ لَشَدِيدٌ، فَهَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((فَهَلْ تُؤْتِي صَدَقَتَهَا)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((فَاعْمَلْ مِنْ وَرَاءِ الْبِحَارِ، فَإِنَّ اللَّهَ لَنْ يَتِرَكَ مِنْ عَمَلِكَ شَيْئًا)). [البخاري/ الزكاة / ١٣٨٤]

(ابو سعيد الخدري) (ﷺ) دەڵێ: عەرەبێکی دەشتەکی لەبارەی کۆچکردنەوە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد،؟ فەرمووی: ((کۆست کەوێ، ئەرکی کۆچکردن سەختە، ئایا حوشترت هەیە؟)) وتی: بەڵێ، فەرمووی: ((ئایا زەکاتەکەی دەدەیت؟)) وتی: بەڵێ فەرمووی: ((کاری چاکە بکە لەودیو دەریاکانیشەوە بێ -واتە لەهەر کوێ بویت- خوای گەورە هیچ لە خێری کردارەکانت کەم ناکاتەوە)).

(٢٧) ژیان لە دەوارنشینیدا پاش کۆچکردن

١١٣٧ـ عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ (ﷺ): أَنَّهُ دَخَلَ عَلَى الْحَجَّاجِ، فَقَالَ: يَا ابْنَ الْأَكْوَعِ ارْتَدَدْتَ عَلَى عَقِبَيْكَ، تَعَرَّبْتَ؟ قَالَ: لَا، وَلَكِنْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَذِنَ لِي فِي الْبَدْوِ. [البخاري/ الفتن/ ٦٦٧٦]

(سلمة) کوری (الأكوع) (ﷺ) دەڵێ: چوەتە لای (حجاج)، و (حجاج) وتویەتی: ئەی کوڕی (اكوع) گەڕاویتەوە دۆخی جارانت، بویتەوە بە دەشتەکی؟ وتی: نەخێر، بەڵکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی پێداوم کە لە بیاباندا بژیم.

(٢٨) جەنگی حُنَیْن

١١٣٨ـ عَنْ كَثِيرُ بْنُ عَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ قَالَ: قَالَ عَبَّاسٌ: شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ حُنَيْنٍ، فَلَزِمْتُ أَنَا وَأَبُو سُفْيَانَ بْنُ الْحَارِثِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمْ نُفَارِقْهُ، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى بَغْلَةٍ لَهُ بَيْضَاءَ، أَهْدَاهَا لَهُ فَرْوَةُ بْنُ نُفَاثَةَ الْجُذَامِيُّ، فَلَمَّا الْتَقَى الْمُسْلِمُونَ وَالْكُفَّارُ وَلَّى الْمُسْلِمُونَ مُدْبِرِينَ، فَطَفِقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَرْكُضُ بَغْلَتَهُ قِبَلَ الْكُفَّارِ، قَالَ عَبَّاسٌ: وَأَنَا آخِذٌ بِلِجَامِ بَغْلَةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَكُفُّهَا إِرَادَةَ أَنْ لَا تُسْرِعَ، وَأَبُو سُفْيَانَ آخِذٌ بِرِكَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَيْ عَبَّاسُ نَادِ أَصْحَابَ السَّمُرَةِ)). فَقَالَ عَبَّاسٌ، وَكَانَ رَجُلًا صَيِّتًا: فَقُلْتُ بِأَعْلَى صَوْتِي: أَيْنَ أَصْحَابُ السَّمُرَةِ؟ قَالَ: فَوَاللَّهِ لَكَأَنَّ عَطْفَتَهُمْ حِينَ سَمِعُوا صَوْتِي عَطْفَةُ الْبَقَرِ عَلَى أَوْلَادِهَا، فَقَالُوا: يَا لَبَّيْكَ، يَا لَبَّيْكَ. قَالَ: فَاقْتَتَلُوا وَالْكُفَّارَ، وَالدَّعْوَةُ فِي الْأَنْصَارِ يَقُولُونَ: يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ، يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ، قَالَ: ثُمَّ قُصِرَتِ الدَّعْوَةُ عَلَى بَنِي الْحَارِثِ بْنِ الْخَزْرَجِ، فَقَالُوا: يَا بَنِي الْحَارِثِ بْنِ الْخَزْرَجِ يَا بَنِي الْحَارِثِ بْنِ الْخَزْرَجِ، فَنَظَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ عَلَى بَغْلَتِهِ كَالْمُتَطَاوِلِ عَلَيْهَا إِلَى قِتَالِهِمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَذَا حِينَ حَمِيَ الْوَطِيسُ)). قَالَ: ثُمَّ أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَصَيَاتٍ فَرَمَى بِهِنَّ وُجُوهَ الْكُفَّارِ، ثُمَّ قَالَ: ((انْهَزَمُوا وَرَبِّ مُحَمَّدٍ)). قَالَ: فَذَهَبْتُ أَنْظُرُ فَإِذَا الْقِتَالُ عَلَى هَيْئَتِهِ فِيمَا أَرَى، قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلَّا أَنْ رَمَاهُمْ بِحَصَيَاتِهِ، فَمَا زِلْتُ أَرَى حَدَّهُمْ كَلِيلاً، وَأَمْرَهُمْ مُدْبِرًا.

(كثير) كوڕی (عباس) كوڕی (عبدالمطلب) دەڵێ: (عباس)وتی: لە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا ئامادەی جەنگی (حنين) بووم، من و (أبو سفيانی) كوڕی (حارث)ی كوڕی (عبدالمطلب) هاوڕای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووین و لێی جیانەبوینەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سواری ئێسترە سپییەكەی خۆی بوو بوو، كە (فروة) كوڕی (نفاثة الجذامي) بەدیاری پێیدابوو، هەر كە موسڵمانەكان و كافرەكان بەیەك گەیشتن و (بەیەكدا هاتن) موسڵمانەكان پشتیان هەڵكرد و هەڵاتن ئا لەوێدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێسترەكەی غاردەدا ڕوو بە كافران، (عباس) وتی: منیش جڵەوی ئێسترەكەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) گرتبوو، هەر هێواشم دەكردەوە، نەمدەویست بەپەلە بڕوات، (ابوسفيان)یش ئاوزەنگی ئێسترەكەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرتبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:

((ئادەی (عباس) هاوەڵانی (سَمُرة) بانگ بكە))[1]. عباس كە پیاوێكی دەنگ بەرز بوو دەڵێ: بەهەموو دەنگمەوە وتم: كوان هاوڵانی سَمُرة؟ وتی: سوێند بەخوا هەر كە دەنگەكەیان بیستم بایاندایەوە هەر وەك چۆن مانگا بادەداتەوە بەلای بیچوەكانیدا. بەپەلە وتیان: گوێڕایەڵتین، گوێڕایەڵتین، ئەوان و كافرەكان كەوتنە شەڕ كردن بانگەوازكەرانی یارمەتیدەران دەیانووت: ئەی كۆمەڵی یارمەتیدەران، ئەی كۆمەڵی یارمەتیدەران، پاشان بانگەوازەكە چڕبوویەوە لەسەر ئەوەی (حارث) كوڕی (خزرج) وتیان: ئەی نەوەی بني (الحارث) كوڕی الخزرج، ئەی نەوەی (الحارپ) كوڕی (الخزرج) پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە بەسەر ئێسترەكەیەوە بوو سەیری كرد وەك هەنگاو بنێ بۆ كوشتاریان، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە ئەو كاتەیە كە ئاگری شەڕ كڵپەی سەندووە)). پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند وردەبەردێكی هەڵگرت و بەرەو ڕوی بێباوەڕان خستی، پاشان فەرمووی: ((سوێند بەپەروەردگاری (محمد) ئەوان شكان)). عباس وتی: ڕۆیشتم سەیر بكەم بینیم شەڕەكە هەر لەسەر شێوەی خۆی ماوە، سوێند بەخوا هەر ئەوەندە بوو تا پێغەمبەر (ﷺ) وردە بەردەكانی تێگرتن، ئیتر بەردەوام دەمبینی هێز و تیژیان كول بوە و بارودۆخیان بۆ دواوە دەچێ.

١١٣٩ـ عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى الْبَرَاءِ فَقَالَ: أَكُنْتُمْ وَلَّيْتُمْ يَوْمَ حُنَيْنٍ يَا أَبَا عُمَارَةَ؟ فَقَالَ: أَشْهَدُ عَلَى نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) مَا وَلَّى، وَلَكِنَّهُ انْطَلَقَ أَخِفَّاءُ مِنَ النَّاسِ وَحُسَّرٌ، إِلَى هَذَا الْحَيِّ مِنْ هَوَازِنَ، وَهُمْ قَوْمٌ رُمَاةٌ، فَرَمَوْهُمْ بِرِشْقٍ مِنْ نَبْلٍ كَأَنَّهَا رِجْلٌ مِنْ جَرَادٍ، فَانْكَشَفُوا، فَأَقْبَلَ الْقَوْمُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبُو سُفْيَانَ بْنُ الْحَارِثِ (ﷺ) يَقُودُ بِهِ بَغْلَتَهُ، فَنَزَلَ وَدَعَا وَاسْتَنْصَرَ وَهُوَ يَقُولُ: ((أَنَا النَّبِيُّ لَا كَذِبْ، أَنَا ابْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِبْ. اللَّهُمَّ أَنْزِلْ نَصْرَكَ)). قَالَ الْبَرَاءُ: كُنَّا وَاللَّهِ إِذَا احْمَرَّ الْبَأْسُ نَتَّقِي بِهِ، وَإِنَّ الشُّجَاعَ مِنَّا لَلَّذِي يُحَاذِي بِهِ، يَعْنِي النَّبِيَّ (ﷺ). [البخاري/ المغازي/ ٤٠٦١]

---

[1] السَمُرة: ئەو درەختەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) لە حودەیبیە لە ژێریدا بیعة الرضوانی لە هاوەڵانی وەرگرت.

(ابو اسحاق) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ لای (براء) وتی: ئەی (ابو عُمارة) ئایا ئێوە بوون لە ڕۆژی (حنین)دا پشتتان هەڵكرد؟ ئەویش وتی: شاهیدی دەدەم لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە ئەو پشتی هەڵنەكرد، بەڵكو كەسانێ لە خەڵكی كە كوڵ سوك بوون و زرێپۆشیان نەبوو ڕۆیشتن بۆ ئەو تیرەیەی (هوازن)، ئەوانیش خەڵكانێكی تیرئەندازبوون، كە بە (لێشاو) بە باقە تیریان تێدەگرتن، هەر وەك قاچە كوللە، تا دوژمن زاڵ بوو بەسەریاندا، خەڵكەكە ڕوویان كردە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە (ابو سفیان) كوڕی (حارث) (ﷺ) ئێسترەكەیی ڕادەكێشا، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دابەزی و پاڕایەوە و داوای سەركەوتنی دەكرد و دەیفەرموو: ((من پێغەمبەرم، درۆنیە، من ڕۆڵەی عبدالمطلبم، خوایە سەركەوتنی خۆت دابەزێنە)) (براء) وتی: سوێند بە خوا هەر كاتێ كە شەڕ وترس سەخت دەبوو ئێمە خۆمان دەدایە پەنای ئەوو ئازایشمان ئەو كەسە بوو شان بەشانی پێغەمبەر (ﷺ) بێت.

١١٤٠ـ عَنْ سَلَمَةَ بن الأكوع (ﷺ) قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حُنَيْنًا، فَلَمَّا وَاجَهْنَا الْعَدُوَّ تَقَدَّمْتُ فَأَعْلُو ثَنِيَّةً، فَاسْتَقْبَلَنِي رَجُلٌ مِنَ الْعَدُوِّ فَأَرْمِيهِ بِسَهْمٍ، فَتَوَارَى عَنِّي، فَمَا دَرَيْتُ مَا صَنَعَ، وَنَظَرْتُ إِلَى الْقَوْمِ فَإِذَا هُمْ قَدْ طَلَعُوا مِنْ ثَنِيَّةٍ أُخْرَى، فَالْتَقَوْا هُمْ وَصَحَابَةُ النَّبِيِّ (ﷺ) فَوَلَّى صَحَابَةُ النَّبِيِّ (ﷺ)، وَأَرْجِعُ مُنْهَزِمًا وَعَلَيَّ بُرْدَتَانِ، مُتَّزِرًا بِإِحْدَاهُمَا مُرْتَدِيًا بِالْأُخْرَى، فَاسْتَطْلَقَ إِزَارِي، فَجَمَعْتُهُمَا جَمِيعًا، وَمَرَرْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مُنْهَزِمًا وَهُوَ عَلَى بَغْلَتِهِ الشَّهْبَاءِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَقَدْ رَأَى ابْنُ الْأَكْوَعِ فَزَعًا)). فَلَمَّا غَشُوا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَزَلَ عَنِ الْبَغْلَةِ، ثُمَّ قَبَضَ قَبْضَةً مِنْ تُرَابٍ مِنَ الْأَرْضِ، ثُمَّ اسْتَقْبَلَ بِهِ وُجُوهَهُمْ فَقَالَ: ((شَاهَتِ الْوُجُوهُ)). فَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْهُمْ إِنْسَانًا إِلَّا مَلَأَ عَيْنَيْهِ تُرَابًا بِتِلْكَ الْقَبْضَةِ، فَوَلَّوْا مُدْبِرِينَ، فَهَزَمَهُمُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، وَقَسَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَنَائِمَهُمْ بَيْنَ الْمُسْلِمِينَ.

(سلمة) كوڕی (الاكوع) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جەنگی (حنین)مان كرد، كاتێ ڕووبەڕووی دوژمن بوینەوە، پێشكەوتم تا سەربكەومە سەر كەل، پیاوێ لە دوژمن هات بە ڕوومدا و تیرێكم تێگرت، لێم ون بوو، نەمزانی چی بەسەر هات، ئینجا سەیرێكی بێباوەڕانم كرد، بینیم وا لەدەم كەلێكی ترەوە دەركەوتن، ئەوان و هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتن

بەیەك، هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕایان کرد، منیش بە شکستی گەڕامەوە و دوو پۆشاکم لەبەردابوو، یەکێکیانم کردبوە پەشتەماڵ و ئەوی تریانم کردبوە بەرم، ئەوەی کە پەشتەماڵەکەم بوو کرایەوە و هەردووکیانم کۆکردەوە (کردنم بەیەك) بە شکستی و بە ڕاکردن دام بەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)دا، ئەویش لەسەر ئێسترە بۆرەکەی بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((لە ڕاستیا کوڕەکەی (الاکوع) ترس و بیمی بینیوە)). کاتێ (بێباوەڕان) نزیك کەوتنەوە و دەورەی پێغەمبەریان دا ئەویش لە ئێسترەکەی دابەزی و، مشتێ خۆڵی لە زەوی هەڵگرت و کردی بە ڕوویاندا و فەرمووی: ((ئەم ڕوخسارانە شپرزوناشیرینن)) یەك کەسیان نەما چاوی پڕنەبووبێت لە خۆڵ، هەڵهاتن و ڕایان کرد، خوا (ﷻ) بەوە تێکی شکاندن، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەستکەوتەکانی دابەش کرد لە نێوان موسڵماناندا.

(٢٩) جەنگی طائف

١١٤١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ) قَالَ: حَاصَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَهْلَ الطَّائِفِ، فَلَمْ يَنَلْ مِنْهُمْ شَيْئًا، فَقَالَ: ((إِنَّا قَافِلُونَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ [تعالى])). قَالَ أَصْحَابُهُ: نَرْجِعُ وَلَمْ نَفْتَتِحْهُ؟ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اغْدُوا عَلَى الْقِتَالِ)). فَغَدَوْا عَلَيْهِ، فَأَصَابَهُمْ جِرَاحٌ، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّا قَافِلُونَ غَدًا)). قَالَ: فَأَعْجَبَهُمْ ذَلِكَ، فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). [البخاري/ المغازي/ ٤٠٧٠]

(عبدالله) کوڕی (عمرو) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەمارۆی خەڵکی (طائف)ی دا، هیچی پێنەکردن، فەرمووی: ((ئێمە دەگەڕێینەوە بەویستی خوای (باڵا دەست))). هاوەڵانی عەرزیان کرد: دەگەڕێینەوەو ڕزگاریشمان نەکرد؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پێیان: ((سبەینێ بچن بۆ جەنگ)). بۆ سبەینێ چوونەوە سەری توشی برینداریەکی زۆر هاتن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پێیان: ((ئێمە سبەینێ دەگەڕێینەوە)) ئەمجارە ئەمەیان پێخۆش بوو، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی.

(٣٠) ژمارەی جەنگەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

١١٤٢ـ عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ يَزِيدَ خَرَجَ يَسْتَسْقِي بِالنَّاسِ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ اسْتَسْقَى، قَالَ: فَلَقِيتُ يَوْمَئِذٍ زَيْدَ بْنَ أَرْقَمَ، وَقَالَ: لَيْسَ بَيْنِي وَبَيْنَهُ غَيْرُ رَجُلٍ، أَوْ بَيْنِي وَبَيْنَهُ رَجُلٌ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: كَمْ غَزَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ:

تسْعَ عَشْرَةَ [غزوة]. فَقُلْتُ: كَمْ غَزَوْتَ أنْتَ مَعَهُ؟ قَالَ: سَبْعَ عَشْرَةَ غَزْوَةً، قَالَ: فَقُلْتُ: فَمَا أوَّلُ غَزْوَةٍ غَزَاهَا؟ قَالَ: ذَاتُ الْعُسَيْرِ أوِ الْعُشَيْرِ. [بخاري/ الاستسقاء/ ٩٧٦. المغازي/ ٣٧٣٣]

(ابو اسحاق) دەڵێ: (عبدالله) كوڕی (يزيد) ڕۆيشت نوێژەبارانە بكات بۆ خەڵكی، دوو ڕكات نوێژی كرد و لەپاشان دۆعای باران بارينی كرد، دەڵێ: ئەو ڕۆژە گەيشتم بە (زيد)ی كوڕی (ارقم)، جگە لە پياوێ كەسی تر نەبوو لە نێوانماندا، يان نێوان من و ئەو پياوێك بوو، پێم وت: ئايا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند جەنگی كردووە؟ وتی: نۆزدە جەنگ، منيش وتم: ئەی تۆ چەند جەنگت كردوە لە خزمەتيدا؟ وتی: حەڤدە جەنگ، ئەمجا وتم: يەكەم جەنگ كە كردی كام جەنگ بوو؟ وتی: ذات العُسير يان (العُشَير).

١١٤٣مكرّر ـ عَنْ بُرَيْدَةَ (ﷺ) قَالَ: غَزَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) تِسْعَ عَشْرَةَ غَزْوَةً، قَاتَلَ فِي ثَمَانٍ مِنْهُنَّ. [البخاري/ المغازي/ ٤٢٠٢]

(بريدة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ نۆزدە جەنگ چووە، لە هەشتياندا كەوتوەتە جەنگەوە.

(٣٦) بەشی فەرمانڕەوایی (كتاب الإمارة)

(١) دانانی جێنشین و دانەنانی

١١٤٤ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى حَفْصَةَ (ﷺ) فَقَالَتْ: أَعَلِمْتَ أَنَّ أَبَاكَ غَيْرُ مُسْتَخْلِفٍ؟ قَالَ: قُلْتُ: مَا كَانَ لِيَفْعَلَ، قَالَتْ: إِنَّهُ فَاعِلٌ، قَالَ: فَحَلَفْتُ أَنِّي أُكَلِّمُهُ فِي ذَلِكَ، فَسَكَتُّ حَتَّى غَدَوْتُ وَلَمْ أُكَلِّمْهُ، قَالَ: فَكُنْتُ كَأَنَّمَا أَحْمِلُ بِيَمِينِي جَبَلًا، حَتَّى رَجَعْتُ فَدَخَلْتُ عَلَيْهِ، فَسَأَلَنِي عَنْ حَالِ النَّاسِ وَأَنَا أُخْبِرُهُ، قَالَ: ثُمَّ قُلْتُ لَهُ: إِنِّي سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُولُونَ مَقَالَةً، فَآلَيْتُ أَنْ أَقُولَهَا لَكَ، زَعَمُوا أَنَّكَ غَيْرُ مُسْتَخْلِفٍ، وَإِنَّهُ لَوْ كَانَ لَكَ رَاعِي إِبِلٍ أَوْ رَاعِي غَنَمٍ، ثُمَّ جَاءَكَ وَتَرَكَهَا رَأَيْتَ أَنْ قَدْ ضَيَّعَ، فَرِعَايَةُ النَّاسِ أَشَدُّ. قَالَ: فَوَافَقَهُ قَوْلِي، فَوَضَعَ رَأْسَهُ سَاعَةً ثُمَّ رَفَعَهُ إِلَيَّ فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَحْفَظُ دِينَهُ، وَإِنِّي لَئِنْ لَا أَسْتَخْلِفْ فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَمْ يَسْتَخْلِفْ، وَإِنْ أَسْتَخْلِفْ فَإِنَّ أَبَا بَكْرٍ (ﷺ) قَد اسْتَخْلَفَ. قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلَّا أَنْ ذَكَرَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبَا بَكْرٍ، فَعَلِمْتُ أَنَّهُ لَمْ يَكُنْ لِيَعْدِلَ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَحَدًا، وَأَنَّهُ غَيْرُ مُسْتَخْلِفٍ. [بخاري/ الاحكام/ ٦٧٩٢]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: سەردانی (حفصة)م (ﷺ) كرد، وتی: ئایا زانیوتە كە باوكت كەسی دانەناوە بە جێنشینی خۆی؟ وتم: لەو كەسانە نەبوو شتی وا بكات، وتی: كردویەتی، سوێندم خوارد دەبێ لەوبارەیەوە بیدوێنم، بێدەنگ بووم و تا بەیانی هیچم لەگەڵدا نەوت، لە حاڵێكدا بووم هەر وەك شاخێكم بە شانی ڕاستم هەڵگرتبێ، تا گەڕامەوە و چوومە لای، هەواڵی خەڵكی لێپرسیم و منیش ئاگادارم دەكرد، پاشان پێم وت: لە خەڵكیم بیست كە قسەیەكیان دەكرد، سوێندم خوارد كە هەر دەبێ پێت بڵێم، دەڵێن گوایە تۆ كەست دانەناوە بەجێنشینی خۆت، ئەم كارەت وەك ئەوە وایە شوانێكی حوشتر یان شوانێكی مەڕت هەبێ و، پاشان بەجێیان بهێڵێت و بێتەوە بۆ لات، دەبینی كە ماڵیاتەكەی زایە كردوە، خۆ چاودێری كردنی خەڵكی لەوە قورستر و سەختترە، ابن عمر دەڵێ: باوكم ڕازی بوو بە قسەكەم، ماوەیەك سەری دانەواندو پاشان بەرزی كردەوە و ڕووی تێكردم و وتی: خوای (ﷻ) ئاینی خۆی دەپارێزێ، جا ئەگەر منیش جێنشین دانەنێم خۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)یش جێنشینی دانەناوە،

ئەگەر جێنشینیش دابنێم ئەوا (ابو بكر) (ﷺ) جێنشینی دانا، ابن عمر دەڵێ: سوێند بەخوا هەر ئەوەندە بوو تا ناوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ابو بكری هێنا، ئینجا بۆم دەركەوت كە ئەو هیچ كەس ناكات بە هاوشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە ئەویش جێنشینی دانەناوە)).

(٢) وەفاكردن بە بەیعەتی جێنشینەكان یەك لەدوای یەك

١١٤٥ـ عَنْ أَبِي حَازِمٍ قَالَ: قَاعَدْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ (ﷺ) خَمْسَ سِنِينَ، فَسَمِعْتُهُ يُحَدِّثُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الْأَنْبِيَاءُ، كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ، وَإِنَّهُ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، وَسَتَكُونُ خُلَفَاءُ تَكْثُرُ)). قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: ((فُوا بِبَيْعَةِ الْأَوَّلِ فَالْأَوَّلِ، وَأَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، فَإِنَّ اللَّهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ)). [البخاري/ الأنبياء/ ٣٢٦٧]

(أبو حازم) دەڵێ: پێنج ساڵ لەگەڵ (أبو هريرة)دا (ﷺ) هاونشین بووم، لێم بیست لە پێغەمبەری (ﷺ) دەگێڕایەوە كە فەرموویەتی: ((پێغەمبەران كاروباری (بنو ئیسرائیل)یان دەبرد بەڕێوە، هەركاتێ پێغەمبەرێكیان تیاچووبێ؛ پێغەمبەرێكی تر بوەتە جێگەداری، بەڕاستی لەدوای منەوە پێغەمبەری تر نیە، بەڵكو لەدوای من جێنشین دێن و زۆریش دەبن)) وتیان: فەرمانمان بە چی پێدەكەیت؟ فەرمووی: ((وەفادار بن بەو بەیعەتەی دەیدەن پێیان یەك لەدوای یەك، مافی خۆیانیان بدەنێ، خوای گەورەیش پرسیاریان لێدەكات لەوەی كە ئەوان كراونەتە سەرپەرشتیاری)).

(٣) ئەگەر پەیمان درا بە دوو خەلیفە لەیەك كاتدا

١١٤٦ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا بُويِعَ لِخَلِيفَتَيْنِ فَاقْتُلُوا الْآخَرَ مِنْهُمَا)).

(أبو سعيد الخُدري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی: ((ئەگەر لەیەك كات دا بەیعەت درا بە دوو جێنشین دوەمەكەیان بكوژن))

(٤) هەمووتان چاودێرن و هەمووشتان بەرپرسن

١١٤٧ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((أَلَا كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا

وَوَلَدِه، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَالْعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، أَلَا فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)). [بخاري/ العتق/ ٢٤١٦]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئاگاداربن کە هەمووتان چاودێر و شوانن، هەموشتان بەرپرسیارن لەژێر دەستەکانتان، کاربەدەستی خەڵکی شوانە و بەرپرسیارە لە ژێر دەستەکانی، پیاویش شوانی ماڵ و خێزانەکەیەتی و بەرپرسە لێیان، ئافرەتیش شوانی ماڵی مێردەکەی و منداڵەکانیەتی و بەرپرسیشە لێیان، کۆیلەش شوانە بەسەر ماڵی گەورەکەیەو بەرپرسە لێی، دە ئاگاداربن هەمووتان شوانن، هەموویشتان بەرپرسن لە ژێر دەستەکانتان))

(٥) نابەجێی سوربوون لەسەر داوای فەرمانڕەوایی

١١٤٨. عَنْ أَبِي ذَرٍ (ﷺ) : انَّ رَسُولَ الله (ﷺ) قَالَ: ((يَا أبَا ذَرٍ إنِي أرَاكَ ضَعِيفاً، وَاِنِي أحِبُ لَكَ مَا أحِبُ لِنَفْسِي ، لاَ تَأمَرَنَّ عَلَى اثْنَيْنِ، وَلاَ تَوَلَيَنَّ مَالَ يَتِيمٍ)) [(البخاري/ اوائل الأيمان والنذور/٦٢٤٨)].

(عبدالرحمن) کوڕی (سمرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پێم: ((ئەی عبدالرحمن، داوای فەرمانڕەوایەتی مەکە، چونکە ئەگەر لەسەرداواکردنی خۆت پێت درا، ئەوا خوا دەت داتە دەست خۆت، بەڵام ئەگەر بەبێ داواکردنی خۆت پێت درا، ئەوا یارمەتی دەدرێیت لەسەری)).

١١٤٩ـ عَنْ أَبِي ذَرّ (ﷺ) قَال : قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي؟ قَالَ: فَضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى مَنْكِبِي ثُمَّ قَالَ: ((يَا أَبَا ذَرّ إِنَّكَ ضَعِيفٌ، وَإِنَّهَا أَمَانَةٌ، وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلَّا مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا)).

(ابوذرّ) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی (ابو ذرّ) تۆ بە کەم توانا دەبینم، ئەوەی بۆ خۆم پێم خۆشە بۆ تۆش پێم خۆشە، نەبیتە فەرمانڕەوای دووکەس، ماڵی هەتیویش نەگریتە لای خۆت)).

١١٥٠ـ عَنْ أَبِي ذَرّ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي؟ قَالَ: فَضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى مَنْكِبِي ثُمَّ قَالَ: ((يَا أَبَا ذَرّ إِنَّكَ ضَعِيفٌ، وَإِنَّهَا أَمَانَةٌ، وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلَّا مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا)).

(ابو ذرّ) (ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بۆ نامکەیتە کاربەدەست؟ بەدەستی پیرۆزی دای بەسەر شانمدا و فەرمووی: ((ئەی (ابوذرّ) تۆ کەم

توانـــايت، كاربەدەســـتيش ئەمانەتـــە، بـــۆ ڕۆژی قيامـــەتيش ڕيســـوايی و پەشيمانی‌يە، مەگەر كەسێ كەشياوبێت بۆی و بتوانێ مافی خۆی بداتێ)).

(٦) كارمان ناسپێرين بە كەسێ كە خۆی بيەوێ

١١٥١ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ قَالَ: قَالَ أَبُو مُوسَى (ﷺ): أَقْبَلْتُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَمَعِي رَجُلَانِ مِنَ الْأَشْعَرِيِّينَ، أَحَدُهُمَا عَنْ يَمِينِي وَالْآخَرُ عَنْ يَسَارِي، فَكِلَاهُمَا سَأَلَ الْعَمَلَ، وَالنَّبِيُّ (ﷺ) يَسْتَاكُ، فَقَالَ: ((مَا تَقُولُ يَا أَبَا مُوسَى؟ أَوْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ قَيْسٍ)). قَالَ: فَقُلْتُ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا أَطْلَعَانِي عَلَى مَا فِي أَنْفُسِهِمَا، وَمَا شَعَرْتُ أَنَّهُمَا يَطْلُبَانِ الْعَمَلَ، قَالَ: وَكَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى سِوَاكِهِ تَحْتَ شَفَتِهِ وَقَدْ قَلَصَتْ، فَقَالَ: ((لَنْ -أَوْ لَا- نَسْتَعْمِلُ عَلَى عَمَلِنَا مَنْ أَرَادَهُ، وَلَكِنِ اذْهَبْ أَنْتَ يَا أَبَا مُوسَى، أَوْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ قَيْسٍ)). فَبَعَثَهُ عَلَى الْيَمَنِ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ، فَلَمَّا قَدِمَ عَلَيْهِ قَالَ: انْزِلْ، وَأَلْقَى لَهُ وِسَادَةً، وَإِذَا رَجُلٌ عِنْدَهُ مُوثَقٌ، قَالَ: مَا هَذَا؟ قَالَ: هَذَا كَانَ يَهُودِيًّا فَأَسْلَمَ، ثُمَّ رَاجَعَ دِينَهُ دِينَ السَّوْءِ فَتَهَوَّدَ، قَالَ: لَا أَجْلِسُ حَتَّى يُقْتَلَ، قَضَاءُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ، فَقَالَ: اجْلِسْ، نَعَمْ، قَالَ: لَا أَجْلِسُ حَتَّى يُقْتَلَ، قَضَاءُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ. ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَأَمَرَ بِهِ فَقُتِلَ، ثُمَّ تَذَاكَرَا الْقِيَامَ مِنَ اللَّيْلِ، فَقَالَ أَحَدُهُمَا -مُعَاذٌ- أَمَّا أَنَا فَأَنَامُ وَأَقُومُ، وَأَرْجُو فِي نَوْمَتِي مَا أَرْجُو فِي قَوْمَتِي.

[بخاري/ استتابة المرتدين والمعاندين/ ٦٥٢٥]

(ابو بُردة) دەڵێ: (ابو موسى) (ﷺ) وتی: هاتمە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و دوو پياو لە ئەشعەريەكانم لەگەڵدا بوو، يـەكێكيان لـەلای ڕاسـتمەوە و ئـەوی تريان لەلای چەپمەوە، هەردووكيان داوای كار بەدەستيان كرد، پێغەمبەريش (ﷺ) سيواكی دەكرد، ئينجا فەرمووی: ((ئەی (ابو موسى)، تۆچی دەڵێيت؟ يان: ئەی (عبدالله) كوڕی (قيس))؟ منيش وتم: سوێند بەو كەسەی تۆی بـە هـەق ڕەوانەكردووە، ئاگاداريان نەكردووم بەوەی كە لە دڵياندايە وەهەستم نەكردوە كە داوای كار بەدەستی دەكەن، هەروەك ببينم دەڵێی چاوم لێيە كە سيواكەكەی لە ژێر لێويدايە و لێوی هاتوەتەيەك و بەرزبوەتەوە، فەرمووی: ((نەخێر، كەسێ ناخەينە سەركاروفەرمانمان كە خۆی بيەوێت، بەڵام ئەی ابو موسى تۆ بڕۆ، يان: ئەی عبدالله كوڕی قيس)). بەكاربەدەستی ناردی بۆ يەمەن، (معاذ) كوڕی (جبل)يشی نارد بە دوای‌دا، كاتێ كە (معاذ) گەيشتە لای، وتی: دابەزە، (ابو موسى) سـەرينێكی، بـۆ دانـا، لەوسـاتەدا پيـاوێ لای ابوموســی كــۆت و

زنجیرکرابوو، (معاذ)وتی: ئەوە چییە؟ وتی: ئەمە جولەکە بووە پاشان موسڵمان بووە، دوایی گەڕاوەتەوە سەر ئاینە خراپەکەی خۆی و بوەتەوە بە جولەکە، وتی: دانانیشم هەتا نەکوژرێ، حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، أبو موسی وتی: دانیشە، باشە، وتی: هەتا نەکوژرێ دانانیشم، حوکمی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، سێجار ئەمەی وت، (أبو موسی) فەرمانی داو کوژرا، پاشان کەوتنە وتووێژ لەسەر شەونوێژ، یەکێکیان وتی -کە معاذ بوو- بەڵام من دەخەوم و شەویش هەڵدەستم، چەندە بەتەمای پاداشتی شەونوێژەکەمم، ئەوەندەش بەتەمای پاداشتی خەوتنەکەمم.

(٧) پێشەوا گەر فەرمانیدا بەلەخوا ترسی پاداشتی خۆی هەیە

١١٥٢ـ عَنْ أبي هريرة (ﷺ): عَنْ النبي (ﷺ) قالَ: ((إِنَّمَا الْإِمَامُ جُنَّةٌ، يُقَاتَلُ مِنْ وَرَائِهِ وَيُتَّقَى بِهِ، فَإِنْ أَمَرَ بِتَقْوَى اللَّهِ وَعَدَلَ فَإِنَّ لَهُ بِذَلِكَ أَجْراً، وَإِنْ قَالَ بِغَيْرِهِ فَإِنَّ عَلَيْهِ مِنْهُ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((لەڕاستیدا پێشەوا قەڵغانە و خەڵك لەدوایەوە دەجەنگن و خۆیانی پێدەپارێزن. جا ئەگەر فەرمانیدا بە ترسان لە خوای گەورە و و دادپەروەر بوو ئەوە پاداشتی خۆی هەیە، ئەگەر فەرمان بدات بەشتێکی دی ئەوە تاوانی ئەو شتەی دەکەوێتە سەر)).

(٨) فەرمانڕەوای دادپەروەر چ پاداشتێکی هەیە؟

١١٥٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ الْمُقْسِطِينَ عِنْدَ اللَّهِ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، عَنْ يَمِينِ الرَّحْمَنِ عَزَّ وَجَلَّ، وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ، الَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِي حُكْمِهِمْ وَأَهْلِيهِمْ وَمَا وَلُوا)).

(عبدالله) کوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((فەرمانڕەوایانی دادپەروەر لای خوا لە ڕۆژی دوایی وان لەسەر مینبەری نوورین، لەلای ڕاستی خوای گەورەن، کە هەردوولای هەر ڕاستە، واتە ئەو (فەرمانڕەوایانەی) کە دادپەروەرن لە فەرمانڕەواییاندا و، لەناو کەسوکاریاندا و، لەناو ئەوانەشدا سەرپەرشتیان دەکەن))

(٩) كاربەدەست لە نێوان توند وتیژی و ئاسان كاریدا

١١٥٤ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ شِمَاسَةَ قَالَ: أَتَيْتُ عَائِشَةَ (﵂) أَسْأَلُهَا عَنْ شَيْءٍ، فَقَالَتْ: مِمَّنْ أَنْتَ؟ فَقُلْتُ: رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ مِصْرَ، فَقَالَتْ: كَيْفَ كَانَ صَاحِبُكُمْ لَكُمْ فِي غَزَاتِكُمْ هَذِهِ؟ فَقَالَ: مَا نَقَمْنَا مِنْهُ شَيْئًا، إِنْ كَانَ لَيَمُوتُ لِلرَّجُلِ مِنَّا الْبَعِيرُ فَيُعْطِيهِ الْبَعِيرَ، وَالْعَبْدُ فَيُعْطِيهِ الْعَبْدَ، وَيَحْتَاجُ إِلَى النَّفَقَةِ فَيُعْطِيهِ النَّفَقَةَ، فَقَالَتْ: أَمَا إِنَّهُ لَا يَمْنَعُنِي الَّذِي فَعَلَ فِي مُحَمَّدِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ أَخِي أَنْ أُخْبِرَكَ مَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ فِي بَيْتِي هَذَا: ((اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَشَقَّ عَلَيْهِمْ فَاشْقُقْ عَلَيْهِ، وَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَرَفَقَ بِهِمْ فَارْفُقْ بِهِ))

(عبدالرحمن) كوڕی (شماسة) دەڵێ: هاتمە لای عائشە (﵂) پرسیاری شتێكی لێبكەم، وتی: خەڵكی كوێیت؟ وتم: پیاوێكم لە خەڵكی (میسر)، وتی: پێشەواكەتان چۆن بوو بۆتان لەم جەنگانەتاندا؟ وتم: گلەییەكمان لێی نیە، ئەگەر حوشتری یەكێكمان بمردایە حوشترێكی تری پێدەدا، یەكێ بەندەیەكی بمردایە بەندەیەكی تری پێدەدا، ئەگەر كەسێ پێویستی بە بژێوی ببوایە بژێوی دەدایە، (عائشة) وتی: كەواتە ئەوەی كردی بە براكەم (محمد) كوڕی (أبو بكر)[1] ڕێگریم ناكات لەوە ئاگادارت بكەم بەوەی لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە كە لەم ماڵەی مندا دەیفەرموو: ((ئەی خوایە، هەر كەسێ كارێكی درایە دەست لە كاری ئەم ئوممەتەم توند و تیژ بوو لەگەڵیان تۆیش تۆڵەی لێبسێنە، هەركەسێ كە كارێكی درایە دەست لەكاری ئەم ئوممەتەم نەرم بوو لەگەڵیان تۆیش پاداشتی بدەرەوە بەچاكە)).

(١٠) ئایین ئامۆژگارییە

١١٥٥ـ عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((الدِّينُ النَّصِيحَةُ)). قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: ((لِلَّهِ، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسُولِهِ، وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ))

(تميم الداريُّ) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئاین دڵسۆزی و ئامۆژگارییە)) وتمان: بۆ كێ؟ فەرمووی: ((بۆ خوا و، بۆ قورئانەكەی،بۆ پێغەمبەرەكەی، بۆ پێشەوا و تێكڕای موسڵمانانیش)).

١١٥٦ـ عَنْ جَرِيرٍ (ﷺ) قَالَ: بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى إِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ. [البخاري/ الإيمان/ ٥٧]

(جریر) (ﷺ) دەڵێ: پەیمانم دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەوە كە نوێژبكەم و، زەكات بدەم، ئامۆژگاری هەموو موسڵمانێكیش بكەم كەدڵسۆزی هەبێت بۆیان.

(١١) دڵسۆزی نەكردن و غەشكردن لەگەڵ خەڵكی و ئامۆژگاری نەكردنیان

١١٥٧ـ عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: عَادَ عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ زِيَادٍ مَعْقِلَ بْنَ يَسَارٍ الْمُزَنِيَّ (ﷺ) فِي مَرَضِهِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ، فَقَالَ مَعْقِلٌ: إِنِّي مُحَدِّثُكَ حَدِيثًا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، لَوْ عَلِمْتُ أَنَّ لِي حَيَاةً مَا حَدَّثْتُكَ بِهِ، إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً، يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ، إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)). [البخاري/ الاحكام/ ٦٧٣١]

(حسن) دەڵێ: (عبیدالله) كوڕی (زیاد) سەردانی (معقل) كوڕی (یسار) المُزَنيّ (ﷺ) كرد لەو نەخۆشیەیدا كە بوە هۆی مردنی، (معقل) وتی: من فەرموودەیەكت بۆ دەگێڕمەوە كە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە، ئەگەر بمزانیایە كە ژیانم بەبەریەوە ماوە نەمدەگێڕایەوە بۆت، من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە دەیفەرموو: ((هەر بەندەیەك خوا بیكاتە كاربەدەست و چاودێری كۆمەڵێك خەڵك، پاشان هەر ڕۆژێ بمرێ و غەشی كردبێ لە ژێردەستەكانی، ئەوا خوا بەهەشتی لێحەرام دەكات)).

١١٥٨ـ عَنِ الْحَسَنُ: أَنَّ عَائِذَ بْنَ عَمْرٍو (ﷺ): -وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)- دَخَلَ عَلَى عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ زِيَادٍ، فَقَالَ: أَيْ بُنَيَّ، إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ شَرَّ الرِّعَاءِ الْحُطَمَةُ، فَإِيَّاكَ أَنْ تَكُونَ مِنْهُمْ)). فَقَالَ لَهُ: اجْلِسْ فَإِنَّمَا أَنْتَ مِنْ نُخَالَةِ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ (ﷺ)، فَقَالَ: وَهَلْ كَانَتْ لَهُمْ نُخَالَةٌ؟ إِنَّمَا كَانَتِ النُّخَالَةُ بَعْدَهُمْ وَفِي غَيْرِهِمْ.

(حسن) دەڵێ: (عائذ) كوڕی (عمرو) (ﷺ) -كە یەكێ بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)- چووە لای (عبیدالله) كوڕی (زیاد) و وتی: ئەی كوڕەكەم، من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە دەیفەرموو: ((خراپترینی كاربەدەست و ئەمیندار كەسێكە توند و ستەمكاربێت، وریابە نەكەی لەوانە بی)) ئینجا پێیوت: دانیشە، چونكە تۆ لە پاشماوەی هاوەڵانی محمدی (ﷺ)،

(عبيدالله) وتی: ئایا هاوەڵان پاشماوەیان هەبووە؟ بەڵكو خڵتە لەدوای ئەوان و لە خەڵكی تردا هەیە.

(١٢) خیانەتی فەرمانڕەواكان لە دەستكەوتی جەنگی

١١٥٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ فَذَكَرَ الْغُلُولَ، فَعَظَّمَهُ وَعَظَّمَ أَمْرَهُ، ثُمَّ قَالَ: ((لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ بَعِيرٌ لَهُ رُغَاءٌ، يَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ فَرَسٌ لَهُ حَمْحَمَةٌ، فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ شَاةٌ لَهَا ثُغَاءٌ، يَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ نَفْسٌ لَهَا صِيَاحٌ فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ رِقَاعٌ تَخْفِقُ، فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ صَامِتٌ، فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ)). [البخاري/ الجهاد/ ٢٩٠٨]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەناوماندا هەستاو كەوتە باسكردنی خیانەت لە دەستكەوتی جەنگی، تاوانەكەی بە گەورە باسكرد، پاشان فەرمووی: ((باكەسێكتان نەبینم كە لە ڕۆژی قیامەتدا بێت و حوشترێ لەسەر ملی بێت و بقۆڕێنێ، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام كەوە، منیش بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، كاتی خۆی پێم ڕاگەیاندویت و، باكەسێكتان نەبینم كە لە ڕۆژی قیامەتدا بێت ئەسپی بەسەر ملیەوە بێت و بحیلكێنێ، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا، فریام كەوە، منیش بڵێم؛ دەسەڵاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، خۆ پێم ڕاگەیاندوی، با كەسێكتان نەبینم كە لە ڕۆژی قیامەت دا بێت و مەڕێ بەسەرملیەوە بێت و بباڕێنێ، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام كەوە، منیش بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، پێم ڕاگەیاندوویت، باكەسێكتان نەبینم كەلە ڕۆژی قیامەتدا بێت و گیانلەبەرێك بەسەرملیەوە بێت و هاوار بكات، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام كەوە، منیش بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، خۆ پێم ڕاگەیاندویت، با كەسێكتان

نەبینم كە لەڕۆژی قیامەتدا بێت و چەند پارچە قوماشێ بەسەرملیەوە بن و بشەكێنەوە و بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام كەوە، منیش بڵێم: دەسەلاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، خۆ پێم ڕاگەیاندویت، باكەسێكتان نەبینم كە لە ڕۆژی قیامەتدا بێت و ئاڵتون و زیو و شتومەك بەسەرملیەوە بێت و، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام كەوە، منیش بڵێم: دەسەلاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، كاتێ خۆی پێم ڕاگەیاندویت)).

(١٣) ئەوەی فەرمانڕەواكان دەیشارنەوە خیانەتە

١١٦٠ـ عَنْ عَدِيِّ بْنِ عَمِيرَةَ الْكِنْدِيِّ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ مِنْكُمْ عَلَى عَمَلٍ، فَكَتَمَنَا مِخْيَطًا فَمَا فَوْقَهُ كَانَ غُلُولًا يَأْتِي بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). قَالَ: فَقَامَ إِلَيْهِ رَجُلٌ أَسْوَدُ مِنَ الْأَنْصَارِ كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْهِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اقْبَلْ عَنِّي عَمَلَكَ. قَالَ: ((وَمَا لَكَ)). قَالَ: سَمِعْتُكَ تَقُولُ كَذَا وَكَذَا، قَالَ: ((وَأَنَا أَقُولُهُ الْآنَ: مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ مِنْكُمْ عَلَى عَمَلٍ، فَلْيَجِئْ بِقَلِيلِهِ وَكَثِيرِهِ، فَمَا أُوتِيَ مِنْهُ أَخَذَ، وَمَا نُهِيَ عَنْهُ انْتَهَى)).

(عدي) كوڕی (عميرة الكندي) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە كە دەیفەرموو: ((هەر كەسێكمان لە ئێوە كردە كاربەدەست و دەرزیەكی دروومان یان زیاتری لێشاردینەوە ئەوە خیانەتە و لە ڕۆژی قیامەتدا گیرۆدە دەبێ)). پیاوێكی ڕەش پێست لە یاریدەدەران لێیهەڵسا، وەك هەر ئێستە چاوم لێی بێ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو كارەم لێوەربگرەوە كە پێت سپاردووم. فەرمووی: ((تۆ چیتە)) وتی: لێم بیستی ئەوە و ئەوەت فەرموو، فەرمووی: ((من ئێستەش دەیڵێم: كە هەر كەسێكمان لە ئێوە كردە كاربەدەست، با (هەر چی دەست ئەكەوێ) كەم و زۆریمان بۆ بهێنێت ئەوەی كە پێی دەدرێ وەری بگرێت، ئەوەیش نایدرێتێ دەستی لێهەڵبگرێ)).

(١٤) دیاری بۆ فەرمانڕەواكان

١١٦١ـ عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ (ﷺ) قَالَ: اسْتَعْمَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلًا مِنَ الْأَسد عَلَى صَدَقَاتِ بَنِي سُلَيْمٍ يُدْعَى ابْنَ اللُّبْنِيَّةِ، فَلَمَّا جَاءَ حَاسَبَهُ، قَالَ: هَذَا مَالُكُمْ وَهَذَا هَدِيَّةٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَهَلَّا جَلَسْتَ فِي بَيْتِ أَبِيكَ وَأُمِّكَ حَتَّى تَأْتِيَكَ هَدِيَّتُكَ إِنْ كُنْتَ صَادِقًا)). ثُمَّ خَطَبَنَا فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: ((أَمَّا بَعْدُ، فَإِنِّي أَسْتَعْمِلُ الرَّجُلَ مِنْكُمْ عَلَى الْعَمَلِ مِمَّا وَلَّانِي اللَّهُ، فَيَأْتِي فَيَقُولُ: هَذَا

مَالُكُمْ، وَهَذَا هَدِيَّةٌ أُهْدِيَتْ لِي، أَفَلَا جَلَسَ فِي بَيْتِ أَبِيهِ وَأُمِّهِ حَتَّى تَأْتِيَهُ هَدِيَّتُهُ إِنْ كَانَ صَادِقًا؟ وَاللَّهِ لَا يَأْخُذُ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنْهَا شَيْئًا بِغَيْرِ حَقِّهِ إِلَّا لَقِيَ اللَّهَ تَعَالَى يَحْمِلُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَلَأَعْرِفَنَّ أَحَدًا مِنْكُمْ لَقِيَ اللَّهَ يَحْمِلُ بَعِيرًا لَهُ رُغَاءٌ، أَوْ بَقَرَةً لَهَا خُوَارٌ، أَوْ شَاةً تَيْعَرُ)) ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ حَتَّى رُئِيَ بَيَاضُ إِبْطَيْهِ يقول: ((اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ)). بَصُرَ عَيْنِي، وَسَمِعَ أُذُنِي. [بخاري/ الحيل/ ٦٥٧٨]

(أبو حميد الساعدي) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێكی (اسد)[1]ی كردە كارمەندی كۆكەرەوەی زەكاتی (بني سُلَيم) ناودەبرا بە (ابن اللتبيّة)، كاتێ هاتەوە كەوتە لێپرسینەوەی، وتی: ئەم سامانە هی ئێوەیە و ئەمە دیاریە بۆ من، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر ڕاستگۆیت بۆ دانەنیشتی لەماڵی دایك و باوكتدا هەتا دیاریەكەتت بۆ بێت)). پاشان وتاری بۆ داین و سوپاس و ستایشی خوای (ﷻ)ی كرد، ئینجا فەرمووی: ((لەپاشان، من پیاوێ لە ئێوە دەكەمە كارمەند بەسەر ئەو ئیشەوە كە خوا داویەتە دەستم، كەچی دێت و دەڵێ: ئەوە سامانەكەی ئێوەیە، ئەوەش دیاری‌یە دراوە بە من، ئەی بۆ لە ماڵی باوك و دایكیدا دانەنیشت، دیاریەكەی بۆ بێت ئەگەر ڕاستگۆیە؟ بەخوا هەریەكێ لە ئێوە شتێك وەربگرێ كە بە حەقی خۆی نەبێ كە ڕۆژی قیامەت گەیشت بەخوای بالادەست دەبێ بە كۆڵیەوە بێت. یەكێك لە ئێوە دەناسمەوە كە بە خوای (ﷻ) دەگات حوشترێ بە كۆڵیەوەیەتی و بارەبارپیەتی، یان مانگایەك قۆڕەی لێدێ یان مەڕێك باعەباعیەتی)). پاشان هەردوو دەستی بەرز كردەوە هەتا سپیایی هەردوو بن باڵی بینرا و دەیفەرموو: ((خوایە، ئەوا گەیاندم)). (أبو حميد) دەڵێ: چاوم بینی و گوێم بیستی.

(١٥) پەیمانی ژێر درەختەكە دەربارەی ڕانەكردن و پشت هەڵنەكردن

١١٦٢ـ عَنْ جَابِرِ بن عبدالله (ﷺ) قَالَ: كُنَّا يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ أَلْفًا وَأَرْبَعَ مِائَةً، فَبَايَعْنَاهُ وَعُمَرُ (ﷺ) آخِذٌ بِيَدِهِ تَحْتَ الشَّجَرَةِ، وَهِيَ سَمُرَةٌ، وَقَالَ: بَايَعْنَاهُ عَلَى أَنْ لَا نَفِرَّ، وَلَمْ نُبَايِعْهُ عَلَى الْمَوْتِ. [البخاري/ المغازي/ ٣٩٢١]

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لە ڕۆژی حودەیبیەدا هەزار و چوارسەد، بووین، پەیمانمان دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، و (عمر) (ﷺ) لە ژێر

[1] الأسد: پێیان دەوترێ الأزد.

درەختی (سَمُرة) دا دەستی بە دەستیەوە بوو، پەیمانمان پێدا لە جەنگدا ڕانەكەین، بەڵام پەیمانی مردنمان نەدایە.

١١٦٣ـ عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: سَأَلْتُ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَصْحَابِ الشَّجَرَةِ؟ فَقَالَ: لَوْ كُنَّا مِائَةَ أَلْفٍ لَكَفَانَا، كُنَّا أَلْفًا وَخَمْسَ مِائَةٍ.

(سالم) كوڕی (أبو الجعد) دەڵێ: لەبارەی ژمارەی هاوەڵانی درەختەكە پرسیارم كرد لە (جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ)؟ لەوەڵامدا وتی: هەزار و پێنج سەد كەس بووین خۆ ئەگەر سەدهەزاریش بوینایە بەشی دەكردین[٢].

١١٦٤ـ عَنْ عَبْدُ اللهِ بْنُ أَبِي أَوْفَى (ﷺ) قَالَ: كَانَ أَصْحَابُ الشَّجَرَةِ أَلْفًا وَثَلَاثَ مِائَةٍ، وَكَانَتْ أَسْلَمُ ثُمْنَ الْمُهَاجِرِينَ. [البخاري/ المغازي/ ٣٩٢٤]

((عبدالله) كوڕی (أبو أوفى) (ﷺ) دەڵێ: هاوەڵانی درەختەكە هەزار و سێسەد كەس بوون، هۆزی (أسلم)یش هەشت یەكی كۆچكەرەكان بوون.

(١٦) پەیماندان لەسەر مردن

١١٦٥ـ عَنْ يَزِيدَ بْنِ أَبِي عُبَيْدٍ قَالَ: قُلْتُ لِسَلَمَةَ: عَلَى أَيِّ شَيْءٍ بَايَعْتُمْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ؟ قَالَ: عَلَى الْمَوْتِ. [البخاري/ المغازي/ ٣٩٣٦]

(یزید) كوڕی (ابو عبید) دەڵێ: بە (سلمة)م وت: لە ڕۆژی حودەیبیەدا لەسەر چ شتێ پەیمانتان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا؟ وتی: لەسەر مردن.

(١٧) پەیماندان لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچی بە پێی توانا

١١٦٦ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نُبَايِعُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، يَقُولُ لَنَا: ((فِيمَا اسْتَطَعْتَ)). [البخاري/ الأحكام/ ٦٧٧٦]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پەیمانمان دەدا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچی، پێمانی دەفەرموو: ((بەپێی تواناتان)).

(١٨) پەیماندان لەسەر گوێڕایەڵی مەگەر كوفرێكی ئاشكرا ببینن

١١٦٧ـ عَنْ جُنَادَةَ بْنِ أَبِي أُمَيَّةَ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ) وَهُوَ مَرِيضٌ، فَقُلْنَا: حَدِّثْنَا -أَصْلَحَكَ اللَّهُ- بِحَدِيثٍ يَنْفَعُ اللَّهُ بِهِ، سَمِعْتَهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَقَالَ: دَعَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَبَايَعْنَاهُ، فَكَانَ فِيمَا أَخَذَ عَلَيْنَا: أَنْ بَايَعَنَا عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، فِي مَنْشَطِنَا وَمَكْرَهِنَا وَعُسْرِنَا وَيُسْرِنَا، وَأَثَرَةٍ

[٢] مەبەست لەو ئاوەیە كە لە نێوان پەنجەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)وە هەڵقوڵا.

عَلَيْنَا وَأَنْ لَا نُنَازِعَ الْأَمْرَ أَهْلَهُ. قَالَ: ((إِلَّا أَنْ تَرَوْا كُفْرًا بَوَاحًا عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فِيهِ بُرْهَانٌ)). [البخاري/ الفتن/ ٦٦٤٧]

(جُنادة) كوڕی (أبو امية) دەڵێ: چووینە سەردانی (عبادە) كوڕی (صامت) (ﷺ) نەخۆش بوو، وتمان: -خوا چاكت بۆ بكا- فەرموودەیەكمان بۆ بگێڕەرەوە لە پێغەمبەری خوات (ﷺ) بیستبێ تا سوودی لێوەرگرین، (عُبادة) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی كردین و پەیمانمان پێدا، لەو خاڵانەی كە لێی وەرگرتین: پەیمانمان پێدا لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچی، لە خۆشیمان و ناخۆشیماندا و لەتەنگانەمان و لە ئاسودەییماندا، بافەرمانڕەواكانیش هەندێ مافمان بەرن بۆ خۆیان، پەیماندا كە ململانێ نەكەین لەگەڵ كەسێ كە شایستەی فەرمانڕەوایی بێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((مەگەر كوفرێكی ئاشكرا ببینن و بەڵگەتان لای خواوە هەبێت لەسەری)).

(١٩) تاقیكردنەوەی ئافرەتە باوەڕدارەكان

١١٦٨- عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَتِ الْمُؤْمِنَاتُ إِذَا هَاجَرْنَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يُمْتَحَنَّ بِقَوْلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَمَنْ أَقَرَّ بِهَذَا مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ فَقَدْ أَقَرَّ بِالْمِحْنَةِ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ) إِذَا أَقْرَرْنَ بِذَلِكَ مِنْ قَوْلِهِنَّ قَالَ لَهُنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((انْطَلِقْنَ فَقَدْ بَايَعْتُكُنَّ)). وَلَا وَاللَّهِ مَا مَسَّتْ يَدُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَدَ امْرَأَةٍ قَطُّ، غَيْرَ أَنَّهُ يُبَايِعُهُنَّ بِالْكَلَامِ. قَالَتْ عَائِشَةُ (ﷺ): وَاللَّهِ مَا أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى النِّسَاءِ قَطُّ إِلَّا بِمَا أَمَرَهُ اللَّهُ تَعَالَى، وَمَا مَسَّتْ كَفُّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كَفَّ امْرَأَةٍ قَطُّ، وَكَانَ يَقُولُ لَهُنَّ إِذَا أَخَذَ عَلَيْهِنَّ: ((قَدْ بَايَعْتُكُنَّ)) كَلَامًا. [البخاري/ الطلاق/ ٤٩٨٣]

(عائشة) (رضي الله عنها) هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: هەركاتێ ئافرەتە باوەڕدارەكان كۆچیانبكردایە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم فەرموودەیەی سەرەوەی خوای (ﷻ) تاقی دەكرانەوە كە ئەمە ماناكەیەتی: ((ئەی پێغەمبەر (ﷺ) كاتێك ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆ لات و پەیمانیان پێدایت با هیچ جۆرە هاوەڵێك بۆ خوا بڕیارنەدەن، زینا نەكەن، ڕۆڵەكانی خۆیان نەكوژن، هیچ جۆرە بوختانێك نەكەن لە نێوان دەست و پێی خۆیاندا)) هەتا كۆتایی ئایەتەكە ، عائشە وتی: هەر كام لە ئافرەتە باوەڕدارەكان دانی

بنایە بەوەدا ئەوا، دانی دەنا، بە بەرگەگرتنی تاقیکردنەوەکەدا، جا ئەگەر بە وتەی خۆیان دانیان بنایە بەوەدا ئیتر پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو پێیان: ((بڕۆن ئەوا پەیمانم لێوەرگرتن)). سوێند بە خوا هەرگیز دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکەوتوە لە دەستی هیچ ئافرەتێك، بەڵکو هەر بە قسە پەیمانی لێوەردەگرتن، عائشە (﵂) دەڵێ: سوێند بە خوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر پەیمانێکی لە ئافرەتان وەرگرتبێت هەر ئەوە بووە کە خوا فەرمانی پێکردووە، هەرگیز ناو لەپی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکەوتوە لە ناو لەپی هیچ ئافرەتێك، هەر کاتێ بەیعەتی لێوەربگرتنایە هەر بە قسە دەیفەرمووپێیان: ((ئەوا پەیمانم لێ وەرگرتن)).

(٢٠) گوێڕایەڵی کردنی پێشەوا

١١٦٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ، وَمَنْ يَعْصِنِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ، وَمَنْ يُطِعِ الْأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِي، وَمَنْ يَعْصِ الْأَمِيرَ فَقَدْ عَصَانِي)). [البخاري/ الأحكام/ ٦٧١٨]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەرکەسێ گوێڕایەڵی من بکات ئەوا گوێڕایەڵی خوای کردووە، هەر کەسێ سەرپێچی من بکات ئەوا سەرپێچی خوای کردووە، هەر کەسێ گوێڕایەڵی فەرمانڕەواکەی بکات ئەوا گوێڕایەڵی منی کردووە، هەر کەسێ سەرپێچی فەرمانڕەواکەی بکات ئەوا سەرپێچی منی کردووە)).

(٢١) گوێڕایەڵی کردنی کەسێ کار بە قورئان بکات

١١٧٠ـ عَنْ يَحْيَى بْنِ حُصَيْنٍ، عَنْ جَدَّتِهِ أُمِّ الْحُصَيْنِ (﵂) قَالَ: سَمِعْتُهَا تَقُولُ: حَجَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَجَّةَ الْوَدَاعِ، قَالَتْ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَوْلًا كَثِيرًا، ثُمَّ سَمِعْتُهُ يَقُولُ: ((إِنْ أُمِّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ مُجَدَّعٌ -حَسِبْتُهَا قَالَتْ- أَسْوَدُ، يَقُودُكُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ، فَاسْمَعُوا لَهُ وَأَطِيعُوا)).

(یحیى) کوڕی (حُصَین)، لە دایەگەورەیەوە دایکی (حصَین) (﵂) دەڵێ: لەدایەگەورەمەوە بیستم دەیووت: لەخزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا حەجی ماڵئاواییم کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی زۆری فەرموو، لەپاشاندا لێم بیست دەیفەرموو: ((ئەگەر بەندەیەکی لوت و گوێ بڕاو وابزانم نەنکم وتی

ڕەش پێستیش ـ کرایە فەرماندە بەسەرتانەوە بە قورئانەکەی خوا پێشەوایەتی کرد ئەوا گوێڕایەڵ و ملکەچی بن)).

(٢٢) گوێڕایەڵی بۆ چاکە و سەرپێچی لە خراپە

١١٧١ـ عَنْ عَلِيّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَ جَيْشًا وَأَمَّرَ عَلَيْهِمْ رَجُلًا، فَأَوْقَدَ نَارًا وَقَالَ: ادْخُلُوهَا، فَأَرَادَ نَاسٌ أَنْ يَدْخُلُوهَا، وَقَالَ الْآخَرُونَ: إِنَّا قَدْ فَرَرْنَا مِنْهَا، فَذُكِرَ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ لِلَّذِينَ أَرَادُوا أَنْ يَدْخُلُوهَا: ((لَوْ دَخَلْتُمُوهَا لَمْ تَزَالُوا فِيهَا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)). وَقَالَ لِلْآخَرِينَ قَوْلًا حَسَنًا، وَقَالَ: ((لَا طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ، إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ)). [البخاري/ التمني/ ٦٨٣٠]

(علي) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوپایەکی نارد و پیاوێکی کردە فەرماندەیان، ئەمیش ئاگرێکی کردەوە و وتی: بچنە ناوی، کەسانێك ویستیان بچنە ناو ئاگرەکە، کەسانێکی تریش وتیان: ئێمە لە ئاگر ڕامانکردووە، ئەم ڕووداوە باس کرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی بەوانە کە ویستیان بچنە ناو ئاگرەکە: ((ئەگەر بڕۆشتنایەتە ناوی هەتا ڕۆژی دوایی تیایدا دەبوون)) وە فەرموودەیەکی چاکیشی بەوانی تر فەرموو، ئینجا فەرمووی: ((گوێڕایەڵی ناکرێ بۆ سەرپێچی خوا، بەڵکو گوێڕایەڵی بۆ چاکەیە و بەس)).

(٢٣) ئەگەر فەرمان درا بە تاوان گوێڕایەڵی ناکرێت

١١٧٢ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ، إِلَّا أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ)). [البخاري/ الاحكام/ ٦٧٢٥]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((پێویستە کەسی موسڵمان گوێڕایەڵ و ملکەچ بێت لەو شتەدا پێی خۆشە یان پێی ناخۆش بێ، مەگەر فەرمانی پێ بدرێ بە تاوان جا ئەگەر فەرمانی پێدرا بە تاوان ئەوا نە گوێڕایەڵ بێ و نە ملکەچ)).

(٢٤) گوێڕایەڵی کردنی فەرمانڕەواکان با مافەکانیش بگرنەوە

١١٧٣ـ عَنْ وَائِلٍ الْحَضْرَمِيِّ قَالَ: سَأَلَ سَلَمَةُ بْنُ يَزِيدَ الْجُعْفِيُّ (ﷺ) رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ إِنْ قَامَتْ عَلَيْنَا أُمَرَاءُ يَسْأَلُونَا حَقَّهُمْ وَيَمْنَعُونَا حَقَّنَا، فَمَا تَأْمُرُنَا؟ فَأَعْرَضَ عَنْهُ، ثُمَّ سَأَلَهُ فَأَعْرَضَ عَنْهُ، ثُمَّ سَأَلَهُ فِي الثَّانِيَةِ أَوْ

فِي الثَّالِثَةِ، فَجَذَبَهُ الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ وَقَالَ: اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا، فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ، وَفِي رواية قَالَ: فَجَذَبَهُ الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا، فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ)).

(وائل الحضرمي) دەڵێ: (سلمة) كوڕی (يزيد الجعفی) (ﷺ) پرسياری كرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چۆنە ئەگەر جۆرە فەرمانڕەوايانێك بوونــە بـەرپرسمان داوای مافـەكانی خۆيانمـان لێبكـەن و لـە مافەكانی خۆيشمان بێبەشمان بكەن، ئەو كاتە فـەرمانمان بە چی پێدەكەيت، ڕووی لێوەرچـەرخان، ديسـان پرسـياری لێكـردەوە هـەر ڕووی لێوەرچـەرخان پاشان بۆ دووبارە يـان سـێبارە پرسـياری لێكـردەوە، ئينجـا (اشـعت) كـوڕی (قيس) بە توندی ڕايكێشـا و وتـی: گوێڕايـەڵ و ملكـەچ بـن، ئـەوان بەرپرسـن لـەوەی لـە ئەسـتۆياندايە و ئێـوەش بەرپرسـن لـەوەی لـە ئەسـتۆتان دايـە، لـە ڕيوايەتێكی تردا، وتی (اشعت) كوڕی (قيس) ڕايكێشا، ئينجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمووی: ((گوێڕايـەڵ و ملكـەچ بـن، ئـەوان بەرپرســن لــەوەی لــە ئەستۆياندايە ئێوەش بەرپرسن لەوەی لە ئەستۆتاندايە)).

(٢٥) فەرمانڕەوايی چاك و فارمانڕەوايی خراپ

١١٧٤ـ عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) قَالَ: ((خِيَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُحِبُّونَهُمْ وَيُحِبُّونَكُمْ، وَيُصَلُّونَ عَلَيْكُمْ وَتُصَلُّونَ عَلَيْهِمْ. وَشِرَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُبْغِضُونَهُمْ وَيُبْغِضُونَكُمْ، وَتَلْعَنُونَهُمْ وَيَلْعَنُونَكُمْ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّه، أَفَلَا نُنَابِذُهُمْ بِالسَّيْفِ؟ فَقَالَ: ((لَا، مَا أَقَامُوا فِيكُمُ الصَّلَاةَ، وَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنْ وُلَاتِكُمْ شَيْئًا تَكْرَهُونَهُ فَاكْرَهُوا عَمَلَهُ، وَلَا تَنْزِعُوا يَدًا مِنْ طَاعَةٍ)).

(عـوف) كـوڕی (مـالك) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: ((چاكترين فەرمانڕەواكانتان ئەوانەن كە خۆشتان دەوێن و خۆشـيان دەوێـن، دۆعـای چاكـەتان بــۆ دەكــەن و دۆعــای چاكـەيان بـۆ دەكـەن، خراپـترين فـەرمانڕەواكانتان ئەوانـەيانن كـە ڕەقتـان لێيـان دەبـێ و ڕقيـان ليتـان دەبـێ، نەفرەتيان لێدەكەن و نـەفرەتتان لێدەكەن)) وتـرا: ئەی پێغەمبەری خـوا (ﷺ)، ئەی بە شمشێرەكان نەجەنگێين لە گەڵياندا؟ فەرمووی: ((نەخێر، مادامێ نوێژ لەناوتاندا دەكـەن، هـەر كاتـێ شـتێكتان بينـی لەفـەرمانڕەواكانتان كـە پێتـان ناخۆش بێ ئەوا دەست مەكێشنەوە لە گوێڕايەڵی)).

(٢٦)ئارەزایی دەرنەبڕین لە كارە ناشەرعیەكانی فەرمانڕەواكان

١١٧٥ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((إِنَّهُ يُسْتَعْمَلُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ، فَتَعْرِفُونَ وَتُنْكِرُونَ، فَمَنْ كَرِهَ فَقَدْ بَرِئَ، وَمَنْ أَنْكَرَ فَقَدْ سَلِمَ، وَلَكِنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَا نُقَاتِلُهُمْ؟ قَالَ: ((لَا، مَا صَلَّوْا)). أَيْ مَنْ كَرِهَ بِقَلْبِهِ وَأَنْكَرَ بِقَلْبِهِ.

(ام سلمة) (ﷺ) هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((كەسانێك دەكرێتە فەرمانرەواتان، كاری وایان لێدەبینی كە هەندێكیان پەسەندی شەرعن و هەندێكیان پەسەندی شەرع نین، هەر كەسێ پێی ناخۆش بێ (واتە ناشەرعیەكان) ئەوا بێتاوانە، وە هەركەسێكیش نكوڵی لێبكا ئەوا سەلامەتە لە تاوان، بەڵام (تاوان بار) كەسێكە كە ڕازی بێت (بەو ناشەرعیانە) و شوێنكەوتە بێت)). وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ئەی نەجەنگێین لەگەڵیاندا؟ فەرمووی: ((نەخێر، تا نوێژ بكەن)).

(٢٧) ئارامگرتن لە كاتی جیاوازی كردندا

١١٧٦ـ عَنْ أُسَيْدِ بْنِ حُضَيْرٍ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ خَلَا بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي كَمَا اسْتَعْمَلْتَ فُلَانًا، فَقَالَ: ((إِنَّكُمْ سَتَلْقَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً، فَاصْبِرُوا حَتَّى تَلْقَوْنِي عَلَى الْحَوْضِ)). [البخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٨١]

(أسَيد) كوڕی (حُضَیر) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لە یارمەتیدەران لە پەنایەكەوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی وت: بۆچی نامكەیتە كار بەدەست، هەر وەك فلان كەست كردوە بە كار بەدەست؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئێوە لە دوای من دەگەن بە ڕۆژێك كە ڕێزی (فضلی) خەڵكی دەدرێت بەسەرتاندا، ئارام بگرن هەتا لەسەر حەوزەكە بەمن بگەن)).

(٢٨) دەست گرتن بە كۆمەڵی موسڵمانانەوە كاتی سەرهەڵدانی فیتنە

١١٧٧ـ عنْ حذيفة بن اليمان (ﷺ) قَالَ: كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْخَيْرِ، وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ، فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ شَرٌّ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، وَفِيهِ دَخَنٌ)). قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ؟ قَالَ: ((قَوْمٌ يَسْتَنُّونَ بِغَيْرِ سُنَّتِي وَيَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ، فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ، مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا

قَذَفُوهُ فِيهَا)). فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا. قَالَ: ((نَعَمْ، قَوْمٌ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَمَا تَرَى إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟ قَالَ: ((تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ)). فَقُلْتُ: فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ؟ قَالَ: ((فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْلِ شَجَرَةٍ، حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ)). [البخاري/ المناقب/ ٣٤١١]

(حذيفة) كوڕی (اليمان) (ﷺ) دەڵێ: خەڵكی لەبارەی چاكەوە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەكرد، منیش لە بارەی خراپەوە پرسیارم لێدەكرد لە ترسی ئەوە نەبادا توشم ببێت، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە پێشتریش لە نەفامی و خراپەدا بووین، خوا ئەم چاكەیەی بۆ هێناین، ئایا لە دوای ئەم چاكەیە خراپە هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) ئینجا عەرزم كرد: ئایا لە دوای ئەو خراپەیەش چاكە هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ هەیە، بەڵام لێڵی تێدایە)) وتم: لێڵ یەكەی چییە؟ فەرمووی: ((كەسانێك ڕەفتارێك دەكەن بەدەر لە ڕەفتار و سوننەتی من وە شوێن ڕێنماییەك دەكەون بەدەر لە ڕێنمایی من، هەندێ شتیان پێچاكە و هەندێ شتیشیان پێ خراپە)) دیسان وتم: ئایا لە دوای ئەوە چاكەیە وەخراپە هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ بانگەوازكەرانێك هەن لەسەر دەرگای دۆزەخ وەستاون، هەر كەس بچێت بەدەم بانگەوازەكەیانەوە فڕێیدەدەنە ناوی)) دووبارە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفیان بكە بۆمان، فەرمووی: ((بەڵێ، كەسانێكن لە خۆمان و بە زمانی خۆشمان قسەدەكەن)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چ دەفەرمووی پێم بكەم ئەگەر ئەمەم توش هات؟ فەرمووی: ((دەست بگرە بە كۆمەڵی موسڵمانان و پێشەواكەیانەوە))، ئینجا وتم: ئەی ئەگەر نە كۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا؟ فەرمووی: ((خۆت بە دوور بگرە لە هەموو گروپەكان، بابەتەنهاش قەپ بكەی بە بن دارێكدا، هەتا مردن یەخەت دەگرێ تۆ لەسەر ڕاستی بە)).

(٢٩) حوكمی كەسێك كە سەرپێچی دەكات و لەكۆمەڵ جیادەبێتەوە

١١٧٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((مَنْ خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ وَفَارَقَ الْجَمَاعَةَ، فَمَاتَ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً. وَمَنْ قَاتَلَ تَحْتَ رَايَةٍ عِمِّيَّةٍ يَغْضَبُ لِعَصَبَةٍ، أَوْ يَدْعُو إِلَى عَصَبَةٍ، أَوْ يَنْصُرُ عَصَبَةً، فَقُتِلَ فَقِتْلَةٌ جَاهِلِيَّةٌ. وَمَنْ خَرَجَ

عَلَى أُمَّتِي يَضْرِبُ بَرَّهَا وَفَاجِرَهَا، وَلَا يَتَحَاشَى مِنْ مُؤْمِنِهَا، وَلَا يَفِي لِذِي عَهْدٍ عَهْدَهُ، فَلَيْسَ مِنِّي وَلَسْتُ مِنْهُ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەو کەسەی لە گوێڕایەڵی دەردەچێ و لە کۆمەڵ جیادەبێتەوە، دەمرێت ئەوا بە مردنێکی نەفامی دەمرێت وە ئەو کەسەی کە لە ژێر ئالایەکی کوێرانەدا دەجەنگێ و بۆ دەمار گیریەك تورە دەبێ و، یان بانگەواز دەکات بۆ دەمار گیریەك، وەیان پشتی دەمار گیری دەگرێت، کە کوژرا کوژرانەکەی نەفامانەیە، وە ئەو کەسەی کە لە ئوممەتی من دەردەچێ و کوێرانە دەدات لە چاك و لە خراپی و گوێنادات بە ئازاردانی باوەڕداران و وەفاناکات بە بەڵێنی ئەو کەسەی کە بەڵێنی پێدراوە، ئەوا لە من نیە و منیش لەو نیم)).

١١٧٩ـ عَنْ نَافِعٍ قَالَ: جَاءَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ (ﷺ) إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُطِيعٍ حِينَ كَانَ مِنْ أَمْرِ الْحَرَّةِ مَا كَانَ، زَمَنَ يَزِيدَ بْنِ مُعَاوِيَةَ، فَقَالَ: اطْرَحُوا لِأَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ وِسَادَةً، فَقَالَ: إِنِّي لَمْ آتِكَ لِأَجْلِسَ، أَتَيْتُكَ لِأُحَدِّثَكَ حَدِيثًا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُهُ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ خَلَعَ يَدًا مِنْ طَاعَةٍ لَقِيَ اللَّهَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا حُجَّةَ لَهُ، وَمَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً)).

(نافع) دەڵێ: عبدالله کوڕی (عمر) (ﷺ) هات بۆ لای (عبدالله) کوڕی (مطیع)لە کاتی ڕوودانی ئەوەی کە لە ڕۆژی (الحرةً)[1] دا ڕوویدا، سەردەمی یەزیدی کوڕی معاویە بوو وتی: پشتیەك دانێن بۆ (ابو عبدالرحمن)، ئەویش وتی: من بۆ ئەوە نەهاتوم دابنیشم، من هاتوم بۆلات، بۆ ئەوەی فەرموودەیەکت بۆ بگێڕمەوە، کە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)م بیستووە، کە دەیفەرموو: ((هەر کەسێ دەستی بکێشێتەوە لە گوێڕایەڵی و ملکەچی لە ڕۆژی قیامەتدا بە خوا (ﷻ) دەگات و بەڵگەی بەدەستەوە نیە، وە هەرکەسێ بمرێ و پەیمانی پێشەوای موسڵمانان لە گەردنیدا نەبێ ئەوە بە مردنێکی نەفامانە دەمرێت)).

---

[1] الحرةً: ئەو ڕۆژەیە کە خەڵکی مەدینە جەنگان لەگەڵ سوپای (یزید)ی کوڕی (معاویە) کە هاتبوو بە زۆر پەیمانیان لێوەربگرێ بۆ یەزید. الحرةً: زەویەکی بەردینە لەدەرەوەی مەدینە. بەردەکانی ڕەشن.

(٣٠) سزای دووبەرەكی خستنە نێو موسڵمانانەوە

١١٨٠- عَنْ عَرْفَجَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّهُ سَتَكُونُ هَنَاتٌ وَهَنَاتٌ، فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ هَذِهِ الْأُمَّةِ -وَهِيَ جَمِيعٌ- فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ، كَائِنًا مَنْ كَانَ)).

(عَرفَجة) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)م بیستووە دەیفەرموو: ((لە ئایندەدا فیتنە گەلێك دێنە پێش، هەر كەسێك بیەوێت دوو بەرەكی بخاتە نێو كاری ئەم ئوممەتەوە -لەكاتێكدا یەك بن- بەشمشێر لێی بدەن با هەركەسێك بێت)).

(٣١) هەر كەس چەكمان لێ هەڵبگرێ لە ئێمە نیە

١١٨١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا، وَمَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر كەسێ چەكمان لێ هەڵبگرێ لە ئێمە نییە، وە هەر كەسێ گزیمان لێبكات لە ئێمە نیە)).

(٣٢) دەست گرتن بە ئاینی خواوە و وازهێنان لە دووبەرەكی

١١٨٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلَاثًا، وَيَكْرَهُ لَكُمْ ثَلَاثًا: فَيَرْضَى لَكُمْ أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا. وَيَكْرَهُ لَكُمْ: قِيلَ وَقَالَ، وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ، وَإِضَاعَةَ الْمَالِ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خوا لە سێ شتتان ڕازییە و لە سێ شتیشتان ناڕازییە؛ ڕازی دەبێ كە بیپەرستن و هیچ شتێك نەكەنە هاوەڵی، وە هەمووتان دەست بگرن بە ئاینی خواوە، و ناكۆك مەبن، وە پێی ناخۆشە بۆتان: وتی وتی ، زۆر پرسیار كردن، ماڵ بەفیڕۆدان)).

(٣٣) ڕەتكردنەوەی كاری داهێنراو

١١٨٣- عَنْ سَعْدِ بْنِ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: سَأَلْتُ الْقَاسِمَ بْنَ مُحَمَّدٍ عَنْ رَجُلٍ لَهُ ثَلَاثَةُ مَسَاكِنَ، فَأَوْصَى بِثُلُثِ كُلِّ مَسْكَنٍ مِنْهَا. قَالَ: يُجْمَعُ ذَلِكَ كُلُّهُ فِي مَسْكَنٍ وَاحِدٍ، ثُمَّ قَالَ: أَخْبَرَتْنِي عَائِشَةُ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ)). [البخاري/ الصلح/ ٢٥٥٠]

(سعد) كوڕی (إبراهيم) دەڵێ: پرسيارم كرد لە (قاسم) كوڕی (محمد) لەبارەی پياوێكەوە كە سێ خانووی هەيە، وەسيەتی كردوە بەسێيەكی هەريەك لەوخانووانە. وتی: ئەو سيانە لەيەك خانوودا كۆدەكرێنەوە، پاشان وتی: عائشة (ﷺ) ئاگاداری كردم: كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی: ((هەر كەسێ كارێ بكات كە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەوا ڕەت دەكرێتەوە)).

(٣٤) ئەو كەسەی فەرمان دەدات بە چاكە و خۆی نايكات

١١٨٤ـ عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ) قَالَ: قِيلَ لَهُ: أَلَا تَدْخُلُ عَلَى عُثْمَانَ فَتُكَلِّمَهُ؟ فَقَالَ: أَتَرَوْنَ أَنِّي لَا أُكَلِّمُهُ إِلَّا أُسْمِعُكُمْ؟ وَاللَّهِ لَقَدْ كَلَّمْتُهُ فِيمَا بَيْنِي وَبَيْنَهُ. مَا دُونَ أَنْ أَفْتَتِحَ أَمْرًا لَا أُحِبُّ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ فَتَحَهُ، وَلَا أَقُولُ لِأَحَدٍ يَكُونُ عَلَيَّ أَمِيرًا: إِنَّهُ خَيْرُ النَّاسِ، بَعْدَ مَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((يُؤْتَى بِالرَّجُلِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ، فَتَنْدَلِقُ أَقْتَابُ بَطْنِهِ، فَيَدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الْحِمَارُ بِالرَّحَى، فَيَجْتَمِعُ إِلَيْهِ أَهْلُ النَّارِ فَيَقُولُونَ: يَا فُلَانُ مَا لَكَ؟ أَلَمْ تَكُنْ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ؟ فَيَقُولُ: بَلَى، قَدْ كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلَا آتِيهِ، وَأَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ وَآتِيهِ)). [البخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٩٤]

(أسامة) كوڕی (زيد) (ﷺ) دەڵێ: پێی وترا: بۆ ناچيتە لای عثمان و بيدوێنی؟ وتی: ئايا ئێوە وا دەزانن كە ئێوە گوێتان لێنيە ئيتر قسەی لەگەڵ ناكەم سوێند بەخوا دوو بە دوويی قسەم لەگەڵدا كردوە، بەبێ ئەوەی دەرگای كارێك بكەمەوە كە حەز ناكەم يەكەم كەس بم لە كردنەوەيدا، وە بە كەسێكيش كە فەرمانڕەوابێ بەسەرمەوە ناڵێم: ئەو چاكترين كەسە، لەپاش ئەوەی كە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)م بيستووە دەيفەرموو: ((لە ڕۆژی قيامەتدا كەسێ دەهێنرێ و فرێ دەدرێتە ناو ئاگر، ناوسك و ڕێخۆڵەكانی هاتونەتە دەرەوە، خەڵكانی نێو دۆزەخ لێی كۆدەبنەوە و دەڵێن: فلانە كەس ئەوە چيتە؟ ئەی تۆ نەبووی فەرمانت دەدا بە چاكە و ڕێگريت دەكرد لە خراپە؟ ئەويش دەڵێ: بەڵێ من فەرمانم دەدا بە چاكە و خۆم نەمدەكرد، وە ڕێگريم دەكرد لە خراپە و خۆم دەمكرد)).

(٣٧) بەشی ڕاو و سەربڕین

(١) ڕاوکردن بە تیر و ناوی خواهێنان لە کاتی تەقاندنی

١١٨٥. عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، فَإِنْ أَمْسَكَ عَلَيْكَ فَأَدْرَكْتَهُ حَيًّا فَاذْبَحْهُ، وَإِنْ أَدْرَكْتَهُ قَدْ قَتَلَ وَلَمْ يَأْكُلْ مِنْهُ فَكُلْهُ، وَإِنْ وَجَدْتَ مَعَ كَلْبِكَ كَلْبًا غَيْرَهُ –وَقَدْ قَتَلَ– فَلَا تَأْكُلْ فَإِنَّكَ لَا تَدْرِي أَيُّهُمَا قَتَلَهُ، وَإِنْ رَمَيْتَ سَهْمَكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، فَإِنْ غَابَ عَنْكَ يَوْمًا فَلَمْ تَجِدْ فِيهِ إِلَّا أَثَرَ سَهْمِكَ فَكُلْ إِنْ شِئْتَ، وَإِنْ وَجَدْتَهُ غَرِيقًا فِي الْمَاءِ فَلَا تَأْكُلْ)). [البخاري/ الذبائح و الصيد/ ٥١٦٧]

(عدي) کوڕی (حاتم) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم: ((هەر کات سەگەکەتت[1] کردە نێچیرەکە ناوی خوا بهێنە، جا ئەگەر نێچیری بۆ گرتی و بەزیندوویی پیاگەیشتی سەری ببڕە، وە ئەگەر گەیشتیتە سەر نێچیرەکە کوژرا بوو وەلێی نەخواردبوو ئەوا بیخۆ، جائەگەر لەگەڵ سەگەکەتدا سەگێکی‌ترت بینی و (نێچیرەکە کوژرابوو) ئەوا نەیخۆیت، چونکە تۆ نازانی کە کامییان کوشتوویەتی، وە هەر کە تیرەکەتت تەقاند ناوی خوا ببە، جا ئەگەر بۆ ڕۆژێك نێچیرەکەت لێوون بوو پاشان دۆزیتەوەهیچ هۆکارێکی تری کوشتنت پێیەوە نەبینیەوە جگە لەتیرەکەی خۆت ئەگەر ویستت ئەوا بیخۆو ئەگەر دۆزیتەوەو لەناو ئاودا خنکابوو ئەوا مەیخۆ)).

(٢) ڕاوکردن بە کەوان و سەگی فێرکراو و فێرنەکراو

١١٨٦ـ عنَ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ (ﷺ) قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا بِأَرْضِ قَوْمٍ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ نَأْكُلُ فِي آنِيَتِهِمْ. وَأَرْضِ صَيْدٍ: أَصِيدُ بِقَوْسِي، وَأَصِيدُ بِكَلْبِي الْمُعَلَّمِ، أَوْ بِكَلْبِي الَّذِي لَيْسَ بِمُعَلَّمٍ، فَأَخْبِرْنِي مَا الَّذِي يَحِلُّ لَنَا مِنْ ذَلِكَ؟ قَالَ: ((أَمَّا مَا ذَكَرْتَ أَنَّكُمْ بِأَرْضِ قَوْمٍ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ تَأْكُلُونَ فِي آنِيَتِهِمْ: فَإِنْ وَجَدْتُمْ غَيْرَ آنِيَتِهِمْ فَلَا تَأْكُلُوا فِيهَا، وَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فَاغْسِلُوهَا ثُمَّ كُلُوا فِيهَا. وَأَمَّا مَا ذَكَرْتَ أَنَّكَ بِأَرْضِ صَيْدٍ: فَمَا أَصَبْتَ بِقَوْسِكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ ثُمَّ كُلْ، وَمَا أَصَبْتَ بِكَلْبِكَ الْمُعَلَّمِ فَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ ثُمَّ كُلْ، وَمَا أَصَبْتَ بِكَلْبِكَ الَّذِي لَيْسَ بِمُعَلَّمٍ فَأَدْرَكْتَ ذَكَاتَهُ فَكُلْ)). [البخاري/ الذبائح والصيد/ ٥١٦١]

---

[1] سەگی فێرەڕاو

(أبو ثعلبة الخُشني) (ﷺ) دەڵێ: هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە خاکی خەڵکانێك داین کە خاوەن پەڕاوی ئاسمانین لە قاپ و قاچاغیاندا شت دەخۆین، لە خاکێکی ڕاوکردنداین: بە کەوانەکەم ڕاو دەکەم و، بەسەگە فێرە ڕاوەکەم ڕاو دەکەم، یان بەو سەگەی کە فێرەڕاو نیە، ئاگادارم بکە بزانم چی لەوانە بۆ ئێمە حەڵاڵە؟ فەرمووی: دەربارەی ئەوەی کە باست کرد ئێوە لە خاکی خەڵکانێکی خاوەن پەڕاوی ئاسمانیدان و لە قاپ و قاچاغیاندا دەخۆن، ئەگەر قاپ و قاچاغی ترتان دەست کەوت ئەوا لە هی ئەواندا مەخۆن، جا ئەگەر هی ترتان دەست نەکەوت ئەوا قاپ و قاچاغەکەیان بشۆن و پاشان تیایدا بخۆن، دەربارەی ئەوەش کە وای لە خاکێکی ڕاودا: ئەو نێچیرەی کە بەکەوانەکەت پێکات ناوی خوای لەسەر بهێنە و پاشان بیخۆ، ئەوەش کە بەسەگە فێرەڕاوەکەت دەیگریت، ناوی خوای لەسەر بهێنە و پاشان بیخۆ، ئەو نێچیرەی کە بە سەگە فێر نەکراوەکەت دەیگریت ئەگەر فریای سەربڕینی دەکەویت ئەوا بیخۆ)).

(٣) ڕاوکردن بە نەقیزە و ناوی خواهێنان کاتی ناردنی سەگی فێرەڕاو

١١٨٧ـ عَنْ عَدِيِّ ابْنِ حَاتِمٍ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) عَنِ الْمِعْرَاضِ؟ فَقَالَ: ((إِذَا أَصَابَ بِحَدِّهِ فَكُلْ، وَإِذَا أَصَابَ بِعَرْضِهِ فَقَتَلَ فَإِنَّهُ وَقِيذٌ، فَلَا تَأْكُلْ)). وَسَأَلْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) عَنِ الْكَلْبِ؟ فَقَالَ: ((إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ وَذَكَرْتَ اسْمَ اللَّه فَكُلْ، فَإِنْ أَكَلَ مِنْهُ فَلَا تَأْكُلْ، فَإِنَّهُ إِنَّمَا أَمْسَكَ عَلَى نَفْسِه)). قُلْتُ: فَإِنْ وَجَدْتُ مَعَ كَلْبِي كَلْبًا آخَرَ، فَلَا أَدْرِي أَيُّهُمَا أَخَذَهُ؟ قَالَ: ((فَلَا تَأْكُلْ، فَإِنَّمَا سَمَّيْتَ عَلَى كَلْبِكَ وَلَمْ تُسَمِّ عَلَى غَيْرِهِ)). [البخاري/ الذبائح والصيد/ ٥١٥٨]

(عدي) کوڕی (حاتم) (ﷺ) دەڵێ: لەبارەی ڕاوکردن بە نەقیزە پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ ئەویش فەرمووی: ((ئەگەر بە سەرە تیژەکەی نێچیری کوشت ئەوا بیخۆ، بەڵام ئەگەر بە باری پانی پیاکێشا و کوشتی ئەوە مردارەبووە و، نەیحۆیت)). لەبارەی سەگەوە پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد؟ فەرمووی: ((ئەگەر سەگەکەت تێکرد و ناوی خوات هێنا ئەوا نێچیرەکە بخۆ، ئەگەر لێی خواردبێ ئیتر مەیخۆ، چونکە ئەوە تەنها بۆخۆی گرتووە)). وتم: ئەگەر لەگەڵ سەگەکەی خۆمدا سەگێکی ترم بینی و نەمزانی

کامیان گرتوویەتی؟ فەرمووی: ((نەیخۆیت، چونکە تۆ ناوی خوات لەسەر سەگەکەی خۆت بردوە و ناوی خوات بۆ ئەوی تر نەبردووە)).

(٤) ئەگەر نێچیرەکەی لێون بوو پاشان دۆزیەوە

١١٨٨- عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي الَّذِي يُدْرِكُ صَيْدَهُ بَعْدَ ثَلَاثٍ: ((فَكُلْهُ مَا لَمْ يُنْتِنْ)).

(أبو ثعلبة)(ﷺ) لە پێغەمبەر (ﷺ) وە دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەو کەسەی کە دوای سێ ڕۆژ[1] نێچیرەکەی دەدۆزێتەوە کە فەرموویەتی: ((ئەگەر بۆگەنی نەکردبێ ئەوا بیخۆ)).

(٥) دروستە سەگی ڕاوو سەگی شوان ڕابگیرێ

١١٨٩. عَنْ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (مَن اقتنَى كَلْبَاً ــ الاَّ كَلْبَ صَيْدٍ اوْ مَاشِيَةٍ . نَقَصَ مِنْ اجْرِهِ كُلَّ يَومٍ قِيرَاطَانِ)).

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو کەسەی سەگێ ڕابگرێ –جگە لە سەگی ڕاو و سەگی شوان– هەموو ڕۆژێ لەپاداشتی چاکەکانی دوو قیراط کەم دەکات)).

١١٩٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((مَنِ اتَّخَذَ كَلْبًا –إِلَّا كَلْبَ مَاشِيَةٍ أَوْ صَيْدٍ أَوْ زَرْعٍ– انْتَقَصَ مِنْ أَجْرِهِ كُلَّ يَوْمٍ قِيرَاطٌ)). قَالَ الزُّهْرِيُّ: فَذُكِرَ لِابْنِ عُمَرَ قَوْلُ أَبِي هُرَيْرَةَ، فَقَالَ: يَرْحَمُ اللَّهُ أَبَا هُرَيْرَةَ، كَانَ صَاحِبَ زَرْعٍ. [بخاري/ الذبائح والصيد/ ٥١٦٣]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو کەسەی سەگێ ڕابگرێ –جگە لەسەگی شوان و ڕاوو کشتوکاڵ– هەموو ڕۆژێ بە ڕادەی یەك قیراط لە پاداشتی چاکەکانی کەم دەکات)). (زُهري)دەڵێ: وتەکەی (ابو هريره) باسکرا بۆ (ابن عمر) ئەویش وتی: خوا ڕەحم بە (ابو هريره) بکات، ئەو خاوەنی کشتوکاڵ بوو.

(٦) سەگ کوشتن

١١٩١. عَنْ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِقَتْلِ الْكِلَابِ، حَتَّى إِنَّ الْمَرْأَةَ تَقْدَمُ مِنَ الْبَادِيَةِ بِكَلْبِهَا فَنَقْتُلُهُ، ثُمَّ نَهَى النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ قَتْلِهَا،

---

[1] بەمەرجێ کەم تەرخەم نەبێ لەگەڕان بەدوایدا.

وقَالَ: ((عَلَيْكُمْ بِالْأَسْوَدِ الْبَهِيمِ ذِي النُّقْطَتَيْنِ، فَإِنَّهُ شَيْطَانٌ)). [بخاري/ المزارعة/ ٢١٩٧]

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردین بە کوشتنی سەگ، تەنانەت کە ئافرەتێك لەبیابانەوە بەسەگەکەیەوە بهاتایە سەگەکەیمان دەکوشت، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) ڕیگری کرد لە کوشتنیان و فەرمووی: ((سەگی ڕەشی تۆخ بکوژن کە دوو خاڵی تێدایە، ئەوە وەك شەیتان وایە)).

(٧) ڕێگری لە پیچەك تەقاندن (پەلە پیتکە)

١١٩٢ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ: أَنَّ قَرِيبًا لِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ (ﷺ) خَذَفَ، قَالَ: فَنَهَاهُ وَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْخَذْفِ، وَقَالَ: ((إِنَّهَا لَا تَصِيدُ صَيْدًا، وَلَا تَنْكَأُ عَدُوًّا، وَلَكِنَّهَا تَكْسِرُ السِّنَّ وَتَفْقَأُ الْعَيْنَ)). قَالَ: فَعَادَ، فَقَالَ: أُحَدِّثُكَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْهُ ثُمَّ تَخْذِفُ؟ لَا أُكَلِّمُكَ أَبَدًا.

(سعید) کوڕی (جبیر) دەڵێ خزمێکی (عبدالله) کوڕی (مغفل) پیچەیێکی تەقاند، (عبدالله) ڕێگری لێکردو وتی: ((ئەوە نەنێچیر دەکوژێت نەدوژمن دەشکێنێت، بەڵکو دان دەشکێنیێو چاو کوێر دەکات)) جارێکی تریش تەقاندیەوە، ئەویش وتی: پێت دەڵێم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری لێکردووەو تۆیش هەر دەیتەقێنی؟ ئیتر هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم.

(٨) ڕێگری کردن لەبەنیشانەنانەوەی گیانلەبەران (بێزمانان)

١١٩٣ـ عَنْ هِشَامِ بْنِ زَيْدِ بْنِ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: دَخَلْتُ مَعَ جَدِّي أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) دَارَ الْحَكَمِ بْنِ أَيُّوبَ، فَإِذَا قَوْمٌ قَدْ نَصَبُوا دَجَاجَةً يَرْمُونَهَا، قَالَ: فَقَالَ أَنَسٌ (ﷺ): نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ تُصْبَرَ الْبَهَائِمُ. [البخاري/ الذبائح والصيد/ ٥١٦٢]

(هشام) کوڕی (زید) کوڕی (أنس) کوڕی (مالك) دەڵێ: لەگەڵ باپیرەم (انس) کوڕی (مالك) دا (ﷺ) چوومە ماڵی (حکم) کوڕی (أیوب)، کەسانێك مریشکێکیان (بە زیندوویی) دانابوو بە نیشانە و تیریان تێدەگرت، دەڵێ: (انس) (ﷺ) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردوە کە بێزمانان بنرێنەوە بە نیشانە.

١١٩٤ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: مَرَّ ابْنُ عُمَرَ بِفِتْيَانٍ مِنْ قُرَيْشٍ قَدْ نَصَبُوا طَيْرًا وَهُمْ يَرْمُونَهُ، وَقَدْ جَعَلُوا لِصَاحِبِ الطَّيْرِ كُلَّ خَاطِئَةٍ مِنْ نَبْلِهِمْ، فَلَمَّا رَأَوْا ابْنَ عُمَرَ تَفَرَّقُوا، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: مَنْ فَعَلَ هَذَا؟ لَعَنَ اللَّهُ مَنْ فَعَلَ هَذَا، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَعَنَ مَنِ اتَّخَذَ شَيْئًا فِيهِ الرُّوحُ غَرَضًا.

(سعید) کوڕی (جبیر) دەڵێ: (ابن عمر) تێپەڕبوو بەلای کۆمەڵێ لاوی قورەیشدا کە باڵندەیەکیان بەنیشانە نابوویەوە و تیریان تێدەگرت، ئەو تیرەی کە هەڵەی بکردایە و (باڵندەکەی نەپێکایە) دەیان بەخشی بە خاوەنی باڵندەکە، هەر کە ابن عمریان بینی بڵاوەیان لێکرد، (ابن عمر) وتی: کێ وای کرد؟ نەفرینی خوا لەوکەسەی کە ئەوەی کرد، لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرینی کردوە لە کەسێ کە گیاندارێك بنێتەوە بە نیشانە.

(٩) بە چاکی سەربڕین و تیژ کردنی تیغ

١١٩٥ـ عَنْ شَدَّاد بْنِ أَوْسٍ (ﷺ) قَالَ: ثِنْتَانِ حَفِظْتُهُمَا عَنْ رَسُولِ اللّه (ﷺ)، قَالَ: ((إِنَّ اللّهَ كَتَبَ الْإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذَّبْحَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، فَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ)).

(شَدَّاد) کوڕی (انس) (ﷺ) دەڵێ: دوو شتم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەبەر کردووە، فەرمووی: ((خوا (ﷻ) بە چاك ئەنجامدانی فەرز کردوە لەسەر هەموو شتێك، ئەگەر شتێکیان کوشت بە جوانی بیکوژن، ئەگەر شتێکیان سەربڕی بە چاکی سەری بڕن، با هەر یەك لە ئێوە تیغەکەی تیژبکات و، سەربڕاوەکە بحەوێنێتەوە)).

(١٠) سەربڕین بە شتێ کە خوێن فیشقە پێبکات نەك بە ددان و نینۆك

١١٩٦ـ عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ (ﷺ)، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللّه، إِنَّا لَاقُو الْعَدُوِّ غَدًا، وَلَيْسَتْ مَعَنَا مُدًى؟ قَالَ (ﷺ): ((أَعْجِلْ -أَوْ: أَرْنِي- مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللّه فَكُلْ، لَيْسَ السِّنَّ وَالظُّفُرَ، وَسَأُحَدِّثُكَ: أَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ، وَأَمَّا الظُّفُرُ فَمُدَى الْحَبَشَةِ)). قَالَ: وَأَصَبْنَا نَهْبَ إِبِلٍ وَغَنَمٍ، فَنَدَّ مِنْهَا بَعِيرٌ، فَرَمَاهُ رَجُلٌ بِسَهْمٍ فَحَبَسَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللّه (ﷺ): ((إِنَّ لِهَذِهِ الْإِبِلِ أَوَابِدَ كَأَوَابِدِ الْوَحْشِ، فَإِذَا غَلَبَكُمْ مِنْهَا شَيْءٌ فَاصْنَعُوا بِهِ هَكَذَا)). [البخاري/ الذبائح والصيد/ ٥١٩٠]

(رافع) کوڕی (خَديج) (ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، سبەینێ ئێمە بە دوژمن دەگەین و چەقۆمان پێنیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((پەلە بکە -یان دەستت سووککە- هەرچی خوێن فیشقە پێبکات و ناوی خوایشی لەسەربرابێ بیخۆ، نەك بە ددان نینۆك، با پێت بڵێم: کە ددان و ئێسقانەو نینۆکیش چەقۆی حەبەشیەکانە)). دەڵێ: لە حوشتر و مەڕ دەستکەوتی جەنگمان دەست کەوت، حوشترێکیان یاخی بوو، پیاوێك تیرێکی تێتەقاند و ڕای گرت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەم حوشترانە هەیانە یاخی دەبێ هەروەك یاخی بوونی کێوییەکان، ئەگەر یەکێکیان لێتان یاخی بوو ئێوەش ئاوای لەگەڵدا بکەن)).

(٣٨) بەشی قوربانیی

(١) لە دەرۆژەی ذي الحجة دا ئەوەی قوربانی دەكات نابێ موو و نینۆكی بكات

١١٩٧. عَنْ أُمَّ سَلَمَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((مَنْ كَانَ لَهُ ذِبْحٌ يَذْبَحُهُ: فَإِذَا أُهِلَّ هِلَالُ ذِي الْحِجَّةِ، فَلَا يَأْخُذَنَّ مِنْ شَعْرِهِ وَلَا مِنْ أَظْفَارِهِ شَيْئًا، حَتَّى يُضَحِّيَ)).

(أم سلمة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو كەسەی كە حەیوانێكی هەیە و دەیكات بە قوربانیی ئەگەر مانگی ذی الحجة بینرا، با ئیتر هیچ لە مووی‌و لە نینۆكی لانەبات هەتا قوربانیەكە دەكات)).

(٢) كاتی قوربانیی سەربڕین

١١٩٨ـ عَنْ جُنْدَبُ بْنُ سُفْيَانَ (ﷺ) قَالَ: شَهِدْتُ الْأَضْحَى مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (ﷺ) فَلَمْ يَعْدُ أَنْ صَلَّى وَفَرَغَ مِنْ صَلَاتِهِ سَلَّمَ، فَإِذَا هُوَ يَرَى لَحْمَ أَضَاحِيَّ قَدْ ذُبِحَتْ قَبْلَ أَنْ يَفْرُغَ مِنْ صَلَاتِهِ، فَقَالَ: ((مَنْ كَانَ ذَبَحَ أُضْحِيَّتَهُ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ -أَوْ نُصَلِّيَ- فَلْيَذْبَحْ مَكَانَهَا أُخْرَى، وَمَنْ كَانَ لَمْ يَذْبَحْ فَلْيَذْبَحْ بِاسْمِ اللّٰهِ)). [البخاري/ الذبائح والصيد/ ٤١٨١]

(جُندب) كوڕی (سفیان) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)دا ئامادەی نوێژی جەژنی قوربان بووم، زۆری نەخایاند نوێژی كرد و سەلامی دایەوە، یەكسەر گۆشتی قوربانیی بینی كە سەربڕابوو پێش ئەوەی كە لە نوێژەكەی ببێتەوە، ئینجا فەرمووی: ((ئەو كەسەی قوربانیی سەربڕیوە لە پێش ئەوەی نوێژ بكات -یان نوێژ بكەین- با یەكێكی تر لە جێگاكەیدا سەربڕێ، ئەو كەسەی كە قوربانیەكەی‌سەرنەبڕیوە با بەناوی خواوە سەری بڕێت)).

(٣) قوربانیی سەبڕین لە پێش نوێژی جەژندا دروست نیە

١١٩٩ـ عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَوَّلَ مَا نَبْدَأُ بِهِ فِي يَوْمِنَا هَذَا نُصَلِّي، ثُمَّ نَرْجِعُ فَنَنْحَرُ، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ أَصَابَ سُنَّتَنَا، وَمَنْ ذَبَحَ فَإِنَّمَا هُوَ لَحْمٌ قَدَّمَهُ لِأَهْلِهِ، لَيْسَ مِنَ النُّسُكِ فِي شَيْءٍ)). وَكَانَ أَبُو بُرْدَةَ بْنُ

نیار (ﷺ) قَدْ ذَبَحَ، فَقَالَ: عِنْدِي جَذَعَةٌ خَيْرٌ مِنْ مُسِنَّةٍ. فَقَالَ: ((اذْبَحْهَا، وَلَنْ تَجْزِيَ عَنْ أَحَدٍ بَعْدَكَ)). [البخاري/ الاضاحي/ ٥٢٤٠]

(البراء) کوڕی (عازب) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((یەکەمین کارێ کە لەم ڕۆژەماندا دەستی پێدەکەین ئەوەیە کە نوێژ بکەین، پاشان بگەڕێینەوە و قوربانیی سەربڕین، هەر کەسێ بەمجۆرەی کردبێ ئەوا لەسەر سوننەتی ئێمەیە، هەر کەسێکیش سەری بڕی بێ (پێش نوێژی جەژن) ئەوە گۆشتێکە و پێشکەشی ماڵ و منداڵی کردوە، ئەوە بە هیچ جۆرێ قوربانیی نییە)) (ابو بُردة) کوڕی (نیار) (ﷺ) پێشتر سەری بڕی بوو، پاشان وتی: گیسکێکم هەیە باشترە لەو حەیوانەی کە دوو ساڵی تەواو کردوە، فەرمووی: ((سەری ببڕە، بەڵام لە دوای تۆ ئیتر بۆ کەسی تر دروست نییە)).

(٤) چ تەمەنێ دروستە بکرێتە قوربانیی

١٢٠٠ـ عَنْ جَابِرِ بن عبدالله(ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَذْبَحُوا إِلَّا مُسِنَّةً، إِلَّا أَنْ يَعْسُرَ عَلَيْكُمْ فَتَذْبَحُوا جَذَعَةً مِنَ الضَّأْنِ)).

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((سەرمەبڕن جگە لە دوو ساڵە ، مەگەر دەستتان نەکەوێ ئەو کاتە دروستە کاوڕێك سەربڕن)).

(٥) قوربانیی کردن بە گیسك

١٢٠١ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَسَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِينَا ضَحَايَا، فَأَصَابَنِي جَذَعٌ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ أَصَابَنِي جَذَعٌ؟ فَقَالَ: ((ضَحِّ بِهِ)). [البخاري/ الاضاحي/ ٥٢٢٧]

(عقبة) کوڕی (عامر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕێ حەیوانی بەسەردا دابەشکرین کە بیکەینە قوربانی، من گیسکێکم بەرکەوت، عەرزم کرد، ئەی پێغەمبەری خوا، من گیسکێکم بۆ ماوەتەوە؟ فەرمووی: ((بیکە بە قوربانیی)).

(٦) چاکترین قوربانیی

١٢٠٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: ضَحَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ أَقْرَنَيْنِ، قَالَ: وَرَأَيْتُهُ يَذْبَحُهُمَا بِيَدِهِ، وَرَأَيْتُهُ وَاضِعًا قَدَمَهُ عَلَى صِفَاحِهِمَا، قَالَ: وَسَمَّى وَكَبَّرَ. [البخاري/ الاضاحي/ ٥٢٣٨]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو بەرانی بۆری شاخداری کردە قوربانی، بینیم کە بەدەستی خۆی سەریان دەبڕێ، بینیم قاچی خستبووە لاملی هەردووکیان، ناوی خوای هێنا و الله اکبری کرد.

(٧) پێغەمبەر (ﷺ) لەبری خۆی و بنەماڵە و ئوممەتەکەی قوربانی سەربڕی

١٢٠٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَ بِكَبْشٍ أَقْرَنَ، يَطَأُ فِي سَوَادٍ وَيَبْرُكُ فِي سَوَادٍ وَيَنْظُرُ فِي سَوَادٍ، فَأُتِيَ بِهِ لِيُضَحِّيَ بِهِ، فَقَالَ لَهَا: ((يَا عَائِشَةُ هَلُمِّي الْمُدْيَةَ)). ثُمَّ قَالَ: ((اشْحَذِيهَا بِحَجَرٍ)). فَفَعَلَتْ، ثُمَّ أَخَذَهَا وَأَخَذَ الْكَبْشَ فَأَضْجَعَهُ ثُمَّ ذَبَحَهُ، ثُمَّ قَالَ: ((بِاسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ تَقَبَّلْ مِنْ مُحَمَّدٍ وَآلِ مُحَمَّدٍ، وَمِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ)). ثُمَّ ضَحَّى بِهِ.

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی دابە بەرانێکی شاخدار چوارپەلی ڕەش بوو، ژێر سکی ڕەش بوو دەوری چاوەکانی ڕەش بوو بۆی هێنرا تا بیکاتە قوربانی، بە عائشەی فەرموو: ((ئەی عائشة چەقۆکە بهێنە)) پاشان فەرمووی: ((بەبەردێك تیژی بکە)) تیژی کرد ئینجا چەقۆکەی گرت بەدەستیەوە و بەرانەکەشی گرت و پاڵی خست و سەری بڕی و فەرمووی: ((بسم الله، خوایە قبوڵی بکە لە محمد و لە نەوەی محمد و ئوممەتی محمد)). پاشان کردیە قوربانی.

(٨) ڕێگری لە خواردنی گۆشتی قوربانی لەدوای سێ شەو

١٢٠٤ـ عَنْ أَبِي عُبَيْدٍ مَوْلَى ابْنِ أَزْهَرَ: أَنَّهُ شَهِدَ الْعِيدَ مَعَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (ﷺ)، قَالَ: ثُمَّ صَلَّيْتُ مَعَ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ)، قَالَ: فَصَلَّى لَنَا قَبْلَ الْخُطْبَةِ، ثُمَّ خَطَبَ النَّاسَ فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ نَهَاكُمْ أَنْ تَأْكُلُوا لُحُومَ نُسُكِكُمْ فَوْقَ ثَلَاثِ لَيَالٍ، فَلَا تَأْكُلُوا. [البخاري/ الاضاحي/ ٥٢٥١]

(أبو عبيد) کارگوزاری (ابن ازهَرَ) دەڵێ: لەگەڵ (عمر) کوڕی (خطاب) (ﷺ) ئامادەی نوێژی جەژن بووە، دواتر لەگەڵ (علي) کوڕی (أبي طالبیش) (ﷺ) نوێژم کردووە، پێش وتار نوێژی بۆ کردین، ئینجا وتاری بۆ خەڵکی داو وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری لێکردوون کە لە دوای سێ شەو گۆشتی قوربانیەکەتان بخۆن، کەواتە ئێوەش مەیخۆن.

(٩) مۆڵەتدان بە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی دوای سێشەو

١٢٠٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ وَاقِدٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَكْلِ لُحُومِ الضَّحَايَا بَعْدَ ثَلَاثٍ. قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِعَمْرَةَ، فَقَالَتْ: صَدَقَ، سَمِعْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) تَقُولُ: دَفَّ أَهْلُ أَبْيَاتٍ مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ حَضْرَةَ الْأَضْحَى، زَمَنَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ادَّخِرُوا ثَلَاثًا ثُمَّ تَصَدَّقُوا بِمَا بَقِيَ)). فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ ذَلِكَ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ النَّاسَ يَتَّخِذُونَ الْأَسْقِيَةَ مِنْ ضَحَايَاهُمْ، وَيَجْمُلُونَ مِنْهَا الْوَدَكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَمَا ذَاكَ)). قَالُوا: نَهَيْتَ أَنْ تُؤْكَلَ لُحُومُ الضَّحَايَا بَعْدَ ثَلَاثٍ، فَقَالَ: ((إِنَّمَا نَهَيْتُكُمْ مِنْ أَجْلِ الدَّافَّةِ الَّتِي دَفَّتْ، فَكُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا)). [البخاري/ الاضاحي/ ٥٢٥٠]

(عبدالله) کوڕی (ابو بکر) لە (عبدالله) کوڕی (واقد)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کرد لە خواردنی گۆشتی قوربانی لە سێ ڕۆژ بەدواوە، (عبدالله) کوڕی (ابو بکر) دەڵێ: ئەمەم بۆ (عَمرَة) باسکرد، ئەویش وتی: ڕاست دەکات، لە عائشەم بیستوە (ﷺ) دەیوت: خەڵکانێ لە دانیشتوانی بیابان لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە ڕۆژی جەژنی قورباندا هاتنە مەدینە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بەشی سێ ڕۆژ هەڵبگرن پاشان ئەوەی کە مایەوە بیکەنە خێر)). لە دوای ئەوە بە ماوەیەك وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا خەڵکی هیزە دروست دەکەن لە قوربانیەکانیان و بەز و پیوی تێدا هەڵدەگرن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((جا ئەوە چی تیایە)). وتیان: ڕێگریت کرد لە گۆشتی قوربانیەکان لە دوای سێ شەوە بخورێ، فەرمووی: ((من لەبەر ئەوە ڕێگریم لێکردن لەبەر ئەو میوانانەی دەرەوە کە هاتبوونە ئێرە، ئێستە، بیخۆن و هەڵیبگرن و خێری لێبکەن)).

(١٠) نۆسکەی حوشتر و سەربڕین لە دە ڕۆژی یەکەمی ڕەجەبدا

١٢٠٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا فَرَعَ وَلَا عَتِيرَةَ)). زَادَ ابْنُ رَافِعٍ فِي رِوَايَتِهِ: وَالْفَرَعُ أَوَّلُ النِّتَاجِ كَانَ يُنْتَجُ لَهُمْ، فَيَذْبَحُونَهُ. [البخاري/ العقيقة/ ٥٢٥٦]

(ابــو هريــرة) (ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فــەرمووی: ((نۆســکە ســەرمەبڕن و لــە دەرۆژی یەکــەمی ڕەجەبیشــدا ســەرمەبڕن)). ابــن رافــع لــە ڕیوایەتێکدا ئەمەی زیاد کردوە: (فرع): نۆسکەی حوشترە کە سەریان بڕیوە[1].

(١١) سەربڕین بۆ جگە لە خوای گەورە

١٢٠٧ـ عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ عَامِرُ بْنُ وَاثِلَةَ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) فَأَتَاهُ رَجُلٌ، فَقَالَ: مَا كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُسِرُّ إِلَيْكَ؟ [قَالَ]: فَغَضِبَ وَقَالَ: مَا كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُسِرُّ إِلَيَّ شَيْئًا يَكْتُمُهُ النَّاس، غَيْرَ أَنَّهُ قَدْ حَدَّثَنِي بِكَلِمَاتٍ أَرْبَعٍ. قَال: فَقَالَ: مَا هُنَّ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ؟ قَالَ: قَال: ((لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَهُ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ غَيَّرَ مَنَارَ الْأَرْضِ)).

(ابو الطفيل) (عامر) کوڕی (واثلة) دەڵێ: لای (علي) کوڕی (ابو طالب) (ﷺ) بووم، پیاوێك هاتە لای و وتــی: پێغەمبــەر (ﷺ) چ نهێنییــەکی بــە تــۆ وتــووە؟ (علي) تووڕە بوو وتــی: پێغەمبــەر (ﷺ) شتێکی نهێنی بــە مــن نــەوتووە کــە لــە خــەڵکی بشــارێتەوە، بــەڵام چــوار وشــەی فــەرمووە پێــم، پیاوەکــە وتــی: ئــەی پێشەوای باوەڕداران؟ ئەو چوار وشە کامەن؟ (علي)وتی: پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە جنێو بە باوك و دایکی خۆی دەدات، خــوا نــەفرینی کردووە لــەو کەســەی شتێ سەردەبڕێ بــۆ غــەیری خــوا، خــوا نــەفرینی کردووە لــەو کەسەی پەنــای (بیدعة)چــی دەدات، هــەروەها خوا نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە سنووری زەوییەکەی خۆی دەگۆڕێ)).

[1] پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لەم جۆرە سەربڕینە چونکە لە نەفامیداسەربڕراە.

(٣٩) بەشی خواردنەوەکان

(١) حەرام کردنی ئارەق

١٢٠٨ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وَكُلُّ خمرٍ حَرَامٌ)).

(إبـن عمـر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: ((هـەموو سەرخۆشکەرێ مەیە، هەموو (مەیە) کیش حەرامە)).

١٢٠٩ـ عَنْ عَلِيِّ بن أبي طالب -(ﷺ)- قَالَ: كَانَتْ لِي شَارِفٌ مِنْ نَصِيبِي مِنَ الْمَغْنَمِ يَوْمَ بَدْرٍ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَعْطَانِي شَارِفًا مِنَ الْخُمُسِ يَوْمَئِذٍ، فَلَمَّا أَرَدْتُ أَنْ أَبْتَنِيَ بِفَاطِمَةَ بِنْتِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَاعَدْتُ رَجُلًا صَوَّاغًا مِنْ بَنِي قَيْنُقَاعَ يَرْتَحِلُ مَعِيَ، فَنَأْتِي بِإِذْخِرٍ أَرَدْتُ أَنْ أَبِيعَهُ مِنَ الصَّوَّاغِينَ، فَأَسْتَعِينَ بِهِ فِي وَلِيمَةِ عُرْسِي، فَبَيْنَا أَنَا أَجْمَعُ لِشَارِفَيَّ مَتَاعًا مِنَ الْأَقْتَابِ وَالْغَرَائِرِ وَالْحِبَالِ، وَشَارِفَايَ مُنَاخَانِ إِلَى جَنْبِ حُجْرَةِ رَجُلٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، وَرَجَعْتُ حِينَ جَمَعْتُ مَا جَمَعْتُ فَإِذَا شَارِفَايَ قَدِ اجْتُبَّتْ أَسْنِمَتُهُمَا، وَبُقِرَتْ خَوَاصِرُهُمَا وَأُخِذَ مِنْ أَكْبَادِهِمَا، فَلَمْ أَمْلِكْ عَيْنَيَّ حِينَ رَأَيْتُ ذَلِكَ الْمَنْظَرَ مِنْهُمَا، قُلْتُ: مَنْ فَعَلَ هَذَا؟ قَالُوا: فَعَلَهُ حَمْزَةُ بْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، وَهُوَ فِي هَذَا الْبَيْتِ فِي شَرْبٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، غَنَّتْهُ قَيْنَةٌ وَأَصْحَابَهُ، فَقَالَتْ فِي غِنَائِهَا: أَلَا يَا حَمْزُ لِلشُّرُفِ النِّوَاءِ، فَقَامَ حَمْزَةُ بِالسَّيْفِ فَاجْتَبَّ أَسْنِمَتَهُمَا، وَبَقَرَ خَوَاصِرَهُمَا فَأَخَذَ مِنْ أَكْبَادِهِمَا. فَقَالَ عَلِيٌّ (ﷺ): فَانْطَلَقْتُ حَتَّى أَدْخُلَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَعِنْدَهُ زَيْدُ بْنُ حَارِثَةَ، قَالَ: فَعَرَفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي وَجْهِيَ الَّذِي لَقِيتُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا لَكَ)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَاللَّهِ مَا رَأَيْتُ كَالْيَوْمِ قَطُّ، عَدَا حَمْزَةُ عَلَى نَاقَتَيَّ فَاجْتَبَّ أَسْنِمَتَهُمَا وَبَقَرَ خَوَاصِرَهُمَا، وَهَا هُوَ ذَا فِي بَيْتٍ مَعَهُ شَرْبٌ. قَالَ: فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِرِدَائِهِ فَارْتَدَاهُ ثُمَّ انْطَلَقَ يَمْشِي، وَاتَّبَعْتُهُ أَنَا وَزَيْدُ بْنُ حَارِثَةَ حَتَّى جَاءَ الْبَابَ الَّذِي فِيهِ حَمْزَةُ، فَاسْتَأْذَنَ فَأَذِنُوا لَهُ، فَإِذَا هُمْ شَرْبٌ، فَطَفِقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَلُومُ حَمْزَةَ فِيمَا فَعَلَ فَإِذَا حَمْزَةُ مُحْمَرَّةٌ عَيْنَاهُ، فَنَظَرَ حَمْزَةُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ صَعَّدَ النَّظَرَ إِلَى رُكْبَتَيْهِ، ثُمَّ صَعَّدَ النَظرَ فَنَظَرَ إِلَى سُرَّتِهِ، ثُمَّ صَعَّدَ النَّظَرَ فَنَظَرَ إِلَى وَجْهِهِ، فَقَالَ حَمْزَةُ: وَهَلْ أَنْتُمْ إِلَّا عَبِيدٌ لِأَبِي؟ فَعَرَفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ ثَمِلٌ، فَنَكَصَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى عَقِبَيْهِ الْقَهْقَرَى، وَخَرَجَ وَخَرَجْنَا مَعَهُ. [البخاري/ الخمس/ ٢٩٢٥]

(علی) كوڕی (أبو طالب) (ﷺ) دەڵێ: حوشترێكی پیرم هەبوو كە لە دەستكەوتی جەنگی بدر بەرم كەوتبوو، هەر لەو ڕۆژەدا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) حوشترێكی پیری تری پێدام لە پێنج یەك كاتێ كە ویستم (فاطمة)ی كچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگوێزمەوە، بەڵێنم دابوو بە پیاوێكی زەرەنگەر لەجوولەكەی (بنی قینقاع) كەلەگەڵمدا بێت و، گیای (اذخر)[1] بهێنین بیفرۆشم بە زەرەنگەرەكان تا بیكەمە خەرجی خوانی شاییەكەم، لە كاتێكدا كە سەرقاڵی كۆكردنەوەی جلی سەرپشتی حوشترەكانم و كوڵ و بار و گوریسەكانم بووم، دوو حوشترەكەشم چۆكیان دادابوو بە تەنیشت ماڵی پیاوێكەوە لە یارمەتیدەران، لە دوای كۆكردنەوەی ئەوەی بۆم كۆكرایەوە گەڕامەوە سەیرم كرد كۆپارەی هەردوو حوشترەكەم براون، سكیان هەڵدڕاوە و لەجگەری هەردووكیان براوە، هەر كە ئەو دیمەنەم بە هەردووكیانەوە بینی ئیتر هەردوو چاوم پەڕینە تەوقی سەرم، وتم: كێ ئەوەی كردووە؟ وتیان: (حمزة) كوڕی (عبد المطلب)كردویەتی. ئێستە ئەو لەوماڵەدایە لە ناو كۆمەڵێ ئارەق خۆری انصاردا. ئافرەتێكی گۆرانی بێژ گۆرانی دەوت بۆ خۆی و هاوەڵەكانی، لە گۆرانیەكانیدا دەیوت: ئەها ئەی (حمزە) بۆ ئەو حوشترە قەڵەوانە، ئینجا (حمزة) بە شمشێرەكەیەوە هەستا و كۆپارەی هەردووكیانی بڕی، سكی هەڵدڕین و لە جگەرەكانیانی برد، علی (ﷺ) دەڵێ: بەپڕتاو ڕۆیشتم تا چوومە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە (زید) كوڕی (حارثة)ی لەلابوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ڕوخسارمدا گورج زانی كە چیم تووش بووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((چیتە)) عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بێ بەخوا هەرگیز ڕۆژی وەك ئەمڕۆم نەدیوە، (حمزة) داویەتی بەسەر حوشترەكانمداو كۆپارەی هەردووكیانی بڕیوە و سكی هەڵدڕیون، ئائەوەتا لەماڵێكدایەو ئارەق خۆرانی لەگەڵدایە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای عەباكەی كردو كردیە بەری و بەپڕتاو ڕۆیشت، من و (زید) كوڕی (حارثە)یش بەشوێنیەوە بووین تا گەیشتە دەرگای ئەو ماڵەی كە (حمزة)ی تێدابوو، داوای مۆڵەتی كرد و مۆڵەتیان دا، ئەوان لە خواردنەوەدا بوون پێغەمبەری خوا (ﷺ)

---

[1] اذخر: جۆرە گیایەكە كەئاگری پێ دەكرێتەوە.

کەوتە سەرزەنشت کردنی (حمزة) لەوەی کە کردبووی، (حمزة) هەردووچاوی سور هەڵگەڕابوون، (حمزة) کەوتە سەیرکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاشان چاوی هەڵبڕی بۆ هەردوو ئەژنۆی موبارەکی، پاشان چاوی بەرزکردەوە و سەیری ناوکی کرد، دواتر چاوی هەڵبڕی و کەوتە سەیرکردنی ڕوخساری موبارەکی پێغەمبەر، ئینجا (حمزة) وتی: ئەی ئێوە کۆیلەی باوکم نین؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) زانی کە سەرخۆشە، گەڕایەوە دواوە و پشتی هەڵکرد و چووە دەرەوە و ئێمەش لەگەڵیدا چووینە دەرەوە.

(٢) هەموو سەرخۆشکەرێ حەرامە

١٢١٠ـ عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَجُلًا قَدِمَ مِنْ جَيْشَانَ –وَجَيْشَانُ مِنَ الْيَمَنِ– فَسَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ شَرَابٍ يَشْرَبُونَهُ بِأَرْضِهِمْ مِنَ الذُّرَةِ، يُقَالُ لَهُ: الْمِزْرُ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَوَ مُسْكِرٌ هُوَ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ، إِنَّ عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عَهْدًا لِمَنْ يَشْرَبُ الْمُسْكِرَ أَنْ يَسْقِيَهُ مِنْ طِينَةِ الْخَبَالِ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا طِينَةُ الْخَبَالِ؟ قَالَ: ((عَرَقُ أَهْلِ النَّارِ، أَوْ: عُصَارَةُ أَهْلِ النَّارِ)).

(جابر) (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك لە (جَیشان)ەوە هات –(جَیشان)لەیەمەنە– پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد لەبارەی خواردنەوەیەکەوە کەلە خاکی خۆیاندا دەیخۆنەوە و لە گەنمەشامی دروست دەکرا، پێی دەوترا: (المزر)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا سەرخۆشکەرە؟)). وتی: بەڵێ. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (هەموو سەرخۆشکەرێ حەرامە، خوا بەڵێنێکی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە سەرخۆشکەر دەخواتەوە تێری بکات لە قوڕی (الخَبال))) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا قوڕی (خَبال) چی‌یە؟ فەرمووی: ((ئارەقی خەڵکی نێو دۆزەخ، یان کیم و زوخاوی خەڵکی نێو دۆزەخ)).

(٣) هەر خواردنەوەیەك مرۆڤ سەرخۆش بکات حەرامە

١٢١١ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْبِتْعِ؟ فَقَالَ: ((كُلُّ شَرَابٍ أَسْكَرَ فَهُوَ حَرَامٌ)). [البخاري/ الأشربة/ ٥٢٦٣]

(عائشة) (رضي الله عنها) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا لەبارەی ئارەقی هەنگوینەوە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((هەر خواردنەوەیەك مرۆڤ سەرخۆش بکات ئەوە حەرامە)).

(٤) ئەوەی لە دونیادا ئارەق بخواتەوە لە ڕۆژی دواییدا نایخواتەوە مەگەر تەوبە بکات

١٢١٢- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ شَرِبَ الْخَمْرَ فِي الدُّنْيَا لَمْ يَشْرَبْهَا فِي الْآخِرَةِ، إِلَّا أَنْ يَتُوبَ)). [البخاري/ اول كتاب الأشربة: ٥٢٥٣]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو کەسەی کە لە دونیادا ئارەق بخواتەوە ئەوا لە ڕۆژی دواییدا نایخواتەوە، مەگەر پەشیمان ببێتەوە)).

(٥) ئارەقی خورما و ترێ

١٢١٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْخَمْرُ مِنْ هَاتَيْنِ الشَّجَرَتَيْنِ: النَّخْلَةِ وَالْعِنَبَةِ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((ئارەق لەو دوو درەختەیە: درەختی خورما و درەختی ترێ)).

(٦) ئارەق لە خورمای کاڵ و خورمای گەییو

١٢١٤- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أَسْقِي أَبَا طَلْحَةَ وَأَبَا دُجَانَةَ وَمُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ (ﷺ)، فِي رَهْطٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَدَخَلَ عَلَيْنَا دَاخِلٌ فَقَالَ: حَدَثَ خَبَرٌ، نَزَلَ تَحْرِيمُ الْخَمْرِ، فَأَكْفَأْنَاهَا يَوْمَئِذٍ، وَإِنَّهَا لَخَلِيطُ الْبُسْرِ وَالتَّمْرِ. قَالَ قَتَادَةُ: وَقَالَ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ: لَقَدْ حُرِّمَتِ الْخَمْرُ وَكَانَتْ عَامَّةُ خُمُورِهِمْ يَوْمَئِذٍ خَلِيطَ الْبُسْرِ وَالتَّمْرِ. [البخاري/ الأشربة/ ٥٢٦٠- ٥٢٦٢]

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: ئارەقم دەدا بە (ابو طلحة) و((ابو دجانة) و (معاذ کوڕی جبل) (ﷺ) لەناو دەستەیەك لە یارمەتیدەراندا، لەناکاودا یەکێ هاتە ناویان و وتی: ڕوداوێکی چاك ڕویدا، حەرامکردنی ئارەق دابەزی، هەر لەو ساتەدا ڕژاندمانە سەرزەوی، کە تێکەڵەیە لەفەریکەخورماو خورما بوو، (قتادة) و (انس) کوڕی (مالك) وتیان: لە ڕاستیدا ئارەق حەرام کرا، کە لەو ڕۆژەدا ئارەقەکەیان بە گشتی تێکەڵەی فەریکە خورما و خورما بوو.

(٧) ئارەق لە پێنج شتە

١٢١٥- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: خَطَبَ عُمَرُ (ﷺ) عَلَى مِنْبَرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بَعْدُ، أَلَا وَإِنَّ الْخَمْرَ نَزَلَ تَحْرِيمُهَا يَوْمَ نَزَلَ

وَهِيَ مِنْ خَمْسَةِ أَشْيَاءَ: مِنَ الْحِنْطَةِ، وَالشَّعِيرِ، وَالتَّمْرِ، وَالزَّبِيبِ، وَالْعَسَلِ، وَالْخَمْرُ مَا خَامَرَ الْعَقْلَ، وَثَلَاثَةُ أَشْيَاءَ وَدِدْتُ -أَيُّهَا النَّاسُ- أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ عَهِدَ إِلَيْنَا فِيهَا: الْجَدُّ، وَالْكَلَالَةُ، وَأَبْوَابٌ مِنْ أَبْوَابِ الرِّبَا. [البخاري/ الاشربة/ ٥٢٦٦]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: عمر (ﷺ) لەسەر دوانگەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتاری داو، سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان وتی: بزانن کە کاتێ حەرام کردنی ئارەق دابەزی، لە رۆژی دابەزینیدا لە پێنج شت دروست دەکرا: لە گەنمو، لە جۆو خورماو، لە مێوژ و، لە هەنگوین، ئارەقیش ئەوەیە کەعەقڵ تێکدەدات -ئەی خەڵکینە- خۆزگایە پێغەمبەری خوا سێ شتی بە تەواوی بۆ روون دەکردینەوە:

١) بەشی باپیر لە میراتیدا

٢)(الكلالة) میراتی کەسێ بمرێ و باوك و منداڵی لەدوا بەجێنەمابێ.

٣)چەند بەشێك لە بەشەکانی سوو.

(٨) رێگری لە تێکەڵ کردنی مێوژو و خورما بۆ خواردنەوە

١٢١٦ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ نَهَى أَنْ يُنْبَذَ التَّمْرُ وَالزَّبِيبُ جَمِيعًا، وَنَهَى أَنْ يُنْبَذَ الرُّطَبُ وَالْبُسْرُ جَمِيعًا. [بخاري/ الأشربة/ ٥٢٧٩]

(جابر) كوری (عبدالله الانصاري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) : رێگری کردووە کە مێوژو و خورما تێکەڵ بەیەك بکرێن بۆ خواردنەوە، هەروەها رێگری کردووە کە خورمای تەڕ و بەرسیلەی خورما تێکەڵ بەیەك بکرێن بۆ خواردنەوە.

١٢١٧ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ شَرِبَ النَّبِيذَ مِنْكُمْ فَلْيَشْرَبْهُ زَبِيبًا فَرْدًا، أَوْ تَمْرًا فَرْدًا، أَوْ بُسْرًا فَرْدًا)).

(ابو سعيد) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: هەرکەسێکتان خواردنەوەی خواردەوە، باخواردنەوەی مێژوی تەنها، یان خورمای تەنها، یان فەریکە خورمای تەنها بخواتەوە)).

(٩) رێگری لەدروستکردنی خواردنەوە لەناو کوولەکەو دەفری قیردراودا

١٢١٨ـ عَنْ زَاذَانَ قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عُمَرَ (ﷺ): حَدِّثْنِي بِمَا نَهَى عَنْهُ النَّبِيُّ (ﷺ) مِنَ الْأَشْرِبَةِ بِلُغَتِكَ، وَفَسِّرْهُ لِي بِلُغَتِنَا، فَإِنَّ لَكُمْ لُغَةً سِوَى لُغَتِنَا. فَقَالَ: نَهَى

رَسُولُ اللَّه (ﷺ) عَنِ الْحَنْتَمِ وَهِيَ الْجَرَّةُ، وَعَنِ الدُّبَّاءِ وَهِيَ الْقَرْعَةُ، وَعَنِ الْمُزَفَّتِ وَهُوَ الْمُقَيَّرُ، وَعَنِ النَّقِيرِ وَهِيَ النَّخْلَةُ تُنْسَحُ نَسْحًا وَتُنْقَرُ نَقْرًا، وَأَمَرَ أَنْ يُنْتَبَذَ فِي الْأَسْقِيَةِ.

(زازان) (ﷺ) دەڵێ: بە(ابن عمر)م (ﷺ) وت: بەزمانی خۆت ئەو دەفرانەم پێ بڵێ کەپێغەمبەر(ﷺ) ڕێگریی کردووە خواردنەوەیان تێدا بخورێتەوە، پاشتر بەزمانی خۆمان بۆم ڕاڤە بکە، چونکە ئێوە زمانێکتان هەیە جیا لەزمانی ئێمە، (ابن عمر) وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگریی کردووە لە[خواردنەوە] لەگۆزەی سەوزدا، لەناو کوولەکە هەڵکۆڵراوی وشکدا، هەروەها لەدەفرێکدا کەبەقیر ماڵەدرابێت، هەروەها لە(نەقیر) کەدارخورمایە کەدەکرێ بەقەم [جگە لەوانە] ئیتر فەرمانی پێداوین لەهەموو دەفرێکی تردا خواردنەوە دروست بکەین.

(١٠) خواردنەوە دروستکردن لەدۆڵی بەردیندا

١٢١٩ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ يُنْتَبَذُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي سِقَاءٍ، فَإِذَا لَمْ يَجِدُوا سِقَاءً نُبِذَ لَهُ فِي تَوْرٍ مِنْ حِجَارَةٍ، فَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ -وَأَنَا أَسْمَعُ- لِأَبِي الزُّبَيْرِ: مِنْ بِرَامٍ؟ قَالَ: مِنْ بِرَامٍ.

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لە کوندەی پێست دا خواردنەوە دروست دەکرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەگەر کوندەکەیان دەست نەکەوتایە لە دۆڵی بەردیندا خواردنەوەی بۆ دروست دەکرا -گوێم لێبوو- هەندێ کەس وتیان بە (ابو زبیر) هی بەرد؟ وتی: بەڵێ‌هی بەرد؟

(١١) مۆڵەتی دروستکردنی خواردنەوە لە هەموو دەفرێکدا، ڕێگری لە هەموو سەرخۆشکەرێ

١٢٢٠ـ عَنِ ابْنِ بُرَيْدَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((نَهَيْتُكُمْ عَنِ الظُّرُوفِ، وَإِنَّ الظُّرُوفَ -أَوْ ظَرْفًا- لَا يُحِلُّ شَيْئًا وَلَا يُحَرِّمُهُ، وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ)).

(بریدة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ڕێگریم کردوون لە (بەکارهێنانی) دەفرەکان، لە ڕاستیدا دەفرەکان -یان دەفر- نەهیچ شتێ حەڵاڵ دەکا و نەحەرامیشی دەکات، بەڵکو هەموو سەرخۆشکەرێ حەرامە)).

(١٢) مۆڵەتی دروست کردنی خواردنەوە لە گۆزەی قیر نەدراودا

١١٢١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ) قَالَ: لَمَّا نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ النَّبِيذِ فِي الْأَوْعِيَةِ، قَالُوا: لَيْسَ كُلُّ النَّاسِ يَجِدُ، فَأَرْخَصَ لَهُمْ فِي الْجَرِّ غَيْرِ الْمُزَفَّتِ.

(عبدالله) کوڕی (عمرو) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کرد لە خواردنەوە لە دەفرەکاندا، وتیان: هەموو کەسێ دەفری پێستی دەست ناکەوێت، ئینجا مۆڵەتی پێدان دروستی بکەن لەناو گۆزەی قیر نەدراودا.

(١٣) ماوەی مانەوەی خواردنەوەی دروستکراو

١٢٢٢ـ عَنْ ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُنْتَبَذُ لَهُ أَوَّلَ اللَّيْلِ، فَيَشْرَبُهُ إِذَا أَصْبَحَ يَوْمَهُ ذَلِكَ، وَاللَّيْلَةَ الَّتِي تَجِيءُ وَالْغَدَ وَاللَّيْلَةَ الْأُخْرَى، وَالْغَدَ إِلَى الْعَصْرِ. فَإِنْ بَقِيَ شَيْءٌ سَقَاهُ الْخَادِمَ، أَوْ أَمَرَ بِهِ فَصُبَّ.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: لەسەرەتای شەوەوە خواردنەوە دروست کراوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەڕۆژی لێدەبووەوە لێی دەخواردەوە، ڕۆژی دوای ئەوە لێی دەخواردەوە، شەوی دووەمیش شەوی سێیەمیش، سێیەم ڕۆژیش هەتا کاتی عەسر، جا ئەگەر شتێکی لێبمایەتەوە دەیدابە کارگوزارەکەی ، یان فەرمانی دەدا بە ڕژاندنی.

١٢٢٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كُنَّا نَنْبِذُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي سِقَاءٍ يُوكَى أَعْلَاهُ، وَلَهُ عَزْلَاءُ، نَنْبِذُهُ غُدْوَةً فَيَشْرَبُهُ عِشَاءً، وَنَنْبِذُهُ عِشَاءً فَيَشْرَبُهُ غُدْوَةً.

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: خواردنەوەمان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامادە دەکرد لەناو چەوەندەیەکدا کە لەسەرەوە دەمەکەی دەبەسترا و، لەخوارەوە کونی وردی تێدابوو، بەیانیان بۆمان دەکرد و ئێواران دەیخواردەوە و، ئێواران بۆمان دەکرد و بەیانیان دەیخواردەوە.

(١٤) ئارەق کردن بە سرکە

١٢٢٤ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) سُئِلَ عَنِ الْخَمْرِ تُتَّخَذُ خَلًّا؟ فَقَالَ: ((لَا)).

(انس) (ﷺ) دەڵێ: دەربارەی ئارەق شتی تێبکرێ و بکرێت بە سرکە، پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((نەخێر)).

(١٥) چارەسەرکردن بەئارەق

١٢٢٥ـ عَنْ وَائِلٍ الْحَضْرَمِيِّ: أَنَّ طَارِقَ بْنَ سُوَيْدٍ الْجُعْفِيَّ (ﷺ): سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنِ الْخَمْرِ، فَنَهَاهُ -أَوْ كَرِهَ- أَنْ يَصْنَعَهَا، فَقَالَ: إِنَّمَا أَصْنَعُهَا لِلدَّوَاءِ، فَقَالَ: ((إِنَّهُ لَيْسَ بِدَوَاءٍ وَلَكِنَّهُ دَاءٌ)).

(وائل الحضرمي) دەڵێ: (طارق) کوڕی (سوید الجعفي)(ﷺ): لەبارەی ئارەقەوە پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، ڕێگری کرد -یان پێی ناخۆش بوو- کە دروستی بکات، وتی: بە مەبەستی دەرمان دروستی دەکەم، فەرمووی: ((ئارەق دەرمان نیە بەڵکو دەردە)).

(١٦) داپۆشینی دەفر

١٢٢٦ـ عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ (ﷺ) قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) بِقَدَحِ لَبَنٍ مِنَ النَّقِيعِ لَيْسَ مُخَمَّرًا، فَقَالَ: ((أَلَا خَمَّرْتَهُ، وَلَوْ تَعْرُضُ عَلَيْهِ عُودًا)). قَالَ أَبُو حُمَيْدٍ: إِنَّمَا أُمِرَ بِالْأَسْقِيَةِ أَنْ تُوكَأَ لَيْلًا، وَبِالْأَبْوَابِ أَنْ تُغْلَقَ لَيْلًا. [البخاري/ الاشربة/ ٥٢٨٣]

(ابو حمید الساعدي) (ﷺ) دەڵێ: لە (بقیع)ەوە جامێ شیرم هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە سەری دانەپۆشرابوو، فەرمووی: ((بادات پۆشیایە، ئەگەر چیلکەیەکیشت بخستایە بەسەریدا هەرباش بوو)) ابوحمید وتی: لە ڕاستیدا ئێمە فەرمانمان پێدرابوو کە بەشەودا دەمی کوندە ببەستین و دەرگاکانیش داخەین.

(١٧) دەفرەکان داپۆشن و دەمی کوندە ببەستن

١٢٢٧ـ عَنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا كَانَ جُنْحُ اللَّيْلِ -أَوْ أَمْسَيْتُمْ- فَكُفُّوا صِبْيَانَكُمْ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْتَشِرُ حِينَئِذٍ، فَإِذَا ذَهَبَ سَاعَةٌ مِنَ اللَّيْلِ فَخَلُّوهُمْ، وَأَغْلِقُوا الْأَبْوَابَ، وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَفْتَحُ بَابًا مُغْلَقًا، وَأَوْكُوا قِرَبَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ، وَخَمِّرُوا آنِيَتَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ، وَلَوْ أَنْ تَعْرُضُوا عَلَيْهَا شَيْئًا، وَأَطْفِئُوا مَصَابِيحَكُمْ)). [البخاري/ بدء الخلق/ ٣١٠٦]

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر تاریکایی شەو داهات -یان ئێوارەتان بەسەردا هات- منداڵەکانتان قەدەغە بکەن لە چوونە دەرەوە، چونکە شەیتان لەوکاتەدا بڵاوە دەکات، هەر کە سەعاتێ لەشەو تێپەڕی وازیان لێبێنن، دەرگاکانتان دابخەن و ناوی خوا بهێنن،

چونکە شەیتان ناتوانێ دەرگای داخراو بکاتەوە، هەروەها دەمی کوندە و مەشکەکانتان ببەستن و ناوی خوا بهێنن، دەفرەکانتان داپۆشن و ناوی خوا بهێنن، باشتێکیشتان ڕایەڵ کردبێ بەسەریدا، چراکانیشتان بکوژێننەوە)).

١٢٢٨ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((غَطُّوا الْإِنَاءَ وَأَوْكُوا السِّقَاءَ، فَإِنَّ فِي السَّنَةِ لَيْلَةً يَنْزِلُ فِيهَا وَبَاءٌ، لَا يَمُرُّ بِإِنَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ غِطَاءٌ أَوْ سِقَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ وِكَاءٌ إِلَّا نَزَلَ فِيهِ مِنْ ذَلِكَ الْوَبَاءِ)). و في رواية: قَالَ اللَّيْثُ -يعني ابن سعيد-: فَالْأَعَاجِمُ عِنْدَنَا يَتَّقُونَ ذَلِكَ فِي كَانُونَ الْأَوَّلِ.

واتە: (جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: ((دەفرەکان داپۆشن و دەمی کوندەکان ببەستن، لەساڵێکدا شەوێك هەیە کەدەردی تێدا دادەبەزێ، بەسەر هەر دەفرێکدا تێپەڕی کەسەرقاپی نەبێ، یان هەر کوندەیەکدا کەدەمی نەبەسترابێت ئەوا ئەو دەردودرمە دادەبەزێتە ناوی)) لەڕیوایەتێکدا: (لیث). واتە (ابن سعد) وتی: عەجەمەکانی لای ئێمە لەمانگی کانوونی یەکەمدات خۆیان لەوشەوە دەپارێزن.

(١٨) خواردنەوەی هەنگوین و خۆشاوو خواردنەوەی شیر و ئاو و سرکە

١٢٢٩ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: لَقَدْ سَقَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِقَدَحِي هَذَا الشَّرَابَ كُلَّهُ: الْعَسَلَ وَالنَّبِيذَ وَالْمَاءَ وَاللَّبَنَ.

(أنس) (ﷺ) دەڵێ: لەم جامۆڵکەیەمدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەنگوین و ئاووشیری خواردۆتەوە.

١٢٣٠ـ عَنْ الْبَرَاءِ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا أَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ مَكَّةَ إِلَى الْمَدِينَةِ، قَالَ: فَأَتْبَعَهُ سُرَاقَةُ بْنُ مَالِكِ بْنِ جُعْشُمٍ، قَالَ: فَدَعَا عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَسَاخَتْ فَرَسُهُ، فَقَالَ: ادْعُ اللَّهَ لِي وَلَا أَضُرُّكَ، قَالَ: فَدَعَا اللَّهَ، قَالَ: فَعَطِشَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَمَرُّوا بِرَاعِي غَنَمٍ، قَالَ أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ (ﷺ): فَأَخَذْتُ قَدَحًا، فَحَلَبْتُ فِيهِ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كُثْبَةً مِنْ لَبَنٍ، فَأَتَيْتُهُ بِهِ فَشَرِبَ حَتَّى رَضِيتُ. [البخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٩٦]

(براء) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککە وە هات بۆ مەدینە، (سراقە)ی کوڕی (مالك) کوڕی (جُعشُم)شوێنی کەوتبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دۆعای لێکرد و ئەسپەکەی چەقی، ئینجا وتی: لای خوا دۆعام بۆ

بکە زیانم بۆت نابێ، لەخوا پاڕایەوە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) تینووی بوو، تێپەڕین بەلای شوانی مەڕێکدا، ابو بکر الصدیق (ﷺ) وتی: جامۆڵکەیەکم هەڵگرت و، کەمێ شیرم دۆشی‌یە ناوی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هێنام بۆی و لێی خواردەوە و دڵخۆش بووم کە تینوویەتی شکا.

١٢٣١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): إِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أُتِيَ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِهِ بِإِيلِيَاءَ بِقَدَحَيْنِ مِنْ خَمْرٍ وَلَبَنٍ، فَنَظَرَ إِلَيْهِمَا فَأَخَذَ اللَّبَنَ، فَقَالَ لَهُ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَاكَ لِلْفِطْرَةِ، لَوْ أَخَذْتَ الْخَمْرَ غَوَتْ أُمَّتُكَ. [البخاري/ التفسير/ ٤٤٣٢]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: ئەو شەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) شەوڕەوی پێکرا لە (إيلياء –بيت المقدس) پەرداخێ شیر و پەرداخێ ئارەقیان بۆ هێنا، سەیرێکی کردن و شیرەکەی وەرگرت، جبريل (ﷺ) پێی فەرموو: سوپاس بۆ خوا کە ڕێنومایی کردیت بۆ سروشتی پاك ، ئەگەر ئارەقەکەت هەڵگرتایە ئوممەتەکەت گومڕا دەبوو.

(١٩) خواردنەوە لە جامۆڵکەدا

١٢٣٢ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ) قَالَ: ذُكِرَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) امْرَأَةٌ مِنَ الْعَرَبِ، فَأَمَرَ أَبَا أُسَيْدٍ أَنْ يُرْسِلَ إِلَيْهَا، فَأَرْسَلَ إِلَيْهَا فَقَدِمَتْ، فَنَزَلَتْ فِي أُجُمِ بَنِي سَاعِدَةَ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى جَاءَهَا فَدَخَلَ عَلَيْهَا، فَإِذَا امْرَأَةٌ مُنَكِّسَةٌ رَأْسَهَا، فَلَمَّا كَلَّمَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَالَتْ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ، قَالَ: ((قَدْ أَعَذْتُكِ مِنِّي)). فَقَالُوا لَهَا: أَتَدْرِينَ مَنْ هَذَا؟ فَقَالَتْ: لَا، فَقَالُوا: هَذَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) جَاءَكِ لِيَخْطُبَكِ، قَالَتْ: أَنَا كُنْتُ أَشْقَى مِنْ ذَلِكَ. قَالَ سَهْلٌ: فَأَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَئِذٍ حَتَّى جَلَسَ فِي سَقِيفَةِ بَنِي سَاعِدَةَ هُوَ وَأَصْحَابُهُ، ثُمَّ قَالَ: ((اسْقِنَا)) لِسَهْلٍ، قَالَ: فَأَخْرَجْتُ لَهُمْ هَذَا الْقَدَحَ فَأَسْقَيْتُهُمْ فِيهِ، قَالَ أَبُو حَازِمٍ: فَأَخْرَجَ لَنَا سَهْلٌ ذَلِكَ الْقَدَحَ فَشَرِبْنَا فِيهِ، قَالَ: ثُمَّ اسْتَوْهَبَهُ بَعْدَ ذَلِكَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ (ﷺ)، فَوَهَبَهُ لَهُ. [البخاري/ الأشربة/ ٥٣١٤]

(سهل) کوڕی (سعد) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێکی عەرەب لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسکرا. فەرمانی دا بە (ابو أُسَيد) کە بنێرێ بە دوایدا، ناردی بە شوێنیدا و هات، لە قەڵای (بني ساعدة)لای دا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت تا گەیشتە لای و چووە ژوورەوە بۆ لای کە دی ئافرەتێکە سەری داخستبوو، هەر کە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی لەگەڵدا كرد، ئافرەتەكە وتی: پەنا ئەگرم بە خوا لەتۆ، فەرمووی: ((تۆ پارێزراوی لە من)) پێیان وت: (ئەی ئافرەت) ئایا دەزانی ئەوە كێیە؟ وتی: نەخێر، وتیان: ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) هاتووە بۆلات بتخوازێ، وتی: من ئەوەندە بەختەوەر نیم بمخوازێ، (سهل) وتی: هەر ئەو رۆژە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە خۆی و هاوەڵانی لە (سقيفة بني ساعدة) دانیشتن، پاشان فەرمووی بە (سهل): ((ئاو بگێڕە بۆمان)). وتی: ئەو جامۆڵكەیەم بۆ دەرهێنا و ئاوم گێڕا بۆیان تیایدا، (أبو حازم) وتی: (سهل) ئەو جامەی بۆ دەرهێناین و ئاومان تێدا خواردەوە، وتی: پاشان (عمر) كوڕی (عبدالعزيز) (ﷺ) داوای لێكرد كە پێی ببەخشێ، ئەویش پێی بەخشی.

(٢٠) ڕێگری كردن لەدەمەوخواركردنەوەی كوندە

١٢٣٣ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ اخْتِنَاثِ الْأَسْقِيَةِ أَنْ يُشْرَبَ مِنْ أَفْوَاهِهَا. وَفِي رواية: وَاخْتِنَاثُهَا أَنْ يُقْلَبَ رَأْسُهَا ثُمَّ يُشْرَبَ مِنْهُ. [البخاري/ الأشربة/ ٥٣٠٢]

(ابو سعيد الخدرى) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگری كردووە لەدەمەوخواركردنەوەی كوندەو خواردنەوە لەدەمەكەیەوە، لەریوایەتێكدا سەرەوخوار بكرێتەوەو ئینجا لێی بخورێتەوە.

(٢١) ڕێگری لە خواردنەوە لە دەفری ئاڵتون و زیودا

١٢٣٤ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُكَيْمٍ قَالَ: كُنَّا مَعَ حُذَيْفَةَ (ﷺ) بِالْمَدَائِنِ، فَاسْتَسْقَى حُذَيْفَةُ، فَجَاءَهُ دِهْقَانٌ بِشَرَابٍ فِي إِنَاءٍ مِنْ فِضَّةٍ، فَرَمَاهُ بِهِ وَقَالَ: إِنِّي أُخْبِرُكُمْ أَنِّي قَدْ أَمَرْتُهُ أَنْ لَا يَسْقِيَنِي فِيهِ، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَشْرَبُوا فِي إِنَاءِ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ، وَلَا تَلْبَسُوا الدِّيبَاجَ وَالْحَرِيرَ، فَإِنَّهُ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَهُوَ لَكُمْ فِي الْآخِرَةِ، يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [البخاري/ الأطعمة/ ٥١١٠]

(عبدالله) كوڕی (عكيم) دەڵێ: ئێمە لەگەڵ (حذيفة)دا (ﷺ) لە (مدائن) بووین، (حذيفة) داوای ئاوی كرد، سەر گەورەی (مدائن) خواردنەوەیەكی بۆ هێنا لەناو دەفرێكی زیوین دا، دەفرەكەی پێدایەوەو وتی: من ئاگادارتان دەكەم كە من فەرمانم پێداوە كە لەناو ئەو دەفرە زیوەدا دەرخواردم نەدات ، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لە دەفری ئاڵتون و زیودا خواردنەوە

مەخۆنەوە، پۆشاکی (دیباج) و ئاوریشم مەپۆشن، ئەوە لە دونیادا بۆ ئەوانە و (واتە بۆ بێباوەڕان) لە ڕۆژی دوایشدا بۆ ئێوەیە، واتە لە ڕۆژی قیامەت دا)).

١٢٣٥ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الَّذِي يَشْرَبُ فِي آنِيَةِ الْفِضَّةِ إِنَّمَا يُجَرْجِرُ فِي بَطْنِهِ نَارَ جَهَنَّمَ)). وفي رواية: ((أَنَّ الَّذِي يَأْكُلُ أَوْ يَشْرَبُ فِي آنِيَةِ الْفِضَّةِ وَالذَّهَبِ...)). [البخاري/ الأشربة/ ٥٣١١]

(أم سلمة) (ﷺ) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو کەسەی لە دەفری زیودا بخواتەوە، ئەوە ئاگری دۆزەخ لەناوسکیدا قوڵتە قوڵتی دێت)). لە ڕیوایەتێکی تردا: ((ئەو کەسەی خۆراك یان خواردنەوە بخواتەوە لەناو دەفری زیو و ئاڵتون دا...)).

(٢٢) لای ڕاست لە پێشترە

١٢٣٦ـ عَنْ أَنَس بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: أَتَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي دَارِنَا فَاسْتَسْقَى، فَحَلَبْنَا لَهُ شَاةً، ثُمَّ شُبْتُهُ مِنْ مَاءِ بِئْرِي هَذِهِ، قَالَ: فَأَعْطَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَشَرِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَأَبُو بَكْرٍ عَنْ يَسَارِهِ، وَعُمَرُ (ﷺ) وِجَاهَهُ، وَأَعْرَابِيٌّ عَنْ يَمِينِهِ، فَلَمَّا فَرَغَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ شُرْبِهِ، قَالَ عُمَرُ: هَذَا أَبُو بَكْرٍ يَا رَسُولَ اللَّهِ، يُرِيهِ إِيَّاهُ، فَأَعْطَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْأَعْرَابِيَّ وَتَرَكَ أَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ، وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْأَيْمَنُونَ الْأَيْمَنُونَ الْأَيْمَنُونَ)). قَالَ أَنَسٌ: فَهِيَ سُنَّةٌ، فَهِيَ سُنَّةٌ فَهِيَ سُنَّةٌ. [البخاري/ الهبة/ ٢٤٣٢]

(أنس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ ماڵمان و داوای خواردنەوەیەکی کرد، ئێمەش مەڕێکمان بۆ دۆشی، پاشان لە ئاوی ئەو بیرەم تێکەڵ کرد، وتی: دام بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواردیەوە، (أبو بكر) لای چەپیەوە بوو، (عمر) (ﷺ) بەرانبەری بوو، عەرەبێکی دەشتەکیش لەلای ڕاستیەوە بوو، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەخواردنەوەکەی لێبوویەوە، (عمر) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە (ابو بکر)ە، پیشانی دا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بە عەرەبە دەشتەکیەکە نەك (ابوبکر) و (عمر)و، فەرمووی: ((ئەوانەی لای ڕاستەوەن، ئەوانەی لای ڕاستەوەن)). انس وتی: ئەوە سوننەتە، ئەوە سوننەتە، ئەوە سوننەتە.

(٢٣)مۆڵەت وەرگرتن لە بچوك تا بدرێ بە بەساڵاچوان

١٢٣٧ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أُتِيَ بِشَرَابٍ فَشَرِبَ مِنْهُ، وَعَنْ يَمِينِهِ غُلَامٌ وَعَنْ يَسَارِهِ أَشْيَاخٌ، فَقَالَ لِلْغُلَامِ: ((أَتَأْذَنُ لِي أَنْ أُعْطِيَ هَؤُلَاءِ)). فَقَالَ الْغُلَامُ: لَا وَاللَّهِ، لَا أُوثِرُ بِنَصِيبِي مِنْكَ أَحَدًا. قَالَ: فَتَلَّهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي يَدِهِ. [البخاري/ المظالم/ ٢٣١٩]

(سهل) کوڕی (سعد الساعدي) (ﷺ) دەڵێ: خواردنەوەیەك هێنرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لێی خواردەوە، مێردمنداڵێك لای ڕاستیەوە و چەند بەساڵاچوویەکیش لای چەپیەوە بوون، پێغەمبەر (ﷺ) بە کوڕەکەی فەرموو: ((مۆڵەتم دەدەیت بیدەم بەوان)). کوڕەکە وتی: نەبەخوا ئەو بەشەی لە تۆوە پێم دەگات، کەس پێشی خۆم ناخەم، پێغەمبەری خواش (ﷺ) دایە دەستی.

(٢٤) ڕێگری لە فووکردن بە دەفری خواردنەوەدا

١٢٣٨ـ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَهَى أَنْ يُتَنَفَّسَ فِي الْإِنَاءِ. [البخاري/ الأشربة/ ٥٣٠٧]

(ابو قتادة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە کە فووبکرێت بە دەفری خواردن و خواردنەوەدا.

(٢٥) پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەخواردنەوەدا هەناسەی دەدا

١٢٣٩ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَتَنَفَّسُ فِي الشَّرَابِ ثَلَاثًا، وَيَقُولُ: ((إِنَّهُ أَرْوَى وَأَبْرَأُ وَأَمْرَأُ)). قَالَ أَنَسٌ: فَأَنَا أَتَنَفَّسُ فِي الشَّرَابِ ثَلَاثًا. [البخاري/ الأشربة/ ٥٣٠٨]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکاتی خواردنەوەدا سێ جار هەناسەی دەدا و دەیفەرموو: ((ئاوا باشتر تینویەتی دەشکێنێ و، سەلامەت ترەو، ئاسانتریش دەچێتە گەدەوە)). (انس) وتی: منیش لەکاتی خواردنەوەدا سێجار هەناسەم دەدا.

(٢٦) ڕێگری لە خواردنەوە بە پێوە

١٢٤٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَشْرَبَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ قَائِمًا، فَمَنْ نَسِيَ فَلْيَسْتَقِئْ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((باکەستان بە پێوە خواردنەوە نەخواتەوە، هەرکەسێ لەبیری چوو با بڕشێتەوە)).

(٢٧) مۆڵەت دان بە خواردنەوەی ئاوی زمزم بە پێوە

١٢٤١ـ عَنْ ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: سَقَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ زَمْزَمَ فَشَرِبَ قَائِمًا، وَاسْتَسْقَى وَهُوَ عِنْدَ الْبَيْتِ. [البخاري/ الحج/ ١٥٥٦]

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: ئاوی زمزمم دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەپێوە خواردیەوە، ئەوکاتە لای (کەعبە)دابوو کەداوای ئاویکرد.

(٤٠) بەشی خواردەمەنیەکان

(١) ناو هێنانی خوای گەورە لەسەر خواردن

١٢٤٢ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا إِذَا حَضَرْنَا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) طَعَامًا لَمْ نَضَعْ أَيْدِيَنَا حَتَّى يَبْدَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَيَضَعَ يَدَهُ، وَإِنَّا حَضَرْنَا مَعَهُ مَرَّةً طَعَامًا، فَجَاءَتْ جَارِيَةٌ كَأَنَّهَا تُدْفَعُ، فَذَهَبَتْ لِتَضَعَ يَدَهَا فِي الطَّعَامِ، فَأَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِهَا، ثُمَّ جَاءَ أَعْرَابِيٌّ كَأَنَّمَا يُدْفَعُ، فَأَخَذَ بِيَدِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ الشَّيْطَانَ يَسْتَحِلُّ الطَّعَامَ أَنْ لَا يُذْكَرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ، وَإِنَّهُ جَاءَ بِهَذِهِ الْجَارِيَةِ لِيَسْتَحِلَّ بِهَا، فَأَخَذْتُ بِيَدِهَا، فَجَاءَ بِهَذَا الْأَعْرَابِيِّ لِيَسْتَحِلَّ بِهِ، فَأَخَذْتُ بِيَدِهِ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ يَدَهُ فِي يَدِي مَعَ يَدِهَا)). وفي رواية: ثُمَّ ذَكَرَ اسْمَ اللَّهِ وَأَكَلَ.

(حذيفة) (ﷺ) دەڵێ: هەرکات ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامادەی خواردنێك بووینایە دەستمان بۆ نەدەبرد هەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی پێدەکرد و دەستی بۆ دەبرد، ئێمە جارێکیان ئامادەی خواردنێك بوین لە خزمەتی‌دا، کچۆڵەیەك هات و هەروەك پاڵی پێوە بنرێ، ڕۆیشت تا دەستی بخاتە نێو خواردنەکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەستی گرت، پاشان عەرەبێکی دەشتەکیش هات هەروەك پاڵی پێوە بنرێ. پێغەمبەر (ﷺ) دەستی ئەویشی گرت، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((شەیتان دەتوانێ لەو خواردنە بخوات کە ناوی خوای لەسەر ناهێنرێ، ئەو ئەم کچۆڵەیەی هێنا هەتا بتوانێ لێی بخوات، منیش دەستم گرت، پاشان ئەم عەرەبە دەشتەکیەی هێنا هەتا بتوانێ لێی بخوات، دەستی ئەویشم گرت، سوێند بێ بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە دەستی ئەو لەگەڵ دەستی ئەو کچۆڵەیە لەناو دەستمدا بوون)) لە ریوایەتێکیشدا: پاشان ناوی خوای گەورەی هێنا و خواردی.

١٢٤٣ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ فَذَكَرَ اللَّهَ (ﷻ) عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: لَا مَبِيتَ لَكُمْ وَلَا عَشَاءَ، وَإِذَا دَخَلَ فَلَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ، وَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ عِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ)).

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستوە دەیفەرموو: ((ئەگەر پیاو چوەوە ماڵی خۆی و ناوی خوای (ﷻ)ی هێنا لەکاتی چوونە ژوورەوە و لە کاتی خواردنیدا، شەیتان بەهاوڕێکانی دەڵێ : نەشوێنی

مانەوەتان هەیە و نەنانی ئێوارە، بەڵام ئەگەر هەرکەس چووە ژوورەوە و ناوی خوای نەهێنا، لە کاتی چوونە ژوورەوەیدا، شەیتان دەڵێ: شوێنی مانەوەتان دەست کەوت، ئەگەر لەکاتی خواردنیدا ناوی خوای نەهێنا دەڵێ: شوێنی شەومانەوە و نانی ئێوارەیشتان دەست کەوت)).

(٢) خواردن بە دەستی ڕاست

١٢٤٤ـ عَنْ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَأْكُلْ بِيَمِينِهِ، وَإِذَا شَرِبَ فَلْيَشْرَبْ بِيَمِينِهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِشِمَالِهِ وَيَشْرَبُ بِشِمَالِهِ)).

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: هەرکاتێ یەکێکتان خواردنی خوارد بابەدەستی ڕاستی بیخوات، هەرکاتێ ئاوی خواردەوە بابە دەستی ڕاستی بیخواتەوە، چونکە شەیتان بە دەستی چەپی دەخوات و دەخواتەوە)).

١٢٤٥ـ عَنْ إِيَاسُ بْنُ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ (ﷺ): أَنَّ أَبَاهُ حَدَّثَهُ: أَنَّ رَجُلًا أَكَلَ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِشِمَالِهِ، فَقَالَ: ((كُلْ بِيَمِينِكَ)). قَالَ: لَا أَسْتَطِيعُ، قَالَ: ((لَا اسْتَطَعْتَ)). مَا مَنَعَهُ إِلَّا الْكِبْرُ، [قَالَ]: فَمَا رَفَعَهَا إِلَى فِيهِ.

لە (إياس) کوڕی (سلمة) کوڕی (الأكوع)ەوە (ﷺ)، باوکی بۆی گێڕاوەتەوە: کە پیاوێك لەلای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەدەستی چەپی خواردنی خوارد، فەرمووی: ((بە دەستی ڕاستت بخۆ؟)) وتی: ناتوانم، فەرمووی: ((هەر نەتوانی)). تەنها لووت بەرزی ڕێگری لێکردبوو (وتی) لەدوای ئەوەوە ئیتر نەیتوانی ئەو دەستەی بەرزبکاتەوە بۆ دەمی.

(٣) بخۆر لەبەردەمی خۆیەوە بخوات

١٢٤٦ـ عَنْ عُمَرَ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ فِي حَجْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَكَانَتْ يَدِي تَطِيشُ فِي الصَّحْفَةِ، فَقَالَ لِي: ((يَا غُلَامُ، سَمِّ اللَّهَ وَكُلْ بِيَمِينِكَ وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ)). [البخاري/ الأطعمة/ ٥٠٦١]

(عمر) کوڕی (أبو سلمة) (ﷺ) دەڵێ: من لە بەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم، دەستم بە هەموولایەکی قاپەکەدا دەگێڕا، پێی فەرمووم: ((ڕۆڵە، ناوی خوا بهێنە و بەدەستی ڕاستت بخۆو، لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ)).

(٤) خواردن بە سێ پەنجە

١٢٤٧ـ عَنِ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَأْكُلُ بِثَلَاثِ أَصَابِعَ، وَيَلْعَقُ يَدَهُ قَبْلَ أَنْ يَمْسَحَهَا.

(كعب) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە سێ پەنجە خواردنی دەخواردو، دەستی خۆی دەلێسایەوە پێش ئەوەی کە بیسڕێت.

(٥) لێسانەوەی پەنجەکان و قاپی خواردن

١٢٤٨ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَمَرَ بِلَعْقِ الْأَصَابِعِ وَالصَّحْفَةِ، وَقَالَ: ((إِنَّكُمْ لَا تَدْرُونَ فِي أَيِّهِ الْبَرَكَةُ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی داوە بە لێسانەوەی پەنجەکان و قاپەکەیش‌و، فەرمووی: ((ئێوە نازانن فەڕ و بەرەکەت لەکامیاندایە)).

(٦) سوپاس کردنی خوای گەورە لەسەر خواردن و خواردنەوە

١٢٤٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الْأَكْلَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا، أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا)).

(أنس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا لەوبەندەیە ڕازی دەبێ کە هەر خواردنێکی خوارد سوپاسی خوای لەسەر بکات، یان هەر خواردنەوەیەك بخواتەوە و سوپاسی خوای لەسەر بکات)).

(٧) پرسیار دەکرێ لە نیعمەتی خواردن و خواردنەوە

١٢٥٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ أَوْ لَيْلَةٍ، فَإِذَا هُوَ بِأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ (ﷺ)، فَقَالَ: ((مَا أَخْرَجَكُمَا مِنْ بُيُوتِكُمَا هَذِهِ السَّاعَةَ)). قَالَا: الْجُوعُ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: ((وَأَنَا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَأَخْرَجَنِي الَّذِي أَخْرَجَكُمَا، قُومُوا)). فَقَامُوا مَعَهُ فَأَتَى رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ فَإِذَا هُوَ لَيْسَ فِي بَيْتِهِ، فَلَمَّا رَأَتْهُ الْمَرْأَةُ قَالَتْ: مَرْحَبًا وَأَهْلًا، فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَيْنَ فُلَانٌ)). قَالَتْ: ذَهَبَ يَسْتَعْذِبُ لَنَا مِنَ الْمَاءِ، إِذْ جَاءَ الْأَنْصَارِيُّ، فَنَظَرَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَصَاحِبَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: الْحَمْدُ لِلَّهِ، مَا أَحَدٌ الْيَوْمَ أَكْرَمَ أَضْيَافًا مِنِّي، [قَالَ]: فَانْطَلَقَ فَجَاءَهُمْ بِعِذْقٍ فِيهِ بُسْرٌ وَتَمْرٌ وَرُطَبٌ، فَقَالَ: كُلُوا مِنْ هَذِهِ، وَأَخَذَ الْمُدْيَةَ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِيَّاكَ وَالْحَلُوبَ)). فَذَبَحَ لَهُمْ. فَأَكَلُوا مِنَ الشَّاةِ وَمِنْ ذَلِكَ الْعِذْقِ وَشَرِبُوا، فَلَمَّا أَنْ شَبِعُوا وَرَوُوا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ

(ﷺ): ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتُسْأَلُنَّ عَنْ هَذَا النَّعِيمِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُيُوتِكُمُ الْجُوعُ، ثُمَّ لَمْ تَرْجِعُوا حَتَّى أَصَابَكُمْ هَذَا النَّعِيمُ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێك یان شەوێك چووە دەرەوە، لەناکاودا گەیشت بە (ابو بكر) و (عمر) (ﷺ)، فەرمووی: ((ئاڵەم کاتەدا چی لەماڵەکانتان دەری کردوون؟)). وتیان: برسێتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی: ((سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، منیش هەرئەوە دەری کردووم کە ئێوەی دەکردووە، هەستن)). لە خزمەتیدا هەستان و تەشریفی هێنا بۆلای پیاوێك لەیارمەتیدەران ئەویش لە ماڵەوە نەبوو، هەر کە ژنەکە پێغەمبەری (ﷺ) بینی وتی: زۆر بەخێربێیت ئەی میوانی ماڵ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((فلاَن لە کوێیە)). وتی: ڕۆیشتوە ئاوی سازگارمان بۆ بهێنێ، ئالەوێدا یارمەتیدەرەکە هاتەوە، سەیرێکی پێغەمبەری خواو (ﷺ) دوو هاوەڵەکەیی کرد، پاشان وتی: سوپاس بۆخوا کەس نیە ئەمڕۆ میوانەکانی لە هی من بەڕێزتر بن. بە پرتاو ڕۆیشت هێشویەك خورمای هێنا، بەرسیلەو خورماو خورمای تەڕی تیابوو، وتی: لەوە بخۆن، چەقۆکەی گرت بەدەستەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پێی: ((وریای شیردەربە)). مەڕێکی بۆ سەربڕین، لەمەڕەکە و لە هێشوە خورماکەیان خوارد و ئاویان خواردەوە، کاتێ کە تێر و پاراو بوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (ابو بكر) و (عمر)ی (ﷺ) فەرموو: ((سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیاری ئەم نیعمەتەتان لێدەکرێ، برسێتی لەماڵەکانتانەوە هێنانیە دەرەوە و، نەگەڕانەوە هەتا ئەم نیعمەتانەتان دەست کەوت)).

(٨) چوون بەدەم دەعوەتی دراوسێوە

١٢٥١ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ جَارًا لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَارِسِيًّا كَانَ طَيِّبَ الْمَرَقِ، فَصَنَعَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ جَاءَ يَدْعُوهُ، فَقَالَ: ((وَهَذِهِ)). لِعَائِشَةَ، فَقَالَ: لَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا)). فَعَادَ يَدْعُوهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَهَذِهِ)). قَالَ: لَا، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا)). ثُمَّ عَادَ يَدْعُوهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَهَذِهِ)). قَالَ: نَعَمْ، فِي الثَّالِثَةِ، فَقَامَا يَتَدَافَعَانِ حَتَّى أَتَيَا مَنْزِلَهُ.

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دراوسێیەکی فارسی هەبوو، شلە بەگۆشتەکەی بەتام و خۆش بو، خواردنێکی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دروست

کـرد و پاشـان هاتـە خزمـەتی و دەعوتـی کـرد بـۆ خواردنــی، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەویش)). واتە (عائشة)ش بێ لەگەڵم ؟ وتی: نەخێر، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: ((منیـش نـەخێر)) واتـە بـەبێ (عائشـە) نایـەم دیسـان گەڕایـەوە و دەعوەتـی کـردەوە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمووی ((ئـەویش)) ، پیاوەکەی وتی: ((نەخێر)) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((نەخێر)) پاشان هاتەوە و دەعوەتی کردەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمیش)). وتی: بەڵێ، ئینجا لە جاری سێیەمدا، هەستان و بەپەلە یەك لەدوای یەك ڕۆیشتن تا گەیشتنە ماڵەکەی.

(٩) کەسێ کە شوێنی کەسێکی دەعوەت کراو دەکەوێ

١٢٥٢ـ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ يُقَالُ لَهُ أَبُو شُعَيْبٍ وَكَانَ لَهُ غُلَامٌ لَحَّامٌ، فَرَأَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَعَرَفَ فِي وَجْهِهِ الْجُوعَ، فَقَالَ لِغُلَامِهِ: وَيْحَكَ، اصْنَعْ لَنَا طَعَامًا لِخَمْسَةِ نَفَرٍ، فَإِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَدْعُوَ النَّبِيَّ (ﷺ) خَامِسَ خَمْسَةٍ. قَالَ: فَصَنَعَ، ثُمَّ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَدَعَاهُ خَامِسَ خَمْسَةٍ، وَاتَّبَعَهُمْ رَجُلٌ، فَلَمَّا بَلَغَ الْبَابَ قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((إِنَّ هَذَا اتَّبَعَنَا، فَإِنْ شِئْتَ أَنْ تَأْذَنَ لَهُ، وَإِنْ شِئْتَ رَجَعَ)). قَالَ: لَا، بَلْ آذَنُ لَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ. [البخاري/ البيوع/ ١٩٧٥٤]

(أبو مسعود الأنصاري) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هەبوو لە یارمەتیدەران پێـی دەوتـرا (ابـو شـعیب)، کـارگوزارێکی هـەبوو گۆشـت فـرۆش بـوو، انصاریەکـە پێغەمبــەری خــوای (ﷺ) بینــی و لــە ڕوخســاریدا برســێتی بــەدی کــرد، بەکارگوزارەکەیی وت: کۆستت کەوێ، خواردنێکمان بۆ دروسـت بکـە بەشـی پێنج کـەس بکات، من دەمـەوێ دەعوەتـی پێغەمبـەر (ﷺ) بکەم و یەکێ بێ لـە پێنج کەسەکە. دروستیکرد، پاشان هات بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە یەکێك بوو لە پێنج کەس، پیاوێك شوێنیان کەوت، کاتێ گەیشتە دەرگاکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە شوێنمان کەوتوە ئەگەر دەتەوێ مۆڵەتی بدەیت، ئەگـەر نـا دەگەڕێتـەوە)). وتـی: نـەخێر ؛ نایگێڕمــەوە ؛ بـەڵکو مۆڵـەتی دەدەم ئـەی پێغەمبەری خوا.

(١٠) پێشخستنی مافی میوان

١٢٥٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: إِنِّي مَجْهُودٌ، فَأَرْسَلَ إِلَى بَعْضِ نِسَائِهِ، فَقَالَتْ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا عِنْدِي إِلَّا مَاءٌ،

ثُمَّ أَرْسَلَ إِلَى أُخْرَى فَقَالَتْ مِثْلَ ذَلِكَ، حَتَّى قُلْنَ كُلُّهُنَّ مِثْلَ ذَلِكَ: لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا عِنْدِي إِلَّا مَاءٌ، فَقَالَ: ((مَنْ يُضِيفُ هَذَا اللَّيْلَةَ رَحِمَهُ اللَّهُ)). فَقَامَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ فَقَالَ: أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ. فَانْطَلَقَ بِهِ إِلَى رَحْلِهِ فَقَالَ لِامْرَأَتِهِ: هَلْ عِنْدَكِ شَيْءٌ؟ قَالَتْ: لَا إِلَّا قُوتُ صِبْيَانِي، قَالَ: فَعَلِّلِيهِمْ بِشَيْءٍ، فَإِذَا دَخَلَ ضَيْفُنَا فَأَطْفِئِ السِّرَاجَ وَأَرِيهِ أَنَّا نَأْكُلُ، فَإِذَا أَهْوَى لِيَأْكُلَ فَقُومِي إِلَى السِّرَاجِ حَتَّى تُطْفِئِيهِ، قَالَ: فَقَعَدُوا وَأَكَلَ الضَّيْفُ، فَلَمَّا أَصْبَحَ غَدَا عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: ((قَدْ عَجِبَ اللَّهُ مِنْ صَنِيعِكُمَا بِضَيْفِكُمَا اللَّيْلَةَ)). [البخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٨٧]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خواو (ﷺ) عەرزی کرد: برسێتی نارەحەتی کردووم، پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی نارد بۆ لای یەکێ لە خێزانەکانی، وتی: سوێند بێ بەو کەسەی تۆی بە حەق ڕەوانە کردووە جگە لە ئاو هیچی ترم لانیە، پاشان ناردی بۆلای یەکێکی تریان ئەویش هەمان وتەی دووبارە کردەوە، هەتا هەرهەموویان هەر ئەوەیان وت: نەخێر سوێندبێ بەو کەسەی تۆی بەحەق ڕەوانە کردوە جگە لە ئاو هیچی ترم لەلانیە. ئینجا فەرمووی:((ڕەحمەتی خوا لەو کەسەبێت ئەمشەو میوانداری ئەم پیاوە دەکات)). پیاوێك لە یارمەتیدەران هەستا و وتی: من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پیاوەکەی بردەوە ماڵی خۆیی و بە خێزانەکەی وت: ئایا شتێکت لاهەیە؟ وتی:نەخێر جگە لە خۆراکی منداڵەوردەکان، وتی: خەریکیان بکە بەشتێکەوە، هەر کە میوانەکەمان هاتە ژوورەوە، چراکە زۆر کز بکە وا دەربخە کە ئێمە خەریکی خواردنین، هەرکە ئەو کەوتە خواردن هەستە و چراکە بکوژێنەرەوە، وتی: خۆیان دانیشتن و میوانەکە نانی خوارد، کەرۆژ بوویەوە، هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی: ((خوای گەورە ئەوکارەی پەسەند کردن و ڕازی بوو لە کردەوەی ئەمشەوتان)).

(١١) خواردەمەنی دوو کەس بەشی سێکەس دەکات

١٢٥٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((طَعَامُ الِاثْنَيْنِ كَافِي الثَّلَاثَةِ، وَطَعَامُ الثَّلَاثَةِ كَافِي الْأَرْبَعَةِ)). [البخاري/ الأطعمة/ ٥٠٧٧]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خواردەمەنی دوو کەس بەشی سێ‌کەس دەکات، خواردەمەنی سیانیش بەشی چوارکەس دەکات)).

١٢٥٥ـ عَنْ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((طَعَامُ الْوَاحِدِ يَكْفِي الِاثْنَيْنِ، وَطَعَامُ الِاثْنَيْنِ يَكْفِي الْأَرْبَعَةَ، وَطَعَامُ الْأَرْبَعَةِ يَكْفِي الثَّمَانِيَةَ)).

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە کە دەیفەرموو: ((خواردەمەنی یەك کەس بەشی دوو کەس دەکات، خواردەمەنی دوو کەس بەشی چوار کەس دەکات، خواردەمەنی چوار کەسیش بەشی هەشت کەس دەکات)).

(١٢) خواردنی کوولەکە

١٢٥٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: دَعَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلٌ، فَانْطَلَقْتُ مَعَهُ، فَجِيءَ بِمَرَقَةٍ فِيهَا دُبَّاءٌ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَأْكُلُ مِنْ ذَلِكَ الدُّبَّاءِ وَيُعْجِبُهُ، قَالَ: فَلَمَّا رَأَيْتُ ذَلِكَ جَعَلْتُ أُلْقِيهِ إِلَيْهِ وَلَا أَطْعَمُهُ، قَالَ: فَقَالَ أَنَسٌ: فَمَا زِلْتُ بَعْدُ [ذلك] يُعْجِبُنِي الدُّبَّاءُ. [البخاري/ الأطعمة/ ٥١٢٣]

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەعوەت کرد، لە خزمەتیدا ڕۆیشتم، شلە بەگۆشتێك هێنرا کە کولەکەی تێدابوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتە خواردنی کولەکەکە و بەلایەوە خۆش بوو، وتی: هەرکە ئەوەم بینی کولەکەکەم خستە لای ئەوەوە و خۆم نەم خوارد، انس وتی: ئیتر لە دوای ئەوەوە بەردەوام کولەکەم لابەلەزەت بوو.

(١٣) سرکە پێخۆرێکی چاکە

١٢٥٧ـ عَنْ طَلْحَةُ بْنُ نَافِعٍ: أَنَّهُ سَمِعَ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِي ذَاتَ يَوْمٍ إِلَى مَنْزِلِهِ، فَأَخْرَجَ إِلَيْهِ فِلَقًا مِنْ خُبْزٍ، فَقَالَ: ((مَا مِنْ أُدُمٍ)). فَقَالُوا: لَا إِلَّا شَيْءٌ مِنْ خَلٍّ، قَالَ: ((فَإِنَّ الْخَلَّ نِعْمَ الْأُدُمُ)). قَالَ جَابِرٌ: فَمَا زِلْتُ أُحِبُّ الْخَلَّ مُنْذُ سَمِعْتُهَا مِنْ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ). و قَالَ طَلْحَةُ: مَا زِلْتُ أُحِبُّ الْخَلَّ مُنْذُ سَمِعْتُهَا مِنْ جَابِرٍ.

لە(طلحة) کوڕی (نافع)ەوە: کەلە (جابر) کوڕی (عبدالله)ی (ﷺ) بیستوە کە دەیووت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێ دەستی گرتم و بردمی بۆ ماڵی خۆی،

پارچەیەك نانی بۆ دەرهێنام، فەرمووی: ((ئایا پێخۆرێك نییە؟)). وتیان: نەخێر جگە لە هەندێ سرکە، فەرمووی: ((بەڕاستی سرکە پێخۆرێکی چاکە)). جابر وتی: لەوکاتەوە کە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە ئیتر بەردەوام حەزم لەسرکەیە، (طلحة) وتی: منیش لەوکاتەوە کەلە جابرم بیستووە ئیتر بەردەوام حەزم لە سرکەیە.

(١٤) خواردنی خورما

١٢٥٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُسْرٍ (ﷺ) قَالَ: نَزَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى أَبِي، قَالَ: فَقَرَّبْنَا إِلَيْهِ طَعَامًا وَوَطْبَةً، فَأَكَلَ مِنْهَا، ثُمَّ أُتِيَ بِتَمْرٍ، فَكَانَ يَأْكُلُهُ وَيُلْقِي النَّوَى بَيْنَ إِصْبَعَيْهِ، وَيَجْمَعُ السَّبَّابَةَ وَالْوُسْطَى –قَالَ شُعْبَةُ: هُوَ ظَنِّي وَهُوَ فِيهِ إِنْ شَاءَ اللَّهُ [تعالى] إِلْقَاءُ النَّوَى بَيْنَ الْإِصْبَعَيْنِ– ثُمَّ أُتِيَ بِشَرَابٍ فَشَرِبَهُ، ثُمَّ نَاوَلَهُ الَّذِي عَنْ يَمِينِهِ، قَالَ: فَقَالَ أَبِي، وَأَخَذَ بِلِجَامِ دَابَّتِهِ: ادْعُ اللَّهَ لَنَا. فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِي مَا رَزَقْتَهُمْ، وَاغْفِرْ لَهُمْ، وَارْحَمْهُمْ)).

(عبدالله) کوڕی (بُسر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە میوانی لایدایە لای باوکم، ئێمەش خواردنێك و خورما بەڕۆن، یان کەشك و ڕۆنمان هێنایە خزمەتی، لێی خوارد، پاشان خورمای بۆ هێنرا، دەیخوارد و ناوکەکەی دەخستە نێوان پەنجەکانیەوە، پەنجەی شەهادەت و ناوەڕاستی دەهێنایەوە یەك (شعبة) دەڵێ: ئەوە بۆچوونی منە، کە ناوکە خورمای خستبێتە نێوان دوو پەنجەیەوە– پاشان خواردنەوەیەکمان بۆ هێنا و خواردیەوە، پاشان دایە دەستی ئەو کەسەی لەلای ڕاستیەوە بوو: باوکم وتی، بەدەم گرتنی دەستە جڵەوی ولاغەکەیەوە عەرزم کرد: لای خوا بپاڕێرەوە بۆمان، فەرمووی: ((خوایە فەڕ و بەرەکەت بخەرە ئەو ڕزقەوە کە پێت داون‌و، لێیان خۆش ببە و، بەزەیت پێیاندا بێتەوە)).

(١٥) خورما خواردن لەسەر چۆك

١٢٥٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِك (ﷺ) قَالَ: أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِتَمْرٍ، فَجَعَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَقْسِمُهُ وَهُوَ مُحْتَفِزٌ، يَأْكُلُ مِنْهُ أَكْلًا ذَرِيعًا. وَفِي رِوَايَةٍ: رأيت النبي (ﷺ) مُقعياً يأكل تمراً.

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: خورما هێنرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) هەر بە چیچکانەوە کەوتە دابەشکردنی خۆیشی بەپەلە لێی

خوارد، لە ڕیوایەتێكدا دەڵێ: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی دانیشتبوو لەسەر چۆك خورمای دەخوارد.

(١٦) هەرماڵێك خورمای تێدانەبێ خەڵكەكەی برسین

١٢٦٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا عَائِشَةُ، بَيْتٌ لَا تَمْرَ فِيهِ جِيَاعٌ أَهْلُهُ. يَا عَائِشَةُ، بَيْتٌ لَا تَمْرَ فِيهِ جِيَاعٌ أَهْلُهُ. أَوْ: جَاعَ أَهْلُهُ)). قَالَهَا مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا.

(عائشة) (رضي الله عنها) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی عائشة هەر ماڵێك خورمای تێدا نەبێ خەڵكەكەی برسین، ئەی عائشة هەر ماڵێك خورمای تێدا نەبێ خەڵكەكەی برسین، یان: خەڵكەكەی برسیانە)). دوو تا سێ جار ئەمەی فەرموو.

(١٧) ڕێگری لەخواردنی خورما بەدووە دوو

١٢٦١ـ عَنْ جَبَلَةَ بْنِ سُحَيْمٍ قَالَ: كَانَ ابْنُ الزُّبَيْرِ (رضي الله عنه) يَرْزُقُنَا التَّمْرَ، قَالَ: وَقَدْ كَانَ أَصَابَ النَّاسَ يَوْمَئِذٍ جَهْدٌ، وَكُنَّا نَأْكُلُ فَيَمُرُّ عَلَيْنَا ابْنُ عُمَرَ وَنَحْنُ نَأْكُلُ فَيَقُولُ: لَا تُقَارِنُوا، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْإِقْرَانِ، إِلَّا أَنْ يَسْتَأْذِنَ الرَّجُلُ أَخَاهُ. قَالَ شُعْبَةُ: لَا أُرَى هَذِهِ الْكَلِمَةَ إِلَّا مِنْ كَلِمَةِ ابْنِ عُمَرَ، يَعْنِي الِاسْتِئْذَانَ. [البخاري/ الأطعمة/ ٥١٣١]

(جَبَلة) كوڕی (سُحَيم) دەڵێ: (ابن زبير) خورمای پێدەداین، خەڵكی لەوڕۆژەدا برسێتی ناڕەحەتی كردبوون، ئێمە خورمامان دەخوارد و (ابن عمر) سەری لێداین، ئێمەش لەوكاتەیا خورمامان خوارد دەیوت: دوو دوو خورما مەخۆن، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕیگریی كردووە لە بەجووت خواردنی خورما. مەگەر لە حاڵەتێكدا نەبێ كە پیاو مۆڵەت لەبراكەی وەربگرێت، (شعبة) وتی: ئەم وشەیەم نەبینیوە لە وتەی ابن عمردا نەبێ. واتە مۆڵەت خواستنەكە.

(١٨) خواردنی تروزی بە خورماوە

١٢٦٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَعْفَرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَأْكُلُ الْقِثَّاءَ بِالرُّطَبِ. [البخاري/ الأطعمة/ ٥١٣٢]

(عبدالله)ی كوڕی (جعفر) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی تروزیو خورمای تەڕی پێكەوە دەخوارد.

(١٩) بەری رەشی داری ئەراك

١٢٦٣ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) بِمَرِّ الظَّهْرَانِ وَنَحْنُ نَجْنِي الْكَبَاثَ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((عَلَيْكُمْ بِالْأَسْوَدِ مِنْهُ)). قَالَ: فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَأَنَّكَ رَعَيْتَ الْغَنَمَ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، وَهَلْ مِنْ نَبِيٍّ إِلَّا وَقَدْ رَعَاهَا)). أَوْ نَحْوَ هَذَا مِنَ الْقَوْلِ. [البخاري/ الاطعمة/ ٥١٣٨]

(جابر) كوری (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لە (مَرَّ الظهران)[1]دا لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بووین، خەریكی رِنینی بەری داری ئەراك[2] بووین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ر ەشەكەی بڕنن)) ئێمەش وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەروەك شوانی مەڕ بووبیت؟ فەرمووی: ((بەڵێ ، ئایا پێغەمبەرێ هەیە شوانێتی مەڕی نەكردبێ)) یان شتێكی وای فەرموو.

(٢٠) خواردنی گۆشتی كەروێشك

١٢٦٤ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: مَرَرْنَا فَاسْتَنْفَجْنَا أَرْنَبًا بِمَرِّ الظَّهْرَانِ، فَسَعَوْا عَلَيْهِ فَلَغَبُوا، قَالَ: فَسَعَيْتُ حَتَّى أَدْرَكْتُهَا، فَأَتَيْتُ بِهَا أَبَا طَلْحَةَ فَذَبَحَهَا، فَبَعَثَ بِوَرِكِهَا وَفَخِذَيْهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَتَيْتُ بِهَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَبِلَهُ. [البخاري/ الهبة/ ٢٤٣٣]

(أنس) كوری (مالك) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆیشتین و لە (مرَّ الظهران) كەروێشكێكمان لە شوێنی خۆی هەڵسان، خەڵكی ڕایان كرد بەدوایدا بیگرن، ماندوو بوون، منیش ڕامكرد بە دوایدا هەتا گەیشتمە سەری و گرتم، هێنام بۆ لای (أبو طلحة) و سەری بڕی، سمتە جوڵەكەی و هەردوو ڕانی نارد بۆ پێغەمبەری خواو (ﷺ) منیش هێنام بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وەری گرت.

(٢١) خواردنی گۆشتی بزن مژە

١٢٦٥ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) أَنَّ خَالِدَ بْنَ الْوَلِيدِ (ﷺ) -الَّذِي يُقَالُ لَهُ سَيْفُ اللَّهِ- أَخْبَرَهُ: أَنَّهُ دَخَلَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ)، وَهِيَ خَالَتُهُ وَخَالَةُ ابْنِ عَبَّاسٍ، فَوَجَدَ عِنْدَهَا ضَبًّا مَحْنُوذًا، قَدِمَتْ بِهِ أُخْتُهَا حُفَيْدَةُ بِنْتُ الْحَارِثِ مِنْ نَجْدٍ، فَقَدَّمَتِ الضَّبَّ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَكَانَ قَلَّمَا يُقَدَّمُ

---

[1] مرَّ الظهران: شوێنێكی نزیكە لە مەككەوە

[2] داری ئەراك : ئەو درەختەیە سیواكی لێ دروست دەكرێت.

إِلَيْهِ طَعَامٌ حَتَّى يُحَدَّثَ بِهِ وَيُسَمَّى لَهُ، فَأَهْوَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ إِلَى الضَّبِّ، فَقَالَت امْرَأَةٌ مِنَ النِّسْوَةِ الْحُضُورِ: أَخْبِرْنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِمَا قَدَّمْتُنَّ لَهُ، قُلْنَ: هُوَ الضَّبُّ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَرَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ، فَقَالَ خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ: أَحَرَامٌ الضَّبُّ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((لَا، وَلَكِنَّهُ لَمْ يَكُنْ بِأَرْضِ قَوْمِي، فَأَجِدُنِي أَعَافُهُ)). قَالَ خَالِدٌ: فَاجْتَرَرْتُهُ فَأَكَلْتُهُ، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَنْظُرُ فَلَمْ يَنْهَنِي. [البخاري/ الأطعمة/ ٥٠٧٦]

(عبدالله) کوڕی (عباس) (ﷺ) دەڵێ: (خالد) کوڕی (ولید) (ﷺ) -کە پێی دەوترا شمشێری خوا- هەواڵی پێداوە، کە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چوو بۆلای (میمونه)ی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) کە پووری ئەو و (ابن عباس) بوو لەدایکەوە، بزن مژەیەکی برژاوی لەلای بینی، کە (حفیدة) کچی (حارث)ی خوشکی لە (نەجدە)وە بۆی هێنابوو، (میمونە) بزن مژەکەی خستە بەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کە بەدەگمەن خواردنێکی بخرایەتە بەردەم هەتا باسی بۆ نەکرایە و ناوی نەبرایە بۆی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی برد بۆ بزن مژەکە، یەکێ لەو ئافرەتانەی کە لەوێدا ئامادەبوون وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداربکەن بەوەی کە بۆتان داناوە، وتیان خواردنەکە بزن مژەیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی کێشایەوە، ئینجا (خالد) کوڕی (ولید) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ بزن مژە حەرامە؟ فەرمووی: ((نەخێر، بەڵام لەخاکی قەومەکەی مندا نەبووە، بۆیە دەبینی دڵم ناچێتە سەری)). خالد وتی: لەتم کرد و خواردم، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سەیری کردم وڕێگری لێنەکردم.

١٢٦٦ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (ﷺ): أَنَّ أَعْرَابِيًّا أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: إِنِّي فِي غَائِطٍ مَضَبَّةٍ وَإِنَّهُ عَامَّةُ طَعَامِ أَهْلِي. قَالَ: فَلَمْ يُجِبْهُ، فَقُلْنَا: عَاوِدْهُ، فَعَاوَدَهُ، فَلَمْ يُجِبْهُ ثَلَاثًا، ثُمَّ نَادَاهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي الثَّالِثَةِ فَقَالَ: ((يَا أَعْرَابِيُّ، إِنَّ اللَّهَ لَعَنَ -أَوْ: غَضِبَ- عَلَى سِبْطٍ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَمَسَخَهُمْ دَوَابَّ يَدِبُّونَ فِي الْأَرْضِ، فَلَا أَدْرِي لَعَلَّ هَذَا مِنْهَا، فَلَسْتُ آكُلُهَا وَلَا أَنْهَى عَنْهَا)).

(ابو سعید) (ﷺ) دەڵێ: عەرەبێکی دەشتەکی هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وتی: نیشتەجێی شیو و دۆڵێکم کە بزن مژەی زۆرە و خۆراکی زۆرینەی خەڵکی لای ئێمەیە، وەڵامی نەدایەوە، وتمان: لێی دووبارە بکەرەوە، لێی

دووبارە کردەوە، تا سێجار وەڵامی نەدایەوە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەجاری سێیەمدا بانگی کرد و فەرمووی: ((ئەی دەشتەکی، خوا نەفرینی کردوە -یان: تورە بووە- لە تیرەیەکی (بنو اسرائیل)، لە ئادەمیی سڕیونیەتەوە و کردوونی بەیەکێ لەو گیاندارانەی سەرزەوی کەدێن و دەچن بەسەریدا، نازانم لەوانەیە ئەم بزن مژەیە لەوانە بێت، من نەدەیخۆم و نەرێگری خواردنیشی دەکەم)).

(٢٢) خواردنی کوللە

١٢٦٧ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي أَوْفَى (ﷺ) قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) سَبْعَ غَزَوَاتٍ نَأْكُلُ الْجَرَادَ. [البخاري/ الذبائح و الصيد/ ٥١٧٦]

(عبدالله) کوڕی (أبو أوفى) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) حەوت جەنگمان کردووە و کوللەمان خواردووە.

(٢٣) خواردنی گیانداری دەریایی و ئەوەی دەریا فڕێی دەدا

١٢٦٨ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَأَمَّرَ عَلَيْنَا أَبَا عُبَيْدَةَ، نَتَلَقَّى عِيرًا لِقُرَيْشٍ، وَزَوَّدَنَا جِرَابًا مِنْ تَمْرٍ لَمْ يَجِدْ لَنَا غَيْرَهُ، فَكَانَ أَبُو عُبَيْدَةَ يُعْطِينَا تَمْرَةً تَمْرَةً، قَالَ: فَقُلْتُ: كَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ بِهَا؟ قَالَ: نَمَصُّهَا كَمَا يَمَصُّ الصَّبِيُّ، ثُمَّ نَشْرَبُ عَلَيْهَا مِنَ الْمَاءِ، فَتَكْفِينَا يَوْمَنَا إِلَى اللَّيْلِ، وَكُنَّا نَضْرِبُ بِعِصِيِّنَا الْخَبَطَ، ثُمَّ نَبُلُّهُ بِالْمَاءِ فَنَأْكُلُهُ، قَالَ: وَانْطَلَقْنَا عَلَى سَاحِلِ الْبَحْرِ فَرُفِعَ لَنَا عَلَى سَاحِلِ الْبَحْرِ كَهَيْئَةِ الْكَثِيبِ الضَّخْمِ، فَأَتَيْنَاهُ فَإِذَا هِيَ دَابَّةٌ تُدْعَى الْعَنْبَرَ، [قَالَ]: قَالَ أَبُو عُبَيْدَةَ: مَيْتَةٌ، ثُمَّ قَالَ: لَا، بَلْ نَحْنُ رُسُلُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَقَدِ اضْطُرِرْتُمْ فَكُلُوا. قَالَ: فَأَقَمْنَا عَلَيْهِ شَهْرًا، وَنَحْنُ ثَلَاثُ مِائَةٍ، حَتَّى سَمِنَّا. قَالَ: وَلَقَدْ رَأَيْتُنَا نَغْتَرِفُ مِنْ وَقْبِ عَيْنِهِ بِالْقِلَالِ الدُّهْنَ، وَنَقْتَطِعُ مِنْهُ الْقَدَرَ كَالثَّوْرِ، أَوْ كَقَدْرِ الثَّوْرِ، فَلَقَدْ أَخَذَ مِنَّا أَبُو عُبَيْدَةَ ثَلَاثَةَ عَشَرَ رَجُلًا فَأَقْعَدَهُمْ فِي وَقْبِ عَيْنِهِ، وَأَخَذَ ضِلَعًا مِنْ أَضْلَاعِهِ فَأَقَامَهَا، ثُمَّ رَحَلَ أَعْظَمَ بَعِيرٍ مَعَنَا، فَمَرَّ مِنْ تَحْتِهَا. وَتَزَوَّدْنَا مِنْ لَحْمِهِ وَشَائِقَ، فَلَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ، أَتَيْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرْنَا ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: ((هُوَ رِزْقٌ أَخْرَجَهُ اللَّهُ لَكُمْ، فَهَلْ مَعَكُمْ مِنْ لَحْمِهِ شَيْءٌ فَتُطْعِمُونَا)). قَالَ: فَأَرْسَلْنَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْهُ فَأَكَلَهُ. [البخاري/ المغازي/ ٤١٠٢-٤١٠٤]

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردینی بۆ جەنگ و أبو عبیدەی كردە فەرماندەمان، بەدوای كاروانی قورەیشدا دەگەڕاین، توێشە بەرەیەك لە خورمای كردە توێشومان و هیچی تری لا نەبوو بۆمان جگە لەوە، (أبو عبیدە) دەنكە خورمای دەداینێ. منیش وتم: ئەی ئێوە چیتان لێدەكرد؟ وتی: دەمانمژی هەروەك چۆن منداڵ دەیمژێ، پاشان ئاومان دەخواردەوە بەسەریدا، ئەو ڕۆژە تا شەوەكەی بەشی كردین، بەدارەكانی دەستمان گەڵای دارمان دەوەراند، پاشان بەئاو تەڕمان دەكرد و دەمانخوارد، بەكەناری دەریاكەدا ڕۆیشتین، لەكەناری دەریاكە تارمایی یەكمان دی وەكو تەپۆڵكە وابوو كە گەیشتینە لای سەیردەكەین گیاندارێكە پێی دەوترا (عَنبَر) أبو عبیدە وتی: ئەوە مرداربوەیە، پاشان وتی:نەخێر بەڵكو ئێمە نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ین و لە پێناوی خوادا هاتووین، بەڕاستی ناچاربووین بیخۆن، وتی: ئێمە كە سێ‌سەد كەس بووین یەك مانگ لەسەری ماینەوە هەتا قەڵەو بووین، وتی: ئێمەت ببینیایە لە چاڵی چاویدا بە گۆزەی گەورە ڕۆنمان هەڵدەگۆزی، پارچە گۆشتمان لێدەبڕی ، یان بەقەدەر گایەك دەبوو، (أبو عبیدة) سیانزە پیاوی لێبردین و لە چاڵی چاویدا داینیشاندن، پەراسویەكی لێهەڵگرت و دایچەقاند، پاشان گەورەترین حوشترێ كە پێمان بوو بردی بەژێریدا ، لە گۆشتەكەی زۆرێكمان لێ‌زەرد كرد و كردمانە توێشوی (ڕێ) كاتێ گەڕاینەوە مەدینە، هاتینە خزمەتی پێغەمبەری خواو (ﷺ) ئەو باسەمان بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: ((ئەوە ڕزقێكە خوا بۆ ئێوەی هێناوەتە دەرێ، ئایا شتێك لە گۆشتەكەیتان پێیە بیدەنە دەرخواردمان)). وتی: لە گۆشتەكەیمان نارد بۆ پێغەمبەری خواو (ﷺ) خواردی.

(٢٤) خواردنی گۆشتی ئەسپ

١٢٦٩ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ، وَأَذِنَ فِي لُحُومِ الْخَيْلِ. [البخاري/ المغازي/ ٣٩٨٢]

(جابر) كوری (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (خیبر)دا ڕێگری كرد لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی، مۆڵەتی دا بە خواردنی گۆشتی ئەسپ.

١٢٧٠ـ عَنْ أَسْمَاءَ (ﷺ) قَالَتْ: نَحَرْنَا فَرَسًا عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَكَلْنَاهُ. [بخاري/ الذبائح و الصيد/ ٥٢٠٠]

(اسماء) (ﷺ) دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئەسپێکمان سەربڕی و خواردمان.

(٢٥) ڕێگریی لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی

١٢٧١ـ عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ (ﷺ) قَالَ: حَرَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لُحُومَ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ. [بخاري/ الذبائح و الصيد/ ٥٢٠٦]

(أبو ثعلبة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گۆشتی گوێدرێژی ماڵی حەرام کردووە.

١٢٧٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا فَتَحَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَيْبَرَ، أَصَبْنَا حُمُرًا خَارِجًا مِنَ الْقَرْيَةِ فَطَبَخْنَا مِنْهَا، فَنَادَى مُنَادِي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَلَا إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يَنْهَيَانِكُمْ عَنْهَا، فَإِنَّهَا رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ. فَأُكْفِئَتِ الْقُدُورُ بِمَا فِيهَا وَإِنَّهَا لَتَفُورُ بِمَا فِيهَا. [بخاري/ الذبائح و الصيد/ ٥٢٠٨]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەیبەری ڕزگار کرد، لەدەرەوەی گوندەکە چەند گوێدرێژێك کەوتنە دەستمان و، هەندێکمان لێکولاند، بانگکەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کرد: ئاگاداربن ، ئەوە خواو پێغەمبەرەکەی ڕێگریتان دەکەن لەوە، ئەوە زۆر پیسە و لەکاری شەیتانە، مەنجەڵەکان سەرەونخون کرانەوە بەوەی کە تیایاندا بوو، لە کاتێکدا کە قوڵپەی کولانیان دەهات.

(٢٦) ڕێگری لە خواردنی دڕندەی کەڵبەدار

١٢٧٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((كُلُّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ فَأَكْلُهُ حَرَامٌ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((هەموو دڕندەیەکی کەڵبەدار خواردنی حەرامە)).

(٢٧) ڕێگری لە خواردنی هەموو باڵندەیەکی چنگ تیژ

١٢٧٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ، وَ[عَنْ] كُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ.

(ابــن عبــاس) (ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) ڕێگریــی کــردووە لــە (خواردنـی گۆشـتی) هـەموو دڕندەیـەکی کەڵبـەدار و هـەموو باڵندەیـەکی چنـگ تیژ.

(٢٨) خواردنی سی چاك نییە

١٢٧٥ـ عَنْ أَبِي أَيُّوبَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَزَلَ عَلَيْهِ، فَنَزَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) فِي السُّفْلِ، وَأَبُو أَيُّوبَ فِي الْعِلْوِ، [قَالَ]: فَانْتَبَهَ أَبُو أَيُّوبَ لَيْلَةً فَقَالَ: نَمْشِي فَوْقَ رَأْسِ رَسُولِ اللَّه (ﷺ)؟ فَتَنَحَّوْا فَبَاتُوا فِي جَانِبٍ، ثُمَّ قَالَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((السُّفْلُ أَرْفَقُ)). فَقَالَ: لَا أَعْلُو سَقِيفَةً أَنْتَ تَحْتَهَا، فَتَحَوَّلَ النَّبِيُّ (ﷺ) فِي الْعُلُوِّ وَأَبُو أَيُّوبَ فِي السُّفْلِ، فَكَانَ يَصْنَعُ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) طَعَامًا، فَإِذَا جِيءَ بِهِ إِلَيْهِ سَأَلَ عَنْ مَوْضِعِ أَصَابِعِهِ، فَيَتَتَبَّعُ مَوْضِعَ أَصَابِعِهِ، فَصَنَعَ لَهُ طَعَامًا فِيهِ ثُومٌ، فَلَمَّا رُدَّ إِلَيْهِ سَأَلَ عَنْ مَوْضِعِ أَصَابِعِ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقِيلَ لَهُ: لَمْ يَأْكُلْ، فَفَزِعَ، وَصَعِدَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: أَحَرَامٌ هُوَ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لَا، وَلَكِنِّي أَكْرَهُهُ)). قَالَ: فَإِنِّي أَكْرَهُ مَا تَكْرَهُ، أَوْ: مَا كَرِهْتَ. قَالَ: وَكَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُؤْتَى.

لە(ابو ایوب)ەوە (ﷺ): کە پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵی ئـەو دابـەزی، پێغەمبـەر (ﷺ) لەقاتی خوارەوە نیشتەجێبوو، (ابو ایوب) یـش لـەقاتی سەرەوە: شەوێك (ابو ایوب) بە ئاگاهـات و وتـی: ئێمـە بەسـەر سـەری پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ)، هاتووچۆ بکەین؟ چوونە سوچێکەوە و لەوێ ئەو شەوەیان بردە سەر، پاشان بە پێغەمبـەری (ﷺ) وت: پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمووی: ((خـوارەوە ئاسـانترە)) وتـی: سەرناکەومە سەربانێك تۆ لەژێریدا بیت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) گواستیەوە بۆ قـاتی سـەرەوە و (ابـو ایـوب) یـش هاتـە خـوارەوە، هـەموو جـارێ خواردنـی دروستدەکرد بۆ پێغەمبـەر (ﷺ)، هەر کە خواردنەکەی بهێنایە بۆی پرسیاری دەکرد لە شوێنی پەنجەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر ئەویش لـە جێ‌پەنجەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیخوارد، جارێکیان خواردنێکی بۆ دروست کرد کە سیری تێدابوو، کاتێ بۆی گەڕایەوە پرسیاری کرد لـە جێگـە پەنجـەکانی پێغەمبـەر (ﷺ)،پێـی وتـرا، نـەیخوارد، (ابـو ایـوب) ترسـا و شـڵەژا و چـووە سـەرەوە بـۆ خزمەتی و عەرزی کرد: ئایا حەرامە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نەخێر، بەڵکو من خۆشیم لێی‌نایە)). ئەویش وتی: منیش خۆشم نایە لـەوەی کە تۆ خۆشت

لێی نایە ، خۆشت لێیئەهات : لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەحی بۆهات (حەزیشی نەدەکرد کەلەوکاتەدا بۆنی دەمی ناخۆش بێت).

(٢٩) عەییدارنەکردنی خواردن

١٢٧٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَابَ طَعَامًا قَطُّ، كَانَ إِذَا اشْتَهَاهُ أَكَلَهُ، وَإِنْ لَمْ يَشْتَهِهِ سَكَتَ. [البخاري/ المناقب/ ٣٣٧٠]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: هەرگیز پێغەمبەری خوام (ﷺ) نەبینیوە کە خواردنێ عەیبدار بکات، ئەگەر حەزی لێبکردایە دەیخوارد، ئەگەر حەزیشی لێنەکردایە بێدەنگ دەبوو.

(٤١) بەشی پۆشاك و ڕازاوەیی

(١) ئەو پیاوەی لە دونیادا ئاوریشم دەپۆشێ لەو دونیادا بێبەشە

١٢٧٧ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: رَأَى عُمَرُ بن الخطاب (ﷺ) عُطَارِدًا التَّمِيمِيَّ يُقِيمُ بِالسُّوقِ حُلَّةً سِيَرَاءَ، وَكَانَ رَجُلًا يَغْشَى الْمُلُوكَ وَيُصِيبُ مِنْهُمْ، فَقَالَ عُمَرُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي رَأَيْتُ عُطَارِدًا يُقِيمُ فِي السُّوقِ حُلَّةً سِيَرَاءَ، فَلَوِ اشْتَرَيْتَهَا فَلَبِسْتَهَا لِوُفُودِ الْعَرَبِ إِذَا قَدِمُوا عَلَيْكَ، وَأَظُنُّهُ قَالَ: وَلَبِسْتَهَا يَوْمَ الْجُمُعَةِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّمَا يَلْبَسُ الْحَرِيرَ فِي الدُّنْيَا مَنْ لَا خَلَاقَ لَهُ فِي الْآخِرَةِ)). فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ ذَلِكَ أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِحُلَلٍ سِيَرَاءَ، فَبَعَثَ إِلَى عُمَرَ بِحُلَّةٍ، وَبَعَثَ إِلَى أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ بِحُلَّةٍ، وَأَعْطَى عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) حُلَّةً وَقَالَ: ((شَقِّقْهَا خُمُرًا بَيْنَ نِسَائِكَ)). قَالَ: فَجَاءَ عُمَرُ بِحُلَّتِهِ يَحْمِلُهَا، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، بَعَثْتَ إِلَيَّ بِهَذِهِ، وَقَدْ قُلْتَ بِالْأَمْسِ فِي حُلَّةِ عُطَارِدٍ مَا قُلْتَ؟ فَقَالَ: ((إِنِّي لَمْ أَبْعَثْ بِهَا إِلَيْكَ لِتَلْبَسَهَا، وَلَكِنِّي بَعَثْتُ بِهَا إِلَيْكَ لِتُصِيبَ بِهَا)). وَأَمَّا أُسَامَةُ فَرَاحَ فِي حُلَّتِهِ، فَنَظَرَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) نَظَرًا عَرَفَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ أَنْكَرَ مَا صَنَعَ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا تَنْظُرُ إِلَيَّ، فَأَنْتَ بَعَثْتَ إِلَيَّ بِهَا؟ فَقَالَ: ((إِنِّي لَمْ أَبْعَثْ إِلَيْكَ لِتَلْبَسَهَا، وَلَكِنِّي بَعَثْتُ بِهَا إِلَيْكَ لِتُشَقِّقَهَا خُمُرًا بَيْنَ نِسَائِكَ)). [البخاري/ الهبة/ ٢٤٧٠]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: (عمر) كوڕی (خطاب) (ﷺ) (عطاردی تمیمي) لە بازاڕدا بیبینی، كە قاتێكی ئاوریشمی خەت خەتی خستبووە سەرسەودا، (عطارد) پیاوێ بوو سەردانی پادشایانی دەكرد و دەست كەوتی لێیان دەبوو، (عمر) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (عطارد)م بینی لەبازاڕدا قاتێكی ئاوریشمی خەت خەتی خستبووە سەر سەودا، خۆزگایە لێت بكڕیایە و لەوكاتانەدا كە نوێنەری تیرەكانی عەرەب دەهاتنە خزمەتت لەبەرت بكردایە، وا بزانم وتی: ڕۆژی جومعەش لەبەرت بكردایە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((كەسێ لە دونیادا ئاوریشم دەپۆشێ؛ كەلە ڕۆژی دواییدا بێبەش بێت لێی)) لە دوای ئەوەوە چەند قاتێكی لەو جۆرە هێنرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) قاتێكی نارد بۆ (عمر)، قاتێكی تری نارد بۆ (أسامة)ی كوڕی (زید)، قاتێكیشی دابە (علي) كوڕی (أبو طالب) (ﷺ) و، فەرمووی: ((پارچە پارچەی

بکە بۆ سەرپۆش و دابەشی بکە لەنێوان هاوسەرەکانتا)). دەڵێ: (عمر) قاتەکەی خۆی هەڵگرتبوو و هات، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەمەت ناردووە بۆم، دوێنێ لەسەر قاتەکەی (عطارد)یش ئەوەت فەرموو کە فەرمووت؟ فەرمووی: ((من بۆ ئەوە بۆم نەناردویت کە لەبەری بکەیت، بەڵکو بۆ ئەوە بۆم ناردوویت کە سوودی لێببینیت)). بەڵام (أسامة) قاتەکەی لەبەرکردوو هات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەیرکردنێ سەیری (أسامة)ی کرد، زانی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردەوەکەی پێناخۆش بووە، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا چی‌یە واسەیرم دەکەیت، تۆ خۆت ناردوتە بۆم؟ فەرمووی: ((من بۆ ئەوە بۆم نەناردویت کەلەبەری بکەیت، بەڵکو بۆم ناردوویت تا پارچە پارچەی بکەی بۆسەرپۆش و دابەشی بکەیت لە نێوان ژنەکانتا)).

(٢) هەر کەس لە دونیادا ئاوریشم لەبەربکات لە رۆژی دواییدا لەبەری ناکات

١٢٧٨ـ عَنْ خَلِيفَةَ بْنِ كَعْبٍ [أَبِي ذُبْيَانَ] قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الزُّبَيْرِ يَخْطُبُ يَقُولُ: أَلَا لَا تُلْبِسُوا نِسَاءَكُمُ الْحَرِيرَ، فَإِنِّي سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَلْبَسُوا الْحَرِيرَ، فَإِنَّهُ مَنْ لَبِسَهُ فِي الدُّنْيَا لَمْ يَلْبَسْهُ فِي الْآخِرَةِ)). [البخاري/ اللباس/ ٥٤٩٢]

(خليفە) کوڕی (کعب) (أبو ذبيان) دەڵێ: گوێم لێبوو (عبدالله)ی کوڕی (زبير) وتاری دەدا و دەیوت: وریا بن نەکەن ئاوریشم بکەنە بەر ژنەکانتان، من لە (عمر) کوڕی (الخطاب)م بیستوە دەیوت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئاوریشم لەبەرمەکەن، هەر کەس لە دونیادا لەبەری بکات لە رۆژی دوایدا لەبەری ناکات))[1].

(٣) بۆ لە خواترسان شیاونی‌یە ئاوریشمی درزدار لەبەر بکەن

١٢٧٩ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (رضي الله عنه) أَنَّهُ قَالَ: أُهْدِيَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَرُّوجُ حَرِيرٍ، فَلَبِسَهُ ثُمَّ صَلَّى فِيهِ، ثُمَّ انْصَرَفَ فَنَزَعَهُ نَزْعًا شَدِيدًا كَالْكَارِهِ لَهُ، ثُمَّ قَالَ: ((لَا يَنْبَغِي هَذَا لِلْمُتَّقِينَ)). [البخاري/ الصلاة في الثياب/ ٣٦٨]

[1] پێشەوا نەوەوی: ئەوە مەزهەبی (ابن الزبير)ە ، زانایان هاودەنگن کە ئاوریشم حەڵاڵە بۆ ئافرەت، فەرموودەی پێشووتر بەڵگەیە لەسەرئەوە.

(عقبة) كوڕی (عامر) (ﷺ) دەڵێ: پۆشاكێكی ئاوریشمی لەدواوە درزدار كرایە دیاری بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لەبەری كرد و پاشتر نوێژیشی پێوە كرد، كە لە نوێژەكەی بویەوە زۆر بە توندی و بەپەلە لەبەری خۆی دایماڵی وەك یەكێ كە حەزی پێنەكات، پاشان فەرمووی: ((ئەمە بۆ لەخواترسان شیاونیە)).

(٤) ڕێگری لە پۆشینی ئاوریشم بە ئەندازەی دوو پەنجە نەبێ

١٢٨٠ـ عَنْ أَبِي عُثْمَانَ قَالَ: كَتَبَ إِلَيْنَا عُمَرُ (ﷺ) وَنَحْنُ بِأَذْرَبِيجَانَ: يَا عُتْبَةُ بْنَ فَرْقَدٍ، إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ كَدِّكَ وَلَا مِنْ كَدِّ أَبِيكَ وَلَا مِنْ كَدِّ أُمِّكَ، فَأَشْبِعْ الْمُسْلِمِينَ فِي رِحَالِهِمْ مِمَّا تَشْبَعُ مِنْهُ فِي رَحْلِكَ، وَإِيَّاكُمْ وَالتَّنَعُّمَ وَزِيَّ أَهْلِ الشِّرْكِ وَلَبُوسَ الْحَرِيرِ، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ لَبُوسِ الْحَرِيرِ قَالَ: إِلَّا هَكَذَا، وَرَفَعَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِصْبَعَيْهِ الْوُسْطَى وَالسَّبَّابَةَ وَضَمَّهُمَا. قَالَ زُهَيْرٌ: قَالَ عَاصِمٌ: هَذَا فِي الْكِتَابِ، قَالَ: وَرَفَعَ زُهَيْرٌ إِصْبَعَيْهِ. [البخاري/ اللباس/ ٥٤٩٢]

(أبو عثمان) دەڵێ: ئێمە لە ئازربایجان بووین (عمر) (ﷺ) نامەیەكی بۆ نووسین كە: ئەی (عُتبة) كوڕی (فرقد) ئەوە نەبەرهەمی ڕەنجی خۆتە و نەڕەنجی باوكتە و نەڕەنجی دایكتە، موسڵمانان تێربكە لە نێوماڵەكانیاندا هەرلەوە كە خۆتی لێتێر دەكەیت لە ماڵەكەتدا، وریابن نەكەن بەژیانی ناسكی بژین و، پۆشاكی خەڵكانی بێباوەڕ و ئاوریشم، لەبەر بكەن، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری كردوە لە پۆشینی ئاوریشم، وتی: مەگەر بەم شێوەیە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردوو پەنجەی شەهادەت و ناوەڕاستی بەرز كردەوە و خستنیە پاڵ یەك، (زهیر) دەڵێ: (عاصم) وتی: ئەمە لەنامەكە دابوو، زهیریش هەردوو پەنجەی بەرز كردەوە.

١٢٨١ـ عَنْ سُوَيْدِ بْنِ غَفَلَةَ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) خَطَبَ بِالْجَابِيَةِ فَقَالَ: نَهَى نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ لُبْسِ الْحَرِيرِ، إِلَّا مَوْضِعَ إِصْبَعَيْنِ أَوْ ثَلَاثٍ أَوْ أَرْبَعٍ.

(سوید) كوڕی (غفلة) دەڵێ: (عمر) كوڕی (خطاب) (ﷺ) لە (جابیة)[1] وتاری داو وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری كردووە لە پۆشینی ئاوریشم، مەگەر بە ئەندازەی دووپەنجە یان سێپەنجە یان چوار پەنجە.

---

[1] الجابیة: شوێنێكە لەوڵاتی شام لە سوریە

(٥) رێگری كردن لەلەبەركردنی كەوای ئاوریشم (دیباج)

١٢٨٢ـ عَنْ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: لَبِسَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَوْمًا قَبَاءً مِنْ دِيبَاجٍ أُهْدِيَ لَهُ، ثُمَّ أَوْشَكَ أَنْ نَزَعَهُ، فَأَرْسَلَ بِهِ إِلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (ﷺ)، فَقِيلَ لَهُ: قَدْ أَوْشَكَ مَا نَزَعْتَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: ((نَهَانِي عَنْهُ جِبْرِيلُ (الطّيّلا)). فَجَاءَهُ عُمَرُ [(ﷺ)] يَبْكِي، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَرِهْتَ أَمْرًا وَأَعْطَيْتَنِيهِ، فَمَا لِي؟ قَالَ: ((إِنِّي لَمْ أُعْطِكَهُ لِتَلْبَسَهُ، إِنَّمَا أَعْطَيْتُكَهُ تَبِيعُهُ)). فَبَاعَهُ بِأَلْفَيْ دِرْهَمٍ.

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێ كەوایەكی ئاوریشمی لەبەر كرد كە بە دیاری بۆی هاتبوو، پاشان زۆری پێنەچوو دایكەند لەبەری و، ناردی بۆ (عمر) كوڕی (خطاب) (ﷺ)، عەرزی پێغەمبەر كرا: بەڕاستی زوو داتكەند ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((جبریل (الطّيّلا) ڕێگری لێكردم لەبەری بكەم)). عمر (ﷺ) هاتە خزمەتی و دەگریا، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێكت بەلاوە خراپ بووە و داوتە بەمن، ئەوە من چیمە؟ فەرمووی: ((من بۆ ئەوە پێم نەداویت لەبەری بكەیت، بۆئەوە پێم داویت كە بیفرۆشیت)). فرۆشتی بە دوو هەزار درهەم.

(٦) مۆڵەت دان بە پۆشینی ئاوریشم بۆ نەخۆشی

١٢٨٣ـ عَنْ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَخَّصَ لِعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ، وَالزُّبَيْرِ بْنِ الْعَوَّامِ، فِي الْقُمُصِ الْحَرِيرِ فِي السَّفَرِ، مِنْ حِكَّةٍ كَانَتْ بِهِمَا أَوْ وَجَعٍ كَانَ بِهِمَا. وفي رواية: شكوا الى رسول الله القمل. [البخاري/ الجهاد/ ٢٧٦٢]

(انس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی دا بە (عبدالرحمن) كوڕی (عوف) و، (زبیر) كوڕی (عوام)، بە پۆشینی كراسی ئاوریشم لەسەفەردا، لەبەر خوراندنێ یان ئازارێ كە پێیانەوە بوو لە ڕیوایەتێكدا: لەتاو ئەسپێ سكاڵایان گەیاندە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

(٧) مۆڵەتدان بە پۆشینی یەخەی ئاوریشمی دیباجی

١٢٨٤ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ مَوْلَى أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ ،وَكَانَ خَالَ وَلَدِ عَطَاءٍ قَالَ: أَرْسَلَتْنِي أَسْمَاءُ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ)، فَقَالَتْ: بَلَغَنِي أَنَّكَ تُحَرِّمُ أَشْيَاءَ ثَلَاثَةً: الْعَلَمَ فِي الثَّوْبِ، وَمِيثَرَةَ الْأُرْجُوَانِ، وَصَوْمَ رَجَبٍ كُلِّهِ؟ فَقَالَ لِي عَبْدُ اللَّهِ: أَمَّا مَا ذَكَرْتَ مِنْ رَجَبٍ فَكَيْفَ بِمَنْ يَصُومُ الْأَبَدَ؟ وَأَمَّا مَا ذَكَرْتَ مِنَ الْعَلَمِ فِي الثَّوْبِ: فَإِنِّي سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ:

((إِنَّمَا يَلْبَسُ الْحَرِيرَ مَنْ لَا خَلَاقَ لَهُ)). فَخِفْتُ أَنْ يَكُونَ الْعَلَمُ مِنْهُ. وَأَمَّا مِيثَرَةُ الْأُرْجُوَانِ: فَهَذِهِ مِيثَرَةُ عَبْدِ اللَّهِ فَإِذَا هِيَ أُرْجُوَانٌ. فَرَجَعْتُ إِلَى أَسْمَاءَ فَخَبَّرْتُهَا، فَقَالَتْ: هَذِهِ جُبَّةُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَخْرَجَتْ إِلَيَّ جُبَّةَ طَيَالِسَةٍ كِسْرَوَانِيَّةٍ، لَهَا لِبْنَةُ دِيبَاجٍ، وَفَرْجَيْهَا مَكْفُوفَيْنِ بِالدِّيبَاجِ، فَقَالَتْ: هَذِهِ كَانَتْ عِنْدَ عَائِشَةَ (﵂) حَتَّى قُبِضَتْ، فَلَمَّا قُبِضَتْ قَبَضْتُهَا، وَكَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَلْبَسُهَا، فَنَحْنُ نَغْسِلُهَا لِلْمَرْضَى يُسْتَشْفَى بِهَا.

(عبدالله)ی كارگوزاری (أسماء)ی كچی (أبو بكر)، كە خاڵۆی منداڵەكانی (عطاء) بوو دەڵێ: (أسماء) ناردمی بۆ لای (عبدالله) كوڕی (عمر) (﵁) پێی بڵێم كە أسماء دەڵێت: پێم گەیشتوە كە تۆ سێ شت بە حەرام دەزانی: هێڵی ئاوریشم لە پۆشاكدا، هەروەها نەرمەزینی ئەرخەوانی، ڕۆژوو گرتنی هەموو مانگی ڕەجەب؟ (عبدالله) پێی وتم: ئەوەی باست كرد لە ڕۆژووگرتنی هەموو ڕەجەب ، ئەی چی دەكەیت لەوە كە هەموو تەمەنی بەڕۆژوو دەبێت؟ ئەوەش باست كرد لە هێڵی ئاوریشم لە پۆشاكدا: من لە (عمر) كوڕی (خطاب)م (﵁) بیستوە كە دەیوت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە دەیفەرموو: ((كەسێ ئاوریشم لەبەر دەكات كە (لەرۆژی دواییدا) بەشی نەبێ)) ترسام هێڵی ئاوریشمی هەر لەو بێت، بەڵام نەرمەزینی ئەرخەوانی: ئەوە نەرمەزینەكەی عبدالله یە، كە بینیم ئەرخەوانی بوو، گەڕامەوە بۆلای (أسماء) وهەواڵەكەم پێدا، ئەویش وتی: ئەوە جبەكەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) جبەیەكی كڵاوداری كیسروانی بۆ دەرهێنام، یەخەكەی دیباجی هەبوو، هەردوو لای بەرۆكەكانی گیرابۆوە بە ئاوریشم، أسماء وتی: ئائەمە لەلای (عائشة) بوو هەتا كۆچی دوایی كرد، كە ئەو كۆچی دوایی كرد هێنامە لای خۆم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەری دەكرد، ئێستە ئێمەش دەیشۆین بۆ نەخۆشەكان تا شیفایان بۆ بێت.

(٨) پارچە پارچە كردنی ئاوریشم بۆ سەرپۆش

١٢٨٥ـ عَنْ عَلِيّ [بن ابي طالب] (﵁): أَنَّ أُكَيْدِرَ دُومَةَ أَهْدَى إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) ثَوْبَ حَرِيرٍ، فَأَعْطَاهُ عَلِيًّا [كرم الله وجهه]، فَقَالَ: ((شَقِّقْهُ خُمُرًا بَيْنَ الْفَوَاطِمِ)).
[البخاري/ الهبة/ ٢٤٧٢]

(علي) كوڕی (أبو طالب) (ﷺ) دەڵێ: فەرمانڕەوای (دومة)[٢] پۆشاكێكی ئاوریشمی بەدیاری ناردبوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بە علي {كرم الله وجهه} فەرمووی: ((پارچە پارچەی بكە بۆ سەرپۆش و دابەشی بكە لەنێوان (فاطمة)كاندا))[(فاطمەی خێزانیو فاطمەی دایكیو فاطمەی براژنی))].

(٩) ڕێگریی لە پۆشینی كەتانی ئاوریشمی دار و زەرد كراوو ئەنگوستیلەی ئاڵتون

١٢٨٦ـ عَنْ عَلِيِّ ابْنِ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ لُبْسِ الْقَسِّيِّ، وَالْمُعَصْفَرِ، وَعَنْ تَخَتُّمِ الذَّهَبِ، وَعَنْ قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ فِي الرُّكُوعِ.

(علي) كوڕی (أبو طالب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگریی كردووە لە پۆشینی كەتانی ئاوریشمدار و زەرد كراو، هەروەها لەپەنجە كردنی ئەنگوستیلەی ئاڵتون، هەروەها خوێندنی قورئان لە ركوع دا.

١٢٨٧ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: رَأَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَيَّ ثَوْبَيْنِ مُعَصْفَرَيْنِ، فَقَالَ لِي: ((إِنَّ هَذِهِ مِنْ ثِيَابِ الْكُفَّارِ، فَلَا تَلْبَسْهَا)).

(عبدالله) كوڕی (عمرو)ی كوڕی (عاص) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووپۆشاكی زەرد كراو بە ڕووەكی (عَصفر)ی لەبەرمدا بینی، فەرمووی پێم: ((ئەمانە لە پۆشاكی بێباوەڕانن، لەبەریان مەكە)).

(١٠) ڕێگریی كردن لە ڕەنگ كردنی پۆشاك بە زەعفەران

١٢٨٨ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يَتَزَعْفَرَ الرَّجُلُ.

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری كردوە لە پیاو كە پۆشاكەكەی بە زەعفەران ڕەنگ بكات.

(١١) ڕەنگ كردنی قژو گۆڕینی مووی سپی

١٢٨٩ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: أُتِيَ بِأَبِي قُحَافَةَ (ﷺ) يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ، وَرَأْسُهُ وَلِحْيَتُهُ كَالثَّغَامَةِ بَيَاضًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((غَيِّرُوا هَذَا بِشَيْءٍ، وَاجْتَنِبُوا السَّوَادَ)).

[٢] دومة: شارۆچكەیەكە لە نێوان شام و مەدینەدا.

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککە، (أبو قحافة) هێنرا بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، سەروورپیشی وەك درەختی (ثغامة)سپی بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە بگۆڕن بە ڕەنگێکی تر و، دووریش بکەونەوە لە ڕەنگی ڕەش)).

(١٢) پێچەوانەی جوولەکە و گاوران بن لە ڕەنگ کردندا

١٢٩٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى لَا يَصْبُغُونَ، فَخَالِفُوهُمْ)). [البخاري/ الأنبياء/ ٣٢٧٥]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((جوولەکە و گاوران بۆیاخ ناکەن ئێوە پێچەوانەیئەوان بکەن)).

(١٣) پۆشاکی سەوزی ڕازاوە

١٢٩١ـ عَنْ قَتَادَةُ قَالَ: قُلْنَا لِأَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَيُّ اللِّبَاسِ كَانَ أَحَبَّ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ أَوْ: أَعْجَبَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: الْحِبَرَةُ. [البخاري/ اللباس/ ٥٤٧٥]

(قتادة) دەڵێ: بە (انس) کوڕی (مالك)مان (ﷺ) وت: ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەزی لە چ پۆشاکێك بوو؟ یان: لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کام جۆری جل وبەرگ باشتر بوو؟ وتی: پۆشاکی سەوزی نەخشدار.

(١٤) پۆشاکی مەرەزی نەخشدار

١٢٩٢ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: خَرَجَ النَّبِيُّ (ﷺ) ذَاتَ غَدَاةٍ، وَعَلَيْهِ مِرْطٌ مُرَحَّلٌ مِنْ شَعَرٍ أَسْوَدَ.

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەیانییەکیان چووە دەرەوە و، پۆشاکێکی مەرەزی نەخشداری لە مووی ڕەش دروستکراوی پۆشی بوو.

(١٥) لەبەرکردنی کراسی ئەستور و پۆشاکی پارچە لێدراو

١٢٩٣ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ)، فَأَخْرَجَتْ إِلَيْنَا إِزَارًا غَلِيظًا مِمَّا يُصْنَعُ بِالْيَمَنِ، وَكِسَاءً مِنَ الَّتِي يُسَمُّونَهَا الْمُلَبَّدَةَ، قَالَ: فَأَقْسَمَتْ بِاللَّهِ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قُبِضَ فِي هَذَيْنِ الثَّوْبَيْنِ.

(ابو بُردة) دەڵێ: چوومە لای عائشە (ﷺ) کراسێکی ئەستوری بۆدەرهێناین لەوەی کە لەیەمەن دروست دەکرێ، هەروەها پۆشاکێکی تر کە پێیان دەوت

(المُلَبّدة) {پارچە لێدراو}، وتی: عائشە سوێندی خوارد بە خوای گەورە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو دوو پۆشاکەدا گیانی کێشرا.

(١٦) ڕاخەری نەرم و نۆڵ

١٢٩٤- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّه (ﷺ) قَالَ: لَمَّا تَزَوَّجْتُ قَالَ لِي رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أَتَّخَذْتَ أَنْمَاطًا)). قُلْتُ: وَأَنَّى لَنَا أَنْمَاطٌ؟ قَالَ: ((أَمَا إِنَّهَا سَتَكُونُ)). قَالَ جَابِرٌ: وَعِنْدَ امْرَأَتِي نَمَطٌ، فَأَنَا أَقُولُ: نَحِّيهِ عَنِّي، وَتَقُولُ: قَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّهَا سَتَكُونُ)). [البخاري/ المناقب/ ٣٤٣٢]

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ کە ژنم هێنا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پێم: ((ئایا ڕاخەری نەرم و نۆڵت ئامادە کردووە)). وتم: ڕاخەری نەرممان لە کوێ بوو؟ فەرمووی: ((بەڵام لەمەولا پەیدا دەبێت)). جابر وتی: خێزانەکەم ڕاخەرێکی نەرمی لابوو، من دەمووت: دووری خەرەوە لێم، ئەویش دەیووت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((پەیدا دەبێت)).

(١٧) ڕاخەر بە ئەندازەی پێویست

١٢٩٥- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّه (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ لَهُ: ((فِرَاشٌ لِلرَّجُلِ، وَفِرَاشٌ لِامْرَأَتِهِ، وَالثَّالِثُ لِلضَّيْفِ، وَالرَّابِعُ لِلشَّيْطَانِ.

لە (جابر) کوڕی (عبدالله)وە (ﷺ): کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووە: ((ڕاخەرێ بۆ پیاوەکە و، ڕاخەرێ بۆ خێزانەکەی و، سێیەم بۆ میوان، چوارەمیش بۆ شەیتانە)).

(١٨) ڕاخەری پێستە کە ناواخنەکەی ڕیشاڵی دارخورما بێ

١٢٩٦- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: إِنَّمَا كَانَ فِرَاشُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الَّذِي نَامَ عَلَيْهِ أَدَمًا حَشْوُهُ لِيفٌ.

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: ئەو ڕاخەرەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەری دەخەوت پێستەی خۆشەکراو بوو کەناواخنەکەی ڕیشاڵی دارخورما بوو.

(١٩) پۆشتەکردنی لایەکی جەستەو دەستەو ئەژنۆو دانیشتن و خۆپێچانەوە لەیەك پۆشاکدا

١٢٩٧- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى أَنْ يَأْكُلَ الرَّجُلُ بِشِمَالِهِ، أَوْ يَمْشِيَ فِي نَعْلٍ وَاحِدَةٍ، وَأَنْ يَشْتَمِلَ الصَّمَّاءَ، وَأَنْ يَحْتَبِيَ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ كَاشِفًا عَنْ فَرْجِهِ.

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری كردووە كە پیاو بەدەستی چەپی خواردن بخوات، یان بە تاكە نەعلێكەوە بڕوات بەڕێوە، یان یەك لای جەستەی پۆشتەبكاتەوە، هەروەها دەستەوئەژنۆ دابنیشێ لەیەك پارچە پۆشاكدا و عەورەتی دەرخات.

(٢٠) ڕێگری كردن لە ڕاكشان لەسەر پشت و دانانی قاچێ لەسەر قاچێ

١٢٩٨ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَسْتَلْقِيَنَّ أَحَدُكُمْ، ثُمَّ يَضَعُ إِحْدَى رِجْلَيْهِ عَلَى الْأُخْرَى)).

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((باكەستان لەسەر پشت ڕانەكشێ و، لنگێكی لەسەر لنگێكی تری دابنێ)) [ئەمە لەكاتێكدا مرۆڤ شەرواڵی لەپێدانەبێ ، چونكە لەش دەردەكەوێ].

(٢١) لەسەر پشت ڕاكشان و دانانی قاچێ لەسەر قاچێكی تر دروستە

١٢٩٩ـ عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ، عَنْ عَمِّهِ (ﷺ)، أَنَّهُ رَأَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مُسْتَلْقِيًا فِي الْمَسْجِدِ، وَاضِعًا إِحْدَى رِجْلَيْهِ عَلَى الْأُخْرَى. [البخاري/ المساجد/ ٤٦٣]

(عَبَّاد) كوڕی (تميم) لەمامەیەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە: كە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینیوە كەلەناو مزگەوتدا لەسەر پشت ڕاكشابوو، قاچێكی لەسەر قاچێكی تری دانابوو.(ئەمەش بۆ كاتێكە مرۆڤ شەرواڵی لەپێدا بێت).

(٢٢) بەرزكردنەوەی پەشتەماڵ[١] تا سەروی قولاپە واتە تا ناوەڕاستی هەردوو قاچ

١٣٠٠ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: مَرَرْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَفِي إِزَارِي اسْتِرْخَاءٌ، فَقَالَ: ((يَا عَبْدَ اللَّهِ، ارْفَعْ إِزَارَكَ)). فَرَفَعْتُهُ، ثُمَّ قَالَ: ((زِدْ)). فَزِدْتُ، فَمَا زِلْتُ أَتَحَرَّاهَا بَعْدُ، فَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: [إِلَى] أَيْنَ؟ فَقَالَ: أَنْصَافِ السَّاقَيْنِ.

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: تێپەڕیم بەلای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) پەشتەماڵەكەم شۆڕبوو، فەرمووی: ((ئەی عبدالله، پەشتەماڵەكەت بەرز كەرەوە)) منیش زیاتر بەرزم كردەوە، پاشان فەرمووی: ((زیاتر)) منیش زیاترم بەرزكردەوە، بەردەوام لەبیری بەرزكردنەوەیدا بووم، هەندێ لەوخەڵكانە وتیان: {تا} كوێ؟ وتی: تا نیوەی لوولاق.

---

[١] شەرواڵ و بیجامەش دەگرێتەوە كە تەنها بۆ پیاوە

(٢٣) خوا سەیری كەسێ ناكات كە بۆ فیز پەشتەماڵەكەی بخشێنێ لە زەوی

١٣٠١- عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ زِيَادٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ (ﷺ) -وَرَأَى رَجُلًا يَجُرُّ إِزَارَهُ، فَجَعَلَ يَضْرِبُ الْأَرْضَ بِرِجْلِهِ، وَهُوَ أَمِيرٌ عَلَى الْبَحْرَيْنِ- وَهُوَ يَقُولُ: جَاءَ الْأَمِيرُ جَاءَ الْأَمِيرُ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى مَنْ يَجُرُّ إِزَارَهُ بَطَرًا)). [البخاري/ اللباس/ ٥٤٥١]

(محمد) كوڕی (زیاد) دەڵێ: بیستومە لە (ابوهريرە) (ﷺ) -لەكاتێكدا كە پیاوێكی بینی پەشتەماڵەكەی بەدوای خۆیدا بە زەویدا ڕادەكێشا بەقاچی پێی دەكوتا بە زەویدا، ئەو كەسە فەرمانڕەوای (بەحرەین) بوو- كە دەیوت: فەرمانڕەواكە هات، فەرمانڕەواكە هات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خوا سەیری كەسێك ناكات كە بۆفیز پەشتەماڵەكەی بەزەویدا ڕابكێشێ)).

(٢٤) سێ كەس هەن خوای گەورە نایان دوێنێ و سەیریشیان ناكات

١٣٠٢- عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ، وَلَا يُزَكِّيهِمْ، وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)). قَالَ: فَقَرَأَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثَلَاثَ مِرَارًا، قَالَ أَبُو ذَرٍّ: خَابُوا وَخَسِرُوا، مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الْمُسْبِلُ إِزَارَهُ، وَالْمَنَّانُ، وَالْمُنَفِّقُ سِلْعَتَهُ بِالْحَلِفِ الْكَاذِبِ)).

(ابو ذر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((سێ كەس هەن خوا لە ڕۆژی قیامەتدا نایان دوێنێ و سەیریان ناكات و پاكیان ناكاتەوە و سزای سەختیان هەیە)). دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێجار ئەمەی خوێندەوە، (ابو ذر) وتی: ڕەنجەڕۆ و خەسارۆمەند بن، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كێن ئەوانە؟ فەرمووی: ((ئەو كەسەی پۆشاكەكەی درێژدەكات بۆ دامێنی پێی بەمەبەستی فیزكردن، ئەو كەسەی منەت بەسەر خەڵكدا دەكات، ئەو كەسەی بەسوێندی درۆ ڕەواج بە شمەكەكەی دەدات)).

(٢٥) ئەو كەسەی بە فیزەوە پۆشاكەكەی دەخشێنێ بە زەویدا

١٣٠٣- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الَّذِي يَجُرُّ ثِيَابَهُ مِنَ الْخُيَلَاءِ لَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [البخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٦٥]

(عبدالله) كوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو كەسەی بەفیزەوە پۆشاكەكەی ڕادەكێشێ بە زەوی دا خوا لە ڕۆژی قیامەتدا سەیری ناكات)).

(٢٦) سزای هەموو وێنە كێشێ لە ڕۆژی قیامەتدا

١٣٠٤ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ أَبِي الْحَسَنِ قال : جَاءَ رَجُلٌ إِلَى ابْنِ عَبَّاسٍ فَقَالَ: إِنِّي رَجُلٌ أُصَوِّرُ هَذِهِ الصُّوَرَ فَأَفْتِنِي فِيهَا، فَقَالَ لَهُ: ادْنُ مِنِّي، فَدَنَا مِنْهُ، ثُمَّ قَالَ: ادْنُ مِنِّي، فَدَنَا حَتَّى وَضَعَ يَدَهُ عَلَى رَأْسِهِ، قَالَ: أُنَبِّئُكَ بِمَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((كُلُّ مُصَوِّرٍ فِي النَّارِ، يَجْعَلُ لَهُ بِكُلِّ صُورَةٍ صَوَّرَهَا نَفْسًا، فَتُعَذِّبُهُ فِي جَهَنَّمَ)). و قَالَ: إِنْ كُنْتَ لَا بُدَّ فَاعِلًا فَاصْنَعِ الشَّجَرَ وَمَا لَا نَفْسَ لَهُ. [البخاري/ البيوع/ ٢١١٢]

(سعید) كوڕی (ابو الحسن) دەڵێ: پیاوێك هات بۆلای (ابن عباس) و وتی: من كەسێكم ئەم وێنانە دەكێشم، لەبارەیانەوە فتوایەكم بۆ بدە، (ابن عباس) پێی وت: نزیك بەرەوە لێم، نزیك بوویەوە لێی دیسان وتی: لێم نزیك بەرەوە نزیك بوویەوە تا (ابن عباس) دەستی خستە سەر سەری، ئینجا وتی: ئاگادارت بكەم بەوەی كە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە؟ لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((هەموو وێنە كێشێ لە ئاگردایە، هەموو وێنەیەك كە دەیكێشێ لێی دەكرێتە نەفسێكی زیندوو، ئەو نەفسە سزای دەدات، لە دۆزەخدا)). ئینجا (ابن عباس) وتی: ئەگەر تۆ چارت نیە و هەر دەبێ وێنە بكێشیت ئەوا وێنەی درەخت و هەر شتێكی تر كە بێگیانە دروست بكە. [(مەبەست ئەو وێنانەیە بۆ تەقدیس و پەرستن دەكێشرێن)].

(٢٧) ڕێگری كردن لە ئەنگوستیلەی ئاڵتون و خواردنەوە لە دەفری زیو و پۆشینی ئاوریشم

١٣٠٥ـ عَنْ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (ﷺ) قَالَ: أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِسَبْعٍ، وَنَهَانَا عَنْ سَبْعٍ: أَمَرَنَا بِعِيَادَةِ الْمَرِيضِ، وَاتِّبَاعِ الْجَنَازَةِ، وَتَشْمِيتِ الْعَاطِسِ، وَإِبْرَارِ الْقَسَمِ أَوِ الْمُقْسِمِ، وَنَصْرِ الْمَظْلُومِ، وَإِجَابَةِ الدَّاعِي، وَإِفْشَاءِ السَّلَامِ. وَنَهَانَا عَنْ خَوَاتِيمَ -أَوْ: عَنْ تَخَتُّمٍ- بِالذَّهَبِ، وَعَنْ شُرْبٍ بِالْفِضَّةِ، وَعَنِ الْمَيَاثِرِ، وَعَنِ الْقَسِّيِّ، وَعَنْ لُبْسِ الْحَرِيرِ، وَالْإِسْتَبْرَقِ، وَالدِّيبَاجِ. [البخاري/ الأشربة/ ٥٣٢١]

(براء) کوڕی (عازب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردووین کە حەوت شت بکەین و، ڕێگری لێکردووین لە حەوت شت: فەرمانی پێکردووین بە سەردانی نەخۆش، شوێنکەوتنی جەنازە، دۆعای خێر بۆ پژمیو، پشتگیری لە سوێند خۆر تا سوێندی نەکەوێ، یارمەتیدانی ستەملێکراو، چوون بەدەم دەعوەتەوە، بڵاوکردنەوەی سەلام، ڕێگریشی لێکردووین لە ئەنگوستیلەکان -یان ئەنگوستیلەی ئاڵتون کردنە پەنجە[1]، خواردنەوە لە دەفری زیودا و، لەزینی ئاوریشم بۆ وڵاغی سواری و، لە پۆشاکی کەتان کە تێکەڵ بێت بە ئاوریشم و، لە پۆشینی ئاوریشم، لە (استبرق) و (دیباج) کە دوو جۆرن لە پۆشاکی ئاوریشمی بەنرخ.

(٢٨) فڕێدانی ئەنگوستیلەی ئاڵتونی

١٣٠٦- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَأَى خَاتَمًا مِنْ ذَهَبٍ فِي يَدِ رَجُلٍ فَنَزَعَهُ فَطَرَحَهُ، وَقَالَ: ((يَعْمِدُ أَحَدُكُمْ إِلَى جَمْرَةٍ مِنْ نَارٍ فَيَجْعَلُهَا فِي يَدِهِ)). فَقِيلَ لِلرَّجُلِ بَعْدَ مَا ذَهَبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): خُذْ خَاتِمَكَ انْتَفِعْ بِهِ، قَالَ: لَا وَاللَّهِ لَا آخُذُهُ أَبَدًا وَقَدْ طَرَحَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ).

(عبدالله) کوڕی (عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی لە دەستی پیاوێکدا بینی دایکەندو فڕێیداو فەرمووی: ((هەر بە ئەنقەست یەکێکتان دەچێت بۆ لای سکڵێکی ئاگر و دەیکاتە دەستی)). لە پاش ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت، وترا بەپیاوەکە: ئەنگوستیلەکەت هەڵگرەوە و سوودی لێببینە، وتی: نەبەخوا، هەرگیز هەڵی ناگرمەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فڕێی داوە.

١٣٠٧- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن عمر (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) اصْطَنَعَ خَاتَمًا مِنْ ذَهَبٍ، فَكَانَ يَجْعَلُ فَصَّهُ فِي بَاطِنِ كَفِّهِ إِذَا لَبِسَهُ، فَصَنَعَ النَّاسُ، ثُمَّ إِنَّهُ جَلَسَ عَلَى الْمِنْبَرِ، فَنَزَعَهُ فَقَالَ: ((إِنِّي كُنْتُ أَلْبَسُ هَذَا الْخَاتَمَ، وَأَجْعَلُ فَصَّهُ مِنْ دَاخِلٍ)). فَرَمَى بِهِ، ثُمَّ قَالَ: ((وَاللَّهِ لَا أَلْبَسُهُ أَبَدًا)). فَنَبَذَ النَّاسُ خَوَاتِيمَهُمْ.
[البخاري/ اللباس/ ٥٥٢٨- ٥٥٢٩]

[1] مەبەست پەنجەی پیاوە

(عبدالله) کوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی کردە پەنجەی، هەرکاتێ بیکردایەتە پەنجەی یاقوتەکەی دەخستە دیوی لەپی دەستیەوە، خەڵکیش ئەوەیان کرد، دواتر چووە سەر دوانگەکە و دایکەند و فەرمووی: ((من پێشتر ئەم ئەنگوستیلەیەم دەکردە پەنجەم و یاقوتەکەیم دەخستە دیوی لەپی دەستمەوە)). ئینجا فڕێیداو، فەرمووی: ((بەخوا ئیتر هەرگیز نایکەمە پەنجەم)). خەڵکیش هەموو ئەنگوستیلەکانیان لابرد لەپەنجەیاندا.

(٢٩) ئەنگوستیلە زیوینەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە محمد رسول الله ی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، جێنشینەکانیش دوای خۆی دەیانکردە پەنجەیان

١٣٠٨ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: اتَّخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَاتَمًا مِنْ وَرِقٍ، فَكَانَ فِي يَدِهِ، ثُمَّ كَانَ فِي يَدِ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ)، ثُمَّ كَانَ فِي يَدِ عُمَرَ (ﷺ)، ثُمَّ كَانَ فِي يَدِ عُثْمَانَ (ﷺ)، حَتَّى وَقَعَ مِنْهُ فِي بِئْرِ أَرِيسٍ، نَقْشُهُ: مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ. [البخاري/ اللباس/ ٥٥٣٥]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنگوستیلەیەکی زیوینی هەبوو دەیکردە دەستی پاشان لە دەستی ابو بکردا بوو (ﷺ)، پاشتر لە دەستی عمردا بوو (ﷺ)، دوای ئەویش لە دەستی عثمان دابوو (ﷺ)، تا دواجار کەوتە ناو بیری (أویس)، نوسینی (محمد رسول الله) ی لەسەر هەڵکۆڵرابوو.

١٣٠٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) اتَّخَذَ خَاتَمًا مِنْ فِضَّةٍ، وَنَقَشَ فِيهِ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ، وَقَالَ لِلنَّاسِ: ((إِنِّي اتَّخَذْتُ خَاتَمًا مِنْ فِضَّةٍ، وَنَقَشْتُ فِيهِ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ، فَلَا يَنْقُشْ أَحَدٌ عَلَى نَقْشِهِ)). [البخاري/ اللباس/ ٥٥٣٧]

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ئەنگوستیلەیەکی زیوینی دروستکرد، نەقشی (محمد رسول الله)ی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، بە خەڵکی وت: ((من ئەنگوستیلەیەکی زیوینم کردووە و، نەقشی (محمد رسول الله) تێدا هەڵکۆڵیوە، با هیچ کەسێ نەقشی لە شێوەی ئەو نەقشە دروست نەکات)).

١٣١٠ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَرَادَ أَنْ يَكْتُبَ إِلَى كِسْرَى وَقَيْصَرَ وَالنَّجَاشِيِّ، فَقِيلَ: إِنَّهُمْ لَا يَقْبَلُونَ كِتَابًا إِلَّا بِخَاتَمٍ، فَصَاغَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَاتَمًا حَلْقَتُهُ فِضَّةٌ، وَنَقَشَ فِيهِ: مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ. [البخاري/ اللباس/ ٥٥٣٩]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ویستی نامە بنێرێ بۆ (كیسری) و (قیصر)و (نجاشی)، وترا: ئەوان نامەی مۆرنەكراو وەرناگرن، پێغەمبەری خوا (ﷺ)مۆرێكی دروست كرد كە ئەڵقەكەی زیو بوو، نەقشی (محمد رسول الله)یشی تێدا هەڵكۆڵی.

(٣٠) ئەنگوستیلەی زیوین

١٣١١ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَبِسَ خَاتَمَ فِضَّةٍ فِي يَمِينِهِ، فِيهِ فَصٌّ حَبَشِيٌّ، كَانَ يَجْعَلُ فَصَّهُ مِمَّا يَلِي كَفَّهُ. [البخاري/ اللباس/ ٥٥٣٤]

(أنس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنگوستیلەیەكی زیوینی كردە پەنجەی دەستی ڕاستی كە یاقوتەكەی حەبەشی هەبوو، یاقوتەكەی دەخستە دیوی ناو لەپی دەستیەوە.

(٣١) ئەنگوستیلەكردنە پە نجە تووتەی دەستی چەپ

١٣١٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ خَاتَمُ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي هَذِهِ. وَأَشَارَ إِلَى الْخِنْصِرِ مِنْ يَدِهِ الْيُسْرَى.

(انس) (ﷺ) دەڵێ: ئەنگوستیلەكەی پێغەمبەر (ﷺ) ئالەمەدا بوو، ئاماژەی كرد بۆ پەنجە تووتەی دەستی چەپی.

(٣٢) ڕێگری كردن لە ئەنگوستیلە كردنە پە نجەی ناوەڕاست و ئەوی دوای ئەو

١٣١٣ـ عَنْ عَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ: نَهَانِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ أَتَخَتَّمَ فِي إِصْبَعِي هَذِهِ أَوْ هَذِهِ، قَالَ: فَأَوْمَأَ إِلَى الْوُسْطَى وَالَّتِي تَلِيهَا.

(علي) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری لێكردووم كە ئەنگوستیلەبكەمە ئەم پەنجەیەم یان ئەم پەنجەیەم، وتی: ئاماژەی كرد بۆ پەنجەی ناوەڕاستی و پەنجەی برای پەنجە تووتە.

(٣٣) زۆر لە پێكردنی پێڵاو

١٣١٤ـ عَنْ جَابِرِ بن عبدالله (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) [يَقُولُ] فِي غَزْوَةٍ غَزَوْنَاهَا: ((اسْتَكْثِرُوا مِنَ النِّعَالِ، فَإِنَّ الرَّجُلَ لَا يَزَالُ رَاكِبًا مَا انْتَعَلَ)).

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست لەجەنگێكدا {دەیفەرموو}: ((بەزۆری پێڵاو لەپێ بكەن، چونكە پیاو تا پێڵاوی لەپێدابێ وەك ئەوەوایە بەردەوام سواربێ)).

(٣٤) لە پێی ڕاستەوە پێڵاو لە پێ دەكرێ، كە داكەنرا با لە پێی چە پەوە بێت

١٣١٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا انْتَعَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأْ بِالْيُمْنَى، وَإِذَا خَلَعَ فَلْيَبْدَأْ بِالشِّمَالِ، وَلْيُنْعِلْهُمَا جَمِيعًا أَوْ لِيَخْلَعْهُمَا جَمِيعًا)). [البخاري/ اللباس/ ٥٥١٧- ٥٥١٨]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر یەكێكتان پێڵاوی لەپێكرد با لەپێی ڕاستیەوە دەست پێبكات، ئەگەر دایكەند با لەچەپ دەست پێبكات، وە باهەردووكیان لەپێبكات وەیان هەردووكیان داكەنێت)).

(٣٥) ڕێگركردن لەرێ ڕۆیشتن بەتاكە پێڵاوێكەوە

١٣١٦^{مكرر}ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَمْشِ أَحَدُكُمْ فِي نَعْلٍ وَاحِدَةٍ، لِيُنْعِلْهُمَا جَمِيعًا أَوْ لِيَخْلَعْهُمَا جَمِيعًا)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((باكەستان بەتاكەپێڵاوێكەوە نەڕوات بەڕێوە با هەردووكیان لەپێ بكات یان هەردووكیان دابكەنێت)).

(٣٦) ڕێگری كردن لە گۆدلە

١٣١٧ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْقَزَعِ. قَالَ: قُلْتُ لِنَافِعٍ، وَمَا الْقَزَعُ؟ قَالَ: يُحْلَقُ بَعْضُ رَأْسِ الصَّبِيِّ وَيُتْرَكُ بَعْضٌ. [البخاري/ اللباس/ ٥٥٧٦]

((ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری كردووە لە گۆدلە؛ وتم بە (نافع) : گودلە چییە؟ وتی: بەشێ لەسەری منداڵ دەتاشرێ و بەشەكەی تری دەهێڵرێتەوە.

(٣٧) ڕێگری كردن لە لكاندنی قژی ژنێك بە قژی ژنێكی ترەوە

١٣١٨ـ عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ) قَالَتْ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِي ابْنَةً عُرَيِّسًا، أَصَابَتْهَا حَصْبَةٌ فَتَمَرَّقَ شَعْرُهَا، أَفَأَصِلُهُ؟ فَقَالَ: ((لَعَنَ اللَّهُ الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ)). [البخاري/ اللباس/ ٥٥٩٧]

(أسماء)كچی (ابو بكر) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، عەرزی كرد: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، كچێكم هەیە بووكە، توشی سورێژە بوو و قژەكەی كەوت، ئایا قژی تری پێوە ببەستم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نەفرینی خوا لەو ئافرەتە كە قژ دەلكێنێ و ئەو ئافرەتەش كە قژەكەی بۆ دەلكێنن)).

(٣٨) هەڕەشە كردن لەو ئافرەتە كەشتێ دەلكێنێ بە قژیەوە

١٣١٩ـ عَنْ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: زَجَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَنْ تَصِلَ الْمَرْأَةُ بِرَأْسِهَا شَيْئًا.

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هەڕەشەی كردووە كە ئافرەت شتێ بلكێنێ بە قژی سەریەوە،

١٣٢٠ـ عَنْ حُمَيْدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ: أَنَّهُ سَمِعَ مُعَاوِيَةَ بْنَ أَبِي سُفْيَانَ (ﷺ) عَامَ حَجَّ وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ –وَتَنَاوَلَ قُصَّةً مِنْ شَعَرٍ كَانَتْ فِي يَدِ حَرَسِيٍّ– يَقُولُ: يَا أَهْلَ الْمَدِينَةِ أَيْنَ عُلَمَاؤُكُمْ؟ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَنْهَى عَنْ مِثْلِ هَذِهِ، وَيَقُولُ: ((إِنَّمَا هَلَكَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ حِينَ اتَّخَذَ هَذِهِ نِسَاؤُهُمْ)). [البخاري/ اللباس/ ٥٥٨٨]

لە(حميد) كوڕی (عبدالرحمن) كوڕی (عوف)ەوە: كە گوێی لە (معاويه) كوڕی (ابوسفيان) بووە (ﷺ) ئەو ساڵەی حەجی كرد لەسەر دوانگەكە وەستابوو –لەوكاتەدا پارچەیەك قژی پێشەوەی سەری لەدەست پاسەوانەكەیی وەرگرت– و دەیوت: ئەی خەڵكی مەدینە زاناكانتان كوان؟ لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە كە ڕێگری دەكرد لەم جۆرە شتەو، دەیفەرموو: ((بنو إسرائيل كاتێ فەوتان كە ژنەكانیان ئەم جۆرە كارەیان دەكرد)).

(٣٩) نەفرین كردن لە ئافرەتی خاڵ كوت و ئەو وئافرەتەی ددانی باریك دەكات

١٣٢١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: لَعَنَ اللَّهُ الْوَاشِمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ، [وَالنَّامِصَاتِ] وَالْمُتَنَمِّصَاتِ، وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللَّهِ. قَالَ: فَبَلَغَ ذَلِكَ امْرَأَةً مِنْ بَنِي أَسَدٍ يُقَالُ لَهَا أُمُّ يَعْقُوبَ، وَكَانَتْ تَقْرَأُ الْقُرْآنَ، فَأَتَتْهُ فَقَالَتْ: مَا حَدِيثٌ بَلَغَنِي عَنْكَ، أَنَّكَ لَعَنْتَ الْوَاشِمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ وَالْمُتَنَمِّصَاتِ وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللَّهِ؟ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: وَمَا لِي لَا

أَلْعَنُ مَنْ لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ فِي كِتَابِ اللَّهِ (ﷻ)؟ فَقَالَتِ الْمَرْأَةُ لَقَدْ قَرَأْتُ مَا بَيْنَ لَوْحَيِ الْمُصْحَفِ فَمَا وَجَدْتُهُ، فَقَالَ: لَئِنْ كُنْتِ قَرَأْتِيهِ لَقَدْ وَجَدْتِيهِ، قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ [الحشر: ٧]. فَقَالَتِ الْمَرْأَةُ: فَإِنِّي أَرَى شَيْئًا مِنْ هَذَا عَلَى امْرَأَتِكَ الْآنَ؟ قَالَ: اذْهَبِي فَانْظُرِي، قَالَ: فَدَخَلَتْ عَلَى امْرَأَةِ عَبْدِ اللَّهِ فَلَمْ تَرَ شَيْئًا، فَجَاءَتْ إِلَيْهِ فَقَالَتْ: مَا رَأَيْتُ شَيْئًا، فَقَالَ: أَمَا لَوْ كَانَ ذَلِكَ لَمْ نُجَامِعْهَا. [البخاري/ التفسير/ ٤٦٠٤]

(عبدالله) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: خوانەفرینی کردووە لە ئافرەتی خاڵ کوت و ئەو ئافرەتەی خاڵی بۆدەکوتێ و ، (مووهەڵگر) مووی بۆ هەڵگیراو، هەروەها ئەو ئافرەتەی ددانی شاش دەکات بەمەبەستی جوانکردن، کە دروستکراوی خوا دەگۆڕن، وتی: ئەم هەواڵە گەیشتە ئافرەتێکی (بني أسد) پێی‌دەوترا دایکی (یعقوب)، ئافرەتێکی قورئان خوێن، هاتە لای (ابن مسعود)و وتی: ئەو قسەیە چی‌یە کە لەتۆوە پێم گەیشتوە، کە تۆ نەفرینت کردوە لەو ئافرەتەی خاڵ دەکوتێ و ئەو ئافرەتەی ددانی خۆی شاش دەکات بۆجوانی، ئەوانەی کەبەنیازی گۆڕینی دروستکراوی خوا ئەوکارانە دەکەن؟ (عبدالله) وتی: چۆن نەفرین ناکەم لەیەکێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرینی لێکردوە(دیارە لەقورئانیشدا فەرمانکراوە بەگوێڕایەڵی پێغەمبەر(ﷺ)؟ ئافرەتەکە وتی: هەموو ئەوەم خوێندوەتەوە کە لە نێوان هەردوو بەرگی قورئانەکەدایە ئەوەم نەبینیوە، (ابن مسعود) وتی: ئەگەر بت خوێندایەتەوە بە یەقین دەت دۆزیەوە، خوای (ﷻ) لەو ئایەتەدا دەفەرمووێ کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی هێناون و فەرمانی پێکردوون وەری بگرن و ئەوەش کە قەدەغەی لێکردوون وازی لێبهێنن))، ئینجا ئافرەتەکە وتی: من هەر ئا ئێستە شتێ لەوە دەبینم بە ژنەکەتەوە؟ وتی: برۆ سەیر بکە، وتی: چووە لای ژنەکەی (عبدالله)و هیچی نەبینی، {ژنەکە} هاتەوە بۆلای و وتی: هیچم نەبینی، ئینجا (ابن مسعود) وتی: جا ئەگەر وابوایە ئەوا لەگەڵیداتێکەڵیم نەدەکرد.

(٤٠) خۆ هەڵکێشانی کەسێ بە شتێکەوە کە نەیدرابێتێ

١٣٢٢ـ عَنْ أَسْمَاءَ (ﷺ) قَالَتْ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ: إِنَّ لِي ضَرَّةً، فَهَلْ عَلَيَّ جُنَاحٌ أَنْ أَتَشَبَّعَ مِنْ مَالِ زَوْجِي بِمَا لَمْ يُعْطِنِي؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْمُتَشَبِّعُ بِمَا لَمْ يُعْطَ كَلَابِسِ ثَوْبَيْ زُورٍ)). [البخاري/ النكاح/ ٤٩٢١]

(اسماء) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێك هات بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) من هەوێیەکم هەیە، ئایا گوناهبار دەبم کە بڵێم مێردەکەم لەسامانی خۆی فلان شت و فلان شتی دامێ لەکاتێدا کە نەشیدابێ پێم؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەو کەسەی خۆی هەڵبکێشێ بە ماڵێکەوە کە نەیدرابێتێ وەك ئەو کەسە وایە کە قاتێکی درۆینەی پۆشیبێ)).

(٤١) ئافرەتانی پۆشتەی ڕووت

١٣٢٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا: قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ، يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ. وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ، مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ، رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((دوو جۆر لە خەڵكی هەن دەچنە دۆزەخ کە نەمدیون: خەڵکانێ کە قامچیان پێیە هەر وەك کلکی مانگاو لە خەڵکی دەدەن و، ئافرەتانێ کە پۆشتەن ، بەڵام وەك ڕووت [جلەکانیان یا تەنگە یا تەنە یا کورتە]و ڕووتن لادەرن لە ڕاستی و هاندەری ئافرەتانی تریشن و بە فیز و لار و لەنجەوە دەڕۆن بەڕێوە، قژیان وەك کۆپارەی حوشتر بەرزکردۆتەوە کە کۆپارەکە ئەوەندە قەبەیە لەقەڵەویدا لاردەبێتەوە، ئەوانە نە دەچنە بەهەشت و نەبۆنیشی دەکەن لە کاتێکدا کە بۆنی بەهەشت لە دووری ئەوەندە و ئەوەندەوە دێت)).

(٤٢) پچڕاندنی ملوانکەی ملی ئاژەڵ

١٣٢٤- عَنْ أَبِي بَشِيرٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّهُ كَانَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (*)فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ، قَالَ: فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَسُولًا –قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ: حَسِبْتُ أَنَّهُ قَالَ– وَالنَّاسُ فِي مَبِيتِهِمْ: ((لَا يَبْقَيَنَّ فِي رَقَبَةِ بَعِيرٍ قِلَادَةٌ مِنْ وَتَرٍ –أَوْ قِلَادَةٌ– إِلَّا قُطِعَتْ)). قَالَ مَالِكٌ: أُرَى ذَلِكَ مِنَ الْعَيْنِ. [البخاري/ الجهاد/ ٢٨٤٣]

لە (أبو بشير الأنصاري)یەوە (ﷺ): لە سەفەرێکیدا کەلە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نێردراوێکی نارد بۆلای خەڵکەکە، (عبدالله)ی کوڕی (ابوبكر) وتی: گومان وادەبەم کە (ابو بشیر) لەشوێنی جێمانەوەی شەویاندا بوون، پێی ڕاگەیاندن کە فەرموویەتی: ((با هیچ ملوانکەیەکی دەزوویان ملوانکە- لەملی حوشترەکاندا نەمێنێ هەموویان

بپچڕێنن)). مالك دەڵێ: وادەبینم مەبەستی ئەوانە بوو کەوەك چاوەزار کردبوویانە ملیان.

(٤٣) فریشتەکان هاوڕێیەتی کاروانێ ناکەن کە سەگ و زەنگی تێدا بێت

١٣٢٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَصْحَبُ الْمَلَائِكَةُ رُفْقَةً فِيهَا كَلْبٌ وَلَا جَرَسٌ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((فریشتەکان هاوڕێیەتی کاروانێ ناکەن کە سەگ و زەنگی تێدا بێت)).

١٣٢٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الْجَرَسُ مَزَامِيرُ الشَّيْطَانِ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((زەنگ جووزەڵەی شەیتانە)).

(٤٤) ڕێگری لە نیشانە کردنی بێزمانان بە داخکردن

١٣٢٧ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الضَّرْبِ فِي الْوَجْهِ، وَعَنِ الْوَسْمِ فِي الْوَجْهِ.

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردوە لە لێدان لە دەم و چاو، هەروەها نیشانە دروست کردن لەدەم و چاودا بە داخکردن.

١٣٢٨ـ عَنْ نَاعِمٍ أَبِي عَبْدِ اللَّهِ مَوْلَى أُمِّ سَلَمَةَ: حَدَّثَهُ أَنَّهُ سَمِعَ ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) يَقُولُ: وَرَأَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِمَارًا مَوْسُومَ الْوَجْهِ، فَأَنْكَرَ ذَلِكَ. قَالَ: فَوَاللَّهِ لَا أَسِمُهُ إِلَّا [فِي] أَقْصَى شَيْءٍ مِنَ الْوَجْهِ. فَأَمَرَ بِحِمَارٍ لَهُ فَكُوِيَ فِي جَاعِرَتَيْهِ. فَهُوَ أَوَّلُ مَنْ كَوَى الْجَاعِرَتَيْنِ.

لە (ناعم) کوڕی (ابو عبدالله) حزمەتکوزاری (ام سلمة)وە: کە لە(ابن عباس)ی (ﷺ) بیستوە دەیووت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێدرێژێکی بینی کە ڕوخساری بەداخکردن نیشانە کرابوو، ئەو شتەی پێ ناخۆش بوو، وتی: بەخوا من نیشانەی ناکەم {لە} دوورترین شوێن لە دەمووچاویەوە نەبێ، (ابن عباس) فەرمانیدا کە گوێدرێژەکەی لەهەردوو لاتە سمتیەوە داخکرا، یەکەم کەسێ بوو کە کەفەڵی گوێدرێژ داخ بکات.

(٤٥) نیشانە کردنی مەڕ بە داخکردنی گوێکانی

١٣٢٩ـ عَنْ أَنَس (رضي الله عنه) قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِرْبَدًا وَهُوَ يَسِمُ غَنَمًا –قَالَ: أَحْسِبُهُ قَالَ– فِي آذَانِهَا. [البخاري/ الذبائح و الصيد/ ٥٢٢٢]

(انس) (رضي الله عنه) دەڵێ: چووینە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پەچەیەکدابوو مەڕێکی نیشانە دەکرد –وابزانم وتی– لە گوێیدا.

(٤٦) نیشانە کردنی پشت بەداخکردنی

١٣٣٠ـ عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: لَمَّا وَلَدَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ قَالَتْ لِي: يَا أَنَسُ، انْظُرْ هَذَا الْغُلَامَ فَلَا يُصِيبَنَّ شَيْئًا حَتَّى تَغْدُوَ بِهِ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) يُحَنِّكُهُ، قَالَ: فَغَدَوْتُ فَإِذَا هُوَ فِي الْحَائِطِ، وَعَلَيْهِ خَمِيصَةٌ حُرَيْثِيَّةٌ، وَهُوَ يَسِمُ الظَّهْرَ الَّذِي قَدِمَ عَلَيْهِ فِي الْفَتْحِ. [البخاري/ اللباس/ ٥٤٨٦]

(انس) (رضي الله عنه) دەڵێ: کاتێ کە (ام سلیم) منداڵی بوو پێی وتم: وریای ئەو منداڵە بە با هیچ نەخوات هەتا دەیبەیتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) تا دەمی شیرین بکات. بردم و (پێغەمبەر (ﷺ)) لەناو باخەکەدا بوو، پۆشاکێکی خەتداری (بني حُریثي) لەبەردابوو، خەریکی نیشانەکردنی پشتی ئەو حوشترەیبوو کە لە ڕزگارکردنی (مەککە) دا بەدیاری بۆی هاتبوو.

(٤٢) بەشی ئادابەکان

(١) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ):

((بەناوی منەوە ناو بنێن بەڵام نازناوم مەگرنەوە))

١٣٣١ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: نَادَى رَجُلٌ رَجُلًا بِالْبَقِيعِ: يَا أَبَا الْقَاسِمِ، فَالْتَفَتَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) إِنِّي لَمْ أَعْنِكَ، إِنَّمَا دَعَوْتُ فُلَانًا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَسَمَّوْا بِاسْمِي وَلَا تَكَنَّوْا بِكُنْيَتِي)). [البخاري/ البيوع/ ٢٠١٥]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: لە بقیع پیاوێك پیاوێکی تری بانگ کرد: هۆ (ابو قاسم)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاوڕی لێدایەوە، پیاوەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا مەبەستم تۆ نەبوو، بەڵکو بانگی فلانەکەسم کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بەناوی منەوە ناوبنێن، بەڵام بەنازناومەوە نازناو مەنێن)).

(٢) ناونان بەناوی محمد (ﷺ)

١٣٣٢ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: وُلِدَ لِرَجُلٍ مِنَّا غُلَامٌ فَسَمَّاهُ مُحَمَّدًا، فَقَالَ لَهُ قَوْمُهُ: لَا نَدَعُكَ تُسَمِّي بِاسْمِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَانْطَلَقَ بِابْنِهِ حَامِلَهُ عَلَى ظَهْرِهِ، فَأَتَى بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وُلِدَ لِي غُلَامٌ فَسَمَّيْتُهُ مُحَمَّدًا، فَقَالَ لِي قَوْمِي: لَا نَدَعُكَ تُسَمِّي بِاسْمِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَسَمَّوْا بِاسْمِي وَلَا تَكْتَنُوا بِكُنْيَتِي، فَإِنَّمَا أَنَا قَاسِمٌ أَقْسِمُ بَيْنَكُمْ)).

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لە ئێمە منداڵێکیان بوو ناوی نا (محمد)، خزمەکانی پێیان وت: لێت ناگەڕێین ناوبنێیت بە ناوی پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، پیاوەکە کوڕەکەی خستە سەرپشتی و بەپرتاو هێنای بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، کوڕێکمان بووە و ناوم ناوە (محمد)، خزمەکانم پێیان وتم: ناهێڵین بەناوی پێغەمبەری خواوە ناوی بنێیت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بەناوی منەوە ناوبنێن بەڵام بە نازناوی منەوە نازناو مەنێن، چونکە من دابەشکارم لە نێوانتاندا بەش دەکەم)).

(٣) خۆشەویسترین ناو لای خوای گەورە (عبدالله) و (عبدالرحمن) ە

١٣٣٣ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَحَبَّ أَسْمَائِكُمْ إِلَى اللَّهِ: عَبْدُ اللَّهِ وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ)).

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵـیٚ: پیٚغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: ((خۆشەویسـترین ناوتان لای خوا (عبدالله) و (عبدالرحمن) ە)).

(٤) ناونانی منداڵ بە: عبدالرحمن

١٣٣٤ـ عَنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: وُلِدَ لِرَجُلٍ مِنَّا غُلَامٌ فَسَمَّاهُ الْقَاسِمَ، فَقُلْنَا: لَا نَكْنِيكَ أَبَا الْقَاسِمِ وَلَا نُنْعِمُكَ عَيْنًا، فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: ((أَسْمِ ابْنَكَ عَبْدَ الرَّحْمَنِ)). [البخاري/ الأدب/ ٥٨٣٢]

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵیٚ: پیاویٚك لە ئیٚمە کوڕیٚکیان بوو ناوی نا (قاسم) وتمان: ئیٚمە بە نازناوی (أبو القاسم) بانگت ناکەین‌و، نـاهیٚڵین دڵـت خۆش بیٚ بەو نازناوە، پیاوەکە هاتە خزمەتی پیٚغەمبەرو (ﷺ) ئەوەی بۆ باس کرد، فەرمووی: ((کوڕەکەت ناو دەنیٚم عبدالرحمن)).

(٥) ناونانی منداڵ بە (عبدالله) و دەست هیٚنان بەسەریداو دۆعاکردن بۆی

١٣٣٥ـ عَنْ عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ وَفَاطِمَةُ بِنْتُ الْمُنْذِرِ بْنِ الزُّبَيْرِ أَنَّهُمَا قَالَا: خَرَجَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ حِينَ هَاجَرَتْ وَهِيَ حُبْلَى بِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ (ﷺ)، فَقَدِمَتْ قُبَاءً فَنُفِسَتْ بِعَبْدِ اللَّهِ بِقُبَاءٍ، ثُمَّ خَرَجَتْ حِينَ نُفِسَتْ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِيُحَنِّكَهُ، فَأَخَذَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْهَا فَوَضَعَهُ فِي حَجْرِهِ، ثُمَّ دَعَا بِتَمْرَةٍ، [قَالَ]: قَالَتْ عَائِشَةُ: فَمَكَثْنَا سَاعَةً نَلْتَمِسُهَا قَبْلَ أَنْ نَجِدَهَا، فَمَضَغَهَا ثُمَّ بَصَقَهَا فِي فِيهِ فَإِنَّ أَوَّلَ شَيْءٍ دَخَلَ بَطْنَهُ لَرِيقُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ قَالَتْ أَسْمَاءُ: ثُمَّ مَسَحَهُ وَصَلَّى عَلَيْهِ وَسَمَّاهُ عَبْدَ اللَّهِ، ثُمَّ جَاءَ وَهُوَ ابْنُ سَبْعِ سِنِينَ أَوْ ثَمَانٍ لِيُبَايِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، وَأَمَرَهُ بِذَلِكَ الزُّبَيْرُ (ﷺ)، فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ رَآهُ مُقْبِلًا إِلَيْهِ ثُمَّ بَايَعَهُ. [البخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٩٧]

(عروة)ی کوڕی (زبیر) و(فاطمة)ی کچی (منذر)ی کوڕی (زبیر) دەڵیٚن: کاتیٚ أسماء کچی ابو بکر کۆچی بۆ (مەدینە)کرد سکی پڕبوو بە (عبدالله) کوڕی (زبیرە)وە (ﷺ) گەیشتە (قُباء)و لە (قُباء) زەیسان کەوت بە (عبدالله) وە، پاش ئەوە کە عبدالله لەدایك بوو چوو بۆ لای پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) دەمـی شیرین بکات، پیٚغەمبەری خـوا (ﷺ) عبدالله ی لیٚگرت و خستیە کۆشیەوە، پاشان داوای خورمایـەکی کـرد، عائشـة وتـی: ماوەیـەك گـەڕاین بـە دوای دەنکـە خورمایەکدا تا دۆزیمانـەوە، لـەناودەمیدا جووی و پاشان خستیە نـاودەمی

(عبدالله)وە،یەکەمین شتی کە چووە ناو سکیەوە، ئەو خورمایەی ناودەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ)بوو، لەپاشاندا (أسماء) وتی: دوای ئەوە پێغەمبەری خوا دەستی پیاهێنا و دوعای خێری بۆکرد و ناوی نا (عبدالله)، پاشان کەتەمەنی گەیشتە حەوت یان هەشت ساڵ هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا پەیمانی پێ بدات ، (زبیر)ی باوکی ئەو فەرمانەی پێدابوو (ﷺ) کاتی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی وا بەرەو ڕووی هات زەردەخەنە گرتی و پاشان پەیمانی لێی وەرگرت.

١٣٣٦ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): قَالَ كَانَ ابْنٌ لِأَبِي طَلْحَةَ يَشْتَكِي، فَخَرَجَ أَبُو طَلْحَةَ فَقُبِضَ الصَّبِيُّ، فَلَمَّا رَجَعَ أَبُو طَلْحَةَ قَالَ: مَا فَعَلَ ابْنِي؟ قَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ: هُوَ أَسْكَنُ مِمَّا كَانَ فَقَرَّبَتْ إِلَيْهِ الْعَشَاءَ فَتَعَشَّى، ثُمَّ أَصَابَ مِنْهَا، فَلَمَّا فَرَغَ قَالَتْ: وَارُوا الصَّبِيَّ، فَلَمَّا أَصْبَحَ أَبُو طَلْحَةَ أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ: ((أَعْرَسْتُمُ اللَّيْلَةَ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمَا)). فَوَلَدَتْ غُلَامًا، فَقَالَ لِي أَبُو طَلْحَةَ: احْمِلْهُ حَتَّى تَأْتِيَ بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ)، فَأَتَى بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ) وَبَعَثَتْ مَعَهُ بِتَمَرَاتٍ فَأَخَذَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَمَعَهُ شَيْءٌ)). قَالُوا: نَعَمْ تَمَرَاتٌ، فَأَخَذَهَا النَّبِيُّ (ﷺ) فَمَضَغَهَا، ثُمَّ أَخَذَهَا مِنْ فِيهِ فَجَعَلَهَا فِي فِي الصَّبِيِّ، ثُمَّ حَنَّكَهُ وَسَمَّاهُ: عَبْدَ اللَّهِ. [البخاري/ العقيقة/ ٥١٥٣]

(أنس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: کوڕێکی (أبو طلحة) نەخۆش بوو، (أبو طلحة) دەرچوو لەماڵ و کوڕەکەی مرد، کاتێ (أبو طلحة) گەڕایەوە وتی: کوڕەکەم چۆنە؟ (أمُ سَلیم) وتی: لەجاران ئارامترە، نانی ئێوارەی بۆدانا و نانی خوارد، پاشان نزیکی (أمُ سَلیم) کەوت. کاتێ لێبوویەوە ژنەکەی وتی: کوڕەکەت داپۆشە، کاتێ ڕۆژ بوویەوە (أبو طلحة) هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەواڵەکەی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿ئەمشەو تێکەڵیتانکرد؟)). وتی: بەڵێ، فەرمووی: ((خوایە فەڕدارو پیرۆزی بکە بۆیان)) پاشتر خێزانەکەی کوڕێکی بوو، (أبو طلحة) پێی وتم: هەڵیبگرە هەتا ئەیهێنیتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، هێنایە لای پێغەمبەرو (ﷺ) چەند دنکە خورمایەکی لەگەڵ نارد، پێغەمبەر (ﷺ) هەڵی گرت و فەرمووی: ﴿شتێکی لەگەڵە؟)). وتیان: بەڵێ چەند دەنکە خورمایەکی لەگەڵە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) خورماکەی هەڵگرت و

لـەدەمی خۆیـدا جـووی و پاشـان لـەدەمی خـۆی دەریـهێناو خسـتیە دەمـی منداڵەكەوە، پاشان هێنای بەدەم و مەلاشۆی داو، ناوی نا: (عبدالله).

(٦) نـاونـان بەنـاوی پێغەمبەران و پیاوچاكانەوە

١٣٣٧ـ عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا قَدِمْتُ نَجْرَانَ سَأَلُونِي فَقَالُوا: إِنَّكُمْ تَقْرَءُونَ ﴿يَا أُخْتَ هَارُونَ﴾ [مريم: ٢٨] وَمُوسَى قَبْلَ عِيسَى بِكَذَا وَكَذَا، فَلَمَّا قَدِمْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) سَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: ((إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَمُّونَ بِأَنْبِيَائِهِمْ وَالصَّالِحِينَ قَبْلَهُمْ)).

(مغیرة) كـوڕی (شـعبة) (ﷺ) دەڵـێ: كاتـێ هـاتم بـۆ (نجـران)، پرسـیاریان لێكردم و، وتیان: ئێوە دەخوێننەوە ﴿یا اخت هارون)) (مریم: ٢٨) موسایش لە پێش عیساوەیە بە ئەوەندە و ئەوەندە ساڵ ئیتر چۆن ئەبێت مەریەم خوشكی هـاورن بێـت كەزەمـەنێكی زۆریـان لەبەیندایـە؟)، كاتـێ هاتمـەوە خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پرسـیاری ئـەوەم لێكـرد، فـەرمووی: ﴿ئـەوان بـەناوی پێغەمبەران و پیاوچاكانی پێش خۆیانەوە ناویان دەنا)).

(٧) نـاونانی منداڵ بەئیبراهیم

١٣٣٨ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: وُلِدَ لِي غُلَامٌ، فَأَتَيْتُ بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَسَمَّاهُ: إِبْرَاهِيمَ، وَحَنَّكَهُ بِتَمْرَةٍ. [البخاري/ العقيقة/ ٥١٥٠]

(أبو موسى) (ﷺ) دەڵێ: كوڕێكمان بوو، هێنـام بـۆ خزمـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) ئەویش ناوی نا: ابراهیم و بەخورمایەك دەمی شیرین كرد.

(٨) نـاونانی منداڵ بە(منذر)

١٣٣٩ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: أُتِيَ بِالْمُنْذِرِ بْنِ أَبِي أُسَيْدٍ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ وُلِدَ، فَوَضَعَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) عَلَى فَخِذِهِ، وَأَبُو أُسَيْدٍ جَالِسٌ، فَلَهِيَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِشَيْءٍ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَأَمَرَ أَبُو أُسَيْدٍ بِابْنِهِ، فَاحْتُمِلَ مِنْ عَلَى فَخِذِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَقْلَبُوهُ، فَاسْتَفَاقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَيْنَ الصَّبِيُّ)). فَقَالَ أَبُو أُسَيْدٍ: أَقْلَبْنَاهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: ((مَا اسْمُهُ)). قَالَ: فُلَانٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((لَا، وَلَكِنِ اسْمُهُ الْمُنْذِرُ)). فَسَمَّاهُ يَوْمَئِذٍ: الْمُنْذِرَ. [البخاري/ الأدب/ ٥٨٣٨]

(سهل) كوڕی (سعد) دەڵێ: كە(منـذر)ی كـوڕی (ابـو أسـید) لـەدایكبوو (ﷺ) هێنرا بۆ خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، پێغەمبـەر (ﷺ) خسـتیە سـەر ڕانـی، بـاوكی أسـیدیش دانیشـتبوو، پێغەمبـەر (ﷺ) سـەرقاڵی شـتێك بـوو كـە

لەبەردەستیدا بوو، فەرمانی دابە (أبو أسَید) کە کوڕەکەی ببات. ئەویش لەسەر رانــی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) هــەڵیگرت و بردیانــەوە بــۆ ماڵــەوە، کاتــێ کــە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەئاگاهاتـەوە، فەرمووی: ﴿کوا منداڵەکە)). (ابو أسید) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بردمانەوە بۆ ماڵەوە، فەرمووی: ﴿ناوی چییە؟)). وتی: فلان ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: ﴿نا، بەڵکو ناوی (منـذر)ە)). هەر ئەو ڕۆژە ناوی نا (المنذر).

(٩) گۆڕینی ناو بەچاکتر

١٣٤٠ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ ابْنَةً لِعُمَرَ (ﷺ) كَانَتْ يُقَالُ لَهَا عَاصِيَةُ، فَسَمَّاهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) جَمِيلَةَ.

(ابن عمر) ﷺ)) دەڵێ: عمـر (ﷺ) کچێکـی هـەبوو پێـی دەوتـرا (عاصیــة)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی نا (جمیلة) (واتە: جوانە).

(١٠) نـاوی (بَرَّة) گۆڕدررا بۆ (جویریة)

١٣٤١ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَتْ جُوَيْرِيَةُ اسْمُهَا بَرَّةُ، فَحَوَّلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) اسْمَهَا جُوَيْرِيَةَ، وَكَانَ يَكْرَهُ أَنْ يُقَالَ: خَرَجَ مِنْ عِنْدَ بَرَّةَ.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: (جویریـە) نـاوی (بَرَّة) بـوو، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ناوەکـەی گـۆڕی بــۆ (جویریــە)، پێی‌نـاخۆش بــوو کــە بوتــرێ: لای چاکــەی بەجێهێشت (بَرَّة: واتە چاکە).

(١١) نـاوی (بَرَّة) گۆڕدرا بەنـاوی (زینب)

١٣٤٢ـ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ عَطَاءٍ قَالَ: سَمَّيْتُ ابْنَتِي بَرَّةَ، فَقَالَتْ لِي زَيْنَبُ بِنْتُ أَبِي سَلَمَةَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ هَذَا الاسْمِ، وَسُمِّيتُ بَرَّةَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمُ، اللَّهُ أَعْلَمُ بِأَهْلِ الْبِرِّ مِنْكُمْ)). فَقَالُوا: بِمَ نُسَمِّيهَا؟ قَالَ: ((سَمُّوهَا زَيْنَبَ)).

(محمد) کوڕی (عمرو) کوڕی (عطـاء) دەڵێ: کچەکـەمم ناونـا (بَرَّة)،(زینـب) کچـی (ابو سلمە) پێـی وتم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگـری کـردووە لـەو نـاوە، منیش کاتی خۆی ناونرابووم (بَرَّة)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خۆتـان بە پاك مـەزانن، خـوا خـۆی دەزانـێ کێ‌تـان چاکە چونکە (بَـرَة)واتـە: چاکـە؟)) وتیان: ئەی ناوی بنێین چی؟ فەرمووی: ﴿ناوی بنێن زینب)).

(١٢)ترێ ناو بردن بە بەخشندە (كَرْم)

١٣٤٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ لِلْعِنَبِ الْكَرْمَ، فَإِنَّ الْكَرْمَ الرَّجُلُ الْمُسْلِمُ)). [البخاري/ الأدب/ ٥٨٢٩]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ﴿باكەسێكتان بە تری نەڵێ (كَرْم) واتە {بەخشندە}، بەڵكو بە خشندە پیاوی موسڵمانە)).

١٣٤٤ـ عَنْ وَائِلِ بن حجر(ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَقُولُوا الْكَرْمُ، وَلَكِنْ قُولُوا الْعِنَبُ وَالْحَبْلَةُ)).

(وائل) كوڕی (حِجر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿بە(ترێ) مەڵێن (كَرْم) {بەخشندە} بەڵكو بڵێن ترێ و دارمێو)).

(١٣) مۆڵەت لەناوناندا

١٣٤٥ـ عَنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: أَرَادَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَنْ يَنْهَى [عَنْ] أَنْ يُسَمَّى بِمُقْبِلٍ وَبِبَرَكَةَ وَبِأَفْلَحَ وَبِيَسَارٍ وَبِنَافِعٍ، وَبِنَحْوِ ذَلِكَ، ثُمَّ رَأَيْتُهُ سَكَتَ بَعْدُ عَنْهَا فَلَمْ يَقُلْ شَيْئًا، ثُمَّ قُبِضَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَلَمْ يَنْهَ عَنْ ذَلِكَ، ثُمَّ أَرَادَ عُمَرُ (ﷺ) أَنْ يَنْهَى عَنْ ذَلِكَ ثُمَّ تَرَكَهُ.

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی ڕێگری بكات لە ناوی (مُقْبِل، بَرَكَة، أفلح، یسار، نافع) هاوشێوەی ئەوانە، لەپاشان بینیم كە بێدەنگ بوو لێیانو، هیچی نەوت تا كۆچی دوایی كرد ڕێگری نەكرد. پاشتر عمر (ﷺ) ویستی ڕێگری بكات لەو ناوانە بەڵام وازی لێهێنا.

(١٤) نازناودان بە منداڵ

١٣٤٦ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَحْسَنَ النَّاسِ خُلُقًا، وَكَانَ لِي أَخٌ يُقَالُ لَهُ: أَبُو عُمَيْرٍ -قَالَ: أَحْسِبُهُ قَالَ- [كَانَ] فَطِيمًا، قَالَ: فَكَانَ إِذَا جَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَرَآهُ قَالَ: ((أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ)). قَالَ: فَكَانَ يَلْعَبُ بِهِ. [البخاري/ الأدب/ ٥٨٥٠]

(انس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاكترین كەس بوو لە ڕەوشتدا، منیش برایەكم هەبوو پێی دەوترا: (ابو عُمیر) وابزانم وتی كە لەشیر بڕابوویەوە، وتی: هەر كاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بهاتایە و چاوی پێبكەوتایە یاریو سوعبەتی لەگەڵ ئەكرد، دەیفەرموو: ((ابا عُمیر چۆلەكەكە چی لێهات؟))، دەڵێ: چۆلەكەیەك هەبوو یاری پێدەكرد.

(١٥) پیاو بە پیاو بڵێ کوڕەکەم

١٣٤٧ـ عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (ﷺ) قَالَ: مَا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَحَدٌ عَنِ الدَّجَّالِ أَكْثَرَ مِمَّا سَأَلْتُهُ عَنْهُ، فَقَالَ لِي: ((أَيْ بُنَيَّ، وَمَا يُنْصِبُكَ مِنْهُ؟ إِنَّهُ لَنْ يَضُرَّكَ)). قَالَ: قُلْتُ: إِنَّهُمْ يَزْعُمُونَ أَنَّ مَعَهُ أَنْهَارَ الْمَاءِ وَجِبَالَ الْخُبْزِ؟ قَالَ: ((هُوَ أَهْوَنُ عَلَى اللَّهِ مِنْ ذَلِكَ)).

(مغيرة) کوڕی (شعبة) (ﷺ) دەڵێ: کەسێك نەبووە لەمن زیاتر پرسیاری کردبێ لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبارەی دەجاڵەوە، فەرمووی پێم: ((ئەی کوڕەکەم، چ شتێکی ئەو ناڕەحەتت دەکات؟ ئەو ناتوانێ زیانت پێبگەیەنێ)). دەڵێ: وتم: خەڵك گومان وادەبەن کە بەئەندازەی ڕووبار ئاوو بەڕادەی کێو نانی پێیە؟ فەرمووی: ((ئەو لای خوا کەمتر و زەلیلترە لەوە کە ئەوەی بداتێ)).

(١٦) نزمترین ناو لای خوا ناوی کەسێکە پێی بوترێ شاهنشاە

١٣٤٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ أَخْنَعَ اسْمٍ عِنْدَ اللَّهِ رَجُلٌ تَسَمَّى مَلِكَ الْأَمْلَاكِ)). وَفِي رِوَايَةٍ: ((لَا مَالِكَ إِلَّا اللَّهُ)). قَالَ سُفْيَانُ -يعني ابن عيينة- مِثْلُ شَاهَانْ شَاهْ. و قَالَ أَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ: سَأَلْتُ أَبَا عَمْرٍو عَنْ ((أَخْنَعَ)) فَقَالَ: أَوْضَعَ. [البخاري/ الأدب/ ٥٨٥٣]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((نزمترین ناوێ لای خوا ناوی پیاوێکە کە ناو ببرێ بە شای شاهان)). لە ڕیوایەتێکدا: ((کەس خاوەن موڵك (پادشا) نیە جگە لەخوا)). (سفیان واتە: ابن عيَيْنَة) دەڵێ: وەکو -شاهنشاە- (احمد)ی کوڕی (حنبل) دەڵێ: پرسیار لە (ابوعمرو) کرد کە(انفع) مانای چییە؟ وتی: واتە: (نزمترین).

(١٧) مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان پێنج شتن

١٣٤٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خَمْسٌ تَجِبُ لِلْمُسْلِمِ عَلَى أَخِيهِ: رَدُّ السَّلَامِ، وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ)). [البخاري/ الجنائز/ ١١٨٣]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((موسڵمان پێنج ئەرکی براکەی لەسەرە: وەڵام دانەوەی سەلام، دۆعای خێر بۆ پژمیو، چوون بەدەم دەعوەتەوە، سەردانی نەخۆش، شوێن کەوتنی جەنازە)).

١٣٥٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) قَالَ: ((حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ)). قِيلَ: مَا هُنَّ يَا رَسُولَ اللّٰهِ؟ قَالَ: ((إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ، وَإِذَا دَعَاكَ فَأَجِبْهُ، وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ، وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللّٰهَ فَسَمِّتْهُ، وَإِذَا مَرِضَ فَعُدْهُ، وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((موسڵمان شەش مافی لەسەر موسڵمان هەیە)). وترا: ئەوانە کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ﴿کە گەیشتی پێی سەلامی لێبکە، کە دەعوەتی کردیت بچۆ بەدەمیەوە، کە داوای ئامۆژگاری لێکردیت ئامۆژگاری بکە، کە پژمی و سوپاسی خوای کرد، بڵێ: خوا ڕەحمت پێبکات، ئەگەر نەخۆش کەوت سەری لێبدە، کە مرد شوێن جەنازەکەی بکەوە)).

(١٨) ڕێگری لە دانیشتنی سەر ڕێگا

١٣٥١ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِيَّاكُمْ وَالْجُلُوسَ بِالطُّرُقَاتِ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللّٰهِ، مَا لَنَا بُدٌّ مِنْ مَجَالِسِنَا، نَتَحَدَّثُ فِيهَا؟ قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((إِذَا أَبَيْتُمْ إِلَّا الْمَجْلِسَ فَأَعْطُوا الطَّرِيقَ حَقَّهُ)). قَالُوا: وَمَا حَقُّهُ؟ قَالَ: ((غَضُّ الْبَصَرِ، وَكَفُّ الْأَذَى، وَرَدُّ السَّلَامِ، وَالْأَمْرُ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيُ عَنِ الْمُنْكَرِ)). [البخاري/ المظالم/ ٢٢٣٣]

(أبو سعيد الخدري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نەکەن لەسەر ڕێگاکان دابنیشن)) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا چارەمان نیە و شوێنی دانیشتنمانە و وتو وێژی تێدا دەکەین؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر هەر دەتانەوێ دانیشن ئەوا مافی ڕێگا بدەن)). وتیان: ئەی مافی چییە؟ فەرمووی: ((چاوداخستن، ئازارنەدان، وەڵام دانەوەی سەلام، فەرمان کردن بە چاکەو کاری پەسەند، ڕێگری کردن لە خراپەو کاری بێزراو ناشایستە)).

(١٩) دەستوری سەلام کردن

١٣٥٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((يُسَلِّمُ الرَّاكِبُ عَلَى الْمَاشِي، وَالْمَاشِي عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ)). [البخاري/ الاستئذان/ ٥٨٧٨]

(ابـو هريـرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: ((سـواره سـەلام بکات لە پیادە، پیادەش لە دانیشتوو، کەمیش لە زۆر)).

(٢٠) مۆڵەت خواستن و سەلام کردن

١٣٥٣ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (ﷺ)، قَالَ: جَاءَ أَبُو مُوسَى إِلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (ﷺ) فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، هَذَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ قَيْسٍ. فَلَمْ يَأْذَنْ لَهُ، فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، هَذَا أَبُو مُوسَى، السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، هَذَا الْأَشْعَرِيُّ. ثُمَّ انْصَرَفَ، فَقَالَ: رُدُّوا عَلَيَّ، رُدُّوا عَلَيَّ، فَجَاءَ، فَقَالَ: يَا أَبَا مُوسَى مَا رَدَّكَ، كُنَّا فِي شُغْلٍ؟ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((الاسْتِئْذَانُ ثَلَاثٌ، فَإِنْ أُذِنَ لَكَ وَإِلَّا فَارْجِعْ)). قَالَ: لَتَأْتِيَنِّي عَلَى هَذَا بِبَيِّنَةٍ، وَإِلَّا فَعَلْتُ وَفَعَلْتُ، فَذَهَبَ أَبُو مُوسَى، قَالَ عُمَرُ (ﷺ): إِنْ وَجَدَ بَيِّنَةً تَجِدُوهُ عِنْدَ الْمِنْبَرِ عَشِيَّةً، وَإِنْ لَمْ يَجِدْ بَيِّنَةً فَلَمْ تَجِدُوهُ. فَلَمَّا أَنْ جَاءَ بِالْعَشِيِّ وَجَدُوهُ، قَالَ: يَا أَبَا مُوسَى مَا تَقُولُ، أَقَدْ وَجَدْتَ؟ قَالَ: نَعَمْ، أُبَيَّ بْنَ كَعْبٍ، قَالَ: عَدْلٌ، قَالَ: يَا أَبَا الطُّفَيْلِ مَا يَقُولُ هَذَا؟ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ ذَلِكَ، يَا ابْنَ الْخَطَّابِ، فَلَا تَكُونَنَّ عَذَابًا عَلَى أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ، إِنَّمَا سَمِعْتُ شَيْئًا فَأَحْبَبْتُ أَنْ أَتَثَبَّتَ.

(ابو بُردة) لە (أبو موسى الأشعري)وە (ﷺ) دەڵـێ: (ابو موسـى) هـات بـۆلای (عمـر) کـوڕی (خطـاب) (ﷺ) وتـی: سـەلامتان لێبێـت، ئـەوە (عبـدالله) کـوڕی (قيـس)ە، مۆڵـەتی پێنـەدا بچێتـە لای، ووتـی: سـەلامتان لێبێـت، ئـەوە (ابـو موسـىيە)، سـەلامتان لێبێ، ئـەوە (أشـعرىيە) پاشـان ڕۆیشـت، (عمـر) وتـی: بگەڕێنەوە بۆ لام، بگەڕێنەوە بۆ لام، (ابوموسى) هاتەوە، (عمر) وتی: ئەی (أبـو موسى) بۆ گەڕایتەوە، بۆ چاوەڕێت نەکرد ئێمە سەرقاڵ بووین؟ وتی: بیستومە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: ﴿مۆڵەت خواستن سێ جارە، ئەگەر مۆڵەتت درا، ئەوا باشە، ئەگەر نا بگەڕێرەوە)). وتی: دەبێ شایەتێکم بۆ بهێنی لەسەر ئەمە، ئەگەرنا ئاوا و ئاوا دەکەم (ابو موسى) ڕۆیشت، (عمـر) (ﷺ) وتـی: ئەگـەر شایەتی هەبێ ئەوا ئێوارە لای مینبەرەکەدا دەیبیننەوە، ئەگەر شایەتی دەست نەکەوت، ئەوا نایبینینەوە، کە ئێوارە هـات بینیانـەوە، (عمـر) وتـی: ئـەی (أبـو موسـى) دەڵێی چی ئایا شایەتت دۆزیـەوە؟ وتـی: بەڵێ، (أُبـيّ) کـوڕی (کعـب) وتی: کەسێکی دات پەروەرە، وتـی: ئەی (أبو طفيل)(واتە :ابی) ئەم پیاوە دەڵێ چی؟ وتی: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستوە کە ئەوەی دەفەرموو: (ئەی کوڕی

[خطاب] مەبە مایەی چەرمەسەری بۆ هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، (عمر) وتی: (سبحان الله) تەنها ئەوەیە شتێکم بیستبوو، ویستم دڵنیا ببم لێی.

(٢١) لادانی پەردەی ماڵ نیشانەی مۆڵەت دانە

١٣٥٤ـ عَنْ ابْنَ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذْنُكَ عَلَيَّ أَنْ يُرْفَعَ الْحِجَابُ، وَأَنْ تَسْتَمِعَ سِوَادِي، حَتَّى أَنْهَاكَ)).

(ابن مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پێم: ((مۆڵەتی هاتنت بۆ لام ئەوەیە کە پەردەکە بەرز بکرێتەوەو، دەنگم ببیستی، مەگەر ڕێگریت لێبکەم)).

(٢٢) کە لەدەرگاتدا باش نییە بڵێی منم

١٣٥٥ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: اسْتَأْذَنْتُ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: ((مَنْ هَذَا)). فَقُلْتُ: أَنَا، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَنَا أَنَا)). وفي رواية: كَأَنَّهُ كَرِهَ ذَلِكَ. [البخاري/ الاستئذان/ ٥٨٩٦]

(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: داوای مۆڵەتم کرد تا بچمە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی: ((ئەوە کێیە)) منیش وتم: منم، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ناخۆش بوو، فەرمووی: ((منم، منم)) [(مەبەست ئەوەیە ئەبوایە ناوی خۆی بوتایە)].. و لە ڕیوایەتێکدا: وەك ئەو وەڵامەی منی پێ‌ناخۆش بووبێ.

(٢٣) ڕێگریکردن لەسەرەتاتکێ کاتی مۆڵەت خواستن

١٣٥٦ـ عَنْ سَهْلَ بْنَ سَعْدٍ السَّاعِدِيَّ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا اطَّلَعَ فِي جُحْرٍ فِي بَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَمَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِدْرًى يَحُكُّ بِهِ رَأْسَهُ، فَلَمَّا رَآهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْ أَعْلَمُ أَنَّكَ تَنْتَظِرُنِي لَطَعَنْتُ بِهِ فِي عَيْنِكَ)). وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّمَا جُعِلَ الْإِذْنُ مِنْ أَجْلِ الْبَصَرِ)). [البخاري/ الديات/ ٦٥٠٥]

(سهل) کوڕی (سعد الساعدي) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لە کونی دەرگای ماڵی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەیڕوانیە ژوورەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاسنێکی شێوە شانەی پێبوو سەری‌خۆی پێ‌دەخوراند، هەر کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی پێی کەوت فەرمووی: ((ئەگەر بمزانیایە سەیرم دەکەیت ئابەمە لە چاوتم دەدا)). پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((مۆڵەت خواستن بۆ ئەوە دانراوە تا چاو داخەیت و عەیب و عاری خەڵکی نەبینی)).

(٢٤) کەسێ بڕوانێتە ماڵی خەڵکی بەبێ مۆڵەت

١٣٥٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْ أَنَّ رَجُلًا اطَّلَعَ عَلَيْكَ بِغَيْرِ إِذْنٍ فَخَذَفْتَهُ بِحَصَاةٍ فَفَقَأْتَ عَيْنَهُ، مَا كَانَ عَلَيْكَ مِنْ جُنَاحٍ)). [البخاري/ الديات/ ٦٤٩٣]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ﴿ئەگەر بەبێ مۆڵەتی خۆت پیاوێك سەیری ماڵەکەتی کرد، تۆیش بەردێکت تێگرت و چاوت تەقاند، گوناهبار نابیت)).

(٢٥) سەیرکردنی کتوپڕی و چاووەرگێڕان

١٣٥٨ـ عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللّٰهِ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) عَنْ نَظَرِ الْفُجَاءَةِ، فَأَمَرَنِي أَنْ أَصْرِفَ بَصَرِي.

(جَرير) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەبارەی سەیرکردنی کتوپڕییەوە پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمانی پێدام کە زوو چاو وەربگێڕم.

(٢٦) ئەو کەسەی دەچێتە کۆڕی دانیشتن با سەلام بکات و دابنیشێ

١٣٥٩ـ عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) بَيْنَمَا هُوَ جَالِسٌ فِي الْمَسْجِدِ وَالنَّاسُ مَعَهُ إِذْ أَقْبَلَ نَفَرٌ ثَلَاثَةٌ، فَأَقْبَلَ اثْنَانِ إِلَى رَسُولِ اللّٰهِ (ﷺ) وَذَهَبَ وَاحِدٌ، قَالَ: فَوَقَفَا عَلَى رَسُولِ اللّٰهِ (ﷺ)، فَأَمَّا أَحَدُهُمَا فَرَأَى فُرْجَةً فِي الْحَلْقَةِ فَجَلَسَ فِيهَا، وَأَمَّا الْآخَرُ فَجَلَسَ خَلْفَهُمْ، وَأَمَّا الثَّالِثُ فَأَدْبَرَ ذَاهِبًا، فَلَمَّا فَرَغَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا أُخْبِرُكُمْ عَنِ النَّفَرِ الثَّلَاثَةِ؟ أَمَّا أَحَدُهُمْ فَأَوَى إِلَى اللّٰهِ فَآوَاهُ اللّٰهُ، وَأَمَّا الْآخَرُ فَاسْتَحْيَا فَاسْتَحْيَا اللّٰهُ مِنْهُ، وَأَمَّا الْآخَرُ فَأَعْرَضَ فَأَعْرَضَ اللّٰهُ عَنْهُ)). [البخاري/ العلم/ ٦٦]

(ابو واقد الليثي) (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مزگەوت دانیشتبوو خەڵکیش لە خزمەتیدا بوون، لەکتوپڕدا سێ کەس هاتن، دووانیان ڕوویان کردە پێغەمبەری خواو (ﷺ) یەکێکیان ڕۆیشت، لەبەردەم پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەستان، یەکێکیان بۆشاییەکی لە ئەڵقەی کۆڕەکەدا بینی و تیایدا دانیشت، ئەوی دیکەیان لەدوایانەوە دانیشت، بەڵام سێیەمیان پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێبوویەوە فەرمووی: ((هەواڵی ئەو سێ کەسەتان نەدەمێ؟ یەکێکیان پەنای هێنا بەخوا، خوایش

جێگەی كردەوە، ئەوی تریان شەرمی كرد خوای گەورە مەعزەرەتی قبوڵ كرد، بەڵام سێیەمینیان پشتی هەڵكرد و خوایش پشتی لەو هەڵكرد)).

(٢٧) ڕێگری لە هەستاندنی كەسێ لەمەجلیسا بۆئەوەی خۆی دابنیشێ

١٣٦٠ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يُقِيمُ الرَّجُلُ الرَّجُلَ مِنْ مَقْعَدِهِ ثُمَّ يَجْلِسُ فِيهِ، وَلَكِنْ تَفَسَّحُوا وتوسعوا)). وفي رواية: قُلْتُ: فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ؟ قَالَ: فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ وَغَيْرِهَا. وكان ابن عمر إذا قام له رجل عن مجلسه لم يجلس فيه. [البخاري/ الجمعة/ ٨٦٩]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿باكەس كەسێكی تر هەڵنەستێنێ و خۆی لەجێگەكەیدا دابنیشێ، بەڵكو بڵاوە بكەن و جێی یەكتر بكەنەوە!! جا ئەگەر كەسێ لە شوێنەكەی خۆی هەستابایەو چۆڵی بكردایە بۆ (ابن عمر)، (ابن عمر) لە جێگەی ئەو كەسەدا دانەدەنیشت.

(٢٨) كەسێ لە شوێنی خۆی هەستێ و دوایی بگەڕێتەوە شیاوترە پێی

١٣٦١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ –وَفِي حَدِيثِ أَبِي عَوَانَةَ: مَنْ قَامَ– مِنْ مَجْلِسِهِ ثُمَّ رَجَعَ إِلَيْهِ فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((هەركات یەكێكتان لە جێگەی خۆی هەستا– لە فەرموودەی (أبو عوانة)– هەر كەسێ هەستا– پاشان گەڕایەوە بۆی، ئەوە ئەو شیاوترە بەو شوێنەی خۆی)).

(٢٩) ڕێگری لەچپەكردنی دووكەس

١٣٦٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود(ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الْآخَرِ حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ، مِنْ أَجْلِ أَنْ يُحْزِنَهُ)). [البخاري/ الاستئذان/ ٥٩٣٢]

(عبدالله)ی كوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر ئێوە سێ‌كەس بوون ، با دوانتان نەكەونە چپەكردن جیالەوی‌تر، هەتا تێكەڵ دەبن بەخەڵكانی‌تر، چونكە ئەوكەسە دڵگران دەبێت)).

(٣٠) سەلام كردن لە منداڵان

١٣٦٣ـ عَنْ سَيَّارٍ قَالَ: كُنْتُ أَمْشِي مَعَ ثَابِتٍ الْبُنَانِيِّ، فَمَرَّ بِصِبْيَانٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ، وَحَدَّثَ ثَابِتٌ: أَنَّهُ كَانَ يَمْشِي مَعَ أَنَسٍ فَمَرَّ بِصِبْيَانٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ، وَحَدَّثَ

أَنَسٌ: أَنَّهُ كَانَ يَمْشِي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَمَرَّ بِصِبْيَانٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ. [البخاري/ الأستئذان/ ٥٨٩٣]

(سيّار) دەڵێ: لەگەڵ (ثابت البناني)دا دەڕۆیشتم بەرێگەدا -تێپەڕی بەلای چەند منداڵێكدا و سەلامی لێكردن، (ثابت) گێڕایەوە: كە لەگەڵ (أنس) دا دەڕۆیشت، تێپەڕی بەلای چەند منداڵێكدا و سەلامی لێكردن، (أنس)یش گێڕایەوە كەلە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەڕۆیشت، تێپەڕی بەلای چەند منداڵێكدا و سەلامی لێكردن.

(٣١) وەڵامدانەوەی سەلامی خاوەن كتێبەكان

١٣٦٤ـ عَنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: سَلَّمَ نَاسٌ مِنْ يَهُودَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالُوا: السَّامُ عَلَيْكَ يَا أَبَا الْقَاسِمِ، فَقَالَ: ((وَعَلَيْكُمْ)). فَقَالَتْ عَائِشَةُ (ﷺ) -وَغَضِبَتْ-: أَلَمْ تَسْمَعْ مَا قَالُوا؟ قَالَ: ((بَلَى قَدْ سَمِعْتُ، فَرَدَدْتُ عَلَيْهِمْ، وَإِنَّا نُجَابُ عَلَيْهِمْ وَلَا يُجَابُونَ عَلَيْنَا)).

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: كەسانێك لە جولەكە سڵاویان كرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وتیان: (السام عليك) واتە مردنت لەسەر ئەی (أبا القاسم)، فەرمووی: ((لەسەر ئێوەش)). عائشە (ﷺ) تووڕە بوو بوو وتی: ئەی گوێت لێنەبوو كە چیان وت؟ فەرمووی: ((بەڵێ گوێم لێبوو منیش وەڵامم دانەوە، دۆعای ئێمە لەسەر ئەوان گیرادەبێ، بەڵام دۆعای ئەوان لەسەر ئێمە گیرا نابێ)).

(٣٢) رێگری لە چوونە دەرەوەی ئافرەتان

١٣٦٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ أَزْوَاجَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كُنَّ يَخْرُجْنَ بِاللَّيْلِ إِذَا تَبَرَّزْنَ إِلَى الْمَنَاصِعِ، وَهُوَ صَعِيدٌ أَفْيَحُ، وَكَانَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) يَقُولُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): احْجُبْ نِسَاءَكَ، فَلَمْ يَكُنْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَفْعَلُ، فَخَرَجَتْ سَوْدَةُ بِنْتُ زَمْعَةَ -زَوْجُ النَّبِيِّ (ﷺ)- لَيْلَةً مِنَ اللَّيَالِي عِشَاءً، وَكَانَتِ امْرَأَةً طَوِيلَةً، فَنَادَاهَا عُمَرُ (ﷺ): أَلَا قَدْ عَرَفْنَاكِ يَا سَوْدَةُ. حِرْصًا عَلَى أَنْ يُنْزَلَ الْحِجَابُ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ الْحِجَابَ. [البخاري/ الوضوء/ ١٤٦]

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بەشەودا دەچوونە دەرەوە بۆ چوونە سەرئاو، كە دەشتێكی فراوان بوو، (عمر) كوڕی (خطاب) (ﷺ) بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەوت: با خێزانەكانت دەرنەكەون بۆ خەڵك، پێشتر

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەوەی نـەدەکرد، شـەوێك لەشـەوان لـەکاتی عیشـادا (سوده)ی کچی (زمعة) - خێزانی پێغەمبـەر (ﷺ) - کە ئافرەتێکی بالأبـەرز بـوو ڕۆیشتە دەرەوە، (عمر) (ﷺ) بانگی کـرد، ئـەی (سـودة) ئاگاداربـە دەتناسـین (عمر) بە پەرۆشەوە بـوو کـە ئایـەتی حیجاب دابـەزێ، عائشە وتـی: خـوا (ﷻ) ئایەتی حیجابی دابەزاند.

(٣٣) مۆڵەت بەچوونە دەرەوەی ئافرەتان

١٣٦٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: خَرَجَتْ سَوْدَةُ (ﷺ) بَعْدَ مَا ضُرِبَ عَلَيْهَا الْحِجَابُ لِتَقْضِيَ حَاجَتَهَا، وَكَانَتِ امْرَأَةً جَسِيمَةً تَفْرَعُ النِّسَاءَ جِسْمًا، لَا تَخْفَى عَلَى مَنْ يَعْرِفُهَا، فَرَآهَا عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا سَوْدَةُ، وَاللَّهِ مَا تَخْفَيْنَ عَلَيْنَا فَانْظُرِي كَيْفَ تَخْرُجِينَ. قَالَتْ: فَانْكَفَأَتْ رَاجِعَةً، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَيْتِي وَإِنَّهُ لَيَتَعَشَّى وَفِي يَدِهِ عَرْقٌ، فَدَخَلَتْ فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي خَرَجْتُ، فَقَالَ لِي عُمَرُ: كَذَا وَكَذَا. قَالَتْ: فَأُوحِيَ إِلَيْهِ، ثُمَّ رُفِعَ عَنْهُ وَإِنَّ الْعَرْقَ فِي يَدِهِ مَا وَضَعَهُ، فَقَالَ: ((إِنَّهُ قَدْ أُذِنَ لَكُنَّ أَنْ تَخْرُجْنَ لِحَاجَتِكُنَّ)). [البخاري/ التفسير/ ٤٥١٧]

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: لەپاش ئەوەی کە حیجاب لەسەرمان فەرز کرا (سودة) چووە دەرەوە بۆ چوونە سەرئاو، ئافرەتێکی قایم و قوڵو بالاّ بەرز بوو، لەناو ئافرەتەکاندا دیاربوو، نەدەشاردرایەوە لە کەسێ کە بیناسیایە، (عمر) کوڕی (خطاب) (ﷺ) بینیو وتی: ئەی (سودة)، بەخوا لێمان ون نابیت جا ئیتر بزانە چۆن دەچیتە دەرەوە، ئەویش گەڕایەوە، لەوکاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەماڵی مندابوو نانی ئێوارەی خوارد و ئێسقانێکی بەدەستەوە بوو، (سودة) هاتە ژوورەوە و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من چوومە دەرەوە، (عمر) ئەوە و ئەوەی پێوتم، (عائشة) دەڵێ: وەحی هات بۆ پێغەمبەر، پاشان تەواو بوو، هێشتا ئێسقانەکە بەدەستیەوە بوو دایەنەنابوو ئینجا فەرمووی: ((ئێوە ژنان مۆڵەتتان پێدراوە کە بۆ پێویستیەکانتان بچنە دەرەوە)).

(٣٤) لەدواوە سوارکردنی ئافرەتی مەحرەم لە سواریدا

١٣٦٧ـ عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ) قَالَتْ: تَزَوَّجَنِي الزُّبَيْرُ، وَمَا لَهُ فِي الْأَرْضِ مِنْ مَالٍ وَلَا مَمْلُوكٍ وَلَا شَيْءٍ غَيْرَ فَرَسِهِ، فَكُنْتُ أَعْلِفُ فَرَسَهُ وَأَكْفِيهِ مَئُونَتَهُ وَأَسُوسُهُ، وَأَدُقُّ النَّوَى لِنَاضِحِهِ، وَأَعْلِفُهُ، وَأَسْتَقِي الْمَاءَ وَأَخْرُزُ غَرْبَهُ وَأَعْجِنُ، وَلَمْ أَكُنْ أُحْسِنُ أَخْبِزُ، وَكَانَ يَخْبِزُ لِي جَارَاتٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، وَكُنَّ نِسْوَةَ صِدْقٍ، قَالَتْ:

وَكُنْتُ أَنْقُلُ النَّوَى مِنْ أَرْضِ الزُّبَيْرِ الَّتِي أَقْطَعَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى رَأْسِي، وَهِيَ عَلَى ثُلُثَيْ فَرْسَخٍ، قَالَتْ: فَجِئْتُ يَوْمًا وَالنَّوَى عَلَى رَأْسِي، فَلَقِيتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَمَعَهُ نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِهِ، فَدَعَانِي ثُمَّ قَالَ: ((إِخْ إِخْ)) لِيَحْمِلَنِي خَلْفَهُ، قَالَتْ: فَاسْتَحْيَيْتُ وَعَرَفْتُ غَيْرَتَكَ، فَقَالَ: وَاللَّهِ لَحَمْلُكِ النَّوَى عَلَى رَأْسِكِ أَشَدُّ مِنْ رُكُوبِكِ مَعَهُ. قَالَتْ: حَتَّى أَرْسَلَ إِلَيَّ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) بَعْدَ ذَلِكَ بِخَادِمٍ، فَكَفَتْنِي سِيَاسَةَ الْفَرَسِ، فَكَأَنَّمَا أَعْتَقَتْنِي. [البخاري/ النكاح/ ٤٩٢٦]

(أسماء) كچی (ابو بكر) (ﷺ) دەڵێ: (زبير) گواستمیەوە و، لەم سەرزەویەدا نە سامان و نە كارگوزار و نە هیچ شتێكی تری نەبوو جگە لە ئەسپەكەی، دەڵێ: ئالفم دەدا بە ئەسپەكەی و پێداویستیم دابین دەكرد و ئەسپەكەیم پاك دەكردەوە و رامم دەكرد، ناوكە خورمام دەكوتا بۆ حوشترەكەی كە سواری دەبوو و ئاوی پێرادەكێشا، ئالفم دەدا و ئاوم دەهێنا و دۆڵچەكەم دەدوریەوە و هەویرم دەشێلا، بەڵام نەمدەزانی باش نان بكەم، چەند ئافرەتێكی دراوسێم لە یارمەتیدەران نانیان بۆ دەكردم، بەڕاستی ئافرەت بوون، دەڵێ: لە زەویەكەی زبیرەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی دابڕیبوو ناوكە خورمام لەسەر سەر دەگواستەوە كەدوو لەسەرسێی قۆناغێك دوور بوو، رۆژێكیان دەگەڕامەوە ناوكە خورما لەسەر سەرم بوو، گەیشتم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە چەند هاوەڵێك لە خزمەتیدا بوون، بانگی كردم و پاشان فەرمووی: ﴿ئیخ ئیخ)) بۆ ئەوەی حوشترەكە دانەوێت و لەدوای خۆیەوە هەڵم بگرێ، دەڵێ: خۆم شەرمم كرد و غیرەتی تۆشم دەزانی، (زبیر) وتی: بەخوا هەڵگرتنی ئەو ناوكە خورمایانە لەسەر سەرت لەلام قورسترە تا سواربوونت لەدوای پێغەمبەرەوە (ﷺ)، (أسماء) وتی: لە دوای ئەوەوە (ابو بكر) (ﷺ) خزمەتكارێكی بۆ ناردم، بوو بەهۆی ئەوەی رزگارم ببێ لە بەخێوكردنی ئەسپەكە، وەك ئەوەی كە ئازادی كردبم لە كۆیلەیەتی.

(٣٥) كەسێ ئافرەتی لەگەڵدابێ و بەلای خەڵكدا تێپەڕبێ با ناوی ئافرەتەكە بڵێ

١٣٦٨ـ عَنْ صَفِيَّةَ بِنْتِ حُيَيٍّ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) مُعْتَكِفًا، فَأَتَيْتُهُ أَزُورُهُ لَيْلًا، فَحَدَّثْتُهُ، ثُمَّ قُمْتُ لِأَنْقَلِبَ فَقَامَ مَعِيَ لِيَقْلِبَنِي –وَكَانَ مَسْكَنُهَا فِي دَارِ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ)– فَمَرَّ رَجُلَانِ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَلَمَّا رَأَيَا النَّبِيَّ (ﷺ) أَسْرَعَا،

فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((عَلَى رِسْلِكُمَا، إِنَّهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ)). فَقَالَا: سُبْحَانَ اللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: ((إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنَ الْإِنْسَانِ مَجْرَى الدَّمِ، وَإِنِّي خَشِيتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَرًّا)). أَوْ قَالَ: ((شيئًا)). [بخاري/ الاعتكاف/ ١٩٣٠]

(صفيـة) کچـی (حُيـيٍّ) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) لـە (اعتكـاف)دا بـوو، شـەوێك هاتمـە خزمـەتی و سـەردانم کـرد و، لەگـەڵیدا دوام، پاشــان هەسـتام بگەڕێمـەوە ئـەویش لەگـەڵمدا هەستا ڕەوانـەم بکـات –ماڵی (صفيـة) لـە ماڵی (أسـامة) کـوڕی (زيـد) بـوو (ﷺ)– دوو پيـاوی (انصـار)ی تێپـەڕين، هــەر کـە پێغەمبـەريان (ﷺ) بينـی پەلـەيان کـرد، پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((لەسـەر خۆتـان، ئــەوە (صفيــة)یکچـی (حُيَّـی) ئـەوانيش وتيـان: سـبحان الله ئــەی پێغەمبەری خوا! (جەنابت جێی گومان بيت) فەرمووی: ((لەڕاستيدا شەيتان وەك خوێن بەلەشتاندا دەگەڕێ، منيش ترسام لەوە کەگومانێکی خراپ بخاتە دڵەکانتانەوە)).

(٣٦)ڕێگری کردن لەمانەوەی پياو لای ئافرەتی نامەحرەم

١٣٦٩ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَلَا لَا يَبِيتَنَّ رَجُلٌ عِنْدَ امْرَأَةٍ ثَيِّبٍ إِلَّا أَنْ يَكُونَ نَاكِحًا أَوْ ذَا مَحْرَمٍ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((با هيچ کەسێ شەو لەلای ئافرەتی بێوەژن نەمێنێتەوە مەگەر مـارە بـڕی بێـت يـان مـەحرەم بێـت پێی)).

١٣٧٠ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ)). فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَفَرَأَيْتَ الْحَمْوَ؟ قَالَ: ((الْحَمْوُ الْمَوْتُ)). قَالَ اللَّيْثُ بْنُ سَعْدٍ: يَقُولُ الْحَمْوُ أَخُ الزَّوْجِ وَمَا أَشْبَهَهُ مِنْ أَقَارِبِ الزَّوْجِ، ابْنُ الْعَمِّ وَنَحْوُهُ. [بخاري/ النكاح/ ٤٩٣٤]

(عقبه)ی کوڕی (عامر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((وريـا بـن تـەنيا مەکـەون لەگـەڵ ئـافرەتدا)). پيـاوێك لـە يارمـەتيدەران وتــی: ئــەی پێغەمبـەری خـوا، ئەی ئەگـەر شـوو بـرا يـان خزمـی مێردەکـەی بـوو؟ فـەرمووی شووبرا مردنە)) [(واتە: لەبەرئەوە تێکەڵی زياترە ئەبێ زيـاتر خۆی لەتێکـەڵی بپارێزێ)].

(٣٧) ڕێگری لە چوونە سەردانی ئافرەتـانێ کە مێردیان لەماڵەوە نەبێت

١٣٧١ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): أَنَّ نَفَرًا مِنْ بَنِي هَاشِمٍ دَخَلُوا عَلَى أَسْمَاءَ بِنْتِ عُمَيْسٍ، فَدَخَلَ أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ (ﷺ) -وَهِيَ تَحْتَهُ يَوْمَئِذٍ- فَرَآهُمْ فَكَرِهَ ذَلِكَ، فَذَكَرَ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَقَالَ: لَمْ أَرَ إِلَّا خَيْرًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَرَّأَهَا مِنْ ذَلِكَ)). ثُمَّ قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ: ((لَا يَدْخُلَنَّ رَجُلٌ بَعْدَ يَوْمِي هَذَا عَلَى مُغِيبَةٍ إِلَّا وَمَعَهُ رَجُلٌ أَوِ اثْنَانِ)).

(عبدالله) کوڕی (عمرو) کوڕی (العاص) (ﷺ) دەڵێ: چەند کەسی لە (بنو هاشم) چوونە سەردانی (أسماء)کچی (عُميس)، کە لەوڕۆژەدا خێزانی (ابو بکر الصدیق) (ﷺ) بوو -ابو بکر هاتەوە بۆ ماڵ- کە بینینی پێی ناخۆش بوو، ئەوەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسکرد و وتیشی چاکە نەبێ هیچم نەدی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خوا لەخراپە بەدووری گرتووە)) ، پاشان پێغەمەری خوا(ﷺ) هەستاو چووەسەر دوانگەو فەرمووی: ((لەم ڕۆ بەدواوە با هیچ پیاوێ نەچێتە ماڵی ژنێکەوە مێردەکەی لەماڵ نەبێ، مەگەر یەك یان دوو پیاوی لەگەڵدابێ)).

(٣٨) کوژاندنەوەی ئاگر کاتی خەوتن

١٣٧٢ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: احْتَرَقَ بَيْتٌ عَلَى أَهْلِهِ بِالْمَدِينَةِ مِنَ اللَّيْلِ، فَلَمَّا حُدِّثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِشَأْنِهِمْ، قَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ النَّارَ إِنَّمَا هِيَ عَدُوٌّ لَكُمْ، فَإِذَا نِمْتُمْ فَأَطْفِئُوهَا عَنْكُمْ)). [بخاري/ الاستئذان/ ٥٩٣٦]

(أبو موسى) (ﷺ) دەڵێ: شەوێك لە مەدینە ماڵێك سوتا بە سەرخەڵکەکەیدا، کاتێ لە بارەیانەوە هەواڵ درا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بەڕاستی ئەم ئاگرە دوژمنتانە، هەر کاتێ خەوتن لە خۆتانی بکوژێننەوە)).

(٤٣) بەشی نوشتە و دوعا (كتاب الرُّقي)

(١) نوشتەی جبریل بۆ پێغەمبەر (ﷺ)

١٣٧٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: كَانَ إِذَا اشْتَكَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَقَاهُ جِبْرِيلُ (عليه السلام)، قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ يُبْرِيكَ، وَمِنْ كُلِّ دَاءٍ يَشْفِيكَ، وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ، وَشَرِّ كُلِّ ذِي عَيْنٍ.

(عائشه) (رضي الله عنها) دەڵێ: هەركاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ئازاری ببوایە جبریل (عليه السلام) دۆعای بەسەردا دەخوێندەوە و دەیفەرموو: بەناوی خواوە دەپارێمەوە ئازارت لابەرێت، لەهەموو دەردێك شیفات بدات، لە خراپەی هەموو حەسودێك كەحەسادەت بەرێت، لەخراپەی هەموو چاوپیسێك بتپارێزێت!.

١٣٧٤ـ [عَنْ عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ صُهَيْبٍ، عَنْ أَبِي نَضْرَةَ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رضي الله عنه): أَنَّ جِبْرِيلَ (عليه السلام) أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ اشْتَكَيْتَ؟ فَقَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ اللَّهُ يَشْفِيكَ، بِاسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ].

(عبدالعزیز)ی كوڕی (صهیب)، ئەویش لە (أبي نضرة)ەوە، ئەویش لە (ابي سعيد)ەوە (رضي الله عنه) كە جبریل (عليه السلام) هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی محمد ئازارت هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ))، فەرمووی: بەناوی خواوە نوشتەت بۆ دەخوێنم، لەهەموو شتێك كە ئازارت بدات، لەشەڕی هەموو دەرون نەخۆشێك، لە هەموو چاوێكی پیسیش، خوا شیفات بدات، بەناوی خواوە نوشتە و دوعات بۆ دەخوێنم.

(٢) جادو كردنی جولەكە لە پێغەمبەر (ﷺ)

١٣٧٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: سَحَرَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَهُودِيٌّ مِنْ يَهُودِ بَنِي زُرَيْقٍ، يُقَالُ لَهُ لَبِيدُ بْنُ الْأَعْصَمِ، قَالَتْ: حَتَّى كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَفْعَلُ الشَّيْءَ وَمَا يَفْعَلُهُ، حَتَّى إِذَا كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ -أَوْ ذَاتَ لَيْلَةٍ- دَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ دَعَا ثُمَّ دَعَا، ثُمَّ قَالَ: ((يَا عَائِشَةُ، أَشَعَرْتِ أَنَّ اللَّهَ أَفْتَانِي فِيمَا اسْتَفْتَيْتُهُ فِيهِ؟ جَاءَنِي رَجُلَانِ، فَقَعَدَ أَحَدُهُمَا عِنْدَ رَأْسِي وَالْآخَرُ عِنْدَ رِجْلَيَّ، فَقَالَ الَّذِي عِنْدَ رَأْسِي لِلَّذِي عِنْدَ رِجْلَيَّ، أَوِ الَّذِي عِنْدَ رِجْلَيَّ لِلَّذِي عِنْدَ رَأْسِي: مَا وَجَعُ الرَّجُلِ؟ قَالَ: مَطْبُوبٌ، قَالَ: مَنْ طَبَّهُ؟ قَالَ: لَبِيدُ بْنُ الْأَعْصَمِ، قَالَ: فِي أَيِّ شَيْءٍ؟ قَالَ فِي

مُشْطٍ وَمُشَاطَةٍ قَالَ وَجُفُّ طَلْعَةِ ذَكَرٍ، قَالَ: فَأَيْنَ هُوَ؟ قَالَ: فِي بِئْرِ ذِي أَرْوَانَ)).
قَالَتْ: فَأَتَاهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي أُنَاسٍ مِنْ أَصْحَابِهِ، ثُمَّ قَالَ: ((يَا عَائِشَةُ، وَاللَّهِ لَكَأَنَّ مَاءَهَا نُقَاعَةُ الْحِنَّاءِ، وَلَكَأَنَّ نَخْلَهَا رُءوسُ الشَّيَاطِينِ)). قَالَتْ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلَا أَحْرَقْتَهُ؟ قَالَ: ((لَا، أَمَّا أَنَا فَقَدْ عَافَانِي اللَّهُ، وَكَرِهْتُ أَنْ أُثِيرَ عَلَى النَّاسِ شَرًّا، فَأَمَرْتُ بِهَا فَدُفِنَتْ)). [بخاري/ الطب/ ٥٤٣٠]

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: جولەکەیەك لە جولەکەکانی (بني زريق)کە پێی دەوترا (لبيد بن الاعصم) جادوی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) هەتا پێغەمبەر (ﷺ) وادەهات بە خەیاڵیدا کەشتێکی کردووە نەیشی کردبوو، هەتا ڕۆژێك یان شەوێك- پێغەمبەر (ﷺ) پاڕایەوە، هەر پاڕایەوە هەرپاڕایەوە، پاش ئەوە فەرمووی: ((ئەی عائشە ئاياهەستت کرد خوا ئاگاداری کردم لەوشتەی داوام لێکرد ئاگادارم کات؟ دوپیاو هاتن بۆ لام یەکێکیان لای سەرم و ئەوی تریان لای قاچم دانیشت، ئەمەی لای سەرم بەوەی لای قاچم یان ئەوەی لای قاچم بەوەی لای سەرمی وت : ئازاری ئەم پیاوە چی‌یە؟ وتی: جادوی لێکراوە، وتی: کێ جادوی لێکردووە؟ وتی: (لبید)ی کوڕی (اعصم) وتی: لە چ شتێکدا؟ وتی: لەشانەیەك و چەند تاڵێك موو کەبەدەم شانەکردنی سەر، یان ڕیشەوە دەکەونە خوارەوەلەناو قاوغی گوڵی دارخورمایەکی نێردا، وتی: وا لەکوێدا؟ وتی: وا لەناو بیری (ذي أروان)دا)).

عائشە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ چەند کەسێك لەهاوەڵانیدا چوو بۆ لای ئەو بیرە، لەپاشدا فەرمووی: ((ئەی عائشە والله ئاوی ئەو بیرە وەك خەنەی تێکرابێ وەهابوو، دارخورماکانیشی وەك سەری شەیتانەکان بوون)) عائشە دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئایا نەتسوتاند؟! فەرمووی: ((نەخێر، چونکە من خوا شیفای دام، پێیشم ناخۆش بوو شەڕ بئاڵۆزێنم بۆ خەڵکی، فەرمانم دا لەبیرەکە دەریان هێنا و خستیانە ژێر گڵەوە)).

(٣) خوێندنی (قل أعوذ)وەکان بەسەر نەخۆشدا

١٢٧٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا مَرِضَ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِهِ نَفَثَ عَلَيْهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ، فَلَمَّا مَرِضَ مَرَضَهُ الَّذِي مَاتَ فِيهِ جَعَلْتُ أَنْفُثُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُهُ بِيَدِ نَفْسِهِ، لِأَنَّهَا كَانَتْ أَعْظَمَ بَرَكَةً مِنْ يَدِي. [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٢٨]

(عائشــة)(ﷺ) دەڵــێ: ئەگــەر یــەکێ لەکەســەکانی پێغەمبــەر (ﷺ) نــەخۆش بکەوتایە (قل أعوذ)وەکانی بەسەردا دەخوێند و فوی دەکرد بەسەریدا، کاتێ خـۆی نـەخۆش کـەوت لەنەخۆشـینی وەفـاتیدا، مـن فـوم دەکـرد بەســەریدا و بەدەستی خۆی ڕومەتیم دەمالی لەبەر ئەوەی دەستی ئەو لەدەستی من پیرۆز تر بوو.

(٤) نوشتەکردن بەناوی خوا

١٣٧٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا مَرِضَ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِهِ نَفَثَ عَلَيْهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ، فَلَمَّا مَرِضَ مَرَضَهُ الَّذِي مَاتَ فِيهِ جَعَلْتُ أَنْفُثُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُهُ بِيَدِ نَفْسِهِ، لِأَنَّهَا كَانَتْ أَعْظَمَ بَرَكَةً مِنْ يَدِي.

(عثمان)ی کوڕی (أبي العاص الثقفي)(ﷺ) دەڵێ: سکاڵای برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لەتاو ئازارێك لەلاشەیدا هەبوو لەوکاتـەوە موسـوڵمان بوبـوو، پێغەمبـەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((دەستت دابنێ لەسەر ئەو شوێنەی ئازاری هەیە لەلاشەت، ئەمجا سێ جـار بڵـێ: (بسم الله)، وەحـەوت جار بڵـێ: پـەنا ئـەگرم بـەخوا و بـەتوانای خـوا لـە خراپـەی ئـەو ئـازارەی مـن هەسـتی پێدەکـەم خۆمـی لێپەنادەگرم)).

(٥) پەناگرتن لەشەیتانی وەسوەسەی نوێژ

١٣٧٨ـ عَنْ أَبِي الْعَلَاءِ: أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ أَبِي الْعَاصِ (ﷺ) أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: ((يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ حَالَ بَيْنِي وَبَيْنَ صَلَاتِي وَقِرَاءَتِي يَلْبِسُهَا عَلَيَّ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ خَنْزَبٌ، فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْهُ، وَاتْفِلْ عَلَى يَسَارِكَ ثَلَاثًا)). قَالَ: فَفَعَلْتُ ذَلِكَ، فَأَذْهَبَهُ اللَّهُ عَنِّي.

لە (أبـي العـلاء)ەوە: کـە (عثمـان) کـوڕی (أبـي العـاص) (ﷺ) هاتـە خزمـەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: یارسول الله، شەیتان بووەتە کۆسپ لە نێوان من و نوێژو قورئـان خوێندنەکـەمدا لێـم تێکـدەدات، پێغەمبــەر (ﷺ) فــەرمووی: ((ئــەوە شەیتانێکە پێی دەوترێ (خنزَب)ئەگەر هەستت پێکرد پەنا بگرە بەخوا لێی، وە سێ جار تف بکە بەلای چەپدا)) دەڵێ: ئەمەم کرد خوای گەورە شەیتانی لێدور خستمەوە.

(٦) نوشتەی گەزراو

١٣٧٩ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كَانُوا فِي سَفَرٍ، فَمَرُّوا بِحَيٍّ مِنْ أَحْيَاءِ الْعَرَبِ، فَاسْتَضَافُوهُمْ فَلَمْ يُضِيفُوهُمْ، فَقَالُوا لَهُمْ: هَلْ فِيكُمْ رَاقٍ؟ فَإِنَّ سَيِّدَ الْحَيِّ لَدِيغٌ، أَوْ مُصَابٌ؟ فَقَالَ رَجُلٌ مِنْهُمْ: نَعَمْ، فَأَتَاهُ فَرَقَاهُ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ فَبَرَأَ الرَّجُلُ، فَأُعْطِيَ قَطِيعًا مِنْ غَنَمٍ، فَأَبَى أَنْ يَقْبَلَهَا، وَقَالَ: حَتَّى أَذْكُرَ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ)، فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَاللَّهِ مَا رَقَيْتُ إِلَّا بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ. فَتَبَسَّمَ وَقَالَ: ((وَمَا أَدْرَاكَ أَنَّهَا رُقْيَةٌ)). ثُمَّ قَالَ: ((خُذُوا مِنْهُمْ، وَاضْرِبُوا لِي بِسَهْمٍ مَعَكُمْ)). [بخاري/ الإجازة/ ٢١٥٦]

له (أبي سعيد الخدري)ەوە (ﷺ)، كە چەند كەسێك لە یارانی پێغەمبەر (ﷺ) لەســەفەرێكدا بــوون تیپــەڕین بــەلای خێڵێــك لــە خێڵــەكانی عــەرەب، داوای میوانداریان لێكردن، بەمیوان وەریان نەگرتن، وتیان كەستان تیایە دوعاخوێن بێت؟ چونكە گەورەی خێڵ گەزراوە، یـان نەخۆشـە، پیاوێكیـان وتـی: بـەڵێ، ڕۆیشت بۆ لای سورەتی فاتیحەی بەسەردا خوێنـد، پیاوەكـە چاك بوویـەوە، مێگەلێكیان پێبەخشی، وەری نەگرت وتی: دەبێ بچم پرس بە پێغەمبەر (ﷺ) بكەم، ڕۆیشت بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بۆی گێڕایەوە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا تەنها سورەی فاتیحەم بەسەردا خوێندوە، پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەیەكی كـرد و فـەرمووی: ((چۆن زانیـت فاتیحە نوشتەیە؟)) پاشان فـەرمووی: ((بـڕۆن لێیان وەرگرن بەشێكیش بۆمن دانێن)).

(٧) نوشتە لەهەموو گیان لەبەرێكی ژەهراوی

١٣٨٠ـ عَنْ الْأَسْوَدِ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنِ الرُّقْيَةِ؟ فَقَالَتْ: رَخَّصَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأَهْلِ بَيْتٍ مِنَ الْأَنْصَارِ فِي الرُّقْيَةِ مِنْ كُلِّ ذِي حُمَةٍ. [بخاري/ الطب/ ٥٤٠٩]

(اسود)دەڵێ: پرسیارم كـرد لـە (عائشـة) سـەبارەت بەنوشـتە، فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ڕێگـەی داوە بـە بنەماڵەیـەكی (انصـار) نوشـتە بكـەن لـە هەموو گیاندارێكی ژەهراوی.

(٨) نوشتە لەنەخۆشی پێست

١٣٨١ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: رَخَّصَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي الرُّقْيَةِ مِنَ الْعَيْنِ، وَالْحُمَةِ، وَالنَّمْلَةِ.

(انــس)ی کــوڕی (مــالك) (ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەر (ﷺ) ڕێگــای داوە نوشــتە بکرێت لەچاوی پیس و گەستنی گیانداری ژەهراوی و برینی پێست.

(٩) نوشتە لەدوپشك

١٣٨٢ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الرُّقَى، فَجَاءَ آلُ عَمْرِو بْنِ حَزْمٍ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ كَانَتْ عِنْدَنَا رُقْيَةٌ نَرْقِي بِهَا مِنَ الْعَقْرَبِ، وَإِنَّكَ نَهَيْتَ عَنِ الرُّقَى. قَالَ: فَعَرَضُوهَا عَلَيْهِ، فَقَالَ: ((مَا أَرَى بَأْسًا، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَنْفَعَ أَخَاهُ فَلْيَنْفَعْهُ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کرد لە نوشتە، بنەماڵەی (عمرو)ی کوڕی (حزم) هـاتن بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، وتیان ئەی پێغەمبەری خـوا، ئێمـە نوشتەیەکمان هەبوو دەمانکرد بۆ دوپشك، کەچی تۆ ڕێگات گرتووە لە نوشتە، نوشـتەکەی خۆیـان بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) ڕوون کـردەوە، فـەرمووی: ((خراپـەی تیانـابینم، هەرکەس لە ئێـوە دەتوانـێ سـودێ بەبراکـەی بگەیـەنێ بـا سـودی پێ‌بگەیەنێ)).

١٣٨٣ـ [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا لَقِيتُ مِنْ عَقْرَبٍ لَدَغَتْنِي الْبَارِحَةَ. قَالَ: ((أَمَا لَوْ قُلْتَ حِينَ أَمْسَيْتَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ لَمْ تَضُرَّكَ))].

(ابــو هريــرة) دەڵــێ: پیــاوێك هاتــە خزمــەتی پێغەمبــەر (ﷺ) وتــی: ئــەی پێغەمبــەری خــوا ئــای چ ئــازارم گەیشــت لــە دوپشــکێك ئەمشــەو گەســتمی فەرمووی: ((ئەگەر سەر لە ئێوارە بتوتایە؛ پەنا دەگرم بە وشە تەواوەکانی خوا لە زیانی ئەو شتانەی دروستی کردووە، ئەو دوپشکە زیانی بۆت نەدەبو)).

(١٠) چاو ڕاستە ئەگەر داوای خۆشۆردنتان لێکرا خۆتـان بشۆن

١٣٨٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ سَبَقَتْهُ الْعَيْنُ، وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْسِلُوا)).

لــە (ابــن عبــاس)ەوە (ﷺ) ئــەویش لــە پێغەمبــەرەوە (ﷺ) فەرموویــەتی: ((چاوپیسـی ڕاسـتە ئەگـەر شـتێك پێـش چـارەنوس، بکەوتایـە چـاو پێشـی

دەکـەوت، {ئەگـەر خـەڵکتان بـەچاوەوە کـرد و} داوای خۆشـۆردنیان لێکـردن خۆتان بشۆن[1])).

(١١) نوشتە لە چاوی پیس

١٣٨٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَأْمُرُنِي أَنْ أَسْتَرْقِيَ مِنَ الْعَيْنِ. [بخاري/ الطب/ ٥٤٠٦]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێدەکردم نوشتە بکەم لەچاوی پیس.

١٣٨٦ـ عنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: رَخَّصَ النَّبِيُّ (ﷺ) لِآلِ حَزْمٍ فِي رُقْيَةِ الْحَيَّةِ، وَقَالَ لِأَسْمَاءَ بِنْتِ عُمَيْسٍ: ((مَا لِي أَرَى أَجْسَامَ بَنِي أَخِي ضَارِعَةً تُصِيبُهُمُ الْحَاجَةُ ؟)). قَالَتْ: لَا، وَلَكِنِ الْعَيْنُ تُسْرِعُ إِلَيْهِمْ. قَالَ: ((ارْقِيهِمْ)). قَالَتْ: فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ، فَقَالَ: ((ارْقِيهِمْ)).

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگای دا بە بنەماڵەی (حزم) نوشتە بکەن لە گەستنی مار، بە (أسماء)ی کچی (عمیس)ی فەرموو: ((هۆی چی‌یە دەبینم لاشەی برازاکانم لاوازە؟)) {مەبەستی مناڵـەکانی جعفر (ﷺ) بوو} ((ئایا هـەژارن؟)) وتـی: نـەخێر بـەڵام چـاو زوو کاریـان لێدەکـات ، اسمـاء دەڵـێ :نوشـتەکان ئاراسـتەی پێغەمبـەرکران فـەرمووی : ((نوشـتەیان بەسەردا بخوێنە)) .

(١٢) نوشتەی تێڕوانینی جنۆکە

١٣٨٧ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ لِجَارِيَةٍ فِي بَيْتِ أُمِّ سَلَمَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ)، رَأَى بِوَجْهِهَا سَفْعَةً، فَقَالَ: ((بِهَا نَظْرَةٌ، فَاسْتَرْقُوا لَهَا)). يَعْنِي بِوَجْهِهَا صُفْرَةً. [بخاري/ الطب/ ٥٤٠٧]

١ـ شێوەی ئەم خۆشۆردنە بە کورتی: هەندێ ئاو دەکرێتە قاپێکەوە، چاوپیس دەم و هەردو دەست و مەچەك و هەردو ئەژنۆی لەگەڵ لای ڕاستی دەرپێکەی لە دیـوی نـاوەوە ئاسـتی سمتی دەشوا لەو ئاوە، هیچ لەو ئاوەیش ناڕژێنێتە سەر زەوی بەڵکو ڕۆی دەکاتەوە ناو قاپەکە، لەکاتێکدا بەچاوەوە بوەکە ئاگای لەخۆی نەبێت دەکرێت بەسەریدا سەرفراز دەبێ بە فەرمانی خوا.

بڕوانە: الطب النبوي ابن القيم الجوزية –١٣٤. اقتران النيّرين –٢٣٨/٧، ٢٤٠ وەرگێڕ

(أم سـلمة)(ﷺ) ی هاوسـەری پێغەمبـەر (ﷺ) دەڵـێ: کـە پێغەمبـەر (ﷺ) کەنیزەکێکی بینی لە ماڵی (أم سلمة)دا ڕوومەتی زەرد هەڵگەڕابوو فەرمووی: ((ئەم کەنیزەکە جنۆکە تێیڕوانیووە نوشتە و دوعای بەسەردا بخوێنن)).

(١٣) نوشتەکردن بەگڵی زەوی

١٣٨٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا اشْتَكَى الْإِنْسَانُ الشَّيْءَ مِنْهُ، أَوْ كَانَتْ بِهِ قَرْحَةٌ أَوْ جُرْحٌ، قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِإِصْبَعِهِ هَكَذَا -وَوَضَعَ سُفْيَانُ سَبَّابَتَهُ بِالْأَرْضِ، ثُمَّ رَفَعَهَا-: ((بِاسْمِ اللَّهِ، تُرْبَةُ أَرْضِنَا بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، لِيُشْفَى بِهِ سَقِيمُنَا بِإِذْنِ رَبِّنَا)). قَالَ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ: ((يُشْفَى سقيمنا)) و قَالَ زُهَيْرٌ: ((لِيُشْفَى سَقِيمُنَا)). [بخاري/ الطب/ ٥٤١٢]

لە (عائشـة)وە (ﷺ) دەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئەگـەر یـەکێك شوێنێکی ئازاری ببوایـە، یـان برینێکـی پێوەبوایـە، پێغەمبـەر (ﷺ) پەنجـەی شایەتمانی دەخستە سەر ئەرزەکە {نـەوەوی لەشەرحەکەیدا دەڵێ: لە پێشدا تـۆزی تفـی ئـەدا لـە پەنجـەی} ئـەمجا دەیفـەرموو: ((بـەناوی خـواوە خۆڵـی زەویەکـەمان لەگـەڵ کـەمێك تفـی هـەندێکمان بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە شـیفای نەخۆشەکە بە فەرمانی خوا)).

١٣٨٩ـ عَنْ خَوْلَةَ بِنْتَ حَكِيمِ السُّلَمِيَّةَ (ﷺ) تَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ نَزَلَ مَنْزِلًا، ثُمَّ قَالَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ، لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ)).

(خولـة)ی کچـی (حکیـم السُّـلمیّة)(ﷺ) دەڵـێ: بیسـتومە لـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((هەر کەس لە مەنزڵێکدا هەواری هەڵدا پاشان وتی: پەنا دەگرم بە وشـە تـەواوەکانی خـوا لـە زیـانی هـەموو شـتێ کـە ئـەو دروسـتی کـردووە، ئـەوە هیچ شتێك زیانی پێناگەیەنێ تا کۆچ دەکات لەو شوێنە)).

(١٤) نوشتەی پیاو بۆ منداڵەکانی ئەگەر ئازاریان بوو

١٣٩٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا اشْتَكَى مِنَّا إِنْسَانٌ مَسَحَهُ بِيَمِينِهِ ثُمَّ قَالَ: ((أَذْهِبِ الْبَاسَ رَبَّ النَّاسِ، وَاشْفِ أَنْتَ الشَّافِي، لَا شِفَاءَ إِلَّا شِفَاؤُكَ، شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا)). فَلَمَّا مَرِضَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَثَقُلَ أَخَذْتُ بِيَدِهِ لِأَصْنَعَ بِهِ نَحْوَ مَا كَانَ يَصْنَعُ.فَانْتَزَعَ يَدَهُ مِنْ يَدِي، ثُمَّ قَالَ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ

لِي، وَاجْعَلْنِي مَعَ الرَّفِيقِ الْأَعْلَى)). قَالَتْ: فَذَهَبْتُ أَنْظُرُ، فَإِذَا هُوَ قَدْ قَضَى. [بخاري/ الطب/ ٥٤١١]

(عائشة)دەڵێ: گەریەکێ لە ئێمە ئازاری ببوایە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی ڕاستی دەهێنا بەسەر ئازارەکەیدا و دەیفەرموو: ((ئەم ئازارە لابەرە ئەی پەروەردگاری ئادەمیزاد!، شیفای بدە تۆ شیفا بەخشی شیفانیە جگە لە شیفای تۆ شیفایەك نەخۆشی جێنەهێڵیت)). لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و دەردەکەی گران بوو، دەستیم گرت بۆ ئەوەی بەدەستی خۆی وەك خۆی بکەم، دەستی ڕاپسکان لە دەستم، لەپاشدا فەرمووی: ((خوایە لێم ببورە و بمگێڕە لەگەڵ هاوەڵی پایە بڵنددا))، عائشە دەڵێ: تەماشام کرد، گیانی سپاردبوو.

١٣٩١- [عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَرْقِي بِهَذِهِ الرُّقْيَةِ: ((أَذْهِبِ الْبَاسَ، رَبَّ النَّاسِ، بِيَدِكَ الشِّفَاءُ، لَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا أَنْتَ))].

[عائشة (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نوشتەی دەخوێندەوە بەم دوعایە: ((ئێش و ئازار لابەرە ئەی پەروەردگاری ئادەمیزاد، شیفا بەدەستی تۆیە، کەس ناتوانێ ئەم ئازارە برەوێنێ تۆ نەبیت))].

(١٥) نوشتە خراپ نیە ئەگەر هاوەڵ بۆ خوا دانانی تیا نەبێت.

١٣٩٢- عَنْ عَوْفِ ابْنِ مَالِكٍ الْأَشْجَعِيِّ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نَرْقِي فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ تَرَى [فِي] ذَلِكَ؟ فَقَالَ: ((اعْرِضُوا عَلَيَّ رُقَاكُمْ، لَا بَأْسَ بِالرُّقَى مَا لَمْ يَكُنْ فِيهِ شِرْكٌ)).

(عوف)ی کوڕی (مالك الاشجعي) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لە سەردەمی نەفامیدا نوشتەمان دەکرد، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم کارەی ئێمە چۆنە بەلاتەوە؟ فەرمووی: ((نوشتەکانتان بخەنەڕووم{تابزانم چین} نوشتە خراپ نیە بەمەرجێك هاوەڵ بۆ خوا دانانی تیا نەبێت)).

(٤٤) بەشی نەخۆشی و پزیشكی (كتاب المرض و الطب)

(١) ئەوەی توشی موسڵمان دێت لە نەخۆشی و ئازار

١٣٩٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ) قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يُوعَكُ، فَمَسِسْتُهُ بِيَدِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ لَتُوعَكُ وَعْكًا شَدِيدًا؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَجَلْ، إِنِّي أُوعَكُ كَمَا يُوعَكُ رَجُلَانِ مِنْكُمْ)). قَالَ: فَقُلْتُ: ذَلِكَ أَنَّ لَكَ أَجْرَيْنِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَجَلْ)). ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى، مِنْ مَرَضٍ فَمَا سِوَاهُ، إِلَّا حَطَّ اللَّهُ بِهِ سَيِّئَاتِهِ كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا)). [بخاري/ المرضى/ ٥٣٢٤]

(عبدالله)ی كوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: چومە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) تاوئازاری هەبوو بەدەستی خۆم دەستم لێدا، وتم: یا رسول الله تۆ تایەكی سەختت هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ من تام لێدێ بە ئەندازەی دوو پیاو لە ئێوە)). وتم: ئەمە لەبەر ئەوەی دوپاداشتت هەبێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ)) لەپاشدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هیچ موسڵمانێك نیە كە توشی ئازارێك بێت لە نەخۆشی یان غەیری نەخۆشی ئیللا خوای گەورە تاوانەكانی پێدەوەرێنێ وەك چۆن دار، گەڵا ڕێزان دەكات)).

(٢) سەردانی نەخۆش

١٣٩٤ـ عَنْ ثَوْبَانَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا عَادَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ لَمْ يَزَلْ فِي خُرْفَةِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَرْجِعَ)).

لە (ثوبان)ەوە (ﷺ) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) كە فەرموویەتی: ((موسڵمان ئەگەر عەیادەی برای موسڵمانی كرد لەناو باخ و میوەهاتی بەهەشتدا دەبێت تا دەگەڕێتەوە)).

١٣٩٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: يَا ابْنَ آدَمَ مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي. قَالَ: يَا رَبِّ كَيْفَ أَعُودُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ؟ قَالَ: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ عَبْدِي فُلَانًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ؟ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِي عِنْدَهُ؟ يَا ابْنَ آدَمَ اسْتَطْعَمْتُكَ فَلَمْ تُطْعِمْنِي. قَالَ: يَا رَبِّ وَكَيْفَ أُطْعِمُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ؟ قَالَ: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّهُ اسْتَطْعَمَكَ عَبْدِي فُلَانٌ فَلَمْ تُطْعِمْهُ؟ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ أَطْعَمْتَهُ لَوَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِي؟ [يَا] ابْنَ آدَمَ اسْتَسْقَيْتُكَ فَلَمْ

تَسْقِنِي. قَالَ: يَا رَبِّ كَيْفَ أَسْقِيكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ؟ قَالَ: اسْتَسْقَاكَ عَبْدِي فُلَانٌ فَلَمْ تَسْقِهِ، أَمَا إِنَّكَ لَوْ سَقَيْتَهُ وَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِي)).

له (ابو هريرە)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێ: ئەی ئادەمیزاد نەخۆشکەوتم سەردانت نەکردم، دەڵێ: ئەی پەروەردگارم چۆن سەردانت بکەم کە تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیت؟ دەفەرموێ: ئەی نەتزانی فلان بەندەی من نەخۆش کەوت و سەردانت نەکرد؟ ئەی نەتزانی ئەگەر سەردانت بکردایە منت لەوێ دەسدەکەوت؟

ئەی ئادەمیزد داوای خۆراکم لێکردی خۆراکت نەدامێ، دەڵێ: ئەی خوایە من چۆن خۆراکت بدەمێ کە تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانەکانی؟ دەفەرموێ: ئەی نەتزانی فلان بەندەی من داوای خۆراکی لێکردی بەشت نەدا؟ ئەی نەتزانی ئەگەر بەشت بدایە ئەمڕۆ لای من دەستت دەکەوتەوە؟.

ئەی ئادەمیزاد داوای ئاوم لێکردی ئاوت نەدامێ دەڵێ ئەی پەروەردگارم، چۆن ئاوت بدەمێ کە تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانەکانی؟ دەفەرموێ: فلان بەندەی من داوای ئاوی لێکردی، ئاوت نەدایێ، ئەی نەتزانی ئەگەر ئاوت بدایەتێ ئەمڕۆ لای من دەست دەکەوتەوە؟)).

(٣) مەڵێ دەرونم پیس بووە

١٣٩٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ خَبُثَتْ نَفْسِي، وَلَكِنْ لِيَقُلْ: لَقِسَتْ نَفْسِي)). [بخاري/ الأدب/ ٥٨٢٥]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هیچ کەسێ لەئێوە نەڵێت: دەروونم پیسبووە، بەڵکو بڵێت دەروونم بێزاربووە)).

(٤) هەموو دەردێك دەرمانی هەیە

١٣٩٧ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءٌ، فَإِذَا أُصِيبَ دَوَاءُ الدَّاءِ، بَرَأَ بِإِذْنِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ)).

له (جابر)ەوە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((هەموو دەردێك دەرمانی هەیە، هەرکات دەرمانی ئەو دەردە دۆزرایەوە چاك دەبێتەوە بەئیزنی خوای گەورە)).

(٥) تـا، لە کڵپ و کۆی دۆزەخە بە ئـاو ساردی کەنەوە

١٣٩٨. عَنْ أَسْمَاءَ (ﷺ): أَنَّـهَا كَـانَتْ تُؤْتَـى بِالْمَرْأَةِ الْمَوْعُوكَةِ، فَتَدْعُـو بِالْمَـاءِ فَتَصُبُّهُ فِي جَيْبِهَا، وَتَقُولُ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَـالَ: ((ابْرُدُوهَـا بِالْمَـاءِ)). وَقَـالَ: ((إِنَّهَا مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ)). [بخاري/ الطب/ ٥٣٩٢]

لە (أسماء)ەوە (ﷺ) هەرکات ئافرەتی تاداریان دەهێنا بۆ لای ئاوی دەپرژاند بەیەخـەی کراسـەکەیدا و دەیـوت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((بـەئاو ساردی کەنەوە، بەڕاستی تا لە کڵپ و کۆی دۆزەخە)).

(٦) تـا، گونـاهەکان لادەبـات

١٣٩٩ـ عَـنْ جَـابِرُ بْـنُ عَبْـدِ اللَّـهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) دَخَـلَ عَلَـى أُمِّ السَّـائِبِ، أَوْ أُمِّ الْمُسَـيَّبِ، فَقَـالَ: ((مَـا لَـكِ يَـا أُمَّ السَّـائِبِ -أَوْ يَـا أُمَّ الْمُسَـيَّبِ- تُزَفْزِفِينَ)). قَالَتِ: الْحُمَّـى، لَا بَارَكَ اللَّـهُ فِيهَا، فَقَـالَ: ((لَـا تَسُـبِّي الْحُمَّـى، فَإِنَّـهَا تُذْهِبُ خَطَايَا بَنِي آدَمَ كَمَا يُذْهِبُ الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ)).

لـە (جـابر)ی کـوڕی (عبـدالله)وە (ﷺ)، کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) چـوو بـۆ سەردانی دایکی (سائب)یان دایکی (مسیب) فـەرمووی: ((ئـەی دایکـی (سـائب) یان دایکی (مسیب) ئەوە چیتە دەلەرزیت؟ وتی: تام هەیە، خوا پیرۆزی نەکات، فەرمووی: ((جنێو مەدە بە تا، چونکە بەڕاسـتی گوناهـەکانی بنیـادەم لادەبـات، وەك چۆن کوورە خەوش و خڵتەی ئاسن لادەبات)).

(٧) فێ و پاداشتەکەی

١٤٠٠ـ عَنْ عَطَاءُ بْنُ أَبِي رَبَاحٍ قَالَ: قَالَ لِي ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَلَـا أُرِيكَ امْـرَأَةً مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ؟ قُلْتُ: بَلَى، قَالَ: هَذِهِ الْمَرْأَةُ السَّوْدَاءُ، أَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَتْ: إِنِّـي أُصْرَعُ، وَإِنِّي أَتَكَشَّـفُ، فَادْعُ اللَّـهَ لِـي. قَـالَ: ((إِنْ شِـئْتِ صَـبَرْتِ وَلَـكِ الْجَنَّـةُ، وَإِنْ شِئْتِ دَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُعَافِيَكِ)). قَالَتْ: أَصْبِرُ، قَالَتْ: فَإِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللَّهَ أَنْ لَا أَتَكَشَّفَ فَدَعَا لَهَا. [بخاري/ المرضى/ ٥٣٢٨]

(عطـاء)ی کـوڕی (أبـی ربـاح) دەڵـێ: (ابـن عبـاس) (ﷺ) پێـی وتم: ئایـا ئافرەتێکی بەهەشتیت نیشان بدەم؟ وتم: بەڵێ وتی: ئەو ئافرەتە ڕەش پێستە، هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من فێ دەمگرێ و خـۆم دەردەخـەم بـۆم بپاڕێرەوە، فەرمووی: ((ئەگەر دەتەوێت صەبرت هـەبێت بەهەشتی دەبیت، وە ئەگەر دەشتەوێت بۆت دەپاڕێمەوە لە خوای بـەرز و بڵنـد شیفات بـدات)) وتـی:

صەبر دەگرم، بەس خۆم دەردەخەم بۆم بپارێرەوە گیانم دەرنەخەم، بۆی پاڕایەوە)).

(٨) شیرەوا[1] غەمرەوێنە بۆ دڵی نەخۆش

١٤٠١- عَنْ عَائِشَةَ (﵂) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّهَا كَانَتْ إِذَا مَاتَ الْمَيِّتُ مِنْ أَهْلِهَا، فَاجْتَمَعَ لِذَلِكَ النِّسَاءُ ثُمَّ تَفَرَّقْنَ إِلَّا أَهْلَهَا وَخَاصَّتَهَا، أَمَرَتْ بِبُرْمَةٍ مِنْ تَلْبِينَةٍ فَطُبِخَتْ، ثُمَّ صُنِعَ ثَرِيدٌ فَصُبَّتِ التَّلْبِينَةُ عَلَيْهَا، ثُمَّ قَالَتْ: كُلْنَ مِنْهَا، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((التَّلْبِينَةُ مُجِمَّةٌ لِفُؤَادِ الْمَرِيضِ، تُذْهِبُ بَعْضَ الْحُزْنِ)). [بخاري/ الأطعمة/ ٥١٠١]

لە (عائشة)(﵂)ی خێزانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە هەرکات یەکێ لەکەسەکانی بمردایە، ئافرەتان لێی کۆدەبوونەوە دوایی بڵاوەیان دەکرد جگە لەکەسە تایبەتەکانی، ئەویش فەرمانی دەدا قازانگێك شیرەوایان دەکوڵاند،پاشان تریتیان بۆ دەکرد و شیرەواکەیان دەکرد بەسەریدا، ئەمجا دەیوت: بخۆن لەو شیرەوا. بەڕاستی من لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((شیرەوا سەبوریە بۆ دڵی نەخۆش و هەندێ خەفەت لادەبات)).

(٩) تیمارکردن بەهەنگوین خواردن

١٤٠٢- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (﵁) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: إِنَّ أَخِي اسْتَطْلَقَ بَطْنُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اسْقِهِ عَسَلًا)). فَسَقَاهُ، ثُمَّ جَاءَهُ فَقَالَ: إِنِّي سَقَيْتُهُ عَسَلًا فَلَمْ يَزِدْهُ إِلَّا اسْتِطْلَاقًا، فَقَالَ لَهُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ جَاءَ الرَّابِعَةَ، فَقَالَ: ((اسْقِهِ عَسَلًا)). فَقَالَ: لَقَدْ سَقَيْتُهُ فَلَمْ يَزِدْهُ إِلَّا اسْتِطْلَاقًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((صَدَقَ اللَّهُ، وَكَذَبَ بَطْنُ أَخِيكَ)). فَسَقَاهُ فَبَرَأَ. [بخاري/ الطب/٥٣٦٠]

(أبو سعيد الخدري)(﵁) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: براکەم سکی دەچێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەنگوینی دەرخوارد

---

[1] (تلبينة)م بە شیرەوا مانا کرد چونکە لەماناکەیدا دەڵێن: شۆرباییەکە دروست دەکرێت لە ئارد یان سوس تێکلاو دەکرێ بەشیر و هەنگوین، بۆیە وەهاناونراوە چونکە سپیە و ڕوونە وەك شیر: إرشاد الساری، ب٩: ٤٧، لسان العرب: (لَبَن) دەگونجێ (شیرەوا و پیرخەنیلە)ی کوردەواریش لەمەوە دروست بوبێت.

بده)) هەنگوینی دەرخوارد دا، پاشان هاتەوە وتی: هەنگوینم دەرخوارد دا زیاتر سکی پێیچوو، سێجار ئەمەی پێفەرموو، لەجاری چوارەمدا هاتەوە هەر فەرمووی: ((هەنگوینی دەرخوارد بدە))، وتی: هەنگوینم دەرخوارد داوە زیاتر سکی پێی چوو، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوا ڕاست دەکات و سکی براکەی تۆ درۆ دەکات)) هەنگوینی دایە چاك بوویەوە.

(١٠) تیمارکردن بەڕەشکە

١٤٠٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ فِي الْحَبَّةِ السَّوْدَاءِ شِفَاءً مِنْ كُلِّ دَاءٍ، إِلَّا السَّامَ)). وَالسَّامُ: الْمَوْتُ، وَالْحَبَّةُ السَّوْدَاءُ: الشُّونِيزُ. [بخاري/ الطب/ ٥٣٦٤]

لە(ابو هريرة)وە (ﷺ) کەلە پێغەمبەری (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((ڕەشکە دەرمانی هەموو دەردێکی تێدایە جگە لە مردن)).

(١١) هەرکەس بەیانیان خورمای عەجوە بخوات ژارو جادو زیانی پێناگەیەنن

١٤٠٤ـ عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ تَصَبَّحَ بِسَبْعِ تَمَرَاتٍ عَجْوَةً لَمْ يَضُرَّهُ ذَلِكَ الْيَوْمَ سُمٌّ وَلَا سِحْرٌ)). [بخاري/ الأطعمة/ ٥١٣٠]

(سعد)ی کوڕی (ابی وقاص (ﷺ)) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((هەر کەس ژەمی بەیانییەکەی حەوت دەنك خورمای (عَجوة)[1] بێت ئەو ڕۆژە ژار و جادو زیانی پێناگەیەنن)).

١٤٠٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ)؛ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ فِي عَجْوَةِ الْعَالِيَةِ شِفَاءً، أَوْ إِنَّهَا تِرْيَاقٌ أَوَّلَ الْبُكْرَةِ)).

لە (عائشة)وە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەڕاستی خورمای (عجوة)ی لاسەروی مەدینە شیفای تێدایە، بەڕاستی ئەو خورمایە (تریاقە)ە واتا شیفای ژەهرە بۆ کاتی سەرلەبەیانی)).

---

[1] (عجوة) جۆرێکە لە خورمای مەدینە، وتراوە پێغەمبەر (ﷺ) بەدەستی پیرۆزی خۆی چاندوویەتی، لە خورمای خەستەوی عیراقی دەچێت.

(١٢) دۆمەڵان لەگەزۆیە ئاوەکەیشی شیفایە بۆ چاو

١٤٠٦ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْكَمْأَةُ مِنَ الْمَنِّ الَّذِي أَنْزَلَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَى موسى، وَمَاؤُهَا شِفَاءٌ لِلْعَيْنِ)). [بخاري/ الطب/ ٥٣٨١]

لە (سعيد)ی کوڕی (زيد)ەوە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((دۆمەڵان لە گەزۆیە {واتە لەورزقە بێئەرکەیە} خوا نازڵی کرد بۆ موسی ئاوەکەیشی شیفایە بۆ چاو)).

(١٣) تیمارکردن بەداری هیندی کە پێی دەوترێ (کوست)

١٤٠٧ـ عنْ عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ [بْنِ مَسْعُودٍ]: أَنَّ أُمَّ قَيْسٍ بِنْتَ مِحْصَنٍ -وَكَانَتْ مِنَ الْمُهَاجِرَاتِ الْأُوَلِ اللَّاتِي بَايَعْنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، وَهِيَ أُخْتُ عُكَّاشَةَ بْنِ مِحْصَنٍ أَحَدِ بَنِي أَسَدِ بْنِ خُزَيْمَةَ- قَالَ: أَخْبَرَتْنِي: أَنَّهَا أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِابْنٍ لَهَا لَمْ يَبْلُغْ أَنْ يَأْكُلَ الطَّعَامَ، وَقَدْ أَعْلَقَتْ عَلَيْهِ مِنَ الْعُذْرَةِ -قَالَ يُونُسُ: أَعْلَقَتْ غَمَزَتْ، فَهِيَ تَخَافُ أَنْ يَكُونَ بِهِ عُذْرَةٌ- قَالَتْ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَلَامَهْ تَدْغَرْنَ أَوْلَادَكُنَّ بِهَذَا الْإِعْلَاقِ؟ عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْعُودِ الْهِنْدِيِّ -يَعْنِي بِهِ الْكُسْتَ- فَإِنَّ فِيهِ سَبْعَةَ أَشْفِيَةٍ، مِنْهَا ذَاتُ الْجَنْبِ)). قَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ: وَأَخْبَرَتْنِي أَنَّ ابْنَهَا ذَاكَ بَالَ فِي حَجْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَاءٍ فَنَضَحَهُ عَلَى بَوْلِهِ وَلَمْ يَغْسِلْهُ غَسْلًا)). [بخاري/ الطب/ ٥٣٨٥]

لە (عبيدالله) کوڕی (عبدالله)وە، کە (أم قيس)ی کچی (محصن) کە خوشکی (عکاشە)ی کچی (محصن)ەو یەکێکە لە تیرەی (بنو أسد) ی کوڕی خوزەیمە و یەکێکە لە کۆچبەرە پێشینەکان کە پەیمانیان دابوو بە پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: ئەو ئافرەتە هەواڵی دامێ کە ئەو ساوایەکی هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) هێشتا خۆراکی نەخواردبوو، لەبەرنەخۆشی عوزرە[٢] ئاوگەرووی بریندار

---

[٢] عوزرە (العذرة) نەخۆشییەکە لە گەرودا، دەبێتە هۆی پەیدابونی ئازار بەهۆی کۆبونەوەی خوێنی پیس لەو شوێنەدا، بە دوری نازانم ئەم نەخۆشییە (لوزتین) بێت. (ذات الجنب)یش ئازارێکە لە لاکەلەدا پەیدا دەبێت بە هۆی دومەڵ و برینێکەوە کەلە ژێر پەراسوەکاندا دروست دەبێت. بڕوانە: لسان العرب، مادة: (عذر، وجنب) هەروەها: اقتران النيرين: ٧/٢٥٣/٢٥٤

کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووی: ((لەبەرچی گەروی منداڵەکانتان بریندار دەکەن، بەم دارە هیندییە تیماریان بکەن، بەڕاستی ئەو دارە حەوت جۆر شیفای تێدایە، یەکێ لەوانە (ذات الجنب)ە ئازاری لاکەلەکە. عبدالله دەڵێ: ئەو ئافرەتە هەواڵی دامێ کە ئەو کوڕەی میزی کرد بەدامێنی پێغەمبەردا (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئاوی کرد پرژاندی بەسەر میزەکەیدا ئیتر بەشۆردن نەیشۆرد.

(١٤) تیمارکردن بەدەرمان تکاندنە مەلاشوو

١٤٠٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: لَدَدْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي مَرَضِهِ، فَأَشَارَ أَنْ لَا تَلُدُّونِي، فَقُلْنَا: كَرَاهِيَةَ الْمَرِيضِ لِلدَّوَاءِ، فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ: ((لَا يَبْقَى أَحَدٌ مِنْكُمْ إِلَّا لُدَّ غَيْرُ الْعَبَّاسِ، فَإِنَّهُ لَمْ يَشْهَدْكُمْ)). [بخاري/ المغازي/ ٤١٨٩]

(عائشة)(ﷺ) دەفەرمووێ: دەرمانمان تکاندە مەلاشوی پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی نەخۆشینەکەیدا، ئاماژەی کرد دەرمان مەکەنە مەلاشوم، ئێمەیش وتمان: نەخۆش دەرمانی پێناخۆشە، {واتا: نەوەستاین لەو کارە} کاتێ هۆشی هاتەوە فەرمووی: ((جگە لە عەباس کەلەوکاتەدا ئامادە نەبوو لەگەڵتان، دەبێ هەریەك لە ئێوە دەرمان بتکێنرێتە لاتەنیشتی دەمی)).

(١٥) کەڵە شاخ گرتن و دەرمان تکاندنە لووت

١٤٠٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) احْتَجَمَ، وَأَعْطَى الْحَجَّامَ أَجْرَهُ، وَاسْتَعَطَ. [بخاري/ الطب/ ٥٣٦٧]

لە (ابن عباس)ەوە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) کەڵە شاخی گرتووە، کرێی داوە بەکەڵە شاخگرو، دەرمانی کردۆتە لوتی.

(١٦) تیمارکردن بە کەڵەشاخ و داخ

١٤١٠ـ عَنْ عَاصِمِ بْنِ عُمَرَ بْنِ قَتَادَةَ قَالَ: جَاءَنَا جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) فِي أَهْلِنَا، وَرَجُلٌ يَشْتَكِي خُرَاجًا بِهِ أَوْ جِرَاحًا، فَقَالَ: مَا تَشْتَكِي؟ قَالَ: خُرَاجٌ بِي قَدْ شَقَّ عَلَيَّ. فَقَالَ: يَا غُلَامُ ائْتِنِي بِحَجَّامٍ، فَقَالَ لَهُ: مَا تَصْنَعُ بِالْحَجَّامِ يَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَنْ أُعَلِّقَ فِيهِ مِحْجَمًا، قَالَ: وَاللَّهِ إِنَّ الذُّبَابَ لَيُصِيبُنِي أَوْ يُصِيبُنِي الثَّوْبُ فَيُؤْذِينِي، وَيَشُقُّ عَلَيَّ. فَلَمَّا رَأَى تَبَرُّمَهُ مِنْ ذَلِكَ قَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنْ كَانَ فِي شَيْءٍ مِنْ أَدْوِيَتِكُمْ خَيْرٌ فَفِي شَرْطَةِ مِحْجَمٍ، أَوْ شَرْبَةٍ

مِنْ عَسَلٍ، أَوْ لَذْعَةٍ بِنَارٍ)). قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَمَا أُحِبُّ أَنْ أَكْتَوِيَ)). قَالَ: فَجَاءَ بِحَجَّامٍ فَشَرَطَهُ، فَذَهَبَ عَنْهُ مَا يَجِدُ. [بخاري/ الطب/ ٥٣٥٩]

(عاصم)ی کوڕی (عمر)ی کوڕی (قتادة) دەڵێ: (جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) هاتە لامان لەماڵەوە، پیاوێك ئازاری هەبوو لەتاو دومەڵێك یان برینێك، وتی: ئازارت چییە؟ وتی: دومەڵێك بەگیانمەوەیە زۆر تاوی لێسەندووم، وتی: ئەی غولام کەڵەشاخگرێکم بۆ بهێنە، ئەویش پێی وت: ئەی باوکی (عبدالله) چی دەکەیت بەکەڵەشاخگر؟ وتی: دەمەوێ کەڵەشاخێك لەو دومەڵە بگرم، وتی: سوێند بە خوا مێشێکم پێوە دەنیشێ یان جلەکەم بەری دەکەوێت ئازارم دەدات و زۆر سەختە لەسەرم، کاتێ بینی زۆر سڵ دەکاتەوە و دەترسێ لەوە، وتی: من لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((ئەگەر شتێك لە تیمارەکانی ئێوە خێری تیابێت، ئەوە لەدەرزیی کەڵەشاخگردا و، خواردنەوەی هەنگوین دا، یان ئاگر پیاچزاندندایە)) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((من پێم خۆش نیە داخ بکەم)) عاصم دەڵێ: کەڵەشاخگرێکی هێنا کەڵەشاخی لێگرت، ئازارەکەی نەما.

١٤١١ـ عَنْ جَابِرٍ: أَنَّ أُمَّ سَلَمَةَ -(ﷺ)- اسْتَأْذَنَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْحِجَامَةِ، فَأَمَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَبَا طَيْبَةَ أَنْ يَحْجُمَهَا، قَالَ: حَسِبْتُ أَنَّهُ قَالَ: كَانَ أَخَاهَا مِنَ الرَّضَاعَةِ، أَوْ غُلَامًا لَمْ يَحْتَلِمْ.

لە (جابر)ەوە کە (أم سلمه)(ﷺ) داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگای بدات بۆ کەڵەشاخگرتن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە (ابو طیبة) کەڵەشاخی بۆ بگرێت، ڕاوی دەڵێ: گومان وادەبەم جابر وتی: ئەو برای شیری (أم سلمة)بو یان منداڵێك بو هێشتا باڵغ نەبوبوو.

(١٧) تیمارکردن بەبڕینی دەمار و داخ کردن

١٤١٢ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ طَبِيبًا، فَقَطَعَ مِنْهُ عِرْقًا، ثُمَّ كَوَاهُ عَلَيْهِ.

(جابر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پزیشکێکی نارد بۆ لای (ابي)ی کوڕی (کعب) دەمارێکی لێبڕی و پاشان برینەکەی داخ کرد.

(١٨) تیماری برین بە داخ

١٤١٣ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: رُمِيَ سَعْدُ بْنُ مُعَاذٍ (ﷺ) فِي أَكْحَلِهِ، قَالَ: فَحَسَمَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) بِيَدِهِ بِمِشْقَصٍ، ثُمَّ وَرِمَتْ فَحَسَمَهُ الثَّانِيَةَ.

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: تیرێك گیرایە (سعد)ی كوڕی (معاذ)(ﷺ) بەر ڕەگی ژیانی كەوت، پێغەمبەر (ﷺ) بەدەستی خۆی بەتیرێكی نوكپان داخی كرد، ئاوسا دوبارە داخی كردەوە.

(١٩) تیمار كردن بە عەرەق

فيه حديث وائل بن حُجر (ﷺ)، وقد تقدم في كتاب الأشربة .

لەم باسەدا فەرموودە هەیە (وائل)ی كوڕی (حجر)(ﷺ) ڕیوایەتی كردووە لەسەرەتای (كتاب الاشربە)دا.

(٤٥) بەشی چاوەقووڵە (طاعون)

(١) چاوەقووڵە سزای گشتییە، مەچنە ناوی و لێی ڕامەکەن

١٤١٤ـ عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((إِنَّ هَذَا الْوَجَعَ -أَوِ: السَّقَمَ- رِجْزٌ عُذِّبَ بِهِ بَعْضُ الْأُمَمِ قَبْلَكُمْ، ثُمَّ بَقِيَ بَعْدُ بِالْأَرْضِ، فَيَذْهَبُ الْمَرَّةَ وَيَأْتِي الْأُخْرَى، فَمَنْ سَمِعَ بِهِ بِأَرْضٍ فَلَا يَقْدَمَنَّ عَلَيْهِ، وَمَنْ وَقَعَ بِأَرْضٍ وَهُوَ بِهَا فَلَا يُخْرِجَنَّهُ الْفِرَارُ مِنْهُ)). [بخاري/ الحيل/ ٦٥٧٣]

لە(أسامة)ی کوڕی (زید)ەوە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((ئەم ئازارە -یان ئەم نەخۆشییە- سزایەکی گشتییە، هەندێ گەلەکانی پێش ئێوەی پێ سزا دراوە، دوای ئەوە لەزەویدا ماوەتەوە، هەندێ جار دەڕوا و هەندێ جار دێتەوە، هەرکەسێ بیستی چاوەقوڵە لە ئەرزێکدا کەوتۆتەوە نەچێت بۆ ئەوێ، هەرکەسیش لەئەرزێکدابوو چاوەقوڵەی تێکەوت لەدەست ئەو دەردە ڕانەکات)).

١٤١٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) خَرَجَ إِلَى الشَّامِ، حَتَّى إِذَا كَانَ بِسَرْغَ لَقِيَهُ أَهْلُ الْأَجْنَادِ: أَبُو عُبَيْدَةَ بْنُ الْجَرَّاحِ وَأَصْحَابُهُ، فَأَخْبَرُوهُ أَنَّ الْوَبَاءَ قَدْ وَقَعَ بِالشَّامِ، قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: فَقَالَ عُمَرُ: ادْعُ لِيَ الْمُهَاجِرِينَ الْأَوَّلِينَ. فَدَعَوْتُهُمْ، فَاسْتَشَارَهُمْ وَأَخْبَرَهُمْ أَنَّ الْوَبَاءَ [قَدْ] وَقَعَ بِالشَّامِ، فَاخْتَلَفُوا، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: قَدْ خَرَجْتَ لِأَمْرٍ وَلَا نَرَى أَنْ تَرْجِعَ عَنْهُ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: مَعَكَ بَقِيَّةُ النَّاسِ وَأَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَلَا نَرَى أَنْ تُقْدِمَهُمْ عَلَى هَذَا الْوَبَاءِ. فَقَالَ: ارْتَفِعُوا عَنِّي، ثُمَّ قَالَ: ادْعُ لِيَ الْأَنْصَارَ. فَدَعَوْتُهُمْ لَهُ، فَاسْتَشَارَهُمْ، فَسَلَكُوا سَبِيلَ الْمُهَاجِرِينَ وَاخْتَلَفُوا كَاخْتِلَافِهِمْ، فَقَالَ: ارْتَفِعُوا عَنِّي، ثُمَّ قَالَ: ادْعُ لِي مَنْ كَانَ هَاهُنَا مِنْ مَشْيَخَةِ قُرَيْشٍ مِنْ مُهَاجِرَةِ الْفَتْحِ. فَدَعَوْتُهُمْ فَلَمْ يَخْتَلِفْ عَلَيْهِ رَجُلَانِ، فَقَالُوا: نَرَى أَنْ تَرْجِعَ بِالنَّاسِ، وَلَا تُقْدِمَهُمْ عَلَى هَذَا الْوَبَاءِ، فَنَادَى عُمَرُ فِي النَّاسِ: إِنِّي مُصْبِحٌ عَلَى ظَهْرٍ، فَأَصْبِحُوا عَلَيْهِ. فَقَالَ أَبُو عُبَيْدَةَ بْنُ الْجَرَّاحِ: أَفِرَارًا مِنْ قَدَرِ اللَّهِ؟ فَقَالَ عُمَرُ: لَوْ غَيْرُكَ قَالَهَا يَا أَبَا عُبَيْدَةَ -وَكَانَ عُمَرُ يَكْرَهُ خِلَافَهُ- نَعَمْ نَفِرُّ مِنْ قَدَرِ اللَّهِ إِلَى قَدَرِ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ لَوْ كَانَتْ لَكَ إِبِلٌ فَهَبَطَتْ وَادِيًا لَهُ عُدْوَتَانِ: إِحْدَاهُمَا خَصْبَةٌ وَالْأُخْرَى جَدْبَةٌ، أَلَيْسَ إِنْ رَعَيْتَ الْخَصْبَةَ رَعَيْتَهَا بِقَدَرِ اللَّهِ، وَإِنْ رَعَيْتَ الْجَدْبَةَ رَعَيْتَهَا بِقَدَرِ اللَّهِ؟ قَالَ: فَجَاءَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ وَكَانَ

مُتَغَيِّبًا فِي بَعْضِ حَاجَتِهِ، فَقَالَ: إِنَّ عِنْدِي مِنْ هَذَا عِلْمًا، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِذَا سَمِعْتُمْ بِهِ بِأَرْضٍ فَلَا تَقْدَمُوا عَلَيْهِ، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بِهَا فَلَا تَخْرُجُوا فِرَارًا مِنْهُ)). قَالَ: فَحَمِدَ اللَّهَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) ثُمَّ انْصَرَفَ. [بخاري/ الطب/ ٥٣٩٧]

لە (عبدالله)ی کوڕی (عباس)ەوە (ﷺ) کە (عمر)ی کوڕی (خطاب)(ﷺ) ڕۆیشت بۆ شام، کاتێ گەیشتە (سَرغ) سەرکردەکانی جەنگ (أبو عبیدة)ەی کوڕی (جَّراح) و یاوەرەکانی، پێگەیشت هەواڵیان دایێ کە دەردێکی کوشندە بڵاوبۆتەوە لە وڵاتی شام،، (ابن عباس) دەڵێ: (عمر)پێی وتم: کۆچبەرانی پێشینم بۆ بانگ بکە، بانگم کردن، ڕاوێژی پێکردن وهەواڵی دانێ کە دەردێکی گشتی کەوتۆتە شام، جیاوازی ڕا کەوتە نێوانیان، هەندێکیان وتیان: تۆ بەنیازی کارێك دەرچویت وانابینین لێی پەشیمان بیتەوە، هەندێکی تریان وتیان: ئەوەی ماوە لە خەڵك و یارانی پێغەمبەر (ﷺ) وان لەگەڵ تۆدا، پێمان چاك نیە بیانخەیتە ناو ئەو وەبا کوشندەوە فەرمووی: هەستن لەلام. لەپاشدا فەرمووی: پشتیوانان (الانصار)م بۆ بانگکە، بانگم کردن ڕاوێژی پێکردن، ئەوانیش هەر ڕێگای کۆچبەرانیان گرتو وەك ئەوان جیاواز بوون، فەرمووی: هەستن لەلام. ئەمجا فەرمووی: کێ لێرەیە لە گەورە پیاوانی قورەیش ئەوانەی ساڵیئازادکردنی مەککە کۆچیان کردووە، بۆمیان بانگ بکە،بانگم کردن، دوو کەس لەوان جیاوازی نەکەوتە نێوانیان، بەیەکدەنگ وتیان: ئێمە وادەبینین ئەم خەڵکە بگێڕیتەوە و نەیانخەیتە ناو ئەم وەبایە. (عمر) بانگەوازی کرد لەناو خەڵکەکەدا: من سبەینێ لەسەر پشتی زینم، سبەینێ هەموو سواربوون لەسەر پشتی وڵاخەکانیان. (أبو عبیدة)ی کوڕی (جراح) وتی لەچارەنووسی خوا ڕادەکەن؟ عمر وتی: کاشکی کەسێکی تر ئەمەی بگوتایە ئەی أبو عبیدة – چونکە عمر حەزی نەدەکرد لە قسەی ئەو دەرچێت– بەڵێ ئێمە لە چارەنووسی خوا ڕادەکەین بۆ لای چارەنوسی خوا، ئایا ئەگەر تۆ بڕگەیەك وشترت هەبێت و هەوار بخەیت لەناو شیوێکدا دووبەری هەبێت، بەرێکیان سەوزەڵان و پڕلەوەڕ، بەرەکەی تریان دەێم و بێپیت، ئایا ئەگەر وشترەکانت لەهەر بەرێکیان بلەوەڕێنی بەچارەنووسی خوا نیە؟

(ابن عباس) دەڵێ: لەو دەمەدا (عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف) هات کە پێشتر لەوێ نەبوو چوبوو بۆ هەندێ پێویستی خۆی ، وتی: من زانیاریم لایە لەم بارەوە، بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((ئەگەر بیستتان چاوە قوڵە پەیدابووە لە خاکێکدا مەچن بۆئەوێ، ئەگەر لە خاکێکدا پەیدابوو ئێوەی تێدابوون لێی ڕامەکەن)). (ابن عباس) دەڵێ: (عمر)ی کوڕی (خطاب)(ﷺ) سوپاسی خوای کرد و گەڕایەوە.

(٤٦) بەشی ڕەشبینی و تەنینەوەی نەخۆشی
(كتاب الطيَرة و العدوى)

(١) تەنینەوە و ڕەشبینی ومانگی سەفەر و بایەقوش کاریگەرنین

١٤١٦ـ عَنْ أَبِي سَلَمَةَ -بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) حِينَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا عَدْوَى، وَلَا صَفَرَ، وَلَا هَامَةَ)). فَقَالَ أَعْرَابِيٌّ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَمَا بَالُ الْإِبِلِ تَكُونُ فِي الرَّمْلِ كَأَنَّهَا الظِّبَاءُ، فَيَجِيءُ الْبَعِيرُ الْأَجْرَبُ فَيَدْخُلُ فِيهَا فَيُجْرِبُهَا كُلَّهَا؟ قَالَ: ((فَمَنْ أَعْدَى الْأَوَّلَ)). وفي رواية: ((لَا عَدْوَى، وَلَا طِيَرَةَ وَلَا صَفَرَ، وَلَا هَامَةَ)). [بخاري/ الطب/ ٥٣٨٧]

لە (ابي سلمة)ی کوڕی (عبدالرحمن)ەوە ئەویش لە(ابي هريرة)وە (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((تەنینەوەی نەخۆشی و مانگی سەفەر و بایەقوش کاریگەرییان نیە، دەشتەکی یەك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی بۆ چی وشترەکانی من لەناو لم دا دەڵێی ئاسکن، تاوشترێکی گەڕۆڵ دێت و دەکەوێتە ناویان هەموویان گەڕۆڵ دەکات؟ فەرمووی: ((ئەی کێ یەکەم وشتری توش کرد؟)) لە ڕیوایەتێکی تری فەرموودەکەدا: ((تەنینەوە و ڕەشبینی و مانگی سەفەر و بایەقوش کاریگەرییان نیە)).

(٢) خاوەن وشتری نەخۆش وشترەکانی نەباتە سەر ئاوی خاوەن وشتری ساغ

١٤١٧ـ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ: أَنَّ أَبَا سَلَمَةَ بْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ حَدَّثَهُ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا عَدْوَى)). وَيُحَدِّثُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يُورِدُ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحٍّ)). قَالَ أَبُو سَلَمَةَ: كَانَ أَبُو هُرَيْرَةَ يُحَدِّثُهُمَا كِلْتَيْهِمَا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ صَمَتَ أَبُو هُرَيْرَةَ بَعْدَ ذَلِكَ عَنْ قَوْلِهِ: ((لَا عَدْوَى)). وَأَقَامَ عَلَى أَنْ: ((لَا يُورِدُ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحٍّ)). قَالَ: فَقَالَ الْحَارِثُ بْنُ أَبِي ذُبَابٍ -وَهُوَ ابْنُ عَمِّ أَبِي هُرَيْرَةَ-: قَدْ كُنْتُ أَسْمَعُكَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ تُحَدِّثُنَا مَعَ هَذَا الْحَدِيثِ حَدِيثًا آخَرَ قَدْ سَكَتَّ عَنْهُ، كُنْتَ تَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا عَدْوَى)). فَأَبَى أَبُو هُرَيْرَةَ أَنْ يَعْرِفَ ذَلِكَ، وَقَالَ: ((لَا يُورِدُ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحٍّ)). فَمَا رَآهُ الْحَارِثُ فِي ذَلِكَ حَتَّى غَضِبَ أَبُو هُرَيْرَةَ، فَرَطَنَ بِالْحَبَشِيَّةِ، فَقَالَ لِلْحَارِثِ: أَتَدْرِي مَاذَا قُلْتُ؟ قَالَ: لَا، قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: قُلْتُ: أَبَيْتُ. قَالَ أَبُو سَلَمَةَ: وَلَعَمْرِي لَقَدْ كَانَ أَبُو هُرَيْرَةَ

يُحَدِّثُنَا: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا عَدْوَى)). فَلَا أَدْرِي: أَنَسِيَ أَبُو هُرَيْرَةَ، أَوْ نَسَخَ أَحَدُ الْقَوْلَيْنِ الْآخَرَ. [بخاري/ الطب/ ٥٤٣٧]

له (ابن شهاب)ەوە كە (ابا سلمة)ی كوڕی (عبدالرحمن)ی كوڕی (عوف)پێی وتووه كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((تەنینەوە نیە، هەروەها پێیشی دەوت: كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خاوەن وشتری نەخۆش وشترەكانی نەباتە سەرئاوی خاوەن وشتری ساغ)).. (ابو سلمة)دەڵێ: ابو هريرة ئەم دوو فەرموودە یە هەردوكیانی دەگێڕایەوە لە پێغەمبەر (ﷺ)، لەپاشدا بێدەنگ بوو لە فەرموودەی: (لاعدوی) واتا: تەنینەوەی نەخۆشی نییە، بەردەوام بوو لەسەر فەرموودەی: ((خاوەن وشتری نەخۆش وشترەكانی نەباتە سەر ئاوی خاوەن وشتری ساغ)). (ابو سلمة)دەڵێ: (حارث)ی كوڕی (ابي ذباب)- كە ئامۆزای (ابو هريرة)یە- دەیوت:ئەی ابو هريرة من لێم بیستویت فەرمودەیەكی ترت {لەم بارەوە} لەگەڵ ئەم فەرموودەدا دەگێڕایەوەئێستا لێی بێدەنگ بوی، دەتوت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاعدوی))، (ابو هريرة) ملی بەوە نەدا كە ئەمە بزانێت، وتی: (نەخۆش نابرێتە سەر ساغ)، (حارث) لەم بارەوە دەمە دەمێی لەگەڵ كرد هەتا (ابو هريرة) رقی هەستا و بەزمانی حەبەشی دای بەیەكدا و بە (حارث)ی وت: تۆ دەزانیت من چیم وت؟ وتی: نەء، ابو هريرة وتی: من وتم: (اءبيتُ)واتا: خۆم گرتۆتەوە لەو فەرموودە، ابو سلمە دەڵێ: بەگیانی خۆم (ابو هريرة) بۆی دەگێڕاینەوە كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاعدوی)) جا نازانم (ابو هريرة) لەبیری چوبوو، یان یەكێ لەم فەرمودانە حوكمی ئەوی دی لا بردووە.

[ئەوەی دەفەرموێ: هەردوو فەرموودەكە صەحیحن، مەبەست لە (لاعدوی) ئەوەیە بەبێ فەرمانی خوا ناتەنێتەوە، نەك خۆت نەپارێزی و وابزانیت هەر ناتەنێتەوە]

(٣) ئەستێرە كاریگەر نییە

١٤١٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ):أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا عَدْوَى، وَلَا هَامَةَ، وَلَا نَوْءَ، وَلَا صَفَرَ)).

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((تەنینەوەی نەخۆشی نییە، بایەقوش شووم نیە، ئەستێرە كاریگەر نیە، مانگی سەفەر شووم نیە)).

(٤) دێو مەترسی نییە

١٤١٩ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((لَا عَدْوَى، و لَا طِيَرَةَ، وَلَا غُولَ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((تەنینـەوەی نەخۆشـی نیە، شوومیی و ڕەشبینی نییە، دێو مەترسیی نییە)).

(٥) خۆپارێزی لە نەخۆش

١٤٢٠ـ عَنْ الشَّرِيدِ (ﷺ) قَالَ: كَانَ فِي وَفْدِ ثَقِيفٍ رَجُلٌ مَجْذُومٌ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ): ((إِنَّا قَدْ بَايَعْنَاكَ، فَارْجِعْ)).

(شـریـد) (ﷺ) دەڵـێ: وەفدەکـەی هـۆزی (ثقیـف) پیـاوێکی گـولی تێدابـوو پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی بۆ نارد: ((ئێمە پەیمانمان لەگەڵ بەستوی بگەڕێرەوە)) {واتا: تەوقەی لەگەڵ نەکرد}

(٦) گەشبینی وچاك وێژی

١٤٢١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا طِيَرَةَ، وَخَيْرُهَا الْفَأْلُ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللّٰهِ، وَمَا الْفَأْلُ؟ قَالَ: ((الْكَلِمَةُ الصَّالِحَةُ يَسْمَعُهَا أَحَدُكُمْ)). [بخاري/ الطب/ ٥٤٢٣]

(ابو هریرة)دەڵـێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستوە دەیفـەرموو: ((گەشـبینی و ڕەشبینی لەباڵندەدا نییە، باشترین گەشبینی (الفال)ە)) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (فال) چییە؟ فەرمووی: ((وتەیەکی جوانە کە یەکێکتان دەیبیسێت)).

(٤٧) بەشی فاڵچی و کتێب گرەوە

(١) نەهی کردن لە چونە لای فاڵچی

فيه حديث معاوية بن الحكم السلمي (ﷺ)، وقد تقدم في كتاب الصلاة .

فەرموودەیەکی (معاويە)ی کوڕی (الحكم السلمی) (ﷺ) لەمبارەوە هەیە، پێشتر باسکرا لەبەشی نوێژ.

(٢) ئەوەی جنۆکە دەیقۆزێتەوە

١٤٢٢ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: سَأَلَ أُنَاسٌ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْكُهَّانِ، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَيْسُوا بِشَيْءٍ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَإِنَّهُمْ يُحَدِّثُونَ أَحْيَانًا الشَّيْءَ يَكُونُ حَقًّا؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تِلْكَ الْكَلِمَةُ مِنَ الْجِنِّ يَخْطَفُهَا [الْجِنِّيُّ] فَيَقُرُّهَا فِي أُذُنِ وَلِيِّهِ قَرَّ الدَّجَاجَةِ، فَيَخْلِطُونَ فِيهَا أَكْثَرَ مِنْ مِائَةِ كَذْبَةٍ)). [بخاري/ الطب/ ٥٤٢٩]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: کەسانێك پرسیاریان کردلە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی فاڵچیەکان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هیچ نین)) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا هەندێ جار شتێك دەڵێن ڕاست دەردەچێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە وشەیەکی ڕاستە جنۆکە دەیقۆزێتەوە و دەیچپێنێ بە گوێی دۆستەکەی خۆیدا، هەروەك چۆن مریشك دەقرتێنێ زیاتر لە صەد درۆی تێکەڵ دەکەن)).

(٣) تیربارانکردنی جنۆکەکان بە ئەستێرە، لە کاتی دزەیاندا بۆ گوێگرتن

١٤٢٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: أَخْبَرَنِي رَجُلٌ [وفي رواية: رجال] مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) مِنَ الْأَنْصَارِ: أَنَّهُمْ بَيْنَمَا هُمْ جُلُوسٌ لَيْلَةً مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) رُمِيَ بِنَجْمٍ فَاسْتَنَارَ، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَاذَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ إِذَا رُمِيَ بِمِثْلِ هَذَا)). قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، كُنَّا نَقُولُ: وُلِدَ اللَّيْلَةَ رَجُلٌ عَظِيمٌ، وَمَاتَ رَجُلٌ عَظِيمٌ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَإِنَّهَا لَا يُرْمَى بِهَا لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلَا لِحَيَاتِهِ، وَلَكِنْ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى اسْمُهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا سَبَّحَ حَمَلَةُ الْعَرْشِ، ثُمَّ سَبَّحَ أَهْلُ السَّمَاءِ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، حَتَّى يَبْلُغَ التَّسْبِيحُ أَهْلَ هَذِهِ السَّمَاءِ الدُّنْيَا، ثُمَّ قَالَ الَّذِينَ يَلُونَ حَمَلَةَ الْعَرْشِ لِحَمَلَةِ الْعَرْشِ: مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ؟ فَيُخْبِرُونَهُمْ مَاذَا قَالَ. [قَالَ]: فَيَسْتَخْبِرُ بَعْضُ أَهْلِ السَّمَاوَاتِ بَعْضًا، حَتَّى يَبْلُغَ

الْخَبَرُ هَذِهِ السَّمَاءَ الدُّنْيَا، فَتَخْطَفُ الْجِنُّ السَّمْعَ فَيَقْذِفُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ، وَيُرْمَوْنَ [بِهِ] فَمَا جَاءُوا بِهِ عَلَى وَجْهِهِ فَهُوَ حَقٌّ، وَلَ كِنَّهُمْ يَقْرِفُونَ فِيهِ وَيَزِيدُونَ)).

(عبدالله)ی کوڕی (عباس)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك {لەریوایەتێکی تردا چەند پیاوێك} لەیارانی پێغەمبەر (ﷺ) لەیاریدەدەرەکان هەواڵی دامێ کە شەوێك لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبوین ئەستێرەیەك کشا و دەورووبەری رۆشنکردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئێوە لە (جاهلیة)دا چیتان دەوت ئەگەر شتێکی وەها بکشایە)) وتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، ئێمە دەمانوت:ئەمشەو پیاوێکی گەورە لەدایك بووە، یان پیاوێکی گەورە مردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەم ئەستێرە نەبۆ مردنی کەس نەبۆ ژیانی کەس ناکشێت، بەڵام پەروەردگارمان -ناوی بەرز و بڵند بێت- هەر کات فەرمانی دا بەکارێك، هەڵگرانی عەرش تەسبیحات دەکەن، پاش ئەوە خەڵکی ئەو ئاسمانەی بەدوای ئەواندا دێن تەسبیحات دەکەن هەتا ئەو تەسبیحاتە دەگاتە خەڵکی ئەم ئاسمانی دنیا، ئەمجا ئەوانەی بەدوای هەڵگرانی عەرشدا دێن بەوان دەڵێن: خوای ئێوە چی فەرموو؟ هەواڵیان دەدەنێ کەچی فەرموو: {فەرمووی} خەڵکی ئاسمانەکان هەندێکیان پرسیار لە هەندێکی تریان دەکەن، هەتا هەواڵەکە دەگاتە خەڵکی ئاسمانی دنیا، جنۆکە دزە دەکەن بۆ گوێگرتن و هەواڵ دەگەیەنن بەدۆستەکانیان، بەم ئەستێرانە تیر باران دەکرێن، جا هەرچی بەشێوەی خۆی گەیاندیان ئەوە ڕاستە، بەڵام درۆی تیادەکەن و لێی زیاد دەکەن)).

(٤) هەرکەس بچێتە لای فاڵچی یەك نوێژی وەرناگیرێت

١٤٢٤ـ عَنْ صَفِيَّةَ -هي بنت ابي عبيد- عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)).

لە (صفیة)ی کچی (ابی عبید)ەوە ئەویش لەهەندێ خێزانەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس بچێتە لای فاڵچییەك و پرسیاری شتێکی لێبکات چل شەو نوێژی لێوەرناگیرێت)).

(٤٨) بەشی مار و شتی تر

(١) ڕێگرتن لە کوشتنی ئەو گیاندارانەی ماڵی بوون

١٤٢٥. عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَأْمُرُ بِقَتْلِ الْكِلَابِ يَقُولُ: ((اقْتُلُوا الْحَيَّاتِ وَالْكِلَابَ، وَاقْتُلُوا ذَا الطُّفْيَتَيْنِ وَالْأَبْتَرَ، فَإِنَّهُمَا يَلْتَمِسَانِ الْبَصَرَ، وَيَسْتَسْقِطَانِ الْحَبَالَى)). قَالَ الزُّهْرِيُّ: وَنُرَى ذَلِكَ مِنْ سُمَّيْهِمَا وَاللَّهُ أَعْلَمُ. قَالَ سَالِمٌ: قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ: فَلَبِثْتُ لَا أَتْرُكُ حَيَّةً أَرَاهَا إِلَّا قَتَلْتُهَا، فَبَيْنَا أَنَا أُطَارِدُ حَيَّةً يَوْمًا مِنْ ذَوَاتِ الْبُيُوتِ مَرَّ بِي زَيْدُ بْنُ الْخَطَّابِ -أَوْ أَبُو لُبَابَةَ- وَأَنَا أُطَارِدُهَا، فَقَالَ: مَهْلًا يَا عَبْدَ اللَّهِ. فَقُلْتُ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَ بِقَتْلِهِنَّ، قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ نَهَى عَنْ ذَوَاتِ الْبُيُوتِ. [بخاري/ بدء الخلق/ ٣١٢٣]

(ابن عمر)(ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی ئەدا بە کوشتنی سەگ و دەیفەرموو: ((مار و سەگ بکوژن، ماری بازگ و کوڵەوەییاب بکوژن، چونکە ئەو دوانە چاوکوێردەکەن و منداڵ لەباری دوگیان دەبەن)).

(زهری) دەڵێ: ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ لە ژارەکانیانەوە خواش زاناترە. (سالم) دەڵێ: (عبداللە ی کوڕی عمر) وتی: هەر مارێکم ببینایە وازم لێنەدەهێنا هەتا دەمکوشت، ڕۆژێك مارێکی ماڵیم ڕاودەنا (زید)ی کوڕی (خطاب) یان (ابو لبابة)تێپەڕی بەلامدا من مارەکەم ڕاودەنا، وتی: ئەی (عبداللە) لەسەر خۆبە. وتم: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی داوە بە کوشتنیان، وتی: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە {کوشتنی} شتە ماڵیەکان.

(٢) ئاگادار کردنەوەی گیانداره ماڵیەکان

١٤٢٦- عَنْ أَبِي السَّائِبِ مَوْلَى هِشَامِ بْنِ زُهْرَةَ: أَنَّهُ دَخَلَ عَلَى أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) فِي بَيْتِهِ، قَالَ: فَوَجَدْتُهُ يُصَلِّي، فَجَلَسْتُ أَنْتَظِرُهُ حَتَّى يَقْضِيَ صَلَاتَهُ، فَسَمِعْتُ تَحْرِيكًا فِي عَرَاجِينَ [فِي] نَاحِيَةِ الْبَيْتِ، فَالْتَفَتُّ فَإِذَا حَيَّةٌ، فَوَثَبْتُ لِأَقْتُلَهَا، فَأَشَارَ إِلَيَّ: أَنِ اجْلِسْ، فَجَلَسْتُ، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَشَارَ إِلَى بَيْتٍ فِي الدَّارِ، فَقَالَ: أَتَرَى هَذَا الْبَيْتَ؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: كَانَ فِيهِ فَتًى مِنَّا حَدِيثُ عَهْدٍ بِعُرْسٍ، قَالَ: فَخَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى الْخَنْدَقِ، فَكَانَ ذَلِكَ الْفَتَى يَسْتَأْذِنُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِأَنْصَافِ النَّهَارِ فَيَرْجِعُ إِلَى أَهْلِهِ، فَاسْتَأْذَنَهُ يَوْمًا، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خُذْ عَلَيْكَ سِلَاحَكَ، فَإِنِّي أَخْشَى عَلَيْكَ قُرَيْظَةَ)). فَأَخَذَ الرَّجُلُ سِلَاحَهُ

ثُمَّ رجع، فَإِذَا امْرَأَتُهُ بَيْنَ الْبَابَيْنِ قَائمةً، فَأَهْوَى إِلَيْهَا الرُّمْحَ لِيَطْعُنَهَا بِهِ -وَأَصَابَتْهُ غَيْرَةٌ- فَقَالَتْ لَهُ: اكْفُفْ عَلَيْكَ رُمْحَكَ، وَادْخُلِ الْبَيْتَ حَتَّى تَنْظُرَ مَا الَّذِي أَخْرَجَنِي. فَدَخَلَ فَإِذَا بِحَيَّةٍ عَظِيمَةٍ مُنْطَوِيَةٍ عَلَى الْفِرَاشِ، فَأَهْوَى إِلَيْهَا بِالرُّمْحِ فَانْتَظَمَهَا بِهِ، ثُمَّ خَرَجَ فَرَكَزَهُ فِي الدَّارِ، فَاضْطَرَبَتْ عَلَيْهِ، فَمَا يُدْرَى أَيُّهُمَا كَانَ أَسْرَعَ مَوْتًا الْحَيَّةُ أَمِ الْفَتَى؟ قَالَ: فَجِئْنَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرْنَا ذَلِكَ لَهُ، وَقُلْنَا: ادْعُ اللَّهَ يُحْيِيهِ لَنَا. فَقَالَ: ((اسْتَغْفِرُوا لِصَاحِبِكُمْ)). ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ بِالْمَدِينَةِ جِنًّا قَدْ أَسْلَمُوا، فَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنْهُمْ شَيْئًا فَآذِنُوهُ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، فَإِنْ بَدَا لَكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فَاقْتُلُوهُ، فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ)).

(ابی سائب) کارگوزاری (هشام)ی کوڕی (زهرة)دەڵێ: چووم بۆ لای (ابي سعيد الخدري)(ﷺ) لەماڵەوە دیم نوێژدەکات دانیشتم چاوەڕوانم کرد هەتا نوێژەکەی تەواو بکات، گوێم لە جوڵەجوڵێك بوو لەناو لق و پۆی دارخورماکاندا {کە کرابوون بەسەقف} لە سوچێکی ئەو ماڵەدا لام کردەوە {تەماشام کرد} مارێکە، ئامبازی بووم بیکوژم ئامارەی بۆ کردم دانیشە، دانیشتم، کاتێ نوێژەکەی تەواو کرد ئامارەی کرد بۆ ژوورێك لەو خانوەدا، وتی: ئەو ماڵە دەبینی؟ وتم: بەڵێ، وتی: ئەوە گەنجێکی تیابوو تازە زاوا بوو، وتی: ڕۆیشتین لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ {جەنگی} خەندەق، ئەو گەنجە نیوەڕوان داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکرد و دەگەڕایەوە بۆ لای خێزانی، ڕۆژێك داوای مۆڵەتی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((چەکەکەت هەڵگرە من ترسم لێت هەیە لە {هۆزی} (قريظة))) کابرا چەکەکەی هەڵگرت و پاشان گەڕایەوە، بینی ژنەکەی لە نێوان هەردوو دەرگاکەدا وەستاوە بەپێوە، غیرەت گرتی و ڕمەکەی داهێنایەوە لێی بدات، وئافرەتەکە پێی وت: ڕمەکەت ڕاگرە و بچۆرە ماڵەوە بزانە چی منی دەرپەڕاندوە؟ ڕۆیشتە ژورەوە مارێکی زۆر گەورەی دی ئاڵابوو بەیەکدا بەسەر نوێنەکانەوە، ڕمەکەی بۆ داهێلا وپیایچەقاند و لەپاشا دەرچوو فڕێیدایە ناو {حەوشـی} خانوەکە، مارەکە هەڵگەڕایەوە سەری و {گەستی}نازانین کامیان زووتر مردن مارەکە یان گەنجەکە؟. وتی: ئەمجا هاتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ڕوداوکەمان بۆ گێڕایەوە و، وتمان: لەخوا بپاڕێرەوە بۆمان زیندوکاتەوە فەرمووی: ((داوای لێبوردن بکەن بۆ هاوەڵەکەتان)) پاشان فەرمووی: ((مەدینە کۆمەڵێ جنۆکەی تیایە موسڵمان

بوون ئەگەر شتێکتان لەوان دی ئاگاداری بکەن تا (٣) ڕۆژ {مۆڵەتیان بدەن} دوای ئەوە ئەگەر بەرچاوتان کەوت بیکوژن چونکە ئەوە شەیتانە)).

(٣) کوشتنی مار

١٤٢٧ـ عَنْ عَبْدِ اللَّه (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي غَارٍ وَقَدْ أُنْزِلَتْ عَلَيْهِ ﴿وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا﴾ فَنَحْنُ نَأْخُذُهَا مِنْ فِيهِ رَطْبَةً إِذْ خَرَجَتْ عَلَيْنَا حَيَّةٌ، فَقَالَ: ((اقْتُلُوهَا)). فَابْتَدَرْنَاهَا لِنَقْتُلَهَا فَسَبَقَتْنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَقَاهَا اللَّهُ شَرَّكُمْ كَمَا وَقَاكُمْ شَرَّهَا)). [بخاري/ الإحصار وجزاء الصيد/ ١٧٣٣]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود) دەڵێ: ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین (ﷺ) لە ئەشکەوتێکدا (والمرسلات عرفاً) نازڵ بوویە سەری، ئێمە بەتەڕی و تازەیی وەرمان دەگرت لەدەمی ئەو، لەناکاو مارێك دەرچووە ناومان فەرمووی: ((بیکوژن)) پەلامارمان دایێ دەرچوو لەدەسمان فەرمووی: ((خوا ئەوی پاراست لە خراپەی ئێوە، وەك چۆن ئێوەی پاراست لە شەڕی ئەو))

(٤) کوشتنی مێروله

١٤٢٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((نَزَلَ نَبِيٌّ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ تَحْتَ شَجَرَةٍ، فَلَدَغَتْهُ نَمْلَةٌ، فَأَمَرَ بِجِهَازِهِ فَأُخْرِجَ مِنْ تَحْتِهَا، ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَأُحْرِقَتْ، فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَيْهِ: فَهَلَّا نَمْلَةً وَاحِدَةً)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣١٤١]

لە(ابو هريرة)وە (ﷺ) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران هەواری خست لەبن درەختێکدا، مێرولەیەك گەستی، فەرمانی دا جل وجێگەکەیان هەڵگرت ئەمجا فەرمانی دا شارە مێرولەکەیان سوتاند، خوای گەورە نیگای بۆ نارد: ئەی بۆچ تەنها یەك میرولەت نەسوتاند؟)).

(٥) کوشتنی پشیله

١٤٢٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ابن عمر (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((عُذِّبَتِ امْرَأَةٌ فِي هِرَّةٍ، سَجَنَتْهَا حَتَّى مَاتَتْ، فَدَخَلَتْ فِيهَا النَّارَ، لَا هِيَ أَطْعَمَتْهَا وَسَقَتْهَا إِذْ حَبَسَتْهَا، وَلَا هِيَ تَرَكَتْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الْأَرْضِ)). [بخاري/ المسقاة/ ٢٢٣٦]

لە(عبدالله)ی کوڕی (عمر)ەوە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئافرەتێك سزادرا لەسەر پشیلەیەك،بەندی کرد هەتا مرد، بەهۆیەوە چووە

دۆزەخ، چونکە نەئـەوە بـوو خـۆراك و ئـاوی بداتـێ کاتـێ بـەندی کردبـوو نـە ئەوەیش بوو بەرەڵلای کات خۆی لەجرِ و جانەوەری سەر زەوی بخوات)).

(٦) ئاودانی ئاژەڵەکان

١٤٣٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ):أَنَّ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَـالَ: ((بَيْنَمَـا رَجُلٌ يَمْشِـي بِطَرِيقٍ اشْتَدَّ عَلَيْهِ الْعَطَشُ، فَوَجَدَ بِئْرًا فَنَزَلَ فِيهَا فَشَرِبَ، ثُـمَّ خَـرَجَ فَإِذَا كَلْبٌ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنَ الْعَطَشِ، فَقَالَ الرَّجُلُ: لَقَدْ بَلَغَ هَذَا الْكَلْبَ مِـنَ الْعَطَشِ مِثْلُ الَّذِي كَانَ بَلَغَ مِنِّي، فَنَزَلَ الْبِئْرَ فَمَلأَ خُفَّهُ مَاءً، ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ حَتَّـى رَقِيَ فَسَقَى الْكَلْبَ، فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ، فَغَفَرَ لَهُ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَإِنَّ لَنَا فِي [هَذِهِ] الْبَهَائِمِ لَأَجْرًا؟ فَقَالَ: ((فِي كُلِّ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ)). [بخاري/ المساقاة/ ٢٢٣٤]

لـە (ابـو هريـرة)ەوە (ﷺ)، کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((لـەکاتێکدا پیاوێك دەرِۆیشت بەرِێگایەکدا زۆر تینوی بوو، بیرێکی بینی دابەزییە ناوی و ئاوی خواردەوە، پاشان هاتە سەر بینی سەگێك زمانی دەرهێناوە و لـەتینوا قەپ بە خۆڵەکەدا دەکات، پیاوەکە وتی: ئەم سەگە وەك منی لێ بەسەر هاتووە لە تویننێتیدا، دابەزیەوە ناوبیرەکە و پێڵاوەکەی پرِکرد لە ئاوو بەقەپ گرتی هەتا سەرکەوت و سەگەکەی ئاودا، خوا ئەو کردەوەی لێوەرگرت و لێی بورد)). وتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئێمـە لـەم ئاژەڵانـەدا خێرمـان دەسـتدەکەوێ؟ فەرمووی: ((لە هەموو جەرگێکی تەرِدا پاداش هەیە)).

(٤٩) بەشی شیعر و شتی‌تر

(١) شیعر خوێندنەوە

١٤٣١ـ عن الشَّرِيدِ (ﷺ) قَالَ: رَدِفْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا، فَقَالَ: ((هَلْ مَعَكَ مِنْ شِعْرِ أُمَيَّةَ ابْنِ أَبِي الصَّلْتِ شَيْءٌ)). قُلْتُ: نَعَمْ. قَالَ: ((هِيهْ)). فَأَنْشَدْتُهُ بَيْتًا، فَقَالَ: ((هِيهْ)). ثُمَّ أَنْشَدْتُهُ بَيْتًا، فَقَالَ: ((هِيهْ)). حَتَّى أَنْشَدْتُهُ مِائَةَ بَيْتٍ.

لە(شريد)ەوە (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێك لە دوای پێغەمبەرەوە (ﷺ) سواری وڵاخێك بوبوم فەرمووی: ((ئایا شتێکت لاهەیە لە شیعری (اميّة)ی کوڕی (ابي الصَّلت)؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: ((بیڵێ))، شیعرێکم بۆ وت، فەرمووی: ((هی تریش)) شیعرێ تریشم بۆ وت، فەرمووی: ((هی تریش)) هەتا گەیشتە صەد شیعر.

(٢) ڕاست ترین وشە کە شاعیر وتبێتی

١٤٣٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَصْدَقُ كَلِمَةٍ قَالَهَا شَاعِرٌ كَلِمَةُ لَبِيدٍ: أَلَا كُلُّ شَيْءٍ مَا خَلَا اللَّهَ بَاطِلٌ. وَكَادَ أُمَيَّةُ بْنُ أَبِي الصَّلْتِ أَنْ يُسْلِمَ)). [بخاري/ الادب/ ٥٧٩٥]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ڕاست ترین وشە شاعیر وتبێتی وشەکەی (لبيد)ە: ئاگاداربە هەموو شتێك جگە لەخوا بەتاڵە و،(اميّة)ی کوڕی (ابي الصَّلت)نزیك بووە موسڵمان بێت)).

(٣) خراپە، خۆخەریککردنی زۆر بە شیعرەوە

١٤٣٣ـ عَنْ سَعْدٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَأَنْ يَمْتَلِئَ جَوْفُ أَحَدِكُمْ قَيْحًا يَرِيهِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يَمْتَلِئَ شِعْرًا)).

لە (سعدی کوڕی (ابی وقاص)ەوە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر ناوسکی یەکێ لە ئێوە پڕببێت لە کێم هەتا ئەیگەنێنێ باشترە لەوەی پڕبێت لە شیعر)).

(٤) خۆڵ کردن بەڕووی ئەوانەی مەدحی لەڕوو دەکەن

١٤٣٤ـ عَنْ هَمَّامِ بْنِ الْحَارِثِ: أَنَّ رَجُلًا جَعَلَ يَمْدَحُ عُثْمَانَ (ﷺ)، فَعَمِدَ الْمِقْدَادُ فَجَثَا عَلَى رُكْبَتَيْهِ، وَكَانَ رَجُلًا ضَخْمًا، فَجَعَلَ يَحْثُو فِي وَجْهِهِ الْحَصْبَاءَ، فَقَالَ لَهُ عُثْمَانُ: مَا شَأْنُكَ؟ فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا رَأَيْتُمُ الْمَدَّاحِينَ فَاحْثُوا فِي وُجُوهِهِمُ التُّرَابَ)).

(همام)ی کوڕی (الحارث)دەڵێ: پیاوێك مەدحی (عثمان)ی کرد (ﷺ) میقداد -کەپیاوێکی زەبەلاح بوو- هەستایە سەر چۆك و وردەچەوی دەکرد بەڕویدا، (عثمان)وتی: ئەوە چیتە؟ ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر ئەوانەتان بینی مەدحی لەڕوو دەکەن خۆڵ بکەن بەڕویاندا)).

(٥) مەدح و ستایش کەراهەتی هەیە

١٤٣٥ـ عن أَبِي بَكْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّهُ ذُكِرَ عِنْدَهُ رَجُلٌ، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا مِنْ رَجُلٍ بَعْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَفْضَلُ مِنْهُ فِي كَذَا وَكَذَا، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) ((وَيْحَكَ، قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ)). مِرَارًا يَقُولُ ذَلِكَ، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنْ كَانَ أَحَدُكُمْ مَادِحًا أَخَاهُ لَا مَحَالَةَ فَلْيَقُلْ: أَحْسِبُ فُلَانًا -إِنْ كَانَ يُرَى أَنَّهُ كَذَلِكَ- وَلَا أُزَكِّي عَلَى اللَّهِ أَحَدًا)). [بخاري/ الشهادات/ ٢٥١٩]

له (ابي بكرة)وه (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە باسی پیاوێك کرا لەلایدا، پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا هیچ پیاوێك نیە دوای پێغەمبەر (ﷺ) لەوپیاوە چاکتر بێت لەو شتەو لەوشتەدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((کۆستت کەوێ ملی هاوڕێکەی خۆتت شکاند)) چەند جار ئەمەی فەرموو، لەپاشدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر یەکێ لە ئێوە ناچار بوو پیاهەڵدانی براکەی بکات بابڵێ: من وادەزانم -ئەگەر وادەهاتە پێش چاوی- من بۆیشم نیە کەس بەپاك بزانم لەبەردەم خوادا)).

(٦) یاریکردن بە زار و تاوڵە

١٤٣٦ـ عن بُرَيْدَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ لَعِبَ بِالنَّرْدَشِيرِ فَكَأَنَّمَا صَبَغَ يَدَهُ فِي لَحْمِ خِنْزِيرٍ وَدَمِهِ)).

(له (بريدة)وه (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس یاری بکات بەزار و تاوڵە، هەروەك ئەوە وایە دەستی سورکردبێت بە گۆشت و خوێنی بەراز)).

(٥٠) بەشی خەوبینین

(١) خەوبینینی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٣٧ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((رَأَيْتُ ذَاتَ لَيْلَةٍ فِيمَا يَرَى النَّائِمُ كَأَنَّا فِي دَارِ عُقْبَةَ بْنِ رَافِعٍ، فَأُتِينَا بِرُطَبٍ مِنْ رُطَبِ ابْنِ طَابٍ، فَأَوَّلْتُ الرِّفْعَةَ لَنَا فِي الدُّنْيَا، وَالْعَاقِبَةَ فِي الْآخِرَةِ، وَأَنَّ دِينَنَا قَدْ طَابَ)).

(انس)ی کوڕی (مالك) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((شەوێك لە خەودا دیم وامزانی واین لەماڵی (عقبە)ەی کوڕی (رافع) خورمای تازەیان بۆ هێناین، لەجۆری (ابن طاب) بەرزبونەوەکەم خەوپرژێن کرد بە بەرز بوونەوەی دنیا و ئاکامی خێر لەدواڕۆژدا و، دەینەکەیشمان بەڕاستی کامڵ و سەقامگیر بووە)).

١٤٣٨ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((رَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أُهَاجِرُ مِنْ مَكَّةَ إِلَى أَرْضٍ بِهَا نَخْلٌ، فَذَهَبَ وَهَلِي إِلَى أَنَّهَا الْيَمَامَةُ أَوْ هَجَرُ، فَإِذَا هِيَ الْمَدِينَةُ يَثْرِبُ، وَرَأَيْتُ فِي رُؤْيَايَ هَذِهِ أَنِّي هَزَزْتُ سَيْفًا فَانْقَطَعَ صَدْرُهُ، فَإِذَا هُوَ مَا أُصِيبَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ أُحُدٍ، ثُمَّ هَزَزْتُهُ أُخْرَى فَعَادَ أَحْسَنَ مَا كَانَ، فَإِذَا هُوَ مَا جَاءَ اللَّهُ بِهِ مِنَ الْفَتْحِ وَاجْتِمَاعِ الْمُؤْمِنِينَ، وَرَأَيْتُ فِيهَا [أَيْضًا] بَقَرًا، وَاللَّهُ خَيْرٌ، فَإِذَا هُمُ النَّفَرُ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ أُحُدٍ، وَإِذَا الْخَيْرُ مَا جَاءَ اللَّهُ بِهِ مِنَ الْخَيْرِ بَعْدُ، وَثَوَابُ الصِّدْقِ الَّذِي آتَانَا اللَّهُ بَعْدَ يَوْمِ بَدْرٍ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٤٢٥]

لە (ابي موسى الأشعري)یەوە، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەخەودا دیم لەمەکەوە کۆچم دەکرد بۆ ئەرزێك دارخومای تێدابوو، زەینم بۆی چوو ئەو خاکە (یَمامة)بێت یان (هَجَر)، کەچی (مەدینە-یثرب)بوو، هەر لەو خەوەمدا دیم شمشێرێکم ڕاوەشاند سەرەکەی قرتا، ئەویش ئەوە بوو توشی باوەڕداران هات ڕۆژی ئوحود، پاش ئەوە شمشێرەکەم جارێکی تر ڕاوەشاند چاکتر لەجارانی لێهاتەوە، ئەویش ئەوە بوو خوا پێی داین لە ئازادکردنی {مەککە} و کۆبونەوەی باوەڕداران، هەر لەو خەوەدا چەند مانگایەکم دی {سەردەبڕان} و {پێیان وتم}: (والله خیراً) ئەوانیش ئەو موسڵمانانەبوون ڕۆژی ئوحود {شەهیدکران}، خێرەکەیش ئەو سەرکەوتنەبوو دواتر خوا

پێیدابن و پاداشتی ئەو ڕاستییە بوو، دواتر لە ڕۆژی بەدری {دوهەمدا} خوا پێی بەخشین.

(٢) پێغەمبەر (ﷺ) (مسیلمە)ی درۆزن و (عنسی) درۆزن لەخەودا دەبینێ

١٤٣٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: قَدِمَ مُسَيْلِمَةُ الْكَذَّابُ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) الْمَدِينَةَ، فَجَعَلَ يَقُولُ: إِنْ جَعَلَ لِي مُحَمَّدٌ الْأَمْرَ مِنْ بَعْدِهِ تَبِعْتُهُ. فَقَدِمَهَا فِي بَشَرٍ كَثِيرٍ مِنْ قَوْمِهِ، فَأَقْبَلَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ) وَمَعَهُ ثَابِتُ بْنُ قَيْسِ ابْنِ شَمَّاسٍ، وَفِي يَدِ النَّبِيِّ (ﷺ) قِطْعَةُ جَرِيدَةٍ، حَتَّى وَقَفَ عَلَى مُسَيْلِمَةَ فِي أَصْحَابِهِ، قَالَ: ((لَوْ سَأَلْتَنِي هَذِهِ الْقِطْعَةَ مَا أَعْطَيْتُكَهَا، وَلَنْ أَتَعَدَّى أَمْرَ اللَّهِ فِيكَ، وَلَئِنْ أَدْبَرْتَ لَيَعْقِرَنَّكَ اللَّهُ، وَإِنِّي لَأَرَاكَ الَّذِي أُرِيتُ فِيكَ مَا أُرِيتُ، وَهَذَا ثَابِتٌ يُجِيبُكَ عَنِّي)). ثُمَّ انْصَرَفَ عَنْهُ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: فَسَأَلْتُ عَنْ قَوْلِ النَّبِيِّ (ﷺ): ((إِنَّكَ أَرَى الَّذِي أُرِيتُ فِيكَ مَا أُرِيتُ)) فَأَخْبَرَنِي أَبُو هُرَيْرَةَ: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ فِي يَدَيَّ سِوَارَيْنِ مِنْ ذَهَبٍ، فَأَهَمَّنِي شَأْنُهُمَا، فَأُوحِيَ إِلَيَّ فِي الْمَنَامِ: أَنِ انْفُخْهُمَا، فَنَفَخْتُهُمَا فَطَارَا، فَأَوَّلْتُهُمَا كَذَّابَيْنِ يَخْرُجَانِ مِنْ بَعْدِي، فَكَانَ أَحَدُهُمَا الْعَنْسِيَّ صَاحِبَ صَنْعَاءَ، وَالْآخَرُ مُسَيْلِمَةَ صَاحِبَ الْيَمَامَةِ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٤٢٤]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: (مسیلمە)ی درۆزن لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتە مەدینە، دەیوت: ئەگەر محمد دوای خۆی کارەکەی بداتە دەست من دوای دەکەوم، هات بۆ مەدینە لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لەگەلەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ (ثابت)ی کوڕی (قیس)ی کوڕی (شماس)داهات بۆلای چڵێدارخورمای بەدەستەوە بوو، هەتا وەستابەلای (مُسیلمە)وە کەلەناو هاوڕێکانیدا بوو، فەرمووی: ((گەر داوای ئەم چڵەدارەم لێبکەیت ناتدەمێ من لە فەرمانی خوا دەرناچم دەربارەی تۆ، ئەگەر لە ڕاستیش پشت هەڵکەیت خوا سەرت دەبڕێ، من دەتبینم بەو شێوەی لەخەودا پیشانی من دراوی، ئەویش (ثابت)ە لە بریتی من وەڵامت دەداتەوە)) ئیتر بەجێی هێشت.

(ابن عباس) دەڵێ: پرسیارم کرد لەو فەرمودەی پێغەمبەرە (ﷺ): ((تۆ وا دێیتە پێش چاوم کە من لە لەخەودا پیشانم دراوە، ئەوەی پیشانم دراوە)) أبو هریرە هەواڵی پێدام کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەکاتێکدا من خەوتبووم دوو بازنەی ئاڵتونیم دی لەهەردوو دەستمدا، زۆر بەلامەوە گران بوو، هەر لەو خەوەدا نیگام بۆ هات: فویان لێکە، فوم لێکردن بابردنی، بەدوو درۆزن خەو

پرژێنم کردن، دوای من پەیدا دەبن، یەکێکیان (عنسی) خەڵکی (صنعاء)بوو، ئەوی دیکەشیان (مسیلمة)ی خەڵکی (یمامە) بوو.

(٣) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)

(هەرکەس لەخەودا بمبینێ ئەوە منی دیوە).

١٤٤٠ـ عن أبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَسَيَرَانِي فِي الْيَقَظَةِ، أَوْ: لَكَأَنَّمَا رَآنِي فِي الْيَقَظَةِ، لَا يَتَمَثَّلُ الشَّيْطَانُ بِي)). وَقَالَ: فَقَالَ أَبُو سَلَمَةَ: قَالَ أَبُو قَتَادَةَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ رَآنِي فَقَدْ رَأَى الْحَقَّ)). [بخاري/ التعبير/ ٦٥٩٢]

(ابو هريرة)دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((هەر کەس لەخەودا من ببینێ ئەوە لە بێداریشدا هەر دەمبینێ، یان: وەك ئەوە وەهایە لە بێداریدا منی دیبێ، شەیتان نایەتە شێوەی منەوە)).

ابو هریرە وتی: لە (ابو سلمة)وە: لە (ابو قتادة)وە : کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس منی لەخەودا بینی ئەوە هەقی بینیوە)) {واتە: خەوەکەی ڕاستە و هەڵەشەو پەڵەشە نیە}.

(٤) خەوی باش لەخواوەیە خەوی خراپ لە شەیتانەوەیە

١٤٤١. عن أبي سَلَمَةَ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا قَتَادَةَ (ﷺ) يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((الرُّؤْيَا مِنَ اللَّهِ وَالْحُلْمُ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَنْفُثْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، وَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّهَا، فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ)). فَقَالَ: إِنْ كُنْتُ لَأَرَى الرُّؤْيَا أَثْقَلَ عَلَيَّ مِنْ جَبَلٍ، فَمَا هُوَ إِلَّا أَنْ سَمِعْتُ بِهَذَا الْحَدِيثِ فَمَا أُبَالِيهَا. [بخاري/ الطب/ ٥٤١٥]

(ابي سلمة)دەڵێ: لە (ابو قتادة)م بیستووە دەیوت: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە، دەیفەرموو: ((خەوی باش لەخواوەیە خەوی خراپ لەشەیتانەوە، ئەگەر یەکێ لە ئێوە خەوێکی دی پێی ناخۆش بوو باسێ‌جار تف بکات بەلای چەپیدا و، پەنابگرێت بەخوا لە خراپەی ئەو خەوە ئیتر ئەو خەوە زیانی پێناگەیەنێت)).

(ابو سلمه) دەڵێ: خەوی وام دەبینی لە کێوێك قورستر بوو بەلامەوە هەتا ئەم فەرموودەیەم بیست ئیتر دوای ئەوە گوێم نەئەدایە.

(٥) خەوی چاك لە خواوەیە هەرکەس شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو با نەیگێڕێتەوە

١٤٤٢- عَنْ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: إِنْ كُنْتُ لَأَرَى الرُّؤْيَا تُمْرِضُنِي، قَالَ: فَلَقِيتُ أَبَا قَتَادَةَ فَقَالَ: وَأَنَا كُنْتُ لَأَرَى الرُّؤْيَا فَتُمْرِضُنِي، حَتَّى سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَقُولُ: ((إِن الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنَ اللَّه، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يُحِبُّ فَلَا يُحَدِّثْ بِهَا إِلَّا مَنْ يُحِبُّ. وَإِنْ رَأَى مَا يَكْرَهُ فَلْيَتْفُلْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلَاثًا، وَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّـهِ مِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشَرِّهَا، وَلَا يُحَدِّثْ بِهَا أَحَدًا، فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ)). [بخاري/ التعبير/ ٦٦٣٧]

(أبي مسلمة)دەڵێ: من خەوی وام دەبینی نەخۆشی دەخستم تاگەیشتم بە (أبو قتادة) ئەویش وتی: منیش خەوم دەبینی نەخۆشی دەخستم هەتا بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((بەڕاستی خەوی چاك لەخواوەیە، هەرکەس لە ئێوە خەوێکی بینی پێیخۆش بوو باسی نەکات لای کەسێ نەبێ کە خۆشی دەوێ، ئەگەر شتێکی بینی بەلایەوە ناخۆش بوو باسێ جار تف بکات بەلای چەپیدا وپەنابگرێت بەخوا لە خراپەی شەیتان و خراپەی ئەو خەوە، بۆ کەسیشی نەگێڕێتەوە، ئیتر ئەوخەوە زیانی بۆی نابێت)).

(٦) ئەگەر خەوێکی بینی پێی ناخۆش بوو با پەنا بگرێت بەخواو خۆی وەربگێڕێت و لەسەر لاکەی تری بخەوێت

١٤٤٣- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((إِذَا رَأَى أَحَدُكُمُ الرُّؤْيَا يَكْرَهُهَا فَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلَاثًا، وَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ثَلَاثًا، وَلْيَتَحَوَّلْ عَنْ جَنْبِهِ الَّذِي كَانَ عَلَيْهِ)).

لە (جابر)ەوە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێ لەئێوە خەوێکی ناخۆشی بینی باسێ جار تف بکات بەلای چەپیدا و، سێجار پەنابگرێت بەخوا و، خۆی وەربگێڕێت لەو لایەی لەسەری خەوتووە)).

(٧) خەوی باوەڕدار بەشێکە لەچل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی

١٤٤٤- عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ)). [بخاري/ التعبير/ ٦٥٨٦]

(عبادة)ی کوڕی (صامت) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خەوی باوەڕدار بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی)).

(٨) خەوی چاك بەشێكە لە حەفتا بەشی پێغەمبەرایەتی

١٤٤٥ـ مكرر ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ)) بخاری / التعبير / ٦٥٦٨.

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خەوی چاك بەشێكە لە حەفتا بەشی پێغەمبەرایەتی)).

(٩) هەركات ئاخر زەمان نزیك بوویەوە خەوی موسڵمان زۆربەی دێتەدی

١٤٤٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا اقْتَرَبَ الزَّمَانُ لَمْ تَكَدْ رُؤْيَا الْمُسْلِمِ تَكْذِبُ، وَأَصْدَقُكُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُكُمْ حَدِيثًا، وَرُؤْيَا الْمُسْلِمِ جُزْءٌ مِنْ خَمْسٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ، وَالرُّؤْيَا ثَلَاثَةٌ: فَرُؤْيَا الصَّالِحَةِ بُشْرَى مِنَ اللَّهِ، وَرُؤْيَا تَحْزِينٌ مِنَ الشَّيْطَانِ، وَرُؤْيَا مِمَّا يُحَدِّثُ الْمَرْءُ نَفْسَهُ، فَإِنْ رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يَكْرَهُ فَلْيَقُمْ فَلْيُصَلِّ، وَلَا يُحَدِّثْ بِهَا النَّاسَ)). قَالَ: ((وَأُحِبُّ الْقَيْدَ وَأَكْرَهُ الْغُلَّ، وَالْقَيْدُ ثَبَاتٌ فِي الدِّينِ)). فَلَا أَدْرِي هُوَ فِي الْحَدِيثِ أَمْ قَالَهُ ابْنُ سِيرِينَ. [بخاري/ التعبير/ ٦٦١٤]

لە(أبو هريرة)وە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەركات دوا ڕۆژ نزیك بوویەوە نزیكە خەوی موسڵمان بەدرۆ دەرنەچێ، ئەوەتان كە زۆرترین خەوی بەراست دەگەڕێ ڕاستگۆترینتانە، خەوی موسڵمان بەشێكە لە چل و پێنج بەشی پێغەمبەرایەتی، خەو سێ جۆرە خەوی چاك موژدەی خوایی‌یە، خەوی خەفەتئامێز لەشەیتانەوەیە، خەوێكیش دالغەی دەروونی ئەو كەسەخۆیەتی، ئەگەر یەكێ لە ئێوە خەوی ناخۆشی بینی باهەستێ و نوێژ بكات و، بۆ خەڵكی نەگێڕێتەوە)). (ڕاوی) فەرمودەكە دەڵێ: من پێوەندم پێخۆشە و كۆتی ملم پێناخۆشە، پێوەند دامەزراوی‌یە لە ئایندا، نازانم ئەوە لەفەرموودەكەدا بووەیان: ابن سيرين وتوویەتی.

(١٠) ئەوەی دەربارەی خەو پرژێن هاتووە

١٤٤٧ـ عَنْ عُبَيْدَ اللَّهِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ: أَنَّ ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) كَانَ يُحَدِّثُ: أَنَّ رَجُلًا أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَرَى اللَّيْلَةَ فِي الْمَنَامِ ظُلَّةً تَنْطِفُ السَّمْنَ وَالْعَسَلَ، فَأَرَى النَّاسَ يَتَكَفَّفُونَ مِنْهَا بِأَيْدِيهِمْ، فَالْمُسْتَكْثِرُ وَالْمُسْتَقِلُّ، وَأَرَى سَبَبًا وَاصِلًا مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ، فَأَرَاكَ أَخَذْتَ بِهِ فَعَلَوْتَ،

ثُمَّ أخَذَ بِهِ رَجُلٌ مِنْ بَعْدِكَ فعَلَا، ثُمَّ أخَذَ بِهِ رَجلٌ آخَرُ فعَلَا، ثُمَّ أخَذَ بِهِ رَجُلٌ آخَرُ فَانْقَطَعَ بِهِ، ثُمَّ وُصِلَ لَهُ فعَلَا. قَالَ أبُو بَكْرٍ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، بِأبِي أنْتَ، وَاللَّهِ لَتَدعَنِّي فَلَأعْبُرَنَّهَا. قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اعْبُرْهَا)). قَالَ أبُو بَكْرٍ: أمَّا الظُّلَّةُ فَظُلَّةُ الإِسْلَامِ، وَأمَّا الَّذِي يَنْطِفُ مِنَ السَّمْنِ وَالعَسَلِ فَالقُرْآنُ حَلَاوَتُهُ وَلِينُهُ، وَأمَّا مَا يَتَكَفَّفُ النَّاسُ مِنْ ذَلِكَ فَالمُسْتَكْثِرُ مِنَ القُرْآنِ وَالمُسْتَقِلُّ [منه]. وَأمَّا السَّبَبُ الوَاصِلُ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الأرْضِ فَالحَقُّ الَّذِي أنْتَ عَلَيْهِ. تَأْخُذُ بِهِ، فَيُعْلِيكَ اللَّهُ [بِهِ]، ثُمَّ يَأْخُذُ بِهِ رَجُلٌ مِنْ بَعْدِكَ فَيَعْلُو بِهِ، ثُمَّ يَأْخُذُ بِهِ رَجُلٌ آخَرُ فَيَعْلُو بِهِ، ثُمَّ يَأْخُذُ بِهِ رَجُلٌ آخَرُ فَيَنْقَطِعُ بِهِ، ثُمَّ يُوصَلُ لَهُ فَيَعْلُو بِهِ، فَأخْبِرْنِي يَا رَسُولَ اللَّهِ بِأبِي أنْتَ [وامي]، أصَبْتُ أمْ أخْطَأْتُ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أصَبْتَ بَعْضًا وَأخْطَأْتَ بَعْضًا)). قَالَ: فَوَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ لَتُحَدِّثَنِّي مَا الَّذِي أخْطَأْتُ؟ قَالَ: ((لَا تُقْسِمْ)). [بخاري/ التعبير/ ٦٦٣٩]

لە (عبيد الله)ی کوڕی (عبدالله) ی کوڕی (عتبە)وە کە (ابن عباس)(ﷺ) فەرموودەیەکی گێڕایەوە: کە پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ئەمشەو لەخەودا دیم پارچە هەورێك ڕۆن و هەنگوینی لێدەتکا، خەڵکم دەبینی دەستیان بۆ دەگرتەوە، هەیانبوو زۆری دەگرتەوە، هەیانبوو کەم، گوریسێکم بینی لە ئاسمانەوە شۆڕ بوبویەوە بۆسەر زەمین، تۆم دی ئەوگوریسەت گرت وپێیدا سەرکەوتی، دوای تۆ پیاوێك گرتی و سەرکەوت، دوای ئەویش پیاوێکی تر گرتی وسەرکەوت، دوای ئەویش پیاوێکی تر گرتی و بچڕا، بۆیان گەیاندەوەیەك و سەرکەوت. (ابوبکر)(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا -باوکم فیداتبێ- سوێند بەخوا لێم دەگەڕێی خەوپرژێنی دەکەم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خەو پرژێنی بکە)) ابوبکر وتی: پارچە هەورەکە سێبەری ئیسلامە، ئەوەیشی لێی دەتکا لەڕۆن و هەنگوین شیرینی و نەرم و نیانی قورئانە، ئەوەیشی خەڵك دەیانگرتەوە زۆر وەرگرتنیانە لە قورئان، یان کەم وەرگرتنیانە لەو. ئەو گوریسەش لە ئاسمانەوە هاتبووە سەر زەمین ئەو ڕاستییەیە تۆی لەسەری و دەستی پێوەدەگریت و خوابەرزت دەکاتەوە پێی، دوای تۆ پیاوێکی تر دەیگرێ و پێی بەرز دەبێتەوە، دوای ئەویش پیاوێکی تر دەیگرێ و پێی بەرز دەبێتەوە دوای ئەویش پیاوێکی تر دەیگرێت و دەبچڕێ، ئەمجا بۆی گرێدەدەنەوە و پیاسەردەکەوێت، هەواڵم بدەرێ ئەی پێغەمبەری

خوا باوك و{دایکم} فیدات بێ- ئایا پێکام یان هەڵەم کرد؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەندێکت پێکا و هەندێکت هەڵە کرد)) وتی: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا دەبێ پێم بڵێی چیم هەڵەکرد؟ فەرمووی: ((سوێند مەخۆ)).

(١١) ئەوەی لەخەودا شەیتان یاری پێکردووە نەیگێڕێتەوە

١٤٤٨ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، رَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ كَأَنَّ رَأْسِي ضُرِبَ فَتَدَحْرَجَ، فَاشْتَدَدْتُ عَلَى أَثَرِهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) [لِلْأَعْرَابِيِّ]: ((لَا تُحَدِّثْ النَّاسَ بِتَلَعُّبِ الشَّيْطَانِ بِكَ فِي مَنَامِكَ)). وَقَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَخْطُبُ فَقَالَ: ((لَا يُحَدِّثَنَّ أَحَدُكُمْ بِتَلَعُّبِ الشَّيْطَانِ بِهِ فِي مَنَامِهِ)).

(جابر)ی کوڕی (عبدالله)(ﷺ) دەڵێ: دەشتەکییەك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، لەخەودا دیم سەرم پەڕێنرا و غل بوویەوە، بەتوندی ڕام دەکرد بەدوایدا. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی {بەدەشتەکیەکە}: ((قسە مەکە بۆ خەڵك کە شەیتان لەخەوتدا یاری پێکردویت)). (جابر) فەرمووی: بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هیچ کەس لە ئێوە باسی ئەوە نەکات کە شەیتان یاری پێکردووە)).

(٥١) بەشی پلەوپایەكان (كتاب الفضائل)

پلەوپایەكانی پێغەمبەر (ﷺ)

(١) هەڵبژاردنی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٤٩. عن وَاثِلَةَ بْنَ الْأَسْقَعِ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ اللَّهَ (عز وجل) اصْطَفَى كِنَانَةَ مِنْ وَلَدِ إِسْمَعِيلَ (عليه السلام)، وَاصْطَفَى قُرَيْشًا مِنْ كِنَانَةَ، وَاصْطَفَى مِنْ قُرَيْشٍ بَنِي هَاشِمٍ، وَاصْطَفَانِي مِنْ بَنِي هَاشِمٍ)).

(واثلە)ی كوڕی (الاسقع) (رضي الله عنه) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((خوای گەورە لە ڕۆڵەكانی (إسماعیل) (عليه السلام) (كنانة)ی هەڵبژاردووە، لە (كنانة)یش قورەیشی هەڵبژاردووە، لە قورەیشیش نەوەی هاشمی هەڵبژاردووە، لەنەوەی هاشمیش منی هەڵبژاردووە.

(٢) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): (من گەورەی ڕۆڵەكانی ئادەمم)

١٤٥٠- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَأَوَّلُ مَنْ يَنْشَقُّ عَنْهُ الْقَبْرُ، وَأَوَّلُ شَافِعٍ وَأَوَّلُ مُشَفَّعٍ)).

(ابو هريرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لە ڕۆژی قیامەتدا من گەورەی ڕۆڵەكانی ئادەمم، یەكەم كەسیشم سەرلە گۆڕ دێنمە دەر، یەكەم شەفاعەتكارم و یەكەم شەفاعەت وەرگیراوم)).

(٣) نموونە بۆ ئەو ڕێنمایی و زانستەی خوا بە پێغەمبەردا (ﷺ) ناردویەتی

١٤٥١- عَنْ أَبِي مُوسَى (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ مَثَلَ مَا بَعَثَنِيَ اللَّهُ بِهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنَ الْهُدَى وَالْعِلْمِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَصَابَ أَرْضًا، فَكَانَتْ مِنْهَا طَائِفَةٌ طَيِّبَةٌ قَبِلَتِ الْمَاءَ، فَأَنْبَتَتِ الْكَلَأَ وَالْعُشْبَ الْكَثِيرَ. وَكَانَ مِنْهَا أَجَادِبُ أَمْسَكَتِ الْمَاءَ، فَنَفَعَ اللَّهُ بِهَا النَّاسَ فَشَرِبُوا مِنْهَا وَسَقَوْا وَرَعَوْا. وَأَصَابَ طَائِفَةً مِنْهَا أُخْرَى، إِنَّمَا هِيَ قِيعَانٌ لَا تُمْسِكُ مَاءً وَلَا تُنْبِتُ كَلَأً. فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ فَقُهَ فِي دِينِ اللَّهِ وَنَفَعَهُ بِمَا بَعَثَنِيَ اللَّهُ بِهِ، فَعَلِمَ وَعَلَّمَ، وَمَثَلُ مَنْ لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْسًا، وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى اللَّهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ)). [بخاري/ العلم/ ٧٩]

(ابو موسى الأشعري)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((بەڕاستی نموونەی ئەم ڕێنمایی و زانستەی خوای گەورە بە مندا ناردویەتی وەك بارانێك وەهایە دەدا لەزەوییەك، ئەو زەوییە بەشێکی بەپیتە ئاوەکە هەڵدەمژێ ، روەك و گژوگیــــای زۆر دەڕوێنـــێ، هەندێکیشـــی خـــاکێکی بێپیتـــە ئاوەکـــەی تیادەمێنێتەوە و خـوا دەیکـات بـەهۆی سـوودی خـەڵکی ئـاوی لێدەخۆنـەوە و ئاژەڵ و مەزرای پێئاودەدەن، هەر ئـەو بارانـە دەدات لەپارچەیـەکی تـری ئـەو ئەرزە کە تەخت و کرێنە نەئاو هەڵدەگرێت و نەگیا سەوز دەکات، ئەم نموونانە: بۆ کەسێکە کە شارەزا بوبێت لە ئاینی خوای (ﷻ) و خوا سودی پێبەخشیبێ بـەو پەیامـەی بـەمندا ناردویـەتی، خـۆی فـێربووە و خەڵکیشـی فـێرکردووە، هـەروەها نموونـەی کەسێکیشـە کـە ئـەو پەیامـەی پشـت گـوێ خسـتووە و ئـەو ڕێنمایییەی وەرنەگرتووە کە منی بۆ ڕەوانەکردووە)).

١٤٥٢ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ مَثَلِي وَمَثَلَ مَا بَعَثَنِيَ اللَّهُ بِهِ كَمَثَلِ رَجُلٍ أَتَى قَوْمَهُ، فَقَالَ: يَا قَوْمِ إِنِّي رَأَيْتُ الْجَيْشَ بِعَيْنَيَّ، وَإِنِّي أَنَا النَّذِيرُ الْعُرْيَانُ، فَالنَّجَاءَ. فَأَطَاعَهُ طَائِفَةٌ مِنْ قَوْمِهِ فَأَدْلَجُوا فَانْطَلَقُوا عَلَى مُهْلَتِهِمْ، وَكَذَّبَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ فَأَصْبَحُوا مَكَانَهُمْ، فَصَبَّحَهُمُ الْجَيْشُ، فَأَهْلَكَهُمْ وَاجْتَاحَهُمْ، فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ أَطَاعَنِي وَاتَّبَعَ مَا جِئْتُ بِهِ، وَمَثَلُ مَنْ عَصَانِي وَكَذَّبَ مَا جِئْتُ بِهِ مِنَ الْحَقِّ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١١٧]

لە(ابو موسى)وە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((نموونـەی مـن و ئەو پەیامەی خوا منی پێناردوە، وەك پیاوێك وەهایە چووەتە لای گەلەکەی و پێی وتوون: ئەی گەلەکەم من بەم دووچاوی خۆمە سوپاکەم بینی و، من هاوار بەدەمی ڕووت و قوتم[1]، فریای خۆتان کەون، کۆمەڵێك لە گەلەکەی بەقسەیان کرد و هەر سەر لەئێوارە کەوتنە ڕێ لەسەرخۆ و بەئارامی، کۆمەڵێکی تر لەو گەلە هەواڵەکەیان بەدرۆ زانی لەشوێنی خۆیان نەجوڵان تابەیانی سوپاکە دای بەسەریاندا، لەناوی بردن و لە بنی هێنان، ئەمە نموونەی ئەو کەسەیە بەقسەی

[1] هاواربەدەمی ڕووت و قوت (النذير العريان) زاراوەیەکی عەرەبییە لەکاتی ترسی کـوت وپڕدا بەکاری دێنن.بڕوانە (لسان العرب) مادة (نذر)

منی کردووە و دوای ئەو پەیامە کەوتووە کە هێناومە، نموونەی ئەو کەسەیش لەمن یاخی بووە و، ئەو پەیامە ڕاستەی من پێی هاتووم ئەو بەدرۆی زانیوە)).

(٤) کۆتایی هاتنی پێغەمبەران بە پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٥٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَثَلِي وَمَثَلُ الْأَنْبِيَاءِ مِنْ قَبْلِي، كَمَثَلِ رَجُلٍ بَنَى بُنْيَانًا فَأَحْسَنَهُ وَأَجْمَلَهُ، إِلَّا مَوْضِعَ لَبِنَةٍ مِنْ زَاوِيَةٍ مِنْ زَوَايَاهُ، فَجَعَلَ النَّاسُ يَطُوفُونَ بِهِ وَيَعْجَبُونَ لَهُ وَيَقُولُونَ: هَلَّا وُضِعَتْ هَذِهِ اللَّبِنَةُ؟ قَالَ: فَأَنَا اللَّبِنَةُ، وَأَنَا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٤٢]

لە(ابو هريرة)وە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((نموونەی من و پێغەمبەرانی پێش من وەك نموونەی پیاوێك وەهایە کە بینایەکی دروست کردووە و زۆر چاك و جوانی کردووە، تەنها جێگای یەك خشت نەبێت، لە سوچێك لە سوچەکانیدا، خەڵك بەدەوریدا دەگەڕێن و سەرسام دەبن و دەڵێن: ئەی ئەم خشتە بۆچ دانەنراوە؟ فەرمووی: من ئەو خشتەم و من سەرمۆری پێغەمبەرانم)).

(٥) سڵاوکردنی بەرد لە پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٥٤ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي لَأَعْرِفُ حَجَرًا بِمَكَّةَ كَانَ يُسَلِّمُ عَلَيَّ قَبْلَ أَنْ أُبْعَثَ، إِنِّي لَأَعْرِفُهُ الْآنَ)).

(جابر)ی کوڕی (سمرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((من بەردێك دەناسم لە مەککەدا پێش ئەوەی بکرێم بە پێغەمبەر سەلامی لێدەکردم، من ئێستە دەیناسم)).

(٦) هەڵقوڵاندنی ئاو لەنێو پەنجەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٥٥ـ عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (رضي الله عنه): أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) وَأَصْحَابَهُ بِالزَّوْرَاءِ -قَالَ: وَالزَّوْرَاءُ بِالْمَدِينَةِ عِنْدَ السُّوقِ وَالْمَسْجِدِ فِيمَا ثَمَّهْ- دَعَا بِقَدَحٍ فِيهِ مَاءٌ، فَوَضَعَ كَفَّهُ فِيهِ فَجَعَلَ يَنْبُعُ مِنْ بَيْنِ أَصَابِعِهِ، فَتَوَضَّأَ جَمِيعُ أَصْحَابِهِ. قَالَ: قُلْتُ: كَمْ كَانُوا يَا أَبَا حَمْزَةَ؟ قَالَ: كَانُوا زُهَاءَ الثَّلَاثِ مِائَةِ. [بخاري/ الوضوء/ ١٦٧]

لە (انس)ی کوڕی (مالك)ەوە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەری خوا و(ﷺ) یارەکانی لە (زوراء)دابوون، -دەڵێ زوراء جێگایەکە لە مەدینە لای بازاڕ و مزگەوتدایە لەکاتێکدا لەوێ بوو- بانگی کرد جامۆڵکەیەك ئاوی بۆ بهێنن لەپی خستە ناو ئاوەکە، ئاو لە نێوان پەنجەکانی هەڵدەقوڵا، هەموو یارەکانی دەسنوێژیان گرت،

{قتادە}دەڵێ: وتم چەند کـەس بـوون ئـەی بـاوکی حـەمزە؟ وتــی: ئـەندازەی سێصەد کەس دە بوون.

(٧) نیشانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەئـاودا

١٤٥٦ـ عن مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ (ﷺ) قالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللّه (ﷺ) عَامَ غَزْوَةِ تَبُوكَ، فَكَانَ يَجْمَعُ الصَّلَاةَ، فَصَلَّى الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا، وَالْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ جَمِيعًا، حَتَّى إِذَا كَانَ يَوْمًا أَخَّرَ الصَّلَاةَ، ثُمَّ خَرَجَ فَصَلَّى الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا، ثُمَّ دَخَلَ، ثُمَّ خَرَجَ بَعْدَ ذَلِكَ فَصَلَّى الْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ جَمِيعًا، ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّكُمْ سَتَأْتُونَ غَدًا إِنْ شَاءَ اللَّهُ [تعالى] عَيْنَ تَبُوكَ، وَإِنَّكُمْ لَنْ تَأْتُوهَا حَتَّى يُضْحِيَ النَّهَارُ، فَمَنْ جَاءَهَا مِنْكُمْ فَلَا يَمَسَّ مِنْ مَائِهَا شَيْئًا حَتَّى آتِيَ)). فَجِئْنَاهَا وَقَدْ سَبَقَنَا إِلَيْهَا رَجُلَانِ، وَالْعَيْنُ مِثْلُ الشِّرَاكِ، تَبِضُّ بِشَيْءٍ مِنْ مَاءٍ، قَالَ: فَسَأَلَهُمَا رَسُولُ اللّه (ﷺ): ((هَلْ مَسَسْتُمَا مِنْ مَائِهَا شَيْئًا)). قَالَا: نَعَمْ، فَسَبَّهُمَا النَّبِيُّ (ﷺ)، وَقَالَ لَهُمَا مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقُولَ، قَالَ: ثُمَّ غَرَفُوا بِأَيْدِيهِمْ مِنَ الْعَيْنِ قَلِيلًا قَلِيلًا، حَتَّى اجْتَمَعَ [فِي] شَيْءٍ، [قَالَ]: وَغَسَلَ رَسُولُ اللّه (ﷺ) فِيهِ يَدَيْهِ وَوَجْهَهُ ثُمَّ أَعَادَهُ فِيهَا فَجَرَتِ الْعَيْنُ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ -أَوْ قَالَ: غَزِيرٍ، شَكَّ أَبُو عَلِيٍّ أَيُّهُمَا قَالَ- حَتَّى اسْتَقَى النَّاسُ، ثُمَّ قَالَ: ((يُوشِكُ يَا مُعَاذُ -إِنْ طَالَتْ بِكَ حَيَاةٌ- أَنْ تَرَى مَا هَاهُنَا قَدْ مُلِئَ جِنَانًا)).

(معاذ)ی کوڕی (جبل)(ﷺ) دەڵێ: دەرچووین لـە خزمـەت پێغەمبـەردا (ﷺ) ساڵی غەزای تەبوك، نوێژەکانی کۆدەکردەوە، نیوەڕۆ و عەسری پێکەوە کرد، مەغریب و عیشایشی پێکەوە کرد، هەتا ڕۆژێك نوێژەکەی دواخست، لەپاشدا دەرچو نیـوەڕۆ و عەسـری پێکــەوە کـرد و هاتــەوە ژوور، لەپاشـدا دەرچـوو مەغریب و عیشای پێکەوە کرد، ئەمجا فەرمووی: ((ئێوە سبەینێ -انشاء الله- [تعالی] دەگەنە سەرکانیاوی تەبوك، نایشگەنە ئەوێ تا خۆر بەرز دەبێتەوە، هەر کەس لە ئێوە چووە سەری دەست نەدا لەئاوەکەی تا خۆم دێم))، گەیشتینە سەر کانیەکە دوو پیاومان پێش ئێمە کەوتبوون، ئاوەکە وەك سیرمەی کەوش باریك بوو، کەمێ ئاوی لێهەڵ دەقوڵا (معاذ)دەڵێ: پێغەمبـەر (ﷺ) لەودوانەی پرسـی: ((ئایـا دەسـتتان داوە لــە ئاوەکـە؟)) وتیـان: بـەڵێ، پێغەمبــەر (ﷺ)، ئەوەندەی خوا حەزبکات قسەی پێوتن، دەڵێ: لەپاشدا [خەڵکەکە] بەدەستیان کەم کەم لە کانیاوەکەیان هەڵگۆست هەتا کۆبوویەوە [لە] شتێکدا، (معاذ)دەڵێ:

پێغەمبـەری خـوا لەوشـتەدا هـەردوو دەسـت و دەموچـاوی شـۆرد، لەپاشـدا ئاوەكەی ڕۆكردەوە ناوكانیيەكە، كانیيەكە تـەقی بەئاوێكی لافاو -يـان وتـی: زۆر، بـاوكی علـی لـە گۆمانداپـە كاميـانی فـەرموو- هـەتا خـەڵك گشـتـی ئـاوی خواردەوە، ئەمجا فەرمووی: ((ئەی معاذ، دوور نیە -ئەگەر تەمەنت درێژ بـوو- ئەم دەڤەرە ببینیت پڕبووە لە باخ و باخات)).

(٨) بەرەكەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە خواردندا

١٤٥٧ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) يَسْتَطْعِمُهُ، فَأَطْعَمَهُ شَطْرَ وَسْقِ شَعِيرٍ، فَمَا زَالَ الرَّجُلُ يَأْكُلُ مِنْهُ وَامْرَأَتُهُ وَضَيْفُهُمَا حَتَّى كَالَهُ، فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: ((لَوْ لَمْ تَكِلْهُ لَأَكَلْتُمْ مِنْهُ، وَلَقَامَ لَكُمْ)).

لە(جابر)ەوە (ﷺ) كە پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) داوای خواردنـی لێكرد، نیوەی ویسقێك جۆی پێبەخشی، ئەو پیـاوە خـۆی و خـێزانی و میوانـی لێیـان دەخـوارد، هـەتا پێـوای، دوای ئـەوە هاتـەوە خزمـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر نەتپێوایێ هەر لێتان دەخوارد و دەمايەوە بۆتان)).

١٤٥٨ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا حُفِرَ الْخَنْدَقُ رَأَيْتُ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) خَمَصًا، فَانْكَفَأْتُ إِلَى امْرَأَتِي فَقُلْتُ لَـهَا: هَـلْ عِنْـدَكِ شَـيْءٌ؟ فَإِنِّي رَأَيْتُ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) خَمَصًا شَدِيدًا، فَأَخْرَجَتْ لِي جِرَابًا فِيهِ صَاعٌ مِنْ شَعِيرٍ، وَلَنَا بُهَيْمَةٌ دَاجِنٌ، قَالَ: فَذَبَحْتُهَا وَطَحَنَتْ فَفَرَغَتْ إِلَى فَرَاغِي، فَقَطَّعْتُهَا فِي بُرْمَتِهَا، ثُمَّ وَلَّيْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَتْ: لَا تَفْضَحْنِي بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَمَنْ مَعَهُ، قَالَ: فَجِئْتُهُ فَسَارَرْتُهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا قَدْ ذَبَحْنَا بُهَيْمَةً لَنَا وَطَحَنَتْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ كَانَ عِنْدَنَا، فَتَعَالَ أَنْتَ فِي نَفَرٍ مَعَكَ. فَصَاحَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقَالَ: ((يَا أَهْلَ الْخَنْدَقِ، إِنَّ جَابِرًا قَدْ صَنَعَ لَكُمْ سُورًا، فَحَيَّ هَلًا بِكُمْ)). وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تُنْزِلُنَّ بُرْمَتَكُمْ، وَلَا تَخْبِزُنَّ عَجِينَتَكُمْ حَتَّى أَجِيءَ)). فَجِئْتُ وَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقْدَمُ النَّاسَ، حَتَّى جِئْتُ امْرَأَتِي، فَقَالَتْ: بِكَ وَبِكَ! فَقُلْتُ: قَدْ فَعَلْتُ الَّذِي قُلْتِ لِي، فَأَخْرَجَتْ لَهُ عَجِينَتَنَا فَبَصَقَ فِيهَا وَبَارَكَ، ثُمَّ عَمَدَ إِلَى بُرْمَتِنَا فَبَصَقَ فِيهَا وَبَارَكَ، ثُمَّ قَالَ: ((ادْعِي خَابِزَةً فَلْتَخْبِزْ مَعَكِ، وَاقْدَحِي مِنْ بُرْمَتِكُمْ وَلَا تُنْزِلُوهَا)). وَهُمْ أَلْفٌ، فَأُقْسِمُ بِاللَّهِ لَأَكَلُوا حَتَّى تَرَكُوهُ، وَانْحَرَفُوا وَإِنَّ بُرْمَتَنَا لَتَغِطُّ كَمَا هِيَ، وَإِنَّ عَجِينَتَنَا -أَوْ كَمَا قَالَ الضَّحَّاكُ- لَتُخْبَزُ كَمَا هُوَ.

[بخاري/ المغازي/ ٣٨٧٦]

(جابر)ی کـوڕی (عبـدالله)(ﷺ) دەڵـێ: لـەکاتێکدا خەنـەك هەڵدەکـەنرا دیـم پێغەمبـەر (ﷺ) برسییەتی، گەڕامـەوە بۆ لایخێزانم و پێم وت: ئایـە هیچـت لا هەیە؟ من برسییەتییەکی زۆرم بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بینی، توێشەبەرەیەکی بۆ دەرهێنـام مـەنێ جۆی تێدابوو، کـاوڕێکی بچکۆلـەی ماڵیشـمان هـەبوو سـەرم بڕی، خێزانیشم جۆکەی هاڕی و لەگەڵ لێبوونـەوەی منـدا ئەویش لیبوویـەوە، گۆشـتەکەم ورد کـردە نـاو مەنجەڵەکـەی خـێزانم، پاشـان گەڕامـەوە، بـۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، خێزانم وتی: ئابڕوم مەبە، پێغەمبـەر (ﷺ) و ئەوەی لەگەڵیدایە بیهێنی، دەڵێ: هاتمە خزمەتی چرپاندم بەگوێیدا، وتم: ئەی پێغەمبـەری خوا (ﷺ) ئێمە کاوڕێکمان سەربڕیوە، مـەنێ جۆیشـمان هـەبوو خـێزانم هاڕیویـەتی، تۆ و چەند کەسێك لەگەڵ خۆت بفەرموون، پێغەمبەر (ﷺ) هـاواری کـرد: ((ئەی خــەڵکی خــەندەق جــابر دەعوەتــی بۆکــردوون خــێرا وەرن)) پێغەمبـــەر (ﷺ) فەرمووی: ((مەنجەڵەکە دامـەگرن و هەویرەکەش مەکـەن بـەنان تـا دێـم)). مـن هاتمەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) پێش خەڵکەکە کەوتبوو هات، هەتا گەیشـتمە لای خێزانم، وتی: تـۆ واو تـۆوا! وتم: ئـەوەی تـۆ پێـت وتم: وەهـام کـرد. هەویرەکەم دەرهێنـا بۆ {پێغەمبـەر (ﷺ)} تفـی تێکـردوو دوعـای بەرەکەتی بۆکرد، ئـەمجا ڕۆیشـت بۆ لای مەنجەڵەکە و تفی تێکرد و دوعـای بەرەکـەتیبۆ کـرد، پاشـان بەخێزانمی فەرموو: ((ئافرەتێك بانگ بکە نانت لەگـەڵ بکـات، لـەو مەنجەڵـەیش هەڵبگۆزن و دایمەگرن)) ئامادەبوان هەزار کەس بـوون، سوێندم بەخـوا هـەموو نانیان خوارد تا خۆیان وازیان هێنا و ڕۆیشتن، هێشتا، مەنجەڵەکەمان پـڕ بـوو وەك خۆی، هەویرەکەیشمان نانی لێدەکرا وەك خۆی.

١٤٥٩ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) ثَلَاثِينَ وَمِائَةً، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((هَلْ مَعَ أَحَدٍ مِنْكُمْ طَعَامٌ)). فَإِذَا مَعَ رَجُلٍ صَاعٌ مِنْ طَعَامٍ أَوْ نَحْوُهُ، فَعُجِنَ، ثُمَّ جَاءَ رَجُلٌ مُشْرِكٌ مُشْعَانٌّ طَوِيلٌ بِغَنَمٍ يَسُوقُهَا، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَبَيْعٌ أَمْ عَطِيَّةٌ)). أَوْ قَالَ: ((أَمْ هِبَةٌ)). فَقَالَ: لَا بَلْ بَيْعٌ، فَاشْتَرَى مِنْهُ شَاةً، فَصُنِعَتْ، وَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِسَوَادِ الْبَطْنِ أَنْ يُشْوَى، قَالَ: وَايْمُ اللَّهِ، مَا مِنَ الثَّلَاثِينَ وَمِائَةٍ إِلَّا حَزَّ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حُزَّةً [حُزَّةً] مِنْ سَوَادِ بَطْنِهَا، إِنْ كَانَ شَاهِدًا أَعْطَاهُ، وَإِنْ كَانَ غَائِبًا خَبَأَ لَهُ، قَالَ: وَجَعَلَ قَصْعَتَيْنِ، فَأَكَلْنَا مِنْهُمَا

أجْمَعُونَ وَشَبِعْنَا، وَفَضَلَ فِـي الْقَصْعَتَيْـنِ، فَحَمَلْتُـهُ عَلَـى الْبَعِـيرِ. أَوْ كَمَـا قَـالَ.
[بخاري/ الهبة/ ٢٤٧٥]

(عبدالرحمـن)ى كـوڕى (ابـو بكـر) (ﷺ) دەڵـێ: صــەد و ســی‌كەس لەگــەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بووین، فەرمووی: ((ئایە كەستان خواردنتـان پێیـە؟)) پیاوێك مەنێ، یان نزیكی مـەنێ خواردنـی پێبـوو، كرابەهــەویر، دوای ئـەوە پیـاوێكی موشـریكی قژكڤی درێـژ هـات بڕگەیـەك مـەڕی دابـوو لەبـەر، پێغەمبــەر (ﷺ) فەرمووی: ((فرۆشتنە، یان بەخشینە؟)) وتی: نەخێر فرۆشتنە، مەڕێكی لێكڕی كرا بە {مەرگە} ئەمجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی دا جگەرەكەی ببرژێنرێ، عبدالرحمـن دەڵـێ: سـوێندم بـەخوا ئـەو صــەد و سـی كەسـە كەسـی نــەماوە پێغەمبـەر (ﷺ) پارچەیەك لـەو جگـەرەی بۆڵنەكاتـەوە، ئەگـەر حازر بوایـە پێـی ئـەدا، ئەگـەر لەوێش ئەبوایـە بـۆی هـەڵدەگرت، دەڵـێ: هەرلـەو مەڕە دولەگـەن چێشـتی دروسـت كـرد هـەموو لێمـان خـوارد و تـێربووین، لێیشـی مایــەوە و خستمە سەرپشتی وشترەكە.

١٤٦٠ـ عن عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ): أَنَّ أَصْحَابَ الصُّفَّةِ كَانُوا نَاسًا فُقَرَاءَ، وَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ مَرَّةً: ((مَنْ كَـانَ عِنْـدَهُ طَعَـامُ اثْنَيْـنِ فَلْيَذْهَـبْ بِثَلَاثَةٍ، وَمَنْ كَانَ عِنْدَهُ طَعَامُ أَرْبَعَةٍ فَلْيَذْهَبْ بِخَامِسٍ، بِسَادِسٍ)). أَوْ كَمَا قَالَ، وَإِنَّ أَبَا بَكْرٍ جَاءَ بِثَلَاثَةٍ، وَانْطَلَقَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) بِعَشَرَةٍ وَأَبُو بَكْرٍ بِثَلَاثَةٍ، قَالَ: فَهُوَ وَأَنَا وَأَبِي وَأُمِّي، وَلَا أَدْرِي هَلْ قَالَ: وَامْرَأَتِي وَخَادِمٌ بَيْنَ بَيْتِنَا وَبَيْتِ أَبِي بَكْرٍ، [قَالَ]: وَإِنَّ أَبَا بَكْرٍ (ﷺ) تَعَشَّى عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) ثُمَّ لَبِثَ حَتَّى صُلِّيَتِ الْعِشَاءُ، ثُمَّ رَجَعَ فَلَبِثَ حَتَّى نَعَسَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَجَاءَ بَعْدَمَا مَضَى مِنَ اللَّيْلِ مَا شَاءَ اللَّهُ، قَالَتْ لَهُ امْرَأَتُهُ: مَا حَبَسَكَ عَنْ أَضْيَافِكَ؟ -أَوْ قَالَتْ: ضَيْفِكَ- قَالَ: أَوَ مَا عَشَّيْتِهِمْ، قَالَتْ: أَبَوْا حَتَّى تَجِيءَ، قَدْ عَرَضُوا عَلَيْهِمْ فَغَلَبُوهُمْ، قَالَ: فَذَهَبْتُ أَنَا فَاخْتَبَأْتُ، وَقَالَ: يَا غُنْثَرُ، فَجَدَّعَ وَسَبَّ، وَقَالَ: كُلُوا لَا هَنِيئًا، وَقَالَ: وَاللَّهِ لَا أَطْعَمُهُ أَبَدًا، قَالَ: فَايْمُ اللَّهِ مَا كُنَّا نَأْخُذُ مِنْ لُقْمَةٍ، إِلَّا رَبَا مِنْ أَسْفَلِهَا أَكْثَرُ مِنْهَا، قَالَ: [حَتَّى] شَبِعْنَا وَصَارَتْ أَكْثَرَ مِمَّا كَانَتْ قَبْلَ ذَلِكَ، فَنَظَرَ إِلَيْهَا أَبُو بَكْرٍ (ﷺ)، فَإِذَا هِيَ كَمَا هِيَ أَوْ أَكْثَرُ، قَالَ لِامْرَأَتِهِ: يَا أُخْتَ بَنِي فِرَاسٍ مَا هَذَا، قَالَتْ: لَا -وَقُرَّةِ عَيْنِي- لَهِيَ الْآنَ أَكْثَرُ مِنْهَا قَبْلَ ذَلِكَ بِثَلَاثِ مِرَارٍ، قَالَ: فَأَكَلَ مِنْهَا أَبُو بَكْرٍ وَقَالَ: إِنَّمَا كَانَ ذَلِكَ مِنَ الشَّيْطَانِ. يَعْنِي يَمِينَهُ، ثُمَّ أَكَلَ مِنْهَا لُقْمَةً، ثُمَّ حَمَلَهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ

(ﷺ) فَأَصْبَحَتْ عِنْدَهُ، قَالَ: وَكَانَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمٍ عَقْدٌ، فَمَضَى الْأَجَلُ، فَعَرَّفْنَا اثْنَا عَشَرَ رَجُلًا، مَعَ كُلِّ رَجُلٍ مِنْهُمْ أُنَاسٌ، اللَّهُ أَعْلَمُ كَمْ مَعَ كُلِّ رَجُلٍ، قَالَ: إِلَّا أَنَّهُ بَعَثَ مَعَهُمْ فَأَكَلُوا مِنْهَا أَجْمَعُونَ. أَوْ كَمَا قَالَ. [بخاري/ مواقيت الصلاة/ ٥٧٧]

له (عبدالرحمن)ی کوڕی (ابو بكر)ەوە : كە (أصحاب الصّفه)چەند كەسێكی هەژاربوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێكیان فەرمووی: ((هەر كەس خواردنی دوانی لاهەیە باسیان بەرێتەوە، هەركەس چواری لا هەیە با پێنج، شەش بەرێتەوە)). یان شتێكی لەم جۆرەی فەرموو، (ابو بكر)هاتەوە بەسێ كەسەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت بەدەكەسەوە، ابوبكر بەسیانەوە، وتی: ئەوو من و باوكم و دایكم، نازانم ئایە وتی: خێزانم و خزمەتكارێك لە نێوان مالْ ئێمە و مالْ ابوبكر دا، وتی: ابوبكر نانی ئێوارەی خوارد لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پاشان لەویْ مایەوە هەتا نوێژی عیشا كرا، دیسان گەڕایەوە و مایەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) خەو دایگرت، هاتەوە دوای ئەوەی شەو ئەوەندەی لێڕۆیی كەخوا ویستی، خێزانەكەی پێی وت: چی دوای خستی لەمیوانەكانت؟ -یان وتی: میوانەكەت- وتی: بۆچ نانی ئێوارەت نەداونیْ؟ وتی: نانیان نەخوارد تا تۆ بێیتەوە نانیشیان بۆ دانان، بەلاّم قسەی خۆیان سەرخست، عبدالرحمن دەلْیْ: من ڕۆیشتم خۆم شاردەوە {لەترسی باوكم} بانگی لێكردم: ئەی ڕەزیل، ئەی نەزان، دوعای لێكردوم و قسەی پێوتم، وتی: نان بخۆن عافیەتتان نەبیْ (والله) من قەت لەگەلْتان ناخۆم، {عبدالرحمن} دەلْیْ: سوێندم بەخوا هەر پارویەكمان هەلْدەگرت لەبنەوە زیادی دەكرد زیاتر لەپاروەكە، دەلْیْ: هەتا تێرمان خوارد زیاتر بوو لەجاران، (ابو بكر)(ﷺ) تەماشای كرد وەك خۆی مابوو یان زیاتر، بەخێزانەكەی وت: ئەمەچییە ئەی خوشكی (بني فراس)؟ وتی: نەخێر -چاوم ڕوون- ئێستە سیْقات زیاترە لەجاران {عبدالرحمن} دەلیْ: ابوبكر لێیخوارد و وتی: ئەوەیش لە شەیتانەوە بوو. مەبەستی سوێندەكەی بوو، لەپاشدا پارویەكی لێخوارد و بردی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) شەوتابەیانی لای ئەو مایەوە، دەلْیْ: لەنێوان ئێمە و قەومێك پەیمانێك هەبوو ماوەكەی تەواو بوو {هاتن بۆ مەدینە} دوانزە كەسمان لێكردن بە (عەریف) هەر یەكیْ لەوانیش چەندكەسێكیان لەگەلْ بوو، خوا دەزانیْ یەكی چەند كەسیان لەگەلْ بوو، بەلاّم پێغەمبەر بەواندا خواردنەكەی نارد {بۆیان} هەموویان بەگشتی لێیان خوارد.

(٩) بەرەکەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەشیردا

١٤٦١ـ عَنِ الْمِقْدَادِ (ﷺ) قَالَ: أَقْبَلْتُ أَنَا وَصَاحِبَانِ لِي، وَقَدْ ذَهَبَتْ أَسْمَاعُنَا وَأَبْصَارُنَا مِنَ الْجَهْدِ، قَالَ: فَجَعَلْنَا نَعْرِضُ أَنْفُسَنَا عَلَى أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَيْسَ أَحَدٌ مِنْهُمْ يَقْبَلُنَا، فَأَتَيْنَا النَّبِيَّ (ﷺ) فَانْطَلَقَ بِنَا إِلَى أَهْلِهِ، فَإِذَا ثَلَاثَةُ أَعْنُزٍ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((احْتَلِبُوا هَذَا اللَّبَنَ بَيْنَنَا)). قَالَ: فَكُنَّا نَحْتَلِبُ، فَيَشْرَبُ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنَّا نَصِيبَهُ، وَنَرْفَعُ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) نَصِيبَهُ، قَالَ: فَيَجِيءُ مِنَ اللَّيْلِ فَيُسَلِّمُ تَسْلِيمًا لَا يُوقِظُ، نَائِمًا وَيُسْمِعُ الْيَقْظَانَ قَالَ: ثُمَّ يَأْتِي الْمَسْجِدَ فَيُصَلِّي، ثُمَّ يَأْتِي شَرَابَهُ فَيَشْرَبُ، فَأَتَانِي الشَّيْطَانُ ذَاتَ لَيْلَةٍ وَقَدْ شَرِبْتُ نَصِيبِي، فَقَالَ: مُحَمَّدٌ يَأْتِي الْأَنْصَارَ فَيُتْحِفُونَهُ وَيُصِيبُ عِنْدَهُمْ، مَا بِهِ حَاجَةٌ إِلَى هَذِهِ الْجُرْعَةِ، فَأَتَيْتُهَا فَشَرِبْتُهَا، فَلَمَّا أَنْ وَغَلَتْ فِي بَطْنِي، وَعَلِمْتُ أَنَّهُ لَيْسَ إِلَيْهَا سَبِيلٌ، قَالَ: نَدَّمَنِي الشَّيْطَانُ فَقَالَ: وَيْحَكَ مَا صَنَعْتَ؟ أَشَرِبْتَ شَرَابَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) فَيَجِيءُ فَلَا يَجِدُهُ، فَيَدْعُو عَلَيْكَ فَتَهْلِكُ، فَتَذْهَبُ دُنْيَاكَ وَآخِرَتُكَ؟ وَعَلَيَّ شَمْلَةٌ إِذَا وَضَعْتُهَا عَلَى قَدَمَيَّ خَرَجَ رَأْسِي، وَإِذَا وَضَعْتُهَا عَلَى رَأْسِي خَرَجَ قَدَمَايَ، وَجَعَلَ لَا يَجِيئُنِي النَّوْمُ، وَأَمَّا صَاحِبَايَ فَنَامَا وَلَمْ يَصْنَعَا مَا صَنَعْتُ، قَالَ: فَجَاءَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَسَلَّمَ، كَمَا كَانَ يُسَلِّمُ ثُمَّ أَتَى الْمَسْجِدَ فَصَلَّى ثُمَّ أَتَى شَرَابَهُ فَكَشَفَ عَنْهُ فَلَمْ يَجِدْ فِيهِ شَيْئًا، فَرَفَعَ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ، فَقُلْتُ: الْآنَ يَدْعُو عَلَيَّ فَأَهْلِكُ، فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ أَطْعِمْ مَنْ أَطْعَمَنِي، وَأَسْقِ مَنْ أَسْقَانِي)). قَالَ: فَعَمَدْتُ إِلَى الشَّمْلَةِ فَشَدَدْتُهَا عَلَيَّ، وَأَخَذْتُ الشَّفْرَةَ فَانْطَلَقْتُ إِلَى الْأَعْنُزِ أَيُّهَا أَسْمَنُ فَأَذْبَحُهَا لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَإِذَا هِيَ حَافِلَةٌ، وَإِذَا هُنَّ حُفَّلٌ كُلُّهُنَّ، فَعَمَدْتُ إِلَى إِنَاءٍ لِآلِ مُحَمَّدٍ (ﷺ) مَا كَانُوا يَطْمَعُونَ أَنْ يَحْتَلِبُوا فِيهِ، قَالَ: فَحَلَبْتُ فِيهِ حَتَّى عَلَتْهُ رَغْوَةٌ فَجِئْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((أَشَرِبْتُمْ شَرَابَكُمُ اللَّيْلَةَ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اشْرَبْ، فَشَرِبَ ثُمَّ نَاوَلَنِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اشْرَبْ، فَشَرِبَ ثُمَّ نَاوَلَنِي، فَلَمَّا عَرَفْتُ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَدْ رَوِيَ وَأَصَبْتُ دَعْوَتَهُ، ضَحِكْتُ حَتَّى أُلْقِيتُ إِلَى الْأَرْضِ، قَالَ: فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((إِحْدَى سَوْآتِكَ يَا مِقْدَادُ)). فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَانَ مِنْ أَمْرِي كَذَا وَكَذَا، وَفَعَلْتُ كَذَا. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((مَا هَذِهِ إِلَّا رَحْمَةٌ مِنَ اللَّهِ أَفَلَا كُنْتَ آذَنْتَنِي فَنُوقِظَ صَاحِبَيْنَا فَيُصِيبَانِ مِنْهَا)). قَالَ: فَقُلْتُ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ، مَا أُبَالِي إِذَا أَصَبْتَهَا وَأَصَبْتُهَا مَعَكَ مَنْ أَصَابَهَا مِنَ النَّاسِ.

(مقداد) (ﷺ) دەڵێ: من و دوو هاوڕێکەم هاتین، ئەوەندە شەکەت و برسی بووین گوێمان نەیدەبیست و چاومان نەیدەبینی، دەڵێ: خۆمان ئاراستەی یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کرد کەس میوانداری نەکردین، هاتین بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) بردینی بۆ ماڵ خۆی، سێ بزنی هەبوو فەرمووی: ((ئەم شیرە بدۆشن بۆ هەمووومان)) دەڵێ: ئەماندۆشی و{بەشمان دەکرد} هەرکەس بەشی خۆی دەخوارد و بەشەکەی پێغەمبەریشمان (ﷺ) هەڵدەگرت، شەو دەهات سڵاوی دەکرد، سڵاوێك خەوتوی خەبەر نەدکردەوە بەڵام بێدار دەیبیست، دەڵێ: لەپاشدا دەچووە مزگەوت و نوێژی دەکرد، ئەمجا دەهاتە لای بەشە شیرەکەی و دەیخواردەوە، شەوێك بەشەکەی خۆم خواردەوە شەیتان هانی دام و وتی: (محمد) دەچێتە ناو (أنصار)ەکان دیاری دەدەنێ و شتی لای ئەوان دەسدەکەوێ، هیچ پێویستی بەم قومە شیرەنیە، چوم بۆی و خواردمەوە، هەرکەلە قورگم چووە خوارەوە و زانیم چارەم نەماوە، شەیتان پەشیمانی کردمەوە و وتی: ئەی کۆست کەوێ چیت کرد؟ شیرەکەی (محمد)ت (ﷺ)خواردەوە؟ ئێستە دێت و، دەبینێ شیرەکەی نەماوە، دوعات لێدەکات و،لەناو دەچیت و دنیا و پاشەڕۆژت دەڕوات، پارچە جلێکیشم بەسەرەوە بوو ئەمدا بەسەر قاچەکانمدا سەرم دەردەکەوت، ئەمدا بەسەر سەرمدا قاچەکانم دەردەکەوت، خەوم زڕابوو، بەڵام دوو هاوڕێکەم {بۆخۆیان} خەوتن و ئەوەی من کردم ئەوان نەیانکرد، دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هات و سەلامی کرد وەك جاران سەلامی دەکرد، پاشان هاتە مزگەوت و نوێژی کرد، ئەمجا هات بۆلای شیرەکەی سەری هەڵدایەوە هیچی تیانەدی، سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمان، وتم: ئێستا دوعام لێدەکات و دەفەوتێم، فەرمووی: ((ئەی خوا خۆراك بدە بەوکەسەی خۆراکم پێدەدات، ئاوو خواردنەوەیش ببەخشە بەو کەسەی پاراوم دەکات)).

دەڵێ: پەلاماری پارچە جلەکەمدا و ئاڵانم بەخۆمەوە، چەقۆکەم هەڵگرت چووم بۆ لای بزنەکان، تا کامیان قەڵەوە سەری بڕم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کەچی ئەوەیان گوانی پڕ بوو لەشیر، نەخێر هەموویان گوانیان پڕبوو لەشیر، چووم قاپێکی بنەماڵەی (محمد)م هێنا کەخۆیان بەهیوای ئەوە نەبوون شیری تێبدۆشن، من شیرم تێدۆشی هەتا کەف هەڵچو بەسەریدا، ئەمجا هاتم بۆ

خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا ئەمشەو شیرەكەتان خوارد؟)) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بخۆرەوە، خواردیەوە، لەپاشا دایەوە بەمن، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بخۆرەوە، خواردیەوە دیسانەوە دایەوە بەمن، كاتی زانیم پێغەمبەر (ﷺ) پاراو بۆتەوە و دوعاكەیشی منی گرتەوە، پێكەنیم، ئەوەندە پێكەنیم هەتا كەوتم بەزەویدا، دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمەیش یەكێكە لە كەتنەكانی خۆت ئەی مقداد)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئاوابووم و ئاوابووم، ئەوەم كرد و ئەوەم كرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە بەزەیی خوای گەورەیە، ئەی نەدەبوو ئاگادارم كەیت تادوهاورێكەی تریشمان خەبەر كەینەوە و بەشیان ببێت لەم شیرەدا؟)) دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا سوێندم بەوكەسەی تۆی بەهەق ناردووە، دوای ئەوەی خۆم و خۆت لەو شیرەمان خوارد گوێ نادەمێ كێ لەوشیرە دەخوا یان نایخوا؟.

(١٠) بەرەكەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە رۆندا

١٤٦٢ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ): أَنَّ أُمَّ مَالِكٍ (ﷺ) كَانَتْ تُهْدِي لِلنَّبِيِّ (ﷺ) فِي عُكَّةٍ لَهَا سَمْنًا، فَيَأْتِيهَا بَنُوهَا فَيَسْأَلُونَ الْأُدْمَ وَلَيْسَ عِنْدَهُمْ شَيْءٌ، فَتَعْمِدُ إِلَى الَّذِي كَانَتْ تُهْدِي فِيهِ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) فَتَجِدُ فِيهِ سَمْنًا، فَمَا زَالَ يُقِيمُ لَهَا أُدْمَ بَيْتِهَا حَتَّى عَصَرَتْهُ، فَأَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: ((عَصَرْتِيهَا)). قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ: ((لَوْ تَرَكْتِيهَا مَا زَالَ قَائِماً)).

لە(جابر)ەوە (ﷺ) كە (أم مالك (ﷺ)) لە هیزەیەكی بچكۆلەی خۆی رۆنی بەدیاری دەنارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، كورەكانی دەهاتن داوای پێخۆریان لێدەكرد، خۆیان هیچیان نەبوو، پەلاماری ئەو هیزەیەی ئەدا كە رۆنی لێ دەنارد بەدیاری بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هەمووجار رۆنی تیادەسدەكەوت، بەوشێوە مایەوە پێخۆری ماڵەكەی بەرێدەكرد، هەتا گوشی، {ئەمجاتیانەما} چو بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((گوشیت؟)) وتی: بەڵێ فەرمووی: ((گەر وازت لێبهێنایە هەر تیا دەما)).

(١١) ملكەچبوونی درەخت بۆ پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٦٣ـ عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الْوَلِيدِ بْنِ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْتُ أَنَا وَأَبِي نَطْلُبُ الْعِلْمَ فِي هَذَا الْحَيِّ مِنَ الْأَنْصَارِ قَبْلَ أَنْ يَهْلِكُوا، فَكَانَ أَوَّلُ مَنْ لَقِينَا أَبَا الْيَسَرِ صَاحِبَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَمَعَهُ غُلَامٌ لَهُ مَعَهُ ضِمَامَةٌ مِنْ صُحُفٍ، وَعَلَى

أَبِي الْيَسَرِ بُرْدَةٌ وَمَعَافِرِيٌّ، وَعَلَى غُلَامِهِ بُرْدَةٌ وَمَعَافِرِيٌّ فَقَالَ لَهُ أَبِي: يَا عَمِّ إِنِّي أَرَى فِي وَجْهِكَ سَفْعَةً مِنْ غَضَبٍ. قَالَ: أَجَلْ كَانَ لِي عَلَى فُلَانِ ابْنِ فُلَانٍ الْحَرَامِيِّ مَالٌ، فَأَتَيْتُ أَهْلَهُ فَسَلَّمْتُ فَقُلْتُ: ثَمَّ هُوَ؟ قَالُوا: لَا؟ فَخَرَجَ عَلَيَّ ابْنٌ لَهُ جَفْرٌ، فَقُلْتُ: لَهُ أَيْنَ أَبُوكَ، قَالَ: سَمِعَ صَوْتَكَ فَدَخَلَ أَرِيكَةَ أُمِّي. فَقُلْتُ: اخْرُجْ إِلَيَّ، فَقَدْ عَلِمْتُ أَيْنَ أَنْتَ، فَخَرَجَ، فَقُلْتُ: مَا حَمَلَكَ عَلَى أَنِ اخْتَبَأْتَ مِنِّي؟ قَالَ: أَنَا وَاللَّهِ أُحَدِّثُكَ ثُمَّ لَا أَكْذِبُكَ، خَشِيتُ وَاللَّهِ أَنْ أُحَدِّثَكَ فَأَكْذِبَكَ، وَأَنْ أَعِدَكَ فَأُخْلِفَكَ، وَكُنْتَ صَاحِبَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَكُنْتُ وَاللَّهِ مُعْسِرًا. قَالَ: قُلْتُ: آللَّهِ؟ قَالَ: اللَّهِ. قُلْتُ: آللَّهِ؟ قَالَ: اللَّهِ. [قُلْتُ: آللَّهِ؟ قَالَ: اللَّهِ] قَالَ: فَأَتَى بِصَحِيفَتِهِ فَمَحَاهَا بِيَدِهِ، فَقَالَ: إِنْ وَجَدْتَ قَضَاءً فَاقْضِنِي وَإِلَّا أَنْتَ فِي حِلٍّ. فَأَشْهَدُ، بَصَرُ عَيْنَيَّ هَاتَيْنِ -وَوَضَعَ إِصْبَعَيْهِ عَلَى عَيْنَيْهِ- وَسَمْعُ أُذُنَيَّ هَاتَيْنِ، وَوَعَاهُ قَلْبِي هَذَا -وَأَشَارَ إِلَى نِيَاطِ قَلْبِهِ- رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، وَهُوَ يَقُولُ: ((مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا أَوْ وَضَعَ عَنْهُ أَظَلَّهُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ)). قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ أَنَا: يَا عَمِّ لَوْ أَنَّكَ أَخَذْتَ بُرْدَةَ غُلَامِكَ وَأَعْطَيْتَهُ مَعَافِرِيَّكَ، وَأَخَذْتَ مَعَافِرِيَّهُ وَأَعْطَيْتَهُ بُرْدَتَكَ، فَكَانَتْ عَلَيْكَ حُلَّةٌ وَعَلَيْهِ حُلَّةٌ؟ فَمَسَحَ رَأْسِي وَقَالَ: اللَّهُمَّ بَارِكْ فِيهِ، يَا ابْنَ أَخِي، بَصَرُ عَيْنَيَّ هَاتَيْنِ، وَسَمْعُ أُذُنَيَّ هَاتَيْنِ، وَوَعَاهُ قَلْبِي هَذَا، -وَأَشَارَ إِلَى نِيَاطِ قَلْبِهِ- رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يَقُولُ: ((أَطْعِمُوهُمْ مِمَّا تَأْكُلُونَ، وَأَلْبِسُوهُمْ مِمَّا تَلْبَسُونَ)). وَكَانَ أَنْ أَعْطَيْتُهُ مِنْ مَتَاعِ الدُّنْيَا أَهْوَنَ عَلَيَّ مِنْ أَنْ يَأْخُذَ مِنْ حَسَنَاتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ. ثُمَّ مَضَيْنَا حَتَّى أَتَيْنَا جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ فِي مَسْجِدِهِ وَهُوَ يُصَلِّي فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ مُشْتَمِلًا بِهِ. فَتَخَطَّيْتُ الْقَوْمَ حَتَّى جَلَسْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ، فَقُلْتُ: يَرْحَمُكَ اللَّهُ، أَتُصَلِّي فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ وَرِدَاؤُكَ إِلَى جَنْبِكَ؟ قَالَ: فَقَالَ بِيَدِهِ فِي صَدْرِي هَكَذَا -وَفَرَّقَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ وَقَوَّسَهَا- أَرَدْتُ أَنْ يَدْخُلَ عَلَيَّ الْأَحْمَقُ مِثْلُكَ، فَيَرَانِي كَيْفَ أَصْنَعُ فَيَصْنَعُ مِثْلَهُ. أَتَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي مَسْجِدِنَا هَذَا وَفِي يَدِهِ عُرْجُونُ ابْنِ طَابٍ، فَرَأَى فِي قِبْلَةِ الْمَسْجِدِ نُخَامَةً فَحَكَّهَا بِالْعُرْجُونِ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا فَقَالَ: ((أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يُعْرِضَ اللَّهُ عَنْهُ)). قَالَ: فَخَشَعْنَا، ثُمَّ قَالَ: ((أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يُعْرِضَ اللَّهُ عَنْهُ)). قَالَ: فَخَشَعْنَا، ثُمَّ قَالَ: ((أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يُعْرِضَ اللَّهُ عَنْهُ)). قُلْنَا: لَا أَيُّنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَامَ يُصَلِّي فَإِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قِبَلَ وَجْهِهِ، فَلَا يَبْصُقَنَّ قِبَلَ وَجْهِهِ وَلَا عَنْ يَمِينِهِ، وَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ، تَحْتَ رِجْلِهِ الْيُسْرَى فَإِنْ عَجِلَتْ بِهِ بَادِرَةٌ فَلْيَقُلْ بِثَوْبِهِ هَكَذَا)). ثُمَّ طَوَى ثَوْبَهُ بَعْضَهُ، عَلَى بَعْضٍ فَقَالَ: ((أَرُونِي عَبِيرًا)). فَقَامَ فَتًى

مِنَ الْحَيِّ يَشْتَدُّ إِلَى أَهْلِه، فَجَاءَ بِخَلُوقٍ فِي رَاحَتِه، فَأَخَذَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَجَعَلَهُ عَلَى رَأسِ الْعُرْجُونِ، ثُمَّ لَطَخَ بِهِ عَلَى أَثَرِ النُّخَامَةِ، فَقَالَ جَابِرٌ: فَمِنْ هُنَاكَ جَعَلْتُمُ الْخَلُوقَ فِي مَسَاجِدِكُمْ. سِرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي غَزْوَةِ بَطْنِ بُوَاطٍ، وَهُوَ يَطْلُبُ الْمَجْدِيَّ بْنَ عَمْرٍو الْجُهَنِيَّ، وَكَانَ النَّاضِحُ يَعْقُبُهُ مِنَّا الْخَمْسَةُ وَالسِّتَّةُ وَالسَّبْعَةُ، فَدَارَتْ عُقْبَةُ رَجُلٍ مِنَ الْأَنْصَارِ عَلَى نَاضِحٍ لَهُ، فَأَنَاخَهُ فَرَكِبَهُ ثُمَّ بَعَثَهُ، فَتَلَدَّنَ عَلَيْهِ بَعْضَ التَّلَدُّنِ، فَقَالَ لَهُ: شَأْ لَعَنَكَ اللَّهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ هَذَا اللَّاعِنُ بَعِيرَهُ)). قَالَ: أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((انْزِلْ عَنْهُ، فَلَا تَصْحَبْنَا بِمَلْعُونٍ. لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَوْلَادِكُمْ، وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ، لَا تُوَافِقُوا مِنَ اللَّهِ سَاعَةً يُسْأَلُ فِيهَا عَطَاءٌ فَيَسْتَجِيبُ لَكُمْ)). سِرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، حَتَّى إِذَا كَانَتْ عُشَيْشِيَةٌ، وَدَنَوْنَا مَاءً مِنْ مِيَاهِ الْعَرَبِ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ رَجُلٌ يَتَقَدَّمُنَا فَيَمْدُرُ الْحَوْضَ، فَيَشْرَبُ وَيَسْقِينَا)). قَالَ جَابِرٌ: فَقُمْتُ: فَقُلْتُ هَذَا رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَيُّ رَجُلٍ مَعَ جَابِرٍ)). فَقَامَ جَبَّارُ بْنُ صَخْرٍ، فَانْطَلَقْنَا إِلَى الْبِئْرِ فَنَزَعْنَا فِي الْحَوْضِ سَجْلًا أَوْ سَجْلَيْنِ، ثُمَّ مَدَرْنَاهُ، ثُمَّ نَزَعْنَا فِيهِ حَتَّى أَفْهَقْنَاهُ، فَكَانَ أَوَّلَ طَالِعٍ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَتَأْذَنَانِ)). قُلْنَا: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَأَشْرَعَ نَاقَتَهُ فَشَرِبَتْ، شَنَقَ لَهَا فَشَجَتْ، فَبَالَتْ ثُمَّ عَدَلَ بِهَا فَأَنَاخَهَا، ثُمَّ جَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى الْحَوْضِ فَتَوَضَّأَ مِنْهُ ثُمَّ قُمْتُ فَتَوَضَّأْتُ مِنْ مُتَوَضَّإِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَذَهَبَ جَبَّارُ ابْنُ صَخْرٍ يَقْضِي حَاجَتَهُ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِيُصَلِّيَ، وَكَانَتْ عَلَيَّ بُرْدَةٌ ذَهَبْتُ أَنْ أُخَالِفَ بَيْنَ طَرَفَيْهَا فَلَمْ تَبْلُغْ لِي، وَكَانَتْ لَهَا ذَبَاذِبُ فَنَكَّسْتُهَا، ثُمَّ خَالَفْتُ بَيْنَ طَرَفَيْهَا، ثُمَّ تَوَاقَصْتُ عَلَيْهَا، ثُمَّ جِئْتُ حَتَّى قُمْتُ عَنْ يَسَارِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَخَذَ بِيَدِي فَأَدَارَنِي حَتَّى أَقَامَنِي عَنْ يَمِينِهِ، ثُمَّ جَاءَ جَبَّارُ بْنُ صَخْرٍ، فَتَوَضَّأَ ثُمَّ جَاءَ فَقَامَ عَنْ يَسَارِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخَذَ [رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)] بِيَدَيْنَا جَمِيعًا، فَدَفَعَنَا حَتَّى أَقَامَنَا خَلْفَهُ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَرْمُقُنِي وَأَنَا لَا أَشْعُرُ، ثُمَّ فَطِنْتُ بِهِ، فَقَالَ هَكَذَا بِيَدِهِ، يَعْنِي شُدَّ وَسَطَكَ، فَلَمَّا فَرَغَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((يَا جَابِرُ)). قُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((إِذَا كَانَ وَاسِعًا فَخَالِفْ بَيْنَ طَرَفَيْهِ، وَإِذَا كَانَ ضَيِّقًا فَاشْدُدْهُ عَلَى حَقْوِكَ)).

سِرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَكَانَ قُوتُ كُلِّ رَجُلٍ مِنَّا فِي كُلِّ يَوْمٍ تَمْرَةً، فَكَانَ يَمَصُّهَا ثُمَّ يَصُرُّهَا فِي ثَوْبِهِ، وَكُنَّا نَخْتَبِطُ بِقِسِيِّنَا وَنَأْكُلُ حَتَّى قَرِحَتْ أَشْدَاقُنَا،

فَأُقْسِمُ أَخْطَئَهَا رَجُلٌ مِنَّا يَوْمًا فَانْطَلَقْنَا بِهِ نَنْعَشُهُ، فَشَهِدْنَا أَنَّهُ لَمْ يُعْطَهَا فَأُعْطِيَهَا، فَقَامَ فَأَخَذَهَا. سِرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى نَزَلْنَا وَادِيًا أَفْيَحَ، فَذَهَبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقْضِي حَاجَتَهُ، فَاتَّبَعْتُهُ بِإِدَاوَةٍ مِنْ مَاءٍ، فَنَظَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَلَمْ يَرَ شَيْئًا يَسْتَتِرُ بِهِ، فَإِذَا شَجَرَتَانِ بِشَاطِئِ الْوَادِي، فَانْطَلَقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى إِحْدَاهُمَا فَأَخَذَ بِغُصْنٍ مِنْ أَغْصَانِهَا، فَقَالَ: ((انْقَادِي عَلَيَّ بِإِذْنِ اللَّهِ)). فَانْقَادَتْ مَعَهُ كَالْبَعِيرِ الْمَخْشُوشِ الَّذِي يُصَانِعُ قَائِدَهُ، حَتَّى أَتَى الشَّجَرَةَ الْأُخْرَى، فَأَخَذَ بِغُصْنٍ مِنْ أَغْصَانِهَا فَقَالَ: ((انْقَادِي عَلَيَّ بِإِذْنِ اللَّهِ)). فَانْقَادَتْ مَعَهُ كَذَلِكَ، حَتَّى إِذَا كَانَ بِالْمَنْصَفِ مِمَّا بَيْنَهُمَا لَأَمَ بَيْنَهُمَا -يَعْنِي جَمَعَهُمَا- فَقَالَ: ((الْتَئِمَا عَلَيَّ بِإِذْنِ اللَّهِ)). فَالْتَأَمَتَا، قَالَ جَابِرٌ: فَخَرَجْتُ أُحْضِرُ مَخَافَةَ أَنْ يُحِسَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِقُرْبِي فَيَبْتَعِدَ -وَقَالَ مُحَمَّدُ بْنُ عَبَّادٍ: فَيَتَبَعَّدَ- فَجَلَسْتُ أُحَدِّثُ نَفْسِي، فَحَانَتْ مِنِّي لَفْتَةٌ، فَإِذَا أَنَا بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مُقْبِلًا وَإِذَا الشَّجَرَتَانِ قَدِ افْتَرَقَتَا، فَقَامَتْ كُلُّ وَاحِدَةٍ مِنْهُمَا عَلَى سَاقٍ، فَرَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَقَفَ وَقْفَةً، فَقَالَ بِرَأْسِهِ هَكَذَا -وَأَشَارَ أَبُو إِسْمَعِيلَ بِرَأْسِهِ يَمِينًا وَشِمَالًا- ثُمَّ أَقْبَلَ، فَلَمَّا انْتَهَى إِلَيَّ قَالَ: ((يَا جَابِرُ هَلْ رَأَيْتَ مَقَامِي)). قُلْتُ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: ((فَانْطَلِقْ إِلَى الشَّجَرَتَيْنِ، فَاقْطَعْ مِنْ كُلِّ وَاحِدَةٍ مِنْهُمَا غُصْنًا فَأَقْبِلْ بِهِمَا، حَتَّى إِذَا قُمْتَ مَقَامِي فَأَرْسِلْ غُصْنًا عَنْ يَمِينِكَ وَغُصْنًا عَنْ يَسَارِكَ)). قَالَ جَابِرٌ: فَقُمْتُ فَأَخَذْتُ حَجَرًا فَكَسَرْتُهُ وَحَسَرْتُهُ فَانْذَلَقَ لِي، فَأَتَيْتُ الشَّجَرَتَيْنِ فَقَطَعْتُ مِنْ كُلِّ وَاحِدَةٍ مِنْهُمَا غُصْنًا، ثُمَّ أَقْبَلْتُ أَجُرُّهُمَا حَتَّى قُمْتُ مَقَامَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَرْسَلْتُ غُصْنًا عَنْ يَمِينِي وَغُصْنًا عَنْ يَسَارِي، ثُمَّ لَحِقْتُهُ، فَقُلْتُ: قَدْ فَعَلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَعَمَّ ذَاكَ؟ قَالَ: ((إِنِّي مَرَرْتُ بِقَبْرَيْنِ يُعَذَّبَانِ، فَأَحْبَبْتُ بِشَفَاعَتِي أَنْ يُرَفَّهَ عَنْهُمَا مَا دَامَ الْغُصْنَانِ رَطْبَيْنِ)). قَالَ: فَأَتَيْنَا الْعَسْكَرَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا جَابِرُ نَادِ بِوَضُوءٍ)). فَقُلْتُ: أَلَا وَضُوءَ، أَلَا وَضُوءَ، أَلَا وَضُوءَ؟ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا وَجَدْتُ فِي الرَّكْبِ مِنْ قَطْرَةٍ، وَكَانَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ يُبَرِّدُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الْمَاءَ فِي أَشْجَابٍ لَهُ عَلَى حِمَارَةٍ مِنْ جَرِيدٍ، قَالَ: فَقَالَ لِيَ: ((انْطَلِقْ إِلَى فُلَانِ ابْنِ فُلَانٍ الْأَنْصَارِيِّ، فَانْظُرْ هَلْ فِي أَشْجَابِهِ مِنْ شَيْءٍ)). قَالَ: فَانْطَلَقْتُ إِلَيْهِ فَنَظَرْتُ فِيهَا، فَلَمْ أَجِدْ فِيهَا إِلَّا قَطْرَةً فِي عَزْلَاءِ شَجْبٍ مِنْهَا، لَوْ أَنِّي أُفْرِغُهُ لَشَرِبَهُ يَابِسُهُ، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي لَمْ أَجِدْ فِيهَا إِلَّا قَطْرَةً فِي عَزْلَاءِ شَجْبٍ مِنْهَا، لَوْ أَنِّي أُفْرِغُهُ لَشَرِبَهُ يَابِسُهُ. قَالَ: ((اذْهَبْ فَأْتِنِي بِهِ)). فَأَتَيْتُهُ بِهِ، فَأَخَذَهُ

بِيَدِهِ، فَجَعَلَ يَتَكَلَّمُ بِشَيْءٍ لَا أَدْرِي مَا هُوَ، وَيَغْمِزُهُ بِيَدَيْهِ، ثُمَّ أَعْطَانِيهِ فَقَالَ: ((يَا جَابِرُ نَادِ بِجَفْنَةٍ)). فَقُلْتُ: يَا جَفْنَةَ الرَّكْبِ، فَأُتِيتُ بِهَا تُحْمَلُ فَوَضَعْتُهَا بَيْنَ يَدَيْهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِهِ فِي الْجَفْنَةِ هَكَذَا فَبَسَطَهَا، وَفَرَّقَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ ثُمَّ وَضَعَهَا فِي قَعْرِ الْجَفْنَةِ وَقَالَ: ((خُذْ يَا جَابِرُ فَصُبَّ عَلَيَّ وَقُلْ: بِاسْمِ اللَّهِ)). فَصَبَبْتُ عَلَيْهِ، وَقُلْتُ: بِاسْمِ اللَّهِ، فَرَأَيْتُ الْمَاءَ يَفُورُ مِنْ بَيْنِ أَصَابِعِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ فَارَتِ الْجَفْنَةُ وَدَارَتْ حَتَّى امْتَلَأَتْ، فَقَالَ: ((يَا جَابِرُ نَادِ مَنْ كَانَ لَهُ حَاجَةٌ بِمَاءٍ)). قَالَ: فَأَتَى النَّاسُ فَاسْتَقَوْا حَتَّى رَوُوا، قَالَ: فَقُلْتُ: هَلْ بَقِيَ أَحَدٌ لَهُ حَاجَةٌ؟ فَرَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ مِنَ الْجَفْنَةِ وَهِيَ مَلْأَى.

وَشَكَا النَّاسُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الْجُوعَ، فَقَالَ: ((عَسَى اللَّهُ أَنْ يُطْعِمَكُمْ)). فَأَتَيْنَا سِيفَ الْبَحْرِ، فَزَخَرَ الْبَحْرُ زَخْرَةً فَأَلْقَى دَابَّةً، فَأَوْرَيْنَا عَلَى شِقِّهَا النَّارَ، فَاطَّبَخْنَا وَاشْتَوَيْنَا، وَأَكَلْنَا [حَتَّى] شَبِعْنَا، قَالَ جَابِرٌ: فَدَخَلْتُ أَنَا وَفُلَانٌ وَفُلَانٌ –حَتَّى عَدَّ خَمْسَةً– فِي حِجَاجِ عَيْنِهَا مَا يَرَانَا أَحَدٌ، حَتَّى خَرَجْنَا فَأَخَذْنَا ضِلَعًا مِنْ أَضْلَاعِهِ فَقَوَّسْنَاهُ، ثُمَّ دَعَوْنَا بِأَعْظَمِ رَجُلٍ فِي الرَّكْبِ وَأَعْظَمِ جَمَلٍ فِي الرَّكْبِ وَأَعْظَمِ كِفْلٍ فِي الرَّكْبِ، فَدَخَلَ تَحْتَهُ مَا يُطَأْطِئُ رَأْسَهُ.

(عبادة)ی کوڕی (ولید)ی کوڕی (عبادة)ی کوڕی (صامت) (ﷺ) دەڵێ: من و باوکم ڕۆیشتین بەدوای زانستدا دەگەڕاین لەناو ئەم تیرەی (انصار)ەدا بەرلەوەی لەناو بچن، یەکەم کەس توشمان هات (ابوالیسر)ی هاوەڵی پێغەمبەر بوو (ﷺ). غولامێکی خۆی لەگەڵ بوو دەستەیە کاغەزی پێچراوەی پێبوو، (ابو الیسر) (بردة)یەك و (معافری)یەکی لەبەردابوو، غولامەکەیشی هەر (بردە)یەك و (معافری)[1] یەکی لەبەردابوو، باوکم پێی وت: مامە شوێنەواری تورە بوون لەناوچاوتا بەدی دەکەم، وتی: بەڵێ، قەرزێکم هەبوو لەسەر فلانی کوڕی فلان لەتیرەی حەرام، چووم بۆلای منالەکانی سەلامم لێکرد، وتم: فلان لەوێیە؟ وتیان: نەخێر، کوڕێکی منداڵی توند و تۆڵی هەبوو هات بۆلام و پێم وت: باوکت

١. (بردة) جۆرەجلێکی یەمانیە عەرەبە لادێنشینەکان بەکاریان هێناوە (لسان العرب) – بَرَدَ (معافر) شارێکە لەیەمەن، ئەو جۆرە جلەیش بەناوی ئەو شارەوە ناونراوە، (لسان العرب) – عفر. مامۆستا ملا ڕشید دەفەرمووێ: بوردە وەك بەرماڵ ئەدەن بەسەر شانیانیدا، معافیریش وەك پشتەماڵ. {بڕوانە: اقتران النيرين}: ٣١٦/٣

لەکوێیــە؟ وتــی: گوێــی لــەدەنگی تــۆ بــوو خــۆی کــرد بــەناو چرپایــە و پەردەکوللەکەی دایکمدا، بانگم کرد: وەرە دەرەوە زانیم وای لـە کوێـدا، هاتـە دەر، وتم: بۆچ خۆتت لێشاردمەوە وتی: سوێندبەخوا قسەت بۆ دەکەم و درۆت لەگەڵ ناکەم، سوێند بە خوا لەوە ترسام قسەت بۆ بکەم و درۆت لەگەڵ بکەم، بەڵێنت پێبدەم و بەڵێنەکە نەبەمە سەر، تۆ هاورێی پێغەمبەربوی (ﷺ)، سوێند بەخوا منیش هەژارم. وتم: توخوا؟ وتی: بەخوا، وتم: توخـوا؟ وتـی: بەخوا؟ {وتم: توخـوا؟ وتـی: بەخوا}، دەڵـێ: قەرزنامەکـەم هێنـا و بەدەسـتی خـۆی سڕیەوە، وتم: ئەگەر بووت بمدەرەوە، ئەگەر نەتبوو ئازادبە، شـایەتی دەدەم بینایی ئەم دوچاوەم دی –هەردوو پەنجەی دانا لەسەر چاوانی– هـەردو گوێـم بیسـتی، دڵـم وەریگـرت –ئامـاژەی کـرد بە بـەندی دڵـی– لـە پێغەمبـەر کـە دەیفـەرموو: ((هەرکـەس مۆڵـەتی هـەژارێك بـدات یـان هـەندێ لـە قەرزکـەی داشکێنێ خوا دەیخاتە ژێر سێبەری خۆی)).

دەڵـێ: پێـم وت: ئـەی مامـە ئەگـەر بـوردەی خزمەتکارەکـەت بـۆ خـۆت هەڵبگرتایە و، (معافر)ی‌یەکەی خۆتت بدایە بەو، یان (معافری) یەکەی ئەوت وەربگرتایە بۆ خۆت و بوردەکەی خۆتت بدایە بەو، ئەو کاتە تۆیش جلەکانت یەکڕەنگ دەبوو، ئەویش جلەکانی یەکڕەنگ دەبوو؟ دەستی هێنا بەسەرمدا و وتی: ئەی خوایە بەفەڕ و پیرۆزی کەیت، ئەی برازام، بە بینایی ئەم دو چاوەم، بە بیستنی ئەم دوو گوێیەم، ئەم دڵەیشـم –ئامـاژەی کـرد بـۆ بـەندی دڵـی– وەریگرتووە لە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەیفەرموو: ((خۆراکیان بدەنێ لەوەی خۆتان دەیخـۆن، پۆشـاکیان بـۆ بکـەن لـەوەی خۆتـان دەیپۆشـن)). ئەگـەر مـن لەخۆشی‌یەکانی دنیای بدەمێ لام ئاسانترە لەوەی لەچاکەکانی من بەرێ ڕۆژی قیامەت.

پـاش ئـەوە ڕۆیشـتین هـەتا هاتینـە لای (جـابر)ی کـوڕی (عبـدالله) لـە مزگەوتەکەیدا نوێژی دەکـرد تەنـها یـەك پارچـە جلـی لەبـەردابوو ئـاڵاندبوی لەخۆیەوە، هەنگاوم هەڵگرت بەسەر خەڵکەکەدا، تاگەیشتمە لای ئەو، دانیشتم لەنێوان ئەو و قیبلـەدا، وتم: خوا ڕەحمـت پێبکات، بەیـەك پارچـە پۆشـاکەوە نوێژدەکەیت و عەباکەیشت والەپاڵتا؟ ئاماژەی کرد بە دەستی بەرەو سینەم و –پەنجەکانیشـی بـڵاوە پێکـرد و خـواری کردنـەوە– فـەرمووی: ((ویسـتم

گەوجێكی وەك تۆ بێتــە لام و بمبینــێ بزانــێ مـن چـۆن دەكـەم ئـەویش وەهـا بكـات، پێغەمبـەر (ﷺ) هاتـە لامـان ئالـەم مزگەوتـەدا لقـێ دارخورمـای (ابـن خطاب)ی بەدەستەوە بوو، لـە قیبلـەی مزگەوتەكـەدا بەڵغـەمێكی دی بەسـەری دارخورماكە كڕاندی، ئەمجا ڕوی تێكردین و فەرمووی: ((كێتـان حـەز دەكـات خوا ڕووی لێوەربگێڕێت؟)) دەڵێ: ڕاچڵەكاین دیسانەوە فەرمووی: ((كێتان حەز دەكات خوا ڕووی لێوەربگێڕێت؟)). دەڵـێ: ڕاچڵـەكاین. دیسـانەوە فـەرمووی: ((كێتـان حـەزدەكات خوا ڕووی لێوەربگـێڕێت؟)) وتمـان: كـەسمان حەزناكـەین ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((یەكێ لەئێوە هەركات هەستا نوێژ بكات ئەوە بەراستی خـوای بـەرز و بڵنـد لەبەردەمیدایە، باهیچ كـەس لەبـەردەمیدا وبـەلای ڕاستیدا تف ڕۆنەكات، بەلای‌چەپیدا و بـەژێر پێـی چەپدا تف ڕۆبكات، ئەگەر شتێك یەخەی پێگرتو {نەیتوانی وەها بكات} باجلەكانی بەم شێوە لێبكات – ئەمجا هەندێ لە جلەكانی پێچایەوە بەسەر هەندێكی تریدا– پاشان فەرمووی: ((گولاوم بۆ بهێنن)) گەنجێكی ئەو گەڕەكە پەلاماری داو بەپەلە خۆی گەیاندە ماڵەوەیان، عەترێكی هێنا لەسەر لـەپی دەسـتی، پێغەمبـەر (ﷺ) وەریگـرت و خستی‌یە سەر لقی دارخورماكـە و سـووی بەشـوێنەواری بەڵغەمەكـەدا، جـابر دەڵێ: لەوێوەیە كە بۆنی خۆشتان بردۆتە ناو مزگەوتەكانتان.

ڕۆیشتین لـە خزمـەت پێغەمبـەردا (ﷺ) لەجـەنگی (بطـن بـواط)دا، كەبـەدوای (مجدي)كوڕی (عمرو)ی (الجهنی)دا دەچوو، پێنج وشەش و حـەوت كـەسمان بەنۆرە سواری یەك وشتر دەبووین، سەرەگەڕایەوە سەر پیاوێكی (انصـار)ی بـۆ سواری وشترێكی خۆی، بیخـی‌داو سواری بـوو، هەڵیسـان، وشـترەكە هـەندێ هەڵوێستەی كرد، پێی وت: شأ {واتە: هەچە} لەعنەتی خوات لێبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە كێ‌بوو لەعنەتی كرد لەوشترەكەی؟ وتی: من بووم ئـەی پێغەمبەری‌خوا، فەرمووی: ((دابەزە و لەگەڵ لەعنەت لێكراودا هاوڕێمان مەبە، دوعای شەڕ مەكەن لـە خۆتـان و منداڵتـان و ماڵتـان، نـەكو داواكـەتان یـەكبگرێ لەگــەڵ ئــەو ســاتەدا داوای بەخشــینی تیــا وەردەگــیرێت و لــە ئێوەیشــی وەربگرێت.))

ڕۆیشـتین لـە خزمـەت پێغەمبــەردا (ﷺ) هـەتا كـاتی ئێـوارە وەختێـك نزیـك بووینەوە لە ئاوێك لەئاوەكانی عەرەبی دەشت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((كـام

پیاو پێشمان دەکەوێ بۆ ئەوەی حەوزەکە سواق بدا و کون بڕی بکات خۆیشی ئاوبخواتەوە و ئاویش بدات بە ئێمە، جابر دەڵێ: هەستام و وتم: ئەمە پیاوێکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((کام پیاو لەگەڵ جابر دەبێـت؟)) (جّبـار)ی کـوڕی (صخر) هەستا، ڕۆیشتین بۆلای بیرەکە دۆلکەیێ دوو دۆلکە ئاومان هەڵگۆست و کردمانە حەوزەکە، لەپاشدا قوڕمان دا، ئەمجا ئاومان تێکرد هەتا پڕمان کرد، یەکـەم کـەس گەیشـتە لامـان پێغەمبـەری خـوا بـوو (ﷺ) فـەرمووی: ((ڕێگـام ئەدەن؟))وتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، دەستەجڵەوی وشترەکەی شل کـرد تا ئاوی خواردەوە، ئەمجا دەستی لێتوند کـرد، وشترەکە لنگی بلاوکـردەوە و میزی کرد، ئەمجا گێڕایەوە دواوە و بیخی دا، دوای ئەوە پێغەمبـەر (ﷺ) هاتە سەر حەوزەکە و دەست نوێژی لێگرت، دوای ئەوە منیش هەستام دەستنوێژم گـرت لـە شوێن دەستنوێژەکەی پێغەمبـەر (ﷺ)، (جبـار)ی کوڕی (صخر) یـش ڕۆیشت پێویستی سەر ئاوی هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا نوێژ بکات منیش بوردەیەکم لەبەردابوو ویستم چمکەکانی ڕاست و چەپ بکەم بۆم نەگەیشتەوە، بوردەکە ڕیشوی هـەبوو، وەری گێرامـە لای ڕاسـتی خـۆی ، دوای (جبـار) ی کوری (صخر)یش هات دەسنوێژی گرت و لای چەپی پێغەمبەر(ﷺ) وەستا

، سەرەو خوارم کردەوە و، ڕاست و چەپم کرد ئەمجا ملم بـۆ کـورت کـردەوە و{بـەمل گـرتم بـۆ ئەوەی نەکـەوێ}، ئەمجا هـاتم لـەلای چـەپی پێغەمبـەر (ﷺ) وەستام، پێغەمبـەر (ﷺ) دەستی هـەردوکمانی گرت و پاڵینـاین هـەتا لـە دوای خۆیەوە ڕایگرتین و پێغەمبەر (ﷺ) چاوی تێبڕیبووم من هەستم پێنەدەکرد، تا دواتر تێگـەیم مەبەسـتی چییـە؟ بەدەسـتی ئامـاژەی کـرد، وەك ئـەوەی بڵـێ: ((ناوەڕاستت ببەستە)) لـەکاتێکدا پێغەمبـەر (ﷺ) لێبوویـەوە فەرمووی: ئـەی جابر وتم: گوێرایـەڵتم ئـەی پێغەمبـەری خـوا فـەرمووی: ((ئەگـەر {بوردەکـەت} گـەورە بـوو ڕاسـت و چەپەکەی بهێنەرەوە سەریەك، ئەگەر تەسك بوو لەسـەر کەلەکەت ببەستە)).

ڕۆیشتین لە خزمەتی پێغەمبەر، خواردنی ڕۆژانـەی هەریـەك لـە ئێمـە دەنکە خورمایەك بوو، دەیمژی و لەپاشا لەناو جلەکانیدا گرێی ئـەدا، بەکەوانـەکانمان گەڵا دارمـان دەوەرانـد و دەمـانخوارد هـەتا شـەویلگەمان برینـدار بـوو، سـوێند

دەخـۆم ڕۆژێ یـەکێکیان لـەبیرچوبو، بردمـان بـۆ لای خورمـا بـەدەس هـەڵمان دەگرت، شایەتیمان بۆدا کە خورمای پێنەدراوە، پێیدرا، هەستاو وەریگرت.

ڕۆیشتین لە خزمـەتی پێغەمبـەردا (ﷺ) هـەتا گەیشتینە شـیوێکی فـراوان، پێغەمبـەر (ﷺ) چـوو بـۆ پێویسـتی سـەرئاو، جەوەنـەیێ ئـاوم بـەدوادا بـرد، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای کرد شتێکی نەدی خۆی پێ‌بشارێتەوە، دوو درەخت لەکەناری ئەو شیوەدا هەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت بۆلای یەکێکیان لقێکی لێگـرت و {ڕایکێشـاو} فـەرمووی: ((بـۆم دانـەوە بە فەرمانی خـوا)) لقەکـە بـۆی دانەوی وەك وشتری مەهار کراو کەبەدوای خاوەنەکەیدا دەڕوات، ئەمجا چوو بۆ لای درەختەکـەی تـر، لقێکـی ئەویشـی ڕاکێشـا و فـەرمووی: ((بـۆم دانـەوە بەفەرمانی خـوا)) ئەویش دانەوی لەگەڵیا بەهـەمان جـۆر، هـەتا لەناوەڕاسـتی هـەردوکیاندا گـەیاندنی بەیـەك و فـەرمووی: ((بەیەکـەوە بنوسـێن لەسـەرمن بەفـەرمای خـوا)) نوسـان بەیەکـەوە جـابر دەڵـێ: مـن بەپەلـە لـەو شـوێنە دورکەوتمەوە نەکو پێغەمبەر (ﷺ) هەست بکات بە نزیکی من و دوربکەوێتەوە، دانیشتم خەیاڵم لەگەڵ دەرونی خۆم دەکرد، لەناکاو سەرێکم هـەڵبڕی پێغەمبـەر (ﷺ) بەرەو ڕووی من دەهـات و درەختـەکانیش لێـك جیابووبوونـەوە، هەریـەك لەسەر بنکی خۆیان وەستابوون، پێغەمبـەرم (ﷺ) بینـی هەڵوێستەیەکی کـرد و ئاماژەی بەسـەری کـرد -ابو اسماعیل ی{ڕاوی} بەسـەری خـۆی ئامـاژەی لای ڕاست و چەپی کـرد- لەپاشـدا بەرەو ڕووم هـات، کاتـێ گەیشـتە لام فەرمووی: ((ئـەی جـابر دیـت لـەکوێدا وەسـتابووم؟)) وتم: بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا، فەرمووی: ((بڕۆ بۆ لای ئەو دوو درەختە، لەهەر یەکەیان لقێك ببڕەو بیانهێنە تا دەگەیتە شوێن وەستانەکەی من {لەوێدا} لقێك بەلای ڕاستتەوە و لقێك بەلای چەپتەوە بەربدەرەوە)).

جابر دەڵێ: هەستام بەردێکم هەڵگرت و شکاندم، تیژم کرد و بۆم تیژبوو، چووم بـۆلای هـەردوو درەختەکە ولـە هەریەکـەیان لقێکم بڕی، هـاتم و بـەدوای خۆمدا ڕامدەکێشان هەتا لەشوێن وەستانەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) وەستام لقێکم بەردایەوە بەلای ڕاستمدا و لقێکیش بەلای چەپمدا، ئەمجا چووم بۆ خزمـەتی و پێـم وت: ئـەو کـارەم ئـەنجامدا ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئـەوە لەبـەر چی‌بـوو؟ فەرمووی: ((بەڕاسـتی من تێپـەڕیم بەلای دوو قـەبردا سـزادەدران، حـەزم کـرد

بەتکای من هەندێ سزایان لەسەر هەڵگیرێ بەدانانی ئەو لقە تەڕە هەتا بەتەڕی مابن)).

دەڵێ: هاتینە ناو سوپاکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی جابر هاوارکە بۆ ئاوی دەست نوێژ)) منیش هاوارم کرد: ئایا ئاوی دەست نوێژ نیە؟ ئایا ئاوی دەستنوێژ نیە؟، ئایا ئاوی دەستنوێژ نیە؟ دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا لەم کاروانەدا یەك تنۆك ئاوم دەست نەکەوتووە، پیاوێکی ئەنصاری هەبوو لەچەند کونەیەکی کۆندا ئاوی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) سارد دەکرد، بەسیپایەکدا لەلقی دارخورما پێکهاتبوو، جابر دەڵێ: پێی فەرمووم: ((بڕۆ بۆ لای فلانی کوڕی فلانی ئەنصاری تەماشا بکە ئایە کونەکانی هیچ ئاویان تیایە؟)) دەڵێ: چووم تەماشایانم کرد هیچم تیا نەدین جگەلە یەك تنوك ئاو کەلە هەنگلی کونەیەکیاندا بوو، ئەگەر دامبکردایە نەدەگەیشتە دەمی کونەکە. هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئاوم دەست نەکەوت لەو کونانەدا جگەلەیەك تنۆك لە هەنگلی کونەیەکیاندا ئەگەر ڕۆم بکردایە وشکەکەی هەڵیدەمژی، فەرمووی: ((بچۆ ئەو کونەم بۆ بهێنە)) بۆم برد کونەکەی بەدەستەوە گرت و شتێکی دەخوێند من نازانم چیبوو؟ ئەمجا بەدەستی خۆی گوشاردی و دایە دەست من و فەرمووی: ((ئەی جابر بانگی تەشتێ بکە)) هاوارم کرد:ئەی تەشتی کاروان، هەڵیانگرت و بۆیان هێنام و خستمە بەردەستی ، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە ناو تەشتەکە و بڵاوی کردەوە و پەنجەکانی لێك جیاکردەوە و ئەمجا لەبن تەشتەکەدا داینا و فەرمووی: ((ئەی جابر {کونەکە} بگرە و ئاوبکە بەسەر دەستمدا و بڵێ: بسم الله)) ئاوم کرد بەسەردەستیدا و وتم: بسم الله، دیم ئاو هەڵدەقوڵا لەنێو پەنجەکانی پێغەمبەر (ﷺ)،لەپاشدا تەشتەکە بەتوندی ئاوی لێهەڵدەقوڵا و ئاوەکە سوڕی دەخوارد، هەتا پڕبوو، ئەمجا فەرمووی: ((ئەی جابر بانگ بکە کێ پێویستی بەئاو هەیە)) دەڵێ: خەڵك هاتن ئاویان خواردەوە هەتا پاراو بوونەوە، وتم: ئایە کەس ماوە پێویستی بەئاو بێ؟ پێغەمبەر دەستی دەرهێنا لە تەشتەکە هێشتا پڕبوو.

خەڵك هاواری برسێتیان برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نزیکە خوای گەورە خواردنتان بۆ بنێرێ)) هاتینە سەر کەناری دەریا، دەریاکە شەپۆلێکی دا

گیانلەبەرێکی فڕێدایە دەر ئاگرمان لەسەر لایەکی کردەوە کوڵانمان و برژاندمان و خواردمان تا تێر بووین. جابر دەڵێ: من و فلان و فلان -پێنج کەسی ژمارد- چوینە ناو کالانەی چاویەوە کەس نەیبینین تا هاتینە دەر ، پەراسویەکمان هێنا و خوارمان کردەوە گەورەترین پیاوی ئەو کاروانەمان، بانگ کردو، گەورەترین وشتر لەکاروانەکەدا و گەورەترین کۆپان {واتە ئەو پیاوەی سواری ئەو وشتر و کۆپانە بوو} چووە ژێر ئەو پەراسووە سەری دانەئەخست.

(١٢) لەتبوونی مانگەشەو

١٤٦٤ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِمِنًى إِذَا انْفَلَقَ الْقَمَرُ فِلْقَتَيْنِ، فَكَانَتْ فِلْقَةٌ وَرَاءَ الْجَبَلِ وَفِلْقَةٌ دُونَهُ، فَقَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اشْهَدُوا)). [بخاري/ المناقب/ ٣٤٣٧]

(عبدالله) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا دانیشتبووین لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) لە مینا {دیمان} مانگ بوو بەدوکەرتەوە کەرتێکیان لەپشتی چیاکەوە بوو کەرتێکیشیان لەملای چیاکەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووین: ((شایەت بن)).

١٤٦٥ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ أَهْلَ مَكَّةَ سَأَلُوا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يُرِيَهُمْ آيَةً، فَأَرَاهُمُ انْشِقَاقَ الْقَمَرِ مَرَّتَيْنِ. [بخاري/ المناقب/ ٣٤٣٨]

لە(انس)ی کوڕی (مالك)ەوە (ﷺ) کە خەڵکی مەککە داوایان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) بەڵگەیەکیان نیشان بدات، دوجار لەتبونی مانگی پیشاندان.

(١٣) پاراستنی پێغەمبەر (ﷺ) لەو کەسەی ویستبێتی ئازاری بدات

١٤٦٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ أَبُو جَهْلٍ: هَلْ يُعَفِّرُ مُحَمَّدٌ وَجْهَهُ بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ؟ قَالَ: فَقِيلَ: نَعَمْ، فَقَالَ: وَاللَّاتِ وَالْعُزَّى، لَئِنْ رَأَيْتُهُ يَفْعَلُ ذَلِكَ لَأَطَأَنَّ عَلَى رَقَبَتِهِ، أَوْ لَأُعَفِّرَنَّ وَجْهَهُ فِي التُّرَابِ. قَالَ: فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يُصَلِّي. زَعَمَ لِيَطَأَ عَلَى رَقَبَتِهِ، قَالَ: فَمَا فَجِئَهُمْ مِنْهُ إِلَّا وَهُوَ يَنْكُصُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَيَتَّقِي بِيَدَيْهِ، قَالَ: فَقِيلَ لَهُ: مَا لَكَ؟ فَقَالَ: إِنَّ بَيْنِي وَبَيْنَهُ لَخَنْدَقًا مِنْ نَارٍ وَهَوْلًا وَأَجْنِحَةً. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَوْ دَنَا مِنِّي لَاخْتَطَفَتْهُ الْمَلَائِكَةُ عُضْوًا عُضْوًا)). قَالَ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ -لَا نَدْرِي فِي حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ أَوْ شَيْءٌ بَلَغَهُ- ﴿كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى. أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى. إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى. أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى. عَبْدًا إِذَا صَلَّى. أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ عَلَى الْهُدَى. أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى. أَرَأَيْتَ إِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى. -يَعْنِي أَبَا

جَهْلٍ- أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى. كَلَّا لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ. نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ. فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ. سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ. كَلَّا لَا تُطِعْهُ﴾. وَفِي رواية قَالَ: ((وَأَمَرَهُ بِمَا أَمَرَهُ بِهِ)). في رواية: ﴿فَلْيَدْعُ نَادِيَه﴾ يَعْنِي قَوْمَهُ.

له(أبو هريرة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: ابوجهل وتی: ئایا محمد لەناو ئێوەدا ڕووی خۆی دەنێتە سەر خاك؟ ابوهريرە دەڵێ: وترا بەڵێ، وتی: سوێندم بە (لات و عزّى) ئەگەر بینیم ئەوەی کرد دەبێ پێ‌بنێم بەگەردنیدا، یان دەبێ ڕوومەتی بچەقێنم بەخۆڵدا، دەڵێ: هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد، بەتەمابوو پێ‌بنێ بەگەردنیدا، لەناکاو پاشەو پاش گەڕایەوە و دەستی دەنا بەڕووی خۆیەوە {وەك ئەوەی شتێك دورخاتەوە لە خۆی}، دەڵێ: وترا: ئەوە چیتە؟ وتی: لە نێوان من ئەودا خەندەکێکی ئاگرین و شتێکی زۆر ترسناك و چەند باڵێك هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر لەمن نزیك بکەوتایەتەوە فریشتەکان پارچە پارچە دەیانفڕاند)) دەڵێ: خوای گەورە ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد کە ئەمە ماناکانیانە: ((ڕاستە مرۆڤ لە سنور لائەدات بەرەو ملهوڕی و ئارەزو پەرستی هەرکات خۆی بەدەسەڵاتدار و دەوڵەمەند بینی بەڕاستی گەڕانەوەیان بۆ لای خوایە هەر کەس پاداشتی کردەوەی خۆی وەردەگرێت. ئەی محمد هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئەو ملهوڕەی ڕێگریدەکات لەبەندەیەکی نوێژکار. هەواڵم بدەرێ ئەگەر ئەو بەندە نوێژکارە لەسەر ڕێگەی ڕاست و هیدایەت بێت یان فەرمان بەچاکە و تەقوا بکات. هەواڵم بدەرێ ئەگەر ئەو کەسە ملهوڕەیش فەرمانەکانی خوا بەدرۆ بزانێ و پشتیان لێ‌هەڵکات، ئایا نازانێت کە خوا ئاگایە بەهەموو شتێك. ئەگەر ئەو ملهوڕە وازنەهێنێ لەسەر ناوچەوان ڕایدەکێشین بۆ ناو دۆزەخ، ناوچەوانیکی درۆزنی خەتاکار. با ئەو خەڵکی یانەکەی خۆی بانگ بکات ئێمەیش زەبانی‌یەکانی دۆزەخی بۆ بانگ دەکەین ئەی محمد تۆ بەگوێی نەکەیت..﴾.

(١٤) پاراستنی پێغەمبەر (ﷺ) لەکەسێك ویستی بیکوژێت

١٤٦٧ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) غَزْوَةً قِبَلَ نَجْدٍ، فَأَدْرَكَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي وَادٍ كَثِيرِ الْعِضَاهِ، فَنَزَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) تَحْتَ شَجَرَةٍ، فَعَلَّقَ سَيْفَهُ بِغُصْنٍ مِنْ أَغْصَانِهَا، قَالَ: وَتَفَرَّقَ النَّاسُ فِي الْوَادِي يَسْتَظِلُّونَ بِالشَّجَرِ [قَالَ]: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ رَجُلًا أَتَانِي وَأَنَا نَائِمٌ فَأَخَذَ

السَّيْفَ، فَاسْتَيْقَظْتُ وَهُوَ قَائِمٌ عَلَى رَأْسِي، فَلَمْ أَشْعُرْ إِلَّا وَالسَّيْفُ صَلْتًا فِي يَدِهِ، فَقَالَ لِي: مَنْ يَمْنَعُكَ مِنِّي؟ قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُ، ثُمَّ قَالَ فِي الثَّانِيَةِ: مَنْ يَمْنَعُكَ مِنِّي؟ قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُ، قَالَ: فَشَامَ السَّيْفَ، فَهَا هُوَ ذَا جَالِسٌ)). ثُمَّ لَمْ يَعْرِضْ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ المغازي/ ٣٩٠٨]

لە(جابر)ی کوڕی (عبدالله)وە (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) چووین بۆ جەنگێك لەلای نەجدەوە، توشی پێغەمبەر (ﷺ) هاتین لە دۆڵێکدا درەختی دڕکاوی زۆر تێدابوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەبن درەختێکدا دابەزی و شمشێرەکەی هەڵواسی بەلقێك لە لقەکانیدا، دەڵێ: خەڵکیش بڵاوەی کرد لەو دۆڵەدا بۆ بن سێبەری درەختەکان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((پیاوێك هات بۆلام من خەوتبووم، شمشێرەکەی هەڵگرتبوو وەختێ خەبەر بوومەوە بەسەرسەرمەوە وەستابوو، شمشێرەکەی بەڕووتی بەدەستەوە گرتبوو،پێی وتم: کێ‌لەمن دەتپارێزێ؟ وتم: الله، جاری دووهەم وتی: کێ لە من دەتپارێزێ؟ وتم: الله، فەرمووی: ((شمشێرەکەی کردەوە بەکێلانیدا، ئەوەتا ئێستا دانیشتووە، دوای ئەوەیش پێغەمبەر (ﷺ) هیچ سزایەکی نەدا.

(١٥) ژەهر و خواردنی مەڕی ژەهراوی

١٤٦٨ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ امْرَأَةً يَهُودِيَّةً أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِشَاةٍ مَسْمُومَةٍ، فَأَكَلَ مِنْهَا، فَجِيءَ بِهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَسَأَلَهَا عَنْ ذَلِكَ؟ فَقَالَتْ: أَرَدْتُ لِأَقْتُلَكَ. قَالَ: ((مَا كَانَ اللَّهُ لِيُسَلِّطَكِ عَلَى ذَاكِ)). قَالَ: أَوْ قَالَ: ((عَلَيَّ)). قَالَ: قَالُوا: أَلَا نَقْتُلُهَا؟ قَالَ: ((لَا)) قَالَ: فَمَا زِلْتُ أَعْرِفُهَا فِي لَهَوَاتِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٧٤]

لە(أنس)ەوە (ﷺ) کە ئافرەتێکی جوولەکە مەڕێکی ژەهراوی هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، لێی خوارد، ئافرەتەکەیان هێنا بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، پرسیاری لێکرد لەوبارەوە؟ وتی: ویستم بتکوژم، فەرمووی: ((خوا توانای ئەوەت ناداتێ))، (انس) دەڵێ: یان وتی بەسەرمندا، وتیان ئەی نەیکوژین؟ فەرمووی: ((نەء)) انس دەڵێ: هەمووکات {شوێنەواری ئەو ژەهرەم} دەبینی لە زمانە بچکۆلەی پێغەمبەردا (ﷺ).

(١٦) پێغەمبەر (ﷺ) پێکاویەتی لە خەملاندندا

١٤٦٩ـ عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ (رضي الله عنه) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) غَزْوَةَ تَبُوكَ، فَأَتَيْنَا وَادِيَ الْقُرَى عَلَى حَدِيقَةٍ لِامْرَأَةٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اخْرُصُوهَا)). فَخَرَصْنَاهَا، وَخَرَصَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَشَرَةَ أَوْسُقٍ، وَقَالَ: ((أَحْصِيهَا حَتَّى نَرْجِعَ إِلَيْكِ إِنْ شَاءَ اللَّهُ)). وَانْطَلَقْنَا حَتَّى قَدِمْنَا تَبُوكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((سَتَهُبُّ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَةَ رِيحٌ شَدِيدَةٌ، فَلَا يَقُمْ فِيهَا أَحَدٌ مِنْكُمْ، فَمَنْ كَانَ لَهُ بَعِيرٌ فَلْيَشُدَّ عِقَالَهُ)). فَهَبَّتْ رِيحٌ شَدِيدَةٌ، فَقَامَ رَجُلٌ، فَحَمَلَتْهُ الرِّيحُ حَتَّى أَلْقَتْهُ بِجَبَلَيْ طَيِّئٍ، وَجَاءَ رَسُولُ ابْنِ الْعَلْمَاءِ صَاحِبِ أَيْلَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِكِتَابٍ، وَأَهْدَى لَهُ بَغْلَةً بَيْضَاءَ، فَكَتَبَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَهْدَى لَهُ بُرْدًا، ثُمَّ أَقْبَلْنَا حَتَّى قَدِمْنَا وَادِيَ الْقُرَى، فَسَأَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَرْأَةَ عَنْ حَدِيقَتِهَا كَمْ بَلَغَ ثَمَرُهَا؟ فَقَالَتْ: عَشَرَةَ أَوْسُقٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي مُسْرِعٌ، فَمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ فَلْيُسْرِعْ مَعِيَ، وَمَنْ شَاءَ فَلْيَمْكُثْ)). فَخَرَجْنَا حَتَّى أَشْرَفْنَا عَلَى الْمَدِينَةِ، فَقَالَ: ((هَذِهِ طَابَةُ، وَهَذَا أُحُدٌ، وَهُوَ جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ)). ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ خَيْرَ دُورِ الْأَنْصَارِ دَارُ بَنِي النَّجَّارِ، ثُمَّ دَارُ بَنِي عَبْدِ الْأَشْهَلِ، ثُمَّ دَارُ بَنِي عَبْدِ الْحَارِثِ بْنِ الْخَزْرَجِ، ثُمَّ دَارُ بَنِي سَاعِدَةَ، وَفِي كُلِّ دُورِ الْأَنْصَارِ خَيْرٌ)). فَلَحِقَنَا سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ، فَقَالَ: أَبُو أُسَيْدٍ: أَلَمْ تَرَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَيَّرَ دُورَ الْأَنْصَارِ، فَجَعَلَنَا آخِرًا؟ فَأَدْرَكَ سَعْدٌ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، خَيَّرْتَ دُورَ الْأَنْصَارِ، فَجَعَلْتَنَا آخِرًا؟ فَقَالَ: ((أَوَلَيْسَ بِحَسْبِكُمْ أَنْ تَكُونُوا مِنَ الْخِيَارِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤١١]

(ابو حمید (رضي الله عنه))دەڵێ: لـە خزمـەت پێغەمبـەردا (ﷺ) چووین بـۆ جـەنگی تـەبووك، لە(وادی القری)دا تێپـەڕین بەلای بـاخی ئـافرەتێکدا، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((بیخـەمڵێنن)). ئێمـە خـەملاندمان، پێغەمبـەریش (ﷺ) خـەملاندی بەدەویسق و فەرمووی: ((بیژمێرە تا دەگەڕێینەوە (انشاالله) ڕۆیشتین تا چووینە تەبووك، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمشەو بایـەکی زۆر سـەخت هـەڵدەکات لەسـەرتان، کـەس لـەئێوە لەوکاتـەدا هەڵنەسـێ، هەرکـەس وشـتری هەیـە باگوریسـەکەی توندکات)) بایەکی زۆر تونـد هـەڵیکرد پیـاوێك هەسـتا بـابردی هەتا لە کێوی (طيئ)دا فڕێیدا، نێردراوی (ابن العلماء) فەرمانداری (أيله) هـات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ هێنابوو هێسترێکی سپیشی بە دیاری بۆ ناردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵام نامەی بۆ نوسیەوە و عەبایەکیشی بەدیاری بۆ

نارد، پاشان هاتین تا گەیشتینە (وادی القری)، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری کرد لە ئافرەتەکە: ((بەروبومی باخەکە چەند بوو؟)) وتی: دە ویسق دەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((من پەلەمە ، هەرکەس دەیەوێت لەگەڵم پەلە بکات، هەر کەس دەیەوێت بابمێنێتەوە)) ڕۆیشتن هەتا مەدینەمان لێوە دەرکەوت، فەرمووی: ((ئەمە (طابة)یە و، ئەویش (احد)ە شاخێکە خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێت، دوای ئەوە فەرمووی: ((چاکترین بنەماڵەی یاریدەدەرەکان بنەماڵەی (بنی النجار)ە ئینجا بنەماڵەی (بنی عبدالاشهل)ە، ئینجا بنەماڵەی (بني حارث بن الخزرج)ە ئینجا بنەماڵەی (بني ساعدة)یەو لەهەموو بنەماڵەی یاریدەدەرەکاندا چاکە هەیە، (سعد)ی کوڕی (عُبادة)پێمانگەیشت، (أبو اسَید)پێی وت: نەتزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بنەماڵەی یاریدەدەرەکانی هەڵسەنگاند بەخێر، ئێمەی خستە دواوە، (سعد) خۆی گەیاندە پێغەمبەر (ﷺ) وتی: یا رسول الله بنەماڵەی یاریدەدەرەکانت هەڵسەنگان بەخێر ئێمەت خستە پاشکۆوە؟ فەرمووی: ((ئەی ئەوەندەتان بەس نیە لەچاکەکان بن؟))).

(١٧) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) من پشتێنەتان دەگرم

١٤٧٠ـ عن أبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قالَ: قَالَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ): ((مَثَلِي كَمَثَلِ رَجُلٍ اسْتَوْقَدَ نَارًا، فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهَا جَعَلَ الْفَرَاشُ وَهَذِهِ الدَّوَابُّ الَّتِي فِي النَّارِ يَقَعْنَ فِيهَا، وَجَعَلَ يَحْجُزُهُنَّ وَيَغْلِبْنَهُ فَيَتَقَحَّمْنَ فِيهَا، قَالَ: فَذَلِكُمْ مَثَلِي وَمَثَلُكُمْ، أَنَا آخِذٌ بِحُجَزِكُمْ عَنِ النَّارِ، هَلُمَّ عَنِ النَّارِ، هَلُمَّ عَنِ النَّارِ، فَتَغْلِبُونِي تَقَحَّمُونَ فِيهَا)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١١٨]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نموونەی من وئێوە وەك پیاوێك وەهایە ئاگرێکی خۆشکردبێت لەکاتێکدا دەوروبەری خۆی ڕوونکردەوە، پەپولە و چروجانەوەر خۆیان دەخەنە ناو ئاگرەکە، ئەو هەر ئەیەوێ ڕێگایان لێبگرێ، بەڵام زاڵدەبن بەسەریدا و خۆیان فڕێدەدەنە ناو ئاگرەکە، فەرمووی: ((ئەمە نموونەی من و ئێوەیە، من پشتێنەتان دەگرم لەو ئاگرە و {دەڵێم دورکەونەوە لە ئاگر دورکەونەوە لە ئاگر، کەچی ئێوە لە دەستم دەردەچن و خۆتان فڕێ دەدەنە ناو ئاگرەکە})).

(١٨) پێغەمبەر (ﷺ) خواناسترین کەسە

١٤٧١ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: رَخَّصَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي أَمْرٍ، فَتَنَزَّهَ عَنْهُ نَاسٌ مِنَ النَّاسِ، فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ (ﷺ) فَغَضِبَ حَتَّى بَانَ الْغَضَبُ فِي وَجْهِهِ، ثُمَّ قَالَ: ((مَا بَالُ أَقْوَامٍ يَرْغَبُونَ عَمَّا رُخِّصَ لِي فِيهِ؟ فَوَاللَّهِ لَأَنَا أَعْلَمُهُمْ بِاللَّهِ، وَأَشَدُّهُمْ لَهُ خَشْيَةً)). [بخاري/ الادب/ ٥٧٥٠]

(عائشــة)(رضي الله عنها) دەڵــێ: پێغەمبــەر (ﷺ) ڕێگــای دا بــەکارێك هــەندێ کــەس لەوخەڵکە نەیانکرد و بەلایانەوە باش نەبوو، ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) ڕقی هەستا هەتا لە ڕوخساریدا دیاربوو، پاشان فەرمووی: ((هۆی چی‌یە هەندێ کەس دەبینم خۆیان لائەدەن لەشتێك ڕێگای پێدراوە؟ سوێند بەخوا من خواناسترین کەسیانم لە هەموویشیان زیاتر لە خوا دەترسم)).

(١٩) دووریی پێغەمبەر (ﷺ) لەتاوان

١٤٧٢ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: مَا خُيِّرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلَّا أَخَذَ أَيْسَرَهُمَا مَا لَمْ يَكُنْ إِثْمًا، فَإِنْ كَانَ إِثْمًا كَانَ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنْهُ، وَمَا انْتَقَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِنَفْسِهِ إِلَّا أَنْ تُنْتَهَكَ حُرْمَةُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٦٧]

(عائشة)(رضي الله عنها) خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ کات سەرپشــك نــەکراوە لــە نێــوان دوو کــاردا مەگــەر کامیــان ئاســانە ئــەوەیانی هەڵبژاردووە ئەگەر تاوان نەبووبێت، ئەگەر تاوان بووبێت ئەوە دوورترین کەس بووە لێی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ کات تۆڵـەی بۆنەفسی خـۆی نەسەندووە، مەگەر سنووری خوای گەورە پێشێل کرابێت)).

(٢٠) نوێژکردنی پێغەمبەر (ﷺ) هەتا هەردوپێی ئاوساوە

١٤٧٣ـ عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) صَلَّى حَتَّى انْتَفَخَتْ قَدَمَاهُ، فَقِيلَ لَهُ: أَتَكَلَّفُ هَذَا، وَقَدْ غَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ؟ فَقَالَ: ((أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا)) ﴿ بخاری / التهجر/ ١٠٧٨ ﴾.

لە(مغيرة)ی کوڕی (شعبە)وە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە نوێژکرد هەتا قاچەکانی ئاوسان، پێی وترا: بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەیت، کەخوایش لە گوناهی ڕابووردوت و داهاتووت بوردووە، فــەرمووی: ((ئــەی مـن بــەندەیێکی سوپاس گوزارنەبم؟)).

(٢١) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) من پێشەنگی کاروانتانم بۆ سەر حەوزەکە

١٤٧٤ـ عن جُنْدَب (ﷺ) قال: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((أَنَا فَرَطُكُمْ عَلَى الْحَوْضِ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦٢٧١]

(جنـدب)(ﷺ) دەڵـێ: بیسـتوومە لـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەیفـەرموو: ((مـن پێشەنگی کاروانتانم بۆ سەر حەوزەکە)).

(٢٢) گەورەیی حەوزەکەی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٧٥ـ عن عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرِو ابْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((حَوْضِي مَسِيرَةُ شَهْرٍ، وَزَوَايَاهُ سَوَاءٌ، وَمَاؤُهُ أَبْيَضُ مِنَ الْوَرِقِ، وَرِيحُهُ أَطْيَبُ مِنَ الْمِسْكِ، وَكِيزَانُهُ كَنُجُومِ السَّمَاءِ، فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَا يَظْمَأُ بَعْدَهُ أَبَدًا)). قَالَ: وَقَالَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ): قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي عَلَى الْحَوْضِ حَتَّى أَنْظُرَ مَنْ يَرِدُ عَلَيَّ مِنْكُمْ، وَسَيُؤْخَذُ أُنَاسٌ دُونِي فَأَقُولُ: يَا رَبِّ مِنِّي وَمِنْ أُمَّتِي، فَيُقَالُ: أَمَا شَعَرْتَ مَا عَمِلُوا بَعْدَكَ، وَاللَّهِ مَا بَرِحُوا بَعْدَكَ يَرْجِعُونَ عَلَى أَعْقَابِهِمْ)). قَالَ: فَكَانَ ابْنُ أَبِي مُلَيْكَةَ يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ أَنْ نَرْجِعَ عَلَى أَعْقَابِنَا، أَوْ [أَنْ] نُفْتَنَ عَنْ دِينِنَا. [بخاري/ الرقاق/ ٦٢٠٦، ٦٢٠٨، ٦٢١٩، ٦٢٢٠]

(عبـدالله) کـوڕی (عمـرو)ی کـوڕی (عـاص) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((حەوزەکەی من مانگێ ڕێگایە، سوچەکانی یەکسانن ئاوەکەی سـپیترە لـە زیـو، بۆنـی خۆشـترە لـە میسـك ، سـوراحییەکانی ئـەوەندەی ئەسـتێرەکانی ئاسمانـە، هەرکـەس لێی بخواتـەوە دوای ئـەوە هـەرگیز تینـوی نـابێت)) (عبـدالله)و (أسمـاء)ی کچـی ابوبکـر (ﷺ) دەڵێـن: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووپـەتی: ((من لەسەر حەوزەکەم، تەماشا دەکەم کێ لەئێوە دێت بـۆلام، کەسانێك ڕێی لای منیان لێدەگیرێ، دەڵێم: ئەی پەروەردگار ئەوانە لە منن، لە ئوممەتی منن، دەوترێ: ئەی نازانیت دوای تۆ چییان کردووە؟ سوێند بەخوا دوای تۆ هەر خەریکی پاشگەزبوونەوە بوون {لەئاینەکەت}))).

بۆیە (ابن أبي مُليكة)دەپاڕایەوە: ئەی خوایە پەنا دەگرین بەتۆ لەوەی پاشگەزببینەوە یان توشی تاقیکردنەوەی لادان لەدین ببین)).

١٤٧٦ـ عَنْ حَارِثَةَ بن وهب (ﷺ): أَنَّـهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((حَوْضُـهُ مَا بَيْنَ صَنْعَاءَ وَالْمَدِينَةِ)). فَقَالَ لَهُ الْمُسْتَوْرِدُ: أَلَمْ تَسْمَعْهُ قَالَ: الْأَوَانِي؟ [قَالَ: لَا]. فَقَالَ الْمُسْتَوْرِدُ: ((تُرَى فِيهِ الْآنِيَةُ مِثْلَ الْكَوَاكِبِ)).

له(حارث)ی کوڕی (وهب)(ﷺ) کەلە پێغەمبەری (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((حەوزەکەی ئەو بەقەد نێوان صەنعاءو مەدینەیە)) (مستورد) پێی وت: گوێت لێنەبووە باسی قاپ و قاچاغ بکات؟ {وتی: نەء} (مستورد) وتی: قاپ و قاچاخەکەی بەئەندازەی ئەستێرەکانە)).

١٤٧٧ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ أَمَامَكُمْ حَوْضًا كَمَا بَيْنَ جَرْبَاءَ وَأَذْرُحَ))، وَفِي رِوَايَةٍ: ((حَوْضِي)). وَفِي رِوَايَةٍ: قَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ: فَسَأَلْتُهُ – يعني نافعاً– فَقَالَ: قَرْيَتَيْنِ بِالشَّأْمِ، بَيْنَهُمَا مَسِيرَةُ ثَلَاثِ لَيَالٍ، وَفِي رِوَايَةٍ: ثلاثة أيام. [بخاري/ الرقاق/ ٦٢٠٦، ٦٢٠٨، ٦٢١٩، ٦٢٢٠]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەبەردەمتاندا حەوزێك هەیە بەپانی نێوان (جَربـاء) و (أذرح))) لەڕیوایەتێکدا: (حەوزەکەی من) لەڕیوایەتێکدا عبیدالله دەڵێ: پرسیارم کرد لە (نافع) وتی: ئەو دوشوێنە دووگوندن لەشام نێوەندیان سێشەو ڕێگایە، لە ڕیوایەتێکی تردا: سێ ڕۆژ.

١٤٧٨ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا إِنِّي فَرَطٌ لَكُمْ عَلَى الْحَوْضِ، وَإِنَّ بُعْدَ مَا بَيْنَ طَرَفَيْهِ كَمَا بَيْنَ صَنْعَاءَ وَأَيْلَةَ، كَأَنَّ الْأَبَارِيقَ فِيهِ النُّجُومُ)).

(جابر)ی کوڕی (سمرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئاگاداربن من پێشەنگی کاروانتانم بۆسەر حەوزەکە، دووریی نێوان هەردوو کەناری وەکو نێوان (صنعاء)و (أیلة)یە، مەسینەکانیشی ئەوەندەی ئەستێرەکانە)).

١٤٧٩ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا آنِيَةُ الْحَوْضِ؟ قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَآنِيَتُهُ أَكْثَرُ مِنْ عَدَدِ نُجُومِ السَّمَاءِ وَكَوَاكِبِهَا، أَلَا فِي اللَّيْلَةِ الْمُظْلِمَةِ الْمُصْحِيَةِ، آنِيَةُ الْجَنَّةِ مَنْ شَرِبَ مِنْهَا لَمْ يَظْمَأْ آخِرَ مَا عَلَيْهِ، يَشْخَبُ فِيهِ مِيزَابَانِ مِنَ الْجَنَّةِ، مَنْ شَرِبَ مِنْهُ لَمْ يَظْمَأْ، عَرْضُهُ مِثْلُ طُولِهِ مَا بَيْنَ عَمَّانَ إِلَى أَيْلَةَ، مَاؤُهُ أَشَدُّ بَيَاضًا مِنَ اللَّبَنِ وَأَحْلَى مِنَ الْعَسَلِ)).

(ابـي ذر)(ﷺ) دەڵـێ: وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا كاسـەی حـــەوز چی‌یـــە؟ فەرمووی: ((سـوێند بەوكەسـەی گیـانی منـی بەدەسـتە كاسـەكانی زیـاترن لـە ئەستێرەكانی ئاسمـان و هەسارەكانیش بـەڵام لـە شـەوێكی تـاریك و سـامانّدا، كاسـەی بەهەشـت هەركـەس تیاخواردەوە تینـوی نابێ تـا كۆتـایی ئـەو حاڵـەی لەسـەر یـەتی {واتـە هـەتا هەتایـە} دوو پلوسـك لەبەهەشـتەوە دەرژێنـە نـاو ئـەو حـەوزە، هەركـەس لێی‌خـواردەوە تینـوی نابـێ، پانایی‌یەكـەی وەك نێوەنــدی عەممان و ئەیلەیە، ئاوەكەی سپی ترە لەشیر، شیرینترە لە هەنگوین)).

١٤٨٠ـ عَنْ ثَوْبَـانَ (ﷺ): أَنَّ نَبِـيَّ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنِّـي لَبِعُقْرِ حَوْضِـي أَذُودُ النَّاسَ لِأَهْلِ الْيَمَـنِ، أَضْـرِبُ بِعَصَـايَ حَتَّـى يَرْفَضَّ عَلَيْهِمْ)). فَسُئِلَ عَنْ عَرْضِـهِ؟ فَقَالَ: ((مِنْ مَقَامِي إِلَى عَمَّانَ)). وَسُئِلَ عَنْ شَرَابِهِ؟ فَقَالَ: ((أَشَدُّ بَيَاضًا مِنَ اللَّبَنِ، وَأَحْلَى مِنَ الْعَسَلِ، يَغُتُّ فِيهِ مِيزَابَانِ يَمُدَّانِهِ مِنَ الْجَنَّةِ، أَحَدُهُمَا مِنْ ذَهَـبٍ وَالْآخَرُ مِنْ وَرِقٍ)).

لە (ثوبان)ەوە (ﷺ) كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((من لەئاوەڕۆگە و كۆتـــایی حەوزەكـــەمدام، خـــەڵكی لێدەگێڕمـــەوە لـــە پێنـــاو خـــەڵكی یەمـــەندا، بەداردەستەكەم لێـی دەدەم تـا دەچـێ بـۆ ئـەوان)) پرسـیاركرا لەپانی‌یەكـەی؟ فەرمووی: ((لەم شوێن وەستانی منەوە بۆ عەممانە)) پرسیار كرا لـە ئاوەكـەی؟ فەرمووی: ((لەشیر سپیترە، لە هەنگوین شیرینترە، دوو پلوسـكی بـەتوندی تیا هەڵدەقوڵێ لەبەهەشتەوە دێن و یەكێكیان لەئاڵتون و ئەوی تریان لە زیوە)).

١٤٨١ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَـرَجَ يَوْمًا فَصَلَّـى عَلَـى أَهْلِ أُحُدٍ صَلَاتَهُ عَلَى الْمَيِّتِ، ثُمَّ انْصَرَفَ إِلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ: ((إِنِّـي فَـرَطٌ لَكُمْ وَأَنَـا شَهِيدٌ عَلَيْكُمْ، وَإِنِّـي وَاللَّهِ لَأَنْظُرُ إِلَـى حَوْضِـي الْآنَ، وَإِنِّـي قَـدْ أُعْطِيـتُ مَفَـاتِيحَ خَزَائِنِ الْأَرْضِ، أَوْ: مَفَـاتِيحَ الْأَرْضِ، وَإِنِّـي وَاللَّـهِ مَـا أَخَـافُ عَلَيْكُـمْ أَنْ تُشْـرِكُوا بَعْدِي، وَلَكِنْ أَخَافُ عَلَيْكُمْ أَنْ تَتَنَافَسُوا فِيهَا)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٧٩]

(عقبة)ەی كوڕی (عامر) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبـەر (ﷺ) دەرچـوو نوێـژی كرد لەسەر شەهیدەكانی (أحد) وەك نوێـژی لەسـەر مردوو، پاشـان چـووە سـەر مینبـەر و فـەرمووی: ((مـن پێشـەنگی ئێـوەم ومـن شـایەتم لەسـەرتان، سـوێندم بەخوا ئێستا من تەماشـای حەوزەكـەم دەكـەم، مـن كلیلـی گەنجینـەكانی زەوی،

یان کلیلی زەویم پێبەخشراوە، سوێندم بەخوا ناترسم لێتان کە دوای من هاوەڵ بۆ خوا بڕیاربدەن، بەڵام لەوە دەترسم لەسەردنیا کێبەرکێ بکەن)).

(٢٣) شێوەو تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٨٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيْسَ بِالطَّوِيلِ الْبَائِنِ وَلَا بِالْقَصِيرِ، وَلَيْسَ بِالْأَبْيَضِ الْأَمْهَقِ وَلَا بِالْآدَمِ، وَلَا بِالْجَعْدِ الْقَطَطِ وَلَا بِالسَّبِطِ، بَعَثَهُ اللَّهُ عَلَى رَأْسِ أَرْبَعِينَ سَنَةً، فَأَقَامَ بِمَكَّةَ عَشْرَ سِنِينَ وَبِالْمَدِينَةِ عَشْرَ سِنِينَ، وَتَوَفَّاهُ اللَّهُ عَلَى رَأْسِ سِتِّينَ سَنَةً وَلَيْسَ فِي رَأْسِهِ وَلِحْيَتِهِ عِشْرُونَ شَعْرَةً بَيْضَاءَ. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٥٥]

(انس)ی کوڕی (مالك) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر بالا بەرز نەبوو، کورتە بالاش نەبوو، زۆر سپی و گەچین نەبوو زۆر گەنم ڕەنگیش نەبوو، زۆر قژی لول نەبوو زۆریش نەرم و خاو نەبوو، خوای گەورە لەچل ساڵیدا کردی بەپێغەمبەر (ﷺ)، دەساڵ لە مەککە مایەوە، دەساڵیش لەمەدینە، خوای گەورە شەصت ساڵیدا گیانی کێشا هێشتا سەر و ڕیشی بیست مووی سپی تێ نەکەوتبوو.

١٤٨٣ـ عن الْبَرَاءَ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلًا مَرْبُوعًا، بَعِيدَ مَا بَيْنَ الْمَنْكِبَيْنِ، عَظِيمَ الْجُمَّةِ إِلَى شَحْمَةِ أُذُنَيْهِ، عَلَيْهِ حُلَّةٌ حَمْرَاءُ، مَا رَأَيْتُ شَيْئًا قَطُّ أَحْسَنَ مِنْهُ (ﷺ). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٥٨]

(براء)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی میانەبالا و ناوشان پان بوو، قژی بەردەدایەوە تاسەر نەرمەی گوێی، دەستێ جلی سووری لەبەر دەکرد، هیچ شتێکم لەو جوانترنەبینیوە.

١٤٨٤ـ عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ (رضي الله عنه) قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَمَا عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ رَجُلٌ رَآهُ غَيْرِي، قَالَ: فَقُلْتُ [لَهُ]: فَكَيْفَ رَأَيْتَهُ؟ قَالَ: كَانَ أَبْيَضَ مَلِيحًا مُقَصَّدًا. قال مسلم: مَاتَ أَبُو الطُّفَيْلِ سَنَةَ مِائَةٍ، وَكَانَ آخِرَ مَنْ مَاتَ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).

(ابو الطفيل)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەرم (ﷺ) بینیوە، لەم سەر ڕووی زەمینەدا کەس نەماوە دیبێتی من نەبێ، {جریری، راوی} دەڵێ: پێم وت چۆنت دی؟ وتی: سپی بوو جوان بوو، ئەندامەکانی ڕێك و پێك بوو. (مسلم) دەڵێ: ابو

الطفیل سالّی صـەدی کۆچـی وەفـاتی کـردووە دوایـین کـەس بـوو، لـەیارانی پێغەمبەر (ﷺ).

(٢٤) مۆری پێغەمبەرایەتی

١٤٨٥ـ عن جَابِرَ بْنَ سَمُرَةَ (رضي الله عنه) قال: كَانَ رَسُولُ اللّه (ﷺ) قَدْ شَمِطَ مُقَدَّمُ رَأْسِهِ وَلِحْيَتِهِ، وَكَانَ إِذَا ادَّهَنَ لَمْ يَتَبَيَّنْ، وَإِذَا شَعِثَ رَأْسُهُ تَبَيَّنَ، وَكَانَ كَثِيرَ شَعْرِ اللِّحْيَةِ، فَقَالَ رَجُلٌ: وَجْهُهُ مِثْلُ السَّيْفِ. قَالَ: لَا، بَلْ كَانَ مِثْلَ الشَّمْسِ وَالْقَمَرِ، وَكَانَ مُسْتَدِيرًا، وَرَأَيْتُ الْخَاتَمَ عِنْدَ كَتِفِهِ مِثْلَ بَيْضَةِ الْحَمَامَةِ، يُشْبِهُ جَسَدَهُ.

(جابر)ی کوڕی (سَمُرة)(رضي الله عنه) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێشـی سـەری و ڕیشـی سـپی تێکـەوتبوو ئەگـەر ڕۆنـی بکردایــە دەرنەدەکـەوت، ئەگـەر قـژی پـەژموده ببوایە پێوە دیار بوو، مـوی ڕیشـی چڕوپڕ بوو، پیـاوێك وتــی: ڕوی وەکو شمشێر وابوو، وتی: نەء بـەڵکو وەك خـۆر و مـانگ بـوو، خڕ بوو، مۆری پێغەمبەرایـەتیم دی بـەلای شـانیدا وەك هیلکـەی کۆتـر بـوو، لەلاشـەی خــۆی دەچوو.

١٤٨٦ـ عن السَّائِبَ بْنَ يَزِيدَ (رضي الله عنه) قال: ذَهَبَتْ بِي خَالَتِي إِلَى رَسُولِ اللّهِ (ﷺ)، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللّهِ، إِنَّ ابْنَ أُخْتِي وَجِعٌ. فَمَسَحَ رَأْسِي وَدَعَا لِي بِالْبَرَكَةِ، ثُمَّ تَوَضَّأَ فَشَرِبْتُ مِنْ وَضُوئِهِ، ثُمَّ قُمْتُ خَلْفَ ظَهْرِهِ، فَنَظَرْتُ إِلَى خَاتَمِهِ بَيْنَ كَتِفَيْهِ مِثْلَ زِرِّ الْحَجَلَةِ. [بخاري/ الوضوء/ ١٨٧]

(سائب)ی کوڕی (یزید)دەڵێ: پورم بردمی بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەم خوشکەزایەم ئازاری هەیە، دەستی هێنا بەسـەرمدا دوعـای پـیرۆز بونــی بــۆ کــردم، لــەدواییدا دەســـتنوێژی گــرت و لــەئاوی دەســتنوێژەکەیم خـواردەوە، ئـەمجا هەسـتام و چوومـە پشـتی‌یەوە تەماشــای مۆرەکەیم کرد لە نێوەندی هەردوو شانیدا وەك هێلکەی کۆتر بوو.

١٤٨٧ـ عَنْ عَبْدِ اللّهِ بْنِ سَرْجِسَ (رضي الله عنه) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ)، وَأَكَلْتُ مَعَهُ خُبْزًا وَلَحْمًا. أَوْ قَالَ: ثَرِيدًا. قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: أَسْتَغْفَرَ لَكَ النَّبِيُّ (ﷺ)؟ قَالَ: نَعَمْ وَلَكَ، ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ [محمد: ١٩]. قَالَ: ثُمَّ دُرْتُ خَلْفَهُ فَنَظَرْتُ إِلَى خَاتَمِ النُّبُوَّةِ بَيْنَ كَتِفَيْهِ، عِنْدَ نَاغِضِ كَتِفِهِ الْيُسْرَى، جُمْعًا، عَلَيْهِ خِيلَانٌ كَأَمْثَالِ الثَّآلِيلِ.

(عبدالله) کوڕی (سَرجِس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرم بینی (ﷺ) نان و گۆشت – یان وتی– تریتم لەگەڵ خوارد {عاصم فەرموودەکەی لە (عبدالله)وە ڕیوایەت کردووە} دەڵێ: پێم وت: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێبوردنی بۆنەکردی؟ وتی: بەڵێ، بۆتۆیشی کرد، ئەمجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿واستَغفِر لِذَنبِك و للمؤمنين و المؤمنات﴾ {محمد: ١٩} {واتە: ﴿داوای لێبوردن بۆ تاوانەکانت بکە، بۆ پیاوانی باوەڕدار و ئافرەتانی باوەڕداریش﴾}.

دەڵێ: دوای ئەوە پێچم کردەوە بۆ پشتی مۆری پێغەمبەرێتیم لەنێوەندی هەردوو شانیدا بینی لە لاسەروی شانی چەپیەوە بوو وەك کۆڵە مستە وەهابوو خاڵی ورد وردی لەسەر بوو وەك بالوکە وەهابوو

(٢٥) شێوەی دەم و چاو و پاژنەی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٨٨ـ عن جَابِرَ بْنَ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ضَلِيعَ الْفَمِ، أَشْكَلَ الْعَيْنِ، مَنْهُوسَ الْعَقِبَيْنِ. قَالَ: قُلْتُ لِسِمَاكٍ: مَا ضَلِيعُ الْفَمِ؟ قَالَ: عَظِيمُ الْفَمِ، [قَالَ]: قُلْتُ: مَا أَشْكَلُ الْعَيْنِ؟ قَالَ: طَوِيلُ شَقِّ الْعَيْنِ. قَالَ: قُلْتُ: مَا مَنْهُوسُ الْعَقِبِ؟ قَالَ: قَلِيلُ لَحْمِ الْعَقِبِ.

(جابر)ی کوڕی (سَمُرَة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمی گەورەبوو {واتە زۆر بچووك نەبوو} کالانەی چاوی درێژبوو، {وەك خاوەنی اقتران النيرين دەڵێ: چاو بادامی بوو} پاژنەی پێی گۆشتن نەبوو.

(٢٦) شێوەی ڕیشی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٨٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ يُكْرَهُ أَنْ يَنْتِفَ الرَّجُلُ الشَّعْرَةَ الْبَيْضَاءَ مِنْ رَأْسِهِ وَلِحْيَتِهِ، قَالَ: وَلَمْ يَخْتَضِبْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، إِنَّمَا كَانَ الْبَيَاضُ فِي عَنْفَقَتِهِ وَفِي الصُّدْغَيْنِ، وَفِي الرَّأْسِ نَبْذٌ. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٥٧]

(انس)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێی ناخۆش بوو پیاو مووی سپی لەسەر و ڕیشی هەڵبکەنێت، دەڵێ: خەنەشی نەگرتۆتە سەر و ڕیشی، چونکە تەنها کەمێك لەچەناگەی و لاجانەکانی و چەند تاڵێك لەسەری سپی بوو بوو.

(٢٧) مووی سپی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٩٠ـ عَنْ أَبِي جُحَيْفَةَ (ﷺ) قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَبْيَضَ قَدْ شَابَ، كَانَ الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ (ﷺ) يُشْبِهُهُ. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٥٠، ٣٣٥٢]

(ابي جحيفة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەرم دی (ﷺ) سـپی و رووگـەش بـوو چـەند تاڵێك موی سپی بوو حەسەنی کوڕی عەلی (ﷺ) لەو دەچوو.

(٢٨) شێوەی مووی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٩١ـ عَنْ أَنَـسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) كَـانَ يَضْـرِبُ شَـعَرُهُ مَنْكِبَيْـهِ. [بخاري/ اللباس/ ٥٥٦٣]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: مووی سەری پێغەمبەر (ﷺ) دەگەیشتە شانی

١٤٩٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ شَعَرُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَـى أَنْـصَافِ أُذُنَيْـهِ. [بخاري/ اللباس/ ٥٥٦٤]

(انـس)(ﷺ) دەڵـێ: مـووی سـەری پێغەمبـەر (ﷺ) دەگەیشـتە ناوەڕاسـتی گوێی.

(٢٩) بەردانەوەی مووی پێغەمبەر (ﷺ) جیاکردنەوەی

١٤٩٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ أَهْلُ الْكِتَابِ يَسْدِلُونَ أَشْعَارَهُمْ، وَكَانَ الْمُشْـرِكُونَ يَفْرُقُونَ رُءُوسَهُمْ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُحِبُّ مُوَافَقَةَ أَهْلِ الْكِتَـابِ فِيمَا لَمْ يُؤْمَرْ بِهِ، فَسَدَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) نَاصِيَتَهُ ثُمَّ فَرَقَ بَعْدُ. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٦٥]

(ابـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: خـاوەن پەیامـەکان (اهـل الکتـاب) قژیـان شـۆڕ دەکردەوە، بت پەرستەکانیش دەیانکرد بە دوو پارچەوە بەلای ڕاست و چەپدا، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) حـەزیدەکرد وەك ئـەهلی کیتـاب بکـات لەشـتێکدا کـە فەرمانی بۆ نەهاتبایە، بۆیـە ماوەیـەك بەسـەر ناوچەوانیدا بەریدایـەوە، دواتـر جیای دەکردەوە بەڕاست و چەپی سەریدا.

(٣٠) زەردەخەنەی پێغەمبەر (ﷺ)

فەرموودەکـەی (جـابر)ی کـوڕی (سمـرة) لـەم بارەیـەوە، لەبەشـی نوێـژدا باسکرا،

(٣١) پێغەمبەر (ﷺ) شەرمن تربوو لەگەورە کچی ناوپەردە

١٤٩٤ـ عن أَبي سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ (ﷺ) قال: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَشَدَّ حَيَاءً مِنَ الْعَذْرَاءِ فِـي خِدْرِهَـا، وَكَـانَ إِذَا كَرِهَ شَـيْئًا عَرَفْنَـاهُ فِـي وَجْهِـهِ. [بخـاري/ المنـاقب/ ٣٣٦٩]

(ابو سعید الخدري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەگەورەکچی ناوپەردە زیاتر شەرمی دەکرد و، ئەگەر شتێکی لاناخۆش بوایە لەڕومەتیا دەمانزانی.

(٣٢) بۆنخۆشیی پێغەمبەر و نەرمیی لە پێ

١٤٩٥ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَزْهَرَ اللَّوْنِ، كَأَنَّ عَرَقَهُ اللُّؤْلُؤُ، إِذَا مَشَى تَكَفَّأَ، وَلَا مَسِسْتُ دِيبَاجَةً وَلَا حَرِيرَةً أَلْيَنَ مِنْ كَفِّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَلَا شَمِمْتُ مِسْكَةً وَلَا عَنْبَرَةً أَطْيَبَ مِنْ رَائِحَةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٦٨]

(انس)ی کوڕی (مالك) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) سپی و گەش بوو، عەرەقی وەك مرواری وەهابوو، کەدەڕۆیی بەڕێدا لەنجەی دەکرد بەڕاست و چەپدا، دەستم لەهیچ ئاوریشمێك نەداوە لەناولەپی پێغەمبەر (ﷺ) نەرمتر بوبێت، بۆنی هیچ میسك و عەنبەرێکم نەکردووە لەبۆنی ئەو خۆشتر بووبێت.

١٤٩٦ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) صَلَاةَ الْأُولَى، ثُمَّ خَرَجَ إِلَى أَهْلِهِ وَخَرَجْتُ مَعَهُ، فَاسْتَقْبَلَهُ وِلْدَانٌ، فَجَعَلَ يَمْسَحُ خَدَّيْ أَحَدِهِمْ وَاحِدًا وَاحِدًا، قَالَ: وَأَمَّا أَنَا فَمَسَحَ خَدِّي، [قَالَ]: فَوَجَدْتُ لِيَدِهِ بَرْدًا -أَوْ: رِيحًا- كَأَنَّمَا أَخْرَجَهَا مِنْ جُؤْنَةِ عَطَّارٍ.

(جابر)ی کوڕی (سَمرة)دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) نوێژی یەکەمم کرد، دوایی ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ و منیش لەگەڵیدا ڕۆیشتم، منداڵ هاتن بەپیریەوە دەستی دەهێنا بەکوڵمیاندا یەك یەك، دەستی بەهەردوو کوڵمی منیشدا هێنا هەستم بەفێنکی -یان بۆنخۆشی- دەستی کرد، وەك ئەوەی لە قوتوی عەتار دەستی دەرهێنابێت. {مەبەست بە نوێژی یەکەم دەگونجێ نوێژی نیوەڕۆ بێت چونکە یەکەم نوێژێکە کە کرابێت}.

(٣٣) عەرەق کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەوەرزی سەرمادا لەکاتی وەحی بۆ هاتنیدا

١٤٩٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: إِنْ كَانَ لَيُنْزَلُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْغَدَاةِ الْبَارِدَةِ، ثُمَّ تَفِيضُ جَبْهَتُهُ عَرَقًا. [بخاري/ بدء االوحي/ ٠٢]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: بەیانی زۆر سارد وەحی دادەبەزییە سەر پێغەمبەر (ﷺ)، ناوچەوانی ئارەقی لێهەڵدەنیشت.

١٤٩٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أنَّ الْحَارِثَ بْنَ هِشَامٍ سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ): كَيْفَ يَأْتِيكَ الْوَحْيُ؟ فَقَالَ: ((أحْيَانًا يَأْتِينِي فِي مِثْلِ صَلْصَلَةِ الْجَرَسِ، وَهُوَ أشَدُّهُ عَلَيَّ، ثُمَّ يَفْصِمُ عَنِّي وَقَدْ وَعَيْتُهُ، وَأحْيَانًا مَلَكٌ فِي مِثْلِ صُورَةِ الرَّجُلِ، فَأعِي مَا يَقُولُ)).
[بخاري/ بدء االوحي/ ٠٢]

لە(عائشة)ەوە (ﷺ) كە (حارث)ی كوڕی (هشام) پرسیاری كرد لە پێغەمبەر (ﷺ): چۆن وەحیت بۆ دێ؟ فەرمووی: ((هەندێ كات وەك دەنگی زەنگ بۆم دێت، ئەمەیان سەختترین جۆریانە لەسەرم، لەپاشا لێم جیا دەبێتەوە كاتێ تەواو تێی‌گەیشتم، هەندێ جاریش فریشتەیەكە لەوێنەی پیاوێكدا، ئەوەی دەیلێ تێی دەگەم.

(٣٤) بۆنخۆشی ئارەقی پێغەمبەر (ﷺ)

١٤٩٩ـ عَنْ أنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: دَخَلَ عَلَيْنَا النَّبِيُّ (ﷺ) فَقَالَ عِنْدَنَا، فَعَرِقَ، وَجَاءَتْ أُمِّي بِقَارُورَةٍ فَجَعَلَتْ تَسْلُتُ الْعَرَقَ فِيهَا، فَاسْتَيْقَظَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَقَالَ: ((يَا أمَّ سُلَيْمٍ مَا هَذَا الَّذِي تَصْنَعِينَ)). قَالَتْ: هَذَا عَرَقُكَ، نَجْعَلُهُ فِي طِيبِنَا، وَهُوَ مِنْ أطْيَبِ الطِّيبِ. ﴿بخاری / الاستئذان/ ٥٩٢٥﴾

(انس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هاتە لامان و نیوەڕۆ خەوی كرد لای ئێمە، ئارەقی كرد، دایكم شوشەیەكی هێنا ئارەقەكەی دەسڕیە ناوی، پێغەمبەر (ﷺ) خەبەری بویەوە فەرمووی: ((ئەی (أم سلیم) ئەوەچی دەكەیت؟ وتی: ئەوە ئارەقی تۆ دەكەینە ناو گوڵاوەكانمان، كە خۆشترین بۆنە.

(٣٥) بەرەكەت وەرگرتن لەئارەقی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥٠٠ـ عَنْ أنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَدْخُلُ بَيْتَ أمِّ سُلَيْمٍ فَيَنَامُ عَلَى فِرَاشِهَا، وَلَيْسَتْ فِيهِ. قَالَ: فَجَاءَ ذَاتَ يَوْمٍ فَنَامَ عَلَى فِرَاشِهَا فَأُتِيَتْ، فَقِيلَ لَهَا: هَذَا النَّبِيُّ (ﷺ) نَامَ فِي بَيْتِكِ عَلَى فِرَاشِكِ، قَالَ: فَجَاءَتْ وَقَدْ عَرِقَ وَاسْتَنْقَعَ عَرَقُهُ عَلَى قِطْعَةِ أدِيمٍ عَلَى الْفِرَاشِ، فَفَتَحَتْ عَتِيدَتَهَا فَجَعَلَتْ تُنَشِّفُ ذَلِكَ الْعَرَقَ فَتَعْصِرُهُ فِي قَوَارِيرِهَا، فَفَزِعَ النَّبِيُّ (ﷺ)، فَقَالَ: ((مَا تَصْنَعِينَ يَا أمَّ سُلَيْمٍ)). فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ، نَرْجُو بَرَكَتَهُ لِصِبْيَانِنَا. قَالَ: ((أصَبْتِ)).

(انس)ی كوڕی (مالك)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەچووە ماڵی (ام سلیم) لەسەر پێخەفەكەی دەخەوت، خۆی لەماڵ نەبوو، ئەنەس دەڵێ: ڕۆژێك هات لەسەر پێخەفەكەی خەوت، هاتن بۆلای پێیان وت: ئەوە پێغەمبەرە (ﷺ) لەماڵی

ئێوەدایەو، لەسەر پێخەفەکەی تۆ خەوتووە، دەڵـێ: ئـەویش هـات لـەکاتێکدا ئارەقی کردبوو، ئارەقەکـەی کۆبوبوویـەوە لەسـەر پارچەیـەك چـەرم کەلەسـەر پیخەفەکە بوو، أم سلیم جانتاکەی کردەوەو، ئەو ئارەقەی بەپارچە پەڕۆیـەك هـەڵدەمژیو، دەیکوشـاردە نـاو شوشـەکانییەوە، پێغەمبـەر (ﷺ) ڕاچڵـەکا و فەرمووی: ((ئەی (أم سلیم) ئەوە چی دەکەیت؟)) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم ئارەقە هەڵدەگرین بۆ بەرەکەت بۆ منداڵەکانمان. فەرمووی: ((چاکت کرد)).

(٣٦) نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) لەخەڵك و پیرۆزیی وەرگرتن لەوزاتە

١٥٠١ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا صَلَّى الْغَدَاةَ جَاءَ خَدَمُ الْمَدِينَةِ بِآنِيَتِهِمْ فِيهَا الْمَاءُ، فَمَا يُؤْتَى بِإِنَاءٍ إِلَّا غَمَسَ يَدَهُ فِيهَا، فَرُبَّمَا جَاءُوهُ فِي الْغَدَاةِ الْبَارِدَةِ فَيَغْمِسُ يَدَهُ فِيهَا.

لە(أنس)ی کوڕی (مالك)ەوە دەفـەرمووێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هـەرکات نوێژی بەیانی دەکرد، خزمەتگوزارەکانی مەدینە بەقاپەکانیانەوە دەهاتن ئاوی تیابوو، هیچ قاپێکیان بۆ نەدەهێنا کەدەستی تێدا نوقم نـەکات، زۆر وابـووە لەبەیانییەکی ساردا بۆیـان دەهێنـا هـەر دەسـتی تێـدا نوقـم دەکـرد. {واتـە: بۆبەرەکەت}

١٥٠٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَالْحَلَّاقُ يَحْلِقُهُ، وَأَطَافَ بِهِ أَصْحَابُهُ، فَمَا يُرِيدُونَ أَنْ تَقَعَ شَعْرَةٌ إِلَّا فِي يَدِ رَجُلٍ.

(أنـس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ)م بینـی سـەرتاش، سـەری دەتاشـی، یارەکانی دەورەیان دابوو، نەیاندەهێڵا یەك تاڵ موو بکەوێت مەگەر لە دەستی پیاوێکیاندا نەبێت.

١٥٠٣ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ امْرَأَةً كَانَ فِي عَقْلِهَا شَيْءٌ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِي إِلَيْكَ حَاجَةً. فَقَالَ: ((يَا أُمَّ فُلَانٍ، انْظُرِي أَيَّ السِّكَكِ شِئْتِ حَتَّى أَقْضِيَ لَكِ حَاجَتَكِ)). فَخَلَا مَعَهَا فِي بَعْضِ الطُّرُقِ حَتَّى فَرَغَتْ مِنْ حَاجَتِهَا.

لە(أنس)ەوە (ﷺ) کە ئافرەتێك هەبوو کەمێك عەقڵی ناتەواو بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من پێویستییەکم بەتۆ هەیە، فەرمووی: ((ئەی دایکی فڵان بزانە لەکام کۆڵان دەتەوێت بوەستە هەتا پێویستی یەکەت بۆجێبەجێ بکەم، لەهەندێك سەرەڕێگەکاندا تەنها خۆی وخۆی وەسـتان و پێویسـتییەکەی بـۆ ئەنجامدا.

(٣٧) پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەبەزەییترین كەس بووە بۆ منداڵ و خێزان

١٥٠٤ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: مَا رَأَيْتُ أَحَدًا كَانَ أَرْحَمَ [الناس] بِالْعِيَالِ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: كَانَ إِبْرَاهِيمُ مُسْتَرْضِعًا لَهُ فِي عَوَالِي الْمَدِينَةِ، فَكَانَ يَنْطَلِقُ وَنَحْنُ مَعَهُ فَيَدْخُلُ الْبَيْتَ وَإِنَّهُ لَيُدَّخَنُ، وَكَانَ ظِئْرُهُ قَيْنًا، فَيَأْخُذُهُ فَيُقَبِّلُهُ، ثُمَّ يَرْجِعُ. قَالَ عَمْرٌو: فَلَمَّا تُوُفِّيَ إِبْرَاهِيمُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ إِبْرَاهِيمَ ابْنِي، [وَإِنَّهُ] مَاتَ فِي الثَّدْيِ، وَإِنَّ لَهُ لَظِئْرَيْنِ تُكَمِّلَانِ رَضَاعَهُ فِي الْجَنَّةِ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٤١]

(انس)ی كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: هیچ كەسم نەدیوە بەبەزەییتر بووبێت بۆ خێزانی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: (ابراهیم) درابوو بە دایەن لە گوندەكانی دەوروبەری مەدینە،جاری وابوو دەچوو بۆلای و ئێمەیش لەگەڵی بووین، دەچووە ئەو ماڵە كە چڕە دوكەڵی لێهەڵدەستاچونكە مێردی شیردەرەكەی (ابراهیم) ئاسنگەر بوو، {پێغەمبەر (ﷺ)}دەیگرت و ماچی دەكرد و پاشان دەگەڕایەوە. (عمرو) دەڵێ: كاتێ إبرهیم مرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ابراهیم كوڕی من بوو، ئەو مرد لەكاتێكدا دەم بە مەمك بوو، دوو شیردەری هەن لەبەهەشتدا ماوەی شیردانەكەی بۆ تەواو دەكەن)).

{ملاحظة: لەئەصلەكەدا (یكملان) هاتووە واتە مەبەست بە دوو شیردەرەكە ژنەكە و مێردەكەیەتی}

١٥٠٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ الْأَقْرَعَ بْنَ حَابِسٍ أَبْصَرَ النَّبِيَّ (ﷺ) يُقَبِّلُ الْحَسَنَ، فَقَالَ: إِنَّ لِي عَشَرَةً مِنَ الْوَلَدِ، مَا قَبَّلْتُ وَاحِدًا مِنْهُمْ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّهُ مَنْ لَا يَرْحَمْ لَا يُرْحَمْ)). [بخاري/ الادب/ ٥٦٥١]

(ابو هریرة)(ﷺ) دەڵێ: (اقرع)ی كوڕی (حابس) پێغەمبەری (ﷺ) دی (حسین)ی ماچ دەكرد، (اقرع) وتی: بەڕاستی من دە منداڵم هەیە كەسیانم ماچ نەكردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەركەس ڕەحمی نەبێت ڕەحمی پێناكرێت)).

(٣٨) بەزەیی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئافرەتان

١٥٠٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ، وَغُلَامٌ أَسْوَدُ يُقَالُ لَهُ أَنْجَشَةُ يَحْدُو، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا أَنْجَشَةُ، رُوَيْدَكَ سَوْقًا بِالْقَوَارِيرِ)). [بخاري/ الادب/ ٥٧٩٧]

(أبـو هريـرة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) لەسـەفەرێكدا غولامێكـی ڕەشـیان لەگەڵدابو پێی دەوترا (انجشة) گۆرانی دەوت بۆ ئەوەی وشترەكان خێرا بڕۆن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی (انجشة) نـەرم و نیانبـە بۆ لێخوڕینـی وشتری شوشەكان)). {مەبەستی ئافرەتەكان بوو}.

(٣٩) ئازایەتی پێغەمبەر (ﷺ) و پێشڕەوی بۆ جەنگ

١٥٠٧ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَحْسَنَ النَّاسِ، وَكَانَ أَجْوَدَ النَّاسِ، وَكَانَ أَشْجَعَ النَّاسِ، وَلَقَدْ فَزِعَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَانْطَلَقَ نَاسٌ قِبَلَ الصَّوْتِ، فَتَلَقَّاهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَاجِعًا، وَقَدْ سَبَقَهُمْ إِلَى الصَّوْتِ، وَهُوَ عَلَى فَرَسٍ لِأَبِي طَلْحَةَ عُرْيٍ فِي عُنُقِهِ السَّيْفُ، وَهُوَ يَقُولُ: ((لَمْ تُرَاعُوا، لَمْ تُرَاعُوا)). قَالَ: ((وَجَدْنَاهُ بَحْرًا. أَوْ: إِنَّهُ لَبَحْرٌ)). قَالَ: وَكَانَ فَرَسًا يُبَطَّأُ. [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٥١]

(انس)ی كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) جوانـترین كـەس بوو، سەخیترین كەس بوو، ئازاترین كـەس بـوو، شـەوێكیان خـەڵكی مەدینـە بەدەم دەنگێكەوە ڕاچڵەكان و بەرەو ڕووی دەنگەكە دەرچوون، پێغەمبـەر (ﷺ) پێیـان گەیشـت لەوسـەرەوە دەگەڕایـەوە، چونكـە ئـەو بەرلـەوان ڕۆیشـتبوو بـۆ هـەواڵی ئـەو دەنگـە، بەسـواری ئەسـپەكەی (ابـو طلحـة)كـە پشـتی ڕوت بـوو پێغەمبەر (ﷺ) شمشێرێك لەملیدابوو، دەیفەرموو: ((مەترسن، مەترسن)). انس دەڵـێ: ئەو ئەسپەمان دی زۆر خێرا دەڕۆیشـت یـان وەك دەریـا شـەپۆلی دەدا، لەكاتێكدا پێشتر بە ئەسپێكی سست و تەمبەڵ ناسرابوو.

(٤٠) پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوشتی لەهەموو كەس جوانتربووە

١٥٠٨ـ عن أَنَسٌ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ أَحْسَنِ النَّاسِ خُلُقًا، فَأَرْسَلَنِي يَوْمًا لِحَاجَةٍ فَقُلْتُ: وَاللَّهِ لَا أَذْهَبُ، وَفِي نَفْسِي أَنْ أَذْهَبَ لِمَا أَمَرَنِي بِهِ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ)، فَخَرَجْتُ حَتَّى أَمُرَّ عَلَى صِبْيَانٍ، وَهُمْ يَلْعَبُونَ فِي السُّوقِ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ قَبَضَ بِقَفَايَ مِنْ وَرَائِي، قَالَ: فَنَظَرْتُ إِلَيْهِ وَهُوَ يَضْحَكُ، فَقَالَ: ((يَا أُنَيْسُ، أَذَهَبْتَ حَيْثُ أَمَرْتُكَ)). قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ، أَنَا أَذْهَبُ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ أَنَسٌ: وَاللَّهِ لَقَدْ خَدَمْتُهُ تِسْعَ سِنِينَ، مَا عَلِمْتُهُ قَالَ لِشَيْءٍ صَنَعْتُهُ: لِمَ فَعَلْتَ كَذَا وَكَذَا. أَوْ لِشَيْءٍ تَرَكْتُهُ: هَلَّا فَعَلْتَ كَذَا وَكَذَا.

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕەوشتی لەهەموو كەس جوانتر بووە، ڕۆژێك ناردمی بۆ پێویستیەك وتم: بەخوا ناچم، بەڵام لەدڵما وابوو كە بچم بەدەم فەرمانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) ڕۆیشتم تا تێپەڕیم بەلای كۆمەڵێك منداڵدا لەبازاڕدا یاریان دەكرد، وەختێكم زانی پێغەمبەر (ﷺ) لەدواوە پشت ملی گرتم، دەڵێ: تەماشام كرد پێدەكەنی، فەرمووی: ((ئەی (انس) ڕۆیشتی بۆ ئەو شوێنەی فەرمانم پێكردی؟)) وتم: بەڵی وا دەڕۆم ئەی پێغەمبەری خوا، انس وتی سوێند بە خوا نۆ ساڵ خزمەتم كردووە، پێنازانم بۆ شتێ كردبێتم فەرموبێتی بۆچ وەهات كرد و وەهات كرد؟ بۆ شتێكیش نەمكردبێ فەرموبێتی بۆ ئەوە و ئەوەت نەكرد؟

(٤١) شێوازی قسەكردنی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥٠٩ـ عن عروة بن الزبير قَالَ: كَانَ أَبُو هُرَيْرَةَ يُحَدِّثُ وَيَقُولُ: اسْمَعِي يَا رَبَّةَ الْحُجْرَةِ، اسْمَعِي يَا رَبَّةَ الْحُجْرَةِ، وَعَائِشَةُ رضوان الله عليهما تُصَلِّي، فَلَمَّا قَضَتْ صَلَاتَهَا قَالَتْ لِعُرْوَةَ: أَلَا تَسْمَعُ إِلَى هَذَا وَمَقَالَتِهِ آنِفًا؟ إِنَّمَا كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُحَدِّثُ حَدِيثًا لَوْ عَدَّهُ الْعَادُّ لَأَحْصَاهُ.

(عروة)ی كوڕی (زبیر) دەڵێ: ابو هریرة فەرموودەی دەگێڕایەوە و دەیوت: گوێت لێبێت ئەی خاوەن حوجرە، گوێت لێبێت ئەی خاوەن حوجرە، لەو كاتەدا (عائشة)(ﷺ) نوێژی دەكرد، كاتێ لە نوێژەكەی بویەوە بە عروەی وت: ئایە گوێت لەو كابرا و وتەكانی بوو تۆزێ لەمەوبەر؟ بەراستی پێغەمبەر (ﷺ) بەشێوەیەك فەرموودەی دەفەرموو ئەگەر ژمێریار وشەكانی بژماردایە دەیژمارد {واتە: پەلەی نەدەكرد}

(٤٢) پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدوای هەلی گونجاودا دەگەڕا بۆ ئامۆژگاریمان

١٥١٠ـ عَنْ شَقِيقٍ أَبِي وَائِلٍ قَالَ: كَانَ عَبْدُ اللَّهِ يُذَكِّرُنَا كُلَّ يَوْمِ خَمِيسٍ، فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ إِنَّا نُحِبُّ حَدِيثَكَ وَنَشْتَهِيهِ، وَلَوَدِدْنَا أَنَّكَ حَدَّثْتَنَا كُلَّ يَوْمٍ. فَقَالَ: مَا يَمْنَعُنِي أَنْ أُحَدِّثَكُمْ إِلَّا كَرَاهِيَةُ أَنْ أُمِلَّكُمْ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَتَخَوَّلُنَا بِالْمَوْعِظَةِ فِي الْأَيَّامِ، كَرَاهِيَةَ السَّآمَةِ عَلَيْنَا. [بخاري/ العلم/ ٧٠]

(شقيق ابو وائل)دەڵێ: عبدالله هەموو ڕۆژێكی پێنج شەممە ئامۆژگاری دەكردین، پیاوێك پێی وت: ئەی (ابو عبدالرحمن) ئێمە قسەكانی تۆمان

پێخۆشە و حەزی پێدەکەین، پێمان خۆشە هەموو ڕۆژێك ئامۆژگاریمان بکەیت، وتی: من هیچ شتێ ڕێگرم نیە لەقسە بۆ کردنتان هەموو ڕۆژێك، ئەوە نەبێت پێم ناخۆشە بێزارتان بکەم، لەڕاستیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوبەناو لەهەلی گونجاودا ئامۆژگاری دەکردین لەترسی ئەوەی نەکو بێزار ببین.

(٤٣) پێغەمبەر (ﷺ) سەخیترین کەس بووە

١٥١١ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ) أَجْوَدَ النَّاسِ بِالْخَيْرِ، وَكَانَ أَجْوَدَ مَا يَكُونُ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ، إِنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَام كَانَ يَلْقَاهُ فِي كُلِّ سَنَةٍ فِي رَمَضَانَ حَتَّى يَنْسَلِخَ، فَيَعْرِضُ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْقُرْآنَ، فَإِذَا لَقِيَهُ جِبْرِيلُ كَانَ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ) أَجْوَدَ بِالْخَيْرِ مِنَ الرِّيحِ الْمُرْسَلَةِ. [بخاري/ بدء الوحي/٦]

(ابن عباس)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەخیترین کەس بوو بۆ بەخشندەیی، سەخیترین کاتی لەمانگی ڕەمەزاندا بوو، بەڕاستی (جبريل (عليه السلام) هەموو ساڵێك لە ڕەمەزاندا تا تەواو دەبوو دەهات و، پێغەمبەر (ﷺ) قورئانی ئاراستە دەکرد کاتێ جبريل پێی دەگەیی پێغەمبەر (ﷺ) لەبایەکی خێراو بەردەوام سەخیتر بوو.

(٤٤) پێغەمبەر (ﷺ) داوای هیچ شتێکی لێنەکراوە بڵێ نابێ

١٥١٢ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: مَا سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) شَيْئًا قَطُّ فَقَالَ: لَا. [بخاري/ الأدب/ ٥٦٨٧]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای هەر شتێکی لێکرابێت نەیفەرمووە نایبەخشم.

١٥١٣ـ عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) غَنَمًا بَيْنَ جَبَلَيْنِ، فَأَعْطَاهُ إِيَّاهُ، فَأَتَى قَوْمَهُ، فَقَالَ: أَيْ قَوْمِ أَسْلِمُوا، فَوَاللَّهِ إِنَّ مُحَمَّدًا (ﷺ) لَيُعْطِي عَطَاءً مَا يَخَافُ الْفَقْرَ. فَقَالَ أَنَسٌ: إِنْ كَانَ الرَّجُلُ لَيُسْلِمُ مَا يُرِيدُ إِلَّا الدُّنْيَا. فَمَا يُسْلِمُ حَتَّى يَكُونَ الْإِسْلَامُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا عَلَيْهَا.

(انس)(رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك داوای ڕانە مەڕێکی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) کەلەنێوان دو چیادا بوو، ئەویش پێی بەخشی ئینجا چوو بۆلای هۆزەکەی وتی: ئەی هۆز موسڵمان بن سوێند بەخوا محمد (ﷺ) بەخشینێك دەبەخشێت کەلە هەژاری ناترسێت. انس دەڵێ: جاری وابووە پیاوێك موسڵمان بووە تەنها

مەبەستی دنیا بووە، هەرکە موسڵمان دەبوو وای لێ دەهات ئیسلام شیرینتر بوو لای لەدنیا و ئەوەی ها لەسەر دنیا.

(٤٥) زۆر بەخشندەیی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥١٤ـ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ (رضي الله عنه) قَالَ: غَزَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَزْوَةَ الْفَتْحِ فَتْحِ مَكَّةَ، ثُمَّ خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَنْ مَعَهُ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، فَاقْتَتَلُوا بِحُنَيْنٍ، فَنَصَرَ اللَّهُ دِينَهُ وَالْمُسْلِمِينَ، وَأَعْطَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَئِذٍ صَفْوَانَ بْنَ أُمَيَّةَ مِائَةً مِنَ النَّعَمِ، ثُمَّ مِائَةً، ثُمَّ مِائَةً. قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: حَدَّثَنِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ أَنَّ صَفْوَانَ قَالَ: وَاللَّهِ لَقَدْ أَعْطَانِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَا أَعْطَانِي وَإِنَّهُ لَأَبْغَضُ النَّاسِ إِلَيَّ، فَمَا بَرِحَ يُعْطِينِي حَتَّى إِنَّهُ لَأَحَبُّ النَّاسِ إِلَيَّ.

(ابن شهاب) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) جەنگی ڕزگار کردنی مەککەی کردو، پاش ئەوە ڕۆیشت لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی لەگەڵی بوون جەنگان لە (حنین)داو، خوا ئاینەکەی خۆی و موسڵمانانی سەرخست، پێغەمبەر (ﷺ) لەو ڕۆژەدا صەد وشتری بەخشی بە (صفوان)ی کوڕی (أمیة)، دوای ئەوەیش صەد، دوای ئەوەیش صەد. ابن شهاب دەڵێ: سعیدی کوڕی المُسیب بۆی گێڕامەوە کە (صفوان) وتی: سوێند بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) بەخششی پێدام لەکاتێکدا لەهەموو کەس زیاتر ڕقم لێی بوو وازی لێ نەهێنام هەر پێی بەخشیم هەتا بوو بەخۆشەویستترین کەس بەلامەوە.

(٤٦) بەڵێنەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥١٥ـ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَوْ قَدْ جَاءَنَا مَالُ الْبَحْرَيْنِ، لَقَدْ أَعْطَيْتُكَ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا)). وَقَالَ بِيَدَيْهِ جَمِيعًا، فَقُبِضَ النَّبِيُّ (ﷺ) قَبْلَ أَنْ يَجِيءَ مَالُ الْبَحْرَيْنِ، فَقَدِمَ عَلَى أَبِي بَكْرٍ (رضي الله عنه) بَعْدَهُ، فَأَمَرَ مُنَادِيًا فَنَادَى: مَنْ كَانَتْ لَهُ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) عِدَةٌ أَوْ دَيْنٌ فَلْيَأْتِ. فَقُمْتُ فَقُلْتُ: إِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْ قَدْ جَاءَنَا مَالُ الْبَحْرَيْنِ أَعْطَيْتُكَ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا)). فَحَثَى أَبُو بَكْرٍ (رضي الله عنه) مَرَّةً، ثُمَّ قَالَ لِي: عُدَّهَا، فَعَدَدْتُهَا فَإِذَا هِيَ خَمْسُ مِائَةٍ، فَقَالَ: خُذْ مِثْلَيْهَا. [بخاري/ الكفالة/ ٢١٧٤]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر سامانی بەحرەینمان بۆ بهاتایە، بەدڵنیاییەوە ئەوندە و ئەوەندە و ئەوەندەم پێدەبەخشیت)) هەردوو دەستی کۆکردەوە و ئاماژەی پێکرد، پێغەمبەر (ﷺ)

كۆچی دوایی كرد پێش ئەوەی سامانی بەحرەین بگات، دوایـی هاتـەوە بۆ لای ئبـو بكـر (ﷺ) ئـەویش فـەرمانی دابـە جارچیـەك جـاری دا: كـێ قــەرزێك یــان بەڵێنێكی هەیە لەسەر پێغەمبـەر (ﷺ) بابێت، من هەستام وتم: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر مالّی بـەحرەینمان بـۆ بێـت ئەوەنـە و ئـەوەندە و ئەوەنـەت دەدەمێ)) ئبوبكر هـەردوو مشتی پڕكرد لەپاشدا وتـی بیژمـێرە ژمـاردم پێنـج صەد بوو فەرمووی دوئەوەندەی تریش وەرگرە.

(٤٧) ژمارەی ناوەكانی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥١٦ـ عن جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُول اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ لِي أَسْمَاءً: أَنَا مُحَمَّدٌ، وَأَنَا أَحْمَدُ، وَأَنَا الْمَاحِي الَّذِي يَمْحُو اللَّهُ بِيَ الْكُفْرَ، وَأَنَا الْحَاشِرُ الَّذِي يُحْشَرُ النَّاسُ عَلَى قَدَمَيَّ، وَأَنَا الْعَاقِبُ الَّذِي لَيْسَ بَعْدَهُ أَحَدٌ)). وَقَدْ سَمَّاهُ اللَّهُ رَءُوفًا رَحِيمًا. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٣٩]

لە(جبیر)ی كوڕی (مطعم)ەوە (ﷺ) كە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((مـن چەند ناوێكم هەیە: مـن (محمـد)م، مـن (أحمـد)م مـن (مـاحی)م واتـا: لابـەرم خـوا كوفر بەمن لادەبات، مـن (حاشر)م واتـە ئـەو كۆكـەرەوەم كـە خـەڵك لەسـەردەمی مندا حەشردەكرێت، من (عاقب)م واتە ئەو دوا كاروانەم كە كەسی تری بـەدوادا نایەت، خوایش ناوی بردووە بە (رؤوف رحیم).

١٥١٧ـ عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُسَمِّي لَنَا نَفْسَهُ أَسْمَاءً فَقَالَ: ((أَنَا مُحَمَّدٌ، وَأَحْمَدُ، وَالْمُقَفِّي، وَالْحَاشِرُ، وَنَبِيُّ التَّوْبَةِ، وَنَبِيُّ الرَّحْمَةِ)).

(أبو موسی الاشعري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ناوی خۆی دەبـرد بۆمـان بەچـەند نـاوێك دەیفـەرموو: ((مـن (محمـد)م (احمـد)م (مقفـي)م واتــە دووا پێغەمبەرم (حاشر)م پێغەمبەری تەوبەو پێغەمبەری ڕەحمەتم)).

(٤٨) پێغەمبەر (ﷺ) چەند لەمەككە و مەدینە مایەوە؟

١٥١٨ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: أَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَكَّةَ ثَلَاثَ عَشْرَةَ [سَنَةً] يُوحَى إِلَيْهِ، وَبِالْمَدِينَةِ عَشْرًا، وَمَاتَ وَهُوَ ابْنُ ثَلَاثٍ وَسِتِّينَ [سَنَةً]. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٨٩]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) لـە مەككـە سـیازدە سـاڵ مایـەوە وەحی بۆ دەهات، لەمەدینەیش دەساڵ، كاتێ وەفاتی كرد تەمـەنی شـەصت و سێ ساڵ بوو.

١٥١٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: أَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَكَّةَ خَمْسَ عَشْرَةَ سَنَةً، يَسْمَعُ الصَّوْتَ وَيَرَى الضَّوْءَ سَبْعَ سِنِينَ، وَلَا يَرَى شَيْئًا، وَثَمَانَ سِنِينَ يُوحَى إِلَيْهِ، وَأَقَامَ بِالْمَدِينَةِ عَشْرًا. [بخاري/ فضال الصحابة/ ٣٦٩٠]

(ابن عباس) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پازدە ساڵ لە مەككە مایەوە، حـەوت ساڵیان دەنگی فریشتەی دەبیست و نووری دەبینی،بەڵام خودی فریشتەكەی نەدەبینی، هەشت ساڵیش وەحی بۆ دەهات، دەساڵیش لەمەدینە مایەوە.

(٤٩) پێغەمبەر (ﷺ) لەچەند ساڵیدا كۆچیدوایی كرد؟

١٥٢٠ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قُبِضَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) و هُوَ ابْنُ ثَلَاثٍ وَسِتِّينَ، وَأَبُو بَكْرٍ (ﷺ) وَهُوَ ابْنُ ثَلَاثٍ وَسِتِّينَ، وَعُمَرُ (ﷺ) وَهُوَ ابْنُ ثَلَاثٍ وَسِتِّينَ.

(انس)ی كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەر (ﷺ) لەشەصت وسێ ساڵیدا كۆچی دوایی كرد، ابوبكریش هـەر لەتەمەنی شـەصت و سێ ساڵیدا، عمریش هەر لە تەمەنی شەصت و سێدا.

١٥٢١ـ عَنْ عَمَّارٍ مَوْلَى بَنِي هَاشِمٍ قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ): كَمْ أَتَى لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ مَاتَ؟ فَقَالَ: مَا كُنْتُ أَحْسِبُ مِثْلَكَ مِنْ قَوْمِهِ يَخْفَى عَلَيْهِ ذَاكَ. قَالَ: قُلْتُ: إِنِّي قَدْ سَأَلْتُ النَّاسَ فَاخْتَلَفُوا عَلَيَّ، فَأَحْبَبْتُ أَنْ أَعْلَمَ قَوْلَكَ فِيهِ. قَالَ: أَتَحْسُبُ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ. قَالَ: أَمْسِكْ أَرْبَعِينَ بُعِثَ لَهَا، خَمْسَ عَشْرَةَ بِمَكَّةَ يَأْمَنُ وَيَخَافُ، وَعَشْرَ مِنْ مُهَاجَرِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ.

لە(عمار)ەوە كە كارگوزاری (بني هاشم)بووە دەڵێ: پرسیارم كرد لە ابن عباس (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) تەمەنی چەند بوو ئەو ڕۆژەی كۆچی دوایی كرد؟ وتی: وام گومان نەبرد وێنەی تۆ لەناو هۆزەكەیدا ئەو شتەی لێشاراوە بێت. دەڵێ: وتم:من پرسیارم لە خەڵك كردووە بەجیاواز وەڵامیان داومەتەوە، پێم خۆشبوو ڕای تۆیش بزانم لەم بارەوە، وتی: حساب دەزانی؟ وتم: بەڵێ، وتی: چل بخەرە لاوە كە لەسەری ئەو چلەدا ڕەوانە كرا، پازدە ساڵیش دەترسا و هێدی دەبوویەوە، دە ساڵیش لەوكاتەوە كۆچی كرد بۆ مەدینە.

فەرمووودەکەی (انس)یش باسکرا کە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد لە شەصت ساڵیدا {بڕوانە فەرمووودەی: ١٥٥٦}.

(٥٠) گەر خوا بەزەیی هاتەوە بە ئوممەتێکدا پێغەمبەرەکەیان پێش خۆیان دەمرێنێ

١٥٢٢ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ إِذَا أَرَادَ رَحْمَةَ أُمَّةٍ مِنْ عِبَادِهِ قَبَضَ نَبِيَّهَا قَبْلَهَا، فَجَعَلَهُ لَهَا فَرَطًا وَسَلَفًا بَيْنَ يَدَيْهَا، وَإِذَا أَرَادَ هَلَكَةَ أُمَّةٍ عَذَّبَهَا وَنَبِيُّهَا حَيٌّ، فَأَهْلَكَهَا وَهُوَ يَنْظُرُ، فَأَقَرَّ عَيْنَهُ بِهَلَكَتِهَا حِينَ كَذَّبُوهُ وَعَصَوْا أَمْرَهُ)).

(ابی موسی)(رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەفەرمووێ: خوای گەورە ئەگەر ویستی بەزەیی بێتەوە بە ئوممەتێکدا پێغەمبەرەکەیان پێش خۆیان دەمرێنێو، دەیکات بە پێشەنگیان لەبەردەمیاندا، ئەگەر ویستی ئوممەتێکیش لەناو بەرێت سزایان دەدات و لەناویان دەبات، پێغەمبەرەکەیشیان زیندووە و سەیریان دەکات، چاویشی دەسرەوێ بەلەناوچونیان چونکە ئەویان بەدرۆزن زانیوە و لەفەرمانەکانی یاخی بوون.

(٥١) فەرمووودەی خوا ﴿فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكّموك﴾

١٥٢٣ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الزُّبَيْرِ (رضي الله عنه): أَنَّ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ خَاصَمَ الزُّبَيْرَ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي شِرَاجِ الْحَرَّةِ الَّتِي يَسْقُونَ بِهَا النَّخْلَ، فَقَالَ الْأَنْصَارِيُّ: سَرِّحِ الْمَاءَ يَمُرُّ. فَأَبَى عَلَيْهِمْ، فَاخْتَصَمُوا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِلزُّبَيْرِ: ((اسْقِ يَا زُبَيْرُ، ثُمَّ أَرْسِلِ الْمَاءَ إِلَى جَارِكَ)). فَغَضِبَ الْأَنْصَارِيُّ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنْ كَانَ ابْنَ عَمَّتِكَ؟ فَتَلَوَّنَ وَجْهُ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ قَالَ: ((يَا زُبَيْرُ اسْقِ، ثُمَّ احْبِسِ الْمَاءَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَى الْجَدْرِ)). فَقَالَ الزُّبَيْرُ: وَاللَّهِ إِنِّي لَأَحْسِبُ هَذِهِ الْآيَةَ نَزَلَتْ فِي ذَلِكَ: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ﴾ الآية. [بخاري/ المساقاة/ ٢٢٣١]

لە (عبدالله)ی کوڕی (زُبیر)ەوە (رضي الله عنه) کە پیاوێك لە ئەنصارەکان دەمەقاڵێی بوو لەگەڵ (زبیر)دا لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) لەسەر جۆگەی (الحَّرە) کە خورماکانیان پێ ئاو دەدا، ئەنصارییەکە وتی: ئاوەکە بەردە بابڕوات زبیر ڕازی نەبوو، سکاڵایان هێنایە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی: ((بەزبیر تۆ مەزراکەت ئاودە و دوای ئەوە ئاوەکە بەردە بۆ دراوسێکەت)) ئەنصارییەکە

ڕقی هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا لەبەر ئەوەی کە پورزاتە؟ ڕەنگی پێغەمبەر (ﷺ) تێکچوو، پاشان فەرمووی: ((ئەی زبێر مەزراکەت ئاودە و لەوەدوا ئاوەکە بگرەوە بابگەڕێتەوە بۆ پەنگاوەکان (زبێر) دەڵێ: واللە من وادەزانم ئەم ئایەتە لەم بارەوە هاتە خوارەوە، ئەمەش واتاکەیەتی: ﴿سوێند بێ بەخوا باوەڕیان تەواو نیە هەتا تۆ دەکەن بەحەکەم لەهەموو ئەو ناکۆکیانەی لەنێوانیاندا پەیدا دەبێ..﴾

(٥٢) شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ)

فەرموودەی خوایش ﴿ولا تسألوا عن اشیاء ان تبدلكم تسؤكم﴾

١٥٢٤ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: بَلَغَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ أَصْحَابِهِ شَيْءٌ، فَخَطَبَ فَقَالَ: ((عُرِضَتْ عَلَيَّ الْجَنَّةُ وَالنَّارُ، فَلَمْ أَرَ كَالْيَوْمِ فِي الْخَيْرِ وَالشَّرِّ، وَلَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا)). قَالَ: فَمَا أَتَى عَلَى أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمٌ أَشَدُّ مِنْهُ. قَالَ: غَطَّوْا رُءُوسَهُمْ وَلَهُمْ خَنِينٌ، قَالَ: فَقَامَ عُمَرُ (ﷺ) فَقَالَ: رَضِينَا بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا. قَالَ: فَقَامَ ذَاكَ الرَّجُلُ فَقَالَ: مَنْ أَبِي؟ قَالَ: ((أَبُوكَ فُلَانٌ)). فَنَزَلَتْ هذه الآية: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ﴾ [المائدة: ١٠١]. [بخاري/ الفتن/ ٦٦٧٨]

(انس)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: هەواڵ گەیی بەپێغەمبەر (ﷺ) کە یارەکانی شتێکیان وتووە، وتاری دەخوێندەوە و فەرمووی: ((بەهەشت و دۆزەخم پیشاندرا، ڕۆژی وەك ئەمڕۆم نەدی لەبینینی چاکە و خراپەدا، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم بتانزانیایە کەم پێدەکەنین و زۆر دەگریان)) دەڵێ: یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژی لەوە سەختتریان بەسەردا نەهاتبوو، سەریان داپۆشیبوو دەگریان، (عمر)ی کوڕی (خطاب)(ﷺ) هەستا و وتی: ئێمە ڕازین بەوەی خوا پەروەردگارمان بێت. ئەمجا ئەو پیاوە هەستا وتی: کێ باوکی منە؟ فەرمووی: ((باوکت فلان کەسە)) دوای ئەوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە ئەمە واتاکەیەتی: ﴿ئەی باوەڕداران پرسیارمەکەن لەهەندێ شت چونکە ئەگەر وەڵامەکەی بزانن پێتان ناخۆش دەبێت﴾.

١٥٢٥ـ عن سَعْدِ بن أبي وقاص (ﷺ) قـال: قَـالَ رَسُولُ اللّـه (ﷺ): ((إِنَّ أَعْظَـمَ الْمُسْلِمِينَ فِي الْمُسْلِمِينَ جُرْمًا مَنْ سَأَلَ عَنْ شَيْءٍ لَمْ يُحَرَّمْ عَلَـى الْمُسْلِمِينَ، فَحُـرِّمَ عَلَيْهِمْ مِنْ أَجْلِ مَسْأَلَتِهِ)). [بخاري/ الاعتصام بالكتاب و السنة/ ٦٨٥٩]

(سعد)ی کـوڕی (ابـی وقـاص) (ﷺ) دەڵـێ: تاوانبـارترین موسـڵمان لـەنێو موسـڵماناندا کەسـێکە پرسـیاریکات لەشـتێك حـەرام نـەکرابێ بـەهۆی پرسیارەکەی ئەوەوە حەرام بکرێت.

١٥٢٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) : أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللّهِ، أَيْنَ أَبِي؟ قَالَ: ((فِـي النَّارِ)). قَالَ: فَلَمَّا قَفَّى دَعَاهُ فَقَالَ: ((إِنَّ أَبِي وَأَبَاكَ فِي النَّارِ)).

لـە (انس)ەوە (ﷺ) کە پیـاوێك وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـاوکم لـە کوێدایە؟ فەرمووی: ((لە ئاگردایە، کاتێ کـابرا پشـتی هـەڵکرد بانگی کردەوە فەرمووی: ((لەڕاستیدا باوکی من و باوکی تۆیش لە ئاگردایە)).

(٥٣) وازهێنان لەوشتەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێکردووە

١٥٢٧ـ عن أبي هُرَيْرَةَ ﷺ)) أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَافْعَلُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ، وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَـى أَنْبِيَائِهِمْ)). [بخـاري/ الاعتصـام بالكتـاب و السنة/ ٦٨٥٨]

لە(ابي هريرة)وە (ﷺ) کەلە پێغەمبەری بیستووە (ﷺ) دەیفەرموو: ((ئەوەی ڕێگریم لێکردون خۆتانی لێبپارێزن، ئەوەی فەرمانم پێداون بەگوێرەی تواناتان ئەنجامی بدەن، بەڕاستی ئەو شتەی ئوممەتـەکانی پێش ئێوەی لـەناوبردووە، زۆر پرسیار کردنیان و لەفەرمانی پێغەمبەران دەرچوونیان بووە)).

(٥٤) ئەو شتانەی پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێداوە لەکاروباری دین و دنیا

١٥٢٨ـ عـن طَلْحَةَ (ﷺ) قَالَ: مَرَرْتُ مَعَ رَسُولِ اللّـه (ﷺ) بِقَوْمٍ عَلَـى رُءُوسِ النَّخْلِ، فَقَالَ: ((مَا يَصْنَعُ هَؤُلَاءِ)). فَقَالُوا: يُلَقِّحُونَهُ: يَجْعَلُونَ الذَّكَرَ فِي الْأُنْثَى فَيَلْقَحُ. فَقَالَ رَسُولُ اللّه (ﷺ): ((مَا أَظُنُّ يُغْنِي ذَلِكَ شَيْئًا)). قَالَ: فَأُخْبِرُوا بِذَلِكَ فَتَرَكُوهُ، فَأُخْبِرَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ) بِذَلِكَ، فَقَالَ: ((إِنْ كَانَ يَنْفَعُهُمْ ذَلِكَ فَلْيَصْنَعُوهُ، فَإِنِّي إِنَّمَا ظَنَنْتُ ظَنًّا، فَلَا تُؤَاخِذُونِي بِالظَّنِّ، وَلَكِنْ إِذَا حَدَّثْتُكُمْ عَنِ اللّهِ شَيْئًا فَخُذُوا بِهِ، فَإِنِّي لَنْ أَكْذِبَ عَلَى اللّهِ عَزَّ وَجَلَّ)).

(طلحة)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) تێپەڕیوم بەلای کۆمەڵێکدا بەسەردارخورماکانەوە بوون، فەرمووی: ((ئەوانە چی لێدەکەن؟)) وتیان: موتوربە دەکەن، تۆوی نێرەکە دەخەنە ناو مێیەکەوە موتوربەی دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((وانازانم ئەوە هیچ سودێکی هەبێت)) ئەم هەواڵە گەیەنرا بەو خەڵکە و دەستیان هەڵگرت لەو کارە، ئەمجا هەواڵیان دایەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) بەوازهێنانی ئەو خەڵکە، فەرمووی: ((ئەگەر ئەو کارە سوودی بۆیان هەبێت بابیکەن، من گومانم وەهابرد، بەگومان لێم مەگرن، بەڵام هەرکات فەرموودەیەکم لەخواوە بۆ گێڕانەوە دەستی پێوە بگرن، بەڕاستی من درۆ ناکەم بەناوی خواوە)).

(٥٥) خۆزگە خواستن بە بینینی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥٢٩ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ فِي يَدِهِ، لَيَأْتِيَنَّ عَلَى أَحَدِكُمْ يَوْمٌ وَلَا يَرَانِي، ثُمَّ لَأَنْ يَرَانِي أَحَبُّ إِلَيْهِ مِنْ أَهْلِهِ وَمَالِهِ مَعَهُمْ)). قَالَ أَبُو إِسْحَقَ -يعني ابن محمد بن سفيان-: الْمَعْنَى فِيهِ عِنْدِي: لَأَنْ يَرَانِي مَعَهُمْ أَحَبُّ إِلَيْهِ مِنْ أَهْلِهِ وَمَالِهِ، ثم لا يراني. وَهُوَ عِنْدِي مُقَدَّمٌ وَمُؤَخَّرٌ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٩٤]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: سوێند بەوکەسەی گیانی محمدی بەدەستە ڕۆژێ دێ بەسەر یەکێ لەئێوەدا کە نامبینێ، ئەگەر بمبینێ بەلایەوە خۆشترە لە خێزانو ماڵیشی لەگەڵ منداڵەکانی)) (ابو اسحاق) کە (ابن محمد)ی کوڕی (سفیان)ە دەڵێ: لای من مانای ئەم فەرموودە بەم شێوەیە: ((ئەگەر منی لەگەڵ ماڵ و منداڵی بینی منی پێخۆشترە، بەلام نامبینێ))، کەواتە وشەکان پاش وپێش خراون.

(٥٦) کەسێك ماڵ ومنداڵی بکابەقوربانی بینینی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥٣٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مِنْ أَشَدِّ أُمَّتِي لِي حُبًّا نَاسٌ يَكُونُونَ بَعْدِي، يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ رَآنِي بِأَهْلِهِ وَمَالِهِ)).

لە(أبو هريرة)وە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خۆشەویسترین کەس بۆ من لە ئوممەتم کەسانێکن دوای من دێن، هەریەکێ لەوانە خۆزگە دەخوازێ ماڵ و منداڵی ببەخشێت لە پێناو بینینی مندا)).

(٥٢) بەشی پێغەمبەران و گەورەیی یان (ﷺ)

(١) سەرەتای دروستكردنی ئادەم (عليه السلام)

١٥٣١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِي فَقَالَ: ((خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَوْمَ السَّبْتِ، وَخَلَقَ فِيهَا الْجِبَالَ يَوْمَ الْأَحَدِ، وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَوْمَ الاثْنَيْنِ، وَخَلَقَ الْمَكْرُوهَ يَوْمَ الثُّلَاثَاءِ، وَخَلَقَ النُّورَ يَوْمَ الْأَرْبِعَاءِ، وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَوْمَ الْخَمِيسِ، وَخَلَقَ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلَام بَعْدَ الْعَصْرِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فِي آخِرِ الْخَلْقِ، فِي آخِرِ سَاعَةٍ مِنْ سَاعَاتِ الْجُمُعَةِ، فِيمَا بَيْنَ الْعَصْرِ إِلَى اللَّيْلِ)).

(ابوهريرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەستی گرتم و فەرمووی: ((خوای گەورە ڕۆژی شەممە زەوی دروستكردووە، ڕۆژی یەكشەممە چیاكانی تیادروستكردووە، ڕۆژی دوشەممە درەختی دروستكردووە، ڕۆژی سێ شەممە شتە بێزراوەكان (المكروه)ی دروست كردووە، ڕۆژی چوارشەممە نووری دروست كردووە، ڕۆژی پێنج شەممە ئاژەڵەكانی تێدابڵاوكردەوە، ڕۆژی جومعە دوای عەسر ئادەمی دروستكردووە، لەكۆتایی دروستكراوەكاندا لە دوایین ساتی ساتەكانی جومعە نێوان عەسر و شەودا)).

(٢) گەورەیی (إبراهيم الخليل)(عليه السلام)

١٥٣٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا خَيْرَ الْبَرِيَّةِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ذَاكَ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَام)).

لە(أنس)ی كوڕی (مالك)ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی چاكترینی دروستكراوەكان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە (إبراهيم)ە (عليه السلام))).

(٣) خەتەنەكردنی إبراهيم (عليه السلام)

١٥٣٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اخْتَتَنَ إِبْرَاهِيمُ النَّبِيُّ عَلَيْهِ السَّلَام –وَهُوَ ابْنُ ثَمَانِينَ سَنَةً– بِالْقَدُومِ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٧٨]

(أبو هريرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئیبراهیم پێغەمبەر (عليه السلام) لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا بەتەشوێ خەتەنە كراوە)).

(٤) فەرموودەی إبراهیم: ﴿ رب أرني كيف تحي الموتى﴾ و باسی لوط و یوسف (عليهما السلام)

١٥٣٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((نَحْنُ أَحَقُّ بِالشَّكِّ مِنْ إِبْرَاهِيمَ، إِذْ قَالَ: ﴿رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَ لَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾ [البقرة: ٢٦٠]. [قَالَ] وَيَرْحَمُ اللَّهُ لُوطًا، لَقَدْ كَانَ يَأْوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ، وَلَوْ لَبِثْتُ فِي السِّجْنِ طُولَ لَبْثِ يُوسُفَ لَأَجَبْتُ الدَّاعِيَ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٩٢]

لە(أبي هريرة)وە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئێمە شیاوترین لە (إبراهیم) بەگومانبردن لەکاتێکدا فەرمووی: ((ئەی پەروەردگار پیشانم بدە کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ فەرمووی: ئایا باوەڕت نیە؟ وتی: بەڵێ، بەلاّم با دڵم ئاو بخواتەوە، {فەرمووی} خوا ڕەحم بە لووط بکات، بەڕاستی پەنای گرتبوو بە پەناگایەکی بەهێز ، ئەگەر من بمایەمەوە لە زینداندا ئەوەندەی یوسف مایەوە وەلاّمی بانگخوازەکەی {پادشام} دەدایەوە)).

(٥) فەرمودەی إبراهیم (عليه السلام): أني سقيم، بل فعله كبيرهم) وفي سارة: (هي أختي)

١٥٣٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَمْ يَكْذِبْ إِبْرَاهِيمُ النَّبِيُّ عَلَيْهِ السَّلَام قَطُّ إِلَّا ثَلَاثَ كَذَبَاتٍ ثِنْتَيْنِ فِي ذَاتِ اللَّهِ: قَوْلُهُ ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ [الصافات: ٨٩] وَ [الثانية] قَوْلُهُ: ﴿بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا﴾ [الانبياء: ٦٣]. وَوَاحِدَةٌ فِي شَأْنِ سَارَةَ، فَإِنَّهُ قَدِمَ أَرْضَ جَبَّارٍ وَمَعَهُ سَارَةُ، وَكَانَتْ أَحْسَنَ النَّاسِ، فَقَالَ لَهَا: إِنَّ هَذَا الْجَبَّارَ إِنْ يَعْلَمْ أَنَّكِ امْرَأَتِي يَغْلِبْنِي عَلَيْكِ، فَإِنْ سَأَلَكِ فَأَخْبِرِيهِ أَنَّكِ أُخْتِي، فَإِنَّكِ أُخْتِي فِي الْإِسْلَامِ، فَإِنِّي لَا أَعْلَمُ فِي الْأَرْضِ مُسْلِمًا غَيْرِي وَغَيْرَكِ. فَلَمَّا دَخَلَ أَرْضَهُ رَآهَا بَعْضُ أَهْلِ الْجَبَّارِ. أَتَاهُ فَقَالَ لَهُ: لَقَدْ قَدِمَ أَرْضَكَ امْرَأَةٌ لَا يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تَكُونَ إِلَّا لَكَ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهَا فَأُتِيَ بِهَا، فَقَامَ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَام إِلَى الصَّلَاةِ، فَلَمَّا دَخَلَتْ عَلَيْهِ لَمْ يَتَمَالَكْ أَنْ بَسَطَ يَدَهُ إِلَيْهَا، فَقُبِضَتْ يَدُهُ قَبْضَةً شَدِيدَةً، فَقَالَ لَهَا: ادْعِي اللَّهَ أَنْ يُطْلِقَ يَدِي وَلَا أَضُرُّكِ، فَفَعَلَتْ، فَعَادَ فَقُبِضَتْ أَشَدَّ مِنَ الْقَبْضَةِ الْأُولَى، فَقَالَ لَهَا مِثْلَ ذَلِكَ، فَفَعَلَتْ، فَعَادَ فَقُبِضَتْ أَشَدَّ مِنَ الْقَبْضَتَيْنِ الْأُولَيَيْنِ، فَقَالَ: ادْعِي اللَّهَ أَنْ يُطْلِقَ يَدِي، فَلَكِ اللَّهَ أَنْ لَا أَضُرَّكِ، فَفَعَلَتْ، وَأُطْلِقَتْ يَدُهُ، وَدَعَا الَّذِي جَاءَ بِهَا فَقَالَ لَهُ: إِنَّكَ إِنَّمَا أَتَيْتَنِي بِشَيْطَانٍ وَلَمْ

تَأْتِنِي بِإِنْسَانٍ، فَأَخْرِجْهَا مِنْ أَرْضِي وَأَعْطِهَا هَاجَرَ، قَالَ: فَأَقْبَلَتْ تَمْشِي، فَلَمَّا رَآهَا إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَام انْصَرَفَ فَقَالَ لَهَا: مَهْيَمْ؟ قَالَتْ: خَيْرًا، كَفَّ اللَّهُ يَدَ الْفَاجِرِ وَأَخْدَمَ خَادِمًا)). قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: فَتِلْكَ أُمُّكُمْ يَا بَنِي مَاءِ السَّمَاءِ. [بخاري/ الانبياء/ ٣١٧٩]

لە(ابی هریرە)وە (ﷺ) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ابراهیم پێغەمبەر (عليه السلام) قەت درۆی نەکردووە سێ درۆ نەبێ دوانیان لەبەر خوا: یەکەم وتی من نەخۆشم {صافات: ٨٩}، دوهەم: وتی ئەمە گەورەی بتەکان کردوویەتی {الأنبياء:٦٣} سێهەمیش لەبەر سارابوو، چونکە جارێك إبراهیم سارەیشی لەگەڵ بوو چووە شوێنێك پاشایەکی ستەمکاری لێبوو، سارەیش جوانترین کەس بوو، إبراهیم پێی وت: ئەم ستەمکارە گەر بزانێ تۆ ژنی منی تۆم لێداگیر دەکات، ئەگەر پرسیاری لێکردی هەواڵی بدەرێ کە تۆخوشکی منی، چونکە تۆ خوشکمی لە ئیسلامدا من لەسەر رووی زەمیندا موسڵمانێکی تر نازانم جگە لەخۆم و خۆت. کاتێ گەیشتە ئەو خاکە هەندێ لەدەست و پێوەندی ئەوستەمکارە سارای بینی چووە لای پادشا و پێی وت: ئافرەتێك هاتووەتە ئەم خاکەی تۆ شیاونیە بەکەسی تر جگە لەتۆ، ناردی بەدوایدا و هێنایان، إبراهیم (عليه السلام) هەستا بۆ نوێژ و پاڕانەوە، لەکاتێکدا سارا چووە لای، ستەمکارە کە خۆی نەگرت دەستی بۆ درێژکرد دەستی گرمۆڵە بوو، پێی وت: بپاڕێرەوە دەستم بەربێت زیانم بۆت نابێت، پاڕایەوە، {دەستی بەربوو} دەستی درێژ کردەوە، ئەمجارە توند تر لەجارەکەی پێشو گرمۆڵە بوو پێی وت: لەخوا بپاڕێرەوە دەستم بەردات، زیانم بۆت نابێ، پاڕایەوە {دیسان} گەڕایەوە توندتر لەهەردو جارەکەی پێشوو گرمۆڵە بوو، وتی: بۆم بپاڕێرەوە خوا لەبەینمانابێت زیانت پێناگەیەنم، بۆی پاڕایەوە و دەستی بەربوو، بانگی کرد لەو کەسەی هێنابووی پێی وت: تۆ شەیتانت بۆ من هێناوە، مرۆڤت بۆ نەهێناوم لە خاکی من دەریکە و (هاجر)یشی بدەرێ، دەڵێ: دەرچوو ڕۆیشت، کاتێ إبراهیم (عليه السلام) بینی نوێژەکەی تەواو کرد و وتی: (مَهيَم)واتە: چی ڕوویدا لێت؟ وتی: خێرە، خوا دەستی ئەو تاوانکارەی گرت خزمەتکارێکیشی پێبەخشیم)) (ابو هريرة)وتی: ئەو خزمەتکارە دایکی ئێوەیە ئەی کوڕانی ئاوی ئاسمان.

(٦) باسی موسى (عليه السلام)

١٥٣٦ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام رَجُلًا حَيِيًّا، قَالَ: فَكَانَ لَا يُرَى مُتَجَرِّدًا، قَالَ: فَقَالَ بَنُو إِسْرَائِيلَ: إِنَّهُ آدَرُ، قَالَ: فَاغْتَسَلَ عِنْدَ مُوَيْهٍ، فَوَضَعَ ثَوْبَهُ عَلَى حَجَرٍ فَانْطَلَقَ الْحَجَرُ يَسْعَى، وَاتَّبَعَهُ بِعَصَاهُ يَضْرِبُهُ: ثَوْبِي حَجَرُ، ثَوْبِي حَجَرُ. حَتَّى وَقَفَ عَلَى مَلَإٍ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ. وَنَزَلَتْ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ آذَوْا مُوسَى فَبَرَّأَهُ اللَّهُ مِمَّا قَالُوا وَكَانَ عِنْدَ اللَّهِ وَجِيهًا﴾ [الاحزاب: ٦٩]. [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٢٣]

لە(أبي هريرة)ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ: موسى پیاوێکی شەرمن بوو، هیچ کات بەڕووتی نەدەبینرا، بنو إسرائیل وتیان: هێلکەی گونی ئاوساوە، لەناو تەنکاوێکدا خۆی شۆرد، جلەکانی دانا لەسەر بەردێك، بەردەکە کەوتەرێ و ڕۆیشت، موسی بە عەساکەیەوە دوای کەوت و لێی دەدا و دەیفەرموو: ئەی بەرد جلەکانم، ئەی بەرد جلەکانم. هەتا گەیشتە لای کۆمەڵێك لە (بني إسرائیل)وەستا، لەو بارەوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە ئەمە واتاکەیەتی: ﴿ئەی باوەڕداران وەك ئەوانە مەبن ئازاری حەزرەتی موسییان دەدا هەتا خوا خاوێنی کرد لەو تۆمەتانەی ئەوان دەیانوت چونکە موسی لای خوا خاوەن ڕێز و پلە وپایەیە﴾.

(٧) چیرۆکی موسى و خضر (عليه السلام)

١٥٣٧ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه): إِنَّ نَوْفًا الْبِكَالِيَّ يَزْعُمُ أَنَّ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام صَاحِبَ بَنِي إِسْرَائِيلَ، لَيْسَ هُوَ مُوسَى صَاحِبَ الْخَضِرِ عَلَيْهِ السَّلَام. فَقَالَ: كَذَبَ عَدُوُّ اللَّهِ، سَمِعْتُ أُبَيَّ بْنَ كَعْبٍ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: ((قَامَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام خَطِيبًا فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَسُئِلَ: أَيُّ النَّاسِ أَعْلَمُ؟ فَقَالَ: أَنَا أَعْلَمُ، قَالَ فَعَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِ إِذْ لَمْ يَرُدَّ الْعِلْمَ إِلَيْهِ، فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَيْهِ: أَنَّ عَبْدًا مِنْ عِبَادِي بِمَجْمَعِ الْبَحْرَيْنِ هُوَ أَعْلَمُ مِنْكَ. قَالَ مُوسَى: أَيْ رَبِّ كَيْفَ لِي بِهِ؟ فَقِيلَ لَهُ: احْمِلْ حُوتًا فِي مِكْتَلٍ، فَحَيْثُ تَفْقِدُ الْحُوتَ فَهُوَ ثَمَّ، فَانْطَلَقَ، وَانْطَلَقَ مَعَهُ فَتَاهُ وَهُوَ يُوشَعُ بْنُ نُونٍ، فَحَمَلَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام حُوتًا فِي مِكْتَلٍ، وَانْطَلَقَ هُوَ وَفَتَاهُ يَمْشِيَانِ حَتَّى أَتَيَا الصَّخْرَةَ، فَرَقَدَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام وَفَتَاهُ، فَاضْطَرَبَ الْحُوتُ فِي الْمِكْتَلِ حَتَّى خَرَجَ مِنَ الْمِكْتَلِ فَسَقَطَ فِي الْبَحْرِ، قَالَ: وَأَمْسَكَ اللَّهُ عَنْهُ جِرْيَةَ الْمَاءِ حَتَّى كَانَ مِثْلَ الطَّاقِ، فَكَانَ لِلْحُوتِ

سَرَبًا وكَانَ لِمُوسَى وَفَتَاهُ عَجَبًا، فَانْطَلَقَا بَقِيَّةَ يَوْمِهِمَا وَلَيْلَتِهِمَا، وَنَسِيَ صَاحِبُ مُوسَى أَنْ يُخْبِرَهُ، فَلَمَّا أَصْبَحَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام قَالَ لِفَتَاهُ: ﴿آتِنَا غَدَاءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِنْ سَفَرِنَا هَذَا نَصَبًا﴾. قَالَ: وَلَمْ يَنْصَبْ حَتَّى جَاوَزَ الْمَكَانَ الَّذِي أُمِرَ بِهِ، قَالَ: ﴿أَرَأَيْتَ إِذْ أَوَيْنَا إِلَى الصَّخْرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ الْحُوتَ وَمَا أَنْسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْطَانُ أَنْ أَذْكُرَهُ وَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ عَجَبًا﴾. قَالَ مُوسَى: ﴿ذَلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ فَارْتَدَّا عَلَى آثَارِهِمَا قَصَصًا﴾ قَالَ: يَقُصَّانِ آثَارَهُمَا، حَتَّى أَتَيَا الصَّخْرَةَ فَرَأَى رَجُلًا [نائماً] مُسَجًّى عَلَيْهِ بِثَوْبٍ، فَسَلَّمَ عَلَيْهِ مُوسَى، فَقَالَ لَهُ الْخَضِرُ: أَنَّى بِأَرْضِكَ السَّلَامُ؟ قَالَ: أَنَا مُوسَى، قَالَ: مُوسَى بَنِي إِسْرَائِيلَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: إِنَّكَ عَلَى عِلْمٍ مِنْ عِلْمِ اللَّهِ عَلَّمَكَهُ اللَّهُ لَا أَعْلَمُهُ، وَأَنَا عَلَى عِلْمٍ مِنْ عِلْمِ اللَّهِ عَلَّمَنِيهِ لَا تَعْلَمُهُ. قَالَ لَهُ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام: ﴿هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَنْ تُعَلِّمَنِي مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا. قَالَ إِنَّكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا. وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَى مَا لَمْ تُحِطْ بِهِ خُبْرًا. قَالَ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ صَابِرًا وَلَا أَعْصِي لَكَ أَمْرًا﴾. قَالَ لَهُ الْخَضِرُ: ﴿فَإِنِ اتَّبَعْتَنِي فَلَا تَسْأَلْنِي عَنْ شَيْءٍ حَتَّى أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا﴾. قَالَ: نَعَمْ، [قَالَ]: فَانْطَلَقَ الْخَضِرُ وَمُوسَى يَمْشِيَانِ عَلَى سَاحِلِ الْبَحْرِ، فَمَرَّتْ بِهِمَا سَفِينَةٌ فَكَلَّمَاهُمْ أَنْ يَحْمِلُوهُمَا، فَعَرَفُوا الْخَضِرَ فَحَمَلُوهُمَا بِغَيْرِ نَوْلٍ، فَعَمَدَ الْخَضِرُ إِلَى لَوْحٍ مِنْ أَلْوَاحِ السَّفِينَةِ فَنَزَعَهُ، فَقَالَ لَهُ مُوسَى: قَوْمٌ حَمَلُونَا بِغَيْرِ نَوْلٍ عَمَدْتَ إِلَى سَفِينَتِهِمْ فَخَرَقْتَهَا ﴿لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا. قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا. قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْرًا﴾. ثُمَّ خَرَجَا مِنَ السَّفِينَةِ، فَبَيْنَمَا هُمَا يَمْشِيَانِ عَلَى السَّاحِلِ إِذَا غُلَامٌ يَلْعَبُ مَعَ الْغِلْمَانِ، فَأَخَذَ الْخَضِرُ بِرَأْسِهِ فَاقْتَلَعَهُ بِيَدِهِ فَقَتَلَهُ، فَقَالَ مُوسَى: ﴿أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَاكِيَةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا نُكْرًا. قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكَ إِنَّكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا﴾. قَالَ –وَهَذِهِ أَشَدُّ مِنَ الْأُولَى– ﴿قَالَ إِنْ سَأَلْتُكَ عَنْ شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَاحِبْنِي قَدْ بَلَغْتَ مِنْ لَدُنِّي عُذْرًا. فَانْطَلَقَا حَتَّى إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا فَأَبَوْا أَنْ يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَنْ يَنْقَضَّ فَأَقَامَهُ﴾. يَقُولُ: مَائِلٌ، قَالَ الْخَضِرُ بِيَدِهِ هَكَذَا فَأَقَامَهُ. قَالَ لَهُ مُوسَى: قَوْمٌ أَتَيْنَاهُمْ فَلَمْ يُضَيِّفُونَا وَلَمْ يُطْعِمُونَا: ﴿لَوْ شِئْتَ لَتَخِذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا. قَالَ هَذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِعْ عَلَيْهِ صَبْرًا﴾ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): يَرْحَمُ اللَّهُ مُوسَى، لَوَدِدْتُ أَنَّهُ كَانَ صَبَرَ حَتَّى يُقَصَّ عَلَيْنَا مِنْ أَخْبَارِهِمَا)). قَالَ: وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَانَتِ الْأُولَى مِنْ مُوسَى نِسْيَانًا)).

قَالَ: ((وَجَاءَ عُصْفُورٌ حَتَّى وَقَعَ عَلَى حَرْفِ السَّفِينَةِ، ثُمَّ نَقَرَ فِي الْبَحْرِ، فَقَالَ لَهُ الْخَضِرُ: مَا نَقَصَ عِلْمِي وَعِلْمُكَ مِنْ عِلْمِ اللَّهِ إِلَّا مِثْلَ مَا نَقَصَ هَذَا الْعُصْفُورُ مِنَ الْبَحْرِ)). قَالَ سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ: وَكَانَ [ابن عباس (رضي الله عنهما)] يَقْرَأُ: ﴿وَكَانَ أَمَامَهُمْ مَلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ صَالِحَةٍ غَصْبًا﴾. وَكَانَ يَقْرَأُ: (وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ كَافِرًا). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢١٩]

(سعيد)ی کوڕی (جبير) دەڵێ: وتم: بە (ابن عباس)(رضي الله عنهما) (نوف البكالى) واگومان دەبات کە موسای بنی ئیسرائیل جیایە لە موسای هاوڕێی (خدر). وتی: ئەو دوژمنی خوا درۆ دەکات، لە (أبّي)کوڕی (کعب) م بیستووە: دەیوت: بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((موسا هەستا لەناو بنی ئیسرائیلدا وتاری خوێندەوە، پرسیاری لێکرا: کێ زاناترین کەسە لە ئادەمیزاد؟ فەرمووی: من زاناترین کەسم، خوای گەورە سەرزەنشتی کرد لەبەر ئەوەی زانستەکەی نەگێڕایەوە بۆ خوا، ئەمجا خوا وەحی بۆ نارد کە بەندەیەك لەبەندەکانی من والە (مجمع البحرين) لە تۆ زاناترە، موسا فەرمووی: ئەی خوایە چۆن پێی دەگەم؟ پێی وترا ماسی‌یەك هەڵگرە لەزەمیلەیەکدا و بڕۆ، لەهەرلایەکدا ماسیەکەت لێبزر بوو ئەو لەوێدایە، موسی و هاوڕێکەی کە (یوشع)ی کوڕی (نون)بوو کەوتنە ڕێ، موسی ماسیەکی هەڵگرت لەناو زەمیلەیەکدا، خۆی و هاوڕێکەی ڕۆیشتن تا گەیشتنە لای گابەردێك موسی و هاوڕێکەی خەویان لێکەوت، ماسیەکەش لە زەمیلەکە کەوتە جوڵە جوڵ و دەرچوو خۆی خستە ناو دەریاکەوە، خوایش ئاوە ڕەوانەکەی وەستان هەتا وەك تاقێکی سەرگیراوی لێهات، بوو بەڕێگا بۆ ماسیەکە و بوبەجێگای سەرسوڕمانیش بۆ موسی و هاوڕێکەی، ئەو ڕۆژ و شەوە ڕێیان کرد، هاوڕێکەی موسی یادی چوو هەواڵی ماسی یەکە بگەیەنێ بە موسی، کاتێ ڕۆژبوویەوە موسی بە هاوڕێکەی فەرموو: (خوارنەکەی بەیانیمان بۆ بهێنە بەڕاستی لەم سەفەرەماندا ماندووین). دەفەرموێ: ماندوش نەبوون هەتا لەو شوێنە تێپەڕی کە فەرمانی پێکرابوو، هاوڕێکەی پێی وت: (لەبیرتە لەو کاتەدا کەلەپەنا گابەردەکەدا سرەوتین، لەیادم چوو باسی ماسیەکەت بۆ بکەم، شەیتان لەبیری بردمەوە، کە چۆن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕێگای خۆی گرتەبەر بۆ ناو دەریاکە) موسا فەرمووی : (ئەوە ئەو مەبەستەیە ئێمە دەمانەوێ بۆیە هەر بەشوێنی خۆیاندا

گەڕانەوە)شوێنپێی خۆیان هەڵدەگرت هەتا گەیشتنە لای بەردەکە، پیاوێکی بینی خەوتبوو بەپارچە جلێك خۆی داپۆشیبوو، موسا سەلامی لێکرد، خدر پێی وت: کەی لەم ئەرزەی تۆدا سەلام هەیە؟ وتی: من موسام، وتی: موسای بەنی ئیسرائیل؟ وتی: بەڵێ، وتی بەڕاستی تۆ زانستێکت لاهەیە خوا فێری کردویت من نایزانم، منیش زانستێکم لاهەیە خوا فێری کردووم تۆ نایزانیت، موسا (عليه السلام) پێی وت: ئایا لەگەڵتابێم بۆ ئەوەی هەندێ لەو ڕێنماییانەی کەفێرکراویت فێری منیشی بکەیت؟ وتی: بەڕاستی تۆ ناتوانی لەگەڵ من خۆت بگریت. ئایا چۆن دەتوانی خۆت بگریت لەسەر شتێك کەپەی بەئاکامی نابەیت، وتی: دەمبینی –انشاء الله–خۆگرەبم و لەفەرمانی تۆ دەرناچم . خدر پێی وت: (ئەگەر دوای من کەوتی پرسیاری هیچ شتێکم لێمەکە هەتا دواتر بۆت باس دەکەم) وتی: بەڵێ ، خدر و موسا ڕۆیشتن بەکەناری دەریاکەدا کەشتییەك تێپەڕی بەلایاندا قسەیان لەگەڵ کرد هەڵیان گرێت، خدریان ناسی هەڵیان گرتن بەبێ کرێ، کەچی (خدر) پەلاماری دا تەختەیەك لە تەختەکانی ئەو کەشتییەی هەڵکێشا، موسی پێی وت: کۆمەڵێك بێکرێ ئێمەیان هەڵگرت کەچی تۆ پەلاماری کەشتییەکەیانت دا و کونت کرد،)بۆ ئەوەی دانیشتوەکانی بخنکێن لە ئاودا، بەڕاستی شتێکی زۆر گەورە و ناڕەوات کرد. وتی: من نەموت،تۆ ناتوانی لەگەڵ من خۆت بگریت، وتی: ئەم لەبیرچونەم لێ مەگرە و تەنگەتاویشم مەکە لەم کارەمدا). دوای ئەوە دەرچوون لە کەشتیەکە و بەکەناری دەریادا دەڕۆیشتن توشی منداڵێك هاتن لەگەڵ منداڵان یاری دەکرد، (خدر)گرتیو کوشتی، موسا پێی وت: (ئایە کەسێکی بێتاوانت کوشت بێ ئەوەی ئەو هیچ کەسێکی کوشتبێ بەڕاستی کارێکی زۆر ناشرینیت کرد، وتی: من پێم نەوتی: تۆ ناتوانی لەگەڵ من خۆت بگریت) ئەمجارەیان توند تر بوو لە جاری ڕابردوو، موسا فەرمووی: (ئەگەر جارێکی تر من پرسیارم لێکردی ئیتر هاوڕێیەتیم مەکە) چونکە لەگەڵ من گەیشتیتە ئەو ئاستەی گلەییت لێناکرێت. ڕۆیشتن.. تا گەیشتنە گوندێك و داوای خواردنیان کرد لە خەڵکی ئەو گوندە، بەڵام ئەوان میواندارییان نەکردن، هەر لەو گوندە توشی دیوارێك هاتن خوار بوبوویەوە ڕاستی کردەوە). دەڵێ: کەمێك خواربوو بوو خدر دەستی دایەژێری و ڕاستی کردەوە، موسا پێی وت: هاتینە ناو گوندێك بە میوان وەریان

نـەگرتین، نانیـان نـەداینێ ((گـەر بتویسـتایە كرێیـەكت وەردەگـرت لەسـەر ئـەم دیـوار ڕاستكردنەوەت. خدر فەرمووی: ئەمە جیابونـەوەی نێـوان مـن و تۆیـە، ئێستە ئاگاداریشت دەكـەم لەسـەر ئـەو شـتانەی توانـات نـەبوو خـۆت بگـری لەسەری)) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوا ڕەحم بە موسی بكات پێم خۆش بوو خۆی بگرتبایە هەتا هەواڵیان زیاتر بۆ ئێمە باسكرایە)) ڕاوی دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((یەكـەم پرسـیاری موسـی لـەبیرچوون بـوو)) هـەروەها فەرموویـەتی: ((چۆلەكەیـەك هاتـە سـەر لێـواری كەشـتیـیەكە و دەنوكـی دا لـە دەریاكە، خدر بـە موسـای فـەرموو: زانسـتی من و تـۆ لـە زانسـتی خـوای كـەم نەكردۆتەوە مەگەر بە ئەندازەی ئەوەی ئەو چۆلەكە لەدەریاكەی كەم كردەوە،))

(٨) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) كەس بەگەورەتر دامەنێن لەكەسی تر لە نێوان پێغەمبەرانی خوادا

١٥٣٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا يَهُودِيٌّ يَعْرِضُ سِلْعَةً لَهُ أُعْطِيَ بِهَا شَيْئًا كَرِهَهُ، أَوْ لَمْ يَرْضَهُ -شَكَّ عَبْدُ الْعَزِيزِ- قَالَ: لَا وَالَّذِي اصْطَفَى مُوسَى (عليه السلام) عَلَى الْبَشَرِ. قَالَ: فَسَمِعَهُ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ فَلَطَمَ وَجْهَهُ قَالَ: تَقُولُ: وَالَّذِي اصْطَفَى مُوسَى (عليه السلام) عَلَى الْبَشَرِ، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَ أَظْهُرِنَا؟ قَالَ: فَذَهَبَ الْيَهُودِيُّ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا أَبَا الْقَاسِمِ إِنَّ لِي ذِمَّةً وَعَهْدًا، وَقَالَ: فُلَانٌ لَطَمَ وَجْهِي. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لِمَ لَطَمْتَ وَجْهَهُ)). قَالَ: قَالَ -يَا رَسُولَ اللَّهِ- وَالَّذِي اصْطَفَى مُوسَى (عليه السلام) عَلَى الْبَشَرِ، وَأَنْتَ بَيْنَ أَظْهُرِنَا. قَالَ: فَغَضِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى عُرِفَ الْغَضَبُ فِي وَجْهِهِ، ثُمَّ قَالَ: ((لَا تُفَضِّلُوا بَيْنَ أَنْبِيَاءِ اللَّهِ، فَإِنَّهُ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ، فَيَصْعَقُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ. قَالَ: ثُمَّ يُنْفَخُ فِيهِ أُخْرَى فَأَكُونُ أَوَّلَ مَنْ بُعِثَ، أَوْ: فِي أَوَّلِ مَنْ بُعِثَ، فَإِذَا مُوسَى (عليه السلام) آخِذٌ بِالْعَرْشِ، فَلَا أَدْرِي أَحُوسِبَ بِصَعْقَتِهِ يَوْمَ الطُّورِ، أَوْ بُعِثَ قَبْلِي، وَلَا أَقُولُ: إِنَّ أَحَدًا: أَفْضَلُ مِنْ يُونُسَ بْنِ مَتَّى)). [بخاري/ الانبياء/ ٣٢٣٣]

(ابـي هریـرة)(ﷺ) دەڵـێ: ((لـەكاتێكدا جولەكەیـەك كوتـاڵێكی ئاراسـتەی فرۆشتن كردبوو نرخێكیـان دایـێ پێـی ڕازی نـەبوو، وتـی: سوێند بـەو كەسـەی موسای هەڵبژاردووە بەسەر مرۆڤدا، بەو نرخە نابێ، پیاوێكی ئەنصاری گوێی لێبـوو زلەیـەكی دالـە جولەكەكـە و وتـی: وا دەڵێـی لـەكاتێكدا پێغەمبـەر (ﷺ) لەناوماندایە، جولەكەكە چووە خزمـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) وتـی: ئەی أبو القاسم

من لەناو ئێوەدا پەیمانی گەردن پارێزیم هەیە و فلان کەسیش زلـەی لێدام. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بۆچ زلـەت لێداوە؟)) وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا [بۆیە لێمدا] وتـی سوێند بەو کەسەی موسای هەڵبژاردووە بەسەر مرۆڤدا، تۆیش های لەناوماندا، پێغەمبەر (ﷺ) ڕقی هەستا، هەتا ڕقەکە لە ڕوخساریدا هەست دەکرا، ئەمجا فەرمووی: ((لەنێو پێغەمبەرانی خوادا کەسیان لەکەسیان بەچاکتر مەزانن، بەڕاستی کاتێ فوو دەکرێت بە (صور)دا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندایە هەمووی لەناو دەچێ، مەگەر کەسێ خوا بیەوێ، دوای ئەوە جارێکی دی فوی پیا دەکرێتەوە، من یەکەم کەسم زیندو دەکرێمەوە، یان لەناو یەکەم تاقمدا زیندو دەکرێمەوە، دەبینم موسا دەستی گرتووە بەعەرشەوە، نازانم ئایە پاداشتی ئەوەی دراوەتەوە کە لە ڕۆژی (طوردا)بێهۆش کەوت، یان پێش من زیندو کراوەتەوە، من ناڵێم هیچ کەس گەورەترە لە یونسی کوڕی مەتا)).

(٩) کۆچی دوایی موسی (عليه السلام)

١٥٣٩ـ عن أبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((جَاءَ مَلَكُ الْمَوْتِ إِلَى مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام، فَقَالَ لَهُ: أَجِبْ رَبَّكَ، قَالَ: فَلَطَمَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام عَيْنَ مَلَكِ الْمَوْتِ فَفَقَأَهَا، قَالَ: فَرَجَعَ الْمَلَكُ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى فَقَالَ: إِنَّكَ أَرْسَلْتَنِي إِلَى عَبْدٍ لَكَ لَا يُرِيدُ الْمَوْتَ، وَقَدْ فَقَأَ عَيْنِي، قَالَ: فَرَدَّ اللَّهُ إِلَيْهِ عَيْنَهُ، وَقَالَ: ارْجِعْ إِلَى عَبْدِي فَقُلِ: الْحَيَاةَ تُرِيدُ؟ فَإِنْ كُنْتَ تُرِيدُ الْحَيَاةَ، فَضَعْ يَدَكَ عَلَى مَتْنِ ثَوْرٍ، فَمَا تَوَارَتْ يَدُكَ مِنْ شَعْرَةٍ فَإِنَّكَ تَعِيشُ بِهَا سَنَةً. قَالَ: ثُمَّ مَهْ؟ قَالَ: ثُمَّ تَمُوتُ. قَالَ: فَالْآنَ مِنْ قَرِيبٍ. رَبِّ أَمِتْنِي مِنَ الْأَرْضِ الْمُقَدَّسَةِ رَمْيَةً بِحَجَرٍ)). قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَاللَّهِ لَوْ أَنِّي عِنْدَهُ لَأَرَيْتُكُمْ قَبْرَهُ، إِلَى جَانِبِ الطَّرِيقِ عِنْدَ الْكَثِيبِ الْأَحْمَرِ)).
[بخاري/ الجنائز/ ١٢٧٤]

(أبي هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((فریشتەی گیانکێشان هات بۆ لای موسا و پێی وت: وەڵامی پەروەردگارت بدەرەوە، فەرمووی: موسا زلەیەکی دالە چاوی، چاوی تەقاند ئەمجا فریشتەکە گەڕایەوە خزمەتی خوای گەورە، وتی: بەڕاستی تۆ منت نارد بۆ لای بەندەیەکی خۆت کە مردنی ناوێت و چاوی تەقاندم، فەرمووی: خوا چاوی چاك کردەوە و فەرمووی: بچۆرەوە بۆلای بەندەکەم و پێی بڵێ: ژیانت دەوێ؟ ئەگەر ژیانت دەوێ دەست دانێ

لەسەر پشتی گایەك چەند تاڵ موو کەوتە ژێر دەستت ، ئەوەندە ساڵ دەژیت. فەرمووی: ئەی دوای ئەوە، فەرمووی: دوای ئەوە دەمریت. فەرمووی: دەی ئێستا تا زووە ئەی خوایە نزیکم خەیتەوە لە خاکی پیرۆز (الارض المقدسة) بەئەندازەی بەردهاوێژێك)) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((والله ئەگەر لەلای ئەو بوایەم گۆڕەکەیم پیشان ئەدان وا لەکەناری ڕێگەکەدا لای کۆمەڵە لمە سورەکەدا)).

(١٠) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)

((تێپەڕیم بەلای موسیدا نوێژی دەکرد لەگۆڕەکەیدا))

١٥٤٠ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ: ((أَتَيْتُ -وَفِي رِوَايَةِ هَدَّابٍ: مَرَرْتُ- عَلَى مُوسَى لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي عِنْدَ الْكَثِيبِ الْأَحْمَرِ، وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي قَبْرِهِ)).

لە انس ی کوڕی مالك(ﷺ)،ەوەپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ڕۆیشتم — لەڕیوایەتی (هَدّاب)دا تێپەڕیم- بەلای موسیدا لەو شەوەی شەوڕەویم پێکرا لەلای کۆمەڵە لمە سورەکەدا، وەستابوو بەپێوە لە گۆڕەکەیدا نوێژی دەکرد)).

(١١) باسی یوسف (ﷺ)

١٥٤١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ أَكْرَمُ النَّاسِ؟ قَالَ: ((أَتْقَاهُمْ)). قَالُوا: لَيْسَ عَنْ هَذَا نَسْأَلُكَ، قَالَ: ((فَيُوسُفُ نَبِيُّ اللَّهِ، ابْنُ نَبِيِّ اللَّهِ، ابْنِ نَبِيِّ اللَّهِ، ابْنِ خَلِيلِ اللَّهِ)). قَالُوا: لَيْسَ عَنْ هَذَا نَسْأَلُكَ، قَالَ: ((فَعَنْ مَعَادِنِ الْعَرَبِ تَسْأَلُونِي؟ خِيَارُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الْإِسْلَامِ إِذَا فَقُهُوا)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٧٥]

لە(أبي هريرة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: وترا ئەی پێغەمبەری خوا کێ بەرێزترینی خەڵکە فەرمووی: ((کامیان زیاتر تەقوا کاربێت))وتیان: پرسیاری ئەوەت لێناکەین، فەرمووی: ((یوسف پێغەمبەری خوا، کوڕی پێغەمبەری خوا، کوڕی پێغەمبەری خوا، کوڕی خۆشەویستی خوا)) وتیان لەوەش پرسیارت لێناکەین، فەرمووی: ((لەکانزاکانی عەرەب پرسیارم لێدەکەن؟ کامیان لە (جاهلیە)دا چاکبوبێت لە ئیسلامیشدا هەر چاك دەبێت، ئەگەر شارەزای ئاین بوون)).

(١٢) باسی زکریا (عليه السلام)

١٥٤٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: ((كَانَ زَكَرِيَّاءُ نَجَّارًا)).

له (ابي هريرة)وه (رضي الله عنه) كه پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموويەتی: (((زكرياء) دارتاش بووە)).

(١٣) باسی یونس (عليه السلام)

١٥٤٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) أَنَّهُ قَالَ: ((قَالَ -يَعْنِي اللَّهَ (تبارك وتعالى)- لَا يَنْبَغِي لِعَبْدٍ لِي -و قَالَ ابْنُ الْمُثَنَّى: لِعَبْدِي- أَنْ يَقُولَ أَنَا خَيْرٌ مِنْ يُونُسَ بْنِ مَتَّى)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٣٤]

لە (ابـي هريـرة)وه (رضي الله عنه) لـه پێغەمبـەرەوه (صلى الله عليه وسلم) فەرموويـەتی: ((خـوا دەفەرمووێ: ﴿ناگونجێ بۆ بەندەی من بڵـێ مـن باشـترم لـه یونـس ی کـوڕی (متی)﴾)).

(١٤) باسی عیسی (عليه السلام)

١٥٤٤ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((أَنَا أَوْلَى النَّاسِ بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ فِي الْأُولَى وَالْآخِرَةِ)). قَالُوا: كَيْفَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الْأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ مِنْ عَلَّاتٍ، وَأُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ، فَلَيْسَ بَيْنَنَا نَبِيٌّ)). [بخاري/ الأنبياء/٣٢٥٩]

لە(ابی هريره)وه (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموويەتی: ((من لەبەرترم لەهەمو کەس بە عیسی‌ی کوڕی مریم لە دنیا و لە قیامەتدا، وتیان: چۆن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((پێغەمبەران کوڕی یەك باوکن، دایکیان جیایە، ئاینیان یەکە، لەنێوان من و ئەودا پێغەمبەرێکی تر نیه)) {واتا: بنج و بناوانی ئاینە ئاسمانیەکان یەکن لەخوا بەیەك زانین و بڕوابوون بە قیامەت، هەر چەند لەهەندێ وردەشتدا جیاوازبن}.

(١٥) شەیتان دەگات بە هەموو منداڵێك جگە لە عیسی و مەریەمی دایکی (عليه السلام)

١٥٤٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: ((مَا مِنْ مَوْلُودٍ يُولَدُ إِلَّا نَخَسَهُ الشَّيْطَانُ، فَيَسْتَهِلُّ صَارِخًا مِنْ نَخْسَةِ الشَّيْطَانِ، إِلَّا ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ)). ثُمَّ قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: اقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ: ﴿وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ﴾ [آل‌عمران: ٣٦].

لە (أبي هريرة)ەوە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر منداڵێك لە دایك دەبێ، شەیتان تێوەی دەژەنێ و ئەویش دەقیڕێنێ لەو تێوەژەندنەی شەیتان، جگە لە کوڕەکەی مەریەم و دایکی)) دوایی ابو هريرة (ﷺ) وتی: گەر حەزدەکەن ئەم ئایەتە بخوێننەوە کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿من مەریەم و وەچەکەی پەنادەدەم بەزاتی تۆ لە خراپەی شەیتانی نەفرین لێکراو﴾.

(١٦) فەرموودەی عیسى (ﷺ):

باوەڕم بەخوا هێنا و خۆمم بەدرۆ خستەوە

١٥٤٦ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((رَأَى عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَجُلًا يَسْرِقُ، فَقَالَ لَهُ عِيسَى: سَرَقْتَ؟ قَالَ: كَلَّا وَالَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ، فَقَالَ عِيسَى: آمَنْتُ بِاللَّهِ وَكَذَّبْتُ نَفْسِي)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٦٠]

لە(ابي هريرة)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (((عیسى)ی کوڕی (مريم) پیاوێکی دیدزی دەکرد، عیسى پێی وت: ئەوە دزیت کرد؟ وتی: نەخێر سوێند بەو کەسەی جگە لەو خوایەکی تر نیە، عیسى فەرمووی: بڕوام بەخوا هێنا و، خۆمم بەدرۆ خستەوە)).

(٥٣) بەشی پلەوپایەی یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ)
پلەوپایەی أبو بکری صدیق (رضي الله عنه)

(١) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)

((گومانت چۆنە بە دوو کەس خوا سێهەمیان بێت))

١٥٤٧ـ عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (رضي الله عنه): أَنَّ أَبَا بَكْرٍ الصِّدِّيقَ (رضي الله عنه) حَدَّثَهُ قَالَ: نَظَرْتُ إِلَى أَقْدَامِ الْمُشْرِكِينَ عَلَى رُءُوسِنَا وَنَحْنُ فِي الْغَارِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ أَنَّ أَحَدَهُمْ نَظَرَ إِلَى قَدَمَيْهِ أَبْصَرَنَا تَحْتَ قَدَمَيْهِ. فَقَالَ: ((يَا أَبَا بَكْرٍ، مَا ظَنُّكَ بِاثْنَيْنِ اللَّهُ ثَالِثُهُمَا)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٥٣]

لە(انس)ی کوڕی (مالك) (رضي الله عنه) کە ابو بکر الصدیق (رضي الله عنه) قسەی بۆ کردووە دەڵێ: تەماشای قاچی بێباوەڕەکانم دەکرد لەسەرمانەوە بوو لەکاتێکدا لەئەشکەوتەکەدا بووین، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا گەریەکێکیان سەردانەوێنێ بۆئاستی قاچەکانی ئێمە دەبینی. فەرمووی: ((ئەی ابو بکر گومانت چی یە بەرانبەرو دوو کەس کە خوا سێهەمیان بێت)).

(٢) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)

((منەتکارترین کەس لە سەرمن بە ماڵی و بەیاوەریی (أبو بکر)ە))

١٥٤٨ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) جَلَسَ عَلَى الْمِنْبَرِ فَقَالَ: ((عَبْدٌ خَيَّرَهُ اللَّهُ بَيْنَ أَنْ يُؤْتِيَهُ زَهْرَةَ الدُّنْيَا وَبَيْنَ مَا عِنْدَهُ، فَاخْتَارَ مَا عِنْدَهُ)). فَبَكَى أَبُو بَكْرٍ (رضي الله عنه) وَبَكَى، فَقَالَ: فَدَيْنَاكَ بِآبَائِنَا وَأُمَّهَاتِنَا، قَالَ: فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) هُوَ الْمُخَيَّرُ، وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ أَعْلَمَنَا بِهِ، وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَمَنَّ النَّاسِ عَلَيَّ فِي مَالِهِ وَصُحْبَتِهِ أَبُو بَكْرٍ، وَلَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا خَلِيلًا لَاتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ خَلِيلًا، وَلَكِنْ أُخُوَّةُ الْإِسْلَامِ، لَا تُبْقَيَنَّ فِي الْمَسْجِدِ خَوْخَةٌ إِلَّا خَوْخَةَ أَبِي بَكْرٍ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٩١]

لە(ابي سعيد الخدري)ەوە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت لەسەر دوانگە و فەرمووی: ((بەندەیەك خواسەرپشکی کردووە لە نێوان جوانی دنیا و ژیانی لای پەروەردگار، ئەو ئەوەی هەڵبژاردوە کەلای پەروەردگارە)) ابو بکر (رضي الله عنه) گریا گریا و وتی: باوك و دایکم فیدات بێت، وتی: سەرپشك کراوەکە پێغەمبەربوو

(ﷺ)، (أبو بكر)یش زاناترین کەسمان بوو بەو فەرموودە، . هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((منەتکارترین کەس لەسەر من بەماڵی و بەهاوڕێیەتی (ابو بکر)ە، ئەگەر من خۆشەویستم هەڵبژاردایە ابوبکرم هەڵدەبژارد، بەڵام برایەتی ئیسلام لەنێوانماندایە، هیچ دەرگا چکۆلەیەك بۆ سەر مزگەوت ناهێڵرێت جگە لە دەرگا چکۆلەکەی ابوبکر)).

(٣) خۆشەویستترین کەس لای پێغەمبەر (ﷺ) (أبوبكر)ە {رضى الله عنه و أرضاه}

١٥٤٩- عَنْ أَبِي عُثْمَانَ قَالَ: أَخْبَرَنِي عَمْرُو بْنُ الْعَاصِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَهُ عَلَى جَيْشِ ذَاتِ السَّلَاسِلِ. فَأَتَيْتُهُ فَقُلْتُ: أَيُّ النَّاسِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: ((عَائِشَةُ)). قُلْتُ: مِنَ الرِّجَالِ؟ قَالَ: ((أَبُوهَا)). قُلْتُ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: ((ثم عُمَرُ)) فَعَدَّ رِجَالًا. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٦٢]

(له أبي عثمان)ەوە دەڵێ: (عمرو)ی کوڕی (عاص) (ﷺ) هەواڵی دامێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بۆ فەرماندەیی سوپای (ذات السلاسل)، هاتمە خزمەتی وتم: کێ زۆر خۆشەویستە لات؟ فەرمووی: ((عائشة))وتم: لەپیاوان فەرمووی: ((باوکی عائشە)) وتم: دوای ئەو کێ ؟ فەرمووی: ((عمر))، چەند پیاوێکی ژمارد.

(٤) کۆبونەوەی کردەوە چاکەکان بۆ (صدّيق) و چوونە بەهەشتی

فەرموودەیەکی (ابو هريرة) لەم بارەیەوە هەیە تێپەڕی لەباسی زەکاتدا. {بڕوانە فەرموودەی ٥٤٣}.

(٥) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): من باوەڕم پێی هەیە و (أبوبكر و عمر)یش

١٥٥٠- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بَيْنَمَا رَجُلٌ يَسُوقُ بَقَرَةً لَهُ قَدْ حَمَلَ عَلَيْهَا الْتَفَتَتْ إِلَيْهِ الْبَقَرَةُ فَقَالَتْ: إِنِّي لَمْ أُخْلَقْ لِهَذَا، وَلَكِنِّي إِنَّمَا خُلِقْتُ لِلْحَرْثِ)). فَقَالَ النَّاسُ: سُبْحَانَ اللَّهِ -تَعَجُّبًا وَفَزَعًا- أَبَقَرَةٌ تَكَلَّمُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَإِنِّي أُومِنُ بِهِ وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ)). قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بَيْنَا رَاعٍ فِي غَنَمِهِ عَدَا عَلَيْهِ الذِّئْبُ، فَأَخَذَ مِنْهَا شَاةً، فَطَلَبَهُ الرَّاعِي حَتَّى اسْتَنْقَذَهَا مِنْهُ، فَالْتَفَتَ إِلَيْهِ الذِّئْبُ فَقَالَ لَهُ: مَنْ لَهَا يَوْمَ السَّبُعِ؟ يَوْمَ لَيْسَ

لَهَا رَاعٍ غَيْرِي)). فَقَالَ النَّاسُ: سُبْحَانَ اللَّهِ! فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَإِنِّي أُومِنُ بِذَلِكَ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ)). [بخاري/ الانبياء/ ٣٢٨٤]

لە(ابي هريرة)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەکاتێدا پیاوێك مانگایەکی لێدەخوڕی بارێکی لێنابوو، مانگاکە لای کردەوە بەلایدا و وتی: من بۆ ئەمە دروست نەکراوم، بەڵکو بۆ کێڵاندن دروست کراوم)) خەڵك وتیان: سبحان الله -بەسەر سوڕمان و ترسەوە- مانگا قسە دەکات؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڕاستی من و ابو بکر و عمر باوەڕمان بەمە هەیە)) أبو هريرة دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەکاتێکدا شوانێك لەناو مەڕەکانیدا بوو، گورگ پەلاماری دا و مەڕێکی لێ فڕاند، شوانەکە کەوتە دوای و مەڕەکەی ڕزگار کرد، گورگەکە لای کردەوە بەلایدا و پێی وت: کێ فریای دەکەوێت لە ڕۆژی دڕندەدا؟ لە ڕۆژێکدا شوانی نابێت جگە لە من، خەڵکەکە وتیان: سبحان الله پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڕاستی من باوەڕم بەمە هەیە أبو بکر و عمریش)).

(٦) هاوڕێیەتی (صدیق) و (فاروق) بۆ پێغەمبەر (ﷺ)

١٥٥١ـ عن ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: وُضِعَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) عَلَى سَرِيرِهِ، فَتَكَنَّفَهُ النَّاسُ يَدْعُونَ وَيُثْنُونَ وَيُصَلُّونَ عَلَيْهِ قَبْلَ أَنْ يُرْفَعَ، وَأَنَا فِيهِمْ، قَالَ: فَلَمْ يَرُعْنِي إِلَّا بِرَجُلٍ قَدْ أَخَذَ بِمَنْكِبِي مِنْ وَرَائِي، فَالْتَفَتُّ إِلَيْهِ فَإِذَا هُوَ عَلِيٌّ (ﷺ)، فَتَرَحَّمَ عَلَى عُمَرَ وَقَالَ: مَا خَلَّفْتَ أَحَدًا أَحَبَّ إِلَيَّ أَنْ أَلْقَى اللَّهَ بِمِثْلِ عَمَلِهِ مِنْكَ، وَايْمُ اللَّهِ إِنْ كُنْتُ لَأَظُنُّ أَنْ يَجْعَلَكَ اللَّهُ مَعَ صَاحِبَيْكَ، وَذَاكَ أَنِّي كُنْتُ أُكَثِّرُ أَسْمَعُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((جِئْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ، وَدَخَلْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ، وَخَرَجْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ، فَإِنْ كُنْتُ لَأَرْجُو -أَوْ: لَأَظُنُّ- أَنْ يَجْعَلَكَ اللَّهُ مَعَهُمَا)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٧٤]

لە(ابن عباس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: (عمر)ی کوڕی (خطاب) دانرابوو لەسەر دارتەرمەکەی، خەڵك دەورەیان داو بۆی دەپاڕانەوە و، چاکەیان دەوت و، نوێژیان لەسەر دەکرد، پێش ئەوەی هەڵگیرێت، منیش لەناویاندا بووم پیاوێك لە پشتەوە شانی گرتم و ڕایچڵەکاندم، کە لامکردەوە علی بوو (ﷺ)، ڕەحمەتبوونی (عمر)ی کردو وتی: هیچ کەست دوای خۆت بەجێنەهێلاوە کە من حەز بکەم لەسەر وێنەی کردەوەی ئەو بگەم بە خزمەت خوا زیاتر لەتۆ. سوێندم بەخوا من وامدەزانی کە خوا لەگەڵ دووهاوڕێکەت داتدەنێ، چونکە

زۆر جار دەمبیست لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((من و ابوبکر و عمر هاتین، من و ابوبکر و عمر چووینە ژوورەوە، من و ابوبکر و عمر دەرچووین، بەڕاستی من ڕجام وەهابوو، یان وامدەزانی خوا بتخاتە لای ئەوان)).

(٧) دانانی صدیق (ﷺ) بەجێنشین

١٥٥٢ـ عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: سَمِعْتُ عَائِشَةَ (ﷺ)، وَسُئِلَتْ: مَنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُسْتَخْلِفًا لَوِ اسْتَخْلَفَهُ؟ قَالَتْ: أَبُو بَكْرٍ، فَقِيلَ لَهَا: ثُمَّ مَنْ بَعْدَ أَبِي بَكْرٍ؟ قَالَتْ: عُمَرُ. ثُمَّ قِيلَ لَهَا: مَنْ بَعْدَ عُمَرَ؟ قَالَتْ: أَبُو عُبَيْدَةَ بْنُ الْجَرَّاحِ. ثُمَّ انْتَهَتْ إِلَى هَذَا.

لە(ابی مُلکیە)وە دەڵێ: بیستم لە عائشة (ﷺ) پرسیاری لێکرا پێغەمبەر (ﷺ) کێی دەکرد بە جێنشین، ئەگەر جێنشینی دابنایە؟ وتی: ابو بکر، وترا: دوای ئەو کێ: وتی: عمر، وترا دوای ئەو کێ: وتی (ابو عبیدة)ی کوڕی (جراح). ئیتر لێرەدا کۆتایی پێهێنا.

١٥٥٣ـ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ): أَنَّ امْرَأَةً سَأَلَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) شَيْئًا، فَأَمَرَهَا أَنْ تَرْجِعَ إِلَيْهِ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ إِنْ جِئْتُ فَلَمْ أَجِدْكَ. قَالَ أَبِي: كَأَنَّهَا تَعْنِي الْمَوْتَ. قَالَ: ((فَإِنْ لَمْ تَجِدِينِي فَأْتِي أَبَا بَكْرٍ)).
[بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٥٩]

لە محمدی کوڕی (جبیر)ی کوڕی (مطعم)ەوە ئەویش لەباوکی‌یەوە (ﷺ): کە ئافرەتێك داوای شتێکی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: بێتەوە بۆ لای، ئافرەتەکە وتی: یارسول الله ئەگەر هاتم و تۆم دەسنەکەوت —وەك ئەوەی مەبەستی مردن بێت— فەرمووی: ((ئەگەر منت دەستگیر نەبوو وەرە بۆلای ابو بکر)).

١٥٥٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي مَرَضِهِ: ((ادْعِي لِي أَبَا بَكْرٍ أَبَاكِ، وَأَخَاكِ، حَتَّى أَكْتُبَ كِتَابًا، فَإِنِّي أَخَافُ أَنْ يَتَمَنَّى مُتَمَنٍّ وَيَقُولَ: قَائِلٌ أَنَا أَوْلَى، وَيَأْبَى اللَّهُ وَالْمُؤْمِنُونَ إِلَّا أَبَا بَكْرٍ)).

لە(عائشة)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە نەخۆشی‌یەکەیدا فەرمووی: ((ابوبکرم بۆ بانگ بکە باوکت و، برات، هەتا نامەیەك بنوسم، من دەترسم خۆزگە خوازێ خۆزگە بخوازێ، یان کەسی بڵێ: من باشترم، خواو باوەڕداران ڕازی نابن بەکەس جگە لە (ابوبکر)

(٨) پلەوپایەی (عمر)ی کوڕی (الخطاب)(ﷺ)

١٥٥٥ـ عن أَبي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُ النَّاسَ يُعْرَضُونَ عَلَيَّ، وَعَلَيْهِمْ قُمُصٌ، مِنْهَا مَا يَبْلُغُ الثُّدِيَّ، وَمِنْهَا مَا يَبْلُغُ دُونَ ذَلِكَ، وَمَرَّ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ وَعَلَيْهِ قَمِيصٌ يَجُرُّهُ)). قَالُوا: مَاذَا أَوَّلْتَ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الدِّينَ)). [بخاري/ الإيمان/ ٢٣]

(ابي سعيد الخدري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەکاتێکدا من خەوتبووم، دیم خەڵك ئاراستەم دەکران کراسیان لەبەردابوو، کراسی وایان هەبوو دەگەیشتە سەرمەمك، هەیان بوو دەگەیشتە خوارتر لەوە، عمری کوڕی خطاب تێپەڕی کراسێکی لەبەردابوو رایدەکێشا بەزەویدا)). وتیان: چۆن خەوپرژێنت کرد ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((بە دینداری)).

١٥٥٦ـ عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ إِذْ رَأَيْتُ قَدَحًا أُتِيتُ بِهِ -فِيهِ لَبَنٌ- فَشَرِبْتُ مِنْهُ حَتَّى إِنِّي لَأَرَى الرِّيَّ يَجْرِي فِي أَظْفَارِي، ثُمَّ أَعْطَيْتُ فَضْلِي عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ)). قَالُوا: فَمَا أَوَّلْتَ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الْعِلْمَ)). [بخاري/ العلم/ ٨٢]

لە(عبدالله)ی کوڕی (عمر)ەوە (ﷺ)، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەکاتێکدا خەوتبووم پەرداخێکم دی بۆیان هێنام، شیری تیابوو، لێم خواردەوە هەتا دیم نینۆکەکانمی پێ پاراو بوویەوە، دوای ئەوە پاشماوەکەم دا بە عمری کوڕی (خطاب) وتیان: چۆنت خەو پرژێن کرد ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((بە زانست)).

١٥٥٧ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ رَأَيْتُنِي عَلَى قَلِيبٍ عَلَيْهَا دَلْوٌ، فَنَزَعْتُ مِنْهَا مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ أَخَذَهَا ابْنُ أَبِي قُحَافَةَ فَنَزَعَ بِهَا ذَنُوبًا أَوْ ذَنُوبَيْنِ، وَفِي نَزْعِهِ -وَاللَّهُ يَغْفِرُ لَهُ- ضَعْفٌ، ثُمَّ اسْتَحَالَتْ غَرْبًا، فَأَخَذَهَا ابْنُ الْخَطَّابِ، فَلَمْ أَرَ عَبْقَرِيًّا مِنَ النَّاسِ يَنْزِعُ نَزْعَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ، حَتَّى ضَرَبَ النَّاسُ بِعَطَنٍ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٦٤]

لە(ابي هريرة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست دەیفەرموو: ((لەکاتێکدا خەوتبووم خۆم دی بەسەربیرێکەوە دوڵچەیەکی لەسەر بوو، ئەوەندەی خوا ویستی ئاوم لێهەڵگۆزی، لەپاشدا کوڕەکەی (ابو قحافە) دۆڵچەکەی وەرگرت دۆڵچەیێ، دو دۆڵچە ئاوی هەڵگۆزی، لە هەڵگۆزینەکەشیدا

-خـوا لێـی ببـورێ- لاواز بـوو، لەپاشـدا دۆڵچەکـە بـوو بەدۆڵچەیـەکی گـەورە (عمر)ی کوڕی (خطاب)وەریگرت هیچ ئازایی‌و لێزانیەکم لە ئادەمیزاد نەدیوە بەوێنەی (عمر) ئاو هەڵبکێشێ، هەتا ئەوەندەی هەڵکێشا خەڵك وشترەکانیان پاراو کرد و بردیانن بۆ مۆڵگا)).

١٥٥٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ قَالَ: ((بَيْنَـا أَنَا نَـائِمٌ إِذْ رَأَيْتُنِي فِي الْجَنَّةِ، فَإِذَا امْرَأَةٌ تَوَضَّأُ إِلَى جَانِبِ قَصْرٍ، فَقُلْتُ لِمَنْ هَـذَا؟ فَقَالُوا: لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ. فَذَكَرْتُ غَيْرَةَ عُمَرَ فَوَلَّيْتُ مُدْبِرًا)). قَالَ أَبُو هُرَيْـرَةَ: فَبَكَـى عُمَرُ وَنَحْنُ جَمِيعًا فِي ذَلِكَ الْمَجْلِسِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ قَالَ: عُمَرُ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَعَلَيْكَ أَغَارُ؟ [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٧٠]

لە(أبي هريـرة)ەوە (ﷺ) لە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) فـەرمووی: ((لـەکاتێکدا مـن خەوتبووم خۆم لەبەهەشتدا دی، ئافرەتێکم دی لەپەنا کۆشکێکدا دەستنوێژی دەگـرت، وتم: ئـەم کۆشـك و ئافرەتـە هـی کێیـە؟ وتیـان: هـی (عمـر)ی کـوڕی (خطاب)ە، غیرەتی (عمر)م یادکەوتەوە بۆیە خێرا پشتم هەڵکرد)).

ابو هريره دەڵێ: عمر گریا، ئێمەش گشتمان گریاین لەو مەجلیسەدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ). ئەمجا عمر وتی: دایك و باوکم فیدات بێ -یارسول الله- من بەرانبەر تۆ غیرەت بمگرێ و بەدگومان بم؟

١٥٥٩ـ عن سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قَالَ: اسْتَأْذَنَ عُمَرُ عَلَى رَسُولِ اللَّـهِ (ﷺ)، وَعِنْدَهُ نِسَاءٌ مِنْ قُرَيْشٍ يُكَلِّمْنَهُ وَيَسْتَكْثِرْنَهُ، عَالِيَةً أَصْوَاتُهُنَّ، فَلَمَّا اسْتَأْذَنَ عُمَرُ قُمْنَ يَبْتَدِرْنَ الْحِجَابَ، فَأَذِنَ لَهُ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ) وَرَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ) يَضْحَكُ، فَقَالَ عُمَرُ: أَضْحَكَ اللَّهُ سِنَّكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((عَجِبْتُ مِنْ هَؤُلَاءِ اللَّاتِي كُنَّ عِنْدِي، فَلَمَّا سَمِعْنَ صَوْتَكَ ابْتَدَرْنَ الْحِجَابَ)). قَالَ عُمَرُ: فَأَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَحَقُّ أَنْ يَهَبْنَ. ثُمَّ قَالَ عُمَرُ: أَيْ عَدُوَّاتِ أَنْفُسِهِنَّ، أَتَهَبْنَنِي وَلَا تَهَبْنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)؟ قُلْنَ: نَعَمْ، أَنْتَ أَغْلَظُ وَأَفَظُّ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، مَا لَقِيَكَ الشَّيْطَانُ قَطُّ سَالِكًا فَجًّا إِلَّا سَلَكَ فَجًّا غَيْرَ فَجِّكَ)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣١٢٠]

(سعد)ی کـوڕی (ابـی وقـاص) (ﷺ) دەڵـێ: عمـر داوای مۆڵـەتی کـرد لـە پێغەمبـەر (ﷺ) لەکاتێکدا کە کۆمـەڵێ ئافرەتی لابوو قسـەیان لەگـەڵ دەکـرد و، داوای ئامۆژگـاری زیاتریـان دەکـرد، دەنگیـان هـەڵبڕیبوو کاتـێ عمـر ڕێگـای

خواست هەستان و خێرا عەباکانیان پێچا بەخۆیانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بەدەم پێکەنینەوە ڕێگای (عمر)ی دا، عمر فەرمووی: خوا دانەکانت بخاتە خەنین ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی: ((سەرم لەم ئافرەتانە سوڕما کەلای من دانیشتبوون لەکاتێکدا دەنگی تۆیان بیست خێرا عەباکانیان پێچالەخۆیانەوە))، عمر وتی: هەقیان وایە لە تۆ زیاتر بترسن. لەپاشدا عمر بە ئافرەتەکانی وت: ئەی ئافرەتانێك کە دوژمنی خۆتانن لەمن دەترسن و لە پێغەمبەر (ﷺ) ناترسن؟ وتیان: بەڵێ، تۆ ڕەقتری و وشك تری لە پێغەمبەر (ﷺ). پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە هیچ كات شەیتان بەتۆ نەگەیشتووە لەسەر ڕێگایەکدا مەگەر ئەو ڕێگایەکی تری گرتووە))[(واتە: ڕێگای خۆی گۆڕیووە)].

١٥٦٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: ((قَدْ كَانَ يَكُونُ فِي الْأُمَمِ قَبْلَكُمْ مُحَدَّثُونَ، فَإِنْ يَكُنْ فِي أُمَّتِي مِنْهُمْ أَحَدٌ فَإِنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ مِنْهُمْ)). قَالَ ابْنُ وَهْبٍ: تَفْسِيرُ مُحَدَّثُونَ: مُلْهَمُونَ.﴿ بخاری / فضائل الصحابة /٣٤٨٦﴾

لە(عائشة)وە (رضي الله عنها) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((ئوممەتەکانی بەرلە ئێوە وابوون کەسانی بەهرەمەند (مُلهَم)یان هەبووە، ئەگەر لە ئوممەتی من یەکێ لەوان هەبێ ئەوە (عمر)ی کوڕی (خطاب) لەوانە)).

١٥٦١ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ عُمَرُ (رضي الله عنه): وَافَقْتُ رَبِّي فِي ثَلَاثٍ: فِي مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ، وَفِي الْحِجَابِ، وَفِي أُسَارَى بَدْرٍ. [بخاري/ القبلة/ ٣٩٣]

(ابن عمر) (رضي الله عنه) دەڵێ: عمر (رضي الله عنه) وتویەتی: لەسێ شتدا بۆچوونەکانم یەکیگرت لەگەڵ فەرموودەی پەروەردگارمدا: لە مەقامی ئیبراهیم دا، لە پەردەپۆشی (حجاب)دا، لەدیلەکانی بەدردا.

١٥٦٢ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: لَمَّا تُوُفِّيَ عَبْدُ اللَّهِ ابْنُ أُبَيِّ ابْنُ سَلُولَ، جَاءَ ابْنُهُ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلَهُ أَنْ يُعْطِيَهُ قَمِيصَهُ أَنْ يُكَفِّنَ فِيهِ أَبَاهُ، فَأَعْطَاهُ، ثُمَّ سَأَلَهُ أَنْ يُصَلِّيَ عَلَيْهِ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِيُصَلِّيَ عَلَيْهِ، فَقَامَ عُمَرُ (رضي الله عنه)، فَأَخَذَ بِثَوْبِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَتُصَلِّي عَلَيْهِ وَقَدْ نَهَاكَ اللَّهُ أَنْ تُصَلِّيَ عَلَيْهِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّمَا خَيَّرَنِي اللَّهُ (عز وجل) فَقَالَ: ﴿اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً﴾ [التوبة: ٨٠]. وَسَأَزِيدُ عَلَى سَبْعِينَ)). قَالَ: إِنَّهُ مُنَافِقٌ، فَصَلَّى عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)،

وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَا تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَى قَبْرِهِ﴾ [التوبة: ٨٤]. [بخاري/ التفسير/ ٤٣٩٣]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا (عبد الله) ی کوڕی (ابيٍّ)کوڕی (سلول) مرد، عبدالله ی کوڕی هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێکرد کراسەکەی خۆی بداتێ تا بیکات بەکفنی باوکی، دایپێی، ئەمجا داوای لێکرد نوێژی لەسەر بکات، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا بۆئەوەی نوێژی لەسەر بکات، عمر (ﷺ) هەستا و چمکی جلەکەی گرت و وتی: ئەی پێغەمبەر ی خوا نوێژی لەسەر دەکەیت لەکاتێکدا خوا نەهی لێ کردوویت نوێژی لەسەر بکەیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا سەرپشکی کردووم و فەرموویەتی: ﴿استغفر لهم ..﴾ واتا: ﴿داوای لێبوردنیان بۆ بکەی یان داوای لێبوردن نەکەی بۆیان ، ئەگەر حەفتاجار داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت خوا لێیان نابورێت﴾. فەرمووی: ((من لە حەفتایش زیادی دەکەم)). (عمر) وتی: بێگومان ئەو مونافیقە، پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد، خوای گەورە ئەم ئایەتەی نازڵ کرد کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿نوێژ مەکە لەسەر هیچ کەس لەو مونافیقانە کە دەمرن لەسەر گورەکەیشیان مەوەستە بۆ پارانەوە بۆیان﴾.

(٩) پلەوپایەی (عثمان)ی کوڕی (عفان) (ﷺ)

١٥٦٣ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُضْطَجِعًا فِي بَيْتِي، كَاشِفًا عَنْ فَخِذَيْهِ أَوْ سَاقَيْهِ، فَاسْتَأْذَنَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ)، فَأَذِنَ لَهُ وَهُوَ عَلَى تِلْكَ الْحَالِ، فَتَحَدَّثَ، ثُمَّ اسْتَأْذَنَ عُمَرُ (ﷺ) فَأَذِنَ لَهُ وَهُوَ كَذَلِكَ، فَتَحَدَّثَ، ثُمَّ اسْتَأْذَنَ عُثْمَانُ (ﷺ)، فَجَلَسَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَسَوَّى ثِيَابَهُ. -قَالَ مُحَمَّدٌ: وَلَا أَقُولُ ذَلِكَ فِي يَوْمٍ وَاحِدٍ- فَدَخَلَ فَتَحَدَّثَ، فَلَمَّا خَرَجَ قَالَتْ عَائِشَةُ: دَخَلَ أَبُو بَكْرٍ فَلَمْ تَهْتَشَّ لَهُ وَلَمْ تُبَالِهِ، ثُمَّ دَخَلَ عُمَرُ فَلَمْ تَهْتَشَّ لَهُ وَلَمْ تُبَالِهِ، ثُمَّ دَخَلَ عُثْمَانُ فَجَلَسْتَ وَسَوَّيْتَ ثِيَابَكَ، فَقَالَ: ((أَلَا أَسْتَحِي مِنْ رَجُلٍ تَسْتَحِي مِنْهُ الْمَلَائِكَةُ)).

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) ((لەماڵەوە ڕاکشا بوو، هەردوو ڕانی، یان هەردوو قوڵی دەرخستبوو، ابوبکر (ﷺ) مۆڵەتی خواست، مۆڵەتی داو لەسەر ئەو حاڵەما، ابو بکر گفتوگۆی لەگەڵ کرد، دوای ئەو عمر (ﷺ) مۆڵەتی خواست، ڕێگەی داو هەربەوشێوە مایەوە و گفتوگۆی لەگەڵ ئەویش کرد، لەپاشدا (عثمان) (ﷺ) مۆڵەتی خواست، پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت جلەکانی ڕێك

وپێك كرد، محمدی كوڕی حرملە دەڵێ: ناڵێم ئەمە هەمووی لەیەك ڕۆژدا بوو، عثمان هاتە ژوور و قسەی لەگەڵ كرد، لەكاتێكدا دەرچوو عائشە وتی كە ابوبكر هاتە ژوور بۆی نەجوڵایت و گوێت پێنەدا، لەپاشدا عمر هاتو بۆی نەجوڵایت و گوێت پێنەدا. لەپاشدا (عثمان) هاتە ژوور دانیشتی و جلەكانت ڕێك وپێك كرد، فەرمووی: ((ئایا شەرم نەكەم لە كەسێك فریشتەكان شەرمی لێدەكەن؟)).

١٥٦٤ـعَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ قَالَ: أَخْبَرَنِي أَبُو مُوسَى الْأَشْعَرِيُّ (ﷺ): أَنَّهُ تَوَضَّأَ فِي بَيْتِهِ ثُمَّ خَرَجَ فَقَالَ: لَأَلْزَمَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَلَأَكُونَنَّ مَعَهُ يَوْمِي هَذَا. قَالَ: فَجَاءَ الْمَسْجِدَ، فَسَأَلَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالُوا:خَرَجَ وَجَّهَ هَاهُنَا، قَالَ: فَخَرَجْتُ عَلَى أَثَرِهِ أَسْأَلُ عَنْهُ حَتَّى دَخَلَ بِئْرَ أَرِيسٍ، قَالَ: فَجَلَسْتُ عِنْدَ الْبَابِ، وَبَابُهَا مِنْ جَرِيدٍ، حَتَّى قَضَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَاجَتَهُ وَتَوَضَّأَ، فَقُمْتُ إِلَيْهِ فَإِذَا هُوَ قَدْ جَلَسَ عَلَى بِئْرِ أَرِيسٍ وَتَوَسَّطَ قُفَّهَا، وَكَشَفَ عَنْ سَاقَيْهِ وَدَلَّاهُمَا فِي الْبِئْرِ، قَالَ: فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، ثُمَّ انْصَرَفْتُ، فَجَلَسْتُ عِنْدَ الْبَابِ، فَقُلْتُ: لَأَكُونَنَّ بَوَّابَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الْيَوْمَ، فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) فَدَفَعَ الْبَابَ، فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ فَقَالَ: أَبُو بَكْرٍ، فَقُلْتُ: عَلَى رِسْلِكَ، قَالَ: نعم، ثُمَّ ذَهَبْتُ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا أَبُو بَكْرٍ يَسْتَأْذِنُ؟ فَقَالَ: ((ائْذَنْ لَهُ وَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّةِ)). قَالَ: فَأَقْبَلْتُ حَتَّى قُلْتُ لِأَبِي بَكْرٍ: ادْخُلْ وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُبَشِّرُكَ بِالْجَنَّةِ. قَالَ: فَدَخَلَ أَبُو بَكْرٍ فَجَلَسَ عَنْ يَمِينِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَعَهُ فِي الْقُفِّ، وَدَلَّى رِجْلَيْهِ فِي الْبِئْرِ، كَمَا صَنَعَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَكَشَفَ عَنْ سَاقَيْهِ. ثُمَّ رَجَعْتُ فَجَلَسْتُ، وَقَدْ تَرَكْتُ أَخِي يَتَوَضَّأُ وَيَلْحَقُنِي، فَقُلْتُ: إِنْ يُرِدِ اللَّهُ بِفُلَانٍ -يُرِيدُ أَخَاهُ- خَيْرًا يَأْتِ بِهِ، فَإِذَا إِنْسَانٌ يُحَرِّكُ الْبَابَ، فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ فَقَالَ: عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ. فَقُلْتُ: عَلَى رِسْلِكَ، ثُمَّ جِئْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، وَقُلْتُ: هَذَا عُمَرُ يَسْتَأْذِنُ؟ فَقَالَ: ((ائْذَنْ لَهُ وَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّةِ)). فَجِئْتُ عُمَرَ (ﷺ) فَقُلْتُ: أَذِنَ وَيُبَشِّرُكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِالْجَنَّةِ، قَالَ: فَدَخَلَ فَجَلَسَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْقُفِّ عَنْ يَسَارِهِ، وَدَلَّى رِجْلَيْهِ فِي الْبِئْرِ. ثُمَّ رَجَعْتُ فَجَلَسْتُ، فَقُلْتُ إِنْ يُرِدِ اللَّهُ بِفُلَانٍ خَيْرًا -يَعْنِي أَخَاهُ- يَأْتِ بِهِ، فَجَاءَ إِنْسَانٌ فَحَرَّكَ الْبَابَ، فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ فَقَالَ: عُثْمَانُ بْنُ عَفَّانَ، فَقُلْتُ: عَلَى رِسْلِكَ، قَالَ: وَجِئْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَأَخْبَرْتُهُ، فَقَالَ: ((ائْذَنْ لَهُ، وَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّةِ، مَعَ بَلْوَى تُصِيبُهُ)). قَالَ: فَجِئْتُ فَقُلْتُ: ادْخُلْ، وَيُبَشِّرُكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِالْجَنَّةِ مَعَ بَلْوَى تُصِيبُكَ، قَالَ:

فَدَخَلَ فَوَجَدَ الْقُفَّ قَدْ مُلِئَ، فَجَلَسَ وِجَاهَهُمْ مِنَ الشِّقِّ الْآخَرِ. قَالَ شَرِيكٌ: فَقَالَ سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ: فَأَوَّلْتُهَا قُبُورَهُمْ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٧١]

(سعید)ی کوڕی (مسیّب) دەڵێ: (ابو موسى الاشعري)(رضي الله عنه)) هەواڵی دامێ کەلە ماڵی خۆیان دەستنوێژی گرت و، پاشان دەرچوو وتی: دەبێ ئەمڕۆ لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) ببم و لێی جیانەبمەوە، دەڵێ: هاتە مزگەوت و پرسیاری کرد وتیان: دەرچووە و ئاوا ڕووی ناوە، دەڵێ: بەدوایدا ڕۆیشتم پرسیارم دەکرد هەتا گەیشتە بیری (أریس) لای دەرگاکەیدا دانیشتم، دەرگاکەیشی لە لقی دارخورما تەنرابوو، هەتا پێغەمبەر (ﷺ) دەستی سەراوی بەجێهێنا و دەستنوێژی گرت، ئەمجا هەستام چووم بۆلای لەسەر بیرەکە دانیشتبوو لەناوەڕاستی سەکۆی بیرەکەدا و هەردو قولی ڕووتکردبوو شۆڕی کردبوونەوە ناو بیرەکە، سەلامم لێکرد و، دوایی ڕۆیشتم و لای دەرگاکە دانیشتم و وتم دەبێ ئەمڕۆ دەرگاوانی پێغەمبەربم (ﷺ)، (ابو بکر)(رضي الله عنه) هات پالی نا بە دەرگاکەوە وتم: کێیە؟ وتی: ابوبکرم وتم: پەلەمەکە، وتی: بەڵێ پاشان ڕۆیشتم وتم: یارسول الله ئەوە أبوبکرە، داوای مۆڵەت دەکات؟ فەرمووی: ((مۆڵەتی بدە و موژدەی بەهەشتیشی بدەرێ)) هاتمەوە بە ابوبکرم وت: وەرە ژوورەوە لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) موژدەی بەهەشتت دەداتێ. دەڵێ: أبوبکر هاتە ژوورەوە لای ڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) لەپەنا ئەودا هەر لەسەر سەکۆکە دانیشت و، قاچەکانی شۆڕ کردەوە ناو بیرەکە و، بەوێنەی پێغەمبەر (ﷺ) قولی ڕووتکرد. دیسان گەڕامەوە دانیشتم،کاتێ من لەماڵ هاتم براکەم جێهێشت دەستنوێژ بگرێت و بەدوامدا بێت، بۆیە وتم: ئەگەر خوا ویستی چاکەی بەفلان بێ -مەبەستی براکەی بوو- دەیهێنێ بۆ ئێرە، لەناکاو یەکێك دەرگاکەی جولان، وتم ئەوە کێیە؟ وتی: (عمر)ی کوڕی (خطاب)ە، وتم: پەلەمەکە، لەپاشدا چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) سەلامم لێکرد و وتم: ئەوە (عمر)ە داوای مۆڵەت دەکات؟ فەرمووی: ((مۆڵەتی بدە و موژدەی بەهەشتی بدەرێ)) هاتمەوە لای عمر وتم: پێغەمبە مۆڵەتی دایت و موژدەی بەهەشتیشت دەداتێ. دەڵێ: هاتە ژوور دانیشت لەگەڵ پێغەمبەر لەسەر سەکۆکە و لەلای چەپیەوە و، هەردوو قاچی شۆڕکردەوە ناوبیرەکە. دیسان هاتمەوە دانیشتم وتم: ئەگەر خوا ویستی چاکەی بە فلان هەبێت دەیهێنێ بۆئێرە -مەبەستی براکەی بوو- یەکێ هات

دەرگاكـەی جولاندـد، وتم: ئـەوە كێیـە؟ وتـی: (عثمـان)ی كـوڕی (عفـان) وتم: پەلەمەكە، هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵم دایێ، فەرمووی: ((مۆڵەتی بدە و، مـوژدەی بەهەشتی بدەرێ لەگەڵ بەلایـەكدا تووشـی دەبـێ)) هـاتم وتم: وەرە ژوورەوە و پێغەمبـەریش مـوژدەی بەهەشتت دەداتـێ لەگەڵ بەلایـەكدا كـە توشـت دێ. دەڵـێ: هاتـە ژوورەوە سەرسـەكۆكە جێگـە نـەمابوو، لـەو بـەرەوە بەرانبەر ئەوان دانیشت. (شریك)ی ڕاوی دەڵـێ: سعیدی كوڕی (مسیب) وتـی: وام ماناكرد كە ئەوە گۆڕەكانیانە.

(١٠) پلەوپایەی علی كوڕی أبی طالب (ﷺ)

١٥٦٥ـ عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قَالَ: خَلَّفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، تُخَلِّفُنِي فِي النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ؟ فَقَالَ: ((أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ مِنِّي بِمَنْزِلَةِ هَارُونَ مِنْ مُوسَى، غَيْرَ أَنَّهُ لَا نَبِيَّ بَعْدِي)). [بخاري/ المغازي/ ٤١٥٤]

(سـعد)ی كـوڕی (ابـو وقـاص)(ﷺ) دەڵـێ: كاتـێ پێغەمبـەر (ﷺ) چـوو بـۆ جەنگی (تبـوك) (علـی)كوڕی (أبـو طـالب)ی كـرد بـە جێنشـینی خـۆی لەسـەر مەدینـە، وتـی: یارسول الله جێم دێڵی لەگەڵ ژن ومندالـدا؟ فـەرمووی: ((ئایـا ڕازی نابیت تۆ بۆ من وەك هـارون بیـت بـۆ موسـی، ئـەوەندە هەیـە دوای مـن پێغەمبەر نایەت))

١٥٦٦ــ عـن سَـهْلُ بْـنُ سَـعْدٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَـالَ يَـوْمَ خَيْـبَرَ: ((لَأُعْطِيَنَّ هَذِهِ الرَّايَةَ رَجُلًا يَفْتَحُ اللَّهُ عَلَى يَدَيْهِ، يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ، وَيُحِبُّهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ)). قَالَ: فَبَاتَ النَّاسُ يَدُوكُونَ لَيْلَتَهُمْ أَيُّهُمْ يُعْطَاهَا، قَالَ: فَلَمَّا أَصْبَحَ النَّاسُ غَدَوْا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كُلُّهُمْ يَرْجُونَ أَنْ يُعْطَاهَا، فَقَالَ: ((أَيْـنَ عَلِـيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ)). فَقَالُوا: هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ يَشْتَكِي عَيْنَيْهِ. قَالَ: ((فَأَرْسِلُوا إِلَيْهِ)). فَأُتِيَ بِهِ، فَبَصَقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي عَيْنَيْهِ وَدَعَا لَهُ، فَبَرَأَ حَتَّى كَأَنْ لَمْ يَكُنْ بِهِ وَجَعٌ، فَأَعْطَاهُ الرَّايَةَ، فَقَالَ عَلِيٌّ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، أُقَاتِلُهُمْ حَتَّى يَكُونُوا مِثْلَنَا؟ فَقَالَ: ((انْفُذْ عَلَى رِسْلِكَ حَتَّى تَنْزِلَ بِسَاحَتِهِمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الْإِسْلَامِ وَأَخْبِرْهُمْ بِمَا يَجِبُ عَلَيْهِمْ مِنْ حَقِّ اللَّهِ فِيهِ، فَوَاللَّهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَنْ يَكُونَ لَكَ حُمْرُ النَّعَمِ)). [بخاري/ الجهاد/ ٣٧٨٣]

(سَهل)ی کـوڕی (سـعد)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕۆژی خەیبـەر فـەرمووی: ((ئـەم ئاڵایـە دەدەمـە دەسـتی پیـاوێك خـوا لەسـەر دەسـتی ئـەو سەرکەوتن ئەنجام دەدات، خوا و پێغەمبەری خۆشدەوێ و،خـواو پێغەمبـەریش خۆشیان دەوێت)). دەڵێ: خەڵك ئەو شەوەیان ڕۆژ کردەوە بەو باسەوە: دەبێ کامیان ئەو ئاڵایەی بدرێتێ، کاتێ خەڵك ڕۆژیان لێبوویەوە، بەیانی زوو ڕۆیشتن بـۆ خزمـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) هـەموویان خوازیـاری ئـەوە بـوون ئەوئاڵایـەیان بدرێتێ، فەرمووی: ((علي کوڕی أبو طالب لە کوێیە؟)). وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو لەدەس ئازاری هەردوچاوی دەناڵێنێ. فەرمووی: ((بنێرن بە دوایدا)) هێنایان پێغەمبـەر (ﷺ) تفـی کـردە هـەردووچاوی و بـۆی پاڕایـەوە، چـاك بـو هـەروەك ئازاری نـەبوبێت، ئاڵاکەی دایە دەستی، علـی (ﷺ) وتـی: یارسـول الله لەگەڵیان نەجەنگێن تاوەك ئێمە یان لێدێت؟ فەرمووی: ((لەسەر خۆ بڕۆ ناویـان تا دەگەیتە قەراغی ماڵەکانیان، دوایی بانگیان بکە بۆ ئیسلام هـەواڵیان بدەرێ بەوەی واجبە لەسەریان لـە ئـەرکی خوایـی، سوێند بەخوا، ئەگەر خوا بەهۆی تـۆوە یـەك کـەس ڕێنمـایی بکـات بۆتـۆ چاکـترە لـە هـەرچی وشـتری سـوور هەیە)).[(مەبەست سامانی دینیایە)].

١٥٦٧ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ) قَالَ: اسْتُعْمِلَ عَلَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ مِنْ آلِ مَرْوَانَ، قَالَ: فَدَعَا سَهْلَ بْنَ سَعْدٍ فَأَمَرَهُ أَنْ يَشْتِمَ عَلِيًّا، قَالَ: فَأَبَى سَهْلٌ، فَقَالَ لَهُ: أَمَّا إِذْ أَبَيْتَ فَقُلْ: لَعَنَ اللَّهُ أَبَا التُّرَابِ. فَقَالَ سَهْلٌ: مَا كَانَ لِعَلِيٍّ (ﷺ) اسْمٌ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ أَبِي التُّرَابِ، وَإِنْ كَانَ لَيَفْرَحُ إِذَا دُعِيَ بِهَا. فَقَالَ لَهُ :أَخْبِرْنَا عَنْ قِصَّتِهِ، لِمَ سُمِّيَ أَبَا تُرَابٍ؟ قَالَ: جَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْتَ فَاطِمَةَ (ﷺ) فَلَمْ يَجِدْ عَلِيًّا فِي الْبَيْتِ. فَقَالَ: ((أَيْنَ ابْنُ عَمِّكِ)). فَقَالَتْ: كَانَ بَيْنِي وَبَيْنَهُ شَيْءٌ فَغَاضَبَنِي، فَخَرَجَ فَلَمْ يَقِلْ عِنْدِي، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِإِنْسَانٍ: ((انْظُرْ أَيْنَ هُوَ)). فَجَاءَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هُوَ فِي الْمَسْجِدِ رَاقِدٌ، فَجَاءَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ مُضْطَجِعٌ، قَدْ سَقَطَ رِدَاؤُهُ عَنْ شِقِّهِ فَأَصَابَهُ تُرَابٌ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَمْسَحُهُ عَنْهُ وَيَقُولُ: ((قُمْ أَبَا التُّرَابِ، قُمْ أَبَا التُّرَابِ)). [بخاري/ المساجد/ ٤٣٠]

(سهل)ی کوڕی (سعد)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لـە تیرەی مـەروان کرابـە کارمەند لەسـەر مەدینـە، (سعد)ی بـانگ کـرد و وتـی:دەبـێ جنێـو بـە علـی بدەیـت، سـهل بەقسەی نەکرد، وتی: وەك ئەوەت نەکرد، دەبڵێ: لەعنەتی خـوا لـە (أبـو تـراب)،

(سهل) وتی: علی هیچ ناوێکی نەبووە لای شیرین تر بێت لە (أبو تراب) و زۆری پێخۆشبوو بەو شێوە بانگ بکرایە.

(أبو حازم الراوی) وتی: هەواڵمان بدەرێ بۆچ بە (أبو تراب) ناونراوە؟ وتی: پێغەمبەر (ﷺ) دێت بۆ ماڵی (فاطمة)(رضي الله عنها) علی لەماڵ نابێت، دەفەرمویٚ: ((ئامۆزاکەت لە کوێیە؟)) دەڵێ: شتێك ڕوی‌دا لە نێوانماندا لێم تورا و دەرچوو، لای من نیوەڕۆ خەوی نەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) بەکەسێکی فەرموو: ((بزانە لە کوێیە؟)) هاتەوە و وتی: یا رسول الله والە مزگەوت ڕاکشاوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆلای ڕاکشابوو عەباکەی لەلا تەنیشتی کەوتبووە خوار و پشتی خوڵاوی بوبوو، پێغەمبەر (ﷺ) خۆڵەکەی دەسڕی و دیفەرموو: ((هەستە أبوتراب، هەستە ابو تراب)).

(١١) پلەو پایەی طلحةی کوڕی عبیدالله (رضي الله عنه)

١٥٦٨ـ عَنْ أَبِي عُثْمَانَ قَالَ: لَمْ يَبْقَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَعْضِ تِلْكَ الْأَيَّام الَّتِي قَاتَلَ فِيهِنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَيْرُ طَلْحَةَ وَسَعْدٍ -عَنْ حَدِيثِهِمَا-. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥١٧]

(أبو عثمان) دەڵێ: لەیەکێ لەو ڕۆژگارانەی پێغەمبەر (ﷺ) تیا جەنگا جگە لە (طلحة)و (سعد) کەسی تری لەگەڵ نەما. [مەبەست جەنگی اُحدە].

(١٢) پلەو پایەی (زبیر)ی کوڕی (عوام)

١٥٦٩ـ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُهُ يَقُولُ: نَدَبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) النَّاسَ يَوْمَ الْخَنْدَقِ فَانْتَدَبَ الزُّبَيْرُ، ثُمَّ نَدَبَهُمْ فَانْتَدَبَ الزُّبَيْرُ، ثُمَّ نَدَبَهُمْ فَانْتَدَبَ الزُّبَيْرُ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لِكُلِّ نَبِيٍّ حَوَارِيٌّ وَحَوَارِيَّ الزُّبَيْرُ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٦٩٢]

(محمد)ی کوڕی (منکدر) دەڵێ: لە(جابر)ی کوڕی (عبدالله) م (رضي الله عنه) بیستووە دەیوت: لە ڕۆژی خەندەقدا پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی هەڵنا {بۆ ئەوەی هەواڵی بنو قریظةی بۆ بزانن} (زبیر) ئامادەیی دەربڕی، جارێکی تر هەڵینان (زبیر)ئامادەیی دەربڕی، جارێکی تر هەڵینان هەر (زبیر) ئامادەیی دەربڕی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەموو پێغەمبەرێك هاوەڵی تایبەتی هەیە، (زبیر)یش هاوەڵی تایبەتی منە)).

١٥٧٠ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أَنَا وَعُمَرُ بْنُ أَبِي سَلَمَةَ يَوْمَ الْخَنْدَقِ مَعَ النِّسْوَةِ فِي أُطُمِ حَسَّانَ، فَكَانَ يُطَأْطِئُ لِي مَرَّةً فَأَنْظُرُ وَأُطَأْطِئُ لَهُ مَرَّةً فَيَنْظُرُ، فَكُنْتُ أَعْرِفُ أَبِي إِذَا مَرَّ عَلَى فَرَسِهِ فِي السِّلَاحِ إِلَى بَنِي قُرَيْظَةَ. قَالَ: وَأَخْبَرَنِي عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُرْوَةَ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ، قَالَ: فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِأَبِي، فَقَالَ: وَرَأَيْتَنِي يَا بُنَيَّ؟ قُلْتُ: نَعَمْ. قَالَ: أَمَا وَاللَّهِ لَقَدْ جَمَعَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَئِذٍ أَبَوَيْهِ، فَقَالَ: ((فِدَاكَ أَبِي وَأُمِّي)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥١٥]

(عبدالله)ی کوڕی (زبیر) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژی خەندەق من و (عمر)ی کوڕی (أبو سلمة)لەگەڵ ئافرەتاندا لە قەڵای (حسان) بووین، جارێك (عمر) پشتی بۆمن دادەنەواند و {دەچوومە سەر پشتی و} دەمڕوانی، جارێکی دی من پشتم بۆ ئەو دادەنەواند و {دەچووە سەر پشتم} دەیڕوانی، من باوکی خۆم دەناسییەوە بەسواری ئەسپەکەیەوە چەك بەدەس کەدەچوو بۆ ناو (بني قريظة)دەڵێ: (عبدالله)ی کوڕی (عُروة) هەواڵی دامێ، لە (عبدالله)ی کوڕی (زبیر)ەوە دەڵێ: من ئەم دیمەنەم باسکرد بۆ باوکم، وتی: ڕۆڵە منت بینی؟ وتم: بەڵێ، وتی: بزانە بەخوا ئەو ڕۆژە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوك و دایکی پێکەوە ناوبردوو فەرمووی: ((باوك و دایکم فیداتبێ)).

١٥٧١ـ عن عروة بن الزبير قَالَ: قَالَتْ لِي عَائِشَةُ (ﷺ): أَبَوَاكَ -وَاللَّهِ- مِنَ (الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِنْ بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ. وفي رواية: تَعْنِي أَبَا بَكْرٍ وَالزُّبَيْرَ (ﷺ).

(عروة)ی کوڕی (زبیر)دەڵێ: عائشة (ﷺ) پێی وتم: سوێند بەخوا هەردوو باوات لەو کەسانە بوون وەڵامی خوا و پێغەمبەریان داوەتەوە، دوای ئەوەی توشی زەحمەت و ئازاری زۆر هاتن {لە ڕۆژی (أُحد)دا}. لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ: مەبەستی (أبو بكر و زبیر)ە (ﷺ). {ئاماژەیە بە ئایەتی ١٧٢ ال عمران}.

(١٣) پلە وپایەی (طلحة)ە و(زبیر)

١٥٧٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ عَلَى جَبَلِ حِرَاءٍ فَتَحَرَّكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اسْكُنْ حِرَاءُ، فَمَا عَلَيْكَ إِلَّا نَبِيٌّ أَوْ صِدِّيقٌ أَوْ شَهِيدٌ)). وَعَلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ)، وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ وَعُثْمَانُ وَعَلِيٌّ وَطَلْحَةُ وَالزُّبَيْرُ وَسَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەرکێوی (حراء)بوو، کێوەکە دەجولایەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((حراء بسرەوە، ئەوەی بەسەر تۆوە یە پێغەمبەرێکە یان ڕاستگۆیەکە یان شەهیدێکە)) {شایانی باسە} پێغەمبەر (ﷺ)، و ابوبكر و عمر و عثمان و علی و، طلحة و زبير و سعدی کوڕی ابو وقاصی لەسەر بوو (ﷺ).

(١٤) پلە وپایەی سعدی کوڕی أبو وقاص (ﷺ)

١٥٧٣ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: سَهِرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَقْدَمَهُ الْمَدِينَةَ لَيْلَةً، فَقَالَ: ((لَيْتَ رَجُلًا صَالِحًا مِنْ أَصْحَابِي يَحْرُسُنِي اللَّيْلَةَ)). قَالَتْ: فَبَيْنَا نَحْنُ كَذَلِكَ سَمِعْنَا خَشْخَشَةَ سِلَاحٍ، فَقَالَ: ((مَنْ هَذَا)). قَالَ: سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ. فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا جَاءَ بِكَ)). قَالَ: وَقَعَ فِي نَفْسِي خَوْفٌ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَجِئْتُ أَحْرُسُهُ. فَدَعَا لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ نَامَ. [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٢٩]

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەرەتای گەیشتنی بۆ مەدینە شەوێك نەخەوت، فەرمووی: ((خۆزگە پیاوچاکێك لەیارەکانم ئەمشەو پاسەوانی منی بکردبایە))، دەڵێ: ئیمە لەو مشت و مڕەدا بووین، گوێمان لە خشەخشی چەکێك بوو، فەرمووی: ((ئەوە کێیە؟)) وتی: (سعدی کوڕی ابو (وقاص)ە، فەرمووی: ((بۆچی هاتویت؟)) وتی: دڵم ترسا لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) توشی شتێك بێت، هاتم پاسەوانی بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) بۆی پارایەوە و ئەمجا خەوت.

١٥٧٤ـ عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدٍ، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ):، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ)) جَمَعَ لَهُ أَبَوَيْهِ يَوْمَ أُحُدٍ، قَالَ: كَانَ رَجُلٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ قَدْ أَحْرَقَ الْمُسْلِمِينَ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((ارْمِ فِدَاكَ أَبِي وَأُمِّي)). قَالَ: فَنَزَعْتُ لَهُ بِسَهْمٍ لَيْسَ فِيهِ نَصْلٌ، فَأَصَبْتُ جَنْبَهُ فَسَقَطَ فَانْكَشَفَتْ عَوْرَتُهُ، فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى نَظَرْتُ إِلَى نَوَاجِذِهِ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥١٩]

(عامر)ی کوڕی (سعد)، لە باوکی‌یەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ)، باوك و دایکی بۆ کۆکردەوە لە ڕۆژی (اُحد)دا، دەڵێ: پیاوێك لە کافرەکان موسڵمانەکانی سوتاند {واتە وەك ئاگر لەناوی دەبردن} پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بتەقێنە دایك و باوکم فیدات بێ)) دەڵێ: تیرێکم تێگرت سەرتیری نەبوو، دام لە تەنیشتی و دای بەئەرزا و عەورەتی دەرکەت، پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی هەتا چاوم کەوت بە خرێکانی.

١٥٧٥ـ عن مُصْعَبُ بْنُ سَعْدٍ، عن ابيه (ﷺ): أَنَّهُ نَزَلَتْ فِيهِ آيَاتٌ مِنَ الْقُرْآنِ، قَالَ: حَلَفَتْ أُمُّ سَعْدٍ أَنْ لَا تُكَلِّمَهُ أَبَدًا حَتَّى يَكْفُرَ بِدِينِهِ، وَلَا تَأْكُلَ وَلَا تَشْرَبَ، قَالَتْ: زَعَمْتَ أَنَّ اللَّهَ وَصَّاكَ بِوَالِدَيْكَ، وَأَنَا أُمُّكَ وَأَنَا آمُرُكَ بِهَذَا. قَالَ: مَكَثَتْ ثَلَاثًا، حَتَّى غُشِيَ عَلَيْهَا مِنَ الْجَهْدِ. فَقَامَ ابْنٌ لَهَا يُقَالُ لَهُ عُمَارَةُ فَسَقَاهَا، فَجَعَلَتْ تَدْعُو عَلَى سَعْدٍ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي الْقُرْآنِ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْنًا﴾ [العنكبوت: ٨] ﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي﴾ وَفِيهَا ﴿وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾ [لقمان: ١٥]. قَالَ: وَأَصَابَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَنِيمَةً عَظِيمَةً، فَإِذَا فِيهَا سَيْفٌ، فَأَخَذْتُهُ فَأَتَيْتُ بِهِ الرَّسُولَ (ﷺ)، فَقُلْتُ: نَفِّلْنِي هَذَا السَّيْفَ، فَأَنَا مَنْ قَدْ عَلِمْتَ حَالَهُ. فَقَالَ: ((رُدُّهُ مِنْ حَيْثُ أَخَذْتَهُ)). فَانْطَلَقْتُ حَتَّى إِذَا أَرَدْتُ أَنْ أُلْقِيَهُ فِي الْقَبَضِ لَامَتْنِي نَفْسِي، فَرَجَعْتُ إِلَيْهِ فَقُلْتُ: أَعْطِنِيهِ. قَالَ: فَشَدَّ لِي صَوْتَهُ: ((رُدُّهُ مِنْ حَيْثُ أَخَذْتَهُ)). قَالَ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ﴾. قَالَ: وَمَرِضْتُ فَأَرْسَلْتُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَأَتَانِي، فَقُلْتُ: دَعْنِي أَقْسِمْ مَالِي حَيْثُ شِئْتُ، قَالَ: فَأَبَى، قُلْتُ: فَالنِّصْفَ؟ قَالَ: فَأَبَى، قُلْتُ: فَالثُّلُثَ، قَالَ: فَسَكَتَ، فَكَانَ بَعْدُ الثُّلُثُ جَائِزًا، قَالَ: وَأَتَيْتُ عَلَى نَفَرٍ مِنَ الْأَنْصَارِ وَالْمُهَاجِرِينَ فَقَالُوا: تَعَالَ نُطْعِمْكَ وَنَسْقِكَ خَمْرًا، وَذَلِكَ قَبْلَ أَنْ تُحَرَّمَ الْخَمْرُ، قَالَ: فَأَتَيْتُهُمْ فِي حَشٍّ -وَالْحَشُّ: الْبُسْتَانُ- فَإِذَا رَأْسُ جَزُورٍ مَشْوِيٌّ عِنْدَهُمْ، وَزِقٌّ مِنْ خَمْرٍ، قَالَ: فَأَكَلْتُ وَشَرِبْتُ مَعَهُمْ، قَالَ: فَذَكَرْتُ الْأَنْصَارَ وَالْمُهَاجِرِينَ عِنْدَهُمْ، فَقُلْتُ: الْمُهَاجِرُونَ خَيْرٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، قَالَ: فَأَخَذَ رَجُلٌ أَحَدَ لَحْيَيِ الرَّأْسِ فَضَرَبَنِي بِهِ فَجَرَحَ بِأَنْفِي، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْبَرْتُهُ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِيَّ -يَعْنِي نَفْسَهُ- شَأْنَ الْخَمْرِ: ﴿إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ﴾ [المائدة: ٥٢].

لـە(مصعـب)ی كـوڕی (سـعد)ەوە لەباوكیـیـەوە (ﷺ) كـە چـەند ئایـەتێك دەربارەی دابـەزیوە، دەڵێ: دایكی سعد سوێندی خـوارد قـەت قسـەی لەگـەڵ نەكات و نان و ئاویش ناخوات تا پاشگەز نەبێتەوە لەدین، ئـەمجا دایكـی پێـی وت: دەڵێی خوای گەورە ئامۆژگاری كردوویت چاكبیت بۆ دایك و باب، منیش دایكتم فەرمانت پێدەكـەم پاشگەزبیتەوە لـە ئیسلام، سـێ ڕۆژ مایـەوە، هیچی نەخوارد، هەتا لەبرسا بێهۆش بوو، كوڕێكی كە ناوی (عُمارة)بوو ئاوی كـرد بەدەمیەوە، ئـەویش هـەر دوعـای لەسـەعد دەكـرد، خـوای گـەورە ئـەم ئایـەتـەی

ناردە خوارەوە: ﴿ووصينـا الانسـان بوالديـه حُسنا﴾ {العنكبـوت: ٨} ﴿وان جاهداك على ان تشرك بى ماليس لك به علم فلا تطعهما وصاحبهما في الدنيا معروفا﴾ {لقمان: ١٥}. واتە: ((ئەگەر هەوڵياندا شەريك بۆ من دابنىێى ئەوا بەقسەيان مەكە بەڵام لەدنيادا چاك بە لەگەڵياندا)) .دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەستكەوتێكى جەنگى زۆرى دەستكەوت، شمشێرێكى تيابوو هەڵمگرتوو هێنام بۆلاى پێغەمبەر (ﷺ) وتم: ئەم شمشێرەم پێببەخشە، من كەسێكم خۆت دەزانى حاڵم چۆنە. فەرمووى: ((بيبەرەوە بۆ ئەو شوێنەى لێت هێناوە)) رۆيشتم هەتا ويستم فرێيدەمە كۆگاى شتەگيراوەكان، دەروونم سەر زەنشتى كردم، گەڕامەوە لاى وتم: شمشێرەكەم بدەرێ، دەنگى بۆ هەڵبڕيم: ((بيبەرەوە ئەو شوێنەى لێت هێناوە)) دەڵێ: خواى گەورە ئەم ئايەتەى نازڵ كرد: ﴿ويسألونك عن الانفال﴾. دەڵێ: نەخۆشكەوتم ناردم بۆ خزمەتى پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆلام، وتم: لێم گەڕێ بامالەكەم بەشبكەم چۆن خۆم دەمەوێت، ڕێگەى نەدام، وتم: ئەى نيوەى؟ ڕێگەى نەدام، وتم: ئەى سێيەك؟ بێدەنگ بوو، دواى ئەوە ئيتر سێيەك دروستبوو، دەڵێ: تێپەڕيم بەلاى كۆمەڵێك لە ياريدەدەران و كۆچبەران و تيان: وەرە خواردن و عارەقت دەدەينێ، ئەمەبەر لەوەى عەرەق حەرام بكرێت، چوومە لايان لەناو باخێكدا بوون، كەللەى وشترێكيان برژاندبوو كونەيەكيش عەرەقيان لابوو، خواردم و خواردمەوە لەگەڵيان، باسى كۆچكەران و ياريدەدەرانم، كرد لەلايان وتم: كۆچكەران باشترن لە ياريدەدران، پياوێك شەويلگەيەكى كەللە سەرەكەى هەڵگرت و پياكێشام لووتى بريندار كردم، هاتم بۆ خزمەتى پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵم دايە خواى گەورە ئەم ئايەتەى ناردە خوارەوە كە ئەمە ماناكەيەتى: ﴿عەرەق و قومار و بتەكان و ئەو پارچانەى يانسيبيان پێدەكەن، هەرهەموويان پيسى وچەپەڵى و كارى شەيتانە خۆتانى لێبپارێزن..﴾.

١٥٧٦ـ عَنْ سَعْدٍ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) سِتَّةَ نَفَرٍ، فَقَالَ الْمُشْرِكُونَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): اطْرُدْ هَؤُلَاءِ لَا يَجْتَرِئُونَ عَلَيْنَا، قَالَ: وَكُنْتُ أَنَا وَابْنُ مَسْعُودٍ وَرَجُلٌ مِنْ هُذَيْلٍ وَبِلَالٌ وَرَجُلَانِ لَسْتُ أُسَمِّيهِمَا، فَوَقَعَ فِي نَفْسِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقَعَ، فَحَدَّثَ نَفْسَهُ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ﴾ [الأنعام: ٥٢].

(سعد) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە شەش کەس بووین لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ)، بێباوەڕەکان وتیان: بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانە دەرکە نەکو ساوازیان ببێتەوە بەرانبەر ئێمە، دەڵێ: من و ابن مسعود و پیاوێك لە (هدیل) و بلال و دوپیاوی تر ناویان نابەم، جا ئەوەی خوا ویستیکەوتە دڵی پێغەمبەر (ﷺ)، خوای گەورە ئەم ئایەتەی نازڵ کرد کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ئەو باوەڕدارانە دەرمەکە کە خوای خۆیان دەپەرستن و بەیانیان و ئێواران هاواری بۆ دەبەن، مەبەستیان ڕەزامەندی خوایە﴾.

(١٥) پلە وپایەی (أبو عبیدة)ی کوڕی (جراح)

١٥٧٧ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ أَهْلُ نَجْرَانَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ ابْعَثْ إِلَيْنَا رَجُلًا أَمِينًا، فَقَالَ: ((لَأَبْعَثَنَّ إِلَيْكُمْ رَجُلًا أَمِينًا حَقَّ أَمِينٍ حَقَّ أَمِينٍ)). قَالَ: فَاسْتَشْرَفَ لَهَا النَّاسُ، قَالَ: فَبَعَثَ أَبَا عُبَيْدَةَ بْنَ الْجَرَّاحِ (ﷺ). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٣٤]

(حذيفة) (ﷺ) دەڵێ: خەڵکی نجران هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا پیاوێکی ئەمینمان بۆ بنێرە، فەرمووی: ((دڵنیابن پیاوێکتان بۆ دەنێرم ئەمین بێت، بەحەق ئەمین، بەحەق ئەمین)). دەڵێ: خەڵك حەزیان بەم سەرکارییەکرد و تەماداری بوون، (أبو عبیدة)ی کوڕی (جراح)ی نارد (ﷺ).

(١٦) پلە وپایەی (حسن و حسین) (ﷺ)

١٥٧٨ـ عَنْ سلمة بن الأكوع (ﷺ) قَالَ: لَقَدْ قُدْتُ بِنَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) وَالْحَسَنِ وَالْحُسَيْنِ بَغْلَتَهُ الشَّهْبَاءَ حَتَّى أَدْخَلْتُهُمْ حُجْرَةَ النَّبِيِّ (ﷺ)، هَذَا قُدَّامَهُ وَهَذَا خَلْفَهُ.

(سَلَمة)ی کوڕی (الأکوع) (ﷺ) دەڵێ: هێسترە بازگەکەی پێغەمبەرم ڕاکێشا خۆی و حسن و حسین سواری بووبوون، یەکێکیان لەپێشیەوە یەکێکیان لە دوایەوە هەتا کردمن بەناو حوجرەکەی پێغەمبەردا (ﷺ).

١٥٧٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي طَائِفَةٍ مِنَ النَّهَارِ، لَا يُكَلِّمُنِي وَلَا أُكَلِّمُهُ، حَتَّى جَاءَ سُوقَ بَنِي قَيْنُقَاعَ، ثُمَّ انْصَرَفَ حَتَّى أَتَى خِبَاءَ فَاطِمَةَ (ﷺ)، فَقَالَ: ((أَثَمَّ لُكَعُ، أَثَمَّ لُكَعُ)). يَعْنِي حَسَنًا (ﷺ)، فَظَنَنَّا أَنَّهُ إِنَّمَا تَحْبِسُهُ أُمُّهُ لِأَنْ تُغَسِّلَهُ وَتُلْبِسَهُ سِخَابًا، فَلَمْ يَلْبَثْ أَنْ جَاءَ يَسْعَى، حَتَّى اعْتَنَقَ كُلُّ

وَاحِدٍ مِنْهُمَا صَاحِبَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ إِنِّي أُحِبُّهُ، فَأَحِبَّهُ وَأَحْبِبْ مَنْ يُحِبُّهُ)). [بخاري/ البيوع/ ٢٠١٦]

(ابـو هريـرة)(ﷺ) دەڵـێ: دەرچـووم لەگـەڵ پێغەمبـەر (ﷺ) لەسـاتەوەختی ڕۆژێکدا نە ئەو قسەی بۆ کردم نە من قسەم بۆ دەکرد، هەتا گەیشتە بازاڕی (بنو قینقاع) ئەمجا ڕۆیی هەتا گەیشتە دەوارەکەی (فاطمة)(ﷺ) فەرمووی: ((ئایا بچکۆل لێرەیە؟)) مەبەستی حسن بوو (ﷺ)، واتێگەیشتین دایکی کەمێ بەندی بکات بۆئەوەی بیشوا و مێخەکبەندی لەمل بکات، زۆری پێنەچوو هات بەڕاکردن، هەتا هەریەکەیان باوەشی کرد بەملی هاوڕێکەیدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی خوایە من خۆشم دەوێ تۆیش خۆشت بوێ ئەو کەسەیشت خۆشبوێ کە خۆشی دەوێ)).

(١٧) پلەوپایەی (فاطمة)(ﷺ) کچی پێغەمبەر(ﷺ)

١٥٨٠ـ عن الْمِسْوَرِ بْنَ مَخْرَمَةَ (ﷺ)، أن عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) خَطَبَ بِنْتَ أَبِي جَهْلٍ، وَعِنْدَهُ فَاطِمَةُ بِنْتُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا سَمِعَتْ بِذَلِكَ فَاطِمَةُ (ﷺ) أَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَتْ لَهُ: إِنَّ قَوْمَكَ يَتَحَدَّثُونَ أَنَّكَ لَا تَغْضَبُ لِبَنَاتِكَ، وَهَذَا عَلِيٌّ نَاكِحًا ابْنَةَ أَبِي جَهْلٍ. قَالَ الْمِسْوَرُ: فَقَامَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَسَمِعْتُهُ حِينَ تَشَهَّدَ، ثُمَّ قَالَ: ((أَمَّا بَعْدُ، فَإِنِّي أَنْكَحْتُ أَبَا الْعَاصِ بْنَ الرَّبِيعِ، فَحَدَّثَنِي فَصَدَقَنِي، وَإِنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ مُضْغَةٌ مِنِّي، وَإِنَّمَا أَكْرَهُ أَنْ يَفْتِنُوهَا، وَإِنَّهَا وَاللَّهِ لَا تَجْتَمِعُ بِنْتُ رَسُولِ اللَّهِ وَبِنْتُ عَدُوِّ اللَّهِ عِنْدَ رَجُلٍ وَاحِدٍ أَبَدًا)). قَالَ: فَتَرَكَ عَلِيٌّ (ﷺ) الْخِطْبَةَ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٢٣]

(مِسْوَر)ی کوڕی (مخرمة)(ﷺ) دەڵێ: علی کوڕی أبوطالب (ﷺ) خوازبێنی کچی (ابو جهل)ی کرد، لەوکاتەدا فاطمة (ﷺ) ئەوەی بیست هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و پێی‌وت: قەومەکەت دەڵێن کە بەڕاستی تۆ ڕقت هەڵناسێ بۆ خاتری کچەکانت {واتە گوێیان نادەیتێ} ئەوەتا، (علی) دەیەوێت کچی (ابو جهل)بخوازێت، (مِسوَر)دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هەستا گوێم لێبوو شایەتمانی هێنا و ئینجا فەرمووی: ((دوای ئەمە من ژنم دابە (ابو العاص)ی کوڕی (ربیع) وادەی پێدام وڕاستی لەگەڵ کردم، بەڕاستی (فاطمة)ی کچی محمد پارچەیەکە لە من، تەنها لەوە دەترسم توشی تاوان و تاقیکردنەوەی بکەن، بەڕاستی و

سوێند بەخوا کچی پێغەمبەری خوا و کچی دوژمنی خوا قەت کۆنابنەوە لای پیاوێك)). ئیتر علی (ﷺ) وازی لەو خوازبێنیی‌یە هێنا.

١٥٨١ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كُنَّ أَزْوَاجُ النَّبِيِّ (ﷺ) عِنْدَهُ، لَمْ يُغَادِرْ مِنْهُنَّ وَاحِدَةً، فَأَقْبَلَتْ فَاطِمَةُ (ﷺ) تَمْشِي، مَا تُخْطِئُ مِشْيَتُهَا مِنْ مِشْيَةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) شَيْئًا، فَلَمَّا رَآهَا رَحَّبَ بِهَا فَقَالَ: ((مَرْحَبًا بِابْنَتِي)). ثُمَّ أَجْلَسَهَا عَنْ يَمِينِهِ أَوْ عَنْ شِمَالِهِ، ثُمَّ سَارَّهَا، فَبَكَتْ بُكَاءً شَدِيدًا، فَلَمَّا رَأَى جَزَعَهَا سَارَّهَا الثَّانِيَةَ، فَضَحِكَتْ، فَقُلْتُ لَهَا: خَصَّكِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ بَيْنِ نِسَائِهِ بِالسِّرَارِ، ثُمَّ أَنْتِ تَبْكِينَ؟ فَلَمَّا قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَأَلْتُهَا: مَا قَالَ لَكِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَتْ: مَا كُنْتُ أُفْشِي عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) سِرَّهُ. قَالَتْ: فَلَمَّا تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قُلْتُ: عَزَمْتُ عَلَيْكِ بِمَا لِي عَلَيْكِ مِنَ الْحَقِّ لَمَا حَدَّثْتِنِي مَا قَالَ لَكِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). فَقَالَتْ: أَمَّا الْآنَ فَنَعَمْ، أَمَّا حِينَ سَارَّنِي فِي الْمَرَّةِ الْأُولَى فَأَخْبَرَنِي: ((أَنَّ جِبْرِيلَ كَانَ يُعَارِضُهُ الْقُرْآنَ فِي كُلِّ سَنَةٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ، وَإِنَّهُ عَارَضَهُ الْآنَ مَرَّتَيْنِ، وَإِنِّي لَا أُرَى الْأَجَلَ إِلَّا قَدِ اقْتَرَبَ، فَاتَّقِي اللَّهَ وَاصْبِرِي، فَإِنَّهُ نِعْمَ السَّلَفُ أَنَا لَكِ)). قَالَتْ: فَبَكَيْتُ بُكَائِي الَّذِي رَأَيْتِ، فَلَمَّا رَأَى جَزَعِي: سَارَّنِي الثَّانِيَةَ فَقَالَ: ((يَا فَاطِمَةُ أَمَا تَرْضَيْ أَنْ تَكُونِي سَيِّدَةَ نِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ، أَوْ: سَيِّدَةَ نِسَاءِ هَذِهِ الْأُمَّةِ)). قَالَتْ: فَضَحِكْتُ ضَحِكِي الَّذِي رَأَيْتِ. [بخاري/ الاستئذان/ ٥٩٢٨]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەموویان لای بوون هیچ کامیان دەرنەچوبوو، (فاطمة)(ﷺ) ڕوی تێکردین و هات بۆلامان، ڕۆیشتنەکەی هیچ جیاواز نەبوو لەڕۆیشتنی پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێ بینی مەرحەبای کرد و فەرمووی: ((مەرحەبا کچەکەم)) لە پاشدا داینیشاند لەلای ڕاستیەوە یان چەپیەوە، دوایی چپەیەکی بۆ کرد، گریا بەگریانێکی بەکوڵ، کاتی بینی زۆر بێ‌تاقەت بووە، چپەیەکی تری بۆ کرد، ئەمجا پێکەنی، پێم وت: پێغەمبەر (ﷺ) تۆی تایبەت کرد لە نێوەندی خێزانەکانیدا بە نهێنی کەچی تۆ دەگریت؟ کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) هەستا لێم پرسی: پێغەمبەر (ﷺ) چی پێ‌فەرمووی؟ وتی: من نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) نادرکێنم، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد پێم وت: سوێندت لێ‌دەخۆم بەو مافانەی هەمانە لەسەرت پێم بڵێی: ئەو ڕۆژە پێغەمبەر (ﷺ) چی‌پێ وتی؟ وتی: ئێستا بەڵێ، کاتێ جاری یەکەم چپەی بۆ کردم هەواڵی دامێ: ((کە جبریل ساڵی جارێك یان دوو جار قورئانم

پێ دەخوێنێتەوە، بەڵام ئێستا دو جار پێی خوێندمەوە، بەڕاستی من وادەبینم ئەجەلم نزیك بوەتەوە، لەخوا بترسە و خۆبگرە من باشترین پێشینم بۆتۆ)) دەڵێ: گریام بەو گریانەی دیت، کاتێ بێتاقەتی منی بینی دووەم جار چپانی بە گوێمدا: ((ئەی (فاطمة)ڕازی نابیت بەوەی گەورەی ئافرەتانی باوەڕداران بیت، یان گەورەی ئافرەتی ئەم ئوممەتەبیت)). منیش پێکەنیم بەو پێکەنینەی دیت.

(١٨) پلە وپایەی بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ)

١٥٨٢ـ عَنْ عَائِشَةُ (ﵵ) قَالَتْ: خَرَجَ النَّبِيُّ (ﷺ) غَدَاةً، وَعَلَيْهِ مِرْطٌ مُرَحَّلٌ مِنْ شَعْرٍ أَسْوَدَ، فَجَاءَ الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ فَأَدْخَلَهُ، ثُمَّ جَاءَ الْحُسَيْنُ فَدَخَلَ مَعَهُ، ثُمَّ جَاءَتْ فَاطِمَةُ -(ﵵ)- فَأَدْخَلَهَا، ثُمَّ جَاءَ عَلِيٌّ (﵁) فَأَدْخَلَهُ، ثُمَّ قَالَ: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ [الأحزاب: ٣٣].

لە(عائشة)وە (ﵵ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەیانییەك دەرچوو جلێکی لەبەردابوو وێنەی کەژاوەی لەسەر کێشرابوو بەمووی ڕەش، حسن ی کوڕی علی هات بردیە ژوورەوە، دوایی حسین هات لەگەڵی چوو، ئەمجا فاطمة هات بردیە ژوورەوە، ئەمجا علی هات بردیە ژوورەوە، دوای ئەوە فەرمووی: ((انما یرید الله لیذهب عنکم الرجز أهل البیت و یطهّرکم تطهیرا)).(واتە: خوای گەورە دەیەوێت پیسی لەبنەماڵەدا لاببات و پاکتان بکاتەوە)).

١٥٨٣ـ عن يَزِيدُ بْنُ حَيَّانَ قَالَ: انْطَلَقْتُ أَنَا وَحُصَيْنُ بْنُ سَبْرَةَ وَعُمَرُ بْنُ مُسْلِمٍ إِلَى زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ، فَلَمَّا جَلَسْنَا إِلَيْهِ قَالَ لَهُ حُصَيْنٌ: لَقَدْ لَقِيتَ يَا زَيْدُ خَيْرًا كَثِيرًا: رَأَيْتَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، وَسَمِعْتَ حَدِيثَهُ، وَغَزَوْتَ مَعَهُ، وَصَلَّيْتَ خَلْفَهُ، لَقَدْ لَقِيتَ يَا زَيْدُ خَيْرًا كَثِيرًا، حَدِّثْنَا يَا زَيْدُ مَا سَمِعْتَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: يَا ابْنَ أَخِي، وَاللَّهِ لَقَدْ كَبِرَتْ سِنِّي وَقَدُمَ عَهْدِي، وَنَسِيتُ بَعْضَ الَّذِي كُنْتُ أَعِي مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَمَا حَدَّثْتُكُمْ فَاقْبَلُوا، وَمَا لَا فَلَا تُكَلِّفُونِيهِ، ثُمَّ قَالَ: قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا فِينَا خَطِيبًا بِمَاءٍ يُدْعَى خُمًّا، بَيْنَ مَكَّةَ وَالْمَدِينَةِ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ وَوَعَظَ وَذَكَّرَ، ثُمَّ قَالَ: ((أَمَّا بَعْدُ، أَلَا أَيُّهَا النَّاسُ، فَإِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ يُوشِكُ أَنْ يَأْتِيَ رَسُولُ رَبِّي فَأُجِيبَ، وَأَنَا تَارِكٌ فِيكُمْ ثَقَلَيْنِ: أَوَّلُهُمَا كِتَابُ اللَّهِ، فِيهِ الْهُدَى وَالنُّورُ، فَخُذُوا بِكِتَابِ اللَّهِ وَاسْتَمْسِكُوا بِهِ)). فَحَثَّ عَلَى كِتَابِ اللَّهِ وَرَغَّبَ فِيهِ، ثُمَّ قَالَ: ((وَأَهْلُ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللَّهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللَّهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللَّهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي)). ثلاثاً. فَقَالَ لَهُ حُصَيْنٌ: وَمَنْ أَهْلُ بَيْتِهِ يَا زَيْدُ، أَلَيْسَ نِسَاؤُهُ

مِنْ أَهْلِ بَيْتِه؟ قَالَ: نِسَاؤُهُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِه، وَلَكِنْ أَهْلُ بَيْتِهِ مَنْ حُرِمَ الصَّدَقَةَ بَعْدَهُ. قَالَ: وَمَنْ هُمْ؟ قَالَ: هُمْ آلُ عَلِيٍّ، وَآلُ عَقِيلٍ، وَآلُ جَعْفَرٍ، وَآلُ عَبَّاسٍ. قَالَ: كُلُّ هَؤُلَاءِ حُرِمَ الصَّدَقَةَ؟ قَالَ: نَعَمْ.

لە(یزید)ی کوڕی (حیان)ەوە دەڵێ: من و (حُصین)ی کوڕی (سَبرة)و (عمر)ی کوڕی (مسلم) چووین، بۆلای (زید)ی کوڕی (أرقم) کاتێ دانیشتین لەلای حصین پێی وت: ئەی زید تۆ چاکەی زۆرت توشبووە، پێغەمبەرت (ﷺ) دیوە، گوێت لە فەرموودەی بووە، غەزات لەگەڵ کردووە، لە پشتی‌یەوە نوێژت کردووە، بەڕاستی خێری زۆرت توشبووە، ئەی زید بۆمان باسکە چیت لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە، وتی: ئەی‌برازام (والله) من تەمەنم گەورە بووە و، وادەم بەسەرچووە، هەندێ شتم لەیاد چووە لەوانەی کەلەبەرم کردبوو لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، ئەوەی پێتان دەڵێم: لێم وەرگرن، ئەوەی باسی ناکەم زۆرم لێمەکەن، پاشان وتی: پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێك هەستا وتاری بۆ داین لەسەر ئاوێك ناودەبرا بە (خم) لەنێوان (مەککە)و (مدینة)دا،سوپاس و ستایشی خوای کرد و، ئامۆژگاری کرد و یادی خستینەوە، لەپاشداوتی: ((دوای ئەمە، ئاگاداربن ئەی ئادەمیزادەکان، من بەشەرێکم نزیکە نێردراوی خوا بێت و وەڵامی بدەمەوە، من دوو شتی گەورەتان بۆ جێ‌دێڵم: یەکەمیان پەیامی خوایی، کە ڕێنمایی و نووری تێدایە، پەیامی خوابگرن و باوەشی پێدابکەن، هانی دان بۆ پابەندبوون بە قورئانەوە، پاش ئەوە فەرمووی: ((بنەماڵەی من (أهل البیت) یادتان دەخەمەوە بە بنەماڵەی من، یادتان دەخەمەوە بە بنەماڵەی من، یادتان دەخەمەوە بە بنەماڵەی من)) سێ‌جار. حصین پێی وت: کێن بنەماڵەی ئەو ئەی زەید؟ خێزانەکانی بنەماڵەی ئەونین؟ وتی: خێزانەکانی بنەماڵەی ئەون، بەڵام بنەماڵەی ئەو کەسێکە زەکاتی بۆ نەشێ دوای خۆی، وتی: ئەوانە کێن؟ وتی: ئالی علی و، ئالی عقیل و، ئالی جعفر و، ئالی عباس، وتی: هەموو ئەمانە بێ‌بەشن لەزەکات؟ وتی: بەڵێ.

(١٩) پلە و پایەی عائشەی دایکی بڕواداران (ﷺ)

١٥٨٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أُرِيتُكِ فِي الْمَنَامِ ثَلَاثَ لَيَالٍ، جَاءَنِي بِكِ الْمَلَكُ فِي سَرَقَةٍ مِنْ حَرِيرٍ فَيَقُولُ: هَذِهِ امْرَأَتُكَ، فَأَكْشِفُ عَنْ وَجْهِكِ، فَإِذَا أَنْتِ هِيَ، فَأَقُولُ: إِنْ يَكُ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ يُمْضِهِ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٣٢]

لە(عاشە)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((سێ جار تۆم نیشاندرا لەخەودا، فریشتەیەك تۆی دەهێنا بۆلام لەناو پارچەیەك ئاوریشمدا دەیوت: ئەمە خێزانەکەتە لە دەموچاوت وردەبمەوە تۆ ئەویت، منیش دەموت: ئەگەر ئەم خەوە لەخواوە بێت دەیهێنێتە دی)).

١٥٨٥. عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي لَأَعْلَمُ إِذَا كُنْتِ عَنِّي رَاضِيَةً، وَإِذَا كُنْتِ عَلَيَّ غَضْبَى)). قَالَتْ: فَقُلْتُ: وَمِنْ أَيْنَ تَعْرِفُ ذَلِكَ؟ قَالَ: ((أَمَّا إِذَا كُنْتِ عَنِّي رَاضِيَةً فَإِنَّكِ تَقُولِينَ: لَا وَرَبِّ مُحَمَّدٍ (ﷺ)، وَإِذَا كُنْتِ غَضْبَى قُلْتِ: لَا وَرَبِّ إِبْرَاهِيمَ)). قَالَتْ: قُلْتُ: أَجَلْ -وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ- مَا أَهْجُرُ إِلَّا اسْمَكَ. [بخاري/ النكاح/ ٤٩٣٠]

لە(عائشـة)وە (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) پێی وتم: من دەزانم چ کاتێك تۆ لێم رازیت، و چ کاتێك لێم زویریت)) دەڵێ: پێم وت: لەکوێوە ئەمە دەزانی؟ فەرمووی: ((بەوەی هەرکات لێم ڕازی بوویت دەڵێی: نەخێر بەخوای محمد (ﷺ) و هەرکات لێم زویر بوویت دەڵێی: نەخێر بەخوای إبراهیم)) دەڵێ: وتم: بەڵێ -والله ئەی پێغەمبەری خوا -تەنها ناوەکەی تۆ وازلێ دێنم)).

١٥٨٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّهَا كَانَتْ تَلْعَبُ بِالْبَنَاتِ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَتْ: وَكَانَتْ تَأْتِينِي صَوَاحِبِي فَكُنَّ يَنْقَمِعْنَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَتْ: فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُسَرِّبُهُنَّ إِلَيَّ. [بخاري/ الأدب/ ٥٧٧٩]

لە عائشەوە (ﷺ) کە ئەو یاری بەبووکە شووشە دەکرد لای پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: چەند هاوڕێیەکم هەبوون دەهاتن بۆلام، کاتێ پێغەمبەریان (ﷺ) دەبینی خۆیان دەشاردەوە لەشەرمدا، پێغەمبەریش (ﷺ) یەکەیەکە دەیناردنەوە بۆ لام.

١٥٨٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّاسَ كَانُوا يَتَحَرَّوْنَ بِهَدَايَاهُمْ يَوْمَ عَائِشَةَ، يَبْتَغُونَ بِذَلِكَ مَرْضَاةَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٣٥]

لە (عائشة)وە (ﷺ) کە خەڵك بەدوای ئەوەدا دەگەڕان لە ڕۆژی عائشەدا دیاریەکانیان بنێرن، مەبەستیان ئەوە بوو پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕازی و دڵخۆش بێ.

١٥٨٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيَتَفَقَّدُ، يَقُولُ: ((أَيْنَ أَنَا الْيَوْمَ، أَيْنَ أَنَا غَدًا)). اسْتِبْطَاءً لِيَوْمِ عَائِشَةَ، قَالَتْ: فَلَمَّا كَانَ يَوْمِي قَبَضَهُ اللَّهُ بَيْنَ سَحْرِي وَنَحْرِي. [بخاري/ الجنائز/ ١٣٢٣]

لە (عائشــە)ەوە (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) بۆســەرەی مـن دەگـەڕا دەیفەرموو: ((من ئەمڕۆ لە کوێم؟ من سبەینێ‌لە کوێم؟)) چونکە حەزی دەکرد زووبگاتەوە ڕۆژەکەی عائشـە، دەڵـێ: کاتێ سـەرەی من هاتـەوە خـوای گـەورە گیانی کێشا لەنێوان سی و گەردنی مندا.

١٥٨٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّهَا سَمِعَتْ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَقُولُ قَبْلَ أَنْ يَمُوتَ، وَهُوَ مُسْنِدٌ إِلَى صَدْرِهَا، وَأَصْغَتْ إِلَيْهِ وَهُوَ يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، وَارْحَمْنِي، وَأَلْحِقْنِي بِالرَّفِيقِ)). [بخاري/ المغازي/ ٤١٧٦]

لە(عائشة)وە (ﷺ) کەلە پێغەمبەری (ﷺ) بیستووە –بەرلەوەفاتی لەکاتێکدا پاڵی دابوو بەسینگی‌یەوە– گوێی لێگرت دەیفەرموو: ((ئەی خوایە لێم ببـورە و بەزەییت پیامدا بێتەوە و بمگەیەنە بە خۆشەویست)) {مەبەستی پێغەمبەران و دانیشتوانی بەهەشتە}

١٥٩٠ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) يَقُولُ وَهُوَ صَحِيحٌ: ((إِنَّهُ لَمْ يُقْبَضْ نَبِيٌّ قَطُّ حَتَّى يُرَى مَقْعَدُهُ فِي الْجَنَّةِ، ثُمَّ يُخَيَّرُ)). قَالَتْ عَائِشَةُ: فَلَمَّا نَزَلَ بِرَسُولِ اللَّه (ﷺ) وَرَأْسُهُ عَلَى فَخِذِي، غُشِيَ عَلَيْهِ سَاعَةً ثُمَّ أَفَاقَ، فَأَشْخَصَ بَصَرَهُ إِلَى السَّقْفِ، ثُمَّ قَالَ: ((اللَّهُمَّ الرَّفِيقَ الْأَعْلَى)). قَالَتْ عَائِشَةُ: قُلْتُ: إِذًا لَا يَخْتَارُنَا، قَالَتْ عَائِشَةُ: وَعَرَفْتُ الْحَدِيثَ الَّذِي كَانَ يُحَدِّثُنَا بِهِ وَهُوَ صَحِيحٌ فِي قَوْلِهِ: ((إِنَّهُ لَمْ يُقْبَضْ نَبِيٌّ قَطُّ حَتَّى يَرَى مَقْعَدَهُ مِنَ الْجَنَّةِ، ثُمَّ يُخَيَّرُ)). قَالَتْ عَائِشَةُ: فَكَانَتْ تِلْكَ آخِرُ كَلِمَةٍ تَكَلَّمَ بِهَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) قَوْلَهُ: ((اللَّهُمَّ الرَّفِيقَ الْأَعْلَى)). [بخاري/ المغازي/ ٤١٩٤]

لە(عائشـة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) لـەکاتێکدا لـەش ساغ بـوو دەیفـەرموو: ((هیچ پێغەمبـەرێك گیـانی نەکێشراوە هـەتا جێگـەی لەبەهەشـتدا نیشـان نـەدرابێ، دوای ئــەوە سەرپشــك كــراوە))، عائشــة دەڵــێ: لــەکاتێکدا نەخۆشی دابەزیـە سـەر پێغەمبـەر (ﷺ) ســەری لەسـەر ڕانــی مـن بـوو، ساتێك بێهۆشـبوو ئـەمجا هۆشـی هاتـەوە و چاوی بڕیـە سـەقفەکە و فـەرمووی: ((ئـەی خوایـە هـاوڕێی بڵنـد)) عائشــة دەڵــێ: وتم کـەوابوو ئێمــە هــەڵنابژێرێ، ئــەو فەرمودەیشــم زانــی کەلــە حــاڵی لــەش ســاغیدا پێــی دەفــەرمووین: ((هیــچ پێغەمبەرێك گیانی ناکێشرێت هەتا جێگەی لەبەهەشتدا نیشان نەدرێت، پاش

ئەوە سەرپشك دەكرێت)) عائشة دەڵێ: دوا وشەی پێغەمبەر (ﷺ) کەلەدەمی دەرچوو فەرموودەی ((اللّهم الرفيق الاعلى)) بوو.

١٥٩١ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا خَرَجَ أَقْرَعَ بَيْنَ نِسَائِهِ، فَطَارَتِ الْقُرْعَةُ عَلَى عَائِشَةَ وَحَفْصَةَ، فَخَرَجَتَا مَعَهُ جَمِيعًا، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا كَانَ بِاللَّيْلِ سَارَ مَعَ عَائِشَةَ يَتَحَدَّثُ مَعَهَا، فَقَالَتْ حَفْصَةُ لِعَائِشَةَ: أَلَا تَرْكَبِينَ اللَّيْلَةَ بَعِيرِي وَأَرْكَبُ بَعِيرَكِ، فَتَنْظُرِينَ وَأَنْظُرُ؟ قَالَتْ: بَلَى، فَرَكِبَتْ عَائِشَةُ عَلَى بَعِيرِ حَفْصَةَ، وَرَكِبَتْ حَفْصَةُ عَلَى بَعِيرِ عَائِشَةَ (رضي الله عنها)، فَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى جَمَلِ عَائِشَةَ وَعَلَيْهِ حَفْصَةُ، فَسَلَّمَ ثُمَّ سَارَ مَعَهَا حَتَّى نَزَلُوا، فَافْتَقَدَتْهُ عَائِشَةُ، فَغَارَتْ، فَلَمَّا نَزَلُوا جَعَلَتْ تَجْعَلُ رِجْلَهَا بَيْنَ الْإِذْخِرِ وَتَقُولُ: يَا رَبِّ سَلِّطْ عَلَيَّ عَقْرَبًا أَوْ حَيَّةً تَلْدَغُنِي، رَسُولُكَ، وَلَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَقُولَ لَهُ شَيْئًا. [بخاري/ النكاح/ ٤٩١٣]

لە(عائشە)وە (رضي الله عنها) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هەرکات سەفەری بکردایە تیروپشکی دەکرد لە نێوان خێزانەکانیدا، جارێك تیروپشکەکە بۆ (عائشة و حفصە) دەرچوو، هەردوکیان لەگەڵی دەرچوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بەشەو ڕێگای بکردایە لەگەڵ عائشە دەڕۆیی و قسەی لەگەڵ دەکرد، جارێکیان (حفصە) بەعائشەی وت: ئایە ئەمشەو تۆسواری وشترەکەی من نابیت، منیش سواری وشترەکەی تۆ دەبم، تا هەردو بڕوانین چی ڕوودەدات؟ عائشة وتی: بەڵێ، عائشە سواری وشترەکەی حفصە بوو، حفصەیش سواری وشترەکەی عائشە بوو (رضي الله عنها)، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆلای وشترەکەی عائشە حفصەی لەسەر بوو سەلامی لێکرد و لەگەڵی ڕۆیی هەتا دابەزین، عائشە پێغەمبەری لێوونبوو غیرەت گرتی، کاتێ دابەزین عائشە پێی دەخستە ناو درك و دەیوت: ئەی پەروەردگار دوپشکێ مارێکم بۆ بنێرە بمگەزێت، ئەوە پێغەمبەری تۆیە و ناتوانم هیچی لەڕودا بڵێم.

١٥٩٢ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَمَلَ مِنَ الرِّجَالِ كَثِيرٌ، وَلَمْ يَكْمُلْ مِنَ النِّسَاءِ غَيْرُ مَرْيَمَ بِنْتِ عِمْرَانَ، وَآسِيَةَ امْرَأَةِ فِرْعَوْنَ، وَإِنَّ فَضْلَ عَائِشَةَ عَلَى النِّسَاءِ كَفَضْلِ الثَّرِيدِ عَلَى سَائِرِ الطَّعَامِ)). [بخاري/ الانبياء/ ٣٢٣٠]

لە(ابی موسی)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((پیاوان زۆریان لێکامڵ بوون، بەڵام ئافرەتان کامڵیان تیانەبووە، جگە لە (مریم ی کچی عمران) و (آسیة ی خێزانی فرعون)، بەڕاستی ڕێزی عائشە بەسەر ئافرەتانی تردا، وەك ڕیزی شلەبەگۆشت وایە بەسەر خواردنەکانی تردا)).

١٥٩٣ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا عَائِشُ، هَذَا جِبْرِيلُ يَقْرَأُ عَلَيْكِ السَّلَامَ)). قَالَتْ: فَقُلْتُ: وَعَلَيْهِ السَّلَامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، قَالَتْ: وَهُوَ يَرَى مَا لَا أَرَى. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٥٧]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی عائشە ئەوە (جبريل)ە سەلامت لێدەکات) وتی: (و عليه السلام ورحمة الله) ئەو شتی وای دەبینی من نەمدەبینی. {مەبەستی پێغەمبەرە (ﷺ)}

(٢٠) باسی فەرموودەی أم زرع

١٥٩٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: جَلَسَ إِحْدَى عَشْرَةَ امْرَأَةً، فَتَعَاهَدْنَ وَتَعَاقَدْنَ أَنْ لَا يَكْتُمْنَ مِنْ أَخْبَارِ أَزْوَاجِهِنَّ شَيْئًا، قَالَتِ الْأُولَى: زَوْجِي لَحْمُ جَمَلٍ غَثٍّ، عَلَى رَأْسِ جَبَلٍ وَعْرٍ، لَا سَهْلٌ فَيُرْتَقَى وَلَا سَمِينٌ فَيُنْتَقَى. قَالَتِ الثَّانِيَةُ: زَوْجِي لَا أَبُثُّ خَبَرَهُ، إِنِّي أَخَافُ أَنْ لَا أَذَرَهُ، إِنْ أَذْكُرْهُ أَذْكُرْ عُجَرَهُ وَبُجَرَهُ. قَالَتِ الثَّالِثَةُ: زَوْجِي الْعَشَنَّقُ، إِنْ أَنْطِقْ أُطَلَّقْ، وَإِنْ أَسْكُتْ أُعَلَّقْ. قَالَتِ الرَّابِعَةُ: زَوْجِي كَلَيْلِ تِهَامَةَ، لَا حَرٌّ وَلَا قُرٌّ، وَلَا مَخَافَةَ وَلَا سَآمَةَ. قَالَتِ الْخَامِسَةُ: زَوْجِي إِنْ دَخَلَ فَهِدَ وَإِنْ خَرَجَ أَسِدَ، وَلَا يَسْأَلُ عَمَّا عَهِدَ، قَالَتِ السَّادِسَةُ: زَوْجِي إِنْ أَكَلَ لَفَّ، وَإِنْ شَرِبَ اشْتَفَّ، وَإِنِ اضْطَجَعَ الْتَفَّ، وَلَا يُولِجُ الْكَفَّ لِيَعْلَمَ الْبَثَّ. قَالَتِ السَّابِعَةُ: زَوْجِي غَيَايَاءُ -أَوْ عَيَايَاءُ- طَبَاقَاءُ، كُلُّ دَاءٍ لَهُ دَاءٌ، شَجَّكِ أَوْ فَلَّكِ، أَوْ جَمَعَ كُلًّا لَكِ. قَالَتِ الثَّامِنَةُ: زَوْجِي الرِّيحُ رِيحُ زَرْنَبٍ، وَالْمَسُّ مَسُّ أَرْنَبٍ. قَالَتِ التَّاسِعَةُ: زَوْجِي رَفِيعُ الْعِمَادِ، طَوِيلُ النِّجَادِ، عَظِيمُ الرَّمَادِ، قَرِيبُ الْبَيْتِ مِنَ النَّادِي. قَالَتِ الْعَاشِرَةُ: زَوْجِي مَالِكٌ، وَمَا مَالِكٌ؟ مَالِكٌ خَيْرٌ مِنْ ذَلِكِ، لَهُ إِبِلٌ كَثِيرَاتُ الْمَبَارِكِ قَلِيلَاتُ الْمَسَارِحِ، إِذَا سَمِعْنَ صَوْتَ الْمِزْهَرِ أَيْقَنَّ أَنَّهُنَّ هَوَالِكُ. قَالَتِ الْحَادِيَةَ عَشْرَةَ: زَوْجِي أَبُو زَرْعٍ فَمَا أَبُو زَرْعٍ؟ أَنَاسَ مِنْ حُلِيٍّ أُذُنَيَّ، وَمَلَأَ مِنْ شَحْمٍ عَضُدَيَّ، وَبَجَّحَنِي فَبَجَحَتْ إِلَيَّ نَفْسِي، وَجَدَنِي فِي أَهْلِ غُنَيْمَةٍ بِشِقٍّ، فَجَعَلَنِي فِي أَهْلِ صَهِيلٍ وَأَطِيطٍ وَدَائِسٍ وَمُنَقٍّ، فَعِنْدَهُ أَقُولُ فَلَا أُقَبَّحُ، وَأَرْقُدُ فَأَتَصَبَّحُ، وَأَشْرَبُ فَأَتَقَنَّحُ. أُمُّ أَبِي زَرْعٍ، فَمَا أُمُّ أَبِي زَرْعٍ؟ عُكُومُهَا رَدَاحٌ، وَبَيْتُهَا فَسَاحٌ. ابْنُ أَبِي زَرْعٍ،

فَمَا ابْنُ أَبِي زَرْعٍ؟ مَضْجَعُهُ كَمَسَلِّ شَطْبَةٍ، وَيُشْبِعُهُ ذِرَاعُ الْجَفْرَةِ. بِنْتُ أَبِي زَرْعٍ، فَمَا بِنْتُ أَبِي زَرْعٍ؟ طَوْعُ أَبِيهَا وَطَوْعُ أُمِّهَا، وَمِلْءُ كِسَائِهَا وَغَيْظُ جَارَتِهَا. جَارِيَةُ أَبِي زَرْعٍ، فَمَا جَارِيَةُ أَبِي زَرْعٍ؟ لَا تَبُثُّ حَدِيثَنَا تَبْثِيثًا، وَلَا تُنَقِّثُ مِيرَتَنَا تَنْقِيثًا. وَلَا تَمْلَأُ بَيْتَنَا تَعْشِيشًا. قَالَتْ: خَرَجَ أَبُو زَرْعٍ وَالْأَوْطَابُ تُمْخَضُ، فَلَقِيَ امْرَأَةً مَعَهَا وَلَدَانِ لَهَا كَالْفَهْدَيْنِ، يَلْعَبَانِ مِنْ تَحْتِ خَصْرِهَا بِرُمَّانَتَيْنِ، فَطَلَّقَنِي وَنَكَحَهَا. فَنَكَحْتُ بَعْدَهُ رَجُلًا سَرِيًّا، رَكِبَ شَرِيًّا، وَأَخَذَ خَطِّيًّا، وَأَرَاحَ عَلَيَّ نَعَمًا ثَرِيًّا، وَأَعْطَانِي مِنْ كُلِّ رَائِحَةٍ زَوْجًا، قَالَ: كُلِي أُمَّ زَرْعٍ، وَمِيرِي أَهْلَكِ. فَلَوْ جَمَعْتُ كُلَّ شَيْءٍ أَعْطَانِي مَا بَلَغَ أَصْغَرَ آنِيَةِ أَبِي زَرْعٍ. قَالَتْ عَائِشَةُ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كُنْتُ لَكِ كَأَبِي زَرْعٍ لِأُمِّ زَرْعٍ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٩٣]

(عائشة)(ﷺ) دەڵـێ: یـازدە ژن دانیشـتن پـەیمانیان لەگـەڵ یەکتربەسـت هەرکەس باسی مێردی خۆی بەڕاستی بکات و هیچی لێنەشارێتەوە:

یەکەمیان وتی: مێردەکەی من گۆشـتی وشـترێکی لـەڕ و لاوازە، وابەسـەر چیایـەکی سـەختەوە، نەڕێگایـەکی ئاسـانە لەبـەر ئاسـانی بـۆی سـەرکەوی، نەقەڵەویشە لەبەرقەڵەوی بەزی لێبگیرێت. {مەبەستی ئەوەیە زۆر ڕژد و بۆکەڵك و تورەیە}؟

دوهـەمیان وتـی: هـەواڵی مێردەکەم بڵاوناکەمەوە، من دەترسـم لـەوەی گـەر لێی نەگەڕێم، چونکە گەر باسی بکـەم دەبـێ باسـی هـەموو گرێ و دەمـار ڕەق و وشکەکانی لاشەی و ناوسکی بکەم. {مەبەسـتی ئەوەیە گـەر باسـی بکـەم دەبـێ باسی هەموو خراپەکانی بکەم ئەوەیش ناکرێت، چونکە پێی دەگاتەوە و تەڵاقم دەدات}.

سێهەمیان وتی: مێردەکەی من درێژێکـی بـەدکارە، ئەگـەر قسـە بکـەم تـەڵاق دەدرێـم، ئەگـەر قسـەیش نەکـەم بـە مۆڵـەقی دەمێنمـەوە. {چونکـە نـەبێوەژنم شوبکەم و نەمافی ژن و مێردایەتیشم هەیە لای ئەو}

چوارەمیـان وتـی: مێردەکـەی مـن وەك شـەوی وڵاتـی حیجـازە، نەگـەرم و نەسـاردە، نـەلێی دەترسـم و نـەلێی بـێزارم. {واتـە لێـك ڕازیــن و یــەکیان خۆشدەوێت}.

پێنجەمیان ووتـی: مێردەکـەی مـن کەهاتـەوە دەڵـێی وێـز (فـهد)ە پرسـیار ناکات لەشتومەك و ماڵ کە پێشتر داینـاوە، کە دەریشـچوو دەڵـێی شـێرەلەگەڵ

دوژمـن {برگـەی یەکـەم مەبەسـتی ئەوەیـە وەك وێـز زۆر دەخـەوێ، یـان زۆر پەلاماری خێزانی دەدا و باوەشی پیادەکات، برگەکانی تریش ڕوونە}.

شەشەمیان وتی: مێردەکەم گەر خواردی لوولی ئەدا، گەر خواردیەوە چۆڕی لێئەبڕێت، کەپاڵیش کەوت خۆی دەئاڵێنێ لە لێفەکەی و دەست ناخاتـە نـاو دەستم تابە ئازار و ئارەزووەکانم بزانێت {مەبەستی ئەوەیـە زۆر خـۆرە، ڕژدە، خەمی منداڵەکانی نیە، یاری لەگەڵ خێزانی ناکات}.

حەوتەمیان وتی: مێردەکەم هیچ نەزانە گەوجە، هیچی پێناکرێت، هەموو دەردێك لەوا کۆیـە، یـان سـەرت دەشـکێنێ، یـان ئێسـکت دەقرتێنـێ، یـان هەردووکیانت بەکۆ بۆ بەجێدێنێ.

هەشتەمیان وتی: مێردەکەی من بۆنـی خۆشە وەك (زَرنـب) {گیایەکی بـۆن خۆشە} نەرم و شلیشە وەك کەروێشك {دەگونجێ مەبەستی ڕەوشـت بـەرزی و شیرین خوویی بێت}.

نۆهەمیان وتی: مێردەکەم کۆڵەکەی ماڵەکـەی بەرزە، قایشـی شمشێرەکەی درێـژە، خۆڵەمێشـی کوانـووی زۆرە، ماڵەکـەی لەیانـەی قەومەکەیـەوە نزیکـە. {برگەی یەکـەم ئاماژەیـە بەدەوڵەمـەندی و سـەربەرزی، دووهـەم بەباڵابـەرزی، سـێهەم بـەمیوانداری زۆر، چـوارەم بـەوەی مـاڵی هـەردەم جێگـای ڕاوێــژی کەسەکانیەتی}.

دەیەم وتی: مێردەکەی من ساماندارە، بەڵام چ ساماندارێك ؟ سـامانداریکە؟ چاکتر لـەوەی مـن بۆتـانی بـاس دەکـەم، وشـترەکانی مۆڵگـەی شـەویان زۆرە لەوەڕگایان کەمە، هەرکات دەنگی گۆرانی و زوڕنایان بیست دڵنیادەبن لەوەی لەناو دەچن. {مەبەستی ئەوەیە، وشترەکانی لە مۆڵگادا زۆرن، بەڵام ئەوەندەیان لێسەر دەبڕن بۆ لـەوەڕگا کەمدەبنـەوە، هـەرکات شـایی و گۆرانـی هـەبوو ئـەوان بەتەمای ژیان نامێنن}.

یازدەهەم وتی: مێردەکەی من (ابو زرع)ە کام (ابو زرع)؟ گوێمـی خستبووە لـەرزە بـە گـوارە و ئـاڵتوون، بازۆڵـەی قەڵــە وو پڕبـەزکردبووم، زۆر دڵخۆشـی کردبـووم، زۆر بـەخۆم دڵخۆشـبووم، منـی دەرهێنـا لـە شـوێنێکی ئـاژەڵدار و سەختگوزەراندا، گواستمیەوە بۆ ماڵێکی دەوڵەمەند و پڕ لەحیلکەی ئەسپ و، وشتری بەبار، کەلە گرانی بارەکانیاندا جیرەی کۆپانەکانیان دەهات، بۆ ماڵێکی

پڕله مەزرا و خەرمانی چاك و ڕزق و و ڕۆزی ئەخەوتم و بەیانی خەوم دەكرد، دەم خواردەوە تا پاراو دەبووم، دایکی (أبو زرع)، کام دایکی (أبو زرع)؟ خەرار و جەواڵەکانی قورس و پڕە، ماڵەکەی بەرپان و فراوانە. کوڕەکەی ابوزرع کام کوڕی ابو زرع جێگاخەوەکەی وەك شمشێری له کێلان دەرهاتوو بوو، یان وەك لقی دارخورمای سەوزی لەگەڵا ڕووتکراو {واته: کەم گۆشت و ناوقەد باریك} دەستی کارژۆڵەیەك تێری دەکرد، {واته کەمخۆر بوو}.

کچەکەی ابو زرع، کام کچی ابـو زرع گوێڕایـەڵی باوك و دایکـی، قەڵـەو و خڕین وپڕبەکراسەکەی، ڕقی هەوێکەی هەڵدەسان [ئەوەندە جوان بوو].

کەنیزەکی ابو زرع، کام کـەنیزەکی ابـو زرع؟ نـهێنی یـەکانمانی نـەدەبردە دەرەوە، خـواردن و ڕۆزییـەکانی بـەفیڕۆ نـەدەدا و دزی لێنـەدەکرد ماڵەکـەی نەدەکرد بە هێلانەی بەدکاری وبەدکاران، یان ماڵەکەمانی پڕ نەدەکرد له زبڵ و پیسی.

ڕۆژێك (ابو زرع) دەرچوو لـەماڵ ئـەوەندە زوو بـوو مەشـکەکان دەژەنـران، تووشـی ئـافرەتێك هـات دوو منداڵـی پێبـوو وەك دوو وێـز وابـوون یاریـان دەکردلەژێر کەلەکەیدا، بەدوو هەنار، {مەبەستی مەمکەکانییەتی} منـی تـەڵاق دا و ئـەوی مـارەکرد، دوای ئـەو شـوم کـرد بـەپیاوێکی سـەخی و ئابڕومـەند، سواری ئەسپی دوژمن شکێن دەبوو، ڕمـی (خطـی)زۆر چـاکی بەدەسـتەوە بـوو، ئاژەڵ و وشتری چاکی دامێ، لە هەموو جۆرێك ئاژەڵ بەشی دام، پێی وتم: ئەی (ام زرع) بخۆ و، بەشی کەس و کاریشت بنێرە، ئەگەر هەموو ئـەو شتانەی ئـەو پێیداوم کۆی بکەمەوە لەلای من ناگاتە تەنها جامۆلکە بچکۆلەیەکی (ابو زرع).

عائشە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووی: ((من بۆ تۆ وەك ابو زرع وام بۆ ام زرع)).

(٢١) پلە و پایەی خدیجەی دایکی باوەڕداران (ﷺ)

١٥٩٥ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ جَعْفَرٍ قالَ: سَمِعْتُ عَلِيًّا (ﷺ) بِالْكُوفَةِ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((خَيْرُ نِسَائِهَا مَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ، وَخَيْرُ نِسَائِهَا خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ)). قَالَ أَبُو كُرَيْبٍ: وَأَشَارَ وَكِيعٌ إِلَى السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ. [بخاري/ فضائل الصحابة/٣٠٦٤]

لە(عبدالله) ی کوڕی (جعفر)ەوە دەڵێ: بیستوومە لە علي (ﷺ) لەکوفەدا دەیوت: بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((باشترین ئافرەتی سەرزەمین (مريم ی کچی عمران)ە {واتە لەسەردەمی خۆیدا} باشترین ئافرەتی سەر زەمین (خديجەی کچی خوەیلد)ە [ئەویش هەرلەسەردەمی خۆیدا] ابو کُرَیب کەئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە دەڵێ: (وکيع) لەکاتی گێڕانەوەی فەرموودەکەدا ئامـاژەی کـرد بـۆ ئاسمـان و زەمـین، [واتـە: ڕانـاوی (نسائها) ئەوەدەگەیەنێ لەنێوان ئاسمان و زەمیندا لەو دوانە چاکتر نەبوون].

١٥٩٦ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: أَتَى جِبْرِيلُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّه، هَذِهِ خَدِيجَةُ قَدْ أَتَتْكَ مَعَهَا إِنَاءٌ فِيهِ إِدَامٌ أَوْ طَعَامٌ أَوْ شَرَابٌ، فَإِذَا هِيَ أَتَتْكَ فَاقْرَأْ عَلَيْهَا السَّلَامَ مِنْ رَبِّهَا عَزَّ وَجَلَّ وَمِنِّي، وَبَشِّرْهَا بِبَيْتٍ فِي الْجَنَّةِ مِنْ قَصَبٍ، لَا صَخَبَ فِيهِ وَلَا نَصَبَ.

لە (ابو هريرة)وە (ﷺ) دەڵێ: (جبريل) هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: یارسول الله ئەوە خديجەیە هات بـۆلات قاپێکی پێیە پێخۆر یان خواردن، یان خواردنەوەی تێدایە، هەرکات هاتە لات سەلامی پێبگەیەنە لەپەروەردگاریەوە و، لەمنیشەوە، موژدەیشی پێبدە بە ماڵێك لە قامیشی {مرواری} لەبەهەشتدا کە دوورە لە دەنگە دەنگ و ماندوبوون.

١٥٩٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: مَا غِرْتُ عَلَى نِسَاءِ النَّبِيِّ (ﷺ) إِلَّا عَلَى خَدِيجَةَ، وَإِنِّي لَمْ أُدْرِكْهَا. قَالَتْ: وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا ذَبَحَ الشَّاةَ فَيَقُولُ: ((أَرْسِلُوا بِهَا إِلَى أَصْدِقَاءِ خَدِيجَةَ)). قَالَتْ: فَأَغْضَبْتُهُ يَوْمًا فَقُلْتُ: خَدِيجَةَ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي قَدْ رُزِقْتُ حُبَّهَا)).

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: من غیرەت نەیگرتووم بەرانبەر خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) جگە لە خديجە- من نەیشم دی- دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هەرکات مەڕێکی سەردەبڕی دەیفەرموو: ((بینێرن بۆ هاوڕێکانی (خديجە) عائشە دەڵێ: ڕۆژێك قینم هەستان وتم: خديجە؟! فەرمووی: ((خۆشەویستیی ئەو بووەتە بەشم)).

١٥٩٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: لَمْ يَتَزَوَّجِ النَّبِيُّ (ﷺ) عَلَى خَدِيجَةَ حَتَّى مَاتَتْ.

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ژنی نەهێنا بەسەر (خديجە)دا هەتا وەفاتی کرد.

١٥٩٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَت: اسْتَأْذَنَتْ هَالَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ أُخْتُ خَدِيجَةَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَعَرَفَ اسْتِئْذَانَ خَدِيجَةَ، فَارْتَاحَ لِذَلِكَ، فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ هَالَةَ بِنْتَ خُوَيْلِدٍ)). فَغِرْتُ. فَقُلْتُ: وَمَا تَذْكُرُ مِنْ عَجُوزٍ مِنْ عَجَائِزِ قُرَيْشٍ حَمْرَاءِ الشِّدْقَيْنِ، هَلَكَتْ فِي الدَّهْرِ فَأَبْدَلَكَ اللَّهُ خَيْرًا مِنْهَا. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٠٧، ٣٦٠٩]

لە(عائشة)وە (رضي الله عنها) دەڵێ: جارێك (هالە)ەی كچی (خویلد) خوشكی خدیجة مۆڵەتی خواست لە پێغەمبەر (ﷺ) یادی مۆڵەت خواستنەكەی خدیجەی كەوتەوە {چونكە دەنگیان بەیەك دەچوو} پێی دڵخۆش بوو فەرمووی: ((ئەی خوایە (هالە)ی كچی خویلد بێت!)) منیش غیرەت گرتمی و وتم: یادی چی دەكەیتەوە لە پیرەژنێك لە پیرەژنەكانی قورەیش، شەویلە سووری پوك بەدەرەوە بووی دان لەدەمانەماو، كە چەند ساڵێكە مردووە، خوای گەورە باشتر لەوی پێ بەخشیویت.

(٢٢) پلە و پایەی زینب خێزانی پێغەمبەر (ﷺ)

١٦٠٠ـ عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَسْرَعُكُنَّ لَحَاقًا بِي أَطْوَلُكُنَّ يَدًا)). قَالَتْ: فَكُنَّ يَتَطَاوَلْنَ أَيَّتُهُنَّ أَطْوَلُ يَدًا. قَالَتْ: فَكَانَتْ أَطْوَلَنَا يَدًا زَيْنَبُ، لِأَنَّهَا كَانَتْ تَعْمَلُ بِيَدِهَا وَتَصَدَّقُ. [بخاري/ الزكاة/ ١٣٥٤]

(عائشة)(رضي الله عنها) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوەتان كە زوتر بەدوای مندابێن، ئەوەتانە كە دەستی لەهەمووتان درێژ ترە)). خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) دەستیان درێژ دەكرد بزانن كامیان دەستی درێژە؟ بەڵام زەینەب لە هەموویان دەستی درێژتر بوو، چونكە بەدەستی خۆی ئیشی دەكرد و خێری لێدەكرد {ئەویش یەكەم كەس بوو لە خێزانەكانی دوای خۆی وەفاتی كرد، ئەمجا زانیان مەبەستی بەدەستی درێژ چیبووە؟}.

(٢٣) پلە و پایەی أم سلمة خێزانی پێغەمبەر (ﷺ)

١٦٠١ـ عن أَبِي عُثْمَانَ، عَنْ سَلْمَانَ (رضي الله عنه) قَالَ: لَا تَكُونَنَّ إِنِ اسْتَطَعْتَ أَوَّلَ مَنْ يَدْخُلُ السُّوقَ، وَلَا آخِرَ مَنْ يَخْرُجُ مِنْهَا، فَإِنَّهَا مَعْرَكَةُ الشَّيْطَانِ، وَبِهَا يَنْصِبُ رَايَتَهُ. قَالَ: وَأُنْبِئْتُ أَنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَام أَتَى نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) وَعِنْدَهُ أُمُّ سَلَمَةَ، قَالَ: فَجَعَلَ يَتَحَدَّثُ ثُمَّ قَامَ، فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) لِأُمِّ سَلَمَةَ: ((مَنْ هَذَا)). أَوْ كَمَا قَالَ، قَالَتْ: هَذَا دِحْيَةُ الكلبي. قَالَ: فَقَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ: ايْمُ اللَّهِ مَا حَسِبْتُهُ إِلَّا إِيَّاهُ،

حَتَّى سَمِعْتُ خُطْبَةَ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) يُخْبِرُ خَبَرَنَا، أَوْ كَمَا قَالَ. فَقُلْتُ لِأَبِي عُثْمَانَ: مِمَّنْ سَمِعْتَ هَذَا؟ قَالَ: مِنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ.

لە(ابو عثمان)ەوە، لە (سَلمان)ەوە (ﷺ) دەڵێ: ئەگەر توانیت یەکەم کەس مەبە دەچێتە بازاڕ، دواین کەسیش مەبە کەلە بازاڕ دەردەچێ، بەڕاستی بازاڕ شەڕگای شەیتانە و لەوێ ئاڵاکەی هەڵدەکات، دەڵێ: هەواڵم دراوەتێ کە (جبریل) (ﷺ) هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، (أم سلمة)لای بوو گفت وگۆی لەگەڵ کرد و دوایی هەستا، پێغەمبەر (ﷺ) بە (أم سلمة)ی فەرموو: ((ئەوە کێ بوو؟)) أم سلمة وتی: (دِحية الكلبي)بوو، ڕاوی دەڵێ: (أم سلمة) وتی سوێندم بەخوا هەر وامزانی ئەو بوو، هەتا گوێم لەوتارەکەی پێغەمبەر بوو (ﷺ) ئەم هەواڵەی گێڕایەوە (اوكما قال) بە)ابو عثمان)م وت: ئەمەت لە کێ بیستووە ؟ وتی: لە (اسامة)ی کوری (زید).

(٢٤) پلە و پایەی (أم سُلَيم)دایکی أنس کوڕی مالك (ﷺ)

١٦٠٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) لَا يَدْخُلُ عَلَى أَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِ، إِلَّا أُمِّ سُلَيْمٍ فَإِنَّهُ كَانَ يَدْخُلُ عَلَيْهَا، فَقِيلَ لَهُ فِي ذَلِكَ. فَقَالَ: ((إِنِّي أَرْحَمُهَا، قُتِلَ أَخُوهَا مَعِي)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٦٨٩]

(انس)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نەدەچوو بۆ ماڵی هیچ ئافرەتێك جگەلە خێزانەکانی و، جگە لە (أم سليم) کەدەچوو بۆ دیدەنی ئەویش، لەم بارەوە پرسیاری لێکرا فەرمووی: ((بەڕاستی بەزەییم پیایدا دێتەوە براکەی لەگەڵمندا کوژرا)). {براکەی (حرام)ی کوڕی (ملحان)بوو}

١٦٠٣ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((دَخَلْتُ الْجَنَّةَ فَسَمِعْتُ خَشْفَةً فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: هَذِهِ الْغُمَيْصَاءُ بِنْتُ مِلْحَانَ أُمُّ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ)).

لە(انس)ی کوڕی (مالك)وە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەڵێ: چوومە بەهەشت خشەیەکم گوێ لێبوو، وتم: ئەوە کێیە؟ وتیان ئەوە ڕیپۆق بەجاوەکەی کچی (مِلحان)دایکی انس ی کوڕی مالك)ە {غميصاء و رميصاء} {بەمانا یەکن و لەقەبن بۆ ئەو ئافرەتە}

(٢٥) پلە وپایەی (أم أيمن) خزمەتگوزاری پێغەمبەر دایکی (أسامە)کوڕی (زید) (﵁)

١٦٠٤ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) -بَعْدَ وَفَاةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)- لِعُمَرَ (ﷺ): انْطَلِقْ بِنَا إِلَى أُمِّ أَيْمَنَ نَزُورُهَا، كَمَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَزُورُهَا. فَلَمَّا انْتَهَيْنَا إِلَيْهَا بَكَتْ، فَقَالَا لَهَا: مَا يُبْكِيكِ، مَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِرَسُولِهِ (ﷺ). فَقَالَتْ: مَا أَبْكِي أَنْ لَا أَكُونَ أَعْلَمُ أَنَّ مَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِرَسُولِهِ (ﷺ)، وَلَكِنْ أَبْكِي أَنَّ الْوَحْيَ [قَدِ] انْقَطَعَ مِنَ السَّمَاءِ. فَهَيَّجَتْهُمَا عَلَى الْبُكَاءِ، فَجَعَلَا يَبْكِيَانِ مَعَهَا.

لە (انس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ابوبکر بە عمری فەرموو: وەرە با بڕۆین بۆ دیدەنی (ام ایمن) وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) دیدەنی دەکرد، کاتێ چووینە لای گریا، پێیان وت: بۆچ دەگریت؟ ئەوەی لای خوایە باشترە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وتی: بۆ ئەوە ناگریم کە نەزانم ئەوەی لای خوایە باشترە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، بەڵام من بۆ ئەوە دەگریم کە (وحی)بڕا لە ئاسمانەوە، ئەوانیشی جۆشان بۆ گریان و دەگریان لەگەڵیدا.

(٢٦) ، (٢٧) پلەو پایەی زیدی کوڕی حارثة و اسامةی کوڕی زید (﵁)

١٦٠٥ـ عَنْ ابن عمر (ﷺ) أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: مَا كُنَّا نَدْعُو زَيْدَ بْنَ حَارِثَةَ إِلَّا زَيْدَ بْنَ مُحَمَّدٍ، حَتَّى نَزَلَ فِي الْقُرْآنِ: ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ﴾ [الأحزاب: ٥]. [بخاري/ التفسير / ٤٥٠٤] [(واتە: بەناوی باوکیانەوە بانگیان بکەن ئەوە دادگەرترە لای خوا)].

لە (ابن عمر)ەوە (ﷺ) دەڵێ: ئێمە (زید کوڕی حارثة)مان بە (زید کوڕی محمد) بانگ دەکردهەتا قورئان نازڵ بوو: ﴿ادعوهم لآبائهم هو اقسط عند الله﴾ {الاحزاب:٥}.

١٦٠٦ـ عَنْ ابن عمر (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ: ((إِنْ تَطْعَنُوا فِي إِمَارَتِهِ -يُرِيدُ أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ- فَقَدْ طَعَنْتُمْ فِي إِمَارَةِ أَبِيهِ مِنْ قَبْلِهِ، وَايْمُ اللَّهِ إِنْ كَانَ لَخَلِيقًا لَهَا، وَايْمُ اللَّهِ إِنْ كَانَ لَأَحَبَّ النَّاسِ إِلَيَّ، وَايْمُ اللَّهِ إِنَّ هَذَا لَهَا لَخَلِيقٌ -يُرِيدُ أُسَامَةَ ابْنَ زَيْدٍ- وَايْمُ اللَّهِ إِنْ كَانَ لَأَحَبَّهُمْ إِلَيَّ مِنْ بَعْدِهِ، فَأُوصِيكُمْ بِهِ، فَإِنَّهُ مِنْ صَالِحِيكُمْ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٢٤]

لە(ابن عمر)ەوە (ﷺ) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر مینبەر فەرمووی: ((ئەگەر تانەبدەن لەسەرکردەیی ئەو -مەبەستی اسامەی کوڕی زید بوو-

تانەیشتان دا لە سەرکردەیی باوکی بەرلەخۆی، سوێندم بەخوا ئەو شایستەیە سوێندم بە خوا ئەو خۆشەویسترین کەسە لای من ، سوێندم بە خوا ئەو شایستەیە بۆ ئەو کارە -واتە اسامەی کوڕی زید- سوێندم بەخوا خۆشەویسترین کەسە لای من دوای باوکی، ئامۆژگاریتان دەکەم بە (أسامە) بەڕاستی ئەو لەپیاوچاکەکانتانە)).

(٢٨) پلە و پایەی بلالی کوڕی ڕەباح (ﷺ)

١٦٠٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِبِلَالٍ عِنْدَ صَلَاةِ الْغَدَاةِ: ((يَا بِلَالُ، حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ عِنْدَكَ فِي الْإِسْلَامِ مَنْفَعَةً، فَإِنِّي سَمِعْتُ اللَّيْلَةَ خَشْفَ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ)). قَالَ بِلَالٌ: مَا عَمِلْتُ عَمَلًا فِي الْإِسْلَامِ أَرْجَى عِنْدِي مَنْفَعَةً مِنْ أَنِّي لَا أَتَطَهَّرُ طُهُورًا تَامًّا، فِي سَاعَةٍ مِنْ لَيْلٍ وَلَا نَهَارٍ، إِلَّا صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كَتَبَ اللَّهُ لِي أَنْ أُصَلِّيَ. [بخاري/ التهجد/ ١٠٩٨]

لە(ابي هريرة)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەبلال ی فەرموو لە نوێژی بەیانیدا: ((ئەی بلال قسەم بۆ بکە بەگەورەترین کردەوەت کە سوددار بوبێت لە ئیسلامدا، بەڕاستی من ئەمشەو گوێم لە خشەی نەعلەکانت بوو لەبەردەم مندا لەبەهەشتدا)) بلال وتی: هیچ کردەوەیەکم نەکردووە لە ئیسلامدا زیاتر رجای سودم پێی هەبێ، لەوەی کە هەرکات دەستنوێژێکی تەواوم گرتبێ، لەهەرکاتێکی شەو، یان ڕۆژدا، بەو دەستنوێژەوە نوێژم کردووە ئەوەندەی خوا بۆی نوسیبێم.

(٢٩) پلە و پایەی سلمان و صهیب وبلال (ﷺ)

١٦٠٨- عَنْ عَائِذِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ): أَنَّ أَبَا سُفْيَانَ أَتَى عَلَى سَلْمَانَ وَصُهَيْبٍ وَبِلَالٍ فِي نَفَرٍ، فَقَالُوا: [وَاللَّهِ] مَا أَخَذَتْ سُيُوفُ اللَّهِ مِنْ عُنُقِ عَدُوِّ اللَّهِ مَأْخَذَهَا. [قَالَ]: فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): أَتَقُولُونَ هَذَا لِشَيْخِ قُرَيْشٍ وَسَيِّدِهِمْ؟ فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ: ((يَا أَبَا بَكْرٍ لَعَلَّكَ أَغْضَبْتَهُمْ؟ لَئِنْ كُنْتَ أَغْضَبْتَهُمْ لَقَدْ أَغْضَبْتَ رَبَّكَ)). فَأَتَاهُمْ أَبُو بَكْرٍ فَقَالَ: يَا إِخْوَتَاهْ، أَغْضَبْتُكُمْ؟ قَالُوا: لَا، يَغْفِرُ اللَّهُ لَكَ يَا أَخِي.

لە (عائذ)ی کوڕی (عمرو)ەوە دەڵێ: ابوسفیان تێپەڕی بەلای سلمان و صهیب و بلال دا، وتیان: شمشێری خوا جێی خۆی نەگرت لەگەردنی دوژمنی خوادا، دەڵێ: أبوبکر پێی وتن: ئەم وتەیە: بەڕیش سپی و گەورە پیاوی

قورەیش دەڵێن؟ هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵەکەی پێگەیاند، فەرمووی: ((ئەی ابوبکر دوورنیە زویرت کردبن، ئەگەر تۆ زویرت کردبن، بەڕاستی خوات زویر کردووە)). ابوبکر هاتەوە بۆ لایان و وتی: ئەی براکانم ئایە ڕقم هەستانن؟ وتیان: نەء خوا لێت ببورێ ئەی برام.

(٣٠) پلە و پایەی أنس ی کوڕی مالك (ﷺ)

١٦٠٩ـ عن أَنَسٌ (ﷺ) قَالَ: جَاءَتْ بِي أُمِّي أُمُّ أَنَسٍ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَقَدْ أَزَّرَتْنِي بِنِصْفِ خِمَارِهَا وَرَدَّتْنِي بِنِصْفِهِ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا أُنَيْسٌ ابْنِي أَتَيْتُكَ بِهِ يَخْدُمُكَ، فَادْعُ اللَّهَ لَهُ. فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ أَكْثِرْ مَالَهُ وَوَلَدَهُ)). قَالَ أَنَسٌ: فَوَاللَّهِ إِنَّ مَالِي لَكَثِيرٌ، وَإِنَّ وَلَدِي وَوَلَدَ وَلَدِي لَيَتَعَادُّونَ عَلَى نَحْوِ الْمِائَةِ الْيَوْمَ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٨١]

(انــس) (ﷺ) دەڵــێ: دایکــم هێنــامی بــۆ لای پێغەمبــەر (ﷺ) نیــوەی سەرپۆشەکەی خۆی کردبوو بەشەرواڵ بۆم و نیوەکەی تری کردبوو بە کراس بۆم، وتی: یارسول الله ئەمە (أنیس)ی کوڕمە بۆم هێناوی خزمەتت بکات، بۆی بپاڕێرەوە لەخوا فەرمووی: ((ئەی خوایە ماڵ و منداڵی زۆرکەی)) انس: دەڵێ: والله ماڵەکەم زۆرە، منداڵ و نەوەکانم ئەمڕۆ لەصەد زیاترن.

١٦١٠ـ عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: مَرَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَسَمِعَتْ أُمِّي أُمُّ سُلَيْمٍ صَوْتَهُ، فَقَالَتْ: بِأَبِي وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ، أُنَيْسٌ. فَدَعَا لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثَلَاثَ دَعَوَاتٍ قَدْ رَأَيْتُ مِنْهَا اثْنَتَيْنِ فِي الدُّنْيَا، وَأَنَا أَرْجُو الثَّالِثَةَ فِي الْآخِرَةِ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٨١]

لە(انس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) تێپەڕی {بەلاماندا} دایکم دەنگی بیست و وتی: دایك و باوکم فیدات ئەی پێغەمبەر دوعا بۆ (أنیس) بکە پێغەمبەر (ﷺ) سێ دوعای بۆ کردم، دوانیانم لەدنیا بەچاوی خۆم دی سێهەمیشیان ڕجام وایە لە قیامەت ببینم.

١٦١١ـ عن ثابت، عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: أَتَى عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَنَا أَلْعَبُ مَعَ الْغِلْمَانِ، قَالَ: فَسَلَّمَ عَلَيْنَا، فَبَعَثَنِي إِلَى حَاجَةٍ فَأَبْطَأْتُ عَلَى أُمِّي، فَلَمَّا جِئْتُ قَالَتْ: مَا حَبَسَكَ؟ قُلْتُ: بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِحَاجَةٍ، قَالَتْ: مَا حَاجَتُهُ؟ قُلْتُ: إِنَّهَا سِرٌّ. قَالَتْ: لَا تُحَدِّثَنَّ بِسِرِّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَحَدًا. قَالَ أَنَسٌ: وَاللَّهِ لَوْ حَدَّثْتُ بِهِ أَحَدًا لَحَدَّثْتُكَ يَا ثَابِتُ. [بخاري/ الاستئذان/ ٥٩٣١]

لە(ثابت)ەوە، لە(انس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) تێپەڕی بەلامدا لەگەڵ منداڵان یاریم دەکرد، دەڵێ: سەلامی لێکردین و، منی نارد بۆ پێویستی یەك درەنگ چوومەوە بۆلای دایکم، پێی وتم: بۆچ دواکەوتی؟ وتم: پێغەمبەر (ﷺ) ناردمی بۆ پێویستی یەك، وتی: پێویستی یەکەی چی بو؟ وتم: شتێکی نهێنی یە، وتی: نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هیچ کەس باس نەکەیت، انس وتی: ئەگەر قسەم بکردایە قسەم بۆتۆ دەکرد ئەی (ثابت).

(٣١) پلەو پایەی (جعفر)ی کوڕی (أبي طالب)و (أسماء)ی کچی عميس و دانیشتوانی کەشتی یەکەیان (ﷺ)

١٦١٢ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: بَلَغَنَا مَخْرَجُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ بِالْيَمَنِ، فَخَرَجْنَا مُهَاجِرِينَ إِلَيْهِ أَنَا وَأَخَوَانِ لِي أَنَا أَصْغَرُهُمَا، أَحَدُهُمَا أَبُو بُرْدَةَ وَالْآخَرُ أَبُو رُهْمٍ، إِمَّا قَالَ: بِضْعًا، وَإِمَّا قَالَ: ثَلَاثَةً وَخَمْسِينَ، أَوِ اثْنَيْنِ وَخَمْسِينَ رَجُلًا مِنْ قَوْمِي، قَالَ: فَرَكِبْنَا سَفِينَةً، فَأَلْقَتْنَا سَفِينَتُنَا إِلَى النَّجَاشِيِّ بِالْحَبَشَةِ، فَوَافَقْنَا جَعْفَرَ بْنَ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) وَأَصْحَابَهُ عِنْدَهُ، فَقَالَ جَعْفَرٌ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَنَا هَاهُنَا وَأَمَرَنَا بِالْإِقَامَةِ، فَأَقِيمُوا مَعَنَا. فَأَقَمْنَا مَعَهُ، حَتَّى قَدِمْنَا جَمِيعًا. قَالَ: فَوَافَقْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ افْتَتَحَ خَيْبَرَ، فَأَسْهَمَ لَنَا أَوْ قَالَ: أَعْطَانَا مِنْهَا، وَمَا قَسَمَ لِأَحَدٍ غَابَ عَنْ فَتْحِ خَيْبَرَ مِنْهَا شَيْئًا إِلَّا لِمَنْ شَهِدَ مَعَهُ، إِلَّا لِأَصْحَابِ سَفِينَتِنَا مَعَ جَعْفَرٍ وَأَصْحَابِهِ، قَسَمَ لَهُمْ مَعَهُمْ. قَالَ: فَكَانَ نَاسٌ مِنَ النَّاسِ يَقُولُونَ لَنَا -يَعْنِي لِأَهْلِ السَّفِينَةِ- نَحْنُ سَبَقْنَاكُمْ بِالْهِجْرَةِ، قَالَ: فَدَخَلَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ -وَهِيَ مِمَّنْ قَدِمَ مَعَنَا- عَلَى حَفْصَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) زَائِرَةً، وَقَدْ كَانَتْ هَاجَرَتْ إِلَى النَّجَاشِيِّ فِيمَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِ، فَدَخَلَ عُمَرُ (ﷺ) عَلَى حَفْصَةَ وَأَسْمَاءُ عِنْدَهَا. فَقَالَ عُمَرُ حِينَ رَأَى أَسْمَاءَ: مَنْ هَذِهِ؟ قَالَتْ: أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ. قَالَ عُمَرُ (ﷺ): الْحَبَشِيَّةُ هَذِهِ؟ الْبَحْرِيَّةُ هَذِهِ؟ فَقَالَتْ أَسْمَاءُ: نَعَمْ. فَقَالَ عُمَرُ: سَبَقْنَاكُمْ بِالْهِجْرَةِ، فَنَحْنُ أَحَقُّ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْكُمْ. فَغَضِبَتْ، وَقَالَتْ كَلِمَةً: كَذَبْتَ يَا عُمَرُ، كَلَّا وَاللَّهِ كُنْتُمْ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يُطْعِمُ جَائِعَكُمْ، وَيَعِظُ جَاهِلَكُمْ، وَكُنَّا فِي دَارٍ -أَوْ فِي أَرْضِ- الْبُعَدَاءِ الْبُغَضَاءِ، فِي الْحَبَشَةِ، وَذَلِكَ فِي اللَّهِ وَفِي رَسُولِهِ (ﷺ)، وَايْمُ اللَّهِ لَا أَطْعَمُ طَعَامًا وَلَا أَشْرَبُ شَرَابًا حَتَّى أَذْكُرَ مَا قُلْتَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ كُنَّا نُؤْذَى وَنُخَافُ، وَسَأَذْكُرُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَسْأَلُهُ، وَ وَاللَّهِ لَا أَكْذِبُ وَلَا أَزِيغُ، وَلَا أَزِيدُ عَلَى ذَلِكَ. قَالَ: فَلَمَّا جَاءَ النَّبِيُّ (ﷺ) قَالَتْ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ

إِنَّ عُمَرَ قَالَ كَذَا وَكَذَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَيْسَ بِأَحَقَّ بِي مِنْكُمْ، وَلَهُ وَلِأَصْحَابِهِ هِجْرَةٌ وَاحِدَةٌ، وَلَكُمْ أَنْتُمْ أَهْلَ السَّفِينَةِ هِجْرَتَانِ)). قَالَتْ: فَلَقَدْ رَأَيْتُ أَبَا مُوسَى وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ يَأْتُونَنِي أَرْسَالًا، يَسْأَلُونَنِي عَنْ هَذَا الْحَدِيثِ، مَا مِنَ الدُّنْيَا شَيْءٌ هُمْ بِهِ أَفْرَحُ وَلَا أَعْظَمُ فِي أَنْفُسِهِمْ مِمَّا قَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ أَبُو بُرْدَةَ: فَقَالَتْ أَسْمَاءُ: فَلَقَدْ رَأَيْتُ أَبَا مُوسَى وَإِنَّهُ لَيَسْتَعِيدُ هَذَا الْحَدِيثَ مِنِّي. [بخاري/ المغازي/ ٣٩٩٠]

لە(ابو موسى) (ﷺ) دەڵێ: سەرهەڵدانی پێغەمبەرمان (ﷺ) پێگەیشت ئێمە لەوکاتـەدا لەیەمەن بووین دەرچووین خـۆم و دوو بـرام من بچوکەکەیان بـووم، یەکێکیان (أبو بردة)و ئەوی دی (أبورهم) بوو، وتی: لەگەڵ چەندپیاوێك، یان پەنجا و سێ، یان پەنجا و دوو پیاوی هۆزەکەمان، سواری کەشتی‌یەك بووین کەشـتی‌یەکە لەحەبەشـە دابیـەزاندین لای پاشـای نەجاشـی، لـەوێ توشـی (جعفر)ی کوڕی (ابوطالب) ویارەکانی هاتین، جعفر وتی: پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی نـاردووە و فەرمانیشی پێداوین لێرە بمێنـین، ئێـوەش لەگـەڵ ئێمـەبن، لەگـەڵ ئەوان ماینەوە هەتا پێکەوە هاتین، بە کۆمەڵ گەیشتین بە پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی ئازاد کردنـی (خیبر)دا لـەوماڵ و سـامانە بەشـداری کردیـن، یـان وتـی: پێـی بەخشین، بەشی کەسـی تریشـی نـەدا لەوانـەی لـەکاتی ئـازاد کردنیـدا لـەوێ نەبوون، جگە لە دانیشتوانی ئەو کەشتیەی ئێمە و، (جعفر) و یارەکانی، لەگەڵ ئەواندا بەشی دایـن. دەڵـێ: هـەندێ کـەس پێیـان دەوتـین -واتـە: بـە ئـەهلی کەشتی‌یەکە- ئێمە بەکۆچ پێشـتان کەوتووین، (أسماء)ی کچـی (عمیـس) کـە یەکێ بوو لەوانەی لەگـەڵ ئێمە هـاتبوون چوو بۆ دیدەنی (حفصە)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ)، کە ئەویش کۆچی کردبوو بۆ لای نەجاشی لەناو ئەوانـەدا کە کۆچیان کردبوو، عمر (ﷺ) هـات بۆلای حفصة، أسماء لای دانیشـتبوو، عمـر کاتێ (أسماء)ی بینی وتی: ئەمە کێیە؟ وتی: (أسماء)کچی (عمیس)ە، عمر (ﷺ) وتی: ئەمە حەبەشی‌یەکەیە؟ ئەمە بەحرییەکەیە؟ أسماء وتی: بەڵێ، عمر وتی: ئێمە لێتان پێشکەوتووین بە کۆچ، ئێمە لەپێشترین بە پێغەمبەری خوا لە ئێوە، أسماء ڕقی هەستا و وشەیەك لەدەمی دەرچو: درۆ دەکەیت ئـەی عمر نـە (والله) ئێـوە لەگـەڵ پێغەمبـەر بـوون (ﷺ) برسـیتانی تـێر دەکـرد، نـەزانتانی فێردەکرد، ئێمە لە خاکی دورخراوەکان و ڕق لێگیراوەکاندا بووین، لەحەبەشە،

ئەمەیش لە پێناوی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ)،سوێند بەخوا نان ناخۆم و ئاو ناخۆمەوە، هەتا ئەوەی تۆ وتت باسی نەکەم بۆ پێغەمبەر، ئێمەئازاردەدراین و دەترسێنراین، ئەمە باس دەکەم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێدەکەم، درۆ ناکەم و لە ڕاستیی لانادەم و زیاتر لەمە ناڵێم. دەڵێ: کاتی پێغەمبەر هات وتی: ئەی پێغەمبەری خوا عمر ئاوا و ئاوای وت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((ئەو لەپێشترنیە بەمن لە ئێوە، ئەوویارەکانی یەك کۆچیان هەیە، ئێوە خەڵکی کەشتییەکە دوو کۆچتان هەیە)). اسماء دەڵێ: دیم ابو موسی و یارانی ئەو کەشتییە پۆل پۆل دەهاتن بۆلام و پرسیاری ئەم فەرموودەیان لەمن دەکرد، لەدنیادا هیچ شتێ نەبوو دڵخۆشکەر تر و گەورەتر بێت لای ئەوان لەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو بوون، (ابو بُردة) دەڵێ: اسماء دەڵێ: من (ابو موسی)م بینی داوای دووبارە کردنەوەی ئەم فەرموودەی لەمن دەکرد.

(٣٢) پلەو پایەی (عبدالله) ی کوڕی (جعفر)ی کوڕی (أبي طالب) (ﷺ)

١٦١٣ـ عن عَبْدُ اللَّهِ بْنُ جَعْفَرٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ تُلُقِّيَ بِنَا، قَالَ: فَتُلُقِّيَ بِي وَبِالْحَسَنِ أَوْ بِالْحُسَيْنِ (ﷺ)، قَالَ: فَحَمَلَ أَحَدَنَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَالْآخَرَ خَلْفَهُ، حَتَّى دَخَلْنَا الْمَدِينَةَ.

لە (عبدالله) کوڕی (جعفر)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ئەگەر لەسەفەرێك بهاتایەتەوە ئێمەیان دەبرد بۆ پێشوازی، دەڵێ: من و (حسن) یان من و(حسین)یان برد (ﷺ) بۆ پێشوازیی یەکێکمانی خستە بەردەمی و ئەوی ترمانی خستە دواوە، تاگەیشتینە مەدینە.

١٦١٤ـ –مكرر– عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَعْفَرٍ قَالَ: أَرْدَفَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ خَلْفَهُ، فَأَسَرَّ إِلَيَّ حَدِيثًا لَا أُحَدِّثُ بِهِ أَحَدًا مِنَ النَّاسِ.

دووبارە –لە عبد الله ی کوڕی جعفرەوە : دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) منی سواری وڵاخ کرد لەدوای خۆیەوە، بەنهێنی فەرموودەیەکی پێفەرمووم بۆ هیچ کەسی ناگێڕمەوە.

(٣٣) پلەو پایەی عبدالله ی کوڕی عباس (ﷺ)

١٦١٥ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَتَى الْخَلَاءَ، فَوَضَعْتُ لَهُ وَضُوءًا، فَلَمَّا خَرَجَ قَالَ: ((مَنْ وَضَعَ هَذَا)). –فِي رِوَايَةِ زُهَيْرٍ– قَالُوا– وَفِي رِوَايَةِ أَبِي بَكْرٍ: قُلْتُ– ابْنُ عَبَّاسٍ. قَالَ: ((اللَّهُمَّ فَقِّهْهُ فِي الدين)). [بخاري/ الوضوء/ ١٤٣]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر پێشاو، منیش ئاوی دەستنوێژم بۆ ئامادەكرد، كاتێ دەرچوو فەرمووی: ((كێ ئەم ئاوەی داناوە؟)) –لەریوایەتی زهیردا– وتیان، –لەریوایەتی بكردا– وتم: ابن عباس. فەرمووی: ((ئەی خوایە شارەزای بكە لەدیندا)).

(٣٤) پلەوپایەی عبدالله ی كوڕی عمر (ﷺ)

١٦١٦ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ الرَّجُلُ فِي حَيَاةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا رَأَى رُؤْيَا قَصَّهَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَتَمَنَّيْتُ أَنْ أَرَى رُؤْيَا أَقُصُّهَا عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، قَالَ: وَكُنْتُ غُلَامًا شَابًّا عَزَبًا، وَكُنْتُ أَنَامُ فِي الْمَسْجِدِ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَرَأَيْتُ فِي النَّوْمِ كَأَنَّ مَلَكَيْنِ أَخَذَانِي فَذَهَبَا بِي إِلَى النَّارِ، فَإِذَا هِيَ مَطْوِيَّةٌ كَطَيِّ الْبِئْرِ، وَإِذَا لَهَا قَرْنَانِ كَقَرْنَيِ الْبِئْرِ، وَإِذَا فِيهَا نَاسٌ قَدْ عَرَفْتُهُمْ، فَجَعَلْتُ أَقُولُ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ النَّارِ، أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ النَّارِ، أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ النَّارِ، قَالَ: فَلَقِيَهُمَا مَلَكٌ فَقَالَ لِي: لَمْ تُرَعْ. فَقَصَصْتُهَا عَلَى حَفْصَةَ، فَقَصَّتْهَا حَفْصَةُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُ اللَّهِ، لَوْ كَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ)). قَالَ سَالِمٌ: فَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ بَعْدَ ذَلِكَ لَا يَنَامُ مِنَ اللَّيْلِ إِلَّا قَلِيلًا. [بخاري/ التهجد/ ١٠٧٠]

عبدالله ی كوڕی عمر (ﷺ) دەڵێ: هەرپیاوێ لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) خەوی دەبینی دەیگێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ). منیش خۆزگەم دەخواست خەوێك ببینم وبیگێڕمەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، دەڵێ: من كوڕێكی گەنجی بێخێزان بووم، لە مزگەوتدا دەخەوتم لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)، لەخەودا دیم: دوو فریشتە گرتمیان و بردمیان بۆ دۆزەخ، دیم هەڵچنرابوو هەروەك بیر، دوشاخیشی هەبوو وەك شاخی بیر، كەسانێكی تیابوو دەمناسینەوە، منیش دەموت: پەنا دەگرم بەخوا لە ئاگر، پەنا دەگرم بەخوا لە ئاگر، پەنا دەگرم بەخوا لە ئاگر، دەڵێ: فریشتەیەكی تر گەیشت بەم دوو فریشتە بەمنی وت: مەترسە زیانت پێناگات، ئەم خەوەم گێڕایەوە بۆ حفصە، ئەویش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((عبدالله پیاوی چاكە گەر شەونوێژی بكردایە)). سالم دەڵێ: دوای ئەوە عبدالله بەشەو نەدەخەوت كەمێكی نەبێت. [مەبەستی‌بە شاخی بیر ئەو دوشوێنەیە كە شیشی چەرخەكەیان لەسەر دادەنرێ بۆ ئاو هەڵكێشان].

(٣٥) پلەو پایەی عبدالله ی کوڕی زبیر (رضي الله عنه)

١٦١٧ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ جَعْفَرٍ لِابْنِ الزُّبَيْرِ: أَتَذْكُرُ إِذْ تَلَقَّيْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنَا وَأَنْتَ وَابْنُ عَبَّاسٍ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَحَمَلَنَا وَتَرَكَكَ. [بخاري/ الجهاد/ ٢٩١٦]

لە(عبدالله)ی کوڕی (ابی ملیکە)وە دەڵێ: (عبدالله) ی کوڕی (جعفر) بە (ابن الزبیر)ی وت: ئایا بیرت دێ کە چووین بەپیریی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، من و تۆ و ابن عباس؟ وتی: بەڵێ ئێمەی هەڵگرت و تۆی بەجێهێشت.

(٣٦) پلەو پایەی عبدالله ی کوڕی مسعود (رضي الله عنه)

١٦١٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (رضي الله عنه) قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا [إِذَا مَا اتَّقَوْا وَآمَنُوا]﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ، قَالَ [لِي] رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قِيلَ لِي: أَنْتَ مِنْهُمْ)).

لە(عبدالله)ی کوڕی (مسعود)ەوە (رضي الله عنه) دەڵێ: کاتێك ئایەتی ﴿لیس علی الذین آمنوا و عملوا الصالحات جناح فیما طعموا اذا ماتقوا وآمنوا..﴾ ((واتە:ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کرداری چاکیش دەکەن لەوەی دەرخواردیان دراوە ئەگەر لەخوابترسن و ئیمانداربن)) .نازڵ بوو پێغەمبەر (ﷺ) {بەمنی} فەرموو: ((پێم وتراوە تۆ لەوانی)).

١٦١٩ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (رضي الله عنه) قَالَ: قَدِمْتُ أَنَا وَأَخِي مِنَ الْيَمَنِ، فَكُنَّا حِينًا وَمَا نُرَى ابْنَ مَسْعُودٍ وَأُمَّهُ إِلَّا مِنْ أَهْلِ بَيْتِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، مِنْ كَثْرَةِ دُخُولِهِمْ وَلُزُومِهِمْ لَهُ ﴿ بخاری/ فضائل الصحابة/٣٥٥٢ ﴾

لە(ابی موسی)وە (رضي الله عنه) دەڵێ: من و براکەم لەیەمەنەوە هاتین، کە هاتین (ابن مسعود)و دایکیمان وەها دەبینی کە لەکەس وکار (أهل البیت)ی پێغەمبەرن (ﷺ) لەبەر ئەوەی زۆر دەچوونە ماڵی و پەیوەستی ئەو بوون.

١٦٢٠ـ عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ قَالَ: كُنَّا فِي دَارِ أَبِي مُوسَى مَعَ نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِ عَبْدِ اللَّهِ، وَهُمْ يَنْظُرُونَ فِي مُصْحَفٍ، فَقَامَ عَبْدُ اللَّهِ، فَقَالَ أَبُو مَسْعُودٍ: مَا أَعْلَمُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَرَكَ بَعْدَهُ أَعْلَمَ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ هَذَا الْقَائِمِ. فَقَالَ أَبُو مُوسَى: أَمَا لَئِنْ قُلْتَ ذَاكَ لَقَدْ كَانَ يَشْهَدُ إِذَا غِبْنَا، وَيُؤْذَنُ لَهُ إِذَا حُجِبْنَا. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٥٢]

لە(ابی الاحوص)ەوە دەڵێ: ئێمە لەماڵ (ابوموسی) دا بووین لەگەڵ کۆمەڵێك لەیارانی عبدالله، کە تەماشای قورئانیان دەکرد، عبدالله هەستا، ابو مسـعود وتی: وانازانم پێغەمبەر (ﷺ) دوای خۆی کەسێکی جێهێشتبێ زاناتر بێ بەوەی کەخوا نازڵی کردووەلەم وەستاوە، (ابو موسی) وتی: تۆ ئەوە دەڵێی ئاگاداری ئەوەیش بە، ئەو حازر دەبوو کاتێ ئێمە لەوێ نەبوایەین، ڕێگایشی پێدەدرا لەکاتێکدا ئێمە ڕێگامان لێبگیرایە.

١٦٢١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ ﴿وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ [آل‌عمران: ١٦١]. ثُمَّ قَالَ: عَلَى قِرَاءَةِ مَنْ تَأْمُرُونِي أَنْ أَقْرَأَ؟ فَلَقَدْ قَرَأْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِضْعًا وَسَبْعِينَ سُورَةً، وَلَقَدْ عَلِمَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنِّي أَعْلَمُهُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ (ﷻ)، وَلَوْ أَعْلَمُ [أَنَّ] أَحَدًا أَعْلَمُ مِنِّي لَرَحَلْتُ إِلَيْهِ. قَالَ شَقِيقٌ: فَجَلَسْتُ فِي حَلَقِ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ (ﷺ)، فَمَا سَمِعْتُ أَحَدًا يَرُدُّ ذَلِكَ عَلَيْهِ وَلَا يَعِيبُهُ. [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧١٤]

لە(عبدالله)ی کوڕی (مسعود)ەوە (ﷺ) کە دەڵێ: (وَمَن يغلُل يات بما غلّ يوم القيامة) {العمران: ١٦١} لەپاشـدا فـەرمووی: لەسـەر (قـراءة)ی کـێ فـەرمانم پێدەکەن بخوێنم بەڕاستی من حەفتا و ئەوەندە سورەتم لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) خوێنـدووە، یـارانی پێغەمبـەر (ﷺ) دەزانـن مـن لەهــەموویان زانـاترم بەپەیامی خوای گەورە، ئەگەر بمزانیایە کەسێ تر هەیە زاناتر لەمن بارگـەم دەبەست بۆلای، (شـقیق) دەڵـێ: دانیشـتووم لە ئەڵقەکانی یارانی محمـد (ﷺ) نەمبیستووە کەسـێك بەرپـەرچی ئـەم قسـەی بداتـەوە، یـان ناتـەواوی تیـا بدۆزێتەوە.

١٦٢٢ـ عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ)، فَذَكَرْنَا حَدِيثًا عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ فَقَالَ: إِنَّ ذَاكَ الرَّجُلَ لَا أَزَالُ أُحِبُّهُ بَعْدَ شَيْءٍ سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُهُ، سَمِعْتُهُ يَقُولُ: ((اقْرَءُوا الْقُرْآنَ مِنْ أَرْبَعَةِ نَفَرٍ، مِنْ ابْنِ أُمِّ عَبْدٍ -فَبَدَأَ بِهِ- وَمِنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، وَمِنْ سَالِمٍ مَوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ، وَمِنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٤٨]

لـە(مَسـروق)ەوە دەڵـێ: لای (عبـدالله)ی کـوڕی (عمـرو)بوویـن باسـی فەرموودەیەکمان کـرد لـە (ابـن مسـعود)ەوە، فـەرمووی: ((ئـەو پیـاوە مـن هـەر خۆشم ویستووە دوای ئەوەی شتێکم لە پێغەمبـەر (ﷺ) بیسـت کە دەیفـەرموو:

((قورئان بخوێنن لەدەمی چوارکەسەوە: لە کوڕەکەی (أم عبد) –کردی بەیەکەم کەس– لە (أبَيّ)کوڕی (کعب)، لە (سالم)ی کارگوزاری (ابو حذیفة) لە (معاذ)ی کوڕی (جبل)).

(٣٧) پلە وپایەی عبدالله ی کوڕی عمروی کوڕی حرام (ﷺ)

١٦٢٣ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: أُصِيبَ أَبِي يَوْمَ أُحُدٍ، فَجَعَلْتُ أَكْشِفُ الثَّوْبَ عَنْ وَجْهِهِ وَأَبْكِي، وَجَعَلُوا يَنْهَوْنَنِي، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَا يَنْهَانِي، قَالَ: وَجَعَلَتْ فَاطِمَةُ بِنْتُ عَمْرٍو تَبْكِيهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَبْكِيهِ أَوْ لَا تَبْكِيهِ، مَا زَالَتِ الْمَلَائِكَةُ تُظِلُّهُ بِأَجْنِحَتِهَا حَتَّى رَفَعْتُمُوهُ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٣١]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: باوکم لە ڕۆژی (أحد)دا پێکرا، جلەکەم لەسەر ڕوومەتی لادەبرد و دەگریام، نەهیان لێدەکردم لە گریان، پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێنەکردم، دەڵێ: فاطمە ی کچی عمرو بۆی دەگریا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بۆی دەگریت، یان بۆی ناگریت، لەوکاتەوە فریشتەکان سێبەریان بۆ دەکرد، بەباڵەکانیان هەتا هەڵتان گرت)).

(٣٨) پلەوپایەی عبدالله کوڕی سلام (ﷺ)

١٦٢٤ـ عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: مَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ لِحَيٍّ يَمْشِي: ((إِنَّهُ فِي الْجَنَّةِ)) إِلَّا لِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَلَامٍ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٠١]

لە(عامر)ی کوڕی (سعد)ەوە، دەڵێ: لەباوکم بیستووە دەیوت: نەمبیستووە پێغەمبەر (ﷺ) بەهیچ، زیندوویەك بڵێ: ((بەڕاستی لەبەهەشتدایە)) جگە لەعبدالله ی کوڕی سلام.

١٦٢٥ـ عَنْ خَرَشَةَ بْنِ الْحُرِّ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا فِي حَلْقَةٍ فِي مَسْجِدِ الْمَدِينَةِ، قَالَ: وَفِيهَا شَيْخٌ حَسَنُ الْهَيْئَةِ وَهُوَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلَامٍ، قَالَ: فَجَعَلَ يُحَدِّثُهُمْ حَدِيثًا حَسَنًا، قَالَ: فَلَمَّا قَامَ قَالَ الْقَوْمُ: مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا، قَالَ: فَقُلْتُ: وَاللَّهِ لَأَتْبَعَنَّهُ فَلَأَعْلَمَنَّ مَكَانَ بَيْتِهِ، قَالَ: فَتَبِعْتُهُ، فَانْطَلَقَ حَتَّى كَادَ أَنْ يَخْرُجَ مِنَ الْمَدِينَةِ، ثُمَّ دَخَلَ مَنْزِلَهُ. قَالَ: فَاسْتَأْذَنْتُ عَلَيْهِ، فَأَذِنَ لِي. فَقَالَ: مَا حَاجَتُكَ يَا ابْنَ أَخِي؟ قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: سَمِعْتُ الْقَوْمَ يَقُولُونَ لَكَ لَمَّا قُمْتَ: مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا، فَأَعْجَبَنِي أَنْ أَكُونَ مَعَكَ. قَالَ: اللَّهُ أَعْلَمُ بِأَهْلِ الْجَنَّةِ، وَسَأُحَدِّثُكَ مِمَّ قَالُوا ذَاكَ، إِنِّي بَيْنَمَا أَنَا

نَائِمٌ إِذْ أَتَانِي رَجُلٌ فَقَالَ لِي: قُمْ، فَأَخَذَ بِيَدِي، فَانْطَلَقْتُ مَعَهُ، قَالَ: فَإِذَا أَنَا بِجَوَادٌ عَنْ شِمَالِي، [قَالَ]: فَأَخَذْتُ لِآخُذَ فِيهَا، فَقَالَ لِي: لَا تَأْخُذْ فِيهَا فَإِنَّهَا طُرُقُ أَصْحَابِ الشِّمَالِ، قَالَ: فَإِذَا جَوَادٌ مَنْهَجٌ عَلَى يَمِينِي، فَقَالَ لِي: خُذْ هَاهُنَا. فَأَتَى بِي جَبَلًا، فَقَالَ لِي: اصْعَدْ. قَالَ: فَجَعَلْتُ إِذَا أَرَدْتُ أَنْ أَصْعَدَ خَرَرْتُ عَلَى اسْتِي. قَالَ: حَتَّى فَعَلْتُ ذَلِكَ مِرَارًا، قَالَ: ثُمَّ انْطَلَقَ بِي حَتَّى أَتَى بِي عَمُودًا رَأْسُهُ فِي السَّمَاءِ وَأَسْفَلُهُ فِي الْأَرْضِ، فِي أَعْلَاهُ حَلْقَةٌ، فَقَالَ لِي: اصْعَدْ فَوْقَ هَذَا، قَالَ: قُلْتُ: كَيْفَ أَصْعَدُ هَذَا وَرَأْسُهُ فِي السَّمَاءِ؟ قَالَ: فَأَخَذَ بِيَدِي فَزَجَلَ بِي، قَالَ: فَإِذَا أَنَا مُتَعَلِّقٌ بِالْحَلْقَةِ، قَالَ: ثُمَّ ضَرَبَ الْعَمُودَ فَخَرَّ، قَالَ: وَبَقِيتُ مُتَعَلِّقًا بِالْحَلْقَةِ حَتَّى أَصْبَحْتُ، قَالَ: فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَصَصْتُهَا عَلَيْهِ، فَقَالَ: ((أَمَّا الطُّرُقُ الَّتِي رَأَيْتَ عَنْ يَسَارِكَ فَهِيَ طُرُقُ أَصْحَابِ الشِّمَالِ)). قَالَ: ((وَأَمَّا الطُّرُقُ الَّتِي رَأَيْتَ عَنْ يَمِينِكَ فَهِيَ طُرُقُ أَصْحَابِ الْيَمِينِ، وَأَمَّا الْجَبَلُ فَهُوَ مَنْزِلُ الشُّهَدَاءِ وَلَنْ تَنَالَهُ، وَأَمَّا الْعَمُودُ فَهُوَ عَمُودُ الْإِسْلَامِ، وَأَمَّا الْعُرْوَةُ فَهِيَ عُرْوَةُ الْإِسْلَامِ، وَلَنْ تَزَالَ مُتَمَسِّكًا بِهَا حَتَّى تَمُوتَ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٠٢]

لە(خَرَشَة)ی کوڕی (حُـرّ)ەوە دەڵـێ: دانیشـتبووم لـە ئەڵقـەی مزگـەوتی مەدینەدا، پیرێکی شێوە شیرینی تیدابوو، کە (عبدالله)ی کوڕی (سلام)بـوو، قسەی جوانی بۆ دەکردن، کاتێ هەستا خەڵکەکە وتیان: هەرکەس حەزدەکات تەماشای ئەهلی بەهەشت بکات با تەماشای ئەمە بکات. وتم: واللە دەبێ دوای بکەوم تا شوێنیماڵەکەی بزانم، دوای کەوتم ئەویش ڕۆیـی تـا زۆری نـەمابوو لەمەدینە دەرچێت، ئەمجا چووە ماڵەکەی خۆی، داوای ئیزنم کرد، ڕێگای دام و وتـی: پێویسـتیت چیـیە ئـەی برازام؟ وتم: لەوخەڵکەم بیست کاتێ هەسـتایت پێیان دەوتی: هەرکەس پێی خۆشە تەماشای ئەهلی بەهەشت بکات باتەماشای ئەمـە بکـات، بۆیـە پێمخۆشـبوو لەگـەڵت بم، وتـی: خـوا زانـاترە بـە خـەڵکی بەهەشـت، قسەیشـت بۆ دەکـەم ئـەو خەڵکە بۆچ وایان وتووە: من لە کـاتێکدا خەوتبووم پیاوێك هات و پێـی وتم: هەسـتە، دەسـتی گـرتم و لەگـەڵی چـووم، تاوەختێکم دی چەند ڕێگەیەك هەیە لەلای چەپم، ویستم پیایاندا بڕۆم، وتـی: لەوێوە مەڕۆ ئەوە ڕێگای هاوەڵانی چەپن، لەلای ڕاستیشمەوە چەند ڕێگایـەکی ڕاست و ڕەوان هەبوو، وتی: ئێرە بگرە، هێنامی بەرەو چیایەك وتی: سەرکەوە، هەرچـەند دەمویسـت سـەرکەوم دەکـەوتم بەپشـتا هـەتا چـەندجار ئەمـەم کـرد

پاشان بردمی هەتا گەیاندمیە لای کۆڵەکەیەك سەری لەئاسمان بوو خواری لە زەوی، لەلای سەرەوە ئەڵقەیەکی پێوەبوو وتی: سەرکەوە بەم کۆڵەکەدا وتم: چۆن سەرکەوم کەسەری لەئاسمانە؟ دەڵێ: بەرزی کردمەوە و هەڵیدام، وەختێکم زانی دەستم گرتووە بە ئەڵقەکەوە، ئەمجا دای لەکۆڵەکەکە و خستی بەزەوی‌دا منیش بە ئەڵقەکەوە هەڵواسرابووم هەتا ڕۆژم کردەوە، ئەمجا هاتمە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) خەوەکەم بۆ گێڕایەوە فەرمووی: ((ئەو جادانەی لای چەپت ئەوە ڕێگای یارانی چەپن، ئەوانەیشی لای ڕاستت بوون ئەوە ڕێگای یارانی ڕاستن، چیاکەیش پلەو پایەی شەهیدەکانە و تۆ نایگەیتێ، کۆڵەکەکەیش کۆڵەکەی دینە، قوڵفەکەی سەرەوەیش ئەوە قوڵفی ئیسلامەو، تۆ بەردەوام دەستت پێوەی دەبێت تا دەمریت)).

(٣٩) پلە وپایەی سعد ی کوڕی معاذ (ﷺ)

١٦٢٦ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَجَنَازَةُ سَعْدِ بْنِ مُعَاذٍ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ: ((اهْتَزَّ لَهَا عَرْشُ الرَّحْمَنِ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٩٢]

لە(جابر)ی کوڕی عبدالله وە (ﷺ)) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتێکدا تەرمەکەی سعدی کوڕی معاذ لەبەردەستیاندا بوو فەرمووی: ((عەرشی خوا بۆ ئەم تەرمە هاتە لەرزە)).

١٦٢٧ـ عن الْبَرَاءَ (ﷺ) قَالَ: أُهْدِيَتْ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حُلَّةُ حَرِيرٍ، فَجَعَلَ أَصْحَابُهُ يَلْمِسُونَهَا وَيَعْجَبُونَ مِنْ لِينِهَا، فَقَالَ: ((أَتَعْجَبُونَ مِنْ لِينِ هَذِهِ؟ لَمَنَادِيلُ سَعْدِ بْنِ مُعَاذٍ فِي الْجَنَّةِ خَيْرٌ مِنْهَا وَأَلْيَنُ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٩٢]

لە(براء)ەوە (ﷺ) دەڵێ: قاتێ جلی ئاوریشم بەدیاری هێنرا بۆ پێغەمبەرو (ﷺ)، یارەکانی دەستیان لێ‌دەدا و سەرسام بوون لەنەرم و شلیەکەی، فەرمووی: ((سەرسام دەبن لەنەرمی ئەم جلە، دەستە سڕەکانی (سعد)ی کوڕی (معاذ) لەبەهەشتدا لەمە چاکتر و نەرمترە)).

(٤٠) پلە وپایەی (أبي طلحة)ی (الانصاری) و(أم سلیم)ی خێزانی (ﷺ)

١٦٢٨ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: مَاتَ ابْنٌ لِأَبِي طَلْحَةَ مِنْ أُمِّ سُلَيْمٍ ، فَقَالَتْ لِأَهْلِهَا: لَا تُحَدِّثُوا أَبَا طَلْحَةَ بِابْنِهِ حَتَّى أَكُونَ أَنَا أُحَدِّثُهُ. قَالَ: فَجَاءَ، فَقَرَّبَتْ إِلَيْهِ عَشَاءً فَأَكَلَ وَشَرِبَ، فَقَالَ: ثُمَّ تَصَنَّعَتْ لَهُ أَحْسَنَ مَا كَانَ تَصَنَّعُ قَبْلَ ذَلِكَ، فَوَقَعَ بِهَا، فَلَمَّا رَأَتْ أَنَّهُ قَدْ شَبِعَ وَأَصَابَ مِنْهَا قَالَتْ: يَا أَبَا طَلْحَةَ، أَرَأَيْتَ لَوْ أَنَّ قَوْمًا أَعَارُوا

عَارِيَتَهُمْ أَهْلَ بَيْتٍ، فَطَلَبُوا عَارِيَتَهُمْ، أَلَهُمْ أَنْ يَمْنَعُوهُمْ؟ قَالَ: لَا. قَالَتْ: فَاحْتَسِبِ ابْنَكَ. قَالَ: فَغَضِبَ، وَقَالَ: تَرَكْتِنِي حَتَّى تَلَطَّخْتُ ثُمَّ أَخْبَرْتِنِي بِابْنِي. فَانْطَلَقَ حَتَّى أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْبَرَهُ بِمَا كَانَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بَارَكَ اللَّهُ لَكُمَا فِي غَابِرِ لَيْلَتِكُمَا)). قَالَ: فَحَمَلَتْ، قَالَ: فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَفَرٍ وَهِيَ مَعَهُ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَتَى الْمَدِينَةَ مِنْ سَفَرٍ لَا يَطْرُقُهَا طُرُوقًا، فَدَنَوْا مِنَ الْمَدِينَةِ، فَضَرَبَهَا الْمَخَاضُ، فَاحْتُبِسَ عَلَيْهَا أَبُو طَلْحَةَ، وَانْطَلَقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: يَقُولُ أَبُو طَلْحَةَ: إِنَّكَ لَتَعْلَمُ يَا رَبِّ إِنَّهُ يُعْجِبُنِي أَنْ أَخْرُجَ، مَعَ رَسُولِكَ إِذَا خَرَجَ، وَأَدْخُلَ مَعَهُ إِذَا دَخَلَ، وَقَدِ احْتَبَسْتُ بِمَا تَرَى. قَالَ: تَقُولُ أُمُّ سُلَيْمٍ: يَا أَبَا طَلْحَةَ، مَا أَجِدُ الَّذِي كُنْتُ أَجِدُ، انْطَلِقْ، فَانْطَلَقْنَا. [قَالَ]: وَضَرَبَهَا الْمَخَاضُ حِينَ قَدِمَا، فَوَلَدَتْ غُلَامًا، فَقَالَتْ لِي أُمِّي: يَا أَنَسُ لَا يُرْضِعُهُ أَحَدٌ حَتَّى تَغْدُوَ بِهِ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَلَمَّا أَصْبَحَ احْتَمَلْتُهُ، فَانْطَلَقْتُ بِهِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: فَصَادَفْتُهُ وَمَعَهُ مِيسَمٌ، فَلَمَّا رَآنِي قَالَ: ((لَعَلَّ أُمَّ سُلَيْمٍ وَلَدَتْ)). قُلْتُ: نَعَمْ. فَوَضَعَ الْمِيسَمَ، [قَالَ]: وَجِئْتُ بِهِ فَوَضَعْتُهُ فِي حَجْرِهِ، وَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِعَجْوَةٍ مِنْ عَجْوَةِ الْمَدِينَةِ، فَلَاكَهَا فِي فِيهِ حَتَّى ذَابَتْ، ثُمَّ قَذَفَهَا فِي فِي الصَّبِيِّ، فَجَعَلَ الصَّبِيُّ يَتَلَمَّظُهَا، قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((انْظُرُوا إِلَى حُبِّ الْأَنْصَارِ التَّمْرَ)). قَالَ: فَمَسَحَ وَجْهَهُ وَسَمَّاهُ: عَبْدَ اللَّهِ. [بخاري/ اللباس/ ٥٤٨٦]

لە(انس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: کوڕێکی (أبو طلحة)لە (أم سلیم) مرد، (أم سلیم) بەکەس و کارەکەی وت: کەس قسەی ئەم کوڕەنەکات بۆ (أبو طلحة)تا خۆم قسەی بۆ دەکەم، (ابو طلحة) هاتەوە و شێوی بۆ داناو، نان و ئاوی خوارد و، لەپاشدا، (أم سلیم) خۆی بۆ ڕازاندەوە جوانتر لەهەموو کاتەکانی تری بەر لەوجارە، هەتا سەرجێیی لەگەڵ کرد، کاتێ زانی کەتێری خواردووە و کاری خۆیکردووە، وتی: ئەی (أبو طلحة) ئایە ڕات چۆنە گەر کەسێك ئەمانە تێك بدات بەکەسێکی تر، دوایی داوای ئەو ئەمانەتەی لێبکەن بۆی هەیە نەیداتەوە؟ وتی: نەء، وتی: تۆیش داوای ئەجر و پاداشتی کوڕەکەت لە خوا بکە. (أبوطلحة) ڕقی هەستا و وتی: وازت لێهینام هەتا گیانی خۆم پیس کرد، دوای ئەوە هەواڵی کوڕەکەمم دەدەیتێ. ڕۆیشت هەتا چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی دایێ بەو ڕوودواوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوا شەوی ڕابوردوتان لێپیرۆز بکات)).

(ام سلیم) سکی پڕبوو، پێغەمبەری خوا چوو بۆ سەفەرێك ئەویشی لەگەڵ بوو، پێغەمبەری خوا ئەگەر لەسەفەر بهاتایەتەوە بۆ مەدینە شەو نەدەچووە ناو شار، نزیکی مەدینە بوونەوە، (ام سلیم)ژان گرتی، (أبو طلحة) بەلایەوە مایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە ڕێ، (ابوطلحة)دەیوت: ئەی خوایە خۆت دەزانی من زۆرم پێخۆشە لەگەڵ پێغەمبەرەکەت دەرچم کاتی کە دەرچوو، لەگەڵی بچمەوە ناو شار کاتێ چووەوە، وامن گیرم خواردووە بەم حاڵەوە کە دەبینی، (ام سلیم) وتی: ئەی (ابوطلحة) ئەو ژانە سکەی هەمبوو نەما، بڕۆ، دەڵێ: ڕۆیشتین، کاتی گەیشتینە مەدینە ژانەسکەکەی بۆهاتەوە و کوڕێکی بوو، دایکم پێی وتم: ئەی (انس) کەس گۆشی ناکات هەتا نەیبەیتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، کە ڕۆژ بوویەوە هەڵم گرتوو بردم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) کاتی من چووم مەقاشێکی بەدەستەوە بوو، کەمنی دی فەرمووی: ((وا دیارە (ام سلیم) منداڵی بووە)) وتم: بەڵێ، مەقاشەکەی دانا و منداڵەکەم بۆ هێنا لە دامێنیدا دامنا، پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کرد دەنکێ خورمای مەدینەیان بۆ هێنا لەدەمی خۆیدا جوی هەتا توایەوە، لەپاشدا خستی‌یە دەمی منداڵەکە، منداڵەکە خواردی و هەرچیش بەلێوی‌یەوە مابوو، دەیلێسایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بڕوانن (انصار) چەندە خورمایان خۆشدەوێ))، ئەمجا دەستی هێنا بە ڕوومەتیدا و ناوی نا (عبدالله).

(٤١) پلە وپایەی (أبيّ ی کوڕی کعب)(ﷺ)

١٦٢٩ـ عن أَنَس (ﷺ) قالَ: جَمَعَ الْقُرْآنَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَرْبَعَةٌ كُلُّهُمْ مِنَ الْأَنْصَارِ: مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ، وَأُبَيُّ بْنُ كَعْبٍ، وَزَيْدُ بْنُ ثَابِتٍ، وَأَبُو زَيْدٍ. قَالَ قَتَادَةُ: قُلْتُ لِأَنَسٍ: مَنْ أَبُو زَيْدٍ؟ قَالَ: أَحَدُ عُمُومَتِي. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٩٩]

لە(انس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: چوارکەس لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) قورئانیان کۆکردەوە هەموویان لە ئەنصاربوون: (معاذ کوڕی جبل)، (ابیّ ی کوڕی کعب)، (زیدی کوڕی ثابت)، (ابو زید). قتادە دەڵێ: بە (انس)م وت: ابو زید کێیە؟ وتی: یەکێکە لە مامەکانی من.

(٤٢)پلەو پایەی أبو ذر الغفاري (رضي الله عنه)

١٦٣٠ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الصَّامِتِ قَالَ قَالَ أَبُو ذَرٍّ (رضي الله عنه): خَرَجْنَا مِنْ قَوْمِنَا غِفَارٍ، وَكَانُوا يُحِلُّونَ الشَّهْرَ الْحَرَامَ، فَخَرَجْتُ أَنَا وَأَخِي أُنَيْسٌ وَأُمُّنَا، فَنَزَلْنَا عَلَى خَالٍ لَنَا، فَأَكْرَمَنَا خَالُنَا وَأَحْسَنَ إِلَيْنَا، فَحَسَدَنَا قَوْمُهُ، فَقَالُوا: إِنَّكَ إِذَا خَرَجْتَ عَنْ أَهْلِكَ خَالَفَ إِلَيْهِمْ أُنَيْسٌ، فَجَاءَ خَالُنَا فَنَثَا عَلَيْنَا الَّذِي قِيلَ لَهُ: فَقُلْتُ: أَمَّا مَا مَضَى مِنْ مَعْرُوفِكَ فَقَدْ كَدَّرْتَهُ، وَلَا جِمَاعَ لَكَ فِيمَا بَعْدُ، فَقَرَّبْنَا صِرْمَتَنَا فَاحْتَمَلْنَا عَلَيْهَا، وَتَغَطَّى خَالُنَا ثَوْبَهُ فَجَعَلَ يَبْكِي، فَانْطَلَقْنَا حَتَّى نَزَلْنَا بِحَضْرَةِ مَكَّةَ، فَنَافَرَ أُنَيْسٌ عَنْ صِرْمَتِنَا وَعَنْ مِثْلِهَا، فَأَتَيَا الْكَاهِنَ فَخَيَّرَ أُنَيْسًا فَأَتَانَا أُنَيْسٌ بِصِرْمَتِنَا وَمِثْلِهَا مَعَهَا. قَالَ: وَقَدْ صَلَّيْتُ يَا ابْنَ أَخِي قَبْلَ أَنْ أَلْقَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِثَلَاثِ سِنِينَ. قُلْتُ: لِمَنْ؟ قَالَ: لِلَّهِ. قُلْتُ: فَأَيْنَ تَوَجَّهُ؟ قَالَ: أَتَوَجَّهُ حَيْثُ يُوَجِّهُنِي رَبِّي، أُصَلِّي عِشَاءً حَتَّى إِذَا كَانَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ أُلْقِيتُ كَأَنِّي خِفَاءٌ حَتَّى تَعْلُوَنِي الشَّمْسُ، فَقَالَ أُنَيْسٌ: إِنَّ لِي حَاجَةً بِمَكَّةَ فَاكْفِنِي، فَانْطَلَقَ أُنَيْسٌ حَتَّى أَتَى مَكَّةَ، فَرَاثَ عَلَيَّ ثُمَّ جَاءَ، فَقُلْتُ: مَا صَنَعْتَ؟ قَالَ: لَقِيتُ رَجُلًا بِمَكَّةَ عَلَى دِينِكَ، يَزْعُمُ أَنَّ اللَّهَ أَرْسَلَهُ. قُلْتُ: فَمَا يَقُولُ النَّاسُ؟ قَالَ: يَقُولُونَ: شَاعِرٌ، كَاهِنٌ، سَاحِرٌ، وَكَانَ أُنَيْسٌ أَحَدَ الشُّعَرَاءِ. قَالَ أُنَيْسٌ: لَقَدْ سَمِعْتُ قَوْلَ الْكَهَنَةِ، فَمَا هُوَ بِقَوْلِهِمْ. وَلَقَدْ وَضَعْتُ قَوْلَهُ عَلَى أَقْرَاءِ الشِّعْرِ، فَمَا يَلْتَئِمُ عَلَى لِسَانِ أَحَدٍ بَعْدِي أَنَّهُ شِعْرٌ، وَاللَّهِ إِنَّهُ لَصَادِقٌ، وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ. قَالَ: قُلْتُ: فَاكْفِنِي حَتَّى أَذْهَبَ فَأَنْظُرَ. قَالَ: فَأَتَيْتُ مَكَّةَ، فَتَضَعَّفْتُ رَجُلًا مِنْهُمْ، فَقُلْتُ: أَيْنَ هَذَا الَّذِي تَدْعُونَهُ الصَّابِئَ؟ فَأَشَارَ إِلَيَّ فَقَالَ: الصَّابِئَ، فَمَالَ عَلَيَّ أَهْلُ الْوَادِي بِكُلِّ مَدَرَةٍ وَعَظْمٍ حَتَّى خَرَرْتُ مَغْشِيًّا عَلَيَّ. قَالَ: فَارْتَفَعْتُ حِينَ ارْتَفَعْتُ كَأَنِّي نُصُبٌ أَحْمَرُ، قَالَ: فَأَتَيْتُ زَمْزَمَ فَغَسَلْتُ عَنِّي الدِّمَاءَ، وَشَرِبْتُ مِنْ مَائِهَا، وَلَقَدْ لَبِثْتُ يَا ابْنَ أَخِي ثَلَاثِينَ بَيْنَ لَيْلَةٍ وَيَوْمٍ، مَا كَانَ لِي طَعَامٌ إِلَّا مَاءُ زَمْزَمَ، فَسَمِنْتُ حَتَّى تَكَسَّرَتْ عُكَنُ بَطْنِي، وَمَا وَجَدْتُ عَلَى كَبِدِي سُخْفَةَ جُوعٍ. قَالَ: فَبَيْنَا أَهْلُ مَكَّةَ فِي لَيْلَةٍ قَمْرَاءَ إِضْحِيَانَ، إِذْ ضُرِبَ عَلَى أَسْمِخَتِهِمْ فَمَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ أَحَدٌ، وَامْرَأَتَيْنِ مِنْهُمْ تَدْعُوَانِ إِسَافًا وَنَائِلَةَ. قَالَ: فَأَتَتَا عَلَيَّ فِي طَوَافِهِمَا، فَقُلْتُ: أَنْكِحَا أَحَدَهُمَا الْأُخْرَى، قَالَ: فَمَا تَنَاهَتَا عَنْ قَوْلِهِمَا. قَالَ: فَأَتَتَا عَلَيَّ، فَقُلْتُ: هَنٌ مِثْلُ الْخَشَبَةِ، غَيْرَ أَنِّي لَا أَكْنِي. فَانْطَلَقَتَا تُوَلْوِلَانِ وَتَقُولَانِ: لَوْ كَانَ هَاهُنَا أَحَدٌ مِنْ أَنْفَارِنَا، قَالَ: فَاسْتَقْبَلَهُمَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبُو بَكْرٍ وَهُمَا هَابِطَانِ، قَالَ: ((مَا لَكُمَا)). قَالَتَا: الصَّابِئُ بَيْنَ الْكَعْبَةِ

وَأَسْتَارِهَا. قَالَ: ((مَا قَالَ لَكُمَا)). قَالَتَا: إِنَّهُ قَالَ لَنَا كَلِمَةً تَمْلَأُ الْفَمَ. وَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى اسْتَلَمَ الْحَجَرَ، وَطَافَ بِالْبَيْتِ هُوَ وَصَاحِبُهُ، ثُمَّ صَلَّى، فَلَمَّا قَضَى صَلَاتَهُ، قَالَ أَبُو ذَرٍّ: فَكُنْتُ أَنَا أَوَّلَ مَنْ حَيَّاهُ بِتَحِيَّةِ الْإِسْلَامِ، قَالَ: فَقُلْتُ: السَّلَامُ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: ((وَعَلَيْكَ وَرَحْمَةُ اللَّهِ)). ثُمَّ قَالَ: ((مَنْ أَنْتَ)). قَالَ: قُلْتُ: مِنْ غِفَارٍ. قَالَ: فَأَهْوَى بِيَدِهِ فَوَضَعَ أَصَابِعَهُ عَلَى جَبْهَتِهِ، فَقُلْتُ فِي نَفْسِي: كَرِهَ أَنِ انْتَمَيْتُ إِلَى غِفَارٍ، فَذَهَبْتُ آخُذُ بِيَدِهِ فَقَدَعَنِي صَاحِبُهُ، وَكَانَ أَعْلَمَ بِهِ مِنِّي، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ ثُمَّ قَالَ: ((مَتَى كُنْتَ هَاهُنَا)). قَالَ: قُلْتُ: قَدْ كُنْتُ هَاهُنَا مُنْذُ ثَلَاثِينَ بَيْنَ لَيْلَةٍ وَيَوْمٍ. قَالَ: ((فَمَنْ كَانَ يُطْعِمُكَ)). قَالَ: قُلْتُ: مَا كَانَ لِي طَعَامٌ إِلَّا مَاءُ زَمْزَمَ، فَسَمِنْتُ حَتَّى تَكَسَّرَتْ عُكَنُ بَطْنِي، وَمَا أَجِدُ عَلَى كَبِدِي سُخْفَةَ جُوعٍ. قَالَ: ((إِنَّهَا مُبَارَكَةٌ، إِنَّهَا طَعَامُ طُعْمٍ)). فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، ائْذَنْ لِي فِي طَعَامِهِ اللَّيْلَةَ، فَانْطَلَقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبُو بَكْرٍ وَانْطَلَقْتُ مَعَهُمَا، فَفَتَحَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) بَابًا، فَجَعَلَ يَقْبِضُ لَنَا مِنْ زَبِيبِ الطَّائِفِ، وَكَانَ ذَلِكَ أَوَّلَ طَعَامٍ أَكَلْتُهُ بِهَا، ثُمَّ غَبَرْتُ مَا غَبَرْتُ، ثُمَّ أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((إِنَّهُ قَدْ وُجِّهَتْ لِي أَرْضٌ ذَاتُ نَخْلٍ، لَا أُرَاهَا إِلَّا يَثْرِبَ، فَهَلْ أَنْتَ مُبَلِّغٌ عَنِّي قَوْمَكَ، عَسَى اللَّهُ أَنْ يَنْفَعَهُمْ بِكَ وَيَأْجُرَكَ فِيهِمْ)). فَأَتَيْتُ أُنَيْسًا، فَقَالَ: مَا صَنَعْتَ؟ قُلْتُ: صَنَعْتُ أَنِّي قَدْ أَسْلَمْتُ وَصَدَّقْتُ. قَالَ: مَا بِي رَغْبَةٌ عَنْ دِينِكَ، فَإِنِّي قَدْ أَسْلَمْتُ وَصَدَّقْتُ. فَأَتَيْنَا أُمَّنَا، فَقَالَتْ: مَا بِي رَغْبَةٌ عَنْ دِينِكُمَا، فَإِنِّي قَدْ أَسْلَمْتُ وَصَدَّقْتُ، فَاحْتَمَلْنَا حَتَّى أَتَيْنَا قَوْمَنَا غِفَارًا، فَأَسْلَمَ نِصْفُهُمْ، وَكَانَ يَؤُمُّهُمْ إِيمَاءُ بْنُ رَحَضَةَ [الْغِفَارِيُّ] وَكَانَ سَيِّدَهُمْ، وَقَالَ نِصْفُهُمْ: إِذَا قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَدِينَةَ أَسْلَمْنَا. فَقَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَدِينَةَ، فَأَسْلَمَ نِصْفُهُمُ الْبَاقِي، وَجَاءَتْ أَسْلَمُ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِخْوَتُنَا نُسْلِمُ عَلَى الَّذِي أَسْلَمُوا عَلَيْهِ، فَأَسْلَمُوا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((غِفَارُ غَفَرَ اللَّهُ لَهَا، وَأَسْلَمُ سَالَمَهَا اللَّهُ)).

لە(عبدالله) ی کوڕی (صامت)ەوە (ﷺ) دەڵێ: (ابوذر) (ﷺ) وتی: دەرچووین لەناو هۆزەکەمان (غفار)، حاڵیان وابوو لە مانگی حەرام دا کۆچ و باریان دەکرد، من و(أنیس)ی برام و دایکم هاتین بووین بە میوانی خاڵێکمان، ڕێزی لێگرتین و چاکەی لەگەڵ کردین، قەومەکەی حەسودییان پێبردین، وتیان: هەرکات تۆ خێزانت جێدێڵی، (أنیس)دەچێتە لایان، خاڵەکەمان هات ئەوەی پێی وترابوو دەری بڕی بۆمان، منیش پێم وت: ئەو چاکەیەت کە ڕابورد بەڕاستی لێڵت کرد،

ئیتر ئێمە لەگەڵت دانانیشین، بڕگە وشترەکەمان هێنایە نزیکمان و بارمان کردن، خاڵیشمان بەجلەکانی خۆی سەری داپۆشی و دەستی کرد بە گریان، ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە نزیك مەککە، (أنیس) گرەوی کرد [لەگەڵ شاعیرێکدا] لەسەر بڕگە وشترەکەی ئێمە و ئەوەندەی ئەوەی ئێمە، چوونە لای فاڵچی [وپرسیاریان لێکرد] (أنیس)ی بەچاك دانا [گرەوەکەی بردەوە] انیس بڕگەکەی خۆیشمان و ئەوەندەی تریشی هێنایەوە، دەڵێ: ئەی برازام من نوێـژم دەکـرد، بەرلـەوەی بگەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەسێ‌ساڵ، وتم:بۆکێ؟ وتی: بۆخوا، وتم: ڕووت دەکردە کوێ؟ وتی: ڕووم دەکرد بۆ هەر شوێنێ کە خوا ڕێکی بخستایە، نوێژی عیشام دەکرد هەتا شەو درەنگ دەبوو دەکەوتم وەك پەلاسی [سەر کونە] هـەتا خۆر بەرز دەبوویەوە بەسەرمدا، (انیس) وتی: کارێکم هەیە لەمەککە تۆ ئیشەکانی من بکە، (انیس) ڕۆیی بۆ مەککە و درەنگ هاتەوە، کە هاتەوە وتم: چیت کرد؟ وتی: گەیشتم بەپیاوێك لە مەککە لەسـەر دینـی تۆیـە، دەڵـێ: خـوای گـەورە ناردویەتی وتم: خەڵك چی پێدەڵێن؟ وتی: دەڵێن شاعیرە، کاهینە، جادووگەرە، (انیس)- کـە خـۆی یـەکێ بـوو لـە شـاعیران- وتـی: مـن قسـەی کاهینــەکانم بیستووە، ئەو گوفتارە لەقسەی ئەوان ناچێت، وتەکەیم بەراورد کردووە لەگەڵ ڕێبازەکانی شیعردا نە لەگەڵ شیعری من و نەلەگەڵ زمـانی هیـچ شـاعیرێکدا جگە لە من ناگونجێ کە ئەوە شیعر بێت، سوێند بەخوا ئەو ڕاست دەکات و ئەوان درۆ دەکەن. [ابوذر] دەڵـێ: وتم: تۆ ئیشەکانی من بکە تـا دەچـم بـزانم چی‌یە؟ هاتمە مەککە،پیاوێکم بەهەژار و بێ‌وەی زانی پێم وت: ئەوپیاوەی ناوی دەبەن بە (صابئ) لە کوێیـە؟ ئاماژەی بۆمــن کـردو بـە خەڵکەکـەی وت: ئـەوە (صابئ)ە خەڵکی ئەو دۆڵە پەلاماریاندام،بەهەموو خشت و ئێسکێك لـەو ناوەدا هـەبوو، هـەتا کـەوتم بـەدەمداو بێـهۆش کـەوتم، کاتـێ هەڵسـامەوە هەرلـەبتی سوورکراو بەخوێن دەچووم، هاتمە سەر زەمزەم و، خوێنەکەم لـەخۆم شۆرد و، ئاوم لێ‌خواردەوە، پانزە شەووپانزە ڕۆژ مامەوە، ئەی برازاکەم، هیچ خۆراکێکم نەبوو جگە لەئاوی زەمزەم، کەچی قەڵـەوبووم. هەتا لۆچی سکم شوربویەوەو، هەستم بەلاوازیو برسێتی نەدەکرد، لەکاتێکدا خەڵکی مەککە لەشەوێکی مانگە شەوی سایەقەو سافدا بوون، گوێیان ئاخنرابوو بەخەوێکی قورس ویـەك کـەس لـەدەوری (کەعبـە) نەدەگـەڕان، دوو ئـافرەتیش لـەوان لـە (إسـاف) و (نائلــە)

دەپاڕانەوە، لەکاتی گەڕانیاندا دایان بەلای مندا، وتم: یەکێکیان مارە بېرن لەوی تریان، هەر وازیان نەهێنا و هاتنەوە بەسەرمندا، وتم: هینێکی ڕەقی وەك دار، بەلاّم بە کینایەیش نەمووت: [واتە: ناوی ڕێك و ڕەوانی عەیبی پیاوی برد، مەبەستی جنێو بوو]. ڕۆیشتن بەدەم وەلوەلەوە و دەیانوت: خۆزگە لێرەدا یەکێ لە کۆمەڵی خۆمانمان لابوایە، لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) و ابوبکر، کە [لە ڕاکردنی نێوان صفا و مروە] دەهاتنە خوار هاتن بەرەو روویان، فەرمووی: ((ئەوە چیتانە؟.)) وتیان: (صابئ)ە کەلە نێوان کەعبەو پەردەکانیدایە، فەرمووی: ((چی پێوتن؟)) وتیان: قسەیەکی پێوتین پڕ بەدەمە و ناوتریێ. پێغەمبەر (ﷺ) هات هەتا دەستی دالە بەردە ڕەشەکە و، خۆی و هاوەڵەکەی تەوافی (بیت)یان کردوو، دوای ئەوە نوێژی کرد، کاتێ نوێژەکەی تەواو کرد، (أبوذر)دەڵێ: من یەکەم کەس بووم سەلامم لێکرد بە سەلامی ئیسلام وتم: (السلام علیك یارسول الله) فەرمووی: ((وعلیك ورحمه الله)) پاشان فەرمووی: ((تۆ کێی؟)) وتم: لە (غفار)م دەستی دانەواند و پەنجەکانی خستە سەر ناوچەوانی، لە دڵی خۆمدا وتم: پێی ناخۆشبوو لە غیفارم، چووم بۆلای دەستی بگرم، هاوڕێکەی گرتمی، ئەویش شارەزاتر بوو بەحاڵی لەمن، لەدوا سەری بەرزکردەوە و فەرمووی: ((لەکەیەوە لێرەدای؟)) وتم: سی شەو وڕۆژەوە {واتە پانزە شەو و پانزە ڕۆژ} وتی: ((کێ خۆراکی دایتێ؟)) وتم: خۆراکم نەبوو، جگە لەئاوی زەمزەم، قەڵەویش بووم هەتا لۆچی سکم شۆڕبوەتەوە، لەسەر جەرگیشم هەست بەلاوازی برسێتی ناکەم، فەرمووی: ((بەڕاستی زەمزەم پیرۆزە هەرکەس بیخواتەوە تێری دەکات)). أبوبکر (ﷺ) فەرمووی: یارسول الله ڕێگام بدە ئەمشەو من خۆراکی بدەمێ، پێغەمبەر و أبوبکر ڕۆیشتن و منیش لەگەڵیان ڕۆیشتم، ابوبکر (ﷺ) دەرگایەکی کردەوە، بەمشت مێوژی (طائف)ی ئەداینێ، ئەوە یەکەم خۆراك بوو خواردم لە مەککە دا، دوای ئەوە مامەوە ئەوەندەی کەمامەوە، دوایی چوومە خزمەتی پێغەمبەر فەرمووی: ((من [لەخەودا] خاکێکی خاوەن دارخورمام پیشان دراوە لە (یثرب)بەولاوە بەهیچ شوێنێکی تری نازانم، ئایا تۆ دەنگم دەگەیەنیت بە هۆزەکەت؟ بەڵکو خوا بەهۆی تۆوە سوودیان پێبگەیەنێت و، تۆیش پاداشتت دەسکەوێت بەهۆی ئەوانەوە)). دەڵێ: هاتمەوە بۆ لای (أنیس) وتی: چیت کرد؟ وتم: ئەوەم کرد کە موسوڵمان

بـووم و بـاوەڕم هێنـا. وتـی: منيش لـه دينـی تـۆ لانـادەم، بەڕاسـتی منيـش موسڵمان بووم و باوەڕم هێنا. هـاتين بۆلای دايكمـان، وتـی: من لـه دينـی ئێـوه لانـادەم، ئـەوامنيش موسـڵمان بـووم و بـاوەڕم هێنـا، ماڵمـان بـاركرد هـەتا گەيشتينه لای هۆزەكـەمان (غفـار)نيوەيـان موسـڵمان بـوون، (ايمـاء)ی كـوڕی (رحضة)ی غيفاری كه ڕيش سپيان بوو پێشنوێژی بۆ دەكردن، نيوەكەی تريان وتيان هەركات پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ مەدينه موسڵمان دەبين، ئەمجا پێغەمبـەر (ﷺ) هات بۆ مەدينه و نيوەكەی تريشيان موسڵمان بوون، {هۆزی} (اسلم)يش هاتن، وتيان: يا رسول الله ئەوان برای ئێمـەن ئێمـەش موسـڵمان دەبين لەسـەر ئەوەی ئەوان لەسەری موسڵمان بوون، هەموويان موسـڵمان بـوون، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((غفار خوا لێيان ببورێ، اسلم خوا سەلامەتيان بكات)).

١٦٣١ـعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا بَلَغَ أَبَا ذَرٍّ مَبْعَثُ النَّبِيِّ (ﷺ) بِمَكَّةَ، قَالَ لِأَخِيهِ [انيس]: ارْكَبْ [وسر] إِلَى هَذَا الْوَادِي، فَاعْلَمْ لِي عِلْمَ هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي يَزْعُمُ أَنَّهُ يَأْتِيهِ الْخَبَرُ مِنَ السَّمَاءِ، فَاسْمَعْ مِنْ قَوْلِهِ ثُمَّ ائْتِنِي. فَانْطَلَقَ الْآخَرُ حَتَّى قَدِمَ مَكَّةَ وَسَمِعَ مِنْ قَوْلِهِ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى أَبِي ذَرٍّ، فَقَالَ: رَأَيْتُهُ يَأْمُرُ بِمَكَارِمِ الْأَخْلَاقِ، وَ [يقول] كَلَامًا مَا هُوَ بِالشِّعْرِ. فَقَالَ: مَا شَفَيْتَنِي فِيمَا أَرَدْتُ، فَتَزَوَّدَ وَحَمَلَ شَنَّةً لَهُ فِيهَا مَاءٌ، [وسار] حَتَّى قَدِمَ مَكَّةَ، فَأَتَى الْمَسْجِدَ فَالْتَمَسَ النَّبِيَّ (ﷺ) وَلَا يَعْرِفُهُ، وَكَرِهَ أَنْ يَسْأَلَ عَنْهُ، حَتَّى أَدْرَكَهُ -يَعْنِي اللَّيْلَ- فَاضْطَجَعَ، فَرَآهُ عَلِيٌّ (ﷺ)، فَعَرَفَ أَنَّهُ غَرِيبٌ، فَلَمَّا رَآهُ تَبِعَهُ، فَلَمْ يَسْأَلْ وَاحِدٌ مِنْهُمَا صَاحِبَهُ عَنْ شَيْءٍ حَتَّى أَصْبَحَ، ثُمَّ احْتَمَلَ قِرْبَتَهُ وَزَادَهُ إِلَى الْمَسْجِدِ، فَظَلَّ ذَلِكَ الْيَوْمَ [فيه] وَلَا يَرَى النَّبِيَّ (ﷺ) حَتَّى أَمْسَى، فَعَادَ إِلَى مَضْجَعِهِ، فَمَرَّ بِهِ عَلِيٌّ (ﷺ) فَقَالَ: مَا أَنَى لِلرَّجُلِ أَنْ يَعْلَمَ مَنْزِلَهُ؟ فَأَقَامَهُ فَذَهَبَ بِهِ مَعَهُ، وَلَا يَسْأَلُ وَاحِدٌ مِنْهُمَا صَاحِبَهُ عَنْ شَيْءٍ، حَتَّى إِذَا كَانَ يَوْمُ الثَّالِثِ فَعَلَ مِثْلَ ذَلِكَ، فَأَقَامَهُ عَلِيٌّ (ﷺ) مَعَهُ، ثُمَّ قَالَ لَهُ: أَلَا تُحَدِّثُنِي مَا الَّذِي أَقْدَمَكَ هَذَا الْبَلَدَ؟ قَالَ: إِنْ أَعْطَيْتَنِي عَهْدًا وَمِيثَاقًا لَتُرْشِدَنِّي فَعَلْتُ، فَفَعَلَ، فَأَخْبَرَهُ فَقَالَ: فَإِنَّهُ حَقٌّ وَهُوَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَإِذَا أَصْبَحْتَ فَاتَّبِعْنِي، فَإِنِّي إِنْ رَأَيْتُ شَيْئًا أَخَافُ عَلَيْكَ قُمْتُ كَأَنِّي أُرِيقُ الْمَاءَ، فَإِنْ مَضَيْتُ فَاتَّبِعْنِي حَتَّى تَدْخُلَ مَدْخَلِي، فَفَعَلَ. فَانْطَلَقَ يَقْفُوهُ حَتَّى دَخَلَ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَدَخَلَ مَعَهُ، فَسَمِعَ مِنْ قَوْلِهِ (ﷺ) وَأَسْلَمَ مَكَانَهُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((ارْجِعْ إِلَى قَوْمِكَ فَأَخْبِرْهُمْ حَتَّى يَأْتِيَكَ أَمْرِي)). فَقَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَأَصْرُخَنَّ بِهَا بَيْنَ

ظَهْرَانَيْهِمْ. فَخَرَجَ حَتَّى أَتَى الْمَسْجِدَ، فَنَادَى بِأَعْلَى صَوْتِهِ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَ [أشهد] أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ. وَثَارَ الْقَوْمُ فَضَرَبُوهُ حَتَّى أَضْجَعُوهُ على الأرض، فَأَتَى الْعَبَّاسُ [بن عبدالمطلب (ﷺ)] فَأَكَبَّ عَلَيْهِ، فَقَالَ: وَيْلَكُمْ أَلَسْتُمْ تَعْلَمُونَ أَنَّهُ مِنْ غِفَارٍ، وَأَنَّ طَرِيقَ تُجَّارِكُمْ إِلَى الشَّامِ عَلَيْهِمْ؟ فَأَنْقَذَهُ مِنْهُمْ، ثُمَّ عَادَ مِنَ الْغَدِ بِمِثْلِهَا، وَثَارُوا إِلَيْهِ فَضَرَبُوهُ، فَأَكَبَّ عَلَيْهِ الْعَبَّاسُ فَأَنْقَذَهُ. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٢٨]

له(ابن عباس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا (ابوذر)هەواڵی ناردنی پێغەمبەری (ﷺ) پێگەیشت، بە (انیس)ی برای وت: سواربەو برۆ بۆ ئەو دۆڵە، هەواڵی ئەو پیاوەم بۆ بزانە کە وادەزانێت پێغەمبەرەو لە ئاسمانەوە هەواڵی بۆ دێ، گوێ لەوتەکانی بگرە و وەرەوە بۆ لام، (انیس) کەوتە ڕێ تاگەیشتە مەککە و گوێی لەوتەکانی گرت و، گەڕایەوە بۆلای (ابو ذر)و وتی: دیم فەرمانی دەکرد بە ڕەوشتە بەرزەکان وقسەیەکی {دەوت} شیعر نەبوو، وتی: دڵنیات نەکردم لەوەی کەویستم، ئەمجا خۆی توێشووی هەڵگرت کونەیەکی لەگەڵ خۆی برد ئاوی تیابوو، ڕۆیی هەتا گەیشتە مەککە، هاتە مزگەوت و بەدوای پێغەمبەردا (ﷺ) دەگەڕا ونەیشیدەناسی، حەزیشی نەدەکرد پرسیار بکات، هەتا شەوی بەسەرداهات، ڕاکشا (علی (ﷺ))بینی، زانی غەریبە، خوڵکی کرد، ئەویش دوای کەوت، بەڵام کەسیان پرسیاری هیچیان لەکەسی تریان نەکرد هەتا ڕۆژبوویەوە، دیسانەوە کونە ئاوەکە و توێشووەکەی هەڵگرت بەرەو مزگەوت، ئەو ڕۆژەیش تا ئێوارە لەوێ مایەوە و پێغەمبەری (ﷺ) نەبینی، گەڕایەوە جێگە خەوەکەی، علی (ﷺ) بەلایدا تێپەڕی وتی: ئەم پیاوە کاتی ئەوەی نەهاتووە خانە خوێکەی بزانێت؟ هەڵیساند و لەگەڵ خۆی بردیەوە، هیچیان پرسیاریان لەوی تریان نەکرد، هەتا لە ڕۆژی سێهەمدا هەروەك دووهەمی کرد، علی (ﷺ) لەگەڵ خۆی هەڵیساند و پاشان پێی وت: ئایا پێم ناڵێی چی تۆی هێناوەتە ئەم شارە؟ وتی: ئەگەر بەڵێنم بدەیتێ کە ڕێنمایم بکەیت پێت دەڵێم، بەڵێنی دایێ، ئەویش پێی وت، ئەمجا (علی) وتی: دڵنیابە ئەو ڕاست دەکا پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، هەرکات ڕۆژت لێبوویەوە دوای من بکەوە، من ئەگەر شتێکم بینی جێگای مەترسی بوو بۆتۆ ڕادەوەستم {لەپەنا دیوارێکدا} وەك ئەوەی دەست بەئاو بگەیەنم، ئەگەر ڕۆیشتم دوامکەوە تادەگەیتە ئەو شوێنەی منی بۆدەچم،

(ابـوذر) بـەو شـێوەی کـرد و دوای کـەوت هـــەتا گەیشــتە لای پێغەمبــەر (ﷺ) ئەویش لەگەڵیدا چوو، فەرموودەی پێغەمبەری (ﷺ) بیست و موسڵمان بوو لـە شوێنی خۆیدا، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((بگەڕێرەوە نـاو هۆزەکـەت هـەواڵی ئەم دینەیان پێبگەیەنە هەتا فەرمانی منت بۆدێ)). وتـی: سوێندم بەوکەسـەی گیانی منی بەدەستە لەنێوەندی قورەیشەکاندا هاوار دەکەم، ڕۆیشت هەتاهاتـە مزگەوت، بـە بەرزترین دەنگـی هـاواری کـرد (اشـهد ان لا الـه الا الله و أشـهد أن محمـداً رسـول الله) خەڵکەکـە پـەلاماریان دایـی و کەوتنـە لێدانـی، تاکوتایـان بەزەویدا، (عباس)ی کوڕی (عبدالمطلب)هات خۆیدا بەسەریدا و وتـی: ئـەی بەدبەختانـە ئـەی نازانن ئەمـە لـە هـۆزی غیفـارە و ڕێگـای بازرگانیتـان بـۆ شـام بەسەر ئەواندایە، دەری هێنا لەژێر دەستیان، کەچی سبەینێ بەهەمان شێوەی کردەوە و پەلاماریان داین و لێیاندا دیسانەوە هەر (عباس) خۆی دابەملیدا و ڕزگاری کرد لە دەستیان.

(٤٣) پله وپایەی أبي موسى الاشعري (ﷺ)

١٦٣٢ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَال: كُنْتُ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ نَازِلٌ بِالْجِعْرَانَةِ بَيْنَ مَكَّةَ وَالْمَدِينَةِ، وَمَعَهُ بِلَالٌ، فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلٌ أَعْرَابِيٌّ، فَقَالَ: أَلَا تُنْجِزُ لِي يَا مُحَمَّدُ مَا وَعَدْتَنِي؟ فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَبْشِرْ)). فَقَالَ لَهُ الْأَعْرَابِيُّ: أَكْثَرْتَ عَلَيَّ مِنْ أَبْشِرْ. فَأَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى أَبِي مُوسَى وَبِلَالٍ كَهَيْئَةِ الْغَضْبَانِ، فَقَالَ: ((إِنَّ هَذَا قَدْ رَدَّ الْبُشْرَى، فَاقْبَلَا أَنْتُمَا)). فَقَالَا: قَبِلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ. ثُمَّ دَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِقَدَحٍ فِيهِ مَاءٌ، فَغَسَلَ يَدَيْهِ وَوَجْهَهُ فِيهِ، وَمَجَّ فِيهِ ثُمَّ قَالَ: ((اشْرَبَا مِنْهُ، وَأَفْرِغَا عَلَى وُجُوهِكُمَا وَنُحُورِكُمَا وَأَبْشِرَا)). فَأَخَذَا الْقَدَحَ، فَفَعَلَا مَا أَمَرَهُمَا بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَنَادَتْهُمَا أُمُّ سَلَمَةَ مِنْ وَرَاءِ السِّتْرِ: أَفْضِلَا لِأُمِّكُمَا مِمَّا فِي إِنَائِكُمَا. فَأَفْضَلَا لَهَا مِنْهُ طَائِفَةً. [بخاري/ المغازي/ ٤٠٧٣]

لـە(ابـی موسیالاشـعری)یـەوە (ﷺ) دەڵـێ: مـن لای پێغەمبـەر (ﷺ) بـووم، کەدابەزیبو لـە (جعرانـە) لـەنێوان مەککـە و مەدینـەدا، (بـلال)یشـی لەگـەڵ بـوو، پیاوێکی ئەعرابی هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، وتـی: ئـەی محمـد ئایـە ئـەو بەڵێنانـەی کـە پێـت دابووم بـۆم جێبـەجێ ناکـەیت؟ پێغەمبــەر (ﷺ) فـەرمووی: ((مـوژدە وەرگـرە)) کـابرا وتـی: زۆرت پێوتـووم مـوژدە وەرگـرە، پێغەمبـەر (ﷺ) ڕویکردە (أبوموسی)و (بلال) شێوەی وەك تورەبووبێت، وتـی: ئەمـە موژدەکـەی

منی داوەتە دواوە، ئێوە وەریگرن، وتیان وەرمان گرت، ئەی پێغەمبەری خوا. دوای ئـەوە پێغەمبـەر (ﷺ) پـەرداخێ ئـاوی داواکـرد دەسـتی و ڕوومـەتی تێداشۆرد و ئاوی دەمی ڕۆکردەوە ناوی ئەمجا فەرمووی: ((لێی بخۆنـەوە و بیشیکەن بەڕوخسار وگەردنیشتاندا و موژدە وەرگرن، پەرداخەکەیان وەرگرت و ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدان کردیان (أم سلمه) لەپشتی پـەردەوە بانگی کردن، لـەوەی نـاو قاپەکەتان بەشی دایکیشـتان بهێڵنـەوە، هـەندێکیان هێشتەوە بۆ (أم سلمه).

(٤٤) پلەو پایەی (أبی موسی) و، (أبی عامر)ی الاشعری (ﷺ)

١٦٣٣ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ: عَنْ أَبِيهِ قَالَ: لَمَّا فَرَغَ النَّبِيُّ (ﷺ) مِنْ حُنَيْنٍ بَعَثَ أَبَا عَامِرٍ عَلَى جَيْشٍ إِلَى أَوْطَاسٍ، فَلَقِيَ دُرَيْدَ بْنَ الصِّمَّةِ، فَقُتِلَ دُرَيْدٌ [بن الصمة] وَهَزَمَ اللَّهُ أَصْحَابَهُ، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: وَبَعَثَنِي مَعَ أَبِي عَامِرٍ، قَالَ: فَرُمِيَ أَبُو عَامِرٍ فِي رُكْبَتِهِ، رَمَاهُ رَجُلٌ مِنْ بَنِي جُشَمٍ بِسَهْمٍ فَأَثْبَتَهُ فِي رُكْبَتِهِ، فَانْتَهَيْتُ إِلَيْهِ فَقُلْتُ: يَا عَمِّ مَنْ رَمَاكَ؟ فَأَشَارَ أَبُو عَامِرٍ إِلَى أَبِي مُوسَى فَقَالَ: إِنَّ ذَاكَ قَاتِلِي تَرَاهُ، ذَلِكَ الَّذِي رَمَانِي. قَالَ أَبُو مُوسَى: فَقَصَدْتُ لَهُ فَاعْتَمَدْتُهُ فَلَحِقْتُهُ، فَلَمَّا رَآنِي وَلَّى عَنِّي ذَاهِبًا، فَاتَّبَعْتُهُ وَجَعَلْتُ أَقُولُ لَهُ: أَلَا تَسْتَحْيِي؟ أَلَسْتَ عَرَبِيًّا؟ أَلَا تَثْبُتُ؟ فَكَفَّ، فَالْتَقَيْتُ أَنَا وَهُوَ، فَاخْتَلَفْنَا أَنَا وَهُوَ ضَرْبَتَيْنِ، فَضَرَبْتُهُ بِالسَّيْفِ فَقَتَلْتُهُ، ثُمَّ رَجَعْتُ إِلَى أَبِي عَامِرٍ فَقُلْتُ: إِنَّ اللَّهَ قَدْ قَتَلَ صَاحِبَكَ. قَالَ: فَانْزِعْ هَذَا السَّهْمَ، فَنَزَعْتُهُ، فَنَزَا مِنْهُ الْمَاءُ، فَقَالَ: يَا ابْنَ أَخِي انْطَلِقْ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَقْرِئْهُ مِنِّي السَّلَامَ، وَقُلْ لَهُ: يَقُولُ لَكَ أَبُو عَامِرٍ: اسْتَغْفِرْ لِي. قَالَ: وَاسْتَعْمَلَنِي أَبُو عَامِرٍ عَلَى النَّاسِ، وَمَكَثَ يَسِيرًا، ثُمَّ إِنَّهُ مَاتَ، فَلَمَّا رَجَعْتُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) دَخَلْتُ عَلَيْهِ، وَهُوَ فِي بَيْتٍ عَلَى سَرِيرٍ مُرْمَلٍ وَعَلَيْهِ فِرَاشٌ، وَقَدْ أَثَّرَ رِمَالُ السَّرِيرِ بِظَهْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَجَنْبَيْهِ، فَأَخْبَرْتُهُ بِخَبَرِنَا وَخَبَرِ أَبِي عَامِرٍ، وَقُلْتُ لَهُ: قَالَ: قُلْ لَهُ يَسْتَغْفِرْ لِي. فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَاءٍ فَتَوَضَّأَ مِنْهُ، ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ ثُمَّ قَالَ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعُبَيْدٍ أَبِي عَامِرٍ)). حَتَّى رَأَيْتُ بَيَاضَ إِبْطَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: ((اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَوْقَ كَثِيرٍ مِنْ خَلْقِكَ، أَوْ: مِنَ النَّاسِ)). فَقُلْتُ: وَلِي يَا رَسُولَ اللَّهِ فَاسْتَغْفِرْ. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ قَيْسٍ ذَنْبَهُ، وَأَدْخِلْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُدْخَلًا كَرِيمًا)). قَالَ أَبُو بُرْدَةَ: إِحْدَاهُمَا لِأَبِي عَامِرٍ، وَالْأُخْرَى لِأَبِي مُوسَى. [بخاري/ المغازي/ ٤٠٦٨]

لە(ابي بردة)وە، لەباوكی‌یەوە دەڵێ: لەكاتێكدا پێغەمبەر (ﷺ) لە {جەنگی} حونـەین لێبوویـەوە (ابـو عـامر)ی كـرد بەسـەركردەی سـوپایەك و، نـاردی بـۆ (أوطاس)گەیشت بە (دُرید)ی كوڕی (الصّمّة)(دُرید)ی كوڕی {الصّمّە} كوژرا و خوا هاوڕێكانیشی تێكشكاند، دەڵێ: منیشی لەگەڵ (ابوعامر) نارد، (ابوعامر) تیرێك گیرایە ئەژنۆی،پیاوێك لە (بني جُشم) تێیگرت و لە ئەژنۆیدا چەقاندی گەیشتمە لای، وتم: ئەی مامەم كێ تێیگرتی؟ (ابـو عـامر) ئامـاژەی كـرد وبـە (ابوموسی)ی وت: ئەوە بكوژەكەمە دەیبینیت، ئەوەیە تیری تێگرتم. (ابوموسی) دەڵێ: بۆی چووم دوای كەوتم، كاتێ منی دی ڕۆیشت، دوای كەوتم و بانگم لێكرد ئایا شەرم ناكەیت؟ ئایە تۆ عەرەب نیت؟ بۆخۆت ناگریت؟ وەستا، من و ئەو هاتین بەیەكدا و یـەكی شمشمێرێكمان داهێنایـەوە بۆیــەك [بەرنەكـەوتین] ئەمجا شمشێرێكم لێدا و كوشتم، دوایـی گەڕامـەوە بۆ لای ابو عامر وتم: خوا بكوژەكـەی كوشـتی. وتــی ئــەو تــیرە دەربهێنــە، تیرەكـــەم دەرهێنــا، ئــاوی لێدەڕۆیشـت و نەدەوەستایەوە، وتـی: ئـەی بـرازام بـڕۆ بـۆلای پێغەمبــەر (ﷺ) سـەلامی منـی پێبگەیەنە و بڵـێ: (ابوعامر) دەیـوت: داوای لێبـوردنم بۆ بكـات، دەڵێ: (ابوعامر) منی كرد بەسەركردەی خەڵكەكە خۆیشی كەمێك مایەوە لەدوا وەفاتی كرد، كاتێ گەڕامەوە لای پێغەمبـەر چووم بۆ خزمەتی، لـەماڵێكدا بوو لەسەر قەرەوێڵەیەك كە بە گەڵای دارخورما چنرابوو جلیشـی لەسـەر داخرابوو شوێنەواری لـق وپـۆی سەر ئەو قەرەوێڵـە ، لە پشـت وكەلەكەكانیدا دیـاربوو، هەواڵم داپێ بەهەواڵی خۆمان و هەواڵی (ابو عامر)، عەرزم كرد. عامر وتی: پێـی بڵـێ: داوای لێبـوردنم بـۆ بكات، پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئاوی كرد، دەستنوێژی لێگـرت و ئـەمجا دەستی بەرزركردەوە و فـەرمووی: ((ئـەی خوایـە خۆشـبە لـە (عُبیدی كوڕی عامر)) هـەتا سپێتی بـن باڵـەكانیم دی، دوای ئـەوە فـەرمووی: ((ئـەی خوایـە لە ڕۆژی قیامـەتدا بیخـەیتە سەرووی زۆرێك لـە خەڵكی، یـان لـە ئادەمیزاد)) وتم: بۆ منیش ئەی پێغەمبەری خوا داوای لێبوردن بكە، پێغەمبـەر فەرمووی: ((ئـەی خوایـە لـە تاوانـەكانی (عبـدالله)ی كـوڕی (قیـس) ببـورە و، لـە ڕۆژی قیامـەتدا بیخـەرە جێگایـەكی بەڕێزەوە)). ابـو بـردە دەڵـێ: دوعایـەكیان بـۆ (ابو عامر) و ئەوی تریان بۆ (ابو موسی)بوو.

(٤٥) پلە و پایەی (أبوهریرة)ەی دەوسی (ﷺ)

١٦٣٤ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أَدْعُو أُمِّي إِلَى الْإِسْلَامِ وَهِيَ مُشْرِكَةٌ، فَدَعَوْتُهَا يَوْمًا فَأَسْمَعَتْنِي فِي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَا أَكْرَهُ، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَأَنَا أَبْكِي، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي كُنْتُ أَدْعُو أُمِّي إِلَى الْإِسْلَامِ، فَتَأْبَى عَلَيَّ، فَدَعَوْتُهَا الْيَوْمَ فَأَسْمَعَتْنِي فِيكَ مَا أَكْرَهُ، فَادْعُ اللَّهَ أَنْ يَهْدِيَ أُمَّ أَبِي هُرَيْرَةَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ اهْدِ أُمَّ أَبِي هُرَيْرَةَ)). فَخَرَجْتُ مُسْتَبْشِرًا بِدَعْوَةِ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا جِئْتُ فَصِرْتُ إِلَى الْبَابِ فَإِذَا هُوَ مُجَافٌ، فَسَمِعَتْ أُمِّي خَشْفَ قَدَمَيَّ، فَقَالَتْ: مَكَانَكَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، وَسَمِعْتُ خَضْخَضَةَ الْمَاءِ، قَالَ: فَاغْتَسَلَتْ وَلَبِسَتْ دِرْعَهَا، وَعَجِلَتْ عَنْ خِمَارِهَا، فَفَتَحَتْ الْبَابَ ثُمَّ قَالَتْ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، قَالَ: فَرَجَعْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَتَيْتُهُ وَأَنَا أَبْكِي مِنْ الْفَرَحِ، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَبْشِرْ، قَدْ اسْتَجَابَ اللَّهُ دَعْوَتَكَ، وَهَدَى أُمَّ أَبِي هُرَيْرَةَ. فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ وَقَالَ خَيْرًا. قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ادْعُ اللَّهَ أَنْ يُحَبِّبَنِي أَنَا وَأُمِّي إِلَى عِبَادِهِ الْمُؤْمِنِينَ وَيُحَبِّبَهُمْ إِلَيْنَا. قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ حَبِّبْ عُبَيْدَكَ هَذَا -يَعْنِي أَبَا هُرَيْرَةَ- وَأُمَّهُ إِلَى عِبَادِكَ الْمُؤْمِنِينَ، وَحَبِّبْ إِلَيْهِمُ الْمُؤْمِنِينَ)). فَمَا خُلِقَ مُؤْمِنٌ يَسْمَعُ بِي وَلَا يَرَانِي إِلَّا أَحَبَّنِي.

لە(أبي هريرة)وە (ﷺ) دەڵێ: دایکم بێ باوەڕ بوو، بانگم دەکرد بۆ ئیسلام، ڕۆژێك بانگم کرد قسەیەکی بەرانبەر پێغەمبەر (ﷺ) دابە گوێمدا پێم ناخۆش بوو، هاتم بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) دەگریام وتم: ئەی پێغەمبەری خوا من دایکمم بانگ کرد بۆ ئیسلام بەقسەی نەکردم، ئەمڕۆ بانگم کرد قسەیەکی دابەگوێمدا بەرانبەر بە تۆ پێم ناخۆش بوو، لەخوا بپاڕێرەوە دایکی ابوهریرە ڕێنمایی بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی خوایە دایکی ابوهریرە هیدایەت بدەیت)). دەرچووم و زۆر دڵخۆش بووم بە دوعاکەی پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێك هاتم و گەیشتمە بەردەرگا، داخرابوو، دایکم گوێی لەخشەی پێم بوو وتی: لەشوێنی خۆت بە ئەی ابوهریرە، گوێم لە خوڕەی ئاوبوو، خۆیشۆرد و کراسەکەی لەبەرکرد و، ئەوەندەیپەلە بوو سەرپۆشەکەی لەسەر نەکرد، دەرگاکەی کردەوە و وتی: ئەی أبوهریرة (أشهد ان لا الـه الا الله و اشهد ان محمداً رسول الله)، وتی: گەڕامەوە بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، دەگریام

لەخۆشیدا، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا موژدە وەرگرە خوا دوعاکەی وەرگرتی هیدایەتی دایکی (أبوهریرة)ی دا،سوپاس و سەنای خوای کرد و چاکەی فەرموو. وتم: ئەی پێغەمبەر لەخوا داوا بکە من و دایکم لای بەندە باوەڕدارەکانی خۆشەویست بکات و، ئەوانیش لای ئێمە خۆشەویست بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی خوایە ئەم بەندە بچکۆلەی خۆت و -مەبەستی ابوهریرە بوو- دایکیشی خۆشەویست بکە لای بەندە باوەڕدارەکانت و، باوەڕدارانیش لای ئەمان خۆشەویست بکە)). دەڵێ: باوەڕدارێك نەهاتۆتە سەر دنیا ناوی منی بیستبێ و نەیشی بینیبم هەر منی خۆشویستووە))

١٦٣٥ـ عن عُرْوَةَ، عن عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: أَلَا يُعْجِبُكَ أَبُو هُرَيْرَةَ؟ جَاءَ فَجَلَسَ إِلَى جَنْبِ حُجْرَتِي، يُحَدِّثُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) يُسْمِعُنِي ذَلِكَ، وَكُنْتُ أُسَبِّحُ، فَقَامَ قَبْلَ أَنْ أَقْضِيَ سُبْحَتِي، وَلَوْ أَدْرَكْتُهُ لَرَدَدْتُ عَلَيْهِ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَمْ يَكُنْ يَسْرُدُ الْحَدِيثَ كَسَرْدِكُمْ. قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: وَقَالَ ابْنُ الْمُسَيَّبِ: إِنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَالَ: يَقُولُونَ: إِنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ قَدْ أَكْثَرَ، وَاللَّهُ الْمَوْعِدُ، وَيَقُولُونَ: مَا بَالُ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ لَا يَتَحَدَّثُونَ مِثْلَ أَحَادِيثِهِ؟ وَسَأُخْبِرُكُمْ عَنْ ذَلِكَ: إِنَّ إِخْوَانِي مِنَ الْأَنْصَارِ كَانَ يَشْغَلُهُمْ عَمَلُ أَرَضِيهِمْ، وَإِنَّ إِخْوَانِي مِنَ الْمُهَاجِرِينَ كَانَ يَشْغَلُهُمُ الصَّفْقُ بِالْأَسْوَاقِ، وَكُنْتُ أَلْزَمُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى مِلْءِ بَطْنِي فَأَشْهَدُ إِذَا غَابُوا وَأَحْفَظُ إِذَا نَسُوا وَلَقَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (*)يَوْمًا أَيُّكُمْ يَبْسُطُ ثَوْبَهُ فَيَأْخُذُ مِنْ حَدِيثِي هَذَا ثُمَّ يَجْمَعُهُ إِلَى صَدْرِهِ فَإِنَّهُ لَمْ يَنْسَ شَيْئًا سَمِعَهُ فَبَسَطْتُ بُرْدَةً عَلَيَّ حَتَّى فَرَغَ مِنْ حَدِيثِهِ ثُمَّ جَمَعْتُهَا إِلَى صَدْرِي فَمَا نَسِيتُ بَعْدَ ذَلِكَ الْيَوْمِ شَيْئًا حَدَّثَنِي بِهِ وَلَوْلَا آيَتَانِ أَنْزَلَهُمَا اللَّهُ فِي كِتَابِهِ مَا حَدَّثْتُ شَيْئًا أَبَدًا (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى) إِلَى آخِرِ الْآيَتَيْنِ. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٧٥]

لە(عروة)وە لە (عائشة)وە (ﷺ) دەڵێ: ئایە سەرت سوڕنامێنێ لە (ابوهریرە) هات و لەپەنا حوجرەکەی مندا دانیشت و فەرمودەی پێغەمبەری (ﷺ) دەگێڕایەوە و، دەیدا بە گوێی مندا، منیش نوێژی سوننەتم دەکرد، ئەو هەستا بەرلەوەی من نوێژەکەم تەواو کەم، ئەگەر فریای بکەوتایەم بەرپەرچم دەدایەوە: کە بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) وەك ئێوە فەرمودەی زۆر لەسەر یەك نەخوێندوەتەوە. (ابن شهاب) لە (ابن المسیب)ەوە کە (ابو هریرە)وتی: دەڵێن: (ابوهریرة) فەرمودەی زۆر گێڕاوەتەوە، لای خوا وادەمان بێت {دەردەکەوێ گەر

درۆم کردبێ} دەڵێن: هۆی چییە یاریدەدەران و کۆچکەران وەك (أبوهریرە) فەرموودە ناگێڕنەوە؟ من هەواڵتان دەدەمێ لەمە: برا (انصاری)یەکانم سەرگەرمی کاربوون لەناو زەویەکانیاندا، برا (مهاجر)ەکانیشم سەرگەرمی مامەڵەی بازار بوون، بەڵام من هەر کە سکم تێر بووایە ئیتر لە پێغەمبەر (ﷺ) جیانەدەبوومەوە، من ئامادە دەبووم کاتێ ئەوان لەوێ نەبوون، من لەبەرم دەکرد کاتێ ئەوان لەبیریان دەچوو، ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((کێتان جلەکەی ڕادەخات هەتا لەم فەرموودەی من وەربگرێت و کۆی بکاتەوە لەسینگیدا، بەڕاستی هەرچی بیست ئیتر لەبیری ناچێتەوە)). بوردەکەی بەرم ڕاخست هەتا لێبوویەوە لە فەرموودەکانی، ئەمجا کۆم کردەوە بۆ سەرسینگم دوای ئەو ڕۆژە هیچ شتێکم بیرنەچوو لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم. ئەگەر لەبەر دو ئایەتیش نەبێت کە خوای (ﷻ) نازڵی کردوون لە قورئانەکەیدا بەهەتا هەتایی هیچم نەدەگێڕایەوە: ﴿إن الذين يكتمون ما انزلنا من البينات و الهدى﴾ (واتە: ئەوانەی ئەو ڕوونکردنەوەو ڕێنماییانەی ئێمە دامانبەزاندوو دەشاردنەوە ..) تا کۆتایی هەردوو ئایەتەکە.

(٤٦) پلە و پایەی أبودجانة (ﷺ)

١٦٣٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَخَذَ سَيْفًا يَوْمَ أُحُدٍ، فَقَالَ: ((مَنْ يَأْخُذُ مِنِّي هَذَا)). فَبَسَطُوا أَيْدِيَهُمْ، كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْهُمْ يَقُولُ: أَنَا، أَنَا. قَالَ: ((فَمَنْ يَأْخُذُهُ بِحَقِّهِ)). قَالَ: فَأَحْجَمَ الْقَوْمُ، فَقَالَ سِمَاكُ [بْنُ خَرَشَةَ] أَبُو دُجَانَةَ: أَنَا آخُذُهُ بِحَقِّهِ. قَالَ: فَأَخَذَهُ فَفَلَقَ بِهِ هَامَ الْمُشْرِكِينَ.

لە(انس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی (أُحد) شمشێرێکی گرت و فەرمووی: ((کێ ئەمەم لێوەردەگرێت،؟)). دەستیان درێژکرد هەریەکەیان دەیوت من ، من فەرمووی: ((کێ دەیگرێت بەحەقی خۆی؟)) هەموو دەستیان گرتەوە و گەڕانە دواوە، (سماك)ی کوڕی (خرشه) (أبودجانة) وتی: من دەیگرم بەحەقی خۆی. دەڵێ: هەڵیگرت کەللەی بێباوەڕانی پێ لەت دەکرد.

(٤٧) پلە و پایەی أبوسفیان کوڕی حرب (ﷺ)

١٦٣٧ـ عن أَبِي زُمَيْلٍ: حَدَّثَنِي ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ الْمُسْلِمُونَ لَا يَنْظُرُونَ إِلَى أَبِي سُفْيَانَ وَلَا يُقَاعِدُونَهُ، فَقَالَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): يَا نَبِيَّ اللَّهِ ثَلَاثٌ أَعْطِنِيهِنَّ. قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: عِنْدِي أَحْسَنُ الْعَرَبِ وَأَجْمَلُهُ: أُمُّ حَبِيبَةَ بِنْتُ أَبِي

سُفْيَانَ أُزَوِّجُكَهَا، قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: وَمُعَاوِيَةُ تَجْعَلُهُ كَاتِبًا بَيْنَ يَدَيْكَ. قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: وَتُؤَمِّرُنِي حَتَّى أُقَاتِلَ الْكُفَّارَ كَمَا كُنْتُ أُقَاتِلُ الْمُسْلِمِينَ. قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ أَبُو زُمَيْلٍ: وَلَوْلَا أَنَّهُ طَلَبَ ذَلِكَ مِنَ النَّبِيِّ (ﷺ) مَا أَعْطَاهُ ذَلِكَ، لِأَنَّهُ لَمْ يَكُنْ يُسْأَلُ شَيْئًا إِلَّا قَالَ: ((نَعَمْ)).

لە(ابي زفيل)ەوە دەڵێ: ابن عباس (ﷺ) بۆی گێڕامەوە کە موسڵمانان بەچاوی ڕێزەوە تەماشای (ابوسفیان)یان نەدەکرد و لەگەڵی دانەدەنیشتن، وتی: بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەی پێغەمبەری خوا سێ شتم پێببەخشە، فەرمووی: ((بەڵێ،)) وتی: چاکترین و جوانترینی ئافرەتی عەرەب لای منە، (أم حبیبە)ی کچی (ابو سفیان)ت لێ مارە دەبڕم. فەرمووی: ((بەڵێ)) وتی: (معاویة)بکە بەنووسەر لەبەردەستی خۆتدا. فەرمووی: ((بەڵی)) منیش بکە بەسەرلەشکر هەتا بجەنگم لەگەڵ بێباوەڕان وەك چۆن جەنگام لەگەڵ موسڵمانان. فەرمووی: ((بەڵێ)) ابو زمیل دەڵێ: ئەگەر داوای ئەمانەی نەکردایە لە پێغەمبەر (ﷺ) پێی نەدەبەخشی چونکە ئەگەر داوای هەرشتێکی لێکرابێ فەرموویەتی: بەڵێ.

(٤٨) پلە وپایەی (جُلَيبيب)(ﷺ)

١٦٣٨ـ عَنْ أَبِي بَرْزَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ فِي مَغْزًى لَهُ، فَأَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْهِ، فَقَالَ لِأَصْحَابِهِ: ((هَلْ تَفْقِدُونَ مِنْ أَحَدٍ)). قَالُوا: نَعَمْ فُلَانًا، وَفُلَانًا، وَفُلَانًا، ثُمَّ قَالَ: ((هَلْ تَفْقِدُونَ مِنْ أَحَدٍ)). قَالُوا: نَعَمْ، فُلَانًا، وَفُلَانًا، وَفُلَانًا. ثُمَّ قَالَ: ((هَلْ تَفْقِدُونَ مِنْ أَحَدٍ)). قَالُوا: لَا. قَالَ: ((لَكِنِّي أَفْقِدُ جُلَيْبِيبًا، فَاطْلُبُوهُ)). فَطُلِبَ فِي الْقَتْلَى، فَوَجَدُوهُ إِلَى جَنْبِ سَبْعَةٍ قَدْ قَتَلَهُمْ، ثُمَّ قَتَلُوهُ، فَأَتَى النَّبِيُّ (ﷺ) فَوَقَفَ عَلَيْهِ فَقَالَ: ((قَتَلَ سَبْعَةً ثُمَّ قَتَلُوهُ، هَذَا مِنِّي وَأَنَا مِنْهُ، هَذَا مِنِّي وَأَنَا مِنْهُ)). [قَالَ]: فَوَضَعَهُ عَلَى سَاعِدَيْهِ، لَيْسَ لَهُ [سريا] إِلَّا سَاعِدَا النَّبِيِّ (ﷺ)، قَالَ: فَحُفِرَ لَهُ وَوُضِعَ فِي قَبْرِهِ. وَلَمْ يَذْكُرْ غَسْلًا.

لە(ابي بَرزەوە) (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزایەکدا بوو، خوای گەورە ماڵ و تالانی دەسخست، بەیارەکانی فەرموو: ((ئایە کەستان ون بووە)) وتیان: بەڵێ، فلان و فلان و و فلان، دیسانەوە فەرمووی: ((ئایە کەستان ون بوە؟)) وتیان بەلێ، فلان و، فلان و، فلان دیسانەوە فەرمووی: ((ئایە کەستان لێون بووە؟)) وتیان: نەء فەرمووی: ((بەلاّم من (جلیبیبم) لێوون بووە، بۆی بگەڕێن بۆی گەڕان، لەناو کوژراوەکاندا دۆزیانەوە، لەپەنا حەوت تەرمدا کە ئەم

کوشــتبوونی پێغەمبــەر (ﷺ) هــات ولــەلایدا وەســتا و فــەرمووی: ((حــەوتی کوشتووە ئەمجا کوشتوویانە، ئەمە لەمنە و منیش لـەوم، ئەمـە لەمنـە و منیش لەوم)) دەڵێ: داینـا لەسەر هـەردوو قۆڵـی، قەرەوێڵەی نەبوو جگە لـەدو قۆڵـی پێغەمبـەر (ﷺ)، ئەمجا گۆڕی بۆ هەڵکەنرا و لە گۆڕەکەیدا دانـرا، ئیـتر باسـی شۆردنی نەکرد.

(٤٩) پلە وپایەی (حسان)ی کوڕی (ثابت) (ﷺ)

١٦٣٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ عُمَرَ (ﷺ) مَرَّ بِحَسَّانَ وَهُوَ يُنْشِدُ الشِّعْرَ فِي الْمَسْجِدِ، فَلَحَظَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: قَدْ كُنْتُ أُنْشِدُ وَفِيهِ مَنْ هُوَ خَيْرٌ مِنْكَ، ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَى أَبِي هُرَيْرَةَ فَقَالَ: أَنْشُدُكَ اللَّهَ أَسَمِعْتَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((أَجِبْ عَنِّي اللَّهُمَّ أَيِّدْهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ))؟ قَالَ: اللَّهُمَّ نَعَمْ. [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٤٠]

لـە (ابـی هریـرە)ەوە (ﷺ) کـە (عمـر)ی کـوڕی (خطـاب) (ﷺ) تێپــەڕی بـەلای (حسان)دا لە مزگەوتەکەدا هۆنراوەی دەخوێندەوە، (عمـر) بۆی ڕوانـی، حسان وتی: لەکاتێکدا لەتۆ چاکتریشی تیابوو من شیعرم دەخوێندەوە، پاشان (عمـر) لایکردەوە بەلای (أبو هریرة)دا وتی: بەناوی خوا داوات لێدەکەم ئایا بیستووتە لـە پێغەمبـەر (ﷺ) کـە دەیەفـەرموو: ((وەڵام بـدەرەوە لـە بریتـی مـن، ئـەی خوایـە پشتگیری لێبکە بـە (روح القـدس)-کـە (جـبریل)ە (ﷺ) أبـو هریـرة وتـی: بـەڵێ سوێند بەخوا.

١٦٤٠ـ عَنْ الْبَرَاءَ بْنَ عَازِبٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ لِحَسَّانَ بْنِ ثَابِتٍ: ((اهْجُهُمْ، أَوْ: هَاجِهِمْ، وَجِبْرِيلُ مَعَكَ)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٤١]

لـە(براء)ی کـوڕی (عـازب)ەوە (ﷺ) دەڵـێ: بیسـتوومە لـە پێغەمبــەر (ﷺ) بـە (حسانی کوڕی (ثابت)ی فەرمووی: ((هەجویان بکە، جبریل لەگەڵت بێت)).

١٦٤١ـ عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ) وَعِنْدَهَا حَسَّانُ بْنُ ثَابِتٍ يُنْشِدُهَا شِعْرًا يُشَبِّبُ بِأَبْيَاتٍ لَهُ، فَقَالَ:

حَصَانٌ رَزَانٌ مَا تُزَنُّ بِرِيبَةٍ
وَتُصْبِحُ غَرْثَى مِنْ لُحُومِ الْغَوَافِلِ

فَقَالَتْ لَهُ عَائِشَةُ: لَكِنَّكَ لَسْتَ كَذَلِكَ. قَالَ مَسْرُوقٌ: فَقُلْتُ لَهَا: لِمَ تَأْذَنِينَ لَهُ يَدْخُلُ عَلَيْكِ؟ وَقَدْ قَالَ اللَّهُ: ﴿وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [النور:

١١]. فَقَالَتْ: فَأَيُّ عَذَابٍ أَشَدُّ مِنَ الْعَمَى؟ فقالت:إِنَّهُ كَانَ يُنَافِحُ -أَوْ: يُهَاجِي- عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ المغازي/ ٣٩١٥]

لە(مسروق)ەوە دەڵێ: چوو بۆ خزمەتی عائشة (ﷺ) (حسان) لای بوو شیعری دەخوێندەوە و بەچەند شیعرێکی خۆی مەدحی دەکرد:

حَصانٌ رزانٌ ماتُزَنُّ بِريبةٍ ... وتُصبِح غَرثى من لحوم الغوافلِ

واتە: عائشة داوێن پاکە، بەرێز و ویقارە، تۆمەتبار ناکرێت بە گومان. بێدەنگە لە ئاستی ئافرەتانی دڵپاك و ڕەوشت بەرز و بێئاگا لەخەتا.

عائشە فەرمووی: بەڵام تۆ وانیست، مەسروق دەڵێ: بەعائشەم وت: بۆچ ڕێگای ئەدەیت هات وچۆت بکات؟ لەکاتێکدا خوا دەفەرمویٚ: ﴿والذی تولی کبره له عذاب عظیم؟﴾ {النور:١١} عائشة فەرمووی: چ سزایەك سەختترە لە کوێری؟ ئینجا فەرمووی: بەڕاستی داکۆکیشی دەکرد لە پێغەمبەر .

١٦٤٢ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((اهْجُوا قُرَيْشًا، فَإِنَّهُ أَشَدُّ عَلَيْهَا مِنْ رَشْقٍ بِالنَّبْلِ)). فَأَرْسَلَ إِلَى ابْنِ رَوَاحَةَ فَقَالَ: ((اهْجُهُمْ)). فَهَجَاهُمْ فَلَمْ يُرْضِ فَأَرْسَلَ إِلَى كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ، ثُمَّ أَرْسَلَ إِلَى حَسَّانَ بْنِ ثَابِتٍ، فَلَمَّا دَخَلَ عَلَيْهِ، قَالَ حَسَّانُ: قَدْ آنَ لَكُمْ أَنْ تُرْسِلُوا إِلَى هَذَا الْأَسَدِ الضَّارِبِ بِذَنَبِهِ، ثُمَّ أَدْلَعَ لِسَانَهُ فَجَعَلَ يُحَرِّكُهُ، فَقَالَ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ لَأَفْرِيَنَّهُمْ بِلِسَانِي فَرْيَ الْأَدِيمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَعْجَلْ، فَإِنَّ أَبَا بَكْرٍ أَعْلَمُ قُرَيْشٍ بِأَنْسَابِهَا، وَإِنَّ لِي فِيهِمْ نَسَبًا حَتَّى يُلَخِّصَ لَكَ نَسَبِي)). فَأَتَاهُ حَسَّانُ، ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ لَخَّصَ لِي نَسَبَكَ، وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ لَأَسُلَّنَّكَ مِنْهُمْ كَمَا تُسَلُّ الشَّعْرَةُ مِنَ الْعَجِينِ. قَالَتْ عَائِشَةُ: فَسَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ لِحَسَّانَ: ((إِنَّ رُوحَ الْقُدُسِ لَا يَزَالُ يُؤَيِّدُكَ مَا نَافَحْتَ عَنِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ)). وَقَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((هَجَاهُمْ حَسَّانُ فَشَفَى وَاشْتَفَى)). قَالَ حَسَّانُ:

هَجَوْتَ مُحَمَّدًا فَأَجَبْتُ عَنْهُ ... وَعِنْدَ اللَّهِ فِي ذَاكَ الْجَزَاءُ
هَجَوْتَ مُحَمَّدًا بَرًّا حَنِيفًا ... رَسُولَ اللَّهِ شِيمَتُهُ الْوَفَاءُ
فَإِنَّ أَبِي وَوَالِدَهُ وَعِرْضِي ... لِعِرْضِ مُحَمَّدٍ مِنْكُمْ وِقَاءُ
ثَكِلْتُ بُنَيَّتِي إِنْ لَمْ تَرَوْهَا ... تُثِيرُ النَّقْعَ غَايَتُهَا كَدَاءِ
يُبَارِينَ الْأَعِنَّةَ مُصْعِدَاتٍ ... عَلَى أَكْتَافِهَا الْأَسَلُ الظِّمَاءُ
تَظَلُّ جِيَادُنَا مُتَمَطِّرَاتٍ ... تُلَطِّمُهُنَّ بِالْخُمُرِ النِّسَاءُ

فَإِنْ أَعْرَضْتُمُو عَنَّا اعْتَمَرْنَا وَكَانَ الْفَتْحُ وَانْكَشَفَ الْغِطَاءُ
وَإِلَّا فَاصْبِرُوا لِضِرَابِ يَوْمٍ يُـــــعِزُّ اللَّهُ فِيهِ مَـنْ يَشَاءُ
وَقَالَ اللَّهُ قَدْ أَرْسَلْتُ عَبْدًا يَقُولُ الْحَقَّ لَيْسَ بِهِ خَفَاءُ
وَقَالَ اللَّهُ قَدْ يَسَّرْتُ جُنْدًا هُمُ الْأَنْصَارُ عُرْضَتُهَا اللِّقَاءُ
لَنَا فِي كُـــلِّ يَوْمٍ مِنْ مَعَدٍّ سِبَابٌ أَوْ قِتَالٌ أَوْ هِجَـــــاءُ
فَمَنْ يَهْجُو رَسُولَ اللَّهِ مِنْكُمْ وَيَمْدَحُهُ وَيَنْصُرُهُ سَـــــوَاءُ
وَجِبْرِيلٌ رَسُولُ اللَّهِ فِينَا وَرُوحُ الْقُدُسِ لَيْسَ لَـــهُ كِفَاءُ

لە(عائشة)وە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((هەجوی قورەیش بکەن، بەڕاستی هــەجویان بــەلاوە ســەختترە لــە تیربــاران)) نــاردی بــۆلای ابـن رواحـە فەرمووی: ((هــەجویان بکــە)) هــەجووی کــردن، جێــی ڕەزامــەندی نــەبوو، ئــەمجا ناردی بۆلای (کعب) ی کوڕی (مـالك) ئـەمجا نـاردی بـۆلای (حسـان)ی کـوڕی (ثـابت) کاتێ (حسـان)هـات وتـی: کـاتی ئـەوەتان هـاتووە بنـێرن بـەدوای ئـەم شـێرەی کلك ڕادەوەشـێنێ، دوای ئـەوە زمـانی دەرهێنـا و سووڕی ئـەدا و وتـی سوێندم بەوکەسەی تۆی بەحەق ناردووە دەبێ بەزمانم بیـانبچڕێنم وەك چەرم، پێغەمبــەر (ﷺ) فــەرمووی: ((پەلــە مەکــە، ابوبکــر زانــاترین کەســە بەپشــت و ڕەگــەزی قورەیـش، منیـش ڕەگـەزێکم هەیـە لـەناویاندا، بارەگەزەکـەی منـت بـۆ جیابکاتـەوە هـەتا هـەجوی ئـەوان نەکـەیت)) حسـان چـوو بۆلای ابوبکر، دوایـی گەڕایەوە وتی: یارسول الله ڕەگەزی تۆی بۆ جیاکردمـەوە، سوێند بەوکەسەی تۆی بەحەق ناردووە دەرت دەهێنم لەوان وەك چۆن موو لەهـەویر دەردەهێنرێ.
عائشە دەڵێ: بیستم پێغەمبـەر (ﷺ) بە (حسـان)ی فەرموو: ((بەڕاستی جبریل هەمیشە پشت گیریت دەکات هەتا تۆ داکۆکی لەخوا و پێغەمبەرەکەی بکەیت)) هــەروەها فــەرمووی: ((حســان هــەجووی کــردن شـیفای دڵانــی داو شیفایشــی پــێوەرگرت)). حســان دەڵــێ: هــەجووی محمــدت کــرد وەڵامــم دایــەوە ، لــەم وەڵامدانەوەیشــدا پاداشــتی لای خــوام هەیــە. هــەجووی (محمــد)ێکــت کــرد چاکەکارە و حەق ویستە، پێغەمبەری خوایە، وەفاداری ڕەوشتییەتی، باوکم و باوکی باوکم و ناموسم، دەکەم بە قەڵغان بۆ پاراستنی ناموسی محمد لە ئێوە.
دەك ڕۆڕۆ بۆ کچەکـەم بکەم ئەگـەر ئەسپەکان نـەبینن تۆزبکات بەحـەوادا و بـەنیازی چونـە سەر (کداء) بۆتـان بکشـێ، پێشـبڕکێ بەلـەغاوەکانیان بکـەن و

لەسەر كۆڵیان ڕمی باریك و تینوو بەخوێنی دوژمنیان هەڵگرتبێ. ئەسپەكانی ئێمە هەردەم ئازاو چەسپانن، ژنەكان بەسەرپۆشەكانیان تۆز و گەردیان لێ دەتەكێنن، ئەگەر وازمان لێبهێنن عەمرە دەكەین و ئازادی دێت و گەرد وپەردەی دوژمنایەتی بەسەردەچێت، ئەگەر وایش ناكەن خۆبگرن بۆ لێدانی ڕۆژێك خوا كەسێك تیایدا سەربەرز دەكات، كە خۆی بیەوێت، خوا فەرمووی: بەڕاستی من بەندەیەكم كردووە بە پێغەمبەر ڕاستی دەڵێ: بێشاردنەوە.

خوا فەرمووی: من سوپا و سەربازێكم خستۆتە گەڕ كە (انصار)ن ئاوات و مەبەستیان ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنە.

بەشی ئێمە لە قورەیش هەموو ڕۆژێك یان جنێوە یان جەنگە، یان هەجوو زەمكردنە.

هەر كەس لە ئێوە هەجووی پێغەمبەر بكات، یان مەدحی بكات و پشتی بگرێت یەكسانە.

جبریل نێردراوی خوایە بۆلای ئێمە (روح القدس) كەس ناتوانێ بەرەنگاری ببێتەوە {لەجەنگدا}.

(٥٠) پلە و پایەی (جریر)ی كوڕی (عبدالله)ی (البجلی)(ﷺ)

١٦٤٣ـ عَنْ جَرِيرٍ (ﷺ) قَالَ: مَا حَجَبَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُنْذُ أَسْلَمْتُ، وَلَا رَآنِي إِلَّا تَبَسَّمَ فِي وَجْهِي. [بخاري/ الجهاد/ ٢٨٥٧]

لە(جریر)ەوە (ﷺ) دەڵێ: لەوكاتەوە موسڵمان بووم هیچ كات پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگای چوونە ژورەوەی لێنەگرتووم، هەركاتیش منی دیبێ بەزەردەخەوە ڕوبەڕوم بۆتەوە.

١٦٤٤ـ عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْبَجَلِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا جَرِيرُ، أَلَا تُرِيحُنِي مِنْ ذِي الْخَلَصَةِ)). بَيْتٍ لِخَثْعَمَ كَانَ يُدْعَى كَعْبَةَ الْيَمَانِيَةِ، قَالَ: فَنَفَرْتُ فِي خَمْسِينَ وَمِائَةِ فَارِسٍ، وَكُنْتُ لَا أَثْبُتُ عَلَى الْخَيْلِ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَضَرَبَ يَدَهُ فِي صَدْرِي فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ ثَبِّتْهُ، وَاجْعَلْهُ هَادِيًا مَهْدِيًّا)). قَالَ: فَانْطَلَقَ فَحَرَّقَهَا بِالنَّارِ، ثُمَّ بَعَثَ جَرِيرٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلًا يُبَشِّرُهُ -يُكْنَى أَبَا أَرْطَاةَ- مِنَّا، فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ لَهُ: مَا جِئْتُكَ حَتَّى تَرَكْنَاهَا كَأَنَّهَا جَمَلٌ أَجْرَبُ. فَبَرَّكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى خَيْلِ أَحْمَسَ وَرِجَالِهَا خَمْسَ مَرَّاتٍ. [بخاري/ الجهاد/ ٢٨٧١]

لە(جریر)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ)) پێی فەرمووم: ((ئەی (جریر) ئایا ڕزگارم ناکەیت لە (ذی الخلصة) ماڵێکی (خثعم) بوو ناودەبرا بە کەعبەی یەمانی، دەڵێ: بەصەد و پەنجا ئەسپ سوارەوە بۆی چووم، خۆیشم بۆ نەدەگیرا لەسەر ئەسپ، ئەمەم باسکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەستی دابەسینگمدا و فەرمووی: ((ئەی خوایە دامەزراوی بکە و بیگێڕە بە ڕێنمایی کار و ڕێنمایی کراو)) جریر ڕۆیی و ئەو ماڵەی ئاگر تێبەردا و، ئەمجا پیاوێکی نارد بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) موژدەی پێبدات، پێی دەوترا (ابو ارطأ)، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: وەختێ جێمانهێڵا و من هاتم بۆ ئێرە دەتوت وشتری گەڕە و قەتران کراوە بەسەریدا، پێغەمبەر (ﷺ) پێنج جار دوعای پیرۆزیی کرد بۆ ئەسپەکانی {هۆزی} (احمس) وپیاوەکانیشی.

(٥١) پلە و پایەی یارانی بن درەخت (ﷺ)

١٦٤٥ـ عن أُمُّ مُبَشِّرٍ (ﷺ): أَنَّهَا سَمِعَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ عِنْدَ حَفْصَةَ: ((لَا يَدْخُلُ النَّارَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ [تعالى] مِنْ أَصْحَابِ الشَّجَرَةِ أَحَدٌ، الَّذِينَ بَايَعُوا تَحْتَهَا)). قَالَتْ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ. فَانْتَهَرَهَا، فَقَالَتْ حَفْصَةُ: ﴿وَإِنْ مِنْكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا﴾ [مريم: ٧١]. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((قَدْ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوْا وَنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾ [مريم: ٧٢])).

لە(ام مبشر)ەوە (ﷺ) کە لە پێغەمبەری (ﷺ) بیستووە لای (حفصة) دەیفەرموو: ((هیچ کەس لەیارانی بن درەختەکە (اصحاب الشجرة) ناچنە ئاگر –ان شاء الله تعالى– ئەوانەی پەیمانیان بەست لەبنیدا)) حفصە وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. لێی توڕەبوو قسەکەی دایە دواوە، حفصە وتی: ﴿وان منكم الا واردها﴾ [مريم: ٧١] پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ثم ننجّى الذين اتقوا و نذر الظالمين فيها جثيّاً﴾ [مريم: ٧٢] واتە: دوای ئەوە تەقواکاران سەرفراز دەکەین وستەمکاران دەهێڵینەوە لەسەر ئەژنۆ.

(٥٢) پلە و پایەی ئەو کەسەی ئامادەی (بدر)بووە

١٦٤٦ـ عن عَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنَا وَالزُّبَيْرَ وَالْمِقْدَادَ (ﷺ)، فَقَالَ: ((ائْتُوا رَوْضَةَ خَاخٍ، فَإِنَّ بِهَا ظَعِينَةً مَعَهَا كِتَابٌ، فَخُذُوهُ مِنْهَا)). فَانْطَلَقْنَا تَعَادَى بِنَا خَيْلُنَا، فَإِذَا نَحْنُ بِالْمَرْأَةِ، فَقُلْنَا: أَخْرِجِي الْكِتَابَ، فَقَالَتْ: مَا مَعِي كِتَابٌ. فَقُلْنَا: لَتُخْرِجِنَّ الْكِتَابَ أَوْ لَتُلْقِيَنَّ الثِّيَابَ، فَأَخْرَجَتْهُ مِنْ عِقَاصِهَا، فَأَتَيْنَا

بِهِ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَإِذَا فِيهِ مِنْ حَاطِبِ بْنِ أَبِي بَلْتَعَةَ إِلَى نَاسٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ، يُخْبِرُهُمْ بِبَعْضِ أَمْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا حَاطِبُ مَا هَذَا)). قَالَ: لَا تَعْجَلْ عَلَيَّ يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي كُنْتُ امْرَأً مُلْصَقًا فِي قُرَيْشٍ -قَالَ سُفْيَانُ: كَانَ حَلِيفًا لَهُمْ، وَلَمْ يَكُنْ مِنْ أَنْفُسِهَا- وَكَانَ مِمَّنْ كَانَ مَعَكَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ لَهُمْ قَرَابَاتٌ يَحْمُونَ بِهَا أَهْلِيهِمْ، فَأَحْبَبْتُ -إِذْ فَاتَنِي ذَلِكَ مِنَ النَّسَبِ فِيهِمْ- [أَنْ] أَتَّخِذَ فِيهِمْ يَدًا يَحْمُونَ بِهَا قَرَابَتِي، وَلَمْ أَفْعَلْهُ كُفْرًا وَلَا ارْتِدَادًا عَنْ دِينِي، وَلَا رِضًا بِالْكُفْرِ بَعْدَ الْإِسْلَامِ. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((صَدَقَ)). فَقَالَ عُمَرُ (ﷺ): دَعْنِي يَا رَسُولَ اللَّهِ أَضْرِبْ عُنُقَ هَذَا الْمُنَافِقِ. فَقَالَ: ((إِنَّهُ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ فَقَالَ: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ)). فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ﴾ [الممتحنة: ١]. وَجَعَلَهَا -يعني الآية- إِسْحَقُ فِي رِوَايَتِهِ مِنْ تِلَاوَةِ سُفْيَانَ.
[بخاري/ الجهاد/ ٢٨٤٥]

لە(علی)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) من و(زبیر)و (مقداد)ی (ﷺ) نارد فەرمووی: ((بڕۆنە (روضة خاخ)لەوێ ئافرەتێکی تێدایە نامەیەکی پێیە لێی وەربگرن)) ڕۆیشتین ئەسپەکانمان تاودا، هەتا گەیشتینە لای ئافرەتەکە، وتمان: نامەکە دەرکە، وتی: نامەم پێنیە، وتمان: نامەکە دەردەکەیت، یان جلەکانت دەگەڕێین، نامەکەی دەرهێنا لەناو پەلکیدا بوو، هێنامانەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، کەچی نامەیەك بوو لە (حاطب)ی کوڕی (بلتعة)ەوە بۆ کەسانێك لە بێباوەڕانی خەڵکی مەککە، هەواڵیان دەداتێ بەهەندێ کاروباری پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی حاطب ئەمە چییە؟)) وتی: ئەی پێغەمبەر پەلەم لێمەکە، من پیاوێکم خۆم هەڵواسیوە بە قورەیشدا -سفیان دەڵێ: هاوپەیمانیان بوو لەوان نەبوو- ئەوانەیشی لەگەڵ تۆدان لە کۆچکەران هەموو خزمیان هەیە و کەسەکانیان بەو خزمایەتییە دەپارێزن، منیش -کە خزمم نیە- حەزم کرد چاکەیان لەگەڵ بکەم بەڵکو بەوهۆیەوە کەسەکانم بپارێزن من ئەوەم نەکردووە لەبەر بێباوەڕی، یان پاشگەزبوونەوە لەدینەکەم، یان ڕازی بوون بە کوفر دوای موسڵمان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ڕاست دەکات)) عمرو وتی: یارسول الله، وازم لێ بهێنە بابدەم لە گەردنی ئەم دووڕووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو ئامادەی بەدر بووە، تۆچوزانی نزیکە خوا بەچاوی

بەزەیی تەماشای ئەهلی بەدری كردبێت و پێی فەرمووبن: چیتان دەوێ بیكەن بەڕاستی من لێتان بوردم، خوای گەورە ئەم ئایەتەی نازڵ كرد: ﴿یا ایها الذین آمنوا لاتتخذوا عدوّی وعدوّكم اولیاء﴾ [الممتحنة:١] اسحاق لەریوایەتەكەی خۆیدا دەڵێ: سفیان ئەم ئایەتەی خوێندەوە [واتە لە فەرموودەكەدا نەهاتووە].

(٥٣) پلە وپایەی قورەیش و (أنصار) و كەسانی تریش

١٦٤٧ـ عَنْ أبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((قُرَيْشٌ وَالْأَنْصَارُ وَمُزَيْنَةُ وَجُهَيْنَةُ وَأسْلَمُ وَغِفَارُ وَأشْجَعُ مَوَالِيَّ، لَيْسَ لَهُمْ مَوْلًى دُونَ اللّٰهِ وَرَسُولِهِ)).
[بخاري/ المناقب/ ٣٣١٢]

لە(ابي هريرة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((قورەیش و انصار و مزینە و، جهینە و، أسلم و، غفار و، اشجع، دۆست و یاری منن، جگەلە خواو و پێغەمبەر گەورەیان نیە)).

(٥٤) ئافرەتانی قورەیش

١٦٤٨ـ عن أبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((نِسَاءُ قُرَيْشٍ خَيْرُ نِسَاءٍ رَكِبْنَ الْإِبِلَ، أحْنَاهُ عَلَى طِفْلٍ، وَأرْعَاهُ عَلَى زَوْجٍ فِي ذَاتِ يَدِهِ)). قَالَ: يَقُولُ أبُو هُرَيْرَةَ عَلَى إِثْرِ ذَلِكَ: وَلَمْ تَرْكَبْ مَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ بَعِيرًا قَطُّ.
[بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٥١]

لە(ابي هريرة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((ئافرەتانی قورەیش باشترین ئافرەتن كە سواری وشتربوون، بەبەزەیی ترین ئافرەتن بە كۆرپە، پارێزگارترین ئافرەتیشن بۆ ماڵ و سامانی مێرد كەلە بەردەستیاندایە، ڕاوی دەڵێ: ابوهریرە دوای ئەمە فەرمووی: (مریم)ی كچی (عمران)قەت سواری وشتر نەبووە. {واتە ئەمان لەو چاك ترنەبوون}.

(٥٥) پلە وپایەی الانصار (ﷺ)

١٦٤٩ـ عَنْ جَابِرِ ابْنِ عَبْدِ اللّٰهِ (ﷺ) قَالَ: فِينَا نَزَلَتْ: ﴿إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنْكُمْ أنْ تَفْشَلَا وَاللّٰهُ وَلِيُّهُمَا﴾ [آل‌عمران: ١٢٢]: بَنُو سَلِمَةَ وَبَنُو حَارِثَةَ، وَمَا نُحِبُّ أنَّهَا لَمْ تَنْزِلْ، لِقَوْلِ اللّٰهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَاللّٰهُ وَلِيُّهُمَا﴾. [بخاري/ المغازي/ ٣٨٢٥]

(جابر)ی كوڕی عبداللە (ﷺ)دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی ئێمە (بنو سلمة و بنو حارثة)هاتە خوارەوە كە ئەمە ماناكەیەتی: ﴿لەكاتێكدا دو هۆز لە ئێوە (بنو سلمە) و (بنو حارثة) نزیك بوو بكەڕێنەوە و پاشەكشە بكەن لە جەنگی (احد)

لە ترسا و بەپیلانی سەرۆکی دووڕووەکان کە (عبدالله) کوڕی (أُبَيْ)ە خوایش سەرپەرشتیار و چاودێری ئەو هۆزەیە..﴾ حەزیش ناکەین نازڵ نەبوایە لەبەر فەرموودەی خوای گەورە (والله وليهما) واتە: خوا دۆستو سەرپەرشتیاریانە.

١٦٥٠ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ (ﷺ): قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْأَنْصَارِ، وَلِأَبْنَاءِ الْأَنْصَارِ، وَأَبْنَاءِ أَبْنَاءِ الْأَنْصَارِ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٦٢٣]

(زید)ی کوڕی (ارقم) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((خوایە خۆشبیت لە ئەنصار و کوڕەکانی ئەنصار و کوڕانی کوڕانی ئەنصار)).

١٦٥١ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) رَأَى صِبْيَانًا وَنِسَاءً مُقْبِلِينَ مِنْ عُرْسٍ، فَقَامَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) مُمْثِلًا، فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ أَنْتُمْ مِنْ أَحَبِّ النَّاسِ إِلَيَّ، اللَّهُمَّ أَنْتُمْ مِنْ أَحَبِّ النَّاسِ إِلَيَّ)). يَعْنِي الْأَنْصَارَ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٧٥]

(انس)(ﷺ)دەڵێ کە پێغەمبەر (ﷺ) هەندێ منداڵ و ژنی بینی لەشایی یەك دەگەڕانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هەستایە سەرپێ و فەرمووی: ((سوێندم بەخوا ئێوە خۆشەویستترین کەسن لام، سوێندم بەخوا ئێوە خۆشەویستترین کەسن لام)) مەبەستی ئەنصارەکان بوو.

١٦٥٢ـ مكرر- عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: فَخَلَا بِهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّكُمْ لَأَحَبُّ النَّاسِ إِلَيَّ)) ثَلَاثَ مَرَّاتٍ.

دوبارە- (انس) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێکی ئەنصاری هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر بەتەنیا دواندی وسێ جار فەرمووی: ((سوێندم بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە ئێوە خۆشەویستترین کەسن لای من)).

١٦٥٣ـ عنْ أَنَس (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) اسْتَغْفَرَ لِلْأَنْصَارِ، قَالَ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ: وَلِذَرَارِيِّ الْأَنْصَارِ، وَلِمَوَالِي الْأَنْصَارِ. لَا أَشُكُّ فِيهِ.

(انس)(ﷺ) دەڵێ: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێبوردنی کرد بۆ ئەنصار، ڕاوی دەڵێ: وادەزانم انس وتی: بۆ وەچەکانی ئەنصاریش وبۆ هاوکارو هاوپەیمانەکانیشیان. گومانم تێدا نیە.

١٦٥٤ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْأَنْصَارَ كَرِشِي وَعَيْبَتِي، وَإِنَّ النَّاسَ سَيَكْثُرُونَ وَيَقِلُّونَ، فَاقْبَلُوا مِنْ مُحْسِنِهِمْ وَاعْفُوا عَنْ مُسِيئِهِمْ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٩٠]

لە(انس)ەوە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (((انصار) نهێنی پارێز و جێگای متمانەی منن، خەڵك زۆریش دەبن و، کەمیش دەبنەوە، قسەوەرگرن لەچاکەکاریان و لێبوردنتان هەبێ بەرانبەر خراپەکاریان)).

(٥٦) چاکترین بنەماڵەی ئەنصار

١٦٥٥ـ عَنْ أَبِي أُسَيْدٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ)، يَشْهَدُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((خَيْرُ دُورِ الْأَنْصَارِ بَنُو النَّجَّارِ، ثُمَّ بَنُو عَبْدِ الْأَشْهَلِ، ثُمَّ بَنُو الْحَارِثِ بْنِ الْخَزْرَجِ، ثُمَّ بَنُو سَاعِدَةَ، وَفِي كُلِّ دُورِ الْأَنْصَارِ خَيْرٌ)). قَالَ أَبُو سَلَمَةَ: قَالَ أَبُو أُسَيْدٍ: أُتَّهَمُ أَنَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ لَوْ كُنْتُ كَاذِبًا لَبَدَأْتُ بِقَوْمِي بَنِي سَاعِدَةَ. وَبَلَغَ ذَلِكَ سَعْدَ بْنَ عُبَادَةَ فَوَجَدَ فِي نَفْسِهِ وَقَالَ: خُلِّفْنَا فَكُنَّا آخِرَ الْأَرْبَعِ، أَسْرِجُوا لِي حِمَارِي آتِي رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ). وَكَلَّمَهُ ابْنُ أَخِيهِ سَهْلٌ، فَقَالَ: أَتَذْهَبُ لِتَرُدَّ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَعْلَمُ، أَوَ لَيْسَ حَسْبُكَ أَنْ تَكُونَ رَابِعَ أَرْبَعٍ؟ فَرَجَعَ وَقَالَ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، وَأَمَرَ بِحِمَارِهِ فَحُلَّ عَنْهُ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٧٨]

(ابو اسيد الانصاری) (ﷺ) شایەتی دەدات کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((باشترین بنەماڵەی ئەنصار (بنو النجار)ە، دوای ئەوان (بنو عبدالاشهل)ە، دوای ئەوان (بنو الحارث بن الخزرج)ە، دوای ئەوان (بنو ساعدة)ەیە، لەهەموو بنەماڵەکانی ئەنصاردا چاکە هەیە)). ابو سلمة دەڵێ: ابواسيد وتی: من گومانم پێدەبرێ بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) شت بڵێم؟ ئەگەر درۆزن بوایەم هۆزەکەی خۆم (بني ساعدة)م پێشدەخست. ئەمە گەیشت بە (سعد)ی کوڕی (عبادە)، شتێك لە دڵیدا دروست بوو وتی: ئێمە کراین بە کۆتایی چوار هۆز، گوێدرێژەکەم بۆ زینکەن، دەچم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، سهل ی برازای قسەی لەگەڵ کرد و پێی وت: ئایە دەچیت بەرپەرچی پێغەمبەر (ﷺ) بدەیتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) زاناترە، ئایا ئەوەت بەس نیە کە چوارەمی چوار بیت ؟ ئیتر گەڕایەوە وتی: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمانی دا جلیان لە گوێدرێژەکە گرتەوە.

(٥٧) چاکەکاری لەگەڵ (أنصار)(ﷺ)

١٦٥٦ـعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْبَجَلِيِّ فِي سَفَرٍ، فَكَانَ يَخْدُمُنِي، فَقُلْتُ لَهُ: لَا تَفْعَلْ. فَقَالَ: إِنِّي قَدْ رَأَيْتُ الْأَنْصَارَ تَصْنَعُ

بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) شَيْئًا آلَيْتُ أَنْ لَا أَصْحَبَ أَحَدًا مِنْهُمْ إِلَّا خَدَمْتُهُ. و[زَادَ] فِي رواية: وَكَانَ جَرِيرٌ أَكْبَرَ مِنْ أَنَسٍ. [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٣١]

(انس)ی کوڕی (مالك)(ﷺ) دەڵێ: دەرچووم لەگەڵ (جریر)ی کوڕی (عبدالله)ی (البجلی)دا بۆ سەفەرێك، (جریر)خزمەتی دەکردم، پێم وت: وامەکە، وتی: (انصار)م دیوە، کارێکیان کردووە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)،بۆیە سوێندم خواردووە، نابێ هاوڕێیەتی هیچ کام لەوان بکەم مەگەر خزمەتی بکەم، لەریوایەتێکی تردا ئەمەیشی زیادکردووە: (جریر)یش گەورەتر بوو لە انس.

(٥٨) پلە وپایەی (أشعری) یەکان (ﷺ)

١٦٥٧ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي لَأَعْرِفُ أَصْوَاتَ رُفْقَةِ الْأَشْعَرِيِّينَ بِالْقُرْآنِ حِينَ يَدْخُلُونَ بِاللَّيْلِ، وَأَعْرِفُ مَنَازِلَهُمْ مِنْ أَصْوَاتِهِمْ بِالْقُرْآنِ بِاللَّيْلِ، وَإِنْ كُنْتُ لَمْ أَرَ مَنَازِلَهُمْ حِينَ نَزَلُوا بِالنَّهَارِ، وَمِنْهُمْ حَكِيمٌ إِذَا لَقِيَ الْخَيْلَ -أَوْ قَالَ: الْعَدُوَّ- قَالَ لَهُمْ: إِنَّ أَصْحَابِي يَأْمُرُونَكُمْ أَنْ تَنْظُرُوهُمْ)). [بخاري/ المغازي/ ٣٩٩١]

لە(ابی موسی)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((من دەنگی هاوڕێ ئەشعەریەکان دەناسمەوە بە قورئان خوێندنیان کاتێ شەو دەچنە ماڵەوە، ماڵەکانیشیان هەربەدەنگی قورئان دەناسمەوە، بەشەو هەرچەند پێشتر ماڵەکانیانم نەدیوە کەبە ڕۆژ تیایدا دابەزیون، ئەوان پیاوێکی (حکیم)یان تێدایە کاتێ گەیی بە ئەسپ سوارەکان یان فەرمووی- دوژمن- پێیان دەڵێ: هاوڕێکانی من داواتان لێدەکەن مۆڵەتیان بدەن)) {واتە: دەیەوێ غافڵ گیریان بکات}.

١٦٥٨ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ الْأَشْعَرِيِّينَ إِذَا أَرْمَلُوا فِي الْغَزْوِ، أَوْ قَلَّ طَعَامُ عِيَالِهِمْ بِالْمَدِينَةِ، جَمَعُوا مَا كَانَ عِنْدَهُمْ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ، ثُمَّ اقْتَسَمُوهُ بَيْنَهُمْ فِي إِنَاءٍ وَاحِدٍ بِالسَّوِيَّةِ، فَهُمْ مِنِّي وَأَنَا مِنْهُمْ)). [بخاري/ الشركة/ ٢٣٥٤]

لە(ابو موسی)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەڕاستی ئەشعەریەکان هەرکات لە غەزاکاندا توێشوویان کەم بوایە، یان خۆراکی خێزانیان کەم بوایە لە مەدینەدا هەرچیان هەیە لەسەر یەك جل کۆیان

دەکردەوە دواتر بەیەکسانی بە قاپێك دابەشیان دەکرد بەسەر هەموویاندا ئەوان لە منن منیش لەوانم)).

(٥٩) پاڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ (غفار) و (أسلم)

١٦٥٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَسْلَمُ سَالَمَهَا اللَّهُ، وَغِفَارُ غَفَرَ اللَّهُ لَهَا، أَمَا إِنِّي لَمْ أَقُلْهَا، وَلَكِنْ قَالَهَا اللَّهُ (ﷻ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٢٣]

لە (أبو هريرة)وە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((اسلم) خوا بیپارێزێ، (غفار)یش خوا لێی ببورێ ئاگاداربن من ئەمەم نەوتووە بەڵکو خوای گەورە فەرموویەتی)).

١٦٦٠ـ عَنْ خُفَافِ بْنِ إِيمَاءَ الْغِفَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي صَلَاةٍ: ((اللَّهُمَّ الْعَنْ بَنِي لِحْيَانَ وَرِعْلًا وَذَكْوَانَ وَعُصَيَّةَ، عَصَوُا اللَّهَ وَرَسُولَهُ. غِفَارُ غَفَرَ اللَّهُ لَهَا، وَأَسْلَمُ سَالَمَهَا اللَّهُ (ﷻ)).

لە(خُفاف)ی کوڕی (إيماء)ی (غفار)ی‌یەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژێکدا فەرمووی: ((ئەی خوایە لەعنەت بکەیت لە (بني لحيان) و (رعل)و (ذكوان)و (عُصيَّة) چونکە لە خوا و پێغەمبەرەکەی یاخی بوون، (غفار) خوا لێی خۆشبێت، (اسلم) خوای (ﷻ) سەلامەتیان کات.

(٦٠) پلە وپایەی (مزینە) و (جهینە)ەو (غفار)

١٦٦١ـ عنْ أَبِي بَكْرَةَ (ﷺ): أَنَّ الْأَقْرَعَ بْنَ حَابِسٍ جَاءَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: إِنَّمَا بَايَعَكَ سُرَّاقُ الْحَجِيجِ مِنْ أَسْلَمَ وَغِفَارَ وَمُزَيْنَةَ -وَأَحْسِبُ- جُهَيْنَةَ. مُحَمَّدٌ الَّذِي شَكَّ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ أَسْلَمُ وَغِفَارُ وَمُزَيْنَةُ -وَأَحْسِبُ- جُهَيْنَةُ خَيْرًا مِنْ بَنِي تَمِيمٍ، وَبَنِي عَامِرٍ، وَأَسَدٍ وَغَطَفَانَ، أَخَابُوا وَخَسِرُوا)). فَقَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهُمْ لَأَخْيَرُ منهم)). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٢٥]

لە(ابي بكرة)ەوە (ﷺ) کە (اقرع)ی کوڕی (حابس)هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) پێی‌وت: ئەوانەی پەیمانیان لەگەڵ بەستووی لە (اسلم) و (غفار)و (مزينه)ەو -وابزانم (جهنيه)یش گومانەکە لە محمدی (ڕاوی)یەوەیە- حاجی‌یە دزەکانیانن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ڕات چۆنە ئەگەر (اسلم)و (غِفار) و (مزينه) و وابزانم (جهينه)یش چاکتربن لە (بنی تميم) و (بنی عامر)و، (اسد) و

(غطفان) ئایە ئەمانەی دوایی بەدبەخت و خەسارۆمەندبوون؟)) وتی: بەڵێ، فەرمووی: ((سوێندم بەوكەسەی گیانی منی بەدەستە ئەوان چاكترن لەمان)).

(٦١) ئەوەی دەربارەی (طیئ) باسكراوە

١٦٦٢ـ عَنْ عَدِيٍّ بْنِ حَاتِمٍ (ﷺ) قَالَ: أَتَيْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) فَقَالَ لِي: إِنَّ أَوَّلَ صَدَقَةٍ بَيَّضَتْ وَجْهَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَوُجُوهَ أَصْحَابِهِ صَدَقَةُ طَيِّئٍ، جِئْتَ بِهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).

(عدی)كوڕی (حاتم) (ﷺ) دەڵێ: هاتم بۆ لای عمری كوڕی (خطّاب)(ﷺ) پێی وتم: یەكەم خێر كە ڕوخساری پێغەمبەر (ﷺ) و یارەكانی ڕووناك كردەوە خێرەكەی (طیئ)بوو كە تۆ هێنات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ).

(٦٢) ئەوەی دەربارەی (دەوس) هاتووە

١٦٦٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَدِمَ الطُّفَيْلُ وَأَصْحَابُهُ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ دَوْسًا [قَدْ] كَفَرَتْ وَأَبَتْ، فَادْعُ اللَّهَ عَلَيْهَا. فَقِيلَ: هَلَكَتْ دَوْسٌ، فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ اهْدِ دَوْسًا وَائْتِ بِهِمْ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٧٩]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: (طُفَیل)و یارەكانی هاتن وتیان: یارسول الله بەڕاستی دەوس كافربوون و یاخی بوون و دوعایان لێبكە، وتیان: دەوس لەناوچوو، فەرمووی: ((خوایە ڕێنمایی دەوس بكە وبیانهێنە))

(٦٣) پلە وپایەی (بنو تمیم)

١٦٦٤ـ عَنْ أَبِي زُرْعَةَ قَالَ: قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ (ﷺ): لَا أَزَالُ أُحِبُّ بَنِي تَمِيمٍ مِنْ ثَلَاثٍ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((هُمْ أَشَدُّ أُمَّتِي عَلَى الدَّجَّالِ)). قَالَ: وَجَاءَتْ صَدَقَاتُهُمْ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((هَذِهِ صَدَقَاتُ قَوْمِنَا)). قَالَ: وَكَانَتْ سَبِيَّةٌ مِنْهُمْ عِنْدَ عَائِشَةَ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَعْتِقِيهَا، فَإِنَّهَا مِنْ وَلَدِ إِسْمَعِيلَ)). [بخاري/ العتق/ ٢٤٠٥]

(ابوزرعة)دەڵێ: ابوهريره (ﷺ) وتی: من هەمووكات (بنو تمیم)م خۆشدەوێ لەبەر سێ شت كە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە، بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((ئەوان توندترینی ئەو ئوممەتی منن بۆ دەجاڵ)) دەڵێ: كاتێ زەكاتەكەیشیان هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە زەكاتی خزمەكانمانە)) كەنیزەكێكی ئەو هۆزە لای عائشە بوو (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئازادی بكە چونكە ئەو لەوەچەی (اسماعیل)ە)).

(٦٤) برایەتی لەنێوان یارانی پێغەمبەردا (ﷺ)

١٦٦٥ـ عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) آخَى بَيْنَ أَبِي عُبَيْدَةَ بْنِ الْجَرَّاحِ وَبَيْنَ أَبِي طَلْحَةَ.

لە(انس)ەوە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی بەست لە نێوان (أبو عبیده)ەی کوڕی (جَرّاح)و (أبو طلحة)دا.

١٦٦٦ـ عَنْ عَاصِمٍ الْأَحْوَلُ قَالَ: قِيلَ لِأَنَسِ بْنِ مَالِكٍ: بَلَغَكَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا حِلْفَ فِي الْإِسْلَامِ؟. فَقَالَ أَنَسٌ: قَدْ حَالَفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَ قُرَيْشٍ وَالْأَنْصَارِ فِي دَارِهِ. [بخاري/ الكفالة/ ٢١٧٢]

(عاصم الاحول) دەڵێ: وترا بە (انس)ی کوڕی (مالك) پێت گەیشتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئیسلام هاوپەیمانیی تێدا نییە؟)) وتی: بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) پەیمانی بەست لە نێوان قورەیش و(انصار)دا لەخانووەکەی خۆیدا.

١٦٦٧ـ عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا حِلْفَ فِي الْإِسْلَامِ، وَأَيُّمَا حِلْفٍ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ لَمْ يَزِدْهُ الْإِسْلَامُ إِلَّا شِدَّةً)).

(جبَیر)ی کوڕی (مطعم) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((پەیمان بەستن نیە لە ئیسلامدا، هەر پەیمانێکی سەردەمی نەفامیش هەیە ئیسلام پتەوتری دەکات)).

(٦٥) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) من ئەمانم بۆ یارانم، یارانم ئەمانن بۆ ئوممەتم

١٦٦٨ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: صَلَّيْنَا الْمَغْرِبَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ قُلْنَا: لَوْ جَلَسْنَا حَتَّى نُصَلِّيَ مَعَهُ الْعِشَاءَ. قَالَ: فَجَلَسْنَا، فَخَرَجَ عَلَيْنَا فَقَالَ: ((مَا زِلْتُمْ هَاهُنَا)). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّيْنَا مَعَكَ الْمَغْرِبَ، ثُمَّ قُلْنَا نَجْلِسُ حَتَّى نُصَلِّيَ مَعَكَ الْعِشَاءَ. قَالَ: ((أَحْسَنْتُمْ)) أَوْ ((أَصَبْتُمْ)). قَالَ: فَرَفَعَ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ، وَكَانَ كَثِيرًا مِمَّا يَرْفَعُ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ، فَقَالَ: ((النُّجُومُ أَمَنَةٌ لِلسَّمَاءِ، فَإِذَا ذَهَبَتِ النُّجُومُ أَتَى السَّمَاءَ مَا تُوعَدُ. وَأَنَا أَمَنَةٌ لِأَصْحَابِي، فَإِذَا ذَهَبْتُ أَتَى أَصْحَابِي مَا يُوعَدُونَ. وَأَصْحَابِي أَمَنَةٌ لِأُمَّتِي، فَإِذَا ذَهَبَ أَصْحَابِي أَتَى أُمَّتِي مَا يُوعَدُونَ)).

(أبو بردة)لە باوكيەوە، دەڵێ: نوێژى مەغريبمان كرد لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)، لەدواييدا وتمان: خۆزگە دانيشتايەين تا عيشايشمان لەگەڵ دەكرد، دانيشتين، هاتە ناومان و فەرمووى: ((هێشتا لێرەماون؟)) وتمان: يا رسول الله نوێژى مەغريبمان لەگەڵ كردى، وتمان: دادەنيشين هەتا نوێژى عيشايش دەكەين، فەرمووى: ((چاكتان كرد)) يان ((پێكاتان)) دەڵێ: سەرى بەرزكردەوە بۆ ئاسمان زۆر جاريش ئاوا سەرى بەرز دەكردەوە- فەرمووى: ((ئەستێرەكان سەلامەتين بۆ ئاسمان، هەركات ئەستێرەكان نەمان ئاسمان توشى ئەو كارەساتە دێت كە وادەى پێدراوە، من سەلامەتيم بۆ ئوممەتم، هەركات ڕۆيشتم يارەكانم توشى ئەوكارەساتە دێن كە وادەيان پێدراوە، يارەكانم سەلامەتين بۆ ئوممەتم، هەركات يارانم نەمان، ئوممەتم تووشى ئەوكارەساتە دەبێت كە وادەى پێدراوە.

(٦٦) كەسێك پێغەمبەرى (ﷺ) ديبێ يان يارانى پێغەمبەرى (ﷺ) ديبێ يان كەسێكى ديبێ يارانى پێغەمبەرى (ﷺ) ديبێ

١٦٦٩ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ يُبْعَثُ مِنْهُمُ الْبَعْثُ، فَيَقُولُونَ: انْظُرُوا هَلْ تَجِدُونَ فِيكُمْ أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ)؟ فَيُوجَدُ الرَّجُلُ فَيُفْتَحُ لَهُمْ بِهِ. ثُمَّ يُبْعَثُ الْبَعْثُ الثَّانِي، فَيَقُولُونَ: هَلْ فِيهِمْ مَنْ رَأَى أَصْحَابَ النَّبِيِّ (ﷺ)؟ فَيُفْتَحُ لَهُمْ بِهِ. ثُمَّ يُبْعَثُ الْبَعْثُ الثَّالِثُ، فَيُقَالُ: انْظُرُوا هَلْ تَرَوْنَ فِيهِمْ مَنْ رَأَى مَنْ رَأَى أَصْحَابَ النَّبِيِّ (ﷺ)؟ ثُمَّ يَكُونُ الْبَعْثُ الرَّابِعُ، فَيُقَالُ: انْظُرُوا هَلْ تَرَوْنَ فِيهِمْ أَحَدًا رَأَى مَنْ رَأَى أَحَدًا رَأَى أَصْحَابَ النَّبِيِّ (ﷺ)؟ فَيُوجَدُ الرَّجُلُ فَيُفْتَحُ لَهُمْ بِهِ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٤٠]

(ابوسعيد الخدرى) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتى: ((زەمانێك دێ بەسەر خەڵكيدا، سوپايەكيان لێ ڕەوانە دەكرێت، دەڵێن: وردبنەوە ئايە كەسێك دەبينن لەناوتاندا لەيارانى پێغەمبەر (ﷺ)، پياوێك دەدۆزنەوە، بەهۆى ئەوەوە سەركەوتن بەدەست دێنن، لەپاشدا سوپاى دوهەم ڕەوانە دەكرێت، دەڵێن: وردببنەوە ئايە كەسێكيان تيايە يارانى پێغەمبەرى (ﷺ) ديبێت؟ بەهۆى ئەوەوە سەركەتن بەدەست دێنن، لەدوا سوپاى سێهەم ڕەوانە دەكرێت، دەوترێت: وردببنەوە ئايە كەسێكيان لەناودا هەيە كەسێكى ديبێت كە يارانى پێغەمبەرى (ﷺ) ديبێت؟ ئەمجا سوپاى چوارەم ڕەوانە دەكرێت، دەوترێت:

وردببنەوە ئایا کەسێکیان تیا دەبینن کە کەسێکی دیبێت ئەو کەسە کەسێکی تری دیبێت کە ئەو یارانی پێغەمبـەری (ﷺ) دیبێـت؟ پیـاوێك پـەیدا دەبـێ و بەهۆی ئەوەوە سەرکەوتن بەدەس دێنن)).

(٦٧) باشترین سەدە سەدەی صەحابەیە، ئە مجا ئەوانەی بەدوایاندا دێن ئە مجا ئەوانەی بەدوایاندا دێن

١٦٧٠ـ عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ خَيْرَكُمْ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ)). قَالَ عِمْرَانُ: فَلَا أَدْرِي أَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَ قَرْنِهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثَةً. ((ثُمَّ يَكُونُ بَعْدَهُمْ قَوْمٌ يَشْهَدُونَ وَلَا يُسْتَشْهَدُونَ، وَيَخُونُونَ وَلَا يُؤْتَمَنُونَ، وَيَنْذِرُونَ وَلَا يُوفُونَ، وَيَظْهَرُ فِيهِمُ السِّمَنُ)). [بخاري/ الشهادات/ ٢٥٠٨]

لـە(عمـران)ی کـوڕی (حصـین)ەوە (ﷺ) کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((باشترین سەدە سەدەی منە، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن، دوایی ئەوانەی بەدوایاندا دێن، دوایی ئەوانـەی بەدوایاندا دێـن)) (عمران) دەڵـێ: نـازانم ئایـا پێغەمبەر (ﷺ) دوای سەدەکەی خۆی دووجار یان سێجاری فەرموو، ((دوای ئەوە قـەومێك دێـن شـایەتیدەدەن بێئـەوەی داوایـان لێبکـرێ، {واتـە پەلـەی تیادەکەن و لەخوا ناترسن} خیانەت دەکەن و جێی متمانە نین، نەزر دەکەن و جێبەجێی ناکەن، قەڵەوییان تیا دەردەکەوێ)).

(٦٨) خەڵکی کانزای جۆراو جۆرن

١٦٧١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَـالَ: ((تَجِـدُونَ النَّـاسَ مَعَادِنَ، فَخِيَارُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الْإِسْلَامِ إِذَا فَقِهُوا. وَتَجِدُونَ مِنْ خَيْرِ النَّاسِ فِي هَـذَا الْأَمْرِ أَكْرَهُهُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ يَقَعَ فِيهِ. وَتَجِدُونَ مِنْ شِرَارِ النَّاسِ ذَا الْوَجْهَيْنِ: الَّذِي يَأْتِي هَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ وَهَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٠٤]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((دەبینن خەڵك وەك کانزا وەهـان، چاکـترین کەسـیان لـەنافامیدا چاکترینیانـە لـە ئیسـلامدا بەمـەرجێك شارەزای ئایین بن، دەبینن باشترین کەس بـۆ بـەڕێوەبردنی بەرپرسیاریی ئـەم دینە ئەو کەسـەیانە زۆری لانـاخۆش بێت بەرلـەوەی یەخـەگیری بێـت، دەبینـن خراپترین کەس دووڕووەکانە: ئەوانەی دەچنە لای ئەم کۆمەڵە بەڕوویەکەوە و دەچنە لای کۆمەڵێکی تر بەڕوویەکی ترەوە)).

(٦٩) فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)
صەد ساڵ تێنا پەڕێ لەسەر زەویدا گیاندارێك لەوانە بمێنێ كەلەسەری بووە

١٦٧٢ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ لَيْلَةٍ صَلَاةَ الْعِشَاءِ فِي آخِرِ حَيَاتِهِ، فَلَمَّا سَلَّمَ قَامَ فَقَالَ: ((أَرَأَيْتَكُمْ لَيْلَتَكُمْ هَذِهِ؟ فَإِنَّ عَلَى رَأْسِ مِائَةِ سَنَةٍ مِنْهَا لَا يَبْقَى مِمَّنْ هُوَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ أَحَدٌ)). قَالَ ابْنُ عُمَرَ: فَوَهَلَ النَّاسُ فِي مَقَالَةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) تِلْكَ، فِيمَا يَتَحَدَّثُونَ مِنْ هَذِهِ الْأَحَادِيثِ عَنْ مِائَةِ سَنَةٍ، وَإِنَّمَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَبْقَى مِمَّنْ هُوَ الْيَوْمَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ أَحَدٌ يُرِيدُ بِذَلِكَ أَنْ يَنْخَرِمَ ذَلِكَ الْقَرْنُ)). [بخاري/ مواقيت الصلاة/ ٥٧٦]

(عبدالله)ی كوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) شەوێك نوێژی عیشای بۆكردین لە كۆتایی ژیانیدا، كاتێ سەلامی‌دایەوە فەرمووی: ((ئایا دەزانن لە ئەمشەوی ئێوەوە هەتا صەد ساڵی تر یەك كەس لەوانەی ئێستە لەسەر پشتی زەوین، نامێنن))؟ خەڵكەكە خراپ تێگەیشتن لەم فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) كە قسەیان لەم صەد ساڵە كرد، ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوەبوو یەك كەس نامێنێ لەوەی ئێستا لەسەر ڕووی زەمینە)) مەبەستی ئەوە بوو ئەو جیلەی ئێستا هەیە نامێنێ.

(٧٠) نەهیكردن لە جنێودان بەیارانی پێغەمبەر (ﷺ)

١٦٧٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي، لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي. فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا أَدْرَكَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٧٠]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((جنێو مەدەن بەیارانی من، جنێو مەدەن بەیارانی من، سوێندم بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە گەریەكێ لە ئێوە بەئەندازەی (اُحد) ئاڵتون بكات بەخێر، ناگات بە مشتی یەكێ لەوان و، بەنیوەی مشتێكیش)).

(٧١) پلە وپایەی (أویس)ی قەرەنی لە(تابعین) (ﷺ)

١٦٧٤ـ عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (ﷺ) قَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ خَيْرَ التَّابِعِينَ رَجُلٌ يُقَالُ لَهُ أُوَيْسٌ، وَلَهُ وَالِدَةٌ، وَكَانَ بِهِ بَيَاضٌ، فَمُرُوهُ فَلْيَسْتَغْفِرْ لَكُمْ)).

(عمر)ی کوڕی (خطاب)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرم بیستووە دەیفەرموو: ((چاکترین (تابعین) پیاوێکە پێی دەوترێ (اویس) دایکی ماوە، پەڵەی سپی بەگیانی‌یەوە بووە، پێی بڵێن باداوای لێبووردنتان بۆ بکا)).

١٦٧٥ـ عَنْ أُسَيْرِ بْنِ جَابِرٍ قَالَ: كَانَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) إِذَا أَتَى عَلَيْهِ أَمْدَادُ أَهْلِ الْيَمَنِ سَأَلَهُمْ: أَفِيكُمْ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ؟ حَتَّى أَتَى عَلَى أُوَيْسٍ، فَقَالَ: أَنْتَ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: مِنْ مُرَادٍ ثُمَّ مِنْ قَرَنٍ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: فَكَانَ بِكَ بَرَصٌ فَبَرَأْتَ مِنْهُ إِلَّا مَوْضِعَ دِرْهَمٍ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: لَكَ وَالِدَةٌ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((يَأْتِي عَلَيْكُمْ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ مَعَ أَمْدَادِ أَهْلِ الْيَمَنِ، مِنْ مُرَادٍ ثُمَّ مِنْ قَرَنٍ، كَانَ بِهِ بَرَصٌ فَبَرَأَ مِنْهُ إِلَّا مَوْضِعَ دِرْهَمٍ، لَهُ وَالِدَةٌ هُوَ بِهَا بَرٌّ، لَوْ أَقْسَمَ عَلَى اللَّهِ لَأَبَرَّهُ، فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَكَ فَافْعَلْ)). فَاسْتَغْفِرْ لِي. فَاسْتَغْفَرَ لَهُ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: الْكُوفَةَ، قَالَ: أَلَا أَكْتُبُ لَكَ إِلَى عَامِلِهَا. قَالَ: أَكُونُ فِي غَبْرَاءِ النَّاسِ أَحَبُّ إِلَيَّ. قَالَ: فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْعَامِ الْمُقْبِلِ حَجَّ رَجُلٌ مِنْ أَشْرَافِهِمْ فَوَافَقَ عُمَرَ، فَسَأَلَهُ عَنْ أُوَيْسٍ، قَالَ: تَرَكْتُهُ رَثَّ الْبَيْتِ قَلِيلَ الْمَتَاعِ. قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((يَأْتِي عَلَيْكُمْ أُوَيْسُ بْنُ عَامِرٍ مَعَ أَمْدَادِ أَهْلِ الْيَمَنِ، مِنْ مُرَادٍ ثُمَّ مِنْ قَرَنٍ، كَانَ بِهِ بَرَصٌ فَبَرَأَ مِنْهُ، إِلَّا مَوْضِعَ دِرْهَمٍ، لَهُ وَالِدَةٌ هُوَ بِهَا بَرٌّ، لَوْ أَقْسَمَ عَلَى اللَّهِ لَأَبَرَّهُ، فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَكَ فَافْعَلْ)). فَأَتَى أُوَيْسًا فَقَالَ: اسْتَغْفِرْ لِي. قَالَ: أَنْتَ أَحْدَثُ عَهْدًا بِسَفَرٍ صَالِحٍ، فَاسْتَغْفِرْ لِي. قَالَ: اسْتَغْفِرْ لِي. قَالَ: أَنْتَ أَحْدَثُ عَهْدًا بِسَفَرٍ صَالِحٍ، فَاسْتَغْفِرْ لِي. قَالَ: لَقِيتَ عُمَرَ؟ قَالَ: نَعَمْ. فَاسْتَغْفَرَ لَهُ، فَفَطِنَ لَهُ النَّاسُ، فَانْطَلَقَ عَلَى وَجْهِهِ. قَالَ أُسَيْرٌ: وَكَسَوْتُهُ بُرْدَةً، فَكَانَ كُلَّمَا رَآهُ إِنْسَانٌ قَالَ: مِنْ أَيْنَ لِأُوَيْسٍ هَذِهِ الْبُرْدَةُ؟

(اسَیر)ی کوڕی (جابر) دەڵێ: عمری کوڕی (خطاب)(ﷺ) هەرکات سوپای یەمەنی بۆ دەهات لێی دەپرسین، ئایە (اویس)ی کوڕی (عامر)تان تیاهەیە؟ هەتا (اویس)ی دۆزیەوە، وتی: تۆی اویس ی کوڕی عامر؟ وتی: بەڵێ، وتی: لە هۆزی (مراد) و تیرەی (قرن)ی؟ وتی: بەڵێ وتی: بەڵەکت پێوە بوو چاکبویتەوە

بەئەندازەی جێگە درهەمێك نەبێت؟ وتی: بەڵێ، وتی: دایکت ماوە؟ وتی: بەڵێ، وتی: لە پێغەمبەرم بیستووە دەیفەرموو: ((اویس ی کوڕی عامر دێت بۆلاتان لەگەڵ سوپای خەڵکی یەمەندا، لە هۆزی (مراد)و تیرەی (قرن)ە، بەڵەکی پێوەبوو چاکبوەتەوە، جێگای یەك درهەمی نەبێت، دایکێکی هەیە زۆر چاکە بۆی، ئەگەر سوێند بخوا لەسەر خوا سوێندەکەی ناخات، ئەگەر توانات بوو {پێی بڵێ‌ی} داوای لێخۆشبوونت بۆ بکا بیکە)) دەی داوای لێخۆش بوونم بۆ بکە. اویس)داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد، (عمر) پێی وت: نیازی کوێت هەیە؟ وتی: کوفە، وتی: ئایا نامەت بۆ نەنووسم بۆ لای کارمەندی کوفە؟ وتی: لەناو خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەدا بم پێم خۆشترە. لە ساڵی داهاتوودا گەورە پیاوێکی کوفە هات بۆ حەج لەگەڵ عمر توشی یەکهاتن، پرسیاری (اویس)ی لێکرد، وتی: من جێم هێشت لە ماڵێکی شڕ و کەم کەلوپەلدا. وتی: لە پێغەمبەرم بیستووە دەیفەرموو: ((دێت بۆ لاتان لەگەڵ سوپای خەڵکی یەمەندا (اویس)ی کوڕی (عامر)، لە هۆزی (مراد) و تیرەی (قَرَن) بەڵەکدار بووە چاکبۆتەوە جگە لە جێگای یەك درەم نەبێت، دایکێکی هەیە زۆر چاکە بۆی ، ئەگەر سوێند بخوات لەسەر خوا سوێندەکەی ناخات، ئەگەر توانات بوو {پێی بڵێ‌ی} داوای لێبوردنت بۆ بکا بیکە، کابرا گەڕایەوە لای (اویس) و پێی وت: داوای لێبوردنم بۆ بکە، وتی: تۆ تازە هاتوویتەوە لەسەفەرێکی چاك داوای لێبوردنم بۆ بکە، وتی: داوای لێبوردنم بۆ بکە، وتی: تۆ تازە هاتویتەوە لەسەفەرێکی چاك داوای لێبوردنم بۆ بکە. ئەمجا وتی: (عمر)ت دی؟ وتی: بەڵێ، داوای لێبوردنی بۆ کرد، خەڵك بە (اویس) یان زانی و شارەزای بوون، سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی (أسیر) دەڵێ: عەبایەکم پی‌بەخشی هەرکەسێ دەیبینی دەیوت: اویس ئەم عەبای لەکوێ بوو؟

(٧٢) باسی میصر و خەڵکەکەی

١٦٧٦ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّكُمْ سَتَفْتَحُونَ مِصْرَ، وَهِيَ أَرْضٌ يُسَمَّى فِيهَا الْقِيرَاطُ، فَإِذَا فَتَحْتُمُوهَا فَأَحْسِنُوا إِلَى أَهْلِهَا، فَإِنَّ لَهُمْ ذِمَّةً وَرَحِمًا -أَوْ قَالَ: ذِمَّةً وَصِهْرًا- فَإِذَا رَأَيْتَ رَجُلَيْنِ يَخْتَصِمَانِ فِيهَا فِي مَوْضِعِ لَبِنَةٍ فَاخْرُجْ مِنْهَا)). قَالَ: فَرَأَيْتُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ شُرَحْبِيلَ بْنِ حَسَنَةَ وَأَخَاهُ رَبِيعَةَ يَخْتَصِمَانِ فِي مَوْضِعِ لَبِنَةٍ فَخَرَجْتُ مِنْهَا.

لە(ابي ذر)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئێوە میصر ئازاد دەکەن، کە خاکێکە ناوی (قیراط)ی تیا دەبرێ، هەرکات ئازادتان کرد چاکە بکەن لەگەڵ خەڵکەکەیدا، چونکە ئەوان پەیمان وسیلەی ڕەحمیشیان هەیە {لەسەرمان} -یان فەرمووی: -پەیمان و خەزوریەتی- هەرکات دیت دوپیاو لەوێدا دەمەدەمێیان کرد لەسەر جێگەی خشتێك لێی دەرچۆ)) دەڵێ: دیم (عبدالرحمن)ی کوڕی (شرحبیل)ی کوڕی (حسنة) و (ربیعە) ی برای بوبە ناکۆکیان لە جێگە خشتێکدا ئیتر من دەرچووم لە میصر.

(٧٣) باسی (عمان)

١٦٧٧- عَنْ أَبِي بَرْزَةَ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلًا إِلَى حَيٍّ مِنْ أَحْيَاءِ الْعَرَبِ، فَسَبُّوهُ وَضَرَبُوهُ، فَجَاءَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَوْ أَنَّ أَهْلَ عُمَانَ أَتَيْتَ مَا سَبُّوكَ وَلَا ضَرَبُوكَ)).

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: دانیشتبووین لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) کە سورەتی (الجمعة) نازڵ بوو، کاتێ ئەمەی خوێند: ﴿و آخرين منهم لما يلحقوا بهم﴾ {الجمعة: ٣} پیاوێك وتی: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە هەتا دوجار،یان سێجار پرسیارەکەی لێکرد، دەڵێ: سەلمانی فارسیمان لەناودا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی نایە سەر سەلمان و فەرمووی: ((ئەگەر باوەڕ لەلای حەوتەوانەدا بوایە چەند پیاوێك لەمانە دەستیان دەیگەیشتێ)).

(٧٤) خەڵك وەك صەد وشتر وەهان کە بارە بەرێکیان تیا دەسناکەوێت

١٦٧٨- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَجِدُونَ النَّاسَ كَإِبِلٍ مِائَةٍ، لَا يَجِدُ الرَّجُلُ فِيهَا رَاحِلَةً)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٣٣]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((دەبینن خەڵك وەك صەد وشتر وەهان کە پیاو لەناویاندا یەك دانەی دەست نەکەوێت بە کەڵکی سواری و باربێت)). {واتە: مرۆڤی چاك و پاك کەم دەبێت}.

(٧٥) باسی زۆر درۆزنەکەی هۆزی (ثقيف)

١٦٧٩- عَنْ أَبِي نَوْفَلٍ قَالَ: رَأَيْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الزُّبَيْرِ (ﷺ) عَلَى عَقَبَةِ الْمَدِينَةِ، قَالَ: فَجَعَلَتْ قُرَيْشٌ تَمُرُّ عَلَيْهِ وَالنَّاسُ، حَتَّى مَرَّ عَلَيْهِ عَبْدُ اللَّهِ ابْنُ عُمَرَ (ﷺ)، فَوَقَفَ عَلَيْهِ فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكَ أَبَا خُبَيْبٍ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَبَا خُبَيْبٍ، السَّلَامُ عَلَيْكَ

أَبَا خُبَيْبٍ أَمَا وَاللَّه لَقَدْ كُنْتُ أَنْهَاكَ عَنْ هَذَا، أَمَا وَاللَّه لَقَدْ كُنْتُ أَنْهَاكَ عَنْ هَذَا، أَمَا وَاللَّه لَقَدْ كُنْتُ أَنْهَاكَ عَنْ هَذَا، أَمَا وَاللَّه إِنْ كُنْتَ مَا عَلِمْتُ صَوَّامًا قَوَّامًا وَصُولًا لِلرَّحِمِ، أَمَا وَاللَّه لَأُمَّةٌ أَنْتَ أَشَرُّهَا لَأُمَّةٌ خَيْرٌ. ثُمَّ نَفَذَ عَبْدُ اللَّه بْنُ عُمَرَ. فَبَلَغَ الْحَجَّاجَ مَوْقِفُ عَبْدِ اللَّهِ وَقَوْلُهُ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ فَأُنْزِلَ عَنْ جِذْعِهِ، فَأُلْقِيَ فِي قُبُورِ الْيَهُودِ، ثُمَّ أَرْسَلَ إِلَى أُمِّهِ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ)، فَأَبَتْ أَنْ تَأْتِيَهُ، فَأَعَادَ عَلَيْهَا الرَّسُولَ: لَتَأْتِيَنِّي، أَوْ لَأَبْعَثَنَّ إِلَيْكِ مَنْ يَسْحَبُكِ بِقُرُونِكِ. قَالَ: فَأَبَتْ وَقَالَتْ: وَاللَّهِ لَا آتِيكَ حَتَّى تَبْعَثَ إِلَيَّ مَنْ يَسْحَبُنِي بِقُرُونِي. قَالَ: فَقَالَ: أَرُونِي سِبْتَيَّ. فَأَخَذَ نَعْلَيْهِ ثُمَّ انْطَلَقَ يَتَوَذَّفُ حَتَّى دَخَلَ عَلَيْهَا، فَقَالَ: كَيْفَ رَأَيْتِنِي صَنَعْتُ بِعَدُوِّ اللَّهِ؟ قَالَتْ: رَأَيْتُكَ أَفْسَدْتَ عَلَيْهِ دُنْيَاهُ، وَأَفْسَدَ عَلَيْكَ آخِرَتَكَ، بَلَغَنِي أَنَّكَ تَقُولُ لَهُ: يَا ابْنَ ذَاتِ النِّطَاقَيْنِ، أَنَا وَاللَّهِ ذَاتُ النِّطَاقَيْنِ، أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكُنْتُ أَرْفَعُ بِهِ طَعَامَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَ[طَعَامَ] أَبِي بَكْرٍ مِنَ الدَّوَابِّ، وَأَمَّا الْآخَرُ فَنِطَاقُ الْمَرْأَةِ الَّتِي لَا تَسْتَغْنِي عَنْهُ، أَمَا إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حَدَّثَنَا: أَنَّ فِي ثَقِيفٍ كَذَّابًا وَمُبِيرًا، فَأَمَّا الْكَذَّابُ فَرَأَيْنَاهُ، وَأَمَّا الْمُبِيرُ فَلَا إِخَالُكَ إِلَّا إِيَّاهُ. قَالَ: فَقَامَ عَنْهَا وَلَمْ يُرَاجِعْهَا.

(ابو نوفل)دەڵێ: دیم عبدالله ی كوڕی زبیر (ﷺ) بەسەر تەپۆڵكەی شارەوە، قورەیش و خەڵكی بەلایدا تێدەپەڕین، هەتا عبدالله ی كوڕی عمر (ﷺ) تێپەڕی بەلایدا و، وەستا لەسەری و، وتی: سەلامت لەسەر ئەی باوكی (خُبیب) سەلامت لەسەر ئەی باوكی (خُبیب)، سەلامت لەسەر ئەی باوكی (خُبیب)، ئاگادار بە (والله) من نەهیم لێكردی لەم كارە، ئاگاداربە (والله) من نەهیم لێكردی لەم كارە، ئاگادار بە (والله) من نەهیم لێكردی لەم كارە، ئاگادار بە (والله) ئەوەندەی من بزانم تۆ زۆر بەڕۆژ و دەبوویت، زۆر شەونوێژت دەكرد، زۆر سیلەی ڕەحمت دەگەیاند، ئاگاداربە (والله) ئوممەتێك تۆ خراپەكەیان بیت ئەوە ئومەتێكی چاكە، ئەمجاعبدالله ڕۆیی، ئەم وەستانەی عبدالله گەیشتەوە بە (حجاج) ناردی لە لقی قەنارەكەی دایانگرت و فڕێی دایە ناو گۆڕستانی جولەكەكان. دوای ئەوە (حجاج) ناردی بە دوای دایكی عبدالله دا كە (اسماء)ی كچی (ابوبكر الصدیق)بوو (ﷺ)، نەهات بۆلای جارێكی تر ناردیەوە بە دوایدا وتی: پێی بڵێن: ئەگەر نەیەیت كەسێكت بۆ دەنێرم بە پرچەكانت ڕاتكێشن، نەهات و وتی: (والله) نایەم بۆ لات هەتا كەسێك دەنێری بە پرچەكانم ڕامكێشن، وتی: نەعلەكانم بۆ بهێنن، نەعلەكانی لەپێكرد و بەپەلە و بەفیزەوە ڕۆیشت، تا

گەیشتە لای (اسماء) وتی: چۆنە بەلاتەوە ئەوەی من کردم بە دوژمنی خوا؟ وتی: وادەتبینم تۆ دنیات لەو تێکدا، ئەویش قیامەتی لە تۆ تێکدا، هەواڵم پێگەیشتووە کە تۆ بە (عبدالله)ت وتووە: ئەی کوڕی (ژنە دوپشتێنەکە) سوێند بەخوا منم دو پشتێنە، یەکێکیان خواردنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و (ابوبکر)م پێهەڵدەگرت و {دەمپاراست لە ئاژەڵ و جڕوجانەوەر}، ئەوی دیکەیشیان ئەو پشتێنەیە کە ئافرەت پێویستە هەیبێ، ئاگاداربە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموویین: ((لە (ثقیف)دا زۆر درۆزنێك و فەوتێنەرێك هەیە، زۆر درۆزنەکەمان دی، فەوتێنەرەکەیش وادەزانم کەتۆیت. (حجاج) هەستا ڕۆیی و وەڵامی نەدایەوە.

(٥٤) بەشی چاکە و پەیوەندی خزمایەتی

(١) چاکە کردن لەگەڵ باوك و دایکدا

١٦٨٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: مَنْ أَحَقُّ النَّاسِ بِحُسْنِ صَحَابَتِي؟ قَالَ: ((أُمُّكَ)). قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: ((ثُمَّ أُمُّكَ)). [قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: ((ثُمَّ أُمُّكَ))]. قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: ((ثُمَّ أَبُوكَ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٦٢٦]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: کێ لەهەموو کەس شایستە ترە کە من چاکەکار بم لەگەڵیدا، فەرمووی: ﴿دایکت﴾. وتی: پاشان کێی تر؟ فەرمووی: ﴿پاشان دایکت﴾. وتی: پاشان کێی تر؟ فەرمووی: ﴿پاشان دایکت﴾. وتی: پاشان کێی تر؟ فەرمووی: ﴿پاشان باوکت﴾.

(٢) چاکە کردن لەگەڵ باوك و دایکدا لە عیبادەتی سوننەت لە پێشترە

١٦٨١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَمْ يَتَكَلَّمْ فِي الْمَهْدِ إِلَّا ثَلَاثَةٌ: عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ، وَصَاحِبُ جُرَيْجٍ، وَكَانَ جُرَيْجٌ رَجُلًا عَابِدًا، فَاتَّخَذَ صَوْمَعَةً فَكَانَ فِيهَا، فَأَتَتْهُ أُمُّهُ وَهُوَ يُصَلِّي فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: يَا رَبِّ، أُمِّي وَصَلَاتِي؟ فَأَقْبَلَ عَلَى صَلَاتِهِ، فَانْصَرَفَتْ. فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْهُ وَهُوَ يُصَلِّي، فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: يَا رَبِّ أُمِّي وَصَلَاتِي؟ فَأَقْبَلَ عَلَى صَلَاتِهِ، فَانْصَرَفَتْ، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْهُ [وَهُوَ يُصَلِّي] فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: أَيْ رَبِّ أُمِّي وَصَلَاتِي؟ فَأَقْبَلَ عَلَى صَلَاتِهِ، فَقَالَتِ: اللَّهُمَّ لَا تُمِتْهُ حَتَّى يَنْظُرَ إِلَى وُجُوهِ الْمُومِسَاتِ. فَتَذَاكَرَ بَنُو إِسْرَائِيلَ جُرَيْجًا وَعِبَادَتَهُ، وَكَانَتِ امْرَأَةٌ بَغِيٌّ يُتَمَثَّلُ بِحُسْنِهَا، فَقَالَتْ: إِنْ شِئْتُمْ لَأَفْتِنَنَّهُ لَكُمْ. قَالَ: فَتَعَرَّضَتْ لَهُ فَلَمْ يَلْتَفِتْ إِلَيْهَا، فَأَتَتْ رَاعِيًا كَانَ يَأْوِي إِلَى صَوْمَعَتِهِ فَأَمْكَنَتْهُ مِنْ نَفْسِهَا، فَوَقَعَ عَلَيْهَا، فَحَمَلَتْ، فَلَمَّا وَلَدَتْ قَالَتْ: هُوَ مِنْ جُرَيْجٍ، فَأَتَوْهُ فَاسْتَنْزَلُوهُ، وَهَدَمُوا صَوْمَعَتَهُ، وَجَعَلُوا يَضْرِبُونَهُ. فَقَالَ: مَا شَأْنُكُمْ؟ قَالُوا: زَنَيْتَ بِهَذِهِ الْبَغِيِّ فَوَلَدَتْ مِنْكَ. فَقَالَ: أَيْنَ الصَّبِيُّ؟ فَجَاءُوا بِهِ. فَقَالَ: دَعُونِي حَتَّى أُصَلِّيَ، فَصَلَّى، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَتَى الصَّبِيَّ فَطَعَنَ فِي بَطْنِهِ وَقَالَ: يَا غُلَامُ مَنْ أَبُوكَ؟ قَالَ: فُلَانٌ الرَّاعِي. قَالَ: فَأَقْبَلُوا عَلَى جُرَيْجٍ يُقَبِّلُونَهُ وَيَتَمَسَّحُونَ بِهِ، وَقَالُوا: نَبْنِي لَكَ صَوْمَعَتَكَ مِنْ ذَهَبٍ. قَالَ: لَا، أَعِيدُوهَا مِنْ طِينٍ كَمَا كَانَتْ فَفَعَلُوا. وَبَيْنَا صَبِيٌّ يَرْضَعُ مِنْ أُمِّهِ، فَمَرَّ رَجُلٌ

رَاكِبٌ عَلَى دَابَّةٍ فَارِهَةٍ، وَشَارَةٍ حَسَنَةٍ، فَقَالَتْ أُمُّهُ: اللَّهُمَّ اجْعَلِ ابْنِي مِثْلَ هَذَا، فَتَرَكَ الثَّدْيَ وَأَقْبَلَ إِلَيْهِ، فَنَظَرَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْنِي مِثْلَهُ. ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى ثَدْيِهِ، فَجَعَلَ يَرْتَضِعُ -قَالَ: فَكَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يَحْكِي ارْتِضَاعَهُ بِإِصْبَعِهِ السَّبَّابَةِ فِي فَمِهِ فَجَعَلَ يَمُصُّهَا-. قَالَ: وَمَرُّوا بِجَارِيَةٍ وَهُمْ يَضْرِبُونَهَا، وَيَقُولُونَ: زَنَيْتِ سَرَقْتِ، وَهِيَ تَقُولُ: حَسْبِيَ اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ، فَقَالَتْ أُمُّهُ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلِ ابْنِي مِثْلَهَا، فَتَرَكَ الرَّضَاعَ وَنَظَرَ إِلَيْهَا فَقَالَ: اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِثْلَهَا، فَهُنَاكَ تَرَاجَعَا الْحَدِيثَ. فَقَالَتْ: حَلْقَى، مَرَّ رَجُلٌ حَسَنُ الْهَيْئَةِ فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ اجْعَلِ ابْنِي مِثْلَهُ، فَقُلْتَ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْنِي مِثْلَهُ! وَمَرُّوا بِهَذِهِ الْأَمَةِ وَهُمْ يَضْرِبُونَهَا وَيَقُولُونَ: زَنَيْتِ سَرَقْتِ، فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلِ ابْنِي مِثْلَهَا، فَقُلْتَ: اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِثْلَهَا! قَالَ: إِنَّ ذَاكَ الرَّجُلَ كَانَ جَبَّارًا، فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْنِي مِثْلَهُ، وَإِنَّ هَذِهِ يَقُولُونَ لَهَا: زَنَيْتِ وَلَمْ تَزْنِ، وَسَرَقْتِ وَلَمْ تَسْرِقْ، فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِثْلَهَا)).
[بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٥٣]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەناو لانكەدا كەس گفتوگۆی نەكردووە، سێ كەس نەبێ: عیسی كوڕی مریەم، ئەو منداڵەی كە بەهۆی جورەیجەوە هاتە ئاخاوتن. جورەیج پیاوێكی خوا پەرست بوو، خەڵوەتگایەكی بۆ خۆی دانابوو، كە بەندایەتی تیا دەكرد، دایكی هات بۆلای — لەكاتێكدا جورەیج نوێژی دەكرد— و پێی وت: كوڕم جورەیج! ئەویش وتی: (لەدڵی خۆیدا) خوایە تیا ماووم لە نێوان دایكم و نوێژەكەمدا؟. پاشان بەردەوام بوو لەسەر نوێژەكەی، دایكی گەڕایەوە، بۆ بەیانی بەهەمان شێوە، دایكی هاتەوە بۆ لای، ئەو هەر نوێژی دەكرد، دایكی وتی: ئەی جورەیج! ئەویش وتی (خوایە تیا ماوم لە نێوان دایكم و نوێژەكەمدا؟ پاشان بەردەوام بوو لەسەر نوێژەكەی، بۆ بەیانی سێهەمیش هاتەوە، ئەو هەر نوێژی دەكرد، بۆیە دایكی وتی: ئەی جورەیج. ئەویش وتی: خوایە تیاماووم لە نێوان دایكم و نوێژەكەمدا؟ بەردەوام بوو لەسەر نوێژەكەی بۆیە دایكی نزای لێكردوو وتی: خوایە مەیمرێنە هەتا ڕوخساری داوێن پیسان دەبینێت! ئالێرەدا ئیسرائیلیەكان كەوتنە باسی جورەیج و عیبادەتەكەی.

ئافرەتێكی بەد ڕەوشت هەبوو، كە نموونە بوو لە جوانیدا پێی وتن: ئەگەر ئێوە بتانەوێت، ئەوا من جورەیج لە خشتە دەبەم و پاشان ئافرەتەكە چوو بۆ

لای جورەیج و، ڕێگای پێگرت، بەڵام جورەیج گوێی پێنەدا، ئافرەتەکە چوو بۆ لای شوانێك کە سەردانی خەڵوەتگای جورەیجی دەکرد، خۆی دایەدەستی و کاری داوێن پیسی لەگەڵدا ئەنجام داو، سکی پڕ بوو، کاتێك کە منداڵەکەی بوو، وتی: ئەم منداڵە لە جورەیجە. خەڵکەکە چوون بۆلای جورەیج و، خەڵوەتگاکەیان ڕووخاند و، لە خەڵوەتگاکە دایان گرت و دەستیان کرد بە لێدانی جورەیج، وتی: چیتانە! بۆ وام لێدەکەن؟ وتیان تۆ لەگەڵ ئەم ئافرەتە بەدڕەوشتە کاری داوێن پیسیت ئەنجام داوە، منداڵی بووە لە تۆ، جورەیج وتی: کوا منداڵەکە منداڵەکەیان هێنا بۆلای وتی: وازم لێبێنن هەتا نوێژ دەکەم، پاشان دەستیکرد بە نوێژ کردن، کاتێك لێبوویەوە، هات بۆ لای منداڵەکە و، دەستی ماڵی بە سکی منداڵەکەدا و وتی: کوڕە باوکت کێیە؟ منداڵەکە هاتە گۆ و وتی: فلان کەسی شوانە. خەڵکەکە ڕویان کردە جورەیج و، پاشان ماچیان کرد و، دەستیان بەسەردا دەهێنا، وتیان: خەڵوەتگاکەت بە زێڕ و زیو بۆ دروست دەکەینەوە، جورەیج وتی: نەخێر، بەڵکو وەکو خۆی لێبکەنەوە –کەلە گڵ و قوڕ بوو– ئەوانیش ئەو کارەیان ئەنجام دا. (سێهەم) منداڵێکیش خەریکی شیر خواردن بوو، پیاوێکی جوانخاس کە سواری ئەسپێکی خۆشڕەو بوبوو بەوێدا تێپەڕی، دایکی منداڵەکە وتی: خوایە! ئەم کوڕەم وەك ئەم سوارە لێبکەیت، منداڵەکە، وازی لە مەمکی دایکی هێنا و ڕوی کردە پیاوەکە و، سەیری کرد و وتی: خوایە وەکو ئەوم لێنەکەیت. پاشان دەستی کردەوە بە مژینی شیری دایکی. (أبو هريرة) دەڵێ: (ئەو دیمەنەم لەبەرچاوە کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەم چیرۆکەی دەگێڕایەوە و پەنجەی شایەتمانی خستبۆوە نێو دەمیەوە و دەیمژی) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەم منداڵ و دایکە)) بەلای ئافرەتێکدا تێپەڕین کە بەتوندی لێیان دەدا و، دەیان وت: داوێن پیسیت کردوە، دزیت کردووە، ئافرەتەکەش دەیوت: خوام بەسە و تەنها پشتم بەو قایمە، دایکی وتی: خوایە! ئەم کوڕەم وەك ئەم ئافرەتە لێنەکەیت. (جارێکی تر) منداڵەکە وازی لە شیرخواردن هێنا و سەیرێکی ئافرەتەکەی کرد و وتی: خوایە وەك ئەوم لێبکەیت، پاشان دایکی لەگەڵی کەوتە گفتوگۆ و بەسەرسامیەوە وتی: لاڵ بیت، پیاوێکی شەنگ و شۆخ تێپەڕی وتم: خوایە کوڕەکەم وەکو ئەو لێبکەیت؟ کەچی تۆ وتت: خوایە وەك ئەوم لێنەکەیت، پاشان هاتین بەسەر ئەو

كەنیزەكـەی كـە لێیـان دەدا و، پێیـان دەوت: داوێـن پیسـی و دزیـت كـردووە تێپەڕین و منیش وتم: خوایە كوڕەكەم وا لێنەكەیت (كەچی تۆ بەپێچەوانەوە) وتت: خوایە وەك ئەوم لێبكەیت! منداڵەكە وتی: پیاوەكە كەسێكی تاوان بار بوو بۆیە منیش وتم خوایە وەك ئەوم لێنەكەیت، ئافرەتەكەش كە پێیان دەوت: داوێـن پیسـی و دزیـت كـردووە، نـەداوێن پیسـی كردبوو، نـەدزی، بۆیـە منیـش وتم: خوایە وەك ئەوم لێبكەیت.

(٣) وازهێنـان لـە جیهـاد لـە پێنـاوی دایك و بـاوك

١٦٨٢ـ عَنْ عَبْدَ اللهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: أَقْبَلَ رَجُلٌ إِلَى نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: أُبَايِعُكَ عَلَى الْهِجْرَةِ وَالْجِهَادِ، أَبْتَغِي الْأَجْرَ مِنَ اللَّهِ (ﷻ). قَالَ: ((فَهَلْ مِنْ وَالِدَيْكَ أَحَدٌ حَيٌّ)). قَالَ: نَعَمْ، بَلْ كِلَاهُمَا. قَالَ: ((فَتَبْتَغِي الْأَجْرَ مِنَ اللَّهِ ﷻ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((فَارْجِعْ إِلَى وَالِدَيْكَ فَأَحْسِنْ صُحْبَتَهُمَا)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٨٤٢]

(لە (عبدالله) كوڕی (عمرو) كوڕی (عاص) (ﷺ) وتی: پیاوێك هات بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، وتی: پەیمانی كۆچ كردن و تێكۆشانت دەدەمێ و، مەبەستیشم پاداشتی پـەروەردگارە، پێغەمبـەر فـەرمووی: ((ئایـا دایـك و بـاوكت كەسـیان زینـدووە؟)) وتـی: بـەڵێ بـەڵكو هـەردووكیان زینـدوون، فـەرمووی: ((پاداشـتت دەوێ لای پەروەردگار؟)) وتی بەڵێ، فەرمووی: ((كەواتە بگەڕێرەوە بۆلای باوك و دایكت و چاك خزمەتیان بكە و، بەباشی هەڵوسكەوتیان لەگەڵدا بكە)).

(٤) خوای گەورە ئـازاردانی دایكـانی قەدەغە كردووە

١٦٨٣ـ عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ حَرَّمَ عَلَيْكُمْ عُقُوقَ الْأُمَّهَاتِ، وَوَأْدَ الْبَنَاتِ، وَمَنْعًا وَهَاتِ، وَكَرِهَ لَكُمْ ثَلَاثًا: قِيلَ وَقَالَ، وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ، وَإِضَاعَةَ الْمَالِ)). [بخاري/ الاستقراض/ ٢٢٧٧]

(مغیرة) كوڕی (شعبە) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((بەڕاسـتی خوای گەورە قەدەغەی كـردووە لـە ئێـوە: ئـازاردانی دایكـان و سـپڵەیی و بـێ ئەمەكی لەگەڵیاندا. هەروەها زیندەبەچاڵ كردنی كچان و ئەنجام نـەدانی ئـەركی سەرشـان و وەرگرتنـی شـت بەناهـەق، خـوای گـەورە سـێ شتیشـی پێناخۆشـە، قسە هێنان و بردن و، زۆر پرسیار كردن و، ماڵ بەفیڕۆدان)).

(٥) خزمەت كردنی دایك و باوك هۆی چوونە بەهەشتە

١٦٨٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((رَغِمَ أَنْفُ، ثُمَّ رَغِمَ أَنْفُ، ثُمَّ رَغِمَ أَنْفُ)). قِيلَ: مَنْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((مَنْ أَدْرَكَ أَبَوَيْهِ عِنْدَ الْكِبَرِ: أَحَدَهُمَا أَوْ كِلَيْهِمَا، فَلَمْ يَدْخُلِ الْجَنَّةَ)).

(ابـو هریـرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((سەرشـۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت، پاشان سەرشۆڕبێت)) عەرزیان كرد: كێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: ((كەسێك گەشتبێت بە باوك و دایكی یان بە یەكێكیان لە كاتی پیریدا و پاشان نەچووبێتە بەهەشتەوە)). [واتە چاك نەبوبێت لەگەڵیاندا]

(٦) چاكە كردن لەگەڵ دۆست و خۆشەویستی باوك دا

١٦٨٥ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّهُ كَانَ إِذَا خَرَجَ إِلَى مَكَّةَ كَانَ لَهُ حِمَارٌ يَتَرَوَّحُ عَلَيْهِ إِذَا مَلَّ رُكُوبَ الرَّاحِلَةِ، وَعِمَامَةٌ يَشُدُّ بِهَا رَأْسَهُ، فَبَيْنَا هُوَ يَوْمًا عَلَى ذَلِكَ الْحِمَارِ إِذْ مَرَّ بِهِ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ: أَلَسْتَ ابْنَ فُلَانِ بْنِ فُلَانٍ؟ قَالَ: بَلَى. فَأَعْطَاهُ الْحِمَارَ وَقَالَ: ارْكَبْ هَذَا، وَالْعِمَامَةَ قَالَ: اشْدُدْ بِهَا رَأْسَكَ. فَقَالَ لَهُ بَعْضُ أَصْحَابِهِ: غَفَرَ اللَّهُ لَكَ، أَعْطَيْتَ هَذَا الْأَعْرَابِيَّ حِمَارًا كُنْتَ تَرَوَّحُ عَلَيْهِ، وَعِمَامَةً كُنْتَ تَشُدُّ بِهَا رَأْسَكَ؟ فَقَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ مِنْ أَبَرِّ الْبِرِّ صِلَةَ الرَّجُلِ أَهْلَ وُدِّ أَبِيهِ بَعْدَ أَنْ يُوَلِّيَ)). وَإِنَّ أَبَاهُ كَانَ صَدِيقًا لِعُمَرَ (ﷺ).

(عبدالله) كوڕی (عمر) (ﷺ) گوێدرێژێكی هەبوو، كاتێك بڕۆشتایە بۆ شاری مەككە و، بێزار بوایـە لەسـواری حوشـتر، ئـەوا سـواری گوێدرێژەكـە دەبـوو، هـەروەها مێزەرێكیشـی هـەبوو دەیبەسـت بەسـەریەوە. ڕۆژێكیـان بەسەرپشـتی گوێدرێژەكەوە بوو، كابرایەكی دەشتەكی بەلای دا تێپەڕی وپێی وت: تۆ كوڕی فلان كەسی كوڕی فلان كەس نیت؟ (عبدالله)ش وتی: بەڵێ، {(بەم پرسیارەدا) عبدالله بۆی دەركەوت كە ئەم پیاوە یەكێكە لە دۆستەكانی باوكی}، پاشـان عبدالله، گوێدرێژەكە و مێزەرەكەی پێبەخشی، هـەتا گوێدرێژەكە بەكاربهێنێت بۆ سواری و، مێزەرەكـەش ببەستێت بەسـەریەوە. هـەندێ لە هاوەڵانی عبدالله پێیان وت: خوا لێت خۆش بێت! تۆ گوێدرێژێكت هەبوو، كە سواری دەبوویت و، مێزەرێكیشـت هـەبوو، دەت بەسـت بەسـەرتەوە، هـەردووكیانت بەخشـی؟ عبـدالله وتـی بەڕاسـتی مـن بیسـومە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) دەیفـەرموو:

((لەچاکترینی چاکەکان دۆستایەتی و ڕێزگرتن و بەخشینی مرۆڤە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە دۆستی باوکی بوون، پاش ئەوەی کە باوکی لە دونیا دەرچوو)) بەڕاستی باوکی ئەم پیاوەش هاوڕێی عمر(ی باوکم) (ﷺ) بوو.

(٧) چاکە کردن لەگەڵ کچاندا

١٦٨٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: جَاءَتْنِي امْرَأَةٌ وَمَعَهَا ابْنَتَانِ لَهَا، فَسَأَلَتْنِي فَلَمْ تَجِدْ عِنْدِي شَيْئًا غَيْرَ تَمْرَةٍ وَاحِدَةٍ، فَأَعْطَيْتُهَا إِيَّاهَا. فَأَخَذَتْهَا فَقَسَمَتْهَا بَيْنَ ابْنَتَيْهَا وَلَمْ تَأْكُلْ مِنْهَا شَيْئًا، ثُمَّ قَامَتْ فَخَرَجَتْ وَابْنَتَاهَا، فَدَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ (ﷺ) فَ حَدَّثْتُهُ حَدِيثَهَا، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((مَنِ ابْتُلِيَ مِنَ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ، فَأَحْسَنَ إِلَيْهِنَّ، كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٥٠]

(عائشة) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێك هات بۆلام و دوو کچی لەگەڵدا بوو، داوای یارمەتی لێکردم، منیش هیچم لا نەبوو، تەنها یەك دەنك خورما نەبێت، دەنکە خورماکەم دایە و ئەویش کردی بە دوولەتەوە، دابەشی کرد لە نێوان هەردوو کچەکەیدا و، خۆی هیچی لێنەخوارد، پاشان هەستاو لەگەڵ دوو کچەکەیدا ڕۆشتە دەرەوە. کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە، ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: ((ئەگەر کەسێك خوا تاقی بکاتەوە کچی پێببەخشێت، ئەویش بە چاکیی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، ئەوە ئەو کچانە دەبنە بەربەست بۆی لە ئاگری دوزەخ)).

١٦٨٧ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ)) وَضَمَّ أَصَابِعَهُ.

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەسێك دوو کچ بەخێو بکات، هەتا پێدەگەن ئەوا کە ڕۆژی قیامەت دێت من و ئەو ئاواین)). لەم کاتەدا پەنجەکانی جوت کرد بەیەکەوە.

(٨) پەیوەندی خزمایەتی تەمەن درێژ دەکات

١٦٨٨ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ أَوْ يُنْسَأَ فِي أَثَرِهِ، فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ)). [بخاري/ البيوع/ ١٩٦١]

(أنس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((هەرکەسێك پێی خۆش بێت کە ڕزق و ڕۆزی زیادبکات و تەمەنی درێژبێت و شوێنەواری چاکی بمێنێ ئەوا با سیلەی ڕەحم بەجێ بهێنێ)).

(٩) پاراستنی پەیوەندی خزمایەتی

١٦٨٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونِي، وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ، وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ. فَقَالَ: ((لَئِنْ كُنْتَ كَمَا قُلْتَ فَكَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ، وَلَا يَزَالُ مَعَكَ مِنَ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ عَلَى ذَلِكَ)).

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بەڕاستی من خزمم هەیە و، سەردانیان دەکەم و ئەوان پێیان لێبڕیووم، چاکەیان لەگەڵدا دەکەم، ئەوان خراپەم لەگەڵ دەکەن، من ئارامم لەگەڵیاندا و ئەوان نەفامیم لەگەڵ دەکەن. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر تۆ ئاوابی، وەك خۆت دەیڵێیت، ئەوا خۆڵەمێشی گەرمیان دەرخوارد دەدەیت، بەردەوامیش پشتیوانی خوات لەگەڵە لە دژی ئەوان، هەتا لەسەر ئەم حاڵە بمێنی)).

(١٠) پەیوەندی خزمایەتی و ئاسەواری بچڕاندنی

١٦٩٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ الْخَلْقَ، حَتَّى إِذَا فَرَغَ مِنْهُمْ قَامَتِ الرَّحِمُ فَقَالَتْ: هَذَا مَقَامُ الْعَائِذِ مِنَ الْقَطِيعَةِ، قَالَ: نَعَمْ، أَمَا تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ، وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ؟ قَالَتْ: بَلَى، قَالَ: فَذَاكِ لَكِ)). ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ: ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ. أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ. أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ [محمد: ٢٢-٢٤]. [بخاري/ الأدب/ ٥٦٤١]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەڕاستی خوای باڵا دەست هەموو دروستکراوەکانی دروست کرد، هەتا کاتێك کە لێبوویەوە، هەستاو، وتی: ئەی خوایە؛ ئەمە پەناگای کەسێکە کە پەنادەگرێت لە پچڕاندنی سیلەی ڕەحم، خوا فەرمووی بەڵێ، ئایا ڕازی نابیت بەوەی هەر کەس تۆ بەسەربکاتەوە منیش دەیگەیێنم بەڕەحمەتی خۆم، ئەوەش تۆ دابڕێت، ئەوا

منیش دای دەبڕم لە ڕەحمەتی خۆم؟ سیلەی ڕەحم وتی: بەڵێ، خوای گەورەش فەرمووی: ﴿دەی بڕیار بێت ئەوە بۆ تۆ بێت﴾. پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر حەز دەکەن ئەم ئایەتە بخوێنن [کە ئەمە ماناکەیەتی]: ﴿ئایا ئێوە بەتەمان ئەگەر لە غەزادا پشت هەڵبکەن ، یاخود دەسەڵاتتان کەوتە دەست، تۆوی ئاژاوە و فەسادو تاوان لە زەویدا بچێنن و هەرچی پەیوەندی خزمایەتیش هەیە بیپچڕێنن و لەناوی بەرن؟! ئەو جۆرە کەسانە ئەوانەن کە خوا نەفرینی لێکردوون و کەڕی کردوون و کوێرایی هێناوە بەسەر چاویاندا، ئایا ئەوە بۆچی ئەوانە وردبینی لە قورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن؟ ئایا ئەوەیە دڵەکان لە ئاستی ڕاستیدا قفل دراوە؟))

١٦٩١ـ عنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَاطِعٌ)). قَالَ ابْنُ أَبِي عُمَرَ: قَالَ سُفْيَانُ: يَعْنِي قَاطِعَ رَحِمٍ. [بخاري/ الأدب/ ٥٦٣٨]

(جوبیر) کوڕی (مطعم) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەو کەسەی کە سیلەی ڕەحم دەبڕێ ناچێتە بەهەشتەوە)).

(١١) بەخێوکردنی هەتیوو

١٦٩٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَافِلُ الْيَتِيمِ لَهُ أَوْ لِغَيْرِهِ أَنَا وَهُوَ كَهَاتَيْنِ فِي الْجَنَّةِ)). وَأَشَارَ مَالِكٌ بِالسَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى.

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەو کەسەی کە هەتیو بەخێو بکات (کەسی خۆی بێت یان نا) من و ئەو وەکو ئەم دووانە واین)) مالك کە ڕاوی فەرموودەکەیە ئاماژەی بەپەنجەی شایەتومان و ناوەڕاست کرد.

(١٢) پاداشتی یارمەتی‌دانی بێوەژن و هەژاران

١٦٩٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((السَّاعِي عَلَى الْأَرْمَلَةِ وَالْمِسْكِينِ كَالْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)) وَأَحْسِبُهُ قَالَ: ((وَكَالْقَائِمِ لَا يَفْتُرُ، وَكَالصَّائِمِ لَا يُفْطِرُ)). [بخاري/ النفقات/ ٥٠٣٨]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەو کەسەی کە یارمەتی بێوەژن و هەژار دەدات، وەك ئەو کەسە وایە، کە لەپێناو خوادا جیهاد دەکات)) (ڕاوی فەرموودەکە وتی) وادەزانم فەرموویشی ((هەروەها وەك ئەو کەسە وایە کە بەردەوام خەریکی شەونوێژبێت و بێزارنەبێت لێی، هەروەها وەك ئەو کەسە وایە کە بەردەوام بە ڕۆژوبێت و نەیشکێنێت)).

(١٣) ئەو کەسانەی کە یەکتریان خۆش دەوێت

١٦٩٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلَالِي؟ الْيَوْمَ أُظِلُّهُمْ فِي ظِلِّي يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلِّي)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((بەڕاسـتی خـوای بالآدەسـت لـە ڕۆژی قیامـەتدا دەفەرمووێت: کـوان ئەوانـەی کـە یـەکتریان لەبـەر خـاتری من خـۆش دەویسـت؟ ئەمڕۆ من دەیانخەمـە ژێـر سـێبەری خۆمـەوە، لـە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نی‌یە، بێجگە سێبەری من))

١٦٩٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): ((أَنَّ رَجُلًا زَارَ أَخًا لَهُ فِي قَرْيَةٍ أُخْرَى، فَأَرْصَدَ اللَّهُ [لَهُ] عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكًا، فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ قَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَخًا لِي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ، قَالَ: هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا؟ قَالَ: لَا، غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: فَإِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ، بِأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ)).

(ابو هريرة)(ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیگێڕێتەوە کە: ((پیاوێك چوو بۆ دیدەنی برایەکی، لە دێیەکی تردا، خوای گەورە فریشتەیەکی لەسەر ڕێگاکەیدا بۆ دانا، کاتێك پیاوەکە گەیشتە لای، پێی‌وت: بۆکوێ دەچیت؟ پیاوەکە وتـی: دەمەوێت بچم بۆ لای برایەکم لـەم دێیەدا، فریشتەکە وتـی: لای ئـەو خێرێکت دەست دەکەوێت کەلـە پێناویدا سـەردانی بکـەیت؟ پیاوەکە وتـی:نـەخێر تەنها ئەوەندەیە کـە من لەبـەر خـاتری خـوا ئـەوم خـۆش دەوێـت، فریشـتەکە وتـی: بەڕاستی من نێردراوی خوای گەورەم بۆ لای تـۆ کـە بەڕاسـتی خـوا تـۆی خـۆش دەوێت وەك چۆن تۆ ئەو پیاوەت لەبەر خاتری خوا خۆش دەوێت)).

(١٤) مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشی دەوێت

١٦٩٦ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى السَّاعَةُ؟ قَالَ: ((وَمَا أَعْدَدْتَ لِلسَّاعَةِ)). قَالَ: حُبَّ اللَّهِ وَرَسُولِهِ، قَالَ: ((فَإِنَّكَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ)). قَالَ أَنَسٌ: فَمَا فَرِحْنَا بَعْدَ الْإِسْلَامِ فَرَحًا أَشَدَّ مِنْ قَوْلِ النَّبِيِّ (ﷺ): ((فَإِنَّكَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ)). قَالَ أَنَسٌ: فَأَنَا أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَأَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ، فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ مَعَهُمْ وَإِنْ لَمْ أَعْمَلْ بِأَعْمَالِهِمْ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٤٨٥]

(انس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، قیامەت كەی دێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((چیت بۆ ئامادە كردوە؟)) پیاوەكە وتی: خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەكەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڕاستی تۆ لەگەڵ ئەو كەسەدایت كە خۆشت دەوێت)) انس دەڵێ: لەدوای موسڵمان بوون، هیچ شتێك ئەوەندە خۆشحاڵی نەكردین، وەك ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ): ((بەراستی تۆ لەگەڵ ئەو كەسەدایت كە خۆشت دەوێت)) انس دەڵێ: بەڕاستی من خوا و پێغەمبەر و ئەبوبەكر و عومەرم خۆش دەوێت و، ئومێدم وایە لەگەڵ ئەواندابم، با كردەوەكانیشم وەك ئەوان نەبێت.

(١٥) خوا هەر كەسی خۆش بوویت لای بەندەكانیش خۆشەویستی دەكات

١٦٩٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ عَبْدًا دَعَا جِبْرِيلَ [(الْعَلِيلاً)] فَقَالَ: إِنِّي أُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبَّهُ، قَالَ: فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ، ثُمَّ يُنَادِي فِي السَّمَاءِ فَيَقُولُ: إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبُّوهُ، فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ، قَالَ: ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِي الْأَرْضِ. وَإِذَا أَبْغَضَ عَبْدًا دَعَا جِبْرِيلَ (الْعَلِيلاً)، فَيَقُولُ: إِنِّي أُبْغِضُ فُلَانًا فَأَبْغِضْهُ، قَالَ: فَيُبْغِضُهُ جِبْرِيلُ، ثُمَّ يُنَادِي فِي أَهْلِ السَّمَاءِ: إِنَّ اللَّهَ يُبْغِضُ فُلَانًا فَأَبْغِضُوهُ، قَالَ: فَيُبْغِضُونَهُ، ثُمَّ تُوضَعُ لَهُ الْبَغْضَاءُ فِي الْأَرْضِ)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٣٧]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەڕاستی خوای گەورە ئەگەر بەندەیەكی خۆش ویست، ئەوا بانگی جوبرەئیل (الْعَلِيلاً) دەكات و، پێی دەفەرموێت: بەڕاستی من فلانەكەسم خۆش دەوێت، دەی تۆش خۆشت بوێت. دەفەرموێت: ئیتر جوبرەئیلیش خۆشی دەوێت، پاشان لەئاسماندا جاڕدەدات و دەڵێ: بەڕاستی خوای گەورە فلانەكەسی خۆش دەوێت، دەی ئێوەش خۆشتان بوێت، ئیتر ئەوەی لە ئاسماندایە خۆشی دەوێت. دوای ئەوە لە زەویدا پەسەند دەكرێت)).

ئەگەر خوای گەورە ڕقی لەبەندەیەك بوو، ئەوا جبریل (الْعَلِيلاً) بانگ دەكات و پێی دەفەرمووێت: بەڕاستی من ڕقم لە فلانە كەسە، دەی تۆش ڕقت لێی بێت، ئیتر جبریل (الْعَلِيلاً) ڕقی لێی دەبێتەوە، پاشان لە ئاسماندا جاڕ دەدات و دەڵێ: بەڕاستی خوای گەورە ڕقی لە فلانەكەسە، دەی ئێوەش ڕقتان لێی بێت.

ئەوانیش ڕقیان لێی دەبێتەوە، دوای ئەوە ڕق و خۆش نەویستنی لە زەوی دا بۆ دادەنرێت)).

(١٦) ڕۆحەكان سەربازی ڕاهێنراون

١٦٩٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) -يَرْفَعُهُ- قَالَ: ((النَّاسُ مَعَادِنُ كَمَعَادِنِ الْفِضَّةِ وَالذَّهَبِ، خِيَارُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الْإِسْلَامِ إِذَا فَقُهُوا. وَالْأَرْوَاحُ جُنُودٌ مُجَنَّدَةٌ، فَمَا تَعَارَفَ مِنْهَا ائْتَلَفَ، وَمَا تَنَاكَرَ مِنْهَا اخْتَلَفَ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٢١٥٨]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: خەڵكی كانزان، وەكو كانزای زیڕ و زیو وان، ئەوانەیان كەلە نەفامیدا چاك بوون، لە ئیسلامیشدا چاكن ئەگەر تێبگەن و دەركیان هەبێت. ڕۆحەكانیش سەربازی ڕاهێنراون، ئەوانەیان یەكتری ناناسن لەیەك دوور دەكەونەوە. ئەوانەی هاوڕەوشت و هاوبیرن پێكەوە دەگونجێن، ئەوانەشیان سروشت و بیروباوەڕیان بەیەك ناخوات، لەیەكتر دوور دەكەونەوە و جیاواز دەبن)).

(١٧) موسڵمان بۆ موسڵمان وەك بیناوایە

١٦٩٩ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا)). [بخاري/ المساجد/ ٤٦٧]

(ابو موسى) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((موسڵمان بۆ موسڵمان وەك بینا وایە، هەندێكی تر بەیەكەوە دەبەستێت)).[(واتە: هەمووی تێهاڵكێشە بەیەكەوە)].

(١٨) ئیمانداران یەك جەستەن لە سۆز و خۆشەویستیدا

١٧٠٠ـ عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ، إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى)). [بخاري/ الأدب/ ٥٦٦٥]

(نعمان) كوڕی (بشير) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((نموونەی ئیمانداران لە خۆشەویستی بۆ یەكتر و، هاوسۆزی و بەزەیی یەكدا وەكو یەك جەستەوان، ئەگەر ئەندامێكی ئازارێكی هەبوو ئەوا دەناڵێنێ لە تاو بێخەوی و گەرمە تا)).

(١٩) موسلمان برای موسلمانە، ئەستەمی لێدەكات نە پشتی بەردەدات

١٧٠١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((لَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَنَاجَشُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّه إِخْوَانًا. الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لَا يَظْلِمُهُ، وَلَا يَخْذُلُهُ، وَلَا يَحْقِرُهُ، التَّقْوَى هَاهُنَا)) وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ((بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ: دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٤٩]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((حەسوودیی بەیەكتر مەبەن، زەم بەسەریەكتردا مەكەن {بەمەبەستی بەرز كردنەوی نرخی شتەكان}، ڕقتان لەیەكتر نەبێتەوە، پشت لەیەكتر مەكەن، مامەڵە بەسەر مامەڵەی یەكتردا مەكەن بەندەیەكی ڕاست و دروستی خوابن و، وەك برابن، موسڵمان برای موسڵمانە، ستەمی لێناكات و، پشتی بەرنادات و، بەسووك سەیری ناكات، لەخوا ترسان لێرەدایە)) پێغەمبەر (ﷺ) سێجارئاماژەی كرد بۆ سنگی ((بەسە بۆ خراپ بوونی مرۆڤێك، كە بەسووك سەیری برا موسڵمانەكەی بكات، هەموو شتێكی موسڵمان لەسەر موسڵمان حەرام و قەدەغەیە؛ خوێنی و ماڵی و ناموسی))

١٧٠٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەڕاستیدا خوای گەورە تەماشای ڕوخسار و سامانتان ناكات بەڵكو تەماشای دڵ و كردەوەكانتان دكات))

(٢٠) پۆشینی كەموكوڕی

١٧٠٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَسْتُرُ اللَّهُ عَلَى عَبْدٍ فِي الدُّنْيَا إِلَّا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر بەندەیەك خوا لەدنیادا گوناهەكەی بۆ بپۆشێت لە قیامەتیشدا بۆی دەپۆشێت)).

ـــ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَسْتُرُ عَبْدٌ عَبْدًا فِي الدُّنْيَا إِلَّا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(ابـو هريـرة) دەڵـێ: پێغەمبـەر فەرموويـەتی: ((هـەر بەندەيەك كـەم و كـوڕی بەندەيەكیتر داپۆشێت لە دنیادا ئەوا خوای گەورە لە قيامەتدا كەموكوڕيەكانی دادەپۆشێت)).

(٢١) تكای دانیشتوان

١٧٠٤ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَتَاهُ طَالِبُ حَاجَةٍ أَقْبَلَ عَلَى جُلَسَائِهِ فَقَالَ: ((اشْفَعُوا فَلْتُؤْجَرُوا، وَلْيَقْضِ اللَّهُ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ مَا أَحَبَّ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٦٥]

(ابـو موسـی) (ﷺ) دەڵـێ: هـەركاتێك خـاوەن پێويسـتيەك بهاتايەتـە خزمـەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی دەكردە دانیشتوانی دەوری و دەيفەرموو: ((تكای بۆ بكەن بۆئەوەی پاداشتتان دەستكەوێت، با خـوای گەورەش ئـەوەی پێی خۆشە لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەی ئەنجامی بدات)).

(٢٢) وێنەی هاونشینی چاك

١٧٠٥ـ عَنْ أَبِي مُوسَـى (ﷺ) عَـنِ النَّبِـيِّ (ﷺ) قَـالَ: ((إِنَّمَـا مَثَـلُ الْجَلِيـسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِيسِ السَّوْءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَـافِخِ الْكِيرِ: فَحَـامِلُ الْمِسْـكِ إِمَّـا أَنْ يُحْذِيَـكَ وَإِمَّا أَنْ تَبْتَـاعَ مِنْـهُ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْـهُ رِيحًـا طَيِّبَـةً. وَنَـافِخُ الْكِيرِ إِمَّـا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً)). [بخاري/ الذبائح والصيد/ ٥٢١٤]

(ابو موسی) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتی: ((نموونـەی هاونشـینی چاك و هاونشینی خراپ وەك هەڵگری میسك و كوورە دەمێن وايـە، هـەڵگری میسك، یا بەشـت دەدات، یا لێـی دەكڕیـت، یا بۆنێكـی خـۆش دێـت بەسـەرتا، كورەدەمێنیش یا جلەكانت دەسوتێنێت، یا بۆنێكی ناخۆش دێت بەسەرتا)).

(٢٣) ئامۆژگاری بەچاكە لەگەڵ دراوسێدا

١٧٠٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) تَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) يَقُـولُ: ((مَـا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ، حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ لَيُوَرِّثُنَّهُ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٦٦٨]

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەيفەرموو: ((بـەردەوام جبريل ئامۆژگاری دەكـردم دەربارەی چاكـە لەگـەڵ دراوسێدا، هـەتا وام دەزانـی دراوسێ میرات لە دراوسێ دەبات)).

(٢٤) هاوكاری دراوسێ بە چاكە

١٧٠٧ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: إِنَّ خَلِيلِي (ﷺ) أَوْصَانِي: ((إِذَا طَبَخْتَ مَرَقًا فَأَكْثِرْ مَاءَهُ، ثُمَّ انْظُرْ أَهْلَ بَيْتٍ مِنْ جِيرَانِكَ، فَأَصِبْهُمْ مِنْهَا بِمَعْرُوفٍ)).

(ابو ذر) (ﷺ) دەڵێ: خۆشەویستم پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاری كردووم: ((هەر كاتێك شۆربایەكت لێنا ئاوی زۆری تێبكە. پاشان ورد بەرەوە لە ماڵەكانی دراوسێت، بەشیان بنێرە بەچاكە))

١٧٠٨ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لِيَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ)).

(ابو ذر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێی وتم: ((هیچ چاكەیەك بە سووك مەزانە، باهەر ئەوەش بێ كە بەڕوویەكی خۆشەوە پێشوازی لە براكەت بكەیت)).

(٢٥) لەبارەی نەرم و نیانیەوە

١٧٠٩ـ عَنْ جَرِيرٍ (ﷺ) قالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ يُحْرَمِ الرِّفْقَ يُحْرَمِ الْخَيْرَ)).

(جریر) (ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((ئەو كەسەی بێبەش كرا بێت لە نەرمونیانی بێبەش كراوە لەهەموو چاكەیەك)).

١٧١٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) -زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ)- عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الرِّفْقَ لَا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ)).

(عائشة) (ﷺ) هاوسەری پێغەمبەر دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەڕاستی نەرم و نیانی لەهەر شتێكدا هەبێت جوانی دەكات، لەهەرشتێكیش هەڵبگیرێت ناشرینی دەكات))

(٢٦) خوای گەورە نەرم و نیانی خۆش دەوێت

١٧١١ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((يَا عَائِشَةُ، إِنَّ اللَّهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ، وَيُعْطِي عَلَى الرِّفْقِ مَا لَا يُعْطِي عَلَى الْعُنْفِ وَمَا لَا يُعْطِي عَلَى مَا سِوَاهُ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٦٧٨]

(عائشة) (ﷺ) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەی عائشة، بەڕاستی خوا نەرم و نیانە و نەرم ونیانیشی خۆش دەوێت،

ئەوەی لە نەرم ونیـانیدا دەیبەخشـێت، لـە توندڕەویـدا نایبەخشـێت لـە هیـچ بارودۆخێكی تریشدا نایبەخشێت)).

(٢٧) سزای خۆبە زل زان

١٧١٢ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ [الْخُدْرِيِّ] وَأَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَا: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْعِزُّ إِزَارُهُ، وَالْكِبْرِيَاءُ رِدَاؤُهُ، فَمَنْ يُنَازِعُنِي عَذَّبْتُهُ)).

(ابوسعید الخدری) و (ابو هریرة) (ﷺ) دەڵێن: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: ((بەرزیی‌و بڵندیی وەك پۆشاكە بۆ خوا، خۆ بەگەورە گرتنیش وەك عەبایە بۆی هەركەس ململانێم لەگەڵ بكات سزای دەدەم)) [واتـە ئـەو دوو سیفەتە تـایبەتن بە خوای گەورە]

١٧١٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ –قَالَ أَبُو مُعَاوِيَةَ– وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: شَيْخٌ زَانٍ، وَمَلِكٌ كَذَّابٌ، وَعَائِلٌ مُسْتَكْبِرٌ)).

(ابو هریرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((سێ تاقم هەن خوای گـەورە گفتوگۆیـان لەگـەڵدا ناكـات و، پاكیـان ناكاتـەوە –ابـو معاویـە دەڵـێ: سەیریشـیان ناكـات و سـزایەكی سـەختیان دەدات: پـیرێكی شـەرواڵ پیـس، پاشایەكی درۆزن، هەژارێكی خۆبەزل زان)).

(٢٨) سوێندخواردن بە ناوی خواوە

١٧١٤ـ عَنْ جُنْدَبٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حَدَّثَ: ((أَنَّ رَجُلًا قَالَ: وَاللَّهِ لَا يَغْفِرُ اللَّهُ لِفُلَانٍ، وَإِنَّ اللَّهَ قَالَ: مَنْ ذَا الَّذِي يَتَأَلَّى عَلَيَّ أَنْ لَا أَغْفِرَ لِفُلَانٍ، فَإِنِّي قَدْ غَفَرْتُ لِفُلَانٍ، وَأَحْبَطْتُ عَمَلَكَ)) أَوْ كَمَا قَالَ.

(جندب) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((پیاوێك وتـی: سوێند بەخوا خـوای گـەورە لـە فڵانەكـەس خـۆش نـابێت، خـوای گـەورەش فـەرمووی: ((ئەوە كێیەبەناوی منەوە سوێند دەخوات كەلە فڵانە كەس خۆش نابم، ئەوامن لەو فڵانەكەسە خۆش بووم و، كردەوەكانی تۆم پوچەڵ كردەوە)).

(٢٩) خۆگونجاندن لەگەڵ پیاو خراپاندا

١٧١٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا اسْتَأْذَنَ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: ((ائْذَنُوا لَهُ، فَلَبِئْسَ ابْنُ الْعَشِيرَةِ. أَوْ: بِئْسَ رَجُلُ الْعَشِيرَةِ)). فَلَمَّا دَخَلَ عَلَيْهِ أَلَانَ لَهُ الْقَوْلَ. قَالَتْ عَائِشَةُ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قُلْتَ لَهُ الَّذِي قُلْتَ ثُمَّ أَلَنْتَ لَهُ الْقَوْلَ. قَالَ:

((يَا عَائِشَةُ، إِنَّ شَرَّ النَّاسِ مَنْزِلَةً عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ وَدَعَهُ -أَوْ: تَرَكَهُ- النَّاسُ اتِّقَاءَ فُحْشِهِ)).

(عائشة) (﵂) دەڵێ: پیاوێك داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئەویش فەرمووی: ((مۆڵەتیبدەن، خراپترین کوڕی هۆزە، یان خراپترین پیاوی هۆزە))، کاتێك هاتە خزمەتی، بە نەرم و نیانی قسەی لەگەڵ کرد. عائشة دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەر، {پێش ئەوەی بێتە ژوورەوە} ئەوەت پێوت کە فەرمووت، کەچی دوایی بەنەرم و نیانی لەگەڵی دوایت. فەرمووی: ((ئەی عائشە، بەڕاستی خراپترین ئاکام لای خوا لە ڕۆژی دواییدا، بۆ ئەو کەسانەیە، کە خەڵکی وازی لێدێنن بۆ خۆپاراستن لە خراپەی)).

(٣٠) باسی لێبووردن

١٧١٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ، وَمَا زَادَ اللَّهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا، وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەخشین هیچ کاتێك سەرمایە کەم ناکاتەوە، هەر بەندەیەك لێبوردنێك بنوێنێ خوا زیاتر سەر بەرزی دەکات، هەروەها هەر کەسێکیش لەبەر خوا ملکەچی بنوێنێت خوا بەرزی دەکاتەوە)).

(٣١) خۆگرتن لەکاتی تووڕەبووندا

١٧١٧- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا تَعُدُّونَ الرَّقُوبَ فِيكُمْ)). قَالَ: قُلْنَا: الَّذِي لَا يُولَدُ لَهُ. قَالَ: ((لَيْسَ ذَاكَ بِالرَّقُوبِ، وَلَكِنَّهُ الرَّجُلُ الَّذِي لَمْ يُقَدِّمْ مِنْ وَلَدِهِ شَيْئًا)). قَالَ: ((فَمَا تَعُدُّونَ الصُّرَعَةَ فِيكُمْ)). قَالَ: قُلْنَا: الَّذِي لَا يَصْرَعُهُ الرِّجَالُ. قَالَ: ((لَيْسَ بِذَلِكَ، وَلَكِنَّهُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ)).

(عبدالله) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لێقەوماو و غەمبار کێیە لە نێو ئێوەدا؟)) ئێمەش وتمان: ئەوەیە کە منداڵی نابێت. فەرمووی: ((ئەوە لێقەوماو و غەمبار نییە، بەڵکو ئەو پیاوەیە کە منداڵی پێش خۆ نەخستبێت)) {واتە لە کاتی ژیانیدا منداڵی نەمردبێت، هەتا ببێتە پارێزەری لە ئاگری دۆزەخ} {پاشان} فەرمووی: ((ئەی پاڵەوان کێیە لەناو ئێوەدا؟)) ئێمەش وتمان: پاڵەوان ئەو کەسەیە کە کەس ناتوانێت بیدات

بەزەویدا. فەرمووی: ((پاڵەوان ئەوە نییە، بەڵكو ئەوەیە لەكاتی تورەییدا خۆی بگرێت)).

(٣٢) پەناگرتن بەخوا لەكاتی توورەییدا

١٧١٨ـ عَنْ سُلَيْمَانُ بْنُ صُرَدٍ (ﷺ) قَالَ: اسْتَبَّ رَجُلَانِ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَجَعَلَ أحَدُهُمَا يَغْضَبُ وَيَحْمَرُّ وَجْهُهُ، فَنَظَرَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ) فَقَالَ: ((إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا لَذَهَبَ ذَا عَنْهُ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)). فَقَامَ إِلَى الرَّجُلِ رَجُلٌ مِمَّنْ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: أَتَدْرِي مَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) آنِفًا؟ قَالَ: ((إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا لَذَهَبَ ذَا عَنْهُ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)). فَقَالَ لَهُ الرَّجُلُ: أَمَجْنُونًا تَرَانِي؟ [بخاري/ الادب/ ٥٧٦٤]

(سلمان كوڕی صرد) (ﷺ) دەڵێ: دوو پیاو لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) جنێویان بەیەكتردا، یەكێكیان زۆر توڕە دەبوو و دەم و چاوی سوور هەڵدەگەڕا، پێغەمبەر (ﷺ) سەیری كابرای كرد و فەرمووی: ((من وشەیەك دەزانم، ئەگەر ئەم پیاوە بیڵێت ئەوا ئەو حاڵەتەی لادەچێت: أعوذ بالله من الشیطان الرجیم.. پیاوێك لەوانەی گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو، هەستا و چوو بۆلای كابرا و وتی: ئەزانی پێغەمبەر (ﷺ) پێش تۆزێك چی فەرموو؟ فەرمووی: ((من وشەیەك دەزانم ئەگەر ئەم پیاوە بیوتایە ئەوا ئەو حاڵەتەی لەسەر لادەچوو؛ أعوذ بالله من الشیطان الرجیم.. كەچی كابرا وتی: بەشێتم دەزانیت؟

(٣٣) مرۆڤ وا دروست كراوە كە خۆنەگرە

١٧١٩ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَمَّا صَوَّرَ اللَّهُ آدَمَ فِي الْجَنَّةِ تَرَكَهُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَتْرُكَهُ، فَجَعَلَ إِبْلِيسُ يُطِيفُ بِهِ، يَنْظُرُ مَا هُوَ، فَلَمَّا رَآهُ أَجْوَفَ عَرَفَ أَنَّهُ خُلِقَ خَلْقًا لَا يَتَمَالَكُ)).

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((كاتێك خوای گەورە دیمەنی ئادەمی كێشا لەبەهەشتا، وازی لێهێنا ئەوەندەی كە خوا ویستی وازی لێبێنێت، ئیبلیس بەدەوریدا دەگەڕا و سەیری دەكرد هەتا بزانێت چییە؟ كاتێك بینی كە ناوسكی بۆشە ـزانی بەشێوەیەك دروست كراوە كە خۆی ناگرێت))

(٣٤) باسی چاکە و تاوان

١٧٢٠ـ عَنْ نَوَّاسِ بْنِ سِمْعَانَ (ﷺ) قَالَ: أَقَمْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِالْمَدِينَةِ سَنَةً، مَا يَمْنَعُنِي مِنَ الْهِجْرَةِ إِلَّا الْمَسْأَلَةُ، كَانَ أَحَدُنَا إِذَا هَاجَرَ لَمْ يَسْأَلْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ شَيْءٍ، قَالَ: فَسَأَلْتُهُ عَنِ الْبِرِّ وَالْإِثْمِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ: مَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ)).

(نواس) کوڕی (سمعان) (ﷺ) دەڵێ: یەك ساڵ لای پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە مامەوە، تەنها لەبەر پرسیار کردن کۆچم نەکرد، ئەگەر یەکێك لە ئێمە کۆچی بکردایە هیچ پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) نەدەکرد، من پرسیارم لێکرد دەربارەی چاکە و تاوان؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((چاکە بریتیە لە ڕەوشت جوانی، تاوان و گوناهیش ئەوەیە کە بەدڵتا دێت و پێت ناخۆشە خەڵکی پێی بزانێت)).

(٣٥) لابردنی بەردو داری سەرڕێ

١٧٢١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَرَّ رَجُلٌ بِغُصْنِ شَجَرَةٍ عَلَى ظَهْرِ طَرِيقٍ، فَقَالَ: وَاللَّهِ لَأُنَحِّيَنَّ هَذَا عَنِ الْمُسْلِمِينَ لَا يُؤْذِيهِمْ، فَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ)). [بخاري/ الجماعة و الإمامة/ ٦٢٤]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((پیاوێك تێپەڕی بەلای چڵە دارێکدا کە چەقی ڕێگاکەی گرتبوو وتی: سوێند بەخوا دەبێت ئەو چڵەدارە لاببەم هەتا ئازاری موسڵمانان نەدات، بەوە خرایە بەهەشتەوە)).

١٧٢٢ـ عَنْ أَبِي بَرْزَةَ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، عَلِّمْنِي شَيْئًا أَنْتَفِعُ بِهِ. قَالَ: ((اعْزِلِ الْأَذَى عَنْ طَرِيقِ الْمُسْلِمِينَ)).

(أبو برزة)(ﷺ) دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکم فێر بکە هەتا منیش سوودی لێوەربگرم. فەرمووی: ((ئەوەی ئازاری موسڵمانان دەدات لەسەرە ڕێگادا لای ببە)).

(٣٦) ئەوەی تووشی موسڵمان دەبێت لە درك و نارەحەتی

١٧٢٣ـ عَنِ الْأَسْوَدِ قَالَ: دَخَلَ شَبَابٌ مِنْ قُرَيْشٍ عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ)، وَهِيَ بِمِنًى، وَهُمْ يَضْحَكُونَ، فَقَالَتْ: مَا يُضْحِكُكُمْ؟ قَالُوا: فُلَانٌ خَرَّ عَلَى طُنُبِ فُسْطَاطٍ، فَكَادَتْ عُنُقُهُ –أَوْ عَيْنُهُ– أَنْ تَذْهَبَ. فَقَالَتْ: لَا تَضْحَكُوا، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ

(ﷺ) قالَ: ((مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُشَاكُ شَوْكَةً فَمَا فَوْقَهَا إِلَّا كُتِبَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ، وَمُحِيَتْ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ)). [بخاري/ المرضى/ ٥٢١٨]

(أسـود) دەڵـێ: چـەند گـەنجێکی قورەیشـی هـاتن بـۆ لای عائشـە (ﷺ) لـە کاتێکدا کە لە (مینا) بوو، پێدەکەنین. عائشـە وتـی: بـەچی پێدەکـەنن؟ وتیـان: فلانـە کـەس کـەوت بەسـەر پـەتی چادرێکدا و، خـەریك بـوو ملـی -یـان چـاوی- لەدەسـت بـدات. عائشـة وتـی: پێمەکـەنن، مـن بیسـتومە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) فەرموویـەتی: ((هیـچ موسڵمانێك نیە کە دڕکێك بچێت بە لەشـیا یـا لـەدڕکێك زیاتر، ئەوە بەو کارە پلەیەکی بۆ دەنووسرێت و تاوانێکی لەسەرهەڵدەگیرێت)).

(٣٧) ئەو شتانەی تووشی موسڵمان دەبێت لە ئازار و خەم

١٧٢٤ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ وَأَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّهُمَا سَمِعَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا يُصِيبُ الْمُؤْمِنَ مِنْ وَصَبٍ، وَلَا نَصَبٍ، وَلَا سَقَمٍ، وَلَا حَزَنٍ، حَتَّى الْهَمِّ يُهَمُّهُ إِلَّا كُفِّرَ بِهِ مِنْ سَيِّئَاتِهِ)). [بخاري/ المرضى/ ٥٢١٨]

(أبو سعید الخدري) و(أبو هریـرة) (ﷺ) دەڵێـن: بیسـتومانە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر شتێك تووشی موسڵمان دەبێت لە ئازاری بـەردەوام، هـــەروەها لـــە مـــاندووبوون و، نەخۆشـــی و خەفـــەت و غـــەمباریی، هـــەتا پەژارەیـەکیش کـە دڵـی دادەگرێـت، هـەموو ئەوانـە دەبـن بەمایـەی سـڕینەوەی گوناهەکان)).

١٧٢٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ: ﴿مَنْ يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ﴾ [النساء: ١٢٣]. بَلَغَتْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ مَبْلَغًا شَدِيدًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قَارِبُوا وَسَدِّدُوا، فَفِي كُلِّ مَا يُصَابُ بِهِ الْمُسْلِمُ كَفَّارَةٌ، حَتَّى النَّكْبَةِ يُنْكَبُهَا أَوِ الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا)).

(أبـو هريـرة) (ﷺ) دەڵـێ: کاتێك ئـەم ئایەتـە دابـەزی کـە ئەمـە ماناکەیـەتی: ﴿هـەر کـەس خراپەیـەك بکـات سزای دەدرێت﴾. زۆر کـاری کـردە موسـڵمانان و ترساندنی، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((میانەڕەو و کاردروست بن هەرچی ئەو شـتانەی توشـی موسڵمان دەبێت کەفارەتـە بـۆی هـەر ناخۆشـیەکیش کـە تووشی دەبێت، یان دڕکێك کە دەچێت بە گیانیدا)).

(٣٨) حەسوودی و ڕق و کینە و پشت لەیەکتر کردن

١٧٢٦- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا. وَلَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثٍ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٧١٨]

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ڕق لەیەکتری هەڵمەگرن، ئیرەیی (حەسودی) بەیەکتری مەبەن، پشت لەیەکتر مەکەن، بەندەی خوا و برابن، ڕەوانیە بۆ موسڵمان زیاد لە سێ ڕۆژ واز لە براکەی بهێنێت و قسەی لەگەڵ نەکات)).

(٣٩) چاکترینتان دەست پێشخەرە لەسەلامدا

١٧٢٧- عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثِ لَيَالٍ، يَلْتَقِيَانِ، فَيُعْرِضُ هَذَا وَيُعْرِضُ هَذَا، وَخَيْرُهُمَا الَّذِي يَبْدَأُ بِالسَّلَامِ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٧٢٧]

(أبو أيوب الأنصاري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ڕەوانی‌یە بۆ موسڵمان کە واز لە براکەی بهێنێت لەسەرو سێ ڕۆژەوە کە بەیەك دەگەن ئەم ڕوودەکات بەولاوە ئەویش ڕوودەکات بەولاوە، چاکترینیان ئەو کەسەیانە کە دەست پێشخەری دەکات بەسڵاو)).

(٤٠) دوژمنایەتی و قسە لەگەڵ یەك نەکردن

١٧٢٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((تُفْتَحُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ، فَيُغْفَرُ لِكُلِّ عَبْدٍ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا، إِلَّا رَجُلًا كَانَتْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَخِيهِ شَحْنَاءُ، فَيُقَالُ: أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا، أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا، [أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا])).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((دەرگاکانی بەهەشت ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە دەکرێنەوە و خوای گەورە لە هەموو ئەو بەندانە خۆش دەبێت کە هیچ شەریکی بۆ بڕیارنادەن، جگە لە پیاوێك نەبێت کەلەنێوان ئەو وبراکەیدا ناکۆکیەك هەبێت، دەڵێن: ئەم دووانە بهێڵنەوە هەتا ئاشت دەبنەوە، ئەم دووانە بهێڵنەوە هەتا ئاشت دەبنەوە، ئەم دوانە بهێڵنەوە هەتا ئاشت دەبنەوە)).

(٤١) بەرگری كردن لەسیخوڕی و ململانێ و گومانی خراپ

١٧٢٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ، فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ، وَلَا تَحَسَّسُوا وَلَا تَجَسَّسُوا، وَلَا تَنَافَسُوا، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا)). [بخاري/ الأدب/ ٥٧١٧]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خۆتـان بپارێزن لە گومانی خراپ، بەڕاستی بەدگومانی زوربەی درۆیە، بە دوای هەواڵی خەڵكدا مەڕۆن، سیخوڕی بەسەر یەكترەوە مەكەن و، ململانێی یەكتر مەكەن، ئیرەیی بەیەكتر مەبەن و، ڕقتان لەیەكتر نەبێت، پشت لەیەكتر مەكەن و، بەندەی ڕاستەقینەی خواو برای یەكتربن)).

(٤٢) هەوڵدانی شەیتان بۆ ناكۆكی خستنە نێوان نوێژكەران

١٧٣٠ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ : سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ أَيِسَ أَنْ يَعْبُدَهُ الْمُصَلُّونَ فِي جَزِيرَةِ الْعَرَبِ، وَلَكِنْ فِي التَّحْرِيشِ بَيْنَهُمْ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((بەڕاستی شەیتان نائومێد بووە كە نوێژكەران لە دوورگەی عەرەبیدا بیپەرستن،بەڵام هەوڵ دەدات هانیان بدات دژی یەكتر)).

(٤٣) هەموو مرۆڤێك شەیتانی لەگەڵدایە

١٧٣١ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَرَجَ مِنْ عِنْدِهَا لَيْلًا، قَالَتْ: فَغِرْتُ عَلَيْهِ، فَجَاءَ فَرَأَى مَا أَصْنَعُ، فَقَالَ: ((مَا لَكِ يَا عَائِشَةُ أَغِرْتِ)). فَقُلْتُ: وَمَا لِي لَا يَغَارُ مِثْلِي عَلَى مِثْلِكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَقَدْ جَاءَكِ شَيْطَانُكِ)). قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَوْ مَعِيَ شَيْطَانٌ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قُلْتُ: وَمَعَ كُلِّ إِنْسَانٍ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قُلْتُ: وَمَعَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، وَلَكِنْ رَبِّي أَعَانَنِي عَلَيْهِ حَتَّى أَسْلَمَ)).

(عائشة) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) شەوێك كەلەماڵی عائشەدا بوو چووە دەرێ، عائشە دەڵێ: خانە گومان بووم لێی ئەویش (ﷺ) هات و بینی من چی دەكەم، فەرمووی: ((عائشە چیتە، خانە گومان بوویت لێم؟ وتم: كەسێكی وەك من چۆن خانە گومان نابێت لەكەسێكی وەك تۆ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا شەیتانەكەت هاتووە بۆ لات؟)) وتم:ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا شەیتانم لەگەڵدایە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ)) وتم: هەموو مرۆڤێك

شەیتانی لەگەڵدایە؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) وتم: شەیتانیش لەگەڵ تۆدا هەیە ئەی پێغەمبــەری خــوا؟ فــەرمووی: ((بــەڵێ، بــەڵام خــوا یارمــەتی منــی داوە و شەیتانەکەم موسڵمان بووە))

(٤٤) ڕێگری لە غەیبەت

١٧٣٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ)). قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: ((ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ)). قِيلَ: أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: ((إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئایا دەزانن غەیبەت چی‌یە؟)) وتیــان: خــوا و پێغەمبەرەکــەی زانــاترن . پێغەمبــەر (ﷺ) فــەرمووی: ((باس کردنی براکەتە بەوەی کە پێی ناخۆش بێت)). وترا: ئەگەر ئەو شتەی کە من دەیڵێم لەبراکەمدا هەبوو؟ پێغەمبــەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگە ئەو شتەی تیا بوو ئەوا غەیبەتت کردووە، ئەگەر تیایانەبوو ئەوا بوختانت بۆ کردووە)).

(٤٥) دەربــارەی دوو زمانی

١٧٣٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: إِنَّ مُحَمَّدًا (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا أُنَبِّئُكُمْ مَا الْعَضْهُ؟ هِيَ النَّمِيمَةُ الْقَالَةُ بَيْنَ النَّاسِ)). وَإِنَّ مُحَمَّدًا (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الرَّجُلَ يَصْدُقُ حَتَّى يُكْتَبَ صِدِّيقًا، وَيَكْذِبُ حَتَّى يُكْتَبَ كَذَّابًا)).

(عبدالله) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموویــەتی: ((ئایــا ئاگادارتان بکەم کە بوختان کردن چی‌یە؟ بوختان کردن قسە هێنــان و بردنــە لــە نێــوان خــەڵکیدا)) بەڕاســتی پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموویــەتی: ((بەڕاســتی پیــاو بەردەوام ڕاسـت دەکات هەتا بەڕاستگۆ دەنووسرێت، هەروەها بــەردەوام درۆ دەکات هەتا بە درۆزن دەنووسرێت)).

(٤٦) قسەهێنەر و قسەبەر ناچنە بەهەشتەوە

١٧٣٤ـ عَنْ هَمَّامِ بْنِ الْحَارِثِ قَالَ: كُنَّا جُلُوسًا مَعَ حُذَيْفَةَ (ﷺ) فِي الْمَسْجِدِ، فَجَاءَ رَجُلٌ حَتَّى جَلَسَ إِلَيْنَا، فَقِيلَ لِحُذَيْفَةَ: إِنَّ هَذَا يَرْفَعُ إِلَى السُّلْطَانِ أَشْيَاءَ. فَقَالَ حُذَيْفَةُ –إِرَادَةَ أَنْ يُسْمِعَهُ–: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ)). [بخاري/ الادب/ ٥٧٠٩]

(هُمام) كوڕی (حارث)دەڵێ: لەگەڵ (حذیفة) (ﷺ) لە مزگەوتدا دانیشتبووین پیاوێك هاتەلامان و دانیشت. بە (حذیفـة)یـان وت ئـەم پیـاوە قسـەدەبات بـۆ كاربەدەستان. (حذیفة) وتی: -بەشێوەیەك كە كابرا گوێی لێبێت- بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمووی: ((قسە هێنەر و قسە بەرناچنە بەهەشتەوە)).

(٤٧) باسی دوو ڕوو

فیه حدیث أبي هریرة (ﷺ)، وقد تقدم في أواخر الفضائل.

فەرموودەی (أبو هریرة)ی تیایە كە لە كۆتایی بابی الفضائل دا باسكرا.

(٤٨) باسی ڕاستی و درۆ

١٧٣٥- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا يَـزَالُ الرَّجُـلُ يَصْـدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا)). [بخاري/ الأدب/ ٥٧٤٣]

(عبـدالله) كـوڕی (مسـعود) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((پێویستە لەسەرتان ڕاستگۆ بن، بەڕاستی ڕاستگۆیی مرۆڤ ڕێنمونی دەكات بۆ چاكە، چاكەش ڕێنمویی دەكات بۆ بەهەشت، بەردەوام پیاو هەیە ڕاست دەكات و بە دوای ڕاستی‌دا دەگەڕێت، هەتا لای خوا بەڕاستگۆ تۆمار دەكرێ، خۆتان بپارێزن لە درۆ بەڕاستی درۆ مرۆڤ بەرەو كاری خراپە دەبات، كاری خراپەش مرۆڤ بەرەو دۆزەخ دەبات، بەردەوام پیاو هەیە درۆ دەكات و بەدوای درۆدا دەڕوات هەتا لای خوا بە درۆزن لە قەڵەم دەدرێت)).

(٤٩) درۆ لە چیدا دروستە

١٧٣٦- عَنْ أُمَّ كُلْثُومِ بِنْتَ عُقْبَةَ بْنِ أَبِي مُعَيْطٍ (ﷺ) -وَكَانَتْ مِنَ الْمُهَاجِرَاتِ الْأُوَلِ اللَّاتِي بَايَعْنَ النَّبِيَّ (ﷺ)- أَخْبَرَتْهُ أَنَّهَا سَمِعَتْ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ) [وَهُـوَ] يَقُولُ: ((لَيْسَ الْكَذَّابُ الَّذِي يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ، وَيَقُولُ خَيْرًا وَيَنْمِي خَيْرًا)). قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: وَلَمْ أَسْمَعْ يُرَخَّصُ فِي شَيْءٍ مِمَّا يَقُولُ النَّاسُ كَذِبٌ إِلَّا فِي ثَلَاثٍ: الحَرب، الإصلاح بين الناس، و حديث الرجل امرأته و حديث المرأة زوجها. وفي رواية قالت: : وَلَمْ أَسْمَعْ يُرَخَّصُ فِي شَيْءٍ مِمَّا يَقُولُ النَّاسُ إِلَّا فِي ثَلَاثٍ. [بخاري/ الصلح/ ٢٥٤٦]

(أم كلثوم) کچی (عقبة)ی کوڕی (أبي معيط) (ﷺ) — ئەم ئافرەتە یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کەلە سەرەتادا کۆچیان کردووە و، پەیمانیان بە پێغەمبەر (ﷺ) داوە –دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((درۆزن نییە ئەوەی کە ئاشتەوایی دەخاتە نێوان خەڵکییەوە و، قەسەی چاك دەکات، یان قسەی چاك دێنێت و دەبات. (إبن شهاب) دەڵێ: نەمبیستووە ڕێگەی دابێت بە درۆ لەسێ شوێندا نەبێت: {کاتی} جەنگ، ئاشتەوایی لە نێوان خەڵکی دا، کاتێك پیاو قسە لەگەڵ هاوسەریدا بکات یان ئافرەت قسە لەگەڵ مێردەکەیدا بکات {بەمەبەستی پیشاندانی خۆشەویستی بۆ یەکتری و دروست نەبوونی کێشە}.

(٥٠) ڕێگری لە بانگەوازی نەفامی

١٧٣٧ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي غَزَاةٍ، فَكَسَعَ رَجُلٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ، فَقَالَ الْأَنْصَارِيُّ: يَا لَلْأَنْصَارِ. وَقَالَ الْمُهَاجِرِيُّ: يَا لَلْمُهَاجِرِينَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا بَالُ دَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَسَعَ رَجُلٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ. فَقَالَ: ((دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَةٌ)). فَسَمِعَهَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيٍّ، فَقَالَ: قَدْ فَعَلُوهَا؟ وَاللَّهِ: لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ. قَالَ عُمَرُ: دَعْنِي أَضْرِبُ عُنُقَ هَذَا الْمُنَافِقِ. فَقَالَ: ((دَعْهُ، لَا يَتَحَدَّثُ النَّاسُ أَنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ)) [انظر الحديث: ١٨٣٢]. [بخاري/ المناقب/ ٣٣٣٠]

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: لەغەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بووین پیاوێك لە کۆچبەرەکان شەقێکی لە پشتیوانێك هەڵدا کابرای پشتیوان هاواری کرد لە پشتیوانیەکان، کۆچبەرەکەش هاواری برد بۆ کۆچبەرەکان، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە بۆ بانگەوازی نەفامی دەگەڕێتەوە ناوتان؟)) وتیان: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پیاوێکی کۆچبەر شەقێکی هەڵدا لە پیاوێکی پشتیوان. پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((واز لەم ڕەفتارە بهێنن بەڕاستی بۆگەنە)) (عبدالله) کوڕی (أبی) گوێی لێبوو وتی: بەڕاستی کاری خۆیان کرد؟ سوێند بەخوا: ئەگەر گەڕاینەوەبۆ شاری مەدینە، دەسەڵات دار و ناودارەکانمان زەلیل و هەژارو نەدارەکان دەردەکەن. عمر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) وازم لێ بێنە با بدەم لە گەردنیئەم دوو ڕووە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((وازی لێبێنە هەتا

خەڵكی نەڵێن محمد هاوەڵەكانی خۆی دەكوژێت)).. سەيری فەرموودەی ١٨٣٢ بكە.

(٥١) ڕێگری لە جوێن دان

١٧٣٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الْمُسْتَبَّانِ: مَا قَالَا فَعَلَى الْبَادِئِ، مَا لَمْ يَعْتَدِ الْمَظْلُومُ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتی: ((ئەو دوانەی جوێن بەيەكتری دەدەن {تاوانەكە} لەسەر ئەوەيانە كە دەستپێشخەرە، ئەگەر ستەم لێكراوەكە زيادە ڕەوی نەكات)).

(٥٢) ڕێگری لە جوێندان بە زەمانە

١٧٣٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: يُؤْذِينِي ابْنُ آدَمَ يَقُولُ: يَا خَيْبَةَ الدَّهْرِ، فَلَا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ: يَا خَيْبَةَ الدَّهْرِ، فَإِنِّي أَنَا الدَّهْرُ، أُقَلِّبُ لَيْلَهُ وَنَهَارَهُ، فَإِذَا شِئْتُ قَبَضْتُهُمَا)). [بخاري/ التفسير/ ٤٥٤٩]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتی: ((خوای گەورە دەفەرمووێت: ئادەميزاد ئازارم دەدات و دەڵێ: داخ لەدەست زەمانە با هيچ كەسێك لە ئێوە وانەڵێت ، بەڕاستی من بەديهێنەری زەمانەم من شەو و ڕۆژەكەی بەدوای يەكدا دێنم، ئەگەر بمەوێت نايان هێڵم)).

(٥٣) ڕێگری لە ڕاكێشانی چەك لە ڕووی براكەيدا

١٧٤٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يُشِيرُ أَحَدُكُمْ إِلَى أَخِيهِ بِالسِّلَاحِ، فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي أَحَدُكُمْ لَعَلَّ الشَّيْطَانَ يَنْزِعُ فِي يَدِهِ، فَيَقَعُ فِي حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ)). [بخاري/ الفتن/ ٦٦٦١]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتی: ((باهيچ كەسێك لە ئێوە چەك لە ڕووی براكەيدا ڕانەكێشێت، چونكە نازانێت، لەوانەيە شەيتان لە دەستی وەربگرێت و بەهۆی ئەوەوە بكەوێتە چاڵێكی دۆزەخەوە)).

(٥٤) گرتنی سەری ڕم لە مزگەوتدا

١٧٤١- عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا مَرَّ أَحَدُكُمْ فِي مَجْلِسٍ أَوْ سُوقٍ وَبِيَدِهِ نَبْلٌ فَلْيَأْخُذْ بِنِصَالِهَا، ثُمَّ لِيَأْخُذْ بِنِصَالِهَا، ثُمَّ لِيَأْخُذْ بِنِصَالِهَا)). قَالَ: فَقَالَ أَبُو مُوسَى: وَاللَّهِ مَا مُتْنَا حَتَّى سَدَّدْنَاهَا بَعْضُنَا فِي وُجُوهِ بَعْضٍ. [بخاري/ الفتن/ ٦٦٦٤]

(ابو موسی) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە تێپەڕی بەناو کۆڕێکدا یان بەبازاڕێکدا، تیری بەدەستەوە بوو، ئەوا باسەری تیرەکانی بگرێت، دیسانەوە با سەری تیرەکانی بگرێت)). ابو موسی دەڵێ: سوێند بەخوا نەمردین هەتا ڕووی تیرمان نەکردە یەکتری.

(٥٥) ڕێگری لە لێدانی دەم و چاو

١٧٤٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا قَاتَلَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلَا يَلْطِمَنَّ الْوَجْهَ)). [بخاري/ العتق/ ٢٤٢٠]

(ابو هریرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە شەڕی کرد لەگەڵ براکەیدا، با دەست لەدەم و چاوی نەوەشێنێت و لێی نەدات)).

(٥٦) چاك نی‌یە پیاو نەفرەت کەربێت

١٧٤٣ـ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (ﷺ): سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ اللَّعَّانِينَ لَا يَكُونُونَ شُهَدَاءَ وَلَا شُفَعَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(ابو الدرداء) (ﷺ) دەڵێ: بیستوومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((بەڕاستی ئەوانەی کە نەفرەت کارن، نابنە شایەت و تکاکار لە ڕۆژی دواییدا)).

١٧٤٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ادْعُ عَلَى الْمُشْرِكِينَ. قَالَ: ((إِنِّي لَمْ أُبْعَثْ لَعَّانًا، وَإِنَّمَا بُعِثْتُ رَحْمَةً)).

(ابوهریرة) (ﷺ) دەڵێ: بە پێغەمبەر (ﷺ) وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، نزا بکە لەسەر بێ بڕواکان. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڕاستی من بە نەفرینکار نەنێردراوم، بەڵکو بە ڕەحمەت و میهرەبانی نێردراوم)).

(٥٧) توندڕەوەکان لەناو چوون

١٧٤٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ)). قَالَهَا ثَلَاثًا.

(عبدالله) کوڕی (مسعود)(ﷺ) دەڵێ:پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((توندڕەوەکان لەناو چوون)).

(٥٨) دۆعا کردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئیمانداران دەبێتە سۆز و بەزەیی بۆیان

١٧٤٦- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: دَخَلَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلَانِ، فَكَلَّمَاهُ بِشَيْءٍ لَا أَدْرِي مَا هُوَ؟ فَأَغْضَبَاهُ، فَلَعَنَهُمَا وَسَبَّهُمَا، فَلَمَّا خَرَجَا، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَنْ أَصَابَ مِنَ الْخَيْرِ شَيْئًا مَا أَصَابَهُ هَذَانِ. قَالَ: ((وَمَا ذَاكِ)). قَالَتْ: قُلْتُ: لَعَنْتَهُمَا وَسَبَبْتَهُمَا. قَالَ: ((أَوَ مَا عَلِمْتِ مَا شَارَطْتُ عَلَيْهِ رَبِّي؟ قُلْتُ: اللَّهُمَّ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ، فَأَيُّ الْمُسْلِمِينَ لَعَنْتُهُ أَوْ سَبَبْتُهُ فَاجْعَلْهُ لَهُ زَكَاةً وَأَجْرًا)).

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: دوو پیاو هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) قسەیەکیان لەگەڵدا کرد، نازانم چیبوو؟ تورە بوو، ئەویش نەفرینی لێکردن و جوێنی دانێ، کاتێك چونە دەرەوە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر کەسێك تووشی خێرێ بووبێت، ئەمانە هیچیان دەست نەکەوت فەرمووی: ((بۆچی؟)) عائشە وتی: وتم تۆ نەفرینت لێکردن، جوێنت پێدان. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا نازانیت من مەرجێکم لەسەر خوای خۆم داناوە؟ کەوتوومە: خوایە! من مرۆڤم هەر موسڵمانێك من نەفرینم لێکرد و جوێنم دایە تۆ بیکە بە هۆی پاداشت و پاککردنەوەی ئەو)).

١٧٤٧- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَتْ عِنْدَ أُمِّ سُلَيْمٍ (ﷺ) يَتِيمَةٌ، وَهِيَ أُمُّ أَنَسٍ، فَرَأَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْيَتِيمَةَ، فَقَالَ: ((آنْتِ هِيَهْ؟ لَقَدْ كَبِرْتِ لَا كَبِرَ سِنُّكِ)). فَرَجَعَتِ الْيَتِيمَةُ إِلَى أُمِّ سُلَيْمٍ تَبْكِي، فَقَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ: مَا لَكِ يَا بُنَيَّةُ؟ قَالَتِ الْجَارِيَةُ: دَعَا عَلَيَّ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ لَا يَكْبَرَ سِنِّي، فَالْآنَ لَا يَكْبَرُ سِنِّي أَبَدًا، أَوْ قَالَتْ: قَرْنِي. فَخَرَجَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ مُسْتَعْجِلَةً تَلُوثُ خِمَارَهَا حَتَّى لَقِيَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا لَكِ يَا أُمَّ سُلَيْمٍ)). فَقَالَتْ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَدَعَوْتَ عَلَى يَتِيمَتِي؟ قَالَ: ((وَمَا ذَاكِ يَا أُمَّ سُلَيْمٍ)). قَالَتْ: زَعَمَتْ أَنَّكَ دَعَوْتَ أَنْ لَا يَكْبَرَ سِنُّهَا، وَلَا يَكْبَرَ قَرْنُهَا. قَالَ: فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ قَالَ: ((يَا أُمَّ سُلَيْمٍ، أَمَا تَعْلَمِينَ أَنَّ شَرْطِي عَلَى رَبِّي؟ أَنِّي اشْتَرَطْتُ عَلَى رَبِّي فَقُلْتُ: إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ أَرْضَى كَمَا يَرْضَى الْبَشَرُ، وَأَغْضَبُ كَمَا يَغْضَبُ الْبَشَرُ، فَأَيُّمَا أَحَدٍ دَعَوْتُ عَلَيْهِ مِنْ أُمَّتِي بِدَعْوَةٍ -لَيْسَ لَهَا بِأَهْلٍ- أَنْ يَجْعَلَهَا لَهُ طَهُورًا وَزَكَاةً، وَقُرْبَةً يُقَرِّبُهُ بِهَا مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(انس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: كچێكی هەتیوو لای (أم سلیم) (ﷺ) بوو ئەویش دایكی (انس) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) چاوی بەم كچە هەتیوە كەوت فەرمووی: ((ئەوە تۆیت؟! بەڕاستی گەورە بوویت، پیرنەگەیت!)) كچە هەتیوەكە بەگریانەوە گەڕایەوە بۆ لای أم سلیم، أم سلیم وتی: كچم چیتە؟ كچەكە وتی: پێغەمبەر (ﷺ) دۆعای لێكردووم كە گەورە نەبم، ئیتر قەت گەورە نابم، یان وتی تەمەنم گەورە نابێت، أم سلیم بەپەلە چووە دەرەوە و لەچكەكەی دابەسەریدا هەتا گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) پاشان پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((أم سلیم چیتە)) ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا دۆعات لەو كچە هەتیوە كردووە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((دۆعاكە چییە؟)). أم سلیم وتی: وا دەزانێ كە تۆ دۆعات لێكردووە گەورە نەبێت یان تەمەنی گەورە نەبێت. پێغەمبەر زەردەخەنە گرتی پاشان فەرمووی: أم سلیم ئەی تۆ مەرجەكەی من لەسەر خوا نازانیت؟ من بەڕاستی مەرجم كردووە لەگەڵ خوای خۆمدا و وتومە: بەڕاستی من مرۆڤم ڕازی دەبم وەك خەڵكی ڕازی دەبن، و توڕە دەبم وەك ئەوان توڕە دەبن هەركەسێك من دۆعام لێكرد لە ئۆمەتی من بە دۆعایەك -كەشایەنی نەبێت- ئەوە بۆی بكە بە پاككردنەوەی گوناهی و لێی خۆش ببە و بیكە بەهۆی نزیك خستنەوەی ئەو لەخۆتەوە لە دواڕۆژدا)).

١٧٤٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أَلْعَبُ مَعَ الصِّبْيَانِ، فَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَتَوَارَيْتُ خَلْفَ بَابٍ، قَالَ: فَجَاءَ فَحَطَأَنِي حَطْأَةً، وَقَالَ: ((اذْهَبْ وَادْعُ لِي مُعَاوِيَةَ)). قَالَ: فَجِئْتُ فَقُلْتُ: هُوَ يَأْكُلُ. قَالَ: ثُمَّ قَالَ لِيَ: ((اذْهَبْ فَادْعُ لِي مُعَاوِيَةَ)). قَالَ: فَجِئْتُ فَقُلْتُ: هُوَ يَأْكُلُ. فَقَالَ: ((لَا أَشْبَعَ اللَّهُ بَطْنَهُ)). قَالَ ابْنُ الْمُثَنَّى: قُلْتُ لِأُمَيَّةَ: مَا (حَطَأَنِي)؟ قَالَ: قَفَدَنِي قَفْدَةً.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ مندالاندا یاریم دەكرد، پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هات منیش خۆمم شاردەوە لە پشت دەرگایەكەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی ماڵی بە پشت ملمدا و فەرمووی: ((بڕۆ معاویەم بۆ بانگ بكە)) وتی: منیش چووم وتم: نان دەخوات پاشان فەرمووی: ((بڕۆ بۆم بانگ بكە)) وتی: منیش چومەوە وتم: نان دەخوات. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوا سكی تێر نەكات)).

(٥٥) بەشی ستەم

(١) حەرام کردنی ستەم و فرمان بەداوای لێخۆشبوون و تەویەکردن

١٧٤٩ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) -فِيمَا رَوَى عَنِ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى- أَنَّهُ قَالَ: ((يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ. يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ. يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ عَارٍ إِلَّا مَنْ كَسَوْتُهُ، فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ. يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا، فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ. يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ [منكم] مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا. يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، فَسَأَلُونِي، فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ. يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ (ﷻ)، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نفسه)).

له (ابو ذر)ەوە (ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە فەرموودەیەکی قودسیدا لە خوای پەروەردگارەوە کە فەرموویەتی: ((ئەی بەندەکانم! من ستەمم لەسەرخۆم حەرام کردووە و، لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، ستەم لەیەکتر مەکەن، ئەی بەندەکانم! هەمووتان گومڕان مەگەر ئەوانەتان نەبێت کەمن ڕێنموییم کردوون، داوای ڕێنموییم لێبکەن، ڕێنموییتان دەکەم. ئەی بەندەکانم! هەمووتان برسین مەگەر ئەوانەتان نەبێت کە من خواردنم پێداون، داوای خواردنم لێبکەن، خۆراکتان دەدەمێ، ئەی بەندەکانم! هەمووتان ڕووتن مەگەر ئەوانەتان نەبێت کە من پۆشتەم کردوون، داوای پۆشاکم لێبکەن پۆشتەتان دەکەم ئەی بەندەکانم! ئێوە شەو وڕۆژ هەڵە دەکەن منیش لە هەموو تاوان و هەڵەکانتان خۆش دەبم، داوای لێخۆشبونم لێبکەن ئەی بەندەکانم ئێوە بەڕاستی ناتوانن بگەن بەو ئاستەی کە زەرەر لەمن بدەن، هەروەها ناتوانن بگەن بەو ئاستەی کە سوودم پێببەخشن، ئەی بەندەکانم! ئەگەر سەرەتا و کۆتاییتان بە

مرۆڤ و جنۆکەکانەوە دڵیان وەك دڵی لەخوا ترسترین کەستان بێت، ئەوە هیچ لـە موڵکـی مـن زیـاد ناکـات، ئـەی بـەندەکانم! ئەگـەر کۆتاییتـان بـە مـرۆڤ و جنۆکەتانەوە دڵیان وەك دڵی خراپترین کەستان بێت، ئەوە هیچ لە موڵکی من کەم ناکات. ئەی بەندەکانم! ئەگەر سەرەتا و کۆتایتان بە مرۆڤ و جنۆکەتانەوە تێکڕا لە گۆڕەپانێکدا بوەستن و داوام لێبکەن، هەموو مرۆڤێك ئەوەی کە داوای دەکات پێی ببەخشم، ئەوە هیچ لەوەی لەلای منە کەم ناکات، مەگەر ئەوەندەی دەرزیـەك لـە ئـاوی دەریـا کـەمی دەکاتـەوە. ئـەی بـەندەکانم! بەڕاسـتی ئەمـە کردەوەکانی خۆتانە و من بۆتانی دەژمێرم و تۆماری دەکەم و پاشان پاداشتتان دەدەمەوە. هەرکەسێك چاکەی دەست کەوت باسوپاسی خوای گەورە بکات و هەرکەسیش شتێکی تریشی دەست کەوت، ئەوە با تەنها سەرزەنشتی خۆی بکـات)) ســەعید دەڵــێ: (ابــو ادریــس الخولانــی) ئەگــەر ئـەم فەرموودەیـەی بگێڕایەتەوە بەچۆکەوە دادەنیشت.

١٧٥٠ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((اتَّقُوا الظُّلْمَ، فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. وَاتَّقُوا الشُّحَّ، فَإِنَّ الشُّحَّ أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، حَمَلَهُمْ عَلَى أَنْ سَفَكُوا دِمَاءَهُمْ وَاسْتَحَلُّوا مَحَارِمَهُمْ)).

(جابری) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خۆتان لەستەم بپارێزن، بەڕاستی ستەم تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەتدا، خۆتان لە ڕژدی و چروکی بپـارێزن، بەڕاسـتی ڕژدی و چروکـی خـەڵکانی پێـش ئێـوەی لـەناو بـردووە، وای لێکـردووە کـە خوێنـی یـەکتر بڕێـژن و، حـەرامی یـەکتر حـەڵاڵ بکەن)).

١٧٥١ـ عَنْ ابن عمر (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ، مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ بِهَا كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [بخاري/ المظالم/ ٢٣١٠]

لـە (ابن عمـر)ەوە (ﷺ) کە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((موسـڵمان بـرای موسـڵمانە سـتەمی لێناکـات و، وازی لێنـاهێنێت کەسـتەمی لێبکرێـت، ئـەوەی پێویستی براکەی جێبەجێ بکـات، خـوای گـەورە پێویسـتیی‌یەکانی جێبـەجێ دەکـات. هەر کەسێکیش یارمـەتی موسـڵمانێك بدات و ناڕەحەتیـەکی بـۆ سـوك

بکات، ئەوە خوای گەورە نارەحەتیەك لە نارەحەتیەکانی ڕۆژی دوایی لەسەر سووك دەکات. هەر کەسێك کەم و کوڕی موسڵمانێك بشارێتەوە و دەری نەخات ئەوە خوای گەورە کەم و کوڕیەکانی لە ڕۆژی دواییدا دەشارێتەوە)).

(٢) مۆڵەتدانی ستەمکار

١٧٥٢ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُمْلِي لِلظَّالِمِ، فَإِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ)). ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾ [الهود: ١٠٢]. [بخاري/ التفسير/ ٤٤٠٩]

(ابو موسی) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەڕاستی خوای گەورە مۆڵەتیستەمکار دەدات، هەرکاتێك گرتی ئیتر بەری نادات. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ئابەو شێوەیە تۆڵەسەندنی پەروەردگاری تۆ کاتێك تۆڵە دەسێنێت لە خەڵکی شار و دێهاتەکان لە حاڵێکدا کە یاخی و ستەم پیشەبوون، بەڕاستی تۆڵەسەندنەکەی زۆر بە ئێش و سەختە﴾. ﴿وكذلك اخذ ربك إذا أخذ القرى و هي ظالمة ان اخذه أليم شديد﴾ هود١٠٢

(٣) باهەمووکەسێك یارمەتی براکەی بدات جا، ستەمکاربێت یا ستەم لێکراو

١٧٥٣ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: اقْتَتَلَ غُلَامَانِ: غُلَامٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَغُلَامٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَنَادَى الْمُهَاجِرُ أَوِ الْمُهَاجِرُونَ: يَا لَلْمُهَاجِرِينَ. وَنَادَى الْأَنْصَارِيُّ: يَا لَلْأَنْصَارِ. فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((مَا هَذَا؟ دَعْوَى أَهْلِ الْجَاهِلِيَّةِ)). قَالُوا: لَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِلَّا أَنَّ غُلَامَيْنِ اقْتَتَلَا، فَكَسَعَ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ. قَالَ: ((فَلَا بَأْسَ، وَلْيَنْصُرِ الرَّجُلُ أَخَاهُ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا، إِنْ كَانَ ظَالِمًا فَلْيَنْهَهُ فَإِنَّهُ لَهُ نَصْرٌ، وَإِنْ كَانَ مَظْلُومًا فَلْيَنْصُرْهُ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: دوو مێرد منداڵ بووبەشەڕیان، یەکێکیان لە کۆچبەران بوو، ئەوی تریش لە یارمەتیدەران، هەریەکەیان هاواری برد بۆ کۆمەڵەکەی خۆی کە بچن بەهانایەوە پێغەمبەر (ﷺ) چوە دەرەوە و فەرمووی: ((ئەوە چیە؟ بانگەوازی نەفامیە)). وتیان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا، بەڵکو دوو مێرد منداڵ بوون شەڕیان دەکرد، یەکێکیان شەقی لەوی تریان هەڵدا. فەرمووی: ((قەیدی نیە، باهەموو پیاوێك یارمەتی براکەی بدات جا

ستەمکاربێت یا ستەم لێکـراو، ئەگـەر سـتەمکار بـوو بابـەرگری بکـات، ئـەوە یارمەتی‌یە بۆی، ئەگەر ستەم لێکراویش بوو ئەوە یارمەتی بدات)).

(٤) ئەوانەی کە ئازاری خەڵکی دەدەن

١٧٥٤ـ عَنْ عُرْوَةَ عَنْ هِشَامِ بْنِ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ (ﷺ) قَالَ: مَرَّ بِالشَّامِ عَلَى أُنَاسٍ وَقَدْ أُقِيمُوا فِي الشَّمْسِ، وَصُبَّ عَلَى رُءُوسِهِمُ الزَّيْتُ، فَقَالَ: مَا هَذَا؟ قِيلَ: يُعَذَّبُونَ فِي الْخَرَاجِ. فَقَالَ: أَمَا إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ اللَّهَ يُعَذِّبُ الَّذِينَ يُعَذِّبُونَ فِي الدُّنْيَا)).

لە (عروة) کوڕی زبـێر ئـەویش لـە هشـام کـوڕی حکیـم کـوڕی حـزام (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە لەوڵاتی شام دا بەسەر کۆمەڵێکدا تێپەڕی لەبەر خۆر ڕاگیرابوون و، ڕۆن کرابوو بەسەریاندا، وتی: ئەوە چی‌یە؟ وترا: لەبەر ئەوەی خەراج نەدەن ئاوایان لێدەکەن. پاشـان وتـی: بەڕاسـتی مـن بیسـتومە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) دەیفـەرموو: ((بەڕاسـتی خـوای گـەورە تۆڵـە لەوانـە دەسـتێنێت کـە ئـازار و ئەشکەنجەی خەڵکی دەدەن لە دونیادا)).

(٥) ئەوانەی کە ستەمیان کردووە، نابێت سەردانی ش وێنەکانیان بکەین مەگەر بەگریانەوە

١٧٥٥ـ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ، وَهُوَ يَذْكُرُ الْحِجْرَ مَسَاكِنَ ثَمُودَ، قَالَ: سَالِمُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ: إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: مَرَرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى الْحِجْرِ، فَقَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَدْخُلُوا مَسَاكِنَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ إِلَّا أَنْ تَكُونُوا بَاكِينَ، حَذَرًا أَنْ يُصِيبَكُمْ مِثْلُ مَا أَصَابَهُمْ)). ثُمَّ زَجَرَ فَأَسْرَعَ حَتَّى خَلَّفَهَا. [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٩٨]

لە (ابن شهاب)ەوە لەکاتێکدا کە باسی شوێنی حجری دەکرد کە هەوارگەی ثموود بوو وتی (سالم بن عبدالله) دەڵێ: بەڕاستی عبدالله کوڕی عمر (ﷺ) وتی: کە لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەسـەر حجردا تێپـەڕین پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((مەچنـە جێگـا و ڕێگـای ئەوانـەی کـە سـتەمیان لـەخۆیان کـردووە مەگـەر بەگریانـەوە نـەبێت)) نـەوەکو ئـەوەی توشـی ئـەوان بـوو توشـی ئێـوەش بێـت. پاشان خۆیشی لە حوشترەکەی ئەدا هەتا بەپەلە ئەوێیان بەجێهێشت.

(٦) ئاوهێنان لە بیری سزادراوان

١٧٥٦ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ النَّاسَ نَزَلُوا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى الْحِجْرِ أَرْضِ ثَمُودَ، فَاسْتَقَوْا مِنْ آبَارِهَا وَعَجَنُوا بِهِ الْعَجِينَ، فَأَمَرَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يُهَرِيقُوا مَا اسْتَقَوْا وَيَعْلِفُوا الْإِبِلَ الْعَجِينَ، وَأَمَرَهُمْ أَنْ يَسْتَقُوا مِنَ الْبِئْرِ الَّتِي كَانَتْ تَرِدُهَا النَّاقَةُ. [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٠١]

(عبدالله بن عمر) (ﷺ) دەڵێ: بەڕاستی خەڵکی لەگەڵ پێغەمبەردا لە زەوی حجر دابەزین و ئاویان لەبیرەکانی دەرهێنا و هەویریان پێشێلا، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فرمانی دا کە ئاوەکان بڕێژن و هەویرەکانیش بدەن بە حوشترەکان هەروەها فرمانی دا کەلەو ئاوە بهێنن کە حوشترەکە دەچێتە سەری.

(٧) تۆڵەسەندنەوە و دانەوەی مافەکان لە ڕۆژی دواییدا

١٧٥٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلسُ)). قَالُوا: الْمُفْلسُ فِينَا مَنْ لَا دِرْهَمَ لَهُ وَلَا مَتَاعَ. فَقَالَ: ((إِنَّ الْمُفْلسَ مِنْ أُمَّتِي [مَنْ] يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا، وَقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا، وَسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِه، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِه، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ، فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ)).

لە (أبو هريرة)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا دەزانن "مفلس" کێیە؟)) وتیان "مفلس" لەناو ئێمەدا ئەوانەن کە درهەم [پارە] و کەلوپەلی نەبێت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڕاستی "مفلس" لە ئۆمەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە دێت بەنوێژ و ڕۆژ و زەکات، بەڵام لەکاتێکدا کە جوێنی داوە بەو و، تۆمەتی خستووەتە پاڵ ئەو،ماڵی ئەوی خواردووە و، خوێنی ئەوی ڕێژاوە و، لەوی داوە. چاکەچاکەکانی ئەم دەدرێت بەم وبەو، ئەگەر چاکەکانی تەواو بوو پێش ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە، ئەوا لە تاوانەکانی ئەوان وەردەگیرێ و فڕێ دەدرێتە سەر ئەم و پاشان فڕی دەدرێتە ناو دۆزەخەوە))

١٧٥٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَتُؤَدُّنَّ الْحُقُوقَ إِلَى أَهْلِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، حَتَّى يُقَادَ لِلشَّاةِ الْجَلْحَاءِ مِنَ الشَّاةِ الْقَرْنَاءِ)).

لە (أبو هريرة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((سوێند بەخوا هەموو مافەکان دەدەنەوە بەخاوەنەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا،هەتا حەقی مەڕی بێشاخ لەمەڕی شاخ دار دەسێنرێتەوە)).

(٥٦) القدر: بەشی قەزا و قەدەر

(١) باسی ئایەتی ﴿انا كل شيء خلقناه بقدر﴾

١٧٥٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ مُشْرِكُو قُرَيْشٍ يُخَاصِمُونَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْقَدَرِ، فَنَزَلَتْ: ﴿يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ. إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ [القمر: ٤٨,٤٩].

له (أبو هريره)ەوە (ﷺ) دەڵێ: کۆمەڵێ لە بێباوەڕەکانی قورەیش هاتن و لەگەڵ پێغەمبەردا کردیان بەهەرا و هوریا (مخاصمة) لەسەر قەدەر، پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿یوم یسحبون في النار علی وجوهم ذوقوا مس سقر. انا کل شيء خلقناه بقدر﴾ القمر ٤٨-٤٩ کە ئەمە ماناکەیەت: ﴿ڕۆژێك دێت کەلەسەر ڕوویان ڕادەکێشرێن لەناوئاگری دۆزەخ دا پێیان دەوترێت دەبچێژن تالاوی دۆزەخ. بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەو نەخشەی دیاری کراو دروست کردووە﴾.

(٢) هەموو شتێك بەقەزا و قەدەرە

١٧٦٠ـ عَنْ طَاوُسٍ أَنَّهُ قَالَ: أَدْرَكْتُ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُونَ: كُلُّ شَيْءٍ بِقَدَرٍ. قَالَ: وَسَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كُلُّ شَيْءٍ بِقَدَرٍ، حَتَّى الْعَجْزِ وَالْكَيْسِ)) أَوْ: ((الْكَيْسِ وَالْعَجْزِ)).

(طاوس) (ﷺ) دەڵێ: بەخزمەت چەند کەس لەیارانی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتووم، دەیانووت: هەموو شتێك بەقەزا و قەدەرە، هەروەها دەڵێ: بیستوومە لە (عبدالله)ی کوڕی (عمر) (ﷺ) دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەموو شتێك بەقەزا و قەدەرە، تەنانەت کەودەنی و هۆشمەندی و ژیریش یا بەپێچەوانەوە)).

(٣) فرمان بەهێز و وازهێنان لەتەمەڵی و نەتوانین

١٧٦١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ، وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ. احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ، وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَلَا تَعْجَزْ، وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ: لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا، وَلَكِنْ قُلْ: قَدَرُ اللَّهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ، فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ)).

(ابـو هريـرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((بـڕوا داری بـەهێز چاكترە و خۆشەويست ترە لای خوای گەورە،لـە بـڕواداری لاواز هەمووشـيان چاكن، سووربە لەسەر ئەوەی كە سوودت پێدەگەيەنێت داوای يارمەتيش تەنها لە خوای گەورە بكە و، دەستەپاچە مەبە و، ئەگـەر شتێكت تووش بـوو مـەڵێ: ئەگەر وام بكردايە وادەبوو، بەڵكو بڵێ:ئەمـە قـەدەری خوايە و ئەوەی ويستی كردی، چونكە: ئەگەر وابوايە "لو" كاری شەيتان دەكاتەوە)).

(٤) هەموو كاروبارەكان پێش دروست بوونيان نووسراون

١٧٦٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((كَتَبَ اللَّهُ مَقَادِيرَ الْخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، قَالَ: وَعَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ)).

لـە (عبـدالله) كـوڕی (عمـر) كـوڕی (عـاص) (ﷺ) دەڵـێ: بيسـتومە لـە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەيفەرموو: ((خـوای گـەورە پـەنجا هـەزار سـاڵ پێش ئەوەی ئاسمانـەكان و زەوی دروسـت بكـات، هـەموو كاروبـاری دروسـت كراوەكـانی نووسيووە)) فەرمووی: ((هەروەها عەرشی پەروەردگار لەسەر ئاو بوو)).

(٥) باسی قەدەر و گفتوگۆی ئادەم و موسی (عليهما السلام)

١٧٦٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((احْتَجَّ آدَمُ وَمُوسَى عَلَيْهِمَا السَّلَام عِنْدَ رَبِّهِمَا، فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى. قَالَ مُوسَى: أَنْتَ آدَمُ الَّذِي خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ، وَنَفَخَ فِيكَ مِنْ رُوحِهِ، وَأَسْجَدَ لَكَ مَلَائِكَتَهُ، وَأَسْكَنَكَ فِي جَنَّتِهِ، ثُمَّ أَهْبَطْتَ النَّاسَ بِخَطِيئَتِكَ إِلَى الْأَرْضِ؟ فَقَالَ آدَمُ: أَنْتَ مُوسَى الَّذِي اصْطَفَاكَ اللَّهُ بِرِسَالَتِهِ وَبِكَلَامِهِ، وَأَعْطَاكَ الْأَلْوَاحَ فِيهَا تِبْيَانُ كُلِّ شَيْءٍ، وَقَرَّبَكَ نَجِيًّا، فَبِكَمْ وَجَدْتَ اللَّهَ كَتَبَ التَّوْرَاةَ قَبْلَ أَنْ أُخْلَقَ؟ قَالَ مُوسَى: بِأَرْبَعِينَ عَامًا. قَالَ آدَمُ: فَهَلْ وَجَدْتَ فِيهَا: ﴿وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى﴾ [طه: ١٢١]. قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: أَفَتَلُومُنِي عَلَى أَنْ عَمِلْتُ عَمَلًا كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيَّ أَنْ أَعْمَلَهُ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَنِي بِأَرْبَعِينَ سَنَةً)). قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى)). [بخاري/ القدر/ ٦٢٤٠]

(ابـو هريـرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((ئـادەم و موسـا كەوتنە گفتوگۆ لـەنێوان خۆيـانو لەبەردەم پـەروەردگاريـاندا و، ئـادەم زاڵ بـوو بەسەر موسادا موسا وتی: تۆ ئەو ئادەمەيت كە خوا بەدەستی توانـای خۆی دروسـتی كـردووی و، لـەڕۆحی خـۆی فـووی كـرد بــە بـەرتاو كڕنووشـی بـە

فریشتەکان برد بۆت و، لەبەهەشتدا جێگیری کردی و، پاشان بەهۆی هەڵە و تاوانتەوە، خەڵکت دابەزان بۆ سەر زەوی؟ ئادەم وتی: تۆ ئەو موسایەیت کە خوا بە هۆی پەیام و وشەکانی خۆیەوە هەڵیبژاردویت و، ئەلواحی پێبەخشیت کە ڕۆشنکەرەوەی هەموو شتێکی تیایە و، نزیکی کردیتەوە و ڕزگاری کردی. بوونی تەورات چەندە پێش دروست کردنی من بووە؟ موسا وتی: بەچل ساڵ، ئادەم وتی: ئەم ئایەتەی تیابووە ﴿وعصى آدم ربه فغوى﴾ طه ١٢١ موسى وتی: بەڵێ، ئادەم وتی: باشە ئایا سەرزەنشتی من دەکەی لەسەر کردەوەیەك کە پێش چل ساڵ لە دروست بوونم خوای گەورە نووسیویەتی)). پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئادەم سەرکەوت بەسەر موسادا)).

(٦) باسی قەدەر و یاخیبوون و خۆش بەختی

١٧٦٤ـ عَنْ عَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا فِي جَنَازَةٍ فِي بَقِيعِ الْغَرْقَدِ، فَأَتَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَعَدَ وَقَعَدْنَا حَوْلَهُ وَمَعَهُ مِخْصَرَةٌ، فَنَكَّسَ، فَجَعَلَ يَنْكُتُ بِمِخْصَرَتِهِ، ثُمَّ قَالَ: ((مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ، مَا مِنْ نَفْسٍ مَنْفُوسَةٍ إِلَّا وَقَدْ كَتَبَ اللَّهُ مَكَانَهَا مِنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ، وَإِلَّا وَقَدْ كُتِبَتْ شَقِيَّةً أَوْ سَعِيدَةً)). قَالَ: فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَفَلَا نَمْكُثُ عَلَى كِتَابِنَا وَنَدَعُ الْعَمَلَ؟ فَقَالَ: ((مَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ السَّعَادَةِ فَسَيَصِيرُ إِلَى عَمَلِ أَهْلِ السَّعَادَةِ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الشَّقَاوَةِ فَسَيَصِيرُ إِلَى عَمَلِ أَهْلِ الشَّقَاوَةِ. فَقَالَ: اعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ. أَمَّا أَهْلُ السَّعَادَةِ فَيُيَسَّرُونَ لِعَمَلِ أَهْلِ السَّعَادَةِ وَأَمَّا أَهْلُ الشَّقَاوَةِ فَيُيَسَّرُونَ لِعَمَلِ أَهْلِ الشَّقَاوَةِ ثُمَّ قَرَأَ (فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٩٦]

(علي) (ﷺ) دەڵێ: لەبەجێهێنانی کاری جەنازەیەك بووین لە (بقیع ی غەرقەدا) پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هێنا و دانیشت و ئێمەش لەچوار دەوری دانیشتین، پێغەمبەر (ﷺ) گۆچانێکی پێبوو، سەری داخست وبە گۆچانەکەی هێڵی دەکێشا لەسەر زەوییەکە و، پاشان فەرمووی: ((هیچ کەسێك لە ئێوە نییە و، هیچ نەفسێکی دروست کراو نییە، مەگەر خوای گەورە شوێنی لە بەهەشت و دۆزەخدا دیاری کردووە و، نوسراوە ئەگەر یاخی بێت یان خۆشبەخت بێت)) پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا دەکرێت پشت ببەستین بەوەی کە بۆمان نووسراوە و واز لە کاروکردەوە بهێنین؟ پێغەمبەر

(ﷺ) فەرمووی: ((ئەو کەسەی لە دەستەی خۆشبەختان بێت، ئەوا بەرەو کاری خۆشبەختان دەڕوات، ئەوەش دەستەی یاخی بووان بێت، ئەوا بەرەو کاری یاخی بووان دەڕوات و، فەرمووی: ((کار و کردەوە بکەن، هەموو کەس خوا هۆکاری بۆ ئاسان کردووە کە بەرەو ئەو ڕێگایە بڕوات کە خۆی هەڵیبژاردووە، ئەوە لە تاقمی خۆشبەختان بێت ئەوا بەرەو ئەو ئاقارە دەبرێت و وای لێدەکرێ کە کاری چاکە خوازی بکات، تاقمی خراپە کارانیش وایان لێدەکرێ کە کاری خراپەکاریی ئەنجام بدەن. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:﴿فأما من أعطى..﴾ کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿جا ئەوەی {ماڵ و سامان و زانستی}دەبەخشێت و پارێزکار و لەخوا ترسە، بڕوای پتەوی بە پاداشتی چاك و بەنرخی خوایی هەیە، ئەوە ڕێگەی چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و، سەرەنجام دەیخەینە خێر و خۆشییەوە، بەڵام ئەوەی کە ڕەزیل و دەست نوقاو بێت و خۆی بێنیاز بزانێت، بڕوای نەبێت بە پاداشت و بەهرەی چاکی خوایی و بەدرۆی بزانێت، ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانە و ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین﴾.

(٧) کۆتایی کردەوەکان

١٧٦٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّه (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ الزَّمَنَ الطَّوِيلَ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّة، ثُمَّ يُخْتَمُ لَهُ عَمَلُهُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ الزَّمَنَ الطَّوِيلَ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ. ثُمَّ يُخْتَمُ لَهُ عَمَلُهُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّة)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((پیاوی وا هەیە ماوەیەکی زۆر کاروکردەوی بەهەشتیی دەکات، پاشان کۆتایی کردەوەکەی بە کردەوەی دۆزەخیی دێت. پیاوی وایش هەیە ماوەیەکی زۆر کاروکردەوەی دۆزەخیی دەکات، پاشان کۆتایی کۆتایی کردەوەکەی بە کردەوەی بەهەشتیی دێت)).

(٨) باسی کۆتایی تەمەن و دابەش کردنی رزق و رۆزی

١٧٦٦ـ عَنْ عَبْدِ اللّه بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ (ﷺ): اللَّهُمَّ مَتِّعْنِي بِزَوْجِي رَسُولِ اللّه (ﷺ)، وَبِأَبِي أَبِي سُفْيَانَ، وَبِأَخِي مُعَاوِيَةَ. فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللّه (ﷺ): ((إِنَّكِ سَأَلْتِ اللّهَ لآجَالٍ مَضْرُوبَةٍ، وَآثَارٍ مَوْطُوءَةٍ، وَأَرْزَاقٍ مَقْسُومَةٍ، لَا يُعَجِّلُ شَيْئًا مِنْهَا قَبْلَ حِلِّهِ، وَلَا يُؤَخِّرُ مِنْهَا شَيْئًا بَعْدَ حِلِّهِ، وَلَوْ سَأَلْتِ اللّهَ أَنْ

يُعَافِيكِ مِنْ عَذَابٍ فِي النَّارِ وَعَذَابٍ فِي الْقَبْرِ، لَكَانَ خَيْرًا لَكِ)). قَالَ: فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ: الْقِرَدَةُ وَالْخَنَازِيرُ هِيَ مِمَّا مُسِخَ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمْ يُهْلِكْ قَوْمًا -أَوْ يُعَذِّبْ قَوْمًا- فَيَجْعَلَ لَهُمْ نَسْلًا، وَإِنَّ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ)).

(عبـدالله) كـوڕی (مسـعود) (ﷺ) دەڵـێ: ام حبیبـة (ﷺ) وتـی: خوایـە! بەهاوسەرم پێغەمبەر (ﷺ) و بەابو سفیان و بەمعاویەی برام شادم کەرەوە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((تۆ لەخوا داوای چەند ئەجەل و کۆتاییەکت کردووە کە نووسراوە، هەروەها داوای ڕێڕەوی دیاری کردنت کردووە و، داوای ڕزق و ڕۆژی دیاری کراوت کردووە، ئەمانەی کە تۆ داوات کردوون هیچیان پێش ناکەون پێش کاتەکەی خۆی، هەروەها دواش ناکەون دوای ئەو کاتەی بۆی دیاری کراوە. ئەگە داوات بکردایە لەخوای گەورە کە لە ئاگری دۆزەخ و ئازاری قەبر بتپارێزێت چاکتر بوو بۆت)) پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا؛ ئایا مەیمون و بەرازەکان لەوانەن کە مەسخ کراون و گۆڕاوون؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوای گەورە هیچ میللەتێکی لەناو نەبردووە کە پاش خۆیان وەچەیان هەبێت، مەیمون و بەرازەکان پێش ئەوە بوون)).

(٩) سەبارەت بە چارەنووس و بژێوی

١٧٦٧. عَن عَبْدُالله بن مَسْعُود (ﷺ) قَالَ : حَدَّثَنَا رَسُولُ الله (ﷺ) وَهُوَ الصَادِق المَصْدُوق: ((اِنَّ اَحَدكُم يُجْمَعُ خَلْقَهُ فِي بَطْنِ امه ارْبَعِينَ يوماً ، ثُمَّ يَكونُ فِي ذَلكَ عَلَقَةً مثْلَ ذَلكَ ، ثُمَّ يَكونَ فِي ذَلكَ مُضْغَةً مثْلَ ذَلكَ ، ثُمَّ يُرْسَلُ اللهُ عَزَوَجَلَّ المَلَك فَيُنْفَخُ فِيهِ الروح وَيُؤمَر بَاربَع كَلمَاتٍ : بِكتْب رِزْقه ، وَاجَله وَعَمَله، وَشَقِيٌّ او سَعِيد . فَوَالذيْ لاَ الَهَ غَيْرَهُ ،اِنَّ اَحدكُم لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ اَهْلِ الجَنَّة حَتَى مَا يَكُونُ بِينَهُ وَبيْنَهَا الاَّ ذرَاع ، فَيَسْبِقُ عَلَيهِ الكِتَاب ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ اَهْلِ النَّارِ فَيَدْخلَهَا . وَانَّ اَحَدكُمْ لَيَعمَل بِعَمَل أهل النَّار ، حَتَى مَايَكونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا الاَّ ذرَاع،فَيَسْبِقُ عَلَيهِ الكِتَاب ، فَيَعْمَلَ بِعَمَل اَهْلِ الجَنَّةِ فَيَدْخلَهَا))

(عبـدالله)ی کـوڕی (مسـعود) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر(ﷺ) کەڕاسـتگۆترین ڕاستگۆیە فەرموویەتی: ((هەریەکێ لەئێوە لەماوەی چل ڕۆژدا لەسکی دایکیدا خەلق دەکرێت، لەماوەی چل ڕۆژدا دەبێتە پارچەیەك گۆشت و خوێن، پاش ماوەی چل ڕۆژیش دەبێتە پارچە گۆشتێك ، پاش ئەوە خوای گەورە

فریشـــتەیەك دەنـــێرێت ڕۆح دەكـــات بەبـــەریداو فـــەرمانی بـــەچوارو شـــەش پێدەكرێت: بەنووسینی ڕۆزیـی، درێژیـی ژیانیی (ئەجەل)و كـاریی، بەدبەختـە یان بەختەوەر، سوێند بـەوەی جگـە لـەو خوایەكیتر نییە، كەسـی واتـان هەیە كاروكردەوەی بەهەشتیی دەكات هەتا لەنێوان ئەو بەهەشـتا ئەندازەی گـەزێكی دەمێنـێ ، كـەچی نووسـراوەكە پێشـی دەكـەوێتو كـاروكردەوەی دۆزەخیـی دەكاتو دەچێتە دۆزەخ، هەروەها كەسێ واشـتان هەیە كاروكرداری دۆزەخیـی دەكات ، هـەتا بەئەندازەی گـەزێكی دەمێنـێو نووسراوەكە پێشـی دەكـەوێتو كاروكردەوەی بەهەشتیی دەكاتو دەچێتە بەهەشتەوە)).

١٧٦٨. عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ أَسِيدٍ (ﷺ) ـ يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ ـ قَالَ : ((يَدْخُلُ الْمَلَكُ عَلَى النُّطْفَةِ بَعْدَ مَا تَسْتَقِرُّ فِي الرَّحِمِ بِأَرْبَعِينَ او خَمْسَةٍ وَأَرْبَعِينَ لَيْلَةً فَيَقُولُ: يَا رَبِّ أَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ ؟ فَيُكْتَبَانِ ، فَيَقُولُ : أَيْ رَبِّ أَذَكَرٌ أَوْأُنْثَى ؟ فَيُكْتَبَانِ ، وَيُكْتَبُ عَمَلُهُ ، وَأَجَلُهُ ، وَرِزْقُهُ ، ثُمَّ تُطْوَى الصُّحُفُ ، فَلاَ يُزَادُ فِيهَا وَلاَ يُنْقَصُ)).

(حذیفـە)ی كـوڕی (اسـید) دەیگەیێنێتـە پێغەمبـەر(ﷺ) كەفەرموویـەتی: ((فریشتـەكە دەچێتـە لای تۆوەكە پـاش ئەوەی دوای چل ڕۆژ یـاچو پێنـج ڕۆژ لـەرەحمدا جێگـیر دەبێـت، دەڵێـت: ئـەی پـەروەردگار ئایـا بەدبەختـە یـان بەختەوەرە؟ دەنووسرێت دەڵێ: ئەی پەروەردگار: نێرە یا مێ؟ دەنووسـرێتو كردەوەكـانی دەنووســرێت ، شــوێنەوارەكانی ئەجــەلی ، ڕۆزیـــی ، پاشـــان دەفتەرداەدەخرێت ، نەلێی زیاد دەكرێتو نەلێی كەمدەكرێت)).

١٧٦٩ ـ عَنْ عَامِرِ بْنُ وَاثِلَةَ حَدَّثَهُ: أَنَّهُ سَمِعَ عَبْدُاللَّهِ بنُ مَسْعُودٍ (ﷺ) يَقُولُ: الشَّقِيُّ مَنْ شَقِيَّ فِي بَطْنِ أُمِهِ ، وَالسَّعِيدُ مَنْ وُعِظَ بِغَيْرِهِ. فَأَتَى رَجُلاً مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يُقَالُ لَهُ حُذَيْفَةَ بنُ أسِيدٍ الْغِفَارِيِّ فَحَدَّثَهُ بِذَلِكَ مِنْ قَولِ ابْنِ مَسْعُودٍ ، فَقَالَ: وَكَيْفَ يَشْقِي رَجُلٌ بِغَيْرِ عَمَلٍ ؟ فَقَالَ لَهُ الرَّجُل: أَتَعْجَبُ مِنْ ذَلِكَ ؟ فَأَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((اِذَا مَرَّ بِالنُّطْفَةِ ثِنْتَانِ وَأَرْبَعُونَ لَيْلَةً ، بَعَثَ اللَّهُ إِلَيْهَا مَلَكاً فَصَوَّرَهَا وَخَلَقَ سَمْعَهَا وَبَصَرَهَا وَجِلْدَهَا وَلَحْمَهَا وَعِظَامَهَا ، ثُمَّ قَالَ: يَا رَبِّ أَذَكَرٌ أَمْ أُنْثَى ؟ فَيَقْضِي رَبُّكَ مَاشَاءَ وَيَكْتُبُ الْمَلَكُ. ثُمَّ يَقُولُ يَا رَبِّ أَجَلُهُ ؟ فَيَقُولُ رَبُّكَ مَاشَاءَ وَيُكْتَبُ الْمَلَكُ ، ثُمَّ يَقُولُ : يَا رَبِّ رِزْقُهُ ؟ فَيَقْضِي رَبُكَمَا شَاءَ وَيَكْتُبُ الْمَلَكُ ، ثُمَّ يُخْرَجُ الْمَلَكُ بِالصَّحِيفَةِ فِي يَدِهِ فَلاَ يَزِيدُ عَلَى أَمْرٍ وَلاَ

يَنْقُصُ)) وَزَادَ فِي رِوَايَةٍ: ((اسَوِيٌّ اوْغَيْرَ سَوِيّ ؟ فَيَجْعَلَهُ اللهُ سَوِيَاً او غَيْرَ سَوِيٍّ)).

(عامر)ی کوڕی (واثله) دەڵێ: لە(عبدالله)ی کوڕی (مسعود)(ﷺ) بیستووە دەیوت: بەدبەخت ئەوەیە لەسکی دایکیدا بەدبەخت دەبێت، بەختەوەریش ئەوەیە کەئامۆژگاری لەخەڵکی‌تر وەردەگرێت، یەکێ لەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کەپێیان دەوت (حذیفه)ی کوڕی (اسید الغفاری) قسەکەی (ابن مسعود)ی بۆ گێڕایەوە ، وتی: چۆن پیاوێك بەبێ‌کردار بەدبەخت دەبێت؟ پیاوەکە پێی وت: ئایا سەرت لەوە سوڕدەمێنێ؟ من لەپێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((ئەگەر چل‌و دوو رۆژ بەسەر تۆوەکەدا تێپەڕی خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت، وێنەی دەکێشێت گوێ‌و چاوو پێست‌و گۆشت‌و ئێسقانی بۆ دروست دەکات، پاشان وتی: ئەی پەروەردگار نێر یا مێ؟ خوای گەورەش چی بوێت بڕیاری دەداو فریشتەکە دەینووسێت، پاشان دەڵێ: ئەی پەوەردگار ئەجەلەکەی؟ پەروەردگارت چی بوێت دەیفەرمووێت‌و فریشتەکە دەینووسێت. پاشان دەڵێ: ئەی پەروەردگار رۆزیەکەی؟ پەروەردگارت چی بووێت دەیفەرموێت‌و فریشتەکە دەینووسێت، پاشان فریشتەکە لاپەڕەکەی بەدەستەوەیە دەچێتە دەرەوە نەلێی کەمدەکات‌و نەلێی زیاد دەکات)).

(١٠)سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی بوون‌و دروستکردنی هاوکات لەگەڵ بەدبەختی‌و خۆشحاڵی

١٧٧٠ . عَنْ عَبْدُاللهَ بنُ عَمْروٌ بنُ العَاصِ (ﷺ): انَّهُ سَمِعَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَقُولَ: ((انَّ قلُوُبَ بَنِي ادَمَ كُلَّهَا بَيْنَ اصْبَعَيْنِ مِن اصَابِعِ الرَحْمَن كَقَلْبِ وَاحِدِ ، يُصَرِفُهُ حَيْثُ يَشَاءُ))ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) :: (اللهُمَّ مُصَرِفَ القُلُوبِ صَرِّف قُلوبَنَا عَلَى طَاعَتِكَ)).

(عبدالله) کوڕی (عمرو) لەپێغەمبەری خوای بیستووە فەرموویەتی: ((دڵی نەوەی ئادەم هەمووی لەنێوان دووپەنجە لەپەنجەکانی خوای میهرەباندایە وەکو یەك دڵ ، چۆنی بوێ وایلێدەکات) پاشان پێغەمبەر (ص) فەرمووی: ((ئەی خوای بێگێڕی دڵەکان دڵمان بگێڕە بۆ گوێڕایەڵی و پەرستنی تۆ)).

(١١)لەسەر نەوەی ئادەم پشكی زینا تۆماركراوە

١٧٧١ـ عَن ابِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) انَّـهُ كَانَ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) : ((مَا مِنْ مَولُودِ الاَّ وَيُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ ، فَابَوَاهُ يُهَوِدَانَهُ وَيُنَصِرَانِهِ وَيُمَجِسَانه ، كَمَا تُنْتَجِ البَهِيمَة بَهِيمَةً جَمْعَاءَ ، هَلْ تُحسُونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ)).ثُمَّ يَقُولُ ابُو هُرَيْرَةَ: وَاقرَؤُوا انْ شئْتُم: ﴿فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ﴾

(ابو هريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموويەتی: ((هەر منداڵێك كەلەدایك دەبێت لەسەر فیترەو سروشتی پاك لـەدایك دەبێت، پاشان دایكوباوكی یا دەیكەن بەجوولەكە یان مەسیحی یان مەجوس، هەروەكو ئاژەڵێك بەجكەیەكی تێرو تەواوی دەبێت..

پاشان (ابو هریره) دەڵێت: ئەگەر دەتانەوێت ئەم ئایەتە بخوێنن، كەئەمە ماناكەیەتی ﴿ ئەو فیترەتەپاكەی خوا خەڵكی لەسەر دروست كردووە، دروستكراوەكانی خوا ناگۆڕێت هەر ئەوەیە ئایینی تەواو، بەلاَم زۆربەی خەڵكی نایزانن).

(١٢)پەروەردگار دلاَن وەردەچەرخێنیّ بەویستی خۆی

١٧٧٢ ـ عَنْ ابْنِ عَبَاسٍ (ﷺ) قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ الله (ﷺ) عَنْ اطْفَال المُشْرِكِينِ؟ قَالَ :((اللهُ اعْلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِين اذْ خَلَقَهُم)).

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پرسیاركرا لەپێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی منداڵی موشریكەكانەوە ، فەرمووی: ((خوا خۆی دەزانێ چیان كردووە ئەو خۆی دروستی كردوون)).

(٥٧) باسی عیلم و زانیاری

(١) هەلگرتنی عیلم و زانیاری و دەرکەوتنی نەزانین

١٧٧٣ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: أَلَا أُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَا يُحَدِّثُكُمْ أَحَدٌ بَعْدِي سَمِعَهُ مِنْهُ: ((إِنَّ مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ أَنْ يُرْفَعَ الْعِلْمُ، وَيَظْهَرَ الْجَهْلُ، وَيَفْشُوَ الزِّنَا، وَيُشْرَبَ الْخَمْرُ، وَيَذْهَبَ الرِّجَالُ وَتَبْقَى النِّسَاءُ، حَتَّى يَكُونَ لِخَمْسِينَ امْرَأَةً قَيِّمٌ وَاحِدٌ)). [بخاري/ العلم/ ٨١]

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: ئایا فەرموودەیەکتان بۆ باس نەکەم کەلە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە و کەس دوای من بۆتان باس ناکات کەلەوی بیستبێت. ((بەڕاستی لە نیشانەکانی نزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەت ئەوەیە: علم و زانیاری بەرزدەبێتەوەو، نەزانین دەردەکەوێت، زینا و شەروال پیسی بڵاودەبێتەوە، عەرەق دەخورێتەوە پیاوان دەڕۆن و ژنان دەمێننەوە، هەتاوای لێدێت پەنجا ژن یەك سەپەرشتکاریان دەبێت)).

(٢) نەمانی عیلم

١٧٧٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَتَقَارَبُ الزَّمَانُ، وَيُقْبَضُ الْعِلْمُ، وَتَظْهَرُ الْفِتَنُ، وَيُلْقَى الشُّحُّ، وَيَكْثُرُ الْهَرْجُ)). قَالُوا: وَمَا الْهَرْجُ؟ قَالَ: ((الْقَتْلُ)). [بخاري/ الفتن/ ٦٦٥٢]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((زەمان نزیك دەبێتەوە و عیلم وزانیاری هەڵدەگیرێ، فتنە و ئاشوب دەردەکەوێت، بەخیلی و ڕژدی بڵاودەکات، هەرج زۆر دەبێت)) وترا هەرج چییە؟. فەرمووی: ((کوشتن)).

(٣) نەمانی علم بەهۆی نەمانی زاناکان

١٧٧٥ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ النَّاسِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يَتْرُكْ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا)).

(عبدالله) کوڕی (عمر) کوڕی (عاص) (ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((بەڕاستی خوای گەورە علم و زانیاری لەخەڵکی

وەرناگرێتەوە بەوەرگرتنەوە، بەڵکو علم و زانیاری وەردەگرێتەوە بەوەرگرتنی زانایان، {واتە بە مراندنیان} ئەگەر زانا نەما ئەوا خەڵکی چەند سەرۆکێکی نەزان هەڵدەبژێرن بۆ خۆیان، پرسیاریان لێدەکەن ئەوانیش فتوا دەدەن بەبێ عیلم و زانیاری، خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن)).

(٤) ئەو کەسەی کە کردەوەیەکی خراپ یان چاك دادەهێنێت

١٧٧٦ـ عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ نَاسٌ مِنَ الْأَعْرَابِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَيْهِمُ الصُّوفُ، فَرَأَى سُوءَ حَالِهِمْ قَدْ أَصَابَتْهُمْ حَاجَةٌ، فَحَثَّ النَّاسَ عَلَى الصَّدَقَةِ، فَأَبْطَئُوا عَنْهُ حَتَّى رُئِيَ ذَلِكَ فِي وَجْهِهِ، قَالَ: ثُمَّ إِنَّ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ جَاءَ بِصُرَّةٍ مِنْ وَرِقٍ، ثُمَّ جَاءَ آخَرُ، ثُمَّ تَتَابَعُوا حَتَّى عُرِفَ السُّرُورُ فِي وَجْهِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً، فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ، كُتِبَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ. وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً، فَعُمِلَ بِهَا بَعْدَهُ، كُتِبَ عَلَيْهِ مِثْلُ وِزْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا، وَلَا يَنْقُصُ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ)).

(جریر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) وتی: چەند کەسێك لە عەرەبە بیابان نشینەکان هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە جلی خوری‌یان لەبەردابوو، پێغەمبەر (ﷺ) بینی کە حاڵیان باش نی‌یە و هەژار کەوتوون، هانی خەڵکی‌دا لەسەر خێر کردن، خەڵکەکە سستی‌یان کردو، زوو کارەکەیان ئەنجام نەدا هەتا لە ڕوخساری پێغەمبەردا (ﷺ) بێزاری دەبینرا، پاشان پیاوێکی ئەنصاری تورەکەیەکی هێنا کە زیوی تیابوو، پاشان پیاوێکی تر هات پاشان بەدوای یەکدا هاتن هەتا خۆشحاڵی لەناوچاوانیدا دەبینرا و فەرمووی: ((هەر کەسێك لە ئیسلامدا شتێکی باش دابهێنێت و لە دوای خۆی پەیڕەوی بکرێت، ئەوا پاداشتی ئەوانەی دەست دەکەوێت کە پەیڕەوی دەکەن، بێ‌ئەوەی پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە، هەرکەسێکیش کارێکی خراپ دابهێنێت و، پاش خۆی پەیڕەوی بکرێت ئەوا تاوانی هەموو ئەوانەی لەسەرە کە پەیڕەوی دەکەن بێ‌ئەوەی لە گوناهی ئەوان کەم بکاتەوە)).

(٥) ئەوەی خەڵکی بانگ دەکات بۆ ڕێگای هیدایەت یان گومڕایی

١٧٧٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا. وَمَنْ دَعَا

إلَى ضَلَالَةٍ، كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەسێك بانگی خەڵکی بکات بۆ ڕێگای هدایەت، ئەوە بە ئەندازەی پاداشتی ئەوانەی کە شوێنی دەکەون پاداشتی دەستدەکەوێت ، هیچ لەپاداشتی ئەوان کەم ناکات، هەر کەسێکیش بانگی خەڵکی بکات بۆ گومڕایی، ئەوا تاوانی لەسەرە وەك ئەوانەی کە شوێنی دەکەون و هیچ لە تاوانی ئەوان کەم ناکات)).

(٦) ئەوانەی کە بێجگە لە قورئان شتی تر دەنووسن و ترساندن لە درۆکردن بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ)

١٧٧٨ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَكْتُبُوا عَنِّي، وَمَنْ كَتَبَ عَنِّي غَيْرَ الْقُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ، وَحَدِّثُوا عَنِّي وَلَا حَرَجَ، وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ -قَالَ هَمَّامٌ: أَحْسِبُهُ قَالَ- مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)).

(ابو سعيد الخدري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هیچ شتێك لەمنەوە مەنووسنەوە، هەر کەسێك شتێك بنوسێت لەمنەوە بێجگە لە قورئان با بیسڕێتەوە، قسەی من بگێڕنەوە و قەیناکا، هەر کەسێکیش بەزمانی منەوە درۆ بکات))، همام دەڵێ: وابزانم فەرمووی: ((بە ئەنقەست، ئەوە با شوێنی خۆی لە دۆزەخدا ئامادەبکات)).

١٧٧٩ـ عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ كَذِبًا عَلَيَّ لَيْسَ كَكَذِبٍ عَلَى أَحَدٍ، فَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٢٩]

(مغيرة) کوڕی (شعبة)(ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((بەڕاستی درۆ بەدەم منەوە وەك درۆ بەدەم کەسەوە نییە، هەرکەسێك درۆ بەدەم منەوە بە ئەنقەست بکات، ئەوە با جێگا بۆ خۆی لە ئاگری دۆزەخدا ئامادەبکات)).

١٧٨٠ـ عَنْ سمرة بن جندب وعَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (ﷺ) قَالَا: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ حَدَّثَ عَنِّي بِحَدِيثٍ يُرَى أَنَّهُ كَذِبٌ فَهُوَ أَحَدُ الْكَاذِبِينَ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٢٩]

(سمرة)کوڕی (جندب) (ﷺ) و (مغيرة) کوڕی (شعبة)(ﷺ) دەڵێن: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەسێك قسەیەك بەزمانی منەوە بگێڕێتەوە و بیش زانێ کە درۆیە، ئەوە خۆیشی یەکێکە لە درۆزنەکان)).

(٥٨) بەشی دۆعا و نزا

(١) ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە

١٧٨١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لِلَّهِ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ اسْمًا، مَنْ حَفِظَهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَإِنَّ اللَّهَ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ)). [بخاري/ الدعوات/ ٦٠٤٧]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە، هەرکەسێك لەبەری بکات دەچێتە بەهەشتەوە، بەڕاستی خوای گەورە تاکە و حەزی لە تاکە)).

(٢) دۆعا و نزای پێغەمبەر (ﷺ)

١٧٨٢ـ عَنْ فَرْوَةَ بْنِ نَوْفَلٍ الْأَشْجَعِيِّ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) عَمَّا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدْعُو بِهِ اللَّهَ؟ قَالَتْ: كَانَ يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَمِلْتُ وَمِنْ شَرِّ مَا لَمْ أَعْمَلْ)).

فروە کوڕی نوفل أشجعی (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە عائشە کرد دەبارەی دۆعا و نزای پێغەمبەر (ﷺ)، عائشە وتی: پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((خوایە بەڕاستی من پەنا دەگرم بەتۆ لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کردوومە و ئەوەش کە نەم کردووە)).

١٧٨٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ، وَبِكَ خَاصَمْتُ. اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِعِزَّتِكَ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَنْ تُضِلَّنِي، أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِي لَا يَمُوتُ، وَالْجِنُّ وَالْإِنْسُ يَمُوتُونَ)). [بخاري/ التوحيد/ ٦٩٤٨]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((خوایە! خۆم تەسلیمی تۆ کردووە و، بڕوام تەنها بەتۆیە و، تەنها پشت بەتۆ دەبەستم و، بۆلای تۆ دەگەڕێمەوە و، بەتۆ سەردەکەوم بەسەر دوژمندانمدا، خوایە! بەڕاستی من پەنا دەگرم بەگەورەیی تۆ ، هیچ خوایەك نیە تەنها تۆ نەبێت، داوات لێدەکەم کە گومڕام نەکەیت، تۆ ئەو زیندووەیت کە هەرگیز نامرێت، جنۆکە و مرۆڤەکان هەموویان دەمرن)).

١٧٨٤ـ عَنْ أبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إذَا كَانَ فِي سَفَرٍ وَأسْحَرَ يَقُولُ: ((سَمِعَ سَامِعٌ بِحَمْدِ اللَّهِ وَحُسْنِ بَلَائِهِ عَلَيْنَا، رَبَّنَا صَاحِبْنَا وَأفْضِلْ عَلَيْنَا. عَائِذًا بِاللَّهِ مِنَ النَّارِ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) لەسەفەردا بوایە و کۆتایی شەو هەڵسایە، دەیفەرموو: ((گوێبیستێك بیستی کە ئێمە سوپاسی خوا دەکەین و ناز و نیعمەتی زۆری پێبەخشیوین، پەروەردگارا هاوڕێ و کۆمەکمان بەو، فەزڵ و خێر بڕژێنە بەسەرماندا، پەنا گرتووین بەخوا لە ئاگری دۆزەخ)).

١٧٨٥ـ عَنْ أبِي مُوسَى الْأشْعَرِيِّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): أنَّهُ كَانَ يَدْعُو بِهَذَا الدُّعَاءِ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي وَجَهْلِي، وَإسْرَافِي فِي أمْرِي، وَمَا أنْتَ أعْلَمُ بِهِ مِنِّي. اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي جِدِّي وَهَزْلِي، وَخَطَئِي وَعَمْدِي، وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدِي. اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أخَّرْتُ، وَمَا أسْرَرْتُ وَمَا أعْلَنْتُ، وَمَا أنْتَ أعْلَمُ بِهِ مِنِّي، أنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأنْتَ الْمُؤَخِّرُ، وَأنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)). [بخاري/ الدعوات/ ٦٠٣٥]

(ابو موسی ی اشعري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ئەم دوعایەی دەفەرموو: ((خوایە! لەتاوانەکان و نەزانیم خۆش ببە، هەروەها لە زیادەڕەویشم لەکارەکانمدا و، ئەوەش کە تۆ پێی زاناتریت لەمن.. خوایە! لەڕاست و گاڵتەکانم خۆش ببە، لە هەڵە و ئەنقەستەکانم لەوەش کەلای منە، خوایە لەوەی کە لەمەو پێش کردومە و لەوەی لەوەودواش خۆش ببە، لەوەی کە بەنهێنی و ئاشکرا کردومن و لەوەی کە لەمن زاناتری پێی، تۆ پێش خەر و دواخەری و تۆ بەسەرهەموو شتێکدا دەستەڵاتت هەیە)).

١٧٨٦ـ عَنْ أبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ أصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أمْرِي، وَأصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي فِيهَا مَعَادِي، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((خوایە ئاینداریەکی چاکم پێببەخشە کە کاروکردەوەم لەهەڵە بپارێزێت. دونیاشم بۆچاك بکە کە ژیانمی تێدایە. قیامەتیشم بۆ چاك بکە چونکە گەڕانەوەم بۆ ئەوێیە. ژیانم بۆ بکە بەهۆکاری زۆر کردنی هەموو خێرو چاکەیەك مردنیشم بۆ بکە بەهۆی حەسانەوە لەگشت خراپەیەك)).

١٧٨٧- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى، وَالتُّقَى، وَالْعَفَافَ، وَالْغِنَى)).

(عبدالله) كوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((خوایە من داوای هدایەت و تەقواو پاك داوێنی و دەوڵەمەندیت لێدەکەم)).

١٧٨٨- عَنْ زَيْدِ ابْنِ أَرْقَمَ -(ﷺ)- قَالَ: لَا أَقُولُ لَكُمْ إِلَّا كَمَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ، كَانَ يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ وَالْهَرَمِ، وَعَذَابِ الْقَبْرِ. اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا. اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لَا يُسْتَجَابُ لَهَا)).

(زید کوڕی أرقم) (ﷺ) دەڵێ: ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نەیفەرموو بێت پێتان ناڵێم پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((خوایە من پەنا دەگرم بەتۆ لەپەککەوتەیی و تەمەڵی، لە ترس و ڕژدی –بەخیلی– و پیری، لە سزاو ئازاری ناو گۆڕ. خوایە بەنەفسم تەقوا و خواپەرستی ببەخشە و، خاوێنی بکەرەوە، تۆ چاکترین خاوێنکاری، تۆ پشتیوان و خاوەنی ئەویت، خوایە من پەنا دەگرم بەتۆ لە زانستێك کە سوودی نەبێت، دڵێك کە ملکەچ نەبێت، لەنەفسێك کە تێرنەبێت، لەدۆعا و نزایەك کە گیرا نەبێت)).

(٣) نزایەك

١٧٨٩- عَنْ أَبِي مَالِكٍ الأَشْجَعِي، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) وَأَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ أَقُولُ حِينَ أَسْأَلُ رَبِّي (ﷻ)؟ قَالَ: ((قُلِ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي –وَيَجْمَعُ أَصَابِعَهُ إِلَّا الإِبْهَامَ– فَإِنَّ هَؤُلَاءِ تَجْمَعُ لَكَ دُنْيَاكَ وَآخِرَتَكَ)).

(أبو مالك الأشجعي)(ﷺ) لەباوکیەوە (ﷺ) کە لە پێغەمبەری‌یەوە بیستووە،کە پیاوێك هاتوەتە خزمەتی داوای لێکردووە: چی‌بڵێم کاتێك لەخوا دەپاڕێمەوە؟ فەرمووی: ((بڵێ: خوایە لێم خۆشببە و بەزەیت پێما بێتەوە و لێم ببورە و ڕزق و ڕۆزیم پێ‌ببەخشە، (پەنجەکانی کۆکردەوە تەنها پەنجە گەورە نەبێت)بەڕاستی ئەوانە دونیا و ئاخیرەتت بۆ کۆدەکاتەوە)).

(٤) نزایەکی تر

١٧٩٠ـ عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ –وَهُوَ ابْنُ صُهَيْبٍ– قَالَ: سَأَلَ قَتَادَةُ أَنَسًا (ﷺ): أَيُّ دَعْوَةٍ كَانَ يَدْعُو بِهَا النَّبِيُّ (ﷺ) أَكْثَرَ؟ قَالَ: كَانَ أَكْثَرُ دَعْوَةٍ يَدْعُو بِهَا يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)). قَالَ: وَكَانَ أَنَسٌ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَدْعُوَ بِدَعْوَةٍ دَعَا بِهَا، فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَدْعُوَ بِدُعَاءٍ دَعَا بِهَا فِيهِ. [بخاري/ الدعوات/ ٦٠٢٦]

لە (عبدالعزیز) (ﷺ) کە کوڕی (صهیب)ە وتی: قەتادە پرسیاری کرد لە ئەنەس (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) چ دۆعایەکی زۆرتر دەکرد، ئەویش وتی: زۆرترین دۆعا و نزای ئەمە بوو: ((خوایە لەدنیادا چاکەمان پێ ببەخشە، لەقیامەتیشدا هەر چاکەمان پێ ببەخشەو لەئاگری دۆزەخیش بمانپارێزە)). انس ئەگەر بیویستایە یەك دۆعا بکات ئەوا بەم دۆعایە دۆعای دەکرد، هەروەها دۆعای زۆریشی هەر بەمەدەکرد .

(٥) نزا بۆ هدایەت

١٧٩١ـ عَنْ عَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قُلِ اللَّهُمَّ اهْدِنِي، وَسَدِّدْنِي. وَاذْكُرْ بِالْهُدَى هِدَايَتَكَ الطَّرِيقَ، وَالسَّدَادِ سَدَادَ السَّهْمِ)).

(علی)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێم: ((بڵێ: خوایە هیدایەت و ڕێنمونیم بکەو، یارمەتیم بدە بۆ پێکاندن))، مەبەست لە هیدایەت، هیدایەتی ڕێگایە و پێکاندنیش پێکاندنی تیرە.

(٦) دۆعا بەوکردەوە چاکانەی بۆ خواکراوە

١٧٩٢– عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((بَيْنَمَا ثَلَاثَةُ نَفَرٍ يَتَمَشَّوْنَ أَخَذَهُمُ الْمَطَرُ، فَأَوَوْا إِلَى غَارٍ فِي جَبَلٍ، فَانْحَطَّتْ عَلَى فَمِ غَارِهِمْ صَخْرَةٌ مِنَ الْجَبَلِ، فَانْطَبَقَتْ عَلَيْهِمْ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: انْظُرُوا أَعْمَالًا عَمِلْتُمُوهَا صَالِحَةً لِلَّهِ، فَادْعُوا اللَّهَ تَعَالَى بِهَا لَعَلَّ اللَّهَ يَفْرُجُهَا عَنْكُمْ. فَقَالَ أَحَدُهُمْ: اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَ لِي وَالِدَانِ شَيْخَانِ كَبِيرَانِ وَامْرَأَتِي، وَلِي صِبْيَةٌ صِغَارٌ، أَرْعَى عَلَيْهِمْ، فَإِذَا أَرَحْتُ عَلَيْهِمْ، حَلَبْتُ فَبَدَأْتُ بِوَالِدَيَّ فَسَقَيْتُهُمَا قَبْلَ بَنِيَّ، وَأَنَّهُ نَأَى بِي ذَاتَ يَوْمٍ الشَّجَرُ، فَلَمْ آتِ حَتَّى أَمْسَيْتُ، فَوَجَدْتُهُمَا قَدْ نَامَا، فَحَلَبْتُ كَمَا كُنْتُ أَحْلُبُ، فَجِئْتُ بِالْحِلَابِ فَقُمْتُ عِنْدَ رُءُوسِهِمَا، أَكْرَهُ أَنْ أُوقِظَهُمَا مِنْ نَوْمِهِمَا، وَأَكْرَهُ أَنْ أَسْقِيَ الصِّبْيَةَ قَبْلَهُمَا، وَالصِّبْيَةُ يَتَضَاغَوْنَ عِنْدَ قَدَمَيَّ، فَلَمْ يَزَلْ ذَلِكَ

دَأْبِي وَدَأْبَهُمْ حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ، فَافْرُجْ لَنَا مِنْهَا فُرْجَةً نَرَى مِنْهَا السَّمَاءَ. فَفَرَجَ اللَّهُ مِنْهَا فُرْجَةً فَرَأَوْا مِنْهَا السَّمَاءَ. وَقَالَ الْآخَرُ: اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَتْ لِيَ ابْنَةُ عَمٍ أَحْبَبْتُهَا كَأَشَدِّ مَا يُحِبُّ الرِّجَالُ النِّسَاءَ، وَطَلَبْتُ إِلَيْهَا نَفْسَهَا، فَأَبَتْ حَتَّى آتِيَهَا بِمِائَةِ دِينَارٍ، فَتَعِبْتُ حَتَّى جَمَعْتُ مِائَةَ دِينَارٍ، فَجِئْتُهَا بِهَا، فَلَمَّا وَقَعْتُ بَيْنَ رِجْلَيْهَا قَالَتْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ، اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَفْتَحِ الْخَاتَمَ إِلَّا بِحَقِّهِ. فَقُمْتُ عَنْهَا، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ، فَافْرُجْ لَنَا مِنْهَا فُرْجَةً. فَفَرَجَ لَهُمْ. وَقَالَ الْآخَرُ: اللَّهُمَّ إِنِّي كُنْتُ اسْتَأْجَرْتُ أَجِيرًا. بِفَرَقِ أَرُزٍّ، فَلَمَّا قَضَى عَمَلَهُ قَالَ: أَعْطِنِي حَقِّي، فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ فَرَقَهُ فَرَغِبَ عَنْهُ، فَلَمْ أَزَلْ أَزْرَعُهُ حَتَّى جَمَعْتُ مِنْهُ بَقَرًا وَرِعَاءَهَا، فَجَاءَنِي فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَظْلِمْنِي حَقِّي. قُلْتُ: اذْهَبْ إِلَى تِلْكَ الْبَقَرِ وَرِعَائِهَا، فَخُذْهَا، فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَسْتَهْزِئْ بِي، فَقُلْتُ: إِنِّي لَا أَسْتَهْزِئُ بِكَ، خُذْ ذَلِكَ الْبَقَرَ وَرِعَاءَهَا. فَأَخَذَهُ فَذَهَبَ بِهِ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ، فَافْرُجْ [لَنَا] مَا بَقِيَ. فَفَرَجَ اللَّهُ مَا بَقِيَ)).
[بخاري/ البيوع/ ٢١٠٢]

لە (عبدالله)ی کوڕی (عمر)ەوە (ﷺ) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((لەکاتێکدا سێ کەس کۆچبەر بوون بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشتن. باران لێداکردن و ناچاری کردن بەوەی کە پەنا بەرنە بەر ئەشکەوتێك لە شاخێکدا. کەچی بەردێك لە شاخەکەوە بەر دەبێتەوە و دەمی ئەشکەوتەکەیان لێدەگرێت. لەناو خۆیاندا بەیەکتری دەڵێن: تێفکرن بزانن و کارێکی چاکتان لەبەرخوا ئەنجامداوە لەمەوبەر، بانگی خوای گەورەی پێبکەن. سابەڵکو خوا دەروومان لێبکاتەوە. یەکێکیان وتی: خوایە [خۆت ئەنزانی] کە باوك و دایکێکی پیر و بەساڵاچووم هەبوو لەگەڵ ژنەکەمدا. هەروەك چەندمنداڵێکی بچوکم هەبوو شوانیم بۆ ئەکردن. کاتێ ئێواران دەهاتمەوە بۆلایان کەشیرەکەم ئەدۆشی پێش ئەوەی بیدەم بە منداڵەکانم بەوانم نۆش ئەکرد. ڕۆژێکیان ئێوارە درەنگ هاتمەوە ئەویش بەهۆی دوورکەوتنەوەم بە گەڵا وەراندن بۆئاژەڵەکانم. نەگەڕامەوە تا درەنگ کەوتم. کاتێ گەڕامەوە دەبینم هەردوکیان نوستون. منیش ئاژەڵەکانم دەدۆشی هەروەك لەوەپێش دەمدۆشی. بەکاسە شیرەکەوە بەسەر سەریانەوە ڕاوەستام. حەزم نەئەکرد لە خەو خەبەریان کەمەوە. حەزیشم نەئەکرد پێش ئەوان بیدەم بە منداڵەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا منداڵەکان هەر زاق و

زوقیان بوو لەبرسا لەبەرپێمدا. ئەمە حاڵی من و منداڵەکانم بوو تا فەردای بەیانی. جا ئەگەر من ئەمەم لەبەر خاتری ڕەزامەندی تۆ ئەنجامداوە. دەرومان لێبکەرەوە بەڕادەیەك ئاسمانی لێوە دیاربێت.. خوا کەلێنێکی بۆ کردنەوە ئاسمانیان لێوەی دەبینی. یەکێکی ترایان وتی: خوایە خۆت ئەزانی کە من کچێکی ئامۆزام هەبوو حەزم لێ بوو زۆرم خۆش ئەویست زیاد لە هەموو کەسێك کە ئافرەتی خۆش بوێت. داوام لێکرد کە بێ شەرعیم لەگەڵ بکات بەڵام ڕازی نەبوو هەتا سەد دیناری نەدەمێ. منیش ماندوو بووم هەتا سەد دینارم کۆکردەوە و بۆم هێنا و کەوتمە نێوان دەردوو قاچیەوە [واتە ویستم کارەکە ئەنجام بدەم] وتی: ئەی بەندەی خوا لە خوا بترسە و مۆری کچێنیم مەشکێنە بە حەقی خۆی نەبێ. منیش وازم لێهێنا. جا ئەگەر من ئەمەم لەبەر خاتری تۆ ئەنجام داوە. کەلێنێکی ترمان بۆ بکەرەوە. ئیتر [بەردەکە جولاَ] و کەلێنێکی تریان بۆ کرایەوە. ئەوی تریان وتی: خوایە خۆت ئاگاداری کە من کرێکارێکم گرتبوو بە حەوت مەن. کاتێ ئیشەکەی تەواو کرد، وتی: حەقەکەمم بەرێ. منیش حەوت مەنەکەم پێداو ڕازی نەبوو. منیش بەردەوام هەر بۆم تۆو ئەکرد تا چەند سەر گاو شوانێکم بۆ لێگرت بۆیان. لەدوایدا هاتەوە بۆلام و وتی: لەخوا بترسە حەقم مەخۆ. وتم: بڕۆ هەموو ئەو گاگەلانە بە شوانەکانیشیانەوە هی تۆن. وتی: لەخوا بترسە و گاڵتەم پێمەکە. وتم: من گاڵتەت پێناکەم. بڕۆ ئەو گاگەلانە هەمووی بەرە بۆ خۆت بە شوانەکانیشیانەوە. ئیتر بردی و ڕۆیشت. جا خوایە ئەگەر من ئەمەم لەبەر خاتری ڕەزامەندی تۆ کردووە ئەو دەرووەی کە ماوە بۆمان بکەرەوە. ئیتر ئەو دەرووەیشی لێکردنەوە)).

(٧) دوعا لەکاتی نارەحەتیدا

١٧٩٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ عِنْدَ الْكَرْبِ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ)). [بخاري/ الدعوات/ ٥٩٨٦]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی نارەحەتیدا دەیفەرموو: ((لااله الا الله العظیم الحکیم لا اله الا الله رب السماوات و رب الأرض، رب العرش الکریم)).

(٨) دۆعا گیرایە ئەگەر پەلە نەکەیت

١٧٩٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((لَا يَزَالُ يُسْتَجَابُ لِلْعَبْدِ مَا لَمْ يَدْعُ بِإِثْمٍ أَوْ قَطِيعَةِ رَحِمٍ، مَا لَمْ يَسْتَعْجِلْ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ: مَا الاسْتِعْجَالُ؟ قَالَ: ((يَقُولُ: قَدْ دَعَوْتُ وَقَدْ دَعَوْتُ فَلَمْ أَرَ يَسْتَجِيبُ لِي، فَيَسْتَحْسِرُ عِنْدَ ذَلِكَ وَيَدَعُ الدُّعَاءَ)). [بخاري/ الدعوات/ ٥٩٨١]

(ابی هریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەردەوام دۆعا و نزای مرۆڤ وەردەگیرێت، مادام دوعایەکی گوناە، یان برینی پەیوەندی خزمایەتی یان پەلەنەکات)) وترا بە پێغەمبەر (ﷺ) پەلە کردن چی‌یە؟ فەرمووی: ((دەڵێ: دۆعام کرد و دۆعام کرد و لێم وەرنەگیرا، ئەو کاتە واز لە دوعا دەهێنێ و داوا لەخوا ناکات)).

(٩) پشت بەخوا بەستن لە دوعادا

١٧٩٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لَا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إِنْ شِئْتَ، اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي إِنْ شِئْتَ، لِيَعْزِمْ فِي الدُّعَاءِ، فَإِنَّ اللَّهَ صَانِعٌ مَا شَاءَ، لَا مُكْرِهَ لَهُ)).

(ابو هریرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((باکەستان نەڵێت؛خوایە ئەگەر ئارەزووت لێیە لێم خۆشببەو، بەزەیت پێمدابێتەوە، بەورەو قەناعەتەوە داوا بکات و بەردەوام بێت، چونکە خوای گەورە ئەوەی بیەوێت دەیکات و کەس زۆری لێناکات)).

(١٠) کاتی وەرگرتنی دۆعا و نزا

١٧٩٦- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ فِي اللَّيْلِ لَسَاعَةً، لَا يُوَافِقُهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ يَسْأَلُ اللَّهَ خَيْرًا مِنْ أَمْرِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ إِلَّا أَعْطَاهُ إِيَّاهُ، وَذَلِكَ كُلَّ لَيْلَةٍ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((بەڕاستی لەشەودا کاتێکی دیاری کراو هەیە، هەر موسڵمانێك تووشی ئەو کاتە ببێت و، لەوکاتەدا داوا لەخوای گەورە بکات بۆ کاروباری دنیا و قیامەت، بێگومان خوای گەورە داواکەی ناگەڕێنێتەوە پێی دەبەخشێت. ئەمەش هەموو شەوێك)).

(١١) دوعا و نزا لە كۆتايی شەودا

١٧٩٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّٰه (ﷺ) قَالَ: ((يَـنْزِلُ رَبُّنَـا تَبَـارَكَ وَتَعَالَى كُـلَّ لَيْلَـةٍ إِلَـى السَّمَـاءِ الدُّنْيَـا، حِـينَ يَبْقَـى ثُلُـثُ اللَّيْلِ الْآخِرُ، فَيَقُـولُ: مَنْ يَدْعُونِـي فَأَسْتَجِيبَ لَـهُ؟ وَمَنْ يَسْـأَلُنِي فَأُعْطِيَـهُ؟ وَمَـنْ يَسْـتَغْفِرُنِي فَـأَغْفِرَ لَـهُ)).
[بخاري/ التهجد/ ١٠٩٤]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((ڕەحمـەت و بەزەیی خوای گەورە و باڵادەست هەموو شەوێك دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا، كاتێك كۆتایی سێیەكی شەوی دەمێنێت، دەفەرمووێت؛ كێ بانگم دەكات و نزام لا دەكات، هەتا بێم بەهانایەوە و نزاكەی گیرابكەم، كێ داوای شتم لێدەكات، هەتا پێی ببەخشم، كێ داوای لێخۆشبوونم لێدەكات هەتا لێی خۆش ببم)).

(١٢) دوعاكردن لەكاتی خوێندنی كەڵەشێردا

١٧٩٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا سَمِعْتُمْ صِيَاحَ الدِّيَكَةِ فَاسْأَلُوا اللَّهَ مِنْ فَضْلِهِ، فَإِنَّهَا رَأَتْ مَلَكًا. وَإِذَا سَمِعْتُمْ نَهِيقَ الْحِمَارِ فَتَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِنَّهَا رَأَتْ شَيْطَانًا)). ببخ بدء الخلق/ ٣١٢٧]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتی: ((هەركاتێك گوێتان لە خوێندنی كەڵەشێر بوو، ئەوا داوای خێر وبەرەكەت لە خوا بكەن، چونكە ئەو فریشتەی بینیوە. هەركاتێكیش گوێتان لە زەڕینی گوێدرێژ بوو ئەوا پەنا بگرن بە خوای گەورە لە خراپە و شەڕی شـەیتان، چونكـە ئـەوە چـاوی بەشـەیتان كەوتووە)).

(١٣) دوعا و نزا بۆ موسڵمان بە پەنهانی

١٧٩٩ـ عَنْ صَفْوَانَ -وَهُوَ ابْنُ عَبْدِ اللَّـهِ بْنِ صَفْوَانَ- وَكَانَتْ تَحْتَـهُ الـدَّرْدَاءُ، قَالَ: قَدِمْتُ الشَّامَ، فَأَتَيْتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ فِي مَنْزِلِـهِ فَلَمْ أَجِدْهُ، وَوَجَدْتُ أُمَّ الـدَّرْدَاءِ، فَقَالَتْ: أَتُرِيدُ الْحَجَّ الْعَامَ؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ. قَالَتْ: فَادْعُ [اللَّهَ] لَنَا بِخَيْرٍ، فَإِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ: ((دَعْوَةُ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ لِأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ، عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ، كُلَّمَا دَعَا لِأَخِيهِ بِخَيْرٍ قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ: آمِينَ، وَلَكَ بِمِثْلٍ)). قَالَ: فَخَرَجْتُ إِلَى السُّوقِ فَلَقِيتُ أَبَا الـدَّرْدَاءِ، فَقَالَ لِي مِثْلَ ذَلِكَ، يَرْوِيهِ عَنِ النَّبِـيِّ (ﷺ).

(صفوان ابن عبدالله بن صفوان)–هاوسەری خاتوو درداء– (ﷺ) دەڵێ: هاتم بۆ شام و چووم بۆ لای باوکی دەرداء، بـەلام لەماڵـەوە نـەبوو، دایکـی دەرداء لەماڵەوە بوو وتی: دەتەوێت ئەمساڵ بچیت بۆ حەج؟ وتم: بەڵێ، وتـی: دۆعای خێرمان بۆ بکە؟ چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((دوعـای موسـڵمان بـۆ بـرای موسـڵمان بەپەنـهانی، گـیرادەبێت)) بەڕاسـەریەوە فریشـتەیەك هەیـە کـە ئەمەی پێسپێردراوە کە هەرکاتێك دوعا بکات بۆ براکەی بەچاکە، فریشتەکە دەڵێ: ئامین و، بۆتۆش بەوێنەی ئەو. دەڵێ: چووم بۆ بازاڕ و گەیشتم بە باوکی دەرداء ئـەویش هـەمان شتـی پـێوتم هـەمان فـەرموودەی لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) گێڕایەوە.

(١٤) داوای تۆڵە پێش خستن لەدونیادا باش نیە

١٨٠٠ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَادَ رَجُلًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ قَدْ خَفَتَ فَصَارَ مِثْلَ الْفَرْخِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَلْ كُنْتَ تَدْعُو بِشَيْءٍ أَوْ تَسْأَلُهُ إِيَّاهُ)). قَالَ: نَعَمْ، كُنْتُ أَقُولُ: اللَّهُمَّ مَا كُنْتَ مُعَاقِبِي بِهِ فِي الْآخِرَةِ فَعَجِّلْهُ لِي فِي الدُّنْيَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((سُبْحَانَ اللَّهِ، لَا تُطِيقُهُ –أَوْ: لَا تَسْتَطِيعُهُ– أَفَلَا قُلْتَ: اللَّهُمَّ (آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)) قَالَ: فَدَعَا اللَّهَ لَهُ فَشَفَاهُ.

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ لای موسڵمانێك کەنەخۆش بوو، زۆر لاواز بوبــوو بچــوك بوبــووەوە، وەك بەچکـەی بــاڵندە، پێغەمبـــەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە هیچ دوعات دەکرد یا داوای هیچت دەکرد؟ پیاوە نەخۆشەکە وتی: دەمووت خوایە ئەو تۆڵەی لە قیامەت لێم دەستێنی بۆم پێش بخە بۆ دونیـا، پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((سـبحان الله تـۆ بەرگـە نـاگریت، ئـەی بـۆ نـەتووت: خوایـە لە دونیـا چاکـەمان پێببەخشـە لـە قیامەتیشـدا هـەر بەچاکـە لەئاگری دۆزەخ بمانپارێزە)) پیاوەکە ئەم دۆعایەی کرد و چاك بووەوە.

(١٥) ئاوات خواستنی مردن بەهۆی بەلا چاك نیە

١٨٠١ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدُكُمُ الْمَوْتَ لِضُرٍّ نَزَلَ بِهِ، فَإِنْ كَانَ لَا بُدَّ مُتَمَنِّيًا فَلْيَقُلِ: اللَّهُمَّ أَحْيِنِي مَا كَانَتِ الْحَيَاةُ خَيْرًا لِي، وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الْوَفَاةُ خَيْرًا لِي)). [بخاري/ الدعوات/ ٥٩٩٠]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((باهیچ کەسێك لەئێوە ئاواتی مردن نەخوازێت لەبەر ئەوەی تووشی بەڵایەك بووە، ئەگەر زۆر پێویست بوو ئاوات بخوازێت، ئەوا بابڵێت؛ خوایە! ئەگەر ژیان چاکترە بۆم ئەوا بمژێنە، ئەگەر مردنیش چاکترە بۆم بممرێنە)).

١٨٠٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَتَمَنَّى أَحَدُكُمُ الْمَوْتَ، وَلَا يَدْعُ بِهِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَهُ، إِنَّهُ إِذَا مَاتَ أَحَدُكُمُ انْقَطَعَ عَمَلُهُ، وَإِنَّهُ لَا يَزِيدُ الْمُؤْمِنَ عُمْرُهُ إِلَّا خَيْرًا)).

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((باهیچ کەسێك لە ئێوە خۆزگە بەمردن نەخوازێت و دوعایشی بۆ نەکات پێش ئەوەی یەخەی پێ بگرێت چونکە ئەگەر یەکێك لە ئێوە مرد ئەوا کردەوەکانی کۆتایی پێ دێت، تەمەن زیادی بۆ موسڵمان هەر خێری زیاد دەکات)).

(٥٩) باسی ذکر و یادی خوایگەورە

(١) هاندان بۆ یادی خواو، نزیك بوونەوە لەخوا بە بەردەوامی یادکردنی

١٨٠٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي، وَأَنَا مَعَهُ حِينَ يَذْكُرُنِي، إِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي، وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ هُمْ خَيْرٌ مِنْهُمْ، وَإِنْ تَقَرَّبَ مِنِّي شِبْرًا تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِرَاعًا، وَإِنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ ذِرَاعًا تَقَرَّبْتُ مِنْهُ بَاعًا، وَإِنْ أَتَانِي يَمْشِي أَتَيْتُهُ هَرْوَلَةً)). [بخاري/ التوحيد/ ٦٩٧٠]

(ابـو هريـرة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((خـوای گـەورە دەفەرمووێت: من لەگەڵ گومـانی بـەندەی خۆمـم، مـن لەگـەڵیدام کـاتێك یـادم دەکات، ئەگەر لە دەروون و نەفسی خۆیـدا یادم بکات، ئەوامنیش لـەدەروون و نەفسی خۆمدا یادی دەکـەم، ئەگـەر لـەناو کـۆڕ و کۆمـەڵدا یـادم بکـات، ئـەوام منیش یادی دەکەم لەناو کۆڕ و کۆمـەڵێکدا لـەوەی خـۆی چاکتربن، ئەگـەر یـەك بست لەمن نزیك ببێتەوە ئەوا من یەك باڵ لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر یەك باڵ لە من نزیك ببێتەوە ئەوا من یەك گەز لێی نزیـك دەبمـەوە، ئەگـەر بە ئاسایی بێت بۆلام ، ئەوا من بەڕاکردن بەرەو ڕووی دەچم)).

(٢) بەردەوامی لەسەر زیکر و یادی خوا و واز نەهێنان لێی

١٨٠٤ـ عَنْ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ، عَنْ حَنْظَلَةَ الْأُسَيِّدِيِّ (ﷺ) -قَالَ: وَكَانَ مِنْ كُتَّابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)- قَالَ: لَقِيَنِي أَبُو بَكْرٍ الصديق (ﷺ) فَقَالَ: كَيْفَ أَنْتَ يَا حَنْظَلَةُ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ! مَا تَقُولُ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَكُونُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ حَتَّى كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ، فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَافَسْنَا الْأَزْوَاجَ وَالْأَوْلَادَ وَالضَّيْعَاتِ فَنَسِينَا كَثِيرًا. قَالَ أَبُو بَكْرٍ: فَوَاللَّهِ إِنَّا لَنَلْقَى مِثْلَ هَذَا، فَانْطَلَقْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ (ﷺ) حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قُلْتُ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَمَا ذَاكَ)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ نَكُونُ عِنْدَكَ تُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ [حَتَّى] كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ، فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِكَ عَافَسْنَا الْأَزْوَاجَ وَالْأَوْلَادَ وَالضَّيْعَاتِ نَسِينَا كَثِيرًا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنْ لَوْ تَدُومُونَ عَلَى مَا تَكُونُونَ

عِنْدِي وَفِي الذِّكْرِ، لَصَافَحَتْكُمُ الْمَلَائِكَةُ عَلَى فُرُشِكُمْ وَفِي طُرُقِكُمْ، وَلَكِنْ يَا حَنْظَلَةُ سَاعَةً وَسَاعَةً)). ثَلَاثَ مَرَّاتٍ.

(ابو عثمان الهندي) (ﷺ) ئەویش لە (حنظلة الأسيدي)یەوە (ﷺ) -ئەم پیاوە لە نووسەرانی سروشت بوو- دەڵێ: (ابو بكری صدیقم) پێگەیشت (ﷺ) فەرمووی: حنظلة چۆنی؟ وتم: حنظلة بووە بە دوو ڕوو. وتی: پاكی هەر بۆ خوایە ئەوە چی دەڵێیت؟ دەڵێ: وتم: كاتێك لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دەبین دۆزەخ وبەهەشتمان دەخاتەوە یاد وەك ئەوەی بەچاوی خۆمان بینیبێتمان، كاتێك لای پێغەمبەر (ﷺ) دەرچووین، ژن و منداڵ و ئیش و كار سەرقاڵمان دەكەن و، هەموو شتێكمان لەبیر دەچێتەوە، ابو بكریش وتی: سوێند بەخوا ئێمەیش هەر بەو شێوەیەین هەمان حاڵەتمان هەیە. حنظلة دەڵێ: من و ابوبكر چووین بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتم: ئەی پێغەمبەر ، حنظلة دوو ڕوویی كردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە چییە؟ (ئەو دووڕوویییە چییە؟))) وتم:ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك لای تۆبین بەهەشت و دۆزەخمان دەخەیتەوە یاد، وەك ئەوەی بەچاوی خۆمان بینیبێتمان كاتێكیش لای تۆ دەرچووین ئەوا ژن و ماڵ و منداڵ سەرقاڵمان دەكات. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((سوێند بەوكەسەی نەفسی منی بەدەستە ئەگەر بەردەوام بن لە سەر ئەو حاڵەتەی كەلای منن یا لە یادكردنەوەداین، ئەوا فریشتەكان لەگەڵتاندا دەبوون و تەوقەیان لەگەڵ دەكردن لە جێگەكانتاندا و لەڕێگا و بانەكاندا، بەڵام حنظلة كات كاتە..)) سێ جار دووبارەی كردەوە.

(٣) باسی كۆبوونەوە لەسەر قورئان خوێندن

١٨٠٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ. وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ. وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ. وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ. وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ. وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ، يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ، إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَحَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ. وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ)).

لـه (أبـو هريـرة)ەوە (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((هەرکەسـێك يارمەتی موسڵمانێك بدات بۆ ئەوەی ناڕەحەتی‌یەکی دونيـایی لـەکۆڵ بکەوێت، ئەوە بێگومـان خـوای گـەورە ناڕەحـەتی دواڕۆژی لـەکۆڵ دەخـات، هەرکەسـێك يارمەتی نەدار و هەژارێك بدات و کارەکەی بۆ ئاسان بکات، ئەوا خـوای گـەورە کـاريش بۆ ئـەو ئاسـان دەکـات و يارمـەتی دەدات. خـوای گـەورە لـە کۆمـەکی بـەندەی خۆی‌دايـە مـادام ئـەو بەندەيـە لەکۆمـەکی براکـەيدابێت. هەرکەسـێك ڕێگايـەك بگرێتـە بـەر بۆ ئـەوەی علـم و زانينێك بەدەسـت بهێنێت، ئـەوا خـوای گـەورە بـەهۆی ئـەوەوە ڕێگـای بەهەشـتی بـۆ ئاسـان دەکـات، هـەر کۆمـەڵێك کۆببنەوە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوا و قورئان بخوێننەوە و موتاڵای بکەن، ئەوا بێگومـان دڵئـارامی دادەبـەزێت و بەسـەرياندا، ڕەحمـەت و بـەزەيی دايـان دەپۆشـێت و، فريشـتەکان چواردەوريـان دەگـرن و، خوای‌گـەورەش باسـيان دەکات لای ئەوانەی کەلای ئـەون، هەرکەسێك کـاروکردەوەی ناتـەواو بێت ئەوا بێگومان نەسەب و بنەماڵە و ڕەچەڵەك فريای ناکەوێت)).

(٤) ئەو کەسەی دابنیشێ و یادی خوا بکات و سوپاسی بکات ئەوە بێگومان خوای گەورە شانازی پێوەدەکات بەسەر فریشتەکاندا

١٨٠٦- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: خَرَجَ مُعَاوِيَةُ (ﷺ) عَلَى حَلْقَةٍ فِي الْمَسْجِدِ، فَقَالَ مَا أَجْلَسَكُمْ؟ قَالُوا:جَلَسْنَا نَذْكُرُ اللَّهَ (ﷻ). قَالَ: آللَّه مَا أَجْلَسَكُمْ إِلَّا ذَاكَ؟ قَالُوا: وَاللَّهِ مَا أَجْلَسَنَا إِلَّا ذَاكَ. قَالَ: أَمَا إِنِّي لَمْ أَسْتَحْلِفْكُمْ تُهْمَةً لَكُمْ، وَمَا كَانَ أَحَدٌ بِمَنْزِلَتِي مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَقَلَّ عَنْهُ حَدِيثًا مِنِّي، وَإِنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) خَرَجَ عَلَى حَلْقَةٍ مِنْ أَصْحَابِهِ، فَقَالَ: ((مَا أَجْلَسَكُمْ)). قَالُوا: جَلَسْنَا نَذْكُرُ اللَّهَ وَنَحْمَدُهُ عَلَى مَا هَدَانَا لِلْإِسْلَامِ وَمَنَّ بِهِ عَلَيْنَا. قَالَ: ((آللَّه مَا أَجْلَسَكُمْ إِلَّا ذَاكَ)). [قَالُوا: وَاللَّهِ مَا أَجْلَسَنَا إِلَّا ذَاكَ] قَالَ: ((أَمَا إِنِّي لَمْ أَسْتَحْلِفْكُمْ تُهْمَةً لَكُمْ، وَلَكِنَّهُ أَتَانِي جِبْرِيلُ فَأَخْبَرَنِي: أَنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُبَاهِي بِكُمُ الْمَلَائِكَةَ)).

(أبـي سـعيد الخـدري)(ﷺ) دەڵـێ: ڕۆژێـك معاويـە چـووە لای کۆمـەڵێك لـە مزگەوتدا، وتی: چی‌دەکەن لێرە وبۆ دانيشتوون؟ وتيـان: دانيشـتووين و يـادی خـوای گـەورە دەکـەين، معاويـە وتـی: سـوێندتان دەدەم ئايـا تەنـها بۆئـەوە دانيشتون؟ وتيان: سوێند بەخوا تەنها بۆ ئەوە دانيشتوين. معاويە وتی: من کە سوێندمدان وەنەبێ تۆمەت بخەمە پاڵتان کەس بەئەندازەی من لـە پێغەمبـەرەوە

نزیك نـەبوو، بـەلاّم فـەرمووده‌م کـەم لێـوە گێڕاوەتـەوە. پێغەمبـەر (ﷺ) ڕۆژێـك کۆمەڵێك لەیارانی بینی، فەرمووی: ((بۆچـی دانیشـتوون)) وتیـان: دانیشـتوین یادی خوا دەکەین و سوپاسـی دەکـەین لەسـەر ئـەوەی کە هیدایـەتی داوین بـۆ ئیسلام بە هۆی ئەوەوە منـەتی کـردووە بەسـەرماندا. فـەرمووی: ((سـوێندتان دەدەم ئایا تەنها لەبەرئەوە دانیشتون؟)) وتیان: سوێند بەخوا تەنها لەبەر ئـەوە دانیشـتوین، فـەرمووی: ((مـن تۆمـەت ناخەمـەپاڵتان ولەبـەر ئـەوەش سـوێندم نەدان، بەلاّم جبریل (عليه السلام) هاتە لام و هەواڵی پێدام کە:بەڕاستی خـوای گەورە شانازی دەکات بە ئێوەوە لەسەر فریشتەکان)).

(٥) خێری کۆڕی زیکری خوا

١٨٠٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ لِلَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى مَلَائِكَةً سَيَّارَةً فُضُلًا، يَتَتَبَّعُونَ مَجَالِسَ الذِّكْرِ، فَإِذَا وَجَدُوا مَجْلِسًا فِيهِ ذِكْرٌ قَعَدُوا مَعَهُمْ وَحَفَّ بَعْضُهُمْ بَعْضًا بِأَجْنِحَتِهِمْ، حَتَّى يَمْلَئُوا مَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ السَّمَاءِ الدُّنْيَا، فَإِذَا تَفَرَّقُوا عَرَجُوا وَصَعِدُوا إِلَى السَّمَاءِ. قَالَ: فَيَسْأَلُهُمُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ وَهُوَ أَعْلَمُ بِهِمْ: مِنْ أَيْنَ جِئْتُمْ؟ فَيَقُولُونَ: جِئْنَا مِنْ عِنْدِ عِبَادٍ لَكَ فِي الْأَرْضِ يُسَبِّحُونَكَ، وَيُكَبِّرُونَكَ، وَيُهَلِّلُونَكَ، وَيَحْمَدُونَكَ، وَيَسْأَلُونَكَ. قَالَ: وَمَاذَا يَسْأَلُونِي؟ قَالُوا: يَسْأَلُونَكَ جَنَّتَكَ. قَالَ: وَهَلْ رَأَوْا جَنَّتِي؟ قَالُوا: لَا أَيْ رَبِّ. قَالَ: فَكَيْفَ لَوْ رَأَوْا جَنَّتِي؟ قَالُوا: وَيَسْتَجِيرُونَكَ. قَالَ: وَمِمَّ يَسْتَجِيرُونَنِي؟ قَالُوا: مِنْ نَارِكَ يَا رَبِّ. قَالَ: وَهَلْ رَأَوْا نَارِي؟ قَالُوا: لَا. قَالَ: فَكَيْفَ لَوْ رَأَوْا نَارِي؟ قَالُوا: وَيَسْتَغْفِرُونَكَ. قَالَ: فَيَقُولُ: قَدْ غَفَرْتُ لَهُمْ فَأَعْطَيْتُهُمْ مَا سَأَلُوا، وَأَجَرْتُهُمْ مِمَّا اسْتَجَارُوا. قَالَ: فَيَقُولُونَ: رَبِّ فِيهِمْ فُلَانٌ عَبْدٌ خَطَّاءٌ، إِنَّمَا مَرَّ فَجَلَسَ مَعَهُمْ. قَالَ: فَيَقُولُ: وَلَهُ غَفَرْتُ، هُمُ الْقَوْمُ لَا يَشْقَى بِهِمْ جَلِيسُهُمْ)). [بخاري/ الدعوات/ ٦٠٤٥]

(ابو هريـرة) (رضي الله عنه) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((خـوای بـەرز و بـاڵا چەندفریشـتەیەکی گەڕۆکی زیـادەی هەیـە، بەشـوێن کـۆڕی زیکـردا دەگـەڕێن، کاتێ کۆڕێکیان بینی یادی خوا دەکەن لەگەڵیان دادەنیشن بەباڵەکانیان یەکتری پەرژین دەکەن، تا وەکو نێوان خۆیان و نێوان ئاسمانی دونیا پڕدەکەن ، کاتـێ ئەو کۆڕە بلاّوەی لێدەکەن ئـەوانیش سـەردەکەونەوە بـۆ ئاسمـان. دەڵـێ: ئینجا خوای باڵا دەست لێیان دەپرسێت لەکاتێکدا ئەو خۆی لەوان چاکتر دەزانێ؛ لە کوێوە هاتن؟ دەڵێن لای چـەند بەندەیـەکی خۆتـەوە هاتینـەوە لەسـەر زەوی‌یـەوە

هەمیشە (سبحان الله، الله اکبر، لاالـه الاالله و، الحمد لله)یان دەکـرد و. لـەتۆیش دەپاڕانـەوە، فـەرمووی: ((داوای چیـم لێدەکــەن! دەڵێــن: داوای بەهەشـتەکەت دەکـەن. دەفـەرمووێت: جـا بەهەشـتی منیـان دیـوە؟ دەڵێــن: نـەخێر ئــەی پەروەردگار. دەفەرمووێت: جا ئەوە چۆن دەبوو ئەگەر بەهەشتەکەیان ببینایە؟ دەڵێن: پەنایشت پێدەگرن. دەفەرمووێت: لـەچی پـەنام پـێ دەگـرن؟ دەڵێـن: لـە ئاگرەکەت ئـەی پـەروەردگار. دەفـەرمووێت: ئایـا! ئاگرەکـەیان دیـوم، دەڵێــن: نەخێر. دەفەرمووێت: جا چۆن دەبوو ئەگەر ئاگرەکەیان ببینایەم؟ دەڵێن: داوای لێخۆشبونیشت لێدەکەن. ئەویش دەفەرموێت: ئەوا منیش لێیان خۆش بووم و، داوای چیشــیان کــردووە پێیــان دەدەم و، پەنایشــیان دەدەم لــەوەی پــەنام پـێدەگرن لێـی، ئـەوانیش دەڵێـن: ئـەی پـەروەردگار فـلان کەسـیان تێدایـە زۆر گوناهبارە و، هەر ڕابووردووە بەلایاندا، دانیشتووە لەگەڵیان. دەفـەرمووێت: وا لەویش خۆش بووم، ئەوانە کۆمەڵێکن دانیشتوو لەگەڵیان بەدبەخت نابێت)).

(٦) ئەو پیاو و ژنانەی یادی خوا دەکەن

١٨٠٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَسِيرُ فِي طَرِيقِ مَكَّةَ، فَمَرَّ عَلَى جَبَلٍ يُقَالُ لَهُ جُمْدَانُ، فَقَالَ: ((سِيرُوا، هَذَا جُمْدَانُ، سَبَقَ الْمُفَرِّدُونَ)). قَالُوا: وَمَا الْمُفَرِّدُونَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الذَّاكِرُونَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتُ)). [بخاري/ المغازي/ ٣٨٨٤]

(أبوهريـرة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبــەر (ﷺ) بـەڕێی مەککەدادەڕۆیشـت ڕابــورد بەلای کێوێکـدا پێـی دەوتـرا (جُمـران) فـەرمووی: ((بـڕۆن، ئەمــە (جُمــران)ە، یەکتاپەرستەکان پێشکەوتن))، وتیـان: یەکتاپەرستەکان کێن ئـەی پێغەمبـەری خوا، فەرمووی: ((ئەو پیاوو ژنانەی کە یادی خوا زۆر دەکەن))

(٧) (لاالە الا اللە) کردن

١٨٠٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ، أَعَزَّ جُنْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَغَلَبَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ، فَلَا شَيْءَ بَعْدَهُ)).

(أبوهريـرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەیفـەرموو: ((هیـچ خوایــەك نیـە جگـە لـە (الله)ی تـاك وتەنـها سـەباز و لەشـکری خـۆی سـەربەرز کـردو، بەندەکـەی خـۆی سـەرکەوتووکردوو، هەربەتەنـها خۆی کۆڕ وکۆمەڵـەکانی تێـك شکاندو هیچ شتێك لەدوای ئەو نیە)).

(٨) دەنگ بەرزكردنەوە بە زیكركردن

١٨١٠ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (رضي الله عنه) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي سَفَرٍ، فَجَعَلَ النَّاسُ يَجْهَرُونَ بِالتَّكْبِيرِ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَيُّهَا النَّاسُ ارْبَعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، إِنَّكُمْ لَيْسَ تَدْعُونَ أَصَمَّ وَلَا غَائِبًا، إِنَّكُمْ تَدْعُونَ سَمِيعًا قَرِيبًا وَهُوَ مَعَكُمْ)). قَالَ: وَأَنَا خَلْفَهُ، وَأَنَا أَقُولُ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ، فَقَالَ: ((يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ قَيْسٍ، أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى كَنْزٍ مِنْ كُنُوزِ الْجَنَّةِ)). فَقُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: ((قُلْ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ)). [بخاري/ المغازي/ ٣٩٦٨]

(ابو موسى) (رضي الله عنه) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا بووین (ﷺ) لەسەفەرێكا، خەڵكی بەدەنگی بەرزەوە (الله اكبر)یان دەكرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((خەڵكینە لە سەرخۆبن، خۆ ئێوە بانگی كەسێ ناكەن كەڕ و نادیاربێت. ئێوە بانگی كەسێ دەكەن بیسەر و نزیكە هەمیشە لەگەڵتانە)). دەڵێ: منیش لە دوایەوە بووم، دەمووت: (لا حول ولاقوة الا بالله) فەرمووی: ((ئەی (عبدالله)ی كوڕی (قیس)، ئایا گەنجینەیەك لە گەنجینەكانی بەهەشتت پیشان نەدەم؟)) وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: ((بڵێ: لاحول ولاقوە الا بالله)) واتا: هیچ هێز و دەسەڵاتێك نییە تەنها خوا نەبێت.

(٩) ئەوەی لە ئێواراندا دەوترێت

١٨١١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَمْسَى قَالَ: ((أَمْسَيْنَا وَأَمْسَى الْمُلْكُ لِلَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ. اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ هَذِهِ اللَّيْلَةِ وَخَيْرِ مَا فِيهَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا فِيهَا. اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ وَالْهَرَمِ وَسُوءِ الْكِبَرِ، وَفِتْنَةِ الدُّنْيَا وَعَذَابِ الْقَبْرِ)). قَالَ الْحَسَنُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّهِ: وَزَادَنِي فِيهِ زُبَيْدٌ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ سُوَيْدٍ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ –رَفَعَهُ– أَنَّهُ قَالَ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)). [وفي رواية: إِذَا أَصْبَحَ قَالَ ذَلِكَ أَيْضًا: ((أَصْبَحْنَا وَأَصْبَحَ الْمُلْكُ لِلَّهِ))].

(عبدالله)ی كوڕی (مسعود) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) كاتێ ئێوارەی لێدەهات دەیفەرموو: ((وا ئێوارەمان لێهات. هەموو موڵك و دەسەڵاتێكیش بۆخوایە، سوپاس و ستایش هەر بۆ خوایە، هیچ خوایەك نیە تەنها (الله) نەبێت، هەر ئەو خوایە هاوبەشی نییە، خوایە من داوات لێدەكەم خێری ئەم

شەوە و خێری ئەوەی تێیدایە، پەنایشت پێدەگرم لە زیانی ئەم شەوە و زیانی ئەوەی تێیدایە، خوایە من پەنات پێدەگرم لە تەمەڵی و پیری و پەك کەوتن و خراپی لێکەوتەیی و گرفتار بوونی دنیا و سزای گۆڕ)) (حسن) کوڕی (عبدالله) دەڵێ: (زبید) لە (ابراهیم)ی کوڕی (سُوید) ەوە ئەمەیشی بۆ زیادکردووم، ئەویش لە (عبدالرحمن)ی کوڕی (یزید)ەوە، ئەویش لە (عبدالله)- کەلە دەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاویەتیەوە- کە فەرموویەتی: ((هیچ خوایەك نیە تەنها (الله) نەبێت، تاك و تەنهایە هاوبەشی نییە، هەموو موڵك و دەسەلات وسوپاس و ستایشێك هەر بۆ ئەوە، ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە)) {لە ریوایەتێکی تردا} پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ بەیانی لێدەهات دیسانەوە دەیفەرموو: ((بەیانیمان کردەوە و هەموو شتێکیش هەر هی خوایە)).

(١٠) ئەوەی لەکاتی خەوتندا دەوترێت

١٨١٢ـ عَنْ عَلِي بن ابي طالب (ﷺ): أَنَّ فَاطِمَةَ (ﷺ) اشْتَكَتْ مَا تَلْقَى مِنَ الرَّحَى فِي يَدِهَا، وَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) سَبْيٌ، فَانْطَلَقَتْ فَلَمْ تَجِدْهُ، وَلَقِيَتْ عَائِشَةَ (ﷺ) فَأَخْبَرَتْهَا، فَلَمَّا جَاءَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَخْبَرَتْهُ عَائِشَةُ بِمَجِيءِ فَاطِمَةَ (ﷺ) إِلَيْهَا. فَجَاءَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِلَيْنَا وَقَدْ أَخَذْنَا مَضَاجِعَنَا، فَذَهَبْنَا نَقُومُ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((عَلَى مَكَانِكُمَا)). فَقَعَدَ بَيْنَنَا، حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ قَدَمِهِ عَلَى صَدْرِي، ثُمَّ قَالَ: ((أَلَا أُعَلِّمُكُمَا خَيْرًا مِمَّا سَأَلْتُمَا؟ إِذَا أَخَذْتُمَا مَضَاجِعَكُمَا: أَنْ تُكَبِّرَا اللَّهَ أَرْبَعًا وَثَلَاثِينَ، وَتُسَبِّحَاهُ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَتَحْمَدَاهُ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمَا مِنْ خَادِمٍ)). [وَزَادَ فِي اخرى: قَالَ عَلِيٌّ: مَا تَرَكْتُهُ مُنْذُ سَمِعْتُهُ مِنَ النَّبِيِّ (ﷺ). قِيلَ لَهُ: وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ؟ قَالَ: وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ]. [بخاري/ الخمس/ ٢٩٤٥]

(علي)ی کوڕی (أبو طالب) (ﷺ) دەڵێ: (فاطمة) (ﷺ) دادوبێداد دەکات لەدەست ئەوەی کە تووشی دەست و پلی دێت لە زۆری دەستاڕ کردن، پێغەمبەریش (ﷺ) چەند دیلێکی دەست کەوت دەبێت، ئەویش دەچێت بۆ خزمەتی و نایدۆزێتەوە، دەگات بە عائشة (ﷺ)، و باسەکەی لا دەکاتەوە، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) دێتەوە (عائشە) (ﷺ) باسی هاتنی (فاطمة)(ﷺ)ی بۆ دەکات، پێغەمبەریش (ﷺ) هات بۆلامان لەکاتێکدا ئێمە چووبووینە ناو جێگاوە، ویستمان هەستین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لە شوێنی خۆتان بن)) لە نێوانماندا دانیشت، تاوەکو هەستم بە ساردی پێی کرد لەسەر سینگم،

فەرمووی: ((ئەرێ شتێكتان فێرنەكەم باشتر بێت لەوەی كە داواتان كردبوو؟ كاتێ چوونە ناو نوێنەوە: سیوچوار جار (الله أكبر)و، سیوسێ جار (سبحان الله) و سیوسێجار (الحمد لله) بكەن، ئەوە لە خزمەتگوزار باشترە بۆتان. {لەریوایەتێكی تردا، علی وتی: لەوساوە لە پێغەمبەرم بیستوە ئەمانەم تەرك نەكردووە، پێی وترا: شەوی (صفين)یش؟ وتی: شەوی (صفين)یش}.

١٨١٣ـ عَنْ الْبَرَاءُ بْنُ عَازِبٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلَاةِ، ثُمَّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقِّكَ الْأَيْمَنِ، ثُمَّ قُلْ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ، لَا مَلْجَأَ وَلَا مَنْجَا مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ، آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ. وَاجْعَلْهُنَّ مِنْ آخِرِ كَلَامِكَ، فَإِنْ مُتَّ مِنْ لَيْلَتِكَ مُتَّ وَأَنْتَ عَلَى الْفِطْرَةِ)). قَالَ: فَرَدَّدْتُهُنَّ لِأَسْتَذْكِرَهُنَّ، فَقُلْتُ: آمَنْتُ بِرَسُولِكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ، قَالَ: ((قُلْ: آمَنْتُ بِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ)). [بخاري/ الوضوء/ ٢٤٤]

(البراء)ی كوڕی (عازب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((كاتێ ویستت بچیتە سەر جێگە دەست نوێژبگرە وەك چۆن دەست نوێژ دەگریت بۆ نوێژ، پاشان لەسەر لای ڕاست ڕاكشێ، پاشان بڵێ: خوایە من ڕووی ڕووخسارم كەچ كرد بەرەولای تۆ، كاروباری خۆم حەواڵەی تۆ كرد و، پشت و پەنام دابەتۆو، بەئومێدی {بەزەیی}تۆو، {ترسان} لە سزای تۆ، هیچ پەناو داڵدەیەك نییە لە تۆ مەگەر بەرەو لای تۆ نەبێت، باوەڕم هەیە بەو قورئانەی كە داتبەزاندووە و بەو پێغەمبەرەیش كە ڕەوانەت كردووە. با ئەمانە دواهەمین قسەبێت، ئەگەر لەو شەوەتدا بمریت لەسەر سروشتی پاك دەمریت)). دەڵێ: منیش دوبارەم كردنەوە تا لەبەریان كەم، وتم: باوەڕم هێنابەو (نێردراوە)ی كەناردووتە، فەرمووی: ((بڵێ: باوەڕم هێنا بەو پێغەمبەرەی كە ناردووتە)).

١٨١٤ـ عَنِ الْبَرَاءِ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إِذَا أَخَذَ مَضْجَعَهُ قَالَ: ((اللَّهُمَّ بِاسْمِكَ أَحْيَا وَبِاسْمِكَ أَمُوتُ)). وَإِذَا اسْتَيْقَظَ قَالَ: ((الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا، وَإِلَيْهِ النُّشُورُ)).

لە (براء)ی كوڕی (عازب)ەوە دەگێڕنەوە (ﷺ) كە پێغەمبەر (ﷺ) كاتێ دەچووە ناو جێگەوە دەیفەرموو: ((خوایە بەناوی تۆوە زیندوو دەبمەوە و

بەناوی تۆیشەوە دەمرم)) كاتێكیش لەخەو هەڵدەستا دەیفەرموو: ((سوپاس بۆ ئەو خوایەی زیندووی كردینەوە، پاش ئەوەی مراندینی، گەڕانەوەشمان هەر بۆلای ئەوە)).

١٨١٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّهُ أَمَرَ رَجُلًا إِذَا أَخَذَ مَضْجَعَهُ قَالَ: ((اللَّهُمَّ خَلَقْتَ نَفْسِي وَأَنْتَ تَوَفَّاهَا، لَكَ مَمَاتُهَا وَمَحْيَاهَا، إِنْ أَحْيَيْتَهَا فَاحْفَظْهَا، وَإِنْ أَمَتَّهَا فَاغْفِرْ لَهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ)). فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: أَسَمِعْتَ هَذَا مِنْ عُمَرَ؟ فَقَالَ: مِنْ خَيْرٍ مِنْ عُمَرَ، مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).

(عبدالله) كوڕی (عمر) (ﷺ) فەرمانیدا بەپیاوێك كاتێك چووە سەر جێگای نووستن، بڵێت: ((خوایە، تۆ گیانی منت دروست كردووە و هەر خۆیشت دەیمرێنی، مردن و ژیان هەر بەدەست تۆیە، ئەگەر زیندووت كردەوە بیپارێزە، ئەگەر مراندیشت لێی خۆش بە، خوایە من داوای بێوەیی و سەلامەتیت لێدەكەم)) پیاوێك پێی وت: ئایا ئەمەت لە (عمر) بیستووە؟ وتی: لە چاكتر لە (عمر)م بیستووە، لە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

١٨١٦ـ عَنْ سُهَيْلٍ قَالَ: كَانَ أَبُو صَالِحٍ يَأْمُرُنَا إِذَا أَرَادَ أَحَدُنَا أَنْ يَنَامَ: أَنْ يَضْطَجِعَ عَلَى شِقِّهِ الْأَيْمَنِ ثُمَّ يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَاوَاتِ وَرَبَّ الْأَرْضِ، وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ، فَالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى، وَمُنْزِلَ التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْفُرْقَانِ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهِ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الْأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الْآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ، اقْضِ عَنَّا الدَّيْنَ، وَأَغْنِنَا مِنَ الْفَقْرِ)). وَكَانَ يَرْوِي ذَلِكَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ).

(سهیل) دەڵێ: (ابو صالح) فەرمانی پێدەكردین هەركاتێ یەكێكمان بیویستایە بخەوێت، لەسەر لای ڕاستی ڕاكشێت و پاشان بڵێت: ((خوایە پەروەردگاری ئاسمانەكان و پەروەردگاری زەمین و پەروەردگاری عەرشی مەزن، پەوەردگاری ئێمە و، پەروەردگاری هەموو شتێكی تر، پشكوێنەری تۆمە و ناوكەكان، دابەزێنەری تەورات و ئینجیل و قورئان، پەنات پێدەگرم لەزیانی هەر شتێك كە جڵەوو دەسەڵاتی بەدەست تۆیە، خوایە هەر تۆ یەكەمینیت و هیچ شتێكت لە پێشتەوە نییە و،هەر تۆیش دواهەمینیت و هیچ شتێك لە دوای تۆوە نی‌یە، هەر تۆ باڵادەستیت، هیچ شتێك لەسەرووی تۆوە نییە، هەر تۆ

پەنهان و ئاگاداری نهێنیەكانی خەڵكیت هیچ لەتۆ شاراوە نییە، قەرز و قوڵەمان لەسەر لابەرە و، لە دەست هەژاری ڕزگارمان بكە)) ئەم فەرموودەیەی لە (ابو هريرة)ەوە ڕیوایەت دەكرد، ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ).

١٨١٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا أَوَى أَحَدُكُمْ إِلَى فِرَاشِهِ فَلْيَأْخُذْ دَاخِلَةَ إِزَارِهِ فَلْيَنْفُضْ بِهَا فِرَاشَهُ، وَلْيُسَمِّ اللَّهَ، فَإِنَّهُ لَا يَعْلَمُ مَا خَلَفَهُ بَعْدَهُ عَلَى فِرَاشِهِ، فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَضْطَجِعَ فَلْيَضْطَجِعْ عَلَى شِقِّهِ الْأَيْمَنِ، وَلْيَقُلْ: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبِّي، بِكَ وَضَعْتُ جَنْبِي وَبِكَ أَرْفَعُهُ، إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَاغْفِرْ لَهَا، وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ)). [بخاري/ الدعوات/ ٥٩٦١]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((كاتێ یەكێكتان چووە ناو جێگای نووستنەوە، با چمكێكی كراسەكەی بگرێت و، جێگاكەی پێبتەكێنێ و ناوی خوا ببات، چونكە خۆ ئەو نازانێ پاش خۆی چی هاتۆتە ناو جێگاكەی، هەر كاتێ ویستی بنوێت بالەسەرلای ڕاستی ڕاكشێت و بڵێت: پەروەردگارم خوایە گیان پاك و بێگەری بۆ تۆ، بە پشتیوان تۆ لاتەنیشتم دادەنێم، بەپشتیوانی تۆیش بەرزی دەكەمەوە، ئەگەر گیانی منت گرتە لای خۆت لێی خۆش بە، ئەگەر بەریشت دا بیپارێزە بەوەی كە بەندە باشەكانی خۆتی پێدەپارێزی)).

١٨١٨ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ قَالَ: ((الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَطْعَمَنَا وَسَقَانَا، وَكَفَانَا وَآوَانَا، فَكَمْ مِمَّنْ لَا كَافِيَ لَهُ وَلَا مُؤْوِيَ)).

(انس) (ﷺ) دەڵێ: كاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەچووە سەر جێگا بۆ نووستن دەیفەرموو: ((سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە نان و ئاوی دەرخوارد داین و، بێنیازی كردین و، داڵدەی داین، ئاخۆ چەندەها كەس هەبێت كە كەس نییە بێنیازیان بكات و، داڵدەیان بدات)).

(١١) ویردی دوای نوێژی بەیانی

١٨١٩ـ عَنْ جُوَيْرِيَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) خَرَجَ مِنْ عِنْدِهَا بُكْرَةً حِينَ صَلَّى الصُّبْحَ، وَهِيَ فِي مَسْجِدِهَا، ثُمَّ رَجَعَ بَعْدَ أَنْ أَضْحَى وَهِيَ جَالِسَةٌ، فَقَالَ: ((مَا زِلْتِ عَلَى الْحَالِ الَّتِي فَارَقْتُكِ عَلَيْهَا)) قَالَتْ: نَعَمْ. قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لَقَدْ قُلْتُ بَعْدَكِ

أَرْبَعَ كَلِمَاتٍ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، لَوْ وُزِنَتْ بِمَا قُلْتِ مُنْذُ الْيَوْمِ لَوَزَنَتْهُنَّ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ، وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ)). وفي رواية أخرى عنها قَالَ: ((سُبْحَانَ اللَّهِ عَدَدَ خَلْقِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ رِضَا نَفْسِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ زِنَةَ عَرْشِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ مِدَادَ كَلِمَاتِهِ)).

(جويرية)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەیانی زوو، دوای ئەوەی نوێژی کرد، لەلای جویریەوە چووە دەرەوە هێشتا ئەو لەجێنوێژەکەیدا بوو، لەکاتی چێشتەنگاودا گەڕایەوە، هێشتا جوەیریە لەسەر جێنوێژەکەی مابوو، فەرمووی: ((هێشتا هەر لەسەر ئەو حاڵە ماوی کە من بەجێم هێشتی))، وتی: بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((پاش ئەوەی تۆم بەجێهێشت چوار ووشەم سێجار دوبارە کردۆتەوە، ئەگەر بکێشرێت لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە تۆ ئەمڕۆ لەبەیانیەوە وتووتە هاوسەنگی هەمووی دەبێت، پاك وبێگەردی وسوپاس و ستایش بۆ خوا بە ئەندازەی ژمارەی دروست کراوەکانی و، ڕەزامەندی خۆی و، کێشی عەرشەکەی و مەرەکەبی وشەکان)) {لەڕیوایەتێکی تردا لەوەوە فەرمووی: ((پاك و بێگەردی بۆ خوا بە ژمارەی دروست کراوەکانی، پاك وبێگەردی بۆ خوا ئەوەندەی کە خۆی ڕازی دەبێت، پاك و بێگەردی بۆ خوا بەئەندازەی کێشی عەرشەکەی، پاك وبێگەردی بۆخوا بە ئەندازەی مەرەکەبی ووشەکانی))}.

١٨٢٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ قَالَ حِينَ يُصْبِحُ وَحِينَ يُمْسِي: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ مِائَةَ مَرَّةٍ، لَمْ يَأْتِ أَحَدٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِأَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ، إِلَّا أَحَدٌ قَالَ مِثْلَ مَا قَالَ: أَوْ زَادَ عَلَيْهِ)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەکەسێك سەرلەبەیانی، یا سەرلەئێوارە ، صەد جار بڵێت: پاك و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ خوا، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کەس ناتوانێت باشتر بێنێت لەوەی کە ئەو هێناویەتی، مەگەر کەسێك وەك ئەوەی ئەوی وتبێت یا زیاتری وتبێت)).

(١٢) خێری (سبحان الله) کردن

١٨٢١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي الْمِيزَانِ، حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ (ﷻ): سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ)). [بخاري/ الدعوات/ ٦٠٤٣]

(أبي هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((دوو وشە هەن سوکن لەسەر زمان قورسن لە شایان، خۆشەویستن لەلای خوای گەورە و میهرەبان: پاك و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ خوا، پاك و بێگەردی بۆ خواوەندی مەزن)).

١٨٢٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَأَنْ أَقُولَ سُبْحَانَ اللَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ، أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ)).

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر بڵێم پاك و بێگەردی بۆ خوا، و سوپاس و ستایش بۆ خوا و، هیچ خواوەندێك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە (الله)و، خوا لە هەموو گەورەیەك گەورەترە، لە هەموو ئەوەی کە خۆری لێهەڵدێت لام خۆشەویستترە)).

(١٣) دەربارەی (لا اله الا الله) کردن و (الحمد لله) و (ألله أكبر) کردن

١٨٢٣ـ عَنْ مُوسَى الْجُهَنِيُّ، عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: عَلِّمْنِي كَلَامًا أَقُولُهُ. قَالَ: ((قُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا، سُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ)). قَالَ: فَهَؤُلَاءِ لِرَبِّي، فَمَا لِي؟ قَالَ: ((قُلْ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي، وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي)). قَالَ مُوسَى: أَمَّا ((عَافِنِي)) فَأَنَا أَتَوَهَّمُ، وَمَا أَدْرِي.

(موسى)ی (الجهني)، لە (مصعب) کوڕی (سعد)ەوە ئەویش لە باوکیەوە، دەڵێ: دەشتەکیەك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: شتێکم فێرکە کە بیڵێم. فەرمووی: ((بڵێ: هیچ شتێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە (الله) تەنها و بێهاوەڵە، خوا لە هەموو گەورەیەك گەورەترە، گەورەیی هەر شایستەی ئەوە، سوپاس و ستایشی زۆر بۆ خوا، پاك و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، هیچ هێز و پێز و دەسەلاتێك نییە تەنها بۆخواوەندی دەسەڵاتدار و

کاردروست نەبێت)). وتی: ئەمانە بۆ پەروەردگارم ئەی چی بۆ خۆم؟ فەرمووی: ((بڵێ: خوایە لێم خۆش بەو بەزەیت پێمدا بێتەوە و، ڕێنمایم بکە و ڕزق و ڕۆزیم بدە)). (موسى) دەڵێ: بەڵام وشەی ((سەلامەتم بکە)) من لێی دو دڵم، نازانم وتی یا نەیوت.

(١٤) خۆشترین وشە لای خوا

١٨٢٤ـ عَنْ أَبِي ذَرّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَلَا أُخْبِرُكَ بِأَحَبِّ الْكَلَامِ إِلَى اللَّهِ ﷻ)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَخْبِرْنِي بِأَحَبِّ الْكَلَامِ إِلَى اللَّهِ (ﷻ). فَقَالَ: ((إِنَّ أَحَبَّ الْكَلَامِ إِلَى اللَّهِ (ﷻ): سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ)).

(ابو ذر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئایا پێت بڵێم خۆشەویستترین وشە لای خوای گەورە کامەیە)). وتم : ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ خۆشەویستترین وشە لای خوای گەورە کامەیە؟ فەرمووی: ((خۆشەویستترین گوفتار بەلای خواوەندی مەزنەوە: پاك و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ خوا)).

(١٥) کەسێ لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێت (لا اله الاّ الله وحده لا شریك له)

١٨٢٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ، كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ، وَكُتِبَتْ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ، وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ، وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا مِنَ الشَّيْطَانِ يَوْمَهُ [ذَلِكَ] حَتَّى يُمْسِيَ، وَلَمْ يَأْتِ أَحَدٌ أَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ إِلَّا أَحَدٌ عَمِلَ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ. وَمَنْ قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ، حُطَّتْ خَطَايَاهُ وَلَوْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ)). [بخاري/ الدعوات/ ٦٠٤٢]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەس لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێ: هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە (الله) نەبێت تاك و تەنیاو بێهاوەڵە، موڵك و دەسەڵات هەر بۆ ئەوە و سوپاس و ستایشیش هەر شایانی ئەوە، ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە، ئەوە وەك ئەوە وایە دە بەندەی ئازاد کردبێت و، صەد چاکەی بۆ دەنوسرێت و صەد گوناهی لەسەر لادەبرێت و دەبێتە سپێر بۆی لە شەیتان لەو ڕۆژەیدا تا ئێوارە، کەس چاکتری نەکردووە لەوەی ئەو کردوویەتی، مەگەر کەسێك زیاتر لەوەی کردبێت. هەر کەسیش لە

ڕۆژێکدا سەد جار بڵێ: پاك و بێگەردی بۆ خوا سوپاس و ستایش بۆ خوا، گوناهەکانی لێهەڵدەوەرێت باوەکوو کەفی دەریاش وابێت)).

(١٦) کەسێك صەد (سبحان الله) بکات لە ڕۆژێکدا

١٨٢٦ـ عَنْ سَعْد بن أبي وقاص (رضي الله عنه) قال: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) فقَال: ((أيَعْجِزُ أحَدُكُمْ أنْ يكْسِبَ كُلَّ يَوْمٍ ألْفَ حسنَةٍ)). فسَأَلَهُ سَائِلٌ مِنْ جُلَسَائِه: كيْفَ يكْسِبُ أحدُنَا ألفَ حسَنَةٍ؟ قالَ: ((يُسَبِّحُ مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ، فَيُكْتَبُ لَهُ أَلْفُ حَسَنَةٍ، أوْ يُحطّ عنْهُ ألْفُ خطِيئَةٍ)).

(سعد) کوڕی (أبي وقاص)(رضي الله عنه) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا بووین (ﷺ) فەرمووی: ((کەستان هەیە لە ڕۆژێکدا نەتوانێت هەزار چاکە بکات)) یەکێ لە دانیشتوان پرسی: کێمان دەتوانین هەزار چاکە بکات؟ فەرمووی: ((صەد (سبحان الله) بکات، صەد چاکەی بۆ دەنوسرێت و سەد گوناهی لێهەڵدەوەرێت)).

(٦٠) بەشی پەناگرتن بەخوا

(١) پەناگرتن بەخوا لەشەڕی فیتنە ئاشووب

١٨٢٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (﵂): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَدْعُو بِهَؤُلَاءِ الدَّعَوَاتِ: ((اللَّهُمَّ فَإِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ النَّارِ وَعَذَابِ النَّارِ، وَفِتْنَةِ الْقَبْرِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْغِنَى وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْفَقْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، اللَّهُمَّ اغْسِلْ خَطَايَايَ بِمَاءِ الثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّ قَلْبِي مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَبَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللَّهُمَّ فَإِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ وَالْهَرَمِ، وَالْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ)). [بخاري/ الدعوات/ ٦٠١٦]

(عائشە) (﵂) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەم نزایانـەی دەکـرد: ((خوایـە مـن پـەنات پـێدەگرم لـە بـەڵای ئاگر و سـزای ئاگر و، بـەڵای گـۆڕ و سـزای گـۆڕ و، زیانی بەڵای دەوڵەمەندیی و زیانی بەڵای هەژاریی و، پـەنات پـێدەگرم لـەزیانی بەڵای دەجاڵی گەڕیدە، ئەی خوایە هەڵـە و تاوانـەکانم بەبـەفراو و تـەرزە بشـۆ و دڵودەروونم خـاوێن کـەرەوە لەهەڵـەو تاوان وەك چۆن کراسـی سپی لـە چڵـك و پیسـی خـاوێن دەبێتـەوە، نێـوان مـن و هەڵـەکانم لێـك دوور خـەرەوە وەك چـۆن نێوان خۆرهەڵات و خۆر ئاوات دوور خستۆتەوە، خوایە مـن پـەنات پێدەگـرم لـە تەمەڵی و تەوەزەلی و پیری و پەککەوتەییو تاوان و کاری قەرز و قۆڵە)).

(٢) پەناگرتن بەخوا لەدەستەوەستانی و تەمەڵی

١٨٢٨ـ عَنْ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (﵁) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ وَالْهَرَمِ وَالْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ)). [بخاري/ الدعوات/ ٢٦٦٨]

(أنس)ی کوڕی (مالك) (﵁) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەیفـەرموو: ((خوایـە مـن پـەنات پـێدەگرم لـە بێدەسـەلاتی و تەمـەڵی و لـە ترسـنۆکی و پـیریی و چاوچنۆکی و، پەنات پێدەگرم لە سزای گۆڕ و، لە بەڵای ژیان و مردن)).

(٣) پەناگرتن بەخوا لە چارە ڕەشی و بەدبەختی

١٨٢٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (﵁): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَتَعَوَّذُ مِنْ سُوءِ الْقَضَاءِ، وَمِنْ دَرَكِ الشَّقَاءِ، وَمِنْ شَمَاتَةِ الْأَعْدَاءِ، وَمِنْ جَهْدِ الْبَلَاءِ. قَالَ عَمْرٌو فِي حَدِيثِهِ: قَالَ سُفْيَانُ: أَشُكُّ أَنِّي زِدْتُ وَاحِدَةً مِنْهَا. [بخاري/ الدعوات/ ٥٩٨٧]

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پەنای دەگرت بەخوا لە چارە ڕەشی و بەدبەختی و لەهەرشتێك دەبێتە مایەی دڵخۆشی و شاگەشكەیی دوژمنان و، لەهەر بەڵایەكی ئەوتۆ كە كەس دەرەقەتی نەیەت، (عمرو) لە ڕیوایەتەكەیدا دەڵێ: (سفیان) وتی: من واگومان دەبەم كە خۆم یەكێكیانم لێزیاد كردبێت.

(٤) پەناگرتن بەخوا لە نەمانی ناز و نیعمەت

١٨٣٠ـ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ مِنْ دُعَاءِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ، وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ، وَجَمِيعِ سَخَطِكَ)).

(عبدالله)ی كوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: لەنزاكانی پێغەمبەرە (ﷺ): ((خوایە من پەنات پێدەگرم لە نەمان و لاچوونی ناز و نعمەت و، لەش ساغی و، لە سزای كتوپڕیت و، هەر شتێك كەمایەی ڕق هەستان و خەشم و قینی تۆیە)).

(٥) نزای خێركردن بۆ كەسی پژمیو ئەگەر سوپاسی خوا بكات

١٨٣١ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: عَطَسَ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) رَجُلَانِ، فَشَمَّتَ أَحَدَهُمَا وَلَمْ يُشَمِّتِ الْآخَرَ، فَقَالَ الَّذِي لَمْ يُشَمِّتْهُ، عَطَسَ فُلَانٌ فَشَمَّتَّهُ وَعَطَسْتُ أَنَا فَلَمْ تُشَمِّتْنِي؟ قَالَ: ((إِنَّ هَذَا حَمِدَ اللهَ، وَإِنَّكَ لَمْ تَحْمَدِ اللهَ ﷻ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٨٧١]

(انس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: دوو پیاو لای پێغەمبەرا (ﷺ) پژمین، دۆعای بۆ یەكێكیان كرد، بەڵام بۆ ئەوی تریانی نەكرد، ئەوەیان كە دۆعای بۆ نەكرد وتی: فلان پژمی دۆعات بۆ كرد منیش پژمیم دۆعات بۆ نەكردم؟ فەرمووی: ((چونكە ئەو سوپاسی خوای كرد، بەڵام تۆ سوپاسی خوای مەزنت نەكرد)).

١٨٣٢ـ عَنْ إِيَاسُ بْنُ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ: أَنَّ أَبَاهُ حَدَّثَهُ: أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) وَعَطَسَ رَجُلٌ عِنْدَهُ، فَقَالَ لَهُ: ((يَرْحَمُكَ اللهُ)). ثُمَّ عَطَسَ أُخْرَى، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((الرَّجُلُ مَزْكُومٌ)).

(ایاس) كوڕی (سلمة): باوكی بۆی گێڕاوەتەوە كە لە پێغەمبەری (ﷺ) بیستووە: لەكاتێكدا پیاوێك لەلایا پژمیوە پێی فەرمووە: ((خوا بەزەیی پێتا بێتەوە)) پاشان هەمدیسان پژمیوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((كابرا هەڵامەتێتی)).

(٦١) بەشی تەوبە كردن

(١) فەرمان كردن بە تەوبە كردن

١٨٣٣ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ قَالَ: سَمِعْتُ الْأَغَرَّ -وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ)- يُحَدِّثُ ابْنَ عُمَرَ -(ﷺ)- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ تُوبُوا إِلَى اللَّهِ، فَإِنِّي أَتُوبُ فِي الْيَوْمِ إِلَيْهِ مِائَةَ مَرَّةٍ)).

(ابو بردة)دەڵێ: گوێم لە (الأعر) بوو -كە یەكێك بوو لەهاوەڵانی پێغەمبەر- كە قسەی بۆ (ابن عمر) (ﷺ) دەكرد وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەی خەڵكینە تۆبە بكەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوا من خۆم لە ڕۆژێكدا سەد جار تۆبە دەكەم لە خزمەت خوادا)).

(٢) هاندان لەسەر تەوبەكردن

١٨٣٤ـ عَنِ الْحَارِثِ بْنِ سُوَيْدٍ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَبْدِ اللَّهِ أَعُودُهُ وَهُوَ مَرِيضٌ، فَحَدَّثَنَا بِحَدِيثَيْنِ: حَدِيثًا عَنْ نَفْسِه، وَحَدِيثًا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَلَّهُ أَشَدُّ فَرَحًا بِتَوْبَةِ عَبْدِهِ الْمُؤْمِنِ مِنْ رَجُلٍ فِي أَرْضٍ دَوِيَّةٍ مَهْلِكَةٍ، مَعَهُ رَاحِلَتُهُ عَلَيْهَا طَعَامُهُ وَشَرَابُهُ، فَنَامَ، فَاسْتَيْقَظَ وَقَدْ ذَهَبَتْ، فَطَلَبَهَا حَتَّى أَدْرَكَهُ الْعَطَشُ، ثُمَّ قَالَ: أَرْجِعُ إِلَى مَكَانِيَ الَّذِي كُنْتُ فِيهِ فَأَنَامُ حَتَّى أَمُوتَ، فَوَضَعَ رَأْسَهُ عَلَى سَاعِدِهِ لِيَمُوتَ، فَاسْتَيْقَظَ وَعِنْدَهُ رَاحِلَتُهُ وَعَلَيْهَا زَادُهُ وَطَعَامُهُ وَشَرَابُهُ، فَاللَّهُ أَشَدُّ فَرَحًا بِتَوْبَةِ الْعَبْدِ الْمُؤْمِنِ مِنْ هَذَا بِرَاحِلَتِهِ وَزَادِهِ)).
[بخاري/ الدعوات/ ٥٩٤٩]

(حارث)ی كوڕی (سُوَید)دەڵێ: چووم بۆ سەردانی (عبدالله) (ﷺ) كەنەخۆش بوو، دوو قسەی بۆكردین، قسەیەكیان هی خۆی بوو، قسەیەكیشیان لە پێغەمبەرەوە ، وتی: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((بەڕاستی خوا زۆر دڵخۆشترە لە تەوبەی بەندەیەكی باوەڕداری خۆی لەپیاوێك لەبیابانێكی چۆڵی فەوتێنەردا كە وڵاخی سواریەكەی خۆیی پێ بێت، خۆراك و خواردنەوەكەیی لەسەر بێت، خەوی پیابكەوێت، كاتێ خەبەری دەبێتەوە {سەیر بكات} وڵاخەكەی ڕۆیشتووە، ئەویش بە شوێنیدا بگەڕێت تا تینوێتی زۆری بۆ دێنێت، پاشان لەبەرخۆیەوە بڵێت: ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی كە تیا بووم ئەخەومەوە تا دەمرم. سەربنێتەوە سەر باڵی تا بمرێت، بەڵام كاتێ

خەبەری دەبێتەوە سەیر بکات وا وولاخەکەی بەخواردن و خواردنەوەکەیەوە بەلایەوە وەستاوە، دەی خوا زۆر خۆشحاڵترە بەتەوبەی بەندەی باوەڕدار لەو پیاوە بە وولاخ و توێشووەکەی)).

(٣) راستگۆیی لەتەوبەداو گوتەی خوای گەورە ﴿وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا﴾

١٨٣٥ـ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ قَالَ: ثُمَّ غَزَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَزْوَةَ تَبُوكَ، وَهُوَ يُرِيدُ الرُّومَ وَنَصَارَى الْعَرَبِ بِالشَّامِ، قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: فَأَخْبَرَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ كَعْبٍ -وَكَانَ قَائِدَ كَعْبٍ مِنْ بَنِيهِ حِينَ عَمِيَ- قَالَ: سَمِعْتُ كَعْبَ بْنَ مَالِكٍ يُحَدِّثُ حَدِيثَهُ حِينَ تَخَلَّفَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ، قَالَ كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ: لَمْ أَتَخَلَّفْ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي غَزْوَةٍ غَزَاهَا قَطُّ إِلَّا فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ، غَيْرَ أَنِّي قَدْ تَخَلَّفْتُ فِي غَزْوَةِ بَدْرٍ. وَلَمْ يُعَاتِبْ أَحَدًا تَخَلَّفَ عَنْهُ إِنَّمَا خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَالْمُسْلِمُونَ يُرِيدُونَ عِيرَ قُرَيْشٍ، حَتَّى جَمَعَ اللَّهُ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ عَدُوِّهِمْ عَلَى غَيْرِ مِيعَادٍ، وَلَقَدْ شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَيْلَةَ الْعَقَبَةِ حِينَ تَوَاثَقْنَا عَلَى الْإِسْلَامِ، وَمَا أُحِبُّ أَنَّ لِي بِهَا مَشْهَدَ بَدْرٍ، وَإِنْ كَانَتْ بَدْرٌ أَذْكَرَ فِي النَّاسِ مِنْهَا، وَكَانَ مِنْ خَبَرِي حِينَ تَخَلَّفْتُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ: أَنِّي لَمْ أَكُنْ قَطُّ أَقْوَى وَلَا أَيْسَرَ مِنِّي حِينَ تَخَلَّفْتُ عَنْهُ فِي تِلْكَ الْغَزْوَةِ، وَاللَّهِ مَا جَمَعْتُ قَبْلَهَا رَاحِلَتَيْنِ قَطُّ حَتَّى جَمَعْتُهُمَا فِي تِلْكَ الْغَزْوَةِ، فَغَزَاهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي حَرٍّ شَدِيدٍ، وَاسْتَقْبَلَ سَفَرًا بَعِيدًا وَمَفَازًا، وَاسْتَقْبَلَ عَدُوًّا كَثِيرًا، فَجَلَا لِلْمُسْلِمِينَ أَمْرَهُمْ لِيَتَأَهَّبُوا أُهْبَةَ غَزْوِهِمْ، فَأَخْبَرَهُمْ بِوَجْهِهِمِ الَّذِي يُرِيدُ، وَالْمُسْلِمُونَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كَثِيرٌ، وَلَا يَجْمَعُهُمْ كِتَابُ حَافِظٍ -يُرِيدُ بِذَلِكَ الدِّيوَانَ- قَالَ كَعْبٌ: فَقَلَّ رَجُلٌ يُرِيدُ أَنْ يَتَغَيَّبَ يَظُنُّ أَنَّ ذَلِكَ سَيَخْفَى لَهُ، مَا لَمْ يَنْزِلْ فِيهِ وَحْيٌ مِنَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ. وَغَزَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) تِلْكَ الْغَزْوَةَ حِينَ طَابَتِ الثِّمَارُ وَالظِّلَالُ فَأَنَا إِلَيْهَا أَصْعَرُ، فَتَجَهَّزَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَالْمُسْلِمُونَ مَعَهُ، وَطَفِقْتُ أَغْدُو لِكَيْ أَتَجَهَّزَ مَعَهُمْ، فَأَرْجِعُ وَلَمْ أَقْضِ شَيْئًا، وَأَقُولُ فِي نَفْسِي: أَنَا قَادِرٌ عَلَى ذَلِكَ إِذَا أَرَدْتُ، فَلَمْ يَزَلْ ذَلِكَ يَتَمَادَى بِي حَتَّى اسْتَمَرَّ بِالنَّاسِ الْجِدُّ، فَأَصْبَحَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَادِيًا وَالْمُسْلِمُونَ مَعَهُ، وَلَمْ أَقْضِ مِنْ جَهَازِي شَيْئًا، ثُمَّ غَدَوْتُ فَرَجَعْتُ وَلَمْ أَقْضِ شَيْئًا، فَلَمْ يَزَلْ ذَلِكَ يَتَمَادَى بِي حَتَّى أَسْرَعُوا وَتَفَارَطَ الْغَزْوُ، فَهَمَمْتُ أَنْ أَرْتَحِلَ فَأُدْرِكَهُمْ، فَيَا لَيْتَنِي فَعَلْتُ، ثُمَّ لَمْ يُقَدَّرْ ذَلِكَ لِي، فَطَفِقْتُ إِذَا خَرَجْتُ فِي

النَّاسِ بَعْدَ خُرُوجِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَحْزُنُنِي أَنِّي لَا أَرَى لِي أُسْوَةً إِلَّا رَجُلًا مَغْمُوصًا عَلَيْهِ فِي النِّفَاقِ، أَوْ رَجُلًا مِمَّنْ عَذَرَ اللَّهُ مِنَ الضُّعَفَاءِ. وَلَمْ يَذْكُرْنِي [رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)] حَتَّى بَلَغَ تَبُوكَ، فَقَالَ وَهُوَ جَالِسٌ فِي الْقَوْمِ بِتَبُوكَ: ((مَا فَعَلَ كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ)). قَالَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي سَلِمَةَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، حَبَسَهُ بُرْدَاهُ وَالنَّظَرُ فِي عِطْفَيْهِ. فَقَالَ لَهُ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ: بِئْسَ مَا قُلْتَ، وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ إِلَّا خَيْرًا. فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَبَيْنَمَا هُوَ عَلَى ذَلِكَ رَأَى رَجُلًا مُبَيِّضًا يَزُولُ بِهِ السَّرَابُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كُنْ أَبَا خَيْثَمَةَ)). فَإِذَا هُوَ أَبُو خَيْثَمَةَ الْأَنْصَارِيُّ. وَهُوَ الَّذِي تَصَدَّقَ بِصَاعِ التَّمْرِ حِينَ لَمَزَهُ الْمُنَافِقُونَ. فَقَالَ كَعْبُ بْنُ مَالِكٍ: فَلَمَّا بَلَغَنِي أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ تَوَجَّهَ قَافِلًا مِنْ تَبُوكَ حَضَرَنِي بَثِّي، فَطَفِقْتُ أَتَذَكَّرُ الْكَذِبَ وَأَقُولُ: بِمَ أَخْرُجُ مِنْ سَخَطِهِ غَدًا؟ وَأَسْتَعِينُ عَلَى ذَلِكَ كُلَّ ذِي رَأْيٍ مِنْ أَهْلِي، فَلَمَّا قِيلَ لِي: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ أَظَلَّ قَادِمًا، زَاحَ عَنِّي الْبَاطِلُ، حَتَّى عَرَفْتُ أَنِّي لَنْ أَنْجُوَ مِنْهُ بِشَيْءٍ أَبَدًا، فَأَجْمَعْتُ صِدْقَهُ، وَصَبَّحَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَادِمًا، وَكَانَ إِذَا قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ بَدَأَ بِالْمَسْجِدِ فَرَكَعَ فِيهِ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ جَلَسَ لِلنَّاسِ، فَلَمَّا فَعَلَ ذَلِكَ جَاءَهُ الْمُخَلَّفُونَ فَطَفِقُوا يَعْتَذِرُونَ إِلَيْهِ، وَيَحْلِفُونَ لَهُ، وَكَانُوا بِضْعَةً وَثَمَانِينَ رَجُلًا، فَقَبِلَ مِنْهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَانِيَتَهُمْ وَبَايَعَهُمْ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمْ، وَوَكَلَ سَرَائِرَهُمْ إِلَى اللَّهِ، حَتَّى جِئْتُ، فَلَمَّا سَلَّمْتُ تَبَسَّمَ تَبَسُّمَ الْمُغْضَبِ ثُمَّ قَالَ: ((تَعَالَ)). فَجِئْتُ أَمْشِي حَتَّى جَلَسْتُ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَقَالَ لِي: ((مَا خَلَّفَكَ؟ أَلَمْ تَكُنْ قَدِ ابْتَعْتَ ظَهْرَكَ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي وَاللَّهِ لَوْ جَلَسْتُ عِنْدَ غَيْرِكَ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا لَرَأَيْتُ أَنِّي سَأَخْرُجُ مِنْ سَخَطِهِ بِعُذْرٍ، وَلَقَدْ أُعْطِيتُ جَدَلًا، وَلَكِنِّي وَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُ لَئِنْ حَدَّثْتُكَ الْيَوْمَ حَدِيثَ كَذِبٍ تَرْضَى بِهِ عَنِّي لَيُوشِكَنَّ اللَّهُ أَنْ يُسْخِطَكَ عَلَيَّ، وَلَئِنْ حَدَّثْتُكَ حَدِيثَ صِدْقٍ تَجِدُ عَلَيَّ فِيهِ إِنِّي لَأَرْجُو فِيهِ عُقْبَى اللَّهِ، وَاللَّهِ مَا كَانَ لِي عُذْرٌ، وَاللَّهِ مَا كُنْتُ قَطُّ أَقْوَى وَلَا أَيْسَرَ مِنِّي حِينَ تَخَلَّفْتُ عَنْكَ. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَمَّا هَذَا فَقَدْ صَدَقَ، فَقُمْ حَتَّى يَقْضِيَ اللَّهُ فِيكَ)). فَقُمْتُ، وَثَارَ رِجَالٌ مِنْ بَنِي سَلِمَةَ فَاتَّبَعُونِي، فَقَالُوا لِي: وَاللَّهِ مَا عَلِمْنَاكَ أَذْنَبْتَ ذَنْبًا قَبْلَ هَذَا، لَقَدْ عَجَزْتَ فِي أَنْ لَا تَكُونَ اعْتَذَرْتَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِمَا اعْتَذَرَ بِهِ إِلَيْهِ الْمُخَلَّفُونَ، فَقَدْ كَانَ كَافِيَكَ ذَنْبَكَ اسْتِغْفَارُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَكَ، قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا زَالُوا يُؤَنِّبُونَنِي حَتَّى أَرَدْتُ أَنْ أَرْجِعَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأُكَذِّبَ نَفْسِي، قَالَ: ثُمَّ قُلْتُ لَهُمْ: هَلْ لَقِيَ هَذَا مَعِي مِنْ أَحَدٍ؟

قَالُوا: نَعَمْ، لَقِيَهُ مَعَكَ رَجُلَانِ قَالَا مِثْلَ مَا قُلْتَ فَقِيلَ لَهُمَا مِثْلَ مَا قِيلَ لَكَ. قَالَ: قُلْتُ: مَنْ هُمَا؟ قَالُوا: مُرَارَةُ بْنُ الرَّبِيعَةَ الْعَامِرِيُّ، وَهِلَالُ بْنُ أُمَيَّةَ الْوَاقِفِيُّ. قَالَ: فَذَكَرُوا لِي رَجُلَيْنِ صَالِحَيْنِ قَدْ شَهِدَا بَدْرًا، فِيهِمَا أُسْوَةٌ. قَالَ: فَمَضَيْتُ حِينَ ذَكَرُوهُمَا لِي. قَالَ: وَنَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمُسْلِمِينَ عَنْ كَلَامِنَا أَيُّهَا الثَّلَاثَةُ مِنْ بَيْنِ مَنْ تَخَلَّفَ عَنْهُ. قَالَ: فَاجْتَنَبَنَا النَّاسُ، وَقَالَ: تَغَيَّرُوا لَنَا حَتَّى تَنَكَّرَتْ لِي فِي نَفْسِيَ الْأَرْضُ، فَمَا هِيَ بِالْأَرْضِ الَّتِي أَعْرِفُ، فَلَبِثْنَا عَلَى ذَلِكَ خَمْسِينَ لَيْلَةً، فَأَمَّا صَاحِبَايَ فَاسْتَكَانَا وَقَعَدَا فِي بُيُوتِهِمَا يَبْكِيَانِ، وَأَمَّا أَنَا فَكُنْتُ أَشَبَّ الْقَوْمِ وَأَجْلَدَهُمْ، فَكُنْتُ أَخْرُجُ فَأَشْهَدُ الصَّلَاةَ وَأَطُوفُ فِي الْأَسْوَاقِ، وَلَا يُكَلِّمُنِي أَحَدٌ، وَآتِي رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَأُسَلِّمُ عَلَيْهِ وَهُوَ فِي مَجْلِسِهِ بَعْدَ الصَّلَاةِ، فَأَقُولُ فِي نَفْسِي: هَلْ حَرَّكَ شَفَتَيْهِ بِرَدِّ السَّلَامِ أَمْ لَا؟ ثُمَّ أُصَلِّي قَرِيبًا مِنْهُ وَأُسَارِقُهُ النَّظَرَ، فَإِذَا أَقْبَلْتُ عَلَى صَلَاتِي نَظَرَ إِلَيَّ، وَإِذَا الْتَفَتُّ نَحْوَهُ أَعْرَضَ عَنِّي، حَتَّى إِذَا طَالَ ذَلِكَ عَلَيَّ مِنْ جَفْوَةِ الْمُسْلِمِينَ مَشَيْتُ حَتَّى تَسَوَّرْتُ جِدَارَ حَائِطِ أَبِي قَتَادَةَ، وَهُوَ ابْنُ عَمِّي وَأَحَبُّ النَّاسِ إِلَيَّ، فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، فَوَاللَّهِ مَا رَدَّ عَلَيَّ السَّلَامَ، فَقُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا قَتَادَةَ أَنْشُدُكَ بِاللَّهِ هَلْ تَعْلَمَنَّ أَنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ؟ قَالَ: فَسَكَتَ، فَعُدْتُ فَنَاشَدْتُهُ فَسَكَتَ. فَعُدْتُ فَنَاشَدْتُهُ، فَقَالَ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، فَفَاضَتْ عَيْنَايَ. وَتَوَلَّيْتُ حَتَّى تَسَوَّرْتُ الْجِدَارَ، فَبَيْنَا أَنَا أَمْشِي فِي سُوقِ الْمَدِينَةِ إِذَا نَبَطِيٌّ مِنْ نَبَطِ أَهْلِ الشَّامِ، مِمَّنْ قَدِمَ بِالطَّعَامِ يَبِيعُهُ بِالْمَدِينَةِ، يَقُولُ: مَنْ يَدُلُّ عَلَى كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ؟ قَالَ: فَطَفِقَ النَّاسُ يُشِيرُونَ لَهُ إِلَيَّ حَتَّى جَاءَنِي، فَدَفَعَ إِلَيَّ كِتَابًا مِنْ مَلِكِ غَسَّانَ، وَكُنْتُ كَاتِبًا، فَقَرَأْتُهُ. فَإِذَا فِيهِ: أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّهُ قَدْ بَلَغَنَا أَنَّ صَاحِبَكَ قَدْ جَفَاكَ، وَلَمْ يَجْعَلْكَ اللَّهُ بِدَارِ هَوَانٍ وَلَا مَضْيَعَةٍ، فَالْحَقْ بِنَا نُوَاسِكَ. قَالَ: فَقُلْتُ حِينَ قَرَأْتُهَا: وَهَذِهِ أَيْضًا مِنَ الْبَلَاءِ، فَتَيَامَمْتُ بِهَا التَّنُّورَ فَسَجَرْتُهَا بِهَا، حَتَّى إِذَا مَضَتْ أَرْبَعُونَ مِنَ الْخَمْسِينَ، وَاسْتَلْبَثَ الْوَحْيُ، إِذَا رَسُولُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَأْتِينِي فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَأْمُرُكَ أَنْ تَعْتَزِلَ امْرَأَتَكَ. قَالَ: فَقُلْتُ: أُطَلِّقُهَا أَمْ مَاذَا أَفْعَلُ؟ قَالَ: لَا، بَلِ اعْتَزِلْهَا فَلَا تَقْرَبَنَّهَا. قَالَ: فَأَرْسَلَ إِلَى صَاحِبَيَّ بِمِثْلِ ذَلِكَ، قَالَ: فَقُلْتُ لِامْرَأَتِي: الْحَقِي بِأَهْلِكِ فَكُونِي عِنْدَهُمْ حَتَّى يَقْضِيَ اللَّهُ فِي هَذَا الْأَمْرِ، قَالَ: فَجَاءَتِ امْرَأَةُ هِلَالِ بْنِ أُمَيَّةَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ لَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ هِلَالَ بْنَ أُمَيَّةَ شَيْخٌ ضَائِعٌ، لَيْسَ لَهُ خَادِمٌ، فَهَلْ تَكْرَهُ أَنْ أَخْدُمَهُ؟ قَالَ: ((لَا، وَلَكِنْ لَا يَقْرَبَنَّكِ)). فَقَالَتْ: إِنَّهُ وَاللَّهِ مَا بِهِ حَرَكَةٌ إِلَى شَيْءٍ، وَ وَاللَّهِ مَا زَالَ يَبْكِي مُنْذُ

كَانَ مِنْ أَمْرِهِ مَا كَانَ إِلَى يَوْمِهِ هَذَا. قَالَ: فَقَالَ لِي بَعْضُ أَهْلِي: لَو اسْتَأْذَنْتَ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) فِي امْرَأَتِكَ، فَقَدْ أَذِنَ لِامْرَأَةِ هِلَالِ بْنِ أُمَيَّةَ أَنْ تَخْدُمَهُ؟ قَالَ: فَقُلْتُ: لَا أَسْتَأْذِنُ فِيهَا رَسُولَ اللَّه (ﷺ) وَمَا يُدْرِينِي مَاذَا يَقُولُ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) إِذَا اسْتَأْذَنْتُهُ فِيهَا وَأَنَا رَجُلٌ شَابٌّ؟ قَالَ: فَلَبِثْتُ بِذَلِكَ عَشْرَ لَيَالٍ، فَكَمُلَ لَنَا خَمْسُونَ لَيْلَةً مِنْ حِينَ نُهِيَ عَنْ كَلَامِنَا، قَالَ: ثُمَّ صَلَّيْتُ صَلَاةَ الْفَجْرِ صَبَاحَ خَمْسِينَ لَيْلَةً عَلَى ظَهْرِ بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِنَا، فَبَيْنَا أَنَا جَالِسٌ عَلَى الْحَالِ الَّتِي ذَكَرَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنَّا، قَدْ ضَاقَتْ عَلَيَّ نَفْسِي وَضَاقَتْ عَلَيَّ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ، سَمِعْتُ صَوْتَ صَارِخٍ أَوْفَى عَلَى سَلْعٍ يَقُولُ بِأَعْلَى صَوْتِهِ: يَا كَعْبَ بْنَ مَالِكٍ أَبْشِرْ، قَالَ: فَخَرَرْتُ سَاجِدًا، وَعَرَفْتُ أَنْ قَدْ جَاءَ فَرَجٌ، [قَالَ]: فَآذَنَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) النَّاسَ بِتَوْبَةِ اللَّه عَلَيْنَا حِينَ صَلَّى صَلَاةَ الْفَجْرِ، فَذَهَبَ النَّاسُ يُبَشِّرُونَنَا. فَذَهَبَ قِبَلَ صَاحِبَيَّ مُبَشِّرُونَ، وَرَكَضَ رَجُلٌ إِلَيَّ فَرَسًا، وَسَعَى سَاعٍ مِنْ أَسْلَمَ قِبَلِي وَأَوْفَى الْجَبَلَ فَكَانَ الصَّوْتُ أَسْرَعَ مِنَ الْفَرَسِ، فَلَمَّا جَاءَنِي الَّذِي سَمِعْتُ صَوْتَهُ يُبَشِّرُنِي فَنَزَعْتُ لَهُ ثَوْبَيَّ فَكَسَوْتُهُمَا إِيَّاهُ بِبِشَارَتِهِ، وَاللَّه مَا أَمْلِكُ غَيْرَهُمَا يَوْمَئِذٍ، وَاسْتَعَرْتُ ثَوْبَيْنِ فَلَبِسْتُهُمَا، فَانْطَلَقْتُ أَتَأَمَّمُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ)، يَتَلَقَّانِي النَّاسُ فَوْجًا فَوْجًا يُهَنِّئُونِي بِالتَّوْبَةِ، وَيَقُولُونَ: لِتَهْنِئْكَ تَوْبَةُ اللَّه عَلَيْكَ، حَتَّى دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) جَالِسٌ فِي الْمَسْجِدِ وَحَوْلَهُ النَّاسُ، فَقَامَ طَلْحَةُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّه يُهَرْوِلُ حَتَّى صَافَحَنِي وَهَنَّأَنِي، وَاللَّه مَا قَامَ رَجُلٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ غَيْرُهُ. قَالَ: فَكَانَ كَعْبٌ لَا يَنْسَاهَا لِطَلْحَةَ، قَالَ كَعْبٌ: فَلَمَّا سَلَّمْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّه (ﷺ) قَالَ –وَهُوَ يَبْرُقُ وَجْهُهُ مِنَ السُّرُورِ– وَيَقُولُ: ((أَبْشِرْ بِخَيْرِ يَوْمٍ مَرَّ عَلَيْكَ مُنْذُ وَلَدَتْكَ أُمُّكَ)). قَالَ: فَقُلْتُ: أَمِنْ عِنْدِكَ يَا رَسُولَ اللَّه أَمْ مِنْ عِنْدِ اللَّه؟ فَقَالَ: ((لَا بَلْ مِنْ عِنْدِ اللَّه)). وَكَانَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) إِذَا سُرَّ اسْتَنَارَ وَجْهُهُ كَأَنَّ وَجْهَهُ قِطْعَةُ قَمَرٍ، قَالَ: وَكُنَّا نَعْرِفُ ذَلِكَ. قَالَ فَلَمَّا جَلَسْتُ بَيْنَ يَدَيْهِ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه، إِنَّ مِنْ تَوْبَتِي أَنْ أَنْخَلِعَ مِنْ مَالِي صَدَقَةً إِلَى اللَّه وَإِلَى رَسُولِهِ (ﷺ). فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أَمْسِكْ بَعْضَ مَالِكَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ)). قَالَ: فَقُلْتُ: فَإِنِّي أُمْسِكُ سَهْمِيَ الَّذِي بِخَيْبَرَ، قَالَ: وَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه، إِنَّ اللَّه إِنَّمَا أَنْجَانِي بِالصِّدْقِ، وَإِنَّ مِنْ تَوْبَتِي أَنْ لَا أُحَدِّثَ إِلَّا صِدْقًا مَا بَقِيتُ. قَالَ: فَوَاللَّه مَا عَلِمْتُ أَنَّ أَحَدًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ أَبْلَاهُ اللَّهُ فِي صِدْقِ الْحَدِيثِ، مُنْذُ ذَكَرْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّه (ﷺ) [إِلَى يَوْمِي هَذَا] أَحْسَنَ مِمَّا أَبْلَانِي اللَّهُ (ﷻ) بِهِ، وَاللَّه مَا تَعَمَّدْتُ كَذِبَةً مُنْذُ قُلْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّه (ﷺ) إِلَى

يَوْمِي هَذَا، وَإِنِّي لَأَرْجُو أَنْ يَحْفَظَنِي اللَّهُ فِيمَا بَقِيَ. قَالَ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ﴾ حتى باغ: ﴿إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَحِيمٌ. وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنْفُسُهُمْ﴾ حَتَّى بَلَغَ ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ [التوبة:: ١١٧-١١٩]. قَالَ كَعْبٌ: وَاللَّهِ مَا أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيَّ مِنْ نِعْمَةٍ قَطُّ -بَعْدَ إِذْ هَدَانِي اللَّهُ لِلْإِسْلَامِ- أَعْظَمَ فِي نَفْسِي مِنْ صِدْقِي رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ لَا أَكُونَ كَذَبْتُهُ، فَأَهْلِكَ كَمَا هَلَكَ الَّذِينَ كَذَبُوا، إِنَّ اللَّهَ قَالَ لِلَّذِينَ كَذَبُوا حِينَ أَنْزَلَ الْوَحْيَ شَرَّ مَا قَالَ لِأَحَدٍ، وَقَالَ اللَّهُ (ﷻ): ﴿سَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ إِذَا انْقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُوا عَنْهُمْ فَأَعْرِضُوا عَنْهُمْ إِنَّهُمْ رِجْسٌ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنْ تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَى عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴾ [التوبة: ٩٥] قَالَ كَعْبٌ: كُنَّا خُلِّفْنَا أَيُّهَا الثَّلَاثَةُ عَنْ أَمْرِ أُولَئِكَ الَّذِينَ قَبِلَ مِنْهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ حَلَفُوا لَهُ، فَبَايَعَهُمْ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمْ، وَأَرْجَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَمْرَنَا حَتَّى قَضَى فِيهِ، فَبِذَلِكَ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا﴾ وَلَيْسَ الَّذِي ذَكَرَ [اللَّهُ] مِمَّا خُلِّفْنَا تَخَلُّفَنَا عَنِ الْغَزْوِ، وَإِنَّمَا هُوَ تَخْلِيفُهُ إِيَّانَا، وَإِرْجَاؤُهُ أَمْرَنَا عَمَّنْ حَلَفَ لَهُ وَاعْتَذَرَ إِلَيْهِ، فَقَبِلَ مِنْهُ. [بخاري/ المغازي/ ٤١٥٦]

(ابن شهاب) دەڵێ: دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) غەزای (تبووك)ی كرد، كە ڕۆم وعەرەبە گاورەكانی شامی مەبەست بوو، دەڵێت: (عبدالرحمـن)ی كـوڕی (عبدالله) ی كوڕی (كعب)ی كوڕی (مالك) هەواڵی پێدام:كە (عبدالله)ی كوڕی (كعب)ی كوڕی (مالك) -كەلە كوڕەكانیدا ئەو چاوساغیی (كعب)ی دەكـرد، كاتێ كوێر بوو بوو- دەڵێت: گوێم لە (كعب)ی كوڕی (مالك) بوو كاتێ باسی دواكەوتنی خۆی دەكرد لە جەنگی (تبوك)و لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: لە هیچ جەنگێك لەو جەنگانەی پێغەمبەر (ﷺ) كردوویەتی هەرگیز دوانەكەوتووم جگە لە جەنگی (تبوك)، بەڵام ئەوە هەیە لە جەنگی (بدر)یش دواكەوتم بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) گلەیی لە هیچ كەس نەكرد كە دواكەوتبێت، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) كە دەرچوو لەگەڵ موسوڵمانەكان مەبەستیان كاروانەكەی قورەیش بوو، كەچی خوا لەگەڵ دوژمنەكانیان بەرەوڕووی كردنەوە بەبێ وادەی دیاری كراو، لە ڕاستیدا من ئامادەی شەوی (عەقەبە) بووم لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)

كاتێ پەیمانمان بەست لەسەر ئیسلامەتی، كە پێم خۆش نییە بیگۆڕمەوە بە جەنگی بەدر، ئەگەر چی جەنگی (بدر) ناو وشۆرەتی لەناو خەڵكیدا زیاترە لەو شەوە، ئەو بەسەرهاتەش كەبەسەرمندا هات كەلە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دواكەوتم لەغەزای تەبوك ئەوە بوو: كەمن هیچ كاتێك لەوكاتەی كەلە پێغەمبەر (ﷺ) دواكەوتم بەهێزتر و بەگوڕتر و دەوڵەمەندتر نەبووم، بەخوا قەت لەوەو پێش دوو وڵاخی سواریم بەخۆمەوە نەدیووە، كەچی لەو جەنگەدا هەمبوو، پێغەمبەر (ﷺ) كەئەو جەنگەی كرد كاتەكەی زۆر گەرم بوو بەرەوڕووی ڕێیەكی دوور و، بیابانێكی پان وبەرین بوویەوە، هەروەك ڕووبەڕووی لەشكرێكی ئێجگار زۆری دوژمنان دەبوویەوە، هەربۆیە نیاز و مەرامی خۆی بۆیان ئاشكرا كرد، تا خۆیان ساز و ئامادە بكەن، هەر بۆیە ڕێڕەوی خۆیانی بۆ باس كردن كەبەرەو كوێ دەچن. موسڵمانانیش ئەو ڕۆژە لە خزمەت پێغەمبەرا (ﷺ) زۆر بوون. سەرژمێر نەكرابوون لە تۆمارگەیەكدا، هەركاتێك یەكێك بیویستایە خۆی بشارێتەوە ون دەبوو، مەگەر وەحی خوای گەورە ئاشكرای بكردایە. پێغەمبەریش (ﷺ) لەكاتێكدا كەئەو جەنگەی كرد میوە پێگەیشتبوو سێبەر خۆش بوو بوو، منیش زۆر حەزم لەو میوە و سێبەرە دەكرد، ئەوە بوو پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانەكان تفاقی خۆیان خست. منیش سەرلەبەیانی دەستم دایە خۆ ساز كردن كەچی دەگەڕامەوە و هیچیشم نەدەكرد. لە دڵی خۆمدا دەموت: من هەر كات بمەوێ ئەتوانم خۆم سازدەم، هەروا بەوشێوە مامەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانان بەڕێكەوتن بێئەوەی من هیچ تفاقێكم ئامادەكردبێت، بۆ سبەینێ هەمدیسان دەڕۆیشتم تا خۆم ساز بكەم كەچی دەگەڕامەوە و هیچیشم نەدەكرد، بەردەوام لەسەر ئەوە حاڵە مامەوە تا سوپاكە تاویان داو دووركەوتنەوە، بەتەمابووم بڕۆم بەدوایاندا و پێیان بگەمەوە، خۆزگە وام بكردایە، بەڵام لەچارەم نەنوسرابوو، دوای ڕۆیشتنی پێغەمبەر (ﷺ) هەركاتێ دەچوومە دەرەوە خەفەتبار دەبووم بەوەی كەسێكم نەدەبینی وەك خۆم وابێت، مەگەر پیاوێكی بە دووڕوو تۆمەتباركراو، یان كەسێك كە خوا مۆڵەتیدابێت، وەكو لاواز و بێتواناكان.

پێغەمبەر (ﷺ) باسی نەكردبووم هەتا گەیشتبووە (تبوك)، لەوێ كاتێ لەناو خەڵكیدا دانیشتبوو فەرمووبووی: (((كعب)ی كوڕی (مالك) چیلێهات؟

پیـاوێك لــە (بـني سـلمة)وتبـووی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا قاتەجلەکـەیی و تەماشاکردنی ئەملاولای خۆی گیری داوە، (معاذ)ی کوڕی (جبل) پێـی دەڵـێ: خراپـت وت، بـەخوا ئـەی پێغەمبـەری خـوا خـێر نـەبێت هیچمـان لێنـەدیوە، پێغەمبەریش (ﷺ) بێدەنگ دەبێت، کە پێغەمبـەر (ﷺ) لەم حاڵەدابوو پیاوێکی سپی پۆشـی بینـی دریـبە بـە تراویلەکەکـە (سـراب) دەدا، پێغەمبــەر (ﷺ) فەرمووی: ((دەی (ابو (خیثمة)بە))، کە دەرکەوت (أبو خیمة الانصاری) بوو. ئـەویش ئـەو پیـاوە بـوو، کـە مـەنێ خورمـای کردبـوو بـە خـێر و، لەوکاتــەدا دوڕووەکـان تانەوتەشـەریان لێدابوو، (کعب)ی کوڕی (مالك) دەڵـێ: کـاتی پێـم گەیشتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڕانەوەدایە لە تبوك خەفەت دای گرتم. بیرم لە درۆ دروستکردن دەکردەوە، لەدڵی خۆمدا دەموت: چۆن وبەچی بتوانم سبەینێ خۆم لە توڕەیی [پێغەمبـەر (ﷺ)] ڕزگـار بکـەم؟ بـۆ ئـەم مەبەسـتە کەوتمـە ڕاو تەکبیر و هـەر کەسێك لەماڵ و خێزان و کـەس و کـارم کە بتوانــێ ڕێیـەکم بـۆ دابنێـت، کاتــێ پێـم وتـرا: وا پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) گەیشـتە بـەرەوە، هـەموو خەیاڵێکم لە مێشکی خۆماڕەواندەوە و، عـەزمی خـۆم جـەزم کـرد و، دڵنیـابووم لەوەی کە ناتوانم بەهیچ شتێك لە دەستی ڕزگاربیم، بۆیە بڕیارمدا ڕاستگۆبم لە خزمەتیدا، پێغەمبەر (ﷺ) سەرلەبەیانی گەیشتەوە ماڵەوە، عادەتیوا بوو کاتـێ لەسەفەرێك بگەڕایەتـەوە، پێش ئـەوەی بچێتـەوە ماڵـەوە سـەرەتا لـە مزگـەوت دووڕکـات نوێـژی دەکـرد، پاشـان دادەنیشـت بۆ پێشوازی لەخـەڵك، کە ئـەوەی کرد خەڵکە دواکەوتووەکان هاتن کەوتنە بڕوبیـانوو هێنانـەوە بۆی، سـوێندیان بۆ دەخـوارد، کە هەشتا و ئـەوەندە کــەس بـوون، پێغەمبـەریش (ﷺ) ڕواڵـەتی دەرەوەی لێقبوڵکـردن و، پـەیمانی لەگـەڵ بەستن و، داوای لێخـۆش بوونـی بـۆ کردن، بەڵام نهێنی ناودڵیانی دایە دەست خوا منیش هـاتم، کاتـێ سـەلامم کـرد بـزەو خەندەیـەك گرتـی وەك بـزەو خــەندەی کەسـێکی تـوڕە پاشـان فـەرمووی: ((وەرە)) منیــش ڕۆیشــتم تالــە بــەردەمیدا دانیشــتم، پێــی فــەرمووم: ((چــی دوایخستی؟ ئـەی تۆ وڵاخـی سـواریت نـەکڕی؟)) وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، بەخوا ئەگـەر مـن لای جگەلـە تـۆ لـەپیاوانی دونیـایی دانیشـتمایا، دەمتوانـی منیش بڕوبیانوو بێنمەوە و، خۆم لەتوڕەیی تۆ قوتـار بکـەم، خـوا دەم و زمـانی پێـداوم، بـەڵام بـەخوا مـن چـاك ئـەزانم، ئەگـەر بێتـوو ئـەمڕۆ منیـش درۆو

دەلەسەت بۆ بێنمەوە تالێم ڕازی بێت، ئەوا دوور نییە خوا تووڕەت بکات لێم، بەڵام ئەگەر قسەی ڕاستت بۆ بکەم با تووڕەش ببی لێم لەسەر ئەو قسانە، ئەو بەئومێدی سەرەنجامی باشم لەخواوە، بەخوا من هیچ بیانوویەکم نەبووە کە دواکەوتم، بەخوا من هیچ کاتێ ئەمەندە بەهێز و دەوڵەمەند نەبووم ، وەك ئەوکاتەی کەدواکەوتم لێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە ڕاست دەکات، دەهەستە با بزانین خوا چ فەرمانێك دەدات لەبارەتەوە)) منیش هەستام، چەند پیاوێك لە (بني سلمة) وروژان و شوێنم کەوتن پێیان وتم: بەخوا وانازانین تۆ پێشی ئەمە تا ئێستا هیچ گوناهێکت کردبێت، تۆیش ئەتوانی وەکو دواکەوتووەکانی تر بڕووبیانوو بهێنیتەوە بۆ پێغەمبەری خوا، تۆ ئەوەندەت بەس بوو بۆ لێخۆشبوونی تاوانەکەت کە پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێخۆشبوونت بۆ بکات. دەڵێ: بەخوا وازیان لێم نەهێنا تا خەریك بوو بگەڕێمەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆم بەدرۆ بخەمەوە، پاشان پێم وتن: کەسیکە هەیە وەکو من وەهابێت، وتیان بەڵێ، دووپیاوی تریش وەکو تۆ وان ئەوانیش هەمان قسەی تۆیان وتووە و، وەکو تۆیان پێوتراوە، وتم: ئەو دووانە کێن؟، وتیان: یەکێکیان (مراره)ی کوڕی (ربیعه)ی (العامری)یە، ئەویتریشیان، (هلال) کوڕی (امییه)ی (الواقفی)یە. باسی دوو پیاوی باشیان لاکردم کە ئامادەی جەنگی (بەدر)بوبوون، سەرمەشق بوون بۆ من. کەباسی ئەو دوانەیان بۆ کردم ڕۆیشتم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کرد لە موسڵمانانەکان کە قسە لەگەڵ ئەم سێکەسە بکەن، لەناو دواکەوتوەکاندا، خەڵکی لێمان لاگیر بوون، گۆڕان بەرامبەرمان، تاوام لێهات بێزم لەخۆم دەکردەوە، هەتا ڕقم لە زەوی دەبوویەوە، وام لێهات ئەم زەوی‌یەی بەسەریدا دەڕۆیشتم بەلامەوە زەوی‌یەکەی جاران نەبوو، پەنجا شەو بەو شێوەماینەوە؛ هەردوو هاوەڵەکەم لەماڵەوە دۆش دامابوون، دانیشتبوون دەگریان، بەڵام من لەهەردووکیان گەنج تر و تۆکمە تربووم، لەماڵ دەردەچووم ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبووم و، بەبازاڕدا دەگەڕام کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردم، دەهاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) سەلامم لێدەکرد لەدوای نوێژ لە جێگەی خۆیدا، لەدڵی خۆمدا ئەموت: بڵێی لێوی جوڵاندبێت بەوەڵامدانەوەی سەلامەکە؟ پاشان لەنزیکیەوە نوێژم دەکرد، بەدزیەوە سەیرم دەکرد، کاتێ دەچوومە ناو نوێژەکەم سەیری دەکردم، کاتێك

کە لام دەکردەوە بەلادا، ڕووی وەردەگێڕا، کاتێك سارد و سڕی موسـڵمانانان درێـژەی کێشا لەسەرم، ڕۆیشـتم تاوەکو هـەڵزنام بەقەد دیـواری باخێکی (أبـو قتادة)دا کەئامۆزام بوو خۆشەویسـترین کـەس بوو لام، سـەلامم لێکـرد، بـەخوا ئەویش وەڵامی سەلامەکەی نەدامەوە، پێموت: ئەی (أبو قتادة) سوێندت دەدەم بەخوا ئایا وادەزانیت کە من خـوا و پێغەمبـەری خـوام خـۆش دەوێـت؟ دەڵێـت: بێدەنـگ بـوو، دیسـانەوە لێـی پاڕامـەوە هـەر بێدەنـگ بـوو، هەمدیسـان لێـی پاڕامەوە. وتی: خواو پێغەمبەرەکەی خوا باشتر دەزانن. منیش هـەردووچاوم فرمێسکی لێهەڵنیشت، لەدوایدا پشتم هـەڵکرد و بەدیوارەکەدا هـەڵزنام، ئەمـەو لەکاتێکدا بە بازاڕی مەدینەدا دەڕۆشـتم، سـەیردەکەم کابرایـەکی جوتیـار لـە خەڵکی شام کە خۆراکی هێنابوو لە مەدینە بیفرۆشێت، دەیـوت: کـێ (کعب)ی کوڕی (مالك)م پێنیشان دەدات؟ دەڵـێ: خـەڵکی ئاماژەیـان بـۆ کـرد بـەرەو ڕووی من، تا هات بۆلام، نامەیەکی لەپادشای (غسّان)ەوە پێدام، منیش خوێنـدەوار بووم خوێندمەوە ئەمەی تێدابوو: وامان پێگەیشـتۆتەوە کە هاوەڵەکەت، دڵـی شکاندویت، خـوای گـەورە تـۆی بەڕسـواو مـاف خـوراو دانـەناوە، بگـە بەئێمـە دڵنەوایت دەکەین، دەڵێت: منیش کاتێك خوێندمەوە وتم: ئەمەش بەڵایەکی تر، منیـش بـردم خسـتمە تەنورێکـەوە و سـوتاندم، کاتـێ چـل شـەو تێپـەڕی لـە پەنجاشەوەکە و وەحی دوا کەوت. لەناکاو نێرراوی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هـات بـۆ لام وتـی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمانت پێـدەدات: کەلـە ژنەکـەت دوور کەویتەوە، وتم: تەڵاقی بدەم یان چیبکەم؟ وتی: نا بـەڵکو لێـی دوورکـەوەرەوە، توخنی مەکەوە، دەڵێت: هەمان جوابی ناردبوو بۆ هـەردوو هاوەڵەکـەی دیکەم. دەڵێت: بە ژنەکەمم وت بڕۆرەوە بۆ ماڵی باوکت لەوێبە تا بزانین خوا چیدەکات لەم بارەوە، دەڵـێ: ژنەکەی (هلال)ی کوڕی (امییە) دەچێتە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێـی دەڵێـت: کـە (هـلال)ی کـوڕی (امییـە) پیرە و نـاتوانێت خزمـەتی خـۆی بکـات، خزمـەتکاری نیە، ئایـا پێـت ناخۆشە خزمـەتی بکـەم؟ فـەرمووی: ((نەخێر، بەس بانزیکت نەکەوێت)).ئەویش وتی: کورە بەخوا ئەو هیچ شتێکی پێنەماوە، بەخوا لەو ڕۆژەوە ئەم بەسەرهاتەی لێڕوویداوە هـەر خـەریکی گریانـە هەتا ئەمرۆ، دەڵـێ: منیش هەندێ لە خزمەکانم پێیان وتم: بریا تۆش مۆڵەتت لە پێغەمبـەر (ﷺ) بخواسـتایە، ژنەکـەت بهێنایەتـەوە، ئـەوەتا مۆڵـەتی ژنەکـەی

(هلال)ی كوڕی (أمیە)ی داوە كە خزمەتی بكات، دەڵێ: وتم: داوای مۆڵەت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناكەم لەمبارەیەوە، نازانم ئەگەر داوای مۆڵەتم لە پێغەمبەر (ﷺ) كرد چیم پێدەڵێت؟ بەتایبەت من پیاوێكی گەنجم؟ دەشەویش بەو حاڵەوە مامەوە، تا پەنجا شەومان تەواو كرد، لەسەرەتای قسە لەگەڵ نەكردنمانەوە لە بەیانی پەنجا هەمین شەوماندا، نوێژی بەیانیم كرد، لەسەربانی ماڵێك لە ماڵەكانمان، لەكاتێكدا كە من لەسەر بانەكە دانیشتبووم لەسەر ئەو حاڵەی كە خوای گەورە دەربارەمان فەرموویەتی، دڵ و دەروونم تەنگ بووبوو، زەوی بەوفراوانیەی خۆیەوە، لێم هاتبووەوە یەك، گوێم لەدەنگی زەلامێك بوو لەسەر كێوی (سَلع)ەوە بەو پەڕی دەنگ بەرزیەوە، هاواری دەكرد ئەی (كعب)ی كوڕی (مالك) موژدەبێت، منیش كەوتم بەسوژدەدا و زانیم خوا دەروویەكی لێكردوینەتەوە، ئەویش ئەوە بوو كە پێغەمبەری خوا دوای نوێژی بەیانی خەڵكەكەی ئاگادار كردبوو كە خوا تۆبەی لێوەرگرتووین، خەڵكی هاتبوون مزگێنیان بدەنێ، چەند مزگێنی دەرێك چووبون بەرەو دوو هاوەڵەكە، پیاوێكیش بەسوار ئەسپێكەوە بەغار بەرەو من هات، كەسێكیش لە هۆزی (سَلم) بە ڕاكردن بەرەو ڕووم هاتبوو، چووبوە سەر كێوەكەو هاواری كردبوو، دەنگەكەم پێش ئەسپەكە پێگەیشت، كاتێ ئەو كەسەی كە گوێم لەدەنگی بوو گەشتە لام لە خۆشیدا قاتەجلەكەی خۆمم بۆ داكەند و كردمە بەر ئەو، سوێند بەخوا لەو قاتە زیاترم نەبوو لەوڕۆژەدا، قاتێ جلم خواست و كردمە بەرم، پاشان چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵكی دەستە دەستە پێم دەگەیشتن پیرۆزباییان لێدەكردم[1] و دەیانوت: لێخۆش بوونی خوات لێپیرۆز بێت، تاوەكو گەشتمە مزگەوت، دەبینم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتووە و خەڵكیش بەدەوریدا دانیشتوون، (طلحة)ی كوڕی (عبیدالله) هەستا بەڕاكردن بەرەو ڕووم هات و، تەوقەی لەگەڵ كردم و، پیرۆزبایی لێكردم، بەخوا كەس لە كۆچەریەكان هەڵنەسا جگە لەو، دەڵێ: (كعب) هەرگیز ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی (طلحة)ی لەبیر نەدەكرد، (كعب) دەڵێ: كاتێ سەلامم كرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، كە ڕوومەتی لە خۆشیدا دەدرەوشایەوە- فەرمووی:

---

[1] پیرۆزبایی لەبۆنە خۆشەكاندا دروستە.

((مـژدە بێـت بـەچاكترین ڕۆژ كەبەسـەرتا تێدەپـەڕێت، لـەو ڕۆژەوە كـە لـەدایك بوویت)). وتم: ئەم موژدەیە لە تۆوەیە، ئەی پێغەمبەری خوا یا لە خواوەیە؟ فەرمووی: ((نەخێر بەڵكو لە خواوەیە))، پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێ دڵیخۆش بووایە ڕوخسـاری دەدرەوشایەوە، هـەر دەدوت پارچەیەكـە لـە مـانگ، دەڵـێ: ئێمـەش ئەمـەمان دەزانـی. دەڵـێ: كـاتێك لەبـەردەمیدا دانیشـتم وتم: ئـەی پێغەمبەری خوا دەبێت بەشێك لە تەوبەكـەم ئـەوەبێت كەلەماڵەكـەم دەرچـم و بیكـەم بـە خـێر بـۆ خـوا و پێغەمبەرەكـەی. پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: ((هـەندێك لەماڵەكەت گل بـدەرەوە بۆ خـۆت ئـەوە باشـترە بـۆت)). دەڵـێ: وتم: كـەوابوو ئـەو پشـكەی لـە خیـبر بـەرم كـەوتووە، دەیهێڵمـەوە، وتم: ئـەی پێغەمبەر(ﷺ) خوا منی بەهۆی ڕاستگۆیییەوە ڕزگار كرد، لەمەرجیتەوبەكەشم ئەوەیە كـە دەبـێ تامـاوم ڕاسـتگۆ بم. سـوێند بـەخوا وانـازانم هیـچ كـەس لـە موسـڵمانان خـوا تـاقی كردبێتـەوە بـە ڕاسـتگۆیی، لـەو كاتـەوە ئـەوەم بـۆ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) باسـكردووە هـەتا ئـەمڕۆ. چاكـتر لـەوەی كـە خـوای باڵادەست منی پێتاقی كردۆتەوە، بەخوا لەو كاتـەوە ئەو بەڵێنەم بە پێغەمبـەر (ﷺ) داوە، تا ئـەمڕۆ پـێ بـزانم بەئەنقەسـت درۆم نـەكردووە. ئومێـدم وایـە بـۆ لەمەولاش خـوا بمپـارێزێت. خـوای باڵادەست ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە كە ئەمە ماناكەیەتی: ﴿بەڕاستی خوا تەوبەی قبوڵ كرد لە پێغەمبەر و كۆچبەران و پشـتیوانان ئەوانـەی كـە شـوێنی پێغەمبـەر كـەوتبوون لـە كـاتی سـەغڵەتی و تەنگانـــەدا﴾ تادەگاتـــە﴿بەڕاســـتی ئـــەو پـــەروەردگارە بەســـۆز و میهرەبانـــە لەگەڵیاندا. هەروەها تەوبەی ئەو سێكەسەشی وەرگرت كەلـە غـەزای تبووكـدا دواخران، دوای ئەوەی كە زەوی بەو هەموو فراوانیەوە لێیان تـەنگ بوبوویـەوە، خۆشیان لە خۆیان بێزار بووبوون﴾. تا دەگاتـە﴿هەمیشـە لەگـەڵ ڕاسـتگۆیاندا بن﴾. (التوبة {١١٧-١١٩}) (كعب) دەڵێ: بەخوا لـەپاش ئـەوەی خـوا ڕێنمونـی كردم بۆ ئیسلام هیچ ناز و نیعمـەتێكی بەسـەرا نەڕشتووم گـەورەتر بێـت لـەلای من لـە ڕاسـتگۆییم لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) كـە درۆم لەگـەڵ نـەكرد، تـا منیش تیا بچم وەك ئەوانەی كە درۆیان كرد و تیاچوون، خوا دەرهـەق بەوانـەی كە درۆیان كرد كاتـێ وەحـی دابـەزاند خراپترین شـتـێ كەفەمووبێتـی بەكەسـێك وەك لـەم ئایەتـەدا هـاتووە كە ئەمە ماناكەیەتی: ﴿كە ئێوە گەڕانـەوە بـۆ لایـان

سوێندتان بۆ دەخۆن، بەخوا بۆ ئەوەی وازیان لێبهێنن و سەرزەنشتیان نەکەن، جا ئێوەش وازیان لێبهێنن و پشتیان تێبکەن، چونکە بەڕاستی ئەوانە پیسن جێگایان دۆزەخە لە پاداشتی ئەو کارەی کردیان، سوێندتان بۆ دەخۆات لێیان ڕازی بن و چاوپۆشیان لێبکەن، خۆ ئەگەر ئێوە ڕازی بن لێیان ئەوا بێگومان خوا لە کەسانی لە ئاین دەرچوو ڕازی نابێت﴾. (کعب) دەڵێ: تۆبەی ئەم سیانەمان دواخرا لەوانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بەهانەی لێوەرگرتن، کاتێ سوێندیان بۆ خوارد، بۆیە پەیمانی دانێ و داوای لێبوردنی بۆ کردن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەکبیری ئێمەی دواخست تا خوای بالادەست خۆی بڕیاری تیابدات، هەر بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ﴿ئەوەی کە خوا باسی فەرمووە دەربارەی دوا کەوتنمان مانای دواکەوتنمان نیە لە جەنگەکە بەڵکو مانای دواخستنی دەرچوونی بڕیارە دەربارەی ئێمە بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە سوێندیان بۆ خوارد و بەهانەیان هێنایەوە و ئەویش لێیوەرگرتن﴾.

(٤) وەرگرتنی تەوبە لەوکەسەی سەد کەسی کوشتبوو

١٨٣٦ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا، فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الْأَرْضِ، فَدُلَّ عَلَى رَاهِبٍ، فَأَتَاهُ فَقَالَ: إِنَّهُ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا، فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ؟ فَقَالَ: لَا، فَقَتَلَهُ، فَكَمَّلَ بِهِ مِائَةً، ثُمَّ سَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الْأَرْضِ، فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ عَالِمٍ، فَقَالَ: إِنَّهُ قَتَلَ مِائَةَ نَفْسٍ، فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ؟ فَقَالَ: نَعَمْ، وَمَنْ يَحُولُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ التَّوْبَةِ؟ انْطَلِقْ إِلَى أَرْضِ كَذَا وَكَذَا، فَإِنَّ بِهَا أُنَاسًا يَعْبُدُونَ اللَّهَ، فَاعْبُدِ اللَّهَ [تعالى] مَعَهُمْ، وَلَا تَرْجِعْ إِلَى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أَرْضُ سَوْءٍ. فَانْطَلَقَ حَتَّى إِذَا نَصَفَ الطَّرِيقَ أَتَاهُ الْمَوْتُ، فَاخْتَصَمَتْ فِيهِ مَلَائِكَةُ الرَّحْمَةِ وَمَلَائِكَةُ الْعَذَابِ، فَقَالَتْ مَلَائِكَةُ الرَّحْمَةِ: جَاءَ تَائِبًا مُقْبِلًا بِقَلْبِهِ إِلَى اللَّهِ. وَقَالَتْ مَلَائِكَةُ الْعَذَابِ، إِنَّهُ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ. فَأَتَاهُمْ مَلَكٌ فِي صُورَةِ آدَمِيٍّ، فَجَعَلُوهُ بَيْنَهُمْ، فَقَالَ: قِيسُوا مَا بَيْنَ الْأَرْضَيْنِ، فَإِلَى أَيَّتِهِمَا كَانَ أَدْنَى فَهُوَ لَهُ، فَقَاسُوهُ فَوَجَدُوهُ أَدْنَى إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي أَرَادَ فَقَبَضَتْهُ مَلَائِكَةُ الرَّحْمَةِ)). قَالَ قَتَادَةُ: فَقَالَ الْحَسَنُ: ذُكِرَ لَنَا أَنَّهُ لَمَّا أَتَاهُ الْمَوْتُ نَأَى بِصَدْرِهِ. [بخاري/ الانبياء/ ٣٢٨٣]

(ابو سعيد الخدري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((پیاوێك لەوانەی لە پێش ئێوەوەبوون نەوەدونۆ کەس دەکوژێت، پرسیار

دەکات دەربارەی زاناترین کەس لەسەر زەوی؟ ناونیشانی کابرایەکی(ڕاهب)ی بۆ هەڵدەدەن، ئەویش دێت بۆ لای و دەڵێ: نەوەد و نۆکەسم کوشتووە، ئایا تەوبەم بۆ هەیە ئەویش دەڵێ: نەخێر، ئیتر ئەویش دەکوژێت و صەد تەواو دەکات، پاشان پرسیار دەکاتەوە لە زاناترین خەڵکی سەرزەوی، ناونیشانی پیاوێکی زانای بۆ هەڵ دەدەن، دەڵێ: ئەوە صەد کەسم کوشتووە ئایا تەوبەم بۆ هەیە؟ دەڵێت: بەڵێ، کێ هەیە ببێتە کۆسپ لەنێوان ئەو وتەوبەدا؟ بەڵام بڕۆ بۆ خاکی ئەوێ وئەوێ، لەوێدا کەسانێك هەن خەریکی پەرستنی خوای بالآدەستن، تۆیش بڕۆ خوای بالآدەست بپەرستە لەگەڵیان، مەگەڕێرەوە بۆ خاکی خۆت، چوونکە خاکێکی خراپە. ئەویش دەڕوات تا نیوەی ڕێگە دەبڕێت، مردن دامێنگیری دەبێت فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی سزا دەبێتە دەمە قاڵەیان دەمەتەقێیان لەسەری فریشتەی ڕەحمەت دەڵێ: کابرا بەتەوبەکاری هاتووە، بەدڵ ڕووی لەخوا کردووە، فریشتەی سزایش دەڵێ: ئەو هەرگیز چاکەی نەکردووە، فریشتەیەك لە شێوەی مرۆڤێکدا دێت بۆلایان، دەیکەن بە ناوبژیوان لە نێوان خۆیاندا. ئەویش دەڵێ: نێوان ئەودوو خاکە بپێون. بەلای کامیاندا نزیکتربوو ئەوە بۆ ئەوەیان، پێوایان کاتێ سەیردەکەن بەلای ئەوشوێنەدا نزیکترە کەویستوویەتی بۆی بچێت. ئیتر فریشتەی ڕەحمەت گیانی ئەکێشێت)). (قتادة) دەڵێت: (حسن) وتوویەتی: وامان بۆ باسکراوە کە کاتێ مردن یەخەی پێدەگرێت سنگی دەباتە پێش.

(٥) وەرگرتنی تەوبە پێش خۆرگەڕانەوە

١٨٣٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ تَابَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ)).

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەس پێش ئەوەی خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵبێت، تەوبە بکات خوا لێی وەردەگرێت)).

(٦) وەرگرتنی تەوبە شەو ڕۆژ

١٨٣٨ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): ((قَالَ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَبْسُطُ يَدَهُ بِاللَّيْلِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ النَّهَارِ، وَيَبْسُطُ يَدَهُ بِالنَّهَارِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ اللَّيْلِ، حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا)).

(ابو موسى)ى (الأشعري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای باڵادەست بەشەو دەستی ڕادەخات بۆ ئەوەی گوناهبارانی ڕۆژ تەوبە بکەن بەڕۆژیش دەستی ڕادەخات بۆ ئەوەی گوناهبارانی شەو تەوبە بکەن، هەتا خۆر لە خۆر ئاواوە هەڵدێت)). {تا ڕۆژی قیامەت}.

(٧) لێخۆشبوونی گوناه

١٨٣٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا لَذَهَبَ اللَّهُ بِكُمْ، وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ فَيَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ فَيَغْفِرُ لَهُمْ)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە، ئەگەر گوناه نەکەن خوای گەورە لەناوتان دەبات، و گەلێکی تر دێنێت کە گوناه بکەن و داوای لێخۆش بوون لە خوا بکەن و ئەویش لێیان خۆش ببێت)).

(٨) فراوانی ڕەحمەتی خوا

١٨٤٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَمَّا قضى اللَّهُ الْخَلْقَ كَتَبَ فِي كِتَابِهِ على نفسه، فَهُوَ موضوع عِنْدَهُ: إِنَّ رَحْمَتِي تَغْلِبُ غَضَبِي)). [بخاري/ التوحيد/ ٦٩٦٩]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((کاتێ خوا خەڵکی دروست کرد لەنامەکەیدا لەسەر خۆی نوسیووە و لای خۆی دانراوە کە: بێگومان بەزەیی من زاڵە بەسەر خەشم و قینمدا)).

١٨٤١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ لِلَّهِ مِائَةَ رَحْمَةٍ، أَنْزَلَ مِنْهَا رَحْمَةً وَاحِدَةً بَيْنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ وَالْبَهَائِمِ وَالْهَوَامِّ، فَبِهَا يَتَعَاطَفُونَ، وَبِهَا يَتَرَاحَمُونَ، وَبِهَا تَعْطِفُ الْوَحْشُ عَلَى وَلَدِهَا. وَأَخَّرَ اللَّهُ تِسْعًا وَتِسْعِينَ رَحْمَةً، يَرْحَمُ بِهَا عِبَادَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٦٥٤]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا سەد ڕەحمەتی هەیە، یەك ڕەحمەتی بەش کردووە لە نێوان جنۆکە و ئادەمی و مەڕومالات و گیانلەبەران و مار ومێرودا؛ هەربەو بەشەیە کەلەناو خۆیاندا سۆزیان بۆیەکتر هەیە و بەزەیی یان بەیەکدا دێتەوە، هەر بەو بەشەیشە کە گیانلەبەری کێوی بەزەیی بە بەچکەی خۆیدا دێتەوە، بەڵام نەوەدونۆ ڕەحمەتی تری دواخستووە، کەبەزەیی بەبەندەکانی خۆیدا دێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا)).

(٩) بەزەیی و سزای خوا

١٨٤٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْ يَعْلَمُ الْمُؤْمِنُ مَا عِنْدَ اللَّهِ (ﷻ) مِنَ الْعُقُوبَةِ مَا طَمِعَ بِجَنَّتِهِ أَحَدٌ، وَلَوْ يَعْلَمُ الْكَافِرُ مَا عِنْدَ اللَّهِ مِنَ الرَّحْمَةِ مَا قَنَطَ مِنْ جَنَّتِهِ أَحَدٌ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٠٤]

(أبـو هريـرة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((ئەگــەر بـڕوادار بیزانیایـە خـوا چـەندە سـزای لایـە ئـەوە هـەرگیز کـەس بەتـەمای بەهەشـتەکەی نەدەبوو، ئەگەر بێباوەڕیش بیزانیایە خوا چەند ڕەحمی بەلاوەیە، ئەوە هەرگیز کەس لەبەهەشتەکەی نائومێد نەدەبوو)).

(١٠) خوا بەبەزەیی ترە بۆ بەندەکانی لە دایك بۆ منداڵەکەی

١٨٤٣ـ عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: قَدِمَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِسَبْيٍ، فَإِذَا امْرَأَةٌ مِنَ السَّبْيِ تَبْتَغِي، إِذَا وَجَدَتْ صَبِيًّا فِي السَّبْيِ أَخَذَتْهُ فَأَلْصَقَتْهُ بِبَطْنِهَا وَأَرْضَعَتْهُ، فَقَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَتُرَوْنَ هَذِهِ الْمَرْأَةَ طَارِحَةً وَلَدَهَا فِي النَّارِ)). قُلْنَا: لَا وَاللَّهِ، وَهِيَ تَقْدِرُ عَلَى أَنْ لَا تَطْرَحَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَلَّهُ أَرْحَمُ بِعِبَادِهِ مِنْ هَذِهِ بِوَلَدِهَا)). [بخاري/ الأدب/ ٥٦٥٣]

(عمر)ی کوڕی (الخطـاب)(ﷺ) دەڵـێ: چـەند ژن و منداڵێك لـە بێباوەڕەکـان بەدیلی هێنرانە خزمـەت پێغەمبـەر (ﷺ)، ژنێکیـان تێدابـوو هـەر ئەملاوئـەولای دەکرد. لـەناکاو منداڵێکـی دۆزیـەوە و هـەڵی گـرت و نووسـانی بەسـنگیەوە و شیری دایە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((باوەڕدەکەن ئەم ژنە دەستی تێبچێت منداڵەکەی فڕێبداتە ناو ئاگرەوە)) وتمان: نەبەخوا، تا لەتوانایدا هەبێت شتی واناکـات، پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((دەی خـوا بەبـەزەیی تـرە بـۆ بـەندەکانی لەوژنە بۆ منداڵەکەی)).

(١١) کەس کردەوەی خۆی سەرفرازی ناکات

١٨٤٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّهَا كَانَتْ تَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((سَدِّدُوا وَقَارِبُوا، وَأَبْشِرُوا، فَإِنَّهُ لَنْ يُدْخِلَ الْجَنَّةَ أَحَدًا عَمَلُهُ)). قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((وَلَا أَنَا، إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ مِنْهُ بِرَحْمَةٍ. وَاعْلَمُوا أَنَّ أَحَبَّ الْعَمَلِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهُ وَإِنْ قَلَّ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦٠٩٩]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی: ((بۆبەرپێی خۆتـان بڕوانن و میانـەڕەوبن و مـژدە دەربـن، چونکـە کـەس کـردەوەی خـۆی نایباتـە

بەهەشـت)) وتيان: تۆيش ئەی پێغەمبـەر خـوا؟ فـەرمووی: ((تەنانـەت منيـش مەگەر خوا بەميهرەبانی خۆی بمپۆشێت، بيشرانن خۆشەويستترين كردار لای خوا بەرداەوامترينيانە باكەميش بێت)).

(١٢) كەس لەخوا بە ئارامتر نىيە

١٨٤٥ـ عَنْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ قَيْسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا أَحَدٌ أَصْبَرَ عَلَى أَذًى يَسْمَعُهُ مِنَ اللَّهِ تَعَالَى، إِنَّهُمْ يَجْعَلُونَ لَهُ نِدًّا وَيَجْعَلُونَ لَهُ وَلَدًا، وَهُوَ مَعَ ذَلِكَ يَرْزُقُهُمْ وَيُعَافِيهِمْ وَيُعْطِيهِمْ)). [بخاري/ الأدب/ ٥٧٤٨]

(عبدالله)ی كوڕی (قيس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتی: ((كەس لەخوای بالادەست بەئارامتر نييە بەرامبەر وشەی نارەوا كە ببيستێت، خەڵكی شەريك بۆ خوابڕياردەدەن منداڵی بۆ بڕياردەدەن، كەچیئەو لەگەڵ ئەوەيشدا ڕزق وڕۆزيان پێئەبەخشی ولەش ساغيان دەكات)).

(١٣) كەس لەخوا بەغيرەت تر نىيە

١٨٤٦ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَيْسَ أَحَدٌ أَحَبَّ إِلَيْهِ الْمَدْحُ مِنَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ مَدَحَ نَفْسَهُ، وَلَيْسَ أَحَدٌ أَغْيَرَ مِنَ اللَّهِ (ﷻ)، مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ حَرَّمَ الْفَوَاحِشَ، وَلَيْسَ أَحَدٌ أَحَبَّ إِلَيْهِ الْعُذْرُ مِنَ اللَّهِ (ﷻ)، مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ أَنْزَلَ الْكِتَابَ وَأَرْسَلَ الرُّسُلَ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٣٥٨]

(عبدالله) ی كوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی: ((كەس نييە مەدح و پياهەڵدانی لەلا خۆشەويستتر بێت لە خوای گەورە، هەر لەبەر ئەوەيە مەدحی خۆی كردووە، كەسيش لەخوای گەورە بەغيرەتتر نييە، هەر لەبەر ئەوەيە كە بەدڕەفتاريی حەرامكردووە، كەسيش نييە پۆزش بۆ هێنانەوەی لەلا خۆشەويستتر بێت لەخوای گەورە، لەبەر ئەوەيشە كتێبی دابەزاندەووە و پێغەمبەرانی ڕەوانەكردووە)).

١٨٤٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ يَغَارُ، وَإِنَّ الْمُؤْمِنَ يَغَارُ، وَغَيْرَةُ اللَّهِ أَنْ يَأْتِيَ الْمُؤْمِنُ مَا حَرَّمَ عَلَيْهِ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٩٢٥]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی: ((خوا غيرەت دەيگرێت و بڕواداريش غيرەت دەيگرێت، خوا بەوە غيرەت دەيگرێت كە بڕوادار بچێت بەلای شتێكدا كە لێی حەرام كردبێت)).

(١٤) داننانی بەندە بەتاوانی پەنهانی خۆیدا

١٨٤٨ـ عَنْ صَفْوَانَ بْنِ مُحْرِزٍ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِابْنِ عُمَرَ (ﷺ): كَيْفَ سَمِعْتَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ فِي النَّجْوَى؟ قَالَ: سَمِعْتُهُ يَقُولُ: ((يُدْنَى الْمُؤْمِنُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ حَتَّى يَضَعَ عَلَيْهِ كَنَفَهُ، فَيُقَرِّرُهُ بِذُنُوبِهِ، فَيَقُولُ: هَلْ تَعْرِفُ؟ فَيَقُولُ: [أَيْ] رَبِّ أَعْرِفُ. قَالَ: فَإِنِّي قَدْ سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا، وَإِنِّي أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ. فَيُعْطَى صَحِيفَةَ حَسَنَاتِهِ. وَأَمَّا الْكُفَّارُ وَالْمُنَافِقُونَ: فَيُنَادَى بِهِمْ عَلَى رُءُوسِ الْخَلَائِقِ: هَؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ)). [بخاري/ المظالم/ ٢٣٠٩]

(صفوان) كوڕی (محرز) دەڵێ: پیاوێك بە (ابن عمر)ی (ﷺ) وت: چۆنت بیستووە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی تاوانپۆشی بۆ كردبیت؟ وتی: لێم بیستووە فەرموویەتی: ((لە ڕۆژی قیامەتدا بڕوادار لە پەروەردگاری باڵادەستی نزیك دەخرێتەوە، تاوەكو باڵی میهرەبانی خۆی بەسەردا دەكێشێ، دانی پێئەنێت بەگوناهەكانیدا. دەفەرمووێ: ئایا ئەزانیت؟ ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگار دەزانم، دەفەرمووێ: دەمن لە دونیادا بۆم پۆشیت، ئەمڕۆیش لێت خۆش دەبم. ئینجا نامەی چاكەكانی پێدەدرێت، بەڵام بێباوەڕو دووڕووەكان: لەبەرچاوی هەموو خەڵكیەوە جاڕیان بۆ دەدرێت؛ ئەمانە بوون كە درۆیان بەدەم خوای بەرز و باڵادەستەوە دەكرد)).

(١٥) نیعمەت خستنە بەرچاوی كافر و دووڕوو

١٨٤٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: ((هَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الشَّمْسِ فِي الظَّهِيرَةِ لَيْسَتْ فِي سَحَابَةٍ)). قَالُوا: لَا. قَالَ: ((فَهَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ لَيْسَ فِي سَحَابَةٍ)). قَالُوا: لَا، قَالَ: ((فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ رَبِّكُمْ إِلَّا كَمَا تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ أَحَدِهِمَا، قَالَ: فَيَلْقَى الْعَبْدَ فَيَقُولُ: أَيْ فُلْ! أَلَمْ أُكْرِمْكَ وَأُسَوِّدْكَ وَأُزَوِّجْكَ، وَأُسَخِّرْ لَكَ الْخَيْلَ وَالْإِبِلَ، وَأَذَرْكَ تَرْأَسُ وَتَرْبَعُ؟ فَيَقُولُ: بَلَى [أَيْ رَبِّ]، قَالَ: فَيَقُولُ: أَفَظَنَنْتَ أَنَّكَ مُلَاقِيَّ؟ فَيَقُولُ: لَا، فَيَقُولُ: فَإِنِّي أَنْسَاكَ كَمَا نَسِيتَنِي، ثُمَّ يَلْقَى الثَّانِيَ فَيَقُولُ: أَيْ فُلْ! أَلَمْ أُكْرِمْكَ وَأُسَوِّدْكَ وَأُزَوِّجْكَ وَأُسَخِّرْ لَكَ الْخَيْلَ وَالْإِبِلَ، وَأَذَرْكَ تَرْأَسُ وَتَرْبَعُ، فَيَقُولُ: بَلَى أَيْ رَبِّ، فَيَقُولُ: أَفَظَنَنْتَ أَنَّكَ مُلَاقِيَّ؟ فَيَقُولُ: لَا، فَيَقُولُ: فَإِنِّي أَنْسَاكَ كَمَا نَسِيتَنِي، ثُمَّ يَلْقَى الثَّالِثَ فَيَقُولُ لَهُ مِثْلَ ذَلِكَ، فَيَقُولُ: يَا رَبِّ آمَنْتُ بِكَ وَبِكِتَابِكَ وَبِرُسُلِكَ، وَصَلَّيْتُ وَصُمْتُ وَتَصَدَّقْتُ،

وَيُثْنِي بِخَيْرٍ مَا اسْتَطَاعَ، فَيَقُولُ: هَاهُنَا إِذًا. قَالَ: ثُمَّ يُقَالُ لَهُ: الْآنَ نَبْعَثُ شَاهِدَنَا عَلَيْكَ، وَيَتَفَكَّرُ فِي نَفْسِهِ: مَنْ ذَا الَّذِي يَشْهَدُ عَلَيَّ؟ فَيُخْتَمُ عَلَى فِيهِ، وَيُقَالُ لِفَخِذِهِ وَلَحْمِهِ وَعِظَامِهِ: انْطِقِي، فَتَنْطِقُ فَخِذُهُ وَلَحْمُهُ وَعِظَامُهُ بِعَمَلِهِ، وَذَلِكَ لِيُعْذِرَ مِنْ نَفْسِهِ، وَذَلِكَ الْمُنَافِقُ، وَذَلِكَ الَّذِي يَسْخَطُ اللَّهُ عَلَيْهِ)).

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا پەروەردگارمان لە ڕۆژی قیامەتدا دەبینین؟ فەرمووی: ((ئایا یەکتری بێتاقەت دەکەن بۆ بینینی خۆر لەدەمە و نیوەڕۆدا بێ ئەوەی پەڵە هەور بەری گرتبێت؟ وتیان: نەخێر، فەرمووی: ((ئەی یەکتری بێتاقەت دەکەن بۆدیتنی مانگ لەشەوی چواردەدا بێئەوەی پەڵە هەوری لەبەرابێت))؟ وتیان: نەخێر، فەرمووی: ((دە سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە بۆ بینینی پەروەردگاری باڵادەستتان یەکتر بێتاقەت ناکەن مەگەر ئەوەندەی بۆ بینینی یەکێك لەو دووانە یەکترتان بێتاقەت کردبێت، خوای گەورە ڕوودەکاتە بەندەکەی و دەفەرمووێ: ئەی فلان! ئایا ڕێزم لێنەنایت و سەروەریم پێنەبەخشیت و هاوسەرم پێنەدایت، ئەسپ و وشترم بۆ نەهێنایتە ژێربار، لێتنەگەڕام ببیتە سەرۆك و باج و خەراج بستێنی؟ دەڵێ: بەڵێ، ئەی پەروەردگار دەفەرمووێت: ئایا بەئومێدی ئەوەبوویت بەدیداری من بگەیت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر. دەفەرمووێت: دەمنیش لەبیرت دەکەم وەك چۆن تۆ منت لەبیر کرد، ئەمجا دەگات بەدووەم و دەفەرمووێت: ئەی فلان! ئایا ڕێزم لێنەنایت و سەروەریم پێنەبەخشیت و، خاووخێزانم پێنەدایت و ئەسپ و وشترم بۆڕا نەهێنایت، لێتنەگەڕام ببیتە سەرۆك باج و خەراج بستێنی؟ دەڵێ: بەڵێ ئەی پەروەردگار. دەفەرموێت: ئایا بەتەمابوویت کەبە دیداری من بگەیت؟ دەڵێ: نەخێر. دەڵێ: دەی منیش تۆ لەبیر دەکەم وەك چۆن تۆ منت لەبیر کرد. ئەمجا دەگات بە سێهەم هەمان شتی پێدەفەرمووێت: ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگار باوەڕم هێنا بەتۆ و، بەکتێبی تۆو ، بە پێغەمبەرانی تۆ و، نوێژم کرد و ڕۆژووم گرت و خێرم کرد، بەچاکترین شێوە چەندە بتوانێ ستایشی خۆی دەکات، دەڵێ: دەفەرمووێت: کەوابوو ئا لێرەدا ڕاوەستە. پاشان پێی دەوترێت: هەر ئێستە شایەتی خۆمانت لەسەر دەنێرین، دەکەوێتە بیرکردنەوە لە خۆی: داخۆ کێ بێت شایەتیم لەسەر بدات؟ ئینجا مۆر ئەنرێت بەسەردەمیدا و، بەڕان و ئێسك و گۆشتی دەوترێت: بێنەگۆ! ئینجا ڕان و ئێسك و گۆشتی

دێنــە گــۆ شــایەتی لەســەر دەدەن لەســەرکردەوەکانی، ئەمــەیش بــۆ ئــەوەی بڕوبیانووی نەمێنێت، ئەمەیش دووڕووە، ئەو کەسەیە کە خوا خەشم و قینی لێهەڵدەگرێت.

(١٦) شایەتی‌دانی ئەندامەکان

١٨٥٠- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَضَحِكَ، فَقَالَ: ((هَلْ تَدْرُونَ مِمَّ أَضْحَكُ)). قَالَ: قُلْنَا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: مِنْ مُخَاطَبَةِ الْعَبْدِ رَبَّهُ، يَقُولُ: يَا رَبِّ أَلَمْ تُجِرْنِي مِنَ الظُّلْمِ؟ قَالَ: يَقُولُ: بَلَى. قَالَ: فَيَقُولُ: فَإِنِّي لَا أُجِيزُ عَلَى نَفْسِي إِلَّا شَاهِدًا مِنِّي. قَالَ: فَيَقُولُ: كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ شَهِيدًا، وَبِالْكِرَامِ الْكَاتِبِينَ شُهُودًا. قَالَ: فَيُخْتَمُ عَلَى فِيهِ، فَيُقَالُ لِأَرْكَانِهِ: انْطِقِي. قَالَ: فَتَنْطِقُ بِأَعْمَالِهِ. قَالَ: ثُمَّ يُخَلَّى بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْكَلَامِ، قَالَ: فَيَقُولُ: بُعْدًا لَكُنَّ وَسُحْقًا، فَعَنْكُنَّ كُنْتُ أُنَاضِلُ)).

(أنس)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) پێکەنی و فەرمووی: ((دەزانن بەچی پێدەکەنم)) وتمان: خوا و پێغەمبەری خـوا زانـاترن. فـەرمووی: ((لـە وتوویـژی بـەندە لـە خزمـەت، پـەروەردگاریدا. دەڵێت: ئەی پەروەردگار ئەی تۆمنت پەنا نەداوە لەستەم؟ دەفەرمووێ: بەڵێ، دەڵێت: من ڕێگا نادەم بە شایەت بەسەرمەوە مەگەر لەخۆم بێت. دەفەرمویّ: ئەمڕۆ خۆت بەسی کـە شـایەت بیـت بەسـەرخۆتەوە، هـاوڕێ لەگـەڵ فریشـتە بەڕێزە نووسەرەکان)). ئیتر مۆر دەنرێت بەسەر دەمیدا، ئینجا بەئەندامەکانی دەوترێت: بێنە گۆ. ئینجا هەموو دێنە گۆ بەو کردەوانـەی کـە کردوویـەتی: دەفەرمووێ: پاشان ڕێی پێدەدەن کە قسە بکات، دەڵـێ: تـەریك بـن و بچـن، خۆمن بۆ ئێوە تێدەکۆشام)).

(١٧) ترسان لەخوای باڵادەست و سزای سەختی

١٨٥١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((قَالَ رَجُلٌ لَمْ يَعْمَلْ حَسَنَةً قَطُّ لِأَهْلِهِ، إِذَا مَاتَ فَحَرِّقُوهُ، ثُمَّ اذْرُوا نِصْفَهُ فِي الْبَرِّ وَنِصْفَهُ فِي الْبَحْرِ، فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدَرَ اللَّهُ عَلَيْهِ لَيُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا لَا يُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِنَ الْعَالَمِينَ. فَلَمَّا مَاتَ الرَّجُلُ فَعَلُوا مَا أَمَرَهُمْ، فَأَمَرَ اللَّهُ الْبَرَّ فَجَمَعَ مَا فِيهِ، وَأَمَرَ الْبَحْرَ فَجَمَعَ مَا فِيهِ. ثُمَّ قَالَ: لِمَ فَعَلْتَ هَذَا؟ قَالَ: مِنْ خَشْيَتِكَ يَا رَبِّ، وَأَنْتَ أَعْلَمُ. فَغَفَرَ اللَّهُ لَهُ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٩٤]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((پیـاوێك كـە هەرگیز چاكەی لێنەوەشاوەتەوە بۆ خێزان و كەسوكارەكەی وتی: ئەگەر مردم بمسوتێنن، پاشان خۆڵەمێشەكەم پرش و بڵاوبكەنەوە، نیوەی بەوشكانیدا و، نیوەكەی تریش بەناو دەریادا، سوێند بە خوا ئەگەر خوا تەقدیری كردبێت لەسەری، ئەوا سزایەكی ئەوتۆی دەدات كە هیچ كەس لەخەڵكی جیهانیانی ئاوا سزا نەدابێت. كاتێك پیاوەكە مرد ئەوەی فەرمانی پێكردبوون بۆیان كرد. خوا فەرمانی كرد بەوشكانی چیتیابوو [لە ئەندامانی ئەو] كۆی كردەوە و، فەرمانی كرد بە دەریا چی تیابوو ئەویش كۆی كردەوە، پاشان فەرمووی: ((بۆ ئەوەت كرد؟ وتی: لەترسی تۆ ئەی پەروەردگار. خۆیشت زاناتری. خوایش لێی خۆشبوو)).

(١٨) كەسێ گوناه بكات و پاشان داوای لێخۆش بوون بكات

١٨٥٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) –فِيمَا يَحْكِي عَنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ– قَالَ: ((أَذْنَبَ عَبْدٌ ذَنْبًا فَقَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي. فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَذْنَبَ عَبْدِي ذَنْبًا، فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ، وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ. ثُمَّ عَادَ فَأَذْنَبَ فَقَالَ: أَيْ رَبِّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي. فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: عَبْدِي أَذْنَبَ ذَنْبًا، فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ، وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ ثُمَّ عَادَ فَأَذْنَبَ، فَقَالَ: أَيْ رَبِّ، اغْفِرْ لِي ذَنْبِي. فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَذْنَبَ عَبْدِي ذَنْبًا، فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ. اعْمَلْ مَا شِئْتَ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكَ)). قَالَ عَبْدُ الْأَعْلَى: لَا أَدْرِي أَقَالَ فِي الثَّالِثَةِ أَوِ الرَّابِعَةِ: ((اعْمَلْ مَا شِئْتَ)). [بخاري/ التوحيد/ ٧٠٦٨]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) –لەوشتانەی كەلە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە– دەفەرمووێ: بەندەیەك گوناهێكی كرد ئینجا وتی: خوایە لە گوناهەكەم خۆش ببە، خوای باڵادەست فەرمووی: بەندەكەم گوناهێكی كرد زانی كە پەروەردگارێكی هەیە لە گوناه خۆش دەبێت و، لەسەر گوناه سزا دەدات. پاشان هەمدیسان گوناهێكی تری كردەوە وتی: ئەی پەروەردگار لە گوناهەكەم خۆش ببە، خوای باڵادەست فەرمووی: بەندەكەم گوناهێكی كرد، زانی پەروەردگارێكی هەیە لە گوناه خۆش دەبێت و، سزادەدات لەسەر گوناه، پاشان سەر لەنوێ گوناهێكی تری كردەوە. هەمدیسان وتی: پەروەردگار لە گوناهەكەم خۆش ببە. خوای باڵادەستیش فەرمووی: بەندەكەم گوناهێكی كرد زانی كە پەروەردگارێكی هەیە لە گوناه خۆش دەبێت و سزای دەدات لەسەر گوناه، پاشان سەرلەنوێ گوناهێكی تری كردووە، هەمدیسان وتی: پەروەردگار لە گوناهەكەم خۆشببە. خوای باڵادەستیش فەرمووی: ((بەندكەم گوناهێكی

كرد زانی كە پەروەردگارێكی هەیە لە گوناه خۆش دەبێت و سزا دەدات لەسەر گوناه چیدەكەیت بیكە ئەوا من لێت خۆشبووم)) (عبدالأعلى) دەڵێ: نازانم داخۆ لە جاری سێهەمدا یاچوارەمدا فەرمووی: ((چی دەكەیت بیكە)).

(١٩) كەسێ تووشی گوناه ببێت و دەست نوێژ بگرێت و نوێژی فەرز بكات

١٨٥٣ـ عَنْ أَبِي أُمَامَةَ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْمَسْجِدِ وَنَحْنُ قُعُودٌ مَعَهُ، إِذْ جَاءَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَيَّ. فَسَكَتَ عَنْهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، ثُمَّ أَعَادَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَيَّ، فَسَكَتَ عَنْهُ، وَأُقِيمَتِ الصَّلَاةُ، فَلَمَّا انْصَرَفَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ أَبُو أُمَامَةَ: فَاتَّبَعَ الرَّجُلُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ انْصَرَفَ، وَاتَّبَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنْظُرُ مَا يَرُدُّ عَلَى الرَّجُلِ، فَلَحِقَ الرَّجُلُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَيَّ. قَالَ أَبُو أُمَامَةَ: فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَرَأَيْتَ حِينَ خَرَجْتَ مِنْ بَيْتِكَ أَلَيْسَ قَدْ تَوَضَّأْتَ فَأَحْسَنْتَ الْوُضُوءَ)). قَالَ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((ثُمَّ شَهِدْتَ الصَّلَاةَ مَعَنَا)). فَقَالَ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ غَفَرَ لَكَ حَدَّكَ. أَوْ قَالَ: ذَنْبَكَ)).

(أبو أمامة) (ﷺ) دەڵێ: لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمزگەوتا بوو، ئێمەیش لە خزمەتیدا دانیشتبووین، پیاوێك هات وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من شایستەی سزای گوناهێك بووم لەسەرمی جێبەجێ بكە، پێغەمبەریش (ﷺ) لێی، بێدەنگ بوو. پاشان دووبارەی كردەوە و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من شایستەی سزای گوناهێك بووم جێبەجێی بكە لەسەرم، هەر لێی بێدەنگ بوو، نوێژ دابەسترا، كاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێبوویەوە و ڕۆیشت، پیاوەكە شوێنی كەوت. منیش شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەوتم تا بزانم چ وەڵامێكی پیاوەكە دەداتەوە، پیاوەكە گەیشت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا شایستەی سزای گوناهێك بووم، جێبەجێی بكە لەسەرم. (أبو امامە) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((باشە كاتێك لەماڵەكەت دەرچوویت بەجوانی دەست نوێژت نەگرت)). وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: ((لەدوایدا ئامادەی نوێژ بوویت لەگەڵمان)) وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((دە خوا لە سزای گوناهەكەت خۆش بوو)) یا فەرمووی: ((لە گوناهەكەت)).

(٦٢) بەشی دوورووەکان (المنافقين)

(١) دەربارەی فەرموودەی خوا (إذا جاء المنافقون)

١٨٥٤ـ عَنْ زَيْدَ ابْنَ أَرْقَمَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) فِي سَفَرٍ أَصَابَ النَّاسَ فِيهِ شِدَّةٌ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيٍّ لِأَصْحَابِه: ﴿لَا تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا﴾ مِنْ حَوْلِه. قَالَ زُهَيْرٌ: وَهِيَ قِرَاءَةُ مَنْ خَفَضَ حَوْلَهُ. وَقَالَ: ﴿لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ﴾ قَالَ :فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَأَخْبَرْتُهُ بِذَلِكَ، فَأَرْسَلَ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيٍّ فَسَأَلَهُ، فَاجْتَهَدَ يَمِينَهُ مَا فَعَلَ، فَقَالَ: كَذَبَ زَيْدٌ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: فَوَقَعَ فِي نَفْسِي مِمَّا قَالُوهُ شِدَّةٌ، حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ تَصْدِيقِي ﴿إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ﴾ قَالَ: ثُمَّ دَعَاهُمُ النَّبِيُّ (ﷺ) لِيَسْتَغْفِرَ لَهُمْ. قَالَ: فَلَوَّوْا رُءُوسَهُمْ، و قَوْلُه: ﴿كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُسَنَّدَةٌ﴾. وَقَالَ: كَانُوا رِجَالًا أَجْمَلَ شَيْءٍ. [بخاري/ التفسير/ ٤٦١٧، ٤٦٢١]

(زيد)ی کوڕی (ارقم) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دەرچووین بۆ جەنگێك کە تێیدا تووشی سەختی و فەلاکەت هاتن (عبدالله)ی کوڕی (ابي) بەهاوەڵەکانی وت: (لا تنفقوا على من عند رسول الله حتى ينفضوا) واتە: سامان مەبەخشن بەو کەسانەی کەلەدەوری پێغەمبەری خوادان هەتا بلاوەی لێبکەن. هەروەها وتی: (لئن رجعنا الى المدينة ليخرجن الاعز منها الاذل) واتە: گەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە دەبێت ئەوەی بەڕێز و پیاوماقوڵە بێڕێز و بێدەسەلات لەشار دەربکەن، دەڵێ: منیش هاتمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) خەبەرم دایە بەوەی کە (عبدالله) وتی: ئەویش ناردی بە شوێن (عبدالله)ی کوڕی (ابی)دا پرسیاری لێکرد، ئەویش سوێندی قووڕسی خوارد کە نەیوتووە. وترا (زید) درۆی لەگەڵ پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەڵێ: توشی زەحمەت بووم لەوەی خەڵکی وتیان. تاوەکو خوای بالادەست ڕاست گۆیی منی سەلماند. (إذا جاءك المنافقون) دەڵێ: پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کردن تا داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکا، ئەوانیش سەربادەدەن و لوت بەرزی دەکەن، هەروەك لەبارەی ئایەتی ﴿كأنهم خشب مسندة﴾ واتە: ﴿ هەر دەڵێی داری بەدیوارا هەڵپەسێراون ﴾. زید وتی: ئەوانە پیاوانێکی بە ڕواڵەت قۆز و پێکەوتوبوون.

(٢) دوڕووەکان پشت لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن

١٨٥٥ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ يَصْعَدُ الثَّنِيَّةَ ثَنِيَّةَ الْمُرَارِ؟ فَإِنَّهُ يُحَطُّ عَنْهُ مَا حُطَّ عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ)). قَالَ: فَكَانَ أَوَّلَ مَنْ صَعِدَهَا خَيْلُنَا خَيْلُ بَنِي الْخَزْرَجِ، ثُمَّ تَتَامَّ النَّاسُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَكُلُّكُمْ مَغْفُورٌ لَهُ إِلَّا صَاحِبَ الْجَمَلِ الْأَحْمَرِ)). فَأَتَيْنَاهُ فَقُلْنَا: لَهُ تَعَالَ يَسْتَغْفِرْ لَكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: وَاللَّهِ لَأَنْ أَجِدَ ضَالَّتِي أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لِي صَاحِبُكُمْ. قَالَ: وَكَانَ رَجُلٌ يَنْشُدُ ضَالَّةً لَهُ.

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کێ دەتوانێ سەرکەوێتە سەر دەربەندەکە، دەربەندی مورار؟ ئەوە ئەو کەسە گوناهی لێهەڵدەوەرێت وەك چۆن لە نەوەی ئیسرائیل هەڵدەوەرێ)). دەڵێ: یەکەمین کەسێك سەرکەوتەسەری ئەسپەکانی ئێمە بوون، ئەسپی تیرەی خەزرەج، پاشان خەڵکی بەشوێنماندا هاتن. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((هەمووتان لێخۆشبوون مەگەر خاوەنی وشترە سورەکە[1])) ئێمەیش هاتین بۆ لای وتمان: وەرە با پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێخۆش بونت بۆ بکات، وتی: بەخوا ئەگەر ئەوەی لێم ون بووە بیدۆزمەوە لام خۆشترە لەوەی کە هاوەڵەکەتان داوای لێخۆشبونم بۆ بکات. دەڵێ: ئەو پیاوە بەدوای شتێکی ونبوویدا دەگەڕا.

(٣) دەربارەی ناونیشانی دووڕووەکان

١٨٥٦ـ عَنْ قَيْسِ بْنِ عُبَادٍ قَالَ: قُلْنَا لِعَمَّارٍ: أَرَأَيْتَ قِتَالَكُمْ، أَرَأْيًا رَأَيْتُمُوهُ فَإِنَّ الرَّأْيَ يُخْطِئُ وَيُصِيبُ، أَوْ عَهْدًا عَهِدَهُ إِلَيْكُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: مَا عَهِدَ إِلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) شَيْئًا لَمْ يَعْهَدْهُ إِلَى النَّاسِ كَافَّةً. وَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ فِي أُمَّتِي...)). قَالَ شُعْبَةُ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ: حَدَّثَنِي حُذَيْفَةُ. وَقَالَ غُنْدَرٌ: أُرَاهُ قَالَ: ((فِي أُمَّتِي اثْنَا عَشَرَ مُنَافِقًا لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ، وَلَا يَجِدُونَ رِيحَهَا حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ، ثَمَانِيَةٌ مِنْهُمْ تَكْفِيكَهُمُ الدُّبَيْلَةُ: سِرَاجٌ مِنَ النَّارِ يَظْهَرُ فِي أَكْتَافِهِمْ حَتَّى يَنْجُمَ مِنْ صُدُورِهِمْ)).

(قیس)ی کوڕی (عباد) دەڵێ: بە (عمار)م وت: باشە پێم بڵێ ئەم جەنگەی دەستان داوەتێ ، ئایا لەسەر ڕاو بۆچوونی خۆتانە، چونکە ڕاوبۆچوون

[1] کەناوی جدی کوڕی قەیس بووە و دوو ڕوو بووە.

(إجتهاد) جاریوا هەیە بەهەڵەدا دەچێت و، جاری وایش هەیە دەیپێکێت، یاخود ئەمە لەسەر وەسیەتێکە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی بەجێهێشتوون؟ وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ وەسیەتێکی بۆ نەکردووین کە بۆ خەڵکی بەگشتی نەکردبێت، ئینجا وتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بێگومان لەناو ئوممەتەکەمدا..)) (شعبە) دەڵێ: وابزانم وتی: (حذیفة) قسەی بۆ کردم، (غندر)یش وتی: لام وایە، فەرمووی: ((لەناو ئوممەتەکەمدا دوانزە دووڕوو هەیە ناچنە بەهەشتەوە و بۆنیشی ناکەن تاوەکو حووشتر دەچێت بەکونی دەرزیدا، هەشت لەوان {دوبەیلەت} بەسە بۆ یان {دوبەیلەت: گرێکی ئاگرە لە شانیانەوە دەست پێدەکات لە سنگیانەوە دێتە دەروە}.

(٤) دەربارەی دووڕووەکان لە شەوی (عەقەبە*) دا و ژمارەیان

١٨٥٧ـ عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ قَالَ: كَانَ بَيْنَ رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْعَقَبَةِ وَبَيْنَ حُذَيْفَةَ بَعْضُ مَا يَكُونُ بَيْنَ النَّاسِ، فَقَالَ: أَنْشُدُكَ بِاللَّهِ، كَمْ كَانَ أَصْحَابُ الْعَقَبَةِ؟ قَالَ: فَقَالَ لَهُ الْقَوْمُ: أَخْبِرْهُ إِذْ سَأَلَكَ. قَالَ: كُنَّا نُخْبَرُ أَنَّهُمْ أَرْبَعَةَ عَشَرَ، فَإِنْ كُنْتَ مِنْهُمْ فَقَدْ كَانَ الْقَوْمُ خَمْسَةَ عَشَرَ، وَأَشْهَدُ بِاللَّهِ أَنَّ اثْنَيْ عَشَرَ مِنْهُمْ حَرْبٌ لِلَّهِ وَلِرَسُولِهِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ، وَعَذَرَ ثَلَاثَةً، قَالُوا: مَا سَمِعْنَا مُنَادِيَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَلَا عَلِمْنَا بِمَا أَرَادَ الْقَوْمُ، وَقَدْ كَانَ فِي حَرَّةٍ فَمَشَى فَقَالَ: ((إِنَّ الْمَاءَ قَلِيلٌ، فَلَا يَسْبِقْنِي إِلَيْهِ أَحَدٌ)). فَوَجَدَ قَوْمًا قَدْ سَبَقُوهُ فَلَعَنَهُمْ يَوْمَئِذٍ.

(أبي طفيل) دەڵێ: لەنێوان پیاوێك لەبەشداربووانی (عەقەبە) و (حذیفة)دا هەندێك ناکۆکی هەبوو کەلەنێوان کەسانی تردا ڕوودەدات، (حذیفة) وتی: تو خوا ڕاست پێم بڵێ، هاوەڵانی شەوی (عەقەبە) چەند کەس بوون؟ دەڵێ: هەندێ لە ئامادەبوان پێیان وت: کە پرسیاری لێکردووی وەڵامی بدەرەوە، ئەویش وتی: ئێمە خەبەرمان واپێدراوە کە چواردەکەس بوون، ئەگەر تۆیش لەوانی ئەوا دەبنە پانزە، شایەتی دەدەم بەخوا کە دوانزەیان دوژمنی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بوون لە ژیانی دونیا و، لەوڕۆژەیشدا کە پێغەمبەران شایەتی دەدەن

---

* مەبەست لە (عەقەبە) عەقەبەی ڕێگای تەبووکە کە کۆمەڵێك لە منافقەکان، کۆبوونەوە و نیازیان خراپ بوو بەرامبەر بە پێغەمبەر (ﷺ) خوا پاراستی لێیان ئەو سێ کەسەیش کە عەفوی کردن بەنەزانی کەوتبوونە ناویان.

لەسەر ئومەتەکانیان، پێغەمبەر (ﷺ) بیانووی سیانیانی وەرگرت کەوتیان ئێمە گوێمان لە جارچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبووە و، نەیشمان زانی ئەم کۆمەڵە نیازیان چیبووە، لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) لەبەردەلانێکدا بوو فەرمووی: ((ئاوەکە کەمە کەس پێش من نەچێتە سەری)) کەچی بینی کۆمەڵێك پێشی کەوتبوون، بۆیە نەفرینی لێکردن لەو ڕۆژەدا.

(٥) نموونەی دوڕوو وەك مەڕی وێڵ وایە لەنێوان دوو ڕاندا

١٨٥٨ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: مَثَلُ الْمُنَافِقِ كَمَثَلِ الشَّاةِ الْعَائِرَةِ بَيْنَ الْغَنَمَيْنِ، تَعِيرُ إِلَى هَذِهِ مَرَّةً وَإِلَى هَذِهِ مَرَّةً)).

(ابن عمر) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((وێنەی دووڕوو وەك وێنەی مەڕی وێڵی نێوان دووڕانە مەڕ وەهایە، جارێك هاوگەلەی ئەم لادەبێت و جارێك هاوگەلەی ئەولا)).

(٦) ناردنی گێژەڵووکە بۆ لەناوبردنی دووڕوو

١٨٥٩ـ عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ، فَلَمَّا كَانَ قُرْبَ الْمَدِينَةِ هَاجَتْ رِيحٌ شَدِيدَةٌ تَكَادُ أَنْ تَدْفِنَ الرَّاكِبَ، فَزَعَمَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((بُعِثَتْ هَذِهِ الرِّيحُ لِمَوْتِ مُنَافِقٍ)). فَلَمَّا قَدِمَ الْمَدِينَةَ فَإِذَا مُنَافِقٌ عَظِيمٌ مِنَ الْمُنَافِقِينَ قَدْ مَاتَ.

(جابر) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەفەرێك هاتەوە، کاتێ نزیکی (مەدینە) بوویەوە گێژەڵووکەیەکی سەخت هەڵی کرد، لەوانەبوو کە سوار سەرنگوم بکات، (جابر) وا گومانی برد لەوکاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەم بایە بۆ لەناوبردنی دووڕوویەك نێرراوە)) کاتێ هاتەوە مەدینە سەیردەکات وا گەورە پیاوێك لە دووڕووەکان مردووە.

(٧) سەختیی سزای دووڕوو لە ڕۆژی قیامەتدا

١٨٦٠ـ عَنْ سلمة بن الأكوع (رضي الله عنه) قَالَ: عُدْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلًا مَوْعُوكًا، قَالَ: فَوَضَعْتُ يَدِي عَلَيْهِ فَقُلْتُ: وَاللَّهِ مَا رَأَيْتُ كَالْيَوْمِ رَجُلًا أَشَدَّ حَرًّا. فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): ((أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَشَدَّ حَرًّا مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ هَذَيْنِكَ الرَّجُلَيْنِ الرَّاكِبَيْنِ الْمُقَفِّيَيْنِ)) لِرَجُلَيْنِ حِينَئِذٍ مِنْ أَصْحَابِهِ.

(سلمة)ی کوڕی (الأکوع)(رضي الله عنه) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) سەردانی پیاوێکی تادارمان کرد، دەڵێ: منیش دەستم لەسەری دانا و وتم:

بەخوا کەسم نەدیووە گەرمتر بێت لەم پیاوەی ئەمڕۆ. پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا ئاگادارتـان بکـەم کـێ گـەرمترە لـەو لـە ڕۆژی قیامـەتدا؟ ئـەو دووپیـــاوە ســـوارەی کەپشـــتیان هـــەڵکرد)). دوو پیـــاوبوون لـــە ڕیـــزی هاوەڵاندابوون.

(٨) زەوی دووڕوو فڕێ دەدات

١٨٦١ـ عَنْ أنس بْن مَالكٍ (ﷺ) قَال: كَانَ منّا رَجُلٌ منْ بَني النَّجَّار، قَدْ قَرأَ الْبقرة وآل عمْران، وكَانَ يَكْتُبُ لرَسُول اللّه (ﷺ)، فانْطَلَقَ هَاربًا حَتّى لحق بأهْل الْكتاب، قال: فرفعُوهُ. قالُوا: هَذَا قَدْ كَان يَكْتُبُ لمُحمَّدٍ (ﷺ)، فأُعْجبُوا به، فمَا لبثَ أنْ قصمَ اللَّهُ عُنُقهُ فيهمْ، فحَفرُوا لهُ فوارَوْهُ، فأَصْبَحت الْأَرْضُ قدْ نَبذَتْهُ على وَجْهها، ثُمَّ عَادُوا فحَفرُوا له فواروْهُ، فأصْبَحت الْأرْضُ قدْ نَبذَتْهُ عَلى وَجْهها، ثُمَّ عَادُوا فَحَفرُوا لَهُ فَوارَوْهُ، فَأَصْبَحَت الْـأَرْضُ قَـدْ نَبذَتْـهُ عَلَـى وَجْهـها، فَـتَركُوهُ مَنْبُوذا. [بخاري/ المناقب/ ٣٤٢١]

(ئـەنس)ی کـوڕی (مـالك) دەڵـێ: پیاوێکمـان تیـابوو لـە تـیرەی (النجـار) و {سورەتی}ی (البقرة) و (آل‌عمـران)ی خوێنـد بـوو، نووسـەری پێغەمبـەری خـوا بوو (ﷺ)، کەچی ڕایکردوو بۆی دەرچوو، تا خۆی گەیاندە گاور و جولەکەکان، دەڵـێ: {ئـەوانیش ڕێزیـان لێگـرت وتیـان: ئـەمە نووسـەری (محمـد) بـووە و زۆر سەرسام بوون پێی، کەچی ئەمـەندەی پێنەچوو خوا ملـی شـکاند} چاڵیـان بۆ هەڵکەند و شاردیانەوە، کەچی بۆ بەیانی زەوی دەمەوڕوو فڕێی دابووە دەرێ. دیسان سەرلەنوێ چاڵیان بۆ هەڵکەند وشاردیانەوە، کەچی بۆ بـەیانی زەوی دەمـەو ڕوو فڕێیدابوویـەوە دەرێ. پاشان هەمدیسان چاڵیـان بـۆ هەڵکـەندەوە، کەچی بۆ بەیانی زەوی هەمدیسان دەمەو ڕوو فڕێی دابوویـەوە دەرێ، ئیـتر بـە فڕێدراوی وازیان لێهێنا.

(٦٣) ڕۆژی قیامەت

(١) خوا زەوی دەپێچێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا

﴿والسموات مطويات بيمينه﴾

١٨٦٢. عَنْ عَبْدُ اللَّه بْنُ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((يَطْوِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ السَّمَاوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِيَدِهِ الْيُمْنَى، ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ، أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ؟ ثُمَّ يَطْوِي الْأَرَضِينَ بِشِمَالِهِ ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ، أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ)). [بخاري/ التوحيد/ ٦٩٧٧]

(ابن عمر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای باڵا دەست لە ڕۆژی قیامەتدا ئاسمانەکان دەپێچێتەوە، پاشان بەدەستی ڕاستی ڕایان دەگرێت، ئینجا دەفەرمووێ: منم پادشا، دەسەڵاتدارە بەزەبرەکان لە کوێن؟ خۆبەزلزانەکان لە کوێن؟ پاشان زەویش بەدەستی چەپی دەپێچێتەوە و، دەفەرمووێ: منم پادشا، دەسەڵاتدارە بەزەبرەکان لە کوێن؟ خۆ بەزلزانەکان لەکوێن؟.

(٢) شێوەی زەوی لە ڕۆژی قیامەتدا

١٨٦٣- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى أَرْضٍ بَيْضَاءَ عَفْرَاءَ، كَقُرْصَةِ النَّقِيِّ، لَيْسَ فِيهَا عَلَمٌ لِأَحَدٍ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٥٦]

(سهل)ی کوڕی (سعد) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا کۆدەکرێنەوە لەسەر زەوییەکی سپی خاکیی، وەك کولێرەیەکی دروست کراو لە ئاردێکی بێژراوە نیشان کردی تێدا نییە بۆ هیچ کەسێك)).

(٣) هەموو کەس لەسەر ئەو حاڵەتە زیندوو دەکرێتەوە کە لەسەری مردووە

١٨٦٤- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ)).

(جابر)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست کە دەیفەرموو: ((هەموو کەس لەسەر ئەو حاڵەتە زیندوو دەکرێتەوە کەلە سەری مردووە)).

(٤) زیندوو بوونەوە لەسەر کاروکردەوەکان

١٨٦٥ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ عَذَابًا أَصَابَ الْعَذَابُ مَنْ كَانَ فِيهِمْ، ثُمَّ بُعِثُوا عَلَى أَعْمَالِهِمْ)). [بخاري/ الفتن/ ٦٦٩١]

(عبدالله)ی کوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست، کەدەیفەرموو: ((هەر کاتێك خوا ویستی سزای هۆزێك بدات، سزاکە تووشی ئەو پیاوە چاکانەش دەبێت کەلەنێوانیاندان، پاشان خوا هەریەکەیان لەسەر کاروکردەوەی خۆیان زیندوو دەکاتەوە)).

(٥) خەڵکی بە پێی پەتی و ڕووت و قووتی و خەتەنە نەکراوی حەشر دەکرێن

١٨٦٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلًا)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، النِّسَاءُ وَالرِّجَالُ جَمِيعًا يَنْظُرُ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ؟ قَالَ (ﷺ): ((يَا عَائِشَةُ، الْأَمْرُ أَشَدُّ مِنْ أَنْ يَنْظُرَ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٦٢]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست کە دەیفەرموو: ((خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا بەپێی پەتی و ڕووت و قووتی و خەتەنە نەکراوی حەشر دەکرێن)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ژنان و پیاوان هەموو لەناویەکدا هەندێکیان تەماشای هەندێکیان دەکەن؟ ئەویش (ﷺ) فەرمووی: ((کارەکە لەوە سەختترە کە هەندێکیان تەماشای هەندێکیان بکەن)).

(٦) خەڵکی لەسەر چەند حاڵەتێك کۆدەکرێنەوە[1]

١٨٦٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((يُحْشَرُ النَّاسُ عَلَى ثَلَاثِ طَرَائِقَ: رَاغِبِينَ، رَاهِبِينَ، وَاثْنَانِ عَلَى بَعِيرٍ، وَثَلَاثَةٌ عَلَى بَعِيرٍ، وَأَرْبَعَةٌ عَلَى بَعِيرٍ، وَعَشَرَةٌ عَلَى بَعِيرٍ. وَتَحْشُرُ بَقِيَّتَهُمُ النَّارُ، تَبِيتُ مَعَهُمْ حَيْثُ بَاتُوا، وَتَقِيلُ مَعَهُمْ حَيْثُ قَالُوا: وَتُصْبِحُ مَعَهُمْ حَيْثُ أَصْبَحُوا، وَتُمْسِي مَعَهُمْ حَيْثُ أَمْسَوْا)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٥٧٤]

---

[1] مەبەست کۆکردنەوەی دنیایە پێش فووکردنی یەکەم بە کەڕەنادا.

(ابي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خەڵکی لەسەر سێ حاڵەت کۆدەکرێتەوە: هەیانە دڵ خۆشە، هەیانە لە ترسولەرزدایە، دووان لە سەر وشترێك و، سیان لەسەر وشترێك و، چوار لەسەر وشترێك، و دەلەسەر وشترێك، ئینجا ئەوانی تریان ئاگر کۆیاندەکاتەوە، شەویان لەگەڵ دەکاتەوە لە هەر کوێ شەو بکەنەوەو، نیوەڕۆ خەویان لەگەڵ دەکات لە هەرکوێ نیوەڕۆ خەوبکەن و، ڕۆژیان لەگەڵ دەکاتەوە لەهەر کوێ ڕۆژ بکەنەوە، ئێوارەیان لەگەڵ دەکاتەوە لەهەر کوێ ئێوارە بکەنەوە)).

(٧) کافر لەسەر ڕوومەتی کۆدەکرێتەوە

١٨٦٨ـ عَنْ أَنَسُ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ يُحْشَرُ الْكَافِرُ عَلَى وَجْهِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: ((أَلَيْسَ الَّذِي أَمْشَاهُ عَلَى رِجْلَيْهِ فِي الدُّنْيَا قَادِرًا [عَلَى] أَنْ يُمْشِيَهُ عَلَى وَجْهِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). قَالَ قَتَادَةُ: بَلَى وَعِزَّةِ رَبِّنَا. [بخاري/ الرقاق/ ٦١٥٨]

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا لە ڕۆژی قیامەتدا بێ باوەڕ چۆن لەسەر ڕوومەتی کۆدەکرێتەوە؟ فەرمووی: ((ئەی ئەو کەسەی لە دونیادا لەسەر هەردوو قاچی توانای ڕۆشتنی پێداوە، ناتوانێت توانای ڕۆشتنی پێ بدات لەسەر ڕوومەتی لە ڕۆژی قیامەتدا)). (قتادە)) وتی: بەڵێ سوێند بە بەرز و بڵندی پەروەردگار.

(٨) نزیك بوونەوەی خۆر لە خەڵك لە رۆژی قیامەتدا

١٨٦٩ـ عَنْ سُلَيْمُ بْنُ عَامِرٍ قَالَ: حَدَّثَنِي الْمِقْدَادُ بْنُ الْأَسْوَدِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((تُدْنَى الشَّمْسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنَ الْخَلْقِ، حَتَّى تَكُونَ مِنْهُمْ كَمِقْدَارِ مِيلٍ)). قَالَ سُلَيْمُ بْنُ عَامِرٍ: فَوَاللَّهِ مَا أَدْرِي مَا يَعْنِي بِالْمِيلِ، أَمَسَافَةَ الْأَرْضِ أَمِ الْمِيلَ الَّذِي تُكْتَحَلُ بِهِ الْعَيْنُ. قَالَ: ((فَيَكُونُ النَّاسُ عَلَى قَدْرِ أَعْمَالِهِمْ فِي الْعَرَقِ: فَمِنْهُمْ مَنْ يَكُونُ إِلَى كَعْبَيْهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَكُونُ إِلَى رُكْبَتَيْهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَكُونُ إِلَى حَقْوَيْهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يُلْجِمُهُ الْعَرَقُ إِلْجَامًا)). قَالَ: وَأَشَارَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِهِ إِلَى فِيهِ.

(سليم)ی کوڕی (عامر) (ﷺ) دەڵێ: (مقداد) ی کوڕی (اسود) بۆی گێڕاینەوە وتی: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((لە ڕۆژی قیامەتدا خۆر لە خەڵکی نزیك دەبێتەوە تا بەئەندازەی میلێکی دەمێنێ بۆیان)) (سلیم)ی

کوڕی (عامر) دەڵێ: بەخوا نازانم مەبەستی لە (میل)چیەو، ئایا پێوەری زەوییە یا خود ئەو میلەیەکە چاوی پێ دەڕێژێت. دەڵێ: ((خەڵکی [هەریەکەیان] بەپێی کار و کردەوەیان دەچەقن لەناو ئارەقدا، هەیانە تا قوولەپێی دەبێت و، هەشیانە تا هەردوو ئەژنۆی و، هەشیانە تا پشتێنەی و، هەشیانە عەرەق تەواو لغاوی دەکات)) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەدەست ئاماژەی کرد بۆ دەمی.

(٩) لەبارەی زۆریی عەرەق کردنەوە لە رۆژی قیامەتدا

١٨٧٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْعَرَقَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَيَذْهَبُ فِي الْأَرْضِ سَبْعِينَ بَاعًا، وَإِنَّهُ لَيَبْلُغُ إِلَى أَفْوَاهِ النَّاسِ. أَوْ: إِلَى آذَانِهِمْ)). يَشُكُّ ثَوْرٌ أَيَّهُمَا قَالَ. [بخاري/ الرقاق/ ٦١٦٧]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لە رۆژی قیامەتدا ئارەق حەفتا باڵ رۆدەچێت بەزەویدا و تا دەمی خەڵکیش دێت. یاخود تا گوێچکەیان)) (ثور) دودڵە کامیانی فەرموو.

(١٠) بێباوەڕ (فدیە) بدات بۆ رزگار بوون لە رۆژی قیامەتدا

١٨٧١- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((يَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى لِأَهْوَنِ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا: لَوْ كَانَتْ لَكَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا، أَكُنْتَ مُفْتَدِيًا بِهَا؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ، فَيَقُولُ: قَدْ أَرَدْتُ مِنْكَ أَهْوَنَ مِنْ هَذَا وَأَنْتَ فِي صُلْبِ آدَمَ: أَنْ لَا تُشْرِكَ -أَحْسِبُهُ قَالَ:- وَلَا أُدْخِلَكَ النَّارَ، فَأَبَيْتَ إِلَّا الشِّرْكَ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٥٦]

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای بەرز و بالادەست دەفەرموێ بەسووك ترین ئەهلی ئاگر لە سزادا باشە ئەگەر دونیا و هەموو ئەوەی لە دونیادایە هی تۆ بوایە، ئایا لە تۆڵەی {ڕزگار} بوونی خۆتدا دەتدا؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ، دەفەرموێت: من لەوە سووك ترم لێداواکردیت لە کاتێکدا تۆ لەپشتی ئادەمدا بووی: کە شەریك بۆ خوا دانەنێیت- وابزانم فەرمووی: منیش نەتخەمە ناو ئاگرەوە، بەلام تۆ جگە لە هاوەڵ دانان بۆ خوا هیچت نەویست)).

(٦٤) بەشی بەهەشت

(١) یەكەم كۆمەڵ كە دەچێتە بەهەشتەوە

١٨٧٢ـ عَنْ مُحَمَّدٍ قَالَ: إِمَّا تَفَاخَرُوا، وَإِمَّا تَذَاكَرُوا: الرِّجَالُ فِي الْجَنَّةِ أَكْثَرُ أَمِ النِّسَاءُ؟ فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَوَ لَمْ يَقُلْ أَبُو الْقَاسِمِ (ﷺ): ((إِنَّ أَوَّلَ زُمْرَةٍ تَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، وَالَّتِي تَلِيهَا عَلَى أَضْوَإِ كَوْكَبٍ دُرِّيٍّ فِي السَّمَاءِ، لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ زَوْجَتَانِ اثْنَتَانِ، يُرَى مُخُّ سُوقِهِمَا مِنْ وَرَاءِ اللَّحْمِ، وَمَا فِي الْجَنَّةِ أَعْزَبُ)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٧٣]

(محمد) دەڵێ:: {خەڵكی} یاشانازیان كرد یا باسیان كرد: ئایا پیاوان لەبەهەشتا زۆرترن یا ژنان؟ (أبو هريره) (ﷺ) وتی: ئەی (أبو القاسم)(ﷺ) نەیفەرمووە: ((یەكەمین دەستە كە دەچنە بەهەشتەوە لەسەرشێوەی مانگی چواردەن، دەستەی دوای ئەوانیش لەسەر شێوەی درەخشانترین ئەستێرەی درەوشاوەن لە ئاسماندا، هەر پیاوێك لەوان دوو ژنی هەیە، مۆخی لاقیان لەودیوی گۆشتەكەوە دیارە، لەبەهەشتا ڕەبەن نییە)).

١٨٧٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَوَّلُ زُمْرَةٍ تَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِي عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ عَلَى أَشَدِّ نَجْمٍ فِي السَّمَاءِ إِضَاءَةً، ثُمَّ هُمْ بَعْدَ ذَلِكَ مَنَازِلُ، لَا يَتَغَوَّطُونَ وَلَا يَبُولُونَ، وَلَا يَمْتَخِطُونَ وَلَا يَبْزُقُونَ، أَمْشَاطُهُمُ الذَّهَبُ، وَمَجَامِرُهُمُ الْأَلُوَّةُ، وَرَشْحُهُمُ الْمِسْكُ، أَخْلَاقُهُمْ عَلَى خُلُقِ رَجُلٍ وَاحِدٍ، عَلَى طُولِ أَبِيهِمْ آدَمَ سِتُّونَ ذِرَاعًا)). قَالَ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ: ((عَلَى خُلُقِ رَجُلٍ)). و قَالَ أَبُو كُرَيْبٍ: ((عَلَى خَلْقِ رَجُلٍ)). و قَالَ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ: ((عَلَى صُورَةِ أَبِيهِمْ)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٧٤]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((یەكەمین كۆمەڵ لە ئوممەتم كە دەچنە بەهەشتەوە، لەسەر شێوەی مانگی شەوی چواردەن، لەپاشان ئەوانەی لە دوایانەوە دێن لەسەر شێوەی پرشنگدارترین ئەستێرەن لە ئاسمانا، ئەوانەی دوای ئەوانیش چەند پلەیەكن، نەمیز دەكەن و نە پیسایی و، نە چڵمیان هەیە و نەبەڵغەم، شانەیان لە زێڕە و، بخوردانیان دار عودە، ئارەقیان میسكە، خووڕەوشتیان یەك خووڕەوشتە لەسەر باڵای باوكە ئادەمیان شەست گەزن)).

(٢) هەموو کەس لەسەر شێوەی ئادەم دەچێتە بەهەشت

١٨٧٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ طُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا، فَلَمَّا خَلَقَهُ قَالَ: اذْهَبْ فَسَلِّمْ عَلَى أُولَئِكَ النَّفَرِ، وَهُمْ نَفَرٌ مِنَ الْمَلَائِكَةِ جُلُوسٌ، فَاسْتَمِعْ مَا يُجِيبُونَكَ، فَإِنَّهَا تَحِيَّتُكَ وَتَحِيَّةُ ذُرِّيَّتِكَ. قَالَ: فَذَهَبَ فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، فَقَالُوا: السَّلَامُ عَلَيْكَ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، قَالَ: فَزَادُوهُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ قَالَ فَكُلُّ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ آدَمَ (ﷺ)، وَطُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا، فَلَمْ يَزَلِ الْخَلْقُ يَنْقُصُ بَعْدَهُ حَتَّى الْآنَ)). [بخاري/ الاستئذان/ ٥٨٧٣]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای بالاّ دەست ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردووە، درێژی‌یەکەی شەست باڵ بووە کاتێ دروستی کرد فەرمووی: برۆ سەلام بکە لەسەر ئەو چەند کەسە، کە چەند کەسێك بوون لە فریشتە دانیشتبوون، گوێ بگرە بزانە چۆن سلاّوت دەستێننەوە، چونکە ئەوە دەبێت بە سلاّوی خۆت و سلاّوی نەوەکانت. ئینجا ڕۆیشت و وتی: سەلامتان لسەربێت، ئەوانیش وتیان: سەلام و ڕەحمەتی خوا لەسەر تۆیش، دەفەرموێت: (ڕەحمەتی خوا)یان لێ‌زیادکرد، هەرکەسێك دەچێتە بەهەشتەوە لەسەر شێوەی ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێت کە شەست باڵ بالاّی بەرز بووە، ئیتر دوای ئەو خەڵك بەرەو کورت بوون هاتوون هەتا ئیستا)).

(٣) کۆمەڵێك دەچنە بەهەشتەوە دڵیان وەك دڵی باڵندەوایە

١٨٧٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((يَدْخُلُ الْجَنَّةَ أَقْوَامٌ أَفْئِدَتُهُمْ مِثْلُ أَفْئِدَةِ الطَّيْرِ)).

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((کۆمەڵێك دەچنە بەهەشتەوە دڵیان وەك دڵی باڵندەوایە)).

(٤) ڕازی بوونی خوا لە خەڵکی بەهەشت

١٨٧٦ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ لِأَهْلِ الْجَنَّةِ يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ. فَيَقُولُونَ: لَبَّيْكَ رَبَّنَا وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ فِي يَدَيْكَ، فَيَقُولُ: هَلْ رَضِيتُمْ؟ فَيَقُولُونَ: وَمَا لَنَا لَا نَرْضَى يَا رَبِّ وَقَدْ أَعْطَيْتَنَا مَا لَمْ تُعْطِ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، فَيَقُولُ: أَلَا أُعْطِيكُمْ أَفْضَلَ مِنْ ذَلِكَ؟ فَيَقُولُونَ: يَا رَبِّ، وَأَيُّ شَيْءٍ أَفْضَلُ مِنْ ذَلِكَ؟ فَيَقُولُ: أُحِلُّ عَلَيْكُمْ رِضْوَانِي، فَلَا أَسْخَطُ عَلَيْكُمْ بَعْدَهُ أَبَدًا)).
[بخاري/ الرقاق/ ٦١٨٣]

(أبو سعيد)ی (الخدري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای بالادەست بەبەهەشتیەکان دەفەرموێت: ئەی بەهەشتیەکان ئەوانیش دەڵێن: ئێمە ملکەچ و گوێڕایەڵی تۆین ئەی پەروەردگار، هەموو خێر و بێرێك لەدەستی تۆدایە. دەفەرمووێت: ڕازی بوون؟ ئەوانیش دەڵێن پەروەرگار داخۆ بۆچ ڕازی نابین، لەکاتێکدا تۆ ئەمەندەت پێ خەلات کردووین، کە بەهیچ کام لە دروست کراوەکانی خۆتت خەڵات نەکردووە، دەفەرمووێت: ئەی باشتر لەوەتان پێنەدەم؟ دەڵێن: ئەی پەروەردگار دەبێت باشتر لەوە چی بێت؟ ئەویش دەفەرمووێت: شایشتەی ڕەزامەندی خۆمتان دەکەم لەمەولا هەرگیز لێتان زویر نابم)).

(٥) بەهەشتیەکان لەگەڵ خاوەن پلەوپایە گەورەکانی بەهەشت یەکتر دەبینن

١٨٧٧ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ لَيَتَرَاءَوْنَ أَهْلَ الْغُرَفِ مِنْ فَوْقِهِمْ كَمَا تَتَرَاءَوْنَ الْكَوْكَبَ الدُّرِّيَّ الْغَابِرَ مِنَ الْأُفُقِ مِنَ الْمَشْرِقِ أَوِ الْمَغْرِبِ، لِتَفَاضُلِ مَا بَيْنَهُمْ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، تِلْكَ مَنَازِلُ الْأَنْبِيَاءِ، لَا يَبْلُغُهَا غَيْرُهُمْ؟ قَالَ: ((بَلَى وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، رِجَالٌ آمَنُوا بِاللَّهِ وَصَدَّقُوا الْمُرْسَلِينَ)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٨٣]

(أبو سعيد الخدري) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەهەشتیەکان باڵە خانە نشینەکانی سەرو خۆیان دەبینن. {هەرەك چۆن ئێوە ئەو ئەستێرە درەوشاوە دەبینن کە لە ئاسۆی خۆر هەلات بەرەو ئاوابوون دەچێت، لەبەر بەرزوبڵندی پلەی ئەوان لە مانیتر. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ئەمە پلەوپایەی پێغەمبەرانە جگە لەوان کەس پێی ناگات؟ فەرمووی: ((بەڵێ سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە پیاوانێکن باوەڕیان بەخوا هێناوەو پێغەمبەرانیان بەڕاست زانیووە {پێیان دەگەن}.

(٦) خۆراکی بەهەشتیەکان

١٨٧٨ـ عَنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَأْكُلُ أَهْلُ الْجَنَّةِ فِيهَا وَيَشْرَبُونَ، وَلَا يَتَغَوَّطُونَ، وَلَا يَمْتَخِطُونَ، وَلَا يَبُولُونَ، وَلَكِنْ طَعَامُهُمْ ذَاكَ جُشَاءٌ كَرَشْحِ الْمِسْكِ، يُلْهَمُونَ التَّسْبِيحَ وَالْحَمْدَ كَمَا تُلْهَمُونَ النَّفَسَ)).

(جـابر)کـوڕی (عبـدالله) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((بەردەوام بەهەشتیەکان لەبەهەشتدا دەخۆن و دەخۆنەوە، نە پیسایی دەکەن نە چڵمیان هەیە و، نەمیز دەکەن، بەڵکو پاشەڕۆکی خواردنیان جۆرە قرقێنەیەکە بۆنی هەر لە بۆنی میسك دەچێت. سوپاس و ستایشی خوا دەکەن وەك چۆن ئێوە هەناسە دەدەن)).

(٧) دیاریی بەهەشتیەکان

١٨٧٩ـ عَنْ ثَوْبَانَ (ﷺ) مَوْلَى رَسُولِ اللَّه (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ قَائِمًا عِنْدَ رَسُولِ اللَّه (ﷺ)، فَجَاءَ حِبْرٌ مِنْ أَحْبَارِ الْيَهُودِ، فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكَ يَا مُحَمَّدُ، فَدَفَعْتُهُ دَفْعَةً كَادَ يُصْرَعُ مِنْهَا، فَقَالَ: لِمَ تَدْفَعُنِي؟ فَقُلْتُ: أَلَا تَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ الْيَهُودِيُّ: إِنَّمَا نَدْعُوهُ بِاسْمِهِ الَّذِي سَمَّاهُ بِهِ أَهْلُهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((إِنَّ اسْمِي مُحَمَّدٌ الَّذِي سَمَّانِي بِهِ أَهْلِي)). فَقَالَ الْيَهُودِيُّ: جِئْتُ أَسْأَلُكَ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أَيَنْفَعُكَ شَيْءٌ إِنْ حَدَّثْتُكَ)). قَالَ: أَسْمَعُ بِأُذُنَيَّ، فَنَكَتَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) بِعُودٍ مَعَهُ، فَقَالَ: ((سَلْ)). فَقَالَ الْيَهُودِيُّ: أَيْنَ يَكُونُ النَّاسُ يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَوَاتُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((هُمْ فِي الظُّلْمَةِ دُونَ الْجِسْرِ)) قَالَ: فَمَنْ أَوَّلُ النَّاسِ إِجَازَةً؟ قَالَ: ((فُقَرَاءُ الْمُهَاجِرِينَ)). قَالَ الْيَهُودِيُّ: فَمَا تُحْفَتُهُمْ حِينَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ؟ قَالَ: ((زِيَادَةُ كَبِدِ النُّونِ)). قَالَ: فَمَا غِذَاؤُهُمْ عَلَى إِثْرِهَا؟ قَالَ: ((يُنْحَرُ لَهُمْ ثَوْرُ الْجَنَّةِ الَّذِي كَانَ يَأْكُلُ مِنْ أَطْرَافِهَا)). قَالَ: فَمَا شَرَابُهُمْ عَلَيْهِ؟ قَالَ: ((مِنْ عَيْنٍ فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلًا)). قَالَ: صَدَقْتَ. قَالَ: وَجِئْتُ أَسْأَلُكَ عَنْ شَيْءٍ لَا يَعْلَمُهُ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِ الْأَرْضِ إِلَّا نَبِيٌّ أَوْ رَجُلٌ أَوْ رَجُلَانِ. قَالَ: ((يَنْفَعُكَ إِنْ حَدَّثْتُكَ)). قَالَ: أَسْمَعُ بِأُذُنَيَّ. قَالَ: جِئْتُ أَسْأَلُكَ عَنِ الْوَلَدِ، قَالَ: ((مَاءُ الرَّجُلِ أَبْيَضُ وَمَاءُ الْمَرْأَةِ أَصْفَرُ، فَإِذَا اجْتَمَعَا فَعَلَا مَنِيُّ الرَّجُلِ مَنِيَّ الْمَرْأَةِ أَذْكَرَا بِإِذْنِ اللَّهِ، وَإِذَا عَلَا مَنِيُّ الْمَرْأَةِ مَنِيَّ الرَّجُلِ آنَثَا بِإِذْنِ اللَّهِ)). قَالَ الْيَهُودِيُّ: لَقَدْ صَدَقْتَ، وَإِنَّكَ لَنَبِيٌّ، ثُمَّ انْصَرَفَ فَذَهَبَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((لَقَدْ سَأَلَنِي هَذَا عَنِ الَّذِي سَأَلَنِي عَنْهُ وَمَا لِي عِلْمٌ بِشَيْءٍ مِنْهُ حَتَّى أَتَانِيَ اللَّهُ بِهِ)).

(ثوبـان)(ﷺ)ی کـارگوزاری پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەڵـێ: مـن بـە پێـوە لـە خزمەت پێغەمبـەری خـوادا ڕاوەستابووم زانایـەك لـەزانای جولەکـەکان هـات و وتی: سەلامت لسەر بێت ئەی (محمد)، دەڵێ: منیش پاڵێکی وام پێوەنا خەریك بوو بکەوێت. ئەویش وتی: بۆچ پاڵم پێوە دەنێی؟ منیش وتم ئەی بۆ نالێیت:

ئەی پێغەمبەری خوا؟ کابرای جولەکەیش وتی: ئێمە هەر بەو ناوەوە بانگی دەکەین کە کەس و کاری ناوی لێناوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: ((ناوم محمده ئەو ناوەی کە کەسوکارم ناویان ناوم)) جولەکەکە وتی: هاتووم پرسیارت لێبکەم: پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو: ((ئایا سوودت پێدەگات ئەگەر قسەت بۆ بکەم) ئەویش وتی: بە هەردوو گوێچکەم دەیبیستم، پێغەمبەریش (ﷺ) بە چیلکەیەك چوکڵی دەدا لە زەوی، فەرمووی: ((بپرسە)) جولەکەکە وتی: خەڵکی لە کوێ دەبن لە ڕۆژێکدا کە ئاسمانەکان و زەوی دەگۆڕێن بە ئاسمان و زەوی‌یەکی دیکە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((لە تاریکستانێکدا دەبن لەخوار پردی سیراتەوە)) وتی: باشە یەکەمین کەس کێیە بەسەریدا تێدەپەڕێت؟ فەرمووی: ((کۆچەریە هەژارەکانن)). جولەکەکە وتی: دیاری پێشوازیان چی‌یە کاتێك دەچنە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: ((زیادەی جگەری نەهەنگە)) وتی: دوای ئەوە خۆراکیان چییە؟ فەرمووی: ((گای بەهەشتیان بۆ سەردەبڕن کەلە قەراغی بەهەشتا لەوەڕاوە)). وتی: ئەی خواردنەوەیان چی‌یە بەسەریدا؟ فەرمووی: ((لە کانیاوێکی بەهەشتە پێی دەوترێت سەلسەبیل)) وتی: ڕاست دەکەیت وتی: هەمدیسان هاتووم پرسیارت لێبکەم لە شتێك کە هیچ کەس لە دانیشتووانی سەرزەوی نایزانێت مەگەر پیغەمبەرێك یا پیاوێك یا دوو پیاو نەبێت. فەرمووی: ((سوودت پێدەگات ئەگەر قسەت بۆ بکەم)). وتی: بەهەردوو گوێچکەم دەیبیستم، وتی: هاتووم پرسیارت لێبکەم دەربارەی منداڵ. فەرمووی: ((ئاوی پیاو سپی‌یە و ئاوی ژن زەردە، جا ئەگەر هاتوو کۆبوونەوەو ئاوی پیاوەکە سەرکەوت بەسەر ئاوی ژنەکە دا بەویستی خوا کوڕیان دەبێت، ئەگەر ئاوی ژنەکەیش سەرکەوت بەسەر ئاوی پیاوەکەدا بەویستی خوا کچیان دەبێت)). جولەکەکە وتی: ڕاستت کرد بەڕاستی تۆ پێغەمبەریت، پاشان لێیداو ڕۆیشت، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: ((لەڕاستیدا ئەم پیاوە پرسیاری لێکردم دەربارەی ئەوەی کە کردی لە لەکاتێکدا کە من هیچ جۆرە زانستێکم نەبوو دەربارەی هەتا خوا ئاگاداری کردم لێی))

(٨) ناز ونیعمەتی بەهەشت هەر بەردەوام دەبێت

١٨٨٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يَنْعَمُ لَا يَبْأَسُ، لَا تَبْلَى ثِيَابُهُ وَلَا يَفْنَى شَبَابُهُ)).

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەس بچێتە بەهەشتەوە هەمیشە بەهرەمەند دەبێت و تەنگژیانیی بەسەردا نایەت، نەجلوبەرگی کۆت و داڕزاو دەبێت و نەتافی لاویشی بەسەر دەچێت)).

(٩) بەرفراوانی سێبەری درەختی بەهەشت

١٨٨١- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَشَجَرَةً يَسِيرُ الرَّاكِبُ فِي ظِلِّهَا مِائَةَ عَامٍ لَا يَقْطَعُهَا)). قَالَ أَبُو حَازِمٍ: فَحَدَّثْتُ بِهِ النُّعْمَانَ بْنَ أَبِي عَيَّاشٍ الزُّرَقِيَّ فَقَالَ: حَدَّثَنِي أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ فِي الْجَنَّةِ شَجَرَةً، يَسِيرُ الرَّاكِبُ الْجَوَادَ الْمُضَمَّرَ السَّرِيعَ مِائَةَ عَامٍ مَا يَقْطَعُهَا)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٨٦]

(سهل)ی کوڕی (سعد)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەبەهەشتا درەختێك هەیە سەد ساڵ سوار بە سێبەرەکەیدا دەڕوات و نایبڕێت)) (أبو حازم) دەڵێ: ئەمەم بۆ (نعمان)ی کوڕی (أبو عیاش)ی (الزرقي) باس کرد، ئەویش وتی: (أبو سعید)ی الخدری قسەی بۆ کردووم ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((لەبەهەشتا درەختێك هەیە، ئەسپ سواری چوست و چالاکی خێرا سەد ساڵ دەڕوات و نایبڕێت)).

(١٠) شێوەی چادرەکانی بەهەشت

١٨٨٢- عَنْ أَبِي موسى (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((فِي الْجَنَّةِ خَيْمَةٌ مِنْ لُؤْلُؤَةٍ مُجَوَّفَةٍ، عَرْضُهَا سِتُّونَ مِيلًا، فِي كُلِّ زَاوِيَةٍ مِنْهَا أَهْلٌ مَا يَرَوْنَ الْآخَرِينَ، يَطُوفُ عَلَيْهِمُ الْمُؤْمِنُ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٥٩٨]

(أبو موسى) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەبەهەشتا چادرێك هەیە لە مرواری ناو بۆش، پانیەکەی شەست میلە، لەهەر سوچێکیدا کۆمەڵێکی تێدایە، ئەوانی دیکە نابینن، بڕوادار بە سەریاندا دەگەڕێت)).

(١١) بازاڕی بەهەشت

١٨٨٣- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَسُوقًا يَأْتُونَهَا كُلَّ جُمُعَةٍ، فَتَهُبُّ رِيحُ الشَّمَالِ فَتَحْثُو فِي وُجُوهِهِمْ وَثِيَابِهِمْ،

فَيَزْدَادُونَ حُسْنًا وَجَمَالًا، فَيَرْجِعُونَ إِلَى أَهْلِيهِمْ وَقَدِ ازْدَادُوا حُسْنًا وَجَمَالًا، فَيَقُولُ لَهُمْ أَهْلُوهُمْ: وَاللَّهِ لَقَدِ ازْدَدْتُمْ بَعْدَنَا حُسْنًا وَجَمَالًا، فَيَقُولُونَ: وَأَنْتُمْ وَاللَّهِ لَقَدِ ازْدَدْتُمْ بَعْدَنَا حُسْنًا وَجَمَالًا)).

(انس)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەبەهەشتدا بازاڕێك هەیە هەموو ڕۆژێك بەهەشتیەکان سەردانی دەکەن، شنەبای شەماڵ لێیان هەڵدەکات و، جلو بەرگ و ڕەنگ و ڕووخساریان تەپوتۆزاوی دەکات، هێندەی تر جوان و، گەشاوە دەبن کە دەگەڕێنەوە بۆ ناو خێزانەکانیان پێیان دەڵێن : بەخوا دوای ئەوەی لای ئێمە ڕۆیشتن جوانتر و گەشاوەتر بوون ئەوانیش دەڵێن: بەخوا ئێوەیش لە پاش ئێمە هێندەی تر جوانتر و گەشاوە تربوون)).

(١٢) ڕووبارەکانی بەهەشت لەدونیادا

١٨٨٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((سَيْحَانُ وَجَيْحَانُ وَالْفُرَاتُ وَالنِّيلُ: كُلٌّ مِنْ أَنْهَارِ الْجَنَّةِ)).

(ابو هریرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سەیحان و جەیحان و فورات و نیل هەموو لە ڕوبارەکانی بەهەشتن))

(١٣) بەهەشت بەناخۆشی دەورە دراوە

١٨٨٥ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ، وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٢٢]

(انس)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەهەشت بەناڕەحەتی و ناخۆشی دەورە دراوە، بەڵام ئاگر بە ئارەزوو هەواو هەوەس دەورە دراوە)).

(١٤) کەم ترینی بەهەشتیەکان ئافرەتن

١٨٨٦ـ عَنْ أَبِي التَّيَّاحِ قَالَ: كَانَ لِمُطَرِّفِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ امْرَأَتَانِ، فَجَاءَ مِنْ عِنْدِ إِحْدَاهُمَا، فَقَالَتِ الْأُخْرَى: جِئْتَ مِنْ عِنْدِ فُلَانَةَ؟ فَقَالَ: جِئْتُ مِنْ عِنْدِ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ، فَحَدَّثَنَا: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ أَقَلَّ سَاكِنِي الْجَنَّةِ النِّسَاءُ)).

(أبو التياح) دەڵێ: (مطرف)ی کوڕی (عبدالله) دوژنی هەبوو، جارێکیان لای یەکێکیان هاتەوە، ئەویتریان وتی: لای فلانە ژنەوە هاتی؟ ئەویش وتی: لای

(عمران)ی کوڕی (حصین)ەوە هاتم، قسەی بۆ کردین، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کەمترینی بەهەشتیەکان ئافرەتن)).

(١٥) نیشانەی بەهەشتیەکان و دۆزەخیەکان لەدونیادا

١٨٨٧- عَنْ حَارِثَةَ بْنَ وَهْبٍ (ﷺ): سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَهْلِ الْجَنَّةِ)). قَالُوا: بَلَى، قَالَ (ﷺ): ((كُلُّ ضَعِيفٍ مُتَضَعِّفٍ، لَوْ أَقْسَمَ عَلَى اللَّهِ لَأَبَرَّهُ)). ثُمَّ قَالَ: ((أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَهْلِ النَّارِ)). قَالُوا: بَلَى، قَالَ: ((كُلُّ عُتُلٍّ جَوَّاظٍ مُسْتَكْبِرٍ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٦٣٤]

لە(حارثـة)ی کـوڕی (وهـب)(ﷺ) گوێـی لـە پێغەمبـەر (ﷺ) بـووە کـە فەرموویـەتی: ((پێتان بڵێم بەهەشتیەکان کامانـەن)) وتیـان: بـەڵێ، فـەرمووی: ((هەموو کەسێکی لاوازی خۆ بەلاواز زان ، کە ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوات داواکەی بۆ جێبەجێ ئەکات)). پاشان فەرمووی: ((پێتان بڵێم دۆزەخی‌یـەکان کامانـەن)) وتیـان: بـەڵێ، فـەرمووی: ((هـەموو کەللـە ڕەقێکـی چاوبرسـی خـۆ پەرستی لە خۆبایی خۆبەزل زان)).

١٨٨٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((رُبَّ أَشْعَثَ مَدْفُوعٍ بِالْأَبْوَابِ، لَوْ أَقْسَمَ عَلَى اللَّهِ لَأَبَرَّهُ)).

(ابـي هريـرة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ڕەنگـە زۆر کەسـی سـەروقژ ئاڵۆسکاوی پـەڕپوتی دەرکـراوی بـەردەرگای ئـەوتۆ هـەبێت ، ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوات {کە ئەبێ فلان شتی بۆ بکات} بۆی جێبـەجێ دەکات.

١٨٨٩- عَنْ عِيَاضِ بْنِ حِمَارٍ الْمُجَاشِعِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ ذَاتَ يَوْمٍ فِي خُطْبَتِهِ: ((أَلَا إِنَّ رَبِّي أَمَرَنِي أَنْ أُعَلِّمَكُمْ مَا جَهِلْتُمْ مِمَّا عَلَّمَنِي يَوْمِي هَذَا: كُلُّ مَالٍ نَحَلْتُهُ عَبْدًا حَلَالٌ، وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ. وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ، وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ، وَأَمَرَتْهُمْ أَنْ يُشْرِكُوا بِي مَا لَمْ أُنْزِلْ بِهِ سُلْطَانًا. وَإِنَّ اللَّهَ نَظَرَ إِلَى أَهْلِ الْأَرْضِ فَمَقَتَهُمْ، عَرَبَهُمْ وَعَجَمَهُمْ، إِلَّا بَقَايَا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ، وَقَالَ: إِنَّمَا بَعَثْتُكَ لِأَبْتَلِيَكَ وَأَبْتَلِيَ بِكَ، وَأَنْزَلْتُ عَلَيْكَ كِتَابًا لَا يَغْسِلُهُ الْمَاءُ، تَقْرَؤُهُ نَائِمًا وَيَقْظَانَ. وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَنِي أَنْ أُحَرِّقَ قُرَيْشًا، فَقُلْتُ: رَبِّ إِذًا يَثْلَغُوا رَأْسِي فَيَدَعُوهُ خُبْزَةً، قَالَ: اسْتَخْرِجْهُمْ كَمَا اسْتَخْرَجُوكَ، وَاغْزُهُمْ نُغْزِكَ، وَأَنْفِقْ فَسَنُنْفِقَ عَلَيْكَ، وَابْعَثْ جَيْشًا نَبْعَثْ خَمْسَةً

مِثْلَهُ، وَقَاتِلْ بِمَنْ أَطَاعَكَ مَنْ عَصَاكَ. قَالَ: وَأَهْلُ الْجَنَّةِ ثَلَاثَةٌ: ذُو سُلْطَانٍ مُقْسِطٌ مُتَصَدِّقٌ مُوَفَّقٌ، وَرَجُلٌ رَحِيمٌ رَقِيقُ الْقَلْبِ لِكُلِّ ذِي قُرْبَى وَمُسْلِمٍ، وَعَفِيفٌ مُتَعَفِّفٌ ذُو عِيَالٍ. قَالَ: وَأَهْلُ النَّارِ خَمْسَةٌ: الضَّعِيفُ الَّذِي لَا زَبْرَ لَهُ، الَّذِينَ هُمْ فِيكُمْ تَبَعًا، لَا يَبْتَغُونَ أَهْلًا وَلَا مَالًا. وَالْخَائِنُ الَّذِي لَا يَخْفَى لَهُ طَمَعٌ وَإِنْ دَقَّ إِلَّا خَانَهُ. وَرَجُلٌ لَا يُصْبِحُ وَلَا يُمْسِي إِلَّا وَهُوَ يُخَادِعُكَ عَنْ أَهْلِكَ وَمَالِكَ -وَذَكَرَ الْبُخْلَ أَوِ الْكَذِبَ- وَالشِّنْظِيرُ الْفَحَّاشُ)).

لـە (عیاض)ی کوڕی (حمار)ی (المجاشعي)یـەوە (ﷺ) کـە پێغەمبـەر (ﷺ) ڕۆژێکیان لەوتارێکیدا فەرمووی: ((بزانـن کـە پـەروەردگار فـەرمانی پـێکردووم، ئەوەی کە نازانن فێرتان بکەم لەوەی کـە لـەم ڕۆژەدا فـێری کـردووم. هـەر ماڵێك کە خەڵاتم کردبێت بە بەندەیەك ئەوە بۆی حەڵاڵە، من بـەندەکانی خـۆمم هـەموو لەسەر ڕێگای ڕاستی و یەکتاپەرستی دروست کـردووە، کـەچی شـەیتانەکان هاتن بۆیان و لە دینی خۆیانیان لادان و، ئەوەی بۆم حەڵاڵ کردبوون حـەرامیان کـرد لـە سـەریان، فـەرمانیان پێکـردن کـە هـاوەڵم بـۆ دابنێـن بێئـەوەی هیـچ بەڵگەیەکم لەسەر ناردبێت، خوای باڵادەست تەماشای هـەموو دانشـتوانی سـەر زەوی کـرد هەرهـەموویانی لابـێزرا چ عـەرەبیان و چ عەجـەمیان مەگـەر کـەمێك نەبێت لە پاشماوەی خاوەن کتێبـەکان و، فەرمووی: ((ئـەی موحـەمەد من بۆیـە تـۆم نـاردووە تـا تـۆ تاقیبکەمـەوە و کەسـانی تریشـت پـێ تـاقی بکەمـەوە، مـن نامەیـەکم ناردۆتـە سـەرتۆ کـە ئـاو نایشـواتەوە، چ لەخـەودا و چ لـە بێداریـدا دەیخوێنیتـەوە. هـەروەها خـوا فـەرمانی پێکـردووم کـە قورەیـش بسـوتێنم [لەناویان بەرم]. منیش وتم: پەروەردگار جا ئەگەر وابکـەم ئـەوانیش وەکو نـان سەرم کـەرت و پـەرت دەکـەن، ئـەویش فـەرمووی: ((تـۆیش دەریانکە وەك چـۆن ئـەوان دەریـان کـردی ، لەگـەڵیان بجـەنگن ئێمـە یارمـەتیت دەدەیـن، تـۆ سـامانی خۆت ببەخشە ئێمەیش پێتدەبەخشین لەشکرێك بنێرە ئێمە پێنجی وەك ئـەوت بـۆ دەنێرین، بەوانـەی کـە گوێڕایـەڵیت دەکـەن. بجەنگـە لەگـەڵ ئەوانـەی لێـت بـاخیبوون. فـەرمووی: ((بەهەشـتیەکان سـیانن: کاربەدەسـتێکی دادوەری خێرخوازی سـەرکەوتوو، پیـاوێکی دلۆڤـانی میـهرەبانی دڵ نـەرم لەگـەڵ هـەموو خزم و دۆست و موسڵمانێکدا و کەسێکی خاوخێزانداری دەرونبـەرزی بێنیـاز لـە خـەڵکی. فەرمووشـی: ((دۆزەخیـەکانیش پێنجـن ئـەو زەبـوون و لاوازەی کـە

هزروبیری نییـه، ئەوانـەی کەلـە نێوتـاندا هەمیشـە پاشـکۆن، مـاڵ و منـداڵ و سامانیان ناوێت، ئەو خیانەتکارەیش کە هەرچی بۆ ڕێکبکەوێت باکەمیش بێت خیانەتی لێدەکات. پیاوێکیش کە بەیانی و ئێوارە هەردەیـەوێت بتخەڵەتێنێ و لەماڵ و خێزانتا گزیت لێبکات- باسی ڕژدی یان درۆیشی کرد- هەروەها کە چ ڕەوشت و هەرزەگۆو بەدکاریش)).

(١٦) نەبڕانەوەیی بەهەشت و دۆزەخ

١٨٩٠ـ عَنْ عَبْدِ اللَّه بْنِ عُمَرَ ر: أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا صَـارَ أَهْـلُ الْجَنَّةِ إِلَى الْجَنَّةِ وَصَارَ أَهْلُ النَّارِ إِلَى النَّارِ: أُتِـيَ بِالْمَوْتِ حَتَّـى يُجْعَلَ بَيْنَ الْجَنَّة وَالنَّارِ، ثُمَّ يُذْبَحُ، ثُمَّ يُنَادِي مُنَادٍ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ لَا مَوْتَ، وَيَا أَهْلَ النَّارِ لَا مَوْتَ. فَيَزْدَادُ أَهْلُ الْجَنَّةِ فَرَحًا إِلَى فَرَحِهِمْ، وَيَـزْدَادُ أَهْـلُ النَّـارِ حُزْنًـا إِلَـى حُزْنِـهِمْ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٨٢]

لە(عبدالله)ی کوڕی (عمر)(ﷺ) ەوە: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((کاتـێ بەهەشـتیەکان بـەرەو بەهەشـت یـەکلایی کرانـەوە و، دۆزەخیـەکانیش بەرەو دۆزخ یەکلاکرانەوە. مردن دەهێنرێت، لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا سەر دەبڕێت، ئینجا جاڕ چیەك جاڕ دەدات: ئەی بەهەشتیەکان ئیتر مردن نی‌یە و، ئەی دۆزەخیەکانیش ئیـتر مـردن نی‌یـە، ئینجـا بەهەشـتیەکانیش لەسەرو دڵ خۆشـی‌یەکەیانەوە هێنـدەی تـر دڵخـۆش دەبـن، و دۆزەخی‌یـەکانیش لەســەرو خەفەتەکەیانەوە هێندەی تر خەفەت باردەبن)).

(٦٥) بەشی ئاگری دۆزەخ

(١) جلەوەكانی دۆزەخ

١٨٩١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ زِمَامٍ، مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا)).

(عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((دۆزەخ دەهێنرێت حەفتا هەزار جڵەوی هەیە، لەگەڵ هەرجڵەوێكدا حەفتا هەزار فریشتە هەن ڕایدەكێشن)).

(٢) سەختیی گەرمی دۆزەخ

١٨٩٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي يُوقِدُ ابْنُ آدَمَ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ)). قَالُوا: وَاللَّهِ إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((فَإِنَّهَا فُضِّلَتْ عَلَيْهَا بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا، كُلُّهَا مِثْلُ حَرِّهَا)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٩٢]

(ابي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەم ئاگرەی كە ئادەمیزاد بۆ سوتاندن بەكاری دەهێنن بەشێكە لە حەفتا بەشی گەرمی دۆزەخ)) وتیان: ئەگەر هەر ئەمەیش بوایا بەسبوو ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش فەرمووی: ((لە ڕاستیدادۆزەخ شەست و نۆپلەی زیاترە لەو، هەر بەشێكی بەوێنەی ئەو گەرمە)).

(٣) قووڵیی دۆزەخ

١٨٩٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذْ سَمِعَ وَجْبَةً، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((تَدْرُونَ مَا هَذَا)). قَالَ: قُلْنَا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((هَذَا حَجَرٌ رُمِيَ بِهِ فِي النَّارِ مُنْذُ سَبْعِينَ خَرِيفًا، فَهُوَ يَهْوِي فِي النَّارِ الْآنَ، حَتَّى انْتَهَى إِلَى قعرها)).

(ابي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: لەكاتێكدا ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا بووین (ﷺ) گوێی لە گرمەیەك بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((دەزانن ئەوە چیبوو)) وتمان: خوا و پێغەمبەری خوا زاناترن، فەرمووی: ((ئەوە بەردێك بوو فڕێدرایە ناو دۆزەخەوە، حەفتا پایزە ڕۆدەچێت ئێستا دای لە بنەكەی)).

(٤) سووك ترين سزاى دۆزەخ

١٨٩٤ـ عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَهْوَنَ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا مَنْ لَهُ نَعْلَانِ وَشِرَاكَانِ مِنْ نَارٍ، يَغْلِي مِنْهُمَا دِمَاغُهُ كَمَا يَغْلِ الْمِرْجَلُ، مَا يَرَى أَنَّ أَحَدًا أَشَدُّ مِنْهُ عَذَابًا، وَإِنَّهُ لَأَهْوَنُهُمْ عَذَابًا)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٩٤]

(نعمان)ى كوڕى (بشير) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرموويەتى: ((سووكترين سزاى ئەهلى دۆزەخ سزاى كەسێكە كە جووتێ نەعلى ئاگرينى لەپێدايە، مێشكى سەرى پێيانەوە دەكوڵێ وەك چۆن مەنجەڵى ئاو دەكوڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەيشدا وانابينێت كەكەس لەو سزاى سەختتر بێت، كەچى ئەو لەهەموويان سزاى سووكترە)).

(٥) ئاگرتاكوێى دۆزەخيى دەگرێت

١٨٩٥ـ عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدَبٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مِنْهُمْ مَنْ تَأْخُذُهُ النَّارُ إِلَى كَعْبَيْهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ تَأْخُذُهُ النَّارُ إِلَى رُكْبَتَيْهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ تَأْخُذُهُ النَّارُ إِلَى حُجْزَتِهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ تَأْخُذُهُ النَّارُ إِلَى تَرْقُوَتِهِ)).

(سمره)ى كوڕى (جندب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرموويەتى: ((دۆزەخيەكان هەيانە ئاگرتا قوولە پێى دێ و، هەيانە تا هەردوو ئەژنۆى و، هەشيانە تا پشتێنەى و، هەشيانە تا ئێسكى بن ملى دێت)).

(٦) دۆزەخ جێى خۆسەپێنەر و ستەمكارانە و بەهەشتيش جێى هەژار و لاوازەكانە

١٨٩٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَحَاجَّتِ الْجَنَّةُ وَالنَّارُ، فَقَالَتِ النَّارُ: أُوثِرْتُ بِالْمُتَكَبِّرِينَ وَالْمُتَجَبِّرِينَ، وَقَالَتِ الْجَنَّةُ: فَمَا لِي لَا يَدْخُلُنِي إِلَّا ضُعَفَاءُ النَّاسِ وَسَقَطُهُمْ وَغِرَّتُهُمْ؟ قَالَ اللَّهُ لِلْجَنَّةِ: إِنَّمَا أَنْتِ رَحْمَتِي، أَرْحَمُ بِكِ مَنْ أَشَاءُ مِنْ عِبَادِي. وَقَالَ لِلنَّارِ: إِنَّمَا أَنْتِ عَذَابِي، أُعَذِّبُ بِكِ مَنْ أَشَاءُ مِنْ عِبَادِي، وَلِكُلِّ وَاحِدَةٍ مِنْكُمَا مِلْؤُهَا، فَأَمَّا النَّارُ: فَلَا تَمْتَلِئُ حَتَّى يَضَعَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى رِجْلَهُ، تَقُولُ: قَطْ قَطْ قَطْ، فَهُنَالِكَ تَمْتَلِئُ وَيُزْوَى بَعْضُهَا إِلَى بَعْضٍ، وَلَا يَظْلِمُ اللَّهُ مِنْ خَلْقِهِ أَحَدًا. وَأَمَّا الْجَنَّةُ فَإِنَّ اللَّهَ يُنْشِئُ لَهَا خَلْقًا)). [بخاري/ التفسير/ ٤٥٦٩]

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرموويەتى: ((بەهەشت و دۆزەخ مشت و مڕيان بوو، دۆزەخ وتى: من تايبەت كراوم بە خۆبەزل زان و مل

هوڕە ستەمكارەكان بەهەشتیش وتی: باشە من چیمە وا هەركەسانی زەبوون و لاواز و بێسەرو ساختە و ڕازونیاز نەبێت نایەتە ناوم؟ خوای باڵا دەستیش بە بەهەشتی فەرموو: ئەی بەهەشت تۆ بەزەیی منی بەتۆ بەزەیی دەنوێنم بۆ هەر كەس بمەوێت لە بەندەكانم. بە دۆزەخیشی فەرموو: ئەی دۆزەخ تۆیش سزای منی، هەر كەس بمەوێت لەبەندەكانم بە تۆ سزای دەدەم، هەر یەك لە ئێوە پڕ بەپڕی خۆی هەیە، بەلاّم ئاگر: پڕ نابێت تاوەكو خوای بەرز و بڵند پێیەكی [قودرەتی] پیادەنێت. ئینجا دۆزەخ دەڵێت: بەسمە، بەسمە، ئیتر لەوێدا دێتەوە یەك و پڕبەپڕی ، خوایش ستەم لە هیچ كام لەدروست كراوەكانی ناكات. بەهەشتیش پڕ نابێت تا خوا جۆرە دروست كراوێكی بۆ بەدی دەهێنێ)).

(٧) سزای كەسێك كە چوارپێی نەزركرد بۆ بتەكان

١٨٩٧ـ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ قَالَ: سَمِعْتُ سَعِيدَ بْنَ الْمُسَيَّبِ يَقُولَ: إِنَّ الْبَحِيرَةَ: الَّتِي يُمْنَعُ دَرُّهَا لِلطَّوَاغِيتِ، فَلَا يَحْلُبُهَا أَحَدٌ مِنَ النَّاسِ. وَأَمَّا السَّائِبَةُ: الَّتِي كَانُوا يُسَيِّبُونَهَا لِآلِهَتِهِمْ فَلَا يُحْمَلُ عَلَيْهَا شَيْءٌ. وَقَالَ ابْنُ الْمُسَيَّبِ: قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ (ﷺ): قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((رَأَيْتُ عَمْرَو بْنَ عَامِرٍ الْخُزَاعِيَّ يَجُرُّ قُصْبَهُ فِي النَّارِ، وَكَانَ أَوَّلَ مَنْ سَيَّبَ السُّيُوبَ)).

(ابن شهاب) دەڵێت: گوێم لە (سعید)ی كوڕی (مسیب)بوو دەیگووت (بحیرە) بریتی‌یە لەو چوار پێیەی كە شیرەكەی گل دەدرایەوە بۆ بتەكان، ئیتر كەس نەیدەدۆشی. بەلاّم (سائبە): بریتی‌بوو لەو چوارپێیەی وازی لێدەهێنرا و هیچی پێ هەڵنەدەگیرا لەبەر خاتری بتەكانیان. (ابن المسیب) دەڵێ: (ابو هریرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((عمرو) ی كوڕی (عامر الخزاعی)م بینی ڕیخۆڵەی خۆی بەناو ئاگردا ڕادەكێشا، كە یەكەمین كەس بوو چوارپێی واز لێهێنراوی نەزركرد {بۆ بتەكان})).

(٨) گەورەیی خڕێی بێ باوەڕ لە ئاگردا

١٨٩٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ضِرْسُ الْكَافِرِ -أَوْ نَابُ الْكَافِرِ- مِثْلُ أُحُدٍ، وَغِلَظُ جِلْدِهِ مَسِيرَةُ ثَلَاثٍ)).

(ابی هریره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خڕێی بێباوەڕ بە وێنەی كێوی ئوحودە، ئەستوری پێستیشی سێ ڕۆژ ڕێگایە)).

١٨٩٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) -يَرْفَعُهُ- قَالَ: ((مَا بَيْنَ مَنْكِبَيِ الْكَافِرِ فِي النَّارِ مَسِيرَةُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ لِلرَّاكِبِ الْمُسْرِعِ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٨٥]

لە (أبـو هريـرة)ەوە (ﷺ) دەيگـەيێنێ بـە پێغەمبـەر (ﷺ) كـە فەرموويـەتی: ((نێوانی هەردوو دەفەی شانی بێ باوەڕ لە ئاگردا سێ ڕۆژ ڕێگایـە بۆ سـواری خێرای چاپووك))

(٩) سزای ئەوانەی خەڵكی سزادەدەن

١٩٠٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا: قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ، مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ: رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)).

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی: ((دوو تاقم هەن كە دۆزەخین نەمبینیون: تاقمێكیان كە قامچییان پێیە وەك كلكی مانگا خەڵكی پێدائەپلۆسن، لەگـەڵ چـەند ژن گـەلێكی {بـەناو} پۆشـتەی ڕووت و قووتـی، تەفرە خواردووی تەفرەدەر سـەروقژیان هەر دەڵێی سـەركۆپارەی لاری وشترە، ناچنە بەهەشت و بۆنیشی ناكەن، ئەگەر چی بۆنی لەئەمەندە و ئەمەندە ڕێگەوە هەستی پێدەكرێت)).

١٩٠١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنْ طَالَتْ بِكَ مُدَّةٌ أَوْشَكْتَ أَنْ تَرَى قَوْمًا يَغْدُونَ فِي سَخَطِ اللَّهِ وَيَرُوحُونَ فِي لَعْنَتِهِ، فِي أَيْدِيهِمْ مِثْلُ أَذْنَابِ الْبَقَرِ)).

(أبـو هريـرة)(ﷺ) دەڵـێ: گوێـم لێبـوو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەيفـەرموو: ((ئەگەر خوا ماوەيـەك تەمـەنی درێـژ كردينـەوە نزيكـە تـاقمێك ببينـی كـە لـە توڕەيی خوادا ڕۆژ دەكەنەوە و، لە نەفرينی ئەويشدا ئێوارە دەكەنەوە، شتێكی وەك كلكی مانگايان بەدەستەوەيە)).

(١٠) نوقم كردنی بەختەوەر ترين كەسی دونيا لە دۆزەخی خواو بە پێچەوانەوە.

١٩٠٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يُؤْتَى بِأَنْعَمِ أَهْلِ الدُّنْيَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَيُصْبَغُ فِي النَّارِ صَبْغَةً ثُمَّ يُقَالُ: يَا ابْنَ آدَمَ هَلْ رَأَيْتَ خَيْرًا قَطُّ؟ هَلْ مَرَّ بِكَ نَعِيمٌ قَطُّ؟ فَيَقُولُ: لَا وَاللَّهِ يَا رَبِّ. وَيُؤْتَى بِأَشَدِّ النَّاسِ

بُؤْسًا فِي الدُّنْيَا مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ، فَيُصْبَغُ صَبْغَةً فِي الْجَنَّةِ، فَيُقَالُ لَهُ: يَا ابْنَ آدَمَ هَلْ رَأَيْتَ بُؤْسًا قَطُّ؟ هَلْ مَرَّ بِكَ شِدَّةٌ قَطُّ؟ فَيَقُولُ: لَا وَاللَّهِ يَا رَبِّ، مَا مَرَّ بِي بُؤْسٌ قَطُّ، وَلَا رَأَيْتُ شِدَّةً قَطُّ)).

(انـس)ی کـوڕی (مـالك) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((بەختەوەرترینی کەس لە دۆزەخیەکان لە ڕۆژی قیامەتدا دەهێنرێت، یەکجار هەڵدەژەنرێت لە ئاگر پاشان پێی دەوترێت: ئەی نەوەی ئادەم ئایا هەرگیز خێر و خوشیت دیووە، ئایا هـەرگیز نیعمـەتی خـوا بەسەرتا تێپـەڕیووە؟ ئـەویش دەڵێت: نەبەخوا ئەی پەروەدگار، ئینجـا خـێر لـە خۆنـەدیوترین کەسیش لـە دونیادا لەبەهەشتیەکان دەهێنرێت یەکجار لە بەهەشتا هـەڵدەژەنرێت پاشان پێی دەوترێت: ئەی نەوەی ئادەم ئایا هەرگیز ناخۆشیت بەخۆتەوە بینیوە، ئایا هـەرگیز سـەختیی بەسـەرتا تێپـەڕیووە، ئـەویش دەڵێـت: نەبـەخوا ئـەی پەروەردگار، هەرگیز ناخۆشیم لە ژیاندا نەدیوە، هەرگیز سەختیم نەدیوە)).

(٦٦) بەشی ئاشووب و فیتنە

(١) نزیك بونەوەی فیتنە و لەناوچوون کاتێ تاوان زۆر بوو

١٩٠٣ـ عَنْ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) اسْتَيْقَظَ مِنْ نَوْمِهِ وَهُوَ يَقُولُ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَيْلٌ لِلْعَرَبِ مِنْ شَرٍ قَد اقْتَرَبَ، فُتِحَ الْيَوْمَ مِنْ رَدْمِ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مِثْلُ هَذِهِ)). وَعَقَدَ سُفْيَانُ بِيَدِهِ عَشَرَةً. قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، إِذَا كَثُرَ الْخَبَثُ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٦٨]

لە(زینب)ی کچی (جحش) (ﷺ)ەوە: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەخەو ڕاپەڕی دەیفەرموو: ((لا اله الا الله، هاوار بۆ عەرەب لە شەڕێك کە نزیك بۆتەوە، ئەمڕۆ لە بەربەستەکەی (یأجوج) و(مأجوج) ئەوەندەی ئەمە کونی تێبوو)) (سفیان) ئاماژەی بۆ ژمارە دەکرد. منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لەناو دەچین لە کاتێکدا ئێمە {هێشتا} پیاوچاکانمان تێدایە؟. ئەویش فەرمووی: ((بەڵێ کاتێك تاوان زۆر بوو))

١٩٠٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((فُتِحَ الْيَوْمَ مِنْ رَدْمِ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مِثْلُ هَذِهِ)). وَعَقَدَ وُهَيْبٌ بِيَدِهِ تِسْعِينَ. [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٦٩]

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەمڕۆ لەبەربەستەکەی یاجوج و ماجوج و ئەوەندەی ئەمە کەلەبەری تێکەوت (وهیب) بەدەستی ئاماژەی بۆ نەوەد کرد.

(٢) دابەزینی فیتنە وەك بارانی لێزمە

١٩٠٥ـ عَنْ أُسَامَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَشْرَفَ عَلَى أُطُمٍ مِنْ آطَامِ الْمَدِينَةِ، ثُمَّ قَالَ: ((هَلْ تَرَوْنَ مَا أَرَى؟ إِنِّي لَأَرَى مَوَاقِعَ الْفِتَنِ خِلَالَ بُيُوتِكُمْ كَمَوَاقِعِ الْقَطْرِ)). [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٧٩]

لە (أسامە)ی کوڕی (زید)(ﷺ)ەوە: کە پێغەمبەریخوا (ﷺ) بەسەر باڵەخانەیەك لە باڵەخانەکانی مەدینەدا سەرکەوت و، پاشان فەرمووی: ((ئایا ئەوەی من دەیبینم ئێوە دەیبینن؟ بێگومان من لە نێو ماڵەکانتانەوە شوێنگەی فیتنە دەبینم وەك شوێنگەی بارانی بەلێزمە)).

(٣) هاتنی فیتنە بەسەر دڵاندا پەیتا پەیتا

١٩٠٦ـ عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ عُمَرَ (ﷺ) فَقَالَ: أَيُّكُمْ سَمِعَ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَذْكُرُ الْفِتَنَ؟ فَقَالَ قَوْمٌ: نَحْنُ سَمِعْنَاهُ. فَقَالَ: لَعَلَّكُمْ تَعْنُونَ فِتْنَةَ الرَّجُلِ فِي أَهْلِهِ وَجَارِهِ؟ قَالُوا: أَجَلْ. قَالَ: تِلْكَ تُكَفِّرُهَا الصَّلَاةُ وَالصِّيَامُ وَالصَّدَقَةُ، وَلَكِنْ أَيُّكُمْ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) يَذْكُرُ الْفِتَنَ الَّتِي تَمُوجُ مَوْجَ الْبَحْرِ؟ قَالَ حُذَيْفَةُ: فَأَسْكَتَ الْقَوْمُ، فَقُلْتُ: أَنَا. قَالَ: أَنْتَ لِلَّهِ أَبُوكَ؟ قَالَ حُذَيْفَةُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَقُولُ: ((تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا، فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ، وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ، حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ: عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا فَلَا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ، وَالْآخَرُ أَسْوَدُ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا، لَا يَعْرِفُ مَعْرُوفًا وَلَا يُنْكِرُ مُنْكَرًا، إِلَّا مَا أُشْرِبَ مِنْ هَوَاهُ)). قَالَ حُذَيْفَةُ: وَحَدَّثْتُهُ: أَنَّ بَيْنَكَ وَبَيْنَهَا بَابًا مُغْلَقًا يُوشِكُ أَنْ يُكْسَرَ. قَالَ عُمَرُ: أَكَسْرًا لَا أَبَا لَكَ؟ فَلَوْ أَنَّهُ فُتِحَ لَعَلَّهُ كَانَ يُعَادُ. قُلْتُ: لَا، بَلْ يُكْسَرُ. وَحَدَّثْتُهُ أَنَّ ذَلِكَ الْبَابَ رَجُلٌ يُقْتَلُ أَوْ يَمُوتُ، حَدِيثًا لَيْسَ بِالْأَغَالِيطِ. قَالَ أَبُو خَالِدٍ: فَقُلْتُ لِسَعْدٍ: يَا أَبَا مَالِكٍ مَا أَسْوَدُ مُرْبَادًّا؟ قَالَ: شِدَّةُ الْبَيَاضِ فِي سَوَادٍ. قَالَ: قُلْتُ: فَمَا الْكُوزُ مُجَخِّيًا؟ قَالَ: مَنْكُوسًا. [بخاري/ مواقيت الصلاة/ ٥٠٢]

لە(حذيفة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لە کاتێکدا لە خزمەت (عمر)دا بوین وتی: کێتان بیستوویەتی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی فیتنەی کردبێت؟ خەڵکەکە وتیان: ئێمە بیستوومانە . ئەویش وتی: ڕەنگە ئێوە مەبەستان پێی ئەو فیتنە بێت کە پیاو بەهۆی ماڵ و منداڵ و دەرودراوسێیەوە تووشی دێت؟ وتیان: بەڵێ، وتی: ئەو جۆرە فیتنە نوێژ و ڕۆژو و خێر و خێرات دەیسڕێتەوە، بەڵام داخۆ ئێوە کامتان بیستوویەتی کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی لەو فیتنە کردبێت کە وەك دەریا شەپۆل دەدات. (حذيفة) دەڵێ: خەڵکەکە بێدەنگ بوون منیش وتم: من. وتی: تۆ باوکت بەرەحمەت بێت؟ (حذيفة) وتی: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە کە دەیفەرموو: ((لەمەولا فیتنە و ئاشووب دێت بەسەر دڵاندا وەك چۆن حەسیر تاڵ تاڵ لەسەر یەك دادەنرێت، هەر دڵێکیش هەڵیمژێت زوو بیمژێت ئەوا خاڵێکی ڕەشی تێدا دروست دەبێت، بەڵام هەر دڵێك حەزی پێنەکات ئەوە خاڵێکی سپی تیدا دروست دەبێت. تاوەکو دڵەکان دەبن بە دوو جۆر دڵ: دڵێکی سپی و سافی وەك قوماشی سپی و ساف، هیچ فیتنەیەك

زیـانی لێنـادات چـەندە ئاسمانـەکان و زەوی بـەردەوام بـن، دڵەکـەی تریشـیان دڵێکـی ڕەش و تـاریك وەك گـۆزەی سـەربەرەو خـوار نـەچاك بـەچاك دەزانـێ و نـەخراپ بە خـراپ، مەگـەر ئـەوەی کە ئارەزووی خـۆی دەیخوازێـت)) (حذیفـة) دەڵێ: بە (عمر)م وت: کەلە نیوان تۆو ئەودا {ئـەو جـۆرە فیتنـەدا} دەرگایـەکی داخراو هەیە نزیکە بشکێت. (عمر)یش وتـی: بـی باوك بیـت بـۆ شـکاندن بێـت؟ خۆ ئەگەر بکرێتەوە پێوە دەدرێتەوە، منیـش وتم: نـەخێر بـەڵکو دەشـکێنرێت. بۆم باس کرد کە ئەو دەرگایە بریتی‌یە لە پیاوێك دەکوژرێت یا دەمرێـت، ئەمـە فەرموودەیە و هەڵەی تێدا نییە.

(٤) شەیتان لەشکرەکانی خۆی بۆ تێکدانی خەڵك دەنێرێت

١٩٠٧ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ إِبْلِيسَ يَضَعُ عَرْشَهُ عَلَى الْمَاءِ، ثُمَّ يَبْعَثُ سَرَايَاهُ، فَأَدْنَاهُمْ مِنْهُ مَنْزِلَةً أَعْظَمُهُمْ فِتْنَةً، يَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ: فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا، فَيَقُولُ: مَا صَنَعْتَ شَيْئًا. قَالَ: ثُمَّ يَجِيءُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ: مَا تَرَكْتُهُ حَتَّى فَرَّقْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ امْرَأَتِهِ، قَالَ: فَيُدْنِيهِ مِنْهُ وَيَقُولُ: نِعْمَ أَنْتَ –قَالَ الْأَعْمَشُ: أُرَاهُ قَالَ– فَيَلْتَزِمُهُ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((شـەیتان تـەختی خۆی لەسەر ئاو دادەنێت، پاشان مەفرەزەکانی {بەملاولادا} دەنێرێت، کامیـان لای شـەیتان پلەوپایـەی نزمـترە لـە هـەموویان سـاختەچی تـرە، یـەکێکیان کـە دێتـەوە بـۆلای دەڵێـت: ئـەوەم کـرد و ئـەوەم کـرد، ئـەویش دەڵێـت: هیچـت نـەکردووە. پاشـان یـەکێکی تریـان دێت و دەڵێت وازم لـە کابرانـەهێنا تـا نێـوان خۆی و ژنەکەیم تێك دا، ئەوجا ئەویش لەخۆیی نزیك دەخاتەوە و دەڵێت: ئای تۆ چەند چاکی– (اعمش) دەڵێ: وابزانم فەرمووی: ((دەستیشی لەمل دەکات)).

(٥) فیتنە و شێوەکانی

١٩٠٨ـ عَنْ أَبِي إِدْرِيسَ الْخَوْلَانِيِّ كَانَ يَقُولُ: قَالَ حُذَيْفَةُ بْنُ الْيَمَانِ (ﷺ): وَاللَّهِ إِنِّي لَأَعْلَمُ النَّاسِ بِكُلِّ فِتْنَةٍ هِيَ كَائِنَةٌ فِيمَا بَيْنِي وَبَيْنَ السَّاعَةِ، وَمَا بِي إِلَّا أَنْ يَكُونَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَسَرَّ إِلَيَّ فِي ذَلِكَ شَيْئًا لَمْ يُحَدِّثْهُ غَيْرِي، وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ –وَهُوَ يُحَدِّثُ مَجْلِسًا أَنَا فِيهِ عَنِ الْفِتَنِ– فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يَعُدُّ الْفِتَنَ: ((مِنْهُنَّ ثَلَاثٌ لَا يَكَدْنَ يَذَرْنَ شَيْئًا، وَمِنْهُنَّ فِتَنٌ كَرِيَاحِ الصَّيْفِ، مِنْهَا صِغَارٌ وَمِنْهَا كِبَارٌ)). قَالَ حُذَيْفَةُ: فَذَهَبَ أُولَئِكَ الرَّهْطُ كُلُّهُمْ غَيْرِي.

(أبـی إدریـس)ی (الخولانـی) دەیـووت: (حذیفـة)ی (ﷺ) کـوڕی (یمـان) وتوویەتی: بەخوا من لە هەموو کەس زاناترم بەهەموو فیتنەیەك کە ڕوودەدات لە ئێستاوە تاقیامەت.. خۆ وەنەبێ من هیچ شتێکی ئەو تۆم هەبێت جگەلەوەی کە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) لەوبارەوە چـەند شـتێکی [نـهێنی] پێوتـووم کـە بەکەسی تری نەوتووە. بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەکاتێکدا قسەی بۆ کۆڕێك دەکرد کە منیشیان تێدابووم دەربارەی فیتنەکان. پێغەمبەری خـوا (ﷺ) لەکاتێکدا خەریکی ژماردنی فیتنەکانبوو، فەرمووی: ((سـیانیان نزیکە هیچ شتێك نەبوێرن و، هەیشیانە چەند فیتنەیەکن وەك هاوینەبا، هەیانە بچووکن و هەشیانە گەورە)) (حذیفة)دەڵێ: هەموو ئەو چەند کەسانە مردوون من نەبێت.

١٩٠٩ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَقَامًا مَا تَرَكَ شَيْئًا يَكُونُ فِي مَقَامِهِ ذَلِكَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ إِلَّا حَدَّثَ بِهِ، حَفِظَهُ مَنْ حَفِظَهُ وَنَسِيَهُ مَنْ نَسِيَهُ، قَدْ عَلِمَهُ أَصْحَابِي هَؤُلَاءِ، وَإِنَّهُ لَيَكُونُ مِنْهُ الشَّيْءُ قَدْ نَسِيتُهُ فَأَرَاهُ فَأَذْكُرُهُ، كَمَا يَذْكُرُ الرَّجُلُ وَجْهَ الرَّجُلِ إِذَا غَابَ عَنْهُ، ثُمَّ إِذَا رَآهُ عَرَفَهُ. [بخاري/ القدر/ ٦٢٣٠]

(حذیفة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شوێنێکدا لەناوماندا ڕاوەستا هیچ شتێکی نەهێشتەوە کەلەوکاتەوە تاقیامەت ڕوودەدات هەر هەمووی باس کرد، ئەوەی لەبەری کرد لەبەری کرد و، ئەوەیش لەبیری چووە لەبیری چوو، هەموو ئەم هاوەڵانەم بەمە دەزانن، جاری واهەیە هەندێك لەوەی بیستوومە و لـەبیرم چۆتـەوە کـە دەبینـم [ڕوودەدات] بـیرم دەکەوێتـەوە، وەك پیـاوێك ڕووخساری پیاوێك دێتەوە بیری کاتێك لێی وندەبێت. پاشان کاتێك بینیەوە دەیناسێتەوە.

١٩١٠ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: أَخْبَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَا هُوَ كَائِنٌ إِلَى أَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ، فَمَا مِنْهُ شَيْءٌ إِلَّا قَدْ سَأَلْتُهُ، إِلَّا أَنِّي لَمْ أَسْأَلْهُ: مَا يُخْرِجُ أَهْلَ الْمَدِينَةِ مِنَ الْمَدِينَةِ.

(حذیفـة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) خەبەری پێـداوم لـەوەی کـە ڕوودەدات تاڕۆژی قیامەت. هیچ شتێك نەماوەتەوە لێی ئیلا پرسیارم لێکردووە دەربـارەی. مەگـەر ئـەوەی کـە لێـم نەپرسـی چـی خـەڵکی مەدینـە لـە مەدینـە دەردەکات.

١٩١١ـ عَنْ أبي زَيْدٍ [يَعْنِي عَمْرَو بْنَ أَخْطَبَ] (رضي الله عنه) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) الْفَجْرَ، وَصَعِدَ الْمِنْبَرَ فَخَطَبَنَا حَتَّى حَضَرَتِ الظُّهْرُ فَنَزَلَ فَصَلَّى. ثُمَّ صَعِدَ الْمِنْبَرَ، فَخَطَبَنَا حَتَّى حَضَرَتِ الْعَصْرُ ثُمَّ نَزَلَ فَصَلَّى. ثُمَّ صَعِدَ الْمِنْبَرَ فَخَطَبَنَا حَتَّى غَرَبَتِ الشَّمْسُ، فَأَخْبَرَنَا بِمَا كَانَ وَبِمَا هُوَ كَائِنٌ،فَأَعْلَمُنَا أَحْفَظُنَا.

لــه (ابــو زيــد)ەوە (مەبەســتی (عمــرو)ی كــوڕی (اخطـــب)ە)(رضي الله عنه) دەڵـــێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ كردین، ئینجا چووە سەر مینبەر وتاری بۆدایین تا نیوەڕۆ، ئینجا دابەزی و نویژی بۆ كردین. پاشـان سـەركەوتەوە سەر مینبەر وتاری بۆ داین تا وەكو كاتی عەسر پاشان دابەزی و نوێـژی بـۆ كردیـن. ئینجا سەركەوتەوە سەر مینبـەر و وتـاری بۆ دایـن تـا خـۆر ئـاوابوو، خەبـەری پێدایـن دەربـارەی ئـەوەی كـە لەمـەو پێــش بــووە و لەمـەولایش دەبێــت. لــە هەموویشمان زاناتر ئەوەمانە كە لەهەمووومان باشتر لەبەری كردبێت.

(٦) ئەوانەی فەرمودەیان لەبەرە دەربارەی فیتنە

١٩١٢ـ عَنْ مُحَمَّدٍ قَالَ: قَالَ جُنْدُبٌ: جِئْتُ يَوْمَ الْجَرَعَةِ، فَإِذَا رَجُلٌ جَالِسٌ، فَقُلْتُ: لَيُهْرَاقَنَّ الْيَوْمَ هَاهُنَا دِمَاءٌ. فَقَالَ ذَاكَ الرَّجُلُ: كَلَّا وَاللَّه. قُلْتُ: بَلَى وَاللَّه. قَالَ: كَلَّا وَاللَّه. قُلْتُ بَلَى وَاللَّه. قَالَ: كَلَّا وَاللَّه، إِنَّهُ لَحَدِيثُ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) حَدَّثَنِيهِ. قُلْتُ: بِئْسَ الْجَلِيسُ [لِي] أَنْتَ، مُنْذُ الْيَوْمِ تَسْمَعُنِي أُخَالِفُكَ، وَقَدْ سَمِعْتَهُ مِنْ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) فَلَا تَنْهَانِي؟ ثُمَّ قُلْتُ: مَا هَذَا الْغَضَبُ؟ فَأَقْبَلْتُ عَلَيْهِ، وَأَسْأَلُهُ، فَإِذَا الرَّجُلُ حُذَيْفَةُ (رضي الله عنه).

(محمـد)دەڵـێ: (جنـدب)وتـی: ڕۆژی (الجرعـه) هـاتم، سەیرم كـرد پیـاوێك دانیشتووە، منیش وتم: وا پێدەچێت ئەمڕۆ لێرەدا خوێن بڕژێت. ئەو پیاوەیش وتی: نا بەخوا. منیش وتم: بـەرێ وەڵـلا، ئەویش وتـی: نـا بـەخوا. منیش وتم: بـەرێ وەڵـلا ئـەویش وتـی: نابـەخوا. منیش وتم: بـەرێ وەڵـلا ئـەویش وتـی: نـا بەخوا، ئەوە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بۆی باسكردووم. منیش وتم: چەند تۆ هاوەڵێكی خراپی [بۆمن]، لەڕۆژی ئەمڕۆوە گوێت لێمـە سوێندت بـۆ دەخـۆم. لــەكاتێكدا ئــەوەت لــە پێغەمبــەری خوایــش (ﷺ) بیســتووە كــەچی جڵەوگیریم لێناكەیت؟ پاشان وتم: ئەم توڕەییە چیە؟ كاتێ لام بەلایدا كردەوە و پرسیارم لێكرد، سەیردەكەم ئەو پیاوە (حذيفة)یە (رضي الله عنه).

(٧) فیتنە لەخۆرهەڵاتەوە دێت

١٩١٣ـ عَنْ سَالِمَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ [بْنِ عُمَرَ (ﷺ)] قَالَ: يَا أَهْلَ الْعِرَاقِ، مَا أَسْأَلَكُمْ عَنِ الصَّغِيرَةِ وَأَرْكَبَكُمْ لِلْكَبِيرَةِ! سَمِعْتُ أَبِي عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ الْفِتْنَةَ تَجِيءُ مِنْ هَاهُنَا -وَأَوْمَأَ بِيَدِهِ نَحْوَ الْمَشْرِقِ- مِنْ حَيْثُ يَطْلُعُ قَرْنَا الشَّيْطَانِ)). وَأَنْتُمْ يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ، وَإِنَّمَا قَتَلَ مُوسَى (عليه السلام) الَّذِي قَتَلَ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ خَطَأً، فَقَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ [لَهُ]: ﴿وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَاكَ مِنَ الْغَمِّ وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا﴾ [طه: ٤٠]. [بخاري/ الفتن/ ٦٦٨٠]

(سالم)ی کوڕی (عبدالله) دەڵێ: [ئبن عمر] (ﷺ) وتی ئەی عێراقیەکان چەند پرسیار لە شتی بچووك و سادە دەکەن، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەموو کەس زیاتر گوناهی گەورە ئەنجام دەدەن؟ گوێم لە (عبدالله) کوڕی (عمر) بوو دەیوت: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە کە دەیفەرموو: ((بێگومان فیتنە ئا لەوێوە دێت- بەدەستی ئاماژەی کرد بەرەو خۆر هەڵات- لەوێوە هەردوو شاخی شەیتان هەڵدێت)). ئێوەش لەناو خۆتاندا هەندێکتان لە گەردنی هەندێکتان دەدەن، حەزرەتی موسا سەلامی خوای لەسەر بێت ئەو زەلامەی کە کوشت لەدەست و پێوەندی فیرعەون بەهەڵە کوشتی، کەچی خوای بالاّ دەست {پێی} فەرموو کە ئەمە واتاکەیەتی: ﴿زەلامێکت کوشت کەچی ئێمە لەدەست خەم و خەفەت تۆمان ڕزگار کرد و تۆمان توشی جۆرەها تاقیکردنەوەی سەخت کرد﴾.

(٨) دابەشکردنی گەنجینەکانی کیسرا و قەیسەر لە ڕێی خوادا

١٩١٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قَدْ مَاتَ كِسْرَى فَلَا كِسْرَى بَعْدَهُ، وَإِذَا هَلَكَ قَيْصَرُ فَلَا قَيْصَرَ بَعْدَهُ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتُنْفَقَنَّ كُنُوزُهُمَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٨٦٤]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((کیسرا مردووە کیسرایەکی تر پاش ئەو نابێت، کاتێك قەیسەریش مرد قەیسەرێکی تر پاش ئەو نابێت سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە دڵنیابن گەنجینەکانیان لە ڕێی خوادا دەبەخشنەوە)).

١٩١٥ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَتَفْتَحَنَّ عِصَابَةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ -أَوْ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ- كَنْزَ آلِ كِسْرَى الَّذِي فِي الْأَبْيَضِ)). قَالَ قُتَيْبَةُ: ((مِنَ الْمُسْلِمِينَ)). وَلَمْ يَشُكَّ.

(جـابر)ی کـوڕی (سمـرة)دەڵـێ: لـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بیسـتووە، دەفەرمووێ: ((بەدڵنیاییەوە {لەمەولا} کۆمەڵێکی جەربەزە لە موسڵمانان-یان لە بڕواداران- گەنجینـەی بنەماڵەی کیسرا دەشـکێنن ئـەو گەنجینەیـەی کەلـە کۆشـکە سـپیەکەیدایە)). (قتیبـة) دوو دڵ نیـە لـەوەی کـە فـەرمووی: ((لــە موسڵمانان)).

(٩) لەناوچونی ئەم ئوممەتە لە ناو خۆیاندا بەدەستی یەکتری

١٩١٦ـ عَنْ ثَوْبَانَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ زَوَى لِيَ الْأَرْضَ فَرَأَيْتُ مَشَارِقَهَا وَمَغَارِبَهَا، وَإِنَّ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ مُلْكُهَا مَا زُوِيَ لِي مِنْهَا، وَأُعْطِيتُ الْكَنْزَيْنِ الْأَحْمَرَ وَالْأَبْيَضَ، وَإِنِّي سَأَلْتُ رَبِّي لِأُمَّتِي أَنْ لَا يُهْلِكَهَا بِسَنَةٍ عَامَّةٍ وَأَنْ لَا يُسَلِّطَ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ سِوَى أَنْفُسِهِمْ، فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ، وَإِنَّ رَبِّي قَالَ: يَا مُحَمَّدُ، إِنِّي إِذَا قَضَيْتُ قَضَاءً فَإِنَّهُ لَا يُرَدُّ، وَإِنِّي أَعْطَيْتُكَ لِأُمَّتِكَ أَنْ لَا أُهْلِكَهُمْ بِسَنَةٍ عَامَّةٍ، وَأَنْ لَا أُسَلِّطَ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ سِوَى أَنْفُسِهِمْ يَسْتَبِيحُ بَيْضَتَهُمْ، وَلَوِ اجْتَمَعَ عَلَيْهِمْ مَنْ بِأَقْطَارِهَا -أَوْ قَالَ: مَنْ بَيْنَ أَقْطَارِهَا- حَتَّى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يُهْلِكُ بَعْضًا، وَيَسْبِي بَعْضُهُمْ بَعْضًا)).

(ثوبـان)(رضي الله عنه) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((بێگومـان خـوا تـەنگی زەوی بۆ هێنامـەوە یـەك، خـۆر هـەڵات و خـۆر ئـاوایم بینـی، دەسـەڵاتی ئومەتەکەیشم دەگاتە ئەو ڕادەیـەی کـە بۆم هێنراوەتەوەیـەك، هـەردوو گەنجینـە سوور و سپیەکەیشم پـێ خـەڵات کراوە [مەبەسـت گـەنجی قەیسـەر و کیسـرا] هەروەها من داوام لە پەروەردگارم کرد کە ئومەتەکەم بە گشتی بەو وشکە ساڵی و قات و قڕیە لەناو نەبات و، دووژمنی بەدەر لە خۆیان بەسەریاندا زاڵ نەکات، بەڕادەیەك ڕەگ و ڕیشەیان لەبن دەربێنێ، هـەروەها پـەروەردگارم فەرموویـەتی: ئـەی (محمـد) کاتـێ مـن بڕیارێکم دەرکـرد تـازە گەڕانـەوەی نـابێت، مـن ئـەوەم خـەڵات کـردووە بـە ئومەتەکـەت کـە بـەو وشـکە سـاڵی و قـات و قـڕی بەگشـتی لەناویان نەبەم و، دوژمنی بەدەر لە خۆیان بەسەردا زاڵ نەکەم. بەڕادەیەك ڕەگ و ڕیشەیان لەبن دەربێنێ، یـاوەکو هـەرچی خـەڵکی سەر زەوی هەیـە لـە هـەموو لایەکـەوە گەلە کۆمـەیان لێبکـەن تـاوەکو خۆیـان لـە نـاو خۆیـاندا هـەندێکیان هـەندێکیان لـەناو دەبـەن و هـەندێکیان هـەندێکیان بـەدیل دەگـرن و تالاَنیـان دەکەن)).

١٩١٧ـ عَنْ عَامِرُ بْنُ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَقْبَلَ ذَاتَ يَوْمٍ مِنَ الْعَالِيَةِ، حَتَّى إِذَا مَرَّ بِمَسْجِدِ بَنِي مُعَاوِيَةَ دَخَلَ فَرَكَعَ فِيهِ رَكْعَتَيْنِ، وَصَلَّيْنَا مَعَهُ، وَدَعَا رَبَّهُ طَوِيلًا، ثُمَّ انْصَرَفَ إِلَيْنَا فَقَالَ (ﷺ): ((سَأَلْتُ رَبِّي ثَلَاثًا، فَأَعْطَانِي ثِنْتَيْنِ وَمَنَعَنِي وَاحِدَةً: سَأَلْتُ رَبِّي أَنْ لَا يُهْلِكَ أُمَّتِي بِالسَّنَةِ فَأَعْطَانِيهَا، وَسَأَلْتُهُ أَنْ لَا يُهْلِكَ أُمَّتِي بِالْغَرَقِ فَأَعْطَانِيهَا، وَسَأَلْتُهُ أَنْ لَا يَجْعَلَ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ، فَمَنَعَنِيهَا)).

(عـامر)ی کـوڕی (سـعد) (ﷺ) لـه باوکیـهوه: کـه پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕۆژێکیان له بەرزاییەکانی مەدینەوە هاتەوە، هەتا کاتێ ڕابورد بەلای مزگەوتی تیرەی (معاوية)دا، چووە ژورەوە دوو ڕکات نوێـژی کـرد، ئێمەش نوێژمان لـه خزمەتدا کرد زۆر لە پەروەردگاری پاڕایەوە، پاشـان لای کـردەوە بـەلاماندا و فـەرمووی: ((ســێ داوام لـــه پـــەروەردگارم کـــرد، دوانیـــانی پێخـــەڵاتکردم و یەکێکیانی لێوەرنەگرتم: داوام لە پەروەردگارم کرد کە ئومەتەکەم بەم وشـکە سالی لەناو نەبات پێی خەڵات کردم، داوام لێکرد کە ئوممەتەکەم بە خنکاندن لەناو نەبات [ئەویش] پێی خەڵات کردم، داوام لێکرد له نێوان خۆیان دا یـەکتر لەناو نەبەن پێی خەڵات نەکردم)).

(١٠) لاسایی کردنەوەی خوو نەریتی پێشینان

١٩١٨ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ، شِبْرًا بِشِبْرٍ، وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا فِي جُحْرِ ضَبٍّ لَاتَّبَعْتُمُوهُمْ)). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، آلْيَهُودَ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ: ((فَمَنْ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٦٩]

(ابـو سـعيد)ی (الخـــدري)دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـــەتی: ((بێگومان لەمەولا دەکەونە شوێن خوو نەریتی ئەوانەی لە پێش ئێوەوە بوون. بست بە بست و، گەز بە گەز، تا وەکو بەڕادەیەك ئەگەر ئەوان خۆیان بکەن بە کونی بزن مژەدا ئێوەش شوێنیان دەکەون)). وتمان: ئەی پێغەمبـەری خـوا، گاور و جولەکەکان؟ فەرمووی: ((ئەی کێ؟)).

(١١) وازهێنـان لە قورەیش

١٩١٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((يُهْلِكُ أُمَّتِي هَذَا الْحَيُّ مِنْ قُرَيْشٍ)). قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: ((لَوْ أَنَّ النَّاسَ اعْتَزَلُوهُمْ)). [بخاري/ المناقب/ ٢٤٠٩]

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەفەرمووێ: ((ئومەتەکەم بەدەستی ئەم تیرەیە لە قورەیش لەناو دەچن)). وتیان: ئەی فەرمانمان بەچی پێدەکـــەیت؟ فـــەرمووی: ((ئەگــــەر خـــەڵکی وازیـــان لێبهێنایــــە لێیـــان دوورکەوتنایەتەوە))

(١٢) لەکاتی فیتنەدا دانیشتوو لە ڕاوەستاو چاکترە

١٩٢٠ـ عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّهَا سَتَكُونُ فِتَنٌ، أَلَا ثُمَّ تَكُونُ فِتْنَةٌ، أَلَا ثُمَّ تَكُونُ فِتَنٌ الْقَاعِدُ فِيهَا خَيْرٌ مِنَ الْمَاشِي فِيهَا، وَالْمَاشِي فِيهَا خَيْرٌ مِنَ السَّاعِي إِلَيْهَا، أَلَا فَإِذَا نَزَلَتْ -أَوْ: وَقَعَتْ- فَمَنْ كَانَ لَهُ إِبِلٌ فَلْيَلْحَقْ بِإِبِلِهِ، وَمَنْ كَانَتْ لَهُ غَنَمٌ فَلْيَلْحَقْ بِغَنَمِهِ، وَمَنْ كَانَتْ لَهُ أَرْضٌ فَلْيَلْحَقْ بِأَرْضِهِ)). قَالَ: فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ مَنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ إِبِلٌ وَلَا غَنَمٌ وَلَا أَرْضٌ؟ قَالَ: ((يَعْمِدُ إِلَى سَيْفِهِ فَيَدُقُّ عَلَى حَدِّهِ بِحَجَرٍ، ثُمَّ لِيَنْجُ إِنِ اسْتَطَاعَ النَّجَاءَ. اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ؟ اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ؟ اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ)). قَالَ: فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ إِنْ أُكْرِهْتُ حَتَّى يُنْطَلَقَ بِي إِلَى أَحَدِ الصَّفَّيْنِ -أَوْ: إِحْدَى الْفِئَتَيْنِ- فَضَرَبَنِي رَجُلٌ بِسَيْفِهِ، أَوْ يَجِيءُ سَهْمٌ فَيَقْتُلُنِي؟ قَالَ: ((يَبُوءُ بِإِثْمِهِ وَإِثْمِكَ، وَيَكُونُ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ)).

(أبو بكر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بێگومان لەمەولا چەندین فیتنە بەرپا دەبێت بزانن ئاگاداربن دیسان پێتان دەڵێم لەمەولا چەندین فیتنە بەرپا دەبێت، دیسان ئاگادار بن لەمەولا چەندین فیتنە بەرپا دەبێت، ئەوەی دانیشتووە تێیدا باشترە لەوەی بەناویدا دەڕوات، ئەوەیشی تێیدا دەڕوات باشترە لەوەی بە تەکان بەرەو پیریەوە دەچێت، ئاگاداربن کاتێکیش دابەزییە ناوتان-یا ڕووی‌دا- با هەرکەسێك حوشتری هەبوو بچێتە بەلای حوشترەکەی خۆیەوە و، هەرکەسیش مەڕی هەبوو بابچێت بەلای مەڕی خۆیەوە، هەرکەسیش زەوی و زاری هەبوو بابچێت بەلای زەوی و زاری خۆیەوە)). دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە گەر هات و کەسێك

نە وشتری هەبوو نە مەڕی هەبوو نەزەوی و زاری هەبوو؟ فەرمووی: ((با بچێت شمشێرەکەی بێنێت بە بەردێك دەمەتیژە بڕندەکەی کەل و کوڵ بکات، پاشان ئەگەر توانی خۆی ڕزگار بکات، ئەی خوایا ئایا ڕام گەیاند، ئەی خوایا ئایا ڕام گەیاند، ئەی خوایا ئایا ڕام گەیاند)). دەڵێ: پیاوێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر زۆرم لێکراو بـرام بـۆلای یـەکێك لـەو دوو پۆلـە-یـا ئـەو دوو تاقمـە- و پیاوێك بە شمشێرەکەی لێیدام، یاخوود تیرێك هاتوو و کوشتمی؟ فەرمووی: ((ئەو کاتە ئەو کەسە تاوانی خۆیشی و تۆیش هەڵدەگرێت و دەبێتە یاوەری دۆزەخ)).

(١٣) کاتێ دوو موسڵمان بە شمشێرەکانیان لە ڕووی یەکدا وەستان بکوژو کوژراو لە ئاگردان

١٩٢١ـ عَنِ الْأَحْنَفِ بْنِ قَيْسٍ قَالَ: خَرَجْتُ وَأَنَا أُرِيدُ هَذَا الرَّجُلَ، فَلَقِيَنِي أَبُو بَكْرَةَ: فَقَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ يَا أَحْنَفُ؟ قَالَ: قُلْتُ: أُرِيدُ نَصْرَ ابْنِ عَمِّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). يَعْنِي عَلِيًّا (ﷺ). قَالَ: فَقَالَ لِي: يَا أَحْنَفُ ارْجِعْ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِذَا تَوَاجَهَ الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِي النَّارِ)). قَالَ: فَقُلْتُ -أَوْ قِيلَ-: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا الْقَاتِلُ فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ؟ قَالَ: ((إِنَّهُ قَدْ أَرَادَ قَتْلَ صَاحِبِهِ)). [بخاري/ الإيمان/ ٣١]

(احنف)ی کوڕی (قیس) دەڵێ: بەنیازی ئـەو پیـاوە دەرچوومـە دەر، (ابـو بکرە)م پێگەیشت وتی: دەتەوێ بۆ کوێ بچیت ئەی (احنف)؟ دەڵێ: منیش وتم دەمـەوێ یارمـەتی ئـامۆزای پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بدەم. مەبەستی (عـەلی (ﷺ)) بوو. پێی وتم: ئەی (احنف) بگەڕێرەوە، چونکە من لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((کاتێك دوو موسڵمان بە شمشێرەکانیان ڕووبەڕووی یەك وەستان ئەوا بکوژ و کـوژراو لـە ئاگردایە)). دەڵـێ: مـن وتم یـان وتـرا:ئـەی پێغەمبـەری خـوا: ئەمـە بکوژ ئـەی کـوژراو بـۆ؟ فـەرمووی: ((چونکـە ئـەویش ویسـتویەتی هاوەڵەکەی بکوژێ)).

(١٤) تاقمە دەست درێژەکارەکە (عمار) دەکوژن

١٩٢٢ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَقْتُلُ عَمَّارًا الْفِئَةُ الْبَاغِيَةُ)). [بخاري/ المساجد/ ٤٣٦]

(أم سلمة)دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((تاقمە دەست درێژە کارەکە (عمار) دەکوژن)).

(١٥) قیامەت نایەت هەتا دوو تاقمی گەورە کوشتار لەیەکتری نەکەن

١٩٢٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَقْتَتِلَ فِئَتَانِ عَظِيمَتَانِ، وَتَكُونُ بَيْنَهُمَا مَقْتَلَةٌ عَظِيمَةٌ، وَدَعْوَاهُمَا وَاحِدَةٌ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٤١٣]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((قیامەت هەڵناسێت تا دوو تاقمی گەورە کوشتار لەیەکتری نەکەن، لەنێوانیان دا کوشتارێکی زۆر گەورە دەبێت یەك داوایان هەیە)).

(١٦) قیامەت هەڵناستێت تا پیاو خۆزگە بە مردوو نەخوازێت

١٩٢٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَا تَذْهَبُ الدُّنْيَا حَتَّى يَمُرَّ الرَّجُلُ عَلَى الْقَبْرِ فَيَتَمَرَّغُ عَلَيْهِ، وَيَقُولُ: يَا لَيْتَنِي كُنْتُ مَكَانَ صَاحِبِ هَذَا الْقَبْرِ، وَلَيْسَ بِهِ الدِّينُ، إِلَّا الْبَلَاءُ)). [بخاري/ الفتن/ ٦٦٩٨٤]

(ابو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ، دونیا تەواو نابێت تاوەکو وای لێدێت پیاو بەلای گۆڕدا دەڕوات و تەپاوتلی لەسەر دەکات و دەڵێت: ((ئای خۆزگە لەجێی ئەم خاوەن گۆڕە دەبووم، خۆ وەنەبێ لەبەر قەرزاری وا بکات، بەڵکو لەبەر بەلایە)).

(١٧) قیامەت هەڵناسێت تاوەکو کوشتن و بڕین زۆر دەبێت

١٩٢٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَكْثُرَ الْهَرْجُ)). قَالُوا: وَمَا الْهَرْجُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الْقَتْلُ الْقَتْلُ)). [بخاري/ الاستسقاء/ ٩٨٩]

لە(ابو هريره)ەوە (ﷺ) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((قیامەت هەڵناسێت تاوەکو (هرج) زۆر دەبێت)) وتیان: (هرج) چییە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((کوشتن، کوشتن)).

(١٨) قیامەت هەڵناسێت تاوەکو بکوژ و کوژراو هیچیان نازانن لەسەر چی دەکوژن یا دەکوژرێن

١٩٢٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِه، لَا تَذْهَبُ الدُّنْيَا حَتَّى يَأْتِيَ عَلَى النَّاسِ يَوْمٌ لَا يَدْرِي الْقَاتِلُ فِيمَ قَتَلَ، وَلَا الْمَقْتُولُ فِيمَ قُتِلَ)). فَقِيلَ: كَيْفَ يَكُونُ ذَلِكَ؟ قَالَ: ((الْهَرْجُ، الْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِي النَّارِ)).

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، دونیا دوایی نایەت تاوەکو ڕۆژێکی وا بەسەر خەڵکیدا دێت نەبکوژ دەزانێت لەسەر چی دەکوژێت و، نە کوژراویش دەزانێت لەسەر چی کوژراوە)). وترا: ئەوە چۆن دەبێت؟ فەرمووی: (({هرج} دەبێت بکوژ و کوژراو لە ئاگردان)).

(١٩) دەرچوونی ئاگر لە خاکی حیجازەوە

١٩٢٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ: لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَخْرُجَ نَارٌ مِنْ أَرْضِ الْحِجَازِ، تُضِيءُ أَعْنَاقَ الْإِبِلِ بِبُصْرَى)). [بخاري/ الفتن/ ٦٧٠١]

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((قیامەت هەڵناسێت تاوەکو ئاگرێك لە خاکی حیجازەوە دەردەچێت، لە (بُصری)ەوە ملی حوشتری پێ ڕووناك دەبێتەوە)).

(٢٠) قیامەت هەڵناسێت تاوەکو (لات)و (عوززا) دەپەرسترێنەوە

١٩٢٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا يَذْهَبُ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ حَتَّى تُعْبَدَ اللَّاتُ وَالْعُزَّى)). فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّه، إِنْ كُنْتُ لَأَظُنُّ حِينَ أَنْزَلَ اللَّهُ (ﷻ): ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّه وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ أَنَّ ذَلِكَ تَامًّا. قَالَ: ((إِنَّهُ سَيَكُونُ مِنْ ذَلِكَ مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ يَبْعَثُ اللَّهُ رِيحًا طَيِّبَةً فَتَوَفَّى كُلَّ مَنْ فِي قَلْبِه مِثْقَالُ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ، فَيَبْقَى مَنْ لَا خَيْرَ فِيه، فَيَرْجِعُونَ إِلَى دِينِ آبَائِهِمْ)).

(عائشة)دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو: ((شەو و ڕۆژ دوایی نایەت تا {سەر لەنوێ} (لات) و (عوززا) دەپەرسترێن)) منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، من وام گومان دەبرد کاتێ خوای باڵا دەست ئایەتی ﴿هو الذي ارسل رسوله بالهدى و دين الحق ليضهره على دين كله ولو كره المشركون﴾ی نارد ئیتر ئەوە ئێجگاریی دەبێت. فەرمووی: ((ئەوە وا دەبێت چەند خوا

بیەویێت، پاشان خوا شنە بایەکی خۆش هەڵدەکات هەرکەسێك بە ئەندازەی دەنکە خەرتەلەیەك باوەڕ لە دڵیدا بێت دەیمرێنێت، ئەو کاتە ئەوانە دەمێننەوە کە خێریان تێدا نیە، ئیتر دەگەڕێنەوە سەر ئاینی باو باپیرانیان)).

(٢١) قیامەت هەڵناسێت هەتا شارێك رزگار دەکرێت کە لایەکی لەوشکانیدایە و لایەکی لەدەریادا

١٩٢٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((سَمِعْتُمْ بِمَدِينَةٍ جَانِبٌ مِنْهَا فِي الْبَرِّ وَجَانِبٌ مِنْهَا فِي الْبَحْرِ)). قَالُوا: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَغْزُوَهَا سَبْعُونَ أَلْفًا مِنْ بَنِي إِسْحَقَ، فَإِذَا جَاءُوهَا نَزَلُوا فَلَمْ يُقَاتِلُوا بِسِلَاحٍ وَلَمْ يَرْمُوا بِسَهْمٍ، قَالُوا: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ، فَيَسْقُطُ أَحَدُ جَانِبَيْهَا – قَالَ ثَوْرٌ: لَا أَعْلَمُهُ إِلَّا قَالَ– الَّذِي فِي الْبَحْرِ، ثُمَّ يَقُولُوا الثَّانِيَةَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ، فَيَسْقُطُ جَانِبُهَا الْآخَرُ، ثُمَّ يَقُولُوا الثَّالِثَةَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ، فَيُفَرَّجُ لَهُمْ، فَيَدْخُلُوهَا فَيَغْنَمُوا، فَبَيْنَمَا هُمْ يَقْتَسِمُونَ الْمَغَانِمَ، إِذْ جَاءَهُمُ الصَّرِيخُ فَقَالَ: إِنَّ الدَّجَّالَ قَدْ خَرَجَ، فَيَتْرُكُونَ كُلَّ شَيْءٍ وَيَرْجِعُونَ)).

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەم شارەتان بیستووە کە لایەکی لەوشکانی و لایەکی لە دەریادایە)). وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: ((قیامەت هەڵناسێت تاوەکوو حەفتا هەزار کەس لەنەوەی (أسحاق) لەشکر کێشی بۆ دەکەن، کاتێ کە بۆی دێن دادەبەزن نە بەچەك جەنگدەکەن ونەتیر دەتەقێنن، بەڵکو دەڵێن: لا الـه الا الله و الله اکبر، لایەکی دەگرێت –(ثور) دەڵێ: من وا دەزانم کە فەرمووی: ئەو لایەی کە لە دەریادایە– پاشان دووبارە دەڵێن: لا الـه الا الله و الله اکبر، ئەو لاکەی تریشی دەگیرێت، پاشان هەمدیسان بۆ جاری سێهەم دەڵێن: لا الـه الا الله و الله اکبر، رێگەیان بۆ چۆڵ دەکرێت دەچنە ناویەوە دەکەونە کۆکردنەوەی دەستکەوت لە کاتێکدا کە خەریکی دابەشکردنی دەستکەوتەکان دەبن، هاوارێکیان پێدەگات و دەڵێت: دەجاڵ دەرچوو، ئیتر هەموو شتێك وازلێدێنن و دەگەڕێنەوە))

(٢٢) قیامەت هەڵناسێت تاوەکو (فورات) کێوێکی زێڕین دەردەخات

١٩٣٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَحْسِرَ الْفُرَاتُ عَنْ جَبَلٍ مِنْ ذَهَبٍ، يَقْتَتِلُ النَّاسُ عَلَيْهِ، فَيُقْتَلُ مِنْ كُلِّ مِائَةٍ تِسْعَةٌ

وَتِسْعُونَ، وَيَقُولُ كُلُّ رَجُلٍ مِنْهُمْ: لَعَلِّي أَكُونُ أَنَا الَّذِي أَنْجُو)). [بخاري/ الفتن/ ٦٧٠٢]

(ابـو هريـرة)(ﷺ) دەڵـیّ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((قیامـەت هەڵناسێت تاوەکو فورات کێوێکی زێڕین دەردەخات، ئەو جا خەڵکی بەشەڕ دێن لەسەری لەهەر سەد کەسێك نەوەد و نۆیان دەکوژرێن، هەر پیاوێك لەوان دەڵێت: ئومێدم وایە ئەو کەسەی ڕزگار دەبێت خۆم بم)).

١٩٣١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يُوشِكُ الْفُرَاتُ أَنْ يَحْسِرَ عَنْ كَنْزٍ مِنْ ذَهَبٍ، فَمَنْ حَضَرَهُ فَلَا يَأْخُذْ مِنْهُ شَيْئًا)). [بخاري/ الفتن/ ٦٧٠٢]

(أبي هريرة)(ﷺ) دەڵیّ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((نزیکە فورات خۆی داماڵێت لە گەنجینەیەکی زێڕین، هەرکەس گەیشتە ئەو ڕۆژە با هیچی لێهەڵنەگرێت)).

(٢٣) قیامەت هەڵناسێت تاوەکو جەنگ لەگەڵ قەومێك دەکەن دەموو چاویان وەك قەڵغانی ڕووپۆشە

١٩٣٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تُقَاتِلُونَ بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةِ قَوْمًا نِعَالُهُمُ الشَّعَرُ، كَأَنَّ وُجُوهَهُمُ الْمَجَانُّ الْمُطْرَقَةُ، حُمْرُ الْوُجُوهِ، صِغَارُ الْأَعْيُنِ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٧٠]

لە(أبي هريرة)ەوە (ﷺ) دەڵیّ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لە پێش هاتنی قیامەتدا لەگەڵ هۆزێکدا دەجەنگن کەوشیان لە مووە، دەموو چاویان هەردەڵێی قەڵغانی ڕووپۆش کراوە {واتا دەمووچاویان خڕو گۆشتنە}، ڕوومەت سوور و چاو بچکۆلەن))

(٢٤) قیامەت هەڵناسێت تاوەکو پیاوێکی ستەمکار لە (قحطان) دەردەچێت

١٩٣٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَخْرُجَ رَجُلٌ مِنْ قَحْطَانَ يَسُوقُ النَّاسَ بِعَصَاهُ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٣٢٩]

(ابي هريـرة)(ﷺ) دەڵـیّ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((قیامـەت هەڵناسێت تاوەکوو پیاوێك لە هۆزی (قحطان) پەیدا دەبێت خەڵکی بە [زەبر]ی دار دەستەکەی دەیانبات بەڕێوە)).

(٢٥) قیامەت هەڵناسێت تا لەسەر زەویدا کەس نەمێنێ بڵێ الله. الله.

١٩٣٤ـ عَنْ انس (ﷺ): ان رسول الله (ﷺ) قالَ: ((لا تَقومُ الساعَة حتى لا يقال في الأرض الله الله)).

(انس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((قیامەت هەڵناسێت تاوەکو لەسەر زەویدا کەس نەمێنێت بڵێت (الله، الله)).

(٢٦) ناردنی شنەبا لەیەمەنەوە بۆ گیانکێشانی باوەڕداران

١٩٣٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ رِيحًا مِنَ الْيَمَنِ أَلْيَنَ مِنَ الْحَرِيرِ، فَلَا تَدَعُ أَحَدًا فِي قَلْبِهِ –قَالَ أَبُو عَلْقَمَةَ: مِثْقَالُ حَبَّةٍ، و قَالَ عَبْدُ الْعَزِيزِ –مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ إِيمَانٍ إِلَّا قَبَضَتْهُ)).

(ابي هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا شنەبایەك لە (یەمەن)ەوە هەڵدەکات نەرم و ناسکترە لە ئاوریشم، هەر کەسێك بە ئەندازەی دانەوێڵەیەك باوەڕ لە دڵیدا بێت گیانی دەکێشێت)). عەلقەمە دەڵێ: دانەوێڵەیەك، (عبدالعزیز)یش دەڵێت: بە ئەندازەی گەردێك.

(٢٧) قیامەت هەر لەسەر خراپەکارەکان هەڵدەستێت

١٩٣٦ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا عَلَى شِرَارِ النَّاسِ)). [بخاري/ الفتن/ ٦٦٥٦]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((قیامەت هەر لەسەر خراپەکارەکان هەڵدەسێت)).

(٢٨) قیامەت هەڵناسێت تاوەکوو چەند کەسێکی درۆزن و ساختەچی پەیدا دەبن

١٩٣٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يُبْعَثَ دَجَّالُونَ كَذَّابُونَ قَرِيبٌ مِنْ ثَلَاثِينَ، كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ رَسُولُ اللَّهِ)). [بخاري/ المناقب/ ٣٤١٣]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((قیامەت هەڵناسێت تاوەکو چەند کەسێکی درۆزنی ساختەچی پەیدادەبن کە نزیکەی سی کەسێکن، هەریەك لەوان خۆی بە پێغەمبەری خوا دەزانێت))

١٩٣٨ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ بَيْنَ يَدَي السَّاعَةِ كذابين)) وفي رواية: قَالَ جَابِرٌ: فَاحْذَرُوهُمْ.

(جـابر)ی کـوڕی (سمـره) دەڵــێ: لــە پێغەمبــەری خـوام (ﷺ) بیسـت کـە دەیفەرموو: ((بێگومـان لـە پێـش هـاتنی قیامـەتدا چـەند درۆزنێـك هـەن)). لـە ڕیوایەتێکدا (جابر) دەڵێ: وریای خۆتان بن.

(٢٩) جەنگ کردنی موسڵمانان لەگەڵ جوولەکەدا

١٩٣٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يُقَاتِلَ الْمُسْلِمُونَ الْيَهُودَ، فَيَقْتُلُهُمُ الْمُسْلِمُونَ، حَتَّى يَخْتَبِئَ الْيَهُودِيُّ مِنْ وَرَاءِ الْحَجَرِ وَالشَّجَرِ، فَيَقُولُ الْحَجَرُ أَوِ الشَّجَرُ: يَا مُسْلِمُ يَا عَبْدَ اللَّهِ، هَذَا يَهُودِيٌّ خَلْفِي، فَتَعَالَ فَاقْتُلْهُ. إِلَّا الْغَرْقَدَ فَإِنَّهُ مِنْ شَجَرِ الْيَهُودِ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٦٨]

(أبـي هريـرة)(ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) فەرموویــەتی: ((قیامــەت هەڵناسـێت تـاوەکو موسـڵمانەکان لەگـەڵ جوولەکـەدا دەجـەنگن، ئـەو جـا موسڵمانەکان کوشتاریان لێ دەکەن، تـاوای لێدێـت جوولەکـە لـە پشـتی دار و بەردەوە خۆیان حەشاردەدەن ئینجا دارەکە یا بەردەکە دەڵێت: ئەی موسڵمان ئەی بەندەی خوا ئەم جوولەکەیە لە پشتمەوە وەرە بیکوژە، جگە لـەدرەختی (غرقد) چونکە لە دەرختی جولەکەکانە)).

(٣٠) کە قیامەت هەڵدەسێت ڕۆمەکان لە هەموو خەڵکی زۆرترن

١٩٤٠- عَنْ مُوسَى بْنُ عُلَيّ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَ الْمُسْتَوْرِدُ الْقُرَشِيُّ عِنْدَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((تَقُومُ السَّاعَةُ وَالرُّومُ أَكْثَرُ النَّاسِ)). فَقَالَ لَهُ عَمْرٌو: أَبْصِرْ مَا تَقُولُ قَالَ: أَقُولُ مَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: لَئِنْ قُلْتَ ذَلِكَ إِنَّ فِيهِمْ لَخِصَالًا أَرْبَعًا: إِنَّهُمْ لَأَحْلَمُ النَّاسِ عِنْدَ فِتْنَةٍ، وَأَسْرَعُهُمْ إِفَاقَةً بَعْدَ مُصِيبَةٍ، وَأَوْشَكُهُمْ كَرَّةً بَعْدَ فَرَّةٍ، وَخَيْرُهُمْ لِمِسْكِينٍ وَيَتِيمٍ وَضَعِيفٍ، وَخَامِسَةٌ حَسَنَةٌ جَمِيلَةٌ: وَأَمْنَعُهُمْ مِنْ ظُلْمِ الْمُلُوكِ.

(موسـی)ی کوڕی (عُلَـيّ)لـە باوکیـەوە دەڵــێ: (المسـتورد)ی (القرشـي)لای (عمرو)ی کوڕی (عـاص) وتـی: گوێـم لـە پێغەمبـەربوو (ﷺ) دەیفـەرموو: ((کـە قیامەت هەڵدەستێ ڕۆمەکان زۆرترینـی خـەڵکن)) (عمـرو)یـش وتـی:بزانە چی دەڵێت. وتی: ئەوە دەڵێم کە لـە پێغەمبـەری خـوام (ﷺ) بیستووە وتـی: ئەگـەر وادەڵێیـت ئـەوە لـە بەر ئەوەیە چونکە چـوار خوونـەریتی {جوانیـان} تێدایـە: ئەوانە لە هەموو کەس بە حیلم و حەوسەڵە ترن لەکاتی بەڵاو فیتنەدا، لەهـەموو کەسیش زووتر دێنەوە سەرخۆیان لەپاش بەڵاو ناڕەحەتی، لەهـەموو خـەڵکیش

زیاتر نزیک ترن لەبادانەوە سەر دوژمن پاش هەڵاتن، چاکترین کەسیشن لە دەرحەق هەژار و هەتیو و بێ دەسەڵات. پێنجەمیش چاکەیەکی جوانی دیکەشیان هەیە: کەلە هەموو کەس قایم و قۆڵ ترن لە بەرهەڵستی کردن لە زۆر و ستەمی پادشایان)).

(٣١) لەبارەی جەنگ لەگەڵ ڕۆمەکان کاتی دەرچوونی دەجاڵ

١٩٤١ـ عَنْ يُسَيْرِ بْنِ جَابِرٍ قَالَ: هَاجَتْ رِيحٌ حَمْرَاءُ بِالْكُوفَةِ فَجَاءَ رَجُلٌ لَيْسَ لَهُ هِجِّيرَى إِلَّا: يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ مَسْعُودٍ جَاءَتِ السَّاعَةُ. قَالَ: فَقَعَدَ وَكَانَ مُتَّكِئًا فَقَالَ: إِنَّ السَّاعَةَ لَا تَقُومُ حَتَّى لَا يُقْسَمَ مِيرَاثٌ، وَلَا يُفْرَحَ بِغَنِيمَةٍ. ثُمَّ قَالَ بِيَدِهِ هَكَذَا وَنَحَّاهَا نَحْوَ الشَّأْمِ، فَقَالَ: عَدُوٌّ يَجْمَعُونَ لِأَهْلِ الْإِسْلَامِ وَيَجْمَعُ لَهُمْ أَهْلُ الْإِسْلَامِ. قُلْتُ: الرُّومَ تَعْنِي؟ قَالَ: نَعَمْ، وَتَكُونُ عِنْدَ ذَاكُمُ الْقِتَالِ رَدَّةٌ شَدِيدَةٌ، فَيَشْتَرِطُ الْمُسْلِمُونَ شُرْطَةً لِلْمَوْتِ لَا تَرْجِعُ إِلَّا غَالِبَةً، فَيَقْتَتِلُونَ حَتَّى يَحْجُزَ بَيْنَهُمُ اللَّيْلُ، فَيَفِيءُ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ كُلٌّ غَيْرُ غَالِبٍ وَتَفْنَى الشُّرْطَةُ، ثُمَّ يَشْتَرِطُ الْمُسْلِمُونَ شُرْطَةً لِلْمَوْتِ لَا تَرْجِعُ إِلَّا غَالِبَةً، فَيَقْتَتِلُونَ حَتَّى يَحْجُزَ بَيْنَهُمُ اللَّيْلُ، فَيَفِيءُ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ كُلٌّ غَيْرُ غَالِبٍ وَتَفْنَى الشُّرْطَةُ، ثُمَّ يَشْتَرِطُ الْمُسْلِمُونَ شُرْطَةً لِلْمَوْتِ لَا تَرْجِعُ إِلَّا غَالِبَةً، فَيَقْتَتِلُونَ حَتَّى يُمْسُوا، فَيَفِيءُ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ كُلٌّ غَيْرُ غَالِبٍ وَتَفْنَى الشُّرْطَةُ، فَإِذَا كَانَ يَوْمُ الرَّابِعِ نَهَدَ إِلَيْهِمْ بَقِيَّةُ أَهْلِ الْإِسْلَامِ، فَيَجْعَلُ اللَّهُ الدَّبْرَةَ عَلَيْهِمْ، فَيَقْتُلُونَ مَقْتَلَةً -إِمَّا قَالَ: لَا يُرَى مِثْلُهَا، وَإِمَّا قَالَ- لَمْ يُرَ مِثْلُهَا، حَتَّى إِنَّ الطَّائِرَ لَيَمُرُّ بِجَنَبَاتِهِمْ فَمَا يُخَلِّفُهُمْ حَتَّى يَخِرَّ مَيْتًا، فَيَتَعَادُّ بَنُو الْأَبِ كَانُوا مِائَةً، فَلَا يَجِدُونَهُ بَقِيَ مِنْهُمْ إِلَّا الرَّجُلُ الْوَاحِدُ، فَبِأَيِّ غَنِيمَةٍ يُفْرَحُ، أَوْ أَيُّ مِيرَاثٍ يُقَاسَمُ، فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ سَمِعُوا بِبَأْسٍ هُوَ أَكْبَرُ مِنْ ذَلِكَ، فَجَاءَهُمُ الصَّرِيخُ: إِنَّ الدَّجَّالَ قَدْ خَلَفَهُمْ فِي ذَرَارِيِّهِمْ، فَيَرْفُضُونَ مَا فِي أَيْدِيهِمْ وَيُقْبِلُونَ، فَيَبْعَثُونَ عَشَرَةَ فَوَارِسَ طَلِيعَةً. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي لَأَعْرِفُ أَسْمَاءَهُمْ وَأَسْمَاءَ آبَائِهِمْ وَأَلْوَانَ خُيُولِهِمْ، هُمْ خَيْرُ فَوَارِسَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ يَوْمَئِذٍ. أَوْ: مِنْ خَيْرِ فَوَارِسَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ يَوْمَئِذٍ)).

(يُسير)ی کوڕی (جابر) دەڵێ: بایەکی تۆزاوی هەڵی کرد لە (کوفە) لەو کاتەدا پیاوێك هات هیچی پێنەکرا مەگەر ئەوە نەبێت کە دەیوت: ئەی (عبدالله)ی کوڕی (مسعود)وا قیامەت هات. دەڵێ: ئەوەیش کە پاڵیدابوویەوە، ڕاست بوویەوە و دانیشت، وتی: قیامەت هەڵناسێ تاوەکوو وای لێدێت

نەمیرات دابەش دەکرێت و نە دڵ بە دەستکەوتی جەنگ خۆش دەکرێت و، پاشان بە دەستی ئامـاژەی کـرد ڕووەو شـام و وتـی: دوژمنـانێك خۆیـان کۆدەکەنەوە بۆ ئیسلام خوازان و ئیسلام خوازانیش خۆیـان کۆدەکەنـەوە بـۆ ئـەوان وتم: مەبەسـتت لـە ڕۆمەکانـە؟ وتـی: بـەڵێ، ئیـتر لەوکاتـەدا جـەنگ بەرپادەبێت، بگرە و بەردەیەکی سەختی ئەو تۆ کە موسڵمانان پەیمانی مەرگی تێدا دەدەن کـەتا سـەرنەکەون نەگەڕێنـەوە، ئینجـا کوشـتار دەست پێدەکـەن تاوەکو شەو دادێت و دەبێتە بەربەست لە نێوان ئەمان و ئەواندا، ئیتر هـەردوو لا ئـەمانیش و ئەوانیش دەگەڕێنـەوە هیچیان نابەزن و مەرجەکـەش نایەتـەدی، پاشان موسڵمانانان مەرجێکی دیکە دەدەن یا دەبێت بمرن یا بەسەرکەوتوویی بگەڕێنەوە، دیسان دەکەونەوە کوشتار کردن تاوەکوو شەویان بەسەردا دێت و دەبێتە بەربەست لە نێوانیاندا ئیتر هەردوولا دەگەڕێنـەوە ئەمانیش و ئەوانیش بـێ ئـەوەی هیچیـان ببـەزن و مەرجەکـەیش نایەتـەدی، پاشـان موسـڵمانان مـەرجێکی دیکـە دەدەن یـا دەبێـت بمـرن یـا بەسـەرکەوتووی بگەڕێنـەوە، هەمدیسان دەکەونـەوە کوشتـار کـردن تـاوەکو ئێوارەیـان بەسـەردا دێـت، ئیـتر هـەردوولا ئـەمانیش و ئـەوانیش دەگەڕێنـەوە بـێ ئـەوەی هیچیـان ببـەزن و مەرجەکەیش نایەتـە دی، پاشـان بـۆ ڕۆژی چـوارەم چـی مـاوە لـە پاشمـاوەی ئیسلام خـوازان بـەرەو ڕوویـان دەردەپـەڕن، تـاوەکو خـوا تێکیـان دەشـکێنێ، جـەنگێکی خوێنـاوی بـێ وێنـەی کـەس نـەدیدە دەکـەن، بەڕادەیـەك بـاڵندە گوزەردەکات بەملاولایاندا بەجێیان ناهێڵێت هەتا دەمرێ و دەکەوێتە خوارەوە. {وایلێدێت} بەرەبابێك کە سەد کەس بووبن سەرژمێری خۆیـان دەکـەن دەبینن تاقلەبڕبوون و تەنها یەك پیاویان ماوە، ئیتر بەچ دەستکەوتێك دڵخۆش بکرێت، یـاخود چ میراتێك دابەش بکرێـت، لـە کـاتێکدا ئـەمان لـەم حاڵـەدا دەبن گوێیـان لێدەبێت کـە بەڵایـەکی لـەوە گـەورەتر دامێن گیریـان بووە، کاتـێ جـارچی دێتـە لایـان و هاواریـان لێدەکـات: جـەجاڵ لـە دوای خۆیـان بەربۆتـە نـاو مـاڵ و منداڵیانـەوە، ئـەوانیش چییـان پێیـە هـەر هـەمووی فڕێ دەدەن و ڕوو دەکەنـەوە {ماڵـەوە}، دەسوار چـاك لـە پێـش خۆیانـەوە دەنـێرن. پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێت: ((مـن زۆرچـاك نـاوی خۆیـان و باوکیـان و ڕەنـگ و شـێوەی

ئەسپەکانیان دەزانم، ئەوان لە ڕۆژەدا چاکترین سواری سەر زەوین، یان لەو ڕۆژەدا لە چاکترین سواری سەر زەوین)).

(٣٢) ئەو سەرکەوتنانەی کە موسڵمانان پێش هاتنی جەجاڵ بەدەستی دەهێنن

١٩٤٢ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ، عَنْ نَافِعِ بْنِ عُتْبَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي غَزْوَةٍ، قَالَ: فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) قَوْمٌ مِنْ قِبَلِ الْمَغْرِبِ عَلَيْهِمْ ثِيَابُ الصُّوفِ، فَوَافَقُوهُ عِنْدَ أَكَمَةٍ، فَإِنَّهُمْ لَقِيَامٌ، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَاعِدٌ، قَالَ: فَقَالَتْ لِي نَفْسِي: ائْتِهِمْ فَقُمْ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَهُ لَا يَغْتَالُونَهُ، قَالَ: ثُمَّ قُلْتُ: لَعَلَّهُ نَجِيٌّ مَعَهُمْ، فَأَتَيْتُهُمْ فَقُمْتُ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَهُ، قَالَ: فَحَفِظْتُ مِنْهُ أَرْبَعَ كَلِمَاتٍ أَعُدُّهُنَّ فِي يَدِي، قَالَ: ((تَغْزُونَ جَزِيرَةَ الْعَرَبِ فَيَفْتَحُهَا اللَّهُ (ﷻ)، ثُمَّ فَارِسَ فَيَفْتَحُهَا اللَّهُ (ﷻ)، ثُمَّ تَغْزُونَ الرُّومَ فَيَفْتَحُهَا اللَّهُ (ﷻ)، ثُمَّ تَغْزُونَ الدَّجَّالَ فَيَفْتَحُهُ اللَّهُ ﷻ)). قَالَ: فَقَالَ نَافِعٌ: يَا جَابِرُ، لَا نَرَى الدَّجَّالَ يَخْرُجُ حَتَّى تُفْتَحَ الرُّومُ.

لە(جابر)ی کوڕی (سمرە)ەوە، ئەویش لە (نافع)ی کوڕی (عقبە)ەوە (ﷺ) دەڵێ: لە جەنگێکدا لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بووین، دەڵێ: لەوکاتەدا هۆزێك لە خۆر ئاواوە هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەرگی خورییان لەبەردابوو، لای تەپۆڵکەیەکدا پێی گەیشتن، لە کاتێکدا ئەوان بەپێوە بوون پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دانیشتبوو، دەڵێت: دڵی خۆم پێی وتم: بچۆ بۆلایان لە نێوانیاندا ڕاوەستە نەوەکوو بەدزیەوە بیکوژن، دەڵێ: پاشان وتم: دەگونجێت نهێنییەکی لەگەڵیاندا هەبێت. منیش هاتم لەنێوان پێغەمبەر (ﷺ) و ئەواندا ڕاوەستام و،چوار وشەی لێوە فێربووم کە بەپەنجەی دەست دەیانژمێرم، فەرمووی: ((جەنگی دورگەی عەرەب دەکەن خوای گەورە ئازادی دەکات، پاشان {جەنگی} فارس دەکەن خوای باڵا دەست ئازادی دەکات، پاشان جەنگی ڕۆمەکانیش دەکەن خوای گەورە ئازادی دەکات، پاشان جەنگی جەجاڵیش دەکەن خوای گەورە لەناوی دەبات)) دەڵێ: (نافع) وتی: ئەی (جابر)، وانابینین جەجاڵ دەرچێت تا ڕۆمەکان نەگیرێن.

(٣٣) گرتنی قسطنطینیە

١٩٤٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَنْزِلَ الرُّومُ بِالْأَعْمَاقِ أَوْ بِدَابِقٍ، فَيَخْرُجُ إِلَيْهِمْ جَيْشٌ مِنَ الْمَدِينَةِ مِنْ خِيَارِ أَهْلِ

الْأَرْضِ يَوْمَئِذٍ، فَإِذَا تَصَافُّوا قَالَتِ الرُّومُ: خَلُّوا بَيْنَنَا وَبَيْنَ الَّذِينَ سَبَوْا مِنَّا نُقَاتِلْهُمْ، فَيَقُولُ الْمُسْلِمُونَ: لَا وَاللَّهِ، لَا نُخَلِّي بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ إِخْوَانِنَا، فَيُقَاتِلُونَهُمْ فَيَنْهَزِمُ ثُلُثٌ لَا يَتُوبُ اللَّهُ عَلَيْهِمْ أَبَدًا، وَيُقْتَلُ ثُلُثُهُمْ أَفْضَلُ الشُّهَدَاءِ عِنْدَ اللَّهِ، وَيَفْتَتِحُ الثُّلُثُ، لَا يُفْتَنُونَ أَبَدًا، فَيَفْتَتِحُونَ قُسْطَنْطِينِيَّةَ، فَبَيْنَمَا هُمْ يَقْتَسِمُونَ الْغَنَائِمَ، قَدْ عَلَّقُوا سُيُوفَهُمْ بِالزَّيْتُونِ إِذْ صَاحَ فِيهِمُ الشَّيْطَانُ: إِنَّ الْمَسِيحَ قَدْ خَلَفَكُمْ فِي أَهْلِيكُمْ، فَيَخْرُجُونَ، وَذَلِكَ بَاطِلٌ، فَإِذَا جَاءُوا الشَّأْمَ خَرَجَ، فَبَيْنَمَا هُمْ يُعِدُّونَ لِلْقِتَالِ يُسَوُّونَ الصُّفُوفَ إِذْ أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ، فَيَنْزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ (عليه السلام)، فَأَمَّهُمْ، فَإِذَا رَآهُ عَدُوُّ اللَّهِ ذَابَ كَمَا يَذُوبُ الْمِلْحُ فِي الْمَاءِ، فَلَوْ تَرَكَهُ لَانْذَابَ حَتَّى يَهْلِكَ، وَلَكِنْ يَقْتُلُهُ اللَّهُ بِيَدِهِ، فَيُرِيهِمْ دَمَهُ فِي حَرْبَتِهِ)).

(أبو هريرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((قیامەت هەڵناسێت تا ڕۆمەکان لە (أعماق) یا (دابق) دادەبەزن، ئینجا لەشکرێکیان لە مەدینەوە بۆ دەردەچێت کە لە چاکترینی دانیشتوانی سەرزەوین لەو ڕۆژگارەدا، کاتێ ڕیز دەبن. ڕۆمەکان دەڵێن: وازمان لێبێنن با بجەنگین لەگەڵ ئەوانەی کە لە ئێمە بوون و بەدیل گیران [موسڵمان بوون و ئێستا هاتوون دەجەنگن لەگەڵمان] موسڵمانەکان دەڵێن: نەبەخوا وازتان لێناهێنین بجەنگن لەگەڵ براکانمان، ئینجا دەجەنگن لەگەڵیان، سێیەکیان لە جەنگەکە هەڵدێن خوا تەوبەیان لێقبوڵ ناکات، سێیەکیشیان دەکوژرێن کە چاکترینی شەهیدانن لای خوا، سێیەکەکەی تریشیان سەردەکەون، هەرگیز تووشی فیتنە نابن، ئینجا (قسطنطنيه) ئازاد دەکەن لە کاتێکدا کە خەریکی دابەش کردنی دەسکەوتی جەنگەکەن، شمشێرەکانیان بە دارزەیتونەوە هەڵواسیووە، شەیتان بەدرۆ لەناویاندا هاوار دەکات: جەجاڵ دوای ئێوە چۆتە ناو ماڵ و منداڵتان، ئەوانیش دەردەچن کاتێ ئەوان سەرگەرمی خۆسازدان دەبن بۆ جەنگ ڕیزەکانیان ڕێك دەخەن قامەت دەکرێت بۆ نوێژ، (عیسا)ی کوڕی (مریم) (عليه السلام) دادەبەزێت، پێش نوێژییان بۆ دەکات، کاتێ دوژمنی خوا دەیبینێ دەتوێتەوە وەك چۆن خوێ لە ئاودا دەتوێتەوە، خۆ ئەگەر وازی لێبهێنایە خۆی لە خۆیدا دەتوایەوە تالە ناودەچوو، بەڵام خوا بەدەستی ئەو دەیکوژێت، خوێنەکەی بە ڕمەکەیەوە نیشانیان دەدات.

(٣٤) ئەو سوپایەی کە ڕۆدەچێت

١٩٤٤ـ عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ ابْنِ الْقِبْطِيَّةِ قَالَ: دَخَلَ الْحَارِثُ بْنُ أَبِي رَبِيعَةَ وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ صَفْوَانَ وَأَنَا مَعَهُمَا عَلَى أُمِّ سَلَمَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ (﵄)، فَسَأَلَاهَا عَنِ الْجَيْشِ الَّذِي يُخْسَفُ بِهِ؟ وَكَانَ ذَلِكَ فِي أَيَّامِ ابْنِ الزُّبَيْرِ، فَقَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَعُوذُ عَائِذٌ بِالْبَيْتِ فَيُبْعَثُ إِلَيْهِ بَعْثٌ، فَإِذَا كَانُوا بِبَيْدَاءَ مِنَ الْأَرْضِ خُسِفَ بِهِمْ)). فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَكَيْفَ بِمَنْ كَانَ كَارِهًا؟ قَالَ: ((يُخْسَفُ بِهِ مَعَهُمْ، وَلَكِنَّهُ يُبْعَثُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى نِيَّتِهِ)). وَقَالَ أَبُو جَعْفَرٍ: هِيَ بَيْدَاءُ الْمَدِينَةِ.

لە(عبیدالله)ی کوڕی (القبطیة)ەوە دەڵێت: من و (حارث)ی کوڕی (أبو ربیعه)ەو (عبید الله)ی کوڕی (صفوان) چووین بۆ سەردانی (أم سلمه)ی دایکی بڕواداران (﵂) هەردووکیان لێیان پرسی دەربارەی ئەو سوپایەی کە ڕۆدەچێت بە زەویدا؟ ئەمەیش لەسەردەمی (ابن زبیر)دابوو، ئەوەیش وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((پەناهێندەیەك پەنادەبات بۆ کەعبە، سوپایەکی بۆ ڕەوانە دەکرێت، کاتێ دەگەنە دەشت و خاکێکی بەرفراوان ڕۆدەچن)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەی ئەوەی بە زۆر بردوویانە چی بەسەر دێت؟ فەرمووی: ((ئەویش لەگەڵیان ڕۆدەچێت بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر نیاز ونیەتی خۆی زیندوو دەبێتەوە)) (أبو جعفر) دەڵێ: ئەو دەشتە دەشتی مەدینەیە.

(٣٥) خانووەکانی مەدینە پێش قیامەت

١٩٤٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (﵁) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَبْلُغُ الْمَسَاكِنُ إِهَابَ. أَوْ: يَهَابَ)). قَالَ زُهَيْرٌ: قُلْتُ لِسُهَيْلٍ: فَكَمْ ذَلِكَ مِنَ الْمَدِينَةِ؟ قَالَ: كَذَا وَكَذَا مِيلًا.

(أبو هريرة)دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خانووەکان دەگەنە (إهاب) یا (یهاب))) (زهیر)دەڵێ: بە (سهیل)م وت: باشە ئەو شوێنە لەمەدینەوە چەندە دوورە؟ ئەوەیش وتی: ئەوەندە و ئەوەندە میل دەبێت.

(٣٦) قووڵ باریکەکەی حەبەشە کەعبە دەڕوخێنێت

١٩٤٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (﵁) قَالَ: عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): ((يُخَرِّبُ الْكَعْبَةَ ذُو السُّوَيْقَتَيْنِ مِنَ الْحَبَشَةِ)). [بخاري/ الحج/ ١٥١٩]

(أبو هريرة)(﵁) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((زەلامە قوول باریکەکەی حەبەشە کەعبە دەڕوخێنێت)).

(٣٧) عێراق زیوەکەی خۆی گل دایەوە

١٩٤٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((مَنَعَتِ الْعِرَاقُ دِرْهَمَهَا وَقَفِيزَهَا، وَمَنَعَتِ الشَّأْمُ مُدْيَهَا وَدِينَارَهَا، وَمَنَعَتْ مِصْرُ إِرْدَبَّهَا وَدِينَارَهَا، وَعُدْتُمْ مِنْ حَيْثُ بَدَأْتُمْ، وَعُدْتُمْ مِنْ حَيْثُ بَدَأْتُمْ، وَعُدْتُمْ مِنْ حَيْثُ بَدَأْتُمْ)). شَهِدَ عَلَى ذَلِكَ لَحْمُ أَبِي هُرَيْرَةَ وَدَمُهُ.

(ابو هريرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((عێراق درهەم و قەفیزی خۆی قەدەغە کرد، شامیش مەن و دیناری خۆی قەدەغە کرد میسریش ئوردب و دیناری خۆی قەدەغەکرد، لە کوێوە هاتن گەڕانەوە بۆ ئەوێ، لە کوێوە هاتن گەڕانەوە بۆ ئەوێ)) گۆشتی (ابو هريرة)شایەتی لەسەر ئەوە دەدات لەگەڵ خوێنەکەی. {مەبەست لەمە یان زاڵبوونی دوژمنە بەسەر ئەم وڵاتانەدا یان مەبەست جێبەجێ نەکردنی ئەرکە خواییەکانە، بەو هۆیەوە ڕسوایی و ژێر دەستەیی دایان دەگرێت، تا دەگەڕێنەوە بۆ ئاینەکەی خۆیان}.

١٩٤٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: ((لَيْسَتِ السَّنَةُ بِأَنْ لَا تُمْطَرُوا، وَلَكِنِ السَّنَةُ أَنْ تُمْطَرُوا وَتُمْطَرُوا، وَلَا تُنْبِتُ الْأَرْضُ شَيْئًا)).

(ابو هريرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((وشکە ساڵی ئەوە نیە بارانتان بۆ نەبارێت، وشکە ساڵی ئەوەیە داوای باران بکەن و بۆتان ببارێت کەچی زەویش هیچ نەڕوێنێت)).

(٣٨) نەمانی ئیمان و ئەمانەت لەوڵاتدا

١٩٤٩ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) حَدِيثَيْنِ، قَدْ رَأَيْتُ أَحَدَهُمَا وَأَنَا أَنْتَظِرُ الْآخَرَ، حَدَّثَنَا: ((أَنَّ الْأَمَانَةَ نَزَلَتْ فِي جَذْرِ قُلُوبِ الرِّجَالِ، ثُمَّ نَزَلَ الْقُرْآنُ، فَعَلِمُوا مِنَ الْقُرْآنِ وَعَلِمُوا مِنَ السُّنَّةِ)). ثُمَّ حَدَّثَنَا عَنْ رَفْعِ الْأَمَانَةِ قَالَ: ((يَنَامُ الرَّجُلُ النَّوْمَةَ فَتُقْبَضُ الْأَمَانَةُ مِنْ قَلْبِهِ، فَيَظَلُّ أَثَرُهَا مِثْلَ الْوَكْتِ. ثُمَّ يَنَامُ النَّوْمَةَ فَتُقْبَضُ الْأَمَانَةُ مِنْ قَلْبِهِ، فَيَظَلُّ أَثَرُهَا مِثْلَ الْمَجْلِ، كَجَمْرٍ دَحْرَجْتَهُ عَلَى رِجْلِكَ فَنَفِطَ، فَتَرَاهُ مُنْتَبِرًا وَلَيْسَ فِيهِ شَيْءٌ)). ثُمَّ أَخَذَ حَصًى فَدَحْرَجَهُ عَلَى رِجْلِهِ ((فَيُصْبِحُ النَّاسُ يَتَبَايَعُونَ، لَا يَكَادُ أَحَدٌ يُؤَدِّي الْأَمَانَةَ، حَتَّى يُقَالَ: إِنَّ فِي بَنِي فُلَانٍ رَجُلًا أَمِينًا، حَتَّى يُقَالَ لِلرَّجُلِ: مَا أَجْلَدَهُ، مَا أَظْرَفَهُ، مَا أَعْقَلَهُ؟ وَمَا فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ)). وَلَقَدْ أَتَى عَلَيَّ زَمَانٌ وَمَا أُبَالِي أَيَّكُمْ بَايَعْتُ، لَئِنْ كَانَ مُسْلِمًا لَيَرُدَّنَّهُ عَلَيَّ دِينُهُ، وَلَئِنْ كَانَ نَصْرَانِيًّا أَوْ يَهُودِيًّا لَيَرُدَّنَّهُ

عليّ ساعيه، وَأمَّا اليَوْمَ فَمَا كُنْتُ لأُبَايعَ منْكُمْ إلَّا فُلَانًا وَفُلَانًا. [بخاري/ الرقاق/ ٦١٣٢]

(حذيفة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دوو فـەرموودەی بـۆ فـەرموین، یـەکێکیانم بینیـووە {هاتۆتـە دی} چـاوەڕوانی ئەوی‌تریشـیانم، فـەرمووی: ((سـەرەتا ئامانـەت دابەزیـە نـاو ڕەگ و ڕیشـەی دڵانـی پیاوانەوە، ئنجا قورئـان دابەزی، لـە قورئـان فـێربوون و لـە سـونەتیش فـێربوون)) پاشـان دەربـارەی هەڵگرتنی ئامانەت بۆمان دواو، فەرمووی: ((پیاو هەر ئەمەندەی سـەرخەوێك دەشـکێنێت ئامانـەت لـە دڵیـدا دەردەکێشـرێت، شـوێنەوارەکەی لـە دڵیـدا وەك خـاڵێکی لێدێت، پاشـان سەرخەوێکی دیکە دەشـکێنێت و ئەمانـەت لـە دڵیـدا دەردەکێشرێت تاوەکو شوێنەوارەکەی لە دڵیدا وەك تلۆقێکی لێدێت، وەك چۆن پشکۆیەك خلکەیتـەوە بەسـەر قاچتـا و تلـۆق بکـات، دەبینـی بـەرز بۆتـەوە و هیچیشـی تێدانیـە)). (پاشـان بـەردێکی بچوکی هەڵگرت خلـی کـردەوە بەسـەر پێیدا) ((خەڵك وای لێدێت خەریکە کەسی نەبێت پەیمان بەرێتە سەر هەتا وای لێدێت دەڵێن: فلان تیرە پیاوێکی ئەمانەت پارێزی تێدایە تەنانـەت وای لێدێـت بەپیاوێك دەڵێن: ئـای چەندە ئازایـە!، ئـای چەندە لێزانـە!، ئـای چـەندە ژیـرە!، کەچی بە ئەندازەی دەنکە خەرتەلەیەك ئیمان لە دڵیدا نیە)) ڕۆژگارێك بەسەرمدا تێپـەڕی گوێـم نەدایـە پـەیمان بـە کـێ دەدەم، چونکـە ئەگـەر موسـڵمان بوایـە دینەکـەی پەیمانەکـەمی دەپاراسـت ئەگـەر گـاور یـا جولەکـەش بوایـە سەرپەرشتیارەکەی نەیدەهێشت پەیمانەکە بشکێنێت، بەڵام ئەمڕۆ پـەیمان بـە کەس نادەم مەگەر فلان و فیسار.

(٣٩) پەلە بکەن لە کرداری چاکدا پێش ئەوەی فیتنە دامێن گیرتان بێت

١٩٥٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ: ((بَادرُوا بالْأَعْمَال فتَنًا كَقطَع اللَّيْل الْمُظْلم، يُصْبحُ الرَّجُلُ مُؤْمنًا وَيُمْسي كَافرًا، أَوْ يُمْسي مُؤْمنًا وَيُصْبحُ كَافرًا، يَبيعُ دينَهُ بعَرَضٍ منَ الدُّنْيَا)).

لـە (أبـو هريـرة)ەوە (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((پەلـە بکەن لە کـارو کـردەوەی {چـاك} پێش ئەوەی فیتنـەی چوونـە شـەوە زەنگـی تـاریك دامێن گیرتـان بێـت، {وای لێدێـت} پیـاو بەیـانی بـڕواداره و ئێـوارە بـێ

باوەڕ، ئێوارە بڕواداره و بەیانی بێباوەڕ، ئایینی خۆی بە کەمێك لە ماڵ و سامانی دنیا دەفرۆشێت)).

(٤٠) پەلە بکەن پێش ئەوەی شەش شت یەخەتان بگرێت

١٩٥١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((بَادِرُوا بِالْأَعْمَالِ سِتًّا: الدَّجَّالَ، وَالدُّخَانَ، وَدَابَّةَ الْأَرْضِ، وَطُلُوعَ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، وَأَمْرَ الْعَامَّةِ، وَخُوَيْصَّةَ أَحَدِكُمْ)).

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: ((پەلە بەکەن لە کردەوەی چاك پێش ئەوەی شەش شت دامێن گیرتان بێت: جەجاڵ و، دوکەڵ و، جانەوەری زەوی و، هەڵاتنی خۆر لە خۆر ئاواو، کارەساتی گشتی (کەمەبەست قیامەتە) کارەساتی تایبەت بە هەریەکێك لە خۆتان {مەبەست مردنە}.

(٤١) خواناسی لەکاتی بەرپابوونی کوشت و بڕیندا

١٩٥٢ـ عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الْعِبَادَةُ فِي الْهَرْجِ كَهِجْرَةٍ إِلَيَّ)).

(معقل)ی کوڕی (یسار)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خواپەرستی لەکاتی زۆر بوونی کوشت و بڕیندا وەك کۆچکردن وایە بۆلای من)).

(٤٢) بەسەرهاتی (أبن صیاد) -کوڕی ڕاوچییەکە

١٩٥٣ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا حُجَّاجًا أَوْ عُمَّارًا، وَمَعَنَا ابْنُ صَائِدٍ، قَالَ: فَنَزَلْنَا مَنْزِلًا فَتَفَرَّقَ النَّاسُ، وَبَقِيتُ أَنَا وَهُوَ، فَاسْتَوْحَشْتُ مِنْهُ وَحْشَةً شَدِيدَةً مِمَّا يُقَالُ عَلَيْهِ، قَالَ: وَجَاءَ بِمَتَاعِهِ فَوَضَعَهُ مَعَ مَتَاعِي، فَقُلْتُ: إِنَّ الْحَرَّ شَدِيدٌ، فَلَوْ وَضَعْتَهُ تَحْتَ تِلْكَ الشَّجَرَةِ، قَالَ: فَفَعَلَ. قَالَ: فَرُفِعَتْ لَنَا غَنَمٌ، فَانْطَلَقَ فَجَاءَ بِعُسٍّ فَقَالَ: اشْرَبْ أَبَا سَعِيدٍ، فَقُلْتُ: إِنَّ الْحَرَّ شَدِيدٌ، وَاللَّبَنُ حَارٌّ. مَا بِي إِلَّا أَنِّي أَكْرَهُ أَنْ أَشْرَبَ عَنْ يَدِهِ، أَوْ قَالَ: آخُذَ عَنْ يَدِهِ. فَقَالَ: أَبَا سَعِيدٍ، لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آخُذَ حَبْلًا فَأُعَلِّقَهُ بِشَجَرَةٍ ثُمَّ أَخْتَنِقَ مِمَّا يَقُولُ لِيَ النَّاسُ، يَا أَبَا سَعِيدٍ مَنْ خَفِيَ عَلَيْهِ حَدِيثُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَا خَفِيَ عَلَيْكُمْ مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ، أَلَسْتَ مِنْ أَعْلَمِ النَّاسِ بِحَدِيثِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ أَلَيْسَ قَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ((هُوَ كَافِرٌ)) وَأَنَا مُسْلِمٌ؟ أَوَلَيْسَ قَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هُوَ عَقِيمٌ لَا يُولَدُ لَهُ)) وَقَدْ تَرَكْتُ وَلَدِي بِالْمَدِينَةِ؟ أَوَلَيْسَ قَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَدْخُلُ الْمَدِينَةَ وَلَا مَكَّةَ))

وَقَدْ أَقْبَلْتُ مِنَ الْمَدِينَةِ وَأَنَا أُرِيدُ مَكَّةَظ قَالَ أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّك حَتَّى كِدْتُ أَنْ أَعْذِرَهُن ثُمَّ قَالَك أَمَا وَاللَّهِ إِنِّي لَأَعْرِفُهُن وَأَعْرِفُ مَوْلِدَهُ وَأَيْنَ هُوَ الْآنَز قَالَك قُلْتُ لَهُك تَبًّا لَكَ سَائِرَ الْيَوْمِز

(أبي سعيد الخدري)(ﷺ) دەڵێ: بەمەبەستی حەج یان عەمرە کەوتینە ڕێ (ابن صائد)یشمان لەگەڵ بوو، لە شوێنێك لاماندا و خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، من و ئەو بەتەنها ماینەوە، منیش سامم لێکرد سامێکی ئێجگار زۆر لەبەر ئەوەی کە شت لەبارەیەوە دەوترا، شت و مەکەکانی خۆی هێنا لەگەڵ هینەکانی مندا دانا، منیش وتم: گەرماکە زۆر بەتینە، ئەگەر لە بن ئەو درەختەدا دات بنایا، ئەوەیش بە قسەی کردم، ئەنجا ڕانە مەڕێکمان بەدی کرد ئەویش ڕۆیشت پڕ بەجامێکی گەورە [شیری] هێنا وتی: (أبو سعید) بخۆرەوە، منیش وتم: گەرماکە زۆر بەتینە و، شیریش گەرمە. منیش خۆ وەنەبێ هیچم هەبێ هەر ئەوە نەبێ کە حەزم نەدەکرد شتی دەستی ئەو بخۆمەوە، یان لە دەستی وەرگرم. وتی: (أبوسیعد)، زۆر جار نیازم وایە بچم پەتێك بێنم و بەدارێکدا هەڵیواسم و خۆم بخنکێنم لەداخی ئەوەی کە خەڵکی دەربارەم دەڵێن، ئەی (أبوسعید): ئەگەر کەسێك هەبێت فەرموودەی پێغەمبەری لێ شاراوە بێت، لە ئێوە شاراوە نیە، ئەی کۆمەڵی یاریدەدەران، ئەی تۆ لەهەموو خەڵکی زانا تر نیت بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیفەرمووە: ((جەجاڵ کافرە)) خۆ من موسڵمانم؟ ئەی نەیفەرمووە: ((ئەو نەزۆکە منداڵی نابێت)) خۆ من کوڕێکم لە مەدینە بەجێهێشتووە؟ ئەی پێغەمبەری خوا نەیشی فەرمووە: ((ناچێتە مەدینە و ناشچێتە مەککە)) بەلام ئەوەتا من لە مەدینەوە هاتووم و دەمەوێ بەرەو مەککە بڕۆم. (أبو سعید الخدري) دەڵێت: تا وام لێهات خەریك بوو بیانوی لێوەرگرم [باوەڕی پێبکەم] پاشان {ابن صیاد} وتی: بەلام بەخوا من چاك دەیناسم و کات و شوێنی لەدایك بوونیشی دەزانم، دەشزانم ئێستە لە کوێیە؟ (ابو سعید) دەڵێ: منیش پێم وت: دەك ڕەنجەڕۆ و داماو بێت لەمەودوا [چونکە کە وتی، من دەیناسم خستمیە گومانەوە].

١٩٥٤ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (ﷺ): أَنَّ ابْنَ صَيَّادٍ سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ تُرْبَةِ الْجَنَّةِ، فَقَالَ: ((دَرْمَكَةٌ بَيْضَاءُ، مِسْكٌ خَالِصٌ)).

لە(ابو سعيد)ەوە كە (ابن صياد) پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) كرد، دەربارەی خـاك و خۆڵـی بەهەشـت. ئـەویش فـەرمووی: ((وەك ئـاردێكی پاڵفتـەی سـپییە {لەڕەنگدا} ، میسكێكی تەواویشە [لەبۆندا])).

١٩٥٥ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا مَعَ الدَّجَّالِ مِنْهُ، مَعَهُ نَهْرَانِ يَجْرِيَانِ، أَحَدُهُمَا رَأْيَ الْعَيْنِ مَاءٌ أَبْيَضُ، وَالْآخَرُ رَأْيَ الْعَيْنِ نَارٌ تَأَجَّجُ، فَإِمَّا أَدْرَكَنَّ أَحَدٌ فَلْيَأْتِ النَّهْرَ الَّذِي يَرَاهُ نَارًا، وَلْيُغَمِّضْ ثُمَّ لْيُطَأْطِئْ رَأْسَهُ فَيَشْرَبَ [مِنْهُ]، فَإِنَّهُ مَاءٌ بَارِدٌ. وَإِنَّ الدَّجَّالَ مَمْسُوحُ الْعَيْنِ، عَلَيْهَا ظَفَرَةٌ غَلِيظَةٌ، مَكْتُوبٌ بَيْنَ عَيْنَيْهِ كَافِرٌ، يَقْرَؤُهُ كُلُّ مُؤْمِنٍ، كَاتِبٍ وَغَيْرِ كَاتِبٍ)).
[بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٦٦]

(حذيفة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((من لە جەجاڵ خۆی باشتر دەزانم چی پێیە. دووڕووباری ڕەوانی لەگەڵە، یەكێكیان لە پێش چاودا ئاوێكی سپییە، ئەوی تریان لە پێش چاودا ئاگرێكە بڵێسە دەدات، جا ئەگەر كەسێك پێی گەیشت با بچێت بۆ ئەو ڕووبارەی كە بەئاگر دێتە پێش چاوی و، باچاوی بنوقێنێ و پاشان باسەری داخات و لێی بخواتەوە، چونكە ئاوێكی ساردە، جەجاڵ یەك چاوە، پێستێكی ئەستور لەسەرچاویەتی، لەنێوچاوانیدا نوسراوە (كافر) هەموو بڕوادارێك دەیخوێنێتەوە چ خوێندەوار و چ نەخوێندەوار)).

١٩٥٦ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الدَّجَّالُ أَعْوَرُ الْعَيْنِ الْيُسْرَى، جُفَالُ الشَّعَرِ، مَعَهُ جَنَّةٌ وَنَارٌ، فَنَارُهُ جَنَّةٌ وَجَنَّتُهُ نَارٌ)).

(حذيفة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((جەجاڵ چاوی چەپی كوێرە، تووكنە، بەهەشت و دۆزەخی پێیە، دۆزەخەكەی بەهەشتە و بەهەشتەكەی دۆزەخە)).

١٩٥٧ـ عَنِ النَّوَّاسِ بْنِ سَمْعَانَ (ﷺ) قَالَ: ذَكَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الدَّجَّالَ ذَاتَ غَدَاةٍ فَخَفَّضَ فِيهِ وَرَفَّعَ، حَتَّى ظَنَنَّاهُ فِي طَائِفَةِ النَّخْلِ، فَلَمَّا رُحْنَا إِلَيْهِ عَرَفَ ذَلِكَ فِينَا، فَقَالَ: ((مَا شَأْنُكُمْ)). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ ذَكَرْتَ الدَّجَّالَ غَدَاةً، فَخَفَّضْتَ فِيهِ وَرَفَّعْتَ، حَتَّى ظَنَنَّاهُ فِي طَائِفَةِ النَّخْلِ. فَقَالَ: ((غَيْرُ الدَّجَّالِ أَخْوَفُنِي عَلَيْكُمْ، إِنْ يَخْرُجْ وَأَنَا فِيكُمْ فَأَنَا حَجِيجُهُ دُونَكُمْ، وَإِنْ يَخْرُجْ وَلَسْتُ فِيكُمْ فَامْرُؤٌ حَجِيجُ نَفْسِهِ، وَاللَّهُ خَلِيفَتِي عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ، إِنَّهُ شَابٌّ قَطَطٌ عَيْنُهُ طَافِئَةٌ، كَأَنِّي أُشَبِّهُهُ

بعَبْدِ الْعُزَّى بْنِ قَطَنٍ، فَمَنْ أَدْرَكَهُ مِنْكُمْ فَلْيَقْرَأْ عَلَيْهِ فَوَاتِحَ سُورَةِ الْكَهْفِ، إِنَّهُ خَارِجٌ خَلَّةً بَيْنَ الشَّأْمِ وَالْعِرَاقِ، فَعَاثَ يَمِينًا وَعَاثَ شِمَالًا، يَا عِبَادَ اللَّهِ فَاثْبُتُوا)). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا لَبْثُهُ فِي الْأَرْضِ؟ قَالَ: ((أَرْبَعُونَ يَوْمًا، يَوْمٌ كَسَنَةٍ، وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ، وَيَوْمٌ كَجُمُعَةٍ، وَسَائِرُ أَيَّامِهِ كَأَيَّامِكُمْ)). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَسَنَةٍ أَتَكْفِينَا فِيهِ صَلَاةُ يَوْمٍ؟ قَالَ: ((لَا، اقْدُرُوا لَهُ قَدْرَهُ)). قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا إِسْرَاعُهُ فِي الْأَرْضِ؟ قَالَ: ((كَالْغَيْثِ اسْتَدْبَرَتْهُ الرِّيحُ، فَيَأْتِي عَلَى الْقَوْمِ فَيَدْعُوهُمْ فَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَجِيبُونَ لَهُ، فَيَأْمُرُ السَّمَاءَ فَتُمْطِرُ، وَالْأَرْضَ فَتُنْبِتُ، فَتَرُوحُ عَلَيْهِمْ سَارِحَتُهُمْ أَطْوَلَ مَا كَانَتْ ذُرًا وَأَسْبَغَهُ ضُرُوعًا وَأَمَدَّهُ خَوَاصِرَ. ثُمَّ يَأْتِي الْقَوْمَ فَيَدْعُوهُمْ فَيَرُدُّونَ عَلَيْهِ قَوْلَهُ، فَيَنْصَرِفُ عَنْهُمْ، فَيُصْبِحُونَ مُمْحِلِينَ لَيْسَ بِأَيْدِيهِمْ شَيْءٌ مِنْ أَمْوَالِهِمْ. وَيَمُرُّ بِالْخَرِبَةِ فَيَقُولُ لَهَا: أَخْرِجِي كُنُوزَكِ، فَتَتْبَعُهُ كُنُوزُهَا كَيَعَاسِيبِ النَّحْلِ ثُمَّ يَدْعُو رَجُلًا مُمْتَلِئًا شَبَابًا، فَيَضْرِبُهُ بِالسَّيْفِ فَيَقْطَعُهُ جَزْلَتَيْنِ رَمْيَةَ الْغَرَضِ، ثُمَّ يَدْعُوهُ فَيُقْبِلُ وَيَتَهَلَّلُ وَجْهُهُ يَضْحَكُ، فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ بَعَثَ اللَّهُ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ (عليه السلام)، فَيَنْزِلُ عِنْدَ الْمَنَارَةِ الْبَيْضَاءِ شَرْقِيَّ دِمَشْقَ بَيْنَ مَهْرُودَتَيْنِ، وَاضِعًا كَفَّيْهِ عَلَى أَجْنِحَةِ مَلَكَيْنِ، إِذَا طَأْطَأَ رَأْسَهُ قَطَرَ، وَإِذَا رَفَعَهُ تَحَدَّرَ مِنْهُ جُمَانٌ كَاللُّؤْلُؤِ، فَلَا يَحِلُّ لِكَافِرٍ يَجِدُ رِيحَ نَفَسِهِ إِلَّا مَاتَ، وَنَفَسُهُ يَنْتَهِي حَيْثُ يَنْتَهِي طَرْفُهُ، فَيَطْلُبُهُ حَتَّى يُدْرِكَهُ بِبَابِ لُدٍّ، فَيَقْتُلُهُ، ثُمَّ يَأْتِي عِيسَى [ابْنَ مَرْيَمَ] قَوْمٌ قَدْ عَصَمَهُمُ اللَّهُ مِنْهُ، فَيَمْسَحُ عَنْ وُجُوهِهِمْ، وَيُحَدِّثُهُمْ بِدَرَجَاتِهِمْ فِي الْجَنَّةِ، فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ، إِذْ أَوْحَى اللَّهُ إِلَى عِيسَى (عليه السلام): إِنِّي قَدْ أَخْرَجْتُ عِبَادًا لِي لَا يَدَانِ لِأَحَدٍ بِقِتَالِهِمْ، فَحَرِّزْ عِبَادِي إِلَى الطُّورِ، وَيَبْعَثُ اللَّهُ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ ﴿وَهُمْ مِنْ كُلِّ حَدَبٍ يَنْسِلُونَ﴾ [الأنبياء: ٩٦] فَيَمُرُّ أَوَائِلُهُمْ عَلَى بُحَيْرَةِ طَبَرِيَّةَ فَيَشْرَبُونَ مَا فِيهَا. وَيَمُرُّ آخِرُهُمْ فَيَقُولُونَ: لَقَدْ كَانَ بِهَذِهِ مَرَّةً مَاءٌ، وَيُحْصَرُ نَبِيُّ اللَّهِ عِيسَى (عليه السلام) وَأَصْحَابُهُ حَتَّى يَكُونَ رَأْسُ الثَّوْرِ لِأَحَدِهِمْ خَيْرًا مِنْ مِائَةِ دِينَارٍ لِأَحَدِكُمُ الْيَوْمَ، فَيَرْغَبُ نَبِيُّ اللَّهِ عِيسَى (عليه السلام) وَأَصْحَابُهُ، فَيُرْسِلُ اللَّهُ عَلَيْهِمُ النَّغَفَ فِي رِقَابِهِمْ، فَيُصْبِحُونَ فَرْسَى كَمَوْتِ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ. ثُمَّ يَهْبِطُ نَبِيُّ اللَّهِ عِيسَى وَأَصْحَابُهُ إِلَى الْأَرْضِ، فَلَا يَجِدُونَ فِي الْأَرْضِ مَوْضِعَ شِبْرٍ إِلَّا مَلَأَهُ زَهَمُهُمْ وَنَتْنُهُمْ، فَيَرْغَبُ نَبِيُّ اللَّهِ عِيسَى وَأَصْحَابُهُ إِلَى اللَّهِ (عز وجل)، فَيُرْسِلُ اللَّهُ طَيْرًا كَأَعْنَاقِ الْبُخْتِ، فَتَحْمِلُهُمْ فَتَطْرَحُهُمْ حَيْثُ شَاءَ اللَّهُ (عز وجل)، ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ مَطَرًا لَا يَكُنُّ مِنْهُ بَيْتُ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ، فَيَغْسِلُ الْأَرْضَ حَتَّى يَتْرُكَهَا كَالزَّلَفَةِ. ثُمَّ

يُقَالُ لِلْأَرْضِ: أَنْبِتِي ثَمَرَتَكِ وَرُدِّي بَرَكَتَكِ، فَيَوْمَئِذٍ تَأْكُلُ الْعِصَابَةُ مِنَ الرُّمَّانَةِ وَيَسْتَظِلُّونَ بِقِحْفِهَا، وَيُبَارَكُ فِي الرِّسْلِ حَتَّى أَنَّ اللِّقْحَةَ مِنَ الْإِبِلِ لَتَكْفِي الْفِئَامَ مِنَ النَّاسِ، وَاللِّقْحَةَ مِنَ الْبَقَرِ لَتَكْفِي الْقَبِيلَةَ مِنَ النَّاسِ، وَاللِّقْحَةَ مِنَ الْغَنَمِ لَتَكْفِي الْفَخِذَ مِنَ النَّاسِ، فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ بَعَثَ اللَّهُ رِيحًا طَيِّبَةً، فَتَأْخُذُهُمْ تَحْتَ آبَاطِهِمْ، فَتَقْبِضُ رُوحَ كُلِّ مُؤْمِنٍ وَكُلِّ مُسْلِمٍ، وَيَبْقَى شِرَارُ النَّاسِ يَتَهَارَجُونَ فِيهَا تَهَارُجَ الْحُمُرِ، فَعَلَيْهِمْ تَقُومُ السَّاعَةُ)).

(نــواس)ی کــوڕی (سمعــان) (ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەر (ﷺ) ســەرلەبەیانییەك باسی جەجاڵی بۆ کردین جەجاڵی بەسووك سەیر کـرد، بـەڵام فیتنەکـەی بـە گەورە گرت، [ئەوەندەی باس کرد] تاوامان زانی لەناو دارخورماکاندایە، کاتێ ڕێکـەوتین بچـین بـۆ لای [پێغەمبــەر (ﷺ)] هەســتی پێکردیــن و فــەرمووی: ((چیتانە)) وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا سەرلەبەیانی باسی جەجاڵت بۆ کردین زۆرت باسکرد، بەسووکی سەیرت کرد، بەڵام فیتنەکەیت بە گەورە گرت تاوامان زانی والەناو باخە دارخورماکاندا. فەرمووی: ((شتێکی تر هەیە زیاتر لە دەجال مەترسی لێدەکەم لەسەرتان، ئەگەر دەرچێت و منتان لەناودا بم ئەوا من لـەبری ئێوە چاری دەکەم، بـەڵام ئەگـەر دەرچێـت و منتـان لـەناوا نـەبم ئـەوا باهەرکـەس چارەسازی خۆی بێت، خوایش سەروکاری منو هەموو موسڵمانێکە، [دەجال] گەنجێکی چاوهـەڵتۆقیوی قژ لوولـە. وەك ئەوەی بیشوبهێنم بـە (عبدالعـزی)ی کـوڕی (قطـن) جـا هـەر کـەس لـە ئێـوە پێـی گەیشـت باسـەرەتای سـورەتی (الکهف)ی بەسـەرا بخوێنـێ، ئەو لـە ڕێ و جێیەکی بەردەڵانی سەختی نێـوان (شام) و (عێراق) دەردەچێت، جارێ بەلای ڕاست وجارێ بەلای چەپدا ئاشووب و کوکە دەنێتەوە، ئەی بەندەکانی خوا دامـەزراوبن)). وتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا چـەندێك لـە زەویدا دەمێنێتــەوە؟ فـەرمووی: ((چـل ڕۆژ. ڕۆژێکــی وەك ساڵێکە و، ڕۆژێکی وەك مانگێکە و ڕۆژێکی وەك حەفتەیەکە و باقی ڕۆژەکانی وەك ڕۆژەکانی دیکەتان وایە)). وتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، ئەو ڕۆژەی کـە وەك ساڵێکە نوێژی ڕۆژێکمانی تێدا بەس دەبێت؟ فەرمووی: ((نا، بە ئەندازەی خۆیی بۆ بگـرن)) وتمـان: ئەی پێغەمبـەری خـوا، ئەی گـوڕی چۆنـە لـە زەویـدا؟ فەرمووی: ((وەك بارانێك وایە بای لەپشت بێت، دێت بەسـەر گەل و هۆزێکدا بانگیان دەکات ئەوانیش باوەڕی پـێ دێنـن و دێـن بـە دەمیـەوە، ئەوجا فـەرمان

دەکات بە ئاسمان باران ببارێنێت بەزەویش ڕووەك بڕوێنێت، سەر لە ئێواران مەڕ ومالآتیان کەدێتەوە سەرپشتیان لە جاران بەرزترەو وگوانیان پڕشیرترە و لاکەلەکەیان تێر تـرە. پاشـان ڕادەبـووری بـەلای هۆزەکـەیدا بانگیـان دەکـات، ئـەوانیش بەرپـەرچی قسـەکەی دەدەنـەوە، ئـەویش وازیـان لێ‌دێنـێ. ئیـتر وشکەسالّی و بێ‌بارانی ڕوویان تێدەکات هیچیان بەدەستەوە نامێنێ لەماڵ و سامانیان. ئەدا بەلای کەلاوە وێرانـەدا پێـی دەڵـێ: گەنجینەکانی خۆت دەرکە، گەنجینـەکانی شـوێنی دەکـەون وەك شـای هـەنگ [هەنگـەکانی دیکـە شـوێنی دەکـەون] پاشـان بـانگی پیـاو دەکـات کـە لەوپـەڕی تـافی تـێر و تەواویدایـە بەشمشـێرەکەی لێـی دەدات، هـەروەك چۆن دەدرێـت لـە نیشـانە دەیکـات بـە دوکەرتەوە، پاشان بانگدەکات ئەویش سەرلەنوێ بەرەو ڕووی دێتـەوەو، ڕەنـگ و ڕووی پرشە دەدات و پێدەکەنێ، لەکاتێکدا کەلەو حاڵەدایە، خوای بالآدەست (مەسیح)ی کوڕی (مریم) (عليه السلام) دەنـێرێت، لای منارەسپی‌یەکەی خۆرهـەلآتی (دیمەشـق)دا دادەبـەزێت لـەدوو بـەرگی زەرددا، هـەردوو دەسـتی خسـتۆتە سەربالّی دوو فریشتە، کاتێ سەر دادەخـات سـەری ئاوی لێدەتکێ، کاتێکیش سەربەرزدەکاتەوە جۆرە ئاوێکی لێ‌دەچۆڕێت هەر دەڵێی دانەی مرواری‌یە، هیچ بێبـاوەڕێك نی‌یـە هەسـت بـەبۆنی هەناسـەی بکـات و نـەمرێت. هەناسەیشـی بڕدەکـات ئەمـەندەی کـەچاوی بڕبکـات، شـوێن {دەجـال} دەکـەوێت تـاوەکو لەبەردەگای شـاورۆچکەی (لُـد) پێـی دەگـات و دەیکوژێـت. پاشـان (عیسـا)ی کوڕی (مریم)(عليهما السلام) دێت بۆلای هۆزێك کە خوا پاراستوونی لێـی دەست دێنێت بەسەر دەموچاویاندا، قسەیان بۆ دەکات سەبارەت بەپلەوپایـەیان لەبەهەشتدا. لەکاتێکدا عیسـا لـەم حاڵەدایـە. خوا وەحـی دەنێرێت کـە مـن چـەندین بـەندەم خولقاندووە کە کەس توانای جەنگ کردنی نییە لەگەڵیان، کەوا بوو بـەندەکانی من حەشـاردە بـەرەوکێوی (طـور) ئـەمجا خـوا (یـەئجوج) و (مـەئجوج) دەنـێرێت ﴿وهم من كل حدب ينسلون﴾ [الانبياء٩٦] واتـە: ﴿لەهـەموو تەپۆڵکەیەکەوە بەڕاکردن بەردەبنـەوە﴾ بەراییەکانیان ڕابوون بـەلای دەریاچەی (طبريـة)دا چی تێدابێت دەیخۆنەوە دواییـنەکانیان کە تێدەپەڕن دەڵێن: ئەمە کاتی خۆی ئاوی تێدابـووە، پێغەمبـەری خـوا (عیسـا)ی کـوڕی (مریـم)(عليه السلام) و هاوەڵـەکانی گـەمارۆ دەدرێـن تـاوەکو وای لێدێـت سـەرەگایەك بـۆ هەریـەکێك لـەوان

باشترە لە سەددینار بۆ یەکێك لە ئێوە ئەمڕۆ. ئەمجا پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مریم و هاوەڵەکانی دەست دەکەن بەپاڕانەوە و لاڵانەوە، تاوەکو خوا کرمۆکەی ناو پۆزی حوشتر و مەڕومالاتیان بۆ دەنێرێت هەر هەموویان بەجارێ لاڵ و پاڵ لێی دەکەون وەك مردنی یەك کەس. پاشان پێغەمبەری خوا عیساو و هاوەڵەکانی دادەبەزنە سەر زەوی. لەزەویدا یەك بست خاکیان دەست ناکەوێت کە کێم و زوخاوی لاشەی ئەوان پڕی نەکردبێت، ئەوجا پێغەمبەری خوا عیسا و هاوەڵەکانی دەپاڕێنەوە لە خوای گەورە. تاوەکو خوا جۆرە باڵندەیەك دەنێرێت، وەك ملی حوشتری گەردن بەرز هەڵیان دەگرێت و فڕێیان دەداتە ئەو شوێنەی خوای گەورە بیەوێت، دوای ئەوە خوای گەورە جۆرە بارانێك دەبارێنێت نەخانووی قوڕ و نەڕەشماڵ نابوێرێت. سەر زەوی هەموو دەشواتەوە وەك ئاوێنەی بێ گەردی لێدەکات دوای ئەوە بە زەوی دەوترێت: بەروبومی خۆت سەوز بکەو، فەڕ و بەرەکەتی خۆت بگەڕێنەوە، لەو ڕۆژەدا کۆمەڵە کەسێك لەیەك هەنار دەخۆن و، لەسایەی سێبەری توێکڵەکەشیدا دەحەوێنەوە، هەروەها فەڕ و بەرەکەت دەکەوێتە گوانی مەڕومالاتەکانەوە بەڕادەیەك شیری حوشترێك بەشی کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی دەکات و مانگایەکی شیردەر بەشی تیرەیەك لەخەڵکی دەکات. لە کاتێکدا ئەوان لەم باروگوزەرانەدا دەبن، خواشنەبایەکی خۆش هەڵدەکات بن هەنگڵیان دادەگرێتەوە، گیانی هەموو بڕوادار و موسڵمانێك دەکیشێت و، خراپانی خەڵکی دەمێننەوە لەیەکتری دەپەڕن وەك چۆن کەرگەل لەیەکتری دەپەڕن لەسەر ئەوان قیامەت هەڵدەسێت)).

١٩٥٨ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا حَدِيثًا طَوِيلًا عَنِ الدَّجَّالِ، فَكَانَ فِيمَا حَدَّثَنَا قَالَ: ((يَأْتِي –وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْهِ أَنْ يَدْخُلَ نِقَابَ الْمَدِينَةِ– فَيَنْتَهِي إِلَى بَعْضِ السِّبَاخِ الَّتِي تَلِي الْمَدِينَةَ، فَيَخْرُجُ إِلَيْهِ يَوْمَئِذٍ رَجُلٌ هُوَ خَيْرُ النَّاسِ –أَوْ: مِنْ خَيْرِ النَّاسِ– فَيَقُولُ لَهُ: أَشْهَدُ أَنَّكَ الدَّجَّالُ الَّذِي حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَدِيثَهُ، فَيَقُولُ الدَّجَّالُ: أَرَأَيْتُمْ إِنْ قَتَلْتُ هَذَا ثُمَّ أَحْيَيْتُهُ، أَتَشُكُّونَ فِي الْأَمْرِ؟ فَيَقُولُونَ: لَا، قَالَ: فَيَقْتُلُهُ ثُمَّ يُحْيِيهِ، فَيَقُولُ حِينَ يُحْيِيهِ: وَاللَّهِ مَا كُنْتُ فِيكَ قَطُّ أَشَدَّ بَصِيرَةً مِنِّي الْآنَ، قَالَ: فَيُرِيدُ الدَّجَّالُ أَنْ

يَقْتُلَهُ فَلَا يُسَلَّطُ عَلَيْهِ)). قَالَ أَبُو إِسْحَقَ: يُقَالُ: إِنَّ هَذَا الرَّجُلَ هُوَ الْخَضِرُ عَلَيْهِ السَّلَام. [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٨٣]

(ابي سعيد الخدري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێکیان باسێکی دوورو درێژی بۆ کردین دەربارەی دەجال، هەندێك لەوەی کە بۆی باس کردین فەرمووی: ((دێت و -حەرامە لەسەری بچێتە ئەو ڕێگوزەرەی بۆ مەدینە دەچێت- تادەگاتە هەندێ خاکی وشك و برن کە لەولای مەدینەوەیە، لەوڕۆژەدا پیاوێکی لێرادەپەڕێت کە چاکترینی خەڵکە -یالە چاکترینی خەڵکە- پێی دەڵێ: شایەتی دەدەم کە تۆ ئەو دەجالەی کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردووە بۆمان، دەجالیش دەڵێ: باشە پێم بڵێن ئەگەر ئەمەم کوشت و پاشان زیندووم کردەوە ئایا گومان لە کارەکەدا دەکەن؟ دەڵێن: نەء . ئەویش دەیکوژێت و پاشان زیندووی دەکاتەوە، کاتێ زیندووی دەکاتەوە پیاوەکە دەڵێ: بەخوا هەرگیز لەمەوپێش لە ئێستە باشتر تۆم نەناسیوە، دەجال دەیەوێت بیکوژێت و زاڵ نابێت بەسەریدا، (ابو اسحاق) دەڵێ: وتراوە ئەو پیاوە بریتییە لە (خضر-ی زیندە) سەلامی خوای لێبێت.

١٩٥٩ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَخْرُجُ الدَّجَّالُ، فَيَتَوَجَّهُ قِبَلَهُ رَجُلٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، فَتَلْقَاهُ الْمَسَالِحُ مَسَالِحُ الدَّجَّالِ، فَيَقُولُونَ لَهُ، أَيْنَ تَعْمِدُ؟ فَيَقُولُ: أَعْمِدُ إِلَى هَذَا الَّذِي خَرَجَ، قَالَ: فَيَقُولُونَ لَهُ: أَوَ مَا تُؤْمِنُ بِرَبِّنَا؟ فَيَقُولُ: مَا بِرَبِّنَا خَفَاءٌ، فَيَقُولُونَ: اقْتُلُوهُ، فَيَقُولُ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: أَلَيْسَ قَدْ نَهَاكُمْ رَبُّكُمْ أَنْ تَقْتُلُوا أَحَدًا دُونَهُ؟ قَالَ: فَيَنْطَلِقُونَ بِهِ إِلَى الدَّجَّالِ، فَإِذَا رَآهُ الْمُؤْمِنُ قَالَ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ هَذَا الدَّجَّالُ الَّذِي ذَكَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: فَيَأْمُرُ الدَّجَّالُ بِهِ فَيُشَبَّحُ، فَيَقُولُ: خُذُوهُ وَشُجُّوهُ، فَيُوسَعُ ظَهْرُهُ وَبَطْنُهُ ضَرْبًا، قَالَ: فَيَقُولُ: أَوَ مَا تُؤْمِنُ بِي؟ قَالَ: فَيَقُولُ: أَنْتَ الْمَسِيحُ الْكَذَّابُ، قَالَ: فَيُؤْمَرُ بِهِ فَيُؤْشَرُ بِالْمِئْشَارِ، مِنْ مَفْرِقِهِ حَتَّى يُفَرَّقَ بَيْنَ رِجْلَيْهِ، قَالَ: ثُمَّ يَمْشِي الدَّجَّالُ بَيْنَ الْقِطْعَتَيْنِ، ثُمَّ يَقُولُ لَهُ: قُمْ، فَيَسْتَوِي قَائِمًا، قَالَ: ثُمَّ يَقُولُ لَهُ: أَتُؤْمِنُ بِي؟ فَيَقُولُ: مَا ازْدَدْتُ فِيكَ إِلَّا بَصِيرَةً، قَالَ: ثُمَّ يَقُولُ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّهُ لَا يَفْعَلُ بَعْدِي بِأَحَدٍ مِنَ النَّاسِ. قَالَ: فَيَأْخُذُهُ الدَّجَّالُ لِيَذْبَحَهُ، فَيُجْعَلَ مَا بَيْنَ رَقَبَتِهِ إِلَى تَرْقُوَتِهِ نُحَاسًا، فَلَا يَسْتَطِيعُ إِلَيْهِ سَبِيلًا. قَالَ فَيَأْخُذُ بِيَدَيْهِ وَرِجْلَيْهِ فَيَقْذِفُ بِهِ، فَيَحْسِبُ

النَّاسُ أَنَّمَا قَذَفَهُ إِلَى النَّارِ وَإِنَّمَا أُلْقِيَ فِي الْجَنَّةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَذَا أَعْظَمُ النَّاسِ شَهَادَةً عِنْدَ رَبِّ الْعَالَمِينَ)).

(ابي سعيد الخدري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((دەجال دەردەچێت و پیاوێك لە بڕواداران بەرەو ڕووی دەچێت، ئەوجا چەكدارەكانی دەجال ڕێی پێدەگرن و پێی دەڵێن: بەرەو كوێ دەڕۆیت؟ ئەویش دەڵێ: بەرەو ئەو كەسەی تازە پەیدابووە، ئەوانیش پێی دەڵێن: ئەی تۆ باوەڕت نییە بە پەروەردگاری ئێمە؟ ئەویش دەڵێ: پەروەردگارمان شاراوەنییە، دەڵێن: بیكوژن، هەندێكیان بەهەندێكیان دەڵێن: ئەی پەروەردگارتان جڵەوگیری نەكردن لەوەی كە كەس نەكوژن لەپێناوی ئەودا؟ ئینجا دەیبەن بۆ لای دەجال، كاتێ بڕوادارەكە دەیبینێت دەڵێت: ئەی خەڵكینە ئەمە ئەو دەجالەیە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی كردووە. ئینجا دەجال فەرمانی بۆ دەردەكات بەسەرسكیدا دەیخەن، و دەڵێت بیگرن و سەروچاوی بشكێنن، ئینجا پشت و ورگی دادەگرنەوە بە لێدان و تێ هەڵدان، ئینجا پێی دەڵێت: ئێستەیش باوەڕت پێم نییە؟ دەڵێ: تۆ یەك چاوە درۆزنەكەی، دەڵێت: ئەوجا فەرمان دەردەكات بەمشار دادەهێنرێت لەتەوقی سەریەوە تاوەكو نێوانی هەردوو قاچیشی لێك دەترازێنێت. لە دوایدا دەجاڵ بە نێوان هەردوو پارچەكەدا دەڕوات و، پێی دەڵێت: هەستە، ئەویش جووتەپێ هەڵدەستێتو ڕاست دەبێتەوە. دوایی پێی دەڵێت: ئایا باوەڕم پێ دەهێنیت؟ ئەویش دەڵێت: زیاتر بەرچاو ڕوون بووم دەربارەت. پاشان دەڵێت: ئەی خەڵكینە، دوای من ناتوانێت وا بكات لە هیچ كەسی تر. ئینجا دەجال دەیگرێت بۆ ئەوەی سەری بڕێت، بەڵام لە گەردنیەوە تا ئێسكی سەرسینەی دەبێت بەمس و دەسی بەسەریدا ناڕوات، ئینجا هەردوو دەست و هەردوو قاچی دەگرێت و فڕێی دەدات، خەڵكی وا دەزانن بەرەو ئاگر فڕێی داوە كەچی فڕێی داوەتە بەهەشتەوە، پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((ئەمە گەورەترین شەهیدە لەناو خەڵكیدا لای پەروەردگاری جیهانیان)).

١٩٦٠ـ عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (ﷺ) قَالَ: مَا سَأَلَ أَحَدٌ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنِ الدَّجَّالِ أَكْثَرَ مِمَّا سَأَلْتُ، قَالَ: ((وَمَا يُنْصِبُكَ مِنْهُ؟ إِنَّهُ لَا يَضُرُّكَ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّ مَعَهُ الطَّعَامَ وَالْأَنْهَارَ؟ قَالَ: ((هُوَ أَهْوَنُ عَلَى اللَّهِ مِنْ ذَلِكَ)).
[بخاري/ الفتن/ ٦٧٠٥]

له (مغیر)ی کوڕی (شعبة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: هیچ کەس لەمن زیاتر پرسیاری له پێغەمبەر (ﷺ) نەکردووە دەربارەی دەجال فەرمووی: ((چیت داوەڵێ، خۆ ئەو زیانت پێ ناگەیەنێت)). ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوان دەڵێن خۆراك و ڕووباری لەگەڵە؟ فەرمووی: ((ئەو لای خوا لەوە ڕیسواترە)).

١٩٦١ـ عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ سَالِمٍ قَالَ: سَمِعْتُ يَعْقُوبَ بْنَ عَاصِمِ ابْنِ عُرْوَةَ بْنِ مَسْعُودٍ الثَّقَفِيَّ يَقُولُ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو، وَجَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: مَا هَـذَا الْحَدِيثُ الَّذِي تُحَدِّثُ بِهِ؟ تَقُولُ: إِنَّ السَّاعَةَ تَقُومُ إِلَى كَذَا وَكَذَا؟ فَقَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ -أَوْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهُمَا- لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ لَا أُحَدِّثَ أَحَدًا شَيْئًا أَبَدًا، إِنَّمَا قُلْتُ: إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ بَعْدَ قَلِيلٍ أَمْرًا عَظِيمًا: يُحَرَّقُ الْبَيْتُ، وَيَكُونُ وَيَكُونُ، ثُمَّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَخْرُجُ الدَّجَّالُ فِي أُمَّتِي فَيَمْكُثُ أَرْبَعِينَ -لَا أَدْرِي أَرْبَعِينَ يَوْمًا أَوْ أَرْبَعِينَ شَهْرًا، أَوْ أَرْبَعِينَ عَامًا- فَيَبْعَثُ اللَّهُ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ، كَأَنَّهُ عُرْوَةُ بْنُ مَسْعُودٍ، فَيَطْلُبُهُ فَيُهْلِكُهُ، ثُمَّ يَمْكُثُ النَّاسُ سَبْعَ سِنِينَ، لَيْسَ بَيْنَ اثْنَيْنِ عَدَاوَةٌ، ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ رِيحًا بَارِدَةً مِنْ قِبَلِ الشَّأْمِ، فَلَا يَبْقَى عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ أَحَدٌ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ أَوْ إِيمَانٍ إِلَّا قَبَضَتْهُ، حَتَّى لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ دَخَلَ فِي كَبِدِ جَبَلٍ لَدَخَلَتْهُ عَلَيْهِ حَتَّى تَقْبِضَهُ)). قَالَ: سَمِعْتُهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: ((فَيَبْقَى شِرَارُ النَّاسِ فِي خِفَّةِ الطَّيْرِ وَأَحْلَامِ السِّبَاعِ، لَا يَعْرِفُونَ مَعْرُوفًا وَلَا يُنْكِرُونَ مُنْكَرًا، فَيَتَمَثَّلُ لَهُمُ الشَّيْطَانُ فَيَقُولُ: أَلَا تَسْتَجِيبُونَ؟ فَيَقُولُونَ: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ فَيَأْمُرُهُمْ بِعِبَادَةِ الْأَوْثَانِ، وَهُمْ فِي ذَلِكَ دَارٌّ رِزْقُهُمْ حَسَنٌ عَيْشُهُمْ، ثُمَّ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ فَلَا يَسْمَعُهُ أَحَدٌ إِلَّا أَصْغَى لِيتًا وَرَفَعَ لِيتًا، قَالَ: وَأَوَّلُ مَنْ يَسْمَعُهُ رَجُلٌ يَلُوطُ حَوْضَ إِبِلِهِ، قَالَ: فَيَصْعَقُ وَيَصْعَقُ النَّاسُ، ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ -أَوْ قَالَ: يُنْزِلُ اللَّهُ -مَطَرًا كَأَنَّهُ الطَّلُّ -أَوِ الظِّلُّ. نُعْمَانُ الشَّاكُّ- فَتَنْبُتُ مِنْهُ أَجْسَادُ النَّاسِ، ثُمَّ يُنْفَخُ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ، ثُمَّ يُقَالُ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ هَلُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُمْ مَسْئُولُونَ﴾ [الصافات: ٢٤] قَالَ ثُمَّ يُقَالُ: أَخْرِجُوا بَعْثَ النَّارِ. فَيُقَالُ: مِنْ كَمْ؟ فَيُقَالُ: مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعَ مِائَةٍ وَتِسْعَةً وَتِسْعِينَ، قَالَ: فَذَاكَ: يَوْمَ يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا، وَذَلِكَ ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَنْ سَاقٍ﴾ [القلم: ٤٢])).

(النعمان)ی کوڕی (سالم)(ﷺ) دەڵێ: گوێم لێبوو (یعقوب)ی کوڕی (عاصم)ی کوڕی (عروة)ی کوڕی (سعود)ی (الثقفي) دەیووت: گوێم لە (عبدالله)ی کوڕی (عمر)بوو، کاتێ پیاوێك هات بۆلای وتی: ئەم قسە و باسە

چی‌یە کە دەیکەیت؟ دەڵێی قیامەت ئەمەندە و ئەمەندەی دیکە هەڵدەسێت؟ ئەویش وتی: (سبحان الله) یا (الااله الا الله) یا وشەیەکی لەو جۆرە –هات بەدڵیا– هەرگیز هیچ شتێك بۆ هیچ کەسێك نەگێڕمەوە، من هەر ئەوەندەم وتوە کە: ئێوە لەمەولا پاش کەمێك ڕوداوێکی گەورە دەبینن: ماڵی {خوا} دەسوتێنرێت. ئەوە و ئەوە دەبێت، پاشان وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((دەجال لەناو ئومەتەکەمدا دەردەچێت چل دەمێنێتەوە –نازانم چل ڕۆژ، یا چل مانگ، یا چل ساڵ، پاشان خوا عیسای کوڕی مریم (عليه السلام) دەنێرێت، هەر ئەلێی (عروة)ی کوڕی (مسعود)ە شوێنی دەکەوێت و لەناوی دەبات، دوای ئەوە خەڵکی حەوت ساڵ دەمێنێتەوە، لە نێوان دوو کەسدا دوژمنایەتی نابێت،بەدوایدا خوا بایەکی سارد لە ڕووی شامەوە دەنێرێت، هیچ کەسێك ناهێڵێتەوە لەسەر ڕووی زەویدا بە ئەندازەی گەردیلەیەك خێر یا باوەڕ لە دڵیدا هەبێت مەگەر گیانی دەکێشێت، هەتاوەکو ئەگەر یەکێ لە ئێوە بچێتە ناوکرۆکی شاخەوە بابۆی دەچێتە ژوورەوە تا گیانی دەکێشێت)) لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە فەرموویەتی: ((ئینجا خراپانی خەڵك دەمێنێتەوە لەسوکیدا وەك باڵندە وان و سروشت و ئارەزوویان وەك دڕندەیە، نەچاك بەچاك دەزانن و نەخراپ بە خراپ، بەڕادەیەك شەیتان خۆیان لێدەگۆڕێت و دەڵێت: ئایا شەرم ناکەن؟ ئەوانیش دەڵێن: بەچی فەرمانمان پێدەکەیت؟ ئەویش فەرمانیان پی دەکات بە بت پەرستیی، کاتێ ئەوان لەسەر ئەو باروگوزەرانە دەبن ڕزق و ڕۆزیان زۆر دەبێت و، ژیان و گوزەرانیان خۆش دەبێت. لەپاشان فوو دەکرێت بە کەڕەناداو، هیچ کەسێك نی‌یە گوێی لێبێت ئیلا لاملی نەوی دەکات و لاملی بەرز دەکاتەوە. دەڵێ: یەکەمین کەسێکیش کە گوێی لێدەبێت پیاویکە خەریکە حەوزی حوشترەکەی چاك دەکات و سواقی دەدات. بەڵام تیا دەچێت و خەڵکیش تیا دەچن. دوای ئەوە خوا بارانێك دەنێرێت [یا وتی: دەیبارێنێت] هەردەڵێی بارانی پەڵەیە {نەرم و لەسەر خۆ} یان دەڵێی –سێبەرە (نعمان) دوودڵە– ئەوجا لەش و لاری خەڵکی لێدەڕوێتەوە لە پاشان فوویەکی دیکەی پیا دەکرێت ئیتر ئەوان کوتوپڕ ڕاست دەبنەوە و تەماشا دەکەن، دوای ئەوە دەوترێت: ئەی خەڵکینە وەرن بەرەولای پەروەردگارتان ﴿وقفوهم انهم مسؤولون﴾الصافات/٢٤. واتا: ﴿بیان وەستێنن

ئەوان بەرپرسیارن﴾ لەپاشان دەوترێت: دەستە و تاقمەکانی ئاگر دەرکەن. دەوترێت: لە چەند؟ دەوترێت: لەهەموو هەزارێك نۆصەد و نەوەد و نۆیان. دەڵێت ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە منداڵانی پێ پیر دەبێت. ئەو ڕۆژەیشە کە [قول و قاچی لێهەڵدەکرێت] واتای ئایەتی القلم/٤٢.

(٤٣) یەکەمین نیشانەی گەورە هەڵاتنی خۆرە لە خۆر ئاواوە

١٩٦٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ) قَالَ: حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَدِيثًا لَمْ أَنْسَهُ بَعْدُ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ أَوَّلَ الْآيَاتِ خُرُوجًا طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، وَخُرُوجُ الدَّابَّةِ عَلَى النَّاسِ ضُحًى، وَأَيُّهُمَا مَا كَانَتْ قَبْلَ صَاحِبَتِهَا فَالْأُخْرَى عَلَى إِثْرِهَا قَرِيبًا)).

(عبداللە)ی کوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموودەیەکم لەبەر کردووە هێشتا لەبیرم نەچۆتەوە، بیستم پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((یەکەمین نیشانەیەك کە دەردەچێت هەڵاتنی خۆرە لە خۆر ئاواوە و، دەرچوونی دەعباکەیە بۆ سەر خەڵکی لە چێشتەنگاودا، هەرکامایان پێش ئەویان بوو ئەوی تریشی بە شوێنیدا نزیکە)).

(٤٤) دەرچوونی دەجال و باسی (الجساسة)

١٩٦٣ـ عَنْ عَامِرُ بْنُ شَرَاحِيلَ الشَّعْبِيُّ -شَعْبُ هَمْدَانَ- أَنَّهُ سَأَلَ فَاطِمَةَ بِنْتَ قَيْسٍ، أُخْتَ الضَّحَّاكِ بْنِ قَيْسٍ (ﷺ)، وَكَانَتْ مِنَ الْمُهَاجِرَاتِ الْأُوَلِ، فَقَالَ: حَدِّثِينِي حَدِيثًا سَمِعْتِيهِ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، لَا تُسْنِدِيهِ إِلَى أَحَدٍ غَيْرِهِ، فَقَالَتْ: لَئِنْ شِئْتَ لَأَفْعَلَنَّ، فَقَالَ لَهَا: أَجَلْ حَدِّثِينِي، فَقَالَتْ: نَكَحْتُ ابْنَ الْمُغِيرَةِ وَهُوَ مِنْ خِيَارِ شَبَابِ قُرَيْشٍ يَوْمَئِذٍ، فَأُصِيبَ فِي أَوَّلِ الْجِهَادِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا تَأَيَّمْتُ خَطَبَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ فِي نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَخَطَبَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى مَوْلَاهُ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ)، وَكُنْتُ قَدْ حُدِّثْتُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ أَحَبَّنِي فَلْيُحِبَّ أُسَامَةَ)). فَلَمَّا كَلَّمَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قُلْتُ: أَمْرِي بِيَدِكَ فَأَنْكِحْنِي مَنْ شِئْتَ، فَقَالَ: ((انْتَقِلِي إِلَى أُمِّ شَرِيكٍ)) -وَأُمُّ شَرِيكٍ امْرَأَةٌ غَنِيَّةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، عَظِيمَةُ النَّفَقَةِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، يَنْزِلُ عَلَيْهَا الضِّيفَانُ- فَقُلْتُ: سَأَفْعَلُ، فَقَالَ: ((لَا تَفْعَلِي، إِنَّ أُمَّ شَرِيكٍ امْرَأَةٌ كَثِيرَةُ الضِّيفَانِ، فَإِنِّي أَكْرَهُ أَنْ يَسْقُطَ عَنْكِ خِمَارُكِ، أَوْ يَنْكَشِفَ الثَّوْبُ عَنْ سَاقَيْكِ، فَيَرَى الْقَوْمُ مِنْكِ بَعْضَ مَا تَكْرَهِينَ، وَلَكِنِ انْتَقِلِي إِلَى ابْنِ عَمِّكِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو ابْنِ أُمِّ

مَكْتُوم- وَهُوَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي فِهْرٍ، فِهْرِ قُرَيْشٍ، وَهُوَ مِنَ الْبَطْنِ الَّذِي هِيَ مِنْهُ - فَانْتَقَلْتُ إِلَيْهِ، فَلَمَّا انْقَضَتْ عِدَّتِي سَمِعْتُ نِدَاءَ الْمُنَادِي -مُنَادِي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)- يُنَادِي: الصَّلَاةَ جَامِعَةً، فَخَرَجْتُ إِلَى الْمَسْجِدِ، فَصَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَكُنْتُ فِي صَفِّ النِّسَاءِ الَّتِي تَلِي ظُهُورَ الْقَوْمِ، فَلَمَّا قَضَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) صَلَاتَهُ جَلَسَ عَلَى الْمِنْبَرِ وَهُوَ يَضْحَكُ، فَقَالَ: ((لِيَلْزَمْ كُلُّ إِنْسَانٍ مُصَلَّاهُ)). ثُمَّ قَالَ: ((أَتَدْرُونَ لِمَ جَمَعْتُكُمْ)). قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((إِنِّي وَاللَّهِ مَا جَمَعْتُكُمْ لِرَغْبَةٍ وَلَا لِرَهْبَةٍ، وَلَكِنْ جَمَعْتُكُمْ لِأَنَّ تَمِيمًا الدَّارِيَّ كَانَ رَجُلًا نَصْرَانِيًّا، فَجَاءَ فَبَايَعَ وَأَسْلَمَ، وَحَدَّثَنِي حَدِيثًا وَافَقَ الَّذِي كُنْتُ أُحَدِّثُكُمْ عَنْ مَسِيحِ الدَّجَّالِ، حَدَّثَنِي أَنَّهُ رَكِبَ فِي سَفِينَةٍ بَحْرِيَّةٍ مَعَ ثَلَاثِينَ رَجُلًا مِنْ لَخْمٍ وَجُذَامَ، فَلَعِبَ بِهِمُ الْمَوْجُ شَهْرًا فِي الْبَحْرِ، ثُمَّ أَرْفَئُوا إِلَى جَزِيرَةٍ فِي الْبَحْرِ حَتَّى مَغْرِبِ الشَّمْسِ، فَجَلَسُوا فِي أَقْرُبِ السَّفِينَةِ فَدَخَلُوا الْجَزِيرَةَ، فَلَقِيَتْهُمْ دَابَّةٌ أَهْلَبُ كَثِيرُ الشَّعَرِ، لَا يَدْرُونَ مَا قُبُلُهُ مِنْ دُبُرِهِ مِنْ كَثْرَةِ الشَّعَرِ، فَقَالُوا: وَيْلَكِ مَا أَنْتِ؟ فَقَالَتْ: أَنَا الْجَسَّاسَةُ، قَالُوا: وَمَا الْجَسَّاسَةُ؟ قَالَتْ: أَيُّهَا الْقَوْمُ انْطَلِقُوا إِلَى هَذَا الرَّجُلِ فِي الدَّيْرِ، فَإِنَّهُ إِلَى خَبَرِكُمْ بِالْأَشْوَاقِ، قَالَ: لَمَّا سَمَّتْ لَنَا رَجُلًا فَرِقْنَا مِنْهَا أَنْ تَكُونَ شَيْطَانَةً، قَالَ: فَانْطَلَقْنَا سِرَاعًا حَتَّى دَخَلْنَا الدَّيْرَ فَإِذَا فِيهِ أَعْظَمُ إِنْسَانٍ رَأَيْنَاهُ قَطُّ خَلْقًا، وَأَشَدُّهُ وِثَاقًا، مَجْمُوعَةٌ يَدَاهُ إِلَى عُنُقِهِ، مَا بَيْنَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى كَعْبَيْهِ بِالْحَدِيدِ، قُلْنَا: وَيْلَكَ مَا أَنْتَ؟ قَالَ: قَدْ قَدَرْتُمْ عَلَى خَبَرِي، فَأَخْبِرُونِي مَا أَنْتُمْ؟ قَالُوا: نَحْنُ أُنَاسٌ مِنَ الْعَرَبِ، رَكِبْنَا فِي سَفِينَةٍ بَحْرِيَّةٍ فَصَادَفْنَا الْبَحْرَ حِينَ اغْتَلَمَ، فَلَعِبَ بِنَا الْمَوْجُ شَهْرًا، ثُمَّ أَرْفَأْنَا إِلَى جَزِيرَتِكَ هَذِهِ فَجَلَسْنَا فِي أَقْرُبِهَا فَدَخَلْنَا الْجَزِيرَةَ، فَلَقِيَتْنَا دَابَّةٌ أَهْلَبُ، كَثِيرُ الشَّعَرِ، لَا يُدْرَى مَا قُبُلُهُ مِنْ دُبُرِهِ مِنْ كَثْرَةِ الشَّعَرِ، فَقُلْنَا: وَيْلَكِ مَا أَنْتِ؟ فَقَالَتْ: أَنَا الْجَسَّاسَةُ، قُلْنَا: وَمَا الْجَسَّاسَةُ؟ قَالَتِ: اعْمِدُوا إِلَى هَذَا الرَّجُلِ فِي الدَّيْرِ فَإِنَّهُ إِلَى خَبَرِكُمْ بِالْأَشْوَاقِ، فَأَقْبَلْنَا إِلَيْكَ سِرَاعًا، وَفَزِعْنَا مِنْهَا، وَلَمْ نَأْمَنْ أَنْ تَكُونَ شَيْطَانَةً. فَقَالَ: أَخْبِرُونِي عَنْ نَخْلِ بَيْسَانَ، قُلْنَا: عَنْ أَيِّ شَأْنِهَا تَسْتَخْبِرُ؟ قَالَ: أَسْأَلُكُمْ عَنْ نَخْلِهَا هَلْ يُثْمِرُ؟ قُلْنَا لَهُ: نَعَمْ، قَالَ: أَمَا إِنَّهُ يُوشِكُ أَنْ لَا تُثْمِرَ، قَالَ: أَخْبِرُونِي عَنْ بُحَيْرَةِ الطَّبَرِيَّةِ، قُلْنَا: عَنْ أَيِّ شَأْنِهَا تَسْتَخْبِرُ؟ قَالَ: هَلْ فِيهَا مَاءٌ؟ قَالُوا: هِيَ كَثِيرَةُ الْمَاءِ، قَالَ: أَمَا إِنَّ مَاءَهَا يُوشِكُ أَنْ يَذْهَبَ، قَالَ: أَخْبِرُونِي عَنْ عَيْنِ زُغَرَ، قَالُوا: عَنْ أَيِّ شَأْنِهَا تَسْتَخْبِرُ؟ قَالَ: هَلْ فِي الْعَيْنِ مَاءٌ؟ وَهَلْ يَزْرَعُ أَهْلُهَا بِمَاءِ الْعَيْنِ؟ قُلْنَا لَهُ: نَعَمْ هِيَ كَثِيرَةُ الْمَاءِ، وَأَهْلُهَا

يَنْزِعُونَ مِنْ مَائِهَا، قَالَ: أَخْبِرُونِي عَنْ نَبِيِّ الْأُمِّيِّينَ مَا فَعَلَ؟ قَالُوا: قَدْ خَرَجَ مِنْ مَكَّةَ وَنَزَلَ يَثْرِبَ، قَالَ: أَقَاتَلَهُ الْعَرَبُ؟ قُلْنَا: نَعَمْ، قَالَ: كَيْفَ صَنَعَ بِهِمْ، فَأَخْبَرْنَاهُ أَنَّهُ قَدْ ظَهَرَ عَلَى مَنْ يَلِيهِ مِنَ الْعَرَبِ وَأَطَاعُوهُ، قَالَ لَهُمْ: قَدْ كَانَ ذَلِكَ؟ قُلْنَا نَعَمْ، قَالَ: أَمَا إِنَّ ذَاكَ خَيْرٌ لَهُمْ أَنْ يُطِيعُوهُ، وَإِنِّي مُخْبِرُكُمْ عَنِّي: إِنِّي أَنَا الْمَسِيحُ [الدجال]. وَإِنِّي أُوشِكُ أَنْ يُؤْذَنَ لِي فِي الْخُرُوجِ فَأَخْرُجَ، فَأَسِيرَ فِي الْأَرْضِ، فَلَا أَدَعَ قَرْيَةً إِلَّا هَبَطْتُهَا فِي أَرْبَعِينَ لَيْلَةً، غَيْرَ مَكَّةَ وَطَيْبَةَ، فَهُمَا مُحَرَّمَتَانِ عَلَيَّ كِلْتَاهُمَا، كُلَّمَا أَرَدْتُ أَنْ أَدْخُلَ وَاحِدَةً، -أَوْ وَاحِدًا- مِنْهُمَا اسْتَقْبَلَنِي مَلَكٌ بِيَدِهِ السَّيْفُ صَلْتًا، يَصُدُّنِي عَنْهَا، وَإِنَّ عَلَى كُلِّ نَقْبٍ مِنْهَا مَلَائِكَةً يَحْرُسُونَهَا)). قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَطَعَنَ بِمِخْصَرَتِهِ فِي الْمِنْبَرِ: ((هَذِهِ طَيْبَةُ، هَذِهِ طَيْبَةُ، هَذِهِ طَيْبَةُ، -يَعْنِي الْمَدِينَةَ- أَلَا هَلْ كُنْتُ حَدَّثْتُكُمْ ذَلِكَ)). فَقَالَ النَّاسُ: نَعَمْ. ((فَإِنَّهُ أَعْجَبَنِي حَدِيثُ تَمِيمٍ، أَنَّهُ وَافَقَ الَّذِي كُنْتُ أُحَدِّثُكُمْ عَنْهُ، وَعَنِ الْمَدِينَةِ وَمَكَّةَ، أَلَا إِنَّهُ فِي بَحْرِ الشَّأْمِ أَوْ بَحْرِ الْيَمَنِ، لَا بَلْ مِنْ قِبَلِ الْمَشْرِقِ مَا هُوَ، مِنْ قِبَلِ الْمَشْرِقِ مَا هُوَ، مِنْ قِبَلِ الْمَشْرِقِ مَا هُوَ)). وَأَوْمَأَ بِيَدِهِ إِلَى الْمَشْرِقِ. قَالَتْ: فَحَفِظْتُ هَذَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).

لە(عامر)ی کوڕی (شراحيل)ی (الشعبی)یەوە -شەعبی هەمەدان- کە پرسیاری لە (فاطمة)ی کچی (قيس) کردووە -خوشکی (الضحاك)ی کوڕی (قيس)(ﷺ) کە لە ژنە کۆچەرییە پێشینەکانە-، وتی: قسەیەکم بۆ بکە کە خۆت لە پێغەمبەرت (ﷺ) بیستبێت، بەمەرجێ پاڵی نەدەیت بەلای هیچ کەسێکی دیکە جگەلەو، وتی: دەتەوێ وادەکەم، ئەویش وتی: بەڵێ قسەم بۆ بکە، ئەویش وتی: شووم کرد بە (ابن مغيره) کە لەچاکترینی لاوانی قورەیش بوولەو ڕۆژەدا، کەچی لەیەکەمین جەنگێکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) پێکرا، کاتێ بێوەژن کەوتم (عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف) لەگەڵ چەند کەسێکدا لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) داوای کردم، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای کردم بۆ کارگوزارەکەی خۆی (أسامه)ی کوڕی (زيد)(ﷺ) منیش بۆیان باس کردبووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس منی خۆش دەوێت با (أسامه)یشی خۆش بوێت)). کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) قسەی لەگەڵ کردم وتم: جڵەوی کاری من بەدەستی تۆیە لەکێم مارەدەکەیت مارەم بکە. فەرمووی: ((بگوێزەرەوە ماڵی (ام شريك))) (ام شريك) ژنێکی دەوڵەمەند بوو لە

(یاریدەدەران) خەرجی زۆر گەورەی دەکێشا لە ڕێگەی خوادا، میوانی دەهات. منیش وتم: وا دەکەم، فەرمووی: ((وامەکە، (أم شريك) زۆر میواندارە، منیش حەز ناکەم سەرپۆشەکەت لێبکەوێت، یاخود قاچ و قولت دەرکەوێت، خەڵکی هەندێك شوێنت لێوە ببینن کەحەزی پێ نەکەیت، بەڵام بگوێزەرەوە بۆ لای کوڕی مامت (عبدالله)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (أم كلثوم)– کە ئەوە پیاوێك بوو لە بەرەی (فهر). (فهر)ی قورەیش، کەلە تیرەی ئەو ئافرەتە بوو– منیش گواستمەوە بۆ لای، کاتێ ماوەی (عدة)کەم تەواو بوو گوێم لە بانگی جارچی بوو –جارچی پێغەمبەری خوا کە بانگی دەکرد. (الصلاة جامعة) منیش دەرچووم بەرەو مزگەوت، نوێژم لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) کرد کە من لەریزی ژنەکاندا بووم لە پشت پیاوانەوە، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژەکەی تەواو کرد، لەسەر دوانگە–منبر– دانیشت و پێدەکەنی، فەرمووی: ((با هەرکەس لە جێنوێژی خۆیدا بمێنێتەوە)) پاشان فەرمووی: ((ئایا دەزانن بۆ چیکۆم کردونەتەوە)) وتیان: خوا و پێغەمبەری خوا باشتر دەزانن. فەرمووی: ((بەخوا من بۆ هیچ مەبەستێك و هیچ ترسێك ئێوەم کۆنەکردۆتەوە، بەڵکو بۆیە کۆم کردونەتەوە چونکە (تميم)ی (الداری) پیاوێکی گاور بوو، هات بەڵێنی داو موسڵمان بوو، قسەیەکی بۆ کردووم کە هاو شێوەی ئەوەیە کە من بۆم باس کردوون سەبارەت بە دەجالی یەکچاو، قسەی بۆ کردم کە سواری کەشتیەکی دەریایی بووە لەگەڵ سی پیاو لە هۆزی (لخم) و (جذام)ماوەی مانگێك شەپۆلی دەریاکە گێژی داون، تاوەکوو سەرەنجام پەنایان بردۆتە بەر دوورگەیەك لە دەریاکەدا تا خۆر ئاوابوون، لە نزیکی کەشتیەکەوە دادەنیشن لەدوایدا دەچنە ناو دورگەکەوە، دەعبایەکی تیسکنی تووکنیان پێ دەگات، کە لەبەر زۆری تووك و موو پاش و پێشیان بۆ لێك جیانەکراوەتەوە، دەڵێن: قورت بەسەر تۆ کێیت؟ دەڵێ: من (الجساسه)ەم، دەڵێن: الجساسة چییە؟ دەڵێ: خەڵکینە بڕۆن بۆ لای ئەو پیاوەی کە لە کۆشکەکەدایە، چونکە زۆر تامەزرۆی دەنگ و باسی ئێوەیە. کاتێ ناوی پیاوی برد ترساین لێی کەجۆرە شەیتانێك بێت، ئێمەیش بەپەلە ڕۆیشتین تا چووینە کۆشکەکەوە. کاتێ سەیر دەکەین زەلامێکی تێدایە کە هەرگیز زەلامی ئاوامان نەدیبوو، لە هەموو کەس کەتە و زلترو، لەهەموو کەس زیاتر کۆت و بەند و شەتەك درابوو، هەردوو دەستی تا گەردنی، نێوان

هەردوو ئەژنۆی تا قوولەپێی بە ئاسن، وتمان: قورت بەسەر تۆ کێیت؟ وتی: ئێوە توانیتان بەسەر دەنگ و باسی من ئاشنا بن. پێم بڵێن ئێوە کێن؟ وتیان: ئێمە خەڵکانێکین لە عەرەب، سواری کەشتیەکی دەریایی بووین، گیرۆدەی داوی دەریا بووین لەکاتێ هەڵچوونیدا، ماوەی مانگێک شەپۆلی دەریاگێژی داین، پاشان پەنامان هێنا بەرەو لای ئەم دوورگەیەی تۆ،لە نزیکیەوە دانیشتین تا چووینە دوورگەکەوە، گیانلەبەرێکی تیسکنی تووکنمان پێگەیشت، لەبەر موو پێش و پاشیمان بۆ لەیەك جیا نەکرایەوە وتمان: (الجساسە)چی‌یە؟ وتی: بچن بۆ لای ئەو پیاوەی کە لە کۆشکەکەدایە ئەو تامەزرۆی دەنگ و باسی ئێوەیە، ئێمەیش بەپەلە هاتین بۆلای تۆ و، زۆری لێترساین، ترساین لەوەی کە جۆرە شەیتانێك بێت، ئەویش وتی: خەبەرم بدەنێ سەبارەت بە دارخورماکانی (بێستان) وتمان: لەبارەی چ شتێکیەوە پرسیار دەکەیت؟ وتی:پرسیارتان دەربارەی دارخورماکانی لێ دەکەم داخۆ بەردەگرێت؟ پێمان وت: بەڵێ، وتی: بەڵام نزیکە ئیتر بەرنەگرێت. وتی خەبەرم بدەنێ سەبارەت بە دەریاچەی (طبرية)، وتمان: لەچ شتێکیەوە پرسیار دەکەیت؟ وتی: ئایا ئاوی تیا هەیە؟ وتیان: ئاوی زۆرە وتی: بەڵام ئاوەکەی نزیکە نەمێنێت، وتی: خەبەرم بدەنێ دەربارەی کانیاوی (زُغَرة) وتیان: لەچ شتێك پرسیار دەکەیت. وتی: ئایا لەوکانیاوەدا ئاو هەیە؟ ئایا خەڵکەکەی بەئاوی کانیاوەکە کشت و کاڵ دەکەن؟ پێمان وت: بەڵێ ئاوی زۆرە. خەڵکەکەیشی کشت وکاڵی پێدەکەن، وتی: خەبەرم بدەنێ دەربارەی پێغەمبەرە نەخوێندەوارەکان چی کرد؟ وتیان: لەمەککە دەرچووە و لە (يَثرِب)نیشتەجێ بووە، وتی: ئایا عەرەب شەڕیان لەگەڵ کرد؟ وتمان: بەڵێ وتی: چۆنی پێکردن؟ خەبەرمان پێدا کە سەرکەوتووە بەسەر ئەوانەی لێوەی نزیکن لە عەرەب و، ئەوانیش گوێڕایەڵی بوون.پێی وتین: جا ئەوە بووە؟ وتمان: بەڵێ ، وتی: بزانن چاکتروایە بۆیان کە گوێڕایەڵی بن منیش خەبەرتان دەدەمێ من کێم: من دەجالم. من نزیکە کە مۆڵەتی دەرچونم بدرێتێ و دەرچم و، بەزەویدا بڕۆم هیچ دێهات و {شارێك} نەهێڵمەوە کە دانەبەزم بۆی لەماوەی چل شەودا جگە لە (مەککە) و(طيبـة)نەبێت، کە ئەو دووانە هەردووکیان لە من قەدەغەن، هەرکاتێك بمەوێ بچمە یەکێکیان، فریشتەیەك شمشێرێکی ڕووتی بەدەستەوەیە ڕووم تێدەکات و بەرهەڵستیم

لێدەکات، لەسەر هەر ڕێگەوبانێکی فریشـتە وەسـتاون و پاسـەوانی دەکـەن))
دەڵێـت: پێغەمبـەر بەداردەسـتەکەی دەسـتی دەیژەنـد لـە دووانگەکـەوە –
مینبەرەکـەوە– و دەیفـەرموو: ((ئەمـە (طیبـة)ەیـە، ئەمـە (طیبـة)ەیـە، ئەمـە
(طیبة)ەیە، –مەبەستی لە مەدینە –بوو ئایا من لەو بارەوە قسەم بۆکردوون))
خەڵکیش وتیان بەڵێ. فەرمووی((من قسەکەی (تمیم)م پێخۆش بوو هاوشێوەی
ئەوە من قسەم بۆ کردن. هەروەها لەبارەی مەدینە و مەککەیشەوە، بزانن کە ئەو
لەدەریای شامدایە یاخود دەریای یەمەن، نا بەڵکو لە ڕووی خۆرهەڵاتەوەیە،
لەڕووی خۆرهەڵاتەوەیە، لەڕووی خۆرهەڵاتەوەیە)) بەدەستی بەرەو خۆر هەڵات
ئاماژەی کرد. دەڵێ: ئەمەم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەبەرکرد.

١٩٦٤ـ عَنْ أَنَسُ بْنُ مَالكٍ (ﷺ) قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((لَيْسَ مِنْ بَلَدٍ إِلَّا سَيَطَؤُهُ الدَّجَّالُ، إِلَّا مَكَّةَ وَالْمَدِينَةَ، وَلَيْسَ نَقْبٌ مِنْ أَنْقَابِهَا إِلَّا عَلَيْهِ الْمَلَائِكَةُ صَافِّينَ تَحْرُسُهَا، فَيَنْزِلُ بِالسِّبْخَةِ، فَتَرْجُفُ الْمَدِينَةُ ثَلَاثَ رَجَفَاتٍ، يَخْرُجُ إِلَيْهِ مِنْهَا كُلُّ كَافِرٍ وَمُنَافِقٍ)). [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٨٢]

(انـس)ی کـوڕی (مـالك)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێت:
((هیچ وڵاتێك نییە دەجال پێی تێنەنێت، جگە لە مەککە و مەدینە، هەرچی
ڕێگەو بانی مەدینە هەیە هەمووی فریشـتە بەڕیز تیاوەسـتاون و پارێزگـاری
لێدەکەن، لەزەوییەکی ڕووتـەنیدا کـە گیـای لێنـاڕوێت دادەبـەزێت، سـێ جـار
مەدینە دەلەرێنێتەوە هەرچی کافر و مونافیقی تێدایە هەموو دەڕوات بەرەولای
جەجاڵ)).

(٤٥) حەفتا هەزار جوولەکەکەی (اسبهان) شوێن جەجاڵ دەکەون

١٩٦٥ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((يَتْبَعُ الدَّجَّالَ مِنْ يَهُودِ أَصْبَهَانَ سَبْعُونَ أَلْفًا، عَلَيْهِمُ الطَّيَالِسَةُ)).

(انـس) کـوڕی (مـالك) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی:
((حـەفتا هـەزار جولەکـەی ئەسـفەهان دوای جـەجال دەکـەون عـەبایان
بەسەرشانەوەیە)).

(٤٦) هەلاتنی خەڵك لە جەجال بەرەو كێوەكان

١٩٦٦- عَنْ أُمِّ شَرِيكٍ (﵂): أَنَّهَا سَمِعَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَيَفِرَّنَّ النَّاسُ مِنَ الدَّجَّالِ فِي الْجِبَالِ)). قَالَتْ أُمُّ شَرِيكٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَأَيْنَ الْعَرَبُ يَوْمَئِذٍ؟ قَالَ: ((هُمْ قَلِيلٌ)).

دایكی (شریك)(﵂) دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو: ((خەڵكی لەجەجال هەڵدێن بەرەو كێوەكان)) دایكی شریك وتی: عەرەب لە كوێ دەبن ئەو ڕۆژە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((ئەوان كەمن)).

(٤٧) لە دروست بوونی ئادەمەوە تا قیامەت هیچ فیتنەیەك لە فیتنەی جەجال گەورەتر نیە

١٩٦٧- عَنْ حُمَيْدِ بْنِ هِلَالٍ، عَنْ رَهْطٍ، مِنْهُمْ أَبُو الدَّهْمَاءِ وَأَبُو قَتَادَةَ، قَالُوا: كُنَّا نَمُرُّ عَلَى هِشَامِ بْنِ عَامِرٍ، نَأْتِي عِمْرَانَ ابْنَ حُصَيْنٍ (﵁)، فَقَالَ ذَاتَ يَوْمٍ: إِنَّكُمْ لَتُجَاوِزُونِي إِلَى رِجَالٍ مَا كَانُوا بِأَحْضَرَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنِّي، وَلَا أَعْلَمَ بِحَدِيثِهِ مِنِّي، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا بَيْنَ خَلْقِ آدَمَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ خَلْقٌ أَكْبَرُ مِنَ الدَّجَّالِ)).

لە(حمید)ی كوڕی (هلال)ەوە، لە چەند پیاوێكەوە، كە (أبو الدهماء) و (أبو قتادە) لەوانن، دەیانوت: ئێمە بەسەر (هشام)ی كوڕی (عامر)دا تێپەڕمان دەكرد، ئەچوون بۆ لای (عمران)ی كوڕی (حصین)(﵁) ڕۆژێكیان ، وتی: ئێوە لە من تێپەڕ دەكەن دەچن بۆ لای پیاوانێك كە لەمن ئاگادارتر نین بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زیاتر لە خزمەتیدا نەبوون، لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((لەنێوان دروست كردنی ئادەم و ڕۆژی قیامەتدا [فیتنەی] هیچ دروستكراوێك لە [هی] جەجاڵ گەورەتر نیە)).

(٤٨) دابەزینی عیسا و شكاندنی خاچ و كوشتنی بەراز

١٩٦٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (﵁) أَنَّهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَاللَّهِ لَيَنْزِلَنَّ ابْنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَادِلًا، فَلَيَكْسِرَنَّ الصَّلِيبَ وَلَيَقْتُلَنَّ الْخِنْزِيرَ، وَلَيَضَعَنَّ الْجِزْيَةَ، وَلَتُتْرَكَنَّ الْقِلَاصُ فَلَا يُسْعَى عَلَيْهَا، وَلَتَذْهَبَنَّ الشَّحْنَاءُ وَالتَّبَاغُضُ وَالتَّحَاسُدُ، وَلَيَدْعُوَنَّ إِلَى الْمَالِ فَلَا يَقْبَلُهُ أَحَدٌ)). [بخاري/ البيوع/ ٢١٠٩]

(ابو هریرة)(﵁) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند بە خوا كوڕی (مریم) دادەبەزێت دەبێت بە فەرمان ڕەوایەكی دادوەر، خاچ دەشكێنێ و

بەراز دەکوژێت و، سەرانە هەڵدەگرێت و، حوشتری تازە ساڵ واز لێدەهێنرێت و کـەس تـاوی لەسـەر نـادات، ڕق و قینەبەرایـەتی و حەسـوودی بەیـەکتربردن لادەبات و، خەڵکی بانگ دەکات بۆ ماڵ و سامان کەس وەری ناگرێت)).

١٩٦٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((كَيْفَ أَنْتُمْ إِذَا نَزَلَ فِيكُمُ ابْنُ مَرْيَمَ، فَأَمَّكُمْ مِنْكُمْ)). فَقُلْتُ لِابْنِ أَبِي ذِئْبٍ: إِنَّ الْأَوْزَاعِيَّ حَدَّثَنَا عَنِ الزُّهْرِيِّ، عَنْ نَافِعٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: ((وَإِمَامُكُمْ مِنْكُمْ)). قَالَ ابْنُ أَبِي ذِئْبٍ: تَدْرِي مَا ((أَمَّكُمْ مِنْكُمْ))؟ قُلْتُ: تُخْبِرُنِي، قَالَ: فَأَمَّكُمْ بِكِتَابِ رَبِّكُمْ تَبَارَكَ وَتَعَالَى وَسُنَّةِ نَبِيِّكُمْ (ﷺ). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٦٥]

(ابو هريرة)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((حاڵتـان چۆن دەبێت کاتێك کوڕی مریم دادەبەزێتە ناوتان. پێشەواشتان لە خۆتانە .

ڕاوی دەڵێـت: بـە (ابـن ذئـب)م وت: کـە (الاوزاعـی) قسـەی بـۆ کـردوم لـە (الزهراوی)یەوە، ئەویش لە (نافع)ەوە، ئەویش لـە (ابو هريره)ەوە فەرموودەکە بەم شێوەیە ((و امامكم منكم)) (ابـن ابـي ذئـب) دەڵێ: دەزانیـت مانـای ((أمكم منكم) چییە؟ وتم: پێم بڵێ، وتی: پێشەوایەتیتان دەکات بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەتان)).

١٩٧٠ـ عَنْ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ. قَالَ: فَيَنْزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ (عليه السلام)، فَيَقُولُ أَمِيرُهُمْ: تَعَالَ صَلِّ لَنَا، فَيَقُولُ: لَا، إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ أُمَرَاءُ، تَكْرِمَةَ اللَّهِ هَذِهِ الْأُمَّةَ)).

(جـابر)ی کـوڕی (عبـدالله)(رضي الله عنه) دەڵـێ: لـە پێغەمبـەری خـوام (ﷺ) بیسـت دەیفـەرموو: ((بـەردەوام کۆمـەڵێك لـە ئومەتەکـەم لەسـەر حـەق سـەرکەوتووانە دەجـەنگن تا ڕۆژی قیامـەت، ئینجا عیسـای کـوڕی مەریـەم (عليه السلام) دادەبـەزێت، سەرلەشکرەکەیان دەڵێت: وەرە نوێژمان بـۆ بکـە، دەڵێـت: نا، ئێـوە هـەندێکتان لەناو خۆتانا سەرپەرشتیاری هەندێکتانن ئەمەیش ڕێز لێنانێکی خواییە بۆ ئەم ئوممەتە)).

(٤٩) من و قیامەت ئاوەهاین

١٩٧١ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يُشِيرُ بِإِصْبَعِهِ الَّتِي تَلِي الْإِبْهَامَ وَالْوُسْطَى وَهُوَ يَقُولُ: ((بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعَةُ هَكَذَا)). [بخاري/ التفسير/ ٤٦٥٢]

(سهل)ی کوڕی (سعد)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست کە بەپەنجەی شایەتمان و پەنجەی ناوەڕاستی ئاماژەی دەکرد و دەیفەرموو: ((من ڕەوانەکراوم لەگەڵ قیامەتدا ئاوەها)).[واتە پێکەوەین]

(٥٠) نزیکی قیامەت

١٩٧٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: مَتَى [تَقُومُ] السَّاعَةُ؟ قَالَ: فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) هُنَيْهَةً، ثُمَّ نَظَرَ إِلَى غُلَامٍ بَيْنَ يَدَيْهِ مِنْ أَزْدِ شَنُوءَةَ، فَقَالَ: ((إِنْ عُمِّرَ هَذَا لَمْ يُدْرِكْهُ الْهَرَمُ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ)). قَالَ: قَالَ أَنَسٌ: ذَاكَ الْغُلَامُ مِنْ أَتْرَابِي يَوْمَئِذٍ.

(أنس)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لە پێغەمبەری (ﷺ) پرسی کەی قیامەت هەڵدەسێت؟ دەڵێ: ئەویش کەمێك مات بوو پاشان تەماشای منداڵێکی کرد لەبەردەمیدا لە هۆزی (ازدشنؤة)، ئینجا فەرمووی: ((ئەگەر ئەمە عومری باقی بێت پیر نابێت تا قیامەت هەڵدەسێت)) (أنس)ی کوڕی (مالك) دەڵێ: ئەو منداڵە ئەو ڕۆژە لە تەمەنی مندا بوو.[1]

١٩٧٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ الْأَعْرَابُ إِذَا قَدِمُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) سَأَلُوهُ عَنِ السَّاعَةِ: مَتَى السَّاعَةُ؟ فَنَظَرَ إِلَى أَحْدَثِ إِنْسَانٍ مِنْهُمْ، فَقَالَ: ((إِنْ يَعِشْ هَذَا لَمْ يُدْرِكْهُ الْهَرَمُ قَامَتْ عَلَيْكُمْ سَاعَتُكُمْ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٤٦]

عائشە (ﷺ) دەڵێ: دەشتەکیەکان کاتێ دەهاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری قیامەتیان لێدەکرد، کەی قیامەت دێت؟ ئەویش تەماشای گەنجترین کەسیانی کرد و فەرمووی: ((ئەگەر ئەمە بژی تا دەگاتە {قۆناغی} پیریی قیامەتی ئێوە هەڵدەسێت)).

---

[1] زانایان دەڵێن: مەبەست لەم فەرموودەیە قیامەتی ئەوانە، واتە مردنیانە.

(٥١) قیامەت کتوپڕ دێت

١٩٧٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) -يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ)- قَالَ: ((تَقُومُ السَّاعَةُ وَالرَّجُلُ يَحْلُبُ اللِّقْحَةَ، فَمَا يَصِلُ الْإِنَاءُ إِلَى فِيهِ حَتَّى تَقُومَ. وَالرَّجُلَانِ يَتَبَايَعَانِ الثَّوْبَ، فَمَا يَتَبَايَعَانِهِ حَتَّى تَقُومَ وَالرَّجُلُ يَلِطُ [فِي] حَوْضِهِ، فَمَا يَصْدُرُ حَتَّى تَقُومَ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٤١]

لە(أبو هريرە)ەوە -ئەویش دەیگەێنێتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ)- کە فەرموویەتی: ((قیامەت دێت کاتێ کەپیاوێك خەریکە حوشترە دۆشەنیەکەی دەدۆشێت، فریاناکەوێت جامەکە بگەیەنێتە دەمی قیامەت هەڵدەسێت، دووپیاو خەریکی کڕین و فرۆشتنی پۆشاکێك دەبن، مامەڵەکەیان نابڕێننەوە قیامەت دێت، پیاوێکیش خەریکی چاك کردنی حەوزەکەیەتی، لێنابێتەوە قیامەت دێت)).

(٥٢) ماوەی نێوان فووی یەکەم و دووەم

١٩٧٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا بَيْنَ النَّفْخَتَيْنِ أَرْبَعُونَ)). قَالُوا: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، أَرْبَعُونَ يَوْمًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ، قَالُوا: أَرْبَعُونَ شَهْرًا؟ قَالَ: أَبَيْتُ، قَالُوا: أَرْبَعُونَ سَنَةً؟ قَالَ: أَبَيْتُ. قَالَ: ((ثُمَّ يُنْزِلُ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَيَنْبُتُونَ كَمَا يَنْبُتُ الْبَقْلُ، قَالَ: وَلَيْسَ مِنَ الْإِنْسَانِ شَيْءٌ إِلَّا يَبْلَى، إِلَّا عَظْمًا وَاحِدًا وَهُوَ عَجْبُ الذَّنَبِ، وَمِنْهُ يُرَكَّبُ الْخَلْقُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٥٣٦]

(أبو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ماوەی نێوانی هەردوو فووەکە چلە)) وتیان: ئەی (ابو هريرە) چل ڕۆژ؟ وتی: ناڵێم. فەرمووی: ((پاشان خوا بارانێك لە ئاسمانەوە دەبارێنێت {خەڵکی} سەوز دەبنەوە وەك چۆن دانەویڵە سەوز دەبێتەوە، هیچ شتێکیش نییە لە مرۆڤ کە نەڕزێت جگە لە یەك ئێسك ئەویش کلێنچکەیە، لەو کلێنچکەوە دروستکراوەکان پێکدەهێنرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا)).

(٥٣) ئافرەت خراپترین فیتنەیە بۆ پیاو

١٩٧٦ـ عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً هِيَ أَضَرُّ عَلَى الرِّجَالِ مِنَ النِّسَاءِ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٠٨]

(اسامە)ی کوڕی (زید)گێڕاویەتەوە کەلە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاویانەتەوەکە فەرموویەتی: ((پاش خۆم لە نێو خەڵکیدا هیچ فیتنەیەکم جێ نەهێشتووە لە فیتنەی ژنان خراپتربێت بۆ پیاوان)).

(٥٤) خۆپاراستن لە فیتنەی ژنان

١٩٧٧ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللَّهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا فَيَنْظُرُ كَيْفَ تَعْمَلُونَ، فَاتَّقُوا الدُّنْيَا وَاتَّقُوا النِّسَاءَ، فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَتْ فِي النِّسَاءِ)).

(أبو سعيد الخدري)دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەڕاستیدا دونیا سەوز و شیرینە، خوایش ئێوەی کردۆتە جێنشین تێیدا تەماشا دەکات داخۆ چیدەکەن، خۆتان لە دونیا بپارێزن و، خۆیشتان لە ژنان بپارێزن، چونکە لەڕاستیدا یەکەمین فیتنەی (نەوەی ئیسرائیل) بەهۆی ئافرەتەوە بوو).

(٦٧) بەشی خۆشنەویستنی دنیا

(١) نزای پێغەمبەر (ﷺ) بۆ بنەماڵەکەی

١٩٧٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ اجْعَلْ رِزْقَ آلِ مُحَمَّدٍ قُوتًا)). [بخاري/ الرقاق/ ٦٠٩٥]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوایە ڕزق و ڕۆزی بنەماڵە و نەوەی (محمد) هەر ئەمەندە بێت پێی بژین)).

(٢) سەختی ژیان و گوزەرانی پێغەمبەر و خاو خێزانی

١٩٧٩ـ عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا كَانَتْ تَقُولُ: وَاللَّهِ -يَا ابْنَ أُخْتِي- إِنْ كُنَّا لَنَنْظُرُ إِلَى الْهِلَالِ ثُمَّ الْهِلَالِ ثُمَّ الْهِلَالِ، ثَلَاثَةَ أَهِلَّةٍ فِي شَهْرَيْنِ، وَمَا أُوقِدَ فِي أَبْيَاتِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) نَارٌ. قَالَ: قُلْتُ: يَا خَالَةُ فَمَا كَانَ يُعَيِّشُكُمْ؟ قَالَتْ: الْأَسْوَدَانِ: التَّمْرُ وَالْمَاءُ، إِلَّا أَنَّهُ قَدْ كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) جِيرَانٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، وَكَانَتْ لَهُمْ مَنَائِحُ، فَكَانُوا يُرْسِلُونَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ أَلْبَانِهَا فَيَسْقِينَاهُ. [بخاري/ الهبة وفضلها/ ٢٤٢٨]

لە (عروە)وە، ئەویش لە (عائشە)وە (ﷺ) کە دەیوت: بەخوا -ئەی خوشکەزام- ئێمە جاری وابووە مانگی یەکشەوەمان دیوە، دیسان دیومانە، دیسان دیومانە، سێ مانگی یەکشەوە لە دوو مانگدا، لە ماڵەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) ئاگر نەکراوەتەوە، دەڵێت: وتم جا باشە پورێ بەچی دەژیان؟ وتی: بە خورما و ئاو، بەڵام ئەوە هەیە پێغەمبەر (ﷺ) چەند دراوسێیەکی لە یاریدەدەران -الانصار- هەبوو کاسە دراوسێیان هەبوو، شیریان دەنارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش بەشی ئێمەی لێدەدا.

١٩٨٠ـ عَنْ عَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: لَقَدْ مَاتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَمَا شَبِعَ مِنْ خُبْزٍ وَزَيْتٍ فِي يَوْمٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ.

(عائشة)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا وەفاتی کرد لە ڕۆژێکدا دوو جار تێرنان و ڕۆنی نەخواردووە.

١٩٨١ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: مَا شَبِعَ آلُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) يَوْمَيْنِ مِنْ خُبْزِ بُرٍّ، إِلَّا وَأَحَدُهُمَا تَمْرٌ. [بخاري/ الرقاق/ ٦٠٩٠]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: خاو خێزانی (محمد)(ﷺ) دوو ڕۆژ لەسەر یەك تێرنانی گەنمیان نەخواردووە بەڵکو ڕۆژێکیان هەر خورما بووە.

١٩٨٢ـ عَنْ أَبِي حَازِمٍ قَالَ: رأيت أبا هُرَيْرَةَ (ﷺ) يشيرُ بإصْبَعه مراراً يَقول: وَالَّذِي نَفْسُ أَبِي هُرَيْرَةَ بِيَدِهِ، مَا أَشْبَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَهْلَهُ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ تِبَاعًا مِنْ خُبْزِ حِنْطَةٍ حَتَّى فَارَقَ الدُّنْيَا. [بخاري/ اوائل كتاب الأطعمة/ ٥٠٥٩]

(أبو حازم) دەڵێ: (أبو هريرة)م بینی چەندین جار بەپەنجەی ئاماژەی دەکرد دەیووت: سوێند بەو کەسەی گیانی (أبو هريرە)ی بەدەستە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خاو خێزانی سێ ڕۆژ لەسەریەك لەنانی گەنم تێر نەبوون تا دونیای بەجێ هێشت.

١٩٨٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَمَا فِي رَفِّي مِنْ شَيْءٍ يَأْكُلُهُ ذُو كَبِدٍ إِلَّا شَطْرُ شَعِيرٍ فِي رَفٍّ لِي، فَأَكَلْتُ مِنْهُ حَتَّى طَالَ عَلَيَّ، فَكِلْتُهُ فَفَنِيَ. [بخاري/ الخمس/ ٢٩٢٩]

عائشة (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ وەفاتی کرد لەسەر ڕەفەکەمان شتێ نەبوو کە زیندەوەر پێی بژی نیوەن جۆ نەبێت لەسەر ڕەفەیەکم، ماوەیەکی زۆر لێمخوارد، کاتێ پێوام تەواو بوو.

(٣) پێغەمبەر (ﷺ) خورمای (دقل)[1]ی دەست نەدەکەوت خۆی تێر بکات

١٩٨٤ـ عَنْ سِمَاكِ ابْنِ حَرْبٍ قَالَ: سَمِعْتُ النُّعْمَانَ (ﷺ) يَخْطُبُ، قَالَ: ذَكَرَ عُمَرُ مَا أَصَابَ النَّاسُ مِنَ الدُّنْيَا، فَقَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَظَلُّ الْيَوْمَ يَلْتَوِي، مَا يَجِدُ دَقَلًا يَمْلَأُ بِهِ بَطْنَهُ.

(سماك)کوڕی (حرب) دەڵێ: گوێم لە (النعمان)ی کوڕی (البشير)بوو (ﷺ) وتاری دەدا و دەیوت: (عمر)باسی خەڵکی کرد لەوەی تووشیان هاتبوو لە دونیادا، وتی: لەڕاستیدا من پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی ڕۆژ تا ئێوارە سکی هەڵدەگوشی، ئەوەندە خورمای (قەسپی) دەست نەدەکەوت سکی پێ تێر بکات.

(٤) کۆچبەرە هەژارەکان پێش دەوڵەمەندەکان دەچنە بەهەشت

١٩٨٥ـ عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْحُبُلِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) -وَسَأَلَهُ رَجُلٌ- فَقَالَ: أَلَسْنَا مِنْ فُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ؟ فَقَالَ لَهُ عَبْدُ اللَّهِ:

[1] خراپترین جۆری خورمایە

أَلَكَ امْرَأَةٌ تَأْوِي إِلَيْهَا؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: أَلَكَ مَسْكَنٌ تَسْكُنُهُ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: فَأَنْتَ مِنَ الْأَغْنِيَاءِ. قَالَ: فَإِنَّ لِي خَادِمًا، قَالَ: فَأَنْتَ مِنَ الْمُلُوكِ. قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ: وَجَاءَ ثَلَاثَةُ نَفَرٍ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ –وَأَنَا عِنْدَهُ– فَقَالُوا: يَا أَبَا مُحَمَّدٍ، إِنَّا وَاللَّهِ مَا نَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ، لَا نَفَقَةٍ وَلَا دَابَّةٍ وَلَا مَتَاعٍ. فَقَالَ لَهُمْ: مَا شِئْتُمْ؟ إِنْ شِئْتُمْ رَجَعْتُمْ إِلَيْنَا فَأَعْطَيْنَاكُمْ مَا يَسَّرَ اللَّهُ لَكُمْ، وَإِنْ شِئْتُمْ ذَكَرْنَا أَمْرَكُمْ لِلسُّلْطَانِ، وَإِنْ شِئْتُمْ صَبَرْتُمْ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ فُقَرَاءَ الْمُهَاجِرِينَ يَسْبِقُونَ الْأَغْنِيَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَى الْجَنَّةِ بِأَرْبَعِينَ خَرِيفًا)). قَالُوا: فَإِنَّا نَصْبِرُ لَا نَسْأَلُ شَيْئًا.

(أبو عبدالرحمن الحُبُلي)دەڵێ: گوێم لە (عبدالله)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (عـاص)(ﷺ) بـوو کاتـێ پیـاوێك لێـی پرسـی وتـی: باشـەئێمە لـە هـــەژارە کۆچبەرەکان نین؟ (عبدالله) پێی وت ژنت هەیە لەسایەیدا بحەسێیتەوە؟ وتی: بەڵێ: وتی: ئەی خانە ولانەت هەیە تیایا دانیشیت؟ وتی:بەڵێ. وتی: کەواتە تۆ لەدەوڵەمـەندەکانیت، وتـی: خزمەت کارێکیشـم هەیـە. وتـی: کەواتـە تـۆ لـە پادشاکانی (أبو عبدالرحمن). دەڵێ: سێ کەس هاتن بۆلای (عبدالله)ی کوڕی (عمرو)ی و (العاص) –منیشی لەلابووم– وتیان: ئەی (أبو محمد)، بەخوا ئێمە توانای هیچمان نییـە، نەبژێوی و نـە وڵاخ و نەکەل وپـەل، ئـەویش پێـی وتـن: بابەکەیفی ئێوەبێ؟ ئەگەر ئەتانەوێ وەرنەوە بۆ لامان ئەوەی خوا ئاسانی بکات دەتان دەینێ، ئەگەر دەیشتانەوێ کێشەکانتان دەخەینە بەردەستی سوڵتان، ئەگەر دەیشتانەوێ ئارام بگرن، چونکە من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((بەڕاستی کۆچەرنیە هەژارەکان، لە ڕۆژی قیامەتدا چل پایز پێش دەوڵەمەندەکان دەکەون بۆ بەهەشت)) وتیان: کەواتە ئارام دەگرین و داوای هیچ ناکەین.

(٥) زۆرترینی بەهەشتیەکان هەژارەکانن

١٩٨٦ـ عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قُمْتُ عَلَى بَابِ الْجَنَّةِ فَإِذَا عَامَّةُ مَنْ دَخَلَهَا الْمَسَاكِينُ، وَإِذَا أَصْحَابُ الْجَدِّ مَحْبُوسُونَ، إِلَّا أَصْحَابَ النَّارِ فَقَدْ أُمِرَ بِهِمْ إِلَى النَّارِ. وَقُمْتُ عَلَى بَابِ النَّارِ فَإِذَا عَامَّةُ مَنْ دَخَلَهَا النِّسَاءُ)).
[بخاري/ النكاح/ ٤٩٠٠]

(اسامه)ی کوڕی (زید) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەسەر دەرگای بەهەشت وەستام زۆربەی ئەوانەی لە بەهەشتا بوون هەژارەکان بوون. دەوڵەمەندەکانیش گیر درابوون، بەڵام دۆزەخیەکانیش فەرمانیان پێکرابوو بەرەو ئاگر، لەسەر دەرگای دۆزەخیش وەستام سەیر دەکەم زۆربەی ئەوانەی لە دۆزەخدا بوون ژنان بوون)).

(٦) دەربارەی دڵ نەدان بە دونیا

١٩٨٧ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَرَّ بِالسُّوقِ دَاخِلًا مِنْ بَعْضِ الْعَالِيَةِ وَالنَّاسُ كَنَفَتَهُ [وَفِي رواية: كَنَفَتَـهُ] فَمَرَّ بِجَدْيٍ أَسَكَّ مَيِّتٍ، فَتَنَاوَلَهُ فَأَخَذَ بِأُذُنِهِ ثُمَّ قَالَ: ((أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنَّ هَذَا لَهُ بِدِرْهَمٍ)). فَقَالُوا: مَا نُحِبُّ أَنَّهُ لَنَا بِشَيْءٍ، وَمَا نَصْنَعُ بِهِ؟ قَالَ: ((أَتُحِبُّونَ أَنَّهُ لَكُمْ)). قَالُوا: وَاللَّهِ لَوْ كَانَ حَيًّا كَانَ عَيْبًا فِيهِ لِأَنَّهُ أَسَكُّ، فَكَيْفَ وَهُوَ مَيِّتٌ؟ فَقَالَ: ((فَوَاللَّهِ لَلدُّنْيَا أَهْوَنُ عَلَى اللَّهِ مِنْ هَذَا عَلَيْكُمْ)).

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرووی مەدینەوە بەبازاڕدا گوزەری کرد خەڵکیش لەملاولایەوە بوون. بەلای کارژۆڵەیەکی کەڕیلەی مردارەوە بوودا ڕابورد، دەستی برد گوێچکەی گرت و پاشان فەرمووی: ((کێ ئەمەی دەوێت بە درهەمێك)) وتیان: بە هیچیش نامانەوێت، چی ئالەمە بکەین؟ فەرمووی: ((حەزدەکەن ئەمە بۆ خۆتان بێت)) وتیان: بەخوا ئەگەر زیندوویش بوایە هەر عەیب دار بوو چوونکە تەڕلەیە، نەخوازەڵا کەمردارەوە بوویشە؟ فەرمووی: ((دە بەخوا دنیا لای خوا بێ نرخترەن لەبێ نرخی ئەو کارەی لای ئێوە)).

١٩٨٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الدُّنْيَا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ وَجَنَّةُ الْكَافِرِ)).

(ابو هریره() (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((دنیا بەندیخانەی بڕوادارە و بەهەشتی بێباوەڕانە)).

(٧) ترسان لە ململانێ لەسەر دنیا

١٩٨٩ـ عَنْ عَمْرِو بْنَ عَوْفٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَ أَبَا عُبَيْدَةَ بْنَ الْجَرَّاحِ (ﷺ) إِلَى الْبَحْرَيْنِ يَأْتِي بِجِزْيَتِهَا، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) هُوَ صَالَحَ أَهْلَ الْبَحْرَيْنِ، وَأَمَّرَ عَلَيْهِمُ الْعَلَاءَ بْنَ الْحَضْرَمِيِّ، فَقَدِمَ أَبُو عُبَيْدَةَ بِمَالٍ مِنَ الْبَحْرَيْنِ.

فَسَمِعَتِ الْأَنْصَارُ بِقُدُومِ أَبِي عُبَيْدَةَ فَوَافَوْا صَلَاةَ الْفَجْرِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) انْصَرَفَ، فَتَعَرَّضُوا لَهُ، فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ رَآهُمْ، ثُمَّ قَالَ: ((أَظُنُّكُمْ سَمِعْتُمْ أَنَّ أَبَا عُبَيْدَةَ قَدِمَ بِشَيْءٍ مِنَ الْبَحْرَيْنِ)). فَقَالُوا: أَجَلْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: ((فَأَبْشِرُوا وَأَمِّلُوا مَا يَسُرُّكُمْ، فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ، وَلَكِنِّي أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ الدُّنْيَا عَلَيْكُمْ كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا، وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ)). [بخاري/ الجزية والموادعة/ ٢٩٨٨]

(عمرو)ی کوڕی (عوف)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (أبو عبیدة)ی کوڕی (الجراح)ی (ﷺ)نارد بۆ بەحرەین تا سەرانەی خاوەن کتێبەکان کۆبکاتەوە. پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ خەڵکی بەحرەین رێککەوتبوو، (العلاء)ی کوڕی (الحضرمی) یشی کردبوو بەلێپرسراویان، (أبو عبیدة) بەسامانێکەوە لەبەحرەینەوە گەڕایەوە، کاتێ یاریدەدەران (الانصار) بیستیان (أبو عبیدة)هاتۆتەوە هەموو زوو نوێژی بەیانیان لە خزمەت پێغەمبەرا (ﷺ) کرد. کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژەکەی کرد ڕۆیشت ئەوانیش چوونە رێگەکەی، پێغەمبەریش (ﷺ) کاتێ بینی زەردەخەنە گرتی، پاشان فەرمووی: ((وابزانم بیستووتانە کە (ابو عبیدة) شتێکی لەبەحرەینەوە هێناوەتەوە)) وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: ((دە مژدەبێ و بەئومێدی ئەوە بن دڵخۆشتان دەکات، سابەخوا من لە هەژاری ناترسم لەسەر ئێوە بەڵکو من لەوە دەترسم کە دونیا ڕووتان تێ بکات وەك چۆن ڕووی کردە ئەوانەی پێش ئێوە، ئێوەیش کێ برکێی لەسەر بکەن وەك چۆن ئەوان کردیان، ئینجا لەناوتان بەرێت، وەك چۆن ئەوانی لەناوبرد)).

(٨) ترسان لە ململانێ و حەسودی بەیەکتری بردن

١٩٩٠ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((إِذَا فُتِحَتْ عَلَيْكُمْ فَارِسُ وَالرُّومُ أَيُّ قَوْمٍ أَنْتُمْ)). قَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ (ﷺ): نَقُولُ كَمَا أَمَرَنَا اللَّهُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَوْ غَيْرَ ذَلِكَ، تَتَنَافَسُونَ، ثُمَّ تَتَحَاسَدُونَ، ثُمَّ تَتَدَابَرُونَ، ثُمَّ تَتَبَاغَضُونَ -أَوْ نَحْوَ ذَلِكَ- ثُمَّ تَنْطَلِقُونَ فِي مَسَاكِينِ الْمُهَاجِرِينَ، فَتَجْعَلُونَ بَعْضَهُمْ عَلَى رِقَابِ بَعْضٍ)).

(عبدالله)ی کوڕی (عمرو) کوڕی (عاص) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئێوە چۆن خەڵکێك دەبن ئەگەر خوا فارس و ڕۆمی خستە ژێر دەستتان)) (عبدالرحمن) کوڕی (عوف) (ﷺ) وتی: خوای گەورە چۆن فەرمانی پێداوین وا دەبین.، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((نەخێر وانابن، ململانێی یەکتر دەکەن، حەسودی بە یەکتری دەبەن، پشت لەیەکتری دەکەن، ڕق لەیەکتری هەڵدەگرن، -یاوێنەی ئەمانەی فەرموو- دوای ئەوە بەردەبنە کۆچبەرە هەژارەکان و هەندێکیان بەردەدەنە گەردنی هەندێکیان)).

(٩) دنیا لە چاو دوارۆژدا

١٩٩١ـ عَنْ مُسْتَوْرِدًا أَخَي بَنِي فِهْرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَاللَّهِ مَا الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ هَذِهِ -وَأَشَارَ يَحْيَى بِالسَّبَّابَةِ- فِي الْيَمِّ، فَلْيَنْظُرْ بِمَ تَرْجِعُ)).

(المستورد) برای (بنی فهر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەخوا دنیا لەچاو دوارۆژدا هیچ نییە، مەگەر ئەمەندە نەبێت کە یەکێك لە ئێوە ئەم پەنجەیەی بکات بە ناو دەریادا، پاشان سەیر بکات بزانێ چەندە ئاو دەگرێتە خۆی)) {یەحیای ڕاوی ئاماژەی بە پەنجەی شایەتومانی کرد}.

(١٠) تاقیکردنەوە بەدنیا و چۆنێتی ئیش کردن تیایدا

١٩٩٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ ثَلَاثَةً فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ: أَبْرَصَ وَأَقْرَعَ وَأَعْمَى، فَأَرَادَ اللَّهُ أَنْ يَبْتَلِيَهُمْ: فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ مَلَكًا، فَأَتَى الْأَبْرَصَ فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: لَوْنٌ حَسَنٌ وَجِلْدٌ حَسَنٌ، وَيَذْهَبُ عَنِّي الَّذِي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ. قَالَ: فَمَسَحَهُ فَذَهَبَ عَنْهُ قَذَرُهُ، وَأُعْطِيَ لَوْنًا حَسَنًا وَجِلْدًا حَسَنًا، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الْإِبِلُ -أَوْ قَالَ: الْبَقَرُ، شَكَّ إِسْحَقُ، إِلَّا أَنَّ الْأَبْرَصَ أَوِ الْأَقْرَعَ، قَالَ أَحَدُهُمَا: الْإِبِلُ، وَقَالَ الْآخَرُ: الْبَقَرُ- قَالَ: فَأُعْطِيَ نَاقَةً عُشَرَاءَ، فَقَالَ: بَارَكَ اللَّهُ لَكَ فِيهَا. قَالَ: فَأَتَى الْأَقْرَعَ، فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: شَعَرٌ حَسَنٌ، وَيَذْهَبُ عَنِّي هَذَا الَّذِي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ، قَالَ: فَمَسَحَهُ فَذَهَبَ عَنْهُ، [قَالَ:]: وَأُعْطِيَ شَعَرًا حَسَنًا، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الْبَقَرُ، فَأُعْطِيَ بَقَرَةً حَامِلًا، فَقَالَ: بَارَكَ اللَّهُ [تعالى] لَكَ فِيهَا. قَالَ: فَأَتَى الْأَعْمَى، فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: أَنْ يَرُدَّ اللَّهُ إِلَيَّ بَصَرِي، فَأُبْصِرَ بِهِ النَّاسَ. قَالَ: فَمَسَحَهُ، فَرَدَّ اللَّهُ إِلَيْهِ بَصَرَهُ، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الْغَنَمُ، فَأُعْطِيَ

شَاةٌ وَالِدًا، فَأُنْتِجَ هَذَانِ، وَوَلَّدَ هَذَا، [قَالَ]: فَكَانَ لِهَذَا وَادٍ مِنَ الْإِبِلِ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنَ الْبَقَرِ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنَ الْغَنَمِ، قَالَ: ثُمَّ إِنَّهُ أَتَى الْأَبْرَصَ فِي صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ، فَقَالَ: رَجُلٌ مِسْكِينٌ قَد انْقَطَعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي، فَلَا بَلَاغَ لِيَ الْيَوْمَ إِلَّا بِاللَّهِ (ﷻ) وجل ثُمَّ بِكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي أَعْطَاكَ اللَّوْنَ الْحَسَنَ وَالْجِلْدَ الْحَسَنَ وَالْمَالَ- بَعِيرًا أَتَبَلَّغُ عَلَيْهِ فِي سَفَرِي، فَقَالَ: الْحُقُوقُ كَثِيرَةٌ، فَقَالَ لَهُ: كَأَنِّي أَعْرِفُكَ، أَلَمْ تَكُنْ أَبْرَصَ يَقْذَرُكَ النَّاسُ، فَقِيرًا فَأَعْطَاكَ اللَّهُ؟ فَقَالَ: إِنَّمَا وَرِثْتُ هَذَا الْمَالَ كَابِرًا عَنْ كَابِرٍ، فَقَالَ: إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ اللَّهُ إِلَى مَا كُنْتَ. قَالَ: وَأَتَى الْأَقْرَعَ فِي صُورَتِهِ فَقَالَ لَهُ مِثْلَ مَا قَالَ لِهَذَا، وَرَدَّ عَلَيْهِ مِثْلَ مَا رَدَّ عَلَى هَذَا، فَقَالَ: إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ اللَّهُ إِلَى مَا كُنْتَ. قَالَ وَأَتَى الْأَعْمَى فِي صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ، فَقَالَ: رَجُلٌ مِسْكِينٌ وَابْنُ سَبِيلٍ، انْقَطَعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي، فَلَا بَلَاغَ لِيَ الْيَوْمَ إِلَّا بِاللَّهِ ثُمَّ بِكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ شَاةً أَتَبَلَّغُ بِهَا فِي سَفَرِي. فَقَالَ: قَدْ كُنْتُ أَعْمَى فَرَدَّ اللَّهُ إِلَيَّ بَصَرِي، فَخُذْ مَا شِئْتَ وَدَعْ مَا شِئْتَ، فَوَاللَّهِ لَا أَجْهَدُكَ الْيَوْمَ شَيْئًا أَخَذْتَهُ لِلَّهِ (ﷻ). فَقَالَ: أَمْسِكْ مَالَكَ، فَإِنَّمَا ابْتُلِيتُمْ، فَقَدْ رُضِيَ عَنْكَ وَسُخِطَ عَلَى صَاحِبَيْكَ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣٢٧٧٤]

(ابو هريرة)(ﷺ) لە پێغەمبەری خوای (ﷺ)ی بیستووە کە فەرموویەتی: ((سێ کەس لە نەوەی (اسرائیل) بەڵەکێك و کەچەڵێك و کوێرێك، خوا ویستی تاقیان بکاتەوە، فریشتەیەکی ناردە لایان، هات بۆلای بەڵەکەکە وتی: زۆرتر حەزت لە چییە؟ وتی: ڕەنگێکی جوان و پێستێکی جوان، ئەوەشم لەسەر لاچێ کە بەهۆیەوە خەڵکی بێزم لێدەکەنەوە دەڵێ: ئەویش دەستی بەسەردا هێناو، ئەوەی کەمایەی بێزلێکردنەوە بوو لەسەری لاچوو، ڕەنگێك و پێستیکی جوانی پێ بەخشرا. ووتی: زۆرتر حەزت لە چ سامانێکە؟ وتی: حوشتر یا -وتی: مانگا، (أسحاق) دودڵە، بەڵام بەڵەکەکە یا کەچەڵەکە یەکێکیان وتی: حوشتر و ئەوی تریان وتی: مانگا- دەڵێ: حوشترێکی ئاوسی پێدرا سکەکەی دەمانگ بوو، پێیوت: خوا فەڕ و بەرەکەتی تێ خات بۆت. دەڵێ: ئینجا هات بۆلای کەچەڵەکە، وتی: زیاتر حەز لەچی دەکەیت؟ وتی: قژێکی جوان، ئەوەشم لەسەر لاچێ کە خەڵکی بەهۆیەوە بێزم لێدەکەنەوە. دەڵێ: دەستی بەسەردا هێنا و ئەوەی لەسەر لاچوو، قژێکی جوانی پێ درا وتی: ئەی زیاتر حەزت بەچ جۆرە سامانێکە، وتی: مانگا، ئەویش مانگایەکی ئاوسی پێدرا و وتی: خوای

بالأدەست فەڕ و بەرەکەتت بۆ تێبخات، ئینجا هات بۆلای کوێرەکە، وتی: زیاتر حەزت بە چ شتێکە؟ وتی: خوا چاوم بۆ بگێڕێتەوە، خەڵکی پێببینم، دەڵێت: دەستی بەسەردا هێنا، خوا چاوی بۆ گەڕانەوە، وتی: ئەی زیاتر حەزت لە چ سامانێکە؟ وتی: مەڕ، مەڕێکی بزۆکیش بەو بەخشرا، وشتر و مانگاکە بەریان لێکەوتەوە و مەڕەکەیش بەرخی بوو، هەتا وای لێهات ئەمیان شیوێ وشتر و، ئەویان شیوێ گاگەل و، ئەمەی تریشیان شیوێك مەڕی هەبوو، دەڵێت: پاش ماوەیەك فریشتەکە لە سەر شێوە و وێنەی خۆی هاتەوە بۆلای بەڵەکەکە و، وتی: پیاوێکی هەژارم لەسەفەردا دەستی بەرودوام بڕاوە، ئەمڕۆ کەس شك نابەم بەهانامەوە بێت جگەلە خوا و پاشان تۆ نەبێت، تو ئەو کەسەی ئەو ڕەنگ و پێستە جوان وماڵەی پێ خەڵات کردی داوات لێدەکەم وشترێکم بدەیتێ لەم سەفەرەمدا پێی بگەمە مەنزڵ، وتی: کوڕە ئەرکی زۆرمان لەسەرە ، پێیوت: کوڕە وەکو بت ناسم وایە، ئەی تۆ بەڵەك نەبوویت و خەڵکی بێزیان لێدەکردیتەوە، هەژار نەبویت خوا پێیدایت؟ وتی: من ئەم ماڵ و سامانەم لە باوباپیرەوە دەست بەدەست بۆ ماوەتەوە، وتی: دە ئەگەر درۆ دەکەیت خوا وەکو خۆتت لێبکاتەوە، دەڵێ: ئەمجا هات بۆلای کەچەڵەکە لەسەر شێوە و وێنەی جارانی خۆی، ئەوەی بەوی وت، بەمیشی وت، ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە، ئەویش وتی ئەگەر درۆ دەکەیت خوا وەکو خۆتت لێبکاتەوە، دەڵێ: ئەمجا هات بۆلای کوێرەکە لەسەر شێوە و وێنەی جارانی خۆی، وتی: کابرایەکی هەژارم ڕێبوارم، دەستی بەرودوام بڕاوە، کەس شك نابەم بە فریامەوە بێت جگە لە خوا و پاشان تۆ نەبێت، داوات لێدەکەم تو ئەو کەسەی چاوی پێدایتەوە مەڕێکم بدەیتی لەم سەفەرەمدا پێی بگەمە مەنزڵ، وتی: من کوێر بووم خوا چاوی دامەوە بەخوا دەست ناهێنمە ڕێت، لە ڕێگەی خوای گەورەدا بە ئارەزووی خۆت بکە چی دەبەیت بیبە و چیش نابەیت مەیبە، ئەویش وتی: ماڵی خۆت بۆ خۆت، ئێوە تاقیکرانەوە خوا لەتۆ ڕازی بوو و خەشم و قینی گرت لە دوو هاوەڵەکەت.

(١١) کەمی دونیا و ئارام گرتن لێی و گەلای درەخت خواردن

١٩٩٣ـ عَنْ سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قَالَ: وَاللَّهِ إِنِّي لَأَوَّلُ رَجُلٍ مِنَ الْعَرَبِ رَمَى بِسَهْمٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَلَقَدْ كُنَّا نَغْزُو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَا لَنَا طَعَامٌ نَأْكُلُهُ

إِلَّا وَرَقُ الْحُبْلَةِ وَهَذَا السَّمُرُ، حَتَّى إِنَّ أَحَدَنَا لَيَضَعُ كَمَا تَضَعُ الشَّاةُ، ثُمَّ أَصْبَحَتْ بَنُو أَسَدٍ تُعَزِّرُنِي عَلَى الدِّينِ، لَقَدْ خِبْتُ إِذًا وَضَلَّ عَمَلِي. [بخاري/ الرقاق/ ٦٠٨٨]

(سعد)ی كوڕی (أبی وقاص) (ﷺ) دەڵێ: بەخوا من یەكەمین پیاوم لەعەرەب كە تیری تەقاندبێت لە ڕێی خوادا، ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جەنگمان دەكرد، هیچ خۆراكێكمان نەبوو بیخۆین جگە لەگەڵای (الحبلة)و (السمر)؛ كە دوو درەختی دڕكاوین ، تا وامان لێهات وەك مەڕ پشقلمان دادەنا، ئێستەش وایلێهاتووە بەرەی (أسد) ئامۆژگاریم دەكەن لەسەر دین. ئەگەر وا بێ من ڕەنجەڕۆ بووم و كردەوەكانم پوچەڵ بۆتەوە.

١٩٩٤ـ عَنْ خَالِدِ بْنِ عُمَيْرٍ الْعَدَوِيِّ قَالَ: خَطَبَنَا عُتْبَةُ بْنُ غَزْوَانَ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ الدُّنْيَا قَدْ آذَنَتْ بِصَرْمٍ، وَوَلَّتْ حَذَّاءَ، وَلَمْ يَبْقَ مِنْهَا إِلَّا صُبَابَةٌ كَصُبَابَةِ الْإِنَاءِ يَتَصَابُّهَا صَاحِبُهَا، وَإِنَّكُمْ مُنْتَقِلُونَ مِنْهَا إِلَى دَارٍ لَا زَوَالَ لَهَا، فَانْتَقِلُوا بِخَيْرِ مَا بِحَضْرَتِكُمْ، فَإِنَّهُ قَدْ ذُكِرَ لَنَا أَنَّ الْحَجَرَ يُلْقَى مِنْ شَفَةِ جَهَنَّمَ، فَيَهْوِي فِيهَا سَبْعِينَ عَامًا لَا يُدْرِكُ لَهَا قَعْرًا، وَ وَاللَّهِ لَتُمْلَأَنَّ، أَفَعَجِبْتُمْ؟ وَلَقَدْ ذُكِرَ لَنَا أَنَّ مَا بَيْنَ مِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ أَرْبَعِينَ سَنَةً، وَلَيَأْتِيَنَّ عَلَيْهَا يَوْمٌ وَهُوَ كَظِيظٌ مِنَ الزِّحَامِ، وَلَقَدْ رَأَيْتُنِي سَابِعَ سَبْعَةٍ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَا لَنَا طَعَامٌ إِلَّا وَرَقُ الشَّجَرِ، حَتَّى قَرِحَتْ أَشْدَاقُنَا، فَالْتَقَطْتُ بُرْدَةً فَشَقَقْتُهَا بَيْنِي وَبَيْنَ سَعْدِ بْنِ مَالِكٍ، فَاتَّزَرْتُ بِنِصْفِهَا وَاتَّزَرَ سَعْدٌ بِنِصْفِهَا، فَمَا أَصْبَحَ الْيَوْمَ مِنَّا أَحَدٌ إِلَّا أَصْبَحَ أَمِيرًا عَلَى مِصْرٍ مِنَ الْأَمْصَارِ، وَإِنِّي أَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ أَكُونَ فِي نَفْسِي عَظِيمًا وَعِنْدَ اللَّهِ صَغِيرًا، وَإِنَّهَا لَمْ تَكُنْ نُبُوَّةٌ قَطُّ إِلَّا تَنَاسَخَتْ حَتَّى يَكُونَ آخِرُ عَاقِبَتِهَا مُلْكًا، فَسَتَخْبُرُونَ وَتُجَرِّبُونَ الْأُمَرَاءَ بَعْدَنَا.

(خالد)ی كوڕی (عمیر العدوي) دەڵێ: (عتبة)ی كوڕی (غزوان)(ﷺ) وتارێكی بۆداین، سوپاس و ستایشی خوای كرد و پاشان وتی: لەپاشان بزانن كە دنیا تازە بڕیاری خوا حافیزی داوەو، پشت پێی لێهەڵكردووە، ئەوەی لێی ماوەتەوە وەك چۆڕە ئاوێك وایە لە قاپێكدا، كەخاوەنەكەی هەڵیدەمژێت، بزانن كە ئێوە دەگوێزنەوە بەرەو خانەیەك كە تەواو بوونی نیە، كە وابوو بەچاكترین تووێشووەوە بەجێ‌ی‌بێڵن، چونكە ئێمە بۆمان باسكراوە كە بەرد لە لێواری دۆزەخەوە بەردەدرێتەوە بە حەفتا ساڵ ناگاتە بنی ، سوێند بە خوا كە هەردووكیان پڕدەكرێن ، ئایا سەرتان سوڕماوە؟ ئایا سەرتان سوڕ دەمێنێ؟

هەروەها بۆمان باس كراوە، كە نێوانی هەردوو لاشیپانی دەروازەی بەهەشت چل ساڵ ڕێیە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژێك دێت جمەی دێت لە عەشامدا، ڕۆژگارێكیش بوو من حەوتەمین كەس بووم لەو حەوت كەسەی كەلە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)بووین. خۆراكمان نەبوو جگە لە گەڵای درەخت، تا لچو لێومان قڵیشا، جارێكیان پۆشاكێكم دۆزیەوە كردم بە دوو كەرتەوە، لە نێوان خۆم و (سعد)ی كوڕی (مالك)دا بەشمان كرد، من نیوەیم كرد بە پشتەماڵ بۆ خۆم و (سەعد)یش نیوەكەی تری، ئێستەش دەبینن ئەمڕۆ هەر یەكێك لە ئێمە بووە بە كاربەدەست لەسەر ناوچەیەك لە ناوچەكان، من پەنا بەخوا دەگرم لەوەی كەلە دڵی خۆمدا خۆم بە گەورە بزانم، بەڵام لای خوا بچوك بم، بیشزانن كە هەرگیز هیچ پێغەمبەرایەتیەك نەبووە، مەگەر گۆڕاوە و لەسەرەنجامدا بۆتەوە بە پادشایەتی و پەیڕەوانی لەخۆیان گۆڕاون، لەمەولا لە دونیا تێدەگەن و پاش ئێمەش كاربەدەستانتان بۆ تاقی دەبێتەوە.

(١٢) ئەوەی بۆ مردوو دەمێنێتەوە

١٩٩٥- عَنْ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((يَتْبَعُ الْمَيِّتَ ثَلَاثَةٌ، فَيَرْجِعُ اثْنَانِ وَيَبْقَى وَاحِدٌ: يَتْبَعُهُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَعَمَلُهُ، فَيَرْجِعُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ، وَيَبْقَى عَمَلُهُ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٤٩]

(أنس) ی كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سێ شت شوێن مردوو دەكەوێت، دوانیان دەگەڕێتەوە و یەكێكیان دەمێنێتەوە، خزم و كەس و كار و ماڵەكەی دەگەڕێنەوە، كردەوەكەی دەمێنێتەوە)).

(١٣) تەماشای لەخۆتان خوارتر بكەن

١٩٩٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((انْظُرُوا إِلَى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ – قَالَ أَبُو مُعَاوِيَةَ– عَلَيْكُمْ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٢٥]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی((تەماشای لەخۆتان خوارتر بكەن، تەماشای لە خۆتان ژوورتر مەكەن، ئەوە باشترە بۆ ئەوەی ناز و نیعمەتی خوا بەسەرتانەوە بەكەم تەماشا نەكەن)).

(١٤) خوا بەندەی خواناسی دەوڵەمەندی نادیاری خۆشدەوێت

١٩٩٧ـ عَنْ عَامِرُ بْنُ سَعْدٍ قَالَ: كَانَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) فِي إِبِلِهِ، فَجَاءَهُ ابْنُهُ عُمَرُ، فَلَمَّا رَآهُ سَعْدٌ قَالَ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّ هَذَا الرَّاكِبِ. فَنَزَلَ فَقَالَ لَهُ: أَنَزَلْتَ فِي إِبِلِكَ وَغَنَمِكَ وَتَرَكْتَ النَّاسَ يَتَنَازَعُونَ الْمُلْكَ بَيْنَهُمْ؟ فَضَرَبَ سَعْدٌ فِي صَدْرِهِ فَقَالَ: اسْكُتْ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ التَّقِيَّ الْغَنِيَّ الْخَفِيَّ)).

(عامر)ی کوڕی (سـعد) دەڵێ: (سـعد)ی کـوڕی (ابـی وقـاص) (ﷺ) لـەناو گەلەوشترەکەیدا بوو، (عمر)ی کوڕی هات بۆلای، کاتێ (سعد) بینـی وتـی: پـەنا بەخوا دەگرم لە زیانی ئەم سوارە. کە دابەزی پێیوت: تۆ بۆ خـۆت لە نێـو ڕانـە وشتر و مەڕی خـۆت دایـت و خەڵکیشت واز لێهێناوە لە نێـو خۆیـاندا کێشـمە کێشمیانە لەسەر موڵك و دەسەڵات؟ ئـەویش دای بەسنگیدا و وتـی: بێـدەنگ بە! من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((بێگومـان خـوا بـەندەی خواناسی دەوڵمەندی شاراوەی خۆش دەوێت)).

(١٥) کەسێ شەریك بۆ خوا دابنێ لە کردەوەکانیدا

١٩٩٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ)).

(ابـو هریـرة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: ((خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿مـن لەهـەموو شـەریکەکان بێنیـاز تـرم لەشـەریك، کەسـێ کردەوەیەك بکات و جگە لەمنی تێدا بەشدار بکات واز لـە خـۆی و شەریکەکەی دێنم﴾)).

(١٦) کەسێ بۆ ناو و شۆرەت ڕەنج بدات

١٩٩٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللَّهُ بِهِ، وَمَنْ رَاءَى رَاءَى اللَّهُ بِهِ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٣٤]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((کەسێك بـۆ ناوبانگ بیستنەوە کار بکات خوا نـاوی دەزڕێنێت، کەسێکیش بـۆ بـەرچاوێنی کار بکات، خوا لە پێش چاوی خەڵکی ئابڕوی دەبات)).

(١٧) چونە ناو دۆزەخ بەهۆی بەڵای زمانەوە

٢٠٠٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مَا يَتَبَيَّنُ مَا فِيهَا، يَهْوِي بِهَا فِي النَّارِ أَبْعَدَ مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)).
[بخاري/ الرقاق/ ٦١١٢]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((جاری واهەیە بەندە قسەی ئەوتۆ دەکات کە بیر لە سەرەنجامەکەی ناکاتەوە، خوا بەهۆی ئەو قسەوە دوورتر لە نێوان خۆرهەڵات و خۆر ئاوا بەری دەداتەوە ناو دۆزەخ)).

(١٨) بڕوادار هەموو کارێکی مایەی خێرە بۆی

٢٠٠١ـ عَنْ صُهَيْبٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ: إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ)).

(صـهیب)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((کـار و بـاری بڕوادار جێی سەرسوڕمانە، هەموو کار و فرمانێکی هەر مایـەی خـێرە بـۆی، ئەمەش بۆ هیچ کەس نیە جگە لەباوەڕدار، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی ببێت سوپاسی خوا دەکات دەبێتە مایەی خێر بۆی، خۆ ئەگەر توشی زیانمەندی ببێت ئارام دەگرێت هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی)).

(١٩) ئارام گرتن لەسەر بەڵا و چیرۆکی خاوەن لەغەمەکان

٢٠٠٢ـ عَنْ صُهَيْبٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((كَانَ مَلِكٌ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، وَكَانَ لَهُ سَاحِرٌ، فَلَمَّا كَبِرَ قَالَ لِلْمَلِكِ: إِنِّي قَدْ كَبِرْتُ، فَابْعَثْ إِلَيَّ غُلَامًا أُعَلِّمْهُ السِّحْرَ. فَبَعَثَ إِلَيْهِ غُلَامًا يُعَلِّمُهُ، فَكَانَ فِي طَرِيقِهِ إِذَا سَلَكَ رَاهِبٌ، فَقَعَدَ إِلَيْهِ، وَسَمِعَ كَلَامَهُ فَأَعْجَبَهُ، فَكَانَ إِذَا أَتَى السَّاحِرَ مَرَّ بِالرَّاهِبِ وَقَعَدَ إِلَيْهِ، فَإِذَا أَتَى السَّاحِرَ ضَرَبَهُ، فَشَكَا ذَلِكَ إِلَى الرَّاهِبِ، فَقَالَ: إِذَا خَشِيتَ السَّاحِرَ فَقُلْ: حَبَسَنِي أَهْلِي، وَإِذَا خَشِيتَ أَهْلَكَ فَقُلْ: حَبَسَنِي السَّاحِرُ. فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ أَتَى عَلَى دَابَّةٍ عَظِيمَةٍ قَدْ حَبَسَتِ النَّاسَ، فَقَالَ: الْيَوْمَ أَعْلَمُ: آلسَّاحِرُ أَفْضَلُ أَمِ الرَّاهِبُ أَفْضَلُ؟ فَأَخَذَ حَجَرًا فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ أَمْرُ الرَّاهِبِ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ أَمْرِ السَّاحِرِ، فَاقْتُلْ هَذِهِ الدَّابَّةَ حَتَّى يَمْضِيَ النَّاسُ، فَرَمَاهَا فَقَتَلَهَا وَمَضَى النَّاسُ، فَأَتَى الرَّاهِبَ فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ لَهُ الرَّاهِبُ: أَيْ بُنَيَّ، أَنْتَ الْيَوْمَ أَفْضَلُ مِنِّي، قَدْ بَلَغَ مِنْ أَمْرِكَ مَا أَرَى، وَإِنَّكَ سَتُبْتَلَى فَإِنِ ابْتُلِيتَ فَلَا تَدُلَّ عَلَيَّ. وَكَانَ الْغُلَامُ يُبْرِئُ

الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَيُدَاوِي النَّاسَ مِنْ سَائِرِ الْأَدْوَاءِ، فَسَمِعَ جَلِيسٌ لِلْمَلِكِ كَانَ قَدْ عَمِيَ، فَأَتَاهُ بِهَدَايَا كَثِيرَةٍ، فَقَالَ: مَا هَاهُنَا لَكَ أَجْمَعُ إِنْ أَنْتَ شَفَيْتَنِي. فَقَالَ: إِنِّي لَا أَشْفِي أَحَدًا، إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ (ﷻ)، فَإِنْ [أَنْتَ] آمَنْتَ بِاللَّهِ دَعَوْتُ اللَّهَ (ﷻ) فَشَفَاكَ، فَآمَنَ بِاللَّهِ فَشَفَاهُ اللَّهُ (ﷻ)، فَأَتَى الْمَلِكَ فَجَلَسَ إِلَيْهِ كَمَا كَانَ يَجْلِسُ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَنْ رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ؟ قَالَ: رَبِّي. قَالَ: وَلَكَ رَبٌّ غَيْرِي؟ قَالَ: رَبِّي وَرَبُّكَ اللَّهُ. فَأَخَذَهُ، فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الْغُلَامِ، فَجِيءَ بِالْغُلَامِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: أَيْ بُنَيَّ قَدْ بَلَغَ مِنْ سِحْرِكَ مَا تُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ، وَتَفْعَلُ وَتَفْعَلُ، فَقَالَ إِنِّي لَا يَشْفِي أَحَدًا، إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ (ﷻ). فَأَخَذَهُ فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الرَّاهِبِ، فَجِيءَ بِالرَّاهِبِ فَقِيلَ لَهُ: ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى فَدَعَا بِالْمِنْشَارِ، فَوَضَعَ الْمِنْشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ فَشَقَّهُ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ، ثُمَّ جِيءَ بِجَلِيسِ الْمَلِكِ، فَقِيلَ لَهُ: ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى، فَوَضَعَ الْمِنْشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ فَشَقَّهُ بِهِ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ، ثُمَّ جِيءَ بِالْغُلَامِ فَقِيلَ لَهُ: ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى، فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ، فَقَالَ: اذْهَبُوا بِهِ إِلَى جَبَلِ كَذَا وَكَذَا، فَاصْعَدُوا بِهِ الْجَبَلَ فَإِذَا بَلَغْتُمْ ذُرْوَتَهُ، فَإِنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ وَإِلَّا فَاطْرَحُوهُ، فَذَهَبُوا بِهِ فَصَعِدُوا بِهِ الْجَبَلَ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ. فَرَجَفَ بِهِمُ الْجَبَلُ فَسَقَطُوا، وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ؟ قَالَ: كَفَانِيهِمُ اللَّهُ. فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ: اذْهَبُوا بِهِ فَاحْمِلُوهُ فِي قُرْقُورٍ، فَتَوَسَّطُوا بِهِ الْبَحْرَ، فَإِنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ وَإِلَّا فَاقْذِفُوهُ، فَذَهَبُوا بِهِ، فَقَالَ اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ. فَانْكَفَأَتْ بِهِمُ السَّفِينَةُ فَغَرِقُوا وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ، فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ: مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ؟ قَالَ: كَفَانِيهِمُ اللَّهُ. فَقَالَ لِلْمَلِكِ إِنَّكَ لَسْتَ بِقَاتِلِي حَتَّى تَفْعَلَ مَا آمُرُكَ بِهِ. قَالَ: وَمَا هُوَ قَالَ تَجْمَعُ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ وَتَصْلُبُنِي عَلَى جِذْعٍ، ثُمَّ خُذْ سَهْمًا مِنْ كِنَانَتِي، ثُمَّ ضَعِ السَّهْمَ فِي كَبِدِ الْقَوْسِ، ثُمَّ قُلْ: بِاسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلَامِ، ثُمَّ ارْمِنِي، فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ قَتَلْتَنِي، فَجَمَعَ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، وَصَلَبَهُ عَلَى جِذْعٍ، ثُمَّ أَخَذَ سَهْمًا مِنْ كِنَانَتِهِ، ثُمَّ وَضَعَ السَّهْمَ فِي كَبِدِ الْقَوْسِ، ثُمَّ قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلَامِ، ثُمَّ رَمَاهُ، فَوَقَعَ السَّهْمُ فِي صُدْغِهِ، فَوَضَعَ يَدَهُ فِي صُدْغِهِ فِي مَوْضِعِ السَّهْمِ، فَمَاتَ، فَقَالَ النَّاسُ: آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ، آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلَامِ. فَأُتِيَ الْمَلِكُ فَقِيلَ لَهُ: أَرَأَيْتَ مَا كُنْتَ تَحْذَرُ؟ قَدْ وَاللَّهِ نَزَلَ بِكَ حَذَرُكَ، قَدْ آمَنَ النَّاسُ. فَأَمَرَ بِالْأُخْدُودِ فِي أَفْوَاهِ السِّكَكِ فَخُدَّتْ، وَأَضْرَمَ النِّيرَانَ، وَقَالَ: مَنْ لَمْ يَرْجِعْ عَنْ دِينِهِ فَأَحْمُوهُ فِيهَا، أَوْ قِيلَ لَهُ: اقْتَحِمْ،

فَفَعَلُوا، حَتَّى جَاءَتِ امْرَأَةٌ وَمَعَهَا صَبِيٌّ لَهَا فَتَقَاعَسَتْ أَنْ تَقَعَ فِيهَا، فَقَالَ لَـهَا الْغُلَامُ: يَا أُمَّهِ اصْبِرِي، فَإِنَّكِ عَلَى الْحَقِّ)).

(صهيب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەوانەوەی پێش ئێوەوە پادشایەك هەبوو، كە جادوگەرێكی هەبوو كاتێ جادوگەرەكە پیربوو بەپادشای وت: من چوومەتە ساڵەوە منداڵێكم بۆ بنێرە با فێری جادووی بكەم، ئەویش منداڵێكی بۆ نارد تا فێری بكات. لە ڕێگەكەیدا كە هاتوچۆی پیا دەكرد، خواناسێكی گۆشە گیر هەبوو ئەویش لای دانیشت و، گوێی لە قسەكانی ڕاگرت پێی خۆش بوو، جا كاتێ دەچوو بۆلای جادوگەرەكە بەلای خواناسەكەدا ڕائەبوورد و لای دادەنیشت و، [دوا دەكەوت] كاتێ دەچوو بۆلای جادوگەرەكە لێیدەدا [چونكە دوا دەكەوت] سكاڵای ئەوەی لای خواناسەكە كرد، ئەویش وتی: ئەگەر كاتێ لە جادوگەرەكە ترسای بڵێ: لەماڵەوە دوایان خستم، كاتێكیش لەماڵەوە ترسایت بڵێ جادوگەرەكە دوای خستم، لەكاتێكدا ئەو لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بوو ڕۆژێكیان هات بەسەر دەعبایەكی گەورەدا كە ڕێی لە خەڵكی گرت بوو، وتی: ئەبێ ئەمڕۆ بزانم: داخۆ جادوگەرەكە باشترە یان خواناسەكە؟ بەردێكی هەڵگرت و وتی: خوایە ئەگەر ئیشی خوانەسەكەت لا خۆشەویسترە لە ئیشی جادوگەرەكە، ئەم دەعبایە بكوژە تا خەڵكی دەرباز بن، بەردەكەی تێگرت و دەعباكەی كوشت و خەڵكەكە دەرباز بوون، ئینجا هات بۆلای خواناسەكە و ئەمەی بۆ باس كرد، كابرای خواناس پێیوت: ئەی كوڕی خۆم، ئەمڕۆ تۆ لەمن باشتری، كارت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی كە من دەیبینم، دڵنیابە تۆ توشی گیروگرفت دەبی، جا ئەگەر گرفتار بوویت، خەبەر لە من نەدەیت، ئەمەو منداڵەكە وای لێهاتبوو كوێری زگماك و بەڵەكی چاك دەكردەوە و لەدەرد و نەخۆشیەكانی دیكەیش چارەی دەكرد، هاودەمێكی پاشا كە كوێر بوو ئەمەی بیست، بە خەڵات و بەراتێكی زۆرەوە هات بۆلای، وتی: هەموو ئەم دیاریەم بۆتۆ ئەگەر چاكم بكەیتەوە. ئەویش وتی: خۆ من كەس چاك ناكەمەوە، بەڵكو هەر تەنها خوای بەرز و باڵادەست خەڵكی چاك دەكاتەوە، ئەگەر تۆیش باوەڕبەخوا بێنیت، داوات لەخوای گەورە و باڵادەست بۆ دەكەم، كەچاكت بكاتەوە، ئەویش باوەڕی بە خوا هێنا و خوای گەروە و باڵادەستیش چاكی كردەوە، هاتەوە بۆلای پادشا و لەلایەوە دانیشت هەروەك چۆن لەوەپێش

دائەنیشت، پادشا پێی وت: کێ چاوی پێدایتەوە؟ وتی: پەروەردگارم، وتی: بۆ پەرەردگارێکی ترت هەیە جگە لەمن؟ وتی: پەروەردگاری منیش و تۆیش هەر خوایە. ئەویش گرتی و دەستی کرد بە ئەشکەنجە دانی تاوەکو خەبەری لە منداڵەکەدا، ئینجا منداڵەکەیان هێنا، پادشا پێی وت: کورە بچکۆلەی خۆم، لە جادوگەریدا گەیشتویتە ئاستێك کە کوێرو بەڵەکی زگماگ چاك دەکەیت، و ئەوە دەکەیت و ئەوە دەکەیت، وتی: من کەس چاك ناکەمەوە، تەنها هەر خوای گەورە و باڵادەست خەڵکی چاك دەکاتەوە، ئەویشی گرت و دەستی کرد بە ئەشکەنجەدانی، تا خەبەری لە کابرای خواناس دا، خواناسەکەیش هێنرا پێی وترا: لە دینەکەت پاش گەز بەرەوە، ئەویش ڕازی نەبوو، بانگی کرد هەرەیەکیان[1] بۆ هێنا هەرەکەی لەسەر تەوقی سەری دانا تا کردی بە دوو کەرتەوە، پاشان هاودەمەکەی پادشا هێنرا، پێی وترا: لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە ئەویش ڕازی نەبوو، هارەی لەسەر سەری دانا و ئەویشی کرد بە دوو پارچەوە، ئینجا منداڵەکەیان هێنا و پێی وترا لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە، ئەمیش ڕازی نەبوو، دایە دەست کۆمەڵێك لە پیاوەکانی و وتی بیبەن بۆ شاخی ئەوێ و ئەوێ سەری‌خەن بۆ سەر شاخەکە، کە گەیشتنە لوتکەکەی، ئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە، ئەگەر نا فڕێیدەنە خوارەوە، ئەوانیش بردیان و بە شاخەکەدا سەریان خست، وتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵ بکەرەوە، شاخەکە کەوتە لەرزین ئەوان کەوتنە خوارەوە، ئەمیش هاتەوە بۆلای پادشا، پادشا پێی وت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟ وتی: خوا لە کۆڵمی کردنەوە، ئەویش دایەوە دەست چەند کەسێکی دیکە لە پیاوەکانی و وتی: بیبەن لە بەلەمێکدا هەڵی‌گرن تا دەگەنە ناوەڕاستی دەریاکە، ئەگەر لە دینەکەی پاش گەز بوویەوە باشە ئەگەر نا فڕێیدەنە ناوی ، ئەوانیش بردیان، ئەویش وتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵ بکەرەوە. کەشتیەکە پێیانەوە قڵپ بوویەوە و هەموو نوقم بون و ئەویش هاتەوە بۆلای پادشا، پادشا پێی وت: هاوەڵەکانت چییان لێهات؟ وتی: خوا لە کۆڵمی کردنەوە. ئینجا بە پادشای وت: تۆ ناتوانیت من بکوژیت، تا چیت پێدەڵێم ئەوە دەکەیت، وتی: ئەوە

[1] هارە یا هەرە: مەبەست مشارە.

چییـه؟ وتـی: خـەڵكی هـەموو لەیـەك گۆڕەپـاندا كـۆ كـەرەوە و بم بەسـتە بـە دارخورمایەكەوە، پاشان تیرێك لـە تیروكەوانەكـەم دەربهێنـەوە و، تیرەكـە بخـەرە ناو جەرگەی كەوانەكەوە و پاشان بڵێ: بە ناوی خوای پـەروەردگاری منداڵەكـە و دوای ئەوە تیرەكەم تێگرە، ئەگـەر تۆ ئەمـەت كرد، ئیتر دەمكوژیـت، ئـەویش خـەڵكی هەموو لەیـەك خاكدا كۆكردەوە و بـەبنكی دارخورمایەكـەوە شـەتەكی داو، پاشان تیرێكی لە تیر دانەكەی هەڵگرت و، خستیە ناوجەرگەی كەوانەكەوە وتـی: بەناوی خـوا، پـەروەردگاری منداڵەكـە. تیرەكـەی تێگـرت، بـەر لاجـانگی كەوت، دەستی نایە سەر شوێنی تیرەكە و مرد، خەڵكی هەموو وتیان باوەڕمـان هێنـا بە پـەروەردگاری منداڵەكـە، باوەڕمـان هێنـا بـە پـەروەردگاری منداڵەكـە، باوەڕمان هێنا بەپەروەردگاری منداڵەكە، زەلامێك هات بۆلای پادشا و پێی وت: ئایا دەزانیت ئەوەی لێی دەترسای سوێند بەخوا ئـەمڕۆ ڕووی‌دا لێـت، خـەڵكی تازە باوەڕیان هێنا. ئەویش فەرمانی دەركرد بە لەغـەم لێدان، لەسـەر كوچـە و كۆڵانـەكان لەغـەم لێدرا و ئاگری تێداكرایـەوە و وتـی: هەركـەس لـە دینەكـەی پاشگەز نەبوویەوە بیسوتێن تیایدا، یان پێی بوترێت خۆتی تێفرێدە، ئەوانیش وایان كرد، تاوەكو تەنانەت ژنێك هات منداڵێكی خۆی پێبوو، سڵی كرد لـەوەی خـۆی تـێ فرێدا، منداڵەكـەی پێـی وت: دایـە ئارام بگرە، چونكە بەڕاسـتی تـۆ لەسەر حەقی))،

(٦٨) بەشی گەورەیی قورئان

(١) گەورەیی سورەتی (فاتحة)

٢٠٠٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﭬ) قَالَ: بَيْنَمَا جِبْرِيلُ قَاعِدٌ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) سَمِعَ نَقِيضًا مِنْ فَوْقِهِ، فَرَفَعَ رَأْسَهُ فَقَالَ: ((هَذَا بَابٌ مِنَ السَّمَاءِ فُتِحَ الْيَوْمَ، لَمْ يُفْتَحْ قَطُّ إِلَّا الْيَوْمَ، فَنَزَلَ مِنْهُ مَلَكٌ، فَقَالَ: هَذَا مَلَكٌ نَزَلَ إِلَى الْأَرْضِ لَمْ يَنْزِلْ قَطُّ إِلَّا الْيَوْمَ، فَسَلَّمَ وَقَالَ: أَبْشِرْ بِنُورَيْنِ أُوتِيتَهُمَا، لَمْ يُؤْتَهُمَا نَبِيٌّ قَبْلَكَ: فَاتِحَةُ الْكِتَابِ، وَخَوَاتِيمُ سُورَةِ الْبَقَرَةِ، لَنْ تَقْرَأَ بِحَرْفٍ مِنْهُمَا إِلَّا أُعْطِيتَهُ)).

(ابن عباس) (ﭬ) دەڵێ: لەکاتێکدا (جبريل) لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبوو، گوێی لە جیڕەیەك بوو لە ژوور سەریەوە، سەری بەرز کردەوە فەرمووی: ((ئەوە دەرگایەکی ئاسمان بوو ئەمڕۆ کرایەوە، جگە لە ئەمڕۆ هەرگیز نەکراوەتەوە، فریشتەیەکی لێهاتە خوارەوە، فەرمووی: ((ئەمە فریشتەیەکە دابەزیوەتە سەر زەوی هەرگیز دانەبەزیوە ئەمڕۆ نەبێت، سەلامی کرد و وتی: مژدە بێ دوو ڕووناکیت پێ خەڵات کراوە ، بە هیچ پێغەمبەرێك پێش تۆ خەڵات نەکراوە، سورەتی فاتیحە و کۆتایی سورەتی بەقەرە هەر پیتێك لە هەرکامیان بخوێنی {هەر داخوازیەکی تێدابێت} خوا پێتدەبەخشێت)).

(٢) سورەتی (البقرة) و (ال‌عمران)

٢٠٠٤ـ عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ (ﭬ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((اقْرَءُوا الْقُرْآنَ، فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ. اقْرَءُوا الزَّهْرَاوَيْنِ: الْبَقَرَةَ وَسُورَةَ آلِ عِمْرَانَ، فَإِنَّهُمَا تَأْتِيَانِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ، أَوْ كَأَنَّهُمَا غَيَايَتَانِ، أَوْ كَأَنَّهُمَا فِرْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ، تُحَاجَّانِ عَنْ أَصْحَابِهِمَا. اقْرَءُوا سُورَةَ الْبَقَرَةِ، فَإِنَّ أَخْذَهَا بَرَكَةٌ وَتَرْكَهَا حَسْرَةٌ، وَلَا تَسْتَطِيعُهَا الْبَطَلَةُ)). قَالَ مُعَاوِيَةُ: بَلَغَنِي أَنَّ الْبَطَلَةَ: السَّحَرَةُ.

(أبو أسامة الباهلي)(ﭬ) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ) فەرموویەتی: ((قورئان بخوێنن، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت و تکا دەکات بۆ خاوەنەکانی هەردووگوڵ ڕەنگەکە بخوێنن: (البقرة) و سورەتی (ال‌عمران) چونکە ئەم دوانە لە ڕۆژی قیامەتدا وەك دوو پەڵە هەور، یا وەك دوو سێبەر، یا وەك دوو پۆل لە باڵندە کە باڵیان ڕەپ کردووە [لە ئاسمانا] دێن بەرگری

لەخاوەنەکانیان دەکەن. سورەتی (البقـرە) بخوێنـن چونکـە خوێندنـی پیـت و بەرەکەتـەو، وازلێـهێنانی مایـەی پەشـیمانی و خەفەتـە، کەسـانی بێـورەو کەمتەرخەم پێـی نـاوێرن، معاویـە دەڵـێ: پێم گەیشـتووە کـە کەسـانی بێـورە مەبەستی جا دووگەرانە)).

(٣) گەورەیی (آية الكرسي)

٢٠٠٥ـ عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا أَبَا الْمُنْذِرِ، أَتَدْرِي أَيُّ آيَةٍ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ (ﷻ) مَعَكَ أَعْظَمُ)). قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: ((يَا أَبَا الْمُنْذِرِ، أَتَدْرِي أَيُّ آيَةٍ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ مَعَكَ أَعْظَمُ)). [قَالَ]: قُلْتُ: ﴿اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ﴾ [البقرة: ٢٥٥]. قَالَ: فَضَرَبَ فِي صَدْرِي وَقَالَ: ((وَاللَّهِ لِيَهْنِكَ الْعِلْمُ أَبَا الْمُنْذِرِ)).

(ابي)کوڕی (لعب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئـەی (ابـو المنـذر)دەزانـی چ ئایـەتێك لـە کتێبـی خـوای بالادەسـت لەهـەمووان گەورەترە)). دەڵێ: وتم: خوا و پێغەمبەری خوا زاناترن، فەرمووی: ((ئەی (ابو المنـذر) دەزانی چ ئایەتێك کەلـە خزمـەتیدای، لـە کتێبـی خـوای بـالا دەسـت لـە هەموان گەورەترە)). [دەڵێت] وتم (الله لا اله الا هو الحى القيوم) [البقره/ ٢٥٥] دەڵێ: دەستی دابەسنگما و فەرمووی: ((بەخوا [پێکاوتـە] زانسـت و زانیـاریت لێپیرۆز بێت ئەی (ابو المنذر))).

(٤) کۆتـاییەکانی سورەتی (البقرة)

٢٠٠٦ـ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ قَرَأَ هَاتَيْنِ الْآيَتَيْنِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ)). [بخاري/ المغازي/ ٣٧٨٦]

(ابو مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((هەرکـەس ئەو دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی (البقره) لە شەوێکدا بخوێنێت بەسیەتی)).

(٥) گەورەیی سورەتی (البقره)

٢٠٠٧ـ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْفِ عُصِمَ مِنَ [فتنة] الدجال)). وفي رواية: ((مِنْ آخِرِ الْكَهْفِ)).

(ابو الدرداء) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس دە ئایـەت لەسـەرەتای سـورەتی (الکـهف) لەبـەر بکـات لـە زیـانی (جـەجال) دەپارێزرێت)). لەریوایەتێکدا: ((کۆتایی سورەتی (الکهف))).

(٦) گەورەیی خوێندنی: ((قل هو الله احد))

٢٠٠٨ـ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَقْرَأَ فِي لَيْلَةٍ ثُلُثَ الْقُرْآنِ)). قَالُوا: وَكَيْفَ يَقْرَأُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ؟ قَالَ: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٢٧]

(أبو الدرداء) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی: ((ئایا هیچ کام لە ئێوە ناتوانێت سێ یەکی قورئان بخوێنێت لە شەوێکدا)) وتیان: جا سێ یەکی قورئان چۆن دەخوێندرێت؟ فەرمووی: ((﴿قل هو الله احد﴾ لەجێی سێ یەکی قورئانە)).

٢٠٠٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَ رَجُلًا عَلَى سَرِيَّةٍ، وَكَانَ يَقْرَأُ لِأَصْحَابِهِ فِي صَلَاتِهِمْ فَيَخْتِمُ بِـ ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ فَلَمَّا رَجَعُوا ذُكِرَ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((سَلُوهُ لِأَيِّ شَيْءٍ يَصْنَعُ ذَلِكَ)). فَسَأَلُوهُ، فَقَالَ: لِأَنَّهَا صِفَةُ الرَّحْمَنِ، فَأَنَا أُحِبُّ أَنْ أَقْرَأَ بِهَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَخْبِرُوهُ أَنَّ اللَّهَ يُحِبُّهُ)). [بخاري/ التوحيد/ ٦٩٤٠]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی کرد بە فەرماندەی هێزێك، ئەو پیاوە لەبەرنوێژی هاوەڵەکانیدا کە قورئانی دەخوێند و بە ﴿قل هو الله احد﴾ کۆتایی پێدەهێنا، کاتێك گەڕانەوە ئەوەیان لە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کرد، فەرمووی: ((لێی بپرسن بۆچی وا دەکات، ئەوانیش لێیان پرسی و وتی: لەبەر ئەوەی کە سیفەت و ناوەڵناوی خواوەندی بەخشندەیە، منیش حەز دەکەم بیخوێنم. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((خەبەری پێبدەن کە خوایش ئەوی خۆش دەوێت)).

(٧) گەورەیی خوێندنی سورەتی (النـاس) و(الفلق)

٢٠١٠ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَلَمْ تَرَ آيَاتٍ أُنْزِلَتِ اللَّيْلَةَ لَمْ يُرَ مِثْلُهُنَّ قَطُّ: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾ وَ ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾)).

(عقبە)ی کوڕی (عامر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا نازانیت ئیمشەو چەند ئایەتێك دابەزیوە هەرگیز وێنەیان نەبینراوە: ﴿قل اعوذ برب الفلق﴾و ﴿قل اعوذ برب الناس﴾)).

(٨) کەسێ بە قورئان سەربەرز دەبێت

٢٠١١ـ لە(عامر)ی کوڕی (واثلة)دەڵێ: کە عومەر کردبووی بەکاربەدەست ، (نافع)ی (عبدالحارث)لە (عەسفات) کە گەیشت بە عومەر وتی: کێت کردووە بە کاربەدەست لەسەر خەڵکی ئەم دۆڵە؟ وتی: (ابن لابزی) وتی: (ابن لابزی) کێیە؟ وتی: یەکێکە لە کارگوزارەکانمان [مولی] وتی: جا کار گوزارت کردووە بە جێنشینی خۆت لەسەریان؟ وتی: ئەو کەسێکی قورئان خوێنە و شارەزای زانستی میرات بەش کردنە [علم الفرائض]. (عمر)(ﷺ) وتی: ڕاستە کە پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەڕاستیدا خوا بەهۆی ئەم قورئانەوە چەند گەل و هۆزێك سەربەرز دەکات و چەندانی تریش نزم و نەوی دەکات)).

(٩) گەورەیی خێری فێربوونی قورئان

٢٠١٢ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ) قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ فِي الصُّفَّةِ فَقَالَ: ((أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يَغْدُوَ كُلَّ يَوْمٍ إِلَى بُطْحَانَ أَوْ إِلَى الْعَقِيقِ، فَيَأْتِيَ مِنْهُ بِنَاقَتَيْنِ كَوْمَاوَيْنِ، فِي غَيْرِ إِثْمٍ وَلَا قَطْعِ رَحِمٍ)). فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ نُحِبُّ ذَلِكَ. قَالَ: ((أَفَلَا يَغْدُو أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَيَعْلَمُ أَوْ يَقْرَأُ آيَتَيْنِ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ نَاقَتَيْنِ، وَثَلَاثٌ [خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلَاثٍ] وَأَرْبَعٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَرْبَعٍ، وَمِنْ أَعْدَادِهِنَّ مِنَ الْإِبِلِ)).

(عقبە)ی کوڕی (عامر)(ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا ئێمە لەهەیوانی مزگەوتەکەدا بووین (الصفە) پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هات و، فەرمووی: ((کام لە ئێوە حەز دەکات کە هەموو ڕۆژێك سەرلەبەیانی بچێت بۆ (بطمان)یا (عقیق)و دوو وشتری سەرکۆپارەی قەڵەوی پێبێت بێ ئەوەی گوناهبار ببێت یا دڵی هیچ خزمێکی لێ بئێشێت)) وتمان: هەموومان حەز بەوەدەکەین. فەرمووی: ((ئەی ناکرێت هەریەکێ لە ئێوە سەرلەبەیانی بڕوات بۆ مزگەوت دوو ئایەت لەقورئان فێرببێت یان بخوێنێت کە باشترە بۆی لە دوو وشتری مێ، سیانیش {باشترە بۆی لە سیان} و چواریش باشترە بۆی لە چوار، و بەپێی ژمارەی ئایەتەکان لە وشتر)).

(١٠) وێنەی قورئان خوێن و قورئان نەخوێن

٢٠١٣ـ عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ مَثَلُ الْأُتْرُجَّةِ رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا طَيِّبٌ. وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ

الَّذي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ مَثَلُ التَّمْرَةِ، لَا رِيحَ لَهَا وَطَعْمُهَا حُلْوٌ. وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ مَثَلُ الرَّيْحَانَةِ، رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ. وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الْحَنْظَلَةِ، لَيْسَ لَهَا رِيحٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٣٢]

(أبو موسى)ی (الاشعري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((نموونەی بڕواداری قورئان خوێن وەك نموونەی بەهێیە، واتە بۆنی خۆشە و تامیشی خۆشە، بڕواداری قورئان نەخوێنیش وەك خورما وایە، بۆنی نییە و تامی شیرینە، دووڕووی قورئان خوێن وەك ڕیحانە وایە بۆنی خۆشە و تامی تاڵە، دووڕووی قورئان نەخوێنیش وەك کوژاڵکەوایە، بۆنی نییە و تامیشی تاڵە)).

(١١) کەسێك قورئان بەڕەوانی دەخوێنێ و کەسێکیش بە زەحمەت دەیخوێنێ

٢٠١٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ مَعَ السَّفَرَةِ الْكِرَامِ الْبَرَرَةِ، وَالَّذي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَتَتَعْتَعُ فِيهِ، وَهُوَ عَلَيْهِ شَاقٌّ، لَهُ أَجْرَانِ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٦٥٣]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((کەسێ قورئان بەڕەوانی بخوێنێتەوە لەگەڵ پێغەمبەران و فریشتەچاك و باك و بەڕێز و نزیکەکانی {بارەگای خوایی} دەبێت، کەسێکیش قورئان دەخوێنێت و دەمی تەتەڵە دەکات تیایدا و لەسەرشانی زەحمەتە، دوو پاداشتی هەیە)).

(١٢) دابەزینی هێوری و ئارامی لەکاتی خوێندنەوەی قورئان

٢٠١٥ـ عَنِ الْبَرَاءِ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَجُلٌ يَقْرَأُ سُورَةَ الْكَهْفِ، وَعِنْدَهُ فَرَسٌ مَرْبُوطٌ بِشَطَنَيْنِ، فَتَغَشَّتْهُ سَحَابَةٌ، فَجَعَلَتْ تَدُورُ وَتَدْنُو، وَجَعَلَ فَرَسُهُ يَنْفِرُ مِنْهَا، فَلَمَّا أَصْبَحَ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: ((تِلْكَ السَّكِينَةُ تَنَزَّلَتْ لِلْقُرْآنِ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٢٤]

(البراء)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك سورەتی (الكهف)ی دەخوێند، ئەسپێکی لەلاوە بوو بە دوو گوریسی درێژ بەسترا بوویەوە، پەڵە هەور دایگرتەوە، هەربەسەریەوە سوڕی دەخوارد و لێی نزیك دەبوویەوە، ئەسپەکەیشی هەر لێی ئەسڵەمیەوە، کاتێ ڕۆژ بوویەوە هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بۆ باس کرد. فەرمووی: ((ئەوە هێوری و ئارامی بووە لەبەر قورئان دابەزیوە)).

٢٠١٦ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ أُسَيْدَ بْنَ حُضَيْرٍ (ﷺ) بَيْنَمَا هُوَ لَيْلَةً يَقْرَأُ فِي مِرْبَدِهِ إِذْ جَالَتْ فَرَسُهُ، فَقَرَأَ ثُمَّ جَالَتْ أُخْرَى، فَقَرَأَ ثُمَّ جَالَتْ أَيْضًا، قَالَ أُسَيْدٌ: فَخَشِيتُ أَنْ تَطَأَ يَحْيَى فَقُمْتُ إِلَيْهَا، فَإِذَا مِثْلُ الظُّلَّةِ فَوْقَ رَأْسِي فِيهَا أَمْثَالُ السُّرُجِ، عَرَجَتْ فِي الْجَوِّ حَتَّى مَا أَرَاهَا، قَالَ: فَغَدَوْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، بَيْنَمَا أَنَا الْبَارِحَةَ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ أَقْرَأُ فِي مِرْبَدِي إِذْ جَالَتْ فَرَسِي، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اقْرَأِ ابْنَ حُضَيْرٍ)). قَالَ: فَقَرَأْتُ ثُمَّ جَالَتْ أَيْضًا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اقْرَأِ ابْنَ حُضَيْرٍ)). قَالَ: فَقَرَأْتُ ثُمَّ جَالَتْ أَيْضًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اقْرَأِ ابْنَ حُضَيْرٍ)). قَالَ: فَانْصَرَفْتُ، وَكَانَ يَحْيَى قَرِيبًا مِنْهَا خَشِيتُ أَنْ تَطَأَهُ، فَرَأَيْتُ مِثْلَ الظُّلَّةِ فِيهَا أَمْثَالُ السُّرُجِ، عَرَجَتْ فِي الْجَوِّ حَتَّى مَا أَرَاهَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تِلْكَ الْمَلَائِكَةُ كَانَتْ تَسْتَمِعُ لَكَ، وَلَوْ قَرَأْتَ لَأَصْبَحَتْ يَرَاهَا النَّاسُ مَا تَسْتَتِرُ مِنْهُمْ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٣٠]

(أبو سعيد الخدري)(ﷺ) دەڵێ: (اسيد)ی كوڕی (حفر) (ﷺ) شەوێك لە باخەكەيدا خەريكی قورئان خوێندنەوە بوو ئەسپەكەی كەوتە سمكوڵان، ديسانەوە دەستی كردەوە بە خوێندنەوەی، ئەسپەكەش دەستی كردەوە بە سمكوڵان، (اسيد) دەڵێ: ترسام لەوەی كە (يحيى) بشێلێت منيش هەستام بەلايەوە، كاتێ تەماشا دەكەم شتێكی وەك پەڵە هەور بەسەر سەرمەوەيە، شتێكی لەناودايە وەك چراخان، هەڵكشا بە ئاسمانا هەتا لەبەرچاوم ون بوو، دەڵێ: بەيانی زوو چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێم وت: ئەی پێغەمبەری خوا، لەكاتێكدا من ئەمشەو لە نيوە شەودا لەباخەكەمدا قورئانم دەخوێند ئەسپەكەم كەوتە سمكوڵان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بخوێنە كوڕی (حفير))). دەڵێ: دەستم كردەوە بە خوێندنەوە هەمديسان كەوتەوە سمكوڵا،، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بخوێنە كوڕی (حفير))) دەڵێ: خويندمەوە هەمديسان كەوتەوە سمكوڵا،، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بخوێنە كوڕی (حفير))) دەڵێ: منيش دەستم هەڵگرت، (يحيى) لێيەوە نزيك بوو ترسام بيشێلێت، شتێكم بينی وەك پەڵە هەوڕ شتێكی وەك چراخانی تێدابوو، بە ئاسمانا هەڵكشا هەتا لەبەرچاوم ون بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە فريشتە بوون گوێيان لێگرتبويت، ئەگەر بەردەوام بوويتايە، بۆ بەيانی خەڵكی ئەو فريشتانەيان دەبينی و لييان نەدەشارايەوە)).

(١٣) حەسوودی دروست نیە لە دووشتا نەبێ

٢٠١٧ـ عَنْ سَالِمٍ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا حَسَدَ إِلَّا فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ الْقُرْآنَ، فَهُوَ يَقُومُ بِهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ. وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالًا فَهُوَ يُنْفِقُهُ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٣٧]

لە(سالم)ەوە ئەویش لە باوکیەوە (ﷺ) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((حەسوودی دروست نییە لە دوو شتدا نەبێت: پیاوێك خوا قورئانی پێ خەڵات کردبێت، بەردەوام هەستێ بە دەورکردنەوەی بە ڕۆژ و شەو، پیاوێکیش خوا سامانی پێببەخشێت بەردەوام خەریکی بەخت کردنی بێت بەشەو ڕۆژ)).

(١٤) زۆر خوێندنەوەی قورئان

٢٠١٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّمَا مَثَلُ صَاحِبِ الْقُرْآنِ كَمَثَلِ الْإِبِلِ الْمُعَقَّلَةِ، إِنْ عَاهَدَ عَلَيْهَا أَمْسَكَهَا، وَإِنْ أَطْلَقَهَا ذَهَبَتْ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٤٣]

(عبدالله)ی کوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خاوەن قورئان وەك خاوەنی وشتری بەستراوە وەهایە، ئەگەر چاودێری بکات رایدەگرێت، ئەگەر بەریشی بدات دەڕوات)).

٢٠١٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بِئْسَمَا لِأَحَدِهِمْ يَقُولُ: نَسِيتُ آيَةَ كَيْتَ وَكَيْتَ، بَلْ هُوَ نُسِّيَ. اسْتَذْكِرُوا الْقُرْآنَ، فَلَهُوَ أَشَدُّ تَفَصِّيًا مِنْ صُدُورِ الرِّجَالِ مِنَ النَّعَمِ بِعُقُلِهَا)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٤٤]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((چەند خراپە کەسێك لە ئێوە بڵێت، ئایەتی ئەوە و ئەوەم لەبیرچووە، بەڵکو لەبیری براوەتەوە، قورئان دەوربکەنەوە بێگومان قورئان لە دڵی پیاودا زووتر لەدەست دەردەچێ وەك لە حوشتر لەپەتی خۆی)).

(١٥) دەنگ خۆش کردن بە خوێندنەوەی قورئان

٢٠٢٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا أَذِنَ اللَّهُ لِشَيْءٍ مَا أَذِنَ لِنَبِيٍّ حَسَنِ الصَّوْتِ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ)) يَجْهَرُ بِهِ. [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٣٦]

(أبو هريرة)(ﷺ) گوێی لە پێغەمبەر بـووە (ﷺ) کـە فەرموویـەتی: ((خـوا مۆڵەتی بەهیچ شتێك نەداوە وەك ئەوەی مۆڵەتی بە پێغەمبەرێکی دەنگ خۆش داوە قورئان بەدەنگەوە بخوێنێت)) بەئاشکرا بیخوێنێ،

٢٠٢١ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأَبِي مُوسَى: ((لَوْ رَأَيْتَنِي وَأَنَا أَسْتَمِعُ لِقِرَاءَتِكَ الْبَارِحَةَ، لَقَدْ أُوتِيتَ مِزْمَارًا مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٦١]

(أبو بردة)لە (ابو موسى)ەوە (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە (ابـو موسـى)ی فـەرموو: ((کاشـکی ئەمشـەو بـت بینایـەم کــە چـۆن گوێـم بــۆ خوێندنەوەکەت شل کردبوو، بەڕاستی سازێك لە سازەکانی بنەماڵەی (داود)ت پێدراوە)).

(١٦) قورئـان خوێندن بە ئاوازەوە

٢٠٢٢ـ عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ قُرَّةَ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ مُغَفَّلٍ الْمُزَنِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: قَرَأَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَامَ الْفَتْحِ فِي مَسِيرٍ لَهُ سُورَةَ الْفَتْحِ عَلَى رَاحِلَتِهِ، فَرَجَّعَ فِي قِرَاءَتِهِ. قَالَ مُعَاوِيَةُ: لَوْلَا أَنِّي أَخَافُ أَنْ يَجْتَمِعَ عَلَيَّ النَّاسُ لَحَكَيْتُ لَكُمْ قِرَاءَتَهُ. [بخاري/ المغازي/ ٤٠٣١]

(معاويـة)ی کـوڕی (قرة)دەڵـێ: لـە (عبـدالله)ی کـوڕی (مغفـل)ی (المزنـي)م بیسـت (ﷺ) دەیـوت: پێغەمبـەر (ﷺ) لەسـاڵی ئـازادکردنی مەککـەدا ، بەسـواری وڵاخەکەیەوە بەڕێگەوە سورەتی (الفتـح)ی دەخوێنـد ، بـە ئـاوازەوە دەیخوێنـد. (معاويە) دەڵێ: ترسی ئەوەم نەبوایـە کـە خـەڵکیم لێ کۆدەبێتەوە، وەك ئـەو بـۆم دەخوێندن.

(١٧) بەئـاشکرا خوێندنەوەی قورئـان لەشەودا و گوێ لێگرتنی

٢٠٢٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) سَمِعَ رَجُلًا يَقْرَأُ مِنَ اللَّيْلِ، فَقَالَ: ((يَرْحَمُهُ اللَّهُ، لَقَدْ أَذْكَرَنِي كَذَا وَكَذَا آيَةً، كُنْتُ أَسْقَطْتُهَا مِنْ سُورَةِ كَذَا وَكَذَا)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٥٥]

(عائشە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لە پیاوێك بوو لەشەودا قورئانی دەخوێنـدەوە، فـەرمووی: ((خـوا ڕەحمـی پێبکـات ئایـەتی ئـەوە و ئـەوەی بیرخستمەوە کەلەبیرم چووبوون لە فلان سورەت و فلان سورەت)).

(١٨) قورئان لەسەر حەوت پیت دابەزیوە

٢٠٢٤ـ عَنْ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ هِشَامَ بْنَ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ (ﷺ) يَقْرَأُ سُورَةَ الْفُرْقَانِ عَلَى غَيْرِ مَا أَقْرَؤُهَا، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَقْرَأَنِيهَا، فَكِدْتُ أَنْ أَعْجَلَ عَلَيْهِ، ثُمَّ أَمْهَلْتُهُ حَتَّى انْصَرَفَ، ثُمَّ لَبَّبْتُهُ بِرِدَائِهِ فَجِئْتُ بِهِ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي سَمِعْتُ هَذَا يَقْرَأُ سُورَةَ الْفُرْقَانِ عَلَى غَيْرِ مَا أَقْرَأْتَنِيهَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَرْسِلْهُ، اقْرَأْ)). فَقَرَأَ الْقِرَاءَةَ الَّتِي سَمِعْتُهُ يَقْرَأُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَكَذَا أُنْزِلَتْ)). ثُمَّ قَالَ لِي: ((اقْرَأْ)). فَقَرَأْتُ، فَقَالَ: ((هَكَذَا أُنْزِلَتْ، إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ أُنْزِلَ عَلَى سَبْعَةِ أَحْرُفٍ، فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ)). [بخاري/ الخصومات/ ٢٢٨٧]

(عمر)ی کوڕی (الخطاب)(ﷺ) دەڵێ: گوێم لە (هشام)ی کوڕی (حکیم)ی کوڕی (حزام)(ﷺ) بوو سورەتی (الفرقان)ی دەخوێند جیاواز لە خوێندنی من، کە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی بۆی خوێندبووم، خەریك بوو پەلە بکەم (خوێندنەوەکەی پێ‌ببڕم) بەڵام مۆڵەتم دا تاڵێبوویەوە، پاشان بەرۆکیم گرت و بردم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێموت: ئەی پێغەمبەری خوا، من گوێم لەمەبوو سورەتی (الفرقان)ی خوێندەوە جیاواز لەوەی کە تۆ بەمنت خوێندەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بەریدە، بخوێنە)) ئەویش هەر بەو شێوە خوێندی کە من لێم بیستبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەروا دابەزیووە)) پاشان بەمنیشی فەرموو: ((بخوێنە)) منیش خوێندمەوە، فەرمووی: ((هەروا دابەزیوە، ئەم قورئانەلەسەر حەوت پیت دابەزیووە، ئێوەیش ئەوەندەی بۆتان دەکرێ بیخوێننەوە)).

(١٩) قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر خەڵکی تردا

٢٠٢٥ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ (ﷻ) أَمَرَنِي أَنْ أَقْرَأَ عَلَيْكَ: ﴿لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾)). قَالَ: وَسَمَّانِي [لَكَ]؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: فَبَكَى. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٥٩٨]

(انس) کوڕی (مالك)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (ابی)ی کوڕی (کعب)(ﷺ) ی فەرموو: ((خوای گەورە فەرمانی پێکردووم کە ﴿لم یکن الذین کفروا﴾ت بەسەردا بخوێنم. وتی: ناوی بردم [بۆت]؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) دەڵێت: ئەویش گریا.

(٢٠) قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرجنۆکەدا

٢٠٢٦ـ عَنْ عَامِرٍ [هو الشعبي] قَالَ: سَأَلْتُ عَلْقَمَةَ: هَلْ كَانَ ابْنُ مَسْعُودٍ شَهِدَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَيْلَةَ الْجِنِّ؟ قَالَ: فَقَالَ عَلْقَمَةُ: أَنَا سَأَلْتُ ابْنَ مَسْعُودٍ فَقُلْتُ: هَلْ شَهِدَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَيْلَةَ الْجِنِّ؟ قَالَ: لَا، وَلَكِنَّا كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَفَقَدْنَاهُ، فَالْتَمَسْنَاهُ فِي الْأَوْدِيَةِ وَالشِّعَابِ، فَقُلْنَا: اسْتُطِيرَ أَوِ اغْتِيلَ. قَالَ: فَبِتْنَا بِشَرِّ لَيْلَةٍ بَاتَ بِهَا قَوْمٌ، فَلَمَّا أَصْبَحْنَا إِذَا هُوَ جَاءٍ مِنْ قِبَلَ حِرَاءٍ، قَالَ: فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَدْنَاكَ فَطَلَبْنَاكَ فَلَمْ نَجِدْكَ، فَبِتْنَا بِشَرِّ لَيْلَةٍ بَاتَ بِهَا قَوْمٌ. فَقَالَ: ((أَتَانِي دَاعِي الْجِنِّ، فَذَهَبْتُ مَعَهُ، فَقَرَأْتُ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ)). قَالَ: فَانْطَلَقَ بِنَا، فَأَرَانَا آثَارَهُمْ وَآثَارَ نِيرَانِهِمْ، وَسَأَلُوهُ الزَّادَ، فَقَالَ: ((لَكُمْ كُلُّ عَظْمٍ ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ، يَقَعُ فِي أَيْدِيكُمْ أَوْفَرَ مَا يَكُونُ لَحْمًا، وَكُلُّ بَعْرَةٍ عَلَفٌ لِدَوَابِّكُمْ)). فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَلَا تَسْتَنْجُوا بِهِمَا، فَإِنَّهُمَا طَعَامُ إِخْوَانِكُمْ)).

(عامر الشعبي)دەڵێ: پرسیارم لە (علقمة)کرد: ئایا (ابن مسعود) لەشەوی جنۆکەکاندا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو؟ (علقمە) وتی: من پرسیارم لە (ابن مسعود)کرد پێموت: ئایا هیچ کام لە ئێوە لە شەوی جنۆکەکاندا لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) ئامادەبوون؟ وتی: نەخێر، بەڵام ئێمە شەوێکیان لە خزمەت پێغەمبەردا بووین (ﷺ) لێمان ونبوو، ئێمەیش کەوتینە گەڕان بە شوێنیدا ناو شیوو دۆڵەکانی بۆ گەڕاین، وتمان: چی لێهات ئایا جنۆکە فڕاندوویەتی یا بەنهێنی کوژراوە دەڵێ: ئەو شەوەمان خراپ ترین شەو بوو، فەرمووی: ((بانگخوازی جنۆکە هات بۆلام، لەگەڵی ڕۆیشتم، قورئانم بۆ خوێندنەوە)) دەڵێ: بردنی شوێنەواری خۆیان و ئاگرەکانیانی پێنیشاندایان، داوای توێشوشیان لێکردبوو، ئەویش فەرمووی: ((توێشوی ئێوە بێت هەر ئێسکێك کە ناوی خوای لەسەر برابێت و بەردەستتان بکەوێت، زۆرترین گۆشتی پێوەدەبێت، هەموو پشقلێکیش ئاڵفی چوارپێکانتان بێت)) ئینجا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کەوابوو بەودوانە خۆتان پاك مەکەنەوە، چونکە ئەو دوانە خۆراکی براکانتانن)).

٢٠٢٧ـ عَنْ مَعْنٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي قَالَ: سَأَلْتُ مَسْرُوقًا: مَنْ آذَنَ النَّبِيَّ (ﷺ) بِالْجِنِّ لَيْلَةَ اسْتَمَعُوا الْقُرْآنَ؟ فَقَالَ: حَدَّثَنِي أَبُوكَ -يَعْنِي ابْنَ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه)- أَنَّهُ آذَنَتْهُ بِهِمْ شَجَرَةٌ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٤٦]

(معن) دەڵێ: کەلەباوکم بیستووە دەیوت: پرسیارم لە(مسروق) کرد: کێ پێغەمبەری (ﷺ) ئاگادار کردەوە بە جنۆکەکان، ئەو شەوەی گوێیان لە قورئان گرتبوو، وتی:باوکت قسەی بۆ کردم –مەبەستی (ابن مسعود)ە (رضي الله عنه)– درەختێك ئاگاداری کرد.

(٢١) گوێگرتنی پێغەمبەر (ﷺ) لە قورئان خوێندنی خەڵك

٢٠٢٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اقْرَأْ عَلَيَّ الْقُرْآنَ)). قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَقْرَأُ عَلَيْكَ وَعَلَيْكَ أُنْزِلَ؟ قَالَ: ((إِنِّي أَشْتَهِي أَنْ أَسْمَعَهُ مِنْ غَيْرِي)). فَقَرَأْتُ (النِّسَاءَ) حَتَّى إِذَا بَلَغْتُ: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا﴾ [٤١] رَفَعْتُ رَأْسِي، أَوْ غَمَزَنِي رَجُلٌ إِلَى جَنْبِي، فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَرَأَيْتُ دُمُوعَهُ تَسِيلُ. [بخاري/ فضائل القرآن/٤٧٦٨]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم: ((قورئانم بۆ بخوێنە)) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا قورئان بۆتۆ بخوێنم کە بۆ تۆ دابەزیووە؟ فەرمووی: ((من حەز دەکەم لە غەیری خۆمەوە گوێم لێیبێت)) منیش (النساء)م خوێند، هەتا گەیشتمە: ﴿فكيف إذا جئنا من كل أمة بشهيد و جئنابك على هؤلاء شهيدا﴾ {٤١} سەرم هەڵبڕی یا پیاوێك لەلامەوە ئامـاژەی کردم سەرم هەڵبڕی دەبینم چاوەکانی فرمێسکی لێهەڵنیشتووە.

٢٠٢٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: كُنْتُ بِحِمْصَ، فَقَالَ لِي بَعْضُ الْقَوْمِ: اقْرَأْ عَلَيْنَا، فَقَرَأْتُ عَلَيْهِمْ سُورَةَ يُوسُفَ [(عليه السلام)] قَالَ: فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: وَاللَّهِ مَا هَكَذَا أُنْزِلَتْ. قَالَ: قُلْتُ: وَيْحَكَ، وَاللَّهِ لَقَدْ قَرَأْتُهَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ لِي: ((أَحْسَنْتَ)). فَبَيْنَمَا أَنَا أُكَلِّمُهُ إِذْ وَجَدْتُ مِنْهُ رِيحَ الْخَمْرِ، قَالَ: فَقُلْتُ: أَتَشْرَبُ الْخَمْرَ وَتُكَذِّبُ بِالْكِتَابِ؟ لَا تَبْرَحُ حَتَّى أَجْلِدَكَ. قَالَ: فَجَلَدْتُهُ الْحَدَّ. [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧١٥]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (رضي الله عنه) دەڵێ: من لە (حمص)بووم هەندێ خەڵك پێیان وتم: قورئانمان بۆ بخوێنەرەوە، منیش سورەتی (یوسف)م (عليه السلام) بۆ خوێندنەوە، دەڵێ: پیاوێك لە خەڵکەکە وتی: بەخوا وادانەبەزیوە، دەڵێ: وتم: کوڕە ماڵ ویران بەخوا بۆ پێغەمبەرم (ﷺ) خوێندۆتەوە، فەرموویەتی: ((چاکت خوێندەوە)) لەکاتێکدا کە من لەگەڵی قسەم دەکرد، هەستم بە بۆنی عارەق کرد لێیەوە، دەڵێ:وتم: ئایا شەراب دەخۆیتەوە و بەربەرەکانێ لەگەڵ قورئانیشدا

دەکەیت، نابێت لە جێی خۆت بجولێیت تا دارکاریت دەکەم، دەڵێ: داری حەددم لێدا.

(٢٢) هەڕەشە لە جیاوازی لە خوێندنی قورئاندا

٢٠٣٠ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو (ﷺ) قَالَ: هَجَّرْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا، قَالَ: فَسَمِعَ أَصْوَاتَ رَجُلَيْنِ اخْتَلَفَا فِي آيَةٍ، فَخَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُعْرَفُ فِي وَجْهِهِ الْغَضَبُ، فَقَالَ: ((إِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِاخْتِلَافِهِمْ فِي الْكِتَابِ)).

(عبدالله) کوڕی (عمر)(ﷺ) دەڵێ: بەیانیەك زوو چووم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: گوێی لەدەنگی دوو پیاو بوو ناکۆك بوون لە ئایەتێکدا، پێغەمبەریش (ﷺ) هاتەدەرەوە بۆناومان لە ڕوخساریدا تووڕەیی دیاربوو، فەرمووی: ((پێشینانی پێش ئێوە بەهۆی ناکۆکیان لە کتێبەکەیاندا لەناو چوون)).

٢٠٣١ـ عَنْ جُنْدَبِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْبَجَلِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اقْرَءُوا الْقُرْآنَ مَا ائْتَلَفَتْ عَلَيْهِ قُلُوبُكُمْ، فَإِذَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ فَقُومُوا)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٧٣]

(جندب)ی کوڕی (عبدالله)ی البجلی) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((قورئان بخوێنن تا ئەوەندەی دڵتان لەسەری ڕێك بێت، کاتێك ناکۆکیتان تێکەوت هەستن)).

(٦٩) بەشی تەفسیر

سورەتی (البقرة)

(١) ئایەتی ﴿وادخلوا الباب سجدا و قولوا حطةٌ﴾ {٥٨}

٢٠٣٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قِيلَ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ: ﴿ادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا حِطَّةٌ يُغْفَرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ﴾ فَبَدَّلُوا، فَدَخَلُوا الْبَابَ يَزْحَفُونَ عَلَى أَسْتَاهِهِمْ، وَقَالُوا: حَبَّةٌ فِي شَعَرَةٍ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٣٦٥]

(ابو هريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بە نەوەی (اسرئيل) وترا ﴿أدخلوا الباب سجدوا و قولوا حطةٌ يغفر لكم خطاياكم﴾ واتا: ﴿لە دەرگاكەوە بە كڕنوشەوە بچنە ژوورەوە و بڵێن گوناهەكانمان لێهەڵوەرێنە تالەهەڵەكانتان چاو پۆشی بكرێت. كەچی ئەوان گۆڕییان بە قنگە خشكێ چوونە ژوورەوە و، دەیان وت: دانەوێڵەیەك لە موویەكدا﴾

(٢) ئایەتی ﴿وليس البرُّ...﴾ {١٨٩}

٢٠٣٣- عَنْ أَبِي إِسْحَقَ قَالَ: سَمِعْتُ الْبَرَاءَ يَقُولُ: كَانَتِ الْأَنْصَارُ إِذَا حَجُّوا فَرَجَعُوا لَمْ يَدْخُلُوا الْبُيُوتَ إِلَّا مِنْ ظُهُورِهَا، قَالَ: فَجَاءَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ فَدَخَلَ مِنْ بَابِهِ، فَقِيلَ لَهُ فِي ذَلِكَ، فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا﴾. [بخاري/ العمرة/ ١٧٠٩]

ابو اسحاق دەڵێ: گوێم لە (البراء)بوو دەیوت:یاریدەدەران (الانصار) كاتێك حەجیان دەكرد و دەگەڕانەوە، لە پشتماڵەوە نەبێ نەدەچوونە ژوورێ، دەڵێت پیاوێك لە یاریدەدەران وای نەكرد لە دەرگاكەوە چووەوە بۆ ماڵەوە، لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ كرا ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿وليس البرّ بأن تأتوا البيوت من ظهورها﴾ واتا: ﴿خێر ئەوە نیە لەپشتەوە بێنەوە بۆ ماڵەوە)).

(٣) ئایەتی ﴿ رب أرني كيف تحيي الموتى﴾ {٢٦٠}

فيه حديث أبي هريرة (ﷺ)، و قد تقدم في كتاب الفضائل.

لەم بارەیەوە لەبەشی (الفضائل)دا ڕابوورد.

(٤) ئایەتی ﴿وان تبدوا ما في أنفسكم﴾ {٢٨٤}

٢٠٣٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): ﴿لِلَّهِ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِنْ تُبْدُوا مَا فِي أَنْفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُمْ بِهِ

اللّهُ فَيَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾. قَالَ: فَاشْتَدَّ ذَلِكَ عَلَى أَصْحَابِ رَسُولِ اللّه (ﷺ)، فَأَتَوْا رَسُولَ اللّه (ﷺ)، ثُمَّ بَرَكُوا عَلَى الرُّكَبِ، فَقَالُوا: أَيْ رَسُولَ اللّه، كُلِّفْنَا مِنَ الْأَعْمَالِ مَا نُطِيقُ: الصَّلَاةَ وَالصِّيَامَ وَالْجِهَادَ وَالصَّدَقَةَ، وَقَدْ أُنْزِلَتْ عَلَيْكَ هَذِهِ الْآيَةُ، وَلَا نُطِيقُهَا. قَالَ رَسُولُ اللّه (ﷺ): ((أَتُرِيدُونَ أَنْ تَقُولُوا كَمَا قَالَ أَهْلُ الْكِتَابَيْنِ مِنْ قَبْلِكُمْ: سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا، بَلْ قُولُوا: سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ)). قَالُوا: سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ. فَلَمَّا اقْتَرَأَهَا الْقَوْمُ ذَلَّتْ بِهَا أَلْسِنَتُهُمْ، فَأَنْزَلَ اللّهُ فِي إِثْرِهَا: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ [٢٨٥] فَلَمَّا فَعَلُوا ذَلِكَ نَسَخَهَا اللّهُ تَعَالَى، فَأَنْزَلَ اللّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ قَالَ: نَعَمْ ﴿رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا﴾ قَالَ: نَعَمْ ﴿رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ) قَالَ نَعَمْ (وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ [٢٨٦] قَالَ نَعَمْ)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ خوا ئەم ئایەتەی ناردە سەر پێغەمبەر (ﷺ) [لله ما في السوات و ما في الارض و ان تبدوا ما في انفسكم او تخفوه يحاسبكم به الله فيغفر لمن يشاء و يعذب من يشاء والله على كل شيء قدير] واتا:﴿هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی‌دا هەیە موڵکی خوایە، ئەگەر ئەوەی لە دڵتاندایە ئاشکرای کەن یا بیشارنەوە، خوا لێتان دەپرسێتەوە جا، هەر کەس بیەوێ لێی خۆش دەبێت و هەرکەسیش بیەوێت سزای دەدات، هەر خوایش بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا﴾، دەڵێ: ئەمە زۆر کاریگەر بوو لەسەر دڵی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) هەر بۆیە هاتنە خزمەتی وچۆکیانداداو وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەندە ئەرك و فەرمان دراوە بەرسەرماندا لەتوانامانندا نیە: نوێژ، پۆژوو، جیهاد، خێرکرن، ئێستەش ئەم ئایەتەت بۆ دابەزیوە لە توانامـاندا نیـە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بۆ ئێوەش دەتانەوێ وەك گاورو جولەکەکانی پێش خۆتان بڵێن:دەیبیستین و سەرپێچیشی دەکەین، نابەڵکو ئێوە بڵێن: بیستمان و گوێڕایەڵیشین،داوای لێخۆش بوونت لێدەکەین پەروەردگارمان گەڕانەوەشمان هەر بۆلای تۆیە)).وتیان:بیستمان وگوێڕایەڵیشین داوای لێخۆشبوونت

لێدەکـەین، پـەروەردگارمان گەڕانـەوەمان هـەر بـۆلای تۆیــە، کاتــێ خەڵکەکـە خوێندیانەوە زمانیان لەسەر ڕام بوو، ئیتر خوا بەشوێنیدا ئەم ئایەتەی نـارد ﴿آمن الرسول بما..﴾ [٢٨٥] واتـە پێغەمبـەر (ﷺ) باوەڕی هێناوە بەوەی خوا ناردویەتیە سەری، هەروەها باوەڕدارانیش هەموویان باوەڕیان هێناوە بە خوا و بە فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرەکەی. دەڵێن: ئێمە جیاوازی ناکـەین لـە نێـوان هیـچ کـام لـە پێغەمبــەرانی و، دەڵێــین ئێمـە بیســتمان و گوێڕایەڵین، پەروەردگارمان داوای لێخۆش بونت لێدەکەین و، گەڕانـەوەشمان هەر بۆلای تۆیە﴾. کاتێ ئەمەیان وت خوای گەورە سەرەتای ئایەتەکەی (نەسخ) کردەوە و، ئـەم ئایەتـەی نـارد ﴿لا یکلـف الله نفسـاً..﴾ [٢٨٦] واتـا: ﴿خـوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك مەگەر بەپێی توانای، هەر کارێکی چاك بکات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی، هەر خراپەیەکیش بکات تەنها، ئۆ باڵی بە ملی خۆیەتی، هەر بۆیە ئیمانداران دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرە ئەگەر لە بیرمان چوو یان هەڵەمان کرد، خوای گەورە فەرمووی: بەڵێ، ئـەی پەروەردگارمان ئـەرکی سەخت و گـران مـەدە بەسـەرماندا وەك ئـەوەی داوتـە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، خوا فەرمووی: بەڵێ، (ئەی پەروەردگارمان کۆڵێك مەدە بە کۆڵماندا بۆمان هەڵنەگیرێت) خوا فەرمووی: بەڵێ (لێمان ببورە لێمان خـۆش ببـە، بەزەیت پێمـاندا بێتـەوە، هـەر تـۆ پشـت و پـەنامانی، بەسـەر بێباوەڕاندا سەرکەوتوومان بکە) خوا فەرمووی: بەڵێ.

سورەتی (آلعمران)

(٥) لەبارەی ئایەتی ﴿هو الذي أنزل علیك الكتاب منه آیات محكمات﴾{٧}

٢٠٣٥ـ عَنْ عَائشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: تَلَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ﴿هُوَ الَّذي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكتَابَ منْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكتَاب وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ منْهُ ابْتغَاءَ الْفتْنَة وَابْتغَاءَ تَأْويله وَمَا يَعْلَمُ تَأْويلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسخُونَ في الْعلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِه كُلٌّ منْ عنْد رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾. قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((إِذَا رَأَيْتُمُ الَّذينَ يَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ منْهُ فَأُولَئكَ الَّذينَ سَمَّى اللَّهُ (ﷻ)، فَاحْذَرُوهُمْ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٢٧٣]

(عائشة)(﵁) دەڵـێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿هـو الذي أنزل عليك الكتـاب..تـا دوای ئایەتەکە(٧)﴾ واتـا: ﴿ئـەو خوایـە خوایـەکی ئەو تۆیە کە کتێبی دابەزاندۆتە سەر تۆ بەشێك لە ئایەتەکانی ڕوون وئاشکران، ئەوانە بناغەی قورئانەکەن، هەندێکی تریش جیاوازی هـەڵدەگرن و بە ئاسانی مانایان نازانرێت، ئەوانەی کە دڵیان خوار وخێچی تێدایە، دوای ئەو ئایەتانـە دەکەون، کە مانای جۆراو جۆر هەڵدەگرن، بۆ ئەوەی ئاشوب و ناکۆکی دروست بکەن، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ بکەن، لـە کـاتێکدا کـە لێکدانـەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە مەگەر هەر خوا خۆی بیانزانێت ، بۆیـە ئـەو کەسـانەی کـە ڕۆچون لە زانست دا و دامەزراون، دەڵێن: ئێمە بـاوەڕی دامـەزراومان بەهـەموو ئەو ئایەتانە هەیە کە هـەمووی لـە لایـەن پەروەردگارمانەوەیە، لەڕاسـتیدا تەنها ژیر و خاوەن بیرەکان بیردەکەنەوە)). عائشە وتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئەگەر ئەوانەتان بینـی کـە دوای ئەو ئایەتانە دەکـەوتن کە مانـای جۆراوجۆر هـەڵدەگرن، ئەوانە ئەو کەسانەن کـە خـوای گـەورە نـاوی بـردوون. خۆتانیـان لێبپارێزن)).

(٦) ئایەتی ﴿لا تحسبن الذين يفرحون بما أتوا..﴾ {١٨٨}

٢٠٣٦ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رِجَالًا مِنَ الْمُنَافِقِينَ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كَانُوا إِذَا خَرَجَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِلَى الْغَزْوِ تَخَلَّفُوا عَنْهُ، وَفَرِحُوا بِمَقْعَدِهِمْ خِلَافَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَإِذَا قَدِمَ النَّبِيُّ (ﷺ) اعْتَذَرُوا إِلَيْهِ، وَحَلَفُوا. وَأَحَبُّوا أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا، فَنَزَلَتْ: ﴿لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوْا وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا فَلَا تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِنَ الْعَذَابِ﴾. [بخاري/ التفسير/ ٤٢٩١]

(أبـو سـعيد الخـدري) (ﷺ) دەڵـێ:لـە کاتێکـا پێغەمبـەر (ﷺ) دەرچـوو بـۆ غەزایەك چـەند پیـاوێك لـە دووڕووەکـان لێـی دوادەکـەوتن و، خـۆش حـاڵیش دەبوون بەوەی کە دواکەتبوون لە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، کاتـێ پێغەمبـەر (ﷺ) دەهاتەوە بروبیانوویان بۆ دەهێنایەوە و، سوێندیان دەخوارد حەزیشیان دەکرد سەناوستایشیش بکرێـن بە شتێ کە نـەیان کـردووە، بۆیـە ئـەم ئایەتـە هاتـە خوارەوە: ﴿ولا تحسبن الذين..﴾ واتە: ﴿گومان وانەبەیت بەوانەی کە دڵخۆشن بـەوەی کـە کردوویانـە، حـەزیان لەوەیـە ستایشـی بکرێـت بـە شـتێك کـە

نەیانکردووە، گومان وانەبەیت پێیان کە لەدەست سزا ڕزگاریان بووبێت، بەڵکو سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە﴾.

٢٠٣٧ـ عَنْ حُمَيْدَ بْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ: أَخْبَرَهُ أَنَّ مَرْوَانَ قَالَ: اذْهَبْ يَا رَافِعُ -لِبَوَّابِهِ- إِلَى ابْنِ عَبَّاسٍ فَقُلْ: لَئِنْ كَانَ كُلُّ امْرِئٍ مِنَّا فَرِحَ بِمَا أَتَى، وَأَحَبَّ أَنْ يُحْمَدَ بِمَا لَمْ يَفْعَلْ مُعَذَّبًا، لَنُعَذَّبَنَّ أَجْمَعُونَ. فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ): مَا لَكُمْ وَلِهَذِهِ الْآيَةِ؟ إِنَّمَا أُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ فِي أَهْلِ الْكِتَابِ. ثُمَّ تَلَا ابْنُ عَبَّاسٍ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ﴾. هَذِهِ الْآيَةَ، وَتَلَا ابْنُ عَبَّاسٍ: ﴿لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوْا وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا﴾. وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: سَأَلَهُمُ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ شَيْءٍ فَكَتَمُوهُ إِيَّاهُ وَأَخْبَرُوهُ بِغَيْرِهِ، فَخَرَجُوا قَدْ أَرَوْهُ: أَنْ قَدْ أَخْبَرُوهُ بِمَا سَأَلَهُمْ عَنْهُ، وَاسْتَحْمَدُوا بِذَلِكَ إِلَيْهِ، وَفَرِحُوا بِمَا أَتَوْا مِنْ كِتْمَانِهِمْ إِيَّاهُ مَا سَأَلَهُمْ عَنْهُ. [بخاري/ التفسير/ ٤٢٩٢]

لە(حميد)ی کوڕی (عبدالرحمن) کوڕی (عوف)ەوە: کە (مروان) بە (رافع)ی دەرگاوانی وت: بڕۆ لای (ابن عباس) پێی بڵێ: ئەگەر هەر یەك لە ئێمە سزا بدرێت لەسەر ئەوەی کە دڵخۆشە بەوەی کە کردوویەتی‌حەز دەکات سوپاس بکرێت بە شتێ کە نەیکردووە، ئەوا هەر هەموومان سزا دەدرێین، (ابن عباس) (ﷺ) وتی: چیتانە بەسەر ئەم ئایەتەوە، ئەم ئایەتە لەبارەی ئەهلی کتابەوە هاتووە. پاشان (ابن عباس) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وإذا اخذ الله میثاق الذین..﴾ [١٨٧] واتە: ﴿کاتێ خوا پەیمانی لە خاوەن کتێبەکان وەرگرت کە دەبێ ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی و نەیشارنەوە، کەچی پشتگوێیان خست و بە نرخێکی هەرزان فرۆشتیان ئای کە شتێکی بێ‌نرخیان کڕیووە کە ژیانی دنیایە﴾ ئینجا (ابن عباس) ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ولا تحسبن الذین..﴾ئینجا وتی: پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری شتێکی لێکردن ئەوانیش لێیان شاردەوە و شتێکی تریان پێ وت، کاتێ دەرچوونە دەرەوە، وایان پێ‌نیشان دا کە وەڵامی پرسیارەکەی ئەویان داوەتەوەو، داوایان لێکرد لەسەر ئەوە سوپاس وستایشیان بکات، لەناو خۆیشیاندا خۆش حاڵ بوون بەوەی کردیان و، وەڵامی پرسیارەکەی ئەویان شاردۆتەوە.

سورەتی (النساء)

(٧) ئایەتی ﴿وأن خفتم الا تقسطوا في اليتامى﴾{٣} لەگەڵ ﴿ويستفتونك في النساء﴾{١٢٧}

٢٠٣٨ـ عَنْ عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ: أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنْ قَوْلِ اللَّه تعالى: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾. قَالَتْ: يَا ابْنَ أُخْتِي هِيَ الْيَتِيمَةُ تَكُونُ فِي حَجْرِ وَلِيِّهَا تُشَارِكُهُ فِي مَالِهِ، فَيُعْجِبُهُ مَالُهَا وَجَمَالُهَا، فَيُرِيدُ وَلِيُّهَا أَنْ يَتَزَوَّجَهَا بِغَيْرِ أَنْ يُقْسِطَ فِي صَدَاقِهَا، فَيُعْطِيَهَا مِثْلَ مَا يُعْطِيهَا غَيْرُهُ. فَنُهُوا أَنْ يَنْكِحُوهُنَّ إِلَّا أَنْ يُقْسِطُوا لَهُنَّ، وَيَبْلُغُوا بِهِنَّ أَعْلَى سُنَّتِهِنَّ مِنَ الصَّدَاقِ، وَأُمِرُوا أَنْ يَنْكِحُوا مَا طَابَ لَهُمْ مِنَ النِّسَاءِ سِوَاهُنَّ. قَالَ عُرْوَةُ: قَالَتْ عَائِشَةُ (ﷺ): ثُمَّ إِنَّ النَّاسَ اسْتَفْتَوْا رَسُولَ اللَّه (ﷺ) بَعْدَ هَذِهِ الْآيَةِ فِيهِنَّ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَنْ تَنْكِحُوهُنَّ﴾ قَالَتْ: وَالَّذِي ذَكَرَ اللَّهُ تَعَالَى أَنَّهُ يُتْلَى عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ الْآيَةُ الْأُولَى الَّتِي قَالَ [اللَّهُ] فِيهَا: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ﴾. قَالَتْ عَائِشَةُ: وَقَوْلُ اللَّه [تعالى] فِي [الْآيَةِ] الْأُخْرَى: ﴿وَتَرْغَبُونَ أَنْ تَنْكِحُوهُنَّ﴾ رَغْبَةَ أَحَدِكُمْ عَنِ الْيَتِيمَةِ الَّتِي تَكُونُ فِي حَجْرِهِ، حِينَ تَكُونُ قَلِيلَةَ الْمَالِ وَالْجَمَالِ، فَنُهُوا أَنْ يَنْكِحُوا مَا رَغِبُوا فِي مَالِهَا وَجَمَالِهَا مِنْ يَتَامَى النِّسَاءِ إِلَّا بِالْقِسْطِ، مِنْ أَجْلِ رَغْبَتِهِمْ عَنْهُنَّ. [بخاري/ الشركة/ ٢٣٦٢]

لە(عروە)ی کوڕی (الزبیر)ەوە: کە پرسیاری لە (عائشة)(ﷺ) کردووە دەربارەی ئایەتی ﴿وأن خفتم الا تقسطوا في اليتامى..﴾واتە: ﴿ئەگەر ترسیان لە ئەنجامدانی دادپەروەری لەگەڵ کچە بێباوکەکاندا هەبوو ئەوە لەئافرەتانی تر کە حەڵاڵە بۆتان ژن مارە بکەن دوو دوو، یا سێ سێ یان چوار چوار، عائشة وتی: ئەی خوشکەزام مەبەست ئەو کچە بێباوکەیە کە لە داڵدەی سەرپەرشتیارەکەیدایە و، بەشدارە لە سامانەکەیدا ئەویش شەیدای سامان و جوانیەکەی دەبێت. دەیەوێت مارەی بکات بەڵام بێ ئەوەی دادگەریی بنوێنن لەمارەییەکەیاندا و، وەك خەڵکی تر مارەیی بداتێ. بۆیە ئەو جۆرە کەسانە ڕێگری کران لەوەی کە مارەیان بکەن، مەگەر کاتێك نەبێت دادگەربن لە گەڵیاندا

و لەوەی کە مارەیان بکەن ، مەگەر کاتێك نەبێت کە مارەیی تەواویان بۆ دابنێن و، وەك هاووێنەی خۆیان فەرمانیان پێکراکە [لەکاتی ئاوادا] ژنانی دیکە مارە بکەن لەوانەی کە بۆیان دەشێت جگەلەوان. (عروە) دەڵێ: (عائشة)(ﷺ) وتی: لەدوایدا هەمدیسان خەڵکی کەوتنەوە پرسیار کردن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش ئەم ئایەتە لەبارەیانەوە. خوای باڵادەستیش ئەم ئایەتەی تری نارد ﴿ويستفتونك في النساء..﴾[١٢٧] واتە: ﴿ئەی موحەمەد پرسیارت لێدەکەن لەبارە ژنانەوە، پییان بڵێ خوای گەورە دەربارەیان وەڵامتان دەداتەوە، جا ئەوەی بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە لەبارەی ئەو کچە بێباوکانەی، ئەو مافەیان نادەنێ کە خوا بۆی داناون و، ناشتانەوێ مارەیان بکەن ڕێگە لەشووکردنیان دەگرن لەبەر سامانەکەیان. خوا فەرمانتان پێدەدات کە وانەکەن﴾. عائشة دەڵێ: ئەوەی کە خوا باسی کردووە کەلە قورئاندا بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە ئایەتی یەکەمە کە خوا فەرمووی ﴿وإن خفتم..﴾. عائشە دەڵێ: ئەم ئایەتەیش ﴿وترغبون أن تنكحوهن..﴾ مەبەست پێی ئەو کچە بێ باوکەیە کە لەداڵدەی کەسیکدا دەبێت بەڵام کەم سامان و کەم جوانییە بۆیە نایخوازێت. هەر بۆیە ڕێگرییان لێکرا کە ئافرەتانی بێ باوکی خاوەن سامان و جوانی مارە بکەن، مەگەر دادگەر بن لەگەڵیاندا،لەبەر ئەگەری حەز لێنەبوونیان.

(٨) ئایەتی ﴿ومن كان فقيرا فليأكل بالمعروف﴾{٦}

٢٠٣٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ)، فِي قَوْلِه (ﷻ) ﴿وَمَنْ كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ﴾ قَالَتْ أُنْزِلَتْ فِي وَالِي [مَالِ] الْيَتِيمِ الَّذِي يَقُومُ عَلَيْهِ وَيُصْلِحُهُ، إِذَا كَانَ مُحْتَاجًا أَنْ يَأْكُلَ مِنْهُ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٩٨]

لە(عائشة)وە (ﷺ) دەڵێ: ئایەتی ﴿فمن كان فقيرا فليأكل بالمعروف﴾ لەبارەی سەرپەرشتیاری سامانی هەتیوەوە دابەزیووە، کە سامانەکەی بۆ دەپارێزێت [چاکسازی تێدا دەکات، بۆیشی دروستە لەکاتی پێویستیدا لێی بخوات].

(٩) ئایەتی ﴿فما لكم في المنافقين فئتين﴾[٨٨]

٢٠٤٠ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) خَرَجَ إِلَى أُحُدٍ، فَرَجَعَ نَاسٌ مِمَّنْ كَانَ مَعَهُ، فَكَانَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ (ﷺ) فِيهِمْ فِرْقَتَيْنِ: قَالَ بَعْضُهُمْ، نَقْتُلُهُمْ وَقَالَ

بَعْضُهُمْ: لَا، فَنَزَلَتْ: ﴿فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ﴾. [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٨٥]

(زید)ی کوڕی (ثابت)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بەرەو (أُحد)، کەسانێك لەوانەی کەلە خزمەتیدا بوون گەڕانەوە یا هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەیان بوون بە دوو بەشەوە؛ هەندێکیان دەیان وت: دەبێت بیان کوژین. هەندێکی تریش دەیان وت: نابێت، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿فما لکم المنافقین فئتین﴾ واتە چیتانە وابەرامبەر بە دووڕووەکان بوون بە دووبەش.

(١٠) ئایەتی ﴿ومن یقتل مؤمنا متعمدا﴾[٩٣]

٢٠٤١- عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَلِمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا مِنْ تَوْبَةٍ؟ قَالَ: لَا. قَالَ: فَتَلَوْتُ عَلَيْهِ هَذِهِ الْآيَةَ الَّتِي فِي الْفُرْقَانِ: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ. قَالَ: هَذِهِ آيَةٌ مَكِّيَّةٌ، نَسَخَتْهَا آيَةٌ مَدَنِيَّةٌ: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا﴾. [بخاري/ التفسير/ ٤٣١٤]

(سعید)ی کوڕی (جبیر) دەڵێ: بە (ابن عباس)م وت: ئایا کەسێك کە ئیماندارێکی بە دەستی ئەنقەست کوشت بێت تەوبەی بۆ هەیە؟ وتی: نەخێر. دەڵێ: منیش ئەم ئایەتەم بۆ خوێندەوە کە لە سورەتی (الفرقان)داهەیە: ﴿والذین لا یدعون مع الله الهاً آخر و لایقتلون النفس التي حرَّم اللهُ الاّ بالحق﴾تاکۆتایی ئایەتەکە [کەباسی تەوبە دەکات] وتی: ئەم ئایەتە ئایەتێکی مەککەییە ئایەتێکی مەدینەیی حوکمەکەی (نەسخ)کردۆتەوە. کە ئەمەیە: ﴿ومن یقتل مؤمناً متعمداً فجزاؤه جهنم خالداً فیها﴾واتە: هەر کەس ئیماندارێك بەدەستی ئەنقەست بکوژێت دۆزەخیەو بە هەمیشەیی تێیدا دەمێنێتەوە.

(١١) ئایەتی ﴿ولا تقولوا لمن القی الیکم السلم..﴾[٩٤]

٢٠٤٢- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: لَقِيَ نَاسٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ رَجُلًا فِي غُنَيْمَةٍ لَهُ، فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، فَأَخَذُوهُ فَقَتَلُوهُ، وَأَخَذُوا تِلْكَ الْغُنَيْمَةَ، فَنَزَلَتْ: ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلَمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا﴾ وَقَرَأَهَا ابْنُ عَبَّاسٍ ﴿السَّلَامَ﴾. [بخاري/ التفسير/ ٤٣١٥]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: خەڵکانێك لە موسڵمانان گەیشتن بەپیاوێك کە چەند سەر مەڕێکی کەمی پێبوو، پیاوەکە وتی: السلام علیکم. بەڵام ئەوان

گرتیان و کوشتیان و مەڕەکانیشیان برد. لەم ڕووەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ولا تقولوا لمن القى اليكم السلم لست مؤمنا﴾.

(١٢) ئایەتی ﴿وان امرأة خافت من بعلها..﴾[١٨٢]

٢٠٤٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا﴾ قَالَتْ: نَزَلَتْ فِي الْمَرْأَةِ تَكُونُ عِنْدَ الرَّجُلِ، فَلَعَلَّهُ أَنْ لَا يَسْتَكْثِرَ مِنْهَا، وَتَكُونُ لَهَا صُحْبَةٌ وَوَلَدٌ، فَتَكْرَهُ أَنْ يُفَارِقَهَا، فَتَقُولُ لَهُ: أَنْتَ فِي حِلٍّ مِنْ شَأْنِي. [بخاري/ المظالم/ ٢١٣٤]

(عائشة)(رضي الله عنها) دەربارەی ئەم ئایەتە ﴿وان امراة خافت من بعلها نشوزا أو اعراضا..﴾دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو ژنەهاتووە کەلای مێردەکەی دەبێت، و مێردەکەیشی ڕەنگە زۆر بەلایدا نەچێت و حەزی لێی نەبێت و، ژنەکەیش تەمەنێکی لەگەڵ بردۆتە سەر و منداڵی لێی هەیە، حەز ناکات کە مێردەکەی وازی لێبێنێت و بە مێردەکەی دەڵێت: تۆ [تەلاقم مەدە] و ئیتر ئازادبە لەبارەمەوە.

سورەتی (المائدة)

(١٣) ئایەتی ﴿اليوم اكملت لكم دينكم﴾[١٣]

٢٠٤٤ـ عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ مِنَ الْيَهُودِ إِلَى عُمَرَرر فَقَالَ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، آيَةٌ فِي كِتَابِكُمْ تَقْرَءُونَهَا، لَوْ عَلَيْنَا نَزَلَتْ مَعْشَرَ الْيَهُودِ لَاتَّخَذْنَا ذَلِكَ الْيَوْمَ عِيدًا. قَالَ: وَأَيُّ آيَةٍ؟ قَالَ: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾. فَقَالَ عُمَرُ: إِنِّي لَأَعْلَمُ الْيَوْمَ الَّذِي نَزَلَتْ فِيهِ، وَالْمَكَانَ الَّذِي نَزَلَتْ فِيهِ، نَزَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِعَرَفَاتٍ فِي يَوْمِ جُمُعَةٍ. [بخاري/ الإيمان/ ٤٥]

(طارق)ی کوڕی (شهاب) دەڵێ: پیاوێکی جوولەکە هات بۆلای (عمر) (رضي الله عنه) وتی: ئەی ئەمیری بڕواداران، ئایەتێك لە کتێبەکەتاندایە، ئەگەر لەسەر ئێمەی کۆمەڵی جوولەکە دابەزییایە ئەو ڕۆژەمان دەکرد بە جەژن. وتی: کام ئایەت؟ وتی: ﴿اليوم اكملت لكم دينكم و..﴾ واتا: ﴿ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ بە پایان گەیاندن و، ناز و نیعمەتی خۆم بۆ تەواو کردن و ڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام ئاینتان بێت﴾ عمر وتی: من باش دەزانم ئەم ئایەتە لەچ ڕۆژێکدا و لەچ

شوێنێكدا دابەزیە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (عەرەفات) لە ڕۆژی هەینیدا [واتا دووجار جەژنە].

سورەتی (الأنعام)

(١٤) ئایەتی ﴿الذین آمنوا لم یلبسوا ایمانهم بظلم﴾[٨٢]

٢٠٤٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ﴾ [الأنعام: ٨٢] شَقَّ ذَلِكَ عَلَى أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَقَالُوا: أَيُّنَا لَا يَظْلِمُ نَفْسَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَيْسَ هُوَ كَمَا تَظُنُّونَ، إِنَّمَا هُوَ كَمَا قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ: ﴿يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ [لقمان: ١٣].

(عبدالله)ی كوڕی (مسعود)(ﷺ) كاتێ ئایەتی ﴿الذین آمنوا..﴾واتە: ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و ستەمیان تێكەڵ بە ئیمانیان نەكردووە﴾ هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان: جاكێمان هەیە ستەمی لەخۆی نەكردبێت؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە بەوشێوە نی‌یە كە ئێوە گومان دەبەن)) بەڵكو، ئەمە وەك ئەوەیە كە (لقمان) بە كوڕەكەی خۆیی دەڵێت ﴿یابنی..﴾ واتە: ﴿كوڕی شیرینم هاوەڵ بۆخوا دامەنێ، چونكە هاوەڵ دانان ستەمێكی گەورەیە﴾.

(١٥) ئایەتی ﴿لاینفع نفسا ایمانها﴾[١٥٨]

٢٠٤٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ثَلَاثٌ إِذَا خَرَجْنَ: ﴿لَا يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا﴾: طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، وَالدَّجَّالُ، وَدَابَّةُ الْأَرْضِ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٣٥٩]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: سێ {نیشانەی قیامەت} هەن هەركاتێ پەیدابوون ﴿لاینفع نفسا..﴾ واتا: ﴿هەركەس لەو ڕۆژەدا ئیمان بهێنێت سوودی بۆی نابێت ئەگەر پێشتر ئیمانی نەبووبێت، یان كردەوەی چاكی هاوڕێ لەگەڵ ئیمانی نەبووبێت﴾. هەڵاتنی خۆر لە خۆر ئاواوە و، هاتنی جەجال و، جانەوەرەكەی زەوی)).

٢٠٤٧ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ يَوْمًا: ((أَتَدْرُونَ أَيْنَ تَذْهَبُ هَذِهِ الشَّمْسُ)). قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ تَجْرِي حَتَّى تَنْتَهِيَ إِلَى مُسْتَقَرِّهَا تَحْتَ الْعَرْشِ، فَتَخِرُّ سَاجِدَةً، فَلَا تَزَالُ كَذَلِكَ حَتَّى يُقَالَ لَهَا: ارْتَفِعِي، ارْجِعِي مِنْ حَيْثُ جِئْتِ، فَتَرْجِعُ فَتُصْبِحُ طَالِعَةً مِنْ مَطْلِعِهَا، ثُمَّ تَجْرِي حَتَّى تَنْتَهِيَ إِلَى مُسْتَقَرِّهَا تَحْتَ الْعَرْشِ فَتَخِرُّ سَاجِدَةً، وَلَا تَزَالُ كَذَلِكَ حَتَّى يُقَالَ لَهَا

ارْتَفِعِي، ارْجِعِي مِنْ حَيْثُ جِئْتِ، فَتَرْجِعُ فَتُصْبِحُ طَالِعَةً مِنْ مَطْلِعِهَا، ثُمَّ تَجْرِي لَا يَسْتَنْكِرُ النَّاسَ مِنْهَا شَيْئًا حَتَّى تَنْتَهِيَ إِلَى مُسْتَقَرِّهَا ذَاكَ تَحْتَ الْعَرْشِ، فَيُقَالُ لَهَا: ارْتَفِعِي، أَصْبِحِي طَالِعَةً مِنْ مَغْرِبِكِ تحت العرش، فَتُصْبِحُ طَالِعَةً مِنْ مَغْرِبِهَا)). فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَتَدْرُونَ مَتَى ذَاكُمْ؟ ذَاكَ حِينَ: ﴿لَا يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا﴾.

(ابو ذر)(ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا دەزانن ئەم خۆرە بەرەو کوێ دەڕوات)) وتیان: خوا و پێغەمبەری خوا باشتر دەزانن، فەرمووی: ((ئەم خۆرە دەڕوات تا دەگاتە ئارامگەی خۆی لە ژێر عەرشدا. ئەوسا دەکەوێت بە کڕنووشدا. هەروا دەبێت تاپێی دەوترێت، بەرزبەرەوە. لە کوێوە هاتووی بگەڕێرەوە. ئەویش دەگەڕێتەوە لەشوێنی هەڵاتنیەوە هەڵدێتەوە. پاشان دەڕوات تا دەگاتەوە ئارامگەی خۆی لە ژێر عەرشدا. دەکەوێتەوە بەکڕنوشدا. بەردەوام هەروا دەبێت تاپێی دەوترێت بەرز بەرەوە، لە کوێوە هاتووی بگەڕێرەوە. دەگەڕێتەوە و، سەرلەنوێ لە جێگەی خۆیەوە هەڵدێتەوە، پاشان دەڕوات بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆژانی پێشوو بۆ ئەوەی خەڵکی هیچ شتێکی وای لێوە ببینن کە نائاسایی بێت تا دەگاتەوە ژێر عەرش، پێی دەوترێت: بەرز بەرەوە، ئەمجارە لە خۆرئاواوە هەڵدێت لە ژێر عەرشدا، ئینجا لەخۆر ئاواوە هەڵدێت)) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((دەزانن ئەوەکەی دەبێت؟)) ئەوە کاتێکە ﴿لاینفع نفسا..﴾ لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

سورەتی الاعراف

(١٦) ئایەتی ﴿خذوا زینتكم عند كل مسجد﴾[٣١]

٢٠٤٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَتِ الْمَرْأَةُ تَطُوفُ بِالْبَيْتِ وَهِيَ عُرْيَانَةٌ، فَتَقُولُ: مَنْ يُعِيرُنِي تِطْوَافًا؟ تَجْعَلُهُ عَلَى فَرْجِهَا، وَتَقُولُ:

الْيَوْمَ يَبْدُو بَعْضُهُ أَوْ كُلُّهُ فَمَا بَدَا مِنْهُ فَلَا أُحِلُّهُ

فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ :﴿خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾.

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: ئەو سا ژن بە ڕووتی بەدەوری کەعبەدا تەوافی دەکرد: دەیوت کێ پەشتەماڵێکم دەداتێ تەوافی پێوە بکەم بۆ ئەوەی بیدات بەسەر عەورەتیدا، هەروەها دەیووت: هەندێك یا هەمووی دەردەکەوێت ئەمڕۆ ئەوەی کە دەرکەوت حەڵاڵ نییە بۆتۆ بۆیە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿خذوا

زینتكم عند كل مسجد﴾واتە: ﴿جوانترین و خاوێنترین پۆشاكتان لەبەر بكەن لەكاتی نوێژ و تەواف و چوونە مزگەوت﴾

(١٧) ئایەتی ﴿تلك الجنة التي أورثتموها بماكنتم تعملون﴾

٢٠٤٩ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ وَأَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((يُنَادِي مُنَادٍ: إِنَّ لَكُمْ أَنْ تَصِحُّوا فَلَا تَسْقَمُوا أَبَدًا، وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَحْيَوْا فَلَا تَمُوتُوا أَبَدًا، وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَشِبُّوا فَلَا تَهْرَمُوا أَبَدًا، وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَنْعَمُوا فَلَا تَبْأَسُوا أَبَدًا. فَذَلِكَ قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾.

(ابو سعيد الخدری) و(ابو هريرە)(ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) كە فەرموویەتی: ((جارچیەك جاردەدا: لە ڕاستیدا بۆتان هەیە هەمیشە لەش ساغ بن و، هەرگیز نەخۆش نەكەون، هەروەها بۆتان هەیە كە بژین و هەرگیز نەمرن، هەروەها بۆتان هەیە كە گەنج بن و هەرگیز پیر نەبن، هەروەها بۆتان هەیە كە لەنازونیعمەتدا بن و هەرگیز ناخۆشی نەبینن، ئەمەیە كە خوا فەرموویەتی: ﴿ونودوا..﴾ واتە: ﴿بانگیان لێكرا ئەوە ئەو بەهەشتەیە كە پێیان دراوە بە هۆی ئەو كارو كردەوانە كە ئەنجامتان دەدا﴾.

سورەتی (الانفال)

(١٨) ئایەتی ﴿وما كان الله ليعذبهم وأنت فيهم﴾

٢٠٥٠ـ عَنْ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ أَبُو جَهْلٍ: ﴿اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ هَذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِنْدِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [٣٢] فَنَزَلَتْ: ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ. وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ اللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ. [بخاري/ التفسير/ ٤٣٧١]

(انس)ی كوڕی (مالك)(ﷺ) دەڵێ: (ابو جهل) وتی: (اللهم ان كان هذا..)واتە: ئەی خوایە ئەگەر ئەم دینە ڕاستە و لەلایەن تۆوە ڕەوانەكراوە لە ئاسمانەوە بەرد بارانمان بكە، یان سزایەكی سەختمان بۆ بهێنە. ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿وما كان الله ليعذبهم..﴾ واتە: ﴿بێگومان خوای گەورە و بالاّ سزاناداتە بەسەریاندا هەتا تۆ لەناویاندا بیت، هەروەها خوایش سزا دەریان نییە هەتا ئەوان داوای لێخۆشبوون بكەن، ئەی بۆچی خوا سزایان نەدات لە كاتێكدا ئەوان ڕێگری دەكەن لە كەعبە..﴾

سورەتی (براءة)

(١٩) ئایەتی ﴿ولا تصل على أحد منهم مات أبداً و لا تقم على قبره﴾

فيه حديث ابن عمر (ﷺ)، وقد تقدم في كتاب الفضائل، في فضائل عمر (ﷺ).

لەم بارەیەوە فەرمودەی (ابـن عمـر) (ﷺ) هەیـە کـە لەبەشـی (الفضـائل)دا ڕابوورد. دەربارەی گەورەیی (عمر)(ﷺ).

(٢٠) سورەتی (براءة) و (الانفال) و(الحشر)

٢٠٥١ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): (سُورَةُ التَّوْبَةِ) قَالَ: التَّوْبَةِ؟ قَالَ: بَلْ هِيَ الْفَاضِحَةُ، مَا زَالَتْ تَنْزِلُ ﴿وَمِنْهُمْ... وَمِنْهُمْ﴾ حَتَّى ظَنُّوا [أَنْ] لَا يَبْقَى مِنَّا أَحَدٌ إِلَّا ذُكِرَ فِيهَا. قَالَ: قُلْتُ: ﴿سُورَةُ الْأَنْفَالِ﴾؟ قَالَ: تِلْكَ سُورَةُ بَدْرٍ. قَالَ: قُلْتُ: فَالْحَشْرُ؟ قَالَ: نَزَلَتْ فِي بَنِي النَّضِيرِ. [بخاري/ التفسير/ ٤٦٠٠]

(سعيد)ی کوڕی (جبیر)دەڵێ: بـە(ابن عباس)م (ﷺ) وت: سـورەتی (التوبة) وتی: ئایا تەوبە؟ وتی: بەڵکو سورەتی ئابروو بەرەیە، هەر بەردەوام دادەبەزی (تیایاندایە، تیایاندایە) تاوا گومانمان برد کە هیچ کەسێکمان نامێنێ ناوی تێیدا نەبێت. دەڵێ: وتم: ئەدی (الحشر)؟ وتی: ئەوە لەسەر (بنو النضیر)هاتە خوارێ.

سورەتی (هود)

(٢١) ئایەتی ﴿أن الحسنات يذهبن السيئات﴾

٢٠٥٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي عَالَجْتُ امْرَأَةً فِي أَقْصَى الْمَدِينَةِ، وَإِنِّي أَصَبْتُ مِنْهَا مَا دُونَ أَنْ أَمَسَّهَا، فَأَنَا هَذَا، فَاقْضِ فِيَّ مَا شِئْتَ. فَقَالَ لَهُ عُمَرُ (ﷺ): لَقَدْ سَتَرَكَ اللَّهُ لَوْ سَتَرْتَ نَفْسَكَ. قَالَ: فَلَمْ يَرُدَّ النَّبِيُّ (ﷺ) شَيْئًا، فَقَامَ الرَّجُلُ فَانْطَلَقَ، فَأَتْبَعَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) رَجُلًا دَعَاهُ وَتَلَا عَلَيْهِ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿أَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ﴾. فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ :يَا نَبِيَّ اللَّهِ، هَذَا لَهُ خَاصَّةً؟ قَالَ: ((بَلْ لِلنَّاسِ كَافَّةً)). [بخاري/ مواقيت الصلاة/ ٥٠٣]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من لەلا خـوارووی مەدینـەوە ژنێکـم بـەگیر هێنـا، تووشی گوناه بووم بۆ ئەوەی زینای لەگەڵ بکەم، ئێستـەیش ئەمـە منـم، چ

بڕیارێکم لەبارەوە دەدەیت بفەرموو ئامادەم. (عمر)(ﷺ) پێی وت: خـوا بـۆی پۆشیوویت ئەگەر خۆیشت بتپۆشیایا. دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هیچ وەڵامێکـی نەدایەوە، پیاوەکە هەستا و ڕۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) پیاوێکی بە شوێنیدا نـارد بانگی کرد و ئەم ئایەتەی بەسەردا خوێندەوە ﴿وأقم الصلاة..﴾واتە: ﴿نوێژ بەچاکی ئەنجام بدە لەهەردوو سەری ڕۆژەوە [کە بەیانی و عەسرە] لـە چەند ساتێکی شەویشدا کە نزیکـە لـە ڕۆژەوە و مەبەسـت شـێوان و خەوتنانـە، لـە ڕاستیدا کردەوە چاکەکان گوناهەکان ڕادەماڵن ئەوەش ئامۆژگاریـە بـۆ ئەوانـەی یـادی خوادەکـەن﴾ پیـاوێك لـەناو خەڵکەکـەدا وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئەمـە بەس تایبەتە بەو؟ فەرمووی: ((بەڵکو بەهەموو خەڵکی بە گشتی)).

سورەتی سبحان [الاسراء]

(٢٢) ئایەتی ﴿ویسئلونك عن الروح﴾[٥٨]

٢٠٥٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا أَنَا أَمْشِي مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي حَرْثٍ وَهُوَ مُتَّكِئٌ عَلَى عَسِيبٍ، إِذْ مَرَّ بِنَفَرٍ مِنَ الْيَهُودِ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: سَلُوهُ عَنِ الرُّوحِ، فَقَالُوا: مَا رَابَكُمْ إِلَيْهِ لَا يَسْتَقْبِلُكُمْ بِشَيْءٍ تَكْرَهُونَهُ؟ فَقَالُوا: سَلُوهُ، فَقَامَ إِلَيْهِ بَعْضُهُمْ فَسَأَلَهُ عَنِ الرُّوحِ، قَالَ: فَأَسْكَتَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ شَيْئًا، فَعَلِمْتُ أَنَّهُ يُوحَى إِلَيْهِ، قَالَ: فَقُمْتُ مَكَانِي، فَلَمَّا نَزَلَ الْوَحْيُ قَالَ: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا﴾. [بخاري/ التفسير/ ٤٤٤٤]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا من لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) لەناو کێڵگەیەکدا دەڕۆیشتم، خۆیدابوو بەسەر داردەستێکی دارخورمادا، بەلای چەند جولەکەیەکدا تێپەڕی لەناو خۆیاندا بەیەکتریان دەووت: پرسیاری لێبکەن دەربارەی ڕۆح، وتیـان: چـی بـەدگومانی کـردوون لـە بێتوانـایی ئـەو پیاوە، کێ دەڵێ وەڵامێکـی واتـان ناداتـەوە کـە پێتـان نـاخۆش بـێ؟ وتیـان: پرسیاری لێبکەن ، هەندێکیان لـەلایدا وەسـتان و پرسیاریان لێکرد دەربـارەی ڕۆح. دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) مات بوو، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، منیش زانیم کە وەحی بۆدێـت لـە شـوێنی خـۆم ڕاوەسـتام، کاتێ وەحـی دابـەزی فـەرمووی: ((﴿ویسئلونك عـن الـروح..﴾ واتـە: ﴿پرسیارت لێدەکەن لەبارەی ڕۆحەوە بڵێ

ڕۆح تایبەتــە بــە زانســتی پەروەردگارمــەوە، ئێــوە تەنــها کــەمێك زانیاریتــان پێدراوە﴾)).

(٢٣) ئایەتی ﴿أولئك الذين يدعون يبتغون الى ربهم الوسيلة﴾[٥٧]

٢٠٥٤ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ﴾ قَالَ: كَانَ نَفَرٌ مِنَ الْإِنْسِ يَعْبُدُونَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ، فَأَسْلَمَ النَّفَرُ مِنَ الْجِنِّ، وَاسْتَمْسَكَ الْإِنْسُ بِعِبَادَتِهِمْ، فَنَزَلَتْ: ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّـهِمُ الْوَسِـيلَةَ﴾. [بخاري/ التفسير/ ٤٤٣٧]

(عبدالله) کــوڕی (مسـعود) (ﷺ) دەڵـێ: ئایـەتی: ﴿أولئـك الذيـن..﴾ واتـە: ﴿ئەوانەی ئەوان هاواریان بۆ دەکەن، ئەوان خۆیان هاوار لە خوا دەکەن، داوای نزیك بوونەوە لەخوا دەخوازن﴾ ئەم ئایەتە دەربارەی چەند کەسێك لە مرۆڤ هاتە خوارەوە کە چەند کەسێکیان لە جنۆکە دەپەرست. ئەو چەند کەسەی کەلە جنۆکە بوون موسڵمان بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چەند کەسە لە مرۆڤ هەر لەسەر پەرستنی خۆیان مانەوە. ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿أولئك الذين يدعون..﴾

(٢٤) ئایەتی ﴿ولا تجهر بصلاتك و لا تخافت بها﴾

٢٠٥٥ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَـاتِكَ وَلَـا تُخَافِتْ بِهَا﴾ قَالَ: نَزَلَتْ وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُتَوَارٍ بِمَكَّةَ، فَكَانَ إِذَا صَلَّى بِأَصْحَابِهِ رَفَعَ صَوْتَهُ بِالْقُرْآنِ، فَإِذَا سَمِعَ ذَلِكَ الْمُشْرِكُونَ سَبُّوا الْقُرْآنَ وَمَنْ أَنْزَلَهُ وَمَنْ جَاءَ بِهِ، فَقَالَ اللَّهُ تَعَالَى لِنَبِيِّهِ (ﷺ): ﴿وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ﴾ فَيَسْمَعَ الْمُشْرِكُونَ قِرَاءَتَكَ ﴿وَلَا تُخَافِتْ بِهَا﴾ عَنْ أَصْحَابِكَ، أَسْمِعْهُمُ الْقُرْآنَ وَلَا تَجْهَرْ ذَلِكَ الْجَهْرَ ﴿وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا﴾ يَقُولُ: بَيْنَ الْجَهْرِ وَالْمُخَافَتَةِ. [بخاري/ التفسير/ ٤٤٤٥]

(ابن عباس) (ﷺ) دەربارەی فەرموودەی خوا ﴿ولا تجهر بصلاتك..﴾واتە: ﴿لەکاتی خوێندنی قورئان لە نوێژەکانتدا دەنگ بەرز مەکە و زۆریش نزمی مەکە، لەو نێوانەدا حاڵەتی مام ناوەندی بگرە، دەڵێ: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی حەشار ئەدا لە مەککەدا، کاتێ نوێژی بە هاوەڵەکانی بکردایە، دەنگی بەرز دەکردەوە بە قورئان خوێندن. کاتێ بێ باوەڕەکان ئەمەیان دەبیست جنێویان دەدا بە قورئان و، ئەوەی کەناردوێتی و ئەوەش کە بۆی نێردراوە، هەر بۆیە خوا بە پێغەمبەرەکەی فەرموو: ﴿ولا تجهر

بصلاتك..﴾واتە: ﴿نوێژەکەت بە ئاشکرا مەخوێنە نەبادا بۆ باوەڕەکان گوێیان لێبێت﴾ ﴿ولا تخافت بها﴾ ﴿بەنهێنیش مەیخوێنە بەڕادەیەك هاوەڵەکانت گوێیان لێنەبێت قورئان ، بدە بە گوێیاندا و ئەوەندەش دەنگ بەرز مەکەرەوە﴾ ﴿وابتغ بين ذلك سبيلا﴾ واتە: ﴿شێوازێك بگرە نە بەرز و نە نزم﴾)).

٢٠٥٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا﴾ قَالَتْ: أُنْزِلَ هَذَا فِي الدُّعَاءِ. [بخاري/ التفسير/ ٤٤٤٦]

(عائشه) (ﷺ) دەربارەی ئایەتی ﴿ولا تجهر بصلاتك ولا تخافت بها﴾ دەڵێ: ئەم ئایەتە لەبارەی دوعا و نزاوە دابەزی.

سورەتی (الكهف)

(٢٥) ئایەتی ﴿فلا نقيم لهم يوم القيامة وزنا﴾[١٠٥]

٢٠٥٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّهُ لَيَأْتِي الرَّجُلُ الْعَظِيمُ السَّمِينُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، اقْرَءُوا: ﴿فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا﴾)). [بخاري/ التفسير/ ٤٤٥٢]

(ابو هريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: ((لەڕۆژی قیامەتدا پیاوی زەبەلاحی قەڵەوی ئەو تۆ دێت کەلای خوا نرخی باڵە مێشولەیەکی نیە)). ئایەتی ﴿فلا نقيم لهم..﴾ بخوێننەوە.

سورەتی مريم

(٢٦) ئایەتی ﴿وأنذرهم يوم الحسرة﴾[٣٩]

٢٠٥٨ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ [الخدري] (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يُجَاءُ بِالْمَوْتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُ كَبْشٌ أَمْلَحُ -زَادَ أَبُو كُرَيْبٍ- فَيُوقَفُ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ - وَاتَّفَقَا فِي بَاقِي الْحَدِيثِ- فَيُقَالُ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ هَلْ تَعْرِفُونَ هَذَا؟ فَيَشْرَئِبُّونَ وَيَنْظُرُونَ وَيَقُولُونَ: نَعَمْ هَذَا الْمَوْتُ، قَالَ: وَيُقَالُ: يَا أَهْلَ النَّارِ هَلْ تَعْرِفُونَ هَذَا؟ قَالَ فَيَشْرَئِبُّونَ وَيَنْظُرُونَ وَيَقُولُونَ: نَعَمْ هَذَا الْمَوْتُ، قَالَ: فَيُؤْمَرُ بِهِ فَيُذْبَحُ، قَالَ: ثُمَّ يُقَالُ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ خُلُودٌ فَلَا مَوْتَ، وَيَا أَهْلَ النَّارِ خُلُودٌ فَلَا مَوْتَ)). [قَالَ]: ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ﴿وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ وَأَشَارَ بِيَدِهِ إِلَى الدُّنْيَا. [بخاري/ التفسير/ ٤٤٥٣]

(ابو سعيد الخدری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((مردن دەهێنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەر شێوەی بەرانێکی بازگ دەوترێت: ئەی

بەهەشتیەکان ئەمە دەناسن؟ ئەمانیش مل درێژ دەکەن و تەماشا دەکەن دەڵێن: بەڵێ ئەوە مردنە، هەروەها دەوترێت: ئەی دۆزەخیەکان ئەمە دەناسن؟ ئەوانیش مل درێژ دەکەن و تەماشا دەکەن و دەڵێن: بەڵێ ئەوە مردنە ئەمجا فەرمان دەکرێت و سەری دەبڕن. پاشان دەوترێت: ئەی بەهەشتیەکان: مانەوەی بێ مردن، ئەی دۆزەخیەکان مانەوەی بێ مردن)). پاشان پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وانذرهم يوم الحسرة..﴾ واتە: ﴿ئەی پێغەمبەر ستەمکاران ئاگادار کەرەوە لەڕۆژی پەشیمانی کاتێ کار لەکار ترازاوە. وە ئەوانیش غەفلەت گرتوونی و تازە باوەڕ ناهێنن، بەدەستی ئاماژەی بۆ دنیا کرد، (ابو كريب) ئەوەی بۆ زیاد کردووە: کە ئەو بەرانە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا دەوەستێنرێت.

(٢٧) ئایەتی ﴿أفرأيت الذي كفر بأياتنا﴾[٧٧]

٢٠٥٩ـ عَنْ خَبَّابٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ لِي عَلَى الْعَاصِ بْنِ وَائِلٍ دَيْنٌ فَأَتَيْتُهُ أَتَقَاضَاهُ، فَقَالَ لِي: لَنْ أَقْضِيَكَ حَتَّى تَكْفُرَ بِمُحَمَّدٍ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: [إِنِّي] لَنْ أَكْفُرَ بِمُحَمَّدٍ (ﷺ) حَتَّى تَمُوتَ ثُمَّ تُبْعَثَ، قَالَ: وَإِنِّي لَمَبْعُوثٌ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ؟ فَسَوْفَ أَقْضِيكَ إِذَا رَجَعْتُ إِلَى مَالٍ وَوَلَدٍ. قَالَ وَكِيعٌ: كَذَا قَالَ الْأَعْمَشُ. قَالَ: فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿وَيَأْتِينَا فَرْدًا﴾. [بخاري/ البيوع/ ١٩٨٥]

(خبّاب)(ﷺ) دەڵێ: قەرزێکم لای (عاص)ی کوڕی (وائل) بوو، چوو بۆلای داوام کردووە، پێی وتم: نات دەمەوە تابێ باوەڕ نەبیت بە (محمد)، دەڵێ: منیش پێم وت: هەگیز بێ باوەڕ نابم بە (محمد) تادەمریت و پاشان زیندوو دەبیتەوە. وتی: جا من زیندوو دەبمەوە پاش مردن؟ کەوابوو لەوێ دەت دەمەوە کاتێ گەڕامەوە لای ماڵ و منداڵ. (وكيع) دەڵێ: (الاعمش)یش هەروای وتووە. دەڵێ: ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿افرأيت الذي كفر.. باياتينا﴾ واتە: ﴿ئایا ئەو جۆرە کەسانەت دیوە کە باوەڕی بە ئایەتەکانی ئێمە نییە و دەڵێت: سوێند بەخوا من سامان و نەوەم پێدەدرێت ئایا ئەو ئاگاداربووە بەسەر نهێنیەکاندا یان بەڵێنی لە خواوە وەرگرتووە. نەخێر وانییە ئەوەی کە دەیڵێت دەینووسین و لەسەری سزای دوور ودرێژی دەدەین، ئەوەی کە دەڵێت بە میراتیی لێی دەستێنێتەوە و خۆی بەتەنها دێتەوە بەردەستمان﴾.

سورەتی (الانبیاء)

(٢٨) ئایەتی ﴿كما بدأنا أول خلق نعيده﴾[١٠٤]

٢٠٦٠ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَوْعِظَةٍ فَقَالَ: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّكُمْ تُحْشَرُونَ إِلَى اللَّهِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلًا: ﴿كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ﴾ [١٠٤] أَلَا وَإِنَّ أَوَّلَ الْخَلَائِقِ يُكْسَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَام. أَلَا وَإِنَّهُ سَيُجَاءُ بِرِجَالٍ مِنْ أُمَّتِي، فَيُؤْخَذُ بِهِمْ ذَاتَ الشِّمَالِ، فَأَقُولُ: يَا رَبِّ أُصَيْحَابِي، فَيُقَالُ: إِنَّكَ لَا تَدْرِي مَا أَحْدَثُوا [بَعْدَكَ] فَأَقُولُ كَمَا قَالَ الْعَبْدُ الصَّالِحُ: ﴿وَكُنْتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنْتَ أَنْتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ. إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ [المائدة: ١١٧-١١٨]. قَالَ: فَيُقَالُ لِي: إِنَّهُمْ لَمْ يَزَالُوا مُرْتَدِّينَ عَلَى أَعْقَابِهِمْ مُنْذُ فَارَقْتَهُمْ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٤٦٣]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەناوماندا ڕاوەستاو ئامۆژگاریی کردین فەرمووی: ((ئەی خەڵکینە ئێوە بەپێی پەتی و ڕووت و قوتی و خەتەنە نەکراوی، لەبارەگای خوادا کۆدەکرێنەوە لە ﴿كما بدأنا..﴾واتە: هەروەك چۆن لەسەرتاوە دروستمان کرد وەکو ئەوەی خۆی لێدەکەینەوە، ئەوە پەیمان و بەڵێنی ئێمەیە بێگومان ئێمە ئەو کارە ئەنجام دەدەین. ئاگاداربن یەکەم کەس کە پۆشتە دەکرێتەوە لەڕۆژی قیامەتدا (ابراهیم)ە (ﷺ) هەروەها ئاگاداربن کە پیاوانێك لە ئومەتەکەم دەهێنرێن. بەلای چەپدا دەبرێن. منیش دەڵێم ئەی پەروەردگار هاوەڵەکانم، دەوترێت: تۆ چوزانی چیان داهێناوە پاش خۆت دەڵێم وەك چۆن بەندەی باش [حەزرەتی عیسا] وتی: ﴿وكنت عليهم شهيدا..﴾ واتە: هەتا لەناویاندا بووم من شایەت بووم لەسەریان، بەڵام لەکاتێکدا منت بردەوە لای خۆت، ئیتر هەر خۆت چاودێر و ئاگادار بوویت لەسەریان. تۆ ئاگاداری بە هەموو شتێك. ئەگەر سزایان بدەیت بەندەی خۆتن ئەگەر لێشیان خۆش بیت بەڕاستی تۆ خوایەکی باڵادەست و دانایت. دەڵێ: پێم دەوترێت: ئەوانە لەو کاتەوە کە جیابوویتەوە لێیان پاشگەزبوونەتەوە لە دینەکەیان)).

سورەتی (الحج)

(٢٩) ئایەتی ﴿هذا خصمان أختصموا في ربهم﴾[١٩]

٢٠٦١ـ عَنْ قَيْسِ بْنِ عُبَادٍ قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا ذَرّ (ﷺ) يُقْسِمُ قَسَمًا: إِنَّ ﴿هَـذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ﴾ إِنَّهَا نَزَلَتْ فِي الَّذِينَ بَرَزُوا يَوْمَ بَدْرٍ، حَمْزَةُ وَعَلِيٌّ وَعُبَيْدَةُ بْنُ الْحَارِثِ، وَعُتْبَةُ وَشَيْبَةُ ابْنَا رَبِيعَةَ وَالْوَلِيدُ بْنُ عُتْبَةَ. [بخاري/ التفسير/ ٤٤٦٦]

(قیس)ی کوڕی (عباد) دەڵێ: گوێم لە (ابو ذر)بوو بەوپەڕی دڵنیاییەوە سوێندی دەخوارد: کە ﴿هذان خصمان..﴾ واتە: ﴿ئەمانە دوو دەستەی دژ بەیەکن کردیانە کێشە لەبارەی پاروەردگاریانەوە﴾، دەربارەی ئەو کەسانەی هاتونە خوارەوە کەلە ڕۆژی بەدرا زۆرانبازیان کرد. (حمزە)و (علی) و (عبیدە)ی کوڕی (الحارث)، لەگەڵ (عتبە)و (شیبە)ی کوڕانی ربیعە و (الولید) ی کوڕی (عتبة).

سورەتی (نور)

(٣٠) ئایەتی ﴿أن الذين جاؤوا بالأفك عصبة منكم﴾

٢٠٦٢ـ عَنِ الزُّهْرِيِّ قَالَ: أَخْبَرَنِي سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ وَعُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ وَعَلْقَمَةُ بْنُ وَقَّاصٍ وَعُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ بْنِ مَسْعُودٍ، عَنْ حَدِيثِ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) حِينَ قَالَ لَهَا أَهْلُ الإِفْكِ مَا قَالُوا، فَبَرَّأَهَا اللَّهُ مِمَّا قَالُوا، وَكُلُّهُمْ حَدَّثَنِي طَائِفَةً مِنْ حَدِيثِهَا، وَبَعْضُهُمْ كَانَ أَوْعَى لِحَدِيثِهَا مِنْ بَعْضٍ وَأَثْبَتَ اقْتِصَاصًا، وَقَدْ وَعَيْتُ عَنْ كُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمُ الْحَدِيثَ الَّذِي حَدَّثَنِي، وَبَعْضُ حَدِيثِهِمْ يُصَدِّقُ بَعْضًا، ذَكَرُوا: أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَرَادَ أَنْ يَخْرُجَ سَفَرًا أَقْرَعَ بَيْنَ نِسَائِهِ، فَأَيَّتُهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَعَهُ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَأَقْرَعَ بَيْنَنَا فِي غَزْوَةٍ غَزَاهَا فَخَرَجَ فِيهَا سَهْمِي، فَخَرَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَذَلِكَ بَعْدَ مَا أُنْزِلَ الْحِجَابُ، فَأَنَا أُحْمَلُ فِي هَوْدَجِي وَأُنْزَلُ فِيهِ مَسِيرَنَا، حَتَّى إِذَا فَرَغَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ غَزْوِهِ وَقَفَلَ وَدَنَوْنَا مِنَ الْمَدِينَةِ آذَنَ لَيْلَةً بِالرَّحِيلِ، فَقُمْتُ حِينَ آذَنُوا بِالرَّحِيلِ فَمَشَيْتُ حَتَّى جَاوَزْتُ الْجَيْشَ، فَلَمَّا قَضَيْتُ مِنْ شَأْنِي أَقْبَلْتُ إِلَى الرَّحْلِ فَلَمَسْتُ صَدْرِي، فَإِذَا عِقْدِي مِنْ جَزْعِ ظَفَارِ قَدِ انْقَطَعَ، فَرَجَعْتُ فَالْتَمَسْتُ عِقْدِي، فَحَبَسَنِي ابْتِغَاؤُهُ، وَأَقْبَلَ الرَّهْطُ الَّذِينَ كَانُوا يَرْحَلُونَ لِي، فَحَمَلُوا هَوْدَجِي فَرَحَلُوهُ عَلَى بَعِيرِيَ الَّذِي كُنْتُ أَرْكَبُ، وَهُمْ

يَحْسِبُونَ أَنِّي فِيهِ، قَالَتْ: وَكَانَتِ النِّسَاءُ إِذْ ذَاكَ خِفَافًا لَمْ يُهَبَّلْنَ وَلَمْ يَغْشَهُنَّ اللَّحْمُ، إِنَّمَا يَأْكُلْنَ الْعُلْقَةَ مِنَ الطَّعَامِ، فَلَمْ يَسْتَنْكِرِ الْقَوْمُ ثِقَلَ الْهَوْدَجِ حِينَ رَحَلُوهُ وَرَفَعُوهُ، وَكُنْتُ جَارِيَةً حَدِيثَةَ السِّنِّ، فَبَعَثُوا الْجَمَلَ وَسَارُوا، وَوَجَدْتُ عِقْدِي بَعْدَ مَا اسْتَمَرَّ الْجَيْشُ، فَجِئْتُ مَنَازِلَهُمْ وَلَيْسَ بِهَا دَاعٍ وَلَا مُجِيبٌ، فَتَيَمَّمْتُ مَنْزِلِي الَّذِي كُنْتُ فِيهِ، وَظَنَنْتُ أَنَّ الْقَوْمَ سَيَفْقِدُونِي فَيَرْجِعُونَ إِلَيَّ، فَبَيْنَا أَنَا جَالِسَةٌ فِي مَنْزِلِي غَلَبَتْنِي عَيْنِي فَنِمْتُ، وَكَانَ صَفْوَانُ بْنُ الْمُعَطَّلِ السُّلَمِيُّ ثُمَّ الذَّكْوَانِيُّ قَدْ عَرَّسَ مِنْ وَرَاءِ الْجَيْشِ، فَادَّلَجَ فَأَصْبَحَ عِنْدَ مَنْزِلِي، فَرَأَى سَوَادَ إِنْسَانٍ نَائِمٍ، فَأَتَانِي فَعَرَفَنِي حِينَ رَآنِي، وَقَدْ كَانَ يَرَانِي قَبْلَ أَنْ يُضْرَبَ الْحِجَابُ عَلَيَّ، فَاسْتَيْقَظْتُ بِاسْتِرْجَاعِهِ حِينَ عَرَفَنِي، فَخَمَّرْتُ وَجْهِي بِجِلْبَابِي، وَ وَاللَّهِ مَا يُكَلِّمُنِي كَلِمَةً، وَلَا سَمِعْتُ مِنْهُ كَلِمَةً غَيْرَ اسْتِرْجَاعِهِ، حَتَّى أَنَاخَ رَاحِلَتَهُ فَوَطِئَ عَلَى يَدِهَا فَرَكِبْتُهَا، فَانْطَلَقَ يَقُودُ بِيَ الرَّاحِلَةَ حَتَّى أَتَيْنَا الْجَيْشَ بَعْدَ مَا نَزَلُوا مُوغِرِينَ فِي نَحْرِ الظَّهِيرَةِ، فَهَلَكَ مَنْ هَلَكَ فِي شَأْنِي، وَكَانَ الَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ عَبْدَ اللَّهِ بْنُ أُبَيِّ ابْنُ سَلُولَ، فَقَدِمْنَا الْمَدِينَةَ، فَاشْتَكَيْتُ حِينَ قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ شَهْرًا، وَالنَّاسُ يُفِيضُونَ فِي قَوْلِ أَهْلِ الْإِفْكِ، وَلَا أَشْعُرُ بِشَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ. وَهُوَ يَرِيبُنِي فِي وَجَعِي أَنِّي لَا أَعْرِفُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) اللُّطْفَ الَّذِي كُنْتُ أَرَى مِنْهُ حِينَ أَشْتَكِي، إِنَّمَا يَدْخُلُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَيُسَلِّمُ، ثُمَّ يَقُولُ: ((كَيْفَ تِيكُمْ))؟ فَذَاكَ يَرِيبُنِي وَلَا أَشْعُرُ بِالشَّرِّ، حَتَّى خَرَجْتُ بَعْدَ مَا نَقَهْتُ وَخَرَجَتْ مَعِي أُمُّ مِسْطَحٍ قِبَلَ الْمَنَاصِعِ وَهُوَ مُتَبَرَّزُنَا، وَلَا نَخْرُجُ إِلَّا لَيْلًا إِلَى لَيْلٍ، وَذَلِكَ قَبْلَ أَنْ نَتَّخِذَ الْكُنُفَ قَرِيبًا مِنْ بُيُوتِنَا، وَأَمْرُنَا أَمْرُ الْعَرَبِ الْأُوَلِ فِي التَّنَزُّهِ، وَكُنَّا نَتَأَذَّى بِالْكُنُفِ أَنْ نَتَّخِذَهَا عِنْدَ بُيُوتِنَا، فَانْطَلَقْتُ أَنَا وَأُمُّ مِسْطَحٍ وَهِيَ بِنْتُ أَبِي رُهْمِ بْنِ الْمُطَّلِبِ بْنِ عَبْدِ مَنَافٍ، وَأُمُّهَا ابْنَةُ صَخْرِ بْنِ عَامِرٍ خَالَةُ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ (ﷺ)، وَابْنُهَا مِسْطَحُ بْنُ أُثَاثَةَ بْنِ عَبَّادِ بْنِ الْمُطَّلِبِ، فَأَقْبَلْتُ أَنَا وَبِنْتُ أَبِي رُهْمٍ قِبَلَ بَيْتِي حِينَ فَرَغْنَا مِنْ شَأْنِنَا، فَعَثَرَتْ أُمُّ مِسْطَحٍ فِي مِرْطِهَا، فَقَالَتْ: تَعِسَ مِسْطَحٌ، فَقُلْتُ لَهَا: بِئْسَ مَا قُلْتِ، أَتَسُبِّينَ رَجُلًا قَدْ شَهِدَ بَدْرًا؟ قَالَتْ: أَيْ هَنْتَاهْ، أَوَلَمْ تَسْمَعِي مَا قَالَ؟ قُلْتُ: وَمَاذَا قَالَ؟ قَالَتْ: فَأَخْبَرَتْنِي بِقَوْلِ أَهْلِ الْإِفْكِ، فَازْدَدْتُ مَرَضًا إِلَى مَرَضِي، فَلَمَّا رَجَعْتُ إِلَى بَيْتِي فَدَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَسَلَّمَ، ثُمَّ قَالَ: ((كَيْفَ تِيكُمْ)). قُلْتُ: أَتَأْذَنُ لِي أَنْ آتِيَ أَبَوَيَّ؟ قَالَتْ: وَأَنَا حِينَئِذٍ أُرِيدُ أَنْ أَتَيَقَّنَ الْخَبَرَ مِنْ قِبَلِهِمَا، فَأَذِنَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَجِئْتُ أَبَوَيَّ فَقُلْتُ لِأُمِّي: يَا أُمَّتَاهْ مَا

يَتَحَدَّثُ النَّاسُ؟ فَقَالَتْ: يَا بُنَيَّةُ هَوِّنِي عَلَيْكِ، فَوَاللَّهِ لَقَلَّمَا كَانَتِ امْرَأَةٌ قَطُّ وَضِيئَةٌ عِنْدَ رَجُلٍ يُحِبُّهَا، وَلَهَا ضَرَائِرُ، إِلَّا كَثَّرْنَ عَلَيْهَا. قَالَتْ: قُلْتُ: سُبْحَانَ اللَّهِ، وَقَدْ تَحَدَّثَ النَّاسُ بِهَذَا؟ قَالَتْ: فَبَكَيْتُ تِلْكَ اللَّيْلَةَ حَتَّى أَصْبَحْتُ لَا يَرْقَأُ لِي دَمْعٌ. وَلَا أَكْتَحِلُ بِنَوْمٍ، ثُمَّ أَصْبَحْتُ أَبْكِي، وَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلِيَّ ابْنَ أَبِي طَالِبٍ وَأُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ (رضي الله عنه) حِينَ اسْتَلْبَثَ الْوَحْيُ، يَسْتَشِيرُهُمَا فِي فِرَاقِ أَهْلِهِ، قَالَتْ: فَأَمَّا أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ فَأَشَارَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِالَّذِي يَعْلَمُ مِنْ بَرَاءَةِ أَهْلِهِ، وَبِالَّذِي يَعْلَمُ فِي نَفْسِهِ لَهُمْ مِنَ الْوُدِّ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هُمْ أَهْلُكَ وَلَا نَعْلَمُ إِلَّا خَيْرًا. وَأَمَّا عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه) فَقَالَ: لَمْ يُضَيِّقِ اللَّهُ عَلَيْكَ، وَالنِّسَاءُ سِوَاهَا كَثِيرٌ، وَإِنْ تَسْأَلِ الْجَارِيَةَ تَصْدُقْكَ. قَالَتْ: فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَرِيرَةَ، فَقَالَ: ((أَيْ بَرِيرَةُ هَلْ رَأَيْتِ مِنْ شَيْءٍ يَرِيبُكِ مِنْ عَائِشَةَ)). قَالَتْ لَهُ بَرِيرَةُ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ، إِنْ رَأَيْتُ عَلَيْهَا أَمْرًا قَطُّ أَغْمِصُهُ عَلَيْهَا أَكْثَرَ مِنْ أَنَّهَا جَارِيَةٌ حَدِيثَةُ السِّنِّ، تَنَامُ عَنْ عَجِينِ أَهْلِهَا، فَتَأْتِي الدَّاجِنُ فَتَأْكُلُهُ، قَالَتْ: فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى الْمِنْبَرِ فَاسْتَعْذَرَ مِنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيٍّ ابْنِ سَلُولَ، قَالَتْ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ: ((يَا مَعْشَرَ الْمُسْلِمِينَ، مَنْ يَعْذِرُنِي مِنْ رَجُلٍ قَدْ بَلَغَ أَذَاهُ فِي أَهْلِ بَيْتِي، فَوَاللَّهِ مَا عَلِمْتُ عَلَى أَهْلِي إِلَّا خَيْرًا، وَلَقَدْ ذَكَرُوا رَجُلًا مَا عَلِمْتُ عَلَيْهِ إِلَّا خَيْرًا، وَمَا كَانَ يَدْخُلُ عَلَى أَهْلِي إِلَّا مَعِي)). فَقَامَ سَعْدُ بْنُ مُعَاذٍ الْأَنْصَارِيُّ (رضي الله عنه) فَقَالَ: أَنَا أَعْذِرُكَ مِنْهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنْ كَانَ مِنَ الْأَوْسِ ضَرَبْنَا عُنُقَهُ، وَإِنْ كَانَ مِنْ إِخْوَانِنَا الْخَزْرَجِ أَمَرْتَنَا فَفَعَلْنَا أَمْرَكَ. قَالَتْ: فَقَامَ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ (رضي الله عنه)، وَهُوَ سَيِّدُ الْخَزْرَجِ وَكَانَ رَجُلًا صَالِحًا، وَلَكِنِ اجْتَهَلَتْهُ الْحَمِيَّةُ، فَقَالَ لِسَعْدِ بْنِ مُعَاذٍ: كَذَبْتَ لَعَمْرُ اللَّهِ لَا تَقْتُلُهُ وَلَا تَقْدِرُ عَلَى قَتْلِهِ. فَقَامَ أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ وَهُوَ ابْنُ عَمِّ سَعْدِ بْنِ مُعَاذٍ، فَقَالَ لِسَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ: كَذَبْتَ لَعَمْرُ اللَّهِ لَنَقْتُلَنَّهُ، فَإِنَّكَ مُنَافِقٌ تُجَادِلُ عَنِ الْمُنَافِقِينَ. فَثَارَ الْحَيَّانِ الْأَوْسُ وَالْخَزْرَجُ حَتَّى هَمُّوا أَنْ يَقْتَتِلُوا، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَائِمٌ عَلَى الْمِنْبَرِ، فَلَمْ يَزَلْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُخَفِّضُهُمْ حَتَّى سَكَتُوا وَسَكَتَ، قَالَتْ: وَبَكَيْتُ يَوْمِي ذَلِكَ لَا يَرْقَأُ لِي دَمْعٌ، وَلَا أَكْتَحِلُ بِنَوْمٍ، ثُمَّ بَكَيْتُ لَيْلَتِي الْمُقْبِلَةَ، لَا يَرْقَأُ لِي دَمْعٌ وَلَا أَكْتَحِلُ بِنَوْمٍ، وَأَبَوَايَ يَظُنَّانِ أَنَّ الْبُكَاءَ فَالِقٌ كَبِدِي، فَبَيْنَمَا هُمَا جَالِسَانِ عِنْدِي وَأَنَا أَبْكِي اسْتَأْذَنَتْ عَلَيَّ امْرَأَةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَأَذِنْتُ لَهَا فَجَلَسَتْ تَبْكِي، قَالَتْ: فَبَيْنَا نَحْنُ عَلَى ذَلِكَ دَخَلَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَسَلَّمَ ثُمَّ جَلَسَ، قَالَتْ: وَلَمْ يَجْلِسْ عِنْدِي مُنْذُ قِيلَ لِي مَا قِيلَ، وَقَدْ لَبِثَ شَهْرًا لَا يُوحَى إِلَيْهِ فِي

شَأْنِي بِشَيْءٍ، قَالَتْ: فَتَشَهَّدَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ جَلَسَ ثُمَّ قَالَ: ((أَمَّا بَعْدُ يَا عَائِشَةُ، فَإِنَّهُ قَدْ بَلَغَنِي عَنْكِ كَذَا وَكَذَا، فَإِنْ كُنْتِ بَرِيئَةً فَسَيُبَرِّئُكِ اللَّهُ (ﷻ)، وَإِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ فَاسْتَغْفِرِي اللَّهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ، فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبٍ ثُمَّ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ)). قَالَتْ: فَلَمَّا قَضَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَقَالَتَهُ قَلَصَ دَمْعِي، حَتَّى مَا أُحِسُّ مِنْهُ قَطْرَةً، فَقُلْتُ لِأَبِي: أَجِبْ عَنِّي رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِيمَا قَالَ، فَقَالَ: وَاللَّهِ مَا أَدْرِي مَا أَقُولُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ لِأُمِّي: أَجِيبِي عَنِّي رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَتْ: وَاللَّهِ مَا أَدْرِي مَا أَقُولُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقُلْتُ -وَأَنَا جَارِيَةٌ حَدِيثَةُ السِّنِّ لَا أَقْرَأُ كَثِيرًا مِنَ الْقُرْآنِ-: إِنِّي وَاللَّهِ لَقَدْ عَرَفْتُ أَنَّكُمْ قَدْ سَمِعْتُمْ بِهَذَا حَتَّى اسْتَقَرَّ فِي نُفُوسِكُمْ وَصَدَّقْتُمْ بِهِ، فَإِنْ قُلْتُ لَكُمْ: إِنِّي بَرِيئَةٌ -وَاللَّهُ يَعْلَمُ أَنِّي بَرِيئَةٌ- لَا تُصَدِّقُونِي بِذَلِكَ، وَلَئِنِ اعْتَرَفْتُ لَكُمْ بِأَمْرٍ -وَاللَّهُ يَعْلَمُ أَنِّي بَرِيئَةٌ- لَتُصَدِّقُونَنِي، وَإِنِّي وَاللَّهِ مَا أَجِدُ لِي وَلَكُمْ مَثَلًا إِلَّا كَمَا قَالَ أَبُو يُوسُفَ: ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ﴾. قَالَتْ: ثُمَّ تَحَوَّلْتُ فَاضْطَجَعْتُ عَلَى فِرَاشِي. قَالَتْ: وَأَنَا وَاللَّهِ حِينَئِذٍ أَعْلَمُ أَنِّي بَرِيئَةٌ، وَأَنَّ اللَّهَ مُبَرِّئِي بِبَرَاءَتِي، وَلَكِنْ وَاللَّهِ مَا كُنْتُ أَظُنُّ أَنْ يُنْزَلَ فِي شَأْنِي وَحْيٌ يُتْلَى، وَلَشَأْنِي كَانَ أَحْقَرَ فِي نَفْسِي مِنْ أَنْ يَتَكَلَّمَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِيَّ بِأَمْرٍ يُتْلَى، وَلَكِنِّي كُنْتُ أَرْجُو أَنْ يَرَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) [فِي النَّوْمِ] رُؤْيَا يُبَرِّئُنِي اللَّهُ بِهَا. قَالَتْ: فَوَاللَّهِ مَا رَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَجْلِسَهُ، وَلَا خَرَجَ مِنْ أَهْلِ الْبَيْتِ أَحَدٌ حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى نَبِيِّهِ (ﷺ) فَأَخَذَهُ مَا كَانَ يَأْخُذُهُ مِنَ الْبُرَحَاءِ عِنْدَ الْوَحْيِ، حَتَّى إِنَّهُ لَيَتَحَدَّرُ مِنْهُ مِثْلُ الْجُمَانِ مِنَ الْعَرَقِ فِي الْيَوْمِ الشَّاتِ، مِنْ ثِقَلِ الْقَوْلِ الَّذِي أُنْزِلَ عَلَيْهِ، قَالَتْ: فَلَمَّا سُرِّيَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَهُوَ يَضْحَكُ، فَكَانَ أَوَّلَ كَلِمَةٍ تَكَلَّمَ بِهَا أَنْ قَالَ: ((أَبْشِرِي يَا عَائِشَةُ، أَمَّا اللَّهُ فَقَدْ بَرَّأَكِ)). فَقَالَتْ لِي أُمِّي: قُومِي إِلَيْهِ، فَقُلْتُ: وَاللَّهِ لَا أَقُومُ إِلَيْهِ وَلَا أَحْمَدُ إِلَّا اللَّهَ، هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ بَرَاءَتِي، قَالَتْ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ﴾ عَشْرَ آيَاتٍ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَؤُلَاءِ الْآيَاتِ بَرَاءَتِي. قَالَتْ: فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) -وَكَانَ يُنْفِقُ عَلَى مِسْطَحٍ لِقَرَابَتِهِ مِنْهُ وَفَقْرِهِ-: وَاللَّهِ لَا أُنْفِقُ عَلَيْهِ شَيْئًا أَبَدًا بَعْدَ الَّذِي قَالَ لِعَائِشَةَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَا يَأْتَلِ أُولُوا الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُولِي الْقُرْبَى﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿أَلَا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ -قَالَ حِبَّانُ بْنُ مُوسَى: قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ: هَذِهِ أَرْجَى آيَةٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ (ﷻ)- فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لِي، فَرَجَعَ

إِلَى مِسْطَحٍ النَّفَقَةَ الَّتِي كَانَ يُنْفِقُ عَلَيْهِ وَقَالَ: لَا أَنْزِعُهَا مِنْهُ أَبَدًا، قَالَتْ عَائِشَةُ: وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَأَلَ زَيْنَبَ بِنْتَ جَحْشٍ زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) عَنْ أَمْرِي: ((مَا عَلِمْتِ)) أَوْ ((مَا رَأَيْتِ)). فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَحْمِي سَمْعِي وَبَصَرِي، وَاللَّهِ مَا عَلِمْتُ إِلَّا خَيْرًا. قَالَتْ عَائِشَةُ: وَهِيَ الَّتِي كَانَتْ تُسَامِينِي مِنْ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ (ﷺ) فَعَصَمَهَا اللَّهُ بِالْوَرَعِ، وَطَفِقَتْ أُخْتُهَا حَمْنَةُ بِنْتُ جَحْشٍ تُحَارِبُ لَهَا، فَهَلَكَتْ فِيمَنْ هَلَكَ. قَالَ الزُّهْرِيُّ: فَهَذَا مَا انْتَهَى إِلَيْنَا مِنْ أَمْرِ هَؤُلَاءِ الرَّهْطِ. [بخاري/ المغازي/ ٣٩١٠]

(الزهـره) دەڵـێ: (سـعيد)ی کـوڕی (المسـيب) و(عتبـه)ی کـوڕی (الزبـير)و (علقمه)ی کوڕی (وقاص) و (عبيدالله)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عتبه)ی کوڕی (مسـعود) بۆیـان گێڕاومەتـەوە دەربـارەی ڕووداوەکـەی (عائشة)(﵂) خـێزانی پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ بوختان چیەکان ئەوەیان دەربارە وت کـەوتیان. هەریـەك لەوانە، چمکێك لە ڕیوایەتەکەی عائشە یان بۆ گێڕاوەتەوە،بەڵام هـەندێکیان لـە هەندێکی تریان باشتر لەبەریان کرد بوو، چیرۆکەکەیان باشتر دەزانی، منیش لە هەریەکەیانەوە ئەوەم لەبەرکردووە کە بۆی گێڕاومەتەوە، قسـەی هەندێکیشـیان لەناویەکدا ڕاسـتی قسـەی ئـەوانی تریـان دەسـەلمێنێ. دەڵێـن: (عائشـة)(﵂) خـێزانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وتوویـەتی: کاتـێ پێغەمبـەر (ﷺ) بچوایە بـۆ سـەفەر، لەنێوان ژنـەکانیدا، کامیان پشـکی بەربکەوتایە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەگـەڵ خـۆی دەیـبرد، عائشـە (﵂) دەڵـێ: لەیـەکێك لـە غـەزاکاندا تیروپشـکی کردوو من دەرچووم، منیش لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) ڕۆیشتم ئەمەیش پاش دابەزینی [ئایەتی] حیجاب. من لەوسەفەرەدا کەلەناو کەژاوەکەمدا هەڵدەگیرام و دادەنرام. کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) لەجەنگەکەی بوویـەوە و بڕیـاری گەڕانـەوەی داو لە مەدینە نزیك بووینـەوە، شـەوێکیان بڕیـاری ڕۆیشـتنیدا، منیش لەوکاتـەدا ڕۆیشتم لەسـوپاکە دوور کەوتمـەوە تـا کاتـێ پێویسـتی سـەر ئـاوم ئـەنجامدا گەڕامەوە بۆلای کۆچ و بارەکە دەستم دا لە سینگ وبەرۆکم، سـەیردەکەم ئـەو ملوانکەیـەم کە لـە مـورووی (ظفـار)بـوو بچڕابوویـەوە، بۆیـە گەڕامـەوە بـەدوای ملوانکەکـەمدا دەگـەڕام، ئـەو گەڕانـە دوای خسـتم، ئـەو چـەند کەسـەی کـە کەژاوەکـەی منیـان باردەکرد. کەژاوەکـەیان هـەڵگرتبوو خستبوویانە سـەر ئـەو وشـترەی کە مـن سـواری دەبووم، وایـان زانـی بووکە منـی تێدام، ئـەو کاتـەیش

ژنـان سـووکەڵەبوون ئـەوەندە قەڵـەوو گۆشـتن نـەبوون ، کـەمخۆر بـوون، هــەر ئەمەندەیان دەخوارد کە پێـی بژیـن،ئـەو خەڵکـەیش کاتـێ کەژاوەکـەیان هـەڵ گرتبوو بەرزیان کـرد بۆوە هەسـتیان بەسـووکی کەژاوەکـە نـەکردبوو، منیـش ئـافرەتێکی تـازە سـاڵ و تـازە پێگەیشـتووبووم، وشـترەکەیان هەسـتاندبوو ڕۆیشتبوون. منیش ملوانکەکەم دۆزیەوە دوای ئەوەی سوپاکە کەوتبووە ڕێ. کە هاتمەوە هەوارگەکەیان سەیر دەکەم کەسی تێدا نەماوە، منیش گەڕامەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تیایدا بووم، وامزانـی خەڵکەکە بۆم دەگـەڕێن و، دێنـەوە بـە دوامدا لە کاتێکدا کە من دانیشتبووم، لە شوێنی خۆما خەو زۆری بۆ هێنام و خـەوم پیاکـەوت، (صفـوان)ی کـوڕی (المعطل‌السـلمی) لــەدوای ســوپاکەوە ســەرخەوی شـکاندبوو، لــە کۆتــایی شــەودا کــەوتبووەڕێ. دەمــەو بــەیان گەیشتبووە شوێنەکەی من، تارمایی زەلامێکی خەوتووی بینی بوو هات بـۆ لامو ناسیبوومی،چونکە پێش فەرزکردنی حیجاب منی بینـی بـوو، منیش بە دەم (انا لله و انا الیه راجعون)ی ئەوەوە خەبەرم بوویەوە، کاتێ ناسیمیەوە، کت وپڕ بە چمکی چارشێوەکەم ڕووخسارم داپۆشی، بەخوا نەهیچ قسەیەکی لەگەڵ کردم و نـەهیچ وشـەیەکم لێبیست جگـە لـە (انـا لله وانـا الیـە راجعـون)ەکـەی. یەکسەر حوشترەکەی ئیخ داو پێی لەسەر دەستی داناو، منیش سواری بووم، جڵەوی حوشترەکەی گرت و هێنامی تاگەیشتینەوە بە سوپاکە ، پاش ئەوەی لەناو جەرگەی نیوەڕۆدا لەبەرگەرما لایان دابوو، ئەوەی دەمی وەردا لەو باسەی من تیاچوو، ئەوەی پشکی هەرەگەورەی بەرکەوت (عبدالله)ی کوڕی (أبي) کوڕی (سلول)بوو، کاتـێ هاتینـەوە بـۆ مەدینـە، بۆمـاوەی مـانگێك نـەخۆش کـەوتم، تووەس خەڵکی هەر قسەی بوختان چی‌یەکان ئەم بەرو ئەوبەر پێدەکەن و، منیـش ئاگـام لـە هیـچ نی‌یـە و هەسـتی پێناکـەم. بـەڵام لــەوەدا کەوتبوومـە گومانـەوە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەو سـۆز و بەپەرۆشـەوە بوونـەی جـارانی بـۆم نـەمابوو کەلەکاتی نەخۆشیما لێمدەدی، بەڵکو هەر ئەمەندە نـەبێت کـە کاتـێ دەهاتە ژوورەوە سەلامی دەکردو، دەیفەرموو: ((نەخۆشـەکەتان چۆنـە))منیش ئەوە دەیخستمە گومانەوە و، هەستیشـم بـە هیـچ خراپەیەك نـەدەکرد، تـاوەکوو شەوێکیان پاش ئەوەی کەمێك باش بوو بووم، لەگەڵ دایکی (مسطع)دا چووین بۆ سەراو کـردن، ئـەوە شـوێن دانیشـتمان بـوو، شەواوشـەو دەردەچوویـن بـۆ

سەرئاو، ئەمەیش پێش ئەوەی سەرئاو دروست بکەین لە نزیك ماڵەکانماندا، کاروپیشەکان وەك پیشەی عەرەبە پێشووەکان بوو لە چوونەسەرئاودا حەزمان نەدەکرد لە ئاودەست لەپاڵ ماڵەکانماندا دروست بکەین، من و دایکی (مسطع)کە کچی (ابی‌رهم)ی کوڕی (عبدالمطلب)ی کوڕی (عبدالمناف) بوو، دایکیشی کچی (صخر)ی کوڕی (عامر)ی پووری (ابو بکر الصدیق) بوو (ﷺ) کوڕەکەیشی (مسطع)ی کوڕی (اثاثة)ی کوڕی (عبد)ی کوڕی (عبدالمطلب)بوو، من و دایکی (مسطع) کاتێ سەراومان کرد هاتین بەرەو رووی ماڵەکەی من، دایکی (مسطع)پێی لە دامێنی کراسەکەی هەڵکەوت و وتی: ((دەك بەد بەخت بی (مسطح) منیش پێم وت چەند خراپت وت. نزا لەکەسێك دەکەیت کە ئامادەی جەنگی بەدر بووە، وتی: ئەی داماوی باوان شێواو. ئەی نەت بیستووە چی دەڵێت؟ وتم: چی وتوە؟ دەڵێ: ئیتر دەنگ و باسی بوختان چیەکانی بۆ گێڕامەوە، منیش ئەمەندەی تر نەخۆش کەوتم، کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلام سەلامی کردو فەرمووی: ((نەخۆشەکەتان چۆنە)) منیش وتم: رێگەم دەدەیت بچمەوە بۆلای دایك و باوکم، دەمویست لە رێگەی ئەوانەوە دڵنیابم لەو هەواڵە، پێغەمبەریش (ﷺ) رێگەی دام، منیش هاتمەوە بۆلای دایك و باوکم. بەدایکم وت: دایە خەڵکی چی دەڵێن؟ وتی: ئەی کچۆڵەی خۆم گوێ مەدەرێ، بەخوا کەم رێکەوتووە ژنێکی جوان لای پیاوێك بێت و خۆشی بوێت و سەربەهەوێ بێت، قسەی زۆری لەسەر نەکرێ، وتم: سبحان الله، خەڵك ئەم قسەیەیان کرد؟ دەڵێ: ئەو شەوە تا بەیانی گریام فرمێسکم نەدەنیشتەوە، خەو لە چاوم نەدەکەوت، بۆ بەیانیش هەر دەگریام، لەو ماوەیەدا وەحی دواکەوت پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی (أبو طالب) و (أسامە)ی کوڕی (زید)ی (ﷺ) بانگ کردبوو راوێژی پێکردبوون سەبارەت بە وازهێنان لە خێزانی. (أسامە) ئاماژەی بۆ کردبوو بەوەی کە دەیزانی لە پاکیی خێزانی، بەو خۆشەویستیەش کە دەیزانی لە دڵیدا هەیە، بەرامبەرە بە خێزانی. وتبووی: ئەی پێغەمبەری خوا خێزانی خۆتە ئێمەش لە چاکە بەولاوە هیچمان لێنەدیوە، (عەلی)کوڕی (أبو طالب)یش وتبووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆ خوا تەنگی زەوی لێنەهێناویتەوە یەك. خۆ ژنانی تر جگە لەو زۆرن. ئەگەر بیشچیتە لای کارەکەرەکەی راستیت پێ‌دەڵێت، دەڵێ: پێغەمبەری خوا

(ﷺ) (بريرة)بانگ دەكات دەفەرموويّت: ((ئەی بەریرە هیچ شتێكت لە (عائشة) بینیوە كە بتخاتە گومانەوە)) بریرەش دەڵێت: سوێند بەو كەسەی تۆی بەڕاستی ڕەوانە كردووە هەرگیز هیچ شتێكم لێنەبینیووە كەلێی بە عەیب بگرم. ئەوەندە نەبێت كە ئەو كچێكی مندالّكاری تازە پێگەیشتووە، لەماڵەوە بەسەر هەویرەكەیدا خەوی لێدەكەوێت ، مەڕ و ماڵات دێت هەویرەكەی دەخوات. پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر مینبەر و هەندێ گلەیی و گازندەی لە عبدالله ی كوڕی سلول كرد فەرمووی: ((ئەی كۆمەڵگەی موسڵمانان، كێ هەیە پشتم بگرێت لە دژی پیاوێك كە ئەزیەت و ئازاری بۆم گەشتۆتە خاو خێزانیشم، بەخوا من لە خاو خێزانی خۆم چاكە نەبێت هیچ شتێكی دیكەیان لەبارەوە نازانم، باسی پیاوێكیش دەكەن خێر نەبێت هیچ شتێكی لەبارەوە نازانم، لەگەڵ خۆما نەبێت نەهاتۆتە ماڵەوە)) (سعد)ی كوڕی (معاذ)ی (الأنصاري)(ﷺ) هەستاو وتی: من پشتت دەگرم لە دژی، ئەگەر لە (أوس)ە دەدەین لە گەردنی، ئەگەر لە برا (خەزرەجی)یەكانیشمانە چۆن ئەمرمان پێدەفەرموویت ئێمەش ئەمرەكەت بەجێ دێنین. دەڵێ: سعدی كوڕی (عبادە) هەستا كە سەرۆكی خەزرەج بوو پیاوێكی باش بوو، بەڵام دەمار گرتی و وتی بەخوا درۆت كرد نایكوژین و نایشتوانیت بیكوژی، (أسید)ی كوڕی (حضیر)یش كە ئامۆزای (سعد)ی كوڕی (معاذ)بوو بە (معد)ی كوڕی (عبادە)ی وت: بەخوا درۆت كرد هەر دەبێت بیكوژین، چونكە تۆ دووڕوویت پاساو بۆ دووڕوەكان دێنیتەوە، هەروەها هەردوو هۆزەكە لە (اوس) و (خزرج) تێ هەڵچوون تا خەریك بوو دەست بدەنە یەكتری و بجەنگن. پێغەمبەریش (ﷺ) هەر لەسەر مینبەرەكەوە خەریك بوو بێدەنگی دەكردن، تا بێدەنگ بوون. ئەویش بێدەنگ بوو. دەڵێ: منیش ئەو ڕۆژە هەر دەگریام فرمێسكم نەدەنیشتەوە و خەو نەچووە چاوم، پاشان بۆ شەوی داهاتوویش هەر بەبەردەوامی دەگریام. فرمێسكم نەدەنیشتەوە و چاوم نەئەچووە خەو. باوك و دایكیشم وا گومانیان دەبرد كە گریان جەرگم دەبڕێت، لە كاتێكدا ئەوان هەردووكیان لەلام دانیشتبوون، منیش دەگریام ژنێكی (انصاری) داوای مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی كرد بێت بۆلای من، منیش مۆڵەتم دا. دانیشت دەستی كرد بە گریان دەڵێ: لە كاتێكدا بەو حاڵەوە دانیشتبووین، پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوە و سەلامی كرد و پاشان دانیشت

دەڵێ: لەوكاتەوە كە ئەوە دەربارەم وترابوو پێغەمبەر (ﷺ) لەلام دانەنیشتبوو، ماوەی مانگێك تێپەڕی كردبوو هیچ وەحیەكی دەربارەی من بۆ نەهاتبوو، دەڵێ: ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) دوای شایەتمان هێنان فەرمووی: ((ئەی (عائشة) من لەبارەی تۆوە ئەوە و ئەوەم پێگەیشتووە، جا ئەگەر تۆ پاكیت ئەوا خوای باڵادەستیش پاكیت دەردەخات، خۆ ئەگەر لە گوناهێكیش نێزیك كەوتویتەوە، داوای لێخۆش بوون لە خوا بكە و تۆبە بكە، چونكە بەندە ئەگەر كاتێ دانی نا بە گوناهێكدا پاشان تۆبەی كرد خوا تۆبەكەی لێوەردەگرێت، دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) قسەكانی تەواو كرد، فرمێسكم وشكی كرد، تاوەكو هەستم بە دڵۆپێك نەئەكرد لێی بە باوكمم وت: لە بریتی من وەڵامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەرەوە، ئەویش وتی: بەخوا نازانم چ وەڵامێكی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەمەوە، ئینجا بە دایكمم وت: لە بریتی من وەڵامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەرەوە. ئەویش وتی: بەخوا نازانم چ وەڵامێكی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەمەوە. منیش وتم -لەكاتێكدا كە من ئافرەتێكی منداڵ كاریش بووم، قورئانیشم زۆر نەدەزانی-: بەخوا من چاك دەزانم ئەمەی كە بیستووتانە بە تەواوەتی لە دڵتانا جێگیر بووە و باوەڕتان پێی كردووە. جا ئەگەر من پێتان بڵێم: من پاكم -خوایش دەزانێ كە من پاكم- بەوە باوەڕم پێناكەن، خۆ ئەگەر دانیش بە شتێكدا بنێم بۆتان، كە خوایش چاك دەزانێت كە من پاكم باوەڕم پێدەكەن ، بە خوا من هیچ نموونەیەكم دەست ناكەوێت بۆ خۆم و خۆشتان، مەگەر هەر ئەوە نەبێت كە باوكی (یوسف) فەرمووی: ﴿فصبر جمیل و الله المستعان علی ما تصفون﴾ دەڵێ: پاشان: ڕووم وەرگێڕاو لەسەر جێگاكەی خۆم پاڵكەوتم، دەڵێ: بەخوا من ئەوكاتە چاك دەمزانی كە من پاكم، و خوایش بە پاكی خۆم پاكیم دەردەخات، بەڵام باوەڕم نەدەكرد، كە خوا لەبارەمەوە وەحی بنێرێت و بخوێنرێتەوە. خۆمم لا بچوكتر بو لەوەی كە خوای باڵادەست لەبارەمەوە بێتە گوفتار. بەڵام من ئومێدم وابوو كە پێغەمبەر (ﷺ) خەوێك ببینێت خوا بەهۆیەوە پاكیم دەربخات، بەخوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەجێی خۆی نەجوڵا و كەسیش لە دانیشتوانیماڵەكە دەرنەچووبوون، تاوەكو خوا وەحی ناردە سەر پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو ترس و لەرزەی كەلەكاتی دابەزینی (وەحی) دا دای دەگرت لەوێشدا دایگرت، تاوەكو بەڕادەیەك، وەك وردە مرواری

ئارەقی لێدەچۆڕا، لە ڕۆژی سەرماو سۆڵەی زستاندا، لە قورسایی و سەختی ئەو وشەیەی دادەبەزییە سەری، دەڵێ: کاتێ (وەحی) کۆتایی هات پێغەمبەر (ﷺ) پێدەکەنی، یەکەم وشە کە پێی هاتە گۆ ئەوە بوو کە فەرمووی: ((مژدەت لێبێت ئەی عائشە خوا پاکی دەرخستیت)). دایکم پێی وتم: هەستە بەلایەوە، منیش وتم: بەخوا هەڵناسم بەلایەوە تەنها سوپاسی ئەو خوایە دەکەم، ئەو خوایەی کە پاکی منی دەرخست، دەڵێ: خوای باڵادەست دەئایەتی ناردە خوارەوە ﴿إن الذین جاؤوا ..﴾ واتە: ﴿بێگومان ئەوانەی بوختانەکەیان هەڵبەست دەستەیەك بوون لە خۆتان وائەزانن کە ئەو بوختانە خراپ بوو بۆتان بەڵکو خێر بوو بۆتان ﴾ خوای گەورە و باڵا دەست بەم ئایەتانە پاکی منی دەرخست. (ابو بكر) (ﷺ) –کەلەوەپێش خەرجی (مسطح)ی دەکێشا لەبەر خزمایەتی و هەژاری و نەداریەکەی– وتی: بەخوا لەمەولا هەرگیز هیچ شتێکی نادەمێ پاش ئەوەی کە بە عائشەی وت خوای باڵادەستیش ئەم ئایەتەی نارد: ﴿ولا یأتل اولو الفضل..﴾ واتە: ﴿ئەوانەی کە خاوەنی سامان و بەخشندەین لە ئێوە با سوێند نەخۆن کە یارمەتی خزمان و هەژاران و کۆچەران لە پێناوی خوادا نەدەن ، با لێبوردە بن وچاو پۆشی بکەن، ئەی حەز ناکەن خوا لێتان خۆش بێت، خواش لێبوردە و میهرەبانە﴾. (حیان)ی کوڕی (موسی) دەڵێ: (عبدالله)ی کوڕی (مبارك) دەڵێ: ئەم ئایەتە هیوا بەخش ترین ئایەتە لە قورئاندا– ئەمجا ابو بکر (ﷺ) وتی: بەرێ بەخوا من حەز دەکەم خوا لێم خۆش بێت، بۆیە گەڕایەوە بۆ خەرجی کێشانی (مسطح)کەلەوەو پێش دەیکێشا و وتی: هەگیز لێی ناگرمەوە ، (عائشة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاریشی لە (زینب)ی کچی (جحش)ی (خێزانیشی کردبوو لەبارەمەوە: ((داخۆ هیچی لێوە دەزانێ)) یا ((بینیووتە)) ئەویش وتبووی: ئەی پێغەمبەری خوا چاو گوێم دەپارێزم خێر نەبێت هیچ شتێکی تر نازانم(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا تەنها ئەو لەجوانیدا هاوشانی دەکردم، بەڵام بە خۆ پارێزی وخواناسی خۆیەوە خوا پاراستی، بەڵام (حمنة)ی خوشکی هەر لەسەری دەکردەوە تا تیاچوو لەگەڵ ئەوانەی کە تیاچوون، (الزهری) دەڵێ: ئەمە بوو پوختەی سەرگوزشتەی ئەو چەند کەسەی کە پێیان گەیشتووە.

٢٠٦٣ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا كَانَ يُتَّهَمُ بِأُمِّ وَلَدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِعَلِيٍّ: (ﷺ) ((اذْهَبْ فَاضْرِبْ عُنُقَهُ)). فَأَتَاهُ عَلِيٌّ، فَإِذَا هُوَ فِي رَكِيٍّ يَتَبَرَّدُ فِيهَا، فَقَالَ لَهُ عَلِيٌّ: اخْرُجْ، فَنَاوَلَهُ يَدَهُ، فَأَخْرَجَهُ، فَإِذَا هُوَ مَجْبُوبٌ لَيْسَ لَهُ ذَكَرٌ، فَكَفَّ عَلِيٌّ عَنْهُ، ثُمَّ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ لَمَجْبُوبٌ مَا لَهُ ذَكَرٌ.

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هەبوو تۆمەت بار دەكرا بەدایكی كوڕێكی پێغەمبەر (ﷺ) [مەبەست مارەییە] پێغەمبەریش (ﷺ) بە (علی) فەرمووی: ((دەبڕۆ بدە لە گەردنی)) كە (علی) هات بۆلای سەیر دەكات وا كابرا خەریكە لە بیرێكدا خۆی فێنك دەكاتەوە (علی) پێی دەڵێ: دەرچۆ دەرەوە دەستی دایە دەستی‌یەوە و هێنایە دەرەوە، كاتێ سەیر دەكات كابرا گون بڕاوە، گونی نیە، ئیتر (علی) وازی لێدێنێت، پاشان دێتەوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ئەی پێغەمبەری خوا كابرا گون بڕاوە گونی نیە.

(٣١) ئایەتی ﴿ولا تكرهوا فتیاتكم على البغاء﴾[٣٣]

٢٠٦٤ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ): أَنَّ جَارِيَةً لِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيِّ ابْنِ سَلُولَ يُقَالُ لَهَا مُسَيْكَةُ، وَأُخْرَى يُقَالُ لَهَا أُمَيْمَةُ، فَكَانَ يُكْرِهُهُمَا عَلَى الزِّنَا، فَشَكَتَا ذَلِكَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَأَنْزَلَ اللَّهُ (ﷻ): ﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾.

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: كەنیزەكێكی (عبدالله)كوڕی (أبي)كوڕی (سلول) كە پێی وترا (مُسَيلة) لەگەڵ كەنیزەكێكی تریدا كە پێی دەوترا (أميمة) بەزۆر زینای پێدەكردن ، ئەوانیش هەردووكیان سكاڵای خۆیان برد بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿ولا تكرهوا فتیاتكم..﴾ واتە: ﴿زۆر مەكەن لە كەنیزەكەكانتان كە داوێن پیسی بكەن ، ئەگەر ئەوان پاك داوێنیان دەویست، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەوە ماڵ و سامانی ژیانی دونیا بەدەست بێنن، هەركەس بە زۆر ئەو گوناهەیان پێ بكات ئەوا بەڕاستی دوای ئەو زۆر لێكردنەیان خوا لێبوردە و میهرەبانە چاوچۆشیان لێدەكات {واتە لە كەنیزەكەكانتان}﴾.

سورەتی (الفرقان)

(٣٢) ئایەتی ﴿والذين لا يدعون مع الله الها آخر﴾[٦٨]

٢٠٦٥ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ نَاسًا مِنْ أَهْلِ الشِّرْكِ قَتَلُوا فَأَكْثَرُوا، وَزَنَوْا فَأَكْثَرُوا، ثُمَّ أَتَوْا مُحَمَّدًا (ﷺ) فَقَالُوا: إِنَّ الَّذِي تَقُولُ وَتَدْعُو لَحَسَنٌ، وَلَوْ تُخْبِرُنَا أَنَّ لِمَا عَمِلْنَا كَفَّارَةً. فَنَزَلَ: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ. وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا﴾ وَنَزَلَ: ﴿يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ﴾ الآية. [بخاري/ التفسير/ ٤٥٣٢]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: خەڵكانێك لە موشریكەكان كوشتاری زۆر و، زینای زۆریان كردبوو ، پاشان هاتنە خزمەت (محمد) (ﷺ) وتیان: ئەوەی تۆ دەیڵێیت و بانگی بۆ دەكەی شتێكی جوانە ئەگەر خەبەرت پێمان بدایە ئەوەی كردوومانە كەفارەتی بۆهەیە. ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿والذين لا يدعون..﴾ واتە: ﴿هەروەها ئەوانەی هیچ جۆرە پەرستراوێكی تر لەگەڵ خوادا ناپەرستن كەسیش ناكوژن كە خوا كوشتنی حەرام كردبێت بەهەقی خۆی نەبێت ، هەروەها زینا ناكەن جا ئەوەی ئەو جۆرە خراپانە بكات توشی سزا و ئازار دەبێت﴾ هەروەها ئایەتی ﴿قل يا عبادي..﴾ هاتە خوارەوە واتە: ﴿پێیان بڵێ خوا دەفەرموێت ئەی بەندەكانم ئەوانەی كە خۆتان گوناهباركردووە و تاوانتان زۆرە نا ئومێد مەبن لە رەحمەتی خوا﴾.

سورەتی (السجده)

(٣٣) ئایەتی ﴿فلا تعلم نفس..﴾ [١٧]

٢٠٦٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَعْدَدْتُ لِعِبَادِيَ الصَّالِحِينَ مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ، وَلَا أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ، ذُخْرًا، بَلْهَ مَا أَطْلَعَكُمْ [اللَّهُ] عَلَيْهِ)). ثُمَّ قَرَأَ: ﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ﴾ [١٧]. [بخاري/ التفسير/ ٤٥٠٢]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خوای گەورە و باڵادەست فەرموویەتی: خەڵات و بەراتێكی وام ئامادە كردووە بۆ بەندە چاكەكانی خۆم ، كە نەچاو دیبێتی و نەگوێچكە بیستبێتی و ، نە بەدڵی كەسیشدا هاتبێ ، جگە لەوەی كە خوا ئاگاداری كردوون و بۆی باس

کردوون)) پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فلا تعلم نفس..﴾ واتە: هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێ چی بۆ هەڵگیراوە لە ناز و نیعمەتی جۆراوجۆر کە چاو پێی گەش دەبێتەوە.

(٣٤) ئایەتی ﴿و لنذيقنهم من العذاب الادنى دون العذاب الاكبر﴾[٢١]

٢٠٦٧ـ عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ (ﷺ) فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُمْ مِنَ الْعَذَابِ الْأَدْنَى دُونَ الْعَذَابِ الْأَكْبَرِ﴾ قَالَ: مَصَائِبُ الدُّنْيَا، وَالرُّومُ، وَالْبَطْشَةُ، أَوِ الدُّخَانُ. شُعْبَةُ الشَّاكُّ فِي الْبَطْشَةِ أَوِ الدُّخَانِ.

دەربارەی ئەم ئایەتە ﴿ولنذيقنهم من العذاب..﴾واتە: بەدڵنیاییەوە ئێمە تاڵا و سزای دنیایان پێدەچێژین پێش سزای گەورەی قیامەت ﴾ (ابی) کوڕی (کعب) دەڵێ: مەبەستی بەڵاو ناڕەحەتیەکانی دنیایە و، ئەو سزایەی لە سەرەتای سورەتی (روم)دا هاتووە و، هەروەها تێشکانی سەختی ڕۆژی نەدرەیان دوکەڵی پێش هاتنی قیامەت. شعبەی ڕاوی گومانی هەیە ئایا تێشکانی هاتووە یان دوکەڵ.

سورەتی (الاحزاب)

(٣٥) ئایەتی ﴿أذا جاؤوكم من فوقكم وفي أسفل منكم﴾[١٠]

٢٠٦٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِذْ جَاءُوكُمْ مِنْ فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ﴾ [١٠] قَالَتْ كَانَ ذَلِكَ يَوْمَ الْخَنْدَقِ. [بخاري/ المغازي/ ٣٨٧٧]

دەبارەی ئەم ئایەتە ﴿إذا جاؤوكم..﴾ واتە: کاتێك دوژمنان لەسەر و خوارتانەوە هاتنە سەرتان لەو کاتەدا چاوەکان ئەبڵەق بوون گیان گەشتبووە گەروو﴾ عائشە (ﷺ) دەڵێ: مەبەست ڕۆژی (خندق)ە.

سورەتی (یس)

(٣٦) ئایەتی ﴿و الشمس تجري لمستقر لها﴾[٣٨]

٢٠٦٩ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ قَوْلِ اللَّهِ تَعَالَى: ﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا﴾ [٣٨]. قَالَ: ((مُسْتَقَرُّهَا تَحْتَ الْعَرْشِ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٥٢٥]

(أبو ذر)(ﷺ) پرسارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد دەربارەی ئایەتی ﴿و الشمس تجرى لمستقرلها﴾ فەرمووی: ((قەرارگاکەی لە ژێر عەرشدایە)).

سورەتی (الزمر)

(٣٧) ئایەتی ﴿وما قدروا الله حق قدره﴾[٦٧]

٢٠٧٠ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ حَبْرٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ -أَوْ: يَا أَبَا الْقَاسِمِ- إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْأَرَضِينَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْجِبَالَ وَالشَّجَرَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْمَاءَ وَالثَّرَى عَلَى إِصْبَعٍ، وَسَائِرَ الْخَلْقِ عَلَى إِصْبَعٍ، ثُمَّ يَهُزُّهُنَّ فَيَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ أَنَا الْمَلِكُ. فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) تَعَجُّبًا مِمَّا قَالَ الْحَبْرُ تَصْدِيقًا لَهُ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [٦٧]. [بخاري/ التفسير/ ٤٥٣٣]

(عبدالله)ی كوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: زانایەكی جوولەكە هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی (محمد) یا ئەی باوكی (قاسم) -خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئاسمانەكان لەسەر پەنجەیەك و، زەمینەكان لەسەر پەنجەیەك و، كێو و درەختەكان لەسەر پەنجەیەك ڕادەگرێت، پاشان ڕایان دەوەشێنێ و دەفەرموێت: منم پادشا منم پادشا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری سوڕما لە ڕاستی قەسەكەیی و پێكەنی، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وما قدروا الله حق قدره..﴾ واتە: ﴿خوانەناسان قەدری خوایان وەك پێویست نەگرت لەكاتێكدا هەموو گۆی زەوی پڕ مشتێكی قودرەتی ئەو زاتەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاسمانەكانیش بەدەستی قودرەتی ڕاست و دروستی خوا پێچراوەن، پاكی و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارەی شایستەی ئەوە نییە كە نەفامان هاوەڵی بۆ بڕیار ئەدەن)).

سورەتی (حم السجدة) {فصلت}

(٣٨) ئایەتی ﴿وما كنتم تستترون ان يشهد عليكم سمعكم﴾

٢٠٧١ـ عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: اجْتَمَعَ عِنْدَ الْبَيْتِ ثَلَاثَةُ نَفَرٍ: قُرَشِيَّانِ وَثَقَفِيٌّ، أَوْ ثَقَفِيَّانِ وَقُرَشِيٌّ، قَلِيلٌ فِقْهُ قُلُوبِهِمْ، كَثِيرٌ شَحْمُ بُطُونِهِمْ، فَقَالَ أَحَدُهُمْ: أَتُرَوْنَ اللَّهَ يَسْمَعُ مَا نَقُولُ؟ وَقَالَ الْآخَرُ: يَسْمَعُ إِنْ جَهَرْنَا، وَلَا يَسْمَعُ إِنْ أَخْفَيْنَا. وَقَالَ الْآخَرُ: إِنْ كَانَ يَسْمَعُ إِذَا جَهَرْنَا فَهُوَ يَسْمَعُ إِذَا أَخْفَيْنَا. فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَمَا كُنْتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَنْ يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَا أَبْصَارُكُمْ [وَلَا جُلُودُكُمْ] الْآيَةَ.
[بخاري/ التفسير/ ٤٥٣٨]

(ابن مسعود) (ﷺ) دەڵێ: سێ کەس لای کەعبەدا کۆبوونەوە: دوان لە هۆزی (قورەیش) و یەکێکیش لە (ثقیف)، کەم فام و بێ عەقڵ بوون، ئەگەر چی ورگن و قەڵەو بوون، یەکێکیان وتی: باشە ئێوە لاتان وایە کە خوا گوێی لێمان بێت چی دەڵێین؟ یەکێکی دیکەیان وتی: دەنگ هەڵبڕین گوێی لێمانە، ئەگەر سووک قسە بکەین گوێی لێمان نییە،ئەوی تریان وتی: ئەگەر ئاشکرا کەمانی گوێ لێبێت، ئەوا گوێی لە سووکەکەیشمانە، خوایش ئەم ئایەتەی نارد ﴿وما كنتم تستترون..﴾ واتە:﴿ئێوە کاتی خۆی ئەوەند گومڕابوون گوناهو تاوانەکانتان نەدەشاردەوە چونکە مەترسیتان نەبوو کە گوێ و چاوو پێستتان شایەتیتان لەسەر بدەن﴾.

سورەتی ﴿الدخان﴾

(٣٩) ئایەتی ﴿فارتقب يوم تأتی السماء بدخان مبين﴾[١٠]

٢٠٧٢ـ عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ عَبْدِ اللَّهِ جُلُوسًا، وَهُوَ مُضْطَجِعٌ بَيْنَنَا، فَأَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ، إِنَّ قَاصًّا عِنْدَ أَبْوَابِ كِنْدَةَ يَقُصُّ وَيَزْعُمُ: أَنَّ آيَةَ الدُّخَانِ تَجِيءُ فَتَأْخُذُ بِأَنْفَاسِ الْكُفَّارِ، وَيَأْخُذُ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ كَهَيْئَةِ الزُّكَامِ. فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ -وَجَلَسَ وَهُوَ غَضْبَانُ-: يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا اللَّهَ، مَنْ عَلِمَ مِنْكُمْ شَيْئًا فَلْيَقُلْ بِمَا يَعْلَمُ، وَمَنْ لَمْ يَعْلَمْ فَلْيَقُلِ: اللَّهُ أَعْلَمُ، فَإِنَّهُ أَعْلَمُ لِأَحَدِكُمْ أَنْ يَقُولَ لِمَا لَا يَعْلَمُ اللَّهُ أَعْلَمُ، فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ لِنَبِيِّهِ (ﷺ): ﴿قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ﴾ [ص: ٧٦]. إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَمَّا رَأَى مِنَ النَّاسِ إِدْبَارًا فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ سَبْعٌ كَسَبْعِ يُوسُفَ)). قَالَ: فَأَخَذَتْهُمْ سَنَةٌ حَصَّتْ كُلَّ شَيْءٍ، حَتَّى أَكَلُوا الْجُلُودَ وَالْمَيْتَةَ مِنَ الْجُوعِ، وَيَنْظُرُ إِلَى السَّمَاءِ أَحَدُهُمْ فَيَرَى كَهَيْئَةِ الدُّخَانِ، فَأَتَاهُ أَبُو سُفْيَانَ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ، إِنَّكَ جِئْتَ تَأْمُرُ بِطَاعَةِ اللَّهِ وَبِصِلَةِ الرَّحِمِ، وَإِنَّ قَوْمَكَ قَدْ هَلَكُوا، فَادْعُ اللَّهَ لَهُمْ. قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ. يَغْشَى النَّاسَ هَذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿إِنَّكُمْ عَائِدُونَ﴾ [الدخان: ١٠-١٦]. قَالَ: أَفَيُكْشَفُ عَذَابُ الْآخِرَةِ؟: ﴿يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى إِنَّا مُنْتَقِمُونَ﴾ فَالْبَطْشَةُ يَوْمَ بَدْرٍ ،وَقَدْ مَضَتْ آيَةُ الدُّخَانِ وَالْبَطْشَةُ، وَاللِّزَامُ، وَآيَةُ الرُّومِ. [بخاري/ الاستسقاء/ ٩٦٢]

(مسروق) دەڵێ: ئێمە لای (عبدالله)دانیشتبووین، ئەو لە نێوانماندا ڕاکشابوو، پیاوێك هات بۆلای وتی: ئەی (ابو عبدالرحمن)، حیکایەت خوانێك

لای دەروازەکـانی شـاری (کنـدە) {مەبەسـت دەروازەی کوفەیـە} چـیرۆك دەخوێنێتـەوە و، وا دەزانێـت: کـە ئایـەتی ڕووداوی دوکەڵەکـە ڕوودەدات و، هەناسە لە بێباوەڕان دەچنێ، بەڵام بڕواداران وەك هەڵامەت دەگرێتەوە، عبدالله دانیشت -بە تووڕەییەوە- وتی: ئەی خەڵکینە لە خوابترسن، هەرکەس لە ئێوە شتێکی زانی با بەپێی زانینەکەی خۆی قسەبکات، هەرکەسیش نەیزانی بابڵێت خوا زاناترە، چونکە ئەوەیش زانستیەکی زیاترە گەر کەسێك نەزانێت و بڵێت: خوا زاناترە، ئەوەتا خـوای باڵادەسـت بـە پێغەمبەرەکـەی فـەرموو: ﴿قل ما اسألکم..﴾ واتە: ﴿ئەی پێغەمبەر بەو خەڵکە بڵێ: من هیچ پاداشت و خەڵاتێکم لە ئێوە ناوێت، من لەو کاسانەیش نیم زۆر لە خۆبکەم﴾ چونکە پێغەمبەری خوا کاتێك بینی وا پشتی تێدەکەن فەرمووی: ((خوایە گرانیەکی حەوت ساڵە وەك حەوتەکەی یوسف)) دەڵێ: ئەوانیش تووشـی وشـکە سـاڵی و قـات و قڕیـەك بوون، کە هـەموو شتێکی ڕیشەکێش کرد، تاوایان لێهات لـە برسـانا پێسـتەی مردارۆ بوویان دەخوارد، تاوای لێهات کەیەکێ لـەوان سـەیری ئاسمانی دەکرد شێوەی وەکو دووکەڵ وابوو، (أبو سفیان) هات بۆ خزمەتی وتی: ئەی (محمد)، تۆ هـاتووی فەرمان بـە گوێڕایەڵی خـواو، بـەجێهێنانی پـەیوەندی خزمایـەتی دەکەیت، وا خـزم و هۆزەکـەت هـەمووی تیاچوون، دە لەخوا بپاڕێرەوە بۆیـان، خـوای گەورەش فـەرمووی: ﴿فـارتقب یـوم تـأتي السـماءُ..﴾ واتـە: ((چـاوەڕێی ڕۆژێـك بـە کـە دوکـەڵێکی ئاشـکرا بـەری ئاسمـان دەگرێـت هـەموو خـەڵکی دادەگرێتەوە بۆیە بە ترسەوە دەڵێن ئەمە سزا و ئازارێکی بە ئێشە.. تا دەگاتە انکم عائدون.. دخان ١٦﴾ دەڵێ: جا ئایا سزای دواڕۆژ لائەچێت {واتە ئەوەی حیکایەت خوانەکە دەیلێت وانی‌یە چونکە سزای ڕۆژی قیامەت سووك نابێت}: ﴿یوم نبطش البطشة الکبری انا منتقمون﴾ مەبەست لە (البطشة) ڕۆژی (بدر)ە، بەڵام سزای دووکەڵ و دەست وەشاندنی {ڕۆژی بەدر} و کوشتاری ڕۆژی بەدر و ئایەتی ڕۆم تێپەڕی کرد.

٢٠٧٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: خَمْسٌ قَدْ مَضَيْنَ: الدُّخَانُ، وَاللِّزَامُ، وَالرُّومُ، وَالْبَطْشَةُ، وَالْقَمَرُ. [بخاري/ التفسير/ ٤٥٤٨]

(عبدالله) ی کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێنج شت تێپەڕیوون: دوکەڵەکە و، ڕۆژی بەدر و، ڕۆم و، کوشتاری بەدرو، لەت بوونی مانگ.

سورەتی (الفتح)

(٤٠) ئایەتی ﴿وهو الذي كفّ ايديهم عنكم﴾[٢٤]

٢٠٧٤ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ ثَمَانِينَ رَجُلًا مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ هَبَطُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ جَبَلِ التَّنْعِيمِ مُتَسَلِّحِينَ، يُرِيدُونَ غِرَّةَ النَّبِيِّ (ﷺ) وَأَصْحَابِهِ، فَأَخَذَهُمْ سِلْمًا فَاسْتَحْيَاهُمْ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنْ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ﴾ [٢٤].

(انس)ی کوڕی (مالك) دەڵێ: هەشتا پیاوی چەکدار لە کێوی (التنعیم)ەوە کە (مەکە)یی بوون داباریِن بەسەر پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، نیازی خراپیان بە پێغەمبەری خـــواو هاوەڵـــەکانی هـــەبوو. پێغەمبـــەریش (ﷺ) هـــەموویانی بەشێوەیەکی ئاشتیانە وبێ جەنگ گرت، نەیکوشتن و بەزیندوویی هێشتنیەوە. خوای بالادەستیش ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە کە ئەمە ماناکەیتی: ﴿خوا ئەو خوایەیە کە دەستی ئەوانی لە ئێوەو دەستی ئێوەشی لەوان پاراست لەنزیکی مەککە پاش ئەوەی زاڵی کردن بەسەریاندا)).

(٤١) ئایەتی ﴿لاترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي﴾

٢٠٧٥ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) أَنَّهُ [قَالَ]: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ :﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ [٢] جَلَسَ ثَابِتُ [بْنُ قَيْسٍ] فِي بَيْتِهِ وَقَالَ: أَنَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ. وَاحْتَبَسَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَسَأَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) سَعْدَ بْنَ مُعَاذٍ، فَقَالَ: ((يَا أَبَا عَمْرٍو مَا شَأْنُ ثَابِتٍ، اشْتَكَى)). قَالَ سَعْدٌ: إِنَّهُ لَجَارِي، وَمَا عَلِمْتُ لَهُ بِشَكْوَى. قَالَ: فَأَتَاهُ سَعْدٌ، فَذَكَرَ لَهُ قَوْلَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ ثَابِتٌ: أُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ، وَلَقَدْ عَلِمْتُمْ أَنِّي مِنْ أَرْفَعِكُمْ صَوْتًا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَنَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ، فَذَكَرَ ذَلِكَ سَعْدٌ لِلنَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بَلْ هُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ)).

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ ئەم ئاپەتە دابەزی ﴿یا ایها الذین آمنوا ....﴾ واتە: ﴿ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە دەنگتان بەرز مەکەنەوە بەسەر دەنگی پێغەمبەردا (ﷺ) تا کۆتایی ئایەتەکە [٢] ثابت لە ماڵەوە مایەوە، هەتا پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لە (سعد) کوڕی (معاذ) کرد فەرمووی: ((ئەی باوکی عەمر (ثابت) چیەتی، سکاڵا دەکات)). سەعد وتی: ئەو دراوسێمە ئاگادارنیم کە سکاڵای کردبێت. ئینجا سەعد هات بۆلای قسەکەی پێغەمبەری

(ﷺ) بۆ گێڕایەوە، (ثابت) وتی: ئەو ئایەتە دابەزیووە، ئێوەش دەزانن کە من دەنگم لە هەمووتان بەرزترە بەسەر دەنگی پێغەمبەری خوادا، کەواتە من دۆزەخیم. سەعدیش ئەمەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵکو ئەو بە هەشتیە)).

(٤٢) سورەتی (ق)

ئایەتی ﴿یوم تقول لجهنم هل امتلات وتقول هل من مزید﴾

٢٠٧٦ـ عَنْ عَبْدُ الْوَهَّابِ بْنُ عَطَاءٍ فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدٍ﴾ [٣٠]. فَأَخْبَرَنَا عَنْ سَعِيدٍ، عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((لَا تَزَالُ جَهَنَّمُ يُلْقَى فِيهَا وَتَقُولُ: ﴿هَلْ مِنْ مَزِيدٍ﴾ حَتَّى يَضَعَ رَبُّ الْعِزَّةِ فِيهَا قَدَمَهُ، فَيَنْزَوِي بَعْضُهَا إِلَى بَعْضٍ وَتَقُولُ: قَطْ قَطْ، بِعِزَّتِكَ وَكَرَمِكَ. وَلَا يَزَالُ فِي الْجَنَّةِ فَضْلٌ حَتَّى يُنْشِئَ اللَّهُ لَهَا خَلْقًا، فَيُسْكِنَهُمْ فَضْلَ الْجَنَّةِ)). [بخاري/ التوحيد/ ٦٩٤٩]

(عبد الوهاب) کوڕی (عطا)لەبارەی ئەم ئایەتەوە ﴿یوم تقول ....﴾ واتە: ﴿ڕۆژێك کە بە دۆزەخ دەڵێن ئایا پڕبوویت، ئەویش دەڵێت: ئایا هی تر ماوە﴾. لە سەعید و قەتادەو لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەردەوام خەڵك دەخرێتە دۆزەخەوە و ئەویش دەڵێت : ئایا زیاتر ماوە، هەتا خوای بالادەست پێیەکی پیادەنێ بەو شێوەیە دۆزەخ دێتەوە یەك و، ئینجا دەڵێ: سوێند بە بەزەیی و بەخشندەیت بەسمە، بەسمە. بەردەوام بەهەشتیش زیادەی هەیە هەتا خوا دروستکراوێکیان بۆ دروست دەکات و زیادەکەی بەهەشتی تیا نیشتەجێ دەکات)).

(٤٣) ئایەتی ﴿هل من مدکر﴾

٢٠٧٧ـ عَنْ أَبِي إِسْحَقَ قَالَ: رَأَيْتُ رَجُلًا سَأَلَ الْأَسْوَدَ بْنَ يَزِيدَ، وَهُوَ يُعَلِّمُ الْقُرْآنَ فِي الْمَسْجِدِ، فَقَالَ: كَيْفَ تَقْرَأُ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ﴾ أَدَالًا أَمْ ذَالًا؟ قَالَ: بَلْ دَالًا، سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ ابْنَ مَسْعُودٍ (ﷺ) يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ﴿مُدَّكِرٍ﴾ دَالًا.

(ابو اسحاق) دەڵێ: (اسود) کوڕی (یزید) لە مزگەوتا قورئانی بە خەڵکی دەوتەوە، پیاوێك لێی پرسی، چۆن ئەم ئایەتە دەخوێنیتەوە (فهل من مدکر) ئایا بە (دال)ە یان بە (ذال)؟ وتی: بەڵکو (دال)ە. بیستوومە (مدکر) بەدال.

(٤٤) سورەتی (الرحمن)

ئایەتی ﴿وخلق الجان من مارج من نار﴾

٢٠٧٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خُلِقَتِ الْمَلَائِكَةُ مِنْ نُورٍ، وَخُلِقَ الْجَانُّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ، وَخُلِقَ آدَمُ (ﷺ) مِمَّا وُصِفَ لَكُمْ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٥٩٠]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((فریشتە لە ڕوناکی دروستکراوە، جنۆکەش لە بڵێسەی ئاگر، ئادەمیش چۆن بۆتان باس کراوە)) [واتە لە قوڕ].

(٤٥) سورەتی (الحدید)

ئایەتی ﴿الم یات للذین آمنوا ان تخشع قلوبهم لذکر الله﴾

٢٠٧٩ـ عَنْ ابْنَ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: مَا كَانَ بَيْنَ إِسْلَامِنَا وَبَيْنَ أَنْ عَاتَبَنَا اللَّهُ بِهَذِهِ الْآيَةِ: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ﴾ [١٦] إِلَّا أَرْبَعُ سِنِينَ.

(ابن مسعود) دەڵێ: لە نێوان موسڵمان بوونمان و، ئەوەی کە خوای گەورە لۆمەی کردووین بەم ئایەتەیە تەنها چوار ساڵە مانای ئایەتەکەش: ﴿ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، کە ئیمانداران ملکەچی خواو فەرمانەکانی بن و ڕاست و دروست بن لە ژیانیاندا﴾.

٢٠٨٠ـ عَنْ عُرْوَةَ قَالَ: قَالَتْ لِي عَائِشَةُ (ﷺ): يَا ابْنَ أُخْتِي، أُمِرُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِأَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) فَسَبُّوهُمْ.

(عروە) دەڵێ: (عائشە) (ﷺ) پێی وتم: ئەی خوشکەزاکەم، فەرمانیان پێکرا کە داوای لێخۆشبوون بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن، کەچی جنێویان پێدان [ئیمامی نەوەوی لە شەرحی مسلم دا دەڵێ: لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت کە میسریەکان چیان بۆ عوسمان دەوت، خەڵکی شام چیان بە عەلی دەوت و حەروریەکانیش چیان بە هەموان دەوت].

(٤٦) سورەتی (الجن)

ئایەتی ﴿قل اوحي الى أنه استمع نفر من الجن﴾

٢٠٨١- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: مَا قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى الْجِنِّ وَمَا رَآهُمْ، انْطَلَقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي طَائِفَةٍ مِنْ أَصْحَابِهِ عَامِدِينَ إِلَى سُوقِ عُكَاظٍ، وَقَدْ حِيلَ بَيْنَ الشَّيَاطِينِ وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ وَأُرْسِلَتْ عَلَيْهِمُ الشُّهُبُ، فَرَجَعَتِ الشَّيَاطِينُ إِلَى قَوْمِهِمْ، فَقَالُوا: مَا لَكُمْ؟ قَالُوا: حِيلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ، وَأُرْسِلَتْ عَلَيْنَا الشُّهُبُ. قَالُوا: مَا ذَاكَ إِلَّا مِنْ شَيْءٍ حَدَثَ، فَاضْرِبُوا مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا، فَانْظُرُوا مَا هَذَا الَّذِي حَالَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ، فَانْطَلَقُوا يَضْرِبُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا، فَمَرَّ النَّفَرُ الَّذِينَ أَخَذُوا نَحْوَ تِهَامَةَ -وَهُوَ بِنَخْلٍ- عَامِدِينَ إِلَى سُوقِ عُكَاظٍ، وَهُوَ يُصَلِّي بِأَصْحَابِهِ صَلَاةَ الْفَجْرِ، فَلَمَّا سَمِعُوا الْقُرْآنَ اسْتَمَعُوا لَهُ وَقَالُوا: هَذَا الَّذِي حَالَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ. فَرَجَعُوا إِلَى قَوْمِهِمْ، فَقَالُوا: يَا قَوْمَنَا ﴿إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا. يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَنْ نُشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا﴾. فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى نَبِيِّهِ مُحَمَّدٍ (ﷺ): ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ﴾ [١]. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٣٩]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نەیخوێندووە بەسەر جنۆکەدا، نەیشی دیون ، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا چوون بۆ بازاڕی (عکاظ)، لەوکاتەدا ڕێگری کرابوو لە شەیتانەکان کە هەواڵی ئاسمان بزانن و (شهب)یان تێدە گیرا، بۆیە شەیتانەکان گەڕانەوە بۆ ناو قەومەکەیان و، قەومەکەیان وتیان: چیتانە؟ وتیان: ڕێگەمان لێگیراوە لە هەواڵی ئاسمان، وتیان دەبێ شتێك ڕوویدابێت، هەر بۆیە خۆر هەلات و خۆر ئاوای زەوی بگەڕێن زانن چی ڕێی لێگرتووین، دەستیان کرد بە گەڕان بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، چەند کەسێکیان بەرەو تەهامە و لەوێوە بۆ بازاڕی (عکاظ) ڕۆیشتن، لەوکاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد بۆ هاوەڵەکانی، نوێژی بەرەبەیان، کاتێ گوێیان لە قورئانەکە بوو، یەکسەر وتیان: ئا ئەمەیە ڕێگای لێگرتووین، گەڕانەوە بۆ ناو قەومەکەیان، وتیان: ئەی قەومەکەمان: (ئێمە قورئانێکی سەیرمان بیست، ڕێنمایی بەرەو کامڵبوون دەکات، ئێمەش ئیمانمان پێ هێنا ئیتر هاوەڵ بۆ پەروەردگارمان پەیدا ناکەین هەرگیز). خوای گەورەش

ئەم ئایەتەی نارده خوارەوه بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) ماناکەی ئەمەیە: ﴿بەڵێ: وەحیم بۆ هاتووه کە چەند کەسێك لە جنۆکە گوێیان بۆ [قورئان] گرتووه﴾.

(٤٨) سورەتی القیامه

ئایەتی ﴿لا تحرك به لسانك لتعجل به﴾

٢٠٨٢ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): فِي قَوْلِهِ (ﷻ): ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ﴾. قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُعَالِجُ مِنَ التَّنْزِيلِ شِدَّةً، كَانَ يُحَرِّكُ شَفَتَيْهِ، فَقَالَ لِي ابْنُ عَبَّاسٍ: أَنَا أُحَرِّكُهُمَا كَمَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُحَرِّكُهُمَا، فَقَالَ سَعِيدٌ: أَنَا أُحَرِّكُهُمَا كَمَا كَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ يُحَرِّكُهُمَا، فَحَرَّكَ شَفَتَيْهِ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ. إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ﴾ [١٦-١٧]. قَالَ: جَمْعَهُ فِي صَدْرِكَ، ثُمَّ تَقْرَؤُهُ: ﴿فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ﴾ [١٨]. قَالَ: فَاسْتَمِعْ [لَهُ] وَأَنْصِتْ، ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا أَنْ تَقْرَأَهُ. قَالَ: فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَتَاهُ جِبْرِيلُ اسْتَمَعَ، فَإِذَا انْطَلَقَ جِبْرِيلُ قَرَأَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) كَمَا أَقْرَأَهُ. [بخاري/ بدء الوحي/ ٥]

(ابن عباس) (ﷺ) لە لەبەرکردنی قورئاندا ناڕەحەت دەبوو لە زۆر جوڵاندنی لێوی [بۆ ئەوەی بەباشی لەبەری بکات] ئێستاش من وەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) لێوی دەجوڵاند ئاوا بۆت دەجوڵێنم. سەعید وتی: منیش وەکو (ابن عباس) دەیانخوێنم، بەو شێوە لێوی جوڵاندن، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارده خوارەوه، ماناکەی: ﴿جوڵە بە زمانت مەکە بۆ ئەوەی بەپەلە لەبەری بکەیت، چونکە ئێمە خۆمان بۆت کۆدەکەینەوه و وەکو خۆی بۆت دەخوێنین﴾ جمعه وتی: لە دڵی خۆتدا -ئینجا دەیخوێنیتەوه (ئەگەر بۆمان خوێندی بە دوای ئێمەدا بیخوێنە) دەڵێ: باش گوێی بۆ بگرە و بێدەنگ بە، دوای ئەوه لەسەر ئێمەیە کە لەبەری بکەیت- دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ جوبریل دەهات گوێی بۆ دەگرت، کاتێ جوبریك دەڕۆیشت، دەیخوێندەوه وەکو جوبریل.

(٤٩) سورەتی (ویل للمطففین)

ئایەتی ﴿یوم یقوم الناس لرب العالمین﴾

٢٠٨٣ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): ﴿يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [١٦] قَالَ: ((يَقُومُ أَحَدُهُمْ فِي رَشْحِهِ إِلَى أَنْصَافِ أُذُنَيْهِ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٦٥٤]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر لەبارەی ئەم ئایەتەوە ﴿یوم یقوم الناس لرب العالمین﴾. فەرموویەتی: ((هی وایان هەیە هەتا بناگوێی لە ئارەقدا نوقم بووە)).

(٥٠) سورەتی (الانشقاق)

ئایەتی ﴿فسوف یحاسب حساباً یسیراً﴾

٢٠٨٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((مَنْ حُوسِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ)). فَقُلْتُ: أَلَيْسَ قَدْ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾ [٨]. فَقَالَ: ((لَيْسَ ذَاكِ الْحِسَابُ، إِنَّمَا ذَاكِ الْعَرْضُ، مَنْ نُوقِشَ الْحِسَابَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ)). [بخاري/ العلم/ ١٠٣]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((هەرکەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت سزا دەدرێت)). دەڵێ: وتم: ئەی خوای گەورە نەیفەرمووە: ﴿فسوف یحاسب حساباً یسیراً﴾. واتە: ﴿ئەوە لێپرسینەوە نییە، بەڵکو خستنە ڕوویەکە، ئەوەی لێپرسینەوەی وردی لەگەڵ دەکرێت سزا دەدرێت)).

(٥١) سورەتی (اللیل)

ئایەتی ﴿والذکر و الانثی﴾

٢٠٨٥ـ عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ: قَدِمْنَا الشَّامَ، فَأَتَانَا أَبُو الدَّرْدَاءِ (ﷺ)، فَقَالَ: أَفِيكُمْ أَحَدٌ يَقْرَأُ عَلَى قِرَاءَةِ عَبْدِ اللَّهِ؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، أَنَا. قَالَ: فَكَيْفَ سَمِعْتَ عَبْدَ اللَّهِ يَقْرَأُ هَذِهِ الْآيَةَ ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى﴾. قَالَ: سَمِعْتُهُ يَقْرَأُ: (وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى... وَالذَّكَرِ وَالْأُنْثَى). قَالَ: وَأَنَا وَاللَّهِ هَكَذَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقْرَؤُهَا، وَلَكِنْ هَؤُلَاءِ يُرِيدُونَ أَنْ أَقْرَأَ: ﴿وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنْثَى﴾ [٣] فَلَا أُتَابِعُهُمْ. [بخاري/ التفسير/ ٤٦٦٠]

علقمە دەڵێ: چووین بۆ شام أبو درداء (ﷺ) هات بۆلامان، وتی: ئایا کەسێکتان تێدایە خوێندنەکەی عەبدوڵلام بۆ بخوێنێ؟ وتم: بەڵێ من. وتی: چۆنت بیستووە لە عەبدوڵڵا کە ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ﴿واللیل اذا یغشی ... و الذکر و الانثی﴾ وتی: بەخوا منیش ئاوام بیستووە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیخوێندەوە، بەڵام ئەوانە [خەڵکی شام] دەیانەوێت ئاوا بیخوێنمەوە: ﴿وما خلق الذکر و الانثی﴾ منیش شوێنیان ناکەوم.

(٥٢) سورەتی (والضحی)

ئایەتی ﴿ما ودعك ربك وماقلی﴾

٢٠٨٦ـ عَنِ الْأَسْوَدِ بْنِ قَيْسٍ قَالَ: سَمِعْتُ جُنْدُبَ بْنَ سُفْيَانَ (ﷺ) يَقُولُ: اشْتَكَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَلَمْ يَقُمْ لَيْلَتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا، فَجَاءَتْهُ امْرَأَةٌ فَقَالَتْ: يَا مُحَمَّدُ، إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ يَكُونَ شَيْطَانُكَ قَدْ تَرَكَكَ، لَمْ أَرَهُ قَرِبَكَ مُنْذُ لَيْلَتَيْنِ أَوْ ثَلَاثٍ. قَالَ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَالضُّحَى وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى. مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى﴾.
[بخاري/ التفسير/ ٤٦٦٧]

(اسود) كوڕی (قیس) دەڵێ: لە (جندب) كوڕی (سفیان)م (ﷺ) بیستووە دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) ناڕەحەت بوو، بۆیە دوو شەو یا سێ شەو هەڵنەستا بۆ شەونوێژ، بۆیە ئافرەتێك هات بۆ خزمەتی و وتی: ئەی موحەمەد من خوازیارم شەیتانەكەت وازی لێهێنابێت، دووسێ شەوە نەمدیووە نزیكت بكەوێتەوە. دەڵێ: لەو كاتەدا خوای گەورە ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە: ﴿والضحی ... وما قلی﴾. واتە: ﴿سوێند بەكاتی چێشتەنگاو سوێند بەو شەوەی تاریكیەكەی هەموو شتەكانی داپۆشی، پەروەردگارت نە دوورت دەخاتەوەو نەرقی لێت هەستاوە﴾.

(٥٣) سورەتی (تكاثر)

ئایەتی ﴿الهاكم التكاثر﴾

٢٠٨٧ـ عَنْ عبد الله بْنِ الشِّخِّيرِ (ﷺ) قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) وَهُوَ يَقْرَأُ: ﴿أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ﴾ قَالَ: ((يَقُولُ ابْنُ آدَمَ: مَالِي مَالِي، قَالَ: وَهَلْ لَكَ يَا ابْنَ آدَمَ مِنْ مَالِكَ إِلَّا مَا أَكَلْتَ فَأَفْنَيْتَ، أَوْ لَبِسْتَ فَأَبْلَيْتَ، أَوْ تَصَدَّقْتَ فَأَمْضَيْتَ)).ی

(عبدالله) كوڕی (شخیر) (ﷺ) دەڵێ: هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەكاتەدا ئەمەی دەخوێند ﴿الهاكم التكاثر﴾ فەرموی: ((ئادەمیزاد دەڵێ: سامانەكەم سامانەكەم، دەڵێ: ئەی ئادەمیزاد تۆ لەسامانەكەت چیت هەیە جگە لەوەی خواردوتە و فەوتاوە، یا لەبەرت كردووە و كنت كردووە، یا بەخشیوتە ئەوا بۆت كۆكراوەتەوە لای خوای گەورە.

(٥٤) سورەتی (الفتح)

ئایەتی ﴿اذا جاء نصر الله والفتح﴾

٢٠٨٨ـ عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لِي ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ): تَعْلَمُ -وَقَالَ هَارُونُ تَدْرِي- آخِرَ سُورَةٍ [نَزَلَتْ] مِنَ الْقُرْآنِ، نَزَلَتْ جَمِيعًا؟ قُلْتُ: نَعَمْ: ﴿إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ﴾ قَالَ: صَدَقْتَ.

(عبيد الله) کوڕی (عتبه) (ﷺ) دەڵێ: (ابن عباس) (ﷺ) پێی وتم: تعلم واتە: دەزانی- هارونیش وتی: (تدری) واتە: دەزانی دواین سورەتە لە قورئان [کە دابەزیووە]، هەمووی دابەزیوە؟ دەڵێ: وتم: بەڵێ، ﴿اذا جاء نصر الله والفتح﴾.

ئەمە دوا کورت کراوەیە کە کورتم کردۆتەوە لە [صحیح الامام ابی الحسین مسلم بن الحجاج] رەزای خوای لێبێت لـە خـوای میـهرەبانیش خوازیـارم کـە سوودی لێوەربگرن: خاوەنەکەی، نووسەرەکەی، ئەوەش کە دەیخوێنێتەوە.

لە کۆتایی چاپکراوەکەشدا هاتووە:

نووسینەوەکەی لە ڕۆژی دووشەممەی بیست و هەشتی شـەعبانی ساڵی شەشسەدو سی و نۆ، لە [دار الحدیـپ الکاملیـە] خـوا ئـاوەدانی بکاتـەوە بە یادی، وقف کارەکەش بە بەزەیی خۆی دابپۆشێت و، بیخاتە بەهەشتەکەیەوە، هـەرچیش ئـەو پاڕانەوەیە دەبیستێ، چی بوێت دەیکات، و الحمد للـه وحـده وصلواته علی سیدنا محمد نبیه وآله و صحبیه وسلم.

لە کۆتایی دەستنووسەکەشدا هاتوە:

تەواوبوونی نووسینەوەی ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی، هەشتی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، ساڵی شەشسەد و چل و نۆ، دوای سڵاوات لەسەر موحەمـەد و یارانی و هاوەڵانی بەگشتی.

((سـوپاس بـۆ پـەروەردگاری جیـهان ئێمـەش ، لیژنـەی وەرگـێڕانی ئـەم فـەرموودە پیرۆزانـە ، لـەمانگی رەمـەزانی سـاڵی ١٤٢٤ کۆچی ، بەرامبەر بەتشرینی دووەمی سـاڵی ٢٠٠٣ زاینـی ، لێبووینەوە لەوەرگێڕانی بۆ کوردی))

پێڕستی بەرگی دووەم

بابەت **لاپەڕە**

(٣٥) بەشی کۆچکردنو جەنگەکان

(٣٦) بەشی فەرمانڕەوایی

(٣٧) بەشی راوو سەربڕین

(٣٨) بەشی قوربانی

(٣٩) بەشی خواردنەكان

(٢٧) بەشی کۆچکردن و جەنگەکان

(٤١) بەشی پۆشاكو رازاوەیی

(٤٢) بەشی ئادابەکان

(٤٣) بەشی نوشتەو دۆعا

(٤٤) بەشی نەخۆشییو پزیشکیی

(٥٠) بەشی خەوبینین

(٥١) بەشی پلەوپایەکان

(٥٢) بەشی پێغەمبەرانو گەورەییان

(٥٣) بەشی پلەوپایەی یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

(٥٤) بەشی چاکەو پەیوەندیی خزمایەتیی

(٥٥) بەشی ستەم

(٥٦) بەشی قەزاو قەدەر

(٥٧) باسی عیلم‌و زانیاریی

(٥٨) بەشی دۆعاو نزا

(٥٩) باسی زکرو یادی خوای گەورە

(٦٠) بەشی پەناگرتن بەخوا

(٦١) بەشی تەوبەکردن

(٦٢) بەشی دووڕووەكان

(٦٣) رۆژی قیامەت

(٦٤) بەشی بەهەشت

(٦٥) بەشی ئاگری دۆزەخ

(٦٦) بەشی ئاشووب و فیتنە

(٦٧) بەشی خۆشنەویستنی دنیا

(٦٨) بەشی گەورەیی قورئان

(٦٩) بەشی تەفسیر

سوورەتی (البقرة)

سوورەتی (ال عمران)